# واته

19

کۆوارێکی ڕۆشنبیریی گشتییە

شوبات ٢٠١٢

کۆواری واتە
بەهاوبەشی لە نێوان
دەزگای شەفەق لە کەرکووک و
دەزگای ئاراس لە هەولێر
دەردەچێ

هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964

**واتە بۆ ئەوانەیە کە**
**دەیانەوێ واتەیەک بدەن بەژیان**

خاوەنی ئیمتیاز: بەدران ئەحمەد حەبیب
راوێژکار: ئەحمەد تاقانە
سەرنووسیار: یوسف لەتیف
نەخشاندن: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد، ئاریان ئەحمەد

# بەرپرسیاریەتیی یاسایی کۆمپانیا بیانییەکان لە تاوانەکانی جینۆساید لە هەڵەبجە*

د. مونزیر ئەلفەزڵ

١

## سزادانی بەرپرسان و قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتووان

(بەرپرسیاریەتی) لە رووی زمانەوانییەوە برێتییە لەو ئەنجامەی مرۆڤ بە ئاکامی کردەوەکانیەوە دەبەستێتەوە و وای لێ دەکا ئەوە بکا کە کردوویەتی، ئەوەیش دەخوازێ قەرەبووی هەڵەیەک بکاتەوە، قورساییەک بخاتە سەر شانی یاخۆ گفتێک جێبەجێ بکا. (المنجد في اللغة العربية المعاصرة ص٦٤٠، دار المشرق ٢٠٠١). لە جێیەکی تردا هاتووە "بەرپرسیاریەتی ئەوەیە مرۆڤ بەرپرس بێ و لەسەری بێ ئەوە شتانە بکا کە کردوونی" (منجد الطلاب، چاپی ٣٦، لا ٢٩٧).

بەڵام لە یاساناسیدا پێناسەی بەرپرسیاریەتی لە چەمکە زمانەوانییەکەی جیاوازە.

ئەگەر پێناسە زمانەوانییەکە (بەرپرسیاریەتی) دەبەستێتەوە بە کەسە سروشتییەکەوە کە مرۆڤە، ئەوا بەرپرسیارییەتی لە رووی یاساییەوە کەسی سروشتی و کەسی مەعنەویش دەگرێتەوە. واتە دەکرێ هەڵە لە مرۆڤێکەوە، واتە کەسی سروشتی، روو بدات و دەشکرێ لە کەسی مەعنەوی وەک کۆمپانیا، کۆمەڵە، دامەزراوە، وەزارەت یاخۆ دەوڵەتەوە روو بدات.

هەروەها رەنگە هەڵەیەک روو بدات و ئۆباڵەکەی بکەوێتە سەر شانی کەسێکی تر و ناچار دەبێ بەگوێرەی رێسا گشتییەکان لە یاسای مەدەنی و یاسای تاوان (جینایی) جگە لە سزاکێشان، قەرەبووش بدا.

لە رووی یاساییەوە مەبەست لە بەرپرسیاریەتی سەرکۆنەکردن یاخۆ لێپرسینەوەیە لەسەر

.....................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئاکانیوز

* ئەم وتارە لەژمارە ١٣ی واتە بڵاو بووەتەوە بەڵام نووسەر دەستکاری لە بابەتەکەدا کردووە، بۆیە ئێمە بەچاکمان زانی لەبەر گرینگی بابەتەکە جارێکی تر وەری بگێڕینەوە.

کارێک یاخۆ شتێک، ئاکامەکەیشی قەرەبوودان یاخۆ سزاکێشان و قەرەبوودانە پێکەوە، جا چ کردەوەکە ئەرێنی بێ یاخۆ نەرێنی.

(وەک ئەو تاوانەی بە رێگەی واز لێهێنان روو دەدا بەپێی یاساناسیی جینایی)، ئەو لێپرسینەوەیەش یاسا دای دەنێ پێی دەوترێ بەرپرسیاریەتیی یاسایی Responsibility Legal، ئەم بەرپرسیاریەتییەش بەپێی پسپۆڕیی یاسایی، لق و پۆپی لێ دەبێتەوە.

بە دەربڕینێکی تر ئەو کارە نارەوایەی لە شارۆکەی هەڵەبجە رووی دا (کە بابەتی لێکۆڵینەوەکەی ئێمەیە) تاوانێکی بەئەنقەستی ناودەوڵەتییە و دەچێتە ریزی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی (جینۆساید) و تاوانی شەڕ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی کە بە نیازی تاوانکارانە ئەنجام دراوە، واتە بە بڕیار و پلانی پێشوەخت رووی داوە.

هیچ تاوانێکی ناودەوڵەتی نییە بەبێ نیازی تاوانکارانە ئەنجام بدرێ، چونکە لەو تاوانانەن بە دەستی ئەنقەست ئەنجام دەدرێن، هەر بۆیە یاسای جینایی بەرپرسیاریەتیی تاوانەکە دەخاتە ئەستۆی هەموو ئەوانەی تاوانەکەیان ئەنجام داوە، بەشدارییان تێدا کردووە و ئاسانکاری و کەرەستەسازییان بۆ کردووە، فەرمانیان دەرکردووە و پلانیان داناوە و جێبەجێیان کردووە، ئەوانە دەبنە کردەوەگەلی تاوانکارانەی ترسناک کە شایستەی سەپاندنی سزان، ئەمە جگە لە قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتووان.

ئەگەر ئاکامی بەرپرسیاریەتییە جیناییەکە سزادانی هەموو ئەوانە بێ، ئەوە بەگوێرەی رێککەوتننامەی قەدەغەکردنی لەناوبردنی رەگەزەکان و سزادانی ئەنجامدەرانی ساڵی ١٩٤٩ کە عێراقیش ئیمزای کردووە، هەروەها بەپێی یاسای دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ و ئەو یاسا و رێککەوتنە ناودەوڵەتییە پێوەندارانەی عێراق ئیمزای کردوون، هەروەها بەپێی یاسای هەموارکراوی سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩، ئەو کەسانە نابێ بێنە بەخشین یاخۆ سزاکانیان سووک بکرێ، نابێ مافی پەنابەرییان پێ بدرێ، هەروەها تاوانەکانیان بە تێپەڕینی کات ناسڕێتەوە.

هەروەک ناکرێ هەندێ لە بەرپرسانی ئەو تاوانانە سزا بدرێن و چاوپۆشی لە هەندێکی تریان بکرێ، چونکە ئەوە پێچەوانەی یاسایە و پێشێلکردنی رێساکانی دادپەروەرییە، هەر بۆیە جێی داخە هەندێ لە سیاسەتوانانی عێراقی جێبەجێکردنی سزا دادوەرییەکانی عێراقیان پەک خستووە کە لەلایەن دادگەی باڵای تاوانەکانەوە لە دژی ئەوانەی ئەو تاوانگەلە ناودەوڵەتییە مەترسیدارانەیان ئەنجام داوە، دەرچوون، ئەو کارەیش رەفتارێکی ناشایستە و پێشێلکردنی دەستووری عێراقە.

ئەگەر دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق لە ١- ٣ -٢٠١٠دا سزاکانی خۆی لە دژی هەندێ لەوانەی لەو تاوانە دزێوەوە گلاون دەرکرد، بەڵام چەندان کەسی عێراقی و بیانی لە سزا قوتار بوون، مەبەستیش هەموو ئەوانەیە ئەو تاوانەیان ئەنجام داوە یاخۆ تێیدا بەشدار بوون، یاخۆ ئاسانکارییان دەسکەوتنی چەکی کیمیایی بۆ رژێمی لێخراو کردووە یان ئەو چەکەیان داوەتێ کە

له دژی گەلی کورد لەو شارەدا بەکار هات، کە ٥ هەزار هاووڵاتی تێدا کوژرا و دەیان هەزاری تریش لە دانیشتوانەکەی بریندار بوون، هەندێکیان بەهۆی بۆردمانەکەوە مردن و زۆر لە بریندارەکانیش تا ئێستە بەدەست کێشەی تەندروستی بەئازارەوە دەناڵێنن و بە ئەستەم دەتوانن ژیانێکی سروشتی بژین و پێویستییان بە چارەسەر و سازکردنەوە و چاودێری هەیە.

هاووڵاتییەکی هۆڵەندایی تێوەگلاو لەو تاوانانەش لە هۆڵەندا لەدادگە درا، وەک دواتر باسی دەکەین.

جگە لەو کەسانە لەو تاوانە بەرپرسن ، دەیان کۆمپانیای بیانی هەن کە رۆڵێکی گەورەیان هەبووە لە فرۆشتنی چەکی کیمیایی و غازی ژەهراوی و چەکی تری یاساغ لە رووی ناودەوڵەتییەوە بە رێژیمی لێخراوی عێراق، کە تا ئێستە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا نەکراوە وێڕای راشکاویی دەقەکان کە سزایان بۆ ئەو تاوانە ناودەوڵەتییانە داناوە، دوور لە سزا ماونەتەوە.

ئەگەر ئەنجامدەرانی ئەم کارە تاوانکارییانە _واتە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە دژی دانیشتوانە کوردەکەی ئەو شارە – بەپێی ئەو یاسایانەی باس کران دەبێ سزا بدرێن، ئەوە لە هەمان کاتدا بەرپرسیاریەتییەکی مەدەنییش دێنێتە کایە، واتە پێویستیی قەرەبووکردنەوەی زیانی زیان لێکەوتووان، چ ئەوانەی هێشتا زیندوون و بەدەست بەرکەوتنی جەستەیی و تەندروستی و دەروونییەوە گرفتارن، چ میراتگرانی ئەوانەی ژیانیان لەدەست داوە.

ئەمە جگە لەو زیانە ژینگەییەی بەر ئەو ناوچەیەی هێرشەکەی کراوەتە سەر کەوتووە، چونکە ئەو کارە تاوانکارییانە زیانیان بە رەز و باخ و بێستان و مەڕومالات گەیاندووە و خانووبەرە و باڵەخانەکانی هەڵەبجەی وێران کردووە، ئەوەیش بەپێی رێساکانی بەرپرسیاریەتیی مەدەنی (هەڵە و زیان و پێوەندیی هۆییانەی نێوانیان) دەبێ قەرەبوو بکرێنەوە.

لەژێر رۆشنایی ئەمەی پێشوودا، ئەو تاوانەی لەلایەن هێزە سەربازییەکانی عێراق لە سەردەمی رێژیمی سەدام حوسێن و حزبی بەعس لە ١٦– ٣– ١٩٨٨ لە هەڵەبجە رووی دا، زنجیرەیەکە لە تاوانە ناودەوڵەتییەکان لە جۆری پاکتاوکردنی رەگەزی مرۆڤایەتی و تاوانەکانی شەڕ و تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی.

لێرەدا ناچینە ناو شیکردنەوەی چەمکی تاوانی ناودەوڵەتی، چونکە پێشتر لە چەندان توێژینەوە و سیمینار و کۆنگرەی ناودەوڵەتی و لێکۆڵینەوەی پێوەندار بەو بابەتەدا روونمان کردووەتەوە، بگرە دەمانەوێ بابەتەکە لە گۆشەیەکی ترەوە بخوێنینەوە، ئەویش بریتییە لە دیاریکردنی رادەی بەرپرسیاریەتیی ئەو لایەنانەی لەو تاوانەدا بەشدارییان کردووە، بەتایبەت لایەنە بیانییەکان کە مادە و چەکی کیمیاییی یاساغیان داوەتە رێژیمی لێخراو، کە دواتر لەو شارە و چەندان ناوچەی تری کوردستاندا بەکاری هێنا و هێشتا لێپرسینەوەی یاساییان لەگەڵدا نەکراوە.

## ٢

## وەزارەتی قەڵاچۆکردنی جڕوجانەوەر

هەردوو شەڕی یەکەم و دووەمی جیهان کاریگەریی قووڵیان لەسەر مرۆڤایەتی بەجێ هێشت و وێرانەیەکی گەورەیان لە هەموو رووەکانەوە خستەوە و ئەو دەوڵەتانەی ئەو شەڕانەیان کرد وا بە ئاسانی لە ئاسەوارەکانی دەرباز نەبوون، بەڵام ئەو دوو شەڕە جیهانییە عەقڵی مرۆڤایەتییان بزواند بۆ گەیشتن بە چەندان دۆزینەوەگەلی بەکەڵک و بەزیان لەسەر داهاتووی مرۆڤ.

لە گۆڕەپانی شەڕ و چەککاریدا کارگەکانی پیشەسازیی غازە ژەهراوییەکان و چەکە کیمیایی و ناوکییەکان لەو دۆزینەوانە بوون کە زیانی زۆریان بە مرۆڤایەتی و ئاشتی و ئاسایشی ناودەوڵەتی گەیاندووە. سەرەڕای ئەوەی بەهۆی ئەو زیانانەی ئەو چەکانە بە مرۆڤ و ژینگەی دەگەیەنن لەلایەن کۆمەڵگەی ناودەوڵەتییەوە یاساغ کراون، بەڵام بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی ئەو چەکانە نەوەستاوە و دوای تەواوبوونی هەردوو شەڕە جیهانییەکەیش لە چەندان شەڕی تردا بەکار هاتوون، کە لە تولانیترین و ترسناکترین شەڕەکان بوون لە مێژووی مرۆڤایەتی لە سەدەی رابردوودا، تێیدا ژمارەیەک لە چەکە یاساغکراوەکان بەکار هێنران، ئەویش شەڕی عێراق-ئێرانە کە لە ١٩٨٠-١٩٨٨ بەردەوام بوو.

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە دوو دەیە بەسەر وەستانی ئەو شەڕە بەپێی بڕیاری ژمارە ٥٩٨ی ئەنجوومەنی ئاسایشی ناودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٨٨، تا ئێستە ئاسەوارەکانی ماون.

لەو کوشتارانەی لەو شەڕەدا روویان دا، هەموو یاساکانی شەڕ و رێککەوتنە ناودەوڵەتییەکان خرانە ژێر پێ، لەوانە پەیماننامەکانی جنێڤ لە ساڵی ١٩٢٥ و رێککەوتننامە پێوەندارەکانی تری دواتر، هەروەها هەموو بەها مرۆیی و پێودانگە ئەخلاقییەکان خرانە لاوە و گەلێک کۆست و کارەساتی ئەوتۆی لێ کەوتەوە کە تا ئێستەیش ملیۆنان مرۆڤ لە عێراق و ئێران بەدەستیانەوە گرفتارن.

لە کاتی شەڕەکەدا، ئێران سەتان هەزار کەسی لە تەمەنی جۆرەوجۆر لە شێوەی شەپۆلی مرۆیی لە دوای یەکتردا لە بریی مینلابەرانی جیاکەرەوەی هێزەکانی هەردوو دەوڵەت و هەروەها بۆ هێرشبردنە سەر هێزگەلی عێراقی و لەناوبردنیان و کردنەوەی دەروازەیەک بۆ هێزەکانی وشکانیی ئێرانی، بەکار دەهێنا. زۆربەی ئەو شەپۆلە مرۆییەش لە ئەنجامی شووشتنەوەی مێشکیانەوە کلیلی چوونە بەهەشتیان لەگەڵ وێنەی خومەینی هەڵگرتبوو و سەرێشەیان بۆ هێزەکانی بەرگریی عێراق بە درێژاییی سنوورەکانی باکور و ناوەڕاست و باشووری وڵات دروست کردبوو.

لە بەرامبەردا رژێمی سەدام حوسێن و حزبە نازییەکەی بە مەبەستی پەرەدان بە چەکە کۆکوژەکان و زانینی رادەی کاریگەری و ئەنجامەکانیان، بە پاڵپشتیی هەندێ کۆمپانیای بیانی، لە هەندێ کارگەی نهێنیدا، تاقیکردنەوەی چەکی کیمیایی و میکرۆبی لەسەر گیراوانی سیاسی لە

گرتیگەکانی ئەبوغرێب و رەزوانییە و نوگرە سەلمان و شوێنە نهێنییەکانی تر ئەنجام دەدا، بەتایبەت لەسەر کوردانی فەیلی.

بۆ رێگرتن لە هووروژمی مرۆیی هێزە ئێرانییە هێرشبەرەکان و گەیاندنی گەورەترین زیان پێیان و قڵپکردنەوەی پارسەنگی هێزەکان لە بەرژەوەندیی رژێم و هێزەکانی سەدام حوسێن، سەدام خۆی فەرمانی دا بە بەکارهێنانی چەکی تایبەت، مەبەستیش بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و لێدانی هێزە ئێرانییە هێرشبەرەکان بوو بە غازی ژەهراوی، تا گەورەترین زیانیان پێ بگەیەنێ و بەر بە پەلهاویشتنە مرۆییە هێرشبەرەکە بگرێ و سەرکەوتنێکی سەربازیی خێرا بەدی بێنێ، ئەوەیش لە چەند بۆنەیەکدا رووی دا کاتێ شەڕەکان دەگەیشتنە ئەوپەڕی پلەی سەختییان.

ئەو چەکانە لە ماوەی هەشت ساڵەی شەڕەکەدا لە چەندان شەڕدا بەکار هات، لەوانە شەڕەکانی زۆنگاوی ئەلحەویزە و شەڕەکانی فاو لە باشوور، بەڵام دژواترینیان بەکارهێنانی ئەو چەکە بوو لە رۆژانی ١٦-١٧ی ئادار/مارسی ١٩٨٨ لە شاری هەڵەبجە لە کوردستانی عێراق کە بوو بەهۆی گیان لەدەستدانی ٥ هەزار کەس و بریندابوونی دەیان هەزاری تر و زیانگەیاندنی گەورە بە خانووبەرە و باڵەخانە و سامانی ئاژەڵ و ژینگە، تا ئێستەیش رادەی زیانەکان و کاریگەرییە داهاتووییەکانی بەتەواوی نازانرێ.

پرسیارەکە ئەوەیە: ئاخۆ سەدام چۆن چۆنی ئەو چەکە یاساغ لە رووی ناودەوڵەتییەی دەست کەوت؟ کێ بوون ئەو دەستە دەرەکییانەی هانیان دا تا ئەو چەکە دژ بە ئێران و کوردەکانی کوردستانی عێراق و دژ بە شیعە لە باشوور بەکار بێنێ؟ ئەو کۆمپانیایانەی ئەو چەکانەیان بە رژێمی لێخراو داوە کامانە بوون؟

لە شەڕی عێراق-ئێراندا کە لە ساڵی ١٩٨٧دا شەڕەکە قورس بوو و ناوی "ساڵی یەکلاکەرەوە"ی لێ نرا، واتە ساڵی یەکلاکردنەوەی شەڕ لەلایەن رژێمی سەدام و هێزە چەکدارەکانییەوە، دەسەڵاتدارانی ئیسپانیا لە یەکێک لە باڵەفرگەکانی وڵاتدا ژمارەیەک سندووقی گەورەیان دۆزییەوە کە بۆ ناردنیان بە باڵەفڕ بۆ عێراق ئامادە کرابوون و لەسەریان نووسرابوو "مادەگەلی کیمیایین بۆ وەزارەتی قەڵاچۆکردنی جروجانەوەر لە عێراق هاوردە کراون".

ئاشکرایە نە لە عێراق و نە لە هیچ دەوڵەتێکی تریشدا وەزارەتێک بەو ناوەوە نییە، ئەو مادەگەلە لەلایەن ژمارەیەک کۆمپانیای بیانییەوە فرۆشرابوونە عێراق و بەهۆی ئەو کۆت و بەندانەی زۆر لە دەوڵەتان لەسەر پێدانی چەکی کۆکوژ و یاساغ بە لایەنە بەشەڕهاتووەکان دایان نابوو، مادەکان لە کردەیەکی فێڵ و چاوبەستەکیدا لەرێی چەند رێگە و باڵەفرگەیەکەوە رەوانە کرابوون تا گەیشتبوونە ئیسپانیا. رژێمی سەدام کەلەبەری ئیمزانەکردنی عێراق لەسەر رێککەوتننامەی قەدەغەکردنی بەکارهێنان و بڵاوبوونەوەی چەکی کیمیایی قۆستەوە، هەروەها سەخاوەتمەندانە دەمی ئەو کۆمپانیا بیانییانەی چەور کرد کە ئەو مادەگەلیان بۆ دابین دەکرد، ئەمە جگە لە بەسیجکردنی دەیان بەکرێگیراو لە رەگەزنامەی جۆرەوجۆری بیانی و عەرەبی و عێراقی، هەروەها جگە لە هەوڵە نهێنییەکانی دەزگای هەواڵگریی عێراق و سیخوڕەکان و باڵوێزگەکانی عێراق لە

دەرەوە لە پێناو ئەوەی بە هەر نرخێک بووە هەموو شتێکی دەست بکەوێ تا بتوانێ شەڕەکە لە بەرژەوەندیی خۆی یەکلا بکاتەوە و ڕێژیمی عێراق بە سەرکەوتوویی لەو شەڕە بێتە دەرەوە.

شایانی باسە کۆمەڵگەی ناودەوڵەتی و زۆر لە دەزگا هەواڵگرییە ناودەوڵەتییەکان دواتر فێڵ و تەڵەکەکانی ڕێژیمی سەدام و شێوازەکانی فریودانی لە پێناو دەستکەوتنی چەکی جۆرەوجۆر لە ماوەی شەڕەکە و دوای شەڕەکەدا بۆ دەرکەوت، لەوانە نەبوونی وەزارەتێک لە عێراق بەناوی وەزارەتی قەڵاچۆکردنی جرۆجانەوەر، هەروەها مادەگەلە کیمیاییە دوو سیفەتەکانی بۆ مەبەستی شەڕ، نەک بۆ مەبەستی ئاشتی وەک خۆی باسی دەکرد، بەکار دەهێنا و هەندێ لە کەرتەکانی کارگەی دەرمانی سامەڕای بۆ دروستکردنی چەکی قەدەغەکراوی ناودەوڵەتی بەکار دەهێنا.

جگە لەمانەیش، ڕێژیم تەلاری وەزارەتی کشتوکاڵی بۆ ئەمبارکردنی سەتان بەڵگەنامەی تایبەت بە بەرنامەی چەکە کۆکوژەکانی لەوانە چەکی کیمیایی، بەکار دەهێنا، هەروەها هۆڵ و قاوش و ژووری نەخۆشخانەکان و قوتابخانەکانی دەکردە بنکەی سەربازی و کارگەی دروستکردن و ئەمبارکردنی چەکی کیمیایی و غازی ژەهراوی.

عێراق ڕێکەوتننامەی قەدەغەکردنی بڵاوبوونەوەی چەکی کیمیاییی ئیمزا نەکرد تا ١٢ شوبات/فێبرایەری ٢٠٠٩، لەو مێژووەدا ڕێککەوتننامەکەی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئیمزا کرد، لەو کاتەوە بوو بە ئەندامی ژمارە ١٨٦ لە ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی.

٣

## بەرزکردنەوەی سکاڵا لەدژی ئەو کۆمپانیا بیانی و کەسانەی لە تاوانەکەوە گلاون

زۆر ڕووداو ئاماژە بەوە دەدەن دەیان کۆمپانیای بیانی-هەروەها دەلاڵ و بریکارەکانیان- ڕۆڵێکی بازرگانیی دوور لە ئەخلاق و بەها مرۆییەکانیان بەپێچەوانەی یاسای ناودەوڵەتی گێڕاوە لە پەیداکردنی پسپۆڕانی سەربازی و تەکنیکی و چەکی کیمیایی و غازی ژەهراوی و یۆرانیۆمی تێر و هەر شتێک پاڵپشتیی دەزگەی شەڕەکانی ڕێژیمی سەدام و حزبە نازییەکەی بکا، ئەوەیش لە بەرامبەر دەم چەورکردن و بەڵێنی دارایی و نەوتی و شتی تر.

لەناو ئەو دەوڵەتانەی لە بواری پسپۆڕانی سەربازی و چەکی کیمیایی و چەکی یاساغ لە رووی ناودەوڵەتییەوە لە کاتی شەڕی عێراق-ئێراندا، یارمەتیی سەدامیان داوە، هەندێ دەوڵەتی عەرەبیش هەن، بگرە نوێنەری ئەو کاتی دەوڵەتی کوێت لە ئەنجوومەنی ئاسایشی ناودەوڵەتی دوای بۆردمانی هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨ لە بەردەم ئەنجوومەنی ناوبراودا جەختی کرد لەوەی ڕێژیمی سەدام حوسێن لە شەڕەکەدا نە چەکی کیمیایی و نە غازی ژەهراویی بەکار نەهێناوە!. هەروەها سەدام چەندان شاندی رەسمیی عێراقی بۆ دەوڵەتە جیاجیاکانی دنیا نارد (لەوانە سوێد و بەریتانیا) تا ئەستۆپاکیی خۆی لە بەکارهێنانی ئەو چەکە یاساغانە دژ بە دانیشتوانی هەڵەبجە دەربخا.

ژمارەیەکی کەم لەو کۆمپانیایانە لەو وڵاتانەی تێیاندا تۆمارن ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی یاسایی بوونەتەوە، ئەویش لەبەرئەوەی یاسای نیشتمانی وڵاتی خانەخوێیان پێشێل کردووە، لە کاتێکدا هەندێ کۆمپانیای تری بیانی لێپرسینەوەیان لەگەڵدا نەکراوە، جا یان لەبەرئەوەی ناوی خۆیانیان گۆڕیوە، یان لەگەڵ تەواوبوونی ئەو شەڕەدا لە ساڵی ١٩٨٨ کۆمپانیاکە هەڵوەشاوەتەوە، یاخۆ کۆمپانیای وەهمی بوون، یاخۆ کۆمپانیای بەهێزی سەر بە دەوڵەت بوون و ئەو چەکانەیان بە ڕێژیمی سەدام داوە.

گرینگە لێرەدا باسی ئەو دەوڵەتانە بکەین کە یارمەتیی ڕێژیمی سەدامیان داوە بۆ دەسکەوتنی چەکی کیمیایی و کەرەستەکانی خۆپاراستن لە زەبری کیمیایی و غازە ژەهراوییەکان، لەپێش هەموویانەوە کۆمپانیا هۆڵەندایییەکان دێ، بەپێی ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٩٧، ڕێژەی ٤٥٪ی ئەو مادەگەلە کیمیاییەی ڕێژیمی سەدام لە کاتی شەڕی عێراق-ئێراندا دەستی کەوتووە لە ڕێی ئەو کۆمپانیایانەوە بووە.

ئەم ڕاستییە لەدادگەدانەکەی فراس ڤان ئانرات بازرگانی چەکی هۆڵەندایی (بەکرێگیراوی هەواڵگریی عێراق) و سەرۆکی کۆمپانیای ئانرات لە هۆڵەندا دووپات بووەوە، کە لە ٢٣ کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ٢٠٠٥ بە تۆمەتی ئاسانکاریکردن بۆ ئەنجامدانی تاوانی شەڕ بەهۆی دابینکردنی ئەو چەکە بۆ ڕێژیمی سەدام، بە ١٥ ساڵ گرتن سزا درا.

بۆ زانیاریش، ئەو پیاوە پاسپۆرتی عێراقیی هەڵدەگرت بەڵام بەناوێکی جیاواز لە ناوە ڕاستەقینەکەی خۆی کە لە پاسپۆرتە هۆڵەندایییەکەیدا نووسراوە، ئافرەتێکی فەلەستینیش بە پاسپۆرتێکی عێراقی لەو کارەدا یارمەتیی دەدا و هەردوو لە بەکرێگیراوەکانی هەواڵگریی عێراق بوون.

بەگوێرەی لێدوانی داواکاری گشتیی هۆڵەندا لە کاتی لەدادگەدانەکەدا لە ساڵی ٢٠٠٥، "فرانس ڤان ئانرات" سەرەتا لەگەڵ هاولف (شریک)ێکی ژاپۆنی بەناوی "هیسجیرۆ تاناکا" مادە کیمیاییەکانی لە ژاپۆن کڕیوە، دوای ئەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان کڕیونی، ئەنجا مادەکان لە دەریاوە لە ڕێگەی بەندەرەکانی "ئەنتیرۆپ" و "ڕۆتردام"ەوە بۆ بەندەری "عەقەبە"ی ئوردنی و لەوێشەوە بە ڕێگەی وشکانی بۆ عێراق گوێزراونەتەوە، کاتێ لەکاتی لەدادگەدانەکەدا فیلمی هەڵەبجە پێشانی ئەو تاوانبارە درا، بە بێدەنگی مایەوە و هیچ پەشیمانی یاخۆ هەستکردن بە تاوانی پێوە دیار نەبوو.

هەروەک وردەکارییە ئاشکراکراوەکانی لەدادگەدانەکە دەری خست، ژمارەیەک کەسایەتیی تری هۆڵەندایی خاوەنی کۆمپانیا ئەو چەکەیان بۆ ڕێژیمی پێشوو دابین کردووە، لەوانە ملیۆنێری هۆڵەندایی هانز میلکرز خاوەنی گرووپی "میلشیمی" کە پەین و لەناوبەری جڕوجانەوەر و نەخۆشییە کشتوکاڵییەکان بەرهەم دێنێ.

لە پاڵ ئەمانەدا و هەر بەپێی زانیارییە بڵاوکراوەکان، چەندان دەوڵەت بە دابینکردنی کەسانی

پسپۆڕ و مادەگەلی کیمیایی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی چەکە یاساغەکان یارمەتیی ڕێژیمی سەدامیان داوە، لەوانە دەوڵەتانی ئەڵمانیا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەرازیل، ئوسترالیا، میسر، فرەنسا، سوێد، نەیجیریا، پورتوگال، چین، رووسیا و کۆریای باشوور (بەتایبەت کۆمپانیای هۆندای). دوکتۆر عامر حەموودی ئەلسەعدی وەزیری پیشەسازی و ڕاوێژکاری سەدام بۆ کاروباری زانستی، هەروەها عەبدولجەبار عەبدولغەنی باڵوێزی عێراق لە ئەڵمانیا ڕۆڵێکی گەورەیان لە پەیداکردنی ئەو چەکانە لە کۆمپانیا ئەڵمانیاییەکان هەبووە.

شایانی گوتنە، زۆربەی ئەو کۆمپانیایانەی مادەگەلی کیمیاییان داوەتە ڕێژیمی سەدام سەروساختەیان لەگەڵ بەرهەمهێنان و مامەڵەکردن لەگەڵ پەینی کیمیایی و لەناوبەری جرۆجانەوەر و نەخۆشییە کشتوکاڵییەکان و پیشەسازییە کیمیاییەکان و بازرگانیی مادە کیمیاییە دوو سیفەتەکان کە دەکرێ لە شەڕ و ئاشتیدا بەکار بێن، هەبووە، هەموو یان زۆربەی ئەو کۆمپانیایانەیش دەیانزانی سەدام ئەو مادەگەلە بۆ ئامانجی ئاشتییانە بەکار ناهێنێ.

پرسیاری گرینگ لێرەدا ئەمەیە: چۆن سکاڵای یاسایی لە دژی ئەو ژمارە زۆر لە کۆمپانیا و لایەنی بیانی بەرز بکرێتەوە؟ کێیە ئەو لایەنە تایبەتمەندەی دەبێ سەیری ئەو سکاڵایانە بکا؟

لە وەڵامی ئەمەدا و بەگوێرەی تێڕوانینەی یاسایی ئێمە، بۆ بزواندنی سکاڵاگەلێکی لەو جۆرە دژی ئەو کۆمپانیایانە چەند شتێک پێویستە:

١- دەستەبەرکردنی دیکۆمێنت و بەڵگە یاساییەکان لە ناوەخۆی عێراق و لەو دەوڵەتانەی ئەو کۆمپانیایانە کاریان تێدا دەکەن.

٢- پێکهێنانی تیمێکی کار لە پسپۆڕانی یاسایی عێراقی بەتایبەت لە هەرێمی کوردستان و بە هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پاڵپشتیکردنی پارێزەران یاخۆ کۆمپانیاکانی پارێزەری لەو دەوڵەتانەی ئەو کۆمپانیا تۆمەتبارانەیان تێدایە و ئەرکی جووڵاندنی سکاڵاکان لە دژی ئەو کۆمپانیایانە لە بەردەم دادگە تایبەتەکان بگرنە ئەستۆ.

٣- دابینکردنی پێداویستیی دارایی لە کرێی پارێزەری و خەرجەکانی شارەزاییە پێشکێشکراوەکان و خەرجەکانی تر.

٤- داوا لە ڕەوەندی کوردی و عێراقی لە دەوڵەتانی دنیا بکرێ هەر زانیارییەکیان لەبارەی کۆمپانیاکان و بریکار و دەڵاڵەکانیان و ئەوانەی لەو تاوانانەوە گلاون هەیە، بدەنە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

٥- هەریەک لە حکوومەتی فیدراڵیی عێراق و باڵوێزگە و کونسوڵگەکانی عێراق جموجۆڵی دیپلۆماسیی خۆیان چڕ بکەنەوە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە.

لەلایەکی ترەوە، سەبارەت بەو دادگانەی پێوەندار بە سەیرکردنی ئەم کێشانەیشن، وەک زانراوە دادگەی دادی ناودەوڵەتی کە بارەگەکەی لە شاری لاهایە، تایبەتە بە چارەسەرکردنی کێشەی

نێوان دەوڵەتان، ئەویش بەپێی مادەی ٣٤ی پێڕەوی بنەڕەتیی دادگەکە کە تێیدا هاتووە "تەنیا دەوڵەتان بۆیان هەیە ببنە لایەن لەو سکاڵایانەی بۆ دادگەکە بەرز دەکرێنەوە".

لەم ڕوانگەیەوە ناتوانرێ ئەم کێشەیە بخرێتە بەردەم دادگەی ناوبراو مەگەر بە ڕەزامەندیی هەردوو دەوڵەتە ناکۆکەکە نەبێ و دادگەکە کێشەکەیان یەکلا دەکاتەوە. هەر بۆیە بەبێ رەزامەندیی هەردوو دەوڵەت عێراق ناتوانێ سکاڵا لە دژی هیچ کام لەو دەوڵەتانەی رۆڵیان هەبووە لە پێدانی ئەو چەکانەی لە هەڵەبجە بەکار هاتن بە رێژیمی سەدام بەرز بکاتەوە.

هەروەک ناکرێ سکاڵاکە بۆ هەمان دادگە بەرز بکرێتەوە ئەگەر لایەنی تۆمەتبار دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری نەبێ، بگرە کۆمپانیایەکی بیانی یاخۆ کەسێکی سروشتی بێ وەک دەلاڵ و بریکار و بەکرێگیراو یاخۆ نوێنەری کۆمپانیا بیانییەکە.

لەبەر ئەوە بەبڕوای ئێمە رێگەی یاسایی دروست و خێرا بۆ لێپرسینەوەی کۆمپانیاکان و بەدەستهێنانی قەرەبوو برێتییە لە راسپاردنی پارێزەران یاخۆ کۆمپانیاکانی پارێزەری لەناو دەوڵەتە تێوەگلاوەکان لەو تاوانانە، تا بەپێی بەڵگە یاساییە بەردەستەکان سکاڵا لە بەردەم دادگەی ناوەخۆیی بیانی بەرز بکەنەوە، بەو مەرجەی ئەو کارە بە هاوئاهەنگی بێ لە نێوان لێژنەی پسپۆڕانی یاسایی و وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان لەلایەک و کۆمپانیاکانی پارێزەری یاخۆ پارێزەران لەو دەوڵەتانە لەلایەکی تر.

ئاساییە جووڵاندنی ئەم سکاڵایانە پاڵپشتیی یاسایی بەهێز بەدەست دێن، هەروەک دەکرێ پارەیەکی زۆر وەک قەرەبووی زیانەکان داوا بکرێن چونکە ئەو زیانانەی لە هەڵەبجە کەوتوون کەم نین، هەروەها ئەو کۆمپانیا تۆمەتبارانەیش لە رووی داراییەوە دەوڵەمەندن و بەرپرسیاریەتیی یاساییان دەکەوێتە ئەستۆ، هەر بۆیە شایستەی ئەوەن سزا بدرێن و قەرەبووی دارایی زیان لێکەوتووان بکەنەوە، هەروەها پێویستە بەگوێرەی ئەوەی دادگە تایبەتەکە بڕیاری لەسەر دەدا، چارەسەری پزیشکی و دەروونیی ئەوانە بکا کە لە ژیاندا ماون.

پێمان وایە بەپێی رێساکانی دادپەروەری، پاساوە یاسایی و مرۆییەکان دەخوازن ئەو سکاڵایانە لە دژی کۆمپانیاکان و بریکار و دەڵاڵەکانیان و هەموو ئەوانەی لە پێدانی ئەو چەکە یاساغە ناودەوڵەتییانە بە رێژیمی سەدام گلاون، بەرز بکرێنەوە، چونکە هێشتا زۆر لە بەرپرسان لەو تاوانانە نەچوونەتە بەردەم دادگە و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا نەکراوە، هاوکات ژمارەیەکی زۆر لە زیان لێکەوتووانیش لەناو کوردستان و لە تاراوگە هەن هێشتا قەرەبووی ئەو زیانانەیان بۆ نەکراوەتەوە. هەروەک پیسبوونی ژینگە بە مادەگەلی کیمیایی و مینەکان پارە و شارەزایی و تەکنیکیی زۆری دەوێ تا پاک بکرێتەوە و بەپێی یاسای عێراقی و رێسا ناودەوڵەتییەکانیش پێویستە کۆمپانیا بیانییەکان و وەزارەتی دارایی حکوومەتی فیدراڵیی عێراق ئەو ئەرکە بگرنە ئەستۆ، ئەویش وەک بەرپرسیاریەتیی هاوکۆیی لەو تاوانانە کە بە تێپەڕینی کات ناسڕێتەوە.

بەڵگەی یاساییش لەسەر بەرپرسیاریەتیی گەنجینەی حکوومەتی فیدراڵی لە قەرەبووکردنەوەی تاوانەکانی رێژیمی پێشوو، ئەوەیە ئەو گەنجینەیە لەمەوپێش و تا ئێستەیش بەپێی بڕیارەکانی

ئەنجوومەنی ئاسایشی ناودەوڵەتی و بڕیاری دادگەکان  لە هەندێ دەوڵەت، قەرەبووی چەندان دەوڵەت و کۆمپانیای بیانی و سەتان هەزار کەس دەکاتەوە کە بەهۆی داگیرکردنی کوێت لەلایەن ڕژێمی سەدامەوە لە ساڵی ١٩٩٠ زیانیان بەر کەوتووە، لە کاتێکدا ئەو ڕژێمە ڕووخاوە و حزبی بەعس لە دەسەڵاتدا نەماوە.

لینکی پێوەندار:

١- ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی OPCW کە بارەگەکەی لە لاهای- هۆڵەندایە.

ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی داهێنان و دروستکردن و ئەمبارکردن و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و لەناوبردنی ئەو چەکانە کاراکردنی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی.

http://www.opcw.org/ar/chemical-weapons-convention/

هەروەها لەبارەی داماڵینی چەکی کیمیایی و بڵاونەبوونەوەی و هاوکاریی ناودەوڵەتی و جیهانیبوونی ڕێککەوتننامەکە، بڕوانە:

http://www.opcw.org/ar/documents-reports/browse-by-topic/

٢- پێڕەوی بنەڕەتیی دادگەی دادی ناودەوڵەتی (دادوەریی هەمیشەیی)

http://www.icj-cij.orghomepage/ar/

٣- لە ئەڵمانیا بە تەلەفۆن یەکێک لە برایانی بەرکەوتووی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە پێوەندیی پێوە کردم ئەویش بەڕێز مەجید حەبیب ئەلتائی بوو، کە پیاوێکی عەرەبی شاری سەدری بەغدا و لە نەیارانی ڕژێمی سەدام بوو و لە ریزی ئۆپۆزسیۆنی شیعیدا کاری دەکرد، بۆ خۆپاراستن لە سەرکوتکردنی ڕژێمی دیکتاتۆر وەک پەناگەیەکی ئارام چووبووە هەڵەبجە، بەڵام قەدەر ویستی ببێتە یەکێک لە شایەتحاڵەکانی تاوانەکانی سەدام لە بۆردمانکردنی شاری هەڵەبجەی شەهید بە چەکی کیمیایی و غازی ژەهراوی و بوو بە یەکێک لە بەرکەوتووەکانی ئەو چەکە، تا ئێستەش بەدەست ئاسەوارەکانی ئەو لێدانەی ١٩٨٨ەوە لە نێوان نەخۆشخانەکانی ئێران و ئەڵمانیادا خەریکی چارەسەرە.

سەیر لەوەدایە ورەی بەرزە و بیر لە مافە ڕەواکانی لە وەرگرتنی قەرەبووی ماڵی و مەعنەوی ناکاتەوە بە ئەندازەی ئەوەی بیر لە بەدۆکیۆمێنتکردنی تاوانەکانی سەدام و حزبە نازییەکەی دەکاتەوە. وتارێکی نووسی و تێیدا باسی بەسەرهاتی خۆی لە ڕۆژانی ١٦-١٧ی ئاداری ١٩٨٨ دەکا. بۆ خوێندنەوەی وتارەکەی بە ناونیشانی "کیمیایی مرد.. بەڵام هێشتا زیندووە" دەتوانی سەیری ئەم لینکە بکەیت:

http://www.akhbaar.org/wesima_articles/articles-20100126-84224.html

٤- بۆ وردەکاریی زیاتر لەبارەی شەڕی عێراق-ئێران و قەوارەی زیانەکان و لێدانە کیمیاییەکان و ئەو دەوڵەتانەی یارمەتیی سەدامیان داوە، سەیری کتێبە گرینگەکەی وەزیری میسری عەبدولحەلیم ئەبوغەزالە (الحرب العراقية الايرانية)، ١٩٩٤، لا، ٦١، لا٦٠١، لا١٧٢، لا٢٣٩، لا٢٤١، لەبارەی بەکارهێنانی غازی دەمار و غازە ژەهراوییەکان لەلایەن عێراقەوە دژ بە هێزە ئێرانییەکان.

* نووسەر و یاساناسێکی عێراقییە.

# دانیال میتێران
# مێژوویەک لە خەبات و دۆستایەتیی گەلی کورد

بەختیار ئەمین



**بۆ ڕێوڕەسمی یادکردنەوەی خاتوو دانیال میتێران لە هەولێر**

مایەی ڕێز و شانازییە ئەو گردبوونەوە نایابە بۆ یادکردنەوەی دۆستێکی گەورە و هاوسۆز و پشتیوانێکی ماندوونەناسی پرسی کورد، پرسی بەدیهێنانی دادپەروەری بۆ گەلێکی ستەم لێکراو، ساز دەکەین.

ئەو بە دایکی کوردان دادەنرا و هەر وایش ڕەفتاری دەکرد. دانیال گۆزە لە ٢٩ تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ١٩٢٤ لە ڤێردەن (میوز) لەدایک بووە و لە ٢٢ تشرینی دووەم/نۆڤێمبەری ٢٠١١ لە تەمەنی ٨٧ ساڵیدا لە نەخۆشخانەی جۆرج پۆمپیدۆ لە پاریس کۆچی دوایی کرد و لە نێزیک گۆڕی دایبابی لە کلونی لە نێزیک لیۆن بەخاک سپێردرا. ڕێنیە فلاکۆتی دایکی مامۆستای

.................................................................

لە ئینگلیزییەوە: عومەر عەلی غەفوور

قوتابخانه بووه و ئەنتۆنی گۆزەی باوکیشی بەڕێوەبەری کۆلێج بووە. هەردووکیان سێکیولار و کۆماریخواز بوون، دانیال برایەکی لە خۆی گەورەتری هەبوو بەناوی رۆجەر (١٩١٢-٢٠٠٥) کە نووسەر بوو، هەروەها خوشکێکیشی هەبوو بەناوی کریسستاین (١٩١٤-٢٠٠٢) کە دەرهێنەری فیلم بوو. هەروەها سێ کوڕی هەیە: پاسکال (لە ١٩٤٥ لەدایک بوو و دوای ٢ مانگ و نیو مرد)، جان کریستۆڤەر (١٩٤٦ لەدایک بووە) و گێلبێرت (لە ١٩٤٩ لەدایک بووە). ماڵباتەکەی دانیال یارمەتیی بەرگریی فرەنسایی و پەنادانی پیاوەکانیان داوە.

دانیال میتێران بەرەنگاریکەرێکی سەرسەختی رێژیمی نازی بوو و لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا بەرپرسی پێوەندی بووە لەناو هێزی بەرگریدا. شان بەشانی مێردەکەی دلێرانە شەڕی لە دژی داگیرکەری وڵاتەکەی (ئەڵمانیا) کرد. دانیال لە ریزەکانی هێزی بەرگریدا میتێرانی بینی و سێ مانگ دوای ئازادبوونی فرەنسا لە ئۆکتۆبەری ١٩٤٤ زەماوەندیان کرد.

ئەو هاوبەشیخوازێکی ڕاستەقینە بوو کە لە پێناو دادپەروەری، کۆمەڵگەیەکی مرۆیی تەبا و جیهانێکی باشتر بۆ هەمووان خەباتی دەکرد. لە پێناو جێگیرکردنی تێڕوانینەکەیدا چەندان شەڕی کرد. سێ کۆمەڵەی دامەزراند و دواتر یەکی خستن و لە ساڵی ١٩٨٦دا رێکخراوەکەی خۆی (فرانس لیبرتی) دروست کرد. رێکخراوەکەی بوو بە راوێژکار لە ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەلایەتیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەوەیش دەرفەتی ئەوەی بۆ فەراهەم کرد تا لە نێزیکەوە لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوە جۆرەوجۆرەکانیدا مامەڵە بکا. ئەز لە بریی ئەو لە کۆمیتەی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها لە لێژنەی لاوەکی و زۆر گرووپی کارکردن و هەروەها کۆنگرە ناودەوڵەتییەکاندا ئامادە بووم بەمەبەستی پاڵپشتیکردنی مافەکانی کورد و سەرکۆنەکردنی لایەنە جۆرەوجۆرەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دژ بە کورد لە پارچە جیاوازەکانی کوردستاندا.

خاتوو میتێران خەباتکارێکی کۆڵنەدەر بوو، سەرۆکایەتییەکەی فرانسیۆ میتێران لە نێوان (١٩٨١-١٩٩٥)دا دەرفەتێکی تر بوو بۆ خزمەتکردن بەو پرسانەی شەڕی لە پێناویاندا دەکرد. دوای مردنی سەرۆک میتێرانیش لە ساڵی ١٩٩٦ ئەو هەر بە چالاکی مایەوە. خۆشییەکانی دەسەڵات ئەوی نەگۆڕی، جیاواز لە زۆر لە خاتوونە یەکەمەکانی تری وڵاتەکەی و دنیا ئەو هەروەک کەسێکی سادە و نێزیک لە خەڵک مایەوە. زۆربەی کاتەکانی لە ناو بارەگەی رێکخراوە مرۆڤدۆستانەکەی و لە بەدواداچوونی کێشەی خەڵکە بەشمەینەکان لە سەرتاسەری دنیا و لە وڵاتانی شەڕخواردوودا بەسەر دەبرد، تا لە کۆشکی ئێلیزێ.

جگە لەمە، باڵوێزێکی راستەقینەی کولتووری فرەنسایی بوو، هەردەم بەرجەستەکار و بەرگریکار بوو لە گیان و بەهاکانی شۆڕشی فرەنسا و جاڕنامەکەی لەبارەی مافی مرۆڤ و هاووڵاتیەوە. هیچ پۆستێکی رەسمیی وای لێ نەدەکرد دەستبەرداری سەرکۆنەکردنەکانی ببێ.

خاتوو میتێران هاوولاتییەکی جیهانی بوو و کەسایەتییەکی بەناوبانگی ناودەڵەتیی هەبوو. بەیداخ هەڵگری پاڵشتیی ناودەوڵەتی بوو لە گەلە چەوساوەکان، لێبڕاوانە زۆر پرسی کردبووە بەشێک لە ژیانی خۆی. جارێکیان سەرۆک میتێران گوتی "پرسی کورد لەناو پێخەفەکەمدایە". خاتوو میتێران بەرگریی لە زۆر لە گەلانی دنیا لە سەرتاسەری دنیادا دەکرد و خۆی بۆ خزمەتکردنی چەندان پرس تەرخان کردبوو. شەڕی دژی ڕەگەزپەستی (ئاپارتاید) لە باشووری ئەفریقیا کرد، بەرگریی لە جووتیارە زاپاتیستاکان لە چیاپاس لە مەکسیک کرد، بەرگریی لە ئەمەریکاییە ڕەسەنەکان لە گواتیمالا و لە ئەمەریکای لاتینی و وڵاتە یەکگرتووەکان کرد، بەرگریی لە تیبتییەکان لە دژی داگیرکاری چین دەکرد، بەرگریی لە کوباییەکان دەکرد لە دژی گەمارۆی ئەمەریکا، بەرگریی لە کوردەکان دژ بە داگیرکەرانیان دەکرد، بەرگریی لە مافی فێربوونی کچانی ئەفغانی دەکرد، بەرگریی لە منداڵانی سلڤادۆر و مالی دەکرد، بەرگریی لە تەیمووری ڕۆژهەڵات دەکرد دژ بە هێزە داگیرکەرەکانی ئەنۆنیسیا، بەرگریی لە بیاواننشینەکان دەکرد دژ بە شانشینی مەغریبی، بەرگریی لە خەباتی ژنانی جەزائیری دەکرد بۆ بەدەستهێنانی ئازادی، بەرگری لە مافی مرۆڤ لە بەحرێن، تونس، ئێران، سووریا، تورکیا و میسر و... هتد، دەکرد.

ئەو کەسێکی زۆر مرۆڤدۆست بوو و سەرسەختانە شەڕی لە پێناو مافەکانی مرۆڤ و دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەسەڵات و سامانەکان لە دنیادا دەکرد، بەرەنگاریی ستەمی ئابووری و سیاسیی ناودەوڵەتی دەکرد. دژ بە هەژاری و بێبەشکردن دەجەنگا و لەگەڵ خەڵکە هەژار ڕەشورووت و پەڕاوێزخراوەکان دەوەستا، دژ بە کۆیلایەتیی کۆن و مۆدێرن بوو. خەباتی دەکرد لە پێناو مافی فێربوون، بڵاوبوونەوەی مەعریفە و ئابوورییەکی بەرپرسدا بۆ ئەوەی جیهانێکی پڕ لە ئاشتی بێتە کایە، جیهانێکی تەبا و هاریکار لەناو خۆیدا.

دانیال خەڵاتێکی بەناوی "خەڵاتی یادەوەری" داهێنابوو تا لە ڕێیەوە تیشک بخاتە سەر ئەو پرسانەی کاری بۆیان دەکرد. خەڵاتەکەی بەخشیە مایسۆن دیگۆرێ (ماڵی کۆیلەکان) لە سێنیگال، ئەویش بۆ یادکردنەوەی کۆیلە قوربانییەکانی ئەفریقیا کە لەو جێیەوە بەرەو ئەمەریکا بەڕێ کەوتبوون. هەوڵی پاراستن و برەوپێدانی ئەو کولتوور و زمانانەی دەدا کە مەترسییان لەسەر بوو. وەک پاڵپشتییەک بۆ کولتووری ئەمازیغی خەڵاتەکەی بەخشییە گۆرانیبێژی بەناوبانگی جەزائیری بە ڕەچەڵەک بەربەری لۆنس ماتووب، هەروەها بەخشییە میوزیکار و بەرهەمهێنەرانی فیلمی بە ڕەچەڵەک قەرەچی ڕۆما. پاسپۆرتێکی ئەوروپاییی چاپ کرد بۆ هەڵمەتەکەی لە دژی ڕەگەزپەرستی و دژەبیانی، تا ئەوروپاییەکان لە دژی زیادبوونی مەترسیی راستڕەوی توندڕەو لە ئەوروپا و نالێبووردەیی و قبووڵنەکردنی کۆچبەر و پەنابەران وریا بکاتەوە.

دانیاڵ داوای دابینکردنی ئاوی خواردنەوەی بۆ هەموو گەلانی دنیا دەکرد و کاری بۆ ئەوە دەکرد ئەو مافە وەک یەکێک لە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بخرێتە ناو دەستووری نیشتمانیی هەموو وڵاتان. هەموو جار دەیگوت لە رووی ستراتیجییەوە ئاو لە نەوت گرینگترە، تۆ دەتوانیت

بەبێ نەوت بژیت بەڵام بەبێ ئاو نا. هەموو جار دەیگوت هۆی داگیرکردنی کوردستان بوونی دیجلە و فوراتە کە سەرچاوەکانیان لە بەشی باکوری کوردستاندایە.

ئەز جێی شانازیمە کە لە زۆر لەو خەباتانەیدا هاورێی بووم. ئێمە خەباتمان دەکرد تا نیلسۆن ماندێلا، دالای لاما، ریگۆبێرتا مێنکو لە جیاتیی ئەمەریکاییە رەسەنەکان و جۆسێ رامۆس هۆرتا لە جیاتیی تەیمووری رۆهەڵات لە پێناو پێشخستنی پرسەکەیاندا خەڵاتی نۆبڵی ئاشتییان پێ ببەخشرێ، پێیشیان بەخشرا.

شەڕمان لەسەر لەیلا زانا کرد تا خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی و خەڵاتی "ساخارۆڤ"ی پەرلەمانی ئەوروپای پێ ببەخشرێ، بەڵام تەنیا ئەم خەڵاتەی دوایی پێ بەخشرا و بۆ ئەوی تریش زانا چەندان ساڵ وەک کاندید بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە ماوەتەوە و هیوادارم رۆژێک ئەو خەڵاتەی پێ ببەخشرێ و پێم وایە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە لێژنەی سەرپەرشتیاریی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی خەڵاتەکە ببەخشێتە لەیلا زانا یاخۆ کوردێک. نەتەوەیەک خاوەنی ئەو نەهامەتی و خەباتە درێژخایەنە بێ شایستەی ئەوەیە سەرنجی ئەو لێژنەیە و کۆمەڵگەی ناودەوڵەتی رابکێشێ. بەڵام لەوە گرینگتر ئەوەیە کۆمەڵگەی ناودەوڵەتی دەستپێشخەرییەکی ئاشتییانەی هەبێ بۆ چارەسەری کێشەی زیاتر لە ٤٠ ملیۆن کورد لە رۆهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە بەدەست ستەمێکی مێژوویی گەورەوە ناڵاندوویەتی. دانیاڵ خۆی شایستەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بوو.

من پێشنیاز دەکەم ئیدارەی کوردی باڵاترین خەڵاتی کوردستان ببەخشێتە خاتوو میتێران وەک باشترین دۆست و پارێزەری گەلی کورد و بەوە ئەوپەڕی پێزانین و سۆز و رێزی ئێمەی بۆ دەرببڕێ. ئەم بۆنەیە بەهەل دەزانم تا داوا لە ئیدارەی کوردی، پەرلەمانی کوردستان و پارێزگەکان بکەم چەند خەڵاتێک دروست بکەن بۆ رێزنان لە دۆستەکانمان و هەروەها شەقام و شوێنە گشتییەکانی تری هەرێم بەناوی ئەو کەسایەتییانەوە ناو بنێن کە لە رۆژە تاریک و سەختەکانماندا پاڵپشتییان لە دۆزەکەمان کرد. خاتوو میتێران پێش و پاش کۆڕەوەکەی گەلەکەمان لە ١٩٩١ سەردانی سێ پارچەی کوردستانی کردووە (تورکیا و ئێران و عێراق). ئەو ژیانی خۆی بۆ ئێمە خستووەتە مەترسییەوە. لە هێرشە تیرۆرستییەکەی ٦ حوزەیرانی ١٩٩٢ لە رێگەی نێوان سلێمانی و هەڵەبجە، کە ئۆتۆمۆبێلێکی مینرێژ بوو، لە دەروازەی مردن گەڕایەوە، بەڵام بوێرانە درێژەی بە گەشتەکەی بۆ هەڵەبجە دا هاوەڵیی بێرنارد کۆشنێر، کە ئەویش یەکێکە لە دۆستە دڵسۆزەکانی کورد و یەکەم جار لە کاتی شەڕی ١٩٧٤-٧٥ی کورد لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی، سەردانی کوردستانی عێراقی کرد. بەداخەوە لەو هێرشە تیرۆریستییەدا ژمارەیەک لە پێشمەرگە پاسەوانەکانی خاتوو میتێران بەناوەکانی (باپیر عوسمان گۆمەشینی، عەبدوڵڵا شێخانی و سامی فەیلی) شەهید بوون و ژمارەکی تر پێشمەرگەیش بە ناوەکانی (عومەر حوسێن، عەلی حوسێن، ماجید ئەحمەد، فاخیر بایز، کامەران عەبدوڵڵا و سەعدی مەغدید) بریندار بوون. ژمارەیەک لەوانە ئێستە کەمئەندامن. ئەو قارەمانانە بەشێکن لە شانازییە مێژووییەکانمان. سڵاو لە خۆیان و

ماڵباتەکانیان. ئەمە ئەو ڕێگەیەشە کە لێیەوە مێژووی خۆمان بۆ نەوەی نوێ دەگێڕینەوە. زۆر دۆستی لەبیرکراو و لەبیرنەکراوی کورد هەن، هەروەها چەندان ڕێکخراو لە ناوچەکە و جیهاندا هەن کە لەگەڵ گەلەکەمان بوون، لەوانە سیناتۆر دوکتۆر بێرنارد کۆشنێر، کلایبۆرن پێڵ، ئۆلۆف ج. تانبێرگ، باڵوێز بێرنارد دۆرین، جۆن مێجەر، ئان کلۆید، کارترین پۆرتەر، لۆرد ئاڤبێری، ئەندرو وایتلی، مۆنیکا فراسۆنی، میکایل ئەنجێل مارتینز، ئۆلیڤەر دوپویس، رۆڵە ئەکیۆس، ئێما بۆنینۆ، کۆنگریسمان پۆرتەر، پێتەر میولەر، مارتین ڤان بروینسن، کەریک پاکزاد، تۆماس هامبێرگ، رۆڵف ئەکبێرگ، کۆنی فرێدریکسۆن، لویس ئەیالا، حوسێن ئایات ئەحمەد، ئێفرامینسن، نیکۆلۆ فیگا تێلیمانکا، گۆتە ئاسک، هان برامنس، ڤێنکا لارسن، کریستیان رادبێرگ، ئۆشواڵد سۆدەرڤیست، بیرگیتا ئۆستلەند، ئالار کوتمان، د. بێرنارد گرانجۆن، مەریەم ئیلاهی، فرانکۆ بریێ، میشێل توبیانا، ئەنتۆین بێرنارد، کریستۆڤەر پێرین، جۆست هیلتەرمانن بارۆنێس ئیما نیکڵسۆن، هانس براستێد، کلاودیا رووس، ساندرۆگۆزی و چەندانی تر.

دەتوانین لیستێکی هەمەگیرتر بەناوی ئەو دۆستانەمان دروست بکەین کە لەناو عێراق و ناوچەکە و جیهاندا دڵسۆزانە بەرگرییان لە مافەکانی ئێمە کردووە، هەروەها دەبێ یادی کەسە بەتواناکانی خۆیشمان، لە بیرمەند و داهێنەران، بکەین و خەڵاتیان بکەین، هەروەها ئەوانەیش لەو کاتەی لە ژیاندا بوون خزمەتی نەتەوەکەیان کردووە. ئەوانە دەکرێ بکرێنە بابەتی چەندان کاری هونەری. هیوادارم حکومەتی هەرێمی کوردستان میکانیزمێک بدۆزێتەوە یان چالاکییەک ساز بکا بۆ داوەتکردنی ئەو دۆستانەی گەلەکەمان، خەڵاتیان بکا و سوپاسگوزاریی گەلەکەمانیان بۆ دەربېڕێ. ئەو خەڵکانە بەشدارییان لە بەدیهێنانی ماف و ئازادییەکانی ئێمەدا کردووە.

پێم خۆشە لەم بۆنەیەدا تیشک بخەمە سەر هەندێ لەو کارانەی خاتوو میتێران بۆ گەلی کوردی کردووەن.

خاتوو میتێران یارمەتیی دامەزراندنی "پەیمانگەی کوردی لە پاریس"ی داوە، کە ساڵانێکی زۆر ناوەندی دیپلۆماسیی سەرەکی یاخۆ زیاد لەوەیش تاکە باڵوێزخانەی کورد بوو لە دەرەوەی کوردستان، کە بۆ پرسی کورد کاری دەکرد و پێشێلکارییە زەقەکانی داگیرکەرانی کوردستانی ڕیسوا دەکرد و پارێزگاریی لە کولتوور و کەلەپووری کورد دەکرد. خاتوو میتێران ڕۆڵێکی گرینگی هەبوو لە بەهێزکردنی ئەو پەیمانگەیە و چالاکییەکانی تا رای گشتی و دامەزراوە ناودەوڵەتییەکان زیاتر بە دۆزی کورد ئاشنا بېن. من بۆ ماوەی شەش ساڵ سکرتێری گشتیی ئەو پەیمانگەیە بووم و د. کێندال نازان سەرۆکی بوو و زۆر کەسایەتیی ناسراوی کوردیش ئەندامی ستاف بوون (هەندێکیان هێشتایش) و لە ڕۆژە سەختەکاندا بەشدارییان لە کارەکانی ئەو پەیمانگە گرینگەی کورد دەکرد، لەوانە (یەڵماز گۆنای، شەوقی ئۆزکان، عەلی بوچەک، سەیدۆ ئەسلاندا‌گ، عیسمەت شەریف وانلی، سیامەند عوسمان، دارا عەتار، د.هەڵکەوت حەکیم، فەرهاد شاکەلی، لوتفی باکسی، مەحموود باکسی، د. عەلی باباجان، توانا قاشانی، شڤان پەروەر، هۆشمەند عوسمان،

کامەران جی کیکان، ئاکیل مارجیۆخ، جۆس و جان بێرتۆلیۆ، هونەر سەلیم، مارلیس لێسکۆت، خەسرەو عەبدولاهی، جۆیس بلاو، پرۆفیسۆر عەباس وەلی، د. فوئاد حوسێن، د. نەجمەدین کەریم، د. حەمید بۆزئەرسلان، حوسێن سادق، تەیموور و.. هتد). هەروەها زۆر لە کوردەکانی پارچەکانی تری کوردستان و سەرکردەکانیان پشتیوانییان لە پەیمانگە دەکرد، بەتایبەت د. عەبدورەحمان قاسملو و د. شەرەفکەندی.

کوردەکانی تاراوگە و بەتایبەت کوردە کرێکار و پەنابەرەکان و ژمارەیەک سەرمایەداری کورد لەوانە دارا عەتار و دانا و توانا قاشانی لە رووی داراییەوە بەشدارییان کرد لە کڕینی خانووی بارەگەی پەیمانگەکە.

کاتێ لەو پەیمانگە کوردییە بووم، لەناو زۆر لە چالاکییەکانی تردا، بەشداریم لە رێکخستنی دوو رووداوی گرینگدا کرد کە خاتوو میتێران رۆڵێکی گەورەی تێیاندا هەبوو:

١- یەکەم کۆنگرەی ناودەوڵەتیی کوردی لە پاریس لە ساڵی ١٩٨٩ لەبارەی ناسنامەی کوردی و مافەکانی مرۆڤەوە.

٢- کۆنگرەی کوردی لە کۆنگرێسی ئەمەریکا لە واشنتۆن لە ساڵی ١٩٩١ بە هاوئاهەنگی لەگەڵ لێژنەی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێس بەسەرۆکایەتیی سیناتۆر کلایبۆرن پێڵ لەگەڵ سیناتۆر کینێدی، کە زۆر لە سەرکردە کوردەکانی پارچەکانی کوردستان بەشدارییان تێدا کرد، لەوانە: بەڕێز تاڵەبانی سەرکۆماری ئێستەی عێراق، هۆشیار زێباری، عەدنان موفتی، سامی عەبدورەحمان، هێلین قاسملو، فەتاح عەبدولی نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران KDPI لە ئەورووپا کە لە ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ دوکتۆر شەرەفکەندیدا لە بەرلین تیرۆر کرا، هەروەها ژمارەیەک پەرلەمانتاری کوردی تورکیا.

ئەو کۆنفرانسانە یارمەتیدەرێکی بەهێز بوون بۆ شکاندنی ئەو دیواری بێدەنگییەی دەوری پرسی کوردی دابوو و هەنگاوگەلێکی گرینگ بوون بۆ بەناودەوڵەتیکردنی پرسی کورد.

پاش بۆمببارانکردنی هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨، بۆ جاری دووەم خاتوو میتێرانم دی و ئەوەیش بووە سەرەتای هاوڕێیەتی و هاوئاهەنگییەکی درێژخایەن. ئێمە گرووپێکی بچووکی ٥ کەسیی کوردی عێراق و سووریا بووین بڕیارمان دا لە بەردەم بارەگەی رێکخراوی یۆنسکۆ لە پاریس مانگرتن لە خواردن رابگەیەنین. گرووپەکە پێک هاتبوو لە کەمال حەمەڕەش، ئازاد هەورامی، بەختیار ئەمین (ئەمانە کوردی عێراق بوون)، عەقیل و بارزان (کوردی سووریا بوون). دواتر خەڵکێکی زۆر هاتنە ریزی خۆپێشاندانەکە و هەموو گرووپە سیاسییەکانی پارچەکانی کوردستان ئەندامانی خۆیان بۆ بەشداریکردن لە مانگرتنەکەدا نارد و هەفتانە دوو تا سێ خۆپێشاندانمان رێک دەخست.

لەو کاتەدا پاریس پێگەیەکی بەهێزی رێژیمی عێراق بوو، لە ئاست هەڵەبجە و ئەنفال و

سیاسەتە کۆمەڵکوژییەکانی سەدام لە کوردستان بێدەنگ بوون. میدیاکان رەتیان دەکردەوە وێنەکانی هەڵەبجە بڵاو بکەنەوە. ئێمە بێ ئومێد و بێ ئەندازە تووڕە بووین. وەک رەوەندی کوردی بە پاڵپشتیی پارتە سیاسییە کوردییەکانی هەموو پارچەکان پلانمان بۆ چەند کارێک لە دەرەوەی خێوەتەکەمان لە بەردەم یۆنسکۆدا دانا، خێوەتەکان لەلایەن رێکخراوێکی پزیشکیی فەرەنساییەوە بەناوی فریاکەوتنی پزیشکیی ناودەوڵەتی (AMI) لە ماوەی خۆپێشاندانەکەدا بۆمان دابین کرابوو. هەروەها توانیمان هەڵمەتێکی دیپلۆماسی ئەنجام بدەین لە رێی سەردانی باڵوێزگە گرینگەکان و هەموو شوێنە گەشتەوەرییەکانی پاریس لە یەک کاتدا، وەک تاوەری ئیڤل، کەوانەی سەرکەوتن، مۆنت مارتر، سەنتەری پۆمپیدۆ و نۆتردام. لەبارەی هەموو لایەنەکانی مەرگەساتی کورد یاداشتمان ئاراستەی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرۆک دەوڵەتان و رێکخراوی جۆرەوجۆر نارد.

خۆپێشاندانەکە ٣٧ رۆژی خایاند و بووە جێ سەرنجی کۆمەڵگەی فەرەنسایی و ناودەوڵەتی. ئەو کارانە سەرەتای داڕووخانی ئەو دیواری بێدەنگییە بوو کە بە دەوری نەهامەتییەکانی گەلی کورد و قڕکردنی لەلایەن رژێمی سەدامەوە تەنرابوو. خاتوو میتێران، بێرنارد کۆشنێر، پەرلەمانتارەکان، یەکە بازرگانییەکانی فەرەنسا، یۆنسکۆ و دیپلۆماتکاران و میدیاکان سەردانی ئێمەیان دەکرد و هاوسۆزیی خۆیان لەگەڵ ئێمە و داواکانمان دەردەبڕی. بەڕێز تاڵەبانی و د. مەحموود عوسمان سەردانی خێوەتەکەیان کردین و بەناوی بەرەی کوردستانیی ئەو کاتەوە پێزانینی خۆیان دەربڕی. ئەو کارە شەرمەزارییەکی گەورە بوو بۆ رژێمی عێراق کە هەوڵی ترساندن و تۆقاندنیان دەداین تا دەست هەڵگرین، شەوێکیان لە کاتی خەوتنماندا لەناو خێوەتەکە لە رێی ئۆتۆمۆبێلێکەوە هەوڵی تێکدانی خێوەتەکەیان دا.

حکوومەتی عێراق بەو کارەی ئێمە هەستی بە شەرمەزاری دەکرد، کە هاوکات بوو لەگەڵ کۆبوونەوەی لێژنەی جێبەجێکردنی یۆنسکۆ بوو، کە کۆبوونەوەیەکی وەزاری بوو. حکوومەتی عێراق تەها محیەدین مەعرووف و نزار حەمدوونی ناردە فەرەنسا تا داوا لە دەسەڵاتدارانی فەرەنسایی بکەن چالاکییەکانی ئێمە کۆتا پێ بێنن. بەڵام لەوەدا شکستیان هێنا، ئەویش بەهۆی ئەو هاوسۆزییەی گەورەیەی بەدەستمان هێنابوو و ئەو ژمارە زۆرەی سەردانکردنمان لەلایەن خاتوو میتێران و بێرنارد کۆشنێر و رێکخراوە ئێن جی ئۆکانی فەرەنسا و رای گشتییەوە.

لەو رۆژانەدا خۆپێشاندانی فەرمانبەرانی پزیشکیش لە بەردەم وەزارەتی تەندروستی لە هەمان شوێنی مانگرتنەکەی ئێمە بەڕێوە دەچوو، ئەوەیش سەرنج و سۆزی خەڵکێکی زیاتری بۆ لای ئێمە راکێشا، هەروەها خۆپێشاندانی تریش بەرەو شوێنەکە دەهاتن وەک نارەزایی لە دژی کوشتنی نوێنەری کۆنگرەی نیشتمانیی ئەفریقیایی لە فەرەنسا و نیزیکی شوێنەکەمان لە کۆلێجی سەربازی، کە لەوێوە هێلیکۆپتەرەکان سەرۆک میتێران و بەرپرسە باڵاکانی تریان هەڵدەگرت کە سەردانی فەرەنسایان دەکرد.

ئێمە بە پاڵپشتیی چەندان رێکخراو و کەسایەتی توانیمان ئەوە بکەین، لەوانە خاتوو میتێران،

کۆشنێر، رابیتەی فرەنسایی بۆ مافەکانی مرۆڤ، یەکەتیی ناودەوڵەتی بۆ پێوەندیی مافەکانی مرۆڤ، فریاکەوتنی پزیشکیی ناودەوڵەتی، رێکخراوی پزیشکانی جیهان (MDM)، رێکخراوی پزیشکانی بێ سنوور (MSF) و چەندان کەسایەتیی تری وەک د. فریدریک تیسۆ، باڵۆیز بێرنارد دۆرین، میشێل بۆنۆت، فرانسواز بری، فلۆرێنس وێبەر، کریس و ئێدیت کۆچێرا، مارلیس لیسۆت، کارۆلین باتزدۆف، ئایلن فیلیپس، ئاماندا هاردین، خولیا و جیرارد چالیاد تەنیا ژمارەیەکی کەمن لەو ناوانەی شان بەشانی چەندان هونەرمەند و نیشتمانپەروەری کورد و هەروەها نوێنەرانی پارتە سیاسییە کوردییەکان کە زۆر لەلایەن رای گشتیی کوردییەوە نەناسراون، رۆڵێکی گرینگیان گێڕا لە ڕسواکردنی رێژیمی عێراق و هێزە داگیرکەرەکانی تری کوردستان و سیاسەتە دڕندانەکانیان، ئەوان لە پشت پاڵپەستۆ سەرکەوتووەکەی ئێمەوە بوون لە فرەنسا. هەموو ئەو دۆستانەی گەلەکەمان پێویستە یاد بکرێنەوە و خەڵات بکرێن.

لە ساڵی ١٩٨٨ لە گەشتێکمدا لە سوێدەوە بۆ فرەنسا خاتوو میتێرانم بینی، دوای کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە کاتی سەردانێکی شاحوسێنی شای ئوردن و شاژنە نووری هاوسەریدا بۆ فرەنسا، داوای لێ کردم وێنەی قوربانییەکانی هەڵەبجە پێشانی ئەوان و هیی تر بدەم، وێنە و گرتە ڤیدیۆییەکانم دایە. دواتر پێی وتم شاژن نوور گریاوە و شا حوسێن گوتوویەتی زانیاریی لەو بارەوە نەبووە و لە رەهەندەکانی ئەو مەرگەساتە ئاگەدار نەبووە.

جارێکی تر خاتوو میتێرانم لە بارەگەی یونسکۆ لە ئاهەنگێکی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤدا بینی، دانیشتبوو گوێی لە چالاکانی مافی مرۆڤ لە هەموو گۆشەکانی دنیاوە گرت، دوای وتارەکەی ژوورەکەی خۆی بەجێ نەهێشت وەک کە چەندان کەسایەتیی دیاری کەمتریش لەو لە رووی گرینگی و ئەرکی رۆژانەوە وایان کرد. بە وردی گوێی بۆ هەمووومان شل دەکرد و بایەخێکی گەورەی بە چیرۆکی کوردەکان و بەتایبەت راسپاردەکانی من دەدا و هەڵویستی لەبارەی سەردانکردنی سێ کامپەکەی پەنابەرانی کورد لە تورکیا (ماردین، مووش و دیاربەکر) زۆر ئەرێنی بوو. ئەوانە زیاتر لە کوردە ئاوارەکانی ناوچەی بەرواری باڵا بوون لە بادینان کە لە کیمیابارانی هێزەکانی سەدام رایان کردبوو لە کۆتای شەڕی عێراق-ئێراندا لە ساڵی ١٩٨٨. کامپەکەی ماردین لەلایەن پیاوە لۆکاڵییەکانی موخابەراتی عێراقی لە ماردین لە رێی ئەو نانەی بەسەریاندا دابەش کرابوو ژەهرخوارد کران و زیاتر لە ٢٠٠٠ کەس ژەهراوی بوون کە ژمارەیەکی زۆر ئافرەت و منداڵیان تێدا بوو.

پێم گوت فرەنسا دەتوانێ لە رێورەسمی ئاهەنگی ٢٠٠ ساڵەی شۆڕشی فرەنساییدا شتێک (بۆ کورد) بکا، بەوەی کۆمەڵێ لەو پەنابەرە کوردانە بێنێتە فرەنسا، ئەوەیش یارمەتیی ئێمە دەدا پرسی کورد بەناودەوڵەتی بکەین و ناسۆرییەکانی ئەو پەنابەرە کوردانە پێشانی کۆمەڵگەی ناودەوڵەتی بدەین و ئەوانە دەبنە قوربانییە زیندووەکانی چەکە کیمیاییەکانی سەدام حوسێن. بیرۆکەکەی پەسند کرد و دواتر سەردانی تورکیای کرد، ئەوەیش تیشکێکی زۆری خستە سەر

کێشەی کورد و نەهامەتییەکانی ئەو پەنابەرانە، دوای گەڕانەوەی ئەو داوایەی ئاراستەی حکوومەتی فەرەنسایی کرد و ئەویش رازی بوو ١٠٠٠ پەنابەری کوردی عێراقی بێنێ بۆ لاستیک بۆر لە کلێرۆمنت فێراند لە ناوچەی ناوەڕاستی فراوانی فەرەنسا.

کونسوڵی ئێستەی فەرەنسا لە هەولێر، د. فرێدریک تیسۆ، لە سەردانەکەیدا بۆ کامپی ئاوارەکان هاوەڵی بوو. د.تیسۆ هەردەم دۆست و پشتیوانێکی گەورە و لێبڕاوی مافەکانی کورد بووە، کە پشتیوانیکردن و هاوکارییەکەی لەگەڵ کوردانی ئێران دەست پێ کرد و لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا نەخۆشخانەی (ئازادی)ی کردەوە. لە ماوەی چەند ساڵێکدا زیاتر لە ٢٠٠ پزیشکی فەرەنسایی لەو نەخۆشخانەیەدا خزمەتیان کردووە، من دەرفەتی ئەوەم بۆ هەڵکەوت پێش لە سەفەرەکەیان بۆ کوردستان ئەو پزیشکانە ببینم و ئەوان یارمەتییان داین وێنەی گوندە وێرانکراوە کوردییەکان بگرن و توانیمان لە کەمپینەکەماندا دژ بە ڕژێمی سەدام بەکاریان بێنین، ئەو پزیشکانە هاوکات بوونە باڵوێزگەلێکی راستەقینە لە فەرەنسا و دەرەوەی وەک شایەتحاڵ لەسەر ئەو ستەمکارییەی بەرامبەر گەلی کورد کراوە.

من لەگەڵ شەوقی ئۆزکان، یەکێک لە دامەزرێنەرانی پەیمانگە کوردییەکە لە پاریس، لە کامپی لاستیک بۆرغ بووین. ئەو سەربازێکی نەناسراو بوو کاری بۆ کوردەکانی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان دەکرد، هەروەها پایەیەکی سەرەکی بوو لە دژایەتیکردنی رژێمی عێراقی و بەرگری لە مافی کورد لە فەرەنسا. خاتوو میتێران لەو کامپەدا سەردانی کردین. ئێمە خۆبەخشانە کارمان بۆ یەکخستنەوەی ئەو پەنابەرانە لە فەرەنسا دەکرد و هاتنەکە وای کرد کێشەکە زیاتر بکەوێتە بەرچاو.

لە ماوەی چەندان مانگدا توانیمان چیرۆکی مەرگەساتەکانی ئەو پەنابەرانە بگەیەنینە رای گشتیی فەرەنسا و جیهان. د. تیسۆیش لە رووی ئیدارییەوە یارمەتیی پەنابەرەکانی دەدا. کۆششەکانی خاتوو میتێران رۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە شکاندنی دیواری بێدەنگی لەسەر مەرگەساتەکانی کورد. لەو کاتەی کورد بەهۆی بێدەنگیی جیهان قڕ دەکرا، ڕژێمی سەدام لای کۆمەڵگەی ناودەڵەتی بەناز بوو.

لە رۆهەڵاتەوە تا رۆئاوا و لە باکورەوە تا باشوور پشتیوانییان لە دیکتاتۆری بەغدا دەکرد و چاویان لەئاست تاوانە قێزەونەکانی و پێشێلکردنی پەیماننامە و ڕێککەوتنامە ناودەوڵەتییەکان نوقاندبوو.

لە چلەمین ساڵوەگەڕی رۆژی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی فەرەنسا خاتوو میتێرانم بینییەوە لەگەڵ سەرۆک فرانسیۆ میتێرانی مێردی و خافێر پێرێز دیکیولاری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ڕێگەی پێ دام بەکورتی باس لە مەرگەساتی کورد لە عێراق بکەم بەتایبەت لە هەڵەبجە و شاڵاوی ئەنفالدا. لە هەمان ڕێوڕەسمدا



چاوم بە هەردوو خاوەنی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی، زانای ناوکیی سۆڤیەتیی ئەندریە ساخارۆف و سەرکردەی پۆڵەندایی سۆلدرنۆش لێک والێسا کەوت، یەکەم سەردانیان بوو بۆ فەرەنسا پاش وەرگرتنی خەڵاتەکە. ساخارۆفم دەناسی، کە لە ساڵی ١٩٧٤ کاتێ ڕێژیمی عێراق بە ناپاڵم بۆردمانی کوردی دەکرد و سیاسەتی زەویی سووتاوی لە دژی بەکار دەهێنا، لەوەیشدا یەکەتیی سۆڤیەت بە باڵەفڕە میگ و سۆخۆکانی یارمەتیی دەدا، ساخارۆف تاکە دەنگ بوو کە لە سۆڤیەتدا لە دژی پاڵپشتیکردنی یەکەتیی سۆڤیەت لە دەستدرێژییەکانی ڕێژیمی عێراق دژ بە کورد بەرز بووەوە. کاتێ ئەوەم بیر خستەوە و دەستخۆشیم لێ کرد لەسەری، خۆشحاڵ بوو کە من وێڕای تەمەنی گەنجیم ئەو شتە دەزانم. پێم گوت ئاخۆ دەتوانێ لەبارەی مەرگەساتی کورد لە هەڵەبجە شتێک بە میدیا بڵێ، داواکەی قبووڵ کرد و لێدوانێکی بەهێزی لەوبارەوە دا و سەرکۆنەی کۆمەڵکوژیی کوردی لە هەڵەبجە و کوردستان لەلایەن ڕێژیمی سەدام حوسێنەوە کرد.

جارێکی تر لە لیۆن لەگەڵ ئێلینا بۆنەری هاوسەری بینیمەوە، کە ژنێکی بە ڕەچەڵەک ئەرمەنی بوو لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا لە عێراق و کوردستانی عێراق ژیابوو و بەشداریی لە هەڵمەتێکی کوتانی لە بری یەکەتیی سۆڤیەت کردبوو. پێی وتم کە جەنەراڵ مستەفا بارزانیی بینیوە. بانگهێشتنم کردن بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسێکی کوردی لە پاریس. ساخارۆف بە کۆنفرانسەکە دڵخۆش بوو و بۆشی باس کردم کە بەهۆی بەسەربردنی ماوەیەکی زۆر لە گرتووخانەکانی سۆڤیەتدا باری تەندروستیی خراپ بووە. پێی گوتم ئەگەر خۆی نەیتوانی ئامادە بێ، ئەوا ئێلێنا ئامادەی کۆنفرانسەکە دەبێ و پەیامێکیشی پێدا ڕەوانە دەکا. ماوەیەکی کەم دوای کۆنفرانسەکە کۆچی دوایی کرد. لەگەڵ ئێلینا پێوەندیمان هەر هەبوو، چەند ساڵێک دواتر لەگەڵ منداڵەکانیدا لە ئەمەریکا بینیم. کوڕەکەی لە ڤێرجینیا دەژیا.

لە بەهاری ١٩٩١ ڕاستەوخۆ پاش سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی شیعەکانی باشوور و کوردەکانی

کوردستانی عێراق لەلایەن ڕێژیمەوە، لە پاریسەوە بە هاوڕێیەتیی ئەحمەد تورک، شەرەفەدین ئێلجی، محەمەد عەلی ئێرین و ئیبراهیم ئاکسۆی ئەندامانی کوردی پەرلەمانی تورکیا سەفەرمان کرد بۆ نیویۆرک. خاتوو میتێران ناوی جێگری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانی دامێ تا بیبینم و دۆخەکەی بۆ روون بکەمەوە. گوتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان سەفەری کردووە بەڵام دەتوانی جێگرەکەی ببینی. هەموو پێکەوە چووین بۆ بینینی و باسی مەرگەساتەکەی عێراقمان بۆ کرد و داوای دەستێوەردانی مرۆیی و سەپاندنی ناوچەی دژەفڕینمان کرد، بەڵام لەو ڕۆژانەدا UN تەنیا گوێی دەگرت بەبێ هیچ کردارێکی کۆنکریتی. بەڵێنی دا نیگەرانی و داواکانی ئێمە بۆ سکرتێری گشتی بەرز بکاتەوە.

بڕیارمان دا بچینە دەرەوەی تەلاری نەتەوە یەکگرتووەکان و بۆ ماوەی ٤ ڕۆژ مانمان لە خواردن گرت. دۆخ لەسەر زەوی بەرەو شلۆقی دەچوو، ئەمەریکا ڕێگەی بە گاردی کۆماری دابوو ڕاپەڕینەکە شار بە شار سەرکوت بکا. تەنانەت ڕێگە بە بەکارهێنانی کۆپتەرەکان درابوو بۆ لێدانی خەڵک کە توانیبوویان لە ١٨ پارێزگەی عێراق ١٤یان ئازاد بکەن بە شاری کەرکووکی منیشەوە، کە لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە ئازاد کرابوو. هێزەکانی عێراق توانییان ڕاپەڕینی باشوور سەرکوت بکەن و دەستیان بە هێرشکردنە سەر کوردیش کردبوو. پێوەندیم بە ژمارەیەک هاوڕێی کوردەوە کرد، لەوانە نەجمەدین کەریم، سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردی و بەڕێز محیەدین نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان، هەروەها ئەندامانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و چەندان کوردی تر لە واشنتۆن، ڤێرجینیا، نیویۆرک، نیوجێرسی و بۆستن و... هتد و لەبارەی مانگرتنەکەمان لە بەردەم بارەگەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک خەبەرم دانێ. سەتان کورد لە ویلایەتە جیاجیاکانەوە هاتن و بەشدارییان لە خۆپێشاندانێکی گەورە لە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکاندا کرد. هاوکات ژمارەیەک دۆستی ئەمەریکایی یارمەتییان داین لە گەیاندنی هەواڵی مانگرتنەکەمان بە بڵاوکراوە ڕۆژنامەکان و پێوەندییان بە ژمارەیەک ئەندامی کۆنگریس و پیرانیشەوە کردبوو، لەوانە کۆنگرێسمان هامیلتۆن کە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانی بۆ پشتگیریکردنمان پێشکێش کرد، هەروەها سیناتۆر داماتۆ سەردانی کردین و کەناڵی تەلەڤزیۆنی CNN و چەند کەناڵێکی تەلەڤزیۆنیی تریشی لەگەڵ خۆی هێنابوو. کارەکەمان دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە میدیاکانی ئەمەریکا و جیهاندا هەبوو. دوای ٤ ڕۆژ مانگرتنەکەمان کۆتا پێ هێنا و چووین بۆ واشنتۆن و لەوێ چەند دیدارێکم لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە، کۆنگرێس و میدیای ئەمەریکاییدا ڕێک خست. لەو ڕۆژە سەختانەدا ئەندرو ویتلی بەڕێوەبەری چاودێرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر پاڵپشتیی دەکردین، هەروەها کۆنگرێسمان جۆن پۆرتەر و کارترین پۆرتەری هاوسەری، سیناتۆر کلایبۆرن پێڵ، پێتەر گالبرێسن کریس هیڵ، سیناتۆر کینێدی، سیناتۆر کێری، سیناتۆر مەکەین نانسی سۆدەربێرگ و دەیڤید فیلیپس. توانیمان شاخی بەستەڵەکەکە بشکێنین. وڵاتە یەکگرتووەکان بڕیاری دا جێمس بێکەری وەزیری دەرەوە بۆ سەردانی پەنابەرانی

کورد لە ناوچە سنوورییەکان رەوانە بکا. دواتر من گەرامەوە پاریس و لە سەفەرەکەدا وێنەگری بەناوبانگی ئەمەریکایی سوزان میسیلاسم لەگەڵ بوو، کە دواتر لەگەڵ خۆم هێنام بۆ کوردستان و یارمەتیم دا بۆ ئامادەکردنی کتێبە بەناوبانگەکەی (کوردستان لە سایەی مێژوودا).

کاتێ گەیشتمە پاریس دۆخی کوردستان زۆر خراپ بووبوو. یەکێک لە گەورەترین کۆڕەوەکانی مێژووی ناوچەکە لەپاش شەڕی دووەمی جیهانی رووی دابوو. ملیۆنان کەس لە ترسی بۆردمانی کیمیایی و ناپاڵم لەلایەن هێزەکانی رژێمی سەدام حوسێن بەرەو سنوورەکانی ئێران و تورکیا هەڵاتبوون و سەتان کەس بەهۆی سەرما و برسێتییەوە گیانیان لەدەست دابوو.

خاتوو میتێران بریاری دا لەو کاتەدا جارێکی تر سەردانی کوردستان بکاتەوە. بە باڵەفڕێکی تایبەت چووینە شاری تەبرێزی ئێران و لەگەڵ خۆمان ٣٠ رۆژنامەنووسی ناودەوڵەتیمان هێنابوو، ٢ بار شمەک بۆ پەنابەرانی کورد و ١٣ بار خۆراکمان لەگەڵ د. عەلی باباجان نارد (کوردێکی نیشتمانپەروەری فەیلی بوو پێش ئەوەی لە فرەنسا نیشتەجێ ببێ، لە حەفتاکاندا لەگەڵ خێزانەکەی لەلایەن رژێمی بەعسەوە ئاودیوی ئێران کرابوون، دواتر لە پاریس کۆچی دوایی کرد)، لە شاری خووی لە نێوان تەبرێز و ئورومیە خۆراکەکەمان دابەش کرد. لە شاری خانە (پیرانشەهر)ی ئێرانەوە لە سنوور پەڕینەوە بەرەو حاجی ئۆمەران، وەک رۆژی حەشر بوو، سەتان هەزار کەس لە سنوورەکان کۆ بووبوونەوە. پەنابەرەکان رێگەیان بۆ کردینەوە. ناوچەکە بەشێوەیەکی بەرفراوان لە کاتی شەڕی عێراق-ئێران و شەڕ لەگەڵ کورددا مینرێژ کرابوو، پێشمەرگە زنجیرێکی مرۆییان بۆ تێپەڕبوونی ئێمە دروست کرد. بەڕێز مەسعوود بارزانی لەگەڵ چەند ئەندامێکی سەکردایەتی و پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەروەها بەڕێزان نەوشیروان مستەفا و کۆسرەت رەسووڵ عەلی و پێشمەرگەکانیان و نوێنەرانی بەرەی کوردستانی لەناو ئەو حەشاماتەدا بوون کە پێشوازییان لە خاتوو میتێران کرد. کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیی هاوبەش لەسەر زەی گرێ درا، ئەوە سەردانێکی زۆر ئاست بەرز بوو کە خاتوونی یەکەمی وڵاتێکی ئەندامی هەمیشەییی ئەنجوومەنی ئاسایش سەردانی کوردستانی عێراق بکا لەو وڵاتانەی کە دۆستی سەدام حوسێن بوون. سەردانەکە دەنگدانەوەیەکی میدیاییی گەورەی هەبوو و فرانسیۆ میتێرانیش خۆشحاڵیی بە سەردانەکە نیشان دا.

سەرۆک میتێران ناوبەناو پێوەندیی بە دانیالەوە دەکرد و پشتیوانیی خۆی بۆ هەنگاوەکانی دەردەبڕی. ئەو سەردانە زۆر هێمای لەسەر ئاستی ناوچەکە و دنیا نارد. د. تیسۆ و رافایل دوێ سکرتێری گشتیی فرانس لیبرتیش هاتبوون. دانیاڵ هەندێ جار بە کارەکانی دیپلۆماسییەتی فرەنسای تەنگاو دەکرد. لە دەرفەتێکی تردا لەبارەی وردەکاریی ئەو گەشتەوە دەنووسم.

دوای کۆڕە ملیۆنییەکە و سەرکوتکردنی راپەڕینی باشووری عێراق و کوردستان و دیمەنی کارەساتباری ملیۆنان پەنابەری کورد لە سنوورەکان و هەستکردن بەوەی ناپاکییان لێ کراوە و پشتیان تێ کراوە دوای ئەوەی پێشتر و دوای داگیرکردنی کوێت هان دەدران تا لە دژی رژێمی

دیکتاتۆری فاشیستی سەدام حوسێن ڕاپەڕن، ئەنجوومەنی ئاسیشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی دەرکرد کە بڕیارێکی بێ پێشینە بوو لە مێژووی ڕێکخراوەکەدا و داوای "دەستێوەردانی مرۆیی" کرد و لە ئەنجامی ئەوەیشدا ناوچەی دژە فڕین لە سەروو هێڵی پانیی ٣٦ لە باکور و خوار هێڵی ٣٢ لە باشوور و هەروەها "ناوچەی ئارام" لەلایەن کۆمەڵگەی ناودەوڵەتییەوە هاتە سەپاندن. بەو هۆیەوە ژیانی زۆر کەس لە مردن رزگار کرا و یارمەتیی گەڕانەوەی زۆر لە پەنابەرانی دا بۆ شوێنی خۆیان. ئەو بڕیارە بوو بەسەرەتایەکی نوێ لە یاسای ناودەوڵەتیدا، کە دواتر ڕێگەی دا بە دەستوەردان لە یۆگۆسلاڤیای پێشوو و ڕواندایش.

ئێستە هەرێمی کوردستان و دامەزراوەکانی قۆناغی ساوایان تێ پەڕاندووە و لەو دۆخە دەرچوون کە تێیدا خاتوو میتێران و دوای ئەویش سەرۆک میتێران، بێرنارد کۆشنێر، پرۆفیسۆر ماریۆ باتاتی، سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا، جاک دیلۆرێس، سەرۆک ئۆزال، جەیمس بێکەر، مادلین ئۆلبرایتی نویچنەری ئەمەریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان بینی لە پەسندکردنی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجوومەنی ئاسایش و هاتنە کایەی ئەو دەستوەردانە.

پاڵەپەستۆ و کاریگەریی ڕای گشتیی جیهانی، بەردەوامیی نەهامەتییەکانی گەلی کورد و خەباتی نەپساوەیان لەسەر زەوی، بێدەگیی پێشتر لە ئاست جینۆسیادی گەلی کورد، هەڵەبجە و دیمەنی قوربانییانی بۆمبی کیمیایی، ڕۆڵی میدیای جیهانی، هەڵمەتەکانی هاوکاریی ناودەوڵەتیش ڕۆڵێکی گەورەیان بینی لە بەدیهاتنی ئەو پاڵپشتییە ناودەوڵەتییەی کورد لەو کاتەدا بەدەستی هێنا.

دانیال و فرانسیۆی مێردی ڕۆڵێکی گرینگیان گێڕا لە دانانی ڤان دەر شتۆڵ وەک بڕیاردەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ لە عێراق. منیش لە پێشنیازکردنی ئەو بۆ ئەو پۆستە بەشداریم کرد.

ڕاستەوخۆ لەپاش ئەو هەلومەرجە لە بەهاری ١٩٩١دا، خاتوو میتێران داوای لێ کردم لەگەڵ بەڕێز فرانسیۆ بری یارمەتیی مەیدانیی پەنابەرەکان بدەم. شمەک و هەندێ کەرەستەی جۆرەوجۆرمان لە تورکیا کڕی تا پەناگە و قوتابخانەی گەڕۆک و تەختە بۆ دروستکردنی مێزی قوتابخانە، جلوبەرگی منداڵان و... هتد دابین بکەین. ١٣٤ بارەبەر کەرەستە و پێداویستیمان بۆ کوردستان گواستەوە و لە ناوچە جیاجیاکاندا دابەش کران. شۆفێری بارەبەرەکان هەموویان کوردی تورکیا بوون. هەموویان خۆبەخشانە و خۆڕایی بۆ کوردستانی عێراق دەگواستەوە. پیاوێکی کورد بەناوی محەمەد عەلی ئەسلان لەو ڕووەوە زۆر یارمەتیی ئێمەی دا.

ئەز دووجار هاوەڵیی خاتوو میتێرانم کردووە بۆ کوردستان و سێ جاریش بۆ واشنتۆن بەمەبەستی قایلکردنی ئیدارەی ئەمەریکایی بۆ پاڵپشتیکردنی کورد، هەروەها بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان لە جنێڤ و نیویۆرک بۆ هەمان مەبەست. یارمەتیی ئێمەی دەدا بۆ فراوانکردنی

بازنەی دۆستەکانمان لە سەرتاسەری دنیادا، هەروەها لە ڕێی دیدارەکانیشی لەگەڵ میوانە ڕەسمییەکان و هاوسەرەکانیان لە کاتی سەردانیاندا بۆ فەرەنسا کاری بۆ ئەوە کرد. پرسی کورد لە زۆر لە ئێوارەخوان و پێشوازییە ڕەسمییەکانیدا ئامادە بوو. لە بەردەم کۆنگرێسی ئەمەریکادا لەبارەی مەرگەساتی کورد شایەتیی دا. لەبارەی کوردەوە قسەی لەگەڵ جۆرج بوشی باوک و باربارای هاوسەری، هەروەها لەگەڵ بیل کلینتۆن و هیلاری هاوسەری کرد. ئێمە لەوبارەوە قسەمان لەگەڵ زۆر سیناتۆر و کۆنگرێسمان و کەسایەتی لە واشنتۆن کرد، لەوانە سیناتۆران کینێدی، مەکەین، کێری و کۆنگرێسمانان: پۆرتەر، لانتۆس، بیل ریچاردسۆن و مادلین ئۆڵبرایتی وەزیری دەرەوە.

دوای شەڕی کەنداو سەردانێکم بۆ خاتوو میتێران ڕێک خست بۆ هەریەک لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ پوتروس غالی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان و ٤ لە پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش، جگە لە چین، کە میتێران نەیویست لەگەڵیان کۆ ببێتەوە بەهۆی هەڵوێستی لە هەرێمی تبت. هەروەها کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیم بۆ ڕێک خست لەگەڵ ٨١ ڕۆژنامەنووسی ئەمەریکایی و ناودەوڵەتی تا لەبارەی مەرگەساتی کوردەوە قسەیان بۆ بکا. ئێمە پێشتریش ڕاپۆرتێکمان لەبارەی دۆخی کوردەکانەوە لە عێراق ئامادە کردبوو تا لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا بخرێتە ڕوو.

لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەدا هەردوو ڕێکخراوی فیدراسیۆنی ناودەوڵەتیی ڕابیتەی مافەکانی مرۆڤ و چاودێرگەی ڕۆهەلاتی ناوەڕاستمان بەشدار کردبوو. ئێمە داوای لە دادگەدانێکی ناودەوڵەتیی سەرانی ڕژێمی عێراقیمان دەکرد بەتۆمەتی تاوانی شەڕ، جینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی. سەردان و کۆبوونەوەکانی ئێمە دەنگدانەوەی گەورەیان لەسەر ئاستی ناودەوڵەتی و لە قاوشەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان هەبوو.

ساڵی ١٩٩٣ سەردانێکم بۆ خاتوو میتێران ڕێک خست بۆ لەندەن و لەگەڵ دۆگلاس هێرد وەزیری دەرەوەی بەریتانیا و دۆگلاس هۆگی جێگری کۆ بووینەوە، دوای ئەوەیش لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی عوومی بەریتانیا کۆ بووینەوە، هەروەها لە ئەنجوومەنی لۆردەکان لەگەڵ کۆمەڵێ لە لۆرد و بارۆنەکان و ئەندامانی ئەنجوومەنی عموم دواین، هەروەها لە خانەی کاتهام لەگەڵ هەندێ کەسی جیاواز قسەمان کرد، دوای ئەوەیش لەگەڵ کاردینالّ هیوم، کەسایەتیی ئاینیی نێزیک لە پاپا کۆ بووینەوە، بۆ ئەوەی پرسی کوردی لەگەڵ باس بکەین و لەو ڕێیەوە نامەگەلێک ئاراستەی قەداسەتی پاپا یۆحەننا پۆڵسی دووەم بکەین. لەگەڵ گرووپێک پارێزەری فەرەنسایی، بەریتانیایی و ئەمەریکایی لە فیدراسیۆنی ناودەوڵەتی و هەروەها گرووپی یاسای مافی مرۆڤی ناودەوڵەتی لەبارەی دۆخی کوردەکانی عێراق، دۆخی مافەکانی مرۆڤ، پاکتاوی ئەتنیکی لە کەرکووک و دەرەوەی، بارزانییەکان، ڕاگوێزراوانی ناوەخۆ، کوردە فەیلییەکان، قوربانییانی ئەنفال، هەڵەبجە و

چەکی کیمیایی لە بادینان و شوێنانی تر و دۆخی مرۆیی و... هتد راپۆرتێکم ئامادە کرد.

دوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوەخۆی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی لە ساڵی ١٩٩٤ لە قەڵادزە، شاندێکی سۆشیالیستی ناودەوڵەتیم هێنا تا قایلیان بکەم میانگیری لە نێوان ئەو دوو حزبەدا بکەن. ئەوە یەکەم جار بوو ئەو رێکخراوە سەردانی کوردستان بکا. هەروەها نامەیەکم لە خاتوو میتێرانەوە بۆ سەرکردە کوردەکان هێنا تێیدا داوای لێ دەکردن شەڕ رابگرن و کێشەکانیان بە رێگەی ئاشتییانە چارەسەر بکەن. خاتوو میتێران و باقیی دۆستەکانی تری کورد بەهۆی ئەو شەڕە نەگریسەی کوردەوە زۆر نیگەران و بێ ئومێد بوون. لە ئەنجامی ئەو هەوڵەدا کۆبوونەوەیەک لە نێوان بەڕێزان بارزانی و تاڵەبانی لە ماڵی کۆسرەت رەسووڵ عەلی هاتە کایە کە رێککەوتنێکی لێ کەوتەوە و دانوستاندنی ئاشتی لە رامبوییێی فەرەنسا دەستی پێ کرد.

لە ١٩٩٥ گەڕامەوە کوردستان و نامەی هەریەک لە سەرۆک فرانسیۆ میتێران، دانیال میتێران، میگوێل ئەنجێڵ مارتینز سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەوروپا و ژمارەیەک پەرلەمانتاری ئەمەریکاییم هێنابوو. هەروەها دەمتوانی ئۆلبرایت قایل بکەم تا پاڵپشتیی هەوڵەکە بکا. زیاد لەوەیش من، لەگەڵ کاترین پۆرتەر و د. مەحموود عوسمان لە واشنتۆن کۆبوونەوەی چڕمان لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە، ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، کۆشکی سپی و کۆنگرێس هەبوو بۆ ئەوەی قایلیان بکەین پاڵپشتیی هەوڵەکانمان بکەن. خاتوو میتێران و فرانسیۆ میتێران، جاک دی لوا سەرۆکی یەکەتیی ئەوروپا، سەرۆک کلینتۆن، سۆشیالیزمی ناودەوڵەتی، هەروەها لۆرد ئاڤێبری بەریتانیایی، هەموو ئەوانە پاڵپشت و بەشداریی هەوڵەکە بوون. من لەگەڵ خاتوو میتێران بۆ ئەو مەبەستە چووین بۆ واشنتۆن. نانسی سۆدێربێرگ، باڵوێز شیفتەر لە کۆشکی سپی، کاترین و جۆن پۆرتەر هەروەها کۆنگرێسمان بیلا ریچاردسۆن هاوڕێی نێزیکی سەرۆک کلینتۆنیش لەو هەوڵەدا یارمەتیی داین.

ئەمانە و چەند سیناتۆرێکی ئەمەریکایی وەک مەککەین، کینێدی و کۆنگرێسمان بیل جیڵمان و هێنری هاید، جیرگریچ سەرۆکی کۆنگرێس، سام نون و لانتۆس و.. هتد.

بەڕێزان عەدنان موفتی و عادل مورادیش کە دوو کەسایەتیی سەربەخۆی کورد بوون لەو کۆششەدا یارمەتییان داین. ئێمە لەو ئەرکەدا سەرکەوتنمان بەدەست هێنا و رێککەوتنامەی ئاشتیی واشنتۆنی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لە ساڵی ١٩٩٧ لێ کەوتەوە کە تا ئێستەیش درێژەی هەیە. خاتوو میتێران رۆڵێکی گرینگی لە بەرقەرارکردنی ئاشتی لە کوردستان گێڕا. لە چەند بۆنەیەکدا نامەی بۆ سەرکردە کوردەکان ناردووە و نارەزاییی لە دژی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن هێزەکانیانەوە لە کاتی شەڕی براکوژی و بەشێوەیەکی گشتی دەربڕیوە و هەردەم داوای لێ دەکردن کێشەکانیان بە شێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەر بکەن، دامەزراوە هەڵبژێردراوەکان و دەسکەوتەکانیان بپارێزن و گەشەیان پێ بدەن لە پێناو بنیاتنانی نموونەیەکی دیموکراسی بە بەشداریی هەمووان.

له ۲۰۰۲ و دواتریش له ۲۰۰۹ گەڕایەوە کوردستان، ئەویش دوای پێکهاتنەوە هەردوو حزبی ناکۆکی کوردستان، بەشداریی دانیشتنێکی پەرلەمانی کرد و تێیدا وتارێکی پێشکێش کرد و بە دەستەواژەی "بژی کوردستان" کۆتاییی پێ هێنا. زۆر خۆشحاڵ بوو بەوەی فەرەنسا کونسوڵگەی لە هەولێری پایەتەختی کوردستان کردووەتەوە. ئەوە بۆ ئەو خەونێک بوو. سەردانی (فرێد) د. تیسۆی کونسوڵی فەرەنسای کرد لە بارەگەی کونسوڵگەی فەرەنسا. دانیال و کارەکانی هۆکارێکی گرینگ بوون لە ڕێگەخۆشکردن بۆ نەهێشتنی پاڵپشتیی ناودەوڵەتی لە ڕێژیمی سەدام حوسێن و دەسەڵاتە دیکتاتۆری و تاکڕەوانەکەی.

درووود بۆ ئازایەتی و ئەمەکدارییەکەی. لەم ڕێوڕەسمی یادکردنەوەیەدا ڕێز و پێزانین بۆ ئەو هاوڕێ و دۆستە گەورەی گەلی کورد و مرۆڤایەتی دەردەبڕن. ئەو بەشێکە لە مێژووی ئێمە و نموونەیەکە بۆ دۆستایەتیی ڕاستەقینە. لە هاوڕێیەتیدا دڵسۆزی گرینگە. هیوادارم گەلەکەم هەمووکات بەوەفا بێ بۆ ئەوانەی دۆستی بوون و بەرگرییان لە مافەکانی کردووە. ئەو تاهەتایە لەگەڵ من و لە بیرەوەریی مندا دەمێنێتەوە. وەک خۆی زۆرجار دەیگوت "فرانسیۆ قەت نامرێ" دانیاڵیش قەت نامرێ و وەک بەشێک لە مێژووی ئێمە دەمێنێتەوە. نموونەیەکی پرشنگدار و گەورەترین سیمبولە بۆ دۆستایەتی و پشتیوانیی ناودەوڵەیی لە گەلی کورد. هەستم بە شادمانییەکی زۆر کرد کاتێ بینیم لە ڕێوڕەسمی کفنکردن و بەخاکسپاردنیدا لە کلونی سێ پاسی پڕ لە پەنابەر و کەسایەتیی کورد و ڕەوەندی کوردی لە بەشە جیاوازەکانی کوردستان ئامادە بوون. زیاد لەوەیش عەدنان موفتی وەک نوێنەری حکوومەتی هەرێم و دڵشاد بارزانی برای سەرۆک مەسعوود بارزانی، باڵوێز پیرۆت ئەحمەد ئیبراهیم، فەرید یاسین باڵوێزی عێراق لە فەرەنسا، لەگەڵ سەفیە سوهەیل ئەندامی لێژنەی پێوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی عێراق لە ڕێوڕەسمەکەدا ئامادە بوون، ئەوەیش نیشانەی وەفاداریی گەلەکەمان و پێگەی ئەو کەسایەتییە گەورەیە لە دڵ و هۆشماندا.

ئەم یادکردنەوەی ئەمڕۆیش نیشانەیەکی تری خەمباری و هەستکردنمانە بە لەدەستدانی ئەو دۆستە گەورەیە. گەلی کورد قەرزاری ئەم خاتوونی یەکەمە نائاساییییە. لەناو هەموو خاتوونە یەکەمەکانی مێژوودا گەلی کورد بەختەوەرە هاوڕێیەکی وەک ئەوی هەبێ و پێویستە پێڕەوی لە بیر و ڕێبازەکەی بکرێ. ئەو هەر بە ڕاستی بەپێی گوتەکەی سارتەر ڕەفتاری دەکرد کە دەڵێ "ئەگەر مرۆڤێکت بینی ئازار دەچێژێ، لێ مەگەڕێ ئازار بچێژێ، پێویستە کار بۆ نەهێشتنی ڕەگ و ڕیشەی ئازارەکانی بکەیت".

* بەختیار ئەمین. وەزیری پێشووی مافی مرۆڤ لە عێراق. ۲۲ کانوونی دووەم/یەنایەری ۲۰۱۲

# دۆخی عێراق

مارینا ئۆتاوی و دانیال قەیسی*

**کورتە**

چەند رۆژێک دوای تەواوبوونی ئاهەنگە رەسمییەکان بە بۆنەی کۆتاهاتنی ئەرکی ولاتە یەکگرتووەکان لە عێراق، نووری مالیکی سەرۆک وەزیران کەوتە خۆی بۆ لەدادگەدانی تاریق هاشمی جێگری سەرکۆماری عێراق بە تۆمەتی تیرۆر، هەروەها هەوڵی دا ساڵح موتڵەگی جێگری لە پۆستەکەی لابدا، ئەوەیش تەنگژەیەکی سیاسیی گەورەی دروست کرد، کە بە روونی دۆخی عێراقی دەرخست وەک ولاتێکی ناجێگیر و نادیموکراسی کە پڕە لە ڕکابەریی سەرسەختانە، ولاتێکە بەحاڵ ڕێوشوێنەکانی بەدامەزراوەییکردنی پێوە دیارە. بەم شێوەیە، دەستبەجێ کردەوەی توندوتیژی بە بەرفروانی سەری هەڵدا و ئەو هێرشە تیرۆریستییانەی هێناوە یاد کە لە رۆژە سەختەکانی ساڵی ٢٠٠٦دا دژ بە ئامانجە شیعییەکان ئەنجام دەدران.

بەڵام شتێکی تر لەو نێوەندەدا هەیە کە لە توندوتیژیی تیرۆریستانە زیاترە. ئەو رێککەوتنە لەرزۆکەی لە کۆتای ساڵی ٢٠١٠دا لە نێوان حزب و گرووپە سیاسییەکاندا هاتە کایە، پەکی کەوت، حکوومەتی یەکەتیی نیشتمانی لە کار وەستا، ئەو پارێزگایانەی دەیانەویست ببنە هەرێم و دەسەڵاتی خۆبەخۆییی هاوشێوەی دەسەڵاتەکانی کوردستانی عێراقیان هەبێ، پاڵەپەستۆکانیان لەسەر حکوومەتی ناوەندی روو لە زیادی کردووە و ئەگەر لایەنەکان بەم نزیکانە نەگەنە رێککەوتنێکی سیاسیی نوێ، ئەوا دوور نییە عێراق نوقمی زەلکاوی شەڕێکی ناوەخۆ ببێ، یاخۆ بەرەو دابەشبوون بخزێ.

بەلای پارێزگارەکانی ولاتە یەکگرتووەکانەوە، بەتایبەت ئەوانەی ئەندازیاری پلانی شەڕ و دواتریش مەشقپێکردنی بنیاتنانی دەوڵەتی عێراق بوون، سەرهەڵدانی ئەو تەنگژەیەی عێراق لە

.................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور



سەروەختی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکادا، بەڵگەیەکی روونە لەسەر لێنەوەشاوەیی ئیدارەی ئۆباما و شکستهێنانی لە ئیمزاکردنی رێکەوتنێک لەگەڵ مالیکی کە رێگە بەمانەوەی هێزێکی سەربازیی سنوورداری ئەمەریکایی لە عێراق بدا.

بەڵام وانەیەک هەیە لەمە سادەتر و ڕاستەوخۆتر، ئەویش ئەوەیە عێراق رادەی توانای هێزە سیاسییە ناوەخۆییەکانی لە بەرەنگاربوونەوەی تەنانەت هەشت ساڵ لە داگیرکردن و لەوێشەوە نەزۆکیی کۆششە دەرەکییەکانی ئەندازەی سیاسی و بنیاتنانی وڵاتە، پێشان دەدا.

داگیرکردنی ئەمەریکایی هەوڵی دا رێساگەلێکی سیاسی بەسەر عێراقدا بسەپێنێ، کە نە کولتووری باڵادەست و نە پێوەندیگەلی هێز لە نێوان هێزە سیاسییە جیاوازەکاندا بەرجەستە ناکەن. لەبارێکیشدا کولتوورەکان و پێوەندیگەلی هێز جێگیر نەبن، بەڵام ئەوانە کۆتا داواکان ناگۆڕن تا لەگەڵ ئامانجەکانی هێزە دەرەکییەکاندا ساز بێ.

بەم شێوەیە، بۆ جاری دووەم دوای رووخانی رێژیمی سەدام حوسێن لەلایەن ئەمەریکاوە لە ساڵی ٢٠٠٣، عێراق ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی راستەقینەی لەبەریەک هەڵوەشانی سیاسی دەبێتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٧ ئەمەریکا بە توندی هەوڵی پاراستنی یەکپارچەیی عێراقی دا، بەڵام ناردنی هێزی زیاتر نەیتوانی دەستەبەری رێککەوتنێکی درێژمەودا لە نێوان عێراقییەکان بکا.

ئێستەیش سەرەنجامی دۆخەکە بەوەوە بەندە ئاخۆ ئەو هێزە سیاسییانەی لە عێراقدا باڵادەستن و وا پارچە پارچەی دەکەن، لە بەرژەوەندیی خۆیانی دەبینن هەموولا چارەسەرێکی مامناوەندیی راستەقینە گەڵاڵە بکەن، یاخۆ بەو بەرەنجامە دەگەن کە باشترە هەریەک بە لایەکدا بڕوا.

## ریشەکانی ململانێکە

زۆر لە کێشەکانی ناو ئەم تەنگژەیەی ئێستە بۆ پێش دەستێوەردانی ئەمەریکا دەگەڕێتەوە. عێراق هەردەم وڵاتێکی پەرت بووە، کاتێ لە دوای لەبەریەک هەڵوەشانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی ئەو وڵاتە دروست بوو، کوردەکان چاویان لەوە بوو وڵاتی تایبەتی خۆیان هەبێ و هەستیان کرد ستەمیان لێ کرا کاتێ وەک کەمینەیەک خرانە ناو عێراقی عەرەبی. بێزاری ناوبەناو دەتەقییەوە، سەرەتا لەژێر ئیمپریالیزمی بەریتانیایی و دوای ئەوە لە سایەی عێراقی سەربەخۆدا. دەیەیەک شەڕ لە شەستەکاندا بووە مایەی دروستبوونی هەرێمێکی کوردی لە ساڵی ١٩٧٠، بەڵام ئەم ناوچەیە لە کاتی شەڕی عێراق-ئێران لە هەشتاکاندا دووچاری وێرانکردن بوو و رێژیمی سەدام حوسێن قەتڵوعامێکی بەرفراوانی تێدا کرد، بەشێوەیەک سەدرەکانی کورد بەناچاری پەنایان بۆ تاراوگە برد. دوای شەڕی کەنداو لە ساڵی ١٩٩٠، کوردستان لە سایەی ناوچەی دژە فڕینی سەپاو لەلایەن کۆمەڵگەی ناودەوڵەتییەوە وەک دیفاکتۆیەک حوکمڕانیی خۆی کرد، بەدەربڕینێکی تر کوردستان قەت لەگەڵ عێراق جۆشی نەخواردووە، لە دەستووری نوێی عێراقیشدا کە لە ساڵی ٢٠٠٥ لەژێر چاودێریی ئەمەریکادا داڕێژرا، خۆڕێبەریی کوردستان بەیاسایی کرا، ئەوەیش تەنیا داننانێکی یاسایی بوو بە واقیعێکدا کە بە کردەوە هەبوو.

کێشەی مەزهەبیی سوننی-شیعیش بەهەمان شێوە بابەتێکی درێژەکێشاوە. گرژییەکانی نێوان شیعە و سوننە لە هەموو بەشەکانی دنیای عەرەبیدا هەیە، بەتایبەت لە عێراق و بەحرێن و سووریا، کە تێیاندا بۆ دەیان ساڵ کەمینە مەزهەبییەکان بە زەبری هێز فەرمانڕەوایی دەکرێن. راستە شیعە و سوننە لە عێراق زۆربەی کات شان بەشانی یەکتر بەبێ کوشتار ژیاون و هەندێ لە هۆزەکان سوننە و شیعەیان تێدایە و لە شارەکاندا ژن و ژنخوازی لە نێوان هەردوو مەزهەبدا هەیە، بەڵام ئەوەیش راستە کە ناسنامە مەزهەبییەکان هەموو کات رۆڵیان لە کاری سیاسیدا هەبووە. لە سەردەمی سەدام حوسێندا بە شێنەیی شیعە لە حزبی بەعسی دەسەڵاتدار دوور دەخرانەوە، ئەوانیش رێکخراوی تایبەتی خۆیان دژ بەو رێژیمە پێک دێنا: حزبی دەعوە لە حەفتاکان و ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە هەشتاکان (لە ساڵی ٢٠٠٧وە بوو بە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی عێراق). زیاد لەوەیش، شیعەکان لە پاش شەڕی کەنداو لە دژی سەدام حوسێن راپەڕین، سەرکوتکردنی دواتریشیان زامە تایفایەتییەکەی قووڵتر کرد.

ئەم دابەشبوونە ئەتنی و تایفایەتییە فاکتەری رێکخەری بەرهەڵستیکردنی سەدام حوسێن بوو. کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقی INC کە لە دوای شەڕی کەنداو وەک چەترێک بۆ رێکخراوەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق دروست بوو و وڵاتە یەکگرتووەکان پاڵپشتیی دەکرد، هیچ شتێکی نیشتمانیی تێدا نەبوو، بگرە تێکەڵەیەک بوو لە حزبگەلی تایفایەتی و ئەتنی. دابەشبوونەکانی پێوەست بە ناسنامە باڵی بەسەر ئەو هەڵبژاردنانەدا کێشا کە داگیرکەری ئەمەریکایی لە عێراق رێکی خستن، هەمان حاڵەت لە پشت ئەو تەنگژەوەیە کە دوای قۆناغی داگیرکردن سەری هەڵداوە.

## وڵاتانی دراوسێ کێشەکە ئاڵۆزتر دەکەن

دراوسێکانی عێراق تەنیا تەماشاکارێکی بێ هەڵوێست نین بەرامبەر بە گرژییە تایفایەتی و ئەتنییەکانی وڵاتەکە، بگرە هەوڵ دەدەن ئەو گرژییانە بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان بقۆزنەوە.

لەناو دراوسێکانی عێراقدا تورکیا بەردەوام رۆڵێکی بنیاتنەرانەی دیوە و هەوڵی داوە پێوەندیی باشی لەگەڵ هەموو لایەنەکان هەبێ، ئەمەیش پەرەسەندنێکی چاوەڕواننەکراو بوو، لەبەرئەوەی پێش لە وڵاتگیرییەکەی ئەمەریکای تورکیا نەیارێکی سەرسەختی خۆڕێبەریی کوردی بوو، بەوەیش پاڵپشتێکی ناڕاستەوخۆ بوو بۆ سەدام حوسێن. تورکەکان ماوەیەکی دوور و درێژ لەگەڵ دانیشتوانە کوردە یاخییەکەی خۆیاندا ململانەیان کرد و لەوە دەترسان سەربەخۆیی کوردەکانی عێراق کوردەکانی تورکیاش دڵگەرم بکا و ببێتە پەناگەیەک بۆ کوردە یاخییەکانی تورکیا. دوای رووخانی سەدام حوسێن، کۆمەڵێ هۆکار (لەوانە سەرهەڵدانی سیاسەتێکی دەرەوەی نوێ لە تورکیا کە لەسەر بناغەی دروستکردنی پێوەندیی باش لەگەڵ دراوسێکان و بەهێزکردنی پێوەندیی بازرگانی لەگەڵیان دامەزراوە، هەروەها لاوازیی حکوومەتی ناوەندیی عێراق دوای داگیرکردن ) وایان لە تورکیا کرد بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو خۆڕێبەریی هەرێمە کوردییەکەی عێراق قبووڵ بکا و قەوارەی وەبەرهێنان و مامەڵە بازرگانییەکان لەگەڵیدا زیاد بکا، هاوکات هەمان سیاسەتی لەگەڵ حکوومەتی بەغدا پێڕەو کرد، هەروەک هەوڵی دا لە کێشەی نێوان شیعە و سوننەدا بێلایەنیی خۆی بپارێزێ.

لەگەڵ ئەوەیشدا و لەو کەشوهەوا جەمسەرگیرییە روو لە زیادەی دوای کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق سەری هەڵداوە، نووری مالیکی و هەندێ لە پەرلەمانتارانی لیستی دەوڵەتی یاسا، تورکیا بە پاڵپشتیکردنی سیاسەتوانە سوننەکان تۆمەتبار دەکەن، لە کاتێکدا بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن ئەنقەرە هیواخوازە یارمەتیی عێراق بدا تا لە نۆشینی پێکی رووبەڕووبوونەوەی مەزهەبی دوور بێ، ئەحمەد داود ئۆغڵۆی وەزیری دەرەوەی تورکیا لە سەردانێکدا بۆ ئێران لە کانوونی دووەم/یەنایەری ٢٠١٢ بە کۆبوونەوەی لەگەڵ موقتەدا سەدری سەرۆکی سەدرییەکانی پەرلەمان و سەرۆکی سوپای مەهدی کە دەنگێکی دلێرە لە پشتیوانیکردن لە یەکپارچەیی عێراق، خاڵێکی تۆمار کرد.

بەڵام دراوسێکانی تر لایەنگری ئەم یان ئەو لایەن دەکەن لە عێراق. سعوودیە و وڵاتانی هاوکاریی کەنداو بە رووخانی سەدام حوسێن، کە شان بەشانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە شەڕی کەنداو لە ساڵی ١٩٩١ دژی جەنگان، ناشادمان نەبوون، بەڵام هەستیان بە نیگەرانییەکی توند کرد لە هەرەسی سەرتاپاگیری رژێمی عێراق، بە سوپایشەوە، هەروەها لە دانانی سیاسەتگەلێکی هەڵبژاردن کە پێیان وابوو لە بەرژەوەندیی شیعەکاندان کە زۆرینەن. لە راستیدا هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ و ٢٠١٠ راستیی ئەو گریمانەیەی سەلماند، چونکە زۆربەی عێراقییەکان لە روانگەی ناسنامەگەلی ئەتنی و تایفایەتییەوە دەنگیان دا وەک ئەوەی خەڵک لە هەڵبژاردنە راگوزەرەکان لە

کۆمەڵگە فرە دابەشەکاندا دەیکەن، بەو هۆیەشەوە حزبە شیعییەکان پێگەی بالادەستیان بەدەست هێنا. ئەو دەوڵەتانە گەیشتنە ئەو بڕوایەی عێراقێک شیعە تێیدا بالادەست بن ورگی لە بەردەم هەژموونی ئێران یاخۆ تەنانەت بالادەستیی تەواوی ئێراندا کراوە دەبێ، هەر بۆیە بە ئەنقەست پشتیان کردە عێراق و بەرەنگاریی پاڵەپەستۆکانی ئەمەریکا بوونەوە بۆ پتەوکردنی پێوەندییەکانیان لەگەڵ بەغدا، بەو هۆیەشەوە عێراق بە گۆشەگیری لە ناوچەکەدا مایەوە جگە لە پێوەندییەکانی لەگەڵ ئێران.

هەرچۆن بێ، خانە گومانییەکان لە هەردوولاوە بوون، مالیکیش بەردەوام لەو بڕوایەدا بوو ولاتانی هاوکاریی کەنداو، بەتایبەت سعوودیە، ئامادەن پشتیوانیی ناحەزانی سوونیی حکوومەتی ناوەندی بکەن.

بێگومان ئێران هەوڵی داوە دۆخی نوێی عێراق بقۆزێتەوە، لە سەردەمی سەدام حوسێندا هەندێ لە حزبە ئۆپۆزسیۆنە شیعییەکان لە ئێرانەوە چالاکییان ئەنجام دەدا و پاڵپشتییان لێ دەکرا، کاتێ ئەو حزبانە بوونە هێزی سیاسیی بالادەست لە عێراقی نوێدا، ئێران هەستی کرد دەرفەت بۆ مومارەسەکردنی هەژموونی خۆی لەسەر حکوومەتی نوێ رەخساوە، بەلام حزبە شیعییەکانیش لەناو خۆیاندا پەرت بوون و حەزیان لەوە نەبوو ملکەچی ئێران بن، بۆ نموونە حزبی دەعوە و ئەنجوومەنی بالای ئیسلامی دوو لایەنی ڕکابەرن و لە چەندان پرسدا رای جیاوازیان هەیە.

موقتەدا سەدر هاوپەیمانێکی شیمانەکراو و سەرسەختە و بەهۆی زۆریی ژمارەی ئەندامەکانی و بالادەستیی بەسەر سوپای مەهدیدا، کەسایەتییەکی منجڕە و پێشبینیکردنی رەفتارەکەی کارێکی ئەستەمە و بوو بە هەڤڕکییەک بۆ ئێران و ولاتە یەکگرتووەکان و نووری مالیکی سەرۆک وەزیرانی لە یەک کاتدا. لە ساڵی ٢٠٠٨ مالیکی شەڕێکی لە دژی موقتەدا سەدر بەرپا کرد بۆ دەستگرتنەوە بەسەر بەسرەدا، موقتەدا هەڵهات بۆ ئێران، بەلام دوای هەڵبژاردنەکان جارێکی تر وەک هاوپەیمانێکی یەکلاکەرەوەی مالیکی سەری هەڵدایەوە، زۆر کەس بە پیاوی ئێرانیان دانا، بەلام لە راستیدا زۆر سەربەخۆخوازە و کەس ناتوانێ متمانەی پێ بکا.

لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠ شیعەکان نەیانتوانی لە هاوپەیمانییەکدا کۆ ببنەوە، ئەوەیش دۆخەکەی بۆ ئێران ئالۆز کرد. مالیکی کە بەهۆی پێگە رەسمییەکەی ئێستەیەوە بەهێزترین ڕکابەرە لەسەر پۆستی سەرۆکی حکوومەت، سیاسەتوانێکی زرنگە، هەر بۆیە توانایەکی گەورەی هەیە بۆ گەمەکردن بە دۆخەکە، هەروەک ولاتە یەکگرتووەکانیش پشتیوانیی لێ دەکا، ئێستە نە دیلی پاڵپشتیی ئێران و نە دیلی پاڵپشتیی ئەمەریکایە، بەم شێوەیە عێراق بەردەوام ئەو ولاتەیە کە هەڤرکی بەسەر ئێراندا دەسەپێنێ.

سیاسەتی سووریا بەرامبەر عێراق بەپێی کات گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەلام هەرگیز پاڵپشتیی دابەشبوونە ئاسانەکانی نەکردووە، لە رۆژە بەراییەکانی داگیرکردندا، بەرپرسانی ئەمەریکا سووریایان تۆمەتبار کرد بەوەی وەک پێویست چاودێریی سنوورەکانی لەگەڵ عێراق

ناکا، ئەوەیش ڕێگە بۆ لاوانی وڵاتانی عەرەبی واز دەکا تا بێنە ناو عێراق و بچنە ریزی قاعیدە و ڕێکخراوە سوننییە توندڕۆیەکانی تر، هەر بۆیە پێوەندییەکانی نێوان مالیکی و سووریا سەخت بوو و خانەگومانیی دووسەر بەسەریدا زاڵ بوو. لەو کاتەی بەشار ئەسەدی سەرۆکی سووریا بەشێوەیەکی بەردەوام بەرەو گۆشەگیریی زیاتر لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی دەچێ و ڕووبەڕووی بەرهەڵستییەکی روو لە زیادی ناوەخۆیی بووەتەوە، رووی کردە قووڵکردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ ئێران و پێوەندییەکانی لەگەڵ مالیکیش باش بوو، کاتێ کۆمکاری عەرەبی لە کۆتاکانی ٢٠١١دا بە ئاشکرا دەستی بە رەخنەگرتن لە ڕێژیمی ئەسەد کرد و هەڕەشەی سەپاندنی سزای بەسەریدا کرد و لە هەوڵێکی لاوازیدا بۆ راگرتنی توندوتیژی دژ بەخۆپێشاندەرانی مەدەنی چاودێرانی رەوانەی سووریا کرد، مالیکی قایل نەبوو بچێتە ناو کۆرسی سەرکۆنەکردنەکە و هەوڵی دا لە بریی ئەوە خۆی وەک میانجیگەر لە نێوان ئۆپۆزسیۆن و ڕێژیمی ئەسەد بخاتە روو.

لە راستیدا هیچ لایەنێکی عێراقی، بە وڵاتە یەکگرتووەکانیشەوە، نەیتوانیوە رۆڵێکی یەکلاکەرەوە لە عێراق ببینێ.

جگە لە تورکیا لەم دواییەدا، هەمووان بە ئامرازە جیاوازەکانیان هەوڵیان داوە گەمە بە گرژییە ئەتنی و تایفایەتییەکان بکەن و بەشدارییان لە قووڵکردنەوەی کێشەکانی وڵاتێکی لێکترازاودا کردووە.

## لێکترازانەکان سەر بۆ فرەییەکی هەمەڕووکار دەکێشن

ئەو پرۆسە سیاسییەی دوای وڵاتگرییەکەی ئەمەریکا هاتە کایە، هەندێ جار بەدنەدانی ئەمەریکاییەکان و هەندێ جاریش سەرباری کۆششەکانیان، دیمەنێکی سیاسیی زێدە فرەییی هێناوەتە کایە کە چەندان ناوەندی سیاسیی هەیە، بەڵام بەبێ ڕێککەوتن لەسەر ڕێساگەلێک بۆ بەرگرتن لەوەی ئەو فرەییە لە داخزانەوە بەرەو ململانە بڕوا. دەسەڵات زۆر لێکترازاوە و شیمانە هەیە لە مەودای کورتدا زیاتر لێک بترازێ.

چەندان فۆرمی فرەیی لە عێراقدا هەن. کۆمەڵگەکە لە هەردوو بواری ئاین و ئەتنیکییەوە فرەییە، هەروەک هەردوو ناسنامەی ئاینی و ئەتنی تا رادەیەکی زۆر سیاسێنراون و بەرەو ئەوە دەچن زیاتر سەنگەرگرتریش بن. بەدڵنیاییەوە ئەم فرەییە بۆ چەند ساڵێکی داهاتوو بەردەوام دەبێ، چونکە کاتێ ناسنامەکان سیاسێنراو دەبن بەرەو ئەوە دەچن زەق و ناتەبا بن.

لە عێراق فرەییی سیاسیش هەیە لەگەڵ هەندێ لە رووکارەکانی کە بۆ سەردەمی پێش داگیرکردنی ئەمەریکایی دەگەڕێتەوە و وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی بەناوی دیموکراتیزەکردنەوە بەئەنقەست پشتیوانییان لێ کرد، هەندێ دەرکەوتەی تریشی لە گەرمەی ڕکابەرییەکی توند و روو لە زیاددا لەسەر دەسەڵات سەریان هەڵدا. ئۆپۆزسیۆنی دژ بە سەدام حوسێن لێکترازاو بوو و پەیکەرەکەی لەسەر بناغەی فرەییی حزبگەلێکی سیاسیی خاوەن بنکەی

جەماوەریی تایبەت بە خۆی دامەزرابوو. راستە کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقی لە حزبگەلێکی ئاینی و عەلمانی پێک هات کە نوێنەرایەتیی کورد و شیعە و سونەیان دەکرد، بەڵام هیچ رێکخراوێک لافی ئەوەی لێ نەدا نوێنەرایەتیی هەموو عێراقییەکان دەکا، لە ئەنجامی ئەمەشدا بنکەی حزبەکان بەزۆری نەگۆڕ بوو (بۆ نموونە لایەنگرێکی پارتی دیموکراتی کوردستان نابێتە ئەندامی حزبی دەعوە)، هەروەک کۆنگرەی نیشتمانی خۆیشی قەت بنکەیەکی پشتیوانی، وەک رێکخراوی هەموو عێراقییەکان، نەبووە، دوای مردنی سەدام حوسێنیش رێکخراوەکە پووکایەوە ئەگەرچی ئەحمەد چەلەبی سەرۆکی رێکخراوەکە وەک کەسایەتییەکی سیاسیی فرە جێم شتومڕ کاری بۆ مانەوەی کرد.

لە سەرەتای داگیرکردنەوە وڵاتە یەکگرتووەکان هانی دروستبوونی حزبی سیاسیی نوێی دا، ئەویش بەشێوەیەکی بەشەکی بەدابینکردنی راهێنان لە رێی رێکخراوەگەلێکی ناحکوومەتییەوە کە کار بۆ بڵاوکردنەوەی دیموکراسی دەکەن، ئەم جۆرە حزبانە بە پەراوێزی مانەوە، بەڵام سەدان لەوانە هەن، ئەوەیش یارمەتیی پارچەکردنی هێزە سیاسییەکان دەدا. چەندان لەو حزبانە لە میلیشیا سونەکان ــ ئەوانەی پێیان دەوترێ هاوبەندیی رۆڵەکانی عێراق یاخۆ ئەنجوومەنەکانی سەحوە- پێک هاتن و وڵاتە یەکگرتووەکان وەک هەوڵێک بۆ بەرتەسککردنەوەی پاڵپشتیکردن لە رێکخراوی قاعیدە و گۆڕینی دوژمنانی بۆ هاوپەیمان، هانی دەدان. لە ئەنجامی ئەمەدا، لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ٢٠١٠دا شەش هاوبەندیی سەرەکی کە لە دەیان حزب پێک هاتبوون، کێبەرکێیان دەکرد.

لە سەردەمی داگیرکردندا شێوەگەلێکی نوێی فرەیی سەریان هەڵدا، ئەگەرچی بە زەروورەت ئەوە بەهۆی ئەویشەوە نەبووبێ، دەستوور لە پێناو بەجێهێنانی خواستەکانی کورددا بیرۆکەی فیدراڵیزمی خستە روو، بەڵام فیدراڵیزمە عێراقییەکە لە بنەڕەتدا هاوکۆک نەبوو، چونکە یەک حکوومەتی ناوەندی بۆ هەموو وڵات و حکوومەتێکی هەرێمیی بەهێز لە کوردستان هەبوو، ئەمەیش وای کرد ناوچەکانی تری عێراق راستەوخۆ لەلایەن بەغداوە حوکمڕانی بکرێن، بەڵام دەستوور دانی بەوەیشدا نا کە هەندێ ناوچەی تری وڵاتیش دەیانەوێ لە داهاتوودا دەسەڵاتێکی خۆییی زیاتریان هەبێ. یاسای راگەیاندنی هەرێمەکانی ساڵی ٢٠٠٨ (ژمارە ١٣) زەوینەی بۆ پێکهێنانی هەرێمگەلی نوێ ساز کردووە.

ئەو خاڵە دەستوورییانە نیگەرانییەکی گەورەیان لە واشنتۆن و ناوەندەکانی سونەی عێراقدا دروست کردووە، وڵاتە یەکگرتوووەکان لە کاتێکدا وەک بنەڕەت لاریی لە فیدراڵیزم نییە، بەڵام گەیشتە ئەو بڕوایەی دەسەڵاتەکانی هەرێم زیاد بوون و ترسی ئەوەی لێ نیشت عێراق لەبەریەک هەڵوەشێ و ببێتە کۆنفیدراڵیەتی هەرێمەکان بەپێی هێڵگەلێکی تایفایەتی نەک جوگرافیایی رووت. هەندێ لە شیعەکان، لەوانە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی، سەرەتا بیرۆکەی فیدراڵیزمیان پەسەند کرد و پێشنیازی پێکهێنانی قەوارەیەکی شیعییان کرد کە لە نۆ هەرێم پێک دێ. هەروەها سەرەتا سونە بەتوندی لامەرکەزیەتییان رەت کردەوە، بەتایبەت کە ئەو هەرێمانەی زۆرینەی دانیشتوانەکەی سونەن کێڵگەی نەوتیان لەژێر دەستدا نییە و بەو پێیەش سەرچاوەیەکی

سەربەخۆی داهاتیان نییە. بەڵام مەترسییە بەراییەکان لە لەبەریەک هەڵوەشانی عێراق هەر زوو بەرتەسک بوونەوە، بیرۆکەی پێکهێنانی ناوچەیەکی شیعی هەرگیز مایەی سەرنجی راستەقینە نەبووە، چونکە سیاسەتوانە شیعەکان زانییان پێویستیان بە ناوچەی خۆڕێبەری نییە مادام بتوانن دەست بەسەر هەموو وڵاتەکەدا بگرن، مالیکی، بەتایبەت، بوو بە ڕچەشکێنی پەسندکردنی مەرکەزییەت کاتێ دەسەڵاتی بەسەر حکوومەتدا بەهێزتر بوو.

بەڵام بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لە ساڵی ٢٠١١دا داواکاریی پێکهێنانی هەرێم سەرلەنوێ بەتوندی سەری هەڵدایەوە، بەڵام ئەمجارەیان لە ناوچە سونییەکانەوە. دوای هەڵبژاردنەکەی ئادار/مارسی ٢٠١٠ و دواتر پێکهێنانی حکوومەت، سونەکان لە رووی سیاسییەوە پەراوێز کران. ئەگەرچی لیستی عێراقییە کە خۆی وەک هێزێکی ناتایفی راگەیاندووە بەڵام زۆرینەی سونەکان پشتیوانییان لێ کرد، زۆرترین کورسیی پەرلەمانی بەدەست هێنا، بەڵام لە شەڕی دواتردا بۆ پێکهێنانی حکوومەت کە نۆ مانگی خایاند دۆڕاندی. ئەم چیرۆکە ئاڵۆزە و لە جێیەکی تردا گێڕاومانەتەوە (Iraq: protest. democracy and Autocracy کە دامەزراوەی کارنیگی بڵاوی کردووەتەوە). ئەوەندە بەسە بڵێین مالیکی گەمەی بە پرۆسەی سیاسی و یاسایی کرد بەشێوەیەک بووە مایەی راسپاردنی بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێ ئەگەرچی بارستەکەی (دەوڵەتی یاسا) کورسیی کەمتری لە عێراقییەش بەدەست هێنابوو. حزبە شیعییەکان کە بە پەرت و بڵاوی و لە چەند هاوپەیمانییەکی ڕکابەردا چوونە شەڕی هەڵبژاردنەوە، دواتر توانییان یەک بگرن. کوردەکانیش کە پاڵپشتییان لە پێکهێنانی هەر حکوومەتێکدا یەکلاکەرەوەیە، بڕیاریان دا پاڵپشتی لە حکوومەتێکی یەکەتیی نیشتمانی بە سەرۆکایەتیی مالیکی بکەن، بەڵام رێککەوتنامەی هەولێر کە رێگەی بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی یەکەتیی نیشتمانی تەخت کرد وەک پێویست لەلایەن مالیکییەوە رێز نەگیرا و رێگە بە عێراقییە نەدرا هەندێ لەو پۆستە گرینگانە کە بەڵێنی پێدرا، وەربگرێ. لە سایەی ئەم بارودۆخەدا بیرۆکەی دروستکردنی هەرێمی سەربەخۆ سەرنجی زۆر لە سیاسەتوانە سونەکانی راکێشاوە کە گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی هەرگیز دەسەڵاتێکی گەورەیان لە ناوەنددا نابێ و رەنگە ئەگەر هەرێمی تایبەتی خۆیان هەبێ، بتوانن لە ناوەخۆدا دەسەڵاتێکی گەورەتریان هەبێ.

جگە لەمانە، هەندێ زێدە رەگەزی تری فرەییی سیاسی وا پەرە دەسێنن، کاتێ کەسانی خاوەن خەون و توانا دەستیان دایە هەوڵی گۆڕینی دامەزراوە نوێیەکان بۆ ناوەندی راستەقینەی هێز. ئەگەرچی ئەنجوومەنی نوێنەران هێشتا دەزگایەکی لاوازە و بەهۆی ناکۆکییە ناوەخۆییەکانیەوە ناتوانێ ببێتە دەستەیەکی یاسادانانی کاریگەر، بەڵام ئوسامە نوجێفی سەرۆکی ئەنجوومەنەکە وەک کەسایەتییەکی بەهێز دەرکەوت و لەگەڵ هەندێ لە ئەندامانی پەرلەمان کاری بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی حکوومەت و هاندانی پارێزگەکان بۆ بینینی رۆڵێکی گەورەتر کرد. هەروەها ئەگەرچی پارێزگەکان بەگشتی هێشتا لاوازن، بەڵام هەندێ لە پارێزگاری

پارێزگەکان لەوانە ئەسیلی برای ئوسامە، پارێزگاری نەینەوا، وەک کەسایەتیی بەهێز دەرکەوتن.

هەروەها بوونی چەندان گرووپی چەکدار هۆکارێکی تری بۆ فرەیییەکە زیاد کرد. قۆرخکردنی ئامرازەکانی سەرکوتکردن هێشتا ئامانجێکی بە هەوادا هەڵواسراوە بەلای حکوومەتی عێراقەوە، هێشتا دروستکردنی هێزە ئەمنییەکانی عێراق بەردەوامە. رووداوەکانی ئەم دواییە ئەوەیان لێ دەخوێنرێتەوە کە مالیکی هەست دەکات دەسەڵاتی پێویستی هەیە بۆ سەرکێشیکردن دژ بە ڕکابەرە سیاسییەکانی، بەڵام هەندێ ناوەندی هێزی سەربازی هەن لەژێر دەسەڵاتی ئەودا نین. پێشمەرگەی کوردی لە پێگەیەکی ئاڵۆزدان، ئەوان وەک هێزێکی بەرگریی رەسمی لای حکوومەتی هەرێمی کوردستان خزمەت دەکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا بەشێکن لە سوپای عێراقیش. هەروەها سوپای مەهدی سەر بە موقتەدا سەدر بە رەسمی هەڵوەشاوەتەوە، بەڵام وەک موقتەدا ناوبەناو هەڕەشە دەکا، بەئاسانی دەتوانرێ دروست بکرێتەوە.

لە کۆتاشدا وڵاتە یەکگرتووەکان یەکێک بوو لە ناوەندەکانی هێزی عێراق و لەوێشەوە یەکێک بوو لە رەگەزەکانی ئەو فرەیییە ئاڵۆزە. لە ڕاستیدا وڵاتە یەکگرتووەکان هەرگیز بە تەواوی دەستی بەسەر عێراقدا نەگرتووە. تەنانەت لە لووتکەی جموجۆڵە سەربازییەکانیشدا لە ساڵی ٢٠٠٧ کە زیاتر لە ١٤٠ هەزار سەربازی ئەمەریکایی لە وڵاتەکەدا بوون نەیتوانیوە سیاسەتوانە عێراقییەکان ناچاری گوێگرتن بۆ راسپاردەکانی بکا لەبارەی ئەو رێککەوتنە سیاسییە گرینگانەی کە پێویستە پێی بگەن و ئەو یاسایانەی پێویستە دایان بنێن، بەڵام ئاسایشی کۆنترۆڵ کردبوو ئەوەش کردبوویە ناوەندی هێز. ئێستە روون نییە ئاخۆ حاڵی حازر وڵاتە یەکگرتووەکان هێشتا چەندە بەشێکە لە دیمەنە فرەیییەکەی عێراق. واشنتۆن گومانی وایە پێوەندییەکی راستەوخۆ لە نێوان کشانەوەی هێزەکان و لەدەستدانی هەژموونیدا نییە، بەڵام تەنگژەکەی پاش کشانەوە پێچەوانەی ئەوە دەگەیەنێ.

ئەم دیمەنە فرەیییە تا ڕادەیەکی زۆر ئاڵۆزە، بەبەردەوامی گۆڕانی سنووربەند کردووە. مالیکی سووره لەسەر بەرتەسککردنەوەی ئەم فرەیییە لە رێی باشکردنی وێنەی خۆیەوە، وەک لە رووداوەکانی کانوونی دووەم/یەنایەردا دیارە . هەروەها لە بەرامبەر داڵدەدانی کوردەکان بۆ تاریق هاشمی پاش تۆمەتبارکرانی جێگری سەرکۆمار بە پاڵپشتیکردنی شانەیەکی تیرۆریستی، مالیکی هەڕەشەی گرتنەوەی پارە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لابردنی بابەکر زێباری سەرۆکی کوردی ئەرکانی سوپای عێراقی کرد.

رەنگە هەندێ لە ناوەندە تازەکانی هێز لە ئەنجامی ئەم ململانە سیاسییانە و هی تردا لەناو بچن، لەگەڵ ئەوەشدا پلەی فرەیییەکە هەر بەبەرزی دەمێنێتەوە. ئەم فرەییە لە شێوەی فرەیییەکی دامەزراوەییدا نابێ کە دەستوور دەیپارێزێ و بەلای هەموانەوە پەسندە، بگرە لێکترازانگەلی کۆمەڵایەتی و ململانە لەسەر دەسەڵات سەرهەڵدەدا بەو هۆیەشەوە فرەیییەکە دەبێتە مایەی کێشە، نەک سەقامگیری.

## دیموکراسی نییە

دیموکراسییەت و فرەیی هاوواتا نین، دیموکراسییەت فرەیی دەخوازێ، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاتاجی بە ڕێسا تایبەتەکانی چۆنیەتیی دابەشکردنی دەسەڵات و قبووڵکردنی ئەو بنەمایەش هەیە کە دەسەڵاتی براوەکان ڕەها نییە، بگرە لە سنووری مافەکانی ئەوانی تردا دەوەستێ. هەروەک پێویستە ڕێز لە مافە مەدەنی و سیاسییەکانی تاک بگیرێ، هەروەها هەندێ شێوەی ڕێزگرتنی مافی گرووپەکان لە هەندێ وڵاتی فرە دابەشدا. عێراقیش ئەمڕۆ لە زۆر لەو شتانە بێبەشە کە بۆ گۆڕینی فرەیی بۆ دیموکراسییەت پێویستن.

ئەو ڕێسایانەی گوایە عێراقیان پێ بەڕێوە دەبرێ، بەزۆری نە دێنە ڕێزگرتن و نە لە زۆر حاڵەتیشدا روونن. دەستوور کە لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا دانرا، بەگوتەی ئەو پسپۆڕانەی بەشدارییان لە داڕشتنیدا کردووە، بەشێوەیەکی لاواز داڕێژراوە و وەک بەڵگەنامەیەکی لێڵە کە بەردەوام پێویستی بە لێکدانەوە و ڕاڤەکردن هەیە، هەروەها دادگەی باڵای دەستووری کە لێکدانەوەکان بۆ دەستوور دەکا زۆرجار سەلماندوویەتی کە سیاسەت کاری تێ کردووە، چونکە هەموو کات پشتیوانیی لە هەڵوێستی مالیکی کردووە.

لە ڕاستیدا نەبوونی داوودەزگەی سەربەخۆی ڕاستەقینە، لە بەرژەوەندیی سەرۆک وەزیراندایە کە تا دێ بەرەو دەسەڵاتگەرایی دەچێ، یان لانی کەم زیاتر ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە. ساڵی ٢٠٠٦ مالیکی هاتە هەڵبژاردن لەبەرئەوەی بە لاواز دانرا و بەو هۆیەشەوە کاندیدێکی بسازە کە دەکرێ هەموو لایەنەکان پێی قایل بن. لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە کاتێ ئەمەریکاییەکان هێزی زیاتریان ڕەوانەی عێراق دەکرد بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو توندوتیژییەی لە دەست دەردەچوو، واشنتۆن نیگەران بوو لەوەی مالیکی کەسایەتییەکی هێندە بەهێز و کارا نەبێ بتوانێ دەستەبەری سەرکردایەتییەکی سیاسییانەی بەهێز لە قۆناغێکی دژواردا بکا، بەڵام ئەو گومانانە دەمێکە ڕەویونەتەوە و لە جێی ئەوە گومان لەبارەی ڕادەی پابەندبوونی بە دیموکراسیەت جێی گرتووەتەوە. ئەوانەی بەرگریی لێ دەکەن، بەو ئەمەریکاییانەشەوە کە لە بەغدا لە نێزیکەوە کاریان لەگەڵدا کردووە، دان بەوەدا دەنێن مالیکی دەیەوێ هەموو سەرە گوریسەکان لە دەستی خۆیدا کۆ بکاتەوە، بەڵام ئەو کارەیش لە بڕوایەکی ڕاستەقینەوە دەکا بەوەی ئەرکی سەرشانیەتی دەست وەربدا کاتێ هەموو ئەوانی تر دەکەونە هەرا و زناوە، ئەوەیش هەڵوێستێکە بەنیازێکی باشەوە دەڵێ "شتەکە بەدەست منە". ئەڵبەت ئەوانەی لە بایەخی کەم دەکەنەوە لێکدانەوەیەکی سادەتریان بۆ ئەوە هەیە و پێیان وایە مالیکی دیکتاتۆرێکی تری عەرەبە وا لە دروستبووندایە.

هەرچۆن بێ، ڕەفتاری مالیکی وای لێ دەخوێنرێتەوە کە ئامادەیە ئەگەر بە گونجاوی زانی ملی دەستوور بچەمێنێتەوە، هەروەها پرۆسەی ریشەکێشکردنی بەعس وەک کارتێک لە دژی ڕکابەرە سیاسییەکانی بەکار بێنێ و کودەتا بەسەر ئەو ڕێککەوتنە سیاسییەدا بکا کە بەهۆیەوە حکومەتی یەکەتیی نیشتمانی پێک هات، ئیدی ئاخۆ ئەوەی دەیکا لە ڕوانگەی خواستێکی کەسییەوە بێ،

یاخۆ هەر بەراستی پێی وابێ کارەکانی لە بەرژەوەندیی وڵاتەکەدایە، هیچ بایەخێکی نییە، چونکە بە چاوپۆشین لە پاڵنەرەکانی، ئەو کارانە هەڕەشەن بۆ دیموکراسییەت.

وەنەبێ مالیکی تاکە سیاسی بێ کە پابەندبوونی بە دیموکراسییەت لە باشترین دۆخدا جێی گومان بێ، موقتەدا سەدر کە رێکخراوەکەی لە هەمان کاتدا حزبە و میلیشیایشە و ناوبەناو هەڕەشەی جڵەوشلکردن بۆ سوپاکەی (سوپای مەهدی) دەکا، کەسێکی دیموکراتیک نییە، عەلاوی سەرۆکی بارستەی عێراقییەیش بەهەمان شێوە. هەرچی ئەو حزبانەن لە کوردستان باڵادەستن ئەوانیش لەژێر باڵی بنەماڵەگەلێکی سیاسیدان، بەم شێوەیە لیستی سەدرە نادیموکراسییەکان درێژ و درێژ دەبێتەوە. بەڵام وەرچەرخانەکەی سەرۆکی حکوومەت بەتایبەتی مایەی دڵەڕاوکێیە، لەبەرئەوەی راستەوخۆ پایەکانی سیستمە سیاسییەکە دەهەژێنێ.

هێشتا گیانی بسازیی لاوازە. شەڕی پێکهێنانی حکوومەتێکی نوێ پاش هەڵبژاردنەکەی ٢٠١٠ نۆ مانگی تەواوی خایاند، لە ئادار/مارس تا کانوونی یەکەم/دیسەمبەر و هێشتایش ئەو شەڕە بەشێوەیەک لە شێوەکان بەردەوامە. حکوومەت، کە بەپەلەپرووز و بۆ ئەوەی لە بازنەی وادە یاساییەکەی تێ نەپەڕێ، لە ٢٢ کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ٢٠١٠دا هاتە راگەیاندن، هێشتا تەواو نەبووە و مالیکی بۆ چەندان مانگ بە وەکالەت دەستی بەسەر وەزارەتە ئەمنییە بەتاڵەکاندا گرت، دواتریش ئەو وەزارەتانەی بە ئەندامانی تری لیستی دەوڵەتی یاسا سپارد، بەڵام دیسان بە وەکالەت. وەزارەتەکانی بەرگری و ناوەخۆ و ئاسایش هێشتا بێ وەزیری ئەسڵین.

هەردەم گەیشتن بە رێککەوتن لەبارەی کۆمەڵێ رێسا و دامەزراوەی سیاسی لە قۆناغی گواستنەوەدا کارێکی ئەستەمە، نەخاسمە کاتێ رژێمەکە دەرووخێنرێ یاخۆ بەخێرایی هەرەس دێنێ، وەک لە عێراق رووی دا. بگرە رەنگە دۆخەکە ئەستەمتر بێ کاتێ هیچ حزب و رێکخراوێک نەتوانێ لافی ئەوە لێ بدا کە مافی بەمیراتگرتنی دەسەڵاتی هەیە لەبەرئەوەی ئەو رژێمە کۆنەکەی خستووە. لە عێراق هەموو شتێک پێچەوانەی شیمانەی گەیشتن بە رێککەوتنێکی خێرا بوو. سەدام حوسێن لە رێی هێرشی ئەمەریکاوە کەوت نەک لە رێی هەوڵە ناوەخۆییەکانی عێراقەوە. کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقیی پاڵپشتیکراو لەلایەن ئەمەریکاوە رێکخراوێکی لاواز و لێکترازاو بوو، دەریشکەوت سەرۆکەکەی (ئەحمەد چەلەبی) کە وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ گەرەنتیکردنی خۆش گواستنەوەی دەسەڵات پشتی پێ بەست، هیچ متمانە و پشتیوانییەکی لەناو عێراقدا نییە و هەر زوو پەراوێز خرا. لێرەشەوە کەس نەیتوانی لافی ئەوە لێ بدا بەرپرسیاریەتیی سەرکردایەتی دەگرێتە ئەستۆ، رکابەریەکەیش دژوار بوو.

لەسەر ئەم پاشخانە دژوارە، دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان بەسەرکردایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان کەوتە هەڵەی سەپاندنی پرۆسەی زێدە خێرای دانانی دەستوور. ئەگەرچی هیچ گەرەنتی نییە کە درێژەکێشانی پرۆسەکەیش وای لە حزبەکان بکردایە بگەنە رێکەوتنێک، یاخۆ دانیشتوان وا لێ بکا لە سیستمی نوێی وڵات تێ بگەن و وابەستەییان پێیەوە گەشە پێ بدا، بەڵام



کورتیی ماوەکە هەر لە سەرەتاوە بەدینەهاتنی هیچ کام لەوانەی مسۆگەر کرد. وەک زۆر لەو بڕیارانەی تر کە وڵاتە یەکگرتووەکان لە سەرەتاکانی داگیرکردنیدا دەری کردن، بڕیاری سەپاندنی ئەو ماوە کورتەیش بۆ دانانی دەستوور بە باشی دیراسە نەکرابوو، ئەوە بوو هەر زوو دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان کە دووچاری بەرەنگارییەکی روو لە زیاد بووبوو، لە پلانەکەی پێش وڵاتگیرییەکەوە، کە دەبوو تا دوو ساڵ دوای داگیرکردن عێراقییەکان لە حوکمڕانیی وڵاتەکەیاندا بەشدار نەکا، گۆڕا بۆ بڕیاردان لەسەر گێڕانەوەی سەروەری بۆ عێراق لە حوزەیران/یۆنیۆی ٢٠٠٤. ئەو پلانەی ئەمەریکا سەپاندی برێتی بوو لە پێکهێنانی حکوومەتێکی گواستنەوە لەلایەن دەسەڵاتی داگیرکەرەوە و هەڵبژاردنی کۆمەڵەیەکی نیشتمانیی گواستنەوە لە کانوونی دووەم/یەنایەری ٢٠٠٥. بەدوای ئەوەدا حکوومەتێکی نوێ پێک بێ و تا ئاب/ئۆگستس دەستوور ئامادە بکرێ و لە تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەردا بخرێتە ڕاپرسیی گشتی و بەپێی ئەو دەستوورە نوێیە هەڵبژاردنێکی نوێ لە کانوونی یەکەم/دیسەمبەردا ئەنجام بدرێ. لەم پلانەدا هیچ کات بۆ گەنگەشە و ئاشتەوایی نەبوو.

هەر لە سەرەتاوە دەستوور رەنگدانەوەی رێککەوتنێکی نێوان هێزە سیاسییەکان نەبوو و وەک هەموو ئەو دەستوورانەی رێککەوتنی سیاسییان لە پشتەوە نییە، زۆر لەرزۆک بوو. پرسی بەخشینی خۆرێبەری بە کوردستان و هەروەها شیمانەی گۆڕانی پارێزگای تریش بۆ هەرێم بە جێناکۆکی مانەوە. زۆر لە عێراقییەکان هەستیان دەکرد کوردەکان، کە رێکخراو و لێبڕاون و لەو پرۆسەیەدا لە ڕێی پێشکێشکردنی راوێژکاریی بەهێزی یاساییەوە، یارمەتی دەدرێن، توانیویانە بۆچوونەکانی خۆیان بەسەر بەشەکانی تری وڵاتیشدا بسەپێنن. ململانە لەبارەی پێکهێنانی هەرێمگەلی نوێوە دەری دەخا عێراق رەزامەندیی لەسەر دەستووری فیدراڵی داوە بەبێ رێککەوتن

لەسەر شێوەی حکوومەتە فیدراڵییەکە. یەکێک لە بابەتە هەرە جێمشتومڕەکانی پێوەست بە فیدراڵیزم ئەوەیە ئاخۆ حکوومەتی ناوەندی، یاخۆ هەرێمەکان مافی ئیدارەکردنی نەوت و سەرچاوە سروشتییەکانیان هەیە و داهاتی ئەو کارە چۆن چۆنی دابەش دەکرێ.

دەستوور بە روونی باسی ئەوە دەکا حکوومەتی ناوەندی کێڵگە کۆنەکانی نەوت و داهاتەکانی بەڕێوە دەبا، بەڵام لە ئاست ئەوەی کێ لە کێڵگە نوێیەکان بەرپرسە بێدەنگ بووە، ئەمەیش بووە هۆی سەرهەڵدانی کێشە لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە ژمارەیەک گرێبەستی نوێی بۆ گەڕان بەدوای نەوت و بەکارهێنانی ئیمزا کردووە، لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی، کە دانی بەوەدا نەناوە هەرێمی کوردستان مافی ئەو کارەی هەیە. لە بریی چارەسەری، ناکۆکییەکە تەشەنە دەکا، چونکە هەندێ پارێزگا ورەیان داوەتە بەر خۆیان تا ببنە خاوەن هەرێمی سەربەخۆ کە هەمان دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانیان هەبێ، کە لەسەر یەدەگێکی گەورەی غازی بەکارنەهاتوو چوارمشقی داوە و خوازیارە ڕاستەوخۆ دەستی بەسەردا بگرێ.

## تەنگژەی دوای کشانەوە

دابەشبوونە قووڵە ئەتنی و تایفایەتییەکان، دەستێوەردانی دراوسێکان و فرەییی هەمەڕواڵەت بەبێ بوونی ڕێساگەلێکی دیموکراسی، سەرچاوەی ناسەقامگیری بەردەوامن لە عێراق، کە سەری کێشا بۆ ئەو گرژییەی لەگەڵ کشانەوەی کۆتاییی هێزەکانی ئەمەریکادا رووی دا. ئەو تەنگژە بەرواڵەت لە دووبارەبوونەوەی ئەو ململانەیە دەچێ کە لە ساڵی ٢٠١٠دا پێکهێنانی حکوومەتی دوا خست: ناکۆکییەک لە نێوان هاوپەیمانییەکی شیعی کە بە زۆری بەدەوری نووری مالیکی و لیستەکەی (دەوڵەتی یاسا)دا دەخولێتەوە، لەگەڵ بارستەیەکی سونی کە زیاتر بەدەوری لیستی عێراقییە و ئەیاد عەلاویی سەرۆکیدا دەخولێتەوە، بەرپایە، لە کاتێکدا حزبە کوردییەکان و حکوومەتی هەرێمە کوردستان لە ناوەڕاستدان، نیگەران و دوودڵن لەوەی ئاخۆ بچنە پاڵ لایەنێک، یاخۆ لە نێوان هەردوولادا بمێننەوە.

ساڵی ٢٠١٠ دوای سەرتەسرتێکی زۆر، کوردەکان ڕۆڵی بەدیهێنەرانی ئاشتییان بینی و ڕێککەوتننامەی هەولێریان گەڵاڵە کرد کە بەهۆیەوە حکوومەتێکی یەکەتیی نیشتمانی پێک هات. لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٢دا ئەو ڕێککەتننامەیە کەوتە دۆخێکی پەرێشانەوە. ئەوەبوو ئەندامانی لیستی عێراقییە بایکۆتی دانیشتنەکانی پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیرانیان کرد، کوردەکان جارێکی تر داوای گرێدانی کۆنگرەیەکیان بەبەشداریی هەموو حزبەکان کرد بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک، لە کاتێکدا بە هەندێ نائاسوودەییەوە داڵدەی تۆمەتبار تاریق هاشمی جێگری سەرکۆماریان دا، مالیکی لە هەڕەشەکانی بەردەوام بوو، هاوکات وردە وردە و بە وریاییەوە بەرەو گۆڕینی حکوومەتی یەکەتیی نیشتمانی بۆ حکوومەتێکی زۆرینە بە سەرۆکایەتیی هاوبەندیی دەوڵەتی یاسا، هەنگاوی نا.

وێڕای لێچوونەکان لەگەڵ ئەوەی ساڵی ٢٠١٠ رووی دا، گۆڕانێکی نوێ لە دۆخی باوی ساڵی ٢٠١٢دا هەیە. لە ماوەی ساڵی رابردووی پاش پێکهێنانی حکوومەت، مالیکی پێڕەوی لە سیاسەتی مەرکەزیەتی دەسەڵات لە بەغدا و چڕکردنەوەی لە دەست خۆیدا کرد، ئەوەیش کاردانەوەیەکی بەهێزی لە بەرژەوەندیی فیدرالیزم لەسەر ئاستی پارێزگەکان دروست کرد.

## شەڕ لەسەر مافی پارێزگاکان

بۆ چەند ساڵێک وا هەست دەکرا پرسی فیدرالیزم لە بیر کراوە. کوردەکان بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی لە دەستووری عێراقییان دەویست دەستیان کەوت و لەوە بەدوا لە هەوڵی ساغکردنەوەی ئەوەدان ئاخۆ مافی کانزاکاری لە دەسەڵاتی هەرێمەکان یاخۆ حکوومەتی فیدراڵییە، ئەویش لە رێی جێگیرکردنی راستییەکان لەسەر زەوی. ئەگەرچی دەستوور زۆر روون نییە لە دیاریکردنی ئەو لایەنەی دەسەڵاتی بەسەر نەوت و غازی تازە دۆزراودا هەیە، بەرپرسانی کورد بە سادەیی دەستیان دایە گرێبەستکردن لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکانی نەوتدا. لە سەرەتادا تەنیا کۆمپانیا تا رادەیەک بچووکەکان سەرکێشییان کرد لە چوونە ناو دۆخێکی یاساییی نارۆشنەوە، بەڵام لە کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ٢٠١١دا کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبێل گرێبەستێکی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئیمزا کرد.

لەگەڵ ئەوەشدا، پێ دەچێ پرسی پێکهێنانی هەرێمگەلی نوێی خاوەن دەسەڵاتی ناوخۆیی بایەخی خۆی لەدەست بدا، چونکە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراق چیی تر بایەخ بە بیرۆکەی پێکهێنانی هەرێمێکی شیعیی گەورە نادا.

لەگەڵ ئەوەشدا کێشەی دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان حکوومەتی ناوەندی و حکوومەتی هەرێمەکاندا بەبەردەوامی لەژێرەوە دۆخەکان ئاڵۆز دەکا, تێپەڕاندنی یاسای دەسەڵاتەکانی پارێزگاکانیش لە ساڵی ٢٠٠٨ (یاسای٢١)، کە گوایە بابەتەکانی روون کردووەتەوە و دەسەڵاتی پارێزگاکانی زیاد کردووە، دادی نەدا، چونکە کێشەکە لە بنەڕەتدا سیاسی بوو زیاتر لەوەی یاسایی بێ، لێرەشەوە ئەنجوومەنی وەزیران یاساکەی بەو شێوەیە راڤە کرد کە حکوومەتی هەرێمەکان مافی یاسادانانیان نییە و ئەو مافە تەنیا لە دەسەڵاتی حکوومەتی فیدراڵییە. لە راستیدا یاساکە هەروەک دەستوورەکە تەمومژاوی بوو: مادەی ٢ باس لەوە دەکات ئەنجوومەنی پارێزگا باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێرییە، بەڵام لە هەمان کاتدا سیستمی عێراق بە سیستمێکی (بەڕێوەبردنی لامەرکەزی) وەسف دەکا. تێکەڵبوونەکە رەنگە لەو ناکۆکییەوە هاتبێ کە لە نێوان بیرۆکەی بوونی سیستمێکی بەڕێوەبردنی لامەرکەزی کە واشنتۆن پاڵپەستۆکانی بۆ پەسندکردنی بەکار دەهێنا لەلایەک و داوونەریتە عێراقییەکان کە پێی وایە هەموو شتێک لە پایەتەخت روو دەدا، لەلایەکی ترەوە، دروست بووە، ئەمە لە کاتێکدا یاسای هەرێمەکانی ساڵی ٢٠٠٨ رەنگە دەسەڵاتەکانی حکوومەتە ناوخۆییەکانی زیاد کردبێ یا ن نەکردبێ. بێگومان

هەڵبژاردنەکانی ساڵی ۲۰۰۹ی ئەنجوومەنی پارێزگەکان، کە بەهۆی پێداگریی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەنجام درا لەو روانگەی پێی وابوو ئامرازێکە بۆ پتەوکردنی شەرعیەتی سیستمە سیاسییەکە لە رێی "نێزیککردنەوەی زیاتری لە خەڵک"، سەرکردەگەلێکی نوێ و پێداگرتری لەسەر ئاستی پارێزگەکان هێنایە کایە. وێڕای ئەوەیش، ئەم شتە راستەوخۆ روون نەبووەتەوە. لە سەرەتادا ستایشی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگەکان کرا کە لیستی دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتیی مالیکی رۆڵێکی باشی تێدا گێڕا، وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی رۆژانی تایفەگەری بەسەر چوون، لەبەرئەوەی مالیکی بانگەشەی ئەوەی دەکرد لیستەکەی رێکخراوێکی مەزەبی نییە. لە ماوەی ساڵێکدا روون بووەوە دەوڵەتی یاسا نەک تەنیا ملکەچی باڵادەستیی شیعەیە، بگرە ئامرازێکیشە بە دەست مالیکییەوە و لە ڕێیەوە دەسەڵات لە دەستی خۆیدا خڕ دەکاتەوە.

مشتومڕێکی تر لەبارەی دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی لە ساڵی ۲۰۱۰ سەری هەڵدا. لە کانوونی یەکەم/یەنایەردا ئەنجوومەنی نوێنەران رەزامەندیی دەربڕی و ئەنجوومەنی سەرۆکایەتیش دوو یاسایان ئیمزا کرد بۆ گواستنەوەی هەندێ لە دەسەڵاتەکانی وەزارەتی شارەوانییەکان و وەزارەتی کار بۆ پارێزگەکان و زیادکردنی بازنەی دەسەڵاتەکانی پارێزگەکان، لەگەڵ ئەوەیشدا لە تەمووز/یۆلیۆی هەمان ساڵ حکوومەتەکەی مالیکی پەنای بردە بەر دادگەی باڵای عێراقی بۆ هەڵسەنگاندنی رادەی یاساییبوونی ئەو یاسایانە. دادگەیش لە روانگەی هەستکردن بە ئەرکی سەرشانی، پشتی مالیکیی گرت و دوو یاساکەی هەڵوەشاندەوە، بەوەیش بە کردەوە گواستنەوەی دەسەڵاتی بۆ پارێزگەکان لە رێی دانانی یاساوە کۆتا پێ هێنا.

مالیکی بە رێگەی تریش هەوڵی سنووردارکردنی دەسەڵاتی پارێزگەکانی دا، بەرپرسانی پارێزگەکان زۆرجار سکاڵا لەوە دەکەن حکوومەتەکەی بە مالیکی درەنگ بودجەکانیان بۆ خەرج دەکا و هەوڵی کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانیان دەدا. هێزە ئەمنییەکان کە لەژێر فەرمانی راستەوخۆی نووسینگەی سەرۆک وەزیراندان، چەندان جار بەبێ هاوئاهەنگیکردن لەگەڵ بەرپرسانی ناوەخۆیی کاریان کردووە، بەتایبەت لە ناوچە زۆرینە سوننەکاندا، تەنانەت لەو کاتانەیشدا کە هەڵیان کوتاوەتە سەر ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگەکە.

سەرۆک وەزیران هەروەها هەوڵی داوە ناوبانگی دەسەڵاتەکانی پارێزگەکان لە چاوی خەڵکدا ناشیرین بکا، کاتێ هاووڵاتییانی تووڕە بەهۆی کەمیی خزمەتگوزارییەکانەوە لە سەرتاسەری وڵات لە ژمارەیەک لە "رۆژانی تووڕەیی" لە کۆتاکانی کانوونی دووەم/یەنایەری ۲۰۱۱ ڕژانە سەر شەقامەکان، مالیکی هەوڵی دا ئۆباڵەکەی بخاتە ئەستۆی حکوومەتەکانی پارێزگەکان. وێڕای ئەوە، تۆمەتبارکردنەکانی بۆ بەرپرسانی پارێزگەکان بەوەی نالێوەشاوەن و ئەوان لە خراپیی خزمەتگوزارییەکان بەرپرسن، ئەنجامی پێچەوانەی لێ کەوتەوە. بەرپرسانی پارێزگەکان تەنیا بە وەڵامدانەوەی هاوشێوە وازیان نەهێنا – دیارە نەیاندەتوانی خزمەتگوزارییەکان دابین بکەن لەبەرئەوەی حکوومەت پارەی لێ گرتبوونەوە – بگرە دەستیان دایە هەڵنان بۆ پچڕینی دەسەڵاتی

زیاتر لە حکوومەتی ناوەندی.

ئوسامە نوجێفی سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامی سوننیی لیستی عێراقییە، هەستی بە نیگەرانی دەکرد لە خڕبوونەوەی روو لە زیادی دەسەڵاتەکان لە دەستی مالیکیدا، یەکێک بوو لە بزوێنەرە سەرەکییەکانی بوێریی نوێی دەسەڵاتدارانی پارێزگەکان و هەوڵی دا ڕۆڵی خۆی بەهێز بکا. لە کۆتای ئادار/مارس لە هەنگاوێکی جێ گومان لە رووی دەستوورییەوە، نوجێفی لە تەلاری پەرلەمان میوانداریی کۆنگرەیەکی بۆ سەرکردە و ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگەکان ڕێک خست و هانی دان لەسەر بەرەنگاریکردنی شالاوی حکوومەتی ناوەندی بۆ سەر دەسەڵاتی پارێزگەکان و ئامۆژگاریی کردن هەوڵی بەدەستهێنانی روونکردنەوەیەک بدەن لەبارەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە نێوان ئاستە جیاوازەکانی حکوومەتدا، وەک کە دەستوور داوای کردووە.

لە ماوەی دوو مانگدا، سەرکردە سیاسی و خێڵەکییەکانی نێزیکەی پێنج لە پارێزگەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بە ئاشکرا هەوڵیان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی زیاتر دەدا و هەڕەشەیان کرد هەنگاو بۆ کردنی پارێزگەکانیان بە هەرێم دەنێن کە هەمان سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانیان هەبێ. لە ناوەڕاستی ئایار/مایۆ، گەورە بەرپرسانی سەلاحەدین سەردانی مەسعوود بارزانیی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیان کرد بۆ باسکردن لە ئاسۆکانی گۆڕینی ئەو پارێزگە زۆرینە سوننەیە بۆ هەرێم و بارزانی دەستخۆشی لێ کردن.

سەلاحەدین تاکە پارێزگە نەبوو کە بەجیدی باس لە شیمانەی بوونی بە هەرێم بکا، پێشتر و لە ساڵی ٢٠١٠دا ئەنجوومەنی پارێزگەی بەسرەی زۆرینە شیعە داوایەکیان بۆ سەرۆک وەزیران بەرز کردەوە بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسییەک بۆ بوونی پارێزگەکە بە هەرێم، پارێزگەی واسیتیش لە ناوەڕاستی ٢٠١١دا هەمان شتی کرد و سێ-یەکی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگە ئیمزایان لەسەر دوو داواکە کرد، وەک کە یاسای ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٠٨ی تایبەت بە پێکهێنانەکانی هەرێمەکان باسی دەکا. بەپێی یاسای ١٣، دەبێ داوای پێکهێنانی هەرێم لە ڕێی سێ-یەکی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگە، یاخۆ دەیەکی دەنگدەرانی پارێزگەکەوە پێشکێش بکرێ، دوای ئەوە داوا لە سەرۆک وەزیران دەکرێ کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان رابسپێرێ تا لە ماوەی ١٥ ڕۆژدا دەست بە ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی راپرسی لەو پارێزگە (یاخۆ پارێزگایانە) بکا کە داواکەیان پێشکێش کردووە، بەو مەرجەی ڕاپرسییەکە لە ماوەی سێ مانگدا ئەنجام بدرێ. یاساکە لەبارەی ئەم خاڵانەوە روون و ئاشکرایە و بڕیاری داوە دەکرێ پرۆسەکە لە پارێزگەیەک بەتەنیا یاخۆ چەند پارێزگەیەک پێکەوە ئەنجام بدرێ. ئەوەیش پرۆسەیەکی سانایە و ڕێگە بە هەر کۆمەڵە پارێزگەیەک دەدا لەو رووەوە دەستبەکار بن.

لەگەڵ ئەوەیشدا مالیکی بەشێوەیەکی ناڕەوا داواکانی هەردوو پارێزگەی بەسرە و واسیتی فەرامۆش کرد، ئەوەی بۆ چووە سەر چونکە سیاسەتوانەکانی دەوڵەتی یاسا و حزبە شیعییەکانی تر تا ڕادەیەکی زۆر لەو دوو پارێزگەیە باڵادەست بوون. لەبارێکدا بەو ڕۆڵە سنووردارە قایل نەبوون

کە مالیکی بە پارێزگەکانی دابوو، ئەو سیاسەتوانانە لە کۆتا جاردا رازی بوون بەوەی سەرۆک وەزیران بێدەنگیان بکا.

## دەسەڵاتدارانی پارێزگەکان و ململانەی تایفایەتی

ئەستەمە لە هۆی منجرپی مالیکی لە هێشتنەوەی سیستمی زێدە مەرکەزی تێ بگەین لەبارێکدا حکوومەتەکەی ناتوانێ بە روونی مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی عێراقدا بکا، ئەگەر بێتو لە چوارچێوەی هەوڵەکانیدا بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی زیاتر و ترسانی لەوەی لامەرکەزییەت یەکەتیی نیشتمانی لەناو ببا، سەیر نەکرێ. لە روانگەی باشکردنی گوزەرانی هاووڵاتییانی عێراقی و لە ئەنجامی یارمەتیدانی حکوومەت بۆ زیادکردنی شەرعیەتی خۆی و رەخساندنی هەلی زیاتر بۆ هەڵبژاردنەوەی ئەوانەی ئێستە لە حکوومەتدان، دەکرا ئەندازەیەک لە لامەرکەزییەت بژارەیەکی عەقڵانی بێ، لەبەرئەوەی رۆشن بوو بەغدا ناتوانێ خزمەتگوزارییەکان بە باشی پێشکێش بکا، بەڵام ئەو پرسەی مێشکی مالیکیی سەرقاڵ کردبوو جیاواز بوو لەمە، ئەویش شیمانەی ئەوەیە لامەرکەزییەت ببێتە هۆی لەبەریەک هەڵوەشان و وێرانکردنی وڵات.

ئەگەرچی داواکاریی زیادکردنی دەسەڵاتی پارێزگەکان لە ناوچە سوننیەکاندا قەتیس نەبووە، بەڵام هەر زوو پرسی لامەرکەزییەت بوو بە سیمبولی بەرگریکاریی سونی. بۆ نموونە لە ناوەڕاستی حوزەیران/یۆنیۆدا نوجێفی هەرایەکی نایەوە، ئەویش بە ئاماژەدانی بەوەی دوور نییە سوننەی عێراق داوای جیابوونەوە بکەن، بەڵام دواتر هەوڵی دا لە توندیی لێدوانەکانی کەم بکاتەوە و لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ (بی بی سی نیوز)دا گوتی "سوننەی عێراق هەست دەکەن وەک هاووڵاتیی پلە دوو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ" و ورپایی دا ئەگەر پەڕاوێزخستنی چەند پارێزگەیەک (پارێزگە سوننییەکان و هەندێ پارێزگەی شیعی) بەردەوام بێ، ئەوا داوای پێکهێنانی هەرێمی زیاتری فیدرالی دەکرێ، وێڕای ئەوەی هەرێمگەلی "جوگرافیایی ناتایفایەتین". هەروەها ئاماژەی بەوە دا جیابوونەوە لەسەر بناغەی تایفایەتی ترسناک و قبووڵنەکراوە.

بەبێ گوێدانە ورپاییدان و هەنگاوهەڵگرتن بۆ هێورکردنەوەی ترسەکانی سوننەکان، کە هێشتا کات بۆ ئەوە ماوە، لە بریی ئەوە حکوومەت گەڕێکی تری نوێ و سەرتاپاگیری ریشەکێشکردنی بەعسی دەست پێ کرد و فایلێکی جێ مشتومڕی سیاسیی هەڵدایەوە کە هیچ پێوەندیی بە مەترسیی زیندووکردنەوەی رێژیمی کۆنەوە نییە، بە ئەندازەی ئەوەی پێوەندیی بە سیاسەتی هەنووکەوە هەیە. لە کاتی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠ و تەنانەت دوای ئەوەیش، ریشەکێشکردنی بەعس لەلایەن حکوومەتەکەی مالیکییەوە وەک ئامرازێک بۆ سەندنەوەی ئەهلییەت لە نەیارەکانی بەکار برا و دادگەکانیش شتێکی ئەوتۆیان بۆ راگرتنی ئەو زۆردارییە نەکرد، بگرە حکوومەتی مالیکی هەوڵی دا هەندێ لە ئەندامە هەڵبژێراوەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانیش لە ئەهلیەت دابماڵێ بە بیانووی ئەوەی پێشتر پێوەندیی پتەویان لەگەڵ حزبی بەعس هەبووە.

له ٢٤ و ٢٥ی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ٢٠١١دا زیاتر لە ٦٠٠ کەس لە سەرتاسەری وڵاتدا دەستگیر کران و زۆربەیان تۆمەتبار کران بەوەی ئەندامی پلە بەرز (ئەندام شوعبە و فیرقە)ن لە حزبی بەعس و سەرکردەی پێشووی هەواڵگرین و لە پیلانێکی بەعسی بۆ رووخاندنی سیستمی سیاسیی ئێستەی عێراق گلاون، هەروەها هەر لەو ماوەیەدا نێزیکەی ١٤٠ وانەبێژ و فەرمانبەر لە زانکۆی تکریت لە پارێزگەی سەلاحەدین لە چوارچێوەی تۆمەتگەلی پێوەندار بە ریشەکێشکردن لە کارەکانیان دەرکران. تکریت شوێنی لەدایکبوونی سەدام حوسێنە و دواتر بوو بە ناوەندی بەرەنگاریکردنی داگیرکاریی ئەمەریکا.

مالیکیی سەرۆک وەزیران بانگەشەی ئەوەی دەکرد ئەوانەی لە ئۆکتۆبەردا گیراون لە پیلانێکەوە بۆ کودەتاکردن گلاون کە بڕیار بووە دوای کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق جێبەجێ بکرێ. هەندێ بەرپرسی نەناسراوی عێراقی بە میدیاکانیان راگەیاند مەحموود جبیریلی بەرپرسی لیبیایی، مالیکی لە وردەکاریی پیلانێک ئاگەدار کردووەتەوە کە موعەمەر قەزافی پاڵپشتیی لێ کردووە، ئەوەیش تۆمەتێکە باوەڕپێکردنی ئەستەمە، ئەویش لەو رووەوە قەزافی کە لە ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١١دا گیرا و کوژرا، چەند هەفتەیەک بوو هەڵاتبوو.

پارێزگەی سەلاحەدین یەکەم پارێزگە بوو وەڵامی دایەوە. لە رۆژە کۆتاکانی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری رابردوودا ئەنجوومەنی پارێزگەکەی رای گەیاند دوو لەسەر سێی ئەندامەکانی دەنگیان داوە بە کردنی سەلاحەدین بە "هەرێمێکی ئیداری و ئابووری لە عێراقی یەکگرتوودا". ئەوە روون بوو کە ئەو هەنگاوە نادەستووری بوو، راستە پارێزگەکان بۆیان هەیە داوای بوون بە هەرێم بکەن بەڵام ناتوانن خۆیان یەکلایەنە رای بگەیەنن. هەر زوو ئەنجوومەنی پارێزگەی سەلاحەدین دانی بەوەدا نا ئەوە دۆخەکەیە و داوانامەیەکی ئاراستەی نووسینگەی سەرۆک وەزیران کرد کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بۆ ئەنجامدانی راپرسی لە پارێزگەکە بەپێی یاسا، رابسپێرێ.

بەم بڕیارە یەکلایەنەیەی پارێزگەی سەلاحەدین، ناکۆکی و دابەشبوونە سەرەکییەکانی عێراق زیاتر لەسەر پرسی پێکهێنانی هەرێمەکاندا چڕ بووەوە: لێکترازانە تایفایەتی و عیرقییەکان، رکابەریی نێوان هەردوو لیستی عێراقییە و دەوڵەتی یاسا، ململانەی نێوان سەرۆک وەزیران کە لە هەوڵی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی زیاتردایە و ئەو لایەنە سیاسییە کارایانەی خەریکی بەهێزکردنی هەژموونی خۆیانن لە ناوچەکانیاندا، تەنانەت کێشەی ناوچە جێناکۆکەکانی سنووری نێوان کوردستان و چارەنووسی کەرکووکیش بوو بە بەشێک لە گفتوگۆکان لەگەڵ شیمانەی لەبەریەک هەڵوەشانی وڵات. پرسەکان بەتەواوی بەناویەکدا ناچن، ئەوەیش سەر دەکێشێ بۆ کاردانەوەی ئاڵۆز و چاوەڕواننەکراو لەلایەن کارەکتەرە جیاوازەکانەوە.

دابەشبوونە تایفایەتییەکان بە روونی دیارە، ئەویش لە روانگەی ئەو راستییەی کە ئەو پارێزگایانەی بە گوڕێکی زیاترەوە بەرەو بوون بە هەرێم هەنگاو دەنێن، زۆرینە سوننەن، لە پێشیانەوە پارێزگەی سەلاحەدین دێ، دواتر ئەنبار و دیالەیش بەدەم بانگەشەکەوە چوون. لە

هەمان کاتدا هەندێ ناوچەی ئەو پارێزگە زۆرینە سوننانە، دژ بە پێکهێنانی هەرێمن، ئەوەیش دۆخەکەی ئاڵۆزتر کردووە، بۆ نموونە لە سەلاحەدین ئیدارەی هەردوو شارۆکەی بەلەد و دوجێل کە ژمارەیەکی زۆر شیعەیان تێدایە، رایان گەیاند ئەگەر سەلاحەدین بکرێتە هەرێم، ئەوا دەچنە سەر پارێزگەی بەغدا. سەرکردە شیعەکانی هەندێ ناوچەی تری وڵات چوونە پاڵ بەلەد و دوجێل و بانگەشەی ئەوە دەکەن پارێزگەی سەلاحەدین زۆر گەورەیە و پێویستە لەبەریەک هەڵوەشێنرێ. لە بارێکیشدا یاسا یاخۆ بڕیارگەلێکی دەستووریی نییە پرسی لەبەریەک هەڵوەشاندنی پارێزگەکان و پێکهێنانی هی تر چارەسەر بکا، ئەو کێشەیە وەک کێشەیەکی گرینگی سیاسی دەمێنێتەوە.

ناسنامە تایفایەتی و ئەتنییەکان کاریگەرییان لەسەر هەڵوێستی هەرێمی کوردستانیش لەم پرسەدا هەیە، ئەوەتا حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش وەک سەرەتا پشگیری لە پێکهێنانی هەرێمی نوێ دەکا، ئەگەر دەرفەت بۆ پێکهێنانی هەرێمێک دەستەبەر بوو ئەوا دەبێ ئەو دەرفەتە ببەخشرێتە ئەوانی تریش. بە کردەوە دەسەڵاتدارانی کوردیش لەو رووەوە دوودڵن، بە پاساوی ئەوەی نابێ هەرێمی نوێ پێک بێ تا سنوورەکانی کوردستان بە روونی دیاری نەکرێن. کار گەیشتە ئەوەی جەلال تاڵەبانی سەرکۆماری عێراق پرۆژەیاسایەک بۆ ئەو مەبەستە پێشکێشی پەرلەمان بکا. نیگەرانیی هەرێمی کوردستان مایەی تێگەیشتنە، چونکە هەندێ لە سنوورەکانی دیار نین و دوور نییە پێکهێنانی هەرێمی نوێ کوردەکان دووچاری ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو دراوسێیانەیان کە تازە دەسەڵاتیان پێ دراوە بکا و چارەنووسی کێشەی دژواری کەرکووک و داواکاری لکاندنەوەی بە هەرێمەوە، ئاڵۆزتر دەکا.

بەڵام کاریگەریی ئەو مەرجەی دەڵێ دەبێ پێش لە پێکهێنانی هەرێمی نوێ پێویستە هەموو کێشە سنوورییەکان چارەسەر بکرێن، بەوە دەبێ بابەتی پێکهێنانی هەرێمەکان بۆ کاتێکی نادیار دوا بخرێ، چونکە هەر هەوڵێک بۆ دیارکردنی ناوچەکان رەنگە سەرلەنوێ سالانێکی تر لە ناکۆکی و یەکتر تۆمەتبارکردن بێنێتە کایە.

زیادبوونی بایەخدان بە پرسی پێکهێنانی هەرێمەکان تەنانەت هەندێ لە لایەنگرانی مالیکیشی کردە لایەنگری ئەوەی دەسەڵاتی زیاتر بدرێتە پارێزگەکان، ئەوەیش لە بەشێکیدا هەنگاوێکە بۆ بەرگرتن لە خڕبوونەوەی دەسەڵات لە دەستی مالیکیدا. ئەم چڕبوونەوەی دەسەڵاتە بووە هۆی نارەزایی و دابڕان تەنانەت لەناو دەوڵەتی یاسا خۆیشیدا کە مالیکی سەرۆکایەتیی دەکا، بەتایبەت لە پارێزگەکان. لە سەرەتای کانوونی یەکەم/دیسەمبەر ٩ لە ٢٨ ئەندامەکەی ئەنجوومەنی پارێزگەی کەربەلا لە لیستی دەوڵەتی یاسا دەستیان لە کار کێشایەوە و ئاماژەیان بەوە دا کە حکوومەتی ناوەندی هەوڵ دەدا هەموو دەسەڵاتەکانی بڕیاردان لە ناوەندا چڕ بکاتەوە، جەلالەدین ئەلسەغیری ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی سەرکۆنەی حکوومەتی کرد کە نەیتوانیوە یاسای ئەنجوومەنی پارێزگەکانی ساڵی ٢٠٠٨ جێبەجێ بکا.

لەگەڵ ئەوەشدا، پشتگیریکردنی پێکهێنانی هەرێمەکان پرسێکی جیاوازە لە دەرەوەی

پارێزگـەكـان. زۆر كـەس پێیـان وابوو ئـەگـەر یاسـای دەسـەڵاتەكـانی پارێزگـەكـانی سـاڵی ٢٠٠٨ بەشـێوەیەكی دروست بێتـە جێبەجێكردن، ئەوا دەسـەڵاتی پارێزگـەكان زۆر زیاد دەكا و كێشـەی زێدەڕۆیی لە مەركەزییەتدا بەبێ پێكهێنانی هەرێمی نوێ چارەسەر دەبێ.

زۆر لە سـەركردە سـیاسـییەكان دانیـان بەوەدا نا كە پارێزگـەكان مـافی دەستووریی خۆیانە ببنە هەرێم، بەڵام دەپرسن ئاخۆ ئێسـتـە كـاتێكی لەبارە بۆ ئەو كـارە. ئەیاد عەلاوی سـەرۆكی لیـسـتی عێراقییە و عەمار حەكیمی سەرۆكی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی و تورهان موفتی وەزیری دەوڵەت بۆ كاروبـاری پارێزگـەكان و مـوقتـەدا سـەدر گفتوگۆیان كرد لەبارەی ئەوەی پێویستـە ئەو بابەتە بۆ كـاتێكی تر دوا بخـرێ. تەنانـەت ئوسـامــە نوجـێـفی سـەرۆكی پـەرلەمـان لـەم دواییــەدا هـەندێ هەڵوێسـتی دژبەیەك و ناكـۆكی بـەرامـبـەر پێكهـێنانی هـەرێمـەكـان هـەبوو. لە كـۆنگرەی دووەمی ئەندامــانی ئـەنجــوومــەنی پارێزگــەكــان لە پـەرلەمــان كــە لـە ناوەڕاســتی مــانگی كــانوونی یەكەم/دیسـەمبەردا سـاز كرا، نوجێفی پێشنیـازی هەڵوەشـاندنەوەی پێنج وەزارەت و گواستنەوەی راسـتەوخۆی دەسـەڵاتەكـانیانی بۆ پـارێزگەكانی ئێستە كرد، نەك بۆ هـەرێمگەلی نوێ. كۆنگرەكە پێشـانی دا كـە دڵگەرمی بۆ پێكهێنانی هەرێمـەكـان لە پاشـەكشـەدایە تەنانەت لەسـەر ئاسـتی ناوچەكانیش، تەنیا پێنج كەس لـە ئەندامـانی ئەنجوومـەنی پارێزگەكانی زۆرینە سـوننەكان بەدەم بانگەشـەكـەوە هـاتن. نەبوونی نـوێنەرانی پارێزگـە زۆرینـە شـیـعـەكـان وای كـرد مـالیكی بتـوانێ دەسـتپـێشـخـەرییـەكـەی مـالیكی بە هـەڵگری ئەجێندایەكی تایفـایەتی یاخـۆ بیـانی نیشـان بدا، لێرەشەوە توانی پارێزگە شیعییەكان قایل بكا كە داواكارییەكانیان سووك بكەن.

ئەوە روونە مالیكی وێڕای لێدوانە سازشكارانەكانی لە هەندێ كاتدا، نیازی نییە دەستبەرداری هیچ لە دەسـەڵاتەكانی یاخـۆ دەسەڵاتەكانی حكوومـەتی ناوەندی ببێ، ئەوە بوو داواكـەی پارێزگای سـەڵاحــەدینی بـۆ پێكهـێنانی هـەرێمـێك رەت كـردەوە بەپـاسـاوی ئەوەی پـاڵنەرێكی تایفـانەی لە پشتەوەیە و ئامـانجی ئەوەیە پەناگەیەكی ئارام بۆ بەعسییەكان دەستەبەر بكا، تا لە رێیەوە بتوانن سەقامگیریی وڵات تێك بدەن و هەوڵ بدەن بگەڕێنەوە دەسەڵات.

لە دۆخی پارێزگەی سەڵاحـەیندا و لە زۆر دۆخی تریشدا، مـالیكی بەتەواوی پشـتی كردە گیان و دەقی یاسـا و دەسـتـوور، دەسـتـوور بە روونی دانی بەوەدا ناوە كـە پارێزگـەكـان مـافی پێكهـێنانی هـەرێمیان هـەیە، یاسای ١٣ی سـاڵی ٢٠٠٨یش داوا لە سـەرۆك وەزیران دەكا داواكاریی پارێزگەكە بۆ كـۆمیـسیـۆنی باڵای هـەڵبژاردنەكان بگوێزێتـەوە تا راپرسیی لەسـەر بكا. لە باتیی ئەوە، مـالیكی خـۆی لـە یاسـا و ئـەو مـۆڵەتەی بۆ دەسـتـبـەكـاربوون لـەو بابەتەدا بـۆی دانراوە نەبان كـرد. زیاد لەوەیش، ژمـارەیەك لە پەرلـەمانتارانی دەوڵەتی یاسا لێكدانەوەگەلی نوێیان بۆ یاسـای ژمـارە ١٣ كرد، ئەوەیش ئەو ئامرازەیە كە مالیكی لە رابردوودا سەركەوتووانە بەكاری هێناوە.

## بۆ پێشەوە

دوای ٨ ساڵ لە داگیرکردن و کوژرانی ٤٥٠٠ سەربازی ئەمەریکایی و برینداربوونی ٣٣ هەزاری تر و ژمارەیەکی نەزانراو لە قوربانییانی عێراقی، ولاتە یەکگرتووەکان شتێکی کەمی هەیە لە بەرامبەر وەبەرهێنانەکەی لە عێراق دەری بخا، ولاتەکە هێشتا نادیموکراسی و ناسەقامگیرە و توندوتیژی جارێکی تر گڕ دەگرێتەوە و دابەشکردنی ولات جارێکی تر بووەتە شیمانەیەکی راستەقینە. ئەوە روونە ئەو سیستمە سیاسییەی ولاتە یەکگرتووەکان بەسەر عێراقیدا سەپاند کار ناکا.

ئەو هەستە لە عێراق روو لە زیادییە کە دۆخەکە بەم شێوەیە، وا زۆر لە سەرکردە عێراقییەکان باس لە بیرۆکەی سەرلەنوێ دارشتنەوەی سیستمی سیاسیی ولات دەکەن دوای کشانەوەی ئەمەریکا. هەریەک لە عەلاوی و مالیکی لە چەند مانگی رابردوودا دانیان بەوەدا نا کە دەستوور سەربەکێشە بووە و لەسەر بناغەی لێک تێگەیشتنێکی تایفایەتی دامەزراوە نەک نیشتمانی و هەردووک داوای هەموارکردنیان کرد. هەروەها سەلمان ئەلجومێلی سەرۆکی فراکسیۆنی عێراقییە لە ئەنجوومەنی نوێنەران داوای دارشتنەوەی دەستووری کرد بە پاساوی ئەوەی سەرچاوەی کێشە بەردەوامەکان بووە، هیچ کام لەوانەیش بانگەشەیان بۆ چاکسازیی دەستووری دەکرد بەهۆی دۆخی ولاتەکەوە وردەکارییان نەخستە روو، چونکە بەئاسانی پێشبینیی ئەوە دەکرێ کە لایەنەکان لەبارەی ئەوەی پێویستە بکرێ رێک ناکەون، چونکە عێراق بە کردەوە دابەش کراوە و هێڵەکانی ململانەکانی راستەقینەن.

لەبارەی ئەوەی ئاخۆ عێراقییەکان دەتوانن پەیکەرێکی سیاسی دابرێژن کە بتوانن لە سایەیدا هەموو پێکەوە بژین، یاخۆ لە کۆتادا ولاتەکە هەڵدەوەشێتەوە، ئەوا هێشتا ململانەیەکی دوور و درێژ لە بەردەم عێراقدایە پێش لەوەی بتوانێ لەسەر فۆرمێک لە فۆرمەکانی سیستمی سیاسی لەنگەر بگرێ. ئەو پرۆسەیەی دەبوو ٨ ساڵ لەمەوبەر و لە کاتی رووخانی رژێمی سەدام حوسێندا بکرایە، ئێستە لەگەڵ کشانەوەی ئەمەریکادا دەست پێ دەکا. خێراییی هەڵوەشانەوەی سیستمە ئەمەریکایییەکە بەڵگەی ئەو راستییەیە کە ئەو سیستمە چارەسەرێکی سەپاو بووە، دوور نییە عێراقییەکان لە دۆزینەوەی چارەسەری تایبەت بە خۆیان سەرکەوتووتر بن، بەلام ئیتر کاتی ئەوە هاتووە هەنگاو بۆ ئەوە بنێن.

* مارینا ئۆتاوی: توێژەرێکی یەکەمە لە بەرنامەی رۆهەلاتی ناوەراست لە دامەزراوەی کارنیگی بۆ ئاشتیی ناودەوڵەتی.

دانیال قەیسی: جێگری بەڕێوەبەری نووسینی بلاوکراوەی پێشووی چاکسازیی عەرەبی و یاریدەری پێشووی توێژەرە لە بەرنامەی رۆهەلاتی ناوەراست لە دامەزراوەی کارنیگی بۆ ئاشتیی ناودەوڵەتی.

# بەهاری عەرەبی و شەڕی دەوڵەتانی ڕۆئاوا لەسەر وزە و ڕێگەی بازرگانی و بازاڕەکان

یۆرگ کرۆناوەر

بەهاری عەرەبی گۆڕانکاریی گەورەی لە باکوری ئەفریقیا کرد. وڵاتانی ڕۆئاوا و کۆمپانیاکان شەڕ لە سەر هەژموونی خۆیان لە ناوچەکەدا دەکەن.

چەندین جار وتەبێژی وەزارەتی دەرەوە" ئەڵمانیا" لێدوانی خۆی دا، کاتیک لە کۆتاییی نۆڤێمبەری ٢٠١١، هەزاران کەس هاتنە مەیدانی "تحریر،" لە میسر. زۆر بەتوندیش ڕەخنەی خۆیان ئاراستەی دەسەڵاتی سەربازی لەو وڵاتە کرد. تەنانەت وەزیری دەرەوەش "گیدۆ ڤێستەرڤێلەر" بەشێوەیەکی شەخسی تەداخولی لەم باسەدا کرد. ئەو گوتی:

"میسر خۆی لەبەردەم دوڕیانێکی گەورەدا دەبینێتەوە".



وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەلان عەبدوڵڵا

خـۆپیشـاندانە نـوێکان، ئەوە دەردەخـەن، کە دەسـەڵاتی سـەربازی نایەوێت هەڵبـژاردن بکرێت. ولاّتی میسر رۆڵێکی سەرەکی لە ناوچەکەدا هەیە. پاشان ڤێستەرڤێلە گوتی: "ئێمە دەبێت هەموو تواناکانمان بخەینە گەڕ، بۆ ئەوەی گۆڕانکارییە گەورەکان بەشێوەیەکی دروست و راستەقینانە بەڕێوە بچن و بگەنە ئەنجام."

قاهیرە هەروەک ڤێستەڤێلە دەڵێت، بەردی بناغەی سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیا لە ناوچەکە پێکدەهێنێت. هەر بۆیە بەرلین هەموو تواناکانی خۆی دەخاتە گەڕ، بۆئەوەی ئەم ولاّتە نەکەوێتە فەوزا و بێ سەروبەرییەوە. لە بەرلین پێیان وایە، کەدەبێت هەڵبژاردن چێ بکرێت، بۆ ئەوەی حکوومەتێکی شەرعی دروست ببێت.

هەروەک وەزارەتی دەرەوە دەری دەخات، ئەڵمانیا بەرژەوەندییەکی زۆر گەورەی لە میسردا هەیە. دیارە جگە لە میسر، ئەڵمانیا بەرژەوەندیی گەورەشی لە ولاّتانی تری باکوری ئەفریقیادا هەیە، هەر لەبەرئەوەشە، لەناو سیاسییەکانی بەرلیندا، نیقاش و گفتوگۆی زۆر لەبارەی "بەهاری عەرەبی"یەوە دەکرێت.

## گرینگ ئەوەیە شتێک بەدەست بهێنین

ولاّتی میسر بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیا، گرینگییەکی ئێجگار گەورەی هەیە. دیارە ئەمەش بەهۆی چەند خاڵێکەوەیە.

پێش هەمووشتێک ئەم ولاّتە لە هەموو ولاّتانی تری عەرەبی گرینگتر و کاریگەرترە، نەک تەنیا لەبەرئەوەی خاوەنی مێژوویەکی دێرینە، بگرە ئەم ولاّتە زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی هەیە. لە هەمووشی گرینگتر خاوەنی هێزێکی سەربازیی گەورە و بەتوانایە، کە بە باشترین و بەهێزترین سوپای ئەفریقیایی دێتە ژماردن.

لەلایەکی تریشەوە ولاّتی میسر، خاوەنی پێگەیەکی جیۆستراتیجی گرینگیشە. لە رێگەی کەناڵی سوێسەوە، کۆنترۆڵی رێگەی نێوان ئاسیا و ئەوروپا دەکات. ئەمەش وای کردووە کە ئەم ولاّتە جێگەیەکی تایبەتی لەناو ستراتیجی جیهانیدا هەبێت. هەر لە رێگەی کەناڵی سوێسەوە، رێژەی ١٢٪ ی نەوت بۆ ئەوروپا دەگوازرێتەوە. هەروەها بۆ " NATO" ناتۆش گرینگیی خۆی هەیە، چونکە بەشێکی زۆری کەشتییە جەنگییەکانی دەریای ناوەڕاستی پێدا تێپەڕ دەبن یان جێگیر دەبن. بۆ کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵیش بەتایبەت بۆ ئابووریی ئەڵمانیا، ئەم ولاّتە گرینگە، چونکە بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی چەک و تەقەمەنیی ئەڵمانیا بەکەشتی دەگوازرێتەوە و، بەم ولاّتەشدا دەچێت بۆ ئاسیا، چونکە رێگەی باشووری ئەفریقیا، رێگەیەکی دوورە و زۆریشی تێ دەچێت. لەلایەکی تریشەوە لە ٧٠٪ ی پێوەندیی بازرگانیی نێوان ئەڵمانیا و چین لە رێگە دەریاوە دەبێت. لەبەر ئەوە هیچ پێویستی بە فەنتازیای گەورە ناکات، پێویستە بەرهەمەکانی ئەڵمانیا، بەبێ کێشە بە کەناڵی سوێسدا تێ پەڕێت.



جگەلەمەش کۆمەڵێک بەرژەوەندیی گەورەی ئابووری، ئەڵمانیا بەم وڵاتەوە دەبەستێتەوە. میسر یەکێکە لەو وڵاتە عەرەبییانەی، کە کۆمپانیاکانی وزەی ئەڵمانیایی، ماوەی چەندین ساڵە کاری تێدا دەکەن. کۆمپانیای: RWE Dea ماوەی چل ٤٠ ساڵە لە بواری نەوتی میسری کار دەکات. هەرچەندە قەوارەیەکی نەوتی زۆر بەرهەم ناهێنێت، بەڵام لە ڕووی بەرهەمی گازەوە ڕۆڵێکی سەرەکییان لە گازی میسریدا هەیە.

میسر خاوەنی ١,١٪ ی یەدەگی گازی جیهانیی هەیە، بەڵام لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا، بە "سەرچاوەیەکی باشی داهاتوو" دێتە ژمارن. قاهیرە دەیەوێت لە چەند ساڵی داهاتوودا ببێتە سەرچاوەیەکی گرینگی گاز بۆ ئەوروپا. هەرچەندە لە ڕووی ئابوورییەوە هێشتا ئەم پلانە سەری نەگرتووە، بەڵام بەنیسبەت وەبەرهێنە ئەڵمانیاییەکانەوە ئەم خاڵە گرینگە. کۆمپانیا گەورەکانی ئەڵمانیا، وەکو Dräxlmeier،Leoni،BMW, Daimler بەشی تایبەتییان لەم وڵاتەدا هەیە. ساڵی ٢٠١٠ کۆمپانیای: (Metro) لە میسر بەشی خۆی دامەزراند. کەواتە وەبەرهێنە ئەڵمانیاییەکان چاویان لەم وڵاتەیە و، بەشی ئەوەندەی تێدایە کە قازانجی خۆیان دەست بکەوێت.

## شەریکێکی گرینگ

"بەهاری عەرەبی" لەلایەن بەرلینەوە، هەندێک مەسەلەی ئاڵۆز کرد. سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم کە پێشتر بۆ ماوەی چەندین ساڵ، ئەڵمانیا کاری هاوبەش و پێوەندییەکی باشی بە سەرۆکی پێشووی میسر (حوسنی موبارەک)ەوە هەبوو. سەرەتا بوونی خۆپێشاندان و ناڕەزاییە گەورەکان، وایکرد کە هەندێک کۆمپانیای ئەڵمانیایی تووشی زەرەر و زیانی گەورە بن. بۆ نموونە کۆمپانیای Daim-ler، بەشێکی زۆری کرێکارەکانی ئامادەی کار نەدەبوون. یان کۆمپانیای میترۆ، بەهۆی خۆپێشاندانەکانەوە، تووشی تاڵانی و زەرەر و زیانی زۆر بوو. دیارە لە سەردەمی موبارەکدا وا نەبوو، وڵات " ئارام" بوو.

دیارە یەکێک لە هۆکارە گەورەکانی خۆپێشاندان و ڕاپەڕینەکانی گەلی میسر، پێوەندیی بە باری خراپی ئابووری و فەسادی بازاڕی ئازادەوە هەبوو. لە بەهاری ساڵی پاردا Frank Nordhausen کە ڕۆژنامەنووسێکە و لە ڕۆژنامەی Berliner Zeitung کار دەکات، گوتی:

"جەنەڕاڵەکان تەنیا کۆنترۆڵی سیاسەتی قاهیرە ناکەن، بگرە ماوەی چەندین ساڵە، ئەمانە (گرووپێکی گرینگی بازرگان) پێک دەهێنن و زاڵن بەسەر ئابووریی میسردا. ئەمانە زەویوزارێکی ئێجگار زۆریان لەژێر دەستدایە و کۆنترۆڵی ٤٥٪ی ئابووریی میسر دەکەن. بازرگانییەکی زۆریان لە کەناڵی سویس هەیە و خاوەنی سوپەرمارکێت و هۆتێلی زۆرن لەسەر کەناری دەریای سوور."

دیارە لەپێش هەموویانەوە موبارەک و حاشیەکەی نزیک بەخۆی، لەگەڵ دەوڵەتان و کۆمپانیاکانی ڕۆئاوادا کاری بازرگانیی باشی دەکرد. لەبەر ئەوە رووخانی موبارەک، زەربەیەکی گەورەی لە بازاڕی ئازاد دا.

دیارە حکوومەتی ئەڵمانیا زۆر بە خراپی هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەم وەزعە نوێیە کرد. لە ٣١ ی یانوەردا، وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا ڤێستەر ڤێلە، میسری بە "شەریکی گرینگ" دانا، ئەمە لە کاتێکدا کە هێشتا موبارەک لەسەر حوکم بوو. بەڵام لە ٢٥ فیبریوەردا بۆ یەکەم جار پاش رووخانی موبارەک سەردانی قاهیرەی کرد. لەم سەردانەیدا دوو پیاوی لەگەڵدا بوون، کە ئەوان دەیانزانی بۆچی هاتوون بۆ قاهیرە. یەکەمیان Dirk Niebel وەزیری هاریکاریی ئابووری و گەشەپێدان، ئەوی تریشیان Ernst Burgbacher سکرتێری وەزارەتی ئابووری بوو. ئامانجی سەرەکیش پێوەندیی ئابووری بوو، لەگەڵ حکوومەتی سەربازیی نوێی میسر، کە لە کۆتاییدا ناوی "ڕێککەوتننامەی بەرلینی" لێ نرا.

لە ٢١ ئوگوستی ٢٠١١ لە بەرلین لە نێوان ڤێستەڤێلە و محەمەد کەمال عامری وەزیری دەرەوەی میسر، ئەم ڕێککەوتننامەیە مۆر کرا. دیارە لەناو ڕێککەوتننامەکەدا کۆمەڵێک ڕستە و قسەی زل لەبارەی "دیموکراتی، مافی مرۆڤ و دەوڵەتی یاسا"وە نووسرابوو، دیارە ئەم قسانەش تەنیا حوبری سەر وەرەقەن. لە ڕاستیشدا حکوومەتی سەربازی لە ماوەی ئەم نۆ مانگەدا، لە ڕێژیمەکەی موبارەک زیاتر خەڵکانێکی زۆری چالاکوانی مەدەنی و دیموکراتخوازی گرتووە. بەشێوەیەک کە بەهەموو ماوەی حوکمی موبارەک، هێندەی ئەم نۆ مانگەی حکوومەتی سەربازی خەڵکی نەگرتووە. هەر لەبەر ئەوە لە کۆتاییی مانگی نۆڤێمبەردا، کۆمەڵێک گرووپی سیاسی و مەدەنی خۆپێشاندانێکی گەورەیان لە مەیدانی "تحریر" دژی حکوومەتی سەربازی ساز کرد.

خاڵی سەرەکی و گرینگی ناو ڕێککەوتننامەی بەرلین برێتی بوو لە:

" ئەوەی پێویستە و گرینگە بەلای بەرلینەوە، بازاڕەکان و بوارەکانی تری ئابووریی میسر ئازاد بکرێن ".

ئەمەش لە خزمەتی پیشەشازیی ئەڵمانیاییە بۆ ئەوەی بازاڕ بۆ شمەکەکانی دابین بکات.

رووخـانـی ڕێژیمی مـیسـر و، بەتایبـەتیش ڕێژیمی تونسـی، کێشـەی تری بۆ بەرلین دروست کرد. ئەمـان ماوەیەکی زۆرە لەگەڵ نوخبـەیەکی سیاسـی و ئابووریی ئەم وڵاتانەدا پێوەندیی بازرگانییان هەبوو، ئەم رووخـانەش وای کرد، کە ئەو پێوەندییـەی چەندین سـاڵە ئەڵمانەکان لە قاهیـرە و تونس دایان ناوە تووشی شڵەژان و تێکچوون بێت.

لە مانگی دیسـەمبەری ٢٠١٠دا، شاندێکی گەورە و پلـە بەرزی پەرلەمانی تونسـی هـاتن بۆ بەرلین و سـەردانی ئـەنسـتیـتـوی Konrad-Adenauer-Stiftung. کرد. ئـەم ئەنسـتـیـتـووتەش لـەلایەن پارتی CDU دەسـەڵاتدارەوە پشتگیری دەکرێت.

لەو کـاتەدا جـێگری سـەرۆکی پارتی دیموکرات مـەسـیـحیCDU، "زەین عـابدین بـن عـەلی" بە (هـاوپەیمانێکی ئێـجگار تایبـەتی) وەسپ کـرد. چەند هـەفـتـەیەک پاش ئەم دانیـشـتنـە، دەبێت ئەم قسانە لە بیر بکەن. بەڵام لە هەموویان گرینگتر ئەوەیە: بەشێکی زۆری ئەو کەسانەی کە سەردانی بەرلینیـان کـرد، خـەڵکانی نـزیکی بن عـەلی بوون، رووخـانی ڕێژیمەکەش ئەم کـەسـانـەی لەناوبرد. رۆمان هێرتسـۆگ کە پێشتر سـەرکۆماری ئەڵمانیـا بوو، ئەم ئەنستیتووتەی بە "ئامـرازێکی ئێجگار گرینگی سیـاسـەتی دەرەکـیی ئەڵمـانیـا" وەسپ کرد. حکوومـەتی ئەڵمـانیـا هـەوڵ دەدات، کـە ئەم ئەنسـتیـتـووتە، کـار و پرۆژەی نوێی بۆ دابنێت. وەزارەتی هـاریکاریی ئابووری ٢٥،٥ ملیۆن یورۆی بۆ "پشتگیریکردنی پرۆسەی دیموکراتیزەکردن و میدیای ئازاد" دانا. بەشێکی زۆری ئەم پارەیەش دەچێتـە قورگی ئەو رێکخراوانەی کە نزیکن لە پارتەکانی خۆیان، بە دڵنیاییـیەوە رێکخراوی Kon-rad-Adenauer-Stiftung. بەشێکی زۆری لەم پارەیە بەردەکەوێت.

هـەر بۆیە لقی Konrad-Adenauer-Stiftung. لە تونـس دەسـتی کـردووە بـە کـۆمـەڵێک چالاکی و پێوەندیی بە خەڵکانێکی زۆری تونسی کردووە. ئەوەی جێگای ئاماژەیە، ئەمجارەیان پێوەندییان بە کـۆمـەڵێک جـەنەراڵ و پلـەداری لەشکری تونسـیش کـردووە. لە هـەمـووشی سـەیرتر، ئێـسـتـا پێوەندییـەکی باشیـان بە پارتی " نەهزەی ئیـسـلامی تونسی" یشـەوە کردووە. جێگەی گـوتنە ئەم پارتە لە سـەردەمی بن عەلیدا، قەدەغە بوو.

ئەم وڵاتەش جێگەیەکی تایبـەتی لەلای بـەرلین هـەیە، بەتایبـەت لە ڕووی ئابووریـیەوە زۆر گرینگە. ئەمیش وەکو میسر، خاوەنی هێزێکی کاری هـەرزانە، کە ئەمـەش بۆ کۆمپانیا ئەڵمانیـاییەکان زۆر گرینگە. زیاتر لە ٢٥٠ کۆمپانیای ئەڵمانیایی لە تونسدا سەرمایەگوزارییـان کردووە، بەتایبەت ئەو کۆمپـانیـایانەی کە پشت بە هـەناردەی دەرەکی دەبەستن. بەتایبـەت کۆمپـانیاکانی بواری "ڕستن و چنین، ئۆتۆمـۆبێل"، کـە بەشـێکی زۆری شـمـەکـەکـان لێـرە بەرهەم دەهێنرێت و پاشـانیش بۆ بازاڕەکانی ئەڵمانیا و ئەوروپا دەنێرێت. ئەم وڵاتە جگە لە بوونی هێزێکی کاری هەرزان، چیی تری نییە. دیارە ئەمەش بۆ هەندێک کۆمپانیای هەنارده زۆر گرینگە. هەتاوەکو یانوەری ٢٠١١ کارەکان

باش دەڕۆیشت بەڕێوە، بەڵام پاش رووخانی رێژیمەکەی بن عەلی کێشە دروست بوو.

کۆمپانیایەکی وەکو Leoni کە لە بواری ئۆتۆمۆبێلدا کار دەکات، تونس زۆر گرینگ بوو. لقی ئەم کۆمپانیایە لە تونس ١٢٠٠ کەس دەخاتە کار. هەروەک پێشتریش گوتم، لێرە هێزی کار هەرزانە. لەبەر ئەوە تونس لە سیاسەتی ئابووریی ئەڵمانیادا، رۆڵێکی گرینگی و پڕ بایەخی هەبوو. خۆپێشاندانەکان کە هەتاوەکو هاوینی ٢٠١١ لە تونس بەردەوام بوو، زەرەری زۆری لە کۆمپانیا ئەڵمانیاییەکان دا. جێگەی گوتنە لێرەش ئەڵمانیا وەکو میسر، هەمان سیاسەتی هەبوو. "رێککەوتننامەی کاری هاوبەش"یان لەگەڵ حکوومەتە نوێکەی تونس مۆر کرد، کە ئامانجی سەرەکیش لەم رێککەوتننامەیە، تەنیا و تەنیا بەرژەوەندیی ئابووری بوو.

## کێبەرکێ لەگەڵ فرەنسا

لە تونس سیاسەتی دەرەکیی ئەڵمانیا، رووبەرووی کۆمەڵێک رێگر و ئاڵۆزی دەبێت. لە راستیدا نەک لە تونس، بگرە لە تەواوی دەوڵەتانی باکوری ئەفریقیا. کۆلۆنیا کۆنەکەی ئەم وڵاتانە، هێشتا رۆڵێکی ئێجگار گەورەی هەیە. مەبەستمان وڵاتی فرەنسایە، کە ئەو مێژووییەن هەموو وڵاتانی مەغریبی عەرەبی وەکو شەریکێکی ئابووری و ستراتیجیی گەورەی خۆی دادەنێت. ئەمڕۆ ئەم وڵاتانە زیاتر لە کاتی داگیرکردنیان، شمەکی فرەنسی دەکرن. هەروەها بەشێکی زۆری هێزی کاری هەرزانیان، لە کارگەکانی فرەنسادا کار دەکەن، بەمەش خزمەتێکی گەورەی ئەو کۆمپانیایانە دەکەن. ئیسپانیا لە رووی شەریکی ئابوورییەوە لە وڵاتی مەغریب " مەرۆکۆ" پلەی دووی هەیە. لە تونسیش، ئیتاڵیا پلەی دووەمی هەیە. جێگەی گوتنە لە سەدەی ١٩دا، رۆما، وڵاتی تونسی وەکو کۆلۆنیایەکی خۆی دادەنا و دەیویست داگیر بکات، بەڵام فرەنسا رازی نەبوو.

لە تونس کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ لە لیستی شەریکی ئا بووریی ئەم وڵاتەدا پلەی سێیەمی هەیە. بەپێی بۆچوونی بەرلین، هێشتا وڵاتانی باکوری ئەفریقیا، لە رووی پێوەندی بازرگانی و



ئابوورییەوە، خزمەتی کۆلۆنیا پێشووکەیان " فڕەنسا" دەکەن. هێشتا فڕەنسا لەم وڵاتانەدا، شەریکی یەکەمی بازرگانیی ئەم دەوڵەتانەیە.

یەکێک لەو ئامرازانەی کە شوێنی ئەڵمانیا لەم وڵاتانەدا بەهێز دەکات، بەشێوەیەک کە بتوانێت لە باکوری ئەفریقیا ڕووبەرووی فڕەنسا بێتەوە، بوونی سیاسەتێکی ئیکۆلۆجیی ئیمپریالیسی ئەڵمانیاییە کە بە پرۆژەی Desertec-Projekte ناودەبرێت. بەیارمەتیی تەکنەلۆجیی ئەڵمانیایی، هەوڵ دەدرێت کە لە ڕێگەی تیشکی خۆر و "با"وە، وزەی کارەبا دروست بکرێت. هەروەکو لە پلانەکەدا هاتووە، لە ڕێگەی کابڵەوە لەژێر دەریای ناوەڕاستەوە، کارەبا لە باکوری ئەفریقیاوە بۆ ئەوروپا دەگوێزرێتەوە. هەروەک پسپۆڕەکانیش دەڵێن، ئەم پرۆژەیە دەتوانێت کە بەڕێژەی ١٥ تا ٢٥٪ ی پێویستی ئەوروپا دابین بکات. جێگەی گوتنە ئەم پرۆژەیە دەست بە جێبەجێکردنی کراوە.

جێگەی گوتنە بەرلین لەم پرۆژەیە ئامانجێکی تری هەیە. جێبەجێکردنی پرۆژەی Desertec کۆمەڵێک دەرگەی داخراو بۆ ئەڵمانیا دەکاتەوە، کە چەند وەختە فڕەنسا ناهێڵێت دەرگەکانی باکوری ئەفریقیای بۆ بکاتەوە. ئەم پرۆژەیە سەرەتا لە مەغریب دەستی پێ کرد، پاشان چوو بۆ جەزائیر و تونسیشی گرتەوە. سەرەتا ئەم پرۆژەیە لەژێر ناوی " بەدەستهێنانی ووزەی ژینگەپارێزی" کرا، کە بەپێی ئەم پرۆژەیە وڵاتانی باکوری ئەفریقیا، وزەی پاکیان دەگەیاندە ئەڵمانیا، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا جۆرێکی ترە لە سیاسەتی نیوکۆڵنیاڵیزم.

بەدڵنیاییەوە وزە کلاسیکەکانیش وەکو " گازی سروشتی و نەوت" بۆ بەرلین گرینگن، کە لە وڵاتانی باکوری ئەفریقیادا سامانێکی زۆری سروشتی هەیە. لە جەزائیر، لیبیا، میسر، هەموویان ڕێژەی ٥٪ی یەدەگی گازی سروشتی و نەوتی جیهان پێک دەهێنن. دیارە ئەم ڕێژەیە لە چاو ئەو بڕە زۆرەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا هەیە، کەمە. بەڵام هەر چۆنێک بێت کەمێک دڵخۆشکەریشە.

کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ، زیاتر گرینگی بە گازی سروشتیی وڵاتی جەزائیر دەدات. ساڵی ٢٠٠٦ وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا " Frank-Walter Steinmeier" بە ئاشکرا گوتی:

"دەمانەوێت لەگەڵ جەزائیر (هاوپەیمانییەکی گازی) بکەین، کە ئەم وڵاتە لەپاش ڕووسیا ببێتە دووەمین (بۆری) گازی سروشتی بۆ ئەڵمانیا."

دیارە کۆمپانیای E.on Ruhrgas ماوەیەکی زۆرە لەم وڵاتەدا ئامادەیە، کە ئەمەش دەچێتە قاڵبی ستراتیجیی " بۆری دووەم" مەوە. لەلایەکی تریشەوە لە لیبیا، کە پلەی حەوتەمینی لە ڕووی نەوت لە جیهاندا هەیە. کۆمپانیای BASF لە ساڵی ١٩٥٨وە لە بواری نەوتی لیبیایی کار دەکات. لە ساڵی ٢٠٠٣ وە کۆمپانیای RWE Dea لەم وڵاتە ئامادەیە. ماوەی چەندین ساڵە، وڵاتی لیبیا دووەمین پلەی هەیە، لە ڕووی ناردنی نەوت بۆ ئەڵمانیا. ڕێژەی ١٠٪ ی نەوتی ئەڵمانیا لە لیبیاوە دێت. هەر لەبەر ئەوە، ئەڵمانیا بەرژەوەندییەکی زۆری لەم وڵاتە هەیە و نایەوێت ڕۆڵی خۆی لەم وڵاتەدا بدۆڕێنێت.



## شەڕ لەسەر تەڕابلووس

شەڕی لیبیا، کۆماری فیدراڵیی ئەڵمانیای تووشی ئاڵۆزی و ناخۆشیەکی زۆر کرد. دیارە ئەمەش زیاتر پێوەندی بە کێبەرکێی فەرەنسایی و ئەڵمانیاییەوە هەبوو. چ فەرەنسا و چ ئەڵمانیا، هەردووکیان پێوەندی و بازرگانیەکی باشیان لەگەڵ موعەمەر قەزافی هەبوو. لە زۆر کاتدا بەتایبەت لە کاتی تەنگژەی وزەدا، موعەمەر قەزافی وەکو گەرەنتیەکی سەرچاوەی نەوت دادەنرا. هەموو وەزعەکە گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا هات، کاتێک پاریس هەتاوەکو سەرەتای ساڵی ٢٠١١ش بێ سنوور پشتگیریی ڕێژیمەکەی بن عەلی و موبارەکی دەکرد، ئەمەش وای لێ کرد کە سومعەی لە باکوری ئەفریقیا باش نەبێت. هەروەها ترسیشیان هەبوو، کە ڕۆڵ و هەژموونی خۆیان لەم ناوچەیەدا بدۆڕێن. هەر بۆیە سەرۆک نیکۆلاس سارکۆزی بەپەلە کەوتە خۆی و دەستی کرد بە هێرشبردن. ئەوە بوو هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕاپەرین لە لیبیا، فەرەنسا پشتگیرییەکی تەواوی شۆڕشگێرە لیبیاییەکانی کرد، هەرچەندە ئەم هەڵوێستە درەنگ بوو، بەڵام هەر باش بوو. فەرەنسا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پشتگیریی شۆڕشگێڕە لیبیاییەکانی کرد، بەم شێوەیەش پاریس دەیویست کاتێک کە شۆڕشگێڕەکان حوکم دەگرنە دەست، ڕۆڵێکی سەرەکی لەم وڵاتەدا بگێڕێت.

سەرۆک سارکۆزی هەر لە سەرەتاوە دەیویست، هەموو ئەوروپاش بهێنێتە ڕیزی خۆیەوە و پشتگیریی سیاسەتی فەرەنسا بکەن. بەڵام بەرلین دژی هیواکانی فەرەنسا وەستایەوە. حکوومەتی ئەڵمانیا دەیەوێت، ئەوروپا بۆ سیاسەتەکانی خۆی بەکار بهێنێ، نەک خزمەتی سیاسەتەکانی فەرەنسا لە ئەفریقیادا بکات. لەپاش هەردوو دابەزینی لەشکری ئەوروپا لە کۆنگۆ لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٦دا، سیاسەتەکانی پاریس لە ئەوروپا فەشەلیان هێناوە، بەتایبەت لە ئۆپەراسیۆنی بەشداربوونی لەشکری ئەوروپا لە وڵاتی تشاد لە ساڵی ٢٠٠٨، هەموو هەوڵەکانی پاریسی

لەناوبرد. هێرشبردن بۆ سەر چالاکییەکانی پاریس لە لیبیا، بەرلین بە کارێکی سەرەکیی خۆی دەزانێت. ئەوەی کە ئەمڕۆ ئاشکرا بوو: بەرلین یەکسەر پێچی کردەوە بۆ لای دەسەڵاتدارانی نوێی لیبیا و پێوەندیی بە شۆڕشگێڕە لیبیاییەکانەوە کرد، بەو هیوایەی شتی باش بکەن. ئەوەبوو وەزیری ئابووری Rösler Philipp سەردانی تەڕابلووسی کرد. هەروەک ڕۆژنامە ئابوورییەکان بڵاویان کردەوە، فڕۆکەکەی وەزیر، پڕی بوو لە سەرۆکی کۆمپانیاکانی ئەڵمانیا، کە هەموو هیوایان ئەوە بوو، کە لە سەحرای لیبیادا، بازرگانییەکی باش و قازانجێکی زۆریان دەست بکەوێت.

کۆمپانیای Wintershall لەپاش چەند ڕۆژێک لەم سەفەرە، ئیعلانی کرد، کە جارێکی تر لە سەحرای لیبیادا بەدوای نەوتدا دەگەڕێت و کارەکەی پێشووی دەست کەوتووەتەوە. جێگەی گوتنە لە هاوینی ٢٠١١دا حکوومەتە شۆڕشگێڕە نوێکەی لیبیا، هەڕەشەی لە کۆمپانیاکان کرد، کە چیی تر کار بەو عەقدە تیجیاریانە ناکەن کە پێشتر قەزافی لەگەڵ کۆمپانیاکان کردبووی. لەلایەکی تریشەوە کۆمپانیای. RWE Dea بە ملیارد یۆرۆی سەرمایەگوزاری لە بواری نەوت و گازدا کرد، بۆ ئەوەی جێ پێی خۆی لەم وڵاتەدا قایمتر بکات.

جێگەی گوتنە ئەمڕۆ لەناو خودی یەکەتیی ئەوروپادا، شەڕێکی گەورە لەسەر وڵاتی لیبیا هەیە. لەلایەکی تریشەوە ئەو حکوومەتە نوێیەی لیبیاش، پێ ناچێت بتوانێت کارەکان بە باشی بەرێت بەڕێوە، چونکە لە کۆمەڵێک گرووپ و میلیشیای جیاواز پێک دێت. لەبەر ئەوە کۆمەڵێک پرسیار بەکراوەیی دەمێنێتەوە و، ناشتوانین بەو سەرکەوتنەی پاریس کە لە پایزی ٢٠١١ لە لیبیا کردی، دڵمان خۆش بێت. کەس نازانێت لەوانە بێت بەسەرکەوتنی ئەڵمانیا کۆتایی پێ بێت.

## بازرگانیی چەک و تەقەمەنی

بەدڵنیاییەوە یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی خیلافی نێوان فڕەنسا و ئەڵمانیا، سیاسەتی بەرلین جەزائیرە. ئەم وڵاتە تەنیا لەبەر بوونی بازرگانی گازی سروشتی نییە کە لە جەزائیردا هەیە: بگرە ئەم وڵاتە خاوەنی یەک لەسەر دەی یەدەگی جیهانی گازە.

لەلایەکی تریشەوە، بەپێی ڕاپۆرتی ئەنستیتووی بەرلین بۆ زانستی سیاسی Berliner Stiftung Wissenschaft und Politik.SWP کە لە سەرەتای ٢٠١١ بڵاوی کردەوە، جەزائیر یەکێکە لەو وڵاتانەی، کە لە داهاتوودا ڕۆڵێکی سەرەکی لە باکوری ئەفریقیا دەگێڕێت و دەبێتە هێزێکی گەورەی ناوچەیی. ئەمەش وای کردووە کە حکوومەتی ئەڵمانیا پێوەندییەکی توندوتۆڵ لەگەڵ حکوومەتی جەزائیردا ببەستێت و ببێتە خاڵێکی سەرەکی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیا لە باکوری ئەفریقیادا. بەرلین و جەزائیر هاوپەیمانییەکی توند کۆیان دەکاتەوە بەتایبەت لە ڕووی دژایەتیکردنی هاتنی کۆچبەرەکان کە بەرلین حەزیان پێ ناکات، هەروەها بۆ دژایەتیکردنی هێنانی کەلوپەلی قاچاخ و بازرگانیی قاچاخچێتی.

لە کۆتاییی ساڵی ٢٠١٠ لە چاوپێکەوتنێکی نێوان ئەنجیلا مێرکلی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا و

عەبدول عەزیز بوتەفلیقەی سەرۆکی جەزائیر، کۆمەڵێک کۆمپانیای گەورەی ئەڵمانیایی بەشداریی ئەم کۆبوونەوەیە بوون. بەتایبەت ئەو کۆمپانیایانەی کەلە سەحرای جەزائیردا چالاکییان هەیە، لەپێش هەمووشیانەوە: کۆمپانیای EADS چەک و تەقەمەنی و کۆمپانیاکانی تری ئەم بوارە وەکو Zeiss Carl ،Cassidian, Rhode & Schwarz، جێگەی گوتنە ئەمانە لە ناوەڕاستی ٢٠١١ بازرگانیی خۆیان دەستکەوت. هەر لەبەرئەوەی پێوەندییە بازرگانییەکە گەرمتر بێت، ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەییی ئەڵمانیایی، لە هاوینی ٢٠١١ گڵۆپی سەوزی بۆ سەفقەیەکی گەورەی فرۆشتنی چەک و تەقەمەنی بە جەزائیر داگیرساند، کە دەگاتە نزیکەی ١٠ ملیارد یۆرۆ.

کۆمپانیای ThyssenKrupp دەیەوێت کەشتیی جەنگی بفرۆشێت و ڕاهێنانیش بە ئەفسەرانی دەریایی جەزائیر بکات. کۆمپانیای Rheinmetall und MAN دەیەوێت کۆمەڵێک تانکی جۆری Fuchs بە جەزائیر بفرۆشێت، هەروەها کۆمەڵێک چەکی نوێ بە سووپای جەزائیری بفرۆشن. جگەلەوەش دەیانەوێت کۆمەڵێک چەک و تەقەمەنیی تر بە وڵاتانی تری عەرەبی بفرۆشن. ئەمەش قازانجێکی زۆر بە کۆمپانیاکانی چەک و تەقەمەنیی ئەڵمانیا دەگەیەنێت.

کاری هاوبەش و بازرگانی لەگەڵ ڕژێمی جەزائیری زۆر باش دەڕوات بەڕێوە. لەبەر ئەوە بەرلین زۆر بە ترسەوە سەیری "بەهاری عەرەبی" دەکات لەم وڵاتەدا و نایەوێت بگاتە جەزائیر، چونکە ترسی لەو سەفقە بازرگانییە زۆرە هەیە، کە لەگەڵ ڕێژیمی جەزائیری کردوویەتی. هەروەها دەترسێت ئەم بەهارە لە جەزائیر، زەرەری بۆ فرۆشتنی چەک و تەقەمەنیی ئەڵمانیایی هەبێت.

بەهەمان شێوەش لەگەڵ مەرۆکۆ "مەغریب"دا، هەرچەندە هەر زوو بەهاری عەرەبی لێرە وشک بوو. حکوومەتی ئەڵمانیا بازرگانییەکی زۆر باشی لەگەڵ ڕێژیمی مەلەکیی مەرۆکی کردووە، بۆ نموونە پرۆژەی Desertec کە بەشێک لە حاشیەی مەلەکیش لەم پرۆژەیەدا بەشدارن. هەروەها کۆمەڵێک کۆمپانیای تری ئەڵمانیایی لە مەرۆکۆ چالاکن، بەتایبەت ئەو کۆمپانیایانەی کە پشت بە هێزی کاری هەرزان دەبەستن. گەر بەرلین لە وڵاتانی "تونس و میسر" پشتگیری لە هێزە شۆڕشگێڕەکانی "بەهاری عەرەبی" کردبێت، زیاتر پێوەندیی بە داڕشتنی هاوکێشە سیاسییە نوێکانەوە هەیە. بە مانایەکی تر، پێویستە هەموومان ئەو ڕاستییە بزانین، هەموو سیاسەتێکی ئەڵمانیا لە باکوری ئەفریقیا، دەبێت پێوەست بێت بە بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و، ئەو سیاسەتەش خزمەتی ئەو بەرژەوەندییانە بکات.

تێبینی: ناونیشانی ئەم وتارە بەناوی "یەدەگەکان، ڕێگەی بازرگانی، بازاڕەکان" بوو. من پێم باش بوو ناونیشانەکەی بۆ "بەهاری عەرەبی و شەڕی دەوڵەتانی ڕۆئاوا لەسەر وزە و ڕێگەی بازرگانی و بازاڕەکان"، چونکە زیاتر ماناکەی بە خوێنەری کورد دەگەیەنێت.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی یونگەڤێلتی ئەڵمانیایی.

Jörg Kronauer,Ressourcen, Handelswege, Absatzmärkte..www.jungewelt.de

# بەرەنجامەکانی بەهاری عەرەبی کامانەن

ڤۆلکەر بیرتس*



هەستی شۆڕشگێڕی، یەکێکە لە گۆڕانکارییە گەورەکانی گێتیی عەرەب، لە هەمان کاتیشدا ئەم گۆڕانکارییانە هەموو ناوچەکەش دەگرێتەوە. لێ هێشتا وەکو ئەم گۆڕانکارییانە تەواو نەبوون، پێ دەچێت تەواوبوونیان کارێکی زۆر ئاڵۆز بێت، ڕێک وەکو ئەو شێوەیەی کە لە ئەوروپای ڕۆهەڵات رووی دا، لەوانەبێت خوێناویتر و کاتێکی زۆرتریشی پێ بچێت. هەتاوەکو ئێستا تەنیا سێ دیکتاتۆری ملهووڕ رووخاون، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ دەوڵەتێکی عەرەبی ناتوانێت خۆی لە بەرامبەر

................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

تەوژمی توورەییی جەماوەر ڕابگرێت، ئەو تەوژمەی کە لە تونس و میسرەوە دەستی پێ کرد و هەموو ناوچەکەی گرتەوە. دیارە لە حاڵی حازردا ئەم دەوڵەتانە (مەبەستی تونس، میسر، لیبیاییە... وەرگێڕ)، شانسێکی گەورەیان هەیە بۆ ئەوەی بتوانن سیستەمێکی دیموکراسییانە دابمەزرێنن. بەڵام بەرەنجامی ئەم گۆڕانکارییانەش، تا ڕادەیەکی زۆر ڕوون و دیارە، کە وای کردووە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان دەوڵەتە عەرەبییەکاندا پەیدا ببێت، بەو شێوەیەی کە ئەمڕۆ بە ڕوونی دەیبینین. هەرچەندە هاووڵاتییانی ئەو دەوڵەتە جیاوازانەش، لەم ماوەیەی دواییدا زۆر لە یەکتری نزیک کەوتنەوە.

پێ دەچێت سەختترین ئەرک بریتی بێت لە: دروستکردنی حوکمێکی سیاسیی نوێ لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و باکوری ئەفریقیادا. سیستەمێکی حوکمڕانی بەرپرس و دانا کار بۆ بەرەو دیموکراسیبوون بکات، یان هەوڵ بدات زیاتر جەماوەر بەشداریی حوکمڕانی وڵات بکەن، لەو شێوەیەی کە ئەمڕۆ هەیە. دیارە ئەم کارەش چەندین ساڵی پێ دەچێت و دەیەوێت. بە دڵنیاییەوە هیچ گرەنتییەکیش نییە بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە بەسەرکەوتوویی تەواو بێت، بەتایبەت بەنیسبەت ئەوروپاوە، کە بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت کاریگەر بێت لەسەر ڕەوتی ئەو پرۆسەیەی کە دەکەوێتە ناوچەیەکی نزیک بەخۆی، تەنانەت ناشتوانێت پێشبینیی دوا بەرەنجامەکانی بکات.

لێرەدا دەتوانین حوکمێکی گشتگیرییانە دەربکەین و بڵێین:

باری سیاسی و کۆمەڵایەتی لەو دەوڵەتانە، سیمای حوکمێکی ئێجگار خراپ دەیبردن بەڕێوە، کە بەشێوەیەکی ترسناک مافەکانی مرۆڤ و کەرامەتی مرۆڤی تێدا پێشێل دەکرا. هەروەها سیستەمێکی گەندەڵ، چەوسێنەر، وە بەشێوەیەکی تایبەتیش ژنان و گەنجان، گەورەترین بەشیان لەم چەوساندنەوەیە بەردەکەوت. لە هەمان کاتیشدا ئەم ڕژێمانە، سیمایەکی ملهووڕی و تاکڕەوی و دیکتاتۆرییان پێوە دیاربوو. واتە تەنیا کەسێک حوکمی دەوڵەتێکی دەکرد.

## تێگەیشتن لە چەمکی دیموکراسی جێگەی جەدل و نیقاشێکی زۆرە

خراپ بەکارهێنانی نامۆراڵی بۆ چەمکی پشتگیریکردن لە دیموکراسی

ئەم خراپ بەکارهێنانە لە کاتی داگیرکردنی عێراق ساڵی ٢٠٠٣ گەیشتە لووتکەی. لەو کاتەدا بیرمەند و ڕۆشنبیرانی حکوومەتی ئەمەریکا هەوڵیان دا ئەوە بەجیهان بڵێن: " کە ئەم داگیرکردنە ئامانجی ئەوەیە، پرۆسەی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا پێش بخات ".

لێ ئەوەی کە گێتیی عەرەب لەم داگیرکردنە لێی تێگەیشت ئەوە بوو، کە ئەم داگیرکردنە هیچ پرۆسەی دیموکراسیکردنی لە ناوچەکە نەبردە پێشەوە، بگرە بە پێچەوانە بوو. پێ دەچێت دژی ئەو بۆچوونە بین و بڵێین: " ئەمە هیچ کاری ڕۆئاوا یان هەر دەوڵەتێکی بێگانە نییە، کە پشتگیری لە پرۆسەی دیموکراسی بکات ". هەرچەندە ئەوروپا و ئەمەریکا هەموو کاتێک باسی دیموکراسی

دەکەن. ئەم قسەکردنەش تاڕادەیەک لە هەندێک شوێندا ڕژد بوون، ئەوەی جێگەی گومان نییە، کە هەندێک پرۆگرام بۆ نموونە ئەو پرۆگرامانەی کە لە ڕێگەی شەراکەتی نێوان دەوڵەتەکانی دەریای سپیی ناوەڕاست دروست بوو، ڕۆڵی هەبوو لە یارمەتیدانی چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەو دەوڵەتانەدا، بەتایبەت ئەوانەی کە لە بوارەکانی مافی مرۆڤ و ئازادیی ڕۆژنامەوانی و داوای دەوڵەتی مەدەنییان دەکرد، چالاکن.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بەشێوەیەکی زۆر، هەوڵ دەدرێت چەمکی " پشتگیریکردن لە دیموکراسی " خراپ بەکار بهێنرێت. ئەمە لە شەڕی داگیرکردنی عێراق ساڵی ٢٠٠٣ گەیشتە لووتکەی. ئەو کات زۆربەی نووسەران و بیرمەندانی سەر بە حکوومەتی ئەمەریکا، دەیانگوت ئەم شەڕ یارمەتیی بڵاوبوونەوەی چەمکی دیموکراسی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەدات. هەتاوەکو ئەمڕۆش هەندێک کەس بەشێوەیەکی دەبەنگانە دەڵێن:

«ڕووخانی ڕێژیمەکەی دیکتاتۆر سەدام حوسێن، کە لە ڕێگەی هێزی دەرەکی و بەدەستی ئەمەریکا ڕووخا، ڕێگەی خۆش کرد بۆ ئەوەی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی ڕووبدەن.»

بەڵام بۆچوونێکی دژ بەم بۆچوونە دەڵێن: ڕاستە شەڕی عێراقی ساڵی ٢٠٠٣، توانی ڕێژیمێکی دیکتاتۆری سەدام حوسێن بڕووخێنێت و لە کۆشکەکەی دەری بکات، بەڵام ئەم ڕووخانە تەمەنی دیکتاتۆرە عەرەبەکانی درێژتر کرد. لەلایەکی تریشەوە عێراق بۆ ماوەی چەندین ساڵ تووشی شەڕێکی ناوخۆیی بوو. بەڵام ئەو دەزگا دیموکراسییانەی کە دەسەڵاتی داگیرکەری ئەمەریکا لە عێراق دروستی کردن، هەتاوەکو ئەمڕۆش بەباشی کار ناکەن.

سەرۆکی سووریا ساڵی ٢٠٠٣ پاش داگیرکردنی عێراق گوتی: " عێراق تووشی فەوزاییەکی گەورە بووە.". ئەمەش پەیامێک بوو ئاراستەی گەلەکەی کرد، بۆ ئەوەی پێیان بڵێت، باشترە بۆتان کە بە حوکمی دیکتاتۆری و ملهوڕیی من ڕازی بن، دەنا وڵات وەکو عێراقی لێ دێت و تووشی فەوزا و شەڕی ناوخۆیی دەبێت. حوکمی دیکتاتۆریی من زۆر باشترە، تا حوکمی ئەو پسپۆڕە دیموکراتانەی کە دەوڵەتە ڕۆئاواییەکان دەیانەوێت بۆتانی بهێنن.

لە هەمووشی گرینگتر ئەوەیە، کە واشنتۆن و پایەتەختەکانی تری ئەورووپا، هەروەها مۆسکۆ و پەکینیش، لەم ناوچەیەدا هیچ ڕۆڵیان نەبووە بۆ پشتگیریکردن و یارمەتیدانی پرۆسەی دیموکراسی لە ناوچەکەدا. بگرە بە پێچەوانەوە، ئەوان لەپاش ساڵی ٢٠٠١وە بەشێوەیەکی چڕتریش لەپاش ساڵی ٢٠٠٣وە، ئەمان بەدوای شەریک و هاوپەیمانی باش لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و باکوری ئەفریقیا دەگەڕان، بۆ ئەوەی دژی شەڕی تیرۆری قاعیدە لەگەڵیان بن، لە هەمان کاتیشدا بتوانن ئارامیی ناوچەکە بپارێزن و بەرەو فەوزا و دەوڵەتی فاشیل نەچێت. هەروەها ترسیش لە بەهێزبوونی نفوزی ئێران لە ناوچەکە و زیادبوونی تەوژمی ئیسلامیی سیاسی، هۆکارێکی تر بوو. بەنیسبەت ئەورووپاشەوە، ترسیان لە زۆربوونی تەوژمی هاتنی پەنابەران و کۆچبەرانەوە لە ناوچەکەوە بۆ

ئەوروپا هەبوو، لە هەمان کاتیشدا دەترسان کە نەتوانن کۆنترۆڵی بکەن.

دیارە ڕاستە ئەوروپا و ئەمەریکا زوو زوو ئاگەدارییان ئاراستەی ڕێژیمەکانی ناوچەکە دەکرد، کە دەست بکەن بە ریفۆرمی سیاسی و ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرن. لێ بۆ ئەم پەیامانە لە قاهیرە و تونس و، یان لە ریاز و ریبات و ڕامەڵلا، تێگەیشتنی تری بۆ دەکرا. دەتوانم بڵێم بەم شێوەیە بوو:

کێ پشتگیرمان دەکات لە دژی هەڕەشەکانی تیرۆری ئیسلامی و هەوڵ دەدات ئارامی لە ناوچەکەدا بپارێزێت، ئەو کەسە دەبێتە شەریک و دۆستی ئێمە، یان بەپێی چەمکی سیاسیی ئەمەریکایی ئەمانە وەکو " یاریزانێکی میانڕۆ دادەنرێت ". بەبێ ئەوەی هیچ گوێ بدەینە ئەوەی کە ئاخۆ ئەم ڕێژیمانە چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ هاووڵاتییانی خۆیان دەکەن. بەلام ئەوەی کە هاوکاریمان ناکات و پشتگیریی شەڕی " دژە تیرۆر " ناکات، ئەوا " دیموکراتیزەبوونی " بەسەردا دەسەپێنین.

## ئیسلامییەت یان فەوزا

حوسنی موبارەکی دیکتاتۆر، کەبۆ ماوەیەکی زۆر حوکمی میسری کرد، بەنیسبەت ئەوروپاییەکانەوە وەکو پاڵپشتێکی گەورەی ئارامی لە ناوچەکە و گرەنتییەکی گەورە لە دژی ئیسلامیی توندڕۆ دادەنرا. بە دڵنیاییەوە زۆربەی سەرکردە عەرەبییەکان لەم یارییەدا بەشدارییان کرد، هەر هەموویان بێ سنوور ئامادە بوون، یارمەتی پێشکێشی ئەمەریکا بکەن و ببنە شەریک لە



شەڕ دژ بە ڕێکخراوی قاعیدە و شەڕ لە دژی ئێران بکەن. دیارە ئەمەش زیاتر لەبەر بەرژەوەندیی شەخسیی خۆیان بوو. بەڵام بەنیسبەت ئەورووپاوە، زۆربەی ئەو حاکمە دیکتاتۆرانە خۆیان وەکو ڕاگری ئارامیی ناوچەکە دادەنا، تاکە ئەلتەرناتیف بۆ ئەوانیش، ئیسلامییە توندڕۆکان بوون یان بڵاوبوونەوەی فەوزا (دیارە هەروەک خۆیان دەیانگوت). بەتایبەتی ئا لەم خاڵەدا سەرۆکی میسری حوسنی موبارەک و سەرۆکی تونسی زین عابدین بن عەلی، زۆر سەرکەوتوو بوون.

دیارە کۆمەڵێک هۆکار یارمەتیی ئەوەیان دا، کە ئەم گۆڕانکارییە گەورانە ڕوو بدەن و ئەو وەزعە سیاسییە چەقبەستووەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە ساڵی ٢٠١١دا بتەقێننەوە. کۆمەڵێک هۆکاری تەکنەلۆجی و کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگی و ئابووری ڕۆڵیان هەبوو. بە دڵنیاییەوە بوونی کۆمەڵێک کەناڵی ئاسمانی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان " فەیس بووک، تویتەر " ڕۆڵی گرینگیان هەبوو، بۆ بڵاوبوونەوەی خێرای ناڕەزاییەکان لە هەموو وڵاتدا. هەروەها بەرزبوونەوەی نرخی شتومەکی خۆراکی، هێندەی تر بەنزینی بەئاگری ناڕەزاییەکانی هەژاران کرد. لە هەمان کاتیشدا بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتەکانی سایتی ویکیلیکس، کە بەشێکی زۆری ئەو قسانەی پشتڕاست کردەوە کە پێشتر لە کۆمەڵگەکاندا، لەبارەی حوکمی گەندەڵ و دژە مرۆڤی لە تونس و دەوڵەتەکانی تری گێتیی عەرەبی.

لێ گرینگترین هۆکار کە بووە دروستبوونی ئەم گۆڕانکارییە گەورانەی ناوچەی عەرەبی، هۆکاری دیموگرافیایی بوو. دیارە شۆڕشی عەرەبی ساڵی ٢٠١١ لەپێش هەمووشتێکدا شۆڕشێکی گەنجان بوو. ڕێژەی گەنجان لە کۆمەڵگە عەرەبییەکاندا ٢٠بۆ ٣٥ ٪ بوو. بە واتایەکی تر ئەوانەی کە لە ساڵانی ١٩٧٥ تا ١٩٩٠ لەدایک بوون، ڕێژەی ٣٠٪ لە کۆی دانیشتوانی دەوڵەتە عەرەبییەکان پێک دەهێنێ. بە واتایەکی تر: شۆڕشگێڕەکان لە گێتیی عەرەبیدا لە کاتێکدا لەدایک بوون، کە تەقینەوەیەکی گەورە لە ژمارەی دانیشتوان لە ناوچەکەدا پەیدابوو.

کەواتە هیچ جێگەی سەرسوڕمان نییە، گەر ئەم نەوەیە، ڕابەری شۆڕشی گەلانی میسر و تونس و دەوڵەتانی عەرەبی بکەن. لە کاتێکدا ئەمان لە ڕووی خوێندەوارییەوە زۆر لە نەوەکانی تر باشتر بوون، هەروەها لە ڕووی پێوەندی و تێکەڵاوییان بە جیهانەوە زۆرتر بوون. هەموو ئەمانەش بە پلەی یەکەم: بەرەنجامی ئەو ریفۆرمانە بوو کە دەوڵەتە عەرەبییەکان لەم چەند ساڵەی دواییدا لە کەرتی پەروەردە و خوێندن کردبوویان. کەچی ئەنجامی ئەم ریفۆرمە بەرەو ئەم بەرەنجامەی بردین: ئەمڕۆ گەنجان لە وڵاتانی عەرەبی، ڕێژەیەکی زۆریان بێکارن. ئەم ڕێژەیەش لە چاو شوێنەکانی تری جیهاندا زۆرترە.

## شۆڕشی گەنجان

ئەوەی جێگەی سەرنج و تێڕامانە، ئەوانەی کە تەمەنیان لە نێوان بیست یان بیست وپێنج یان سی ساڵیدایە، هەر هەموویان نەوەیەکن کە یەک ئەزموونیان هەیە. دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی بڵێین

لە ریباتەوە بۆ ریاز، وە بەهەموو ناوچەکانی تری گێتیی عەرەبیدا، ئەم نەوەیە هەستیان دەکرد، کە لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە هەڵخەڵەتێنراون. هەروەها ئەم نەوەیە، هیچ بژێوییەکی ژیانی نییە، یان بژێوییەکی زۆر کەمی هەیە، هەروەها ناشتوانێت ببێتە خاوەنی شوقەیەک یان شوێنێکی شایستەی ژیان. وە بەبێ بوونی شوقەیەکیش، ئەو گەنجانە ناتوانن خێزانێک دروست بکەن. هەروەک دیارە، لە کۆمەڵگە کۆنەپارێزەکاندا، گەنجان ناتوانن بەبێ بوونی خێزان، پێوەندیی سێکسیان هەبێت.

ئەوان جیاوازییەکی گەورە دەبینن لە بژێوی ژیاندا، هەروەها دەبینن کە سیاسەت لە باشترین حاڵەتیدا، بووەتە سەفقەیەکی تیجاری، وە لە ڕاستیشدا سەفقەیەکی تیجاری بوو، کە نوخبە سیاسییەکەی کە حوکمیان دەکات، ئەم سەفقانە دەکەن. یان ئەوەتا بۆ ئەوەی بژێوییەکی باشیان دەست بکەوێت، دەبێت پێوەندییەکی باشیان بە ئەندامانی خێزانی نوخبە سیاسییەکەوە هەبێت. وە بەحوکمی ئەوەی ئەوان هەموو رۆژێک سەیری ئینتەرنێت دەکەن، ئەو هەواڵانە دەخوێننەوە، کە چۆن دیپلۆماسییە ئەمەریکاییەکان دان بەو ڕاستییەدا دەنێن، کە سەرکردە عەرەبییەکان گەندەڵ و خراپن. هەروەها دەبینن کە چۆن پۆلیس و ئاسایش، رۆژانە پەلاماری گەنجان و خەڵکی دەڤەرەکان و کرێکاران و نەیارەکانیان دەدات و ئازاریان دەدەن.

وە بەم شێوەیە ئەزموونەکان هاوبەش بوون، ئەوانەی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا دەستیان کەوتووە، وای لێکردن کە هەموویان ببنە یەک نەوە. بە دڵنیاییەوە ئەم نەوەیە ساڵی ٢٠١١، بوو بەنەوەیەکی سیاسی. بەواتایەکی تر، لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕش لە تونس پاشانیش لە میسر و دەوڵەتانی تری عەرەبی.

لەلایەکی ترەوە ئەم نەوە سیاسییە، خۆی وا دەبینێتەوە، کە لایەنێکی بەهێز و کاریگەرە، هەر بۆیە پێویستە لایەنەکانی تر بەو شێوەیە سەیری بکەن. (واتە وەکو لایەنێکی بەهێز و کاریگەر، چیی تر لایەنێکی بێهێز نییە و قبووڵ ناکات پەراوێز بخرێت... وەرگێڕ)

هەروەها ئەو داواکارییانەی کە لە ناوچە جیاجیاکاندا بەرز دەکرێنەوە، هەر هەموویان یەک شتن و جیاوازییەکی وایان نییە. لەلایەکی ترەوە ئەم داواکارییانە لەگەڵ ئەو داواکاری و دروشمانەی کە لە ساڵانی هەشتا و نەوەتەکاندا بەرز دەکرانەوە هیچ جیاوازییان نییە، تەنیا لە دوو دروشم نەبێت ئەویش برێتین لە: " ئیسلام چارەسەرە" یان دروشمی " مەرگ بۆ ئیمپریالیست و زایۆنیزم ". ئەوەی جێگای تێڕامانە، لەم شۆڕشانەدا دروشم و داواکارییەکان لە ئایدۆلۆجیا ڕووت کرابوونەوە، هەر ئەمەش جیاوازیی سەرەکییە لەگەڵ ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینانەی تر کە لە گێتیی عەرەبیدا ڕوویان دا. ئەمانە نارەزاییی " پاش ئیسلامییە "، هەروەک بیرمەندی فرەنسایی ئولیفەر رۆی ناوی لێ ناوە. ئەم شۆڕشانە هیچ پێویستییان بە "ئایدۆلۆجیا " نەبوو، هەروەک جاران بەسەر ناوچەکەدا زاڵ بوو. بەواتایەکی تر: دوور بوو لە ئایدۆلۆجیای ئیسلامی و نەتەوەپەرستی عەرەبی.

## نەوەی ۲۰۱۱

نەوەی ۲۰۱۱، نەوەی گومان بوو. ئەو بە گومانەوە بۆ هەموو ئایدۆلۆجیاكان دەڕوانی، لەناویشیاندا ئایدۆلۆجیای ئیسلامی. بەشێكی زۆری ئەم نەوەیە، خەڵكانی ئاینپەروەرن، لێ ئەوان سەیری ئیسلام وەكو ئایدۆلۆجیایەك ناكەن. چیی تر ئەم نەوەیە باوەڕ بەو پروپاگەندانە ناكات، كە سیستەمە دیكتاتۆرەكان بڵاوی دەكەنەوە.

ئەم نەوەیە ئەوەی بینی كە چۆن نەوەی باوك و مامۆستاكانیان بە گومانەوە سەیری ڕا و بۆچوونەكانی حكوومەتیان دەكرد، چۆن بە تۆپزی بەسەریاندا دەسەپێنن، یان داوایان لێ دەكەن كە لە بۆنە فەرمییەكاندا ستایشیان بكەن. هەموو ئەندامی خێزانێك باش دەیزانی كە هەڵبژاردن و ڕاپرسی لەبارەی سەرۆكایەتییەوە لە وڵاتانی سووریا و میسر و تونس، كە زۆرجار ئەم پرۆسەیە وەكو " مبایعە " وابوو بۆ حاكمە دیكتاتۆرەكە، ناتوانێت هیچ گۆڕانكارییەك بكات. هەروەها باش لەو ڕاستییە تێ گەیشتبوون، كە ئەو پارتانەی كە حوكمی وڵاتیان دەكرد و بە خۆیان دەگوت " دیموكراسی "، لە ڕاستیدا وا نەبوون و ئامانجیان تەنیا پارێزگاریكردن لە دەسەڵاتێك بوو، كە نوخبەیەكی بچووك دەیبرد بەڕێوە.

هەروەها باشیشیان دەزانی هەموو ئەو هەڵمەتانەی كە بە بەردەوامی لە دژی گەندەڵی دەكران، هیچ ڕۆڵیان نییە و شمولی گەندەڵە گەورەكان ناكات و ناتوانێت گەندەڵی لەناوبەرێت. خاڵێكی گرینگی تر ئەوەیە كە زۆربەی سیاسییە عەرەبییەكان، هەموو كاتێك سەری زمان و بنی زمانیان، " هاوكاریی عەرەبی و پشتگیریكردنی فەلەستین " بوو. كەچی گەورەترین دەوڵەتی عەرەبی كە " میسر"ە، سنووری بەرامبەر فەڵەستینییەكان دادەخات " كەرتی غەزە" ، لە هەمان كاتیشدا گەورەترین یارمەتیی ئیسرائیل دەدات لە سیاسەتی گەمارۆی دژ بە فەلەستینییەكان. لەلایەكی تریشەوە لەو ڕاستییە باش تێ گەیشتبوون، كە ڕێژیمە عەرەبییەكان هەر باسی سەروەرییە مێژووییەكانیان بۆ دەكەن، لە حاڵەتێكدا ئەو سەروەرییانە، هیچ شتێكیان بۆ ئەمڕۆ پێ نییە، یان بەواتایەكی تر، ناتوانێت چارەسەری كێشەكانی ئەمڕۆیان بۆ بكات.

### پێویستیمان بە دروشمی " ئیسلام چارەسەرە " ، " مەرگ بۆ ئیسرائیل " نییە

دیارە زۆربەی شۆڕشە عەرەبییەكان كە لە ساڵی ۲۰۱۱ بەرپا بوون، لە هیچ وڵاتێكدا، شۆڕشێكی ئیسلامی نەبوو، تەنانەت لە ناخیشیدا هیچ جۆرە بیرێكی ئیسلامیی لەگەڵ خۆی هەڵنەگرتبوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئیسلامی سیاسی ڕۆڵی سەرەكی دەگێڕێت. لە هەموو دەوڵەتە عەرەبییەكاندا دەیانەوێت، پارتێكی جەماوەریی وەكو پارتی " یەكسانی و گەشەپێدانی توركی " دروست بكەن. بەڵام ئەم پارتە پەلی زیاتر دەهاوێت، لەگەڵ كرانەوەی سیستەمی سیاسی، پارتە ئیسلامییەكان خۆیان بەسەر كۆمەڵگەدا دەسەپێنن و دەبنە پارتی زۆرینە.

ئەمەش بە ڕوونی لە میسردا بەدی دەکرێت، پاش ئەوەی کۆمەڵێک لێی جیا بوونەوە لە پارتی " ئیخوان موسلمین " ڕووی دا، کە پێشتر ئەندامانی ناچار بوون خۆیان کۆ بکەنەوە و یەکگرتوو بن، چونکە بەشێوەیەکی ناشەرعی و بە دزییەوە کاری سیاسییان دەکرد. ئەم جیابوونەوەیەش لەناو ئیسلامی سیاسیدا، لە ڕاستیدا پێوەندیی بە جیابوونەوەی لایەنگرانی بیری پراگماتیکی و ریفۆرمی و ئوسوولییەوە هەیە. بە واتاییەکی تر ئەمە شەڕی نێوان " پراگماتیک و ریفۆرمییەکان" لەگەڵ ئوسوولییەکان بوو.

## ڕەتکردنەوەی تەفسیری تیرۆری جیهادی

یەکێک لە پەیامە باشەکان، کە لە شۆڕش و ڕاپەڕینە عەرەبییەکانەوە پێمان دەگات ئەوەیە، کە ئەم شۆڕشانە، دژی بیری جیهادی چەکداری و تیرۆرە " کە خۆی لە ڕێکخراوی قاعیدە دەبینێتەوە". کاتێک کە بزووتنەوە نارەزاییەکان داوای ئازادیی تاکەکەسی و دیموکراسیی زیاتر دەکەن، ئەمە بە شێوەیەکی ڕادیکاڵانە دژ بە ئایدۆلۆجیای قاعیدەیە. کاتێک ئەیمەن زەواهیری، کە دەستی ڕاستی ئوسامە بن لادن بوو، هەروەها جێگەنشینی ئەویشە پاش کوژرانی بن لادن، پاش سێ مانگ بەسەر تێپەڕینی شۆڕشی میسری، پەیامێکی ڤیدیۆیی پێشکێش بەگەلی میسر کرد و تێیدا گوتی: هەتاوەکو دەوڵەتێکی ئیسلامیی کامڵ دروست نەکەن، شۆڕشەکەتان نوقسانە. بەڵام زەواهیری هیچ گوێیەکی دەست نەکەوت بۆ ئەوەی گوێی بۆ بگرێت.

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە کە ئایدۆلۆجیای قاعیدە، لەلایەن نەوەی شۆڕشەوە، شتێکی پڕوپووچ و بێ مانایە. بگرە چەمکی "دەسەڵاتی گەل" کە دەیەوێت "گۆڕانکاری" بکات ، زیاتر لەلای گەنجەکانەوە مەقبووڵترە هەتاوەکو ئایدۆلۆجیای قاعیدە کە بریتییە لە " توندڕۆیی و تیرۆر".

* ڤۆلکەر بیرتس:

پسپۆڕە لە بواری ناوچەکانی ڕۆهەڵاتی ناڤین، ئێستا بەڕێوەبەری ئەنستیتووی ئەڵمانیاییە بۆ ئاسایش و سیاسەتی نێودەوڵەتی کە بە " SWP " ناسراوە و بنکەکەشی لە شاری بەرلینە. نووسەر کۆمەڵێک لێکۆڵینەوە و کتێبی لەبارەی کێشەکانی ڕۆهەڵاتی ناڤین و گێتیی عەرەبییەوە نووسیوە.

سەرچاوە: سایتی قنطرە.

de.www.Qnatara. فولکر بريتس. ماهي حصيلة الثورات العربية ؟ ترجمة: صفية مسعود

# هەولێر لە سەردەمی عەباسییەکاندا
# هەوڵێک بۆ ڕۆچوون بە مێژوودا

د. موحسین محەمەد حوسێن



## پێشەکی

ئاخۆ ڕاستە کە دەبێ تەنیا توێژەرانی کورد لە مێژووی خۆیان بکۆڵنەوە؟ ئاخۆ خەڵکی غەیرە کورد مافی ئەوەیان نییە بە شێوەیەکی بابەتییانەتر لەم مێژووە بکۆڵنەوە؟ ئاخۆ کورد بۆیان هەیە "ڕێگری بکەن" لەوەی خەڵکی تر لەبارەی مێژوویانەوە بنووسن؟ ئەمە کە لەبارەی کوردەوە دەگوترێ بۆ خەڵکی تریش بەهەمان شێوەیە.

لە ڕاستیدا هەردوو دۆخەکە ڕووی ئەرێنییان هەیە، هەروەها هەردووکیشیان ڕووی نەرێنییان

..............................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەوف عەبدوڕەحمان

هەیە. باسی ڕووی ئەرێنیی دۆخی یەکەم ناکەم، چونکە ئاشکرایە، بەڵام نەرێنییەکەی بریتییە لەوەی کە ڕەنکە توێژەرانی کوردی هەڵەکانی ڕابردووی کۆمەڵگەی خۆیان ناکەن و تێبینیی کورتبینیی حوکمڕانانیان ناکەن یان خۆیانی لێ گێل دەکەن، هەروەها چاوپۆشی لە لەنگی و هەڵەکانیشیان دەکەن، بەتایبەتی لەبەرئەوەی هۆگری دۆخی خۆیان بوونە و لەگەڵیدا ژیاون و لەوانەیە پێشیان خۆش بێ و لەگەڵی ڕاهاتبن. لەوانەیشە خۆشەویستییان بۆ نیشتمانەکەیان و جەختکردنیان لەسەر لێبووردن لەو هەڵانەی ڕوویان داوە، بۆ جێبەجێکردنی ئەو وتەیەی دەڵێ "تەنیا باسی چاکەی مردووانتان بکەن"، بگرە هەڵەکان بە هەڵە نازانن و تەنیا بە ڕووداوگەلێکیان دادەنێن کە ڕوویان داوە و تەواو! نووسینەوەی مێژوویش، بێگومان جیایە لە توێژینەوەی و ئەمە ئاشکرایە.

لە دۆخی دووەمیشدا، باسی لایەنە ئەرێنییەکانی دەکەم. بێگانە کاتێ مێژووی کۆمەڵگەیەک یان گەلێک دەنووسێتەوە، نووسینەکەی زۆربەی کات بابەتیترە لە هی ڕۆڵەکانی وڵاتەکە. چونکە بێگانەکان بەبێ هەستکردنی بە ئینتیما دەڕوانە مێژووی ئەو کۆمەڵگەیە و، ڕوانینیان بۆی بێلایەنانەترە تەنیا لە دۆخێکدا نەبێ کە خاوەن بۆچوونی پێشوەختە بن لە پێناو خزمەتکردنی ئامانجگەلی دیاریکراودا. وەک ئەوەی دوکتۆر سامی سەققار کاتێ تێزی دوکتۆراکەی لەبارەی مێژووی هەولێر لە سەردەمی ئەتابەکییەکاندا نووسی بەناوی "اربيل في العهد العباسي ومؤرخها ابن المستوفي = هەولێر لە سەردەمی عەباسییەکان و ئیبن مستەوفیی مێژوونووسەکەی" کە لە سعوودیە چاپ کراوە خانەی شەواف ڕیاز ١٩٩٢.

ئەو دووچاری کورتبینی هاتووە لە مامەڵەکردن لەگەڵ مێژووی ئەم شارەدا، ئەگەر نەڵێین تووشی تەسکبینیی نەتەوەپەرستی هاتووە. بۆیە پێویستە ئەوەی نووسیویەتی بدرێتە بەر تیشکی ڕووناکی. چونکە ئەو ئاوەزەی بەڕێوەی بردووە ئاوەزێکی دۆڕاو (کە بەڵگەکانی شکست دێنن) و لەگەڵ گیانی سەردەمدا نەگونجاو و نامۆ بەبۆچوونی عێراقییەک کە لای ڕوونە خەڵکی غەیرە عەرەبیش لەسەر خاکی دوو ڕووباردا هەن، سەرباری ئەوەی لە مەنهەجییەتی مێژوو لای داوە و کاتێک دەچێ باسی سەردەمێکی دوور لەو سەردەمە دەکا کە توێژینەوەکەی بۆی تەرخان کردووە کە لە نۆ دەیە تێ ناپەڕێ و، بازی داوەتە سەرەتاکانی سەدەی ١٩.

## پێشاندان

لە سەردەمی خوێندنمەوە دوکتۆر سامی سەید خەمیس سەقار دەناسم، لەو کاتەی لە خوێندنی ماستەر بووم (ساڵی ١٩٧٣) کاتێ لە ڕێی بڵاڤۆکی "آخبار التراث = هەواڵەکانی کولتوور"ـەوە کە کۆوەندی وڵاتانی عەرەب لە قاهیرە دەری دەکرد، زانیم خەریکی ساخکردنەوەی بەشی دووەمی کتێبەکەی ئیبن مستەوفیە "نباهة البلد الخامل، بمن ورده من الأماثل، في تاريخ أربل" و کارەکەی تەواو کرد و ساڵی ١٩٨٠ لە بەغدا چاپی کرد. دەسنووسی ئەو کتێبە لە کتێبخانەی (جستەر

بیـتی) له شـاری دبلن له ئێرلەندا لەلایەن ڕۆهەلاتناس (ئارتەر ئاربەری) لەنێـو دەسـتنووسـە عەرەبییەکاندا هاتبووە دۆزینەوە و پێش ساخکردنەوەی لەلایەن دوکتۆر سامییەوە، له ساڵی ١٩٦٢ چاپ کرابوو.

نامەم بۆی نارد بەو هیوایەی هەندێ زانیاریم بداتێ لەسەر پلانەکانی شاری هەولێر و ژینامەی ئەو کەسایەتییانەی هەڵکەوتوون لەو شارە دێرینەدا کە لە سەردەمی ئەتابەکییەکاندا دووبارە هەستایەوە سەرپێ، بەتایبەتی لە سەردەمی شای پایەدار سوڵتان موزەفەرەدین گۆگبەری کوڕی زەینەلعابدین عەلی کوچوک کوڕی بەکتگین. هەروەها لەسەر ئەو کەسایەتی و ڕۆشنبیرانەی لەو سەردەمەدا چوونەتە هەولێر. بێگومان پێویست ناکا ئەوە بڵێم کە دوکتۆر سامی زانیارییەکی وای نەدا پێم کـە شـایانی باس بێ و دوایین شت کـە بۆ منی نارد لەو توێژینەوەیەی خـۆیەوە دەری هێنابوو کە کۆواری کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی ڕیاز بڵاوی کردبووەوە بە ناوی "أهمیة التواریخ المحلیة کمصادر لتاریخ جزیرة العرب مع إشارة خاصة لتاریخ أربل = گرینگیی مێژووە ناوەخۆییەکان وەک سەرچاوە بۆ مێژووی دوورگەی عەرەب لەگەڵ ئاماژەیەکی تایبەت بۆ مێژووی ئەربل" و لە ٢٠ی نیسانی ١٩٨١دا ئیمزای خۆی لەسەر دانابوو.

دوکتۆر سامی، پلەی دوکتۆرای لەسەر تێزی "إمارة أربل في العهد العباسي (الأخیر) من سنة ٥٢٢هـ إلی ٦٣٠هـ = میرنشینی ئەربل لە سەردەمی (کۆتای) عەباسیدا لە ساڵی ٥٢٢ک تا ٦٣٠ک"، لە پێناو ڕاستیشدا دەڵێم کە لەو تێزەدا ژمارەیەک هەڵەی ڕاست کردووەتەوە کە توێژەری تر تێیان کـەوتبـوون (بۆ نموونە بڕوانە لاپەڕەکـانی: ٦٧، ٦٨، ٨٢) هاوشـێوەی ئەوەی لە سـاڵی ١٩٧٦دا کردمان کاتێ توێژینەوەیەکمان بڵاو کردەوە لە بەرگی چوارەمی کۆواری کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا بەناونیشـانی "قراءة ثانیة لما کتب عن تاریخ أربیل في العهد الأتابکي (الص ٥٢٠-٥٣٢) = خوێندنەوەیەکی دووەمی ئەوەی لەبارەی هەولێر لە سەردەمی ئەتابەکییەکان نووسراوە (ل ٥٢٠-٥٣٢)".

ئەوەی مەبەستمە لێرەدا، هەڵوەشاندنەوەی بوختانەکانیەتی لەمەڕ مێژووی ئەم شارە. داوای لێبووردنیش دەکەم بۆ بەکارهێنانی زاراوەی "بوختان" بەڵام شتێکی گونجاوترم نەدۆزییەوە هاوواتای بێ یان جێگرەوەی بێ، چونکە ئەمە سروشتی نووسینەکەیەتی و، ڕەنگە خۆی بە هەڵە لەوە تێگەیشتبێ کە نووسیویەتی.

بەناونیشـانی "الأوضاع القومیة في أربل = دۆخی نەتەوەیی لە ئەربل" لە لاپەڕە ١٧٩دا دەڵێ: هیچ ڕۆژێک لە ڕۆژان، ئەربل خـاوەن مـۆرکێکی نـەتەوەیی یەکگرتوو نەبووە. منیش لێی دەپرسم ئاخۆ هیچ شارێکی دێرین هەیە، کە کەوتبێتە بەر شاڵاوی چەندان میللەت و، دووچاری کارەساتی وەک ئەوانەی هەولێر بووبێتەوە، دەتوانێ زمان و کولتووری خۆی بپارێزێ و "خاوێنیی خەڵکەکەی" بپارێزێ و خۆی بەدوور بگرێ لە هەر "لێڵییەک" و بەردەوامی بە مۆرکی نەتەوەیی یەکگرتووی بدا، وەک ئەو دەڵێ. بۆ نموونە با هەندێ لە کۆنترین و مەزنترین ئەو شارانە وەرگرین کە کەوتنە ناو

دنیای ئیسلامەوە، وەک ئەستەمبۆڵ یان ئیسکەندەریە یان بەغدا و با بابلیش بدەینە پاڵیان، لەم شارانەدا زیاتر لە یەک نەتەوە ژیاون و زیاتر لە یەک کولتووریان لەخۆ گرتووە، ئەستەمبۆڵ کە پێشتر بیزەنتا بوو و دوای ئەوە بوو قوستەنتینییە و ئەلەستانە و ئینجا ئەستەمبۆڵ، چەندان کولتووری تێدا دەرکەوت، هەرچەندە گۆڕا لە دواییدا لەبەر هۆگەلێ کە پێویست نییە لێرە باسیان بکەین و، وای لێ هات زمانی فەرمیی دەوڵەت کە تورکییە ببێتە زمانی ئەم شارە، بەڵام ئێستا گەورەترین گردبوونەوەی کورد لەخۆ دەگرێ کە ژمارەیان لە ژمارەی دانیشتوانی هەردوو شاری دیاربەکر و هەولێر زیاترە، قاهیرەش کە فاتمییە عەرەبەکان دروستیان کرد، دواتر ئەیووبییە کوردەکان حوکمڕانییان تێدا کرد، دوای ئەوانیش مەمالیکی تورکی بەحری و بورجی و دوای ئەوان عوسمانییەکان. سروشتی دەریای ناوەڕاستی شاری ئیسکەندەریەش ڕوونە، کە پڕ دەبوو لە یۆنانی و ئیتاڵیاییەکان، لە کاتێکدا لە سەردەمی ئیسکەندەری گەورەدا دروست کرا و دوای زیاتر لە هەزار ساڵ عەرەبە موسڵمانەکان گرتیان. هەروەها شاری بەسرە کە زۆربەی زانیارانی فارس بوون و، ئەم شارە وەک ئەتینا بوو بۆ کولتووری ئیسلام. لە سەردەمی کۆنیشدا بابل کە یەکێکە لە دیارترین شارەکانی دنیای کۆن لەو ناوچەیە و، چەندان گەلی تێدا ژیان و، بووە بنکەیەک بۆ کۆبوونەوەی چەندان زمان تا گوترا "زمانەکان بەلبەلەیان تێ کەوت" وەک ئاماژە بۆ بابل بەهۆی تێکەڵیی نێوان کولتوور و زمانەکان لەو شارەدا.

ئەوەی نامۆیە لە بابەتی دوکتۆر سامی، ئەوەیە کە بۆ مەبەستی ڕەگەزپەرستانە باس لە ڕووداوەکانی هەولێر دەکا، ڕەنگە پاڵنەری سیاسیشی هەبێ، کاتێ دەڵێ: هیچ ڕۆژێک لە ڕۆژان هەولێر خاوەنی مۆرکی نەتەوەیی یەکگرتووی خۆی نەبووە، ئەمە (سەرباری) ئەوەی یاقوتی حەمەوی کە مامۆستا چی بەدڵ بێ لێی وەردەگرێ گوتوویەتی کە هەموو رستاقەکانی هەولێر و جووتیارانی و ئەوانەی دەدرێنە پاڵی کوردن. ئەم (سەربار)ە کە دوکتۆر بەنابەدڵی گوتوویەتی مەبەستی لێی ئەوەیە کە رستاقەکانی هەولێر "دەوروبەر و گوندەکانی"١ دەگرێتەوە، بەڵام شارەکە بەبۆچوونی ئەو کوردی نییە، بگرە وەک دواتر دەبینین گوندەکانی هەولێریش بە گوندی تورکمان دادەنێ.

ئینجا دوکتۆر پشت لە ڕاستی دەکا و دەقاودەق دەڵێ: دەڵێین کە "بڕوامان وایە"٢ ناوچەکە برێتی بووە لە تێکەڵەیەکی چەندان نەتەوە و، یاقوت "خۆی" لەبارەی دانیشتوانی شارەکەوە گوتوویەتی کە کورد بوونە و بوونەتە عەرەب (!). ئێمەیش دەپرسین، دەبێ کێ بن ئەوانەی دەبنە عەرەب یان ڕۆشنبیرییەکەیان دەعەرەبێنرێ یاخۆ زمانی ڕۆشنبیرییان، جگە لەوانەی کە لە بوارێکی مەعریفیی دیاریکراودا کار دەکەن وەک ئەوەی لێکدەرەوەی قورئان بێ یان شارەزای حەدیس یان فیقهزان، یان مێژوونووسێک (وەک ئیبن مستەوفی) یان شاعیر (وەک حاجری)... هتد، بەڵام ئاخۆ ئەمە بەو واتایە دێ کە شارەکە بەعەرەب بووە؟ یان شەقام و بازاڕ بەعەرەب کراون؟ ئاخۆ نوێژکەران لە مزگەوتی مزەفەرەدین گۆگبەری بۆ نموونە عەرەبی تێ دەگەیشتن،

ئەگەر وتارە ئاینییەکان بەعەرەبی بووبووایەن؟

بۆ دەبێ شـارەزاییی هەندێ کـورد و زانینیـان بۆ زمـانی عـەرەبی بقـۆزرێتـەوە و، سـوودی لێ وەرگیرێ لە دەرەوەی بەرژەوەندییەکانیـان و نکووڵی لەوەی کوردن و، بەعەرەب ناسینیـان، بەڵگەش ئەو زمـانەیە کـە لێی شـارەزان؟ ئاخۆ فـارس و بەربەر (ئەمـازیغ) بەعەرەبی نووسـینیـان نەدەکرد؟ ئەمە کردیانی بە عەرەب؟ مـەبەستم کەمکردنەوەی عەرەب نییە، بەڵام ئەوە (بەعـەرەبکراوە) وای لێ هاتووە نرخێکی زیاتر بە خـۆی بدا وەک دیارە بەوەی کە دەبێتـە یەکێک لە (میـللەتی) حـوکمڕانان، نەک تەنیـا ئەوە، بگرە دەبێتـە یەکێ لە میـللەت و زمـان و ئاینی پێڕەوانی قـورئـان، ئەمـە دۆخی ئەو بووە کاتێ خۆی لە میللەتی خۆی دابڕیوە.

بەڵام من قـایل نابم ملی ڕاسـتی بابدرێ و، کەسێک ئینتیمای شـارەکەم بسـڕێتەوە، کە هێشتـا بەهۆی پێگە جـوگـرافیـاییـیـەکـەی و لەبەرئـەوەی لە ناوەڕاسـتی دەشـتـێکی فـرەوانـە و، بەهۆی لێبووردەییی ناسـراوی دانیشـتـوانەکـەی، کـورد و تورکمـان و ئاسـووری (پێشـتـر جـوولەکـەش) و خەڵکی تریشی تێدا دەژین، بەبێ ئەوەی بە هیچ بیانوویەک هەوڵ بۆ دوورخستنەوەی هیچ کۆمەڵێک بدرێ.

با بگەڕێینەوە سـەر قسـەکانی دوکتۆر، ئەو هەوڵ دەدا پشت بە گێڕانەوەیەک ببەستێ کە تایبەتە بە شـەڕەکانی خـاچپـەرستـانەوە کە تێیدا گەلە موسـڵمـانە جۆرەوجۆرەکان بەشدارییان کرد، ئەم چیرۆکە هی عیمادەدینی کاتبی ئەسفەهانییە، کە دیارترین مێژوونووسی سەردەمی سـەڵاحەدینە، کە بەپێی ئەوەی دوکتۆر لێی گواستووەتەوە دەڵێ: عیمـادی ئەسفـەهانی لە کتێبی (الفتـح القسی فی الفتح القدسی، ل١٠٠) لە کاتی ئاماژەکردنی بۆ بەشداریی سـوپای هەولێر بە سەرکردایەتیی شا مزەفەرەدین گۆگبەری، پەسنی ئازایەتیی ئەو سوپایە دەکا کە پێک هاتبوو لە "سوارانی عەرەب و ئازایانی کورد و تورکە لەناوبەرەکان". ئینجا دوکتۆر بە ناڕەزاییەوە ئاماژە بۆ قسـەکەی دوکتۆر عەبدولقـادر ئەحمەد تڵێمات دەکا و ڕای دەگەیەنێ : لە قسەکانی دوکتۆر تڵێمـات٣ سەرم سوڕ دەمێنێ کاتێ دەڵێ "گومانی تێدا نییە کە مزەفەرەدین ئەو سوپایەی کە شەڕی خاچپەرستانی پێ کرد لە کورد پێکی هێنابوو".

من سەرسـام دەبم بەوەی توێژەرێکی میسری ڕاستی لەبارەی بوونی کوردەوە بڵێ بەپێچەوانەی هەندێ توێژەی عێراق و، لێرەدا جارێکی تریش دەڵێم و بەرپرسیارم لێی کە نە سوپای مزەفەرەدین گۆگبـەری و نە سـوپای فـەرمـاندەکەی و، خـاڵۆی دوو کـچـەکەی سـەڵاحـەدین یوسف کـوڕی ئەیووب یەک (سواری عەرەب)یان تێدا نەبووە. دوکتۆر خاشع عیادە مەعازیدی، ڕاگری کۆلێجی پەروەردەی بەغدا، کـە ٢٠ سـاڵی تەواو تێـیدا کارم کرد، گـفـتـوگـۆی لەگەڵمدا کـرد وەک ئەندامـێکی لیژنەی گفـتـوگۆ لەسـەر تێـزی دوکـتـۆراکەم لە ٩ی شـوبات ١٩٨١، لەبارەی پشـتـگوێخـسـتنـمـەوە بۆ ڕۆڵی عـەرەب لـە ڕووبەڕووبوونەوەی خـاچپـەرسـتـان لەناو سـوپای سـەڵاحـەدین، وەک ئەوەی من بێدادیم بەرامبـەریان کردبێ و خـۆم لە باسکردنی ڕۆڵیـان لە سـوپای ئەو سـەرکردەیەدا لادابێ. منیش لە

وەڵامدا داوام لێی کرد تەنیا یەک بەڵگەم بداتێ کە باسی بوونی عەرەب لەو سوپایەدا بکا کاتێکیش (دوکتۆر خاشع) لێمی پرسی بۆ بەشدارییان نەکردووە؟ بەم شێوەیە وەڵامم دایەوە: مێژوونووسان باسی هۆکارەکەیان نەکردووە، بەڵام ڕەنگە هۆکارەکە خاوەنەکانی ئەو زەوییە بن ئەگەر بۆ بەرگری لە خاکی خۆیان بەشدارییان کردبێ، ئەوا مێژوونووسان ناویان ناهێنن، لە کاتێکدا باسی ئەوانی تر (بێگانەکان) دەکەن. لەو کاتەدا هەستم کرد ڕاگری گفتوگۆکەر وەڵامەکەمی بەدڵ بوو و، بە دەنگی بەرز گوتی: دەسخۆش کاک موحسین.

کاری توێژەر ئەوە نییە ئەو چیرۆکە هەڵبژێرێ کە لەگەڵ ئارەزوو و بیرکردنەوەی ئەودا گونجاوە، بۆ ئەوەی بیسەلمێنی کە بۆچوونی خۆی ڕاستە، چونکە ئەم دیتنە پێشوەختە، یان با بڵێین حەزئامێزە، کار لەسەر ئاستی توێژەر دەکا و دەیکاتە کۆیلەی بۆچوونە تاکلایەنەکانی خۆی و، ڕاستگۆییی لێ دەستێنێتەوە. ئەمەش لای دوکتۆر سامی ڕووی داوە، ئەوەتا دەبینین لە کونج و قوژبنی سەرچاوەکاندا دەگەڕێ بەدوای ئەو شتەدا کە خۆی بەدوایدا وێڵە و لەگەڵ بۆچوونەکانیدا دەگونجێ. بۆ نموونە ئەمەی لە محەمەد ئەمین زەکی وەرگرتووە: لە ساڵی ٦٩٦ک/ ١٢٩٧ز فیتنەیەک لە هەولێر٤ دژ بە مەغۆلەکان و بە پشتگیریی کورد و عەرەبەکان قەوما، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە عەرەب و کورد بە یەکەوە و بە ژمارەی بەرچاو هەبوونە، بە جۆرێک کە بتوانن ئەو فیتنەیە دژ بە داگیرکەرێکی تاوانکاری وەک مەغۆل هەڵگیرسێنن.

دواتر دوکتۆر باز دەدا بەرەو دوورتر لەوە و، بۆ سەردەمی جێمس ڕیچ، نیشتەجێی (مقیم) بەریتانیایی لە عێراق و، گەشتەکەی لە ساڵی ١٨٢٠دا لە تێزێکی تایبەت بە مێژووی هەولێر لە سەردەمی عەباسییەکاندا (!). ئەوەی مەترسیدارە لێرەدا ئەوەیە کە قسەکانی گەڕیدەکەی "شێواندووە"، کاتێ دەڵێ: "دیارە ئەم تێکەڵییەی نێوان عەرەب و کورد لە سەردەمەکانی دواتریشدا بەردەوامیی هەبوو. چونکە گەڕیدەی ئینگلیز، ڕیچ، کە لە تشرینی یەکەمی ١٨٢٦دا سەردانی هەولێری کردووە٥، بە چاوی خۆی ڕەشماڵی عەرەبەکانی خێڵی (حەرب)ی لە دەرەوەی قەڵای هەولێر دیوە، لە کاتێکدا دانیشتوانی شارەکە تورک و کورد بوون". لە ڕاستیدا ڕیچ زاراوەی "دەرەوەی قەڵای هەولێر"ی بەکار نەهێناوە و، بە هیچ جۆرێک ناوی قەڵای نەبردووە. بگرە ئەمە دەقی قسەکەیەتی کاتێ گەیشتووەتە نێزیک هەولێر: "ڕەشماڵەکانمان لە نێزیک کارێزێک، یان جۆگەیەک کە هی حاجی قاسم بەگ بوو٦، هەڵدا کە کەمێک لە باشووری ڕۆئاوای شارەکەوە دوور بوو" (نەک لە قەڵاوە کە ئەوسا دڵی شارەکە بوو، جیاوازیش زۆرە لە نێوان (نێزیک شار) و (ناوجەرگەی شار)دا. ئینجا ڕیچ لە قسەکانی بەردەوام دەبێ و دەڵێ: لە بەرامبەر ئێمەشدا کۆمەڵەیەکی بچووک لە خێڵی حەربی عەرەب ڕەشماڵیان هەڵدا" (نەک ئەو جێیە نشینگەی خێڵێکی عەرەب بووبێ)، لە وەسپەکەی ڕیچ وام هاتە بەرچاو کە عەرەبەکان٧ خەڵکێکی چەپەڵ و ڕەنگ زەرد و، نەویستراو بوون٨، بەڵام "دانیشتوانی هەولێر کورد و تورک بوون"٩، هیچ تێکەڵییەک لەوەدا نییە کە ڕیچ دەیگێڕێتەوە، بابەتەکە تەنیا خوارکردنەوەی ملی ڕاستییەکانە.

دوکـتـۆر سـامی تا پێی دەکـرێ شـوولی لێ هەڵدەکـێـشـێ بۆ ئـەوەی سـیـفـەتی کـوردبوون و کوردستانیبوون لە هەولێر و گوندەکانی دابماڵێ و، دەڵێ: (تورکەکان) تا ئێستاش١٠ نیشتەجێی ژمارەیەکی (بەرچاوی) گوندەکانی هەولێرن و ڕاستکردنەوەی ئەم (زانیارییەی ئەو) بۆ خوێنەر و بۆ (تورکەکان) خۆیان بەجێ دەهێڵم. خوازیاریشم توێژەرێک دێیەکم پێشان بدا کە تا ئێستا: دانیشتوانەکەی تورک یان تورکمان بن. چونکە تورکمان تەنیا لە شاری هەولێردا بوونیان هەیە١١. بەڵام ئەوەی گرینگە بەلای ئەم توێژەرەوە ئەوەیە بیسەلمێنێ کە هەولێر شارێکی کورد نییە، ئینجا جارێک دەیکاتە (عەرەب) و جارێک (تورک/ تورکمان).

دوای ئەمە دوکتۆر لە (گەشتە میزاجییەکەی) خۆیدا بەرەو تەوەرە خۆشەویستەکەی خۆیمان دەبا کە "عەرەببوونی" هەولێرە و، دەڵێ: بۆ ئەوەی بزانین تا چەند هەولێر بەعەرەب بووە، بەباشم زانی بڕگەیەک تەرخان بکەم بەناوی (بوونی عەرەبی لە هەولێر) مەبەستیشم لەمە تەنیا مەبەستێکی زانستییانەی ڕووتە و پێوەندیی بەهیچ بابەتێکی سیاسییەوە نییە (هەروا).

دوکتۆر دەگەڕێتەوە قووڵایی مێژوو: هەولێر شارێکی ئاشوورییە (!)، ئاشوورییەکانیش وەک ئاشکرایە بەڕەچەڵەک سامین، بەڵام شەڕوشۆڕ وەک دەردەکەوێ سیفەتی دانیشتوانی شارەکەی گۆڕیوە، هەرچەندە کەمینەگەلی نەسرانی لە گوندەکانی سەر بە هەولێردا ماون، ئەمانەی ڕەنگە کەمینەی بەڕەچەڵەک ئاشووری و ئارامی بن. دوکتۆر باسی ئەوەی بۆمان نەکرد چۆن عەرەب لە وڵاتانی دوورەوە (دزەیان) کـرد و هەولێریان بەناوی ئاین و بڵاوکردنەوەی ڕێنوێنی و زمانی ئاینەوە، داگیر کرد، یان چۆن تورکمان بەناوێکی ترەوە (دزەیان) کرد، چونکە دزەکردن لە هزری دوکتۆردا تایبەتە بە کورد. لەبەرئەوەی عەرەب بە هیچ شێوەیەک لە چیاکانی دەوروبەرەوە دزەیان نەکردووەتە خاکی کوردستان (!).

دوکتۆر بە سەوداسەرییەکی سەیرەوە لە یاقووتی حەمەوی شت هەڵدەبژێرێ و وەردەگرێ، بەڵام تەنیا ئەوە هەڵدەبژێرێ کە خۆی پێی خۆشە و گشت ئەوەی تر کە ئەم شارەزای وڵاتانە نووسیویەتی، ڕەت دەکاتەوە. هەروەها ئەوانەش ڕەت دەکاتەوە کە شارەزاکانی تری وڵاتان نووسیویانە، لەبەرئەوەی ئەوەی ئەوان نووسیویانە لەگەڵ ئامانجەکەی ئەم یەک ناگرنەوە. بۆیە داوا لە بەڕێزیان دەکەم سەرنج بداتە ئەوەی ئیبن حەوقەل نووسیویەتی، هەروەها ئەبولقاسم نوسەیبی کە پێش یاقوت بە دوو سەدە و نیو کتێبێکی بە ناوی (وێنەی زەوی) نووسیوە. با بە دوو چاوی کراوەوە بیخوێنێتەوە و بزانێ چ بێدادییەک بەرامبەر بە کورد کراوە تا ئەو ڕادەیەی کە ناچار کراون بەشێکی زۆری خاکی خۆیان بەجێ بهێڵن بۆ داگیرکەران، هەندێ جار بە ویستی خۆیان (!). با ئەوە بخوێنێتەوە کە چۆن کورد بۆ نموونە لە تکریت و مووسڵ بوونی هەبووە١٢، با بزانێ چۆن عەرەب (دزەیان) بۆ ئەم دوو شارە و شارگەل و هەرێمگەلی تری کوردستان و وڵاتانی تریش کردووە، پێش ئەوە و پاش ئەوەش و، چۆن ناوەکانیان گۆڕی و بۆ هەندێ ناو شتی دوور لە ژیرییان دروست کرد. یاقووت لەبارەی زاراوەی"ئەربل"ەوە بەجۆرێک کە گومان و دڵنیایی تێدا تێکەڵن،



دەڵێ: "ئەگەر ئەربل عەرەبی بێ" ئەوا لە رەبل وەرگیراوە ئەمیش بەقسەی (زمانزانی گەورە) ئەسمەعی، رەبلیش جۆرە دارێکە ئەگەر دنیا سارد ببێ و هاوین تەواو ببێ بەبێ ئەوەی بارانی بەرکەوێ گەڵای سەوز دەردەکا١٣.

حەمەوی مافی خۆیەتی چی هەڵهێنجێ چۆنی بۆ بچێ، چونکە نازانێ ئەو شارە لە سەردەمی سۆمەرییەکانەوە هەیە، ڕەنگە پێش ئەوانیش هەبووبێ و، ناوەکانی (ئەربیرە، ئەربیلیۆن، ئەربائیلۆ، ئەربیلا، ئەربل، ئەربیل، ئیرۆل، هەولێر... هتد)ی هەبووە، بەم بۆنەیەوە ناوی ئەربیل هیچ پێوەندییەکی بە (شاری چوار خوا ئەربائیلۆ)وە نییە وەک هەندێ خوێنەر بۆی دەچن، لەوانەش دوکتۆر سامی، چونکە شارەکە نە ئاشوورییە و نە سامی.

داگیرکەرانی عەرەب هەرچەندە دانیشتوانی شارگەلێکیان وەدەر نا و ناوی شارگەلێکیان گۆڕی و شارگەلی تریان بەعەرەب کرد، نەیانتوانی ئەم کارە لەگەڵ هەولێر بکەن، بەڵام کە خەڵکەکەی بوونە موسڵمان و شارەکەیان بووە بەشێک لە دنیای ئیسلام، هەندێکیان دەستیان کرد بە فێربوونی زمانی خاوەنانی ئاینەکە و دواتر زمانەکە بووە زمانی ڕۆشنبیری و کارگێڕی... هتد. بەڵی شارگەلێکی لە ژماردن نەهاتوو بەعەرەب کران وەک عێراق و شام و میسر و ئەفریقیا و ئەندەلووس و مۆریتانیا و سوودان و... هتد. کاتێکیش لە هەندێ لەو (نیشتمانانە)دا نیشتەجێ بوون بە نیشتمانی کوردانیشەوە، هەر بەشێکیان تایبەت کرد بەو خێڵەوە کە بوونە دەسەڵاتداری ناوچەکە و دانیشتوانەکە بوونە (شوێنکەوتەی عەرەبەکان) و ناوی ئەو خێڵەی لێ نرا. بۆ نموونە (دیار بەکر) و (دیار رەبیعە) و (دیار موزەر) و وای لێ هات ئەم ناوانە ناوە ڕاستەقینەکانیان

شاردەوە و، بۆ نموونە ناوی (ئامەد) بەفەرمی لادرا و بوو بە (دیاربەکر) و بەم شێوەیە.

لەوانەیە شوێنکەوتوونی ئەم قوتابخانەیە، کە نەوەی ئەو داگیرکەرانەن، بڵێن ئێمە مافی زیاترمان لەم شار و ناوچانەدا هەیە، با دانیشتوان و ڕاستیش سەریان بدا لە بەرد. من خۆم شتێکی وام دی لە پرۆفیسۆرێک کە ڕاگری ئەو کۆلێجە بوو کە من ٢٠ ساڵ لە بەغدا کارم تێدا کرد دوکتۆر خاشع مەعازیدی نییە کە پێشتر ناوم هێنا ئەو ڕەتی دەکردەوە شارۆکەی (جزیرا بۆتان) کە عەرەب ناویان ناوە (جەزیرە ئیبن عومەر) بە شارۆکەیەکی کوردی بێتە ژماردن و، لەبەرئەوەی لە مێژوو و جوگرافیاشدا نەزان بوو، ڕای گەیاند کە کوردی نییە و گرینگ نییە بەلای ئەوەوە عەرەبی بێ یان تورکی، هەرچەندە دەکەوێتە کوردستانی باکور "لە تورکیا". بەڵێ پرۆفیسۆر عەبدوڕەحمان نەجم ئەلعانی ئەو ڕاستییەی ڕەت کردەوە، سەرباری ئەو سەرچاوانەی کە خستمە بەردەستی و دەیانسەلماند ئەو شارۆکەیە کوردە، لەوانەش نووسینی یاقووت حەمەوی و ڕۆهەڵاتناسانی وەک سخاو و مینۆرسکی لە ئینسایکلۆپیدیای ئیسلام کە وەرگێڕدراوەتە سەر چەندان زمان. بەڵام جەنابی ڕاگر مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی شارۆکەیەکی عەرەبییە لەبەر ناوەکەی. پێم گوت تەنیا ناو بەس نییە بۆ سەلماندنی ڕاستیی ئینتیمای شارێک، ئەوەتا ناوی بەغدا عەرەبی نییە و پێویست ناکا ناوی ئەو شارانە بێنی کە عەرەب تیایاندا نیشتەجێ بوون و حوکمڕانییان دەکەن و، بە سەتان و هەزاران ساڵ پێش ئیسلام هەبوونە٧. ئەو ڕاگرە زانیارە بۆ ئەوەی گفتوگۆکەمان یەکلا بکاتەوە ڕای گەیاند ئەو شارۆکەیە عەرەبییە و تەواو.

ساڵی ١٩٨٣ لە بەرگی ١٠ی کۆواری کۆڕی زانیاری عێراق دەستەی کورد لە لاپەرە ٤٦٢- ٤٩١، لێکۆڵینەوەیەکم بڵاو کردەوە بە ناونیشانی "ئیبنول ئەسیر مێژووی ڕووداوە ناسیاسییەکانی سەردەمی خۆی تۆمار دەکا، تێیدا باسی کارەساتە سروشتییەکانی سەردەمی ژیانی ئەو مێژوونووسە هەیە، وەک بوومەلەرزە و زریان و لافاو و هێرشی کوللە... هتد. دوای بڵاوکردنەوەی پێشکێشی لێژنەی پشتگیریم کرد لە کۆلێجەکەی خۆم، ئەو لێژنەیەش هەواڵەی شارەزایانی کرد، کە یەکێک لەو شارەزایانە ڕاگری ناوبراو بوو و، لەبەرئەوەی زۆر سەری بەکاری حزبی و کارگێڕییەوە قاڵ بوو، وەک خۆی پێمی گوت، کەم جار کاری هەڵسەنگاندنی لێکۆڵینەوەی دەکرد. وەڵامی لێژنەکە برێتی بوو لە ڕەتکردنەوەی هەڵسەنگاندنی ئەو لێکۆڵینەوە تا ئەو کاتەی لێکۆڵەرەوە "هەڵەکان"ی ناو لێکۆڵینەوەکە "ڕاست" دەکاتەوە، هەڵەکان زانستی نەبوون و مەنهەجیش نەبوون و هیچ پێوەندییان بە زمانی لێکۆڵەوەوە و کرۆکی بابەتەکەوە نەبوو. بگرە تایبەت بوون بە ئینتیمای ئەو شارۆکە غەدر لێکراوەوە هەبوو، چونکە (جزیرە ابن عمر) شارێکی عەرەبییە و هیچ پێوەندیی بە کوردەوە نییە (!) بۆیە دەبێ ئەو هەڵانەم (کە خۆم تێوە گلاندوون!) ڕاست بکەمەوە و ڕاستکردنەوەکانم لە ژمارەی داهاتووی هەمان کۆواردا بڵاو بکەمەوە، ئەگەرنا لە پارەی پاداشتەکەی بێبەش دەکرێم.

وەکو باو بوو تا ئێستاش باوە نابێ لێکۆڵەرەوە ناوی شارەزاکە بزانێ و، دەبێ ئەو ناوە بە

نهێنی بپارێزرێ. بەڵام ئەو ڕاگرە بۆ ئەوەی هەستم بورووژێنێ و گاڵتە بە نەریتی پاراستنی نهێنیی ئەو ناوە بکا، منی لە ڕێڕەوی بەردەم ژووری ڕاگرایەتی ڕاگرت و خۆی و مەبەستەکانی خۆی بۆم ئاشکرا کرد.

منیش پێم گوت: دوکتۆر، تورکیا دان بە هەبوونی کوردستاندا نانێ و، ئەوان بەردەوامن لە لکاندنی کوردستان بە وڵاتی خۆیانەوە، وەک چۆن ساڵی ١٩٣٦ لیوای ئیسکەندەرۆنیان بە وڵاتی خۆیانەوە لکاند.

هەر پێوەست بەمانەوە، دوکتۆر سامی سەققار لە بۆچوونەکانیدا هیچ جیاوازییەک نییە لە دوکتۆر عەبدوڕەحمان عانیی جیا بکاتەوە. بۆیە پێیان دەڵێم: برایان، کەمێک دادپەروەر بن، کورد دزەیان نەکردووەتە هەولێر و نەشیانکردووەتە (جزیرا بۆتان پایەتەختی میرنشینی کوردی بۆتان و، پێش ئەوەیش هی مەروانییەکان)، ئەم دوو شارە کوردستانین و ڕەگەزپەرستانی عەرەب و تورک هەوڵی لاوازکردنی بوونی کوردیان تێیدا داوە و بێ سوود بووە و ئەمەیان لە شاری تریشدا کردووە و لە هەندێکیان وەک تکریت و مووسڵ سەرکەوتوون، لێرەدا کەرکووکیش دەخەمە پاڵیان چونکە غەیرە کوردن دزەیان بۆ ئەم شارە کردووە نەک کورد.

دەگەڕێمەوە سەر قسەکانی دوکتۆر سامی لەبارەی (دزەکەرانەوە) بۆ ئەوەی بزانین کێن ئەوانەی دزەیان کردووە و، کێن ئەوانەی زمان و کولتووری خەڵکی تریان بەسەردا سەپێنراوە، جارێک لەژێر پەردەی ئاین و جارێک بەناوی (یەک نیشتمان)ـەوە و جارێک بە ناوی... هتد، قسەی یاقەتیش ئەمە دەسەلمێنێ، کە ڕای دەگەیەنێ: زۆربەی دانیشتوانی ئەربل کوردن بەڵام عەرەبێنراون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە یاقووت لە کاتی سەردانی بۆ شارەکە لە ساڵی ٦٢٦ک/ ١٢٢٨ز کە لەو ساڵەشدا مرد١٤، بینی، وەک دوکتۆر دەڵێ، دانیشتوانی عەرەبن (هەروا) هیچ نەبێ بە زمان، ئەمەش تەواو سروشتییە (!) ئەگەر ئەوە بزانین کە زمانی عەرەبی لە سایەی قورئاندا زاڵ بوو بەسەر گشت ئەو ناوچانەدا کە ئیسلامیان پێ گەیشتبوو، لە هیندستانەوە تا ئەندەلووس و، بووە زمانی گفتوگۆ و لێک تێگەیشتن.

دەگەڕێمەوە سەر هەڵوەشاندنەوەی هەڵەکانی دوکتۆر سامی: ڕاست نییە کە یاقووت دیبێتی خەڵکی هەولێر عەرەبن و، نەدەبوو ڕەگەزپەرستیی دوکتۆر لەوەش زیاتر ناڵێم بگەیشتایەتە ئەو ڕادە ناشیرینە. چونکە یاقووت ئاشکرا دەڵێ خەڵکی هەولێر بە زمانی کوردی دەئاخڤن و، چەند شیعرێکی شاعیرێکی گومناویی هێناوە (ڕەنگە ویستبی ناوبانگ دەربکا و پارە قازانج بکا) کە (نەوشیروانی بەغدادییە) و بە (شەیتانە کوێرەکەی عێراق) ناسراوە. یاقووت لە کاتی باسکردنی ئەربل ناوی دێنێ و دوو قەسیدەی بڵاو کردووەتەوە، لە یەکێکیان زەمی شارەکە دەکا و لەوەی تریاندا پێیدا هەڵدەدا و، حەمەوێ لە یەکێ لە دوو سەردانەکەی بۆ هەولێر هەردوو قەسیدەکەی دەست دەکەوێ، ئەو لە ساڵی ٦١٣ک و دواتر لە ٦١٧ک لە سەرەتای سەتەی ١٣ی زایندا سەردانی هەولێری کردووە. قەسیدەی یەکەم ٢٠ دێرە لە هەجوی هەولێر و خەڵکەکەی و، باسی بازاڕەکەی

دەکا و ئاماژە بۆ وشە کوردییەکانی دیالێکتی هەولێر دەکا و ئاماژە بۆ هەندێکی تر دەکا بە دیالێکتی بەغدایی بەمەبەستی گاڵتەجاڕی و، شین بۆ بەختی ڕەشی خۆی دەگێڕێ کە بەرەو شارێکی بێ خێروبێری بردووە وەک ئەو شاعیرە شەیتانە دەڵێ.

هەجوی ئەو بۆ هەولێر لە شیعرەکەیدا مەبەستی لە دوا هەبووە و، بە دنەدانی یەکێ لە ڕیشسپییانی مووسڵ بووە لە بەرامبەر بەخشیشێکدا و نەزانیی ئاڵۆسکاوی خۆی هەڵی خەڵەتاند، وەک توێژەرێکی پسپۆڕ لە ئەدەب و زمانی کوردیدا دەڵێ١٥ ، ئەمەش وای کرد سیفەتی ناشیرین بداتە پاڵ هەولێرییان و گاڵتە بە ناوە باوەکانی١٦ ئەو سەردەمەی شارەکە بکا.

قەسیدەی دووەم کە یاقووتی حەمەوی نووسیویەتییەوە لە ١٩ دێڕ پێک هاتووە و، تێیدا بەغدادیی شاعیر پەشیمانیی خۆی پێشان دەدا لە هەجووی شارەکە و، داوای لێبووردن لە هەولێرییەکان دەکا و ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە شەیتانەکەی فریوی داوە بۆ ئەوەی زێدەڕۆیی لەو کارە گەوجانەیەدا بکا، وەک خۆی دەڵێ. بۆ جەختکردن لە پەشیمانی دێڕە شیعرەکانی بۆ هەجووکردنی خۆی تەرخان کردووە و بۆ شکاندنەوەی ناوبانگی خۆی و خێزانەکەی و تەنانەت ناوبانگی دایکیشی، (ئەم چەند دێڕەی لێ وەردەگرین):

قد تاب شيطاني وقد قال لي: لا عدت بعدها أهجو لأربلا
فقلت ما في الموصل اليوم لي معيشة، قالت: دع الموصلا
وعمتي قادت على خالتي، وأمي القحبة رأس البلا
يا أربليـــــين اسمعوا كلمة، قد قال شيطاني واسترسلا:
فالآن عنكم قد هجا نفسه، بكل قول يخرس المقـــــولا

واتە:

شەیتانم تۆبەی کرد و پێمی گوت: ئیتر لەمەودوا هەجوی هەولێر ناکەم
گوتم ئەمڕۆ نیمە لە مووسڵدا ژیان، گوتی: لە مووســــڵ گەڕێ
میمکم گەوادیی لەسەر پوورم کرد، دایکە قەحپەکەشم سەرچاوەی بەڵا
هەولێرییان گوێ بگرن یەک وشە، شەیتانەکەم گوتی و لەسەری ڕۆیی
ئێستا لە جێی ئێوە هەجوی خۆی کرد، بەقسەگەلێ قسەدان لاڵ بکەن

دەگەڕێمەوە سەر ئەو پرسیارەی ورووژاندم، لەسەر دزەکردنی داگیرکەران بۆ ئەوسەری خاکی کوردستانی باکور، ئەوان توانییان دزە بۆ شوێنی نێزیکتر بکەن و، باسی تکریت و مووسڵم وەک نموونە کرد. ئیبن حەوقەل (ئەبوقاسمی نوسەیبیی مووسڵیی بەغدایی) کە لە ساڵی ٣٥٧ک/ ٩٧٧ز مردووە، کاتێ باسی شارەکانی عێراق دەکا، لەبارەی تکریتەوە دەدوێ و ئاماژە بۆ کەوانێک دەکا لە واستەوە کە سنووری عێراقە تا سنووری شاخەکان، ئاوەدانیی تێدا کەمە و گوندی تێدا هەڵخراون و زۆرینە تێیدا کورد و ڕەوەندە عەرەبەکانن و لەوەرگەی ئەمانە١٧.

لەبارەی مووسڵیشەوە، کە گەورەترین شاری هەرێمی جزیرەیە پەسنی باخچە و باڵەخانەکانی دەکا کە بە بەرد و گەچ دروست کراون و، ئینجا باسی ڕێوبان و ئوتێل و گەرماو و گۆڕەپانەکانی دەکا. دوای ئەوە دەڵێ: "دەشتایی و گەڕەکی زۆری هەیە، خێڵی عەرەبی وەک ڕەبیعە و مودەڕ و یەمەن و خێڵی کوردی وەک هەدەبانی و حەمیدی و لاری١٨ بە هاوین دەچنە هاوینەهەوارەکانی و بە زستان دەچنە زستانەهەوارەکانی". ئینجا دەڵێ: مووسڵ شارێکی ڕووگەیە (خەڵکی دەوروبەر رووی تێ دەکەن) بەهۆی بازاڕ و پیشەگەری و خێروبێر و هەرزانییەوە و عەرەبە ڕەوەندەکان لەوێ بازاڕییان دەکرد و کوردەکانیش لە دەوروبەریدا نیشتەجێ بوون"١٩.

بەم شێوەیە، کورد لەو شارانەیانەوە کە هاوسنوورن لەگەڵ ئەو شوێنانەی بوونە واری ئەوانەی لە قووڵاییی بیاوانەوە هاتوون، دزەیان پێ کرا، نەک وەک ئەوەی مامۆستا دەڵێ "دزەیان کرد". لەوانەشە کوردستان دیارترین ئەو نیشتمانانە بێ کە خاکەکە لەگەڵ بەسەرچوونی ڕۆژگاردا لە کورتیی دابێ و، بێگانەی تێدا نیشتەجێ بووبن لەسەر حسێبی خەڵکەکەی کە لێبوورده و دڵفرەوان بوون لەگەڵ دزەکەراندا، چونکە کورد ئەوانیان بە برای ئاینی و نیشتمانیی خۆیان دانا و، دۆخی کورد وای لێیان کرد لە شار و شارۆکەکانیان (پاشەکشە) بکەن، هەروەها بەهۆی بەهێزی و زاڵبوونی (برای گەورە) کە کردیانە نەریت لە نشینگە نوێیەکانیاندا.

لە ڕاستیدا کورد بەشێکی تا ڕادەیەک زۆری ئەو بەرپرسیارەتییە هەڵدەگرن، کاتێ لە هەردوو دۆخدا لە نیشتمانی خۆیانەوە ڕاگوێزران، لە دۆخی یەکەمدا لێبووردەیییان گۆڕا بەجۆرێک لە لاوازی و لەگەڵ بەسەرچوونی ڕۆژگاردا هەندێ لە مافەکانی خۆیان لەدەست دا، کورد بۆ ئەوە نەبوونە موسڵمان کە بکرێن بەعەرەب و نیشتمانی خۆیان، کە تا دەهات بچووک دەکرایەوە، بەجێ بهێڵن. لە دۆخی دووەمیشدا لاوازیی ئەوان بووە مایەی بەهێزیی داگیرکەران و، ڕەنگە بەهێزترین هۆکاری ئەم لاوازییە یەکنەگرتن و پەرتبوونیان و گوێنەدانیان بێ بەوەی کە بەسەریاندا دەهات و، بەوەی وا تێ دەگەیشتن ڕاگواستن کە خێڵە نەیارەکەی ئەوان دەگرێتەوە پەیوەندیی بەوانەوە نییە و (خێڵی) ئەمان و (شاری) ئەمان ناگرێتەوە کە ئەمە کورتبینیی هەندێکیان بوو، هۆکاری ئەو کورتبینییەش بەهێزیی هەستی خێڵەکییانە و لاوازیی هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی بوو، بەهۆی و وەک ئاکامێکی بەهێزیی ئەو گیانە تەسکبینە. هەروەها ئەوان تەنیا شاری خۆیان بە نیشتمان دەزانی و شوێنانی تریان بە نیشتمان نەدەزانی ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە خێڵ یان شار بوو بە نیشتمان و، نیشتمان کورت کرایەوە بۆ خێڵێک یان شارێک و ئەم دۆخەیان لێ خۆش هات. ئەمەش هۆکاری بنەڕەتییە بۆ نەبوونی قەوارەیەکی تایبەت بەخۆیان. کورد لە خەڵکی تر زیاتر بوون بە موسڵمان و، بۆیە شایانی "ناتۆرەی" ئەو ڕەگەزپەرستانە بوون کە بوونی کوردیان لە شاری گەورەی کورد بەلاوە سەیرە. ئیتر ئەم شارەیان کردە شارێکی ئاشووری، کە وا نییە و، لە ڕاستیدا زۆر لەوان کۆنترە و، ئینجا جارێک دانیشتوانی بەعەرەب دادەنێن و جارێک بە تورک، ئەگەرچی لە وڵاتی عەرەب و تورکەوە دوورە، ئەو عەرەب و تورکانەی چەند سەدەیەکە دزەیان کردووە بۆ ناو

هەندێ لە شارەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست.

بەهەڵەداچوون و دەلەسەکانی دوکتۆر سامی زیاتر و زیاتر هەڵدەکشێن، ئەوەتا دەڵێ: سوڵتان محەمەد بن تەکشی خەوارزمی شیعری بەعەرەبی دادەنا و، ئەو خەوارزمییانەی چوونەتە هەولێر عەرەبییەکی باشیان زانیوە.

بۆچی ئەم مامۆستایە ئەم قسانە دەکا؟ ئەو وا دەڵێ بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە هەر کەسێک عەرەبی بزانێ و شیعر بەعەرەبی دابنێ دەبێتە عەرەب، بەڵام ئاخۆ من خاوەنی ئەم وتارە زیاتر لە چوار دەیەیە شیعر بەعەرەبی دادەنێم و، پێم وایە لە خەوارزمییەکان زیاتر عەرەبی دەزانم، ئاخۆ خۆم و خەوارزمییەکان لەپێش منەوە بووین بەعەرەب؟

مامۆستا لەسەر ئەم تەسکبینییە بەردەوام دەبێ و، بە شێوازە نەگونجاوەکەی خۆی، دەڵێ: ئەربل لە توانیدا نەبوو لە هەرێمە ئیسلامییەکانی تر جیاواز بێ و لەوان (دوابکەوێ). زیاتریش دەڵێ: "بەتایبەتی لە کاتێکدا کە ئەربل لە بەغدای پایەتەختی خیلافەتەوە نێزیک بوو". ئەو زیاد بە ئاواتەکانی خۆیدا ڕۆ چووە، چونکە هەولێر گەلەک لە مەندەلی و بەدرە و جەسان و خانەقین و جەلەولا و سەعدیە و کەلار و کفری و کەرکووک دوورترە و، ئەم شارانە نەبوونە شاری عەرەبی. ئینجا سەرباری ئەوەی باسی نێزیکیی هەولێر لە بەغدا دەکا، دەڵێ هەولێر لە مووسڵی پایەتەختی باکوریشەوە نێزیکە (هەروا). پێویستە دوکتۆر زانیارییەکانی خۆی ڕاست بکاتەوە، چونکە مووسڵ بە چەندان شارۆکە دەورە دراوە کە دانیشتوانیان کوردی موسڵمان و ئێزدی و تورکمان (وەک تەلەعفەر) و هەروەها برایانی کریستیانن، بەڵام ئەو شارانە لە رووی پاکتاوی ڕەگەزیدا وەستاونەتەوە و زمان و کولتووری خۆیان پاراستووە، هەرچەندە لە (پایەتەختی هەرێمی باکور!)ـەوە، وەک بە مووسڵی دەڵێ، نێزیکن.

دوکتۆر نەیتوانی لە دەلەسەکانی تا کۆتا بەردەوام بێ، بۆیە دان بەوەدا دەنێ و دەڵێ "ڕاستە هیچ عەرەبێک حوکمڕانیی ئەربلی نەکردووە (!) چونکە ئاشکرایە کە حوکمڕانانی ئەربل لە بنەماڵەی ئەبیل هەیجا کورد بوون و، بنەماڵەی بەکتگین تورکمان بوون. لێرەدا دوکتۆر دەیەوێ بڵێ هەولێر لە سەردەمی عەباسییەکاندا عەرەبێنراوە، بەڵام حوکمڕانانی کوردی هەدەبانی و تورکەکانی بنەماڵەی گۆگبەری بوونە.

لە دانپێانانەکەی تریشیدا دەڵێ: "بەڵام ئەمە هیچ کار ناکاتە سەر ئەو ڕاستییەی کە چەند خێڵێکی عەرەب، یان هیچ نەبێ بنەماڵەگەلێکی عەرەبی لە سەردەمانێکی زووەوە لە هەولێر (نیشتەجێ) بوونە و ڕەنگە لە دوای فەتحی ئیسلامییەوە بێ"، کەواتە سەرباری سیاسەتەکانی عەرەباندن ئەم شارە هەر لەژێر دەسەڵاتی ڕۆڵەکانی خۆیدا مایەوە و، ڕۆژێک لە ڕۆژان عەرەب نەبوونە حوکمڕانی هەولێر. چونکە عەرەبەکان لە بوونی لاوازیاندا لەو شارە تەنیا نیشتەجێ بوون.

ئەم بوونەی ئەوانیش تەنیا لەبەر پێوەستبوونی کورد بووە بەو ئاینەوە کە چوونە سەری و نازانین

(عەرەبایەتیی هەولێر) بە (بڕوای) دوکتۆر، هۆکارەکەی (بەعەرەبکردنی ئەربل) بووە یان بەبوونی عەرەبی نیشتەجێ لە شارەکەدا بووە؟ لە هەردوو دۆخیشدا بوونی عەرەب لەم شارەدا ناشەرعی دەبێ، چونکە ئەوان لایدەن.

دوکتۆر دەگەڕێتەوە سەر گوتارە بنەڕەتییەکەی خۆی بۆ عەرەباندنی هەولێر و دەڵێ: ئەو کەسایەتییە عەرەبانەی لە هەولێر ناوبانگیان دەرکرد بە ڕەگەز و بنج و بنەوان عەرەبن. بنەوای ئەوان دەگەڕێتەوە بۆ خێڵەکانی شەیبانی، نەخعی، تائی، خەزرەجی، خوزاعی، ئەنسار، ئومەوی، فەزاری و عەقیلی..."، دەبێ دوکتۆر باسی هەولێر بکا لەمەدا یان باسی شاری مووسڵ بکا کە ئەو کۆمەڵانە تێیدا نیشتەجێ بوون. ئەوەی ڕاستی بێ، دوکتۆر سامی سەققار لە ورد و درشتی دەستپاکیی زانستیدا و بە نەشیاوی بابەتەکانی مێژووی شێواند لە پێناو ئینتیمای نەتەوەییی خۆی و خواست و عاتیفەکانیدا.

باشە دەبێ ئەو بنج و بناوانە چیی بەسەر هاتبێ، چۆن ئەمانە گشتیان لەسەر تەختەی شانۆی هەولێر بزر بوون و، کەی ئەمە ڕووی دا؟ دوکتۆر سامی باش دەزانێ بۆچوونەکانی بۆشن، بۆیە ئاماژەی بۆ تەنیا یەک سەرچاوەش نەکردووە تەنانەت ئەگەر سەرچاوەیەکی لاوازیش بێ. ئەو بۆچوونە نامۆیانەی ئەو بە نووسینی نووسەرێک دەکا کە بابەتێکی لە کۆوارێکی بەیرووتی بڵاو کردووەتەوە بۆ وروووژاندنی هەست و دوور لە ڕاستی بەناونیشانی "ئەم خێڵە کوردانە لە بنەواندا عەرەبن"، نازانم بۆ دوکتۆر نەیکردووەتە یەکێ لە سەرچاوەکانی تێزی دوکتۆراکەی، ئەو وتارە نووسیارێکی کورد وەری گێڕاوە، خوا لێی ڕازی نەبێ، بۆ سەر زمانی کوردی و لە کۆواری (ڕۆشنبیری نوێ) بەبێ ئاگەداریی دەستەی نووسیارانی کە ئێمە لەو دەستەیە بووین، بڵاوی کردەوە، ئەوە بوو ژمارەیەک لە ئەندامانی دەستەی نووسیاری دەست لەکار کێشانەوەی خۆیان پێشکێشی بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیری و وەشاندنی کوردی لە بەغدا کرد، کە کۆوارەکە یەکێک بوو لە بڵاڤۆکەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە و، دوای مکوڕبوونی ئەندامان وتارە وەرگێڕدراوە بەدناوەکە لابرا، بەڵام ناونیشانەکەی لەسەر بەرگی ناوەوەی کۆوارەکە مابوو.

هەروەها وردەکارییەکانی تێزەکەی هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ وتاری ئەو نووسەرانەی هەڵگری ئایدیۆلۆجیای ڕەگەزپەرستن، ئەوانەی هەوڵی تانەدان لە ئینتیمای کوردانە دەدەن، یان تانە لە نیشتمانەکەیان دەدەن یان لە بوونیان لە شارەکانیاندا، یان لە ناوی خێڵەکانیان، تەنانەت لە نەریتەکانیشیان، بەتایبەتی بۆچوونەکانی دوکتۆر ناجی مەعرووفی نغرۆ لە ڕەگەزپەرستی و مەزەبچییەتیی بێزراو، نەخاسمە کتێبە پڕ دەلەسەکەی کە بە ناونیشانی "زاناگەلێکی لکێنراو بە شارانی عەجەمەوە کە خۆیان بە بناوان عەرەبن" و تێیدا زانا و نەزانانی موسڵمانی بەعەرەب داناوە و، نکوولّی لە بوونی غەیرە عەرەب لەناویاندا دەکا. وەک ئەوەی غەیرە عەرەب بە هیچ شێوەیەک لە کولتووری ئیسلامیدا بەشدارییان نەکردووە و دەوڵەمەندیان نەکردووە. ئەگەر ڕووبەڕووی یەکێ لەوانەش ببیتەوە و پێی بڵێی: غەیرە عەرەب خۆیان دوور گرتووە و بەشدار

نەبوونە لە دەوڵەمەندکردنی ئەو کولتوورە، چونکە کولتووری ئیسلام کولتوورێکی تایبەت بەعەرەبە و، لەبەرئەوەی ئاینی ئیسلام ئاینێکی ڕەگەزپەرستانەی تایبەت بەعەرەبە، بەپێی بۆچوون و بیری تەسکی ئەم کەسانە. ئەو کاتە وەڵامت دەدەنەوە و دەڵێن: ئەوە نییە فلان و فلان لە زانا و بیرمەندان عەرەب نین و، ئیسلام جیاوازی لە نێوان عەرەب و عەجەم ناکا مەگەر بە لە خواترسی نەبێ، بەم شێوەیە ڕاستییەکان بە ئارەزووی خۆیان لێک دەدەنەوە و بەو شێوەیەی پێیان خۆشە و لە خزمەتی خۆیاندایە.

لێرەدا بۆچوونەکانی دوکتۆر سامی و دوکتۆر ناجی مەعرووفی مامۆستای هاوشێوەن هەر بەو بۆنەوە با ئەوەش بڵێم کە دوکتۆر سامی لە نامەیەکدا کە، لەو سەردەمەی نامەمان دەگۆڕییەوە، لە ساڵی ١٩٧٣ ئاراستەی منی کردبوو، سڵاوی خۆی تەنیا ئاراستەی مامۆستای خۆی، ناجی، کردبوو و ناوی هیچ یەکێکی تری لە مامۆستایانی بەشی مێژوو نەهێنابوو و، ئەو دووە، لەگەڵ هەندێکی تر، نکووڵیکردن لە بوونی ئەوی تر کۆیانی دەکردەوە، جا ئەو ئەوی ترە کورد بووایە یان غەیری کورد و ڕەتیان دەکردەوە بەشدارییان کردبێ لە شارستانیی ئیسلامیی سەردەمی ناوەڕاستدا.

لە کۆتادا ئەو ئاوەزەی دوکتۆر سامی سەقاری پاڵ دەنا ئەو پرسیارەی ورووژاند کە لە سەرەتای قسەکانمدا ئاماژەم بۆی کرد لەبارەی "لایەنە ئەرێنییەکانی نووسینی مێژووی کۆمەڵگەیەک لەلایەن توێژەرێکی بێگانەوە، چونکە ڕەنگە نووسینەکانیان زیاتر بابەتی بن لە نووسینەکانی ڕۆڵەکانی وڵاتەکە خۆیان... لەبەر ئەوە دیدی ئەوان بێلایەنترە"، کە ئەمە لەگەڵ دوکتۆردا ڕووی نەدا، بۆیە دوای ئەوە نووسیم "مەگەر بەدیدێکی پێشوەختەوە بۆ خزمەتکردنی ئامانجی دیاریکراو بنووسن"، وەک تێزی دوکتۆراکەی.

پەراوێزەکان

١ـ معجم البلدان، چاپی دووەم، خانەی صادر- بەیرووت ١٩٩٥، ل١٣٨.

٢ـ بڕوامان وایە، پێمان وا نییە (!) وەک ئەوە دوکتۆر (بڕوای پێیە) لە هەندێ لە باوەڕەکانیدا.

دوکتۆر سامی، إماره أربل، ل١٩٦.

٤ـ هەرچەندە پێویست نەبوو باسی ئەم ڕووداوە بکا چونکە لە دەرەوەی ئەو ماوەیەیە کە تایبەتە بە توێژینەوەکەی ئەو. چ لە سەردەمی ئەتابەکەکان بێ کە بەمردنی مزەفەرەدین گۆگبەری لە ساڵی ٦٣٠ک/ ١٢٣٣ز تەواو دەبێ، یان سەردەمی عەباسی کە لەگەڵ ڕووخانی بەغدای عەباسیدا لە ٦٥٦ک/ ١٢٥٨ز تەواو دەبێ. بگرە پێویست بوو دوکتۆر ئاماژە بۆ ئەو سەرچاوەیە بکا کە محەمەد ئەمین زەکی ئەم زانیارییە لاوەکییەی لێ وەرگرتووە و دوکتۆر زۆری بەلاوە گرینگە.

٥ـ وەک ئاشکرایە ڕیچ لە ٥ی تشرینی یەکەمی ١٨٢١دا مردووە. بڕوانە کتێبەکەی: (گەشتی ڕیچ) و ژینامەکەی، پەراوێزی ١٨ ل٢، چاپی دووەم ٢٠٠٨ خانەی عەرەبیی ئینسایکلۆپیدیاکان، بەیرووت.

٦ـ باوکی خوا لێخۆشبوو یەعقوب ئاغا گەورەی ڕیشسپییانی هەولێر و، یەکێ لە شاعیرە دیارەکانی

شارەکە، وەرگێڕ.

٧ـ لەوانەیە مەبەستی ڕەوەندە ڕەشماڵنشینەکان بێ کە بەدوای لەوەڕەوە بوون بۆ ئاژەڵەکانیان و، بۆ زانیاریی دوکتۆریش، تا ئێستا سەرکردایەتیی کورد لەبەر هەستی نیشتمانی و مرۆڤانە ڕێ بەو عەرەبانە دەدەن لە وشکەساڵیدا بێن و ئاژەڵەکانیان بلەوەڕێنن.

٨– لای دانیشتوانی شارەکەوە نەویستراو بوون.

٩– گەشتی ڕیچ، ل ٣٢٢.

١٠– وەک ئەوەی باسی مێژووی نوێ بکات نەک سەردەمی عەباسییەکان.

١١– ئەم تورکمانانە کە لەم ساڵانەی دواییدا ناوی هەولێرییە کۆنەکانیان لێ نراوە، بۆ ئەوەی ناوە ڕاستەقینەکەی خۆیان لێ داماڵن، یان لە زمانەکەیان دایان بڕن. لە ڕاستیدا ئەم ناوە نوێیە سەنگێکی زیاتریان دەداتێ. زۆرن ئەوانەی چاوپۆشی لەم بابەتە دەکەن یان باسی ناکەن و لەسەری نانووسن بۆ ئەوەی خۆیان لەوە لادەن کە ڕووبەڕووی (تۆمەتبارکردن) ببنەوە، کە جێی داخە.

١٢– گی لیسترینگ، لە زاری ئیبن حەوقەل (لە کتێبی وڵاتانی خیلافەتی خۆرهەڵات) دەگوازێتەوە و دەڵێ: مووسڵ شارێکی خۆشە و بازاڕەکانی ئاوەدانن و، دەوروبەر و شارۆکە و گوندەکانی بەپیتن، لەوانەش شارۆکەی نەینەوا کە گۆڕی پێغەمبەر یونسی لێیە، زۆرینە دانیشتوانیشی لە سەتەی چوارەمدا (کۆچی بەرامبەر دەیەم زاینی) کورد بوون. (کتێبی "وڵاتانی خیلافەت" وەرگێڕانی بەشیر فرەنسیس و گۆرگیس عەواد– لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری عێراق– بەغدا– ل١١٦).

١٣– عەرەبەکان ناوی (دورگەی کوردان)یان لێ نابوو. تا ئەو کاتەی مەئموونی خەلیفەی عەباسی ناوەکەی گۆڕی و دای بە کابرایەک کە ناوی (ئیبن عومەر) بوو.

١٤– یاقووت، ل١٣٧. بێگومان پێش مردنی سەردانی کردووە و، یاقووت دووجار چووەتە هەولێر نەک یەک جار.

١٥– ئەمە قسەکانی مێژوونووسی جەلیلییەکان لە مووسڵ (یاسین ئەفەندی عومەری)مان بەبیر دێنێتەوە لە زەمکردنی کورد، بەتایبەتی خەڵکی ئامێدی لە بەرامبەر بەخشیشێکی کەمی والیی مووسڵ کە دوژمنداریی لەگەڵ میری ئامێدی هەبوو. عومەری دەڵێ: لە خەومدا باوە ئادەمم دی و، پێمی گوت: تەڵاقی حەوای دایکتان کەوتبێ ئەگەر کورد لە نەوەی من بن.

١٦– بڕوانە ئەو توێژینەوە بەپێزەی هاوڕێی کۆچکردوومان دوکتۆر عەبدوڵڵا محەمەد حەداد، لە ژمارە ١٣٠ی کۆواری (ڕۆشنبیری نوێ)، بەغدا ١٩٩٣، ل٣٤–٤٠.

١٧– یاقووتی حەمەوی، ل١٣٩، وەک: عەلەکۆ، خوشتری، مووسەک، مەمۆ... هتد، ئاخۆ ئەم ناوانە عەرەبین؟ بەڵێ عەرەبین و دواتر شێوێنران بۆ ئەوەی لەگەڵ زمانی کوردیدا بگونجێن.

١٨–ئیبن حەوقەل، وێنەی زەوی، چاپی خانەی حەیات/ بەیرووت ١٩٧٩، ل٢٢.

١٩– هەمان سەرچاوە، ل١٩٥.

# کارگێڕانی هەولێر
# لە سەردەمی موزەفەرەدین گۆگبەری
### "وەک لە کتێبی قلائد الجمان-دا هاتووە"

د. موحسین محەمەد حوسێن*

## پێشەکی

زێدەڕۆیی نییە گەر بڵێین کتێبی (قلائد الجمان[1])ی کەمالەدین ئەلموبارەک لە کتێبی (وفیات الأعیان وأنباء أبناء الزمان)ی ئیبن خەلەکانی کوردی وەچەی هەولێر[2] گرینگترە، لە ڕووی مێژووی هەولێرەوە لە سەردەمی ئەتابەگییەکاندا، چونکە ئیبن خەلەکان لە تەمەنی منداڵیدا، پێش ئەوەی تەمەنی بگاتە ١٨ ساڵ، هەولێری جێ هێشتووە لە کاتێکدا ئیبن شەعار لە سەروبەندی دەیەی چوارەمی تەمەنی خۆیدا هاتە هەولێر و شەش ساڵ لەوێدا مایەوە، واتە گەیشتە قۆناخی پێگەیشتن و دەستی دایە پرسیارکردن و وردبوونەوە و نووسینی وشیارانە، لە کاتێکدا نووسینەکانی ئیبن خەلەکان لەبارەی شارەکەیەوە تەنیا جۆرێکن لە یادکردنەوەی سەردەمی منداڵی و سەرەتای پێگەیشتنی کە لە زێدی خۆیدا بەسەری برد، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو گەواهیدەری بەچاودیتەی هەندێ لەو ڕووداوانەیە کە باسیان دەکا. لەلایەکی تریشەوە، ڕووبەری ئەو زانیارییانەی ئیبن شەعار پێشکێشیان دەکا گرینگترە لەوانەی مێژوونووسی ناسراوی هەولێر موبارەکی کوڕی ئەحمەدی کوڕی موبارەکی (مستەوفی) لە کتێبی (نباهة البلد الخامل ومن ورد علیه من الأماثل في تاریخ أربل) خستوویەتییە ڕوو. هۆکاری ئەمەیش بزربوونی چەند بەشێکی ئەم کتێبەیەتی کە تا ئێستا تەنیا یەک بەش لە چوار بەشەکەی دۆزراوەتەوە.

ڕاستە کە دوو بەش لە کتێبەکەی ئیبن شەعار تا ئێستا بە بزر دەژمێردرێن، بەڵام کۆپییەکی دەگمەنی هەشت بەشەکەی تری لە کتێبخانەی سولەیمانی لە ئەستەمبوڵ دۆزراوەتەوە و زیاتر لە ٤٤٥٠ لاپەڕە و، ئەگەر لەسەر ئەوە پێوانە بکرێ ئەوا دەبێ ژمارەی تێکڕای لاپەڕەکانی کتێبەکە بە دوو بەشە بزرەکەیەوە (بەشی دووەم و بەشی هەشتەم) نێزیکی ٥٥٧٠ لاپەڕە بێ بەگوێرەی

.................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەوف عەبدوڕەحمان

خەملاندنی ساخکەرەوەی کتێبەکە[٣].

گوتمان کە دوو بەشی ئەم کتێبە بایەخدارە ونن، بەڵام بەشەکانی تری زانیاریی تێروتەسەلیان لەسەر مێژووی کورد لەخۆ گرتووە، بەتایبەتیش لەسەر مێژووی هەولێر کە ماوەیەکی تا ڕادەیەک زۆر تێیدا ژیاوە. بەمەش کتێبەکەی دەبێتە جۆرێک لە ئینسایکلۆپیدیا بۆ ئەو ئەدیبانەی لەو سەردەمەدا بەرهەمی خۆیان خستووەتە ڕوو، کتێبەکەش ژینامەی ژمارەیەکی فرە زۆری پیاوانی ئەو سەردەمە لە خۆی دەگرێ کە لەو کاتەدا بە ناوچە جیاجیاکانی دنیای موسڵماندا پەرت بووبوون، کە پیاوانی دەوڵەت و دادوەران و ئەفسەرانی سوپا و زانا و ئەدیبانیان تێدایە. بۆیە گرینگیی کتێبەکەی ئیبن شەعار تەنیا لەوەدا نییە کە پیاوانی ئەدەبی خستووەتە بەرباسەوە بگرە لە تۆمارکردنی مێژووی لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینیی ئەو سەردەمەیە. ئێمەیش لێرەدا تەنیا باسی کارگێڕانی هەولێر لە دەوڵەتی شای پایە بەرز موزەفەرەدین گۆگبەری دەکەین.

## لێکۆڵینەوە

جێی سوودمەندییە بەجێگری شای پایە بەرز موزەفەرەدین گۆگبەری[٤] دەست پێ بکەین، کە کەسایەتییەکە لاپەڕەگەلی چەندان بەرگ بەشی ناکەن، مەبەستمان کەسایەتییەکەی (قرتایا بن عەبدوڵلا ئەلئەربلی)یە کە بەپێی وەسپی خۆی مەزنترین میری دەوڵەتی شای مەزن بووە و لە بەڕێوەبردنی شانشینەکەیدا جێگرەوەی بووە، واتە جێگری بووە، خاوەن پلەی باڵا بووە لای شا بەڵام لە سزای شا بێبەش نەبووە و، لە قەڵای کەرخینی کەرکووک – هاتە گرتن و تا مردن بە گرتوویی مایەوە. گرتن و زیندانیکردنی زۆر لە کەسایەتییەکانی حوکمڕانی وای لێ هاتبوو کارێکی ئاسایی بێ و، ژمارەیەکیان لە گرتووخانەدا مردن و، میرنشینی هەولێر زیاتر لە یەک گرتووخانەی هەبووە چ لەناو شاری هەولێر بێ و چ لە دەرەوەی شارەکەدا.

قرتایا خۆشیی بە زانیاران دەهات و لە خۆی نزیکیانی دەکردەوە و پشتی پێیان دەبەست بۆ ڕێنوێنی و فێرکردنی "ئەحمەد"ی کوڕی کە زۆر خۆی بە پەروەردەکردنییەوە ماندوو دەکرد، ئەوە بوو گوێی بۆ حەدیس ڕادەدێرا و هاوڕێیەتیی پیاوماقووڵانی کۆمەڵگەی دەکرد، بەم شێوەیە ئەحمەدی کوڕی بووە میرێکی پایەداری پەسندکراوی شایەکانی ئەو سەردەمە و جێی ڕێزێکی زۆری سوڵتانەکانی کاتی خۆی بوو.

ئەحمەد بوو بە میرێکی بە ڕووخسار مەزن، ڕووخۆشی و شەرمنیی پێوە دیار بوون و، دەربڕینی جوان چ بە شیعر و چ بە پەخشان، ئەستێرەناسی و ئوسترلابی[٥] خوێند. کاتێکیش دانەر پرسیاری شوێنی لەدایکبوونی لێی کرد، پێی ڕاگەیاند کە لە "دەربەند" لە گوندێک بە ناوی "ڕایە" (ڕایاتی ئێستا[٦]) لەدایک بووە.

ئیبنو شەعار باسی ئەوە دەکا لە ماوەی نیشتەجێی لە هەولێر چەند جارێک سەردانی کردووە

و شیعره غەزەلەکانی ئەوی دەگوتنەوە. دوای ئەوە ئەحمەد شارەکەی خۆی بەجێ هێشت و ساڵی ٦٣٠ک/ ١٢٣٣ز، لە هەمان ساڵی مردنی شا موزەفەرەدیندا، ڕووی کردە شاری حەڵەب. لەم شارەشدا بووە جێی گرینگیدانی سوڵتانی ئەیووبییەکان شای پایە بەرز غیاسەدین محەمەد بن غازی بن سەلاحەدین یوسف و بەخشینێکی زۆری پێی بەخشی. ئەحمەد هەوڵی دا نێوانی هەردوو شای ئەیووبی غیاسەدین محەمەد و شای کامیل محەمەد کوڕی ئەبوبەکر بن ئەیووبی ئامۆزاکەی باوکی چاک بکاتەوە.

دواتر ئەحمەد بن قرتایا لەلایەن دیوانی خەلیفەی عەباسی موستەنسر بیللا (٦٢٣-٦٤٠ک/ ١٢٢٦-١٢٤٢ز) بۆ بەغدا بانگ کرا و لە مانگی شەعبانی ٦٣٥ک (ئابی ١٢٣٧ز) گەیشتە ئەوێ، لەوێش خەلیفە چەندان ناسناوی شانازیی پێی بەخشی و کەرتێکی زەویی پێی دا کە شایانی ئەو بێ لە ناوچەی بەتایح (باشووری عێراق).

میر ئەحمەد ناوبانگی بەوە دەرکردبوو کە وەرزشەکانی یاریکردن بە تۆپ و جریتانێ و ڕاو بە باڵداری چڕنووکدار و سەگ دەکا.

لەو شیعرانەی کە ئیبن شەعار لەوی بیستووە ئەوەیە کاتێ لە گوندی عەمکاباد مەبەست (عەنکاوەیە)- بووە کە گوندێکە لەبەردەرگەی ئەربل وەک خۆی وەسپی دەکا و تێیدا مەی دەفرۆشرێ و خەڵکی بێکار و بەرەڵلا و خاوەن کار بۆی دەچن و لەوێ دەخۆنەوە و مەیفرۆشێکی لێ بووە بە ناوی نیسان:

| | |
|---|---|
| ولما نزلنا عمـــكابــــاذ شاقنا | زيــــارة نيسـان وحـانتـه الكبـرى |
| ذكرنا بها ليلات لهــــو حـميدة | تقضت مع الأحباب أكثرها شكرا |
| فيا ضيعة الأعمار إن كنت بعدها | أعـد زمانـــي كلـــه أبدا عمــــرا[7و8] |

(کاتێ چووینە عەنکاوە خولیای سەردانی نیسان و مەیخانە گەورەکەی دای لە کەللەمان،

چەند شەوێکی خۆشی ڕابواردنمان بەبیر هاتنەوە کە لەگەڵ ئازیزان لەوێدا بەسەرمان برد،

ئای لە عومری بەباچوو ئەگەر دوای ئەوە هەموو زەمانی خۆم بە تەمەن بژمێرم)

قرتایا کوڕێکی تریشی هەیە بەناوی محەمەد، میرێکی بەدیمەن و جوان و ڕێک بوو و، خولیای شیعر لە کەللەی دابوو و بەردەوام خەریکی شیعراندن بوو تا شیعری پڕ مانا و ڕوونی گوت.

ئیبن شەعار دەڵێ، لە هەولێر چاوم پێی کەوت، کە ئەو کاتە لە خزمەتی شای ئەوێ سوڵتان موزەفەرەدینی گۆگبەریدا بوو... کە سوڵتان مرد ئەویش شارەکەی خۆی جێ هێشت و لە حەڵەب گیرسایەوە و، خزمەتی شای ئەوێ "شای عەزیز"ی کرد و لەلای چووە پێشەوە و، گەلێ بەخشیشی پێی بەخشی و بووە هاوڕێی لە دیوەخانەکەیدا. ئەم پێگەیەی دوای مردنی شایش بە پارێزراوی مایەوە.

ئیبن شەعار بە دوای ئەودا چووە حەڵەب و، ساڵی ٦٣٤ک/ ١٢٣٦ز سەردانی کرد، لەو کاتەشدا کە نەخۆش بوو سێ جاران سەری لێی دا و هەر لەو ساڵەدا بەگەنجی سەری نایەوە، لە تەمەنی ٢٧ ساڵیدا[٩].

دوای جێگرەوەی شای ئەربل و، ژینامەی کوڕەکانی ئەحمەد و محەمەد، باسی وەزارەتی سەردەمی ئەم شایە دەکەین، وەک لە کتێبەکەدا هاتووە. وەزیریش لە سەردەمە جیاجیاکانی حوکمڕانیی ئیسلامیدا لە پایەی حوکمڕانیدا دوا بەدوای حوکمڕانی باڵا دەهات، جا ئەو حوکمڕانە خەلیفە یان سوڵتان یان شا بووبێ. لێرەدا نامانەوێ باسی دەسەڵاتەکانی وەزیر بکەین و، ئاخۆ دەسەڵاتەکانی فرەوان بوون بەوەی وەزیری تەفویز بێ و حوکمڕان دەسەڵاتی نیمچە ڕەهای پێی بەخشیبێ، یان وەزیری جێبەجێکەر بێ و فەرمانەکانی حوکمڕانی جێبەجێ کردبێ.

وا دەردەکەوێ کە وەزیر لە ئەربلدا لە جۆری دووەم بووبێ، ئەمەش وردەکارییەکانی ئەوەی بەسەر وەزیرانیدا هات ڕوونی دەکەنەوە، چ لە ڕووی کورتیی ماوەی وەزیرییان و چ بە گرتنی زیاتر لە وەزیرێک بە شێوەیەک کە مستەوفی[١٠] خۆیشی هاتە گرتن و، لەوەوە دەست بەباسی وەزارەت لە ئەربلدا دەکەین، نەک لەبەرئەوەی ئەو یەکەمین وەزیر بووە چونکە لە ڕاستیدا ئەو یەکەمینیان نەبوو، بگرە لەبەرئەوەی ئەو ناودارترین ڕۆڵەی هەولێرە لە گشت ڕوویەکەوە، وەک بۆمان ئاشکرا دەبێ.

موبارەک کوڕی ئەحمەد کوڕی مەوهوب... ئەبوبەرەکات کوڕی ئەبوفەتحی مستەوفی، بەمجۆرە ئیبن شەعار ناوی دێنێ. بە وەزیری خودان، زانیاریی تێر، ئەدیبی لەبەرکەر، نووسەری ڕێزمانزان و شاعیری دانەر وەسفی دەکا. ئینجا کۆمەڵە وشەیەکی پەسن و پێداهەڵدان بۆ کەسایەتی و ڕۆشنبیریی ئەو دەخاتە ڕوو، ئینجا دەڵێ: گوێڕایەڵ بۆ خۆشەویستیی سەروەرانی عەلەوی[١١]، هەتاو و مانگی چواردەی ئەربل و زانیاریی لێهاتوو و ئێەنگی و، مایەی شانازیی هاوتایانی... ئەو کەسەی کە دنیا هاوشێوەی ئەوی بەخۆوە نەدیوە و نەبیستووە کەسی وەک ئەو پایەدار و بەڕێز هەبێ[١٢].

ئەو "زاناترینی ئەم سەردەمەیە لە هەردوو زانستی مەعانی و بەیاندا (ڕەوانبێژی- و) و... لە شارەزایی لە مێژوو و ژینامەی پێشینان و... ئەو شتانەی پێوەندییان هەیە بە هونەری ماوە و کاری دیوانەوە". ژینامەی ئیبن شەعار یەکێک بووە لە درێژترین ژینامەکانی نێو کتێبەکەی، ئەگەر لە گشتیان درێژتر نەبێ و، نزیکی ٢٧ لاپەڕە دەبێ[١٣].

مستەوفی لە پێشوازیی شای پایەدار موزەفەرەدین بوو کاتێ گەیشت، یان گەڕایەوە هەولێر لە میرنشینەکەیەوە کە ئۆرفا و حەران و موزەر و سمیساتی لەخۆ دەگرت و، پاش مەرگی براکەی لە ناسیرە لە فەلەستین، لە کاتی گەمارۆ درێخایەنەکەی عەککا، دەستبەرداری بوو و گەڕایەوە شارەکەی خۆی، کە یوسفی ینالتگینی برای بۆ زیاتر لە ٢٠ ساڵ حوکمڕانیی دەکرد، لەپاش

مەرگی زەینەدین عەلیی باوکیانەوە لەساڵی ٥٦٣ك/ ١١٦٨ز تا مردنی ینالتگین خۆی لە ناسیرە لە ساڵی ٥٨٦ك/ ١١٩٠ز، کاتێکیش مستەوفی پێشوازیی کرد کۆمەڵە دێرێکی لە شیعرێکی درێژی خۆی خوێندەوە، تێیدا گوتی:

رأى دار ليلى بين أكـتبة الحمى فعاجله داعي الهوى أن يسلما
وثن به الواشون صبرا عن الهوى وكان الذي ضنوه غيبا مرجما
تباريح شوق لاتزال تعـوده فتذكره ذاك الهوى المتقدما

"ماڵی لەیلای لە نێو ئاواییدا دی بانگی دڵ گوتی خۆت بەدەستەوە بدە
دووزمانەکان وایان زانی خۆی ڕادەگرێ بۆچوونەکەیان خەیاڵپلاو بوو
ئێستاش کزەی دابڕان دێتەوە سەری ئەو ئەوینەی پێشووی بەبیر دێنێتەوە"

### دانراوەکانی مستەوفی

مستەوفی لە چەندان بواردا کتێبی زۆری داناوە، کە ئەمانەن:

١- (نباهة البلد الكامل[١٤] ومن ورد عليه من الأماثل في تاريخ أربل) کە ژینامەی ناودارانی هەولێری لەخۆ گرتووە، هەروەها ژینامەی ئەو شا و میر و لە خواترس و زانیار و شاعیر و نووسەرانەی سەردانی هەولێریان کردووە[١٥].

٢- الأمثال والأضداد في سرقات الشعراء، کە باسی ئەو حاڵەتانە دەکا تیایاندا شاعیر بەرهەمی شاعیری تر بەتاڵان دەبا، جا ئەو دزییە بەمەبەستی باش بێ یان خراپ و، ناوی شاعیرەکانیش دێنێ. ئیبن مستەوفی ئەمەی بەگوێرەی جۆرەکانی شیعر پۆلێن کردووە.

٣- صناعة البديع.

٤- کتێبێک کە تێیدا ئاماژەی بۆ هەندێ لە بابەتەکانی کتێبی (الانيس والجليس)ی مەعافی بن زەکەریا دریری نەهرەوانی کردووە.

٥- حاجة الكاتب والشاعر، کە تێیدا باسی پێویستیی شیعر کردووە و هەندێکی لە زانستی عەرووز و سەروا ڕوون کردووەتەوە.

٦- الممتع والمونس، تێیدا باسی شاعیرانی ناوداری سەرەتای دەوڵەتی عەباسیی کردووە، لە بەشار بن بورد دەستی پێ کردووە تا دەگاتە محەمەد بن یوسف بن محەمەد موەفەقەدینی ئەربلی (ساڵی ٥٨٥ك/ ١١٨٩ز مردووە).

٧- إثبات المحصل من أبيات المفصل، تێیدا ناوی ئەو شاعیرەی دەستنیشان کردووە کە زەمەخشەری (لە ٥٣٩ك/ ١١٤٤ز مردووە) شیعرەکانی لە کتێبی (المفصل) بە نموونە هێناوەتەوە و، شیکاریی بۆ شیعرەکان کردووە و ئەوەی ڕوون نەبووە ڕوونی کردووەتەوە و

باسی ڕێزمانەکەی کردووە و، چیرۆک و پەندەکانی لێک داوەتەوە و ئاماژەی بۆ ناوی گۆتیارەکانیان و باوانیان کردووە و، چەند گوتەیەکی ڕێزمانزانەکانی لەبارەیانەوە خستووەتە بەرچاو، بەم شێوەیە کتێبەکە بەباشترین شێوە هاتووە.

٨- سر الصنعة، بۆ وەزیر وەلیەدین مەحمود بن محەمەد بن فارس حەڕانی دای ناوە، کە وەزیری شا مزەفەرەدین گۆگبەری بوو لە هەولێر، تێیدا ناوی ئەو کەسانەی هێناوە کە کاری چاک و نەجیبانەیان کردووە لە پیاوە نەجیب و خانەدان و چاوتێرەکان.

٩- موجبات الصبوة وعزائم السلوة، کە کورتەباسگەلێکی لەخۆ گرتووە لەبارەی ئەویندار و هۆکار و جۆرەکانی، لەگەڵ شیعر لەسەر خۆشەویستی و شەیدایی و بابەتە هاوشێوەکانیان و بەهەمان پێڕستی کتێبی "الزهرة"ی ئەبی بەکر محەمەد بن داود ئەسفەهانی پێڕست کراوە.

١٠- تاريخ معرفة الدول، لە ناوەکەیرا دیارە باس لە مێژووی دەوڵەتان دەکا.

١١- شرح شعر أبي الطيب المتنبي، کە دوکتۆر خەڵەف ڕەشید نوعمان پێداچوونەوەی بۆی کردووە، لە دە بەرگدا لە نێوان ١٩٨٩ و ٢٠٠١دا چاپ و بڵاو کراوەتەوە لە خانەی کاروباری گشتیی ڕۆشنبیری بەغدا.

١٢- شرح شعر أبي تمام.

١٣- الخيل، وەک بەدواداچوون بۆ کتێبی حەسەن بن ئەحمەد بن محەمەد غندجانی دای ناوە.

١٤- جامع الاوراق.

١٥- قناعة الناظر وكفاية المحاضر.

١٦- مشارق الانوار ومطالع العذار.

١٧- نامەکانی موبارەک کوڕی ئەحمەد کوڕی موبارەک کوڕی مەوهوب، دوکتۆر هیلال ناجی ساخی کردووەتەوە و بڵاوی کردووەتەوە، بەیرووت ١٩٩٩.

لەگەڵ چەندان دانراو و نامیلکە و دیوانە شیعر.

دەڵێن ئیبن شەعار لە سەرەتای ساڵی ٦٢٥ک/ ١٢٢٧ز، هاتە هەولێر و چووە ماڵی مستەوفی لە قەڵا و، بەدیتنی خۆشحاڵ بوو و، بە گفتوگۆ لەگەڵی دڵشاد بوو و، بۆی دەرکەوت مرۆڤێکی ڕووخۆشی سەنگین، نەفس بەرز، پڕ مرۆڤایەتی، بەئەخلاق... هتد.

باپیری سەرۆک ئەبوبەرەکاتی موبارەک کوڕی مەوهوب لە مووسڵەوە هاتبوو و، کوڕی یەکێ لە سەرۆکەکانی بوو و لە نەوەی شا نوعمان بوو، خۆی و منداڵەکانی لە سەردەمی میر ئەبی هیجا حوسێن کوڕی حەسەن کوڕی مووسا کوڕی جلوێیی کوردی هەدەبانی گەیشتنە هەولێر و، لەوێ کاری کۆکردنەوەی باجی گرتە دەست، بۆیە ناوی "مستەوفی"ی لێ نرا، بۆیەش ئەم کارەی درایێ چونکە بە دەستپاکی ناسرابوو و، لە بنەماڵەیەکی ناودار و سەرۆک و خانەدان بوو و، ئەم کارە درا

به خۆی و باوکی و باپیری و باپیری باوکی و، مامەکانی و براکانی و هەموو ئەوانەی ناسناوی "مستەوفی"یان هەڵگرتووە[١٦].

بەڵام ئەبوبەرەکات مایەی پێکەوە گرێدانی ئەو بنەماڵەیە بوو و، بەوەوە سەرووەرییان تەواو بوو و، خۆی بووە سەرۆکیان و دیمەنیانی جوان کرد و سەریانی بەرز کرد. لە هەردوو دیوانی وەقف و باج بەیەکەوە خزمەتی سوڵتان موزەفەرەدین گۆگبەری بن عەلی بن بکتگینی کرد و، بووە نووسەری ئینشای دیوانی مەلیکیش، واتە کاری نووسینی نامەکانی دیوان و ئاراستەکردنیانی بۆ لایەنە پێوەندارەکانی دەکرد و نزیکەی ٤٠ ساڵ بەم شێوەیە و بەبێ بەرامبەر بەردەوام بوو، واتە بێ ئەوەی پاداشت یان مووچەی هەبێ، لە هەوڵێکدا بۆ دوورخستنەوەی گومان لە خۆی، هەروەها بۆ ئەوەی هیچ بیانوویەک نەدا بە سوڵتان بۆ ئەوەی بیگرێ، ئینجا "بۆ بەردان و ڕزگاری بپارێتەوە"، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شا گرتی و قۆڵبەستی کرد و دەستی گرت بەسەر ٧٠٠٠ دینار "پارچە زێڕ"ی ئەمدا و کاتێ نەیتوانی پارەکە بدا ناچار بوو هەندێک قەرز بکا و ئەوەی تری لە بەروبوومی باخچە و بێستانەکانی خۆی لە دەوروبەری هەولێر کۆ کردەوە. ئەگەر نا، نە درهەم و نە دینارێکی وەرنەگرت و، داوای بەرتیلی لە کەس نەکرد، لەبەر دەسپاکی و نەفسی بەرزی[١٧]. لە ڕاستیشدا گرتنی کەسایەتییەکانی هەولێر لە سەردەمی موزەفەرەدیندا ئەوەندەی نەمابوو ببێ بە دیاردە[١٨].

لە ڕاستیدا مستەوفی دوای ئەرکی باج وەرگرتن، کرا بە وەزیر، کاتێ کە ئیبراهیم بن عەلی بن والیی وەزیر لەلایەن شاوە هاتە گرتن، ئینجا لەبەرئەوەی شا پێی وابوو کە مستەوفیی موبارەک شارەزایە لە کاروباری کارگێڕی (سوڵتانی) و دەتوانێ کاری مەملەکەت ڕاپەڕێنێ، وەزارەتی دایە پاڵی و ئەمیش بە نارەحەتییەوە قبووڵی کرد "پێی ناخۆش بوو و حەزی نەدەکرد بەدەنگی ئەو داوایەوە بچێ"، بەڵام خەڵک بەمە دڵخۆش بوون و کارەکانیان ئەنجام دەدران و دۆخیان لە دیوان باش بوو.

دوای مردنی موزەفەرەدین، میر شەمسەدین باتگین حوکمڕانیی هەولێری گرتە دەست وەک جێگری خەلیفەی عەباسی، کە هێزەکانی دوای سێ هەڵمەتی توند توانییان بچنە ناو هەولێر و وێرانی بکەن و دەروازەی عەنکاوە (دەروازەی باکور[١٩])یان سووتان[٢٠]. ئینجا خەلیفە حوکمڕانیی شارەکەی دایە دەستی باتگین، ئەمیش داوای لە مستەوفی کرد لە کاری وەزیری بەردەوام بێ و ببێ بەجێگری خۆی لە کاروباری دیوان (حوکمڕانیی میرنشینەکە) هەروەها مافی فەرمان دەرکردنی پێی دا و گشت کارێکی دایە دەستی. مووچەیەکیشی بۆی بڕییەوە کە هەموو مانگێک بۆی دەهات. بەڵام مستەوفی داوای لێبووردنی کرد و خۆی لە کاربەدەستی پاراست. بیانووی بۆ ئەمەش ئەوە بوو کە پیر بووە و کاری پێ ناکرێ، چونکە ئەو کات لە ناوەڕاستی دەیەی حەوتەمی تەمەندا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەر ڕاوێژی پێشکێش بە میر باتگین دەکرد، جگە لەوەش بانگ دەکرا بۆ دەربڕینی بۆچوون لەسەر پرسەکانی ڕۆشنبیری و بۆ ڕێز لێنانی.

مستەوفی کونجی ماڵەوەی گرت و خۆی بۆ خوێندنەوە و نووسین و نووسینەوە تەرخان کرد، تا

ئەو کاتەی کارەساتی هێرشی مەغۆل بۆ سەر هەولێر بە سەرکردایەتیی بەجکتای لە ٦٣٤ک/ ١١٣٦ز ڕووی دا و، شارەکەیان داگیر کرد خوار قەڵاکە و ئەوەی کەوتە بەرچنگیان کوشتیان، ئیتر خەڵکەکە ناچار پەنایان بردە بەر قەڵاکە و هێرشبەران دوای شەڕێکی سەخت توانییان بچنە ناوی. ئیبن شەعار ئەو ڕۆژانە لە هەولێر نەبوو، بەڵام وەسپی چوونی خەڵک بۆ قەڵاکە دەکا و، چۆن ڕووبەڕووی داگیرکەر بوونەوە تا ئەو کاتەی خەڵک لەبەر برسییەتی و تینوویەتی بەهیلاک چوون و، میر باتگین ناچار بوو بەرامبەر پارەیەکی زۆر لەگەڵ مەغۆلەکان ڕێک بکەوێ بۆ ئەوەی ئەو قەسابخانەیە ڕابگرێ، پاش ئەوەی مەنجەنیقیان دانابوو بۆ ئەوەی قەڵای پێ ئاگرباران بکەن و دیوارەکانی برمێنن و دوای ئەوەی خەڵکێکی زۆریان کوشت، ئیتر بەم شێوەیە هەولێریان وەک ناوزکی کەر بەجێ هێشت[٢١].

گوتمان، ئیبن شەعار لەو کاتەدا لە شارەکە نەبووە، بەڵام بەردەوام دەبێ لە باسکردنی ئەوەی تێیدا ڕووی دا، باسی دۆخی مستەوفیش لەوێدا دەکا و، دەڵێ کە هەندێ پیاوماقووڵی هەولێر کە دیتیان شارەکەیان بەدەستی مەغۆلەوە چیی بەسەر دێ لە کوشتوبڕ و تاڵانکردن و تێکدانی بازاڕەکانی، بەتایبەتی قەیسەریی موزەفەرییە کە چوار دەیە بەسەر دروستکردنیدا نەچووبوو[٢٢]. خۆیان ئامادە کرد بۆ چۆڵکردنی شارەکە و کۆچ بۆ ناوچەی تر، بەتایبەتی بۆ مووسڵ، ئەبوبەرەکاتی مستەوفیش لەنێو ئەواندا بوو و شارەکەی جێ هێشت.

کاتێ حوکمڕانی مووسڵ، شای بەڕەحم بەدرەدین لوئلوئ، کە بۆ ماوەی نیو سەتە حوکمڕانیی مووسڵی کرد، هەواڵی دەرچوونی مستەوفیی لە هەولێر بیست، ژمارەیەک هێستر و حوشتری نارد بۆ ئەوەی کەلوپەلەکانی هەڵگرن. کاتێ مستەوفی گەیشتە مووسڵ بەدرەدین هاتە پێشوازی و زۆر بە گەرمی ڕێزی لێ گرت و، خانوویەکی بۆی تەرخان کرد و مووچەیەکی بۆی دابین کرد و تا مرد لە ٦٣٧ک/ ١٢٣٩ز لە مووسڵ مایەوە و لە گۆڕستانێک لە دەرەوەی دەرگەی کوورەچییان نێژرا[٢٣].

مستەوفی شیعری زۆری لەپاش بەجێ ما، وەک ئەوەی لە پەستی بنەماڵەی پێغەمبەر گوتوویەتی و، قەسیدەگەلێکی زۆر کە چەندان کتێبیان پێ پڕ دەبنەوە[٢٤]. ئەم چەند دێرەیان لێ هەڵدەبژێرین کە تیایاندا قسەکانی ئاراستەی موزەفەرەدین گۆگبەری دەکا دوای ئەوەی شەو پیاوێک هاتە سەری بەمەبەستی کوشتنی و چەقۆیەکی لێ دا:

| | |
|---|---|
| يا أيها الملك الذي سطواته | من فعلها يتعجب المريخ |
| أبيات جودك محكم تنزيلها | لا ناسخ فيها ولا منسوخ |
| أشكو إليك وما بليت بمثلها | شنعاء ذكر حديثها تاريخ |
| هي ليلة فيها ولدت وشاهدي | فيما ادعيت القمط والتمريخ |

لە شین بۆ هەولێر دوای ئەوەی جێی هێشت و مەغۆلەکان وێرانیان کرد، دەڵێ:

حيا الحيا وطنا بأربل دارسا    احنت عليه حوادث الأيام
أقوت مرابعه وأوحش أنسه    وخلت مراتعه من الآرام[٢٥]
عني الشتات بأهله فتفرقوا    أيدي سبأ في غير دار مقام
إن يمس قد لعبت به أيدي البلى    عافي المعاهد دارس الأعلام
فما قضيت به لبانات الصبا    مع فتية شم الأنوف كرام

...

إن يأت مهجور الحمى فيما غدا    مأوى العفاة وموئل الأيتام
...إلخ

له باسی لێک جیابوونەوەشدا دەڵێ:

أحبابنا مازال داعي النوى    يهيج للأنفس أشواقها
فارقتكم كرها ونار الأسى    تبعث للأكباد إحراقها
فما رأت عيني فيما رأت    بعدكم من حسن راقها

هەروەها لاپەڕەکانی کتێبەکە شیعری دەیان شاعیری ئەو سەردەمە لەخۆ دەگرێ کە پەسنی مستەوفی دەکەن و، دەتوانین بڵێین هیچ شاعیرێک نییە سەردانی هەولێری کردبێ و پێش ئەوەی بچێتەوە بە شیعر پەسنی دیوەخانی ئەم پیاوە و ڕۆشنبیریی بەرفرەوانی و دەسپاکی و چاوتێری و ڕەوشتی جوانی و پلە و پایەی لای ڕۆڵەکانی کۆمەڵگەکەی و لووتکەی دەسەڵاتی نەکردبێ. ئەوەتا غازی بن مەودوود بن خدر بن سودکین، کە لە ڕۆڵەی سەربازەکان بوو، هاتووەتە هەولێر و لە خزمەتی سوڵتاندا ماوەتەوە، ئەمیش کارگێڕیی پشتدەر (پشدەر)[٢٦] و دەوروبەری پێ سپاردووە، ئەویش ماوەیەک لەوێدا مایەوە و پێی خۆش نەبوو، بۆیە نامەیەکی بۆ ئەبی بەرەکات موبارەک بن مستەوفی نارد، کە ئەو کاتە کاری باج وەرگرتنی لە دیوانی مزەفەر دەکرد، تێیدا زەمی شوێنەکەی خۆی لە پشدەر کرد و ئەوەی بەسەری هاتووە بەدەستی مشک و دووپشک و کێچ و بۆق و شیعرێکی وەک ئیبن شەعار دەڵێ – لەسەری نووسیوە لە ماڵەکەی خۆی لە هەولێر لە ساڵی ٦٢٥ک/ ١٢٢٨ز، تێیدا دەڵێ:

بالسيد الشرف[٢٧] أستجـ    ـر من المقام بشتدر
الصاحب[٢٨] المولى الوزيـ    ـر ومن به الخلق افتخر
...
الماجد المولى الذي    إنعامه عم البشر
...

دوای چەندان دێر کە بۆ پەسنی مستەوفی تەرخانیانی کردووە، دەڵێ:

| | |
|---|---|
| الفار يصوي دائبا | من جوعه لا من بطر |
| وعقارب صفر يطا | ير سمها مثل الشرر |
| وبراغث يعبثن بي | فكأنها وخز الأبر |
| وعقارق ينعين من | وقت العشاء إلى السحر |

ئینجا قەسیدەکەی بە چەند دێرێکی تر بە کۆتا دەگەیەنێ.

مستەوفی بەناوبانگترین باج وەرگر و وەزیر بووە لە هەولێری سەردەمی گۆگبەریدا، هەرچەندە وەزیری تر هەبوون ماوەی بەرپرسیایەتییان لە هی ئەو درێژتر بوو. جێی ئاماژەیە وەزارەت لەم شارەدا پێش سەردەمی ئەتابەکییەکانیش هەبووە، ئەوەتا توغرائی ئەسبەهانی حوسێن بن محەمەد بن حوسێن بن عەلی لە سەردەمی حوکمڕانیی بنەماڵەی هەدەبانیی کورد لە هەولێر وەزیر بووە[٢٩].

کوڕەکەشی، محەمەد بن حوسێن ئەبول موئەیەد (٥٤٩-٦٠٧ک/ ١١٥٤-١٢١٠ز)، مستەوفی لە کتێبی (نباهة البلد الخامل... في تاريخ أربل)دا باسی کردووە و دەڵێ: وەزیری پێشەوا و سەرکردەی جوامێران و، پێشڕەوی هاوتایانی خۆی و تەنیا گەورە بو نموونە بۆ بیری تیژ و زیرەکی و شارەزایی دەهێنرێتەوە لە زانستەکانی پێشینان (زانستی گریک). هەروەها قازییەک وەسفی دەکا و دەڵێ: ئەبومونەیەدی وەزیر پیاوێکی پیاوانە و زانا بووە و، واسیتەی چاکە بووە لای سەرکردەکەی، مەبەستی سەلاحەدین یوسف بن ئەیووبە، ئینجا لەلای کوڕەکەی شای سەرکەوتوو غیاسەدین غازی، ئەبومونەیەد دوای ئەوەی هەولێری بەرەو حەڵەب جێ هێشت لە خزمەتی هەردووکیاندا بووە[٣٠].

دیارترین وەزیرانی هەولێر، ڕەنگە لە سەرەتای پەیدابوونی وەزیر لەم میرنشینەدا، محەمەد بن مەحموود بن محەمەد بن مقدار بن فارسی حەڕانی، کە موزەفەرەدین گۆگبەری لە حەڕانەوە لەگەڵ خۆیدا هێنا، کاتێ حوکمڕانیی ئەو شارە (و شاری ترى) دەکرد پێش ئەوەی بگەڕێتەوە شارەکەی باوکی، زەینەدین عەلی، دوای مردنی حوکمڕانەکەی، یوسف ینالگتینی برای لە ناسیرە لە فەلەستین. ئینجا گۆگبەری حەڕانی بەجێ هێشت لەگەڵ چەند کەسێکدا، کە ئەم حەڕانییە یەکێکیان بوو و، لە هەولێر گیرسایەوە.

ئەم وەزیرە ماوەیەکی زۆر بەرپرسی دیوانی (پێداچوونەوە بە بێدادی) بوو. ئەرکی ئەم دیوانەش ئەرکێکی گرینگ بوو لە مێژووی ئیسلامدا بەهۆی هەستیارییەوە چونکە پێوەست بوو بەگێڕانەوەی مافی ستەم لێکراوان. بۆیە دەبوو بەرپرسیاری ئەم دیوانە کۆمەڵێ مەرجی تێدا هەبن، لەوانە دەبێ پیاوێکی سەنگین بێ و دەسرۆ بێ کەم تەماح و لەخوا ترس بێ[٣١].

لەبارەی بوونی ئەم مەرجانە لە (محەمەد بن مەحموود حەڕانی)دا مستەوفی بە ئیبن شەعاری گوتووە ئەم پیاوە قسەڕەقە و بەسەنگە و خەڵک لێی دەترسن و، ماوەیەک لەگەڵ ئیبن مستەوفی بوو... ئینجا دەڵێ: نازانم کەی بووە بە وەزیر هەرچەندە سەردانیشم کردووە... ئەم پیاوە ساڵی ٦١٢ک/ ١٢١٥ز لە هەولێر مرد و، لە دەرەوەی شارەکە هاتە ناشتن لە نزیک ئەو دەرگەیەی شارەکە کە بە دەرگەی عەشایەر ناسراوە[٣٢].

محەمەد لە تووڕەیی و سزای موزەفەرەدین گۆگبەری ڕزگاری نەبوو، کاتێکیش هاتە گرتن، وەزارەت درا بە عەلی بن شەمماس بن هیبەتوڵا بن ئیبراهیم (٥٤٤-٦٢٢ک/ ١١٤٩-١٢٢٥ز) کە لە هەولێر لەدایک بووە و لەوێ ژیاوە، ئەم پیاوە پێش ئەوە بەرپرسی دیوانی ئینشا بوو و، بە دیسپلین لە کاردا ناسرابوو تا ئەو ڕادەیە بووە خاوەن پلەیەکی بەرز لای گۆگبەری کە کەسی تر پێش ئەو بەدەستی نەهێنابوو.

دواتر ساردی و ناکۆکی کەوتە نێوان ئەو و گۆگبەری و، هاتە گرتن و ناردیانە قەڵای (هرور)[٣٣]ی سەر بە هەولێر و لە گرتووخانەدا مرد.

عەلی بن شەمماس، وەک ئیبن شەعار وەسفی دەکا، یەکێک بووە لە جوانییەکانی سەردەمی خۆی و سەنگین و ماقووڵ بووە و، ژیر و لێهاتوو بووە و، لە کاروباری سوڵتانی "بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت" شارەزا بووە، خاوەن بۆچوونی دووربینانە و یەکلاکەرەوە بووە و، دوور لە خۆگرانکردن و، حەزی لە پلە و پایە نەبووە و لەگەڵ دۆست و برادەرانی خۆی بەکەم زانیوە و ڕووخۆش بووە و، ڕووی بەبێگانە داوە و، حەزی لە ئەدەب و شیعر بووە[٣٤].

قەسیدەیەکی بۆ میر عیزەدین محەمەد بن بەدری کوردی نووسی کە یەکێکە لە گەورە میرانی موزەفەرەدین گۆگبەری، گلەیی لێ دەکا بۆ گرتنی، بەڵکو کار لە گۆگبەری بکا و ئازادی بکا. بەڵام هەوڵەکانی بەفیڕۆ چوون. لێرەدا چەند دێرێک لە شیعرەکەی کە ئاراستەی میرە کوردەکەی کردووە دەخەینە ڕوو:

ونأمن روعات الحبوس وينــجلي      شحوب على حر الوجوه يلوح

...

إلى الله يشكو قسوة الدهر عاجز      ذليل على فرش الهوان طريح

...

ألا مبلغ عني ابــن بدر رسـالة      لها نفحات بالعتاب تفوح

واتە:

"لە سەختییەکانی گرتووخانە ڕزگارمان بێ و      ڕەنگزەردی لەسەر ڕوومان لابچێ

...

گلەیی دڵڕەقیی زەمانە لای خوا بێ      گلەیی بێدەسەڵاتێکی لەسەر پێخەفی نەهامەتی کەوتوو

...

کەسێ نییە نامەیەک بە کوڕی بەدر بگەیەنێ     کە بۆن و بەرامەی گلەییی لێ بێ"

کە ئێمە لە باسی پەنابردنی موزەفەرەدین گۆگبەرین بۆ گرتنی وەزیران و بەرپرسانی تری میرنشینەکەی، با باسی گرتنی وەزیرێکی تر بکەین، کە ئیبراهیم بن عەلی بن ئەبی حەربە، ئەو لە کاتێکدا گرتی کە لەگەڵ کۆمەڵە کەسانێکی تردا کاری ژمێریارییان بەڕێوە دەبرد[٣٥]. شاعیر ئەبومەجد نوشابی، نووسیار ئەسعەد بن ئیبراهیم بین ئەلحەسەن بن عەلی ئەربیلی، بە شیعر باسی ئەمەی کردووە، ئەم شاعیرە ئاگەداری ئەو گەندەڵییانە بووە کە وەک دەردەکەوێ– لەو سەردەمەدا لە دیوانی میرنشیندا تەشەنەی کردووە، چونکە بەرپرسی ئەو نامانە بووە کە گۆگبەری ئاراستەی لایەنە پێوەندیدارەکانی دەکردن، هەرچەندە خۆشی لە تۆمەتی گەندەڵی ڕزگاری نەبوو و هاتە گرتن، ئەم شاعیرە لەبارەی گەندەڵییەوە دەڵێ:

قد قسمنا الديوان خمسة أقسا     م عليـــــها لكـــل قول دليل
رب حق ولا يطـــــاع ومنسـو     ب إلى الظلم قـوله مـقـبـول
ثم شخص كأنه الحرف في انحـ     ـو فلا فاعـــــــل ولا مفعول
ومـصـر على التـجنف[٣٦] والظلم     بعـيـد عن الصـواب جـهـول
وأخـو حـاجـة يمشي لأحـوالا     لديـــه إن جـاءه البـرطيل[٣٧]
أتراهـم لــــم يعلمـوا أن كـلا     منهم عن أفـعـاله مـسـؤول[٣٨]

واتە:

"دیوانمان کرد بە پێنج بە     ش بۆ هەر قسەیەک بەڵگەمان هەیە
خاوەن ماف گوێی لێ ناگیرێ و     ستەمکار قسەی لێ وەردەگیرێ
کەسێکی لێیە وەک پیتی ئەنحو     نە بکەرە و نە کارلێکراوە
ئەوەی کارێکی هەبێ کار بەڕێ     دەکا هەرکە بەرتیل گەیشت
دەبێ بەمانە نەگوترابێ کە     هەر کەسێ لە کردەوەکانی بەرپرسیارە"

هەروەها بۆ سەرکۆنەکردنی گەندەڵی دەڵێ:

جــــــاعــة الديوان في     ليلة ســــخط مظلمـــة
وقــــد غـــدت أيدي الوز     ير منهم منتــقــــمــة
لا رحـــــــم الله الذي     يرحم قــومـــا ظلمـــة

واتە:

"جەماعەتی دیوان لە     شەوێکی تووڕەی تاریکدا

دەستانی بەربوونە وەز    یر بۆ تۆڵە لێیان
خوا رەحم بەوە نەکا    ڕەحم بە زاڵم دەکا"

نوشابی لە شاری هەولێر ساڵی ٥٨٢ک/ ١١٨٦ز لەدایک بووە و، دواتر شارەکەی بەرەو شام جێ هێشت، ئینجا گەڕایەوە و، موزەفەرەدین کردی بە سەرپەرشتی دیوانی نامە و، بەمە بووە خاوەن فەرمان و پلەیەکی مەزنی دەستڕۆییی بەرکەوت و، لەو پلەیەدا مایەوە تا ئەو کاتەی لە ساڵی ٦٢٩ک/ ١٢٣٢ز هاتە گرتن و لە قەڵای کەرخینی (کەرکووک) بەند کرا، بەهۆی زمان لێدانەوە. ئەم پیاوە هەندێ لە شیعرەکانی خۆی بۆ ئیبن شەععار خوێندبووەوە کە دەڵێ: نوشابی هەندێ شیعری خۆی بۆم خوێندەوە، کاتێ گوتبووی کە یەعقووب بن ئیسماعیل بابوری، سەرپەرشتیی دیوانی ئەربل، هاتە گرتن ئەبوحەسەن بن قابز نەسرانیی خەساو چووە جێی ئەو، دەڵێ:

فرحنا بيعقوب اللعين وحبسه    لما أتـــــانا ما يطيب به القلب
فلما ولي المختص فالكل واحد    اذا ما مضى كلب أتى بعده كلب

واتە:

"بە هەواڵی یەعقووب گرتنی شاد بوون    کاتێ ئەوەمان بیست دڵ پێی خۆشە
کە خەساویش هاتە جێی گشتیان یەکن    کە سەگێ ڕۆیی سەگێ دێتە جێی"

لە هەجووی یەعقووبی بابوریدا گوتوویەتی:

قد خسرت دولة من يرتجي    عندك يا يعقـــوب إصلاحها
وكم اجتيحت أربـــل مرة    وغير تدبيرك ما اجتاحها
وإن أقل أحسنت مستهزئا    يا صدر بابـــــوري وفلاحها

واتە:

"ماڵی ئەو کەسە ڕماوە    کە ڕووی لە تۆیە، یەعقووب، بۆ چاککردنی
چەندان جار هەولێر کەوتە بەر هێرش    جگە لە هێرشی تۆ کەس بەدەستییەوە نەدا
ئەگەر بە گاڵتەپێکردنەوە بڵێم دەسخۆش    ئەی سەرۆکی بابوری و جووتکارەکەی"

بۆ داوای گرتنی یەعقووب، بۆ شا گۆگبەریی نووسی:

يا أيهـــا الملك المعظم إنهــــا    لمشورة ونصيحة لا تهمل
يعقوب قد نهب البلاد وضعضع    الأجنـــاد واستغنى غناءً يذهل
فاعجل عليــه بقبضة فلربمــا    هو لا خلاف بقبض مالك أعجل[٣٩]

واتە:

"ئەی شای پایە بەرز ئەمە    ئامۆژگارییەکە ناشێ پشتگوێ بخرێ

یەعقووب وڵاتی بەتاڵان برد و سوپای لاواز کرد و بێ ڕادە خۆی دەوڵەمەند کرد
سا زووکە بیگرە، چونکە ڕەنگە گومانیشی تێدا نییە دەس بە ماڵەکەتدا بهێنێ"
هێشتا هەر باسی وەزارەت لە هەولێر دەکەین...

ئیبراهیم بن عەلی بن ئەبی حەرب بووە وەزیر و، بنەماڵەکەی بە بنەماڵەی والی ناسرابوون... بەڵام زۆری نەبرد و کەوتە بەر تووڕەیی شا گۆگبەری و خۆی کوڕەکانی لە ساڵی ٦٢٨ک/ ١٢٣٠ز هاتنە گرتن، ئەگەر خۆی لەوێ نەبووایە عەبدولعەزیزی کوڕی کە شاعیر بوو جێگرەوەی دەبوو لە وەزارەتدا و، زیاتر لە جارێک موزەفەرەدین گۆگبەری وەک پەیامبەر دەینارده دیوانی پایە بەرز، واتە بۆ لای خەلیفەی عەباسی و، لە بەغدا پێشوازییەکی شیاوی لێ کرا و خەلیفە خەڵاتی کرد.

دوای مردنی گۆگبەری، ٦٣٠ک/ ١٢٣٣ز، وەزیر و کوڕەکانی ئازاد کران و ئیبن شەعار لەگەڵ عەبدولعەزیز لە ساڵی ٦٢٥ک/ ١٢٢٧ز لە ماڵی خۆی لە هەولێر کۆ بووەتەوە و، هەندێ لە شیعرەکانە خستووەتە ڕوو[٤]، هەروەها باسی ڕێکپۆشی و گرینگیدانی بە بەرگ و خۆراکی کردووە بە شێوەیەک کە هیچ یەکێ لە سەرۆکەکانی سەردەمی ئەو نەیانکردووە، هەروەها جۆرە لەخۆباییبوونێکی هەبووە بە ڕادەیەک کە سنووری بەزاندووە و، ئەمە تیشک دەخاتە سەر هەندێ لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی لە هەولێری ئەو سەردەمەدا.

پەراوێزەکان:

١. قلائد الجمان في فرائد شعراء هذا الزمان، کە بە (عقود الجمان)یش ناسراوە و، نووسەرەکەی کەمالەدین ئەبیلبەرەکات ئەلموبارەکە (٥٩٥-٦٥٤ک/ ١١٩٩-١٢٥٦ز).
٢. ئیبن خەلەکان، شەمسەدین ئەحمەدی کوڕی محەمەد کوڕی ئیبراهیم، وەک خۆی لە قوتابخانەی شای پایە بەرز موزەفەرەدیندا بۆ کەمالەدینی کوڕی شەعار گێڕاویەتەوە (قەلائید، بەرگی یەکەم/ ژینامەی ئیبن خەلەکان/ ئەحمەد) لە هەولێر لەدایک بووە. پێ دەچێ کە گوندێکیش بەناوی خێزانەکەیانەوە ناو نراوە، نەک پێچەوانەکەی، لەم ڕووەشەوە ئیبن مستەوفی باسی زانیار عومەری کوڕی خەلەکان (ساڵی ٦٠٩ک/ ١٢١٢ز مردووە) دەکا و دەڵێ "خەڵکی گوندێکی دیارە کە بەگوێرەی نەریتی کوردەواری بەناوی باپیری ئەوەوە ناو نراوە"، بڕوانە کتێبی (نباهة البلد الخامل... فی تاریخ أربل، ژینامەی ژمارە ١٨٢، ل٢٨٣) هەروەها بڕوانە نووسینەکەی مامۆستا دوکتۆر ئیحسان عەباس ساخکەرەوەی (وفیات الأعیان، چاپی بەیرووت ١٩٧١، بەرگی یەکەم، ل١٧٠) هەروەها بڕوانە کتێبی (أربیل في العهد الأتابکي، پەراوێزی لاپەڕە ٢٧١) کە لە دانانی ئێمەیە.
٣. ساخکەرەوەی کتێبە بەڕێز کامل سەلمان جبوورییە و، خانەی کتێبە زانستییەکان لە بەرووت ساڵی ٢٠٠٥ وەشاندوویەتی. بەرگی یەکەم، ل٢٩.
٤. پێویست ناکا باسی ژینامەی گۆگبەری خۆی بکەین، چونکە لە گەلێ بواری تردا باسمان کردووە.
٥. ئوسترلاب بریتییە لە ئامێرێک کە بۆ پێوانەکردنی جێی هەسارەکان و زانینی ژمارەی سەعاتەکانی شەو و ڕۆژ بەکار دێ.

٦. رایات ئێستا مەڵبەندی قەزایە لە نزیک سنووری نێوان باشوور و ڕۆهەڵاتی کوردستان (لە نێوان عێراق و ئێران).
٧. قلائد: ١/٢٧٥.
٨. پاشماوەی شیعرەکانی ئەحمەد بن قرتایا لە: ١/٢٦٩- ٢٧٦.
٩. بڕوانە شیعرەکانی لە بەشی حەوتەمدا، ل ١٢٦-١٢٧.
١٠. ڕەنگە تەنیا ئیبن شەعەار ناسناوەکەی یان کارە سەرەکییەکەی خۆی و باوانی درکاندبێ کە وەرگرتن -وەرگــرتنی پارە- بووە و بە (مــســتــەوفی) ناوی دێنێ نەک (ئیبن مــســتــەوفی) وەک ئەوەی لە ســەرچاوەکـانی تردا هاتووە. هەردوو ناوەکەیش ڕاستن و، ڕەنگە ناوی دووەم بەهۆی کـاریگەریی ئیبن خەلەکان هاتبێتە بەکارهێنان و مێژوونووسانی تریش لەویان وەرگرتبێ.
١١. دەپرسین: ئاخۆ مستەوفی شیعەبوونی خۆی ڕاگەیاندبوو؟ تێبینیی ئەوەشمان کردووە کە ڕێبازی شیعە لەنێو بیرمـەنداندا تەشـەنەی کردبوو، لەوانە شاعیرانە ئەو سـەردەمـە کە ئیبن شـەعەار ژینامـەکانیانی نووسیوە. دکتۆر سوادی عەبد محەمەد ڕۆیشدی باسی ئەم دیاردەیە دەکات لە کتێبی "إمارة الموصل في عهد بدرالدين لؤلؤ ٦٠٦-٦٦٠هـ/ ١٢٠٩-١٢٦١م = میرنشینی مووسڵ لە سـەردەمی بەدرەدین لوئلوئدا ٦٠٦-٦٦٠ک/ ١٢٠٩-١٢٦١ز، چاپخانەی ئیرشاد، بەغدا ١٩٧١، ل ٣٧-٤٤"، لە ڕاستیشدا خەلیفەی عەباسییەکان لە بـەغدا خۆی دایە دەست هەمـان ئەو شـەپۆلەی عێراقی لە دەیەکانی کۆتای مێژووی دەوڵەتی عەباسیدا گرتەوە.
١٢. ئیبن تەقـتەقی، الفخري في الآداب السلطانية "فەخری لە ڕەوشـتەکانی سـوڵتانیدا"، چاپی بەیرووت ١٩٦٠، ل٣٢٢، ٣٢٧، ٣٣٧.
١٣. سیوتی، مێژووی خەلیفەکان، چاپخانەی سەعادە، قاهیرە ١٣٧٨ک، ل ٤٥١. گەلێ سەرچاوەی تر.
١٤. لە کتێبەکەدا نووسراوە "الكامل" لەوانەیشە هەڵە بێ چونکە ناوونیشانەکە لە سەرچاوەکانی تردا بە "الخامل" هاتووە کە بەمانای پڕ باخچە و بێستان دێ.
١٥. دوکـتۆر سـامی سـەید خـەمـیس سـەقـار یەکێ لە بەرگەکانی ئەم کـتێـبەی ســاخ کـردووەتەوە و لێی کۆڵیوەتەوە و، لە خانەی کاروباری ڕۆشنبیری لە بەغدا لە ١٩٨٠ چاپ کراوە، سێ بەرگەکەی تریش تا ئێستا بزرن. دواتر دوکتۆر سامی پلەی دوکتۆرای لەسەر "مێژووی هەولێر لە سەردەمی عەباسی و ئیبن مستەوفیی مێژوونووسدا" هێنایەوە و لەبەرئەوەی کتێبەکەی هەڵە و خراپەکاریی زۆری تێدایە بەرامبەر بە کورد، لە کۆواری ئەکادیمیای کوردی لە ژمارە ١٣ ساڵی ٢٠٠٩ وەڵاممان دایەوە بەناوی "هەوڵێک بۆ ڕۆچوون بەمێژوودا".
١٦. قلائد، بەشی ٦، ل ٤٠.
١٧. قلائد، ٦/٤١.
١٨. بڕوانە کتێبەکەمان: أربيل في العهد الأتابكي، ل١٩٧- ٢٠١.
١٩. قلائد، ٦/٣٦.
٢٠. هەروەها بڕوانە: ابن الفوطي، الحوادث الجامعة والتجارب النافعة في المائة السابعة. چاپخانەی فورات- بەغدا ١٩٣٢، ل٤٧. سەرچاوەی تریش هەن باس لەم ڕووداوە دەکەن.

٢١. عبدالحميد هبة الله المدائني، كە لەو سەردەمەدا ژیاوە، کتێبەکەی: شرح نهج البلاغة، چاپی خانەی ئەندەلووس، بەیرووت ١٩٩٦، بەرگی ٢، ل٣٦٩- ٣٧٠.

٢٢. قەیسەریی هەولێر ساڵی ٥٩٥ک/ ١١٩٩ز دروست کراوە. بڕوانە کتێبەکەی مستەوفی: تاریخ أربل، ژینامەی ئەندازیاری دروستکردنی قەیسەرییەکە (عەدل بن سەدەقە)، ل١٧٨-١٧٩.

٢٣. دەرگەی کوورەچییان، باب سنجار، کۆنترین دەرگەی دیواری شاری مووسڵە و لە بەشی ڕۆژئاوای شارەکەیە. د. سوادی، مەدکور، ل ٢٧٢.

٢٤. بەشی ٦، ل ٤١-٦١.

٢٥. الآرام = پاشماوە. (بێگومان نووسەر لەمە بە هەڵەدا چووە، چونکە آرام کۆی (رئم)ـە کە جۆرە مامزێکە- وەرگێڕ)

٢٦. مەڵبەندی قەزایەکی ناسراوە لە پارێزگەی سلێمانی.

٢٧. الشرف، مەبەستی شەرەفەدینی مستەوفییە.

٢٨. الصاحب، هەر مەبەستی ئەوە.

٢٩. قلائد، ٢٦٥/٦.

٣٠. هەر خۆی، ٢٦٧/٦.

٣١. ماوردی، الأحكام السلطانية، ل ٧٧.

٣٢. مەعزیزی، الخطط، ٢٠٧/٢.

٣٣. قلائد، ٢٨٩/٤، یاقوتی حەمەوی لە وەسفی هرور دەڵێ: قەڵایەکە سەر بە هەولێر کەوتووەتە لای باکورەوە لەناو چیاکاندا، (بابەتی هرور)، لەوانەشە مەبەستی هەریری ئێستا بێ.

٣٤. قلائد، ٤/ ٢٨٩.

٣٥. بڕوانە: أربيل في العهد الاتابكي، ل ٢٠٠.

٣٦. جنف = جەور و ستەم.

٣٧. برطيل = بەرتیل.

٣٨. قلائد، ٣٩٤/١.

٣٩. ئەم شیعرە و شیعرەکانی تری لە کتێبی (قلائد) هەیە، ل ٣٩٦-٤٠٣، لە شوێنی تردا باسی بەڕێوەبەرانی تری دیوانی ئینشا دەکەین.

٤٠. قلائد ١٠/٤.

* دوکتۆر موحسین محەمەد حسێن (ئەندامی لێژنەی بەڵگەنامە و دەستنووسەکانی ئەکادیمیای کورد، ئەندامی دەستەی وانەبێژیی بەشی مێژوو لە کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر)

# چیرۆک و چەمکی شوێن

حەمەفەریق حەسەن

مـرۆڤ لە مـێـژووی سـەرهەڵدانیـەوە لەسـەر ئەم زەوینـە، هەم بە زەوی کـاریگەر بـووە، هەمـیش کاریگەریی بەسەریەوە هەبووە. لە ئەنجامدا ئێمە چەند لەمەڕ مێژووی شوێن بدوێین، هەر دەکاتەوە مێژووی مرۆڤ خۆی. داخۆ مرۆڤ بەدەر لە گۆی زەوی، کە دەکاتە شوێن، یان زێد، کوێی تر لەبۆ حەوانەوە، ئارامی، لەبۆ گۆڵمەز و شەڕەکانی گومان دەبات؟ مرۆڤ لە ژیان و مەرگیدا، بەدەم ڕێوە و لە تافی فڕیندا، یان لە کاتی خەونبینیندا، دەستەبەرداری شوێن نابێت، یان شوێن لێی نابێتەوە. مرۆڤە کاغەزینەکانی چیرۆکیش هەر وەهـان، بەبێ شوێن نایانکرێت و ناژین. وەلێ ئەوەندە هەیە، کات نرخی مێژووی بەشوێن دەدات.

ئەفسـوونی شوێن بە ڕادەیەکە، وەک چۆن سرووش بەشـێوەکار دەدات، بە چیرۆکنووسـیشی دەدات. میـتافۆر و وێنە شیـعرییـەکـان بەزۆری دەچنەوە سـەر شـوێن و ئەو بوونەوەرانەی، کـە لە ڕووبەری شـوێندا پەیدا و چالاکن. بەتایبـەت بۆ بەندە، کـە زۆر مـژووڵی شـوێنم و هـەوڵم داوە لە ڕەنگەکـانی، لـە دەنگەکـانی، لە تۆپۆگـرافیـای شـوێن بگوێزمـەوە بۆ نێـو فـەزای چیـرۆکـەکـانم و دەقـەکانمی پێ بەرجـەستە و دەوڵەمـەندتر و ڕازاوەتر بکەم. بەندە سـەروساختـیشم لە تەک دنیـای ڕەنگ، بارسـتـە، گونجـاندن و لەنگەرگرتن، لەسـەر ڕووبەری دەقەکان هەیە. پەرۆشـی گواسـتنەوەی هـاوئاهـەنگی و هـارمۆنیای ڕەنگم لەنێو سروشتی دەوڵەمەندەوە بۆ ڕووبەری دەقەکان.

شـوێن هـەر ئەو ڕووبەرەیە، کە کـارەکتـەر، یان کـارەکتـەرەیل دەگرێتـە ئامـێز. لەوێدا دەجـووڵێن، تێکەڵ بە خـەڵک و بە دنیـا دەبن. پێـوەندی لە تەک دەوروبەردا گرێ دەدەن، دەپەیڤن و سـەرگەرمی سەرەڕۆییەکانی خۆیانن. دەشێ شوێن ئازادیت لێ زەوت بکات، وەک زیندان. تەنگەبەر و داخراو بێت، وەک مـاڵ، یان دەشێ کراوە و هەراو بێت وەک بـاخچـەسەرایەک، یان دەشێ سروشتی کراوە بێت، کە لەوێدا بوار بۆ جووڵە و مـانۆڕ زیاترە و قـارەمان لەوێدا هـەسـت بە پێوەندیی پتر دەکات.. لەم سەردەمەدا، لەبەر ئەو هۆیانەی، کە هەموومان دەیزانین، جیهان لەپێش قارەماندا کراوەیە.

شـوێن هێـزێکی ئەفـسـانەییی شـاردراوەی تێـدایە، کـە بە سـۆز و حـەنین بۆ لای خـۆی

کەمەندکێشمان دەکات، بەتایبەتی ئەگەر خۆمان، یان باپیرانمان، بەشێوەیەک لە شێوەکان، بەو شوێنەوە پێوەست بووبین و یادگاریمان لەوێندەرێ جێ هێشتبێت. شوێنی وەها دەسەڵاتی بەسەر زەینی نەوەکانیشدا دەبێت، چونکە زێدی باپیرانیانە. شوێن هەیە شیعری و ڕۆمانتیکییە. شوێنیش هەیە دۆزەخێکە لەسەر زەوی چێ کراوە وەک، بیاوانی دیوانییە و عەرعەر و نوگرە سەلمان و (قصر النهاية) و زیندانەکانی ئەبوغرێب و مووسڵ و... تاد.

وەسف دەبێتە زەوینە، یان پاشخانی چیرۆک و دەیرازێنێتەوە، کاتێک لە گەرمەی ڕووداو و بەیەکدا هەڵپژاندا، چیرۆکبێژ دەچێتە سەر وەسفی ئەو شوێنەی ڕووداوی تێدا دەگوزەرێت، یان وەسفی دیوی دەرەوەی قارەمان و کەلوپەلەکانی دەکات. هەموو ئەم وەسفانەیش بە ڕووداوەوە دەبەستێتەوە. لە ڕاستیدا بەبێ ئامادەبوونی وەسف، چیرۆک و ڕۆمان نانووسرێن. چونکە هەرچی شوێن و قارەمان و پێداویستییە تەواوکەرەکانی کارەکتەر هەن، بەهۆی وەسفەوە لە یادی خوێنەردا بەزیندوویی دەمێننەوە.

لەمەڕ جۆرەکانی وەسف لە چیرۆکی کوردیدا، دیارترینیان وەسفی تۆپۆگرافییە. واتە نووسەر زیاتر لەسەر وەسفی ئەو دیمەن و شوێنانە ڕادەوەستێت و ڕادەمێنێت، کە وەک چوارچێوە، یان زەوینە بۆ بەرێوەچوونی ڕووداوەیلی چیرۆکەکەی هەڵی بژاردوون. وەسفی شوێن بۆی هەیە هەستی قارەمانمان بۆ دیار بخات. ڕەنگە مەبەستی ستاتیکیشی لەپشتەوە بێت.

وەسفی شوێن بۆی هەیە دەست لەسەر ئەوێتیی (شوناس) کارەکتەری چیرۆک دابگرێت و ڕای قارەمان لەسەر ئەو شوێنەی وا ڕووداوی لێ دەگوزەرێت بەدیار بخات. ڕاستت دەوێت، بەشێک لە توانای ئەدەبیی نووسەر بە ڕەگەزی وەسفدا دەردەکەوێت، چونکە وەسف، پێویستیی بە ڕەوانبێژی و داڕشتنی بەهێزی گوزارشت و ڕستەسازی هەیە.

هەموو کات بیرەوەری بۆ لای شوێنە دێرینەکانمان دەباتەوە و شوێناوشوێن دەمانگێڕێت. زۆرجاران، هەر لە ڕەگەزی شوێنەوە گێڕانەوە دەستپێدەکات. یان کردەی گێڕانەوە بە وەسفی هەڵکەوت و بنیاتی شوێن دەست پێ دەکات، کە لەوێدا ڕووداوەیل بەرجەستە دەبن. شوێنیش تژییە لە جوانکاری، کاتێک نووسەر لێ دەبڕێت وەسفی بکات. لە پانتاییی شوێندا هەم ڕووداو بەرێوە دەچێت، هەمیش گۆڕان بەسەر کارەکتەر و ڕووداودا دێت.

شوێن بەو پێودانگەی بەرێوەچوونی ڕووداوەکانی دەق دەیخوازن، بەردەوام ئامادەیە. شوێنی کرێن و قاقڕ. شوێنی بژوێن و دڵفەکەر، شوێنی هێمن و شوێنی بەسەریەکدا پژاوی جەنجاڵی پڕ دەنگەدەنگ. کاتێک بەندە سوودم لە هونەری سینەما و ئەلەمێنتەکانی هونەری حەوتەم وەرگرتبێ. واتە گرینگیی زۆرم بە ڕەگەزی شوێن داوە، وەک چلۆن دەرهێنەر و کامێرامان گرینگی بە لۆکەیشن و گۆشەی بینین بۆ وێنەگرتن و گرینگی بە ڕووگەی سووڕانی کامێرا دەدەن، بۆ بەرهەمهێنانی شیاوترین گرتە، بەپێی پێویستیی دیمەن و پێشهاتەکان. هەروەک هەڵبژاردنی شوێن لە ڕیاڵەوە بۆ کەشوهەوای شوێنی خورافی و خەیاڵی، بەوجۆرەی قارەمان و ڕووداوی چیرۆک دەیخوازن. دەبێتە بەشێک لە تانوپۆی چیرۆک.

تۆ هەروا سەرنج بدە، هەر نووسەرێک دەستی بۆ مێژووی قەڵای دمدم بردبێت؛ هێندەی کارەکتەری یەکەمی نێو قەڵای ناوبراو، کە خانی لەپزێرینە، ئەوەندە و بگرە زیاتریش گرینگیی بە خودی قەڵایەکە داوە. قەڵا بە قولله و شوورەی بەرزیەوە. بە توولەڕێ پەنامەکییەکانیەوە، بەسەرچاوەی ئاوییەوە. بەکەشوهەوای دیوی ناوەوە و دەرێی قەڵاوە.. ئاخۆ دەکرێت بەبێ وێناکردنی وردەکارییەکانی قەڵا، چیرۆک، یا ڕۆمانی قەڵای دمدم بنووسرێت؟ لەوێدا قەڵا یەکسانە بە پانتاییی کوردستان. سەرنج بدە، هەر کام لە چیرۆک، یان ڕۆمانەکە ناوی شوێنی هەڵگرتووە، کە ئەویش قەڵای دەمدمە. وێڕای ئەوەی قەڵایەکە بۆ خۆیشی پاژێکە لە هونەری تەلارسازی. واتە نووسەر شان بەشانی چیرۆک، مامەڵەی لەگەڵ هونەردا کردووە. دەتوانی لەلای خۆتەوە سەدان چیرۆک و ڕۆمانی جیهانی بژمێریت، کە ناوی شوێنیان هەڵگرتووە. ئاخۆ بەبێ وێناکردن و ئامادەبوونی بیاوان، ئەو شوێنە قاقرِ، دەموشک و لمستانە، چیرۆک و بەسەرهاتی ئەنفال دەنووسرێت؟

کە باس لە ژینگەی بیاوان بێت، لە جێیە لێرەدا ناوی (إبراهيم الكوني) بە نموونە بهێنمەوە، کە ڕۆماننووسێکی خەڵکی  وڵاتی لیبیایە، ئەو چەندین ڕۆمانی نایابی لەسەر ژینگەی بیاوان و پێوەندیی خێڵە بیاوانگەڕەکانی تەواریق، لەگەڵ ئەم ژینگە دەموشکەدا و بەستنەوەیان بە قەدەرەوە، نووسیوە.

بەهەشت و دۆژ، دوو ڕەگەزی دژبەیەکی پێکهاتەی هەر ئاینێکی ئاسمانین و ئێمە شوێنە خۆش و ناخۆشەکانیان پێ دەچوێنین. بڕوامان پێیان بێت یان نا، ڕۆژانە لەسەر زارن. ئەم دوو شوێنە، کە دروستکراوی خەیاڵی فراوانی ئاینن، دوو شوێنی نموونەیین بۆ وەسفی ئەوپەڕی و خۆشی و ئەوپەڕی ناخۆشی. شوێن وەک (باشلار) بە کتێبێک باسی کردووە، مەزنترین ڕەگەزی شیعر و شیعرایەتییە و ژیانی بوونەوەری پێوە گرێ دراوە.

یەک لەباری خۆم، ئەزموونێکی زۆرم لەگەڵ شوێندا هەیە، نێو ڕەوەند و گوندەکانی کوردستان لە گەرمیان و شارەزوور و هەڵەبجە و پێنجوێنی سەوز و شارۆکەی قەرەداخ و شارەکانی هەولێر و سلێمانی، کە لێیان ژیاوم. دەشتی هەولێریش، کە بەپانی و درێژیدا تەراتێنم کردووە، بە زوورگەزراویشەوە، کە ئەوسا جێی ڕەوە ئاسک بوو. چەند شارێکی دیوی ڕۆهەڵاتیشم دیوە. وێڕای ئەوەی بە گەشت چەندین وڵات گەڕاوم. شارەکانی ئەوروپای بە ئەلکوولی و کەمایەتیی جەنجاڵ، کە هەریەکە لە قوڕنەیەکی دووری ئەم جیهانە بەرینەوە سەری کێشاوەتە ڕۆئاوا و ڕۆژێک لە ڕۆژان جێدەستێک لەو شارانەدا جێ ناهێڵن. ئەو شوێنانە، وەک پێگەی مرۆڤ و شارستانەتیی جیاواز، کە هەریەکێکیان تایبەتمەندی و جوانیی خۆی هەیە، لەلام بوون بە بیرەوەری، تا لە ژیاندا مابم، ڕوو لە هەر کوێیەک بکەم لە تەک خۆمدا دەیانگێڕم و تا دێت ڕووبەری شوێن لە بیرەوەریمدا دەکشێت و فراوان دەبێت.

مرۆڤ وابەستەی شوێنە. شوێن ڕەنگدانەوەی شێوازی ژیان و توانا و هزرینی ئەو کۆمەڵە مرۆڤەیە، کە لەسەری دەژین. شوێنی نیشتەجێبوون و ژیانی مرۆڤ هەیە، هێشتا کارەبای پێ

نەگەیشتووە، هێشتا خانووی بەمرۆڤ شیاوی لێ چێ نەبووە، کەچی شوێنیش هەیە چراخانە و تەلارەکانی سەر لە هەور دەسوون. شوێن هەیە لەلایەن ئەو تاکانەوە، کە لەسەری دەژین بە پیرۆز سەیر دەکرێت. گوایە لەوێدا ئاسمان شەق بووە، پێغەمبەران لەوێڕا خواوەندیان بینیوە و گفتوگۆشیان لە تەکدا کردووە. واتە شوێن پێوەندیی پیرۆز لەلای تاکەکانی کۆمەڵ چێ دەکات.

کورد لەلای خۆیەوە چیای جودی بە شوێنێکی پیرۆز دەزانێت، چونکە پێی وایە کەشتییەکەی نووح پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێ) لەوێ گیرساوەتەوە. ئێزیدییەکان خاکی لالش بە پیرۆز دەزانن و پێیان وایە زەوین لەو ڕووبەرە زەوییەوە پەیدا بووە و کشاوە. واتە ژیان لە ئەزەلدا، لەوێوە دەستبەکار بووە و سەری هەڵداوە. وەلێ شەڕ شوێن و مرۆڤ و هەندێک جاران گیاندارانیش بە ئامانج دەگرێت و وێرانیشیان دەکات.

شوێن هەیە کۆنکریتی و ڕیاڵە، لەسەر نەخشە بوونی هەیە. شوێنیش هەیە دەستچنی خەیاڵی مرۆڤە. ئەوەتا کەس دووانەی دژ بەیەکی بەهەشت و دۆزەخی نەدیوە، کەچی هەموو کات لەسەر زارن و وێناشیان دەکەن و باسیان دەکەن، وەک ئەوەی تەمەنێکیان لەوێ بەسەر بردبێ. وێڕای جووتە شوێنی دژ بەیەکی زەوین و ئاسمان، لە سەمتی ئەفسانە کۆنەکاندا دووانەیەکی تری شوێنی دژ بەیەک هەنە، ئەوانیش جیهانی خوارەوە، کە جیهانی مردوانە، لە بەرانبەر جیهانی زیندووواندا. کەسیش ڕۆژێک لە ڕۆژان لە دنیای مردووانەوە نەگەڕاوەتەوە تاکو گەواهیی لەسەر بدات. جیهان، یان شوێنی تری ئەفسانەییش هەیە، کە لە ئەفسانە کۆنەکاندا تەنیا خواوەند، یان نیمچە خواوەندەکان، توانیویانە پێی شاد بن و لێی بژین.

یەک لەباری چیرۆک، شوێن ئەگەر واقیعی بێت یان خەیاڵی، گرینگ ئەوەیە ڕووداوەکان لەوێدا بەڕێوە دەچن و پەرە دەسێنن. قارەمانەکان لەوێدا چالاکی دەنوێنن. هەر شوێنەیش تایبەتمەندیی خۆی هەیە. شوێن گۆڕەپانی گەمەی کارەکتەرە لەیەکنەچووەکانە.

تەواوی قارەمانانی چیرۆک، لە ئامێزی شوێندا چالاکی دەنوێنن، یان دەمرن. واتە ئەرکی شوێن ئەوەیە کارەکتەر بە چالاکییەکانیەوە لەسەر پانتاییی خۆی کۆ بکاتەوە و جێ بکاتەوە. هەر دیمەنێک بگریت، لە شوێنێکی تایبەت بەخۆیدا بەڕێوە دەچێت. هەر کاتێک گۆڕان بەسەر شوێندا هات، ئەوا سەمتی ڕووداو و بەڕێوەچوونی ملانێکانیش گۆڕانیان بەسەردا دێت. واتە ڕووداو مۆرکی شوێن بەخۆوە دەگرێ. شوێن دەبێتە پاشخان و دیکۆر بۆ کارەکتەر و پێشهات و لە کن بینەر، یان خوێنەر بەرجەستەیان دەکات.

زۆرجارانیش ڕەگەزی شوێن، بە ڕووداوێکی گرینگەوە وابەستەیە، جا ئەو ڕووداوە سیاسی بێت یان کۆمەڵایەتی. وەلێ بیرت بێت، چیرۆک پەیڕەوی یەکەتیی شوێن و کات و ڕووداو دەکات، بەبێ بەکارهێنانی هونەرەکانی وەک گەڕانەوە و مۆنۆلۆج و فلاشباک و... ناکرێ ئەو یەکەتییانە ببەزێنێت. هونەری کورتە چیرۆک بە بەریەوە نییە ڕووداوەکەی کاتێکی زۆر بخایێنێت و لە چەند شوێنێکیشدا بگوزەرێت. جێی ئاماژە پێدانە، تا ئێستایش زۆرێک لە شارەزایانی ئەم بوارە، پێیان وایە، نابێ زەمەنی کورتە چیرۆک لە ڕۆژێک زیاتر بخایێنێت.

زۆرجاران، ئامانجیش لە رووژاندنی پرسی شوێن، ئازادکردنیەتی. بەکورتی دەشێ بڵێین، لە کن زۆر چیرۆکنووسی کورد، شوێن یەکسانە بە نیشتمان، کە ژینگەی تاک و خێزانە. یەک لەباری خۆم، نزیکەی هەموو ئەو وێنە و ڕستە شیعرییانەی، کە لە دەقی چیرۆکەکانمدا دەیانخوێنییەوە، بە جوانکارییەکانی شوێن هۆنراونەتەوە. واتە ئەوە ڕەگەزی شوێنە کەشوهەوای چیرۆکەکانی شیعریی کردووە. هەڵکەوتی ژینگەی کوردستانیش هێندە بە فیگەری جوان و بە وردەکاری دەوڵەمەندە، ئێمە لەبەر زۆر هۆکار، هێشتا بەتەواوی پەیمان پێ نەبردووە. وەک چۆن ئەو فرە ڕەنگییە ڕووبەری خاکەکەی ڕازاندووەتەوە، چیرۆکەکانیش دەوڵەمەندتر دەکات ئەگەر لە جێی خۆیاندا بیانخەینە کار. بۆیە چیرۆکەکان بۆن و بەرامەی شوێنیان هەڵگرتووە. ئەگەر سەرنجتان دابێت، شاعیر هەیە لە درێژاییی ئەزموونی خۆیدا کاری لەسەر شوێن کردووە.

بەندە گەلێک جاران، بۆ لە نزیکەوە دیتنی وردەکارییەکانی شوێن، چاوی کامێرا دەخەمە کار. وەک لە چیرۆکەکانی (دووربین و خۆرکەوتن)دا، بە ڕوونی ئەم کارە بەدیار دەکەوێت.. دەشێ بڵێم، ژمارەیەک لە چیرۆکەکان، چیرۆکی شوێنن، چونکە کارەکتەرەکان بە هەموو توانایانەوە بەرگری لە شوێن (زێد) دەکەن. ئەوە چەندین سەدەیە، چەقی کێشەی نێوان ئێمەی کورد و داگیرکەران لەسەر پرسی شوێن درێژەی هەیە.

شوێن شوناسی سەرەکی و هەرە گرینگی ئێمە پێک دەهێنێت، بەڕادەیەک گرینگە، هەبوون و نەبوونمانی پێوە گرێ دراوە. زۆرجار مرۆڤ ناچار کراوە، لەسەر بستێک زەوی ببێتە قوربانی. حاڵی حازر مەزنترین کێشەی شوێن لە کەرکووکە. وەلێ لە داهاتوودا زۆر کێشەی تری شوێن دێنە پێشەوە، چونکە جوگرافیای کوردستان چەندین شاری وەک کەرکووکی تێدا هەڵکەوتووە. هاوکات ژمارەیەک وردیلە چیرۆکیشم نووسییەوە، دەشێ بڵێم، ئەوانە چیرۆکی جوانییەکانی شوێنن.

قارەمانی هەر چیرۆکێک، وەک ئێمەی دەرێی دنیای چیرۆک، بیرەوەریی شوێنی لە هزری خۆیدا هەڵگرتووە. ئەو بیرەوەرییانە نەخشیان لە ڕووبەری کەسیەتیی ئەودا هەڵکۆڵیوە. ڕوو لە هەر کوێیەک بکەن، تایبەتمەندییەکانی ئەو شوێنە پێشکێش دەکەن. دەشێ بڵێین چیرۆک هەن، بیرەوەریی شوێن دەگێڕنەوە. لە گێڕانەوەی چیرۆکدا ناشێ شوێن، ڕووت و ئەبستراکت بێت. شوێن بە بوونەوەرەکانی سەریەوە، بە جێدەستی ئەو بوونەوەرانەوە، کە دێنە نێو ڕووبەری چیرۆکەوە وێنا دەکرێت.. هەرکە شوێن دەرکەوت، کاتیش لە تەک خۆیدا دەهێنێت. چونکە شوێن حیکایەتی سەردەمێک دەگێڕێتەوە، بە مۆرک و تایبەتمەندییەکانیەوە. بە ئاستی گەشەسەندنی مێژووییەوە. بەو واتایەی، ناکرێ ئێمە شوێن و کات لەیەک دابڕین. شوێن بۆنی مرۆڤ و سەروەرییەکانی مرۆڤی لێ دێت. بۆنی خیچان و شەڕ و بۆنسۆی سووتاندنی گوندەکانی لێوە دێت. شوێن بەتەنیا بەرد و دار و، ئاو و وشکانی نییە.

هەر یەکێک لە ئێمە منداڵی شوێنێکین (زێدێکین)، شانازیی پێوە دەکەین، کە لەوێ لەدایک بووینە، گەرچی ڕەنگە ئەو شوێنە کوێرە دێیەکیش بێت. ڕاستینە بێت یان بە خەیاڵ و بیرەوەری، دەیان جار بۆی دەگەڕێینەوە، چونکە غەریبیی دەکەین. کاتێک لێی دوورین، وا هەست دەکەین

شتێکمان ون کردووە، یان لەدەست داوە، یان بەجێ هێشتووە و دەبێ بۆی بگەڕێینەوە. لەسەرێکی ترەوە، دەشێ بڵێین، کاتێک ئێمە غەریب دەکەوین و دووریش دەکەوینەوە، هێشتا هەر بڕێک ڕەگ و مەیلمان لەوێ بەجێ دەمێنێ. بڕێ جاران لەوێندەرێ تەواو هەست بە هاونیشتمانیبوونی خۆمان دەکەین. تۆ هەروا سەرنج بدە پۆشاک و خۆراکمان، شوناسی شوێنیان بەخۆیانەوە هەڵگرتووە، کاتێک دەڵێین شاڵ و کڵاشی هەورامان و پشتێنی سەقزییان... زار و شێوە زاریشمان دیسانەکە وابەستەی شوێنن. ئەو کەشوهەوایەشی پێی ڕاهاتووین، دیسان تایبەتمەندیی شوێنی هەڵگرتووە.

هەندێک جاران، مرۆڤ شوناسی خۆی بەڕادەیەک بچووک دەکاتەوە، دەیباتەوە سەر گەڕەکێکی گچکە، لە شارێکی چەند ملیۆنیدا، یان دەیباتەوە سەر گوندێک. لە چیرۆکەکاندا گوند ڕووبەرێکی بەرفراوانیان بەردەکەوێت. کاردۆخ، کە بە زۆری لە چیرۆکەکانمدا دووبارە دەبێتەوە، تەنیا گوندێک نییە، بگرە بەلای خۆمەوە هەموو کوردستانە. وەک دەبینیت، گرینگیی زۆرم بە ژینگەی گوند داوە. ڕاستت دەوێت ئەو گوندانە وەک ماکێتی کوردستان وان، یان هەر بۆ خۆیان کوردستانێکی گچکەن. وەک ڕەسەنایەتی و مێژوو، لە شارەکان کۆنترن. پێم وایە تاک لە ژینگەی گونددا پتر هەست بە دڵنیایی دەکات.

ئەو گوندانەیش، کە لێیان ژیاوم نەخشیان لەسەر تەواوی بەرهەمەکانم هەڵکۆڵیوە. ئێستا ئەو ژینگانە وەک ئەوسا نەماون. نە قەراخ قەراخەکەی ئەوسایە، نە هەڵەبجە هەڵەبجەکەی ئەوسا. زەمان دێت و دەڕوات، بەڵام ئاسەوار لەسەر شوێن، لە دوای خۆی جێ دێڵێت. ئاسەوار لەسەر ڕووی مرۆڤەکانیش جێ دێڵێت. گومناویشیان دەکات و لەناویشیان دەبات.

ڕەنگە یەکێک لە هۆیەکانیشی ئەوە بێت، بەشێک لە ژیانم لە دێهات بەسەربردووە. نۆ ساڵان بە مامۆستایەتی لەنێو وەرزێر و جووتیار و ئاغادا بووم. دیارە لەوێ ژیان ساکارە، تۆی نووسەر دەتوانی بە ئاسانی دوای وردەکارییەکانی ژیانی خەڵک و کێشەکانیان بکەویت. ئەگەر خەڵکی شار دوو ڕوو، یان پتریان هەبێت، خەڵکی گوند بەزۆری یەک ڕوویان هەیە و ئاڵۆز نین. زوو دەبنە هاوڕێت و گرێی دڵیانت لەلا دەکەنەوە. وەکو تر گشت ئەو کێشە و دەردە کۆمەڵایەتییانەی کورد پێیانەوە دەناڵێنێت لەوێ بەرجەستە و لە بەرچاون. ڕەنگە لەم سۆنگەیەوە بووبێت زۆرێک لە چیرۆکی نووسەرانی سەدەی بیستەم هەڵقووڵاوی ژینگەی گوندن. ڕەنگە نوستالجیا و گەڕانەوە بۆ دنیای ڕۆمانتیکی و ئامێزی سروشتی جوان و بەرائەتی دانیشتوانەکەی و ڕەسەنایەتی، پاڵنەر و هۆکاری ئەم دیاردەیە بووبن. خورافە و ئەفسانە و حیکایەتیش، بەزۆری هەڵقووڵاوی ژینگەی دێهاتن. خێڵ و سەرچڵییەکانی، یاسا نەنووسراوەکانی، کە حوکمی یاسایان هەیە، لەوێ ئامادەن.

لە گوند، مرۆڤ زیاتر هەست بە خزمایەتی، سۆزبەندی و شوناسی خۆی دەکات. ڕەگەمای کەلەپوور و کولتووری ئێمەیش بۆ دێهات دەگەڕێنەوە. گوندی کوردستان وەک شار گۆڕانکاریی بەردەوام بە خۆیەوە نابینێت، هێشتا گوند هەر کەرەسە خاوەکەی نیشتمانە. لەوێ زووتر شوێنەکان دەناسییەوە. کەسەکان سادەن و دەیانناسیت. دارستان، چۆم، ڕووبار، زنجیرە چیای بەفرگرتوو، گشت ئەو ئاژەڵ و باڵندەماڵیی کێوییانەی کوردستانی پێ ناسراوە هێشتا لەوێن.

تێکەڵبوونی ڕەنگ لە فیگەرەکانی ڕەشماڵ، جیغ، لباد و خورجەزین، بۆ چیرۆکنووسین، بۆ بەکەڤاڵکردن و بۆ دیکۆر و گرتە سینەماییەکان، بۆ نووسینی دراما و دەرهێنانی فیلمەکان ئامادەن. ژینگەی گوند لە خۆیدا کەرەسەی خاوە. هێشتا ژیان لەوێ بە گشت جوانی و بەرائەتێکی خۆیەوە ئامادە و چاوەڕوانە. فیگەرەکان لەوێ ستاتیکای پتریان تێدایە تاکو بارستە کۆنکریتییەکانی شاری جەنجاڵی کەس لە کەس. تۆ تەنیا سەرنجت لەسەر گوندەکانی بەشی باشووری کوردستان نەبێت، کە وێران بوونە، خۆ کوردستان بەتەنیا بەشەکەی باشوور نییە.

زۆربەی چیرۆکنووسانی کورد، تیمە و بابەتەکانیان لە ژینگەی گوندەوە خواستووە. پێم وایە فەزای گوند یەکسانە بە قۆناغی منداڵی، یان بە ساوایەتیی تەمەنی مرۆڤایەتی. چونکە لەوێوە ژیان دەستی پێ کردووە. لەو واقیعە سەرەتاییەوە. دەشێ بڵێین، ژیانی گوند و تەواوی خۆشی و کێشەکانی یەکسانن بە بیرەوەرییەکانی منداڵیی تەواوی مرۆڤایەتی. گەنجینەی داوونەریت و کولتووری سەرەتایی کوردیش لە گوند کۆبوونەتەوە. دەشێ بڵێم، زۆرجاران شوێنەکان خوازراو نین، بگرە سروشتی وڵاتی خۆمانن و هەن، مەگەر ئەوەندە هەبێت دەستێکم پێدا هێناون.

لە شارەکانی کوردستان، لە شارەکانی عێراقیشدا، هەندێک قاوەخانەی ناسراو هەبوون. لەمێژە خاوەنەکانیان لە دنیا دەرچوون و ئاوا بوون. شوێنەکانیشیان کراون بەبازاڕ و ئاسەواریشیان نەماوە. کەچی بەناو و ناوبانگ، هێشتا هەر لە بیرەوەریی زۆر کەسدا زیندوون. لە جڤاکی بە بێکارەی داپۆشراو جەنجاڵی وەک وڵاتی ئێمەدا، چایخانە هەن وەک شوێن، زۆر لە دێرینخانە ناسراوتر و جەنجاڵترن و لە دەقی زۆر چیرۆک و ڕۆماندا جێی خۆیان هەیە. لە ڕاستیدا چیرۆکنووس بۆ دامەزراندنی دەقەکانی، زۆر پێویستی بەشوێنی وەها هەیە. شار با بۆ ئەو نووسەرانە بێت، کە لە دووی پرسی ئایدیۆلۆجیا و شۆڕشگێڕی سەرخۆش وێڵن. شار بۆ ئەو نووسەرانەی لەدووی مشەخۆر و رووناکبیر و قومارچی و بزاوی کرێکاران و وردە بۆرجوان و بەنیازن لە چیرۆک و ڕۆماندا بیانخەنە گەڕ. نەخۆشییەکانی دڵپەرتی، ڕاڕایی و خەمۆکییش، زیاتر نەخۆشیی شارن.

گەرماوەکانی شاریش بە وردەکاری و ئێکسسوارەکانیانەوە، بۆ چیرۆک، جوانکاریی زۆریان تێدایە، کاتێک باسی خێوی حەمام، توونی حەمام، خەزێنەی حەمام و جورنە، تاس، پەشتەماڵ و دارچینی و... تاد دەکرێت. یان کاتێک حەمام بۆ بووک قۆرخ دەکرێت و دەبێت بە ڕووداوێکی گرینگی ڕۆژ. بیرت بێ، تاکو ئێستایش، کەسانێک هەن دەڵێن، فڵانە خانوو، یان دوکانم پێوە نایەت، چونکە ڕزقی سوارە. لەوێدا کەسێکی ئازیزم مردووە و ئەوانگەلی هەیە و زۆری تری لەم بابەتە، کە بڕوایان پێیەتی.

نووسەر کاتێک بۆ بەرجەستەکردنی ژینگەی گشتیی دەقەکەی، پەنا بۆ وەسف دەبات، ئەو وەسفی قارەمان و کات و شوێن دەکات. جا چونکە شوێن و کات هەموو کات پێکەوە دێن، نووسەرانی عەرەب زاراوەی (زمکان: شوێنکات)یان بۆ ئەم پرسە ڕۆناوە. واتە پێکەوە ناویان دێن.

خۆ ڕووداوی چیرۆک لە بۆشاییدا بەڕێوە ناچێت. ڕووداو هەر دەبێت ژینگەیەکی هەبێت، جا ئەو

ژینگەیە واقیعی بێت یان خەیاڵی. چیرۆک گەر ژینگەی روونی نەبێت، ئەوا ناکامڵ دەردەچێت، وەک چۆن قارەمانێک، ئەگەر ئەدگار و رواڵەتی روونی نەبوو، ئەوا دەبێت بە تارمایی. رووداو و ژینگە کار لەیەک دەکەن و ئامێتەی یەکودوو دەبن. ژینگەی چیرۆکەکانی بەندەیش شار و دێهاتی کوردستانە. تۆ سەرنجی بەرهەمی گەورە نووسەرانی دنیایش بکە. دەبینیت ژینگەی بەرهەمەکانی جێمس جویس دبلن و نەجیب مەحفووز قاهیرە و حوسێن عارف بە رۆمانی (شار)یشەوە، بەزۆری شاری سلێمانییە. هەردەم کات و شوێن هاوتەریب لەگەڵ یەکتردا دەڕۆن و جیا نابنەوە. چیرۆک ئەگەر سەردەم و شوێنی مەعلوومی نەبوو، واتە ئەوێتیی (شوناس) مەعلوومیشی نییە. یان با بڵێین چیرۆکێکی بێ ناسنامە و ژینگەیە. لەم رووەوە دەشێ بڵێین، رۆمانی (هەڵکشان بەرەو لووتکە)ی لەمەڕ عەبدوڵڵا سەراج، بریتییە لە رۆمانی تۆپۆگرافیای شاری کەرکووک.

جا چونکە کورتە چیرۆک ئەدەبێکە جەخت لەسەر دەرەتانی مرۆڤی تاک دەکات، هەر دەبێ ئەم رەگەزانەی تێدا بێ. واتە فۆرمی چیرۆک وابەستەی (شوێنکات)ی سنوور بۆ کێشراوە. لێرەدا شوێن، ئەوەندەی بینەکی و هەستەکی و مێژووییە، نیو ئەوەندە لایەنە ئەندازەییەکەی مەبەست نییە. هەر شوێنێکی تایبەتی بگریت بۆنێکی تایبەتیشی هەیە و هەستێکی تایبەتیش دەخرۆشێنێت.

ئەگەر شوێن بریتی بێت لە کۆشک و تەلار، پرد، رێ و توولەرێ و ئەو پلە رک و تووشانەی کوناوکەن رێبوار بە چیا و دۆڵەکان ئاشنا دەکەن؛ ئەوا ئەو شوێنانە دەستکردی مرۆڤن. ئەوەی دەمێنێتەوە یان خوڵقاوی سروشتن یان خوڵقاوی خەیاڵی داهێنەرانەی نووسەرن.

سەبارەت بە ژانری رۆمانیش، شار بە چراخانی شەوانەی، بە شەقام و بۆڵڤارە بەرینەکانی، بە پرد و چوارڕێیانەکانی، بە تەلارە بەرزەکانی، شوێنی بەرێوەچوونی رووداوەکانی رۆمانە. زۆرێک لە رۆمانەکانی دنیا بەوردی وەسفی تەلار، قومارخانە، شەقام و کافییەی شاران دەکەن. (د. ولید أحمد السید)، کە شارەزای بواری تەلارسازییە، جارێکیان لەم رووەوە نووسیبووی، زۆرێک لە رۆمانەکان وەسفی شوێنی مەعماری دەکەن و شار وەک مینبەرێک بۆ گێرانەوەی رۆمان بەکار دەهێنن. وەک چۆن شانۆگەری بەبێ هۆڵ و تەختەی شانۆ چێ نابێت و پێک نایەت، رۆمانیش بەهیچ جۆرێک بەبێ شار پێک نایەت.

هەندێک شوێن، پارچەگەلێکن لە هونەری باڵا و دانسقە، دەستکاریی هەزاران ساڵ بەری نەوەی باپیرانن. شوێنەکان خۆیان بە دیواربەندی بەنرخ و نایاب بوونە، وێڕای جوانیی هونەرییەکەیان بە مێژوویش بوونە. وەک پەیکەری نەرامسین لە دەربەند گەوری قەراخ، یان رلیفەکانی قەڵای ئامێدی و ئەو ماڵانەی، کە هەزاران ساڵ لەمەوبەر بە زەبری قوڵینگ لە چیا بەردینەکان هەڵکۆڵراون. هەندێک شوێنیش لانکەی مرۆڤایەتین، وەک ئەشکەوتەیلی شانەدەر و هەزارمێرد. ئەمانە شوێنەیلێکن خۆیان سام و مێژوو و جوانییان تێدایە. کاتێک ئێمە دەیانکەین بە پاشخانی چیرۆک، وەک کەڤاڵەیلی هونەریمان هێنابێتە نێو دەقی چیرۆکەوە وایە.

* ئەم بابەتە پاژێکە لە کتێبی (ئەزموونی چیرۆکنووسین)، کە بەم نزیکانە چاپ دەبێت.

# مێژووی هونەری فۆتۆگرافی لە کوردستاندا

فەرهاد پیرباڵ

ئەم نووسینە هەوڵدانێکە بۆ تۆمارکردنی چەند تێبینییەک لەبارەی سەرهەڵدان و نەشونمای هونەری (فۆتۆ) و کاری (فۆتۆگرافی) لە کوردستاندا.

تا ئێستا هیچ توێژەر و مێژوونووسێک سۆراغی ئەم مەسەلەیەی نەکردووە و لێی نەکۆڵیوەتەوە تا لە شێوەی کتێبێکدا چاپی بکا، تا ئێستاش، نە (یەکەتیی وێنەگرانی کوردستان) و نە (کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی) و نە (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی رۆشنبیری و هونەر)، نە هیچ نەقابە و وەزارەت و کۆمەڵەیەکی هونەریی تری (کوردستانی ئازاد)، ئاوڕیان لە مێژووی ئەم هونەرە هەتیوە نەداوەتەوە و هەوڵی نووسینەوەی مێژووی ئەم هونەرەیان لە کوردستاندا نەداوە، تەنانەت ماتێریال و کەرەستە کۆنەکانیشیان (وێنە دێرینەکانیشیان) لە ئەرشیڤخانەیەکدا کۆ نەکردووەتەوە! هیچ ئەرشیڤخانەیەک یان پەیمانگەیەک بۆ پاراستنی کەرەستە کۆنەکانی ئەم هونەرە دانەمەزراوە!



داهاتوو چیمان پێ دەڵێ؟

من لای خۆمەوە، دوازدە ساڵ زیاترە دەستم داوەتە کار بۆ نووسین و کۆکردنەوەی ماتێریاڵ و بەچاپگەیاندنی نامیلکەیەکی ئاوها، بەرهەمەکانیشم - لە شێوەی وتار - لە کۆوارەکاندا بڵاو کردووەتەوە. کاتی خۆیشی پێشنیازی گۆشەیەکم بەناوی (چاوی مێژوو) لە کۆواری (ڕامان)دا پێشکەشکرد لەپێناو پاراستن و کۆکردنەوەی وێنە فۆتۆگرافە کۆنەکانی کوردستان، دەمودەست سەرنووسیاری کۆوارەکە، ئازاد عەبدولواحید، پەسندی کرد و هەر خۆیشم پێشەکیی یەکەمین زنجیرەی ئەو گۆشەیەم نووسی و چەندین وێنەم لە یەکەمین زنجیرەکەدا بەبێ ناوی خۆم بڵاو کردەوە بۆ ئەوەی خەڵکی دیکەش هان بدەم هەمان کار بکەن؛ ئیتر وردە وردە سەری گرت و سەدان فۆتۆ لەو گۆشە - زنجیرەیەدا بڵاوکرانەوە و پارێزران تا ڕادەی ئەوەی کە پاشان کۆواری (سروە)ش لە کوردستانی ئێراندا ئەم ئەرکەی کردە نەریتێک و گۆشەی (کەونە نیشتیمان)ی کردەوە.

پاشان هاتم لە کەناڵی سەتەلایتی کوردستان تیڤی، لە بەرنامەی (ڕۆناهی) دوو زنجیرەی بەرنامەکەم تەرخان کرد بەم مەسەلەیە؛ پاشانیش لە کەناڵی سەتەلایتی گەلی کوردستان لە بەرنامەی (زێڕەوشان) هەمان کارم بەشێوەیەکی تازە ئەنجام دایەوە. ئەمە جگە لەوەی کە لە ساڵی (١٩٩٩) چەند وتارێکم لە کۆواری ڕامان و لە کۆوارەکانی تردا، پاشانیش بە زنجیرە لە کۆواری (تاو)دا، لەسەر داخوازیی ماجید نووری و دەستەی نووسیارانی کۆواری (تاو) لەبارەی مێژووی هونەری فۆتۆ لە کوردستاندا بڵاو کردەوە.

ئەمە تا ئێستاش، وام لە هەمووی بە باشتر زانی کە لە شێوەی نامیلکەیەکی سەربەخۆدا، بیخەمە بەر دیدی خوێندکار و توێژەر و ئەویندارانی ئەم هونەرە.

کەسێ بەم عەصرە نەیدیوە بەشەر وەک تۆ بە شیرینێ
تەحەییوور ما لە تەصویرت ئەگەر نەققاش ئەگەر مانێ
صافی

وێنەگرتن بە کامێرا، یان هونەری فۆتۆگرافی، لە ساڵی (١٨٣٩) داهێنرا، (هیپۆلێت بایارد) یەکێک لەو داهێنەرانە بوو کە لە ساڵی (١٨٤٠) ئامرازی پۆزەتیڤی وێنەگرتنی داهێنا.[١] (گۆستاف فلۆبێرت)، ڕۆماننووسی گەورەی فەرەنسا، کاتێ لە (١٨٥٢) بەرەو میسر سەفەری کرد برادەرێکی وێنەگری خۆی بەناوی (Du CAMP) لەگەڵ خۆی برد بۆ ئەوەی وێنەی بۆ بگرێت.[٢]

بەشێوەیەکی گشتی لە ماوەی نێوان (١٨٥٠) تا (١٩٠٠) هونەری وێنەگرتن وردە وردە لەسەر دەستی گەڕاڵ و بازرگان و جوگرافیاناس و ئەو وەفدە سیاسی و زانستییانەی لە ئەورووپاوە دەهاتنە ڕۆهەڵات، پێشکەوتنێکی گەورەی بەسەردا هات؛ بەڵام لە ماوەی سەدەی رابردوودا تا



(١٩٠٤) هەر بە ڕەش و سپێتی و بەساکاری مایەوە.[٣]

لە سەرەتای ئەم سەدەیە بەملاوە و لەگەڵ دەسپێکردنی شەڕ و بەجۆشتربوونی کارەساتەکان، ئەم هونەرە – لە ئەنجامی پێشکەوتنی زیاتری زانستەکان – هەنگاوی گەورەتر و گەورەتری هەڵێنا. دەرکەوتنی ڕێبازە یاخیگەرەکانی شێوەکاری، وەک فووتووریست و دادایست و سووریالیستەکان لە ساڵانی (١٩١٠ و ١٩٢٠)دا، لە سەرووی هەموویشیانەوە دەستاوەرد و داهێنانە تازەکانی (ئۆسکار بارانک) لە بواری ئامێرەکانی وێنەگرتندا هەروەها داهێنانی فیلمی (٣٥) میلیمەتریی سینەماتۆگرافی لەلایەن خۆیەوە لە ساڵی (١٩٢٤)، کە بۆ یەکەم جار لە ئەڵمانیا کەوتە گەڕ... هەموو ئەمانە ئەم هونەرەیان کردە پیشەیەکی باو، زانستێک، وردە وردە زیاتر و زیاتر بەناو خەڵک و دنیادا بڵاو بووەوە، بەڵام لە سەرەتادا لە وڵاتانی ئەوروپادا.[٤]

ئینجا دەرکەوتنی چەند وێنەگرێکی هونەرمەندی وەک (مان ڕێی)ی فەرەنسایی، کە هونەری فۆتۆ و وێنەگرتنی کردە داهێنان و «هونەر» و بەرهەمێکی ئێستەتیکی، وایکرد لەمەودوا «خەڵک» بەچاوی ڕوانینە تابلۆیەکی هونەری تەماشای فۆتۆ بکەن نەک تەنیا بە چاوی وردبوونەوە لە (بەڵگەنامە) و (یادگاری) و (شایەتیدانێکی مێژوویی). تەنانەت وای لێ هات کە ئەمڕۆ نرخی وێنەیەکی فۆتۆگرافی لە بازاڕە هونەرییەکانی ئەوروپا بەهەمان نرخی تابلۆیەکی ڤان کووخ یان پیکاسۆ بفرۆشرێت.[٥]

## کێ کامێرای وێنەگرتنی بۆ یەکەمین جار هێنایە کوردستان؟

گەڕاڵ و کوردناسەکانی ئەوروپا، واتە ئەو گەڕیدە و بازرگان و دیپلۆمات و جاسووسانەی کە بە وەفد لەلایەن دەوڵەتانی ئەوروپاوە هاتوونەتە کوردستان، بە یەکەمین ئەو کەسانە دەژمێردرێن کە کامێرای وێنەگرتنیان لەگەڵ خۆیان هێناوەتە کوردستان و وێنەی کوردانیان گرتووە. ئەمەش بۆ

ئەوەی لە کتێبەکانی خۆیاندا لە ئەوروپا چاپی بکەن و پێشانی ئەوروپای بدەن کە خەڵکی کورد و ولاَتی کـوردان چۆنن و چین: شـێـوەی کـورد، ئادگـاریان - لە ڕووی ئەنتـرۆپۆلۆجـیـیـەوە، ئەتنۆگرافییان، تەلار و خانووبەرەیان... هتد![٦]

ناودارترین ئەو گەڕاڵ و کـوردنـاسـانەی بۆ یەکـەم جـار کـامـێـرایان لەگـەڵ خـۆیان هێناوەتە کـوردسـتـان و وێنەی ژیان و سـروشـتـی ولاَتی ئێـمـەیان گـرتووە، برێتین لـە: کوردناسی ناوداری فرەنسـایی (هینری بیندەر) لە ساڵی (١٨٨٧)، ئینجا (لۆکۆنت دوشۆلێت) لە ساڵی (١٨٩٢)دا. ئەم کوردناسانە، بۆ یەکەمین جار سروشتی کوردستان، قەڵێفەت و جلوبەرگ و خانووبەرەی کوردانیان خستووەتە نێو چوارچێوەی فۆتۆگرافەوە.[٧]

ئەم وێنەگرتنەی ئەوان بەکامێرا، هەڵبەتا جێگەی ئەوەی گرتووەتەوە کە بێن وەک (مستەر ریچ) لە سـاڵی (١٨٢٠) و، وەک (توورنەفـۆرت) لە سـاڵی (١٧١٧)دا بەدەست و قـەڵەمی خۆیان، بەپەڕەمـووچ وێنـەی کـورد و کـەرەسـتـەکـانی کـوردسـتـان و شـارەکـان بکێـشن. چونکە پێش سـەرهەڵدانی فۆتۆگراف، ڕۆهەلاَتناس و گەڕیدەکان بە مووقەڵەم و پەڕەمـووچ (لە شـێـوەی تابلۆ و نیگاردا) واتە بەدەست وێنەیان دەکێشا، کە پێیان دەگوترا Gra-vure یان Illustration ، ئەمەش چونکە لە سەدەکانی پێش سەدەی نۆزدەم، واتە لە سەردەمی (توورنەفۆرت) و (ریچ)دا هێشتا کامێرای وێنەگرتن و هونەری فـۆتـۆگـراف هێـشـتـا لە ئەوروپاش دانەهاتبوو.[٨]



دوا بەدوای هـینری بیندەر و دوشـۆلێـتی فـرەنسـایـی لە (١٨٨٧ و ١٨٩٢)، دەیـان ڕۆهەلاَتناسی و کوردناسی تر هاتوونەتە کوردستان و سەدان وێنەی فۆتۆگرافی جۆرەوجۆری کورد و کوردستانیان گرتووە، تا دەگاتە (هاملتۆن) و (دەبلیوو. ئار. هێی) و (مێجەرسۆن) لە سالاَنی (١٩١٠ و ١٩٢٠)دا. بەراستیش کتێبەکانیان پڕن لە وێنەی فۆتۆگرافی دانسقەی ئەوتۆ کە لە ڕووی مێژووییەوە، نرخ و پلەیەکی بەرزیان هەیە و ئەم ئەرشیڤە بەهادارانە پێویستە سەرلەنوێ چاپ و بلاَو بکرێنەوە.[٩]

ڕاستییەکەیش، ئەگەر کامێرای (مێجەرسۆن) و (مێجەر نۆئێل) و (مسیۆ بێل) و (هاملتۆن) و (دەبلیوو. ئار. هێی) و فرەنسایی و ئەوروپاییەکانی تر نەبووایە، ئێستا بێگومان ئەو گەنجینە وێنەییەی (Visuelle) کە ئەمڕۆ لەبارەی کوردستانی (١٨٨٧- ١٩٢٠)وە هەمانە، هیچی نەدەبوو.

ئەم کوردناسە ئەوروپاییيانە، کامێراکانیان تەنیا بۆ خۆیان و تەنیا لای خۆیان بووە، کاری خۆیان پێی کردووە و بردوویانەتەوە وڵاتی خۆیان. کەواتە بێگومان هیچ ستۆدیۆ و دوکانێکی وێنەگرتنیان لە هیچ شارێکی کوردستاندا نەکردووەتەوە.

## کورد لە کەیەوە هونەری فۆتۆگراف و کامێرای وێنەگرتنی ناسیوە؟

مصەورێ کە لە دارالفنوونی قودرەتی حەق
بە فرطی عیلمەوە مەئزوونە بۆ تەزینی جیهان
صەحائفی هەمەرەنگی جیهانی بەدەستەوە، وا
خەریکی رەسمە، فەقەت رەسمی عالەمی ئیمکان.
شێخ نووری شێخ ساڵح

کورد لە کەیەوە هونەری فۆتۆگراف و کامێرای وێنەگرتنی ناسیوە؟

ئەو مێژوونووسانەی وەڵامی ئەم پرسیارەیان دابێتەوە، هێندەی من ئاگام لێ بن، تەنیا دوو کەسن:

– مامۆستا رەفیق حیلمی، لە لاپەڕە (٥١٧)ی بەشی دووەمی یاداشتەکانی، کە لە بەغدا لە ساڵی (١٩٨٨) چاپ کراوە، دەڵێ: «کاتێ شێخ مەحموود لە (٣٠)ی ئەیلوولی (١٩٢٢) لە بەغداوە گەڕایەوە سلێمانی.. وێنەگرتن ئەوەندە باوی نەسەندبوو».

– ئەکرەمی مەحموودی ساڵحە ڕەشە، دەڵێ:

«وێنەگرتن لە زەمانی عوسمانلی لە سلێمانیدا نەبووە، بۆیە خەڵکی ئەو دەمە لە ئەستەمبۆڵ و بەغدا وێنەیان دەگرت دوای داگیرکرانی سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەوە پیشەی وێنەگرتن پەیدا بوو».(١٠)

بەم شێوەیە، تا کۆتایی سەدەی نۆزدەمیش، هیچ بەڵگەیەکی ئەوەمان بەدەستەوە نییە کە کورد کامێرای وێنەگرتنی ناسیبێت یان هیچ ستۆدیۆیەکی وێنەگرتن لە کوردستاندا هەبووبێت. بەڵگەی ئەم راستییەش ئەوەیە کە وێنەی فۆتۆگرافیی هیچ شاعیر و نووسەرێکی کوردی سەدەی نۆزدەم لە بەردەستی کەسماندا نییە و نەدۆزراوەتەوە.

وێنەی باوکی شەریف پاشا (سەعید پاشای خەندان)، وێنەی عەبدوڕەحیم هەکاری، وێنەی ئیسحاق سکووتی، هەروەها وێنەی چەندین ناوداری دیکەی کورد و سەدان وێنەی تری کوردستان لە ماوەی ساڵانی (١٨٨٧– ١٩٢٠) لە ئەستەمبۆڵ و بەغدا و قاهیرە یان لە جنێف و پاریس و لەندەن بەکامێرای کوردناسەکانی ئەوروپا یان لە ستۆدیۆکانی ئەوروپا گیراون؛ ئەمڕۆ بۆ ئێمە ماونەتەوە.

د. دلێر ئیسماعیل شاوەیس، مێژوونووس و راگری کۆلێجی ئابووری لە زانکۆی سەلاحەدین- پێی راگەیاندم کە باوکی خۆی، ئیسماعیل حەقی شاوەیس، سالانێکی زۆر لە ماوەی (١٩١٠-١٩٣٠) ستۆدیۆی وێنەگرتنی لە پاریس هەبووە و پیشەی فۆتۆگرافیی کردووە، بەلام کە گەڕاوەتەوە کوردستان وازی لەم پیشە هونەرییە هێناوە.

د. سلسل العاني دەڵێ: "دەڵێن لە سالانی سەرەتای ئەم سەدەیەدا لە شاری سلێمانی، عوسمان بەگ ناوێک کە نیگارکێشێکی شارەکە بووە، دەچووە ناو گۆڕستانی شار و رەسمی ئەو ژنانەی دەکرد کە لەسەر گۆڕەکاندا لەناو گوڵ و سەوزاییدا دادەنیشتن. ئەم دیاردەیە لەو سەردەمەدا بە شتێکی ناجۆر و سەیر دەزانرا و ژنان لە هەموو لایەک باسیان دەکرد.). هەروەها لەم بارەوە (جبرا ابراهیم جبرا) دەڵێ: " لە گۆڕستانێکی سلێمانیدا لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا ئەفسەرێک بووە ناوی عوسمان بەگ بووە، وێنەی ئەو ئافرەتانەی کێشاوە کە دیدەنیی گڵکۆی مردووەکانیان کردووە، ئەو ئافرەتانەی کە گوڵ و سەوزایی و بەهار دەوریان دابوون. تا ئێستا یادی ئەو هونەرمەندە هەر ماوەتەوە".

کەواتە، جگە لە هونەری نیگارکێشان و تابلۆ دروستکردن بەم شێوە سادەیە (کە دەچێتە خانەی شێوەکارییەوە نەک فۆتۆگراف) تا سالانی (١٩١٠) هیچ وێنەگرێکی کورد یان هیچ بایەخدانێکی تایبەتی و دیار بەهونەری فۆتۆگراف لە کوردستاندا وەدی ناکرێت.

هونەری فۆتۆگراف لە سالانی (١٩٠٠) بەملاوە، لە رێگەی بەغدا و بەتایبەتیش لە رێگەی ئەستەمبۆڵەوە، واتە لە رێگەی ئەو فۆتۆگراف و وێنەگرە ئەرمەنی و جوولەکە و رۆژئاواییانەوە کە لە ئەستەمبۆڵ و بەغدا دەژیان، گەیشتە ناو ئەو سیاسەتوان و روناکبیر و کەڵەپیاوە کوردانەی کە لە ئەستەمبۆڵ و بەغدا و شارە گەورەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا دەژیان. بۆیەش، دەبینین: یەکەمین وێنەی نووسەر و پیاوە ناودارە کوردەکان لە ستۆدیۆی ئەو شارە گەورانەی وەک ئەستەمبۆڵ و بەغدا؛ گیراون.

جوولەکە و ئەرمەنییەکانی کوردستان (بەتایبەتی لە هەولێر و سلێمانی و لە کەرکووک) دەورێکی دیار و پێشڕەویان هەبووە لە بلاوکردنەوەی ئەم پیشە شارستانییە لە کوردستاندا. بۆ سەلماندنی ئەم راستییە، نووسەری (مێژووی شاری سلێمانی)، ئەکرەمی مەحموودی ساڵحە ڕەشە، لە لاپەڕە (٤٩٧)ی کتێبی ناوبراودا گەواهیی ئەوەمان بۆ دەدات کە زۆربەی هەرە زۆری یەکەمین وێنەگرەکانی سلێمانی کە لەناو شاردا ستۆدیۆی وێنەگرتنیان بۆ یەکەمین جار لە سالانی (١٩٣٠)دا لە سلێمانی کردووەتەوە، ئەرمەن و جوولەکەکان بوون. بۆ نموونە:

- (فانووس) و (ئەجێ) ئەرمەنی بوون، شەریک بوون، بۆ ماوەی یەک دوو ساڵ مانەوە. شوێنەکەیان (بەردەرکی سەرا) بوو، لەپێش شەڕی (٦)ی ئەیلوول.

- (نووری). جوولەکە بوو، لە تەنیشت مزگەوتی موفتی، بەرامبەر قوتابخانەی (فیصلیە).

– (یەهوودا). ئەمیش جوولەکە بوو، بەرامبەر حەوشی سەرا. لە ماڵی حەسەنی دەوڵەت کە ئێستا بانقی رافیدەینە، لە حەوشەکەدا وێنەی دەگرت. هەر لەو ماڵەدا خنکاندیان چونکە پارەیان پێ شک دەبرد.(11)

شایانی باسە یەکەمین وێنەگری شارۆکەی هەڵەبجەش هەر، کە پیاوێکی ئەرمەن بووە بەناوی (ئاجێ) یان (ئاجێ لێڤۆن)؛ لێرەدا بۆ یەکەمین جار وێنەکەی بڵاو دەکەینەوە؛ ئەویش هەر ئەرمەنی هەڵەبجە بووە و یەکەم مەیخانەش هەر لە شاری هەڵەبجە هەر ئەو دای مەزراندووە.

## فۆتۆ لەناو یەکەمین چاپەمەنییە کوردییەکاندا

یەکەمین رۆژنامە، یان کۆوارێکی کوردی کە بۆ یەکەم جار وێنەی فۆتۆگرافیی بڵاو کردبێتەوە بریتییە لە کۆواری (رۆژی کورد) لە ئەستەمبۆڵ لە ساڵی (١٩١٣).

کۆواری ناوبراو، لە ژمارە (٣)دا لە (١٩١٣/٨/١)، وێنەیەکی فۆتۆی (حوسێن کەنعان پاشای بەدرخانییەکانی) لەسەر بەرگی پێشەوەدا بڵاو کردووەتەوە. ئینجا لە ژمارەکانی (٢) و (٣)دا وێنەیەکی سەلاحەدین ئەیووبی و شارێکی کوردستان.

دووەم کۆواریش، کۆواری (هەتاو) بووە کە لە (١٩١٤) وێنەی فۆتۆگرافی بڵاو کردووەتەوە ئەویش هەر لە ئەستەمبۆڵ؛ دوای ئەمیش کۆواری ( ژین) و (کوردستان) لە ئەستەمبۆڵ: بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی فۆتۆگرافی (شەریف پاشا) و (ابراهیم الحیدري) و سەلاحەدین ئەیووبی؛ لەپاش هەموو ئەمانە ئینجا کۆواری (دیاریی کوردستان) دێت کە لە ساڵی (١٩٢٥) لە بەغدا فۆتۆی بڵاو کردووەتەوە.

بڵاوکردنەوەی فۆتۆ، بەم شێوەیە، لە کۆوار و رۆژنامە کوردییەکانی تردا، بەتایبەتیش لە کوردستانی عێراق لە ساڵانی (١٩٣٠) بەملاوە لاسایی کرایەوە و وردە وردە بوو بە نەریتێک، یان راستتر بڵێین: وەک تەکنیک و دەستاوەرد و ئامرازێکی رۆژنامەگەری پێڕەو کرا و پەرەی پێ درا.

بەم شێوەیە، دامەزرانی چاپخانە لەلایەن کوردەوە، بەتایبەتیش چاپخانەکەی د. عەبدوڵڵا جەودەت بە ناوی چاپخانەی (اجتهاد) لە ئەستەمبوڵ، کە کۆواری (رۆژی کورد)ی لە ساڵی (١٩١٣) پێ چاپ کراوە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە بۆ یەکەمین جار فۆتۆگراف لەناو کۆوارێکی کوردیدا چاپ و بڵاو بکرێتەوە و هونەری دیزاینی کۆوار شێوە و تەکنیکێکی تازە بەخۆ بگرێت.

## یەکەم وێنەگرە کوردەکان

یەکەمین وێنەگرێکی کورد کە لە کوردستاندا ستۆدیۆی وێنەگرتنی دامەزراندبێت و هونەری فۆتۆ و وێنەگرتنی لەناو کورداندا بڵاو کردبێتەوە و وێنەگرتنی لە کوردستاندا کردبێتە پیشەیەک بۆ خۆی، بریتییە لە (محەمەد یوسف سدیق غەزنەوی ١٨٩٤-١٩٦٤).

محەمەد یوسف غەزنەوی (١٨٩٤-١٩٦٤) خەڵکی شاری ئاکرێ بووە. لە سەرەتادا لە بەغدا ژیاوە، پاشان هاتووەتە مووسڵ، لە کۆتاییدا لە ئاکرێ نیشتەجێ بووە و ستۆدیۆیەکی وێنەگرتنی لەوێ کردووەتەوە. زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی و هیندیی زانیوە.(١٢)

ناوبراو یەکەم وێنەگری خاوەن ستۆدیۆ بووە لە کوردستاندا. یەکەم وێنەکانی خۆی لە نێوان ساڵانی (١٩١٢- ١٩٣٣) لە بادیناندا گرتووە. گرینگترین ئەم وێنانەش کە ئەمڕۆ لە بەردەستی ئێمەدان، ئەمانەن: شێخ عەبدولسەلامی بارزانی (لە ١٩١٢ گیراوە)، سوڵتان مەحموود خانی ئەفغانی (لە ١٩٢٠ گیراوە)، تەکیەی شێخ عەبدولعەزیزی کوڕی شێخ عەبدولقادری گەیلانی (١٩٢٣ گیراوە)، وێنەگر لەگەڵ لەبیبە فەندی و عوبەیدوڵڵا ئەفەندی (لە ١٩٣٠ گیراوە)، خەجێ و بەیبین (لە ١٩٣٣ گیراوە)، یەکەمین قوتابخانەی ئاکرێ (لە ١٩٣٣ گیراوە).

بەم شێوەیە لە ساڵی (١٩١٢) بەملاوە تا ناوەڕاستی سییەکان، محەمەد یوسف غەزنەوی، یەکەمین کوردە کە کامێرای وێنەگرتنی خۆی و ستۆدیۆی وێنەگرتنی لە کوردستاندا هەبووبێت، پێش حوسێن حوزنی موکریانی بە چەندین ساڵ.

مێژوونووسی پایەدار، حوسێن حوزنی موکریانی، پێشڕەوی راستەقینەی هەرە چالاکی ئەم مەیدانەیە. ناوبراو، کاتێ لە (١٩١٥) لە ئەڵمانیاوە دەگەڕێتەوە حەلەب، کامێرایەکی وێنەگرتن لەگەڵ خۆی دەهێنێت و لەناو چاپخانەکەی خۆیدا لە رواندز دای دەمەزرێنێت و بۆ کاری وێنەگرتنی رۆژنامەگەری و بڵاوکردنەوەی وێنە لەناو کتێبان سوودی لێ وەردەگرێت.

ئەکرەمی ساڵحە ڕەشە، دەڵێ: یەکەم ئامێری وێنەگرتن لەلایەن حوسێن حوزنی موکریانی و کابرایەکی لبنانییەوە هێنرایە سلێمانی. شێخ لەتیفی دانساز لێی کڕین؛ لە زەمانی شێخ مەحموودا بۆ ئیشوکاری خۆیان بەکاری دەهێنا وەک گرتنەوەی نووسین (استنساخ). دوایی، ئەو



ئامێرەی فرۆشت بە یەحیا ئەفەندی ڕەسام. ئیتر هەر ئەو بۆ وێنەگرتن بەکاری دەهێنا.[١٣]

بام حوسێن حوزنی لە سلێمانی کامێرایەکی تری فرۆشتبێتە شێخ لەتیفی دانساز. لە هەمان کاتدا کامێرایەکی تریشی لە رواندز (لە چاپخانەکەی خۆیدا) هەبووە بۆ کاری چاپەمەنی و رۆژنامەگەری و وێنەگەری ئیشەکانی خۆی: چونکە دەبینین حوسێن حوزنی موکریانی لە ساڵانی (١٩٢٦- ١٩٤٢)دا دەیان رەسم و وێنەی فۆتۆگرافی لە رۆژنامە و کتێبەکانی خۆیدا بڵاو کردووەتەوە.

بەم شێوەیە، ح.ح. موکریانی، کە دەستێکی باڵای لە نیگارکێشی و دیزاین و رەسمکردندا هەبووە، بە یەکێک لە یەکەمین ئەو کەسانە دێتە ژماردن کە هونەری دیزاینی مۆدێرن و هونەری وێنەگرتنی لە کوردستاندا بلێو کردووەتەوە.

### یەکەمین وتاری کورد لەبارەی هونەری فۆتۆوە

حوسێن حوزنی موکریانی، نەک تەنیا بە کردەوە و پیشە، بگرە بە نووسین و وتار نووسینیش، ویستوویەتی ئەم هونەرە شارستانییە دانسقەیە، کە تازە گەیشتووەتە کوردستان، بەخەڵکی خوێندەواری کورد بناسێنێت و پەرە بە هونەری دیزاین بدات.

ویستوویەتی وا لە خەڵک بکات کە بایەخ بە هونەری فۆتۆ و بەم پیشەیە بدەن، لێی تێ بگەن، چێژی لێ وەربگرن، فێری ببن و سوودی لێ وەربگرن. بۆ ئەم مەبەستە هاتووە لە ژمارە (٣)ی گۆواری (زاری کرمانجی)دا لە ساڵی (١٩٢٦) لە رواندز، وتارێکی بە ناونیشانی (عەکاسیی کۆلێن) نووسیوە، (عەکاسیی کۆلێن) واتە (وێنەگرتن بەشێوەی هەڵکۆڵین). دوا بەدوای ئەوەش لە ژمارە (٢٠)ی رۆژی (١٩٢٩/٨/١٧)دا وتارێکی تری بەهەمان مەبەست لە لاپەڕە (١٠- ١٢)دا بە ناونیشانی (مێژووی عەکاسی و فرووعاتی) بڵاو کردووەتەوە.

ئەم دوو وتارەی حوسێن حوزنی موکریانی بە یەکەم دوو وتار دەژمێردرێن کە لە مێژووی نووسینی وتاری رۆژنامەنووسییانەدا تەرخان کرابن بۆ باسکردنی هونەری فۆتۆ و پێشاندانی بایەخی هونەری فۆتۆگرافی و وێنەگرتن و دیزاین.

لەم دوو وتارەدا، حوسێن حوزنی موکریانی، بۆ یەکەمین جار بەشێوەیەکی تیۆری و زانستییانە تەکنیکی فۆتۆ و کەرەستەکانی وێنەگرتن و نهێنییەکانی کامێرای وێنەگرتن و مێژووی ئەم هونەرە بۆ کورد روون دەکاتەوە. دەیان زاراوە و وشەی تازەش لەبارەی تەکنیکی فۆتۆگرافی و هونەرەکە دەخاتە ناو زمانی کوردییەوە و زمانەکەمان دەوڵەمەند دەکات. ئەمانە گرینگترین ئەو زاراوانەن کە حوسێن حوزنی خستوونیەتییە ناو زمانەکەمان: رەسمی نەضەری، مصەور، عەکس، صنعەتی چاپ و کلێشە، چینکۆگرافی، لیتۆگرافی، فۆتۆگرافی...

حوسێن حوزنی مامۆستای ئەم بوارە، لەبارەی مێژووی سەرهەڵدانی رەسم لە کوردستاندا و

وێنەگرتن لای کورد لە سەردەمە دێرینەکاندا، لە ڕۆژی (١٩٢٩/٨/١٧) لە ژمارە (٢٠)ی کۆواری (زاری کرمانجی)دا، لە وتاری (مێژووی عەکاسی و فرووعاتی)دا، دەڵێ: (لە عەسری پێش ئیسلامدا کوردەکان خانوویەکی تاریکیان دروست دەکرد و کونێکی چکۆڵەیان تێدا دەهێشتەوە. پیاوێکی عەکسیان وەرگرتبایە، لەبەر ئەو کونەیان دوور رادەگرت. رەسام لە ڕۆژی ئەو خانووەدا رەسمی دەخستە سەر چتێکی مەطلووب و بەقەڵەم خەریکی دەبوو).

ئەم قسەیەی ح.ح. موکریانی ئەوە روون دەکاتەوە، کە گەلی کورد پێش ئەوەی هێشتا کامێرای وێنەگرتن لە ئەوروپا دروست بکرێت، هەر لە سەردەمی پێش ئیسلامەوە بایەخی داوەتە (رەسمکردن) بەو شێوازە ساکار و سادەیەی ئەو سەردەمەی خۆی. بە قەولی ح.ح. موکریانی، رەسمکردن و نیگارکێشان، لای کورد، بۆ پێش سەردەمی ئیسلام دەگەڕێتەوە.

حوسێن حوزنی موکریانی یەکەمین نووسەری کوردە کە وێنەی (Photo)ی لە کتێبی کوردیدا (لە کتێبێکی خۆیدا) بلێو کردبێتەوە. ئەمەش لەکتێبی (غنچەی بهارستان) لەساڵی (١٩٢٥) کە لە شاری حەلەب بلێوکراوەتەوە. ناوبراو وێنەیەکی خۆی لە لاپەڕەی یەکەمی کتێبەکەدا بلێو کردۆتەوە.

دوای ئەوەش، لە ساڵی (١٩٢٨) لە دوو کتێبی (ترازان) و (خێوەی رازان)دا کە بریتین لە کۆمەڵێک چیرۆک و سەربهوردی منداڵین و لاوانی قوتابخانەکان. ژمارە (١٢)ی کۆواری (زاری کرمانجی) لە ڕۆژی (٢٥) کانوونی دووەمی (١٩٢٨) پڕوپاگەندەی بۆ ئەم دوو کتێبە وێنەدارە کردووە.

هەر حوسێن حوزنی، یەکەمین نووسەرە کە کتێبێکی سەربەخۆی تەرخان کردبێت بۆ قسەکردن لەبارەی ئەم هونەرە و روونکردنەوەی ڕێگەکانی چۆنیەتیی وێنەگرتن و نهێنییەکانی بەکارهێنانی کامێرای وێنەگرتنەوە، هەروەها ناساندنی دیزاین و تەکنیک و پیشە و هونەری فۆتۆگرافی بە کورد. ئەم کتێبە بەناونیشانی (وێنەگەری و کۆڵین) لە کانونی یەکەمی (١٩٣٤)دا لە رواندز چاپ و بڵاو کراوەتەوە، لە (٩٥) لاپەڕەی قەوارە ١٤×٢٢سم.

کتێبەکە (٢٥) تابلۆی تەختیتی تێدایە کە ئامێرەکانی نیگارکێشان و لیتۆگرافی و گراڤوور و زەنگۆگرافی و فۆتۆگرافی پێشان دەدات، لەگەڵ قۆناغ بەقۆناغ چۆنیەتیی بەکارهێنانیان.

ئەم کتێبە، دیسان دەیان زاراوەی تازەی خستووەتە ناو زمانی کوردییەوە: کۆلۆدیۆن، شووشەی بەهەست، دووربین، فەنەر، رەحەتی، بەتاریە، رتووش، تیرۆک، ئەسپرتۆ، مەرەکەبی تەڕ، کۆڵێنی بەتیشک...

موکریانی، لە لاپەڕە یەکی پێشەکیی کتێبەکەدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن و لە کوێ ئەم هونەرە فێر بووە، دەڵێ:

«لە وەختی گەڕان و سووڕانەوەم بە دیاری بیانییاندا، ورد دەبوومەوە. خۆمانم لە صنعەت و



فەندا پاشکەوتوو دەدیت. لەسەر خۆم بەپێویست زانی فەنی کلێشە کۆڵی فێر ببم. یەکەمین جار لە ئەستەمبۆڵ لەلای ئەڵمانەکان بەهۆی کوردەکانەوە ڕێگەی ڤیل و فۆتۆلیتۆگراف فێر بووم. لە حوجاز و شام و حەلەب، بەو جۆرە کارم دەکرد. لە مەطبەعەی مارۆنیەکەی حەلەب لەلای مودیرەکەی، کە سەلیم مەطەر ئەفەندی بوو کۆششم کرد و نزیکەی سی لیرە دراوم خەرج کرد و ڕێگەی ڤیلم سەرخست. بەهۆی چەند کوردێکی میصرەوە، نزیکەی صەد لیرە ئیستیفادەی لێ کردم، ڕێگەی دووەمینی کۆلۆدیۆن و هەستی فێر کردم. لە بەیرووت لەلای قاهیر تنیر، لە شام لای (حناوی)، لە مصر لای (الورشة المصرية) و لە پاریس لای خاوەندی (دی پاریزیان De Parisienne ) لەم فەننەدا پێیان گەیاندم. منیش بە زانین و تاقیکردنەوە کردمە کتێب».

چاپکردنی ئەم یەکەمین کتێبە لەبارەی هونەری ڕەسم و فۆتۆگرافییە، بێگومان دەبێ وەرچەرخانێکی گرینگ و سەرەتایەکی تەکاندەر بووبێت لەم بوارەدا؛ زۆربەی وێنەگر و خاوەن ستۆدیۆکان سوودیان لێی بینیبێت.

لە ئاستی زاراوەناسی و زاراوەسازیدا، تێبینیی ئەوە دەکرێت کە لەو سەردەمەی ساڵێنی (١٩٢٠-١٩٣٠)دا جارێ- لەبەرئەوەی (فۆتۆ-Photo) تازە سەری هەڵداوە- هێشتا جیاوازی ناکرێت لە نێوان فۆتۆ و (نیگار- Tableau). بۆ نموونە شێخ نووری شێخ ساڵح (١٨٩٦ـ ١٩٥٨) لە شیعرێکیدا وشەی (مصور)ی بۆ وێنەکێش بەکار هێناوە، کە ڕاستییەکەی ئەمڕۆ (مصور) بۆ (وێنەگر) بەکار دێت نەک بۆ وێنەکێش/ نیگارکێش:

مصەوڕێ کە لە دارالفنوونی قودرەتی حەق
بە فرطی عیلمەوە مەئزوونە بۆ تەزینی جیهان
صەحائفی هەمەرەنگی جیهانی بەدەستەوە، وا
خەریکی ڕەسمە، فەقەت ڕەسمی عالەمی ئیمکان.(١٤)

بەهەمـان شـێوە دەبـینین: رەسم، تابلۆ، عـەکس، تەصـویر، عـەککاس، نەقـاش.... بەشـێـوەیەکی تێکەڵ و پێکەڵ لای نووسەرانی سالێنی (١٩٢٠–١٩٣٠) بەکار هاتوون.

پێویسـتە ئاماژە بەمـەش بدەین کە شێخ نـووری شێخ سـاڵح (١٨٩٦ـ ١٩٥٨) یەکەمین نووسـەری کوردە کە بۆچوون و تەنزیرات لەبارەی هونەرە جـوانەکانەوە بخـاتە ڕوو؛ لە سـاڵی (١٩٢٦) شـێخ نووری شـێخ سـاڵح لـە سلێمـانی، لە ژمـارە (٢١) و (٢٤)ی رۆژنامـەی (ژیان) بـە ٢٥ ئەڵقـە، هەمـوو بەشـەکانی هـونەرە جوانەکـان "صـەنایعی نەفـیسـە": (نیگارکـێشـان، مـۆسـیـقـا، پەیکەرتاشی، بیناسازی، وێنەگری) شی دەکاتەوە. لەم بارەیەوە بنچینەی داهێنانی وێنە (فۆتۆ) دەگەڕێنێتەوە بۆ بەهرەی فـۆتۆگرافەر (وێنەگر) خـۆی، نەک بۆ سروشت و دنیای دەرەوە: " ئەوەی لـە رۆحی ئێمـەدا حـەضـێکی بەدیـعی حـاصل بکا ئەوەیە کە لە دەسـتـی مـهـارەتێک و صنعـەتکارێک دەربـچێ؛ یەعنی هەمـوو وەقـتـێک ئـەوەی کە هـەیەجـانێک بۆ ئێـمـە حـاصـل دەکا رەسم و مـۆسـیـقـا نییـە بگرە ئەو صنعەت و مهارەتەیە کە قیمەت دەدا بەمانە".

هـەروەها لـەبارەی پێـوەندیی ئـەدەب بە وێنەوە دەڵێ: «ئـەو تەئسـیـرەی کـە لە قـصـەیەکی جـوان بۆمـان حاصل ئەبێ لەگەڵ چاوپێکەوتنی لەوحـەیەک و بینایەکی جـوان و گوێ لە مۆسیقاگرتنێکی خۆش عەینی تەئسیرە».

ئاگامان لێیە کە لە سـاڵی (١٩٢٦) لەناو سیسـتـەمی پەروەردەی هەولێردا لێـژنەیەک بە ناوی (لیجنەی فەن و تەمسیل) دروست کراوە یان (لیجنەی فنوونی جەمیلە). هـەروەها، بەپێی سجلاتی کـۆنی پەروەردەی هـەولێر، وانەی " لیسـانی فـرەنسـەوی و مـۆسـیـقـا و رەسم و ئـال ئیـشلەری و تەربیـەی بەدەنی و حوسنی خـەت " دەخوێنرا. کـەواتە، دەرسی هـونەرە جـوانەکان بەشـێک بوونە لە پێداویستییەکانی خوێندن و پەروەردە لە هەموو شارەکانی تری کوردسـتـانی عیراقدا: قـوتابیانی فـێری هونـەرە جـوانەکـان کـردووە. لەوەش دەچێ لەو کـاتەدا پێـشـانگە و مـیـهـرەجـانی هونەریی قوتابیان کرابێتنەوە. میهرەجانە هونەرییـەکانی سلێمانی لە سـالێنی (١٩١٠) و (١٩١٢) بەولاوە پەیدا بوونە. لە هـەولێریشدا لە سالێنی (١٩٢٠) بەملاوە.

دوای کـۆچی دواییی ح.ح. مـوکریانی، نووسـەری پایەدار، بەهەشـتی گیوی مـوکریانی، درێژە بە ڕێگە جوانەکەی ئەو دەدات. بەهەمان شێوەی ئەو، بایـەخ بەم هونەرە شارستانییە دەدات؛ تەنانەت بەکامـێرای خـۆی چەندین دیمەنی زیندووی ژیانی کـوردسـتـان و شـەخـسـیـاتی گـەلەکـەی خـۆی لە فـەوتان رزگـار دەکـات و دەیـانگرێتـە چـوارچێـوەی زیندووی فـۆتـۆگـرافـەوە. بەشـێکی زۆری وێنە نایابەکـانی شـاری هـەولێر و نووسـەرەکـانی کوردسـتـان لە سـالێنی (١٩٢٠–١٩٥٠) بە کـامێـرای بەهەشتی گیوی موکریانی گیراون.

تا ئێستاش ئامرازەکانی وێنەگرتن و کامێراکەیان هێشتا هەر لە چاپخانەکەیاندا پارێزراون.

## مێژووی هونەری دیزاین لە کوردستاندا

تا سەرەتای سەدەی بیستەم هونەری دیزاین تەنیا تایبەت بوو بە دیزاینی کتێب، ئەمەش چونکە تا ساڵی (١٨٩٨) هیچ ڕۆژنامە و گۆوارێک بە زمانی کوردی دەرنەچووە.

کەواتە مێژووی هونەری دیزاینی کلاسیک لە کوردستاندا بریتییە لە مێژووی کتێب. ئەگەر بمانەوێ لە مێژووی دیزاین لە کوردستاندا بکۆڵینەوە دەبێ لە مێژووی کتێب و یەکە یەکەی ئەو کتێبانە بکۆڵینەوە کە بە زمانی کوردی لە کوردستاندا چاپ کراون.

دەتوانین مێژووی هونەری دیزاین، بەسەر چەند قۆناغێکدا دابەش بکەین:

١- هونەری دیزاینی میناتۆری

ئەم قۆناغی یەکەمە، ئەو قۆناغە دەگرێتەوە کە هێشتا جارێ چاپخانە نەگەیشتووەتە کوردستان: نووسەرانی کوردستان کتێبەکانیان بە دەستی خۆیان، واتە بە پەڕەمووچ لەسەر کاغەز دەنووسییەوە.

عادەت وابوو کە نووسەر بەشی سەرەوەی هەر بەشێک لە کتێبەکەی، واتە بەشی سەرەوەی هەر دەروازەیەک (فەسڵێکی) کتێبەکەی بەشێوەیەکی بەرچاو نەخش دەکرد لە شێوەیەکی وێنەییدا. دوو ستوونی هەبوو، یانیش زۆربەی جار یەک ستوونی.

زۆرجار، لە هەندێ لاپەڕەکانی ناوەوەی کتێبەکەدا، بەشی خوارەوەی کتێبەکەی یانیش زۆرجاران ئەملا و ئەولای کتێبەکەی بە نیگار (میناتۆر) دەڕازاندەوە. نموونەی ئەم جۆرە دیزاینە: (کتێبی طوبیا کوردی، خورشید و خاوەر). جاری واش هەبوو ئەو نیگار و میناتۆرانەی، کە عەرەب پێی دەڵێن (نمنمنات) لە شێوەی تابلۆی سەربەخۆدا لە یەک لاپەڕەدا دادەنا (وەک لە کتێبی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەتلیسیدا دەبینین کە بیست تابلۆی لەگەڵ داندراوە).

شایانی باسە، ئەو تابلۆیانە، هەرگیز وەک بەرهەمێکی سەربەخۆ پێشکێش نەکراون، بگرە بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی باس و خواسەکانی نێو کتێبەکە بوونە: بۆیەش زۆرتر لە ڕووی دیزاین و هونەری دیزاینەوە گرینگیی پلەی یەکەمیان هەیە؛ بایەخێکی ڕوونکاری وەردەگرن لە چاو ئەوەی بایەخێکی بەپلەی یەکەم شێوەکارییان هەبێ «هەرچەند بە یەکەمین کەرەستەکانی مێژووی هونەری شێوەکاریش دەژمێردرێن».

ئەو نیگار و میناتۆرانە، چونکە لە چاو ناوەڕۆکی کتێبەکە، بۆ خەڵک و عەقڵی ئەو سەردەمەی جاران، هێندە گرینگ نەبوونە: بۆیە ناوی نیگارکێش و ناوی دیزاینەرەکان هەرگیز نەنووسراوە و تۆمار نەکراوە. کەم جاریش ڕێک کەوتووە کە نووسەری کتێبەکە خۆی ئەو میناتۆرانەی دروست کردبێت.

دەبێ ئەوەش بڵێین: ئەم قۆناغە، هەر لە چینەوە بگرە تا میللەتانی فارس و تورک و عەرەبیش

پێیدا تێپەڕ بوونە و قۆناغێکی کلاسیکیی هونەری دیزاینە.

٢- هونەری دیزاینی سەردەمی چاپخانە

لەو سالێنەوە کە چاپخانە دەگاتە کوردستان، هونەری دیزاینی کتێب گۆڕانێکی بەرچاوی بەسەردا دێت. بەشێک لەو گۆڕانە بنەڕەتییانە بەهۆی هەوڵی ئەو ڕۆژهەڵاتناسە ئەوروپاییانەوە بووە کە کتێبیان بە زمانی کوردی، بە تەرجەمەی فرەنسی و ئەڵمانی یان بە تەرجەمەی ئیتاڵی و ئینگلیزییەوە چاپ کردووە. لەناو ئەو کتێبانەدا، بەتایبەتی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم بەملاوە، چیرۆک و بەیت و داستانە کوردییەکانیان بە دیزاینێکی جوان و تازە (لە چاو سەردەمی کۆن) بە وەرگێڕانی زمانێکی ئەورووپییەوە چاپکراون. یەکەمین کتێب لەم بارەیەوە کتێبەکەی کوردناسی ئیتاڵیایی، گارزۆنی Garzoniیە، کە لە ڕۆما لە ساڵی (١٧٨٧) چاپ کراوە.

دوای گارزۆنی، لە ناوەڕاست تا کۆتاییی سەدەی نۆزدەم، ئۆسکارمانی ئەڵمانیایی و خۆدزکۆی فرەنسایی و پیتەر لێرخی و (لۆ کۆک)ی ئەڵمانیایی و ئەلکزەندەر ژابای ڕووسیایی بەئەسڵ پۆڵۆنیایی هەندێک لەو ڕۆژهەڵاتناسانەن کە هونەری دیزاینی ئەوروپایی دەهێننە ناو کوردستان و هونەری دیزاینی مۆدێرنی ئەوروپا بۆ چاپکردنی کتێب بە کوردستان و بە چاپەمەنیی کورد و بە نووسەرانی کورد دەناسێن.

لەم قۆناغە تازەیەدا هەڵە و کەموکووڕی لە هونەری دیزایندا کەم دەبێتەوە: چونکە جاران دیزاینەر ڕاستەوخۆ وێنەی لاپەڕەکەی دەکێشا و ئەگەر هەڵەی بکردایە نەیدەتوانی چارەسەری بکات، بەڵام لەم قۆناغە نوێیەدا دیزاینەکەی دەگەیاندە قۆناغی پێرفێکت (لووتکە) ئینجا دەیدایە چاپ.

جگە لەمەش وا پێ دەچێ، هاتنی چاپخانە وا دەکات کە کاری دیزاینەر لە داهاتوودا ببێتە پرۆفشناڵ و تایبەتمەند، واتە پسپۆڕی (تخصص) پەیدا بکات: چونکە لە سەردەمی پێشوودا زۆربەی جار نووسەر خۆی یان هەر خەتخۆشێک کارەکەی دەکرد. بەم شێوەیە، لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەمەوە، بەهۆی هاتنی چاپخانەوە (کە هەموو کەسێک لێی نەدەزانی) وردە وردە دیزاینەر و هونەری دیزاین لە پسپۆڕی (تخصص) نزیک دەکەوێتەوە.

یەکێک لە جیاوازییەکانی تری ئەم قۆناغە نوێیەی دیزاین ئەوەیە کە لەم قۆناغە نوێیەدا تیراژی کتێب بە پلە و ڕێژەیەکی زۆر بڵندتر، واتە بە زۆرترین ژمارە لەناو خەڵکدا بڵاو دەبێتەوە.

تایبەتمەندییەکی تریش ئەوەیە کە لەگەڵ گەیشتنی چاپخانە، جوانیناسیی خەت و (خۆشنووسی) نامێنێت و جوانیناسیی پیت جێگەی دەگرێتەوە: چونکە جاران کتێب بەدەست دەنووسرایەوە، بەڵام لەم قۆناغە تازەیەدا جوانیناسیی پیت (پیتی چاپ) دێتە ئارا. هێدی هێدی هەوڵ دەدرێ کە پیت پەرەی پێ بدرێت، کلێشەی تازە بۆ پیتەکان دروست بکرێن، تا گەیشتە ئەوەی کە ئەمڕۆ سەدان جۆر پیت دروست بکرێن.

بەم شێوەیە ئێستێتیکای خەت (خۆشنووسی) وردە وردە کز دەبێتەوە و ئێستێتیکای پیت سەرهەڵدەدات و دەبێتە مۆدێل. ئەمەش وا دەکات کە نووسەر یان بلێوکەرەوەی کتێب بەدوای چەند پێوەرێکی تازە بۆ دیزاینی کتێب بگەڕێت؛ هەوڵ بدات کلێشە و فۆرمی تازە بۆ دیزاینی کتێب و ڕازاندنەوەی لاپەڕەکان دابهێنێ. لەم بەستێنەشدا بەکارهێنانی گراڤوور Gravure وێنەی هەڵکۆڵدراوی سەر تەختەدار (چاپکراو)، باشترین ئەلتەرناتیف و دەستاوەرد بوو؛ کە پاشان فۆتۆگراف و هێڵکاری جێگەی گرتەوە.

جوانترین کتێب و سەرکەوتووترین بەرهەمی ئەم قۆناغە بریتیە لە کتێبی (ئەلفابێ جێ یا کرمانجی) کە لە ئەستەمبوڵ لە ساڵی (١٨٥٧) لەلایەن کۆمەڵێک موژدەگار و قەشەی ئەرمەنییەوە بەهاوکاریی چەند کوردێک چاپ کراوە. کتێبەکە، کە پڕە لە وێنە و گراڤوور و هێڵکاریی جۆرەوجۆر، بە ئەلفابێی ئەرمەنی بەڵام بە زمانی کوردی (بە دیالێکتی کرمانجیی ژووروو) چاپ کراوە و پڕە لە بابەتی جۆرەوجۆری مێژوویی و کۆمەڵێیەتی و ڕۆشنبیری بە زمانی کوردی، بە جوانترین دیزاین و ڕازاوەترین دیزاینی مۆدێرنی ئەو سەردەمە، لە چاپخانەیەکی ئەرمەنییەکان لە ئەستەمبوڵ چاپ کراوە. (من لە کتێبی مێژووی وەرگێڕانی ئینجیل لە ئەدەبیاتی کوردیدا بەفراوانی باسی ئەم کتێبەم کردووە).

٣- قۆناغی ڕۆژنامە و کۆوارەکان

ڕاستە، یەکەم ڕۆژنامە بە زمانی کوردی لە (١٨٩٨ - ١٩٠٢: لە قاهیرە - جنێف - فۆڵکستۆن) سەرهەڵدەدا، بەڵام دە پازدە ساڵێکی دەوێت بۆ ئەوەی چاپخانە بەشێوەیەکی فیعلی و بەکردەوە، ڕاستەوخۆ بکەوێتە دەست کوردان بۆ ئەوەی سوودی ڕاستەوخۆی بۆ هونەری دیزاین لێ ببینن.

ڕاستییەکەیشی لە ساڵێنی بیستەکان بەملاوەیە کە چاپخانە دەکەوێتە دەست نووسەر و رووناکبیرانی کورد بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ بێن لەناو چاپخانەدا کار بکەن و بەشێوەیەکی یەکڕاست و باریکبینانە بە هونەری چاپخانە ئاشنا ببن و کاری دیزاینی تێدا ئەنجام بدەن.

ڕۆژنامەی کوردستان (١٨٩٨-١٩٠٢) دیزاینێکی کلاسیکیی لە چاو دیزاینی کۆوار و ڕۆژنامەکانی پاش خۆی هەیە.

هەرچۆنێک بێ، توێژەری پسپۆڕ ئەگەر لەم مێژووە بکۆڵێتەوە، بۆی وەدیار دەکەوێ کە هونەری دیزاین زیاتر لەناو کۆوارەکاندایە کە پێشکەوتنێکی باش و پەرەسەندنێکی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێ، بەتایبەتی لە ڕێگەی کۆوارەکانی دوای (ڕۆژی کورد، ئەستەمبوڵ: ١٩١٣) بەملاوە.

لە سەرەوەدا گوتمان: بەکارهێنانی گراڤوور Gravure وێنەی هەڵکۆڵدراوی سەر تەختەدار (چاپکراو)، باشترین ئەلتەرناتیف و دەستاوەرد بوو کە جێگەی میناتۆری گرتەوە؛ کە پاشان فۆتۆگراف و هێڵکاری جێگەی گرتەوە. لە هەمان کاتیشدا تواناکانی چاپخانەش زیاتر وزە و هێزی بەخشییە هونەرمەندی دیزاینەر بۆ ئەوەی بتوانێ باشتر و جوانتر و بەشێوەیەکی

پێشکەوتووتر لە هونەری دیزایندا سەربکەوێت.

هەم چاپخانە و هەم تەکنیکی گراڤوور (Gravure وێنەی هەڵکۆڵدراوی سەر تەختەدار) بۆ یەکەم جار لەلایەن حوسێن حوزنی موکریانییەوە وەک کوردێک بەکار هات و هاتە ئارا: بۆ یەکەم جار ئەم تەکنیکەی، لە کتێبی (خونچەی بەهارستان) لە ١٩٢٥ لە حەلەب بەکار هێنا. پاشان کتێبێکیشی لەبارەی ئەم تەکنیکە وە نووسی بە ناونیشانی (وێنەگەری و کۆڵین) کە لە کانوونی یەکەمی (١٩٣٤)دا لە رواندز چاپ و بڵاو کراوەتەوە، لە (٩٥) لاپەڕەی قەوارە ١٤×٢٢سم. کتێبەکە (٢٥) تابلۆی تەختیتی تێدایە کە ئامێرەکانی نیگارکێشان و لیتۆگرافی و گراڤوور و زەنگۆگرافی و فۆتۆگرافی پێشان دەدات، لەگەڵ قۆناغ بەقۆناغ چۆنیەتیی بەکارهێنانیان. ئەم کتێبە، دەیان زاراوەی تازەی خستووەتە ناو زمانی کوردییەوە: کۆلۆدیۆن، شووشەی بەهەست، دووربین، فەنەر، رەحەتی، بەتاریە، رتووش، تیرۆک، ئەسپرتۆ، مەرەکەبی تەڕ، کۆلێنی بەتیشک...

حوسێن حوزنی موکریانی چەند وتارێکیشی لەم بارەیەوە بڵاو کردووەتەوە لەوانە: لە ژمارە (٣)ی (زاری کرمانجی)دا لە (١٩٢٦)، وتارێکی بە ناونیشانی (عەکاسیی کۆلێن) واتە (وێنەگرتن بەشێوەی هەڵکۆڵین). دوا بەدوای ئەوەش لە ژمارە (٢٠)ی (١٩٢٩/٨/١٧) لە وتارێکی تر بە ناونیشانی (مێژووی عەکاسی و فڕووعاتی). دەیان زاراوەی تازەش لەبارەی هونەری دیزاین دەخاتە ناو زمانەکەمان: رەسمی نەضەری، مصەور، عەکس، صنعەتی چاپ و کلێشە، چینکۆگرافی، لیتۆگرافی، فۆتۆگرافی...

مێجەرسۆن، کە نووسەرێکی ئینگلیز بوو، سەبارەت بەوەی ڕۆشنبیرییەکی ڕۆئاواییی هەبوو، ئەویش لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) کە لە ماوەی (١٩٢٠– ١٩٢٢) لە سلێمانی دەردەچوو، تەکانێکی باشی بەخشییە هونەری دیزاین لە ڕۆژنامەکەی خۆیدا.



دوای ئەویش پیرەمێرد و چاپخانەکەی، لە ڕێگەی ڕۆژنامەی (ژیانەوە) و (ژین) ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو.

جەلادەت بەدرخان لە ساڵی (١٩٣٢) بەملاوە لە دیمەشق، لە ڕێگەی کۆوارە ناودارەکەیەوە بە ناوی (هاوار) کە دە ساڵ زیاتری خایاند، پاشانیش لە ڕێگەی کۆواری (ڕۆناهی)یەوە، ئەویش پەرەی زۆر بە هونەری دیزاین دا؛ هونەری دیزاینی گواستەوە بۆ قۆناغێکی مۆدێرن.

هەر چۆنێک بێ، هاتنی چاپخانە، دوای ئەویش سەرهەڵدانی ڕۆژنامە و کۆوار لە ماوەی (١٨٩٨) تا سەرەتای ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستەم بە قۆناغی نەشونمای هونەری دیزاین لە کوردستاندا دەناسرێنەوە.

## فۆتۆگراف و پۆستکارت

لە سەدەی بیستەمەوە، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیک و ڕاستەوخۆ، سەبارەت بە پێداویستییەکان و دۆخی ژیان خۆی، لەلایەکی تریشەوە لە سۆنگەی ئەوەی کە لە سەدەی بیستەم بەملاوە هونەرەکان تێکچڕژانە ناو یەکترەوە.. فۆتۆ ڕۆچووە ناو پۆستە و پۆستخانەکان و خۆشگوزەرانیی خەڵک و ژیانی تووریزمەوە.

کەس بە بیری نایێ: یەکەم کەس کێ بوو یان یەکەم دەزگا کامە بوو، لە کام وڵات، کەی.. کە بۆ یەکەم جار وێنەی فۆتۆگرافی وەک کارتێکی پۆست (لە شێوەی پۆستکارت) بەکار هێنا و ڕەوانەی کرد بۆ ئازیزێکی خۆی؟ بەڵام ئاشکرایە ئەم کارە لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەم لە یەکێک لە وڵاتەکانی ئەوروپادا کراوە.

پۆستکارت واتە وێنەیەکی فۆتۆگرافیی چاپکراو لەسەر ڕووی کارتێکی بچکۆڵەی بەقەد کیسەی نامەیەکی بەرید؛ ئینجا تۆ ئەوە بێنیت لە پشتەکەیدا بیرەوەرییەک یان چەند قسەیەکی خۆشەویستی و سۆزناکی ئەوتۆی لەسەر بنووسیت بۆ ئەوەی خۆت وەبیر ئەو کەسەی بۆی دەنووسیت بهێنیتەوە، یانیش بەو مەبەستەی جەژنەپیرۆزەی بۆنەیەکی لێ بکەیت... ئینجا پوولێکی لێ بدەیت و بچیتە پۆستەخانە ڕەوانە بکرێت.

ئەم نەریتە شارستانییە ئەگەرچی لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەم سەری هەڵدا بەڵام لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیستەم لە ئەوروپا گەشەی سەند و بووە نەریتێک: هەر ڕۆئاواییییەک ئەگەر سەفەری وڵاتێکی ڕۆهەڵاتی بکردایە، لەو وڵاتەوە پۆستکارتێکی لەبارەی دیمەنێکی ئەو وڵاتەوە یان شێوەی سەروپۆتەڵێکی میللەتی ئەو وڵاتەی لە شێوەی پۆستکارتێک، لە ڕێگەی پۆستەوە، دەنارد بۆ ئازیزێکی خۆی لە وڵاتەکەی خۆیدا. ئەمەش چونکە زۆربەی ئەو دیمەن و سەر و سیما و شێوەی ژیانی ئەو خەڵکەی کە تازە دیویەتی، بۆ خۆیشی و بۆ ئەو کەسانەش کە پۆستکارتەکەی بۆیان دەنارد نامۆ و تازە بابەت بوون، دڵیان بەو پۆستکارت و دیمەنە سەمەرە و تازانە دەکرایەوە.

ئەمڕۆ، ئەمەتا وەک لێرەدا پێشانمان داوە، ژمارەیەکی زۆر لەو فۆتۆگرافانەی کە خەڵکی ئەوروپا بۆ یەکتریان ناردووە، بریتین لەو وێنە و دیمەنانەی کە پەیوەندییان بە ژیانی کوردەوە هەیە بەتایبەتی لە کوردستانی تورکیای عوسمانیدا کە ئەو کاتە، دیارە، کوردستان جێگەی گەشت و گەڕانی خەڵکی ئەوروپا بووە.

ڕاستییەکەیشی، ئەم پۆستکارتانە ئەمڕۆ، جگە لە بایەخە هونەرییەکەیان، بایەخێکی مێژوویی و کۆمەڵێیەتیشیان بۆ ئێمە هەیە: بۆ خوێندنەوەی ژیانی کورد لەو سەردەمەدا.

پێم وابێ ئەرمەنییەکان لە ئەستەمبوڵ و لە ڕۆژهەڵاتی تورکیای عوسمانیدا یەکەمین نەتەوەیەک بوون کە ئەم دیاردە شارستانییەیان لە کوردستانیشدا بۆ یەکەم جار بڵاو کردبێتەوە.

هەڵبەتا دیارە پاشان، دوای ئەوەی بەرید و پۆستەخانە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیشدا بەگەڕ کەوت، ئەم دیاردەیە لای ئێمەش بووە نەریتێک.

من پێم وابێ مێژووی یەکەمین پۆستکارتەکان لە کوردستانی عێراقدا بگەڕێتەوە بۆ کۆتاییی سالێنی پەنجاکان کاتێ لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا بەهارێکی کەمخایەن کوردستانی گەشاندەوە (چەند پۆستکارتێک لێرەدا پێشچاو خراون بەڵگەی ڕاستبوونی ئەم بۆچوونەن). پاشانیش لە سەرەتای سالێنی حەفتاوە پۆستکارت تەکانێکی بەهێزتری دا و گەشەی سەند. ئەمەش لە ئەنجامی هەستی ناسیونالیستانەی ئەو سەردەمە. بۆیەش دەبینین کە لە قۆناغی سەرەتادا، تەنانەت تا سالێنی هەشتاکانیش، پۆستکارتە کوردییەکان بریتین لە ناوەڕۆکی نەتەوەیی و جوانیی دیمەنەکانی کوردستان کە خەڵک بۆ یەکتریان ناردووە.

لە کوردستاندا، بەداخەوە، ئەمڕۆش هەر ناوەڕۆکی پۆستکارت، هەروەک جاران (وەک سالێنی هەشتاکان) هێشتا هەر بریتییە لە تاقگەی گەلی عەلی بەگ و ئەحمەدئاوا و دیمەنە سروشتییەکان و هەندێ بابەتی سادە و ڕووکەشی نیشتمانیمان (تەنانەت شوێنەوارناسی و نەخشە و میعمار و هونەر و کەلەپووریشمان فەرامۆش کردووە). ئەمە لە کاتێکدا لە وڵاتانی پێشکەوتوودا هونەری پۆستکارت ڕۆڵێکی گرینگی هەیە لە پەرەپێدان بە توورێزم و ڕێکلامکردن بۆ شوێنەوارەکانی ئەو وڵاتانەی خۆیان. لە وڵاتەکانی ئەوروپاشدا، جگە لەو دوو خاڵەی باسمان کرد، هونەری پۆستکارت هاتووەتە ناو ژیانی ئیرۆتیک و سێکس و کۆمێدیا و کولتوورەوە؛ هونەرێکی ئەوتۆیە کە بەشێوەیەکی هێند پێشکەوتووانە و فراوان هاتووەتە ناو مەسەلە و دیاردە جۆرەوجۆرەکانی ژیانی سەردەمەوە کە خەریکە شان لە شانی فۆتۆگراف و شێوەکاری دەدا.

سەرچاوەکان:


1-"Art news"  years of Photography, N.4, V. 88, April 1989.

2- Fouad LARoui : Photographie, in "Jeun Afrique", N. 1931, Paris: 1998 , P. 58

3- Les Photographies, ces documentes? in TDC, N.652- 653, Paris:1993

4- Photographie, in Larousse, Dictionnaire encyclopedique

, Paris: 1979, P.

1086-87

5- UN Petit Manuel pratique pour Le cine - Amateur, Gevaert, paris: 1985.

6- Henry BINDER: Au Kurdistan, Maison Quantin, paris: 1887.

7- Le cte DE CHOLET: Armenie, Kurdistan et Mesopotamie, Libr. Relation d un Voyage du Levant, Imp. Royale, Paris:1717.

٩- دبليو. آر. هي: سنتان في كردستان ١٨-١٩٢٠، ترجمة: فؤاد جميل، الجزء الاول والثاني، مطبعة الزهراء، بغداد: ١٩٧٣.

١٠- ئەكرەمی مەحموودی ساڵحە ڕەشە: شاری سلێمانی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، د. ڕ. ب. ک. (١٦٥)، بەغدا: ١٩٨٧، ل ٤٩٧.

١١- هـ.س.، ل ٤٩٧.

١٢- جولە حاجی عمر: بازێرێ ئاکرێ د رێکا چەند وێنەکێن فۆتۆگرافی دا، لێکۆڵینەوەی دەرچوونی پۆلی چوارەمی بەشی کوردی لە کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین بۆ ساڵی (١٩٩٧- ١٩٩٨) هەڵبژاردن و سەرپەرشتیی بابەتەکە: د. فەرهاد پیربال، هەولێر (١٩٩٧)

١٣- ئەکرەمی ساڵحە ڕەشە، هـ. ل.

١٤- دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، ئازاد عەبدولواحید کۆی کردووەتەوە و لەسەری نووسیوە، بەرگی یەکەم، بەشی دووەم، د. ڕ. ب. ک.، بەغدا (١٩٨٩)، ل ٢٠٣.

* زۆر سوپاس بۆ هێژا (ئازاد گیوی موکریانی) کە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە بەتەنگ داخوازییەکانمەوە هات و کەرەستەکانی ئەم وتارەی خستە بەردەستم.



## مێژووی یەکەمین چاپخانە کوردییەکان

"زۆر ترسم لێ نیشتووە ٥٢٥ ساڵ لەمەوپێش کاتێ گۆتەنبێرگ چاپی داهێنا

لە دوای خۆی وەسیەتی کردبێت کە نابێت نەتەوەی کورد چاپخانەی هەبێت".

حافظ مصطفی

مودیری مەسئوولی گۆواری (هیوا)

ژ٧، ک ٢ ١٩٥٨، ل٤

لە سەدەی حەڤدەم بەملاوە ئاسووری و عوسمانلییەکان، لە سەدەی هەژدەم بەملاوە ئەوروپاییەکان، لە سەدەی نۆزدەمیش بەملاوە ئەرمەنییەکان هاتوون زمانی کوردییان خستووەتە دەفری چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە. کورد – بۆ خۆی، تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم هەر نەشیزانیوە چاپخانە چییە: ناوی چاپخانە و ڕۆژنامە تەنیا لە شیعرەکانی حاجی قادری کۆییدا وەدیار دەکەوێ کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمدا دەڵێ:

لە دەوری ئێمە ڕۆمان و جەریدە

ئەگەرچی مەقصەدە و زانینی باوە...

سەرهەڵدانی یەکەمین چاپخانە کوردییەکان پێوەندیی بە دوو هۆکارەوە هەیە. یەکەم: بەو ئازادی و توانایەی کە ڕووناکبیری کورد لە دەرەوەی کوردستاندا و لە دوورەوڵاتیدا (واتە لە دەرەوەی دەسەڵاتی عوسمانی و ئێرانیدا) لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمدا وەدەستی دێنێ. دووەم: بەو ماف و ئازادییەی کە کۆڵۆنیالیزمی ئینگلیز لە بیستەکانەوە دەیبەخشێتە کوردی کوردستانی عێراق بۆ ئەوەی چاپخانەی هەبێ. ئەمەش چونکە بەدرێژایی مێژوو، ڕووناکبیر و نووسەرانی کورد، بە فیوداڵەکانیشەوە، تا سەرەتای سەدەی بیستەم لە کوردستانی عێراقدا مافی ئەوەیان نەبوو چاپخانەیان هەبێت و بە زمانی کوردی کتێب یان ڕۆژنامە و گۆوار چاپ بکەن.

چاپخانە جەماوەرێکی خوێندەواری دروست کرد، خوێنەری کتێب و گۆوار و ڕۆژنامەشی زیاتر کرد: چونکە لە بنەڕەتەوە تیراژی کتێب و چاپەمەنیی زیاتر کرد. ئەدەبیاتی لە چوارچێوەی مەلا و شێخ و فەقێ و مەولاناکانەوە گواستەوە بۆ چوارچێوەی فراوانی هەموو ڕۆڵەیەکی نەتەوە. چاپخانە ئەدەبیاتی لە دەست مەلا و سەربژاردەی «کۆمەڵگەی موسڵمان» سەندەوە و دایە دەست هەموو فەردێکی کۆمەڵ. بۆیە دەبینین: جاران ئەگەر شاعیر تەنیا مەلا و شێخ و مەولانا و حاجی بووبن؛ ئەوا لە سەردەمی نوێدا شاعیر زۆربەیان مامۆستا و تەڵەبە و فەرمانبەری نفووس و کاسب و کرێکار و جووتیارن.

ئەمە جگە لەوەی کە پەیدابوونی چاپخانە لە کوردستاندا بووە هۆی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری



و پەرەسەندنی چاپەمەنی، جگە لەمانەش بووە هۆی لەدایکبوونی تەکنیکی مۆدێرن لە بەستێنی هونەری دیزاین و نەخشەسازیی چاپ و ڕۆژنامەگەری. دوای هەموو ئەمانەش بووە هۆی بووژانەوەی هونەری فۆتۆ و نیگار.

تەنیا پاش سەرهەڵدانی چاپخانە لە کوردستاندا ئێمە دەتوانین باس لە هونەری فۆتۆگراف و هونەری دیزاین بەشێوە مۆدێرنەکەی بکەین، چونکە جاران دیزاین تەنیا بەشێوەی دەست بوو، لە شێوەی ڕازاندنەوەی کتێب و کەشکۆڵ لە ڕێگەی دەستەوە: چنین و دروومان و ڕازاندنەوە و نیگاراندن (میناتۆر). ئەمە لە کاتێکدا لەگەڵ سەرهەڵدانی هەر چاپخانەیەکی تازە لە کوردستاندا، هونەری دیزاین قۆناغێکی تازە دەبڕێت و چەند هەنگاوێکی تر دەچێتە پێشترەوە. بۆ نموونە هونەری دیزاین لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن ١٩٢٠) لە چاو دیزاینی ڕۆژنامەی (کوردستان ١٨٩٨) پێشکەوتووترە، هونەری دیزاین لە گۆواری (هاوار ١٩٣٢) لە چاو گۆواری (کورد ١٩٠٨) پێشکەوتووترە.

نووسەرانی وەک حاجی و پیرەمێرد و حوسێن حوزنی موکریانی ئەم ڕاستییە جۆرەوجۆرانەیان باش دەرک پێ دەکرد بۆیە بەگەڕخستنی چاپخانەیان هێندە لەلا گرینگ بوو. شێخ نووری شێخ ساڵح لە سەرەتای ساڵانی ١٩٢٠دا دەڵێ:

وا تێ مەگەن کە مەطبەعە بێ قەدر و قیمەتە
کارێزی عیلم و مەعریفەتی پێ ژیایەوە

هەروەها ڕووناکبیرێکی تر لە گۆواری (ڕۆژی کوردستان) ساڵی ١٩٢٢، ژ ٨، ل ٣، لە (وتاری

ماکینەی چاپ) دەڵێ: «ئەو میللەتە ئەگەر ماکینەی چاپی هەبوو، دەتوانێ لە هەموو نەوع عیلم و فەن، تالیف یا تەرجەمە بکات و چاپ بکرێ و لا اقل لە هەفتەیەکدا ٣ دەفعە غەزەتەی پێ دەربکا»؛ «میللەتێ کە مەطبوعاتێکی نەبێ، کە ببێ بە واسیطەی اثباتی زبان و مەوجوودیەتی میللیەی ئەو میللەتە، لەناو میلەل و ئەقوامی سایرە بۆ ئەوە ناشێ پێی بڵێن میللەت».

لەم چەند دێرەی خوارەوەدا دەمانەوێ مێژووی یەکەمین چاپخانەی کوردی ببەستینەوە بە یەکەمین رۆژنامە و کۆوارە کوردییەکانەوە:

١- چاپخانەی میقداد- مەدحەت بەدرخان

ژمارەی یەکەمی رۆژنامەی کوردستان (١٨٩٨) لە قاهیرە لە چاپخانەی عارەبان، لە چاپخانەی هلال چاپ کراوە، هەروەها ژمارە دوو و سێشی؛ بەڵام لە ژمارە چواری ئەو رۆژنامەیەدا نووسراوە کە ( کوردستان) لە چاپخانەی سەربخۆی رۆژنامەی (کوردستان)دا چاپ کراوە «لمصرێ ل مطبعا جریدەیا کوردستانێ طەبع بیە» ژمارە پێنجیش لە هەمان ئەو چاپخانە کوردییەی میقداد- مەدحەتدا.

لەم دوو ژمارەیەی رۆژنامەی ناوبراودا هیچ باسێک لەبارەی کڕینی چاپخانە و دامەزراندنی چاپخانەیەکی سەربەخۆ بۆ رۆژنامەکە نەکراوە، بەڵام لەوە دەچێ کە میقداد- مەدحەت بەدرخان لەو ماوەیەدا بە راستی چاپخانەیەکی سەربەخۆی بۆ بڵاوکردنەوەی (کوردستان) کڕیبێت.

لە هەمان دەور و زەمانیشدا، فرج الله زکی الکردی، کە دیارە رۆشنبیرێکی بە نەژاد کوردی میسر بووە، چەند کتێبێکی بە زمانی عەرەبی چاپ کردووە و لەسەر هەر یەکێکیانی نووسیوە (مطبعة کردستان). ئێمە پێمان وایە ئەم دوو چاپخانەیە هەمان شت نین؛ بەڵام نەشمانتوانیوە بزانین ئەو چاپخانەیەی زکی الکردی چی بووە؟

شایانی باسە، ئەو چاپخانە جوانەمەرگەی میقداد- مەدحەت بەدرخان تەنیا دوو ژمارەی ٤ و ٥ی رۆژنامەی کوردستانی پێ چاپ کراوە و بەس، چونکە دوای ئەوەی میقداد- مەدحەت دەگیرێت و دەگەڕێتەوە ئەستەمبوڵ، دیارە چاپخانەکەش دەستی بەسەر دەگیرێت و لەناو دەچێ. بۆیە دەبینین ژمارە ٦ و ٧ و ٨ تا ١٩ لە «مەطبەعا جەمعیەتا تفاق و قنجیا مسلمانان طەبع بیە» لە جنێف، ئەمەش لەلایەن برای ناوبراو، عەبدورەحمان بەدرخان[١]

هەر چۆنێک بێ ئەگەر برایانی بەدرخان و رۆژنامەی کوردستان ١٨٩٨- ١٩٠٢ چاپخانەیەکی سەربەخۆیان هەشبووبێت، راستە بە یەکەمین چاپخانەی کوردی لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام زوو جوانەمەرگ کراوە و بەروبوومێکی ئەوتۆی نەبووە لە ژمارە ٤ و ٥ زیاتر.

٢- چاپخانەی ئیجتیهاد ١٩٠٤

رووناکبیری کورد، د. عەبدوڵڵا جەودەت ١٨٦٩- ١٩٣٢، کاتێ لە دوورەوڵاتدا ژیاوە لە جنێف، لە

ڕۆژی ١٩٠٤/٨/٤ یەکەم ژمارەی گۆواری ئیجتهاد بەو چاپخانەیەی خۆی بڵاو دەکاتەوە لە شاری جنێڤ لە سویسرا، هەروەها هەر لە ڕێگەی ئەم چاپخانەیەشەوە پرۆژەی بڵاوکردنەوەی زنجیرە کتێبێک دەگرێتە ئەستۆی خۆی، بە زمانی تورکیی عوسمانلی و فرەنسی، کە تا ڕۆژی مردنیشی هەر مابوو.

لە ١٩٠٤/١٠/٣٠ بە فەرمانی باڵوێزی عوسمانی لە جنێف بڕیار دەدرێت کە لە جنێف دەری بکەن، ئیدی ناچار دەبێ لە ١٩٠٤/١١/٢ بچێتە شاری فرەنسا. عەبدوڵڵا جەودەت کە هەموو سامانی خۆی خسبووە گەڕی ئەم چاپخانەیە، ئەم دەرکرانەی لە سویسرا کۆستێکی سەخت بوو، لەم ماوەیەدا ١٢ کتێبی نایابی بەهەر دوو زمانی فرەنسی و عوسمانی چاپ کردبوو.

عەبدوڵڵا جەودەت لە فرەنساش ڕاوەدونرا، لە ساڵی ١٩٠٥دا چاپخانەکەی بردە قاهیرە، تاکو ساڵی ١٩١١ چەندین کتێبی بە زمانی عوسمانی بە چاپ گەیاند، جگە لە گۆواری ئیجتیهاد. پاشان، دوای لە ناوچوونی سوڵتان عەبدولحەمید و ڕاگەیاندنی شۆڕشی مەشرووطە ١٩٠٨، گەڕایەوە ئەستەمبوڵ و لە ڕۆژی ١٩١١/٦/١٤ بەمەلاوە دەستی کردە سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەی ئیجتیهاد و ژمارە ٢٤ی دەرکرد.

ڕێژیمی تازەی تورکە لاوەکان، لە هەمان ساڵدا، کتێبی «مێژووی ئیسلام»ی نووسراوەی عەبدوڵڵا جەودەت قەدەغە دەکەن و کتێبەکەی تریشی دەسووتێنن و فڕێیان دەدەنە رووباری ئەستەمبۆڵەوە، پاشانیش لە هاوینی ١٩١٣دا چاپخانەکەی لێ زەوت دەکەن.(٢)

لە ساڵی ١٩١٤، دوای وەرگرتنەوەی چاپخانەکەی، ناوی گۆوارەکەی دەکاتە (اشتیهاد) و پاشان (عالم) پاشان (اشهاد). ئینجا لە ١٩١٥/١١/١٣ دواین ژمارەی (اجتهاد)، ژمارە ١٢٧ دەردەچێت، ئیتر ڕێژیمی تورک بە تەواوی قەدەغەی دەکات چونکە لە ١٩١٥ بەولاوە تورک بۆیان ساغ دەبێتەوە کە عەبدوڵڵا جەودەت بە تەواوەتی دژی ڕێژیمی تورکە لاوەکانە.(٣)

ئەم مێژوولکەیەی ئەم چاپخانەیەی (اجتهاد)ی عەبدوڵڵا جەودەتمان لەبەر دوو هۆ گێڕایەوە، یەکەمیان: لەبەرئەوەی ئەم چاپخانەیە بە چاپخانەیەکی کوردی لە قەڵەم دەدرێت و خاوەنەکەی کوردە؛ دووەم: لەبەرئەوەی ئەم چاپخانەیە چەندین کتێب و چاپەمەنیی نووسەرە کوردەکانی سەرەتای ئەم سەدەیەی بە زمانی عوسمانلی لەبارەی کولتووری کوردەوە بە چاپ گەیاندووە، هەروەها چەندین ڕۆژنامە و گۆواری کوردیی تریش چ بە زمانی تورکی چ بە زمانی کوردی لەم چاپخانەیەی ئیجتیهادی ڕۆڵەی کورد، عەبدوڵڵا جەودەتەوە چاویان بە ژیان هەڵێناوە، لەوانە بۆ نموونە: ژمارە دووی گۆواری (ڕۆژی کورد) لە ساڵی ١٩١٣دا.(٤)

٣- چاپخانەی «تعاون و ترقی» ١٩٠٨

ڕووناکبیری کورد، زنار سیلۆپی (قەدری جەمیل پاشا) لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێ: «خەلیلی خەیاڵی، لەگەڵ هەندێ هاوڕێی ڕووناکبیری تری لە ساڵی ١٩٠٨دا لە گەڕەکی گیو بەگ پاشا لە

ئەستەمبۆڵ کۆمەڵێکیان دامەزراند بە ناوی «جەمعیەتی تەعاون و تەرەقی» پاشان چاپخانەیەکیشیان بۆ بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەکەیان دامەزراند.(٥)

بەداخەوە تۆ بڵێی چاپخانەی «نجم استقبال» کە رۆژنامەی ژین (١٩١٨- ١٩١٩) و کۆواری کوردستانی (١٩١٩- ١٩٢٠)ی لێوە چاپ کراوە، هەمان ئەو چاپخانەیەی کۆمەڵەی «تەعاون و تەرەقی» نەبێت؟ چونکە ئەو چاپخانەیەی (نجم استقبال)، کە بارەگاکەی لە نزیک (بابی عالی) لە شەقامی (ابو السعود) بوو لە ئەستەمبۆڵ، بەردەوام لە هەموو چاپەمەنییەکانی خۆیدا بانگەشە و پروپاگەندەی بۆ کتێبە کوردی و کۆوارە کوردییەکان دەکرد. تاقە چاپخانەیەکیشە کە لەو سەردەمەدا بانگەشەی بۆ چاپخانە و بڵاوکراوەکانی (اجتهاد)ی عەبدوڵلا جەودەتی کورد کردبێت.(٦) چاپی یەکەمی مەم و زینەکەی ئەحمەدی خانی بە پێشەکیی هەمزە بەگە، ئەویش هەر لە چاپخانەی (نجم استقبال) چاپ کراوە.

هەر چۆنێک بێ، بەبۆچوونی من، ئەگەر چاپخانەی (نجم استقبال) هەمان ئەو چاپخانەیەی کۆمەڵەی «تەعاون و تەرەقی» نەبێت کە زنار سلۆپی باسی دەکات، ئەوا دەبێ چاپخانەیەکی سەربەخۆی تری کوردان بێت، هی کۆمەڵەیەکی تر.

٤- چاپخانەی کوردستان ١٩١٥

حوسێن حوزنی موکریانی (١٨٨٣- ١٩٤٧) لە تافی لاوێتیدا مەڵبەندە رۆشنبیرییە گەورەکانی وەکو تەورێز و یەریڤان و مۆسکۆ و پەترسبۆرگ و ئەستەمبۆڵ هەمووی گەڕابوو. هەر لە تەمەنی بیست ساڵییەوە خۆی فێری زمانی هیندی و عەرەبی و تورکی و فارسی و رووسی و فرەنسی کردبوو. لە ئاکامی ئەم زمانزانین و دنیادیدەییەی خۆی، لەناو فارس و ئەرمەن و رووس و تورکاندا باش لە بایەخی چاپخانە و چاپەمەنی تێ گەیشتبوو، بۆیە دوای ئەوەی رووسیای بەجێ هێشت و چوو بۆ هیندستان بە رێگەی ئەفغانستانەوە چوو بۆ ئەستەمبۆڵی مەڵبەندی چاپەمەنی، لەوێ خۆی فێری هونەری خۆشنووسی و زانستی و چاپخانە و چاپەمەنی کرد، ئینجا دوای ئەوە چووە ئەڵمانیا و لەوێ لە ساڵی ١٩١٥دا چاپخانەیەکی بە ١٢٠ لیرەی تورک کڕی و لە هەمان ساڵدا گواستییەوە بۆ شاری حەلەب لە سووریا.(٧)

حوسێن حوزنی، لە رێگەی کۆوار و رۆژنامە کوردەییەکانی وەکو (کوردستان) و (رۆژی کورد) و (هەتاوی کورد) خوێندبوویەوە دەیزانی کە پیتە عەرەبییەکان و ئەلفبای عەرەبی هێندە لەگەڵ دەنگەکانی زمانی کوردی یەکتر ناگرنەوە، مەکینەی چاپی کوردی پێویستی بە چەند قالبێکی تایبەتی کوردی هەیە، هەر لە شاری حەلەب، هەندێ قاڵبی تازەی بۆ دەنگە کوردییەکانی وەکو (پ)، (چ)، (ژ) ، (گ)، (ڤ) ... دارِشت، ئینجا بە خۆی و چاپخانەکە و ئەو قاڵبانەوە گەڕایەوە ئەڵمانیا بۆ ئەوەی ئەو قاڵبە کوردیانە لەناو مەکینەی چاپخانەکەی دابمەزرێنێ. دوای جێبەجێکردنی ئەو تاوانە مەزنە، یەکسەر هاتەوە حەلەب و دەستی کردە چاپکردنی کتێبی کوردی،

یەکەم کتێب کە لەو چاپخانەیەی خۆیدا چاپی کرد، مەم و زینی ئەحمەدی خانی بوو لە ساڵی ١٩١٥ دا.(٨)

بەم شێوەیە حوسێن حوزنی موکریانی بە دامەزرێنی یەکەم چاپخانەی کوردیی تەمەندرێژ لە قەڵەم دەدرێت لە مێژووی دامەزراندن و پەرەسەندنی چاپخانەی کوردیدا.

ئەم چاپخانەیەی موکریانی، لە چاو چاپخانەکانی میقداد- مەدحەت ١٨٩٨ و عەبدوڵڵا جەودەت ١٩٠٤ و تەعاون و تەرەقی ١٩٠٨، جیاوازییەکەی لەم خاڵانەی خوارەوەدایە:

١- لە هەموویان تەمەندرێژترە و تاکو ئێستاش هەر وەک یادێکی ئەو مێژووە شکۆمەندە، پارێزراوە.

٢- لە هەموویان زیاتر بەرهەم و کتێب و بڵاوکراوەی پێ چاپ کراوە: لە ماوەی یەکەمین یازدە ساڵی تەمەنیدا، زیاتر لە ١٥ کتێب و ٦ ڕۆژنامەی پێ چاپ کراوە، تاکو ساڵی ١٩٧٠ش زیاتر لە ٨٠ بڵاوکراوەی پێ چاپ کراوە.

٣- بەشی هەرە زۆری ئەو بڵاوکراوانەی بە چاپی دەگەیاندن بە زمانی کوردی بوون، لە کاتێکدا کە چاپخانەکانی پێش خۆی بەشی هەرە زۆریان بە زمانی عوسمانلی بوون.

٤- چاپخانەکەی موکریانی قاڵبی دەنگە تایبەتە کوردییەکانی بۆ دروست کرابوو، لە کاتێکدا ئەوانی پێش خۆی نەیانبوو وکەموکورتیی تەکنیکییان هەبوو.

شایانی باسە، موکریانی، لە ساڵی ١٩٢٥دا لەسەر داخوازیی سەید تەهای شەمزینیی قایمقامی ئەوسای ڕەواندز، چاپخانەکەی لە شاری حەلەبەوە دەگوازێتەوە شاری ڕەواندز و دەست دەکاتە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی زاری کرمانجی (١٩٢٦- ١٩٣٢)(٩) لە ساڵی ١٩٤٧ بەولاشەوە چاپخانەکە بەسەرپەرشتیی برا بەهەشتییەکەی، گیوی موکریانی دەگوازێتەوە هەولێر و ناوی لێ دەنرێت: چاپخانەی کوردستان.

بەم شێوەیە، بەشی هەرە زۆری کتێب و بەرهەمە چاپکراوەکانی شاعیر و نووسەرانی کوردستانی - عێراق ساڵانی پەنجا و شەستەکان لەم چاپخانەیەی کوردستاندا لەدایک بوون.

٥- چاپخانەکەی میجەرسۆن ١٩١٨

ئینگلیزەکان کاتێ هاتنە عێراق و کوردستانی عێراقیان داگیر کرد، ژمارەیەک چاپخانەی کۆنیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، یەکێک لەو چاپخانانەیان لە کەرکووک دانا، یەکێکی تریشیان، لەسەر پێشنیازی میجەرسۆن، لە سلێمانی دانا: میجەرسۆن لە ڕۆژی ٢٩ی نیسانی ١٩٢٠ بەملاوە کەوتە سەر بەکارهێنانی ئەم چاپخانەیە و ڕۆژنامەی پێشکەوتنی تاکو ساڵی ١٩٢٢ پێ بڵاوکردەوە.

شێخ نووری لە مەدحکردنی ئەم چاپخانەیەدا (مەطبەعەی حکوومەت) دەڵێ:

بنوارە نوری مـەعـریفـەت و لەمـعـەی کـەمـال
بەم مـەطبـەعەی حکوومـەتە چون شـەوقی دایەوە

رۆژی ٣٠ی ئەیلوولی ١٩٢٢، کاتێ شێخ مەحموود شاری سلێمانیی خستەوە ژێر ڕکێفی خۆی، ئینگلیزەکان رایان کرد و نەیانتوانی چاپخانەکەیان لەگەڵ خۆیان ببەن، شۆڕشگێڕانی لایەنگرانی شێخ مەحمـوود دوو ئۆرگـانی (بانگی کـوردسـتـان) و (رۆژی کـوردسـتـان)یان بە هەمـان ئەو چاپخـانەیەی مـیـجـەرسـۆن چاپ و بڵاو کـردەوە[١٠] لایەنگرانی شـێخ مـەحـمـوود، دوای بۆمـبـابارانەکـەی ٢٤ی مـارتی ١٩٢٣ لەلایەن ئینگلیـزەکـانەوە، چاپخـانەکـەیان لەگـەڵ خـۆیان گـواسـتـەوە بۆ نـاو ئەشکەوتی (جـاسـەنە) و رۆژنامـەی (بانگی هەق)یان پێ دەردەکـرد، بەڵام لە مایسی ١٩٢٣دا ئینگلیزەکان سەرلەنوێ هێنایانەوە سلێمانی[١١].

رۆژی ١٩٢٣/٦/١٧ دیسـان کورد ئینگلیـزیان لە سلێمـانی دەرپەڕاند و چاپخانەکە کەوتەوە دەست شێخ مەحمـوود و (ئومێدی ئیستقلال)یان لە ساڵی ١٩٢٣دا پێ بڵاو کردەوە. لە کۆتایی مایسی ١٩٢٤ ئینگلیز سلێمـانییان داگیر کردەوە چاپخانەکە سەرلەنوێ کەوتـەوە دەست ئینگلیز: لە رۆژی ١٨ ی ئابی ١٩٢٤دا یەکەم ژمارەی رۆژنامەی (ژیانەوە)یان پێ بڵاو کردەوە.

بەبۆچوونی ئێمـە ئەم چاپخانەیەی مێجەرسۆن هەمان ئەو چاپخانەیە کە ناو نرابوو (چاپخانەی بەلەدیە). بەڵگەی ئەم قسەیەش ئەوەیە کە ئینگلیزەکان لە رۆژی ١٩٢٦/١/٢١، لە رێگەی شارەوانیی سلێمانییـەوە کەوتنە بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی (ژیان)، واتـە چاپخانەکەیان سپاردبووە شـارەوانیی سلێمانی.

لە رۆژی ٦/ ١٩٣٢/٥ بەمـلاوە، دوای کـۆچی دوایی حـوسێن نـازمی بەڕێوەبەری چاپخـانەکـە، پیرەمێردی نەمر سـەرپەرشـتیکردنی چاپخانە و رۆژنامەکەی گرتە دەست. لە ناوەڕاستی مـانگی ئۆگەستی ١٩٣٤ بەمـلاشەوە، چاپخانەکەی بەکرێ گرت و خستییە سـەر ناوی خۆی: پیرەمێرد چەندین کتێب و ٥٣٨ ژمارەی رۆژنامەی (ژیان)ی بەم چاپخـانەیەی (مێجـەرسـۆن/ بەلەدیە) چاپ کرد. لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٣٧دا پیرەمێرد عەقدی چاپخـانەکەی لەگەڵ شـارەوانیی سلێمـانی تەواو بووبوو، شارەوانیی چاپخانەکەی لە پیرەمێرد سەندەوە و خستییە ژێر ڕکێفی خۆی.

بەم شـێـوەیە، دەردەکەوێ کە تاکو ساڵی ١٩٣٧ تەنیـا دوو چاپخـانە لە کـوردسـتـانی عێـراقدا هەبووە: چاپخـانەی (کوردسـتـان) لە هەولێر و چاپخـانەی (میـجـەرسـۆن/ بەلەدیە) لە سلێمـانی. پێویسـتـە ئاماژەی ئەوەش بکەین کە لە سـەرەتای ئەم سـاڵانەی سـییـەکـاندا جـەلادەت بەدرخـان لە شـاری دیمەشق سـەرقـاڵی بڵاوکردنەوەی کۆواری (هـاوار) و (زنجیرەی کتـێـبی هـاوار) بوو، بەڵام چاپخانەکەیان (مطبعة الترقي) لەوە ناچێ سەر بە هیچ رووناکبیر و گرووپێکی کورد بووبێت.

لە ئاکامی ئەم ڕوونکردنەوانەدا ڕێگە بە خۆمان دەدەین بڵێین: ئەگەر چاپخانەکەی مێجەرسۆن و مـوکریانـی نەبوونایە، ئەوا هیچ یەکـێک لە نووسـەران و ئەدەبیـاتی کوردی سـاڵانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠

دروست نەدەبوون، ئەگەر ئەوانیش نەبوونایە ئەوا نووسەران و ئەدەبیاتی سالانی ١٩٤٠ – ١٩٧٠ نەدەبوون. کەواتە: « هەموو نووسەران و ئەدەبیاتی کوردی سالانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠ تا دەگاتە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی ئەمڕۆشمان لە چاپخانەکەی مێجەرسۆن و موکریانییەوە لەدایک بووینە». ئەو دوو چاپخانەیە دایکی هەموومانن؛ وەک چۆن گۆگۆڵ دایکی ڕیالیزم بوو، بە قسەی داستایۆفسکی، لە ڕووسیا.

پیرەمێردی دنیادیدە و ڕووناکبیر بەبێ چاپخانە نەدەحەوایەوە؛ شانازیی بەچاپخانەی کوردانەوە دەکرد و لە بایەخی چاپخانە باش تێ دەگەیشت بۆیە لە ڕۆژنامەکەی خۆیدا (ژین) ژ ٨١٧ لە ساڵی ١٩٤٦، نووسیویەتی: «کورد سەحافە و سەقافەی هەیە». لە ڕۆژی ٢٠/ ٩ /١٩٣٧ سەفەرێکی بەغدای کرد و لەوێ چاپخانەیەکی تازەی کڕی و هێنایەوە سلێمانی. لە ڕۆژی ٢٠/ ٩ /١٩٣٧ بەملاوە درێژەی بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی (ژیان) دایەوە.(١٣)

ساڵح قەفتان لە پێشەکیی ژمارەی یەکەمی کۆواری (زانستی)دا دەڵێ: ئێستا شوکر لە شارەکەماندا دوو چاپخانە هەیە، پیاو لە تەنگانەدا دانامێنێ، هەرچەند ڕەفیقی خۆم مەطبەعی بەلەدیە بوو، بەڵام چونکە ناتوانێ لە هەفتەیەکدا ڕۆژنامەی (ژیان) و مەجەللەکەی منیش لە چاپ بدا، بامدایەوە لای چاپخانەکەی پیرەمێرد، چوومە خزمەت پیرەمێردی موحتەرەم، خوا حەقە تەکلیفەکەی قبووڵ کردم و بێ ئەوەی ئەرکێک یا مەسرەفێک بخاتە سەرم بۆی لە چاپ دام«(١٤)

بەم شێوەیە، پیرەمێرد و چاپخانەکەی، ڕێگە و ئاوات و کاروانێکی تازە بوون بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی تازە و ژیانێکی ئەدەبیی تازە.

پاریس: ١٩٩١/٧

سەرچاوە و پەراوێز

١– ژمارە ٢٠ و ٢١ سەرلەنوێ لە میسر چاپ کراون، بەڵام ناوی چاپخانەکەی نەنووسراوە. ژمارە ٢٢–٢٣ هەر لە میسر لە چاپخانەی (هندیە) چاپ کراون. ژمارە ٢٤–٢٧ لە لەندەن و لە فۆلکستۆن لە بەریتانیا چاپ کراون، ژمارە ٢٨ و ٢٩ لە چاپخانەی (انتقام) لە فۆلکستۆن چاپ کراون.

٢– Encydopedie de L Islam, victionnaire geog, Ethnog, et biog. des peuples muslnans, Suplement Paris 1933.p. 54-64

٣– کۆواری اجتهاد لە ١٩١٨/١١/١ سەرلەنوێ ژمارە ١٢٨ی لێ بلاو دەکرێتەوە تاکو ژمارە ١٤٤، لە ساڵی ١٩٢٢بە یەکجاری رادەگیرێ و عەبدوڵلاجەودەتیش دوو ساڵ حوکم دەدرێ.

٤– ژمارە ١ی (ڕۆژی کورد) لە چاپخانەی (حقوق). ژمارە سێیەمیشی لە چاپخانەی (محمود بگ) لە ئەستەمبۆڵ چاپ کراوە.

٥– زنار صلوپي: في سبيل كردستان، ترجمة من الكردية: رضوان علي، منشورات رابطة كاوة، دار الكاتب بيروت: ١٩٧٨، ص ١٨.

٦– بڕوانە ژمارە ٣ و ٤ و ٥ی ژین (١٩١٨–١٩١٩) بەرگی دواوەی.

٧- جەليل جەليل: نهضة الاكراد الثقافية، ص ٦١.
٨- مەغدید حاجی: یادی حوسێن حوزنی موکریانی، رۆژنامەی العراق، ژمارە ١٢٥٧، ساڵی ١٩٧٣.
٩- مەغدید حاجی: کاروانە سەختەکەی چاپخانەی کوردستان، کاروان ژ، ٢٣، هەولێر: ١٩٨٥، ل ١٣-١٥.
١٠- کەمال مەزهەر: چمکێک لەبارەی یەکەم چاپخانەی کوردی لە شاری سلێمانی، کتێبی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد). بەشی یەکەم، د.ڕ. ب. ک. بەغدا: ١٩٨٥، ل ١٥٣.
١١- C.J EDMONDS Kurds, Turcs and Arabs, London: 1957, p.332.
١٢- کەمال مەزهەر: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٤.
١٣- مستەفا ساڵح کەریم: دیوانی پیرەمێرد، سلێمانی، ل ٣٦-٣٩.
١٤- کۆواری (زانستی )، ژمارە (١)، ٢٢ شوباتی ١٩٣٨ لە سلێمانی، ل ٢-٣.

## مەحموود ئەفەندیی ڕەسام

کوڕی محەمەد (حەمەی حەنیف) کوڕی ئەحمەد عەلافە، ١٨٩٤ لە گەڕەکی (مەڵکەندیّ)ی سلێمانی لەدایک بووە. لە حوجرە و قوتابخانەیش خوێندوویە. لە یەکەم شەڕی جیهانی، کراوە بە ئەفسەر و، بە دیلی گیراوە. ئینگلیز بردوویەتییە شاری قودس. لەویّ فێری فۆتۆگرافچێتی بووە و، نەدیمە عەباسی چەرکەسی هێناوە. دوای شەڕ کە بەردراوە، لەگەڵ عەبدوڕەحمان ناوێکی عەرەبی هاوڕێیدا، کامێرایەکیان هێناوەتە بەغدا و، پێکەوە ئیشیان پیّ کردووە. لە ١٩٢٢دا و، ڕەنگە زووتریش، هاتووەتەوە بۆ سلێمانی. لەگەڵ "لێوان"ی ئەرمەنی پێشتر وێنەگری مەلیک فوئاددا لە میسر، دوکانی فۆتۆگرافچێتییان کردووەتەوە. لە ١٩٢٤دا براوەتەوە بۆ ناو سوپا و، کراوەتە ئەفسەری تەجنیدی قەزاکانی چەمچەماڵ و هەڵەبجە و چوارتا و کۆیە (١٩٤٣-١٩٤٥) و، بە هۆی حەمە قودسیی کوڕیەوە کە بەشداریی جووڵانەوەی بارزان بووە، خانەنشین کراوە. سەعید قەزاز بە مودیری تەموینی بلە و بارزان و ڕەواندز دای مەزراندووە. دوای دوو سێ مانگ گوێزراوەتەوە بۆ مەخموور.

دوو مانگ لەوەبەدوا لە ١٩٤٦دا خۆی خانەنشین کردووە. ئیتر لە سلێمانی دوکانی فۆتۆگرافخانەی داناوە و، تا ١٩٦٣ درێژەی بەم کارە داوە. لە کودەتای بەعسییەکاندا گیراوە و، براوەتە بەسرە. دوای دەوری ساڵێک بەرەڵا کراوە. لە بەغدا نیشتەجیّ بووە، تا لە کۆتایی تەمەنیدا نەخۆش کەوتووە و هاتووەتەوە بۆ سلێمانی. هاوینی ١٩٦٩ کۆچی دوایی کردووە و لە گردی سەیوان نێژراوە.

شایانی وتنە، مەحموود ئەفەندی لە دەورانی دووەم و سێیەم حکوومەتی کوردستاندا فۆتۆگرافچی بووە و، کۆمەڵێک وێنەی شێخی گەورە و کاربەدەستەکانی گرتووە.

# بەیەکگەیشتن و دابڕان
# لە ئەرکی لێبووردەییدا!

عەبدولحوسێن شەعبان*

ئەگەر لێبووردەیی بە واتای ڕێزگرتن و قبوولکردن و بەرز نرخاندنی ئەو جۆرەوجۆرییە دەوڵەمەندەی کولتوورگەلی دنیاکەمان و شێوەکانی دەربڕین و سیفەتە ئینسانییەکانمان بێ، ئەوە لێنەبووردەیی تەواو پێچەوانەی ئەو دەبێ و گشت ئەو شتانەیە کە پێوەندییان بە دەمارگیری و توندڕۆیی و زێدەڕۆیی و سڕینەوەی ئەوی تر و پەراوێزکردنیەوە هەیە.

لێبووردەیی بە زانین و کرانەوە و بەیەکگەیشتن و ئازادیی بیر و ویژدان و باوەڕ بەهێز دەبێ، جاڕی بنەواکانی لێبووردەیی کە ڕێکخراوی یونسکۆ (ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و کولتوور) لە ساڵی ١٩٩٥دا، کە ڕۆژی ١٦ تشرینی دووەم (نۆڤەمبەر)ی گشت ساڵێکی بە ڕۆژی دنیایی لێبووردەیی دیاری کرد، ئەم بنەوایانەی بەکار هێناوە. لێبووردەییش تەنیا ئەرکێکی ئەخلاقی نییە، بگرە ئەرکێکی سیاسی و یاساییشە و، ئەو کارە جوانەیە کە ئاسانکاری بۆ بەدیهێنانی ئاشتی دەکا و، بەشداری لە دانانی کولتووری ئاشتی لە جێی کولتووری شەڕ دەکا.

لێبووردەیی ئەوەیە کە هەڵوێستی ئەرێنیت هەبێ لە دانان بە مافی ئەوانی تر لە سوودوەرگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنچینەییەکانی کە لە دنیادا دانیان پێدا نراوە. بۆیە جاڕنامەکە یونسکۆ و بۆ دوورخستنەوەی هەر ئالۆسکانێک، ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە نابێ لێبووردەیی بکرێ بە پاساو بۆ دەستدرێژیکردنە سەر بەها بنەڕەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ، ئەمەش بوو کە تۆڕی عەرەبی بۆ لێبووردەیی پیادەی کرد، کاتێ بەهاکانی لێبووردەیی و بانگەواز بۆ ئاشتیی جیا کردەوە لە دەستبەرداری لە مافەکان بە تایبەتی ئەو مافانەی پێوەستن بە فەلەستینەوە.

لێبووردەیی بەو واتایە نایەت کە ستەمکاریی کۆمەڵایەتی قبووڵ بکرێ، یان مرۆڤ دەستبەرداری باوەڕی خۆی بێت یان بەهەندی هەڵنەگرێ، بگرە پێویستە دەستیان پێوە بگرێ هەروەها دەبێ ئەوانی تریش دەستی پێوە بگرن. هەروەها تەنیا دانان نییە بە مافی جیاوازی لە خوو و شێوە و

..........

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەوف عەبدوڕەحمان

دۆخ و زمان و بەهاکانی خەڵک، بگرە جەختکردنە لەسەر ژیانی ئاشتییانە، ئەمەش بەو واتایە دێ کە کەس بۆچوونی خۆی بەسەر ئەوانی تردا نەسەپێنێ و، دۆگمایی و چەوساندنەوە وەلاوە بنرێ.

ڕەنگە ئەو بۆچوونەی جاڕنامەکەی یونسکۆ تا ئێستا و زۆربەی کات گومکراو بێ، نەک تەنیا سەبارەت بە ناوچە و گەلانی ئێمە ڕاستە، بگرە لەبارەی دیتنی ڕۆئاواش بۆ ئێمە هەر وایە، ئەوەتا هەردوو دیتنە پێشوەختەکە پڕن لە هەڵە و لێڵی و نادیاری و، ململانە و توندوتیژی جێی گفتوگۆ و ئاشتی و هاوبەشایەتییە مرۆڤانەکان دەگرنەوە.

ئەوروپا و ڕۆئاوا بە گشتی و، بەتایبەت دوای شۆڕشی فەرەنسا لە ۱۷۸۹دا، پێشکەوتنێکی گەورەی هەنگاو بەهەنگاویان بەخۆوە دی لە پرسەکانی ئازادی و یەکسانی و مافەکانی مرۆڤدا. ئەمەش ئەوە بوو کە نووسینەکانی ڤۆڵتێر بەتایبەتی لەبارەی "لێبووردەیی" و، مۆنتسکیو بەتایبەتی لە کتێبی "ڕۆحی یاساکان" و، جان جاک ڕۆسۆ لە کتێبی "تیۆریی دەستەوارەی کۆمەڵایەتی" ڕێیان بۆ خۆش دەکرد بە سازدانی ژێگەیەکی کولتووری بۆ شۆڕش.

بەڵام دوای تێپەڕینی زیاتر لە ۲۰۰ ساڵ بەسەر ئەمانەدا، هێشتا دنیای عەرەب و ئیسلامی لەمەڕ خۆمان، لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی لە قۆناخی پێش دەوڵەتە و لەبەر دەروازەکانی ئەو مۆدێرنزمەیە کە ئەوروپا لێیەوە چوونە ژوورەوە و، تێیدا قووڵ بوونەوە، ئەمەش لێمان دەخوازێ جەختی دوو پرسی بنەڕەتی بکەینەوە: پرسی یەکەم، بەهێزکردنی پێداویستییەکانی بنیاتنانی دەوڵەت کە هێشتا لاواز و فشۆڵن، ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبیی ئەم دواییە پەردەیان لەسەر ئەم ڕاستییە لادا، کاتێ پێشانیان دا دەسەلات و دەوڵەت تێکەڵ بەیەک بوونە لە چوارچێوەی سیاسەت و ئابووری و کولتوور و ڕاگەیاندن و ئامرازەکانی داپڵۆسین و دراو و بازرگانیدا و، تا ئێستە ئیرادەیەکی سیاسیی کۆمەڵایەتی دابین نەبووە لەسەر ئاستی قەوارەیەک کە دان بە بەها و بنەماکانی لێبووردەییدا بنێ و بڵاویان بکاتەوە و جەخت لە ڕێزگرتن و پابەندی پێوەیان بکا.

پرسی دووەم ئەوەیە کە کولتووری گشت و تاک لە بەرامبەر بەهاکانی لێبووردەیی تا ئێستا لە ئاستێکی نزمدایە و، زۆربەی کات بوونی نییە، ئەمەش بووە مایەی دەستگرتنی کۆمەڵانێکی زۆر بە دەمارگیری و توندڕەوی و دیتنی نەرێی لە بەرامبەر ئەوی تردا، جا ئەو ئەوی ترە ئەوروپایی بێ یان ڕۆئاوایی یان غەیرە عەرەب یان موسڵمان یان غەیرە موسڵمان (ئەوی ترە جیاوازەکە) لە وڵاتانی ئیسلامی، کریستیان، جوو، سابیئی، ئێزدی و، غەیرە عەرەب: کورد، تورکمان، ئەمازیغ و بەم شێوەیە. ئەگەر ئەم بابەتە دیاردەیەکی عەرەبی و ئیسلامیی تایبەت بێ، ئەوا ڕۆئاوا لێی بێبەری نییە، ئەوەتا دیدی ڕیشەکێشکەری و ڕەشکەرەوە لەوێشدا باڵادەستە لە سایەی کەشی توندڕەوی و دەمارگرژیدا و، لە چوارچێوەی تێگەیشتنی هەڵە و بۆچوونی پێشوەختەدا، کاتێ ئیسلام کورت دەکرێتەوە بۆ ئاین و ڕێنوێنیگەلێکی "شێوێنراو"، لە کاتێکدا کە ئیسلام ناسنامەی شارستانییەتێکی درێژ و بەردەوامە، بە چاوپۆشیی نیشتمان و نەتەوە و زمان و ڕەگەز و پلەی کۆمەڵایەتی و ئاراستەی سیاسی.

لەلایەکی ترەوە هەندێ ڕەوتی ئیسلامئامێز هەن کە مۆری کافربوون دەنێن بە بەهاکانی مۆدێرنە و دیموکراسی و عەقلانیەت و لیبراڵ و عەلمانییەوە و بە بەهای تایبەت بە ڕۆئاوایان دادەنێن.

ئەمەش بەرەو دوو ئاراستەی هەڵە پاڵ دەنێ: یان بەرەو دەمارگیری یانیش بەرەو ڕۆئاواییبوونی، کە لە هەردووکیاندا بیرۆکەی ڕاستی لێبووردەیی بزر دەکرێ. بەڵام جیاوازییەکە زۆرە و ماوەکە فرەوانە لە نێوان ئێمە و ڕۆئاوادا، چونکە لە ڕۆئاوادا یاسا و سیستم و دامەزراوە هەن کە لەسەر بەهاکانی لێبووردەیی بنیات نراون و ئەگەر ڕەوتاری هەندێ لایەنی دەمارگیر و توندڕۆش هەبن (کە هەن) بەڵام لە یاسادا ڕێگر هەیە لە بەردەمیاندا، لە کاتێکدا ئێمە هێشتا دوورین لە بەها و بنەماکانی لێبووردەیی لە ڕووی یاسایی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، سەرباری نەبوونی دامەزراوەگەلێک کە مسۆگەریان بکەن. لێرەوە پرسی لێبووردەیی گرینگیی خۆی بەدەست دێنێ، بەتایبەتی لەو کۆمەڵگەیانەی بە دەستی لێنەبووردەیی و توندوتیژی و وەلانانەوە گیرۆدە بوونە. بۆیە کە دامەزراوەیەکی کوردیی ڕۆشنبیریی عێراقیی پایەبەرزی وەک دەزگای ئاراس و ئاژانسی ئاکانیوز، کارێکی بیرمەندانەی عەرەبیی تایبەت بە لێبووردەیی "لێبووردەیی لە بیری عەرەبی-ئیسلامیدا: کولتوور و دەوڵەت" وەردەگێڕێ، ئەمە زیاتر لە واتایەک هەڵدەگرێ، یەکەم ئەوەیە کە ئەم کارە پێویستە، بگرە پێویستییەکی بەپەلەی ئەم کۆمەڵگەیەیە بۆ بازدان بەسەر ڕابردوودا بە گشت شوێنەوارە نەرێنییەکان و برینە قووڵەکانییەوە، دووەمیش هەوڵێکە بۆ نۆژەنکردنەوەی ژیانی بە شێوەیەکی دوور لە فێڵبازی و تۆڵەسەندنەوە و کاردانەوە و توندوتیژی و تۆڵە بەرامبەر بەوەی پێشتر ڕووی داوە، سێیەمیش پێویستیی کۆمەڵگەی کوردستانیی عێراقییە بۆ ڕزگاربوون لەو میراتییە بارگرانەی کێشە ناوەخۆییە کورد- کوردییەکان و، هەستکردنە بە مەترسییەکانی ئەم ڕێگەیە. ڕەنگە واتەی چوارەمیش برێتی بێ لە بینینی داوایەکی لێبووردنی دوور لە قازانجخوازی و سوودویستنی سیاسی و کەسی، بەرامبەر بە ئەو ئازارانەی گەلی کورد چەشتیانی لە ئاکامی شەڕ و کردەوەگەلی لەناوبردن و سەرکوتینەوە، کە کارەساتبارترینیان و بەناوبانگترینیان ئەو خوێن حەڵاڵکردن و کوشتنی بەکۆمەڵانەی هەڵەبجە و ئەنفالەکانی هەشتاکان بن.

ئەگەرچی زاراوەی لێبووردەیی لە قورئاندا نەهاتووە، بەڵام قورئان شتی تری تێدایە کە ئاماژەن بۆی، ئەوەتا لە خواترسی و پشتی یەکتر گرتن و ڕاوێژ و چاو لەیەک بوون و بەزەیی و یەکترناسین و لێبووردن و چاوپۆشی و لێخۆشبوون گشتیان ئاماژەن بۆ لێبووردەیی. ئەگەر کریستیانەتی لە ڕووی مێژووییەوە لەم ڕووەوە پێش ئیسلام کەوتبێ، ئەوە ئیسلام بیرۆکەی لێبوردەیی قووڵتر کردووە و، جگە لە قورئانی پیرۆز و سونەتی پێغەمبەر، بۆچوونی گشتیش بەلای ڕێزگرتن لە مافەکان و دانانان بە جۆرەوجۆریەتی و فرەیی و تایبەتمەندی و مافی جیاوازیدا بووە. ئەمەش لە پەیمانی فودووڵی پێش ئیسلامدا هەبووە کە پێغەمبەر، لەنێو گشت پەیمانەکانی سەردەمی نەفامی (جاهیلییەت) تەنیا ئەوی هێشتەوە. ڕەنگە ئەو گوتەیەی پێغەمبەر محەمەد (د.خ) کاتێ مەککەی گرت ئاماژەی زۆر گەورەی تێدا هەبووبێ بۆ سازدانی کەشی لێبووردەیی، کاتێ ڕوو لە دیلەکان دەکا و دەڵێ: بڕۆن ئێوە ئازادن، وەک ڕێخۆشکردن بۆ لێبووردنێکی گشتیش، لە زاری پێغەمبەرەوە هاتە ڕاگەیاندن کە "هەر کەسێ بچێتە ماڵی ئەبوسوفیان پارێزراوە".

بەڵام ئەو کەشە پڕ لێبووردەییانەش ڕێگر نەبوون لە بەردەم کارکردنی دوژمنانی لێبووردەیی دژ

به بیرۆکەی لێبووردەیی لە ڕێی قۆزتنەوەی ئەو دۆخانەی سیاسەتی لێبووردەیی دابینیان کردووە بۆ ئەوەی خەلیفە ڕاشیدەکان خۆیان لەناو ببەن، ئەوەبوو سێیانیان: عومەر و عوسمان و عەلی (خوایان لێ ڕازی بێ) بوونە قوربانیی ناپاکی و فێڵ، جگە لە هەڵگیرسانی چەندان فیتنە و شەڕ و پێکدادانی ناوەخۆیی، کە بنەواکانی لێبووردەیی و یەکگرتوویی ئەوانەی سەر بە ئیسلام لێبووردە بوون، لاواز کرد، ئەو ئیسلامە لێبووردەیەی دەستووری مەدینەی ناساند و گیانی داننانی بەوەی تر و مافی ئەو ئەوی ترەی پاراست لە ئەنجامدانی ئەرک و نەریتە ئاینییەکانی و پاراستنی گیان و ماڵیان، لە کاتی گرتنی قودس و قوستەنتینییەدا.

کەواتە ئەو کەشی لێبووردەیییەی چەند سەرکردەیەکی مێژوویی بانگهێشتنیان بۆی کرد و سەرکردایەتییان کرد بەس نەبوو بۆ ڕێگرتن لە نالێبووردەکان، ئەوانەی ئەو جۆرە دۆخانە دەبانی ورووژاند، ئەمەش کاری بەردەوامی خواست بۆ بەپاشدانەوەی بانگەشەی خاوەنداریی ڕاستی و باشترینەتی و خۆ هەڵکێشان بەسەر ئەوانی تردا. بودا گوتبووی: ئەگەر ناچار بوون وەڵامی کینە بە کینە بدەینەوە و ڕق بە ڕق ئەوە ناتوانین خۆمانیان لێ دوور بگرین.

ئەگەر بیرۆکەی سەردەمییانەی لێبووردەیی لەسەر پشتینەی بزووتنەوەی ڕووناککاری بنیات نرابێ، ئەوە باشترین کەسێک کە لە سەردەمی نوێدا ئەم بیرۆکەیەی دەربڕیبێ مەهاتما گاندیی سەرکردەی هیندستانییە کە لە گرتیگەوە نامەیەکی نووسی: ڕەنگە بە قسە حەزم لە لێبووردەیی نەبێ بەڵام هۆکارێکی باشترم لەو دەست ناکەوێ کە ویستی خۆمی پێ دەربڕم، ئەوەش بوو کە باوەڕی پێی هێنا بۆ ڕزگارکردنی وڵاتەکەی لە داگیرکەریی بەریتانیا. مارتن لۆتەر کینگی تێکۆشەر لە پێناو مافە مەدەنییەکان و نێلسۆن ماندێللای سەرکردەی باشووری ئەفریقیاش ئەو ڕێبازەیان گرتە بەر، هەرچەندە گاندی و کینگ هەردووکیان بوونە قوربانیی دەستی لێنەبووردەیی.

ڕەنگە لێبووردەیی پێویستی بە ژیگەیەک بێ کە بتوانێ تیایدا نەشونما بکا و، بگرە گەشە بکا و ئەمەش پێویستی بە هەبوونی یاسا و سیستمە (ژیگەی یاسادانان) سەرباری ژیگەی پەروەردەیی (پرۆگرام و شێوازەکانی فێرکردن) و ژیگەیەکی دادوەری (دادوەریی سەربەخۆ و دەسپاک) و ژیگەیەکی ڕاگەیاندن (ئازادیی دەربڕین) و ژیگەیەکی کۆمەڵگەی مەدەنی (ڕێکخراوگەلی سەربەخۆ کە ببنە هێزی پێشنیازکردن نەک تەنیا هێزی ڕەتکردنەوە بن).

لێبووردەیی بەهایەکی باڵایە، بەڵکو کولتوورە زیندووەکان خۆیان ڕوو لە لێبووردەیی بکەن و بیانووی ئەوە نەهێننەوە کە "ڕووەکێکی شەیتانیی نامۆیە" یان بانگەشەی ئەوە بکەن کە تەنیا لەلای ئەواندا هەیە و کولتوور و شارستانییەکانی تر لێی بێبەشن و بە شێوەیەک مامەڵەی لەگەڵدا بکەن کە بژارئامێز بێت یان بەڕۆئاواییکەر کە بە تەواوی کولتوور ڕەت دەکاتەوە، ئەم کارەش دەخوازێ گفتوگۆ و کولتوورەکانی بۆ بورووژێنرێن و، بگرە دەمەتەقێی کراوەی بۆ ساز بکرێ، ئەمەش بوو مەبەستی دەزگای ئاراس کاتێ کۆڕێکی فیکریی ساز دا بۆ گفتوگۆ لەسەر وەرگێڕانە کوردییە پۆستە و پەرداخەکەی کتێبی لێبووردەیی!

* توێژەر و بیرمەندی عەرەب

# ڕۆهەڵاتناسی بە تێڕوانینێکی ڕۆهەڵاتییانە

د. موحسین محەمەد حوسێن

بەشی دووەم

## بەرزنرخاندنی هەوڵەکانی ڕۆهەڵاتناسان

باسی دەستکەوتەکانیان ناکەین کە چۆن دەستیان گەیشتووەتە دەستنووس و بەڵگەنامە و شوێنەوارەکان، لە شوێنی دوور لە دەستی دزان و شێ و جرجان پاراستوویانن، دوایی کاریان لەسەر کردوون، بێ ئەوەی هیچ شتێکی لێ بگۆڕن بەهەر هۆکارێک، بەوپەڕی دەستپاکی و ویژدانەوە، بگرە باسی دەستەیەک لەو ڕۆهەڵاتییانە دەکەین کە بایەخیان بە کەلەپووری ئیسلامی و کاروبارەکانی ڕۆهەڵاتناسی و ڕۆهەڵاتناسان داوە، لەوانە:

دوکتۆر "بنت ئەلشاتیئ"، عائیشە عەبدوڕەحمان، کە لە وەرزی ڕۆشنبیریی ساڵی ١٩٥٧دا لە کوێت، موحازەرەیەکی پێشکێش کرد، لەوێ، بەراوردێکی کرد لە نێوان ئەوەی ئاخۆ ڕۆهەڵاتناسان چییان لەو دەستنووسانە کردووە کە دەستیان کەوتووە و موسڵمانەکان چییان کردووە کاتێک کەلەپوورەکەی خۆیان کەوتووەتە بەردەست و گوتی[١٨]: ئێمە قەرداری ڕۆهەڵاتناسانین سەبارەت بەکۆکردنەوەی کەلەپوورەکەمان و پاراستنی... ڕەنگە بپرسن: گەر لێ گەڕانایە بکەوێتە دەست خۆمان چیمان دەکرد، ئاخۆ لەبارماندا نەبوو کۆی بکەینەوە و بیپارێزین؟ بەوپەڕی ڕاستییەوە وەڵامتان دەدەمەوە: نەخێر، ئێمە هەر ئاگامان لێی نەبوو، هەر نەماندەزانی هەیە، بەهایمان نەدەزانی، نەماندەزانی چەندمان پێویست پێیەتی.. مجێورکانمان، ئەو کاغەزە گرانبەهایانەیان بەدەستەوارە دەدا بەنوقڵ و پاقلەفرۆشان! دواتر "بنت ئەلشاتیئ"، لا لە بەری ڕەنجی

................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەبدوڕەزاق عەلی

ڕۆهەڵاتناسان دەکاتەوە و دەڵێ: ڕەنجەکەیان هەر ئەوە نەبوو ئەو کتێب و دەستنووسانەی کەلەپووری ڕۆهەڵات لە کن خۆیان کۆ بکەنەوە، بگرە پێڕستیان بۆ دروست دەکردن، پێڕستێکی زانستییانە... کۆکردنەوەیەکی پشتبەستوو بەوردترین میتۆدی دۆکۆمینتکردن و ڤەکۆڵین... کە لە خەویان ڕاچڵەکاندین، بینیمان هەزاران گەنجینەی عەرەبی وا لە بەردەستماندایە، لە ڤەکۆڵینەکانماندا پەنایان بۆ دەبەین، کاتێک لە توێژینەوەیەکدا سوودیان لێ دەبینین، بەشانازییەوە باس دەکەین و خۆمان بادەدەین... ڕۆهەڵاتناسان، لە لێکۆڵینەوەکانیاندا لەبارەی عەرەب و ئیسلامەوە گەیشتنە ئاستێکی سەرسوڕهێن لە قووڵی و شارەزایی. لە توێژینەوە زانستییەکانماندا دەچینەوە سەریان.. ئاخر ئەوان لە ڤەکۆڵین و توێژینەوەکانیاندا لەبارەی ڕۆهەڵات و عەرەب و ئیسلامەوە هێندە قووڵ و وردەکار بوون، مرۆڤ سەری سوڕ دەمێنێ.

بنت ئەلشاتیئ، لەسەری دەڕوا و دەڵێ: کاتێک ئەوەی ڕۆهەڵاتناسان کردوویانە، بەکاری ئەوانەی لای خۆمان بەراورد دەکەین کە لە دوادواییەکانی سەدەی نۆزدەوە تا نێوەڕاستی سەدەی بیست خۆیان بە بڵاوکردنەوەی دەستنووسەکانەوە خەریک کردووە، بەراوردەکە دەمانتۆقێنێ: دەستپاکیی زانستییانەی ئەوان لە گواستنەوەی دەقەکاندا، بەرانبەر بەلابردن و سەرخستن و گۆڕین (لای ڤەکۆڵەرگەلی دەستنووسەکانی خۆمان). وردەکارییان لە بەراوردکردنی دانە دەستنووسەکانی دەقەکە و گەڕانەوە بۆ دانە ڕەسەنەکە و کنەکردنی ئاخۆ ڕەسەنە یان نا، دۆزینەوەی کۆپیی دەستکارکراو کە وەک ڕەسەن خراوەتە پاڵ نووسەرەکەی، لە کاتێکدا فڕی بەوەوە نییە. بەڕوونی دیارە، زۆرینەی ئەوانەی لای خۆمان (ڕۆهەڵاتییەکان)، مەبەستیان دەستپاکیی زانستی نەبووە، خۆیان ماندوو نەکردووە بەوەی بەکەمێک ڕێسا و میتۆدەوە قەڵەمەکانیان بخەنە گەڕ، بگرە بڵاوکردنەوەیان وەک کاسپی و سەرچاوەی بژێوی سەیر کردووە[١٩].

پێش ئەوە، دوکتۆر زەکی موبارەک، بەویژدانەوە هەوڵی ڕۆهەڵاتناسانی بەرز نرخاندووە و دەڵێ: "ئەوانە، خزمەتی ئیسلامیان کردووە – بەدژایەتییان بۆ ئیسلام: گەورەترین خزمەتیان کردووە، چ نووسینێک باش بووە لەبارەی قورئان و حەدیسەوە چاپیان کردووە، بەپێڕست و زنجیرەبەند و ڕێکخستنیەوە، ڕێکخستنێک کە بەمەشیەخەی ئەزهەر ناکرێ. ڕۆهەڵاتناسی هۆڵەندایی مسیۆ (ڤینسینک Wensinck 1882 - 1939)، پێڕستی بۆ حەدیسەکانی پێغەمبەر داناوە"، ئەو ڕۆهەڵاتناسەی، دوکتۆر حوسێن هەواری[٢٠]، بەتێنەگەیشتن و نیازخراپی، تۆمەتباری کرد.

هەر ئەم پیاوە (ڤینسینک)، بەنووسین لەبارەی حەدیسەکانی پێغەمبەرەوە، خزمەتی ئیسلامی کردووە. بابڵێین لە کتێبەکەیدا سەرچیخیش چووبێ، ئاخر خۆ ئەو سەرچیخچوونە، ڕێگە لەوە ناگرێ کە ئەو، بێ ئەوەی بیەوێ، خزمەتی ئیسلامی کردووە، باشە خزمەتێک هەیە گەورەتر لە بڵاوکردنەوەی شوێنەوارە ئیسلامییەکان لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا؟، ئەو ئەرکەی دەبوو موسڵمانان خۆیان بیکەن کە نەیانکردووە، بۆیە بیانییان کردیان و بەحەزی خۆشیان کاریان لەنێو

کەلەپوورەکەدا کردووە[٢١].

دیسان دەڵێ: ئێستێ تێگەیشتن کە خراپترین لایەنی ڕۆهەڵاتناسیی، بێ خێر و چاکە نییە. پاش ئەوانەی باس کران، دەڵێم، ڕۆژهەڵاتناسان - بەقسەی موبارەک - لە ڤەکۆڵینە ئەدەبییەکاندا، سێ سەدە پێش ئێمە کەوتوون، توێژەری سەرڕاست لە میسر و ڕۆهەڵاتدا، ناتوانێ لەو توێژینەوانە ڕابکات کە ڕۆژانە دەیانبینین. باشە خەڵکینە جێی شەرم نییە پێتان بڵێم، ئەزهەر - کە بەقەڵای ئیسلام دێتە ژماردن - خەڵکەکەی نازانن چۆن لە مێژووی ئیسلام وەکۆڵن، لەم چەند ساڵەی دواییدا نەبێ، ئەرێ شوورەیی نییە باسی ژمارەی قوتابیانی بەشی زمانی عەرەبیی کۆلێجی ئادابی زانکۆی میسرتان بۆ بکەم کە ژمارەیان لە قوتابیانی بەشی زمانی عەرەبیی زانکۆی سۆربۆنی پاریس کەمترە؟ ئەرێ حەیاچوون نییە بزانن لە کتێبخانەی قوتابخانەی زمانە ڕۆهەڵاتییەکان لە پاریس سەرچاوەی عەرەبیی چاپکراوی وای لێیە، خانەی کتێبێ میسری هەر بەتۆزیدا ناگات.

لە درێژەی قسەکانیدا، دوکتۆر موبارەک دەڵێ: من پیاوێکم لە سایەی ئەو حیکمەتەدا دەژیم کە دەڵێ "لە دووی زانست بە لە بێشکەوە تا بەردی ئەلحەد"، هەمووو ئامانجم ئەوەیە ببمە شارەزاییەک لە زمانی عەرەبیدا، وەک چۆن توێژەرە ئەورووپاییەکان لە زمانی نەتەوەیی خۆیاندا وەستان، لاریم نییە لەوەی دان بەوەدا بنێم کە جێدەستی ڕۆهەڵاتناسان لە زەینمدا چەسپاوتر و ڕوونترە، چاکەشیان بەسەرمەوە، ئاشکراتر و سەنگینترە. دەمەوێ نەسیحەتێکی نەتەوەکەم بکەم و ئاماژە بەکاریگەریی هەنگاوەکانی ڕۆهەڵاتناسان بکەم بێ بوغز و لەخشتەبردن.

نابێ بیریشمان بچێ، ڕۆهەڵاتناسانیش، خەڵکێکن مەبەست و حەزی خۆیان هەیە، زۆربەشیان لە وڵاتانی خۆیاندا سەر بەوەزارەتی وڵاتە داگیرکراوەکانن، نە فریشتەن و نە پیرۆزن، بگرە مرۆڤێکن وەک ئێوە هەڵە دەکەن و ڕاستیش دەکەن.

دواتر، من لە هەڵەکانی ڕۆهەڵاتناسان کەم ناکەمەوە، داوا ناکەم کوێرانە دوویان بکەوین، وەلێ دڵنیام کارەکانیان، زیندوویێتیی داوە بەڤەکۆڵینە زمانەوانی و ئیسلامی و مێژووییەکان. شتێک نییە لە دنیادا هەمووی خراپە بێ، سوودی ئەو توێژەرانەش لە لایەنە خراپەکانیان بەهێزتر و زۆرترە[٢٢].

هەرچی محەمەد کورد عەلی - کوردێکی عێراقە -، سەرۆکی کۆڕی زمانی عەرەبی لە دیمەشق، هەر لەوێش کۆچی دوایی کرد، تا سەردانی ئیتالیای نەکرد، کتێبەکەی (پلانەکانی شام)ی نەنووسی و خۆی بەدەستنووسەکانی ڕۆهەڵاتناس، شازادە لیۆنی کیتانییەوە (١٨٦٩ - ١٩٣٥)[٢٣]، خەریک نەکرد. محەمەد عەلی کورد، کارەکانی ڕۆهەڵاتناسان بەرز دەنرخێنێ و بەخزمەتی بووژانەوەی ڕۆهەڵاتی دەزانێ، باسی چەند ڕۆهەڵاتناسێکی ناودار دەکات، لەوانە، (هێنری لامنس ١٨٦٢ - ١٩٣٧)[٢٤]، مرگۆلیۆتی ئینگلیزی[٢٥]، کراچۆڤیسکی ڕووسی[٢٦]،

هارتمانی ئەڵمانیایی[٢٧]. لەگەڵ کیتانی ئیتاڵیاییی ناوبراو، بەجیاوازیی نێوانیانەوە... بەڕێز گرینکۆ، دەیان کتێب و نامە و وتاری بەعەرەبی و ئەڵمانیایی و ئینگلیزی بڵاو کردوونەتەوە، خۆ ئەگەر کۆڕێکی زانستی لە ماوەی سی ساڵدا ئەوەی بکردایە، شانازیی پێوە دەکرد[٢٨]. هەر گرینکۆ، خۆی وتارێکی لە کۆواری "ریسالە"دا بڵاو کردووەتەوە[٢٩]، پاش ئەوەی محەمەد کورد عەلی هەوڵ و ماندووبوونەکانی ڕۆژهەڵاتناسان بەجوانی و بەرزی دەنرخێنێ، دەڵێ: ئەمە خەمخۆریی ڕۆژهەڵاتناسانە بۆ کتێبگەلی ئیسلام، وەلێ خۆیان – مەبەستی موسڵمانانە – مژووڵ و بێ ئاگان، بریا مامۆستایانمان، زانایانی ئەزهەر و پەیمانگە هاوشێوەکانی، مامۆستایانی خانەی زانستەکان (لە قاهیرە) و ئەوانی تر، تینوێتیی خۆیان بەکاری ئەو بیانییانە بشکێنن، کە ئەگەر ڕاستت دەوێ، دەبوا ئەوان قۆڵیان لێ هەڵماڵیایە و بەرهەمەکانی پێشینایان (السلف) زیندوو بکردایەتەوە، نەک چاوەڕێی خەزێنەکانی ڕۆژئاوا بکەن.

ئێمە قەرداری ڕۆژهەڵاتناسانی، هۆڵەندایی، ئەڵمانیایی، فەرەنسایی، ئیتاڵیایی، ئیسپانیایی و گەلانی تری ئەوروپا و باکوری ئەمەریکاین، سەبارەت بەو چاکەیەی لە تەکماندا کردوویانە و بەرهەمەکانی پێشینانیان بڵاو کردووەتەوە. خوا چاکیان بۆ بکات، وەک چۆن چاکەیان بۆ شارستانی و ئەدەبیاتمان بووە.

هەروەها، یوسف ئەحمەد داغر، سەرسامیی خۆی بەکارەکانی ڕۆژهەڵاتناسان دەربڕیوە. میتۆدەکانی توێژینەوەکانیان بەنموونەیی و ورد وەسپ دەکات، بەو مانایەی توێژینەوەگەلی ڕۆژهەڵاتناسان، جۆرێک لە لۆجیکی زانستییان تێدایە لە ڕێگە و ڕێڕەو و وردەکاری و قووڵبوونەوە و خستنەڕوو و ئاسانکارییەوە، بەشێوەیەک کە هەموو ڕووەکانت بۆ ئاشکرا دەبێ، تەنانەت (چرپە)کانیشت لێ بزر نابێ. بۆیە توێژینەوەکانیان (مەوسووعی) و (گشتگیر)ن، کە باس لە بابەتێک دەکەن، هەموو ڕووەکانی دەردەخەن، بە ڕووە نادیارەکانیشەوە، کەلەبەرێک ناهێڵنەوە بۆ کەسێک لەخۆوەڕا بۆی زیاد بکات. ئەمەش، بۆ ڕوونی، ئاشکرابێژی، بێگەردی، دەستپاکی و بەدواداچوونێک کە ڕاستیی مێژوویی لێ دەچۆڕێ، لەبەر ڕووناکاییی کنەکردنی بەردەوام و ڕەخنەگرتنی بە ژانوژوودا[٣٠].

دیسان، دوکتۆر سەلاحەدین ئەلمونجید، ڕەنجی ڕۆژهەڵاتناسان بەرز دەنرخێنێ و دەڵێ: "لە دەرگەی هەموو لایەنەکانی کولتوورەکەیان داوین، خۆیان لە هەموو باسێکی ئاین و شارستانییەکەمان داوە، لە ڤەکۆڵین و توێژینەوەکانیاندا ڕێگەیەکی توێژینەوەی میتۆدیانەی سیستماتیکیان پێڕەو کردووە. زۆرجاران، دەرفەتیان هەبووە، دەستیان بگاتە سەرچاوەگەل و بەرچاوروونتر ڕەخنە بگرن، بەجەرگتر خۆیان لە دارەتی بڕێک بابەت بدەن کە ئێمە بەهۆی ئاین یان نەریتگەلەوە، نەمانتوانیوە خۆمانی لێ بدەین. ڕۆژهەڵاتناسان، سەدان (بگرە هەزاران) کتێبی کۆنی ئێمەیان بڵاو کردووەتەوە، سەدان ڤەکۆڵینیان لەبارەی مێژوومانەوە نووسیوە، مەبەستم تەنیا

مـێژووی سـیـاسـی نییـه، بگره مـێـژووی شـارسـتـانییـهتی ئیسـلامی و عـهرهبی بهلایهنه دیار و نادیاریهکانیهوه، هـهلیان بۆ ڕهخساندووین – بهکتێبه زانستییهکانیان – ئاگهداری مێژوومان بین و سوودی لێ ببینین. پاڵیان بهئێمهوه ناوه، له بڵاوکردنهوهی کهلهپوورهکهماندا، شوێنپێیان هـهڵگرین. ئهوان دهسپێشـخـهر بوون و ئێـمـهش شـوێنکهوته و لاسـاییکهرهوه. ئاخـر ئهوان، شـارسـتـانییـهتی ئێمـهیان بهخـهڵک نـاسـاندووه، بهڤهکۆڵینهکانیـان، زۆر له لایهنـه باش و خـراپهکانیـان خسـتـووهته ڕوو[٣١].

دوکـتـۆر مـحـهمـهد یوسف مـووسـا، هـهمـان هـهڵویسـتی دهرهـهق بهڕۆهـهڵاتنـاسـان هـهیه، دهڵێ: "ڕۆهـهڵاتناسـان، شـهنوکهوی هـهموو ئهو بابهتانهیان کردووه که پێوهستن بهڕۆهـهڵاتهوه، له ئاینهوه تا دهگاته شارسـتانی و کولتوور. ئهوهش، بهشێواز و میتۆدی تایبهتی خـۆیان، لهو پێناوهشدا، سـهر و مـاڵیـان داناوه... هـهر ئهمـهش بووهته هـۆی ناسـاندنی زاناگـهلی دیار بهدنیـا، زۆریـان له ڕۆهـهڵات بهگشتی له ئیسلام بهتایبهتی کۆڵیوهتهوه. بهری ئهو ماندووبوونهیان، سامانێکی گهورهیه له کتێبی عـهرهبی که بهڕاسـتی زانستییانه کاریان لهسـهر کردوون، سـهرباری توێژینهوهگـهلێکی زانسـتیی قـووڵی ئهو زانایانه، که ئێسـتـێ ئێمـه سـوودمـان لێ بینیـون و دهبینین کاتێک لهبارهی عـهرهب و ئیسـلامـهوه دهنووسین. . . بهم شـێوهیه، نهوه له دوای نهوه له هـهموو نووسینهکانیـاندا بهرهوپێش دهچن".

توێژهرێکی تر دهڵێ: "ڕهنجی ڕۆهـهڵاتناسان له ئاشکراکردنی مێژووی عهرهبدا له لایهنی هزری و ڕۆشنبـیـری و زانسـتی و لایهنـهکانی ترهوه، تا بڵـێی گـهوره و بهرچاوه، دان بهوهدا دهنێم، یهک بهباری خـۆم، بـهر لهوهی بێــمــه مــهیدانی نووســینهوه، تێــڕوانینێکی ڕهش و ڕهها‌م بهرانبــهر ڕۆهـهڵاتناسی هـهبوو، سـهرلهبهری ڕۆهـهڵاتناسی، وهلێ خـوێندنهوهی ژێدهرهکانی توێژینهوه، وای لێ کردم، ئهو تێڕوانینه پێشوهختانه بگۆڕم، نهخاسمه له لایهنی زانستی و لایهنهکانی تری پێوهندیدار بهکهلهپوور و شـارسـتـانیی ئیسلامییهوه، ئاخـر هـهیانه هـهموو تهمـهنی خۆی بێ وچان له ڤـهکۆڵینـدا بهسـهر بردووه، لهسـهر بنهمـاگهلێکی تا بڵێی ورد و ڕێکخراو، ئهو هـهموو ڕێگانهیان بڕیوه له پێناو ساخکردنهوهی دهستنووسێک، پرسیار له کتێبێک، یان کنهکردنی شوێنهوارێکدا".

له کـۆتاییـدا ئهو توێژهره دهڵـێ: "ڕهنجی ڕۆهـهڵاتناسـان نهبووایـه، نهمـاندهتوانی شـتێکی ئهوتۆ لهبارهی مێژوومان و سـهروهرییـهکانی باو و باپیرانمانهوه له بوارهکانی مهعریفهدا بزانیبایه، بۆیه هـهقه دان بهو ڕاستییهدا بنێین که ڕهنجی ڕۆهـهڵاتناسـان، ڕهنکێشـانێکی نایاب و مهزنه"[٣٢].

دوکتۆر محهمهد ساڵح بونداق دهڵێ: "ڕۆهـهڵاتناسـان خهڵکی هـهر وڵاتێک بن، خۆیان شـایهنی ڕێز و کارهکانیان شـایهنی پێزانینن، سـهبارهت بهڕۆڵی گرینگیان له بڵاوکردنهوهی زانست و ڕۆشـنبیری و ئاسـانـکاریی دهسـتـڕاگـهیشتن بهکـتـێب و بهرهـهم و ڤـهکـۆڵینهکـاندا، ئاخـر ئهگـهر ئهوان دهسـتپێشـخـهر نهبوونایه له ڤهکۆڵین و پێڕسـتدانان و بڵاوکردنهوهی دهستنووسـهکانی کتێبگهلی

کەلەپووری و شارستانی، حەدیسەکانی پێغەمبەر، مێژوو، زمان، ئەدەبیات، فەلسەفە و... هتد، تا ئێستێ لەنێو دۆلابەکاندا تۆزیان لێ نیشتبوو، ئەوە بێ لەو کۆوارانەی دەیان ساڵ لەمەوبەر دەریان کردووە (پێش نیو سەدە) و تا ئێستی دەردەچن و تەژین لە لێکۆڵینەوە و دەق و بەڵگەنامە و دەستنووس، کە گەنجینەیەکی کەلەپووری مەزنن بۆ خۆیان. لێرەدا، ئەو کۆنگرە ناودەوڵەتییانەمان لە بیر نەچێ کە بۆ توێژینەوە و زانین و ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوون و ڤەکۆڵینەکان، ڕێکیان دەخەن. بەری ئەو کارە جوانانەی ڕۆهەڵاتناسان، هەر تەنیا ئەوە نییە عەرەب و موسڵمانان ئاگەداری کەلەپوور و مێژووەکەیان بن و سوودیان لێ ببینن، بگرە بیانی و ئەوروپاییەکانیش لێیان ئاگەدار بوون(٣٣).

ڕاستییەکەی، مرۆڤ ناتوانێ هەموو ئەو بابەتانە باس بکات کە نووسەرە موسڵمانە بەویژدانەکان، بەوپەڕی داناییەوە، لەبارەی ڤەکۆڵینە سەنگینەکانی ڕۆهەڵاتناسانەوە نووسیویانە، وەلێ کارێکی چاکە گەر کورتەیەک لە کارە پڕشنگدارەکانیان بخەینە ڕوو، ڕۆهەڵاتناسان، لە شارستانێتییەکانی ڕۆهەڵاتی کۆنیان (شارستانییەکانی وڵاتی سۆمەر و ئەکەد و بابل) و وڵاتانی نیل و شام و یەمەن و دیلمۆن (بەحرەین)یان وەکۆڵیوە... وڵاتی فارس و کورد. هەروەها شارستانێتییە مەزنەکانی وڵاتانی هیندستان و چین و هیندی چینی و ... هتد.

ڕۆهەڵاتناسان، لە هەموو بوارەکانی ژیانی هزری و هونەریدا، کنەی شوێنەوار و مێژوو و کولتوور و زمانەیلی ئەو شارستانێتییانەیان کردووە، دواتر هاتوون لە کۆوارگەلێکی زانستی و کتێبی جۆرەوجۆردا، بەوپەڕی وردەکاری و بەپێی میتۆدی زانستی و بەگیانێکی ڕەخنەگرانەوە بڵاویان کردوونەتەوە، ئەگەرچی، ئەو دۆزینەوە تازانە، کەم تا زۆرێک هەڵە و سەرچیخچوونیان تێ کەوتووە. هەروەها، دەستنووسە ڕۆهەڵاتییەکانیان بەهەموو زمانەکان کۆ کردووەتەوە و پاراستوویانە و هەردەم چاویان لەسەریان بووە و بەشێوەیەکی جوان ڕێکیانخستوون، لێیان کۆڵیونەتەوە و بەجوانترین شێوە بڵاویان کردوونەتەوە، تا سوود لە مەعریفە و ڕۆشنبیری و هونەریان ببینرێ. دواتر، تەرجەمەیان کردوون بۆ زمانەکانی خۆیان، پێشەکی و پەڕاوێز و پێڕستیان بۆ ئایەت و حەدیسەکانی نێو کتێبەکان داناوە، لە تەک ناوی ناوداران و خێڵ و شوێنەکان... هتد.

لە پاڵ ڕێکخستنی ناوەناوەی کۆنگرەگەلی ڕۆهەڵاتناسی هەر لە یەکەمین کۆنگرەوە کە ساڵی ١٨٧٣ لە پاریس بەسترا، دواتر یەک بەدوای یەکدا لە شارەکانی تری ئەوروپا، جارجارێک نەبێ کە لە شارگەلێکی ڕۆهەڵاتی وەک قاهیرە و جەزائیر و نیودەلهی بەستوویانە، لەو کۆنگرانەدا، باسیان لە کێشەکانی ڤەکۆڵینە ڕۆهەڵاتییەکان و پێشهاتەکانیان دەکرد، ڕا و بۆچوون و زانیارییان ئاڵوگۆڕ دەکرد، ئەوەبوو ساڵی ١٩٧٣، بیست و نۆیەمین کۆنگرەیان لە پاریس بەبۆنەی تێپەڕبوونی سەدەیەک بەسەر بەستنی یەکەمین کۆنگرەدا لە هەمان شار.

دوکتـۆر محـەمـەد سـوێسی پێی وایە: دان بەوەدا دەنێین کە ژمـارەیەکی زۆر لە ڕۆهـەڵاتنـاسـان کاری زۆر چاکیان پێشکێش کردووە بەمەبەستی ناساندنی شارستانییەتی ئیسلامی و زانستگەلی عـەرەبی، ئاخـر ئەوان بەشـدارییـەکی زۆریان کـردووە لە زیندووکـردنەوەی کـەلەپووری هزری و شـارسـتـانیی عەرەبی و ئیـسـلامـیـدا، بوونە بزوێنەری کـاروانی توێژینەوە لـە ڕۆئاوا و ڕۆهـەڵات، زانایان، سەرقاڵی گەڕان بوون بەشوێن ئاسەوار و سـاغکردنەوەی دەستنووسە کۆنەکاندا، بەمەش بزاوتێکی هزرییـان خوڵقـاند کە ڕۆئاوا و ڕۆهەڵات وەک یەک سوودیان لێ بینی. بگرە کار گەیشـتە ئەوەی هـەندێک کـەس بۆ مـەبەسـتی تایبـەتی خـۆیان دەسـتـیـان بەشـاڵاوێکی وەڵامـدانەوە و ڕاستکردنەوەی بڵاوکراوەکانی ڕۆهـەڵاتناسە بابەتییەکان کرد، ئەو مشـتومڕ و شەڕەقسـەیە، بووە دەستکەوتگەلێکی بەرچاو بۆ میتۆدی زانستی و ناساندنی زانستە عەرەبییەکان بەتایبەتی(٣٤).

دوکتۆر یوسف ئەسعەد داغر ڕای دەگەیەنێ کە یەکێک لە چاکەکانی بزاڤی ڕۆهەڵاتناسی ئەوەیە بووە یارمـەتیـدەری هەسـتـانەوە و پەرەسـەندنی ئاگـایی نـەتەوەیی و کاراکردنی بزاڤی زانسـتی و بووژانەوەی هزری لە وڵاتانی ڕۆهەڵات، بەهۆی ئەو تەوژمـە ڕۆشنبیـری و بەئاگاهێنانەوە هزرییـەی هێنایە ئارا، ئاخر کارەکانی ڕۆهەڵاتنـاسـان و خزمـەتیان بـەکولتـووره ڕۆهەڵاتییـە جیـاوازەکان، چاکترین وانە بوون بۆ توێژەرانی بواری بیروباوەڕەکانی ڕۆهەڵات و مێژووی گەلانی و ئەدەبیات و زمانەکانی و... هتد.

دیسـان ڕۆهـەڵاتنـاسـان چەندان فـەرهەنگی زمـانیـان داناوە (وەک فـەرهەنگی دوزی بۆ گـوتە ناعـەرەبییـەکـان، جلوبەرگـەکان)، ئەمـانەش، کـارگەلێکن کە مـاندووبوونیـان گـەرەکە، گـەیشتن بەئەنجامی زانستی پشوودرێژیی دەوێ، هەندێکیان تەمەنیان بەدیار سـاغکردنەوە و بڵاوکردنەوەی دەسـتنووسـێک، دانانی کـتـێـبـێک، ڕێکخـسـتنی پێـڕسـتـێکەوە بەسـەر بردووە، هەندێکی تر هـەر خـەریکی گـەڕان و سـووڕان بوون و ژیانی خۆیان خـسـتـووەتە مـەترسـیـیـەوە لە پێناو گـەیشتن بە ڕاستینەیەک یان دەستگەیشتنە دەستنووسێک.

بۆ نموونـە، ڕۆهەڵاتـنـاسـی ناودار "ئـادەم مـیــتـــز 1917 _ Adam mez 1869" لە شـــاری باڵـی سویسراوە چووە بۆ کتێبخانەکانی بەرلین و پاریس و لیدن لە هۆڵەندا، لایبزگ و مینشن و ڤیەننا و لەندەن، بۆ خوێندنەوە و نووسینەوەی چەند دەقێکی پارێزراوی نێو ئەو کتێبخانانە، کە نێزیکەی چل دەستنووس دەبوون هەندێکیان تا ئێستێ بڵاو نەکراونەتەوە یان چاپ نەکراون(٣٥).

هـەروەها، "کـــارڵ بـرۆکـلــمـــان 1956 -Carl Brockelmann 1868" ڕۆهـەڵاتـناسی بەناودەنگی ئەڵمانیایی کە نۆ زمانی ڕۆهەڵات و ڕۆئاوای کۆنی دەزانی، نیو سەدەی بەسەر برد کە دەکاتە زیاتر لە نیوەی تەمەنی تا مێژووی ئەدەبی عەرەبی لە کتێبێکی مەوسووعیی دانسقەدا بنووسێتەوە.

توێژەرێکی هاوســەردەم دەڵێ: کــارایی و کــاریگـەریی دید و بۆچوونـەکــانی ڕۆهـەڵاتنـاســان دەگەڕێتـەوە بۆ هـەوڵ و ماندووبوونی دوو سەدە لە زیندووکردنەوەی دەقە عەرەبییەکاندا، بەشێوەک

که هەوڵە عەرەبییەکان (خۆییەکان) لە چاویدا زۆر کەمە.. بۆیە کراچۆڤیسکی بەهەڵەدا نەچووبوو کاتێک ئاماژەی بەزۆربوونی ئەو ڕۆشنبیرە عەرەبانە دەدا کە بۆ گەیشتن بەبنەوا دروستەکانی ئەدەبی عەرەبی، پێویستە پشت بەمیتۆدە ئەوروپاییەکان و ڕۆشنبیریی ڕۆئاواییەکان ببەسترێ، کراچۆڤیسکی پێی وابوو، ئەم ڕۆشنبیرانەی عەرەب لە ڕۆشنبیرە کۆنەکانی پێش خۆیان جیاوازن، ئەوانەی داوای لاساییکردنەوەی کتومتی ئەوروپایان دەکرد(٣٦).

بەرانبەر بەوە – وەک دەبینین – برێک (بەغیرەتمان) هەیە، بەنووکە قەڵەمێک خەتێکی ڕاست و چەپ بەسەر چاکەی ڕۆهەڵاتناساندا دێنێ. نەفرەت لەو کەلەپوورەش دەکات کە لەسەر دەستی (غەواران ــ بیانییان!) پارێزراوە.

دواجار: هەر چۆنێک بێ، ڕۆهەڵاتناسان مرۆڤن، لەوانەیە هەڵە بکەن، شت لە دڵ دەگرن، مەیل و حەز و بیروباوەڕیان لە مەیل و حەز و بیروباوەڕی خەڵکی ڕۆهەڵات جیاوازن. لۆجیک نییە بەیەک چاو تەماشای هەمووانیان بکەین، پێمان وابێ هەموویان زانا و بابەتین و نووسینەکانیان هەڵەی تێدا نییە، یان خاڵین لە دەمارگری. لێرەدا لەگەڵ ڕۆهەڵاتناسی گەورە "مەکسیم ڕۆدنسۆن Maxim Rodinson 1915 _ 2004" دەپرسین: بایەخی هزرەکانی زانای شوێنەوارناسی فرەنسایی شامپلیۆن چییە؟ مادامەکی هێماکانی زمانی هیرۆگلۆفینی بۆ کردووینەتەوە؟(٣٧). بڵێی ڕاستی کردبێ یان بەهەڵەدا چووبێ کاتێک هێماکانی کردەوە؟

تا لە تەک ڕۆهەڵاتناساندا بەویژدان بین، بوختانیان پێ نەکەین، دەبێ بابەتەکەی ساڵی ٢٠٠٥ی د. محەمەد عیمارە لە کتێبی "ئیسلام لە چاوی ڕۆئاواییاندا لە نێوان بوختانی نەزانان و ویژدانی زانایاندا" بخوێنینەوە، بەناونیشانی "شایەتییەکی ڕۆئاواییانەی زاناگەلێکی ڕۆهەڵاتناسی لەبارەی ئیسلامەوە"، لێرەدا تەنیا ناوەکانیان دەنووسین، هەر کەسێکیش دەیەوێ ئەو شایەتییانە ببینێ، با کتێبەکە بخوێنێتەوە، ئەوانیش: سێر تۆماس ئارنۆڵد، سانتیلانا، مۆنتیگومری نۆت، یوسف شاخت، بیرنارد لویس، مارسێل بوازارا، گیوم، نللینۆ، گابریێلی، مەکسیم ڕۆدنسۆن، بەکەر، سارتۆن، مایرهۆف، کارادیڤۆ، بڵنسەر، فیرینێ، کارپنیسکی، گاپ، ڕۆنتاڵ، نیکڵسۆن، ئەتنگهاوزن، کریستی، فارمەر، گرایەر، پریکز، کرامەرز، پارکەر، براند تراند، سیگرید هۆنکە(٣٨).
د. محەمەد ئەلبەهی، برێک لە ڕۆهەڵاتناسان بەمەترسیدار ناو دەبات و داخ دەردەبڕێ کە هەندێک موسڵمان – نەخاسمە میسرییەکان–، لەسەر دەستی ئەوان وانەکانی ئیسلام و زمانەوانییان خوێندووە، لەوانە: ئە. ج. ئاربری، ئەلفرێد گیوم، هـ. ئە. گاپ، ئە. گ. ڤنسنک، یوسف (جۆزێف) شاخت، ر. ئە. نیکڵسۆن، لویس ماسینیۆن و هی تر(٣٩).

سەرچاوە و ژێدەر و پەراوێزەکان

١- عبدالله علي عليان، الاستشراق بين الانصاف والاجحاف، المركز الثقافي العربي، بيروت، ٢٠٠٣، ص.٥٢

٢- د. عائشة عبدالرحمن(بنت الشاطئ)، تراثنا الثقافي بين أيدي المستشرقين، الكويت، ١٩٥٧، ص,٣٠٧

٣- في كتابه: المستشرقون والاسلام، دار المنار، القاهرة، ,١٩٣٦

٤- د. زكي مبارك، مقاله المنشور في مجلة الهلال، مجلد١٩٣٤/٤٢، ص٣٢٧، تحت عنوان: نفع المستشرقين أكثر من ضررهم.

٥- د. محمد كامل الخطيب، (المعد والمقدم) لكتاب (الشرق والغرب)، منشورات وزارة الثقافة السورية، دمشق/١٩٩١، ق/٥٧٩٢.

٦- الأمير كتاني: له (حوليات الاسلام)، وهو أوسع تأريخ عصر النبوّة والخلافة الراشدة، في عشر مجلدات وعن الدولة العثمانية، و(تأرخ عام حوض البحر المتوسط، ومعجم الأعلام العربية)، د. عبدالرحمن بدوي، موسوعة المستشرقين، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠٠٣، ص٤٩٣ - ٤٩٦.

٧- لامنس، راهب يسوعي، شديد التعصب ضد الاسلام، يفتقر افتقارا تاما الى النزاهة في البحث والأمانة، ويعد نموذجا سيئا للباحثين قي الاسلام، حسب وصف د. بدوي، ص٥٠٧، وأنا - حسب قناعتي - لا أعتبره مستشرقا.

٨- مرجوليوث (مارغليوث) دافيد صموئيل - Magoliouth 18581858 - 1940.S.M ، انكليزي، درس الاداب الكلاسيكية (اليونانية واللاتينية) واللغات السامية، نشر كتبا عديدة بينها، (فن الشعر، رسائل المعري)، حقق كتبا عديدة نزكر منها: (معجم الأدباء) لياقوت الحموي، و(نشوار المحاضرة) للتنوخي، قسما من (تجارب الأمم) لابن مسكويه، كما ألف عن (محمد ونشأة الاسلام) و(تطور الاسلام في بدايته) د. بدوي، مذكور، ص، ٥٤٦.

٩- كراتشوفسكي (اجناتي جوليانوفيتش Ignatij Julianovic Karackovski- 1883 -١٩٥١ مستشرق روسي، عاش فترة في طشقند، تعلم الفارسية، واليونانية واللاتينية، ثم العربية والعبرية والحبشية والتركية والتتارية، كتب عن بعض شعراء العربية: المعري، المتنبي، الأخطل، أبو العتاهية، الوأواو الدمشقي، وألف كتبا عديدة، الا أن أشهر مؤلفاته كان (تأريخ الأدب الجغرافي عند العرب) و(المخطوطات العربية)، د. بدوي: ص٤٦٨ _ ٤٧١.

١٠- هارتمان .Mortin Hartman- 1851 _ 1918 أهتم بالاسلام في تركستان الصينية، وألف فيها، كما ألف عن أحوال تركيا، ثم (المسألة العربية) و (أغاني الصحراء الليبية) وله كتاب (القصيدة العربية)، د. بدوي، ٦٠٧.

١١- كتابه المستعربون من علماء المشرقيات، مطبوعات المجمع العلمي العربي، دمشق، المجلد ٢٣، ص ٣٤٧.

١٢- مجلة الرسالة، العدد١٠٨، ص ١٢٣٨، نقلا عن حازم صاغية في كتابه التالي: حازم صاغية، ثقافات الخمينية، موقف من الاستشراق، أم حرب على كيف؟ دار الجديد، بيروت، ١٩٩٥، ص٥٠.

١٣- مصادر الدراسة الأدبية، منشورات أهل القلم، مطابع لبنان، ١٩٥٦، ٧٧٥/٢، نقلا عن حازم صاغية، مذكور.

١٤- صلاح الدين المنجد، المنتقى من دراسات المستشرقين، دار الكتاب الجديد، بيروت، ١٩٧٦، مقدمة الكتاب.

١٥- د. عبدالله علي عليان، مذكور، ص١٤١ -١٤٢.

١٦- د. محمد صالح البنداق، المستشرقون وترجمة القرآن الكريم، منشورات دار الآفاق الجديدة، بيروت٨٠، ص٩٢ _ ٩٣.

١٧- على هامش بحثه (آراء بعض المستشرقين حول التراث العلمي العربي، والرد عليها) المنشور في كتاب (مناهج المستشرقين في الدراسات العربية الاسلامية)، المنظمة العربية للتربية والثقافة والعلوم، الرياض ١٩٨٥، الجزء الثاني، ص٦٥، الهامش(١).

١٨- ألف (آدم متز – Adam Mez – ت١٩١٧) – تابه المهم (الحضارة الاسلامية فـ- القرن الرابع الهجر_) أو (عصر النهضة في الاسلام)، وقد ترجم الكتاب الى اللغة العربية د. محمد عبدالهادي أبو ريدة في جزأين، وطبع في ١٩٤٠، ثم توالت طبعاته، أنضر بدوي، ص ٥٤٤.

١٩- د. محسن جاسم الموسوي، الاستشراق في الفكر العربي، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ٢٠٠٥، ص١٣٣ – ١٣٤، وقد تحدث العديد من المعنيين بالدراسات الاستشراقية عن انجازات المستشرقين، رغم مزاجيتهم الكارهة، نذكر على سبيل المپال: د. محمد عبدالله الشرقاوي، الاستشراق – دراسات تحليلية تقويمية، مطبعة المدينة، القاهرة، ١٩٩٣. د. ناصر عبدالرزاق الملا جاسم، الاسلام والغرب، دراسات في نقد الاستشراق: دار المناهج، عمان، ٢٠٠٤.

د. محمود حمدي زقزوق، الاستشراق والخلفية الفكرية للصراع الحضاري، الدوحة – قطر، ١٤٠٤ هيجري (١٩٨٤م).

د. محمد السويسي، في بحثه (آراء بعچ المستشرقين حول التراپ العلمي العربي)، مذكور، ص١٩ – ٦٨، وآخرون عديدون.

د. عبدالجبار ناجي، تطور الاستشراق في دراسة التراث العربي، دار الحرية للطباعة، دار الجاحض للنشر، بغداد، ١٩٨١.

٢٠- حازم صاغية، مذكور، ص١٣.

٢١- د. محمد عمارة، الاسلام في عيون غربية، دار الشروق، القاهرة، ٢٠٠٥.

٢٢- في كتابه: الفكر الاسلامي الحديث وصلته بالاستعمار الغربي، دار الفكر، بيروت، ط٥/١٩٧٠، ص٥٥٢ – ٥٥٨.

# مێژووی
# ساڵانی پاتشایان و پێغەمبەرانی سەر زەوی

حەمزەی کوڕی حەسەنی ئەسفەهانی

بەشی پێنجەم

بەندی نۆیەم لە بەشی دەیەم

**لە باسی والییانی خوراساندا**

کە بەندی هەشتەمی ئەم بەشە تایبەت بوو بەباسی ئەو مێژووانەی لە بەغدای پایەتەختیاندا بەسەر دەوڵەتی عەباسییاندا نەهاتبوو و ئەوانەی دەوڵەتیان لە ئومەوییانەوە بۆ گواستنەوە، عەجەمی خوراسان بوون، ئەوەش بە لەناوبردنی سەربازی عەرەب و ئەعراب - یان " واتە عەرەبی ڕەوەندی بیاوان"، ئەم بەندەم لەبارەی والییانی خوراسان -ەوە نووسی. ئینجا بەندی دوای ئەمم تایبەت کرد بە والییانی تەبەرستان. لەبەر ئەوەش مێژووی ئەم دوو وڵاتەم، جودا لە گشت وڵاتانی تر هێنایە ناو ئەم کتێبە، یەکەمیان: لەبەر ئەو ڕووداوانەی لەسەر دەستی پیاوانی دەوڵەتی لە خوراسانەوە ڕاپەڕی و.. دووەمیان: لەبەر ئەو کارانەی بەدەستی پیاوانی تازە پێگەییوی دەوڵەت کە تەبەرستانی بوون، کە ئەو دوو کەسە بەگژ ڕۆژگارداچووانە بوون: ئەبوومووسلیم -ی خاوەنی دەوڵەت و ئەبی حەسەنی کوڕی بووەیە.

ئەوانەی لە خوراساندا کاروباری دەوڵەتی داهاتوویان بەڕێوە دەبرد، ئەوانە تاوانبار و تۆڵەستێن بوون کە سەربازی ئومەوییانیان خستە بەر کوشتار کە پاشماوەی سەربازانی نەوەی ئەبوسوفیان و منداڵانی مەڕوانیان تێدا بوو، ئەوانەی شایەکانیان کاریان بۆ ڕووخاندنی کابە "

.................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

بەیتولڵلاهولحەرام "دا کە مەنجەنیقیان بۆ هەڵبەستبوو و بناخەکانیان بێهێز کرد و دیوارەکانیان شەقار تێ خست و ئەوانەی لەگەڵیاندا دەجەنگین نەوەی پێغەمبەر " دروودی خوای لێ بێ " بوون تا بە کوشتن کۆتاییان پێ هێنان و بە تینووێتی ئازاریان دان و ئینجا دیلانی سەر بە پێغەمبەریان بە کەمیزەک کرد دوای ئەوەی لەسەر گوتارگەکاندا جمێنیان بە هاوپشتانی پێغەمبەر " د. خ "دا و لە پێش چاوی خەڵکیدا بە دیاری بۆ یەزیدیان بردن، هەروەک بە کافران دەکرێ و لەلای بیرتاریکانی عەرەبی شامدا وەک لە گوێڕایەڵیی پێشەوا دروستەکان بەلادەر (خەواریج)یان پیشان دان، هەروەها لەلای خۆیانەوە بڕیاریان دا، ئەمانە یاخی بوون و دەستیان لە کۆمەڵ بەرداوە و هەوڵی داگیرکردنی پێشەوایەتی دەدەن، لە پێشەوایەکی جێگری پێشەوای وەربگرن، بە تەمای دەست بە سەرداگرتنی مافێ کە پشتاوپشت بۆی ماوەتەوە. بەوەی کە پێشەنگ بوون لەمان شایستەترن. تا وای لێ هات ئەو بیرتاریکانە ڕوویان لێ وەرچەرخان و نەفرەتیان لێ کردن و کەوتنە بوختان پێ کردن و پێیان گوتن: نەفرەتتان لێ بێ چتۆ کۆمەڵێکی لە پەیڕەویی پێغەمبەر " سوننەت " و لە کۆمەڵ دوور کەوتوون! لە جێنشینی خوا یاخین. ئینجا نزیکەی سەت ساڵیان بەسەر برد، خەڵکیان ئاگەدار دەکردەوە لێیان نزیک نەبنەوە، لەلای خەڵکییان دزێو دەکردن و خەڵکیان هان دەدا تێکەڵیان نەبن و بەلایانەوە نەچن، تا خوا ئەبوموسلیمی خاوەنی دەوڵەت و ڕووناککەرەوەی تاریکیی بۆ ڕەخساندن، وڵاتی لێیان خاوێن کردەوە و بەندەکانی لێ ڕزگار کردن.

ئەوانەی لە تەبەرستان ـیشدا کاروباری دەوڵەتی نوێیان بەڕێوە دەبرد، لەبەرئەوەیە کە تاوانی قەرمەتییانیان لە وڵاتی ئیسلام وەدەرنا و پایتەخت " دار ئەلمولک "یان لە مرۆتۆقێن و ئاژاوەویستان پاک کردەوە و ئەو یەزیدییانەیان سەرکوت کرد کە دوژمنی دەوڵەت بوون و شکۆی جێنشینییان لەناودا و باج و سەرانەیان داهێنا، خودا لە گەرمایی دۆزەخدا سووتاندنی و ئێستاکە باسی مێژووەکانی والییانی خوراسان دەکەم و سەرکەوتن لە خواوەیە.

جێ ستارگرتنی والییانی خوراسان لە سەرەتای دەست بەسەردا گرتنی عەرەب تا ئێستا لە سێ شاراندا بووە: مەرو، نیشاپوور و بوخارا. مەرو بنکەی میرنشین بووە تا هاتنی عەبدوڵلای کوڕی تاهیر کە بووە میری خوراسان و لە نیشاپوور دابەزی و ئینجا لە مەرو دابەزی، ئینجا نیشاپوور بە بنکەی میرنشینی مایەوە تا ئیسماعیلی کوڕی ئەحمەدی کوڕی ئەسەت خرایە سەر کاروباری " ئەلتاهیر " و لە بوخارا دانیشت.

ئەبوموسلیمی دەوڵەتگوێزەوە:

ئەبوموسلیمی دەوڵەتگوێزەوە لە ناوەڕاستی مانگی ڕەمەزانی ساڵی سەت و بیست و نۆ لە خوراسان پەیدا بوو، ڕۆژی دووشەمی ناوەڕاستی مانگی ڕەبیعولئەووەلی ساڵی سەت و سی چووە بارەگەی میرنشینیی مەرو. ئینجا ئەبوجەعفەری برای میری بڕواداران هاتە لای بۆ وەرگرتنی بەڵێن بۆ خۆی و ئەوانەی لەگەڵیدان، ئینجا لە سەرەتای مانگی ڕەمەزانی ساڵی سەت و سی و شەشدا ڕۆیشت و چووە عێراق بۆ لای " ئەبولعەباس ئەلسەففاح " لە ئەنبار. ئەو ساڵە کاروانی

چوونە حەج بە چاودێریی ئەبوجەعفەر بوو، " ئەلسەففاح " ئەو ساڵە مرد. ئەبوجەعفەر لە حەج هاتەوە خاکی عێراق و ئەبوموسلیمی ناردە سەر عەبدوڵڵای کوڕی عەلی –ی مامی، لە مانگی سەفەری سەت و سی و شەشدا چووە سەری، ڕۆژی سێشەم کە مانگی جومادیلئاخیری ساڵی سەت و سی و حەوت شەش ڕۆژی لێ بەسەر چووبوو. ئینجا لە مانگی ڕەجەبدا ئەبوموسلیم وەک پارێزەر " موتەسەڕریف " گوێزرایەوە بۆ خوراسان، ڕۆژی پێنجشەم کە سێزدە ڕۆژی مانگی شەعبان بەسەر چووبوو لە " حولوان " دابەزی، نێردراوانی ئەبوجەعفەر هاتن بە شوێنیدا گەڕایەوە و ئێوارەی ڕۆژی سێشەم کە مانگی شەعبان پێنج ڕۆژی لێ مابوو هاتە " مەدائین "، هەر ئەو مانگەی ساڵی سەت و سی و حەوت کە چوار ڕۆژی لێ مابوو سەرلەبەیانییەکەی کوشتی.

ئەبوداوود خالیدی کوڕی ئیبراهیم:

مەنسوور کە لە کوشتنی ئەبوموسلیم بووەوە بۆ ئەبوداوود خالیدی کوڕی ئیبراهیمی زوهەلی نووسی کە لە تەخرستان بوو و کاروباری خوراسانی دایە دەست. بەرو مەرو کشایەوە و ڕۆژی دووشەم، حەوت ڕۆژ لە مانگی شەوالی ساڵی سەت و حەفتا و دوودا بەسەر چوو بوو، بە میرێتی لەوێ مایەوە تا ڕۆژی هەینی کە حەوت ڕۆژ لە مانگی ڕەبیعولئەووەلی ساڵی سەت و چل ڕەت بووبوو هەر لەوێ مرد.

ئەبوعیسامی کوڕی سەلیم:

ئەبوعیسام عەبدوڕەحمانی کوڕی سەلیمی بەرپرسی پۆلیسەکەی دەستی بەسەر خوراساندا گرت و ساڵێک و مانگێک کاری تێدا کرد. هەر بە خۆشی ڕاستییەکان دەزانێ.

عەبدولجەباری کوڕی عەبدوڕەحمان:

ئینجا عەبدولجەباری کوڕی عەبدوڕەحمانی ئەزدی هاتە ئەوێ، ڕۆژی شەموو چواردە ڕۆژی مانگی ڕەبیعولئاخیری ساڵی سەت و چل و دوو بەسەر چووبوو، هاتە مەرو، حازیمی کوڕی حوزەیمەش ئەوسا لە " زەبدانقان " بووە، عەبدولجەبار یاخی بوو و تاوانەیلێکی ئەنجام دا، مەهدی ـش کە وەلیی عەهد "پاڵێوراوی چوونە جێی جێنشین " بوو، حازیمی کوڕی حوزەیمەی کردە سەر عەبدولجەبار، دەستگیری کرد و بۆ مەهدیی هێنا لەسەر مەرو ـی دانا. مەهدی گەڕایەوە ڕەی و تا ساڵی سەت و چل و چوار لەوێ بوو. ئینجا گەڕایەوە بەغدا ئینجا ساڵی سەت و چل و شەش گەڕایەوە ڕەی، تا ساڵی سەت و پەنجا و یەک لەوێ بوو. لەوێوە گەڕایەوە بەغدا، ئینجا مەهدی، ساڵی سەت و شەست و حەوت هادیی کوڕی ناردە گورگان " جرجان ". هەر خۆی زاناترە.

حازیمی کوڕی حوزەیمە:

ڕۆژی پێنجشەم یازدە ڕۆژی مانگی ڕەبیعولئەووەلی ساڵی سەت و چل و سێ ڕەت بووبوو، حازیمی کوڕی حوزەیمە هاتە مەرو.

ئەبوعەون:

ئینجا ئەبوعەون عەبدولمەلیکی کوڕی یەزید خرایە سەر خوراسان و ساڵی سەت و چل و شەش چووە مەرو، شەش ساڵی لێ مایەوە. هەر خۆی زاناترە.

ئەبومالیک:

ئینجا لەلایەن مەنسوورەوە درایە دەست ئەبومالیک ئوسەیدی کوڕی عەبدوڵڵای خوزاعی، فەرمانی گوێڕایەڵیی مەهدیی پێ کرد، مانگی ڕەمەزانی ساڵی سەت و چل و نۆ هاتە مەرو، تا مردنی لە زیلحیججەی ساڵی سەت و پەنجا وەک والی لەوێ مایەوە.

حازیمی کوڕی حوزەیمە:

ئینجا دووبارە حازیمی کوڕی حوزەیمەی خرایە سەر، ساڵی سەت و پەنجا و یەک چووە سەر "ئەللەغارییە " اللغارية " و هەر بەخۆی ڕاستییەکان چاکتر دەزانێ.

حەمیدی کوڕی قوحتوبە:

ئینجا حەمیدی کوڕی قوحتوبە کرایە والی و ڕۆژی شەموو کە دوو ڕۆژی مانگی شەعبانی ساڵی سەت و پەنجا و یەک بەسەر چووبوو چووەتە مەرو، لەوێ مایەوە تا لە ڕۆژی یەکشەمی سەرەتای مانگی شەعبانی ساڵی سەت و پەنجا و نۆدا مرد. هەر خۆشی باشتر دەزانێ.

عەبدوڵڵا حەمید:

ئینجا بۆ عەبدوڵڵا حەمیدی نووسی بچێتە سەر کار شەش مانگ کاری تێدا کرد.

ئەبوعەون " دووبارە ":

ئینجا دووبارە ئەبوعەون بووەوە والی و " عەبدوڵڵای کوڕی ئەبووعەون "ی کوڕی ڕۆژی دووشەمی ناوەڕاستی مانگی سەفەری ساڵی سەت و شەست هاتە ئەوێ.

مەعازی کوڕی موسلیم:

ئینجا مەعازی کوڕی موسلیم بووە والی کە بە سەربازەوە نێررایە سەر دەمامکدار "المقنع"[١] ، سەلمی کوڕی سالم-ی جێنشینی ڕۆژی پێنجشەم کە حەوت ڕۆژی مانگی ڕەبیعولئاخیری ساڵی سەت و شەست و یەک مابوو کە دوای ئەو لە جومادیلئوولادا هات.

زوهێری کوڕی موسەییەب:

ئینجا زوهێری کوڕی موسەییەبی زەببی کرایە والی و ڕۆژی سێشەم کە سێ ڕۆژی جومادیلئاخیری ساڵی سەت و شەست و سێ بەسەر چووبوو چووەتە مەرو.

ئەلفەدڵی کوڕی سولەیمان:

ئینجا فەدڵیکوڕی سولەیمان ئەبولعەباسی تووسی بووە والی، ڕۆژی دووشەم پێنج ڕۆژی موحەڕڕەمی ساڵی سەت و شەست و شەش مابووەوە پێش خۆی سەعیدی کوڕی بیشری جێگری نارد. دوای ئەوە فەدڵ ڕۆژی دووشەم کە پێنج ڕۆژ لە مانگی ڕەبیعولئەووەل ڕەت بووبوو چووەتە ئەوێ. لە سەردەمی والێتیدا مەهدی ئینجا هادی مردن.

جەعفەری کوڕی محەمەد:

ئینجا جەعفەری کوڕی محەمەدی ئەشعەس ـی خوزاعی لەلایەن ڕەشیدەوە کرایە والی، ڕۆژی هەینی دوازدە ڕۆژی زیلحیججەی ساڵی سەت و حەفتا، دوای نەورۆز بە دوو ڕۆژ " عەباسی کوڕی جەعفەر "ی کوڕی، پێش ئەو بە جێگرێتیی باوکی چووەتە ئەوێ. ئینجا جەعفەر ڕۆژی پێنجشەم دوو ڕۆژ لە موحەڕڕەمی ساڵی سەت و حەفتا و یەک هاتووەتە. پەلاماری تەخرستانی داوە و سەربازی ناردە سەر کابولستان، ئینجا گەڕایەوە مەرو، پازدە ڕۆژی لێ مایەوە و ڕۆژی دووشەم گەڕایەوە عێراق کە چوار ڕۆژی مانگی ڕەمەزانی ساڵی سەت و حەفتا و سێ ڕەت بووبوو.

حەسەنی کوڕی قوحتوبە:

ئینجا حەسەنی کوڕی قوحتوبە کرایە والی، پێشتر جێگرەکەی نارد، کە لە دەوروبەری ئیرشەهر ـدا دابەزی لە کار لابرا، ڕۆیشت عەباسی کوڕی جەعفەریش ڕۆی، لە مانگی شەوالی ساڵی سەت و حەفتا و سێدا هاتە بەغدا. هەر خۆشی باشتر دەزانێ.

غیتریف ـی کوڕی عەتا:

ئینجا غیتریف ـی کوڕی عەتا کرایە والیی خوراسان و جورجان و سەجستان، پێشتر ڕۆژی سێشەم دە ڕۆژ لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی سەت و حەفتا و پێنج ڕەت بووبوو. داوودی کوڕی یەزیدی جێگری خۆی نارد.

حەمزەی کوڕی مالیک:

ئینجا حەمزەی کوڕیمالیکی خوزاعی بووە والی، پێشتر، ڕۆژی شەموو پێنج ڕۆژ لە موحەڕڕەمی ساڵی سەت و حەفتا و حەوت ڕەت بووبوو محەمەدی کوڕی نارد و ئینجا حەمزە ڕۆژی چوارشەم کە دە ڕۆژی سەفەر مابووەوە خۆی هات.

فەدڵی کوڕی یەحیا:

ئینجا فەدڵی کوڕی یەحیای کوڕی خالید نێردرایە خوراسان و سەجستان و گورگان " جرجان " و شاری چیا " کور الجبل "، پێشتر یەحیای کوڕی مەعازی جێگری نارد کە ڕۆژی شەموو سێزدە ڕۆژی مانگی ڕەمەزانی ساڵی سەت و حەفتا و حەوت ڕەت بووبوو گەیشت. ئینجا دوای ئەو فەدڵی

کوڕی یەحیا ڕۆژی یەکشەم کە حەوت ڕۆژ لە مانگی سەفەری ساڵی سەت و حەفتا و هەشت بەسەر چووبوو گەیشت. مانگێک لە مەرو مایەوە و لە ڕێی بەلخ -وە بەرەو سەمەرقەند ڕۆی، ئینجا گەڕایەوە مەرو، چەند ڕۆژێک لە مەرو مایەوە. ئینجا ڕۆژی هەینی کە حەوت ڕۆژ لە مانگی ڕەبیعولئەووەلی ساڵی سەت و حەفتا و نۆ ڕەت بووبوو. ئینجا عەمری کوڕی حەمل خرایە سەر کاری خوراسان، ماوەی نۆ مانگان کاری تێدا کرد و هەر بەخۆی بەنهێنییان دەزانێ.

مەنسووری کوڕی یەزید:

ئینجا مەنسووری کوڕی یەزیدی کوڕی مەنسووری کوڕی خالید ئەلەهدی، کرایە والی و ڕۆژی سێشەم کە چواردە ڕۆژ لە زیلحیججەی ساڵی سەت و سەت و حەفتا و نۆ مابوو.

جەعفەری کوڕی یەحیا:

ئینجا جەعفەری کوڕی یەحیای کوڕی خالید کرایە والی کە عەلیی کوڕی حەسەنی کوڕی قوحتوبەی جێگری ڕەوانە کرد، ئەوجا ڕەشید جەعفەر ـی دانایەوە و کرد و لەسەر کاری لابرد.

عەلیی کوڕی عیسا:

ئینجا عەلیی کوڕی عیسای کوڕی ماهان بووە والی یەحیای کوڕی عەلیی کوڕی عەلی ـی کوڕی خۆی پێشتر بە جێگری ناردە مەرو ئینجا بە خۆی ڕۆژی پێنجشەم، دوو ڕۆژ لە جومادیلئاخیرەی ساڵی سەت و هەشتا بەسەر چووبوو چووە مەرو، دوو ساڵ لەوێ مایەوە، ئینجا ڕۆژی پێنجشەم، کە جومادیلئوولای ساڵی سەت و هەشتا و چوار سێزدە ڕۆژی لێ بەسەر چووبوو بەرەو عێراق بووەوە، نیازی لای ڕەشید بوو کە لە ڕەی بوو، ئینجا گەڕایەوە مەرو کە ساڵی سەت و هەشتا و نۆ گەیشتە وێندەر. هەر خۆی باشتری دەزانێ.

هەرتەمەی کوڕی ئەعیون:

ئینجا هەرتەمەی کوڕی ئەعیون خراوەتە سەر کار و ئەوەی دراوەتێ کە بە دەست عەلیی کوڕی عیساوە بووە، ڕۆژی دووشەم، کە مانگی ڕەبیعولئاخەری ساڵی سەت و نەوەد و دوو نۆ ڕۆژی لێ بەسەر چووبوو، چل و پێنج ڕۆژ لە مەرو مایەوە و سەربازی ئامادە کرد و ڕۆژی پێنجشەممە کە پێنج ڕۆژ لە مانگی جومادیلئاخیرە ڕەت بووبوو بەرەو بەلخ بەدەرکەوت و چوار ڕۆژ لە سەربازگەیدا مایەوە. ئینجا ڕۆژی دووشەم بەڕێ کەوت و ڕۆژی پێنجشەممە کە پێنج ڕۆژ لە جومادیلئوولا مابوو عەلیی ناردە لای ڕەشید. ئینجا ڕۆژی دووشەم کە هەشت ڕۆژ لە مانگی جومادیلئوولای ساڵی سەت و نەوەت و دوو مابوو عەلیی کوڕی عیسای ئامادە کرد. هەر خۆشی باشتر دەزانێ.

ئەلمەئموون:(٢)

کە ساڵی سەت و هەشتا و نۆ داهات ئەلڕەشید خوراسان و سەجستان و گورگان " جورجان " و

تەبەرستان و لاتوویان و دیناوەند و ڕەی ـی پێنج ساڵ بۆ مەئموون تەرخان کرد، فەرمانی ئەلقاسم-ی کوڕی ئەلڕەشیدیشی بۆ نارد کە " موئتەمین " ی ناو بوو، بەوەی کە ئەگەر ویستی پەسندی بکا، ئەگەر نەشیویست لە ویلایەتی عەهد " دوای ئەو بوونە جێنشین "ی دوای ئەلمەئموونی لادەبا. ئەلڕەشید لەم ساڵەدا عەبدوڵلای کوڕی مالیکی کوڕی هاشم ـی کردبووەوە والیی نێوانی خوراسان و گورگان تا "ماهەین ". مەئموون دە ڕۆژی جومادیلئوولای ساڵی سەت و نەوەت و سێ مابوو چووەتە مەرو و لەوێ مایەوە تا لە میرییەوە گواستییەوە بۆ جێنشینێتی " خەلیفایەتی – خیلافەت ". ئەلڕەشید سێزدە ڕۆژ بوو هاتبووە تووس هەر لەوێ مرد. ئەلڕەشید سێ ڕۆژی جومادیلئاخیرە بەسەر چووبوو مرد، ماوەی مانەوەی مەئموون لە مەرو ـدا نۆ ساڵ بووە، ئینجا مانگی ڕەبیعولئاخەری ساڵی دوو سەت و دوو ڕوو بەرەو عێراق لێی دەرکەوت و دوو ساڵ بەڕێوە بوو. مەئموون لە سەردەمی ئەلڕەشیدی باوکی و ئەمین-ی برایدا بە پێشەوا " ئەلئیمام" ناودەبرا، کە وەلیی عەهد " جێنشینی داهاتوو " بوو، تا تاهیری کوڕی حوسێن-ی سەرکردەی لەشکری، لەگەڵ عەلیی کوڕی عیسای کوڕی ماهانی سەرکردەی لەشکری (ئەمین)ی برای لەیەکیان دا و کوشتی. کە هەواڵی کوشتنی گەیشتە مەئموون بە میری بڕواداران (ئەمیرولموئمینین) ناوبرا و هەرتەمەی کوڕی ئەعیون بە لەشکرەوە بەرەو عێراق هەڵات دوای ئەوەی لە پشت ڕووبار " ماوەرائوننەهر "هوە لابرا و یەحیای کوڕی مەعازی کوڕی موسلیم خرایە جێی ئەمەش لە ساڵی سەت و نەوەت و پێنجدا بووە.

ئەلفەدڵ-ی کوڕی سەهل:

لە مانگی ڕەجەبی ساڵی سەت و نەوەت و شەشدا مەئموون پەیماننامەی بۆ فەدڵی کوڕی سەهل نووسی و کاری والێتیی هەموو ڕۆهەڵاتی دایە دەست، بە درێژی لە نێوانی چیای هەمەدان ـەوە تا سنووری تبت، بە پانییش لە نێوانی دەریای تەبەرستان[3] و دەریای هیند، فەدڵی کوڕی سەهلیش یەحیای کوڕی مەعاز-ی خستە سەر کاری (ماوراء النهر)[4]. هەر بە خۆشی چاکتری دەزانێ.

ڕەجای کوڕی زەححاک " زوحاک ":

ساڵی دوو سەت و سێ مەئموون کە خوراسانی جێ هێشت و ساڵی دوو سەت و سێ چووە گورگان بۆ ڕەجای کوڕی زەححاک ـی نووسی و کردییە والیی کوور (شار)ی خوراسان، جگە لە " ماوەرائوننەهر"، ئینجا والیێتی سەر خوراسان و سەجستان و کرمان و گورگان و تەبەرستان و روویاند و دیناوەند و قەومەس -ی بۆ غەسسانی کوڕی عەبباد نووسی، کە دوو ساڵی تەواو بەسەر هەموو ئەم وڵاتانەدا مایەوە. هەر خۆشی باشتر دەزانێ.

تاهیری کوڕی ئەلحوسێن:

ساڵی دوو سەت و چوار کاتێک مەئموون گەیشتە بەغدا چاکسازیی تێدا کرد، کە بووە ساڵی دوو سەت و پێنج و زۆری بەسەر چوو، مەئموون بۆ خوراسان تەرخان بوو، تاهیری خستە سەر

هەموو ئەو ولاتانەی نێوانی بەغدا تا ئەوپەڕی ئاوەدانیی ڕۆهەلات، کە خوراسان و سەجستان و کرمان و قەومەس و تەبەرستان و ڕوویان و دیناوەند و ڕەی و پۆلیسی بەغدا کە هەر خۆی بەسەریەوەی بووە، گرێبەستی ئەم هەمووەشی لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزی ساڵی دوو سەت و پێنجدا نووسییەوە. تەڵحەی کوڕی تاهیر بە پێشەنگێتیی باوکی چوو، ئینجا بەخۆی لە دەوروبەری زیلحیججەی ئەم ساڵە دوای قوربانی بە ڕۆژێک چووە ئەورە، ساڵی دوو سەت و شەش داهات ئەم گەیشتە مەرو، ساڵێک و چەند مانگێکی تێدا مایەوە و ئینجا ڕۆژی شەمە، سێ ڕۆژ لە جومادیلئاخیرەی ساڵی دوو سەت و حەوت مرد.

تەڵحەی کوڕی تاهیر:

کە هەواڵی مردنی گەیشتە مەئموون، بۆ عەبدوڵڵای کوڕی تاهیری نووسی کە لە ڕەقە بوو کە ئەوەی دایە دەست کە بە دەست باوکییەوە بووە، لەگەڵ ئەوەی کە بەدەستیەوەیەتی لە شارانی جزیرە و شام و میسر و ئەفریقیا، هەروەها تەڵحەی کوڕی تاهیری براشی کردە جێنشینی دوای ئەو لە شارەکانی ڕۆهەلاتدا، بەلام بەناوی خۆیەوە نەک بە ناوی عەبدوڵڵاوە نووسراوی بۆ مەئموون دەنووسی، تەڵحە پێنج سالان بەسەریەوە مایەوە تا ڕۆژی یەکشەمە، کە سێ ڕۆژ لە مانگی ڕەبیعولئەووەلی ساڵی دوو سەت و سێزدە مرد، دوای ئەو کار درایە دەست ئەوەی لای عەبدوڵڵای برای پەسند بوو، محەمەدی کوڕی حەمیدی تاهیری -شی کردە کاربەدەست و والیێتیشی دایە عەلیی کوڕی تاهیری برای و هەر خۆی باشتر دەزانێ.

عەبدوڵڵای کوڕی تاهیر:

لە بەغدا کە هەواڵی مردنی تەڵحەی برای گەیشتە عەبدوڵڵا تاهیری کوڕی ئیبراهیمی پەردەداری نارده لای عەلیی کوڕی تاهیری برای دا بیخاتە سەر ئەو کارەی بەدەست تەڵحەوە بوو، ئینجا مەئموون ڕەی لە تەبەرستان و ڕوویان و دیناوەندی لە ساڵی دوو سەت و دوازدەدا دایە پاڵ عەبدوڵڵای کوڕی تاهیر. هەر لەم ساڵەدا عەبدوڵڵای کوڕی تاهیر میسری گرت دوای ئەوەی عوبەیدی کوڕی ئەلسری پەنای بۆ برد و میسری دا بەدەستەوە. عەبدوڵڵاش ناردی بۆ مەئموون، مەئموون پێشتر لە ساڵی دوو سەت و هەشتدا عەبدوڵڵای ناردبووە جزیرە و شام تا وەل نەسری کوڕی شەیبی عەقیلی بجەنگێ کە خەڵکی جزیرە و شامی گاڵ داوە، عەبدوڵڵا شەڕی بۆ ئەو و ئاژاوەگێران دامەزراند تا سەری پێ شۆڕ کردن و سەرانی ئاژاوەی بۆ مەئموون نارد و عەبدوڵڵای کوڕی تاهیری دوای خۆی عیسای کوڕی زەیدی ئەلجەلوودی ـی لەسەر میسر دانا و لە کۆتاییی ساڵی دوو سەت و دوازدەدا هاتە بەغدا، ئینجا مەئموون عەبدوڵڵای کوڕی تاهیری لەسەر کارەکانی ڕۆئاوا لابرد و ئەبی ئیسحاق محەمەدی کوڕی ئەلرەشیدی برای لە جێی دانا و ڕۆژی شەموو، کە حەوت ڕۆژ لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی دوو سەت و سێزدە ڕەت بووبوو گرێبەستی بۆ نووسی.

ئینجا مەئموون ڕۆژی دووشەم، کە دە شەوی جومادیلئوولای ساڵی دوو سەت و چواردە بەسەر چووبوو چووە میسر، لە موحەڕڕەمی ساڵی دوو سەت و حەڤدەدا گەیشتێ و محەمەدی کوڕی ڕەشیدی برای لەگەڵ بوو و پێشتر مەئموون عەبدوڵڵای کوڕی تاهیری ناردبووە شەڕی " بابەک " و کردییە والیی ئازربایجان و شارەکانی کێوستان " ئەلجەبەل " ، ڕۆژی دووشەم، کە چوار ڕۆژی جەزمادیلئاخیرەی ساڵی دوو سەت و چواردە مابوو، هاتە دەینەوەر و محەمەدی کوڕی تاهیری برای بە جێنشینی خۆی نارد بۆ شارەیلی خوراسان و ئەو ئاوەدانییانەی تری سەر بە شارەکانی دیکەن. ئینجا مەئموون بۆ عەبدوڵڵای کوڕی تاهیری نووسی کە ڕوو بکاتە خوراسان، کە هەواڵی تێدا بڵاوبوونەوەی " خاریجییان ــ خەواریج " و دەست بەسەر نیشاپوور و هی تردا گرتنیانی پێ گەیی و لەسەر ئازەربایجان و شارەکانی چیا " کووری جەبەل "ی لابرد کە ئامادەیی بۆ شەڕیی بابەک بکا، کە عەلیی کوڕی هیشام ــی لە جێ دانا. عەبدوڵڵایکوڕی تاهیر بەرەو خوراسان چوو و لە شاری ئیرشەهر دابەزی، نیشاپووری کەوی کرد و چووە مەرو کە چوونەکەی لە ڕەجەبی ساڵی دوو سەت و پازدەدا بوو، ستاری تێدا گرت بۆ شەڕی خاریجییان و ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی موسعەب-ی لەسەر پۆلیسی بەغدا لە جێی خۆی دانا و عەبدوڵڵا تا کۆتاییی ڕۆژگاری مەئموون و ڕۆژگاری موعتەسیم و سەرەتای سەردەمی واسیق بەسەر شارەکانی ڕۆهەڵاتدا مایەوە تا ڕۆژی چوارشەمی دەی مانگی ڕەبیعولئاخەری ساڵی دوو سەت و سیدا مرد. هەر بە خۆی چاکتر دەزانێ.

تاهیری کوڕی عەبدوڵڵا:

کاتێک عەبدوڵڵا لەسەر کارەکانی ڕۆئاواوە بەڕێی خۆیدا چوو، تاهیری کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی بەسەر ئەوەی بەدەستی باوکییەوە بوو ڕاگەیی، کە لە تەبەرستاندا بوو لەوێوە چووە ئیرشەهر، جێنشینەکەشی بەسەر پۆلیسی بەغداوە ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم بوو کە فارس و ڕەشەخاک " عێراق " بە شەڕ و بەروبوویەوە بۆ ئەو بوو و سەرکاری سەر وڵاتی فارسی محەمەدی کوڕیئیبراهیم بوو، ئیسحاق تا ساڵی دوو سەت و سی و شەش لەسەر جێنشینێتیی تاهیری کوڕی عەبدوڵڵا مایەوە، ئینجا عەبدوڵڵای کوڕی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم بووە جێنشین بەسەر پۆلیسەوە و تا ساڵی دوو سەت و سی و حەوت یاریدەری بەغدا و سامەڕە و واسیت و ڕەشەخاک " ئەلسەواد "ی هەبووە. ئینجا محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی تاهیر ــی برای بووە جێنشینی تاهیری کوڕی عەبدوڵڵا بەسەر پۆلیسەوە و یاریدەری بەغدا و سامەڕە و واسیت و ڕەشەخاک و شار (کور)ی دیجلەشی درایە.

محەمەدی کوڕی تاهیر:

ڕۆژی دووشەم کە حەوت ڕۆژی مانگی ڕەجەبی ساڵی دوو سەت و چل و هەشت مابوو تەواو بێ، تاهیری کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی تاهیر لە سەردەمی جێنشینێتیی (ئەلمونتەسیر)دا مرد، محەمەدی

کوڕی تاهیری کوڕی عەبدوڵڵا چووە جێی بۆ سەر ئەوەی بە دەست باوکییەوە بوو، جگە لە پۆلیس لە بەغدا، کە محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی تاهیر کە بە تەنیا کارەکەی ئەنجام دەدا. محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵا بەسەر پۆلیس و ئاوەدانییەکانی عێراقدا مایەوە تا لە ڕۆژگاری " ئەلموعتەز "دا مرد، موعتەزیش کارەکانی پۆلیسی دایەوە محەمەدی کوڕی تاهیر سەرباری ئاوەدانییەکانی خوراسان، کە عوبەیدوڵڵا و سولەیمان ـی کوڕانی عەبدوڵڵای کوڕی تاهیر بە نۆرە بەسەریەوە بوون. ئینجا کارەکان لە محەمەدی کوڕی تاهیر ئاڵۆسکا و سەجستان لە دەستی دەرچوو، ئینجا تەبەرستان و ڕەی. سەجستان پیاوێک لە خۆبەخشەکانی لێ دەرکەوت پێی دەگوترا دیرهەمی کوڕی حەسەن و ئەوەی لە ئۆردوگای ئەم دیرهەمەدا کاربەدەست بووە یەعقووبی کوڕی سەففار بووە، کە دیرهەم دەستی بەسەر سەربازەکانیدا توند نەبوو، هەواڵانی دیرهەم بینییان یەعقەبی کوڕی لەیس ڕێکتر و هەڵسوکەوت باشترە، وازیان لە دیرهەم هاورد و پاڵیان بەوەوە دا، دیرهەمیش کارەکەی دایە دەست و لەشکری جێ هێشت. سەجستانیش بەر لەوە لە سەردەمی والییَتیی تاهیری کوڕی عەبدوڵڵا وە لە دەست تاهیرییەکانەوە دەرچووبوو، ئەوەش بە سەرکەوتنی ساڵحی کوڕی ئەلنەسری کینانی کە لە بنەماڵەیەک بووە دەدرایە پاڵی و یەعقووبی کوڕی لەیسی کوڕی حاتەم ـیشی لەگەڵدا بوو، ئەمەش سەرەتاکەی لە ڕۆژی شەموودا بوو کە حەوت ڕۆژ لە زیلحیججەی ساڵی دوو سەت و سی و نۆوە ماوە.

تەبەرستانیش لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی دوو سەت و پەنجا حەسەنی کوڕی زەیدی عەلەویی لێ پەیدا بوو و سولەیمانی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی تاهیری لێ وەدەر نا. ڕەی ـیش لە زیلحیججەی ساڵی دوو سەت و پەنجا محەمەد جەعفەری حوسێنیی لێ دەرچوو و کارگوزارەکەی محەمەدی کوڕی عەلیی کوڕی تاهیر بوو کە لێی هەڵاتووە، لە مانگی ڕەبیعولئەووەلی ساڵی دوو سەت و پەنجا و یەک ئەلکەوکەبی ئەلحوسەینی بە دوایەوە دەرچوو و چووە سەری لە " قەزوین "، کە کارگوزارەکەی سەری عوبەیدوڵڵای کوڕی عەبدولوەهابی تاهیری بووە، لێی هەڵات، ئینجا ساڵی دوو سەت و پەنجا و چوار محەمەدی کوڕی تاهیر بە مووسای کوڕی بوغا بەدەر نرا. محەمەدی کوڕی تاهیریش یازدە ساڵ و دوو مانگ و دە ڕۆژ بەسەر کارەکانی خوراسان و پۆلیسی بەغداوە مایەوە تا یەعقووبی کوڕی لەیس چووە نەیشاپوور و ڕۆژی یەکشەمی چواری شەوالی ساڵی دوو سەت و پەنجا و نۆ دەستگیری کرد.

یەعقووبی کوڕی لەیس:

کە یەعقووبی کوڕی لەیس دەستی گرت بەسەر کارەکانی خوراساندا، ئەلموعتەمید عوبەیدوڵڵای کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی تاهیری لەسەر کارەکانی پۆلیسی بەغدا دانا، تا محەمەدی کوڕی تاهیر لە دیلێتیی یەعقووبی کوڕی لەیس ڕزگار بوو کە ڕۆژی یەکشەمەی نۆی ڕەجەبی ساڵی دوو سەت و شەست و دوو، مانگی ئەسفەندارموزی ڕۆژی دین(٥) لە بەردەم سەربازی موعتەمیددا تووشی شکست هات، کە محەمەدی کوڕی تاهیر گەیشتە بەغدا ئەلموعتەمید کاروباری پۆلیسی دایەوە

دەست و عـوبەیدوڵڵای لەسـەر لابرد. ئەمـەش بارودۆخی پۆلیس بووە. بەڵام بارودۆخی خـوراسـان بژێررایەوە و ویلایەتەکانی کەوتنە دەست چەند کەسێک. پشت ڕووبار " ماوەرائوننەهر "یش هەر لە بنەڕەتەوە نەسری کوڕی ئەحـمەد ئەسـەتی سامانی خرایە سـەر، کە ئەو کارە بەر لە تاهیر هەر بەدەستییەوە بوو و نۆزدە ساڵی تێدا مایەوە. تا لە ساڵی دوو سەت و حەفتا و نۆ مرد. ئیسماعیلی کـوڕی ئەحـمـەدی کـوڕی ئەسـەت لە جێی ئەو کارەکـەی بە دەسـتـەوە گرت. بەلەخ – یش هەر لە بنەڕەتەوە بە داود مـحـەمـەدی کـوڕی ئەحـمـەدی کـوڕی ناهجـوور والی بووە و جگە لە بەلەخ، تەخرسـتـان و خـەتلان و خورجـان و ترمد ــی بۆ خرایە سـەر. نیشـاپووریش ئەلحوسێنی کوڕی تاهیری کوڕی عەبدوڵلا لەلایەن محەمەدی کوڕی تاهیری برایەوە کرایە والی بەسـەریەوە، کە بەبێ سامان و پیاوەیل ڕووی تێ کرد و هاتە ئەسفەهان کە دولەفی کوڕی عەبدولعەزیزی بەسەرەوە بوو، بەمجۆرە کاری لێ تێک چوو لە نێوانی ئەوەی لەگەڵ تێکچوونیشیدا بچێتە ناوەوە و یان بگەڕێتەوە دواوە. کوشـادی کوڕی مـەردان چووە ژێر فـەرمـاندەیی و تەنانەت دولەفی کوڕی عـەبدولعـەزیزی بۆ یارمـەتـی نارد تا هـەڵی گـرت و لەگـەڵیـدا بـەڕێ کـەوت و ڕۆژی دووشـەم کـە حـەوت ڕۆژی مـانگی سـەفـەری سـاڵی دوو سەت و شـەست و سێ مـابوو (مـانگی مـیـهر، ڕۆژی دین)(٦) هاتە نیشـاپوور. کوشـادیش لەوێوە چووە پشت ڕووبار و هاتە لای نەسری کوڕی ئەحمەدی کوڕی ئەسەت بۆ داوای یارمـەتی، نە سـامـان و نە پـیـاو، هـیـچی لەلا دەست نەکـەوت، گـەڕایەوە و ڕووی ئەوەی نەبوو لێی دانیشێ و لێی دەرچوو و کوشادی لەسەر میرەکانی خوراسان جێ هێشت.

عەمری کوڕی لەیس:

سـاڵی دوو سـەت و شـەست و پێنج، یەعـقـووبی کـوڕی لەیس لە جـومـدیشـاپوور ــی یەک لە شـارەکانی خـوراسـاندا مرد. غەمری برای چووە ژێر فـەرمـانی سـوڵتانەوە و سـوڵتـان بە بەڵێننامـە خستییە سەر کاری پۆلیسی بەغدا و کاروباری خوراسان و ئەوەی بەدەستی تاهیرییانیشەوە بوو بۆی خـرایە سـەر. عوبەیدوڵلای کوڕی عەبدوڵلای کوڕی تاهـیری بەجێگری خـۆی لەسـەر پۆلیـسی بەغـدا دانـا، کە لە مـانگی سـەفـەری سـاڵی دوو سـەت و شـەست و شـەشـدا لە مـحـەمـەدی کوڕی تاهیری وەرگـرت. لەم سـاڵەدا عـەمـر هـاتە خـوراسـان، ئەحـمـەدی کوڕی عەبدوڵلای حـەجـسـتـانی لەشکری کشانـدە سەر و ڕۆژی پێنجشـەم کە شـەش ڕۆژ لە مـانگی زیلقیـعدەی ساڵی دوو سـەت و شـەست و شـەشـدا لە نیشـاپوور بە یەک گەیشتن و هـەڵات بۆ سـەجسـتـان. عەمر دوو سـاڵی بەسـەر برد تا خوراسانی بۆ دابین بووەوە کە بە ناوییەوە بوو و بۆی مایەوە.

ڕافیعی کوڕی هەرتەمە:

ئینجـا سـاڵی دوو سـەت و حـەفـتـا و هـەشت ڕافـیـعی کوڕی هـەرتـەمـە کـرایە والیی خـوراسـان، هـەندێک کـاروباری خوراسانی پێ چاک بووەوە کە بەناوی عەمرەوە بوو و ئینجا لە شەوالی سـاڵی دوو سەت و حەفتا و نۆ عەمری کوڕی ڕافیعی لێ بەڕێ خرا.

عەمری کوڕی لەیس " بۆ دووەم جار ":

ئینجا ڕافیع بە عەمری کوڕی لەیس لەسەر خوراسان بەڕێ خرا. لە سەفەری ساڵی دوو سەت و هەشتادا هاتە وێندەرێ و لەوێ مایەوە تا ئیسماعیلی کوڕی ئەحمەدی کوڕی ئەسەت ساڵی دوو سەت و هەشتا و حەوت لە بەلەخ بە دیلی گرت.

ئیسماعیلی کوڕی ئەحمەدی کوڕی ئەسەت:

ئیسماعیلی کوڕی ئەحمەدی کوڕی ئەسەت کرایە والیی خوراسان و ئەوەی سەر بە خوراسانەوە بوو و بە دەست تاهیرییەکانەوە بوو درایە دەست و لێی مایەوە تا لە سەفەری ئەلموکتەفی مرد. هەر خۆی چاکتر دەزانێ.

ئەحمەدی کوڕی ئیسماعیل:

ئینجا ئەحمەدی کوڕی ئیسماعیلی لێ کرایە والی و تێیدا مایەوە تا لە شەوالی ساڵی سێ سەت و یەکدا کوژرا.

نەسری کوڕی ئەحمەدی کوڕی ئیسماعیل:

ئینجا ئەوەی بەدەست باوک و باپیرییەوە بوو درایە دەست نەسری کوڕی ئەحمەدی کوڕی ئیسماعیل، سی ساڵ پتر لەسەر کارەکەیدا مایەوە تا ساڵی سێ سەت و سی و یەکدا مرد و هەر خۆی زاناترە.

نووحی کوڕی نەسر:

ئینجا نووحی کوڕی نەسری کوڕی ئەحمەد دوازدە ساڵ و هەندێک والی بوو تا لە مانگی ڕەبیعولئاخەری ساڵی سێ سەت و چل و سێ ـدا مرد.

عەبدولەلیکی کوڕی نووح:

دوای ئەوە عەبدولەلیکی کوڕی نووحی کوڕی نەسر کرایە والیی کاریاری خوراسان و لەدایکبوونی لە ساڵی سێ سەت و بیست و چواردا بوو، دەرکەوتوو " گاڵع " ی لەدایکبوونی نەهەنگ" حووت " و (ئەستێرەی) زوهرە بوو کە موشتەریی تێدا لە کەوانەدا و زوحەل ـیش بە بۆچوون نەک بە دڵنیا بوون لە کارژۆڵ " حەمەل " دا بووە. ئەسەتی کوڕی سامان خەڵکی گوندێک لە گوندەکانی بەلەخ بوو ناوی سامان بووە، چوار کوڕی هەبوون: نووح و ئەحمەد و یەحیا و ئیلیاس. کە مەئموون خوراسانی جێ هێشت و چووە عێراق نووحی کوڕی ئەسەت هاوەڵیی کردبوو، چەندین ساڵ لەبەر دەرگانەیدا بوو تا بەر لە تاهیرییەکان کردییە والیی پشت ڕووبار " ماوەرائەننەهر ". کە مردیش ئەحمەدی کوڕی ئەسەتی برای چووە جێی. کە مرد نەسری کوڕی ئەحمەدی کوڕی ئەسەت ـی کوڕی کرایە والی، کە نەسر مرد ئیسماعیلی کوڕی ئەحمەدی کوڕی

ئەســـەتی برای خـــرایە جـێی. ئەوەی پێش تاهیـر بووەتـە والیی پشت رووبار "مـــاوەرائەننەهر " ئیسماعیل و ئیسماعیلیش، لە زۆربەی ئەو ساڵانە لە ناوەڕاستی ڕۆژگاری مەئموونەوە تا ساڵی دوو سەت و هەشتا و حەوت کە نزیکەی حەفتا ساڵە، لەوساکەشەوە تا ئێستا شێست و چار ساڵە و هەر خۆی زاناترە.

## بەندی دەیەم لە بەشی دەیەم

## لە باسی مێژووی والییانی تەبەرستان –ەوەیە

کە تەبەرستان گەلێک ناوچەی هەبووە، خاکی دەیلەمیش یەک لە ناوچەکانی بووە، فورسیش بە دەیلەمیان گوتووە کوردی تەبەرستان هەروەک بە عەرەبیان گوتووە کوردی سوورستان، کە عێراقە، هەر بەوجۆرەش باسیان لە کتێبەکانی شارگیری و لەو دەفتەرانەدا کراوە، کە لەبارەی هەواڵەکانی دەوڵەتی عەباسییاندا ڕێک خراون. لەوانەش هەواڵێکە، عەلیی کوڕی هیشام لە قاسمی کوڕی سولەیمانی نیشاپووریی گێڕاوەتەوە کە مەعازی کوڕی موسلیم بۆی گێڕاوەتەوە کە ئەلمەنسوور لە نیشاپوور دەرچوو، کە ئەبوموسلیمی خوراسانیی خاوەنی دەوڵەتی لە مەرو جێ هێشت، کە ئەبولعەباس ئەلسەففاحی برای ناردبووی بۆ بەڵێن لێ وەرگرتن لە خۆی و لەوانەی لەگەڵیدان، کە لە نێوانی ئاجرین و سەمناندا گەیشتە جێی رووی کردە ئەو کێوانەی لەنێو قەومەس و تەبەرستاندان و پێمی گوت: ئەی مەعاز ئەمانە چ کێوێکن؟ گوتم: خوا میر بپارێزێ کێوی تەبەرستانە، رووی گرژ بوو و ماوەیەک ڕاما، گوتم: چیت لێ هات ئەی میر؟ گوتی: ئەوەی جێی پەژارەی دڵە کاروباری عەباسییانە کە خەڵکی بەڕێوە دەبەن و بە کەس بەڕێوە ناچن تا لە پشت ئەم کێوەدا دەوڵەتێکی عەرەبی پەیدا دەبێ لایەنگیران و کاربەدەستانیان لە عەجەمی ئەم وڵاتە دەبێ، ئینجا هەڵدەگەڕێ و دەبێتە عەجەمی و دەکەوێتە دەست پیاوەیلێک لە خۆیان و ئینجا دەکەوێتە دەست بڕێکیان و ئەوساکە عەباسییان " لەلایەن کەسانی ترەوە " بەڕێوە دەبرێن. دوای ئەوە بە چەند ساڵێک تەبەرستان بە دەستی ئەبی ئەلخەسیب ـی سەرکردەوە ساڵی سەت و چل و چوار گیرا، ئەمەش بەوەی کە ئەم هەواڵە ئەلمەنسووری نیگەران کرد کە مەعازی کوڕی موسلیم لێی گێڕایەوە، خەمی خۆی ئاراستەی تەبەرستان کرد تا لە دەست خورشیدی کوڕی داد بزورمیهر –ی کوڕی فەرحان دادبووە–ی کوڕی کیلیدە ـی ئەسپەهبود (سەرکردە)، کە کیلیدە خەڵکی گەیلان (گێلان) بووە.

ئەلحەسەنی کوڕی زەید:

تەبەرستان سەت و شەش ساڵ و دوو مانگ و بیست و یەک ڕۆژ بەدەست میرانی عەباسییاندا ماوە، تا ئەلحەسەنی کوڕی زەیدی عەلەوی وەل دەستوپێوەندەکانیدا ڕۆژی دووشەمە کە حەوت ڕۆژ لە شەوالی ساڵی دوو سەت و پەنجادا لە دەیلەمی هەرێمی ئامولی تەبەرستانەوە هات و نۆزدە ساڵ

و هەشت مانگ و شەش ڕۆژ تەبەرستانی گرت، ئینجا ڕۆژی دووشەممە کە سێ ڕۆژی ڕەجەبی ساڵی دوو سەت و حەفتا بەسەر چووبوو (مانگی شەهریوەر ڕۆژی باد)[٧] هەر خۆی زاناترە.

محەمەدی کوڕی زەید:

ئینجا هەژدە ساڵ محەمەدی کوڕی زەید ـی برای بووە خاوەنی و ڕافیعی کوڕی هەرتەمە سێ ساڵان تەنگ بە یەکتری هەڵچنیی لەگەڵدا دەکرد. ڕافیع ڕۆژی یەکشەمە کە دە ڕۆژ لە مانگی ڕەبیعولئەووەلی ساڵی دوو سەت و حەفتا و حەوت مابوو هاتبووە ئامولی تەبەرستان. یەعقووبی کوڕی لەیس تەنگبە بەیەکتری هەڵچنیی لەگەڵ ئەلحەسەنی کوڕی زەیدی برایدا دەکرد، یەعقووبیش هەشت ڕۆژ لە ڕەجەبی ساڵی دوو سەت و شەستدا (مانگی ئوردیبیهیشت ڕۆژی هورموزد)[٨] هاتە ساریەی تەبەرستان.

محەمەدی کوڕی هاروون:

ئینجا محەمەدی کوڕی هاروون لەلایەن ئیسماعیلی کوڕی ئەحمەدی کوڕی ئەسەتەوە هاتە گورگان "جورجان "، ڕۆژی هەینیی پێنجی شەوالی ساڵی دوو سەت و هەشتا و حەوت (مانگی شەهریوەر ڕۆژی ئاسمان)[٩] محەمەدی کوڕی زەید لەشکری کردە سەری و کوشتی و زەیدی کوڕی محەمەدی کوڕیشی بە دیل گرت.

ئیسماعیلی کوڕی ئەحمەد:

ئینجا ساڵی دوو سەت و هەشتا و هەشت ئیسماعیلی کوڕی ئەحمەد بە دوای محەمەدی کوڕی هارووندا دەگەڕا هاتە تەبەرستان، تەبەرستان سێزدە ساڵ و شتێک بەدەست میرەکانی خوراسانەوە بووە.

ئەلناسر:

ئینجا ئەلناسر هاتە خاکی دەیلەم و چیای گەڕاندەوە بۆ ئیسلام، ئینجا بەرەو تەبەرستان بەجێی هێشت و نازناویشی " سوعلووک ئەلسامانی "ی دۆستی میری خوراسانە و کوڕی مامیشی "حالووس"ە[١٠] بەشەڕ هاتن و لە بەردەمیدا بەزی و ژمارەی کوژراوانی خوراسانی حەفت هەزار پیاو بووە. ناسر لە جزمادیلئاخیرەی ساڵی سێ سەت و یەکدا هاتە ئامول و دوو ساڵ و سێ مانگ و چەند ڕۆژێک تەبەرستانی بەدەستەوە بوو و ئینجا لە شەعبانی ساڵی سێ سەت و چواردا لە تەمەنی نەوەت و نۆدا مرد. دوای خۆی تەبەرستان دوازدە ساڵ لەدەست عەلەوییاندا مایەوە. ئینجا پاتشاییان لێ کەوتە دەستی دەیلەمەکان و هەر خۆی چاکتری دەزانێ.

ئەسفاری کوڕی شیرۆیێ:

ئەوەی لە دەستیانی دەرهێنا ئەسفار ـی کوڕی شیرۆیێ، کە لە تەبەرستان چووە سەر

ئەلحەسەنی کوڕی قاسمی داواکار و شەڕی لەگەڵ دامەزراند تا لە ڕۆژی سێشەممە، کە شەش ڕۆژ لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی سێ سەت و شازدە، بەدەستی مەرداویج ـی کوڕی زیادی جیلی " گێلانی"،[١١] کوشتی، کە ئەوساکە سەرکردەیەک بووە لە سەرکردەکانی. بەمجۆرە ئەسفار ئەو ڕۆژە بە ئاڵای ڕەشەوە چووە شاری ئامول و وتاری بۆ نەسری کوڕی ئەحمەدی کوڕی ئیسماعیلی میری خوراسان خوێندەوە و ئەسفار ئەو ڕۆژە کۆمەڵێکی لە عەلەوییان پشکنی. کە دەسەڵات لە تەبەرستاندا، لە عەلەوییانەوە کەوتە دەست دەیلەم لە عەشیرەتێکیاندا گیرسایەوە ناوی " وەردادوەندان " بوو و ئەوەی ئەنجامی دا ئەسفاری کوڕی شیرۆیە بوو، ڕۆژگارێکی درێژ بەدەستیانەوە بوو ئینجا کەوتە دەست " گێلان ".[١٢]

مەرداویجی گێلانی:

کە سەڵتەنەت " دەسەڵات " لە دەیلەمەوە چووە دەست گێل، ئەوەی کاربەدەستیان بوو مەرداویج بووە، کە ڕۆژی پێنجشەممەی شازدەی زیلقیعدەی ساڵی سێ سەت و نۆزدە (مانگی ئازەر ڕۆژی ئوستاد)[١٣] بووە پاتشا و پتر لە ساڵێک و سێ مانگ و بیست ڕۆژ سەرۆکایەتیی دەیلەم و گێلانی لەسەر گیرسایەوە.

عەلیی کوڕی بووەیە:

لە سەرەتای ئەم ماوەیەدا دەیلەمەکان دەوڵەتێکیان لە ئەسفەهاندا بووە لە دەست عەشیرەتێکیاندا کە ناوی شێردل وەندان[١٤]ی ناو بووە، ئەوەی بەڕێوەشی دەبرد عەلیی کوڕی بووەیە بووە کە پاتشاییی کرد، ئینجا لەوێوە چووە سەر فارس و داگیری کرد. سەرەتای دەسەڵاتیشی لە ئەسفەهاندا ڕۆژی یەکشەممەی یازدەی زیلقیعدەی ساڵی سێ سەت و بیست و یەک (مانگی ئابان ڕۆژی خورداد)[١٥]دا بووە، دوای ئەوە بە ساڵێک و هەندێک، ڕۆژی سێشەممە سێی مانگی ڕەبیعولئەووەلی ساڵی سێ سەت و سێ (مانگی بێهمەن ڕۆژی ئابان)[١٦]ی فارسی، مەرداویج لە ئەسفەهاندا کوژرا.

ئەلحەسەنی کوڕی بووەیە:

دوای ئەوە بە چەند ڕۆژێک، ڕۆژی دووشەممە سەرەتای مانگی ڕەبیعولئەووەلی ساڵی سێ سەت و بیست و سێ (مانگی ئەسفەندارموز ڕۆژی مورداد)[١٧] ئەلحەسەنی کوڕی بووەیە بووە پاتشای ئەسبەهان، دوای ئەوە دەسەڵاتی جیل " گێل " شەش ساڵ و مانگێک و چەند ڕۆژێک بەسەر ڕەی و دەوروبەریدا مایەوە، تا ڕۆژی پێنجشەممە کە دە ڕۆژ لە مانگی ڕەبیعولئاخەری ساڵی سێ سەت و بیست و نۆ مابوو (مانگی دەی ڕۆژی باد)[١٨] لە دەرگەی ڕەیدا بە سەربازی خوراسان لێی لاچوون. هەموو ئەو ماوەیەی پێشەوە کە گێل و دوو عەشیرەتەکەی دەیلەم حوکمیان تێدا کردووە نۆ ساڵ و پێنج مانگ و پێنج ڕۆژ بووە. لەوساکەشەوە تا کۆتاییی جومادیلئاخیرەی ساڵی سێ

سەت و پەنجا بیست و یەک ڕۆژ و دوو مانگ و دە ڕۆژە، ئەمەش بە سوپاسگوزاریی خوا و باشیی سەرخستنییەوە کاتی لێبوونەوەیە لە تەواوکردنی ئەم کتێبە .

*

پەراوێزەکانی وەرگێڕ:

(١) دەمامکدار " ئەلموقەننەع ": سەرکردەی ڕاپەڕینێکی دژی دەوڵەتی عەباسییانە، ناوی " حەکیم ـی کوڕی هیشام "ە و خەڵکی شاری " مەرو " بووە. وەک دەڵێن لەبەرئەوەی چاوێکی کوێر بووە، دامامکی کردووە، بۆیە ناوی بە دەمامکدار " موقوننەع : ڕۆیشتووە. زانایەکی چاکی زانستەکانی ئەو سەردەمە بووە و تەنانەت ئەفسوون و جادووشی زانیوە. یەکێ بووە لەو سەرکردانەی ژێر فەرماندەیی " ئەبوموسلیمی خوراسانی " و دەورێکی باڵای لە هێنانە سەر دەسەڵاتی عەباسییاندا بووە. دواتر بە بیانووی کوشتنی ئەبوموسلیمی خوراسانییەوە ڕاپەڕیوە و بزووتنەوەکەی سێزدە ساڵی خایاندووە. بۆچوونی جوداجودای زۆری لەبارەوە هەیە. لە دژی عەباسییان کە دروشمیان ئاڵای ڕەش بووە، ئاڵای سپیی هەڵکردووە. هەندێک شۆڕشەکەی دژی ئیسلامەتی و هەندێک دژی زۆرداریی دەسەڵاتی عەباسییان و هەندێکیش بە شۆڕشێکی نەتەوەیی دادەنێن.

(٢) ئەلمەئموونی کوڕی ئەلرەشید

کوڕە گەورەی ئەلرەشید بووە، ساڵی ١٧٠ی کۆچی لە دایک بووە، دایکی (مەراجل)ی فارسیی یەک لە کەنیزەکەکانی ناو تەلاری ڕەشیدە. دایکی دوای لەدایکبوونی مەئموون بە سێ ڕۆژ مردووە.

ئەلئەمین، کوڕی ئەلرەشیدە لە زوبەیدەی کچی ئەبوجەعفەری مەنسووری ئامۆزای ئەلرەشیدە، واتە لە دایک و باوکەوە هاشمیی عەرەبە.

ئەلرەشید، لەبەر سووربوونەوەی زوبەیدە ئەلئەمین ـی کردە وەلی عەهد و دواتر مەئموونی کردە وەلیی عەهدی دوای ئەلئەمین. دوای مردنی رئەلرەشید ئەلئەمین بەیعەی خەلیفایەتیی لە خەڵکی وەرگرت و ناردی بە شوێن مەئمووندا، مەئموونیش گوێڕایەڵیی خۆی دەربڕی، بەڵام ئەمین دواتر بە فیتی ئەم و ئەو ویلایەتی عەهدی گۆڕی و لە دوای خۆی دایە کوڕی خۆی، مەئموون ئەمەی ڕەت کردەوە و بە یارمەتیی فەدڵی کوڕی سەهلی وەزیری و تاهیری کوڕی حوسێن ـی گەورە سەرکردەی خۆی، ئەوەی ڕەت کردەوە و دوای شەڕو شۆڕێکی زۆر و کوشتارێکی گەورە کە " ئەمین "ی جێنشین و برای مەئموون و عیسای کوڕی ماهانی سەرکردەی لەشکری ئەمینیشی تێدا کوژران، مەئموون بووە خەلیفە. بیست ساڵ خەلیفایەتیی کرد (١٩٨ ــ ٢١٨ ی کۆچی).

بڕوانە:

http://www.7nona.com/osra/113.html

هەروەها:

http://ar.wikipedia.org/wiki/

(٣) دەریای تەبەرستان: دەریای خەزەر، یان دەریای قەزوین.

(٤) ماوەرائەننەهر" پشتی ڕووبار ": ناوێکە عەرەبی موسڵمان بە ناوچەیەکیانەوە ناوە دەکەوێتە پشت

ڕووباری " ئامووداریا " که " جەیحوون "یشی پێ گوتراوە. لە ڕاستیدا وڵاتێکە لە نێوانی دوو ڕووباری ئامووداریا " جەیحوون " و سیرداریا " سەیحوون " کە زۆربەی وڵاتانی ئوێزبەکستان و تاجیکستان دەگرێتەوە.

(٥) ماه اسفندارمژ روز دین: اسفندارمژ: ناوی دوازدەمین مانگی ساڵی هەتاوییە، بەرامبەر دوو مانگی شوبات/ئاداری زاینە. ڕۆژی دین: ناوی بیست و چوارەم ڕۆژی هەموو مانگێکی هەتاوییە.

(٦) " ماه مهر روز دین " ڕۆژی بیست و چوارەمی مانگی حەوتەمی ساڵی هەتاوی.

(٧) ماه شهریور روز باد = مانگی شەهریوەر شەشەمین مانگی ساڵی هەتاوییە، کە دەکەوێتە مانگەکانی ئاب و ئەیلوولی ساڵی زاین. روز باد: بیست و دووەمین ڕۆژی هەر مانگێکی هەتاوییە.

(٨) " اوردی بهشت روز هرمزد " مانگی ئوردی بیهیشت: دوازدەمین مانگی هەتاوییە. ڕۆژی هورموزد: یەکەمین ڕۆژی هەر مانگێکی ساڵی هەتاوییە.

(٩) " ماه شهریور " شەشەم مانگی ساڵی هەتاوییە. " روز آسمان " ڕۆژی ئاسمان: بیست و حەوتەمین ڕۆژی هەر مانگێکی ساڵی هەتاوییە.

(١٠) حالووس: واتە تەمبەڵی لە ماڵەوە دانیشتوو.

(١١) لە کتێبەکەدا بە " جەبەلی " الجبلی " چاپ کراوە، واتە چیایی، بەڵام لەبەرئەوەی لەلایەکەوە ناوچەکە هاوسنووری گێلان " جیلان "ە و لەلایەکی ترەوە وەک دەبینرێ لە چەند شوێنێکی تردا بە "جیلی " نووسراوە، ئەمەشم کردە گێلانی کە ناوە ڕاستەکەیە و لە عەرەبیدا بووەتە " جیل و جیلان ".

(١٢) لێرەشدا هەر لە جیاتیی " جیل " بە " جبل " چاپ کراوە.

(١٣) لە کتێبە چاپکراوەکەدا بەهەڵە بەمجۆرە چاپ کراوە " ما آژروز استاد "، ڕاستەکەی " ماه آژر روز استاد " ە، واتە مانگی ئازەر، کە ناوی نۆیەمین مانگی ساڵی هەتاوییە. ڕۆژی استادم بۆ ساغ نەبووەوە.

(١٤) لە کتێبەکەدا نووسراوە " شیرژل اوندان "

(١٥) مانگی ئابان هەشتەمین مانگی ساڵی هەتاوییە و ڕۆژی خورردادیش شەشەمین ڕۆژی هەموو مانگەکانی ساڵی هەتاوییە. هەروەها خورداد ناوی مانگی دووەمی ساڵی هەتاوییشە.

(١٦) بێهمەن ناوی یازدەمین مانگی ساڵی هەتاوییە. ڕۆژی ئابان دەیەم ڕۆژی مانگە.

(١٧) مانگی ئەسفەندارموز دوازدەمین مانگی ساڵی هەتاوییە و بەرامبەر شوبات و ئاداری ساڵی زاینە. ڕۆژی مورداد ڕۆژی پێنجەمی مانگە.

(١٨) مانگی دە، کە بەرامبەر مانگەکانی کانوونی یەکەم و دووەمی ساڵی زاینە، ڕۆژی باد بیست و دووەمین ڕۆژی مانگە.

# کورد لە دیدی زانستەوە

د. محەمەد ڕەشید ئەلفیل*

بسم الله الرحمن الرحيم

"ومن قتل مؤمناً متعمداً فجزاؤه جهنم خالداً فيها"

صدق الله العظيم

"هەر کەسێکیش، هەر بە ئانقەست، خاوەن باوەڕێک بکوژێ، لە بریی ئەوە تاهەتایە لەناو جەحەنەمدایە". (قورئانی پیرۆز - وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار)

## پێشەکیی وەرگێڕ

توێژەر لە ساڵی ١٩٢٥ لە مووسڵ لەدایک بووە و یەکێک بووە لە قوتابییە پێشەنگەکانی تاقیکردنەوە گشتییەکان و، حکوومەت بۆ خوێندن ڕەوانەی وڵاتی میسری کردووە، لەوێ لە زانکۆی قاهیرە کۆلێجی ئاداب- بەشی جوگرافیا وەرگیراوە. بەکالۆریۆسی بە پلەیەکی بەرز وەرگرتووە، بۆیە حکوومەت جارێکی تر بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا ڕەوانەی زانکۆی (ئێریدینگ)ی بەریتانیای کردووە و ماستەر و دوکتۆراکەشی هەر لەوێ لە ساڵی ١٩٥٩ تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە عێراق و بووەتە مامۆستا لە بەشی جوگرافیای کۆلێجی ئادابی زانکۆی بەغدا.

ساڵی ١٩٦٨ گوازراوەتەوە زانکۆی کوێت و تاکو ساڵی ١٩٩٠ و داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە، گەڕاوەتەوە عێراق و دوای ئەوە چووەتە ئیسپانیا و تا مردنی لە ١٩٩٩دا لە زانکۆی غەرناتە وانەی گوتووەتەوە.

لە ماوەی ژیانیدا ١٦ کتێبی داناوە و ٦ دەستنووسی لە پاش بەجێ ماوە.*

ئەم تۆژینەوەیەی بەردەستتانی لە ساڵی ١٩٦٥ داناوە. هەڵبەت ئامادەکردنی تۆژینەوەیەک

..............................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: نەبەز ڕۆستەم

لەبارەی مێژوو، زمان، کولتوور، سەرژمێری، شۆڕش و، جوگرافیای نیشتمانیی کوردان لەو سەردەمەدا، کارێکی هێندە ئاسان و بێ سەرئێشە نەبووە، چونکە سەرانی هەموو ڕێژیمە یەک لە دوایەکەکانی عێراق هەوڵی گۆڕینی ڕاستییەکانیان داوە و بەردەوام کوردیان بە دڕندەی شاخی و خوێنڕێژ و تێکدەر و بەکرێگیراوی داگیرکەران ناساندووە.

هەر کەسێکیش بە ناوی توێژینەوە و ئامادەکردنی ماستەرنامە و تێزی دوکتۆرا، زاتی ئەوەی بکردبا خۆی لە قەرەی بابەتێکی وەها هەستیار بدا و ڕاستییەکانی بەبێ شێواندن بخستایەتە ڕوو، ئەوا سەرکێشییەکی گەورەی دەکرد و باجەکەی دەدا، کە لە هەندێ جاردا دەبووە مایەی نانبڕان و ترۆکردن، زێدەڕۆیی ناکەین، ئەگەر بڵێین لە هەندێ حاڵەتدا گەیشتووەتە سەرپەڕین و لەداردان.

دوکتۆر محەمەد ئەمین قادر کە تێزی دوکتۆراکەی لەبارەی ڕەوشی زمانەوانییەوە بوو لە کەرکووک، بەشێوەی لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵایەتی- زمانەوانی، بۆ بەدەستهێنانی پلەی دوکتۆرا لە زانکۆی ئەستن- پێرمەنگهام لە ساڵی ١٩٨٠، تەنیا لەبەرئەوەی ڕاستییە مێژوویی و جوگرافیایی و بۆچوونە جیاجیاکانی لەمەڕ کورد لەخۆ گرتبوو و بەبڕوای ڕێژیمی ئەو کات بڵاوبوونەوەی ئەو ڕاستییانە پلانەکانی دوارۆژیان هەڵدەوەشێنێتەوە، لەناویان برد.

جا ئاکامی ئەم کارانە یان بە چارەنووسی دوکتۆر محەمەد ئەمین دەگا، یانیش دەبێ وەک ئەم توێژینەوەیەی بەردەست کرچ و کاڵ و پڕ لە کەموکورتی و شاردنەوە، یان شێواندنی ڕاستییەکان بێ ناهەقیش نەبووە، بەڵام نەدەبوو بیگەیاندایەتە ئەو ڕادەیە، کە لە هەندێ شوێندا بۆنی ماستاوکردن و پانکردنەوەی لێ بێ بۆ ڕێژیم، لە هێندێ شوێنی تریشدا بووەتە پارێزەری ڕێژیم و هەموو بەرهەڵستکارانی بە خۆفرۆش و لە یاسا لادەر و داردەستی داگیرکەر لە قەڵەم داوە و، هەردەم ڕێژیمی لەسەر هەق و کوردی بە ناهەق پێشان داوە.

بۆیە لە کاتی وەرگێڕانی ئەم توێژینەوەیەدا، کە چەندان هەڵەی زەقی زانستیی تێدایە، نەدەکرا بێنە بواردن، هەوڵمان داوە بەپێی توانا هەڵەکان بۆ خوێنەران ڕاست بکەینەوە و لە ٢١ پەراوێزدا بیانخەینە ڕوو.

ماوە سوپاسی هاوکارم عەوف عەبدوڕەحمان (شاخەوان کەرکووکی) بکەم، کە ئەرکی پێداچوونەوەی ئەم وەرگێڕانەی گرتە ئەستۆ و دەقە قورئانییەکانی لە "قورئانی پیرۆز، وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار"ی بۆم پەیدا کرد و ژینامەی توژەی لە ئینتەرنێت بۆم پەیدا کرد.

## پێشەکی

بۆ زانینی ڕەچەڵەکی هەر گەلێک، پێویستمان بە توێژینەوەی مێژوویی و جوگرافی و ئینترۆپۆلۆجیی ورد هەیە و، بۆ ئەوەی وێنەکە بە تەواوی ڕوون ببێتەوە، دەبێ ئەو سێ لایەنە بەیەکتری ببەستینەوە.

ئەم بابەتەی بەردەستمان، بابەتێکی ورد و هەستیارە و زۆر بە کەمی لە ڕووی زانستی ئێنترۆپۆلۆجیای دروستەوە تۆژینەوەی بۆ کراوە. بۆیە چ لە ڕووی ستایشکردنیان یان ئابڕووبردنیان، دەرفەت بۆ سۆزی کەسێتی ڕەخساوە. کەواتە لەم حاڵەتەدا پێویستە پشت بە زانست و شێوازی زانستی ببەستین، تاکو تۆژەر تووشی هەڵە و دەمارگیریی کوێرانە نەبێ. بۆیە تەنیا هانا بۆ زانست دەبەین و پشت بە ئاکارە جەستەییە بۆماوەییەکان و پێوەری ئەندامەیل و زمان دەبەستین. پاشان هەوڵ دەدەین هەموو ئەمانە بە تۆژینەوە مێژوویی و جوگرافیاییەکانەوە ببەستینەوە بۆ دەرخستنی ڕاستییە بێگەردەکان.

کورد کۆمەڵێکن زۆر لەمێژە لەم وڵاتەدا ژیاون و دەست لەناو دەست لەگەڵ عەرەبدا هەڵیان کردووە و ئیسلامیان کردووەتە تاکە ئاینی خۆیان، بەرگری و پشتیوانییان لێ کردووە. ئێمەش بڕوامان بەوە هەیە، کە کورد برای ئێمەن و، ئەوان خەڵکی چاوتێر و دڵ و دەروون پاکن و لەگەڵ ئەوانەدا کۆک نین، کە هەوڵی ناوزڕاندنیان دەدەن و سیفەتی وایان دەخەنە پاڵ، کە لەگەڵ سروشتی ئەواندا ناگونجێ. وەک ئەوەی هەندێک بە شەڕخواز وەسپیان دەکەن، یان دەڵێن ئارەزووی خوێن ڕشتنیان هەیە... هتد. بۆ نموونە مارکۆ پۆلۆ دەڵێ[1] : (An Evil Generation Whose Delight is to murder merchants) واتە ( ئەو نەوە شەڕخوازەن کە بە کوشتنی بازرگانان دڵخۆش دەبن).

هەروەها گەلێک گەشتیار لە دوای مارکۆ پۆلۆ بەم شێوەیە وەسپی وای کوردیان کردووە، کە لەسەر هیچ بنەوایەکی زانستی نەهاتووەتە داڕشتن و، ئێمە لەگەڵ ئەوان و هیچ کەسێکی تردا کۆک نین کە ئەم وەسپانە بخەنە پاڵ کورد و سیفەتێکی دیاریکراو بەسەر گەلاندا گشتگیر بکەن. ئێمە بڕوامان بەوەیە کورد گەلێکی موسڵمانن و پابەندن بە ئاینەکەیان و بە پاکی پاراستوویانە و بەو سادەییەش ناژین کە گرێکوێرەی تێدا نەبێ. ئەوان بە هاوکاریکردنی عەرەب بڕوایان بەوەیە، کە کۆڵەکەی ئەم وڵاتە ڕابگرن و ئەم هەستە لەگەڵ عەرەبدا ئاڵووێر دەکەن.

عێراق شەڕێکی چارەنووسساز دەکات، کە بڕیار لەسەر دواڕۆژ و قەوارەکەی دەدا و هەوڵ دەدا لە دەستی داگیرکەر و خڵت و خەوشەکانی ڕزگار بێت، کە خۆیان لە هەژاری و نەزانین و نەخۆشیدا دەبیننەوە. هەروەها کار بۆ بنیاتنانی قەوارەکەی دەکا و هەوڵ دەدا ڕۆڵەکانی بگەیەنێتە بەرزترین ئاست. ئەمەش تەنیا بە هەوڵ و تەقەلای گشت ڕۆڵەکانی دێتە دی، جا سەر بە هەر نەتەوە و ئاینێک بن. بە توانا ئابوورییە توندوتۆڵەکەی عێراقیش دەکرێ هەموو ئامانجەکانی گەلی عێراق بێنە دی، بەڵام پێویستە ڕۆڵەکانی عێراق شان بەشانی یەکتری و دەست لەناو دەست بن بۆ بنیاتنان و سەرخستنی دەنگیان، ئەگەرنا داگیرکەر بەزەیی نییە و ئیسرائیلیشی لەگەڵدایە و، هەڕەشە لە قەوارەی عەرەب و ئیسلام دەکات. ئاخۆ ڕاستە لەم دۆخەدا ڕۆڵەکانی گەلێک لەناو خۆیاندا جوداخواز بن، کە پێویستە تێگەیشتن لە نێوانیاندا هەبێ و دەست لەناو دەست بن بۆ پلیقانەوەی هەر پیلانگێڕییەک، کە خۆی بۆ وڵات مەڵاس داوە. لە خوا دەپاڕێینەوە کۆمان بکاتەوە و

هەنگاوەکانمان پتەو بکات و ئاویلکەمان لە چاودا نەهێڵێ.

## ڕەچەڵەکی کورد و گەشەکردنیان

تیۆری و بیر و بۆچوونەکان جیاوازن لەبارەی ڕەچەڵەکی کورد و ئەو ناوچەیەی لێیەوە هاتوون و نیشتمانی یەکەم و ئەو زمانەی پێی دەدوێن، هەموو ئەمانە بۆچوون و تیۆریگەلێکن کە پێویستن بۆ ئەوەی بگەینە وێنەیەکی ڕوون، تۆژینەوەیان بۆ بکرێ، چونکە لە هەزاران ساڵەوە هاونیشتمانی ئێمەن و پێکەوە ڕەنجمان لە پێناو بنیاتنانی ئەم وڵاتەدا داوە و، بە خوێن و دڵسۆزی و بڕوای خۆیان مێژووی وڵاتیان تۆمار کردووە.

### ئاخۆ ڕەچەڵەکیان چییە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بە شێوەیەکی دروست و تەواو و، بۆ ئەوەی بگەینە ئەو ڕاستییەی ئێمە مەبەستمانە لەم تۆژینەوەیە، پێویستە لێکدانەوە بۆ هەموو ئەو بۆچوونە کۆن و نوێیانەی لەبارەی ڕەچەڵەکی کورد و گەشەکردنیانەوە هاتوونەتە گوتن، بکرێت.

هەندێک لەو بڕوایەدان، کە کورد لەو کاردۆخییانە بن ئەوانەی زینۆفۆن Xenophon کە ساڵی ٤٠٠ – ٤٠١ی پ. ز لەگەڵ ١٠ هەزار شەڕواندا پاشەکشەی کردووە، باسیانی کردووە و، لەبارەیانەوە دەڵێ:

"گەلێکن لە ناوچەی کوردستاندا ژیاون و ئەوان ڕەچەڵەکی کوردن، چونکە وەکو ئەوان سوارچاکی شاخنشینن و لە هەمان وڵاتدا دەژین و ناویان هاوشێوەی ئەو ناوەیە".

بەم ئاسانییە پێوەندیی نێوان کورد و کاردۆخییەکان هاتووەتە بنیاتنان، کە لەسەر بنچینەیەکی زانستی دانەمەزراوە و، گوتەی لە هەمان ناوچەدا ژیاون و سوارچاکی شاخنشینن، هەرگیز مانای ئەوە نییە، کە هەردوو لایان یەک ڕەچەڵەک بن. لە دنیاشدا گەلانی زۆری شاخنشین بە سوارچاکی ناسراون، ئاخۆ ئەوە مانای ئەوەیە هەموویان هاوڕەچەڵەکن؟ نەخێر، لیەمان سەلماندوویەتی کاردۆخییەکان باپیرانی جۆرجییەکانن، دانیشتوانی ئێستای چیای قەوقاز و لە هەمان ئەو ناوچەیەی تێیدا لقی ڕۆهەڵاتی دیجلە (بوتان سوو) لەگەڵ لقی ڕۆئاوای یەک دەگرنەوە.

تۆژینەوەی هەندێک گەڕیدەی وەک نۆڵدکە و هاتمان و ئەوانی تر سەلماندوویانە، کە دەربڕینی Kurde لە ڕووی زمانەوانییەوە لە دەستەواژەی Kuardon وەرنەگیراوە، کە مانای (بەهێز) دەبەخشێ. ئەو زانایانە لەو بڕوایەدان، کورد لە سرتییەکانەوە Cyrtui هاتبن، کە سترابۆ و مێژوونووسانی تر ئاماژەیان بۆیان کردووە و لە وڵاتی میدیای بچووک و وڵاتی برسیس نیشتەجێ بووبوون.

مینۆرسکی، لە کۆنگرەی ناودەوڵەتیی گەڕیدەگەلدا، کە لە ساڵی ١٩٣٨ لە بڕۆکسێل ساز

کرابوو، تیۆرییەکەی خۆی لەبارەی کوردەوە خستە ڕوو، تیۆرییەکەی ئەو لەسەر بنەوای زمانی کوردی و شیرازەی ژیانیان دامەزرابوو و، وای دەبینێ، کە زمانیان وێڕای فرە شێوەزارییەکەی، لە بنەڕەتدا ئێرانییە و کاریگەریی زمانی میدییانی لەسەرە، کە زمانی میدیای بچووکە[٢] هەروەها مینۆرسکی دەڵێ "ڕەنگە کورد لە بنەڕەتدا لە ڕۆهەڵاتی ئێرانەوە کۆچیان کردبێ بەرەو وڵاتی ئێستایان و تێیدا نیشتەجێ بووبن".

ئەمەش ڕێگە لەو ڕاستییە ناگرێ، کە پێش هاتنی ئەم گەلە کۆچبەرە، گەلێک یان گەلانی تری جیاواز بوونیان هەبووە و لەژێر ناوی هاوشێوەی ئەوان لە کوردستاندا ژیاون و، بە تەواوی تێکەڵیان بوونە و بوونەتە یەک نەتەوە[٣].

هەروەها مینۆرسکی لەو بڕوایەدایە، کە کورد لە ڕەچەڵەکی ئارین و لەگەڵ توخمەکانی تردا تێکەڵ بوونە، ئەم تیۆرییەش تا ڕادەیەکی زۆر و لە زۆر ڕووەوە لەوە دەچێت کە نۆڵدکە پێی گەیشتووە، کە هاوکات خودان بنەواگەلی مێژوویی و زمانەوانییە. لە ڕێگەی تۆژینەوەکانی زمانەوانیدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، کە زمانی کوردی سەر بە کۆمەڵەی زمانە ئێرانییەکانە و لەبەرئەوەی زمان بەڵگەیەکی گرینگە بۆ ڕەچەڵەکی ئەو کەسانەی پێی دەدوێن، کەوابوو ڕەچەڵەکی کورد ئارییە.

پوختەی بۆچوونەکانی مینۆرسکی ئەوەیە، کە کورد تێکەڵەی هۆزە کۆچەرە جیاجیاکانن و نە لە یەک خوێن و نە لە یەک نیشتمانن[٤].

ئێمە لەگەڵ هەندێ بۆچوونی مینۆرسکی هاوڕاین و ناکۆکین لەگەڵ هەندێکی تریاندا. لەو لایەنەدا لەگەڵیدا هاوڕاین، کە دەڵێ کورد کۆمەڵێکی تێکەڵن، بەڵام لەگەڵ مینۆرسکی و نۆڵدکەدا ناکۆکین لەو شێوازەی کە ڕەچەڵەکی کوردیان پێ دیاری کردووە، چونکە ئەو بنەوایانەی هەردووکیان پشتیان پێیان بەستووە لە دیدی تۆژینەوەکانی ئینترۆپۆلۆجیدا بە بنەڕەتی دانانرێن. لە تۆژینەوەکانی ئینترۆپۆلۆجیدا، بۆ تۆژینەوە لە ڕەچەڵەکی کۆمەڵەکانی مرۆیی، نە پشت بە زمان دەبەسترێ و نە بە ئاین، چونکە مرۆڤ دەکارێ ئەم بنەوایانە لەو ژیگەیەوە وەربگرێ، کە تێیدا دەژێ، بەبێ ئەوەی کار بکاتە سەر ئاکارە بۆماوەیییەکانی.

گریمان یەکێک لە دایک و باوکێکی موسڵمان یا کریستیان بووە، بێ شک ئەو منداڵە لەسەر ئاینی دایک و باوکیەتی و دەتوانێ بچێتە سەر ئاینێکی تر، بەبێ ئەوەی ئەم ئاینگۆڕینە کار بکاتە سەر ئاکارە جەستەیییە بۆماوەیییەکانی. ڕەشپێستێک لەسەر هەر ئاینێک بێت، هەر بە ڕەشپێستیی خۆی دەمێنێتەوە. بەگوێرەی مەغۆلییەک یا هەر ڕەگەزێکی تریش، هەمان شتە. هەروەک چۆن تۆژینەوەکانی ئینترپۆلۆجیا پشت بە ئاین نابەستن، بە هەمان شێوە پشت بە زمانیش نابەستن. عێراقییەک کە لە بەریتانیا یان لە فرەنسا لە دایک و باوکێکی عێراقی لەدایک بووە، گەشە دەکا و وەکو منداڵانی ئەو وڵاتانە فێری زمانی ئینگلیزی یا فرەنسایی یا ئەڵمان... هتد دەبێت، بەڵام ئاکارەکانی جەستەییی وەک ڕەنگی پێست و ڕێژەی کەللەسەری هەر وەک خۆی

دەمێنێتەوە و ناگۆڕێن.[5] ئەو ڕەشپێستەی بە ئینگلیزی یا فرەنسایی یا ئەڵمانیایی یا ڕووسیایی یا هەر زمانێکی تری دنیا بدوێ، هەر بە ڕەشپێستیی خۆی دەمێنێتەوە و فێربوونی ئەو زمانانە هیچ کاریگەریی لەسەر پێکهاتەی جەستەیی و ئاکارە بۆماوەییەکانی نابێت. کاتێک هیندستان زمانی ئینگلیزییان کردە زمانی فەرمیی وڵات، هیندییەکان پارێزگاریی ئاکارە بۆماوەییەکانی خۆیان کرد.

شێوازی ژیانیان، لەو بنەوایانەیە کە پشتی پێ نابەسترێت و بە هەند وەرناگیرێ، چونکە زۆرجار بارودۆخی سروشتی شێوازێکی دیاریکراو لە ژیانی ئابووری بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنێت. هەروەها لە ژیگەی هاوشێوەدا، هەمان پیشەیان دەبێت. ڕەوەندەکانی بیاوانی نیمچە دوورگەی عەرەب و تەتار و تورکی ئاسیای ناوەڕاست، خەریکی پەروەردەکردنی حوشترن، ئاخۆ لەبەرئەوەی هاوپیشەن هەموویان هاوڕەگەزن؟ هەڵبەت نەخێر. هەروەها هەندێک جار بەهۆی بارودۆخی کەشوهەواوە، مرۆڤ ناچار دەبێ پیشەکەی بگۆڕێ، یا شێوازێکی دیاریکراوی ژیانی کۆمەڵایەتی بە شێوازێکی تر بگۆڕێ. بۆ نموونە خەڵکی ئەو ناوچانەی ڕێژەی دابارینیان تێدا زۆر بووە، خەریکی کشتوکاڵ بوونە، بەڵام لەگەڵ کەمبوونەوەی ئەو ڕێژەیە، وازیان لە کشتوکاڵ هێناوە و ڕوویان لە ئاژەڵداری کردووە[6]، جا چۆن لەم بارودۆخەدا دەتوانین ئاشنای ڕەچەڵەکیان ببین؟ لەگینە لێکۆڵینەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی سوودگەیێن بێت بۆ بەراوردکاریی نێوان شێوازی ژیانی گەلە جۆرەوجۆرەکان، بەڵام بەهیچ جۆرێک گوزارشت لە ڕەچەڵەکی ئەو گەلانە ناکات.

کاتێ هەوڵی زانینی ڕەچەڵەکی گەلێک یا نەتەوەیەک دەدەین، هانا بۆ تۆژینەوەکانی ئینترۆپۆلۆجیاییە وردەکان دەبەین و پشت بەو ئاکارە بۆماوەییانە دەبەستین کە لە باوانەوە دەگوازرێنەوە بۆ نەوەکان... هتد.

(مار) وای دەبینێ کە کورد گەلێکی ڕەسەنن و دانیشتووی ڕەسەنی چیاکانی ئاسیای بچووکن، بۆچوونەکانی دووپات دەکاتەوە و دەڵێ: پێوەندیی خزمایەتی لە نێوان کورد و گەلی کاردۆخیدا هەیە. ئەوەش لێک دەداتەوە، کە لەبەرئەوەی زمانی ئێستای کورد لە ڕەچەڵەکی ئێرانییەوە هاتووە، کوردان زمانی بنەڕەتیی خۆیان گۆڕیوە و زمانێکی نوێ بەکار دەهێنن. ئەفسانەیەکیشی کردووەتە بەڵگەی بۆچوونەکانی، کە کورد لەناو خۆیاندا زارەوزاری پێ دەکەن و دەڵێن: "وازیان لە زمانە کۆنەکەی خۆیان هێناوە و هاتوونەتە سەر زمانێکی نوێ".

(المسعودي) لە کتێبی "مروج الذهب"دا ئاماژەی بەوە داوە و دەڵێ: "وازیان لە زمانی خۆیان هێنا و زمانی بێگانانیان وەرگرت "[7].

بەم شێوەیە، دوو تیۆری جیاوازمان لە بەردەستدایە، یەکەمیان وای دەبینێ، کە ڕەچەڵەکیان ئێرانییە و لە سەتەی نۆزدەی پێش زایندا لە باشووری ورمێوە بەرەو بوتان سوو هاتوون. ئەوی تریان وای بۆ دەچێ، کە کورد گەلێکی ڕەسەن بن و لە ئێرانییەکان نەکەوتوونەتەوە، بگرە نەوەی جۆرجییەکانن و زمانی ڕەسەنی خۆیان بە زمانی ئێرانی گۆڕیوە. لە ڕاستیشدا ئەوان بە زمانی

ئێرانی نادوێن، بگرە زمانێکی سەربەخۆی خۆیان هەیە و لەگەڵ زمانی ئێرانیدا هاوڕەچەڵەکن، هەردووکیشیان سەر بە کۆمەڵەی زمانە هیندۆ – ئەوروپاییەکانن. ئەوان گەلانی ئاری یا جۆرجیایی نین، بگرە گەلێکی سەر بە کۆمەڵی گەلانی دەریای سپیی ناوەڕاستن و لە وڵاتی خۆیانەوە بەهۆی بارودۆخی تایبەتی خۆیان بەرەو ناوچە شاخاوییەکان هەڵکشاون.

بەژن و باڵا و شێوە و ڕێژەی کەللەسەریان، هیچ بەڵگەی ئەوە نین کە کورد کۆمەڵێکی شاخاوی بن، بگرە بەڵگەی ئەوەن کە کۆمەڵێکی دەشتنشین و ئاکارە بنەڕەتییەکانیان لە دەشتەکانەوە پێک هێناوە، پاشان بەهۆی بارودۆخی سروشتی یان سیاسی ڕوویان لە شاخەکان کردووە. ئەمەش ئەو ڕاستییەیە، کە ئێمە پێی دەگەین، لە دوای تاوتوێکردنی ئەو بۆچوونە جیاوازانەی گوتراون لەبارەی کورد و ئەو نیشتمانەی گەشەیان تێدا کردووە.

سیدنی سمیت وای دەبینێ، کە لە سەردەمی نوێدا بۆچوونی زانایان لەبارەی ڕەچەڵەکی زمانی کوردییەوە گۆڕاوە و زۆربەیان دەڵێن: زمانی کوردی لە فارسییەوە وەرنەگیراوە، بگرە زمانێکی سەربەخۆیە و پەرەسەندنە کۆنەکانی تایبەت بە خۆی هەیە و، کۆنترینی زمانە فارسییە کۆنەکانە Old Persian.

هەروەها وای دەبینێ، کە دەتوانین بڵێین زمانی کوردی لە سەتەی شەشەمی پێش زاینەوە هەبووە و زمانێکی سەربەخۆی جودا بووە و، گەلی کورد لە نەتەوە هیندۆ – ئەوروپاییەکانن و لە کاتێکدا هاتوونەتە ئەم نیشتمانەی ئێستایان، کە میدییەکان هاتوونەتە میدیا و ئێرانییەکان هاتوونەتە ئێران.

سیدنی سمیت لەو بڕوایەدایە، کە کورد لەپاش ساڵی ٦٥٠ی پ.ز گەیشتوونەتە نیشتمانی ئێستایان. بۆ ئەمەش پشتی بەو نەخش و نیگارە ئاشوورییانە بەستووە، کە مێژوویان دەگەڕێتەوە پێش ئەم مێژووە و هیچیان لەبارەی کوردەوە تێدا نییە[٨] و خودان ئەو بۆچوونەی کە پشت بە تۆژینەوەکانی زمانەوانی دەبەستێت، وای بۆ دەچێ کە زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆیە و هیچ پێوەندییەکی بە زمانی فارسییەوە نییە.

ئێمە هەروەکو لە پێشەوەش باسمان کرد، بۆ زانینی ڕەچەڵەکی هەر گەلێک پشت بە زمان نابەستین، هەروەکو چۆن لەو بڕوایەدا نین، کورد سەر بە کۆمەڵی ئاری بن، کە پشت بەو پێوەر و ئاکارە ڕوونکراوانەی کورد دەبەستێت.

دوکتۆر سافراستیان Safrastian وای بۆ دەچێ، کە کورد پێش فەتحی ئیسلامی لەژێر دەسەڵاتی هیچ وڵاتێکدا نەبوونە و تەواوی ئاکارە ئارییەکانیان لە ڕۆژگاری ئەخمینییەکانەوە وەرگرتووە و، بە خزمەتی سەربازی هاوکاریی دەوڵەتیان دەکرد[٩] ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوون و ئاشکرایە بەوەی، کە کورد لە ڕێگەی تێکەڵبوونیان لەگەڵ کۆمەڵە ئارییەکان، ئاکارەکانیان لە درەنگە وەختدا لێ وەرگرتوون، کە پێش ئەوان لەو ناوچەیەدا نیشتەجێ بوونە.

بەڵام محەمەد ئەمین زەکی وای دەبینێ، کە گەلانی چیای زاگرۆس لە بەرەبەیانی مێژووەوە لە

کوردستاندا نیشتەجێ بوونە و عیلامییەکان لەوپەڕی باشووری ڕۆژهەڵاتی هەرێمەکەدا نیشتەجێ بوونە[١٠] و هەندێک لە گەڕیدەکان وای بۆ دەچن، کە ئەم گەلانە سەر بە ڕەگەزی قەوقازین بن[١١].
ئەم گەلانەش، بێجگە لە گەلی عیلامی لە ڕەچەڵەکە هەرە کۆنەکانی کوردن و، ئەم تۆژەرە، بەناو سەردەمی میدییەکان، لە سەدەی نۆی پێش زایندا شۆڕ دەبێتەوە و پێی وایە میدییەکان لە گەلانی هیندۆ – ئەوروپایی بوونەتەوە، کە لە ڕۆژهەڵاتی دەریای قەوقازەوە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی تەپۆلکەکانی ئێران بەرەو وڵاتی میدییەکان هاتوون. بۆچوونێکیش هەیە، دەڵێ: میدییەکان ئەو هۆزە کوردانە دەنوێنن، کە لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئاشووردا نیشتەجێ بوونە و بە ڕەچەڵەک ئارین و زمانیان لە گرووپی زمانە هیندۆ –ئەوروپاییەکانە و، زمانی میدییەکان زمانی کوردە، یان بە لانی کەم بنچینەی زمانەکەیانە[١٢].

لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە خوا لێخۆشبوو محەمەد ئەمین زەکی و هەندێک لە گەڕیدەکان، قەوقازییەکان و ئەو کۆمەڵە مرۆییەی سەر بە کۆمەڵەی قەوقازین، تێکەڵ دەکەن. ئەو گوتەیەش کە دەڵێ: ئەم گەلانە لە ڕەگەزی قەوقازییەکانن، هیچ مانایەکی نییە و، لە دیدی ئینترۆپۆلۆجیاشەوە دەتوانین ژمارەیەکی زۆری گەلانی لاوەکی لە چوارچێوەیەکی گشتیدا بخەینە کۆمەڵەی قەوقازییەکان و هەر ڕەگەزێک لەو ڕەگەزە لاوەکییانەش ئاکاری تایبەتی خۆیان هەیە کە لە کۆمەڵانی تریان جودا دەکاتەوە[١٣].

ناوی کورد لە کتێبەکانی جوگرافیاناسانی عەرەبیشدا هاتووە و لە (مروج الذهب)ی مەسعوودیدا[١٤] نووسراوە:

> "خەڵک ململانێیان لەسەر سەرەتای ڕەگەزگەلی کورد و جۆرەکانیان کردووە، هەیانە وای دەبینێ، کە ئەوان لە (ربیعة بن نزار بن معد بن عدنان) کەوتوونەتەوە و لە کۆنەوە جودا بووبێتنەوە و ڕوویان لە شاخ و دۆڵەکان کردبێ و، لەوێ بوونەتە دراوسێی عەجەم و فارسە شارنشینەکان و، وازیان لە زمانی خۆیان هێناوە و زمانی بێگانانیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە. هەر جۆرێکیش لەم کوردانە زمانێکی کوردیی خۆی هەیە".

ئەمە ئاماژەیەکە بۆ ڕەچەڵەکی کورد لەلایەن (المسعودي)یەوە، کە کۆمەڵێکی دەشتایینشین و لەم تۆژینەوەیەماندا دەگەینە ئەم ڕاستییە. پاشان ڕوویان کردووەتە ناوچە شاخاوییەکان و لەوێدا خەڵکانێکی تری پێش خۆیان دۆزیوەتەوە کە لەوێ نیشتەجێ بوونە، لەوێ دەستبەرداری زمانی خۆیان بوونە و لەگەڵ ئەو کۆمەڵانەدا تێکەڵ بوونە و تاکو ئێستا لە ناوچە شاخاوییەکاندا ماونەتەوە.

(المسعودي) هەروەها دەڵێ:

> "هەندێکیش پێیان وایە، کە لە (مضر بن نزار) و کوڕانی (کرد بن مرد بن صعصعة بن هوازن) بن و هەر لە کۆنەوە شەڕ و شۆڕ و خوێن کەوتووەتە نێوان ئەمان و (غسان)، هەندێکی تریش وای بۆ دەچن، کە لە (ربیعة و مضر) بن و بە دوای ئاو و لەوەڕگە بۆ

ئاژەڵەکانیان، ڕوویان لە چیاکان کردووە و وازیان لە زمانی عەرەبی هێناوە و زمانی نەتەوەکانی دراوسێیان وەرگرتووە".

ئەمەش ئاماژەیەکی جوانە لە (المسعودي)یەوە، کە بەڵگەی فرەوانیی ئاسۆی زانیارییەکان و بە ناخدا شۆڕبوونەوەی بابەتەکەیە، کە لە ڕاستیدا چیاکان، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بوونەتە لانەی ئەو کەسانەی بارودۆخیان لە ناوچە دەشتاییەکاندا ئاڵۆز دەبێت و پەنایان بۆ دەبەن، جا چ بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا یا هێرشەکانی نەتەوە بەهێزەکان بێت... هتد.

سەبارەت بە ڕەچەڵەکی کورد لە گێڕانەوەیەکی تری (المسعودي)دا هاتووە:

"هەندێک دەیانبەنەوە سەر کەنیزەکانی سلێمانی کوڕی داوود (سلاوی خوای لێ بێ)، کاتێ موڵک و ماڵی دزرا و ئەو شەیتانەی بە (گیان) ناسراوە کەوتە سەر کەنیزە دووڕووەکانی و، کاتێکیش خواوەند موڵک و ماڵەکەی سلێمانی دایەوە، کەنیزە سکپڕەکان منداڵیان لە شەیتان بوو، گوتی: لێرە دەریان بکەن بەرەو چیا و دۆڵەکان ڕەوانیان بکەن، دایکان منداڵەکانیان پەروەردە کرد، ئەوانیش لەناو خۆیاندا جووت بوون و زاوزێیان کرد. ئەمە سەرەتای ڕەچەڵەکی کوردانە".

پشت بەم گێڕانەوەیە نابەسترێ، چونکە لەسەر بنەوا و دەقێکی زانستی دانەمەزراوە و پشت بە لۆجیکێکی دروست نابەستێت.

هەر سەبارەت بە ڕەچەڵەکی کورد، (المسعودي)، بۆچوونێکی تری هەیە و دەڵێ:

"هەندێکیش وای دەبینن، زوحاکی دەم گەورە، کە فارس و عەرەب ململانێیان لەسەر کردووە و هەردوولایان دەیبەنەوە سەر خۆیان، دوو ماری لەسەر شان ڕواوە و خۆراکیان مێشکی خەڵک بووە، خەڵکێکی زۆری فارسی لەناو بردووە، کۆمەڵێکی زۆر بە سەرۆکایەتیی ئەفریدوون بۆ شەڕکردن لەگەڵیدا کۆ بوونەتەوە و ئالایەکی لە پێست دروستکراویان هەڵگرتووە، کە فارس پێی دەڵێن: دەرفەش کاوان یان دەرفەش کاسان و، ئەفریدوون زوحاکی لە شاخی دنباوەند قۆڵبەست کردووە. هەموو ڕۆژێک وەزیرەکەی زوحاک بەرانێک و پیاوێکی سەر دەبڕی و مێشکی هەردووکیانی تێکەڵ دەکرد و دەرخواردی ئەو جووتە مارەی سەر شانی زوحاکی دەدا. هەندێکیان هەڵاتن و ڕوویان لە چیاکان کرد، ئاوارەی ئەوێ بوون و هەر لە شاخدا زاوزێیان کردووە و، ئەوان سەرەتای کوردن و ئەمان لەوان بوونەتەوە و بەرەباب و لق و پۆیان لێ بووەتەوە".[١٥]

ئەمەش گێڕانەوەیەکی ئەفسانەییە و لەم توێژینەوەیەماندا پشتی پێ نابەستین و هەر بۆ خۆشی باسمان کردووە.

(المسعودي) هەروەها دەڵێ[١٦]:

" ئەوانەی لەبارەی کوردەوە گوتوومانن ڕاستترین و باوترین لەبارەی ڕەچەڵەکیانەوە، ئەوان لە کوڕانی (ربیعة ابن نزار)ن، جۆرێکی تری کوردان لە (شوهجان)ی ناوچەکانی نێوان کووفە و بەسرەن، کە وڵاتی (دینور) و (همزان)ە و، نکووڵی لەوە ناکرێ، کە لە کوڕانی (ربیعة بن نزار بن معد و الماجروان)ن، ئەوانیش لە (کنکۆ)ی وڵاتی (ئازەربایجان و هلبانیە و سراە)ن و ئەو ناوچە شاخاوییانەی (شادنجان و لزبە و مادنجان و مزدنکان و بارسان و الخالیە و جابارقیە و جاوانیە و مستکان) لەخۆ دەگرێ و، دەبابلە و ئەوانی تر کە هاتنە وڵاتی شام، لە (مضر بن نزار)ن. یەعقووبی و جورقانەکانیش، کە لە مووسڵ بەولاوە تا دەگاتە چیای جودی نیشتەجێن، هەر لەوانن".

ئەمەش ئاماژەیەکی وردە بۆ ئەوەی کە زۆرینەی کورد موسڵمانن لەگەڵ کەمینەیەکی کریستیان کە ئێستا لە ناوچەکانی زاخۆ و دهۆک و ئاکرێدا نیشتەجێن، ڕێک وەک ئەوەی (المسعودي) دیاری کردووە، دووپاتی دەکاتەوە، کە ئەو ڕایەی دەڵێ کورد لە کوڕانی (ربیعة بن نزار) بوونەتەوە، ڕاستترین بۆچوونە. جا لەبەرئەوەی (ربیعە) لە کۆمەڵەی دەریای سپیی ناوەڕاستە، کەواتە ڕەچەڵەکی کورد لەم ڕەگەزەیە و ئەمە لەگەڵ تۆژینەوە نوێیەکانی ئینترۆپۆلۆجیاشدا تێک دەکاتەوە، کە دەڵێن: کورد لە کۆمەڵەی دەریای سپیی ناوەڕاستن و لە دوای بەجێهێشتنی نیشتمانی بنەڕەتیی خۆیان، لەگەڵ کۆمەڵانی ئەرمەن و ئێرانییەکان تێکەڵ بوونە و، ئاکارە ڕەگەزییەکانیان وەرگرتوون.

(شمس الدين أبي عبدالله الانصاري الدمشقي) ناسراو بە (شيخ الربوه) دەڵێ[١٧]: "لەو ئەوانەی دراونەتە پاڵ عەرەب، کوردەکانن، وەک پسپۆڕان بۆی چوون".

دەتوانین تا ڕادەیەک پشت بە بۆچوونەکانی (المسعودي) و (شيخ الربوه) و ئەوانی تر ببەستین، کە لەبارەی کوردەوە تۆماریان کردووە، چونکە پێشان وەک ئێستا نەبوو، ئەوکات هیچ کێشەیەک لە نێوان عەرەب و کورددا نەبووە و بابەتەکە بۆ ئەوان تەنیا تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی بووە.

لە لاپەڕەکانی پێشوودا گفتوگۆمان لەبارەی بۆچوونە کۆنەکانمانەوە، سەبارەت بە ڕەچەڵەک و زمانی کورد کرد و، لە ئاکامدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە کورد نەتەوەیەکن بەرەو شاخەکان هەڵکشاون و ناوەڕۆکی ئەفسانەکانیان و گوتەکانی (المسعودي) ئەوە دەردەخەن کە کورد بە زمانێکی تر دواون، پاشان دەستبەرداری ئەو زمانە بوونە و زمانی کوردیی ئێستایان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە، کە سەر بە کۆمەڵەی هیندۆ - ئەورووپاییە. لە لاپەڕەکانی داهاتووشدا بۆچوونە نوێیەکان دەخەینە ڕوو.

## بۆچوونە نوێیەکان لەمەڕ ڕەچەڵەکی کورد و گەشەکردنیان

بۆچوونە کۆنەکانمان لەسەر بنەوا کۆمەڵایەتییەکانی، وەک زمان و شێوازەکانی گوزەرانی کورد،

خسته ڕوو و ئێستاش بۆ ئەوەی ڕای زانست لەم کێشەیەدا بزانین، خۆمان بەو بۆچوونە زانستییە نوێیانە ئاشنا دەکەین، کە لەسەر بنەوای پێوەرەکان Anthropomentry و تۆژینەوەکانی ئینترۆپۆلۆجیا و ئاکارە بۆماوەییەکان داڕێژراون.

د. جاسم محمد الخلف دەڵێ[18]: "کورد دەگەڕێنەوە سەر ڕەگەزی دەریای ناوەڕاست و چوارشانەیی و دەموچاو پان و سەر گەورەیی، لە نیشانە دیارەکانیانن".

هەروەها دەڵێ:

"کورد سەر بە گەلانی زاگرۆسی نیشتەجێی ناوچەی باشووری دەریاچەی وانن".

ڕەنگە لە بەشی یەکەمی برگەکەدا لەگەڵ دکتۆردا هاوڕا بین، بەڵام بەشی دووەمی بۆچوونەکەی لە ڕووی ئینترپۆلۆجیاوە هیچ ناگەیەنێت، چونکە ڕوون نییە گەلانی زاگرۆس چین و سەر بە چ ڕەگەزێکن؟

(د. محمد السيد غلاب) دەڵێ[19]:

"جزیرە و باکوری عێراق بە بەردەوام پێشوازییان لە کۆچبەرانی هیندۆ – ئەوروپایی دەکرد، کە لە ناوەڕاستی ئاسیاوە هاتبوون و سیفەتی کەژاڵییان هەڵگرتبوو، ئێستا ئەم ناوچەیە نیشتمانی کوردانە کە بنەماڵەی میدییە کۆنەکانن Medes و لە هەزارەی یەکەمی پێش زاینەوە دەرکەوتوون و سیفەتی کەژاڵییان تێدایە، بە زمانێکی هیندۆ – ئەوروپایی دەدوێن و ناوچەکانی سنوورە هاوبەشەکانی نێوان عێراق و ئێران و تورکیایان داگیر کردووە".

(غلاب) لە لاپەڕەیەکی تردا هەروەها دەڵێ:

"کورد سەر بە بنەماڵەی میدییە کۆنەکانن Medes کە لە هەزارەی یەکەمی پێش زاین دەرکەوتوون و کەژاڵ سیفەتن و بە زمانی هیندۆ – ئەوروپایی دەدوێن"[20].

لەم بۆچوونانەی دوکتۆر غلاب، چەند پرسیارێکمان لەلا دروست دەبێ، بەوەی ئاخۆ مەبەستی لە جزیرە کوێیە؟ تۆ بڵێی مەبەستی ئەو ناوچەیە بێت کە دەکەوێتە باکوری هێڵی فەلووجە– تکریت، کە لە کۆندا (ئاشوور)یان پێ دەگوت؟ ئەگەر مەبەستی ئەوە بێت، ئەدی شەپۆلە مرۆییەکانی تر کامانەن، کە کاریان کردە سەر باکوری عێراق و، ئەو شەپۆلە زۆرانە کامانەن کە لە ناوەڕاستی ئاسیاوە بەرەو جزیرە و باکوری عێراق هاتوون؟ عێراق بە بەردەوام پێشوازیی ئەو شەپۆلە مرۆییانەی کردووە کە لە نیمچە دوورگەی عەرەبییەوە هاتوون، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ، کە ڕێگەی لەو شەپۆلە نامۆیانە گرتبێ کە توخمی کەژاڵییان هەڵگرتووە، وەک کاشییەکان و هەندێک کۆمەڵەی حیسییەکان، بۆیە ئەوەندەش پشت بەم بۆچوونانەی دوکتۆر غلاب نابەستین.

هەرچی کوون Coonـە وای دەبینێ[21]:

"کورد بەژن درێژن و بە زمانێکی هیندۆ – ئەوروپایی دەدوێن، کەللەسەریان شێوە

لاکێشەییە و بەژنیان لە نێوان ١٦٨-١٧٠سم و ڕێژەی کەللەیان لە نێوان ٧٧ و ٧٨ و سەریان درێژکۆڵەیە، گەنم ڕەنگن و کەمێکیشیان کەژاڵن، لووتیان یان درێژە یان چەماوەیە. پێ دەچێت ئەوان تێکەڵەیەکی نێوان ئێرانییە - ئەفغانییەکان و شوانکارە ئێرانییەکان بن و کەللەسەری هەندێکیان لە درێژکۆڵەوە گۆڕاوە بۆ پان، بە شێوەیەک کە ڕێژەی کەللەسەری کوردانی کەرکووک ٨٢ـە و بەژنیان ١٧٠سم درێژە و ڕێژەی ڕوویان ٩٣یە و ڕێژەی لووتیان ٦٠ـە".

ڕیپلەی دەڵێ[٢٢]:

"هەندێک لەو بڕوایەدان، کورد ڕەچەڵەکیان میدی بێت، بەڵام ڕاستترین بۆچوون بۆ ڕەچەڵەکی ئەوان کلدانییە[٢٣] They are the descendants of the Chaldeans ڕەنگی پێستیان تۆخە و چاویان ڕەنگاوڕەنگە، ڕەنگی ئافرەتانیان تۆخترە. لووتیان ڕاستە یا چەماوە و، سەریان درێژکۆڵەیە و ڕێژەی سەریان ٧٨,٥ـە و بەژنیان مامناوەندی و ناڕێکە".

ڕیپلەی، لەم دەقەیدا، مەبەستی ئەوەیە بڵێ کورد لە کۆمەڵەی دەریای ناوەڕاستن و بەوە دەناسرێنەوە، کە سەریان درێژکۆڵەیە و بەژنیان مامناوەندی و ئەسمەر و لووتیان کەمێک دیار و ڕاستە، هەندێک جاریش چەماوەن، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە لەگەڵ ئەرمەنەکانی دراوسێیان تێکەڵ بوونە.

هەروەها دەڵێ:

"وشەی کورد Kurd مانای نایاب excellent دەبەخشێ، بە تورکیش بەواتەی گورگ wolf دێ".

فیشەر fisher بە شێوازێکی زانستییانە باسی بابەتی کورد و ڕەچەڵەک و ئاکارە ڕەگەزییەکانیانی کردووە و، ڕاستگۆیانە بۆچوونەکانی خۆی خستووەتە ڕوو[٢٤] و وای دەبینێ کە کورد لە نێزیکەی ٢٤٠٠ ساڵی پێش زاین لە ناوچەکانی ئێستایاندا نیشتەجێ بوونە[٢٥] و دەڵێ:

"ئێستا تورکەکان بە کورد دەڵێن تورکی چیایی Mountain turks، چوارشانە و ڕەنگ تێرن، تێکڕای ڕێژەی کەللەسەریشیان ٧٨ـە، واتە لە ڕەگەزی ئێرانییەوە نێزیکن، ڕاستترە بڵێین: ئەوان تێکەڵەیەکی نێوان ڕەگەزی دەریای ناوەڕاست و ئەرمەنن و، جیاوازییەکی زۆر لە تێکڕای ڕێژەکانی کەللەسەریاندا هەیە".

بۆچوونێکی تر هەیە، دەڵێ: ڕووخساری کورد دەچێتەوە سەر نۆردی (باکورییەکان)، لەمەشەوە دەگەینە ئەوەی کوردی ئێستا هیچ پێوەندییەکی بە کەسێتیی تورکیاییەوە نییە و لە شوێنی خۆیان گوازراونەتەوە و ناوی تورکەکانی چیایان لێیان ناوە و بە ڕەگەز ئێرانین. ڕەگەزی ئێرانی چییە؟ هیچ ڕەگەزێک بە ناوی ڕەگەزی ئێرانییەوە نییە و لە بنەڕەتدا کۆمەڵەی دەریای ناوەڕاستن و

کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی کۆمەڵەکانی ئاری و زمان و ناویانیان بەسەردا سەپێنراوە، بەڵام بەشێکی زۆریان ئاکارەکانی دەریای ناوەڕاستیان پاراستووە.

لە ڕاستیدا فیشەر گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە بڵێ کورد سەر بە کۆمەڵەی دەریای ناوەڕاستی تێکەڵ بە ئەرمەنەکانن، بە حوکمی نێزیکیی ناوچەکانیان لە یەکتری. ئەمەش ئەنجامێکی ڕاستە و هەروەک لە دواییدا بۆمان دەردەکەوێ، کە ئەو ئاکارانە تەواو بەسەر ڕەگەزی کورد و ئاکارەکانی ئینترۆپۆلۆجیای بۆماوەییدا دەسەپێ، کە کوردیان پێ دەناسرێتەوە.

هادن Haddonیش بەم شێوەیە وەسپی کوردی کردووە[٢٦]: "کوردانی ڕۆئاوا سەر درێژکۆڵەن Dolichocephalic و نیواونیویان چاوشین و سەر گەورەن، ڕێژەی ئەوانەی تێکەڵ بە تورک و ئەرمەن بوونە زیاترن. خۆرهەڵاتییەکانیان سەرپان Brachycephalic و ئەسمەرن".

بوکستن[٢٧] Buxton تۆژینەوەیەکی وردی لەسەر کورد کردووە و پشتی بە پێوەر و ئاکارە بۆماوەییەکان بەستووە و لە لێکۆڵینەوەکەیدا هاتووە:

> "پیک Peake لەو بڕوایەدایە کە لە ٢٠٠٠ساڵی پێش زایندا لە باکوری ڕۆئاواوە شەپۆلێکی مرۆیی هاتوون و خەڵکەکەی بە سەرە درێژکۆلانەکانیان دەناسرێنەوە و زۆر لە کوردانی ئێستا دەچن (باکورییەکانیان) و لەمەدا لەگەڵ ڤۆن لوشان Von Lus-chanدا هاوڕایە کە وای دەبینێ، کورد ڕەگەزی نۆردی (باکوری) دەنوێنن و هەرچەندە ئامارەکان کەمن، بەڵام ئەوە ڕوون بووەتەوە، کە ئەوان زۆر تێکەڵن و هیچ ڕێککەوتنێکیان نییە They are proloably a very heterogeneous people".

هەروەها شانتەر Chantre تۆژینەوەی لەبارەی کوردەوە کردووە و ئاماژەی بەوە کردووە، کە ئەم سیفەتانەیان تێدایە:

> "دەموچاوی باریک و ڕیشێکی دڕیان هەیە و نێزیکەی ٦٠٪یان کەللە مامناوەندین و بەپێی ئەو ناوچانەی تێیدا دەژین، جیاوازییەکی زۆریان لە نێواندا هەیە. ئەوانەی لە تەنیشت ئەرمینیا دەژین، سەر پانن، کەچی ئەوانەی لەگەڵ فارس و عەرەبدا تێکەڵ بوونە، سەر درێژکۆڵانەن".

The kurds show enormous variation in relation to the different localities whereas those in the nighbourhood of Armenia are brachycephalic (broad headed) while those who have had contact with the arabs Doliehocephals (long headed)[28]

ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ جیاوازیی کوردان و، ئاکاری ئەو کۆمەڵانەیان هەڵگرتووە، کە بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵیاندا ژیاون و دراوسێیان بوونە، بۆیە سیفەتە ڕەگەزییەکانیان زۆر لە یەکتر دەچن.

هێنری فیلد Henre Field هاتووەتە عێراق و لێکۆڵینەوەکانی لەسەر دانیشتوانی عێراق ئەنجام داوە و پێوەرەکانی لە ژمارەیەکی زۆری عەرەب و کورد و تورکمان و صابئی و جوولەکان... هتد،

وەرگرتووە و پوختەی تۆژینەوەکانی لەبارەی کوردەوە بەم شێوەیە بوو: "ڕەنگی پێستی کوردان لە پێستی عەرەب کەمتر بە لای ئەسمەریدا دەچێ، بەڵام ناگاتە سپێتیی پێستی ئاشوورییان، قژیان قاوەییەکی تۆخی مەیلەو لۆچ و چڕیی مامناوەندییە، چاویشیان قاوەییەکی تۆخە. لە تۆژینەوەکەدا دەرکەوت کە لە نێوان ٥٩٨ پیاودا تەنیا ١٢، واتە ٢,٠٢٪یان چاویان شینە و ٥٨,٥٪یشیان چاویان تۆخە. لووتیشیان یان ڕاستە یان چەماوەیە و بەژنیان مامناوەندی[٢٩] و سەر پانن".

هەروەها دەڵێ:

"هەندێک بەراوردکاریم لە نێوان شێوەی کەللەسەر و بەژن و باڵا و ڕەنگی چاویان کردووە و بۆم دەرکەوت، کە نێزیکەی ٦٦٪ لە کۆی ئەوانەی پێوەرەکانم وەرگرتبوون، سەر پان و بەژن مامناوەندین" .

هەروەها گرووپی خوێنی ئەو کۆمەڵەیەی وەرگرتبوو و گەیشتە ئەم ئەنجامە*:

| نەتەوە | ژمارە | AB | B | A | O |
|---|---|---|---|---|---|
| کورد | ٧٣٧ | ٤٢,٣ | ٣٠,٩ | ١٦,٧ | ١٠,١ |
| عەرەب | ٣٦٧ | ٣٣,٨ | ٣٥,٧ | ٢٤,٣ | ٦,٢ |

فێڵد هەروەها پێوەری جۆرەوجۆری لە ئەندامانی لەشی مرۆڤ وەرگرتووە، کە لە پۆلینکردنی کۆمەڵە مرۆییەکاندا پشتی پێ دەبەسترێت و، لەگەڵ هۆزی شەممەڕی عەرەبدا بەراوردی کردوون، ئەمەی خوارە ئەنجامەکەیەتی:

| | کورد | عەرەبی | شەممەڕ |
|---|---|---|---|
| ١- بەژن و باڵا | | ١٦٦,١١سم | ١٦٦,٠٥ |
| ٢- ڕێژەی کەللەسەر | | ٧٨,١١ | ٧٣,٩٢ |

کوردانی ڕواندز ٨٣,٥٢

عەرەبە کریستیانەکانی دەشتەکان ٨٣ (بە یەک پلە کەوتوونەتە بەر کاریگەریی ئەرمەنەکان)

٣- ڕێژەی لووت کوردانی زاخۆ ٦٤,٢٤ شەممەڕ ٦٦,٤٦

٤- ڕێژەی رووخسار کوردانی زاخۆ ٨٨,٧٠ شەممەڕ ٩١,٣٥

هەروەها هەمان پێوەری بۆ ئافرەتان وەرگرتووە و ئەنجامەکەی بەم شێوەیە بوو:

| | کورد | شەممەڕ |
|---|---|---|
| بەژن و باڵا | ١٥٢,٧ | ١٥٣,٦٦ |
| ڕێژەی کەللەسەر | ٧٩,٢ | ٧٦,٢٣ |

| | | |
|---|---|---|
| ڕێژەی ڕووخسار | ٨٤,٩٠ | ٨٨,٦٠ |
| ڕێژەی لووت | ٦٨,٨٦ | ٦٨,٦٦ |

لەم پێوەرانەشەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، کە کورد و عەرەب سەر بە یەک کۆمەڵەی ڕەگەزین و کەوتوونەتە بەر هەمان کاریگەری. بۆیە بێجگە لە ڕێژەی کەللەسەر، جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ئەو دوو کۆمەڵەیەدا بەدی ناکەین، چونکە کورد زیاتر لەژێر کاریگەریی ئەرمەنن، بەڵام تێبینی دەکەین کە ڕێژەی کەللەسەری کورد نێزیکە لە ڕێژەی کەللەسەری عەرەبی کریستیانی دەشتەکان، چونکە شوێنی نیشتەجێبوونیان نێزیکن لە یەک و لە کۆنەوە کەوتوونەتە بەر هەمان کاریگەری. بەمەش بۆمان دەردەکەوێت، کە هەردوو کۆمەڵەکە سەریان مەیلەو خڕە.

ئەو بۆچوونە کلاسیکە جۆرەوجۆرانەمان خستە ڕوو، کە لەسەر بنەوا کۆمەڵایەتییەکانی زمان و ژیانی کۆمەڵایەتی دامەزراون، هەروەها ئەوانەشمان خستە ڕوو، کە لەسەر بنەوا زانستییەکانی پێوەری ئەندامەکانی لەش و ئاکارە بۆماوەییەکان دامەزراون، هەروەها تیۆرییە کۆن و نوێیەکانیشمان خستە بەرباس و لێکۆڵینەوە و، بینیمان جیاوازییەکی زۆر لە نێوان تیۆرییەکاندا هەیە. هەندێک لەو تیۆرییانە ڕەچەڵەکی کوردیان بردووەتەوە سەر باکورییەکان (ئاری) و هەندێکیش پێیان وایە بە ڕەچەڵەک ئێرانی بن و کۆمەڵێکی تریشیان دەیاندەنە پاڵ میدییەکان، جا ئاخۆ دەبێ کام لەم تیۆرییانە ڕاست بن و لەگەڵ بارودۆخی کورداندا دەسازێ.

زانایانی ئینترۆپۆلۆجیا لەنێو خۆیاندا لەسەر ئەوە ڕێک کەوتوون، کە سەرلەبەری خەڵکان لە توخمێکی هاوبەشەوە پەیدا بوونە و ئەو جیاوازییانەی لە نێوان کۆمەڵانی خەڵکدا بەدی دەکرێن، لە هۆکارەکانی دابڕان و گواستنەوەی ڕەمەکی و موتوربەکردنی ئەو هۆکارە بۆماوەییانە سەرچاوە دەگرێ، کە بە جینەکان ناسراون، هەروەها ئەو گۆڕانانەی بەسەر پێکهاتەی ئەو جینانەدا هاتوون، لەم ڕێگەیەشەوە کۆمەڵەکان پەیدا بوون، کە لە ڕووی جێگیری و پلەی پەرتبوونیان جیاوازن و بە شێواز و بۆ مەبەستی جیاواز پۆلێن دەکرێن.

لە دیدی بایۆلۆجییەوە، ڕەگەز بەوە پێناسە دەکرێ، کە یەکێکە لە کۆمەڵەکانی دانیشتوان، ئەویش جۆری مرۆڤی عاقڵ Homo Sapiens پێک دێنێ و ئەم کۆمەڵانە دەتوانن لەنێو خۆیاندا زاوزێ بکەن، بەڵام لەبەر بەربەستە جوداکارەکان لە یەکتری جودا کراونەتەوە، کە لە ڕابردوودا بە پلەی جیاواز کاری بۆ جوداکردنەوە کردووە، جیاوازیی دیاریکراوی جەستەیی لە ئاکامی جیاوازیی مێژووی بایۆلۆجییان دەردەکەوێ، بەڵام ئەم جیاوازییانە لە چوارچێوەی بابەتێکدا جۆرەوجۆرن و پێدا برۆ. ڕەگەزی سەرەکیی جۆرەوجۆرمان هەبوو، بەڵام ڕەنگە لەو شوێنەی تێیدا نیشتەجێ بووە و ئاکارەکانی تێدا پێک هاتووە، گوازرابێتەوە بۆ شوێنێکی تر بەهۆی بارودۆخی جیاواز و هۆکاری جۆرەوجۆر، وەک ئەو گۆڕانانەی لە پێشدا باس کران و شەڕەکان و، ئاژەڵانیش بە هەمان شێوە تێکەڵی یەکتری بوونە و جیا لە جیاوازیی ڕەگەزیان، زاوزێ دەکەن و نەوە دەخەنەوە، لە ئاکامدا

ڕەگەزی لاوەکیی تێکەڵمان دەست دەکەوێ و لە کاتی ئێستاماندا هیچ ڕەگەزێکی پوختمان بە مانای بێگەردی نییە.

هەندێک لە کۆمەڵانی خەڵک لە ناوچە شاخاوی و دارستان و زەلکاوەکاندا لاتەریک بوونە و توانیویانە تا ڕادەیەکی زۆر ئاکارەکانی خۆیان بپارێزن.

جوگرافیاناسان ناوچە شاخاوییەکان بە ناوچەی جوداکەرەوە دادەنێن، چونکە لەلایەکەوە چیانشینەکان لە دەشتنشینەکان جودا دەکەنەوە و، لەلایەکی ترەوە هەمان کۆمەڵی چیانشین لە نێوان خۆیاندا لەیەک جودا دەکەنەوە، چونکە ناوچە شاخاوییەکان ئەو سیفەتانە لەخۆ دەگرن، کە لەگەڵ سروشتیاندا دەگونجێ و، لامان ئاشکرایە، کە جیاوازی لە نێوان تاکەکانی یەک کۆمەڵەشدا هەیە Individual Variation و ئەم سیفەتانە لە ناوچە شاخاوییەکاندا چڕ دەبنەوە و سیفەتەکانی چیانشینان لە سیفەتەکانی دەشتاییینشینان ناچێت و بگرە سیفەتەکانی چیانشینێک لە چیانشینێکی تر ناچێت. چیاکان ناوچەگەلی دوورەدەست و لاچەپن، بەهۆی هەژاری و کەمیی زەوی تێیاندا و سنووردارییی داهاتە ئابوورییەکانیان، بۆیە ژمارەیەکی کەمی دانیشتوانیان تێدا دەژی. دانیشتوانی ناوچە شاخاوییەکان بەوە دەناسرێن کە لە پاڵ هەژاریی ژیگەیان، بەژن مامناوەندین، بۆ ئەوەی لە کاتی سەرکەوتنە سەر شاخدا هاوسەنگیی خۆیان بپارێزن، سەرپانن و بەردەوام چاویان لە ناوچە دەشتاییەکانە و هەر کاتێک دەرفەتی هاتنە خوارەوەیان بۆ بڕەخسێ، شۆڕ دەبنەوە.

بێگومان ئەو کوردانەی بابەتی تۆژینەوەکەمانن، کۆمەڵی دەشتەکانن و سیفەتەکانیان لە ناوچە دەشتاییەکانەوە وەرگرتووە و، لەبەر هەر هۆیەک بێت ڕوویان لە ناوچە شاخاوییەکان کردووە.

جا ئەگەر چاو بخشێنینەوە بە پێوەرەکانی کورد و ئەو تیۆرانەی لەبارەی گەشەکردنیانەوە گوتراون، بۆمان دەردەکەوێت، کە کورد لە کۆمەڵەی دەریای ناوەڕاستن و لە ناوچەکانی خۆیانەوە لە نیمچە دوورگەی عەرەب، کە ڕێژەی دابارینی تێدا لە ڕێژەی دابارینی ئێستا پتر بووە[٣٠]، ڕەویان کردووە. پاشان بارودۆخی کەشوهەوا گۆڕاوە و باران ڕووی لە کەمی کردووە و، ناچار کراون بەرەو ئەو ناوچانە بچن، کە ئاو و خۆراکیان تێدا دەست دەکەوێت، ئینجا ئەو شەپۆلانەی دوای ئەوان لە نیمچە دوورگەی عەرەبەوە هاتوون، ئەمانیان بەرەو ناوچە شاخاوییەکانی عێراق و ئێران و تورکیا هەڵکشاندووە. لەوێش کۆمەڵانی تری نۆردی (باکوری)یان پێش خۆیان بینیوەتەوە، کە پێش خۆیان لەوێ نیشتەجێ بوونە و لەگەڵیاندا تێکەڵ بوون و، سیفەتی کەژاڵی و چاوشینی... هتدیان لێ وەرگرتوون.

ئاستی ڕۆشنبیریی ئەو خەڵکانەی پێشتر لەو ناوچانەدا نیشتەجێ بووبوون بەرزتر بوو لە ئاستی ڕۆشنبیریی ئەو خەڵکانەی بە شێوەی شەپۆلی مرۆیی ڕوویان تێ کردوون، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی واز لە زمانی ڕەسەنی خۆیان بێنن و فێری ئەو زمانە بن، کە نیشتەجێ ڕەسەنەکان پێی دەدوان و بەو زمانە نوێیەش دەڵێن هیندۆ- ئەورووپایی. بەمجۆرە، ئێمە لەگەڵ ئەو کەسانەدا

هاوڕا و کۆکین، کە دەڵێن کورد لە کۆمەڵەی دەریای ناوەڕاستن، بەوە دەناسرێنەوە، کە سەر درێژکۆڵە و بەژن مامناوەندی و قژ کاڵ و پێست ئەسمەر و چاو تۆخ و بادەمین، هەروەها لەگەڵ ئەوانەشدا هاوڕاین، کە دەڵێن کورد بێجگە لەو زمانەی ئێستا قسەی پێ دەکەن، زمانێکی تریان هەبووە، ئەمەش لە ئەفسانەکانیاندا دیارە و هەروەک (المسعودي) و ئەوانی تر ئاماژەیان بۆی کردووە، کە کورد لە ژێگە نوێیەکەیاندا تێکەڵی کۆمەڵانی دراوسێیان بوونە. لەگەڵ ئەرمەندا تێکەڵ بوونە و سیفەتی سەرپانی و لووتی درێژ و چەماوەیان لێ وەرگرتوون. لەگەڵ تورکدا تێکەڵ بوونە و سیفەتی سەرپانییان لێ وەرگرتوون و، لەگەڵ عەرەبی عێراقیشدا ژن و ژنخوازییان کردووە و سیفەتەکانی کۆمەڵەی دەریای سپیی ناوەڕاستیان وەرگرتووە. بەم شێوەیە کورد سیفەتی هەموو ئەو کۆمەڵانەی تێدایە کە لەگەڵیاندا ژیاون، هەروەها بەهۆی تێکەڵاوییان هەندێ وشەی عەرەبی و تورکی تێکەڵی زمانەکەیان بووە[٣١].

جا ئەگەر ئەم ڕاستییانە، کە لەسەر بنەوایەکی زانستی دامەزراون و ناهەقییان تێدا نەکراوە، بۆ یەکێکیان بگێڕیتەوە، پێت دەڵێ: ڕەنگە وابێ، بەڵام هەستە نەتەوایەتییەکەی کوردانە وای کردووە وای بۆ بچن، کە کۆمەڵێکی سەربەخۆن و هەن و لە هیچ کۆمەڵێک نەبوونەتەوە!

ئێمەش لەگەڵیداین، بەڵام بەم شێوەیە وەڵامی دەدەینەوە: ئاخۆ عەرەب و کورد بەیەکەوە بۆ ماوەیەکی زۆر لەم ناوچەیەدا نەژیاون و، لە خۆشی و ناخۆشییەکاندا بەشدار نەبوون، خەباتیان لە پێناو بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلامدا نەکردووە و، شان بەشانی عەرەب بە ڕابەرایەتیی سەلاحەدینی ئەیووبی لە شەڕێکی دژواردا ڕووبەڕووی خاچپەرستان نەبوونەتەوە بۆ وەدەرنانیان لە قودس و، بە خوێنی خۆیان مێژووی نەتەوەکەیان تۆمار نەکردووە، ئێستا بۆچی جودا دەبنەوە و، لە بەرژەوەندیی کێ؟ ئاخۆ هیچ بەرژەوەندییەکی نیشتمانی و نەتەوەیی لە ئارادا هەیە*، یا بەرژەوەندیی تاکەکەسییە و لە پێناو جێبەجێکردنی ئەو بەرژەوەندییەدا کار دەکات؟ یا پلانێکە و داگیرکەر نەخشەی بۆ کێشاوە و لەلایەن کەسانێک جێبەجێ دەکرێ، کە بانگەشە بۆ بەرژەوەندیی نیشتمانی و نەتەوەیی دەکەن؟!

## سەرژمێریی کوردان

خەمڵاندنی جۆرەوجۆر و جیاواز بۆ سەرژمێریی کوردان دانراوە و، لە ڕاستیشدا لەبەر هۆکاری سیاسی و هۆزگەری، زۆر زەحمەتە ئامارێکی گشتیی دروستی کوردانمان دەست بکەوێت، بەڵام لە عێراق و تا ڕادەیەکیش لە ئێران ئامارێکی وردمان دەست دەکەوێت.**

بە شێوەیەکی سەرەکی، کورد لە سێ وڵاتی تورکیا، ئێران، عێراقدا دەژین لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لە سووریا و ژمارەیەکی کەمتریش لە ڕووسیا و، گرینگترین ئەو خەمڵاندنانەی لەبارەی سەرژمێریی کوردانەوە دانراون ئەمانەی خوارەوەن:

١- خەملاندنەکانی کۆمەڵەی گەلان بۆ ساڵی ١٩٢٥:

| ناوی وڵات | ژمارەی دانیشتوانی کورد |
|---|---|
| تورکیا | ٢ ٠٠٠ ٠٠٠ |
| ئێران | ٧٠٠ ٠٠٠ |
| عێراق | ٥٠٠ ٠٠٠ |
| کۆی گشتی | ٣٢٠٠٠٠٠ |

٢- خەملاندنی ئیدمۆند***

| ناوی وڵات | ژمارەی دانیشتوانی کورد |
|---|---|
| تورکیا | ٢ ٠٠٠ ٠٠٠ |
| ئێران | ١١٠٠٠٠٠ |
| عێراق | ٩٠٠٠٠٠ |
| دەرەوەی کوردستان | ٥٠٠٠٠٠ |
| کۆی گشتی | ٤٥٠٠٠٠٠ |

٣- خەملاندنی نیکیتین

| ناوی وڵات | ژمارەی دانیشتوانی کورد |
|---|---|
| تورکیا | ٢٩٨٧٠٠٠ |
| ئێران | ١٣٠٠٠٠٠ |
| عێراق | ٧٤٩٠٠٠ |
| سووریا | ٢٨٩٤٩٠ |
| ئەرمینیا | ٦٠٠٠٠ |
| کۆی گشتی | ٥٣٨٥٤٩٠ |

٤- خەملاندنی محەمەد ئەمین زەکی

| ناوی وڵات | ژمارەی دانیشتوانی کورد |
|---|---|
| تورکیا | ١٥٠٠٠٠٠ |
| ئێران | ٢٠٠٠٠٠٠ |
| عێراق | ٦٠٠٠٠٠ |
| سووریا و ڕووسیا | ٢٣٠٠٠٠ |
| پاکستان و بەلوچستان | ٣٥٠٠٠٠ |

| | |
|---|---|
| کۆی گشتی | ٤٦٨٠٠٠٠ |

٥- خەملاندنی سەلاحەدین محەمەد سەعدوڵڵا[٣٢]

| ناوی وڵات | ژمارەی دانیشتوانی کورد |
|---|---|
| تورکیا | ٤٠٠٠٠٠٠ |
| ئێران | ٢٥٠٠٠٠٠ |
| عێراق | ١٥٠٠٠٠٠ |
| سووریا | ٤٠٠٠٠٠ |
| یەکەتیی سۆڤیەت | ١٠٠٠٠٠ |
| کۆی گشتی | ٨٥٠٠٠٠٠ |

٦- خەملاندنەکانی کۆمەڵەی خۆییبوون

| ناوی وڵات | ژمارەی دانیشتوانی کورد |
|---|---|
| تورکیا | ٤٠٠٠٠٠٠ |
| ئێران | ٣٠٠٠٠٠٠ |
| عێراق | ١٢٠٠٠٠٠ |
| کۆی گشتی | ٨٢٠٠٠٠٠ |

٧- خەملاندنەکانی فیشەر Fisher

| ناوی وڵات | ژمارەی دانیشتوانی کورد |
|---|---|
| تورکیا | ١٢٥٠٠٠٠ |
| عێراق | ٤٩٤٠٠٠ |
| ئێران | ٧٠٠٠٠٠ |
| بەلوچستان | ٣٥٠٠٠٠ |
| قەوقازیا | ١٢٥٠٠٠ |
| سووریا | ١٠٠٠٠٠ |
| ئەفغانستان | ٢٠٠٠٠ |
| کۆی گشتی | ٣٠٣٩٠٠٠ |

٨- خەمڵاندنەکانی محمود الدره[٣٣]

| ناوی وڵات | ژمارەی دانیشتوانی کورد |
| --- | --- |
| تورکیا | ٢٦٤٠٠٠٠ |
| ئێران | ١٧٦٠٠٠٠ |
| عێراق | ١٠٥٠٠٠٠ |
| یەکێتیی سۆڤیەت و سووریا | ٢٧٥٠٠٠ |
| کۆی گشتی | ٥٧٢٠٠٠ |

ژمارەی دانیشتوانی کورد لە عێراق بەپێی سەرژمێریی ١٩٦٨ نێزیکەی ١٠٩٤٢٧٦ کەس بوون، کە لە سەر ڕووبەرێکی ٢٥٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەدا دەژین، واتە ١١.٥٪ی* ڕووبەری گشتیی عێراق، کە نێزیکەی ٤٤٠٠٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و، ژمارەی دانیشتوانی نێزیکەی ٦٦٣٧٢٢٢ کەسە[٣٤].

بەم شێوەیە تێبینیی جیاوازییەکی گەورە دەکەین لە نێوان خەمڵاندنەکانی ژمارەی کوردان، کە ڕەنگە هۆیەکەی لە هەندێکیان بگەڕێتەوە بۆ زێدەڕۆییکردن لە دیاریکردنی ژمارەیان، بەهۆی ئەو دەمارگیرییەی لەسەر هیچ بنەوایەکی زانستی دانەمەزراوە، هەروەکو لە خەمڵاندنەکەی سەلاحەدین محەمەد سەعدوڵلادا بینیمان. یانیش لەبەرئەوەیە کە ژمارەیەک لە کوردان خەریکی شوانکارین و ڕەوەندن و بەردەوام جێی خۆیان دەگۆڕن، هەندێکی تریشیان لەبەر خزمەتی بەخورتیی سەربازی خۆیان لە سەرژمێرییەکان دەدزییەوە، بەڵام بەهەرحاڵ خەمڵاندنی ژمارەی دانیشتوانی کوردی عێراق، خەمڵاندنێکی ڕاست و دروستە، چونکە لەسەر بنچینەیەکی وردی سەرژمێری دامەزراوە.

## ژیانی ئاینیی کورد

کورد لەو کۆمەڵانەن، کە پابەندی ئاینی خۆیانن و، یادکردنەوەی ڕێوڕەسمی ئاینییان لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا پاراستووە. بە گشتیش کورد لەسەر ئەم ئاینانەن:

١- ئیسلام: زۆرینەی کورد موسڵمانن و لە هەموو کۆمەڵانی تر زیاتر پابەندی ئاینەکەیانن و تێی گەیشتوون و لێی قووڵ بوونەتەوە، بەشدارییەکی کاریگەریشیان لە بڵاوکردنەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا کردووە و بەردەوام و ئێستاشی لەگەڵدا بێت لەوپەڕی ئامادەسازیدان لە پێناو ئاینی ئیسلامدا بجەنگن و، کەسانی وایان لێ هەڵکەوتووە، کە پلە و پایەیەکی بڵندی لەنێو زانیار و شرۆڤەکارانی ئیسلامدا بەدەست هێناوە، هەندێکیشیان لە گێڕانەوەی فەرموودەکاندا دەرکەوتوون، ژمارەیەکیشیان لە سۆفیگەریدا بوونەتە خودان ڕێباز. بۆ کوردان،

ئاین بەهێزترین ئاراستەکارێکە بۆ ژیانیان و ئەگەر لە یەکێکیان بپرسی: تۆ چیت؟* وەڵامت دەداتەوە و دەڵێ: سوپاس بۆ خوا موسڵمانم.

بەو گیان و شێوەیە پابەندبوونە بە ئاینی پیرۆز، عەرەب و کوردی برای، وشەکانی سەرکەوتنی ئاینی ئیسلامیان بە خوێنی خۆیان وەک بینایەکی پتەو نووسیوە و پشتی یەکتریان گرتووە، ڕێک هەر وەک ئەو جەستەیەی ئەگەر ئەندامێکی ئازاری پێ بگا، ئەندامانی تری جەستەی تا دای دەگرێ و شەونخوونیی بۆ دەکا**، ئیسلام هەرگیز دەستبەرداری برای موسڵمانی نابێ، چ جای ئەوەی کە جیهانی ئیسلامی بە تەنگژەیەکی گەورەدا تێپەڕ ببێ، مەبەستم کێشەی فەلەستینە و ملیۆن و چارەکێکیان لە گوندەکانی خۆیان ئاوارە و دەربەدەر کراون. ئا لێرەدا جیهاد پێویست دەبێ و پێویستە هەموو ڕق و کینەکان، ئەگەر هەبن، ژێر خاکیان بخەین و هەموو بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانیش وەلا بنێین، خوێنی یەکتری نەڕژێنین و دەست لەناو دەست بین بۆ دامەزراندنی قەوارەی ئەم نەتەوە و نیشتمانە خۆشەویستەی هەموومان بەرگریمان لێ کردووە.

لەنێو کورددا بنەماڵەی ئاینیی وەک بنەماڵەی نەقشبەندییەکان، شێخ جامی، شێخ نووری بریفکانی و، قادرییەکان... هتد، هەڵکەوتوون.

لێرەدا پێویستە بپرسین: ئاخۆ خوێن ڕشتن ڕاستە؟*** خواش دەفەرمووێ: "ومن قتل مؤمنا متعمدا فجزاؤه جهنم خالداً فيها" صدق الله العظيم

(واتە: هەر کەسێک بڕوادارێکی بە دەستی ئەنقەست کوشت، سزاکەی دۆزەخی هەتاهەتاییە)

ئەم خوێنە لە بەرژەوەندیی کێدا دێتە ڕژاندن؟

٢- کریستیان: لە سەدەی پێنجەمی زاینی، ئاینی کریستیانی لە کوردستاندا سەری هەڵدا و بەشێک لە کورد، چوونە سەر ئەم ئاینە نوێیە و کڵێسا و پەرستگەیان هەبوو، تا ئێستاش هەندێک لەو کوردانە هەر لەسەر ئەم ئاینە ماونەتەوە، هەروەک ئەوانەی لە هەندێک شارۆکەکانی مووسڵ و سلێمانیدا نیشتەجێن.

هەندێکی تریان ئاینی جوولەکاتییان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە و ئێزدییەکانیش، کە سەرکردەکانیان دووپاتی دەکەنەوە عەرەبن**** جۆرێکی تری ئاینی کوردانن.

## زمانی کوردی

ئەو زمانەی ئێستا کورد قسەی پێ دەکا، سەر بە کۆمەڵەی هیندۆ- ئەورووپایی (ئاری)یە و ئەم کۆمەڵە زمانەوانییە ژمارەیەکی زۆری زمانە جۆرەوجۆرەکانی لەخۆ گرتووە، کە لە سەرتاپای دنیادا بڵاو بوونەتەوە و، دەکرێتە دوو بەش: بەشی باکور، کە مەبەست لە زمانە ئەورووپاییەکانی فرەنسایی و ئیسپانیایی و ئینگلیزی... هتد و، بەشی باشوور، کە زمانەکانی باشووری ئاسیای وەک هیندی و فارسی و ئەرمەنی دەگرێتەوە. هەندێک لەو بڕوایەدان کە سەرچاوەی ئەم زمانە

ئاسیای ناوەڕاست بێت، هەندێکیش دەڵێن: لە ئەورووپا سەری هەڵداوە و، پاشان بڵاو بووەتەوە و ئەم زمانانەی لێ بووەتەوە:

زمانی هیندی و ئێرانی: سنسکریتی، هیندیی نوێ، فارسی، پەهلەوی، کوردی، ئەفغانی... هتد، بەڵام لەبەرئەوەی کورد دراوسێی عەرەب و تورک و فارس بوون، چەند وشەیەکی ئەم سێ زمانە تێکەڵ بە زمانەکەیان بووە.

هەروەکو لە پێشدا باسمان کرد، چیاکان دەبنە هۆی لێک جوداکردنەوەی چیانشینان و دەشتنشینان و هەروەها چیانشینانیش لەناو خۆیاندا، بۆیە شێوەزاری هەمەجۆری لێ بووەتەوە، بەڕادەیەک کە بە زەحمەت هەندێکیان لە هەندێکی تریان دەگەن. ئەمەش شتێکی ئاساییە لە دیدگەی جوگرافیاوە، بەڵام هێشتا بنچینە گشتییە هاوبەشەکانیان ماون لە پێکهێنانی ڕێزمان و بێژە. هەندێکیش لەو بڕوایەدان، کە نەتەوەی کورد دەکرێنە چوار بەشەوە، کە پێکهاتوون لە: کرمانج، لوڕ، کەلهوڕ و، گۆران.

هەموو ئەم کۆمەڵانەش شێوەزاری تایبەت بە خۆیان هەیە و، گرینگترین ئەو شێوەزارەی ئێستا لە عێراق باون، ئەمانەن:

ا- سۆرانی، کە دانیشتوانی ڕۆهەڵاتی زێی گەورە تا دەگاتە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران و ڕووسیا، قسەی پێ دەکەن و، لیواکانی هەولێر، سلێمانی و، کوردانی کەرکووک و شارۆکەی مەندەلیش دەگرێتەوە.

ب- بادینانی، کوردانی مووسڵ و تێکڕای کوردانی تورکیا و سووریا قسەی پێ دەکەن.

جیاوازیی نێوانیشیان لە پێکهاتەی وشەکان و درکاندنیانە، ئەمانەش چەند نموونەیەکن*****:

| عەرەبی | سۆرانی | بادینانی |
|---|---|---|
| لا اعرف | نازانم | نزانم، نوزانم |
| التفاح | سێو | سێڤ |
| الشعیر | جۆ | جەهـ |
| رجل | مێرد | مێر |

## بزاوی ئەم دواییەی کورد

دوای لێکدانەوەی لایەنە جۆرەوجۆرەکانی ئینترۆپۆلۆجیا و زمانەوانی، کاتی ئەوە هاتووە باسی بزاوی ئەم دواییەی کوردان بکەین، جا بۆ ئەوەی تۆژینەوەیەکی تێروتەسەلی لێ بێتە ئەنجام، پێویستە وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەینەوە:

١- پاڵنەرە ڕاستەقینەکانی بزاوەکە.

٢- له بەرژەوەندیی کێدا خوێن دێته ڕژاندن.

٣- خواستەکانی کورد.

٤- هەڵوێستی حکوومەتی نیشتمانی.

یەکەم: پاڵنەرە ڕاستەقینەکانی بزاوەکە: پێگەی جوگرافیایی ستراتیجیی عێراق، کە کەوتووەتە نێوان هەرسێ پارزەوینە کۆنەکە و دەوڵەمەندیی بە سەرچاوەکانی ئاو و بەپیتیی خاکەکەی و هەبوونی سامانی ئاژەڵی و کانزاکان، هۆکارگەلێک بوون بۆ چاوتێبڕینی هێزە داگیرکەرە جۆرەوجۆرەکان و هەر سەرکردەیەکی سەرکەوتوو لە شەڕەکانی تر، پێی وابوو، کاتێک کە دەگاتە عێراق و دەیخاتە ژێر ڕکێفی خۆی، ئەوا تاجی سەرکەوتنەکانی لەسەر ناوە.

عێراق بە دەروازەی ڕۆهەڵاتی نیشتمانی عەرەب دادەنرێت، بۆیە بارگرانییەکی زۆری دەکەوێتە ئەستۆ، بۆ بەرگریکردن لەو دەروازەیە و ڕێگری لە دزەکردنی هەر هێزێکی نامۆ، کە لە ئاسیاوە دێن و هەوڵی داگیرکردنی دەدەن. توانا مرۆیی و ئابوورییەکانیشی یارمەتیدەرن بۆ ئەم ڕۆڵبینینەی عێراق لە بەرگریکردن لە نیشتمانی عەرەب.

عێراق هەروەها سامانێکی نەوتیی دەوڵەمەندی هەیە و بووەتە مایەی چاوتێبڕینی هێزە داگیرکەرەکان و کێبەرکێیان بۆ دەست بەسەرداگرتنی ئەم زێڕە شلە. هەروەها کەنداوی عەرەبیش دەڵەمەندە بەم سامانە و ئەو نەوتەی لە نیشتمانی عەرەبیدا دێتە دەرهێنان، لە پلە دووی بەرهەمهێنانی نەوت دێت لە دنیا و لە ڕووی یەدەکی نەوتیشەوە بە پلە یەک دێت. هەر ئەم سامانە سروشتییەیە سەرنجی وڵاتانی داگیرکەری ڕاکێشاوە و بە هەموو توانایەکیانەوە هەوڵ دەدەن بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەو ناوچەیەدا بپارێزن و ڕووبەڕووی هەر مەترسییەکی دوور و نێزیک دەبنەوە، کە شیمانەی ئەوەی لێ دەکرێت هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی بکات.

ئەم دیوەی نیشتمانی عەرەب، عێراق بە خوشکی گەورەی خۆیان دەزانن، کە هاوکار و ڕزگارکەریانە لە داگیرکەر و هەلپەرستان، کەواتە پێویستە ئەم وڵاتە پارچە پارچە بکرێت و بیانووی جۆرەوجۆر بێنە خولڨاندن بۆ تێکدانی باری جێگیری تا لە بایەخدان بە کاروباری وڵاتانی تری عەرەب دوور بخرێتەوە و ڕێگە لە نۆژەنکردنەوەی وڵاتەکەی بگیرێت و بەربەست لە بەردەم پێشکەوتنەکانی بواری ئابووری بێنە دانان.

داگیرکەری بەریتانیایی، کە باڵی بەسەر ئەم وڵاتەدا کێشا بوو، بەردەوام هەوڵی پارچە پارچەکردنی ئەم خاک و نەتەوەیەی دەدا، چونکە سەقامگیریی وڵاتەکە دەبێتە هۆی لەناوبردنی بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتانەی چاویان لە سامان و خێر و بێری عێراق و نەوتی کەنداوی عەرەب بریوە، بۆیە هەموو ڕێگەیەکی گرتە بەر بۆ هەڵگیرساندنی ئاژاوە لە عێراق و لە دەرەوە و ناوەوە، بەم شێوازانەی خوارەوە هەڕەشەی لە عێراق دەکرد:

١- پێکهێنانی هاوپەیمانیی ناوەندی، کە نەخشە بۆ دوژمنانی ئەم وڵاتە دادەرێژێ و، هانیان

دەدات ئاژاوە بگێڕن و، وا لە ڕۆڵەکانی بکات بەردەوام خەریکی ململانێی نێوان خۆیان بن و نەپەرژێنە خزمەتکردنی وڵاتەکەیان، بۆ جێبەجێکردنی ئەم نەخشەیەش پەنایان بردە بەر پارە و چەک، جا هەر کەسێک هەوڵی تێکدانی باری ئارامیی وڵات بدات، مانای وایە وەک بەکرێگیراوێک ئەو پلانەی لەلایەن داگیرکەرانەوە نەخشەی بۆ کێشراوە، ئەم جێبەجێی دەکات.

٢- دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لەناو دڵی نیشتمانی عەرەب بۆ هەڕەشەکردن یا لەباربردنی هەر بزاوێکی ڕزگاریخوازی لە نیشتمانی عەرەبدا، ئیسرائیلیش ڕۆڵی خۆی بە جوانترین شێوە گێڕا. ڕووداوەکان مەترسیی چاندنی دەوڵەتی ئیسرائیلیان لەناو دڵی نیشتمانی عەرەب سەلماندووە و، کاتێک سعوودیە داوای مێرگی برێمیی کردەوە و هێزەکانی بۆ وەرگرتنەوەی ئەو مێرگە بزواند، دەستبەجێ بەریتانیا بە ئیسرائیلی ڕاگەیاند، داوای کەنداوی عەقەبە بکات و ناوچەکە داگیر بکات، بۆ ئەم مەبەستە دەستی کردە جووڵاندنی هێزەکانی و کەوتنە ڕێ، تا وای لە سعوودیە کرد هێزەکانی خۆی لە ناوچەی برێمی بکێشێتەوە و بەرەو ناوچەی عەقەبەیان ببات.

٣- دەستی بەسەر باشووری عەرەبیدا گرت و کردیە ناوچەیەک بۆ چەکی ئەتۆمی و ناوەندێک بۆ هێزەکانی ئاسمانیی بەریتانیایی، کە لەوێوە باڵەفڕەکانیان هەڵدەفڕێن بۆ لێدانی هەر بزاوێکی ڕزگاریخواز، چ لە نیشتمانی عەرەب بێ یا لە ئەفریقیا.

٤- پەرش و بڵاوکردنەوەی گەلانی ناوەخۆ بەم ڕێگەیانە:

أ- هاندانی ناوچەگەریتیی بەرتەسک، کە دەیانگوت: ئەمە نەجەفی و ئەوە بەسراوی و ئەوی تر بەلداوی و مووسڵاوییە... هتد، بێگومان ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆی پارچە پارچەکردنی هەوڵەکان و خەریککردنی خەڵک بە شتی پڕوپووچ، کە بەهیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندیی گشتیدا نییە، بۆیە پێویستە توانست و دڵسۆزیمان لە پێناو ئەم خاکەدا بکەینە پێشڕەوی خۆمان.

ب- زیندووکردنەوەی بیرۆکەی برایەتیی نەتەوەکان، کە لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووز و بڵاوبوونەوەی شیوعییەت بۆ لەباربردنی یەکەتیی ڕۆڵەکانی یەک وڵات، سەری هەڵدا و، گومانی تێدا نییە، کە پێویستە هەموو هەوڵی ڕۆڵە دڵسۆزەکانی میللەت لە پێناو بەرزکردنەوەی وشە و بنیاتنانی وڵاتدا بێت. هیچ وڵاتێکیش لە دنیادا نییە، کە تەنیا لە یەک نەتەوە پێکهاتبێ، بۆ نموونە سویسرا******، لە ئیتاڵی و فەرەنسایی و ئەڵمان و سویسراییە ڕەسەنەکان پێکهاتووە و پێکەوە دەژین و هاوکاریی نێوانیان بووەتە نموونەی پێکەوەژیان و یەکگرتووییان، جا ئەگەر هەر نەتەوەیەکیان، بۆ نەتەوەکەی خۆی دەمارگیر بێت، ئەم وڵاتە بەم یەکگرتوویییە نەدەمایەوە و پارچە پارچە دەبوو و، سویسرا نەدەگەیشتە ئەم ئاستی پێشکەوتنەی ئێستای، هەروەها میللەتانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش، نەتەوە و ڕەگەزی جیاجیای دنیای تێدا دەژی، کەچی لە دوو شەڕی جیهانیدا سەرکەوت، ئەمەش بەهۆی یەکگرتوویی و لەیەکگەیشتنی

پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە و هاووڵاتییانیەتی، دوور لە جیاوازیی نەتەوە و ئاین و ئاینزا و ڕەگەز، هەست دەکەن ئەم وڵاتە وڵاتی هەموویانە و هەموو ئەمەریکایین، لەژێر دەسەڵاتی یەک یاسا و یەک دەستوور و نەتەوەدا دەژین، کە گەلی ئەمەریکایە. ئەو دەوڵەتانەی کە گەلانی، لە نەتەوە و ڕەگەزی جیاواز پێکهاتوون، بە بێستانێکی پڕ لە درەختی جۆرەوجۆر و گوڵی شێوە و ڕەنگ جیاواز دەچوێنین، کە پێکەوە دیمەنێکی جوان بە ناوچەکە دەدا. بە هەمان شێوە، ئەو گەلانەی لە نەتەوەی جیاواز پێک دێن، ڕەنگە هەریەکەیان هەستێکی جیاوازیان هەبێ، بەڵام پێویستە هەستی گشتی بۆ خاکی وڵات و دڵسۆزی و قوربانی بێت لە پێناو کامەرانیی وڵاتدا.

ت- هاندانی بیرۆکەی تایفەگەریی ئاینی، ئەمە شیعەیە و ئەمە سوننە، جا ئاخۆ چ جیاوازییەک لە نێوان شیعە و سوننەدا هەیە؟

هەردوولایان موسڵمانن و بڕوایان بە یەک خوا و یەک کتێب و یەک پێغەمبەر هەیە و هیچ جیاوازییەکیان لە نێواندا نییە، بەڵام داگیرکەر گەمەکانی تەواو نابن و دەیەوێ لە ڕێگەی جوداکردنەوەیان، لە میللەت و ئاینی ئیسلام بدات، کە هەموو لایەکی لەژێر ئاڵای خۆیدا یەکخستووە، بۆیە پێویستە ئاگەداری ئەم هەوڵە شەڕخوازانەیان ببین، کە مەبەستی لێدانی یەکەتیی نیشتمانی و پارچە پارچەکردنی ڕۆڵەکانی گەلە.

پ- وروژاندنی هەندێک لە کوردەکان: زۆری نەمابوو هۆکارگەلی دووبەرەکی و نەزانی شۆڕشی ١٤ی تەمووز لە ڕۆژانی بەراییدا بەیەکجاری لەناوبەرن، داگیرکەر هەستی کرد خەریکە هەموو ئەو شتانەی بنیاتیانی ناوە و نەخشەی بۆیان کێشاوە، لەدەست دەچن، ئۆقرەی لێ بڕا و دەستی کردە گەڕان بە دوای ڕێگەیەک، کە لەو وڵاتەی پێ بدات و پێوەندیی نێوان ڕۆڵەکانی هەڵوەشێنێتەوە، چونکە یەک دەنگ و یەک دەستیی ڕۆڵەکانی ئەم وڵاتە هەڕەشە لە نەمانی تەماحکارییەکانی دەدا و پاشان لە وڵاتانی دەوروبەریش لە بەرژەوەندییەکانی دەدرێت، بۆیە هەرکە بەشێک لە کورد دەستی بە شۆڕش کرد، پارە و چەکی پێشکێش کردن. نەتەوەپەرستانیش بە هەموو شێوەیەک هاوکاریی ئەم بزاوەیان کرد و خۆراک و جلوبەرگ و چەک و پارەیان پێشکێش کردن و، داگیرکەران و نەتەوەپەرستان بۆ لێدانی ئەم وڵاتە دەستیان خستە ناو دەستی یەکتری. ئاخۆ ئەمە وامان لێ ناکات بیر لە چارەنووسی خۆمان بکەینەوە و هەست بەو پیلانانە بکەین، کە بۆ خۆمان و وڵاتەکەمانیان چنیوە؟

٥- هاندانی کۆچکردنی بیانی بۆ کەنداو و باشووری عەرەبی، وەک یەدەکێک بۆ دواڕۆژێکی ڕەش. ئینگلیزەکان هانی هیندییەکانیان دەدا ڕوو بکەنە عەدەن و ئاسانکاریی بۆ ئێرانییەکان دەکرد بۆ ئەوەی بچنە وڵاتانی عەرەب لە کەنداوی عەرەبی و ڕەگەزنامەی پێیان دا و بە چەک هاوکارییانی کرد، بۆ ئامادەکردن و پشتگیریکردنیان لەو کاتەی عێراق بە جۆرێک بەهێز بێت کە پێگەیەکی باڵای لەنێو وڵاتانی تردا هەبێت و بتوانێ لە ئاست مەترسییەکانی وڵاتانی عەرەبی دراوسێی بێتە دەست و پشتگیرییان بکات، ئەو کات ئەم کۆمەڵانە هاوکاریی داگیرکەر

دەکەن و ڕووبەڕووی بزاوە ڕزگاریخوازەکانی گەلی عەرەب دەبنەوە، پاشان زۆرینەیەکی بیانی پێک دێت و ڕۆڵەکانی وڵات نیشتمانی خۆیان لەدەست دەدەن و ئیسرائیلێکی دووەم دێتە دامەزراندن.

٦- سیخوڕیی ئیسرائیل: سیخوڕیی ئیسرائیلی بەبەراورد لەگەڵ هەر ڕۆڵێکی سیخوڕی لە دنیادا، گلاوترین ڕۆڵی گێڕاوە و زۆر بە چالاکی کاری لە پێناو پارچە پارچەکردنی ڕۆڵەکانی گەلدا کردووە و، هەوڵی لەباربردنی هەر هەوڵێکی داوە کە لە پێناو بنیاتنانی قەوارەی نەتەوە و نیشتماندا درابێت و، بەبێ یەک و دووش بە پارە و چەک و مەشق و ڕاهێنان و پێدانی ئەزموونی سەربازی... هتد، هاوکاریی هەر هەوڵێکی جوداخوازیی کردووە. ئەمەش ئامانجی گەورەی ئسرائیل بەدی دێنێت، چونکە هەروەک هەموومان دەزانین، کە ئیسرائیل دەوڵەتێکی شەڕخوازی ڕەگەزپەرستە و دروشمی: "ئەی ئیسرائیل، سنوورت لە فورات تا نیلە".

٧- هەوڵدان بۆ دروستکردنی بۆشاییەک لەنێوان حکوومەت و گەل، ئەویش بەبڵاوکردنەوەی هەڵبەستراوی دنەدەر و خوڵقاندنی تەنگژەی دروستکراو. تێکدەران تەنگژەی نەبوونی شەکر و چا و ڕۆنیان******* دەقۆستەوە بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگۆی نێوان خەڵک لە پێناو دروستکردنی ئەو بۆشاییەی نێوان حکوومەت و گەل و هەروەها ورووژاندنی نارەزایی و ئاژاوەنانەوەی بەردەوام.

## هەڵوێستی حکوومەتی نیشتمانی لە ئاست کورد و بزاوی کوردیدا

کورد ڕۆڵەی ئەم وڵاتەن و پێش هەزاران ساڵ لەگەڵ برای عەرەبیاندا لەم وڵاتەدا ژیاون و تێکەڵی یەکتری بوونە و، ژن و ژنخوازییان لە نێوان خۆیاندا ئەنجام داوە، بە ڕادەیەک کە هیچ جیاوازییەک لە ڕووی ئینترۆپۆلۆجیاوە لە نێوانیاندا بەدی ناکرێ، بێجگە لە جیاوازیی زمانیان و، کورد موسڵمانن و لە هەموو کەسێک پتر پابەندی ئاینی ئیسلامن و لە هەموو بۆنەیەکدا بەرگرییان لە ئیسلام کردووە و، بە خوێنی خۆیان سەرکەوتنیان بۆی تۆمار کردووە و، بەرگرییان لەم وڵاتە کردووە و ڕووبەڕووی هەموو داگیرکەرێک بوونەتەوە و، لە کوردانی هەموو وڵاتانی دراوسێمان بەختەوەرترن، ئەوەتا لە تورکیا دان بەبوونی کورددا نانرێ و بە تورکی چیایی ناویان دەبەن، لە ئێرانیشدا بارودۆخیان ئیرەیی پێ نابردرێ و، هەژار و نەخوێندەوارن.

لە نامیلکەی کوردانی فەیلی لە مێژوودا، بەم شێوەیە باس لە شەڕەکانیان لەگەڵ ئێراندا دەکرێ[٣٥]: "... باجێکی زۆریان بەسەر دانیشتواندا سەپاندووە و، سوپا دەستدرێژی دەکاتە سەر کچ و ژنیان و، زوڵم و زۆرداری و دزی و تاڵان و گەمەکردن بە چارەنووسی کوردان پەرەی سەندووە. بەشێوەیەک، کە لە هیچ شوێنێکدا نموونەی نییە و، هەروەک ژێردەستە و دیل مامەڵەیان لە تەکدا دەکرێ".

بەڵام لە عێراق ئاسوودەن و دەرگەی دامەزراندنیان لە هەموو بوارێکدا بۆ کراوەیە و، بە ئازادی

له قۆناخەکانی سەرەتایی و دواناوەندی و زانکۆدا دەخوێنن و، لە زۆر ناوچەدا کە زۆرینەی کوردن، ژمارەی قوتابخانەکان زیاترە لە ناوچەکانی تر و، مافیان چ لە پێش ١٤ی تەمووز و چ لە دوای ئەم مێژووە، پێشێل نەکراوە. هەروەک خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن، هەرگیز نەمانبیستووە جیاوازی بکرێت لە نێوان کورد و عەرەبدا، چ لە بواری وەرگرتن لە کۆلێج و کۆلێجەکانی سەربازی و پۆلیسدا و چ لە ناردنە دەرەوەیان بۆ خوێندن، ڕێگەشیان لێ نەگیراوە بۆ وەرگرتنی پۆستە باڵاکان و، پۆستی سەرۆک وەزیران و چەندان وەزارەتیان لە حکوومەت وەرگرتووە، بەلانی کەمیش سێ کەسیان پۆستی سەرۆک ئەرکانی سوپایان وەرگرتووە... هتد. کەسیان هەستیان بەوە نەکردووە، کە لە پلە و پایەیان کەم کراوەتەوە و کەسیش بیری لەوە نەکردووەتەوە، پلە و پایەیان لەکەدار بکا، چونکە ئەوانیش ڕۆڵەی ئەم وڵاتەن.

باکور بەردەوام لە پێشەوە بووە و، کێشەکانی خاوەندارێتیی زەویوزاری جووتیارانی کورد پێش ناوچەکانی تر چارەسەر کراون و جووتیارانی باکور زۆر لە جووتیارانی باشوور ئاسوودەترن. هەروەها حکوومەت هەردوو بەنداوی دوکان و دەربەندیخانی لە ناوچەکانی ئەواندا دروست کرد* و پتر لە ٤٠ ملیۆن دیناری لە جێبەجێکردنی ئەو دوو پرۆژەیەدا خەرج کرد و، قەرەبووی هەموو ئەو کەسانەشی کردەوە، کە موڵکیان ژێر ئاوی بەنداوەکان کەوتووە. هەروەها حکوومەت بایەخێکی تایبەتی بە کەرتی گەشتەوەریی ناوچەکە داوە و چەندین ئوتێلی گەورەی لە هاوینەهەوارەکاندا دروست کرد و، هەموو ئەو ناوچە شاخاوییانەی کردە ناوچەی گەشتەوەری و هاوینان عێراقی و بیانییەکان سەردانیان دەکەن. هەر نەهامەتی و نەگبەتییەکیش ڕووی لە کوردان کردبێت، عەرەبیشی گرتووەتەوە. کاتێک شۆڕشی ١٤ی تەمووزیش بەرپا بوو، زۆربەی موتەسەڕیفی لیواکان کورد بوون**.

بەڵام پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووز، خۆشی و شادی ڕووی لە عێراقییەکان کرد، کە پێشتر خۆشیی وایان نەدیوە، چونکە لە شەڕی داگیرکەر و نەزانین و دەربەگی ڕزگاریانی کرد، بەڵام ئەم خۆشییە زۆر درێژەی نەکێشا و عەبدولکەریم قاسم شۆڕشی بە لاڕێدا برد و شیوعییەکان باڵادەست بوون و، گەلانی عێراق تووشی کوشتن و ڕاکێشان و گرتن و دەربەدەری بوونەوە، بێگومان ئەمەش بووە هۆی دواخستنی نۆژەنکردنەوە و بنیاتنان و پەرەسەندنی ئابووریی وڵات.

بەڵام حکوومەتی نیشتمانیی ئێستا، لە ڕوانگەی باوەڕ بەنەبوونی جیاوازیی نێوان عەرەب و کورد و تەواوی گەلانی تری عێراق، دەرفەتی ڕەخساند بۆ هەموو تاکێکی ئەم گەلە بە جیاوازیی بیروڕا و ئاین و ئاینزا و حزبەکانیانەوە. دەرفەتی ڕەخساند بۆ چاکسازیی خۆیان و دەست لەناو دەست کارکردن لە پێناو بەرژەوەندیی باڵای وڵات و بڵاوکردنەوەی تەناهی و ئارامی. بەم کارەشی هەست دەکەین، کە قۆناخی بنیاتنانی عێراق، پێویستی بە ئەرک و ماندووبوونی هەموو ڕۆڵەکانیەتی و، یەکەمین هەنگاویش دەرکردنی لێبووردنێکی گشتی بوو بۆ شۆڕشگێڕانی کورد و، ڕەخساندنی هەلی ڕاستبوونەوە و هاتنەوە سەر ڕێگەی ڕاست بوو و، کاری کرد لە پێناو

پێشکێشکردنی یارمەتی و قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتووان و ئازادکردنی حوکمدراوان و لێبووردنیان لە ماوەی حوکمەکانیان و، گەڕاندنەوەی دەرکراوان لە فەرمانگەکانی حکوومەت.

حکوومەت ڕژد بوو لەسەر بنیاتنانەوەی عێراق، لە باکوری شاخاوییەوە تا دەگاتە باشووری دەشتایی، هەروەک لە مادەی یەکی دەستووری کاتیدا هاتووە: ڕێز لە نەتەوەی کورد بگیرێت و لە بەرانبەر یاسادا هەموو ڕۆڵەکانی ئەم وڵاتە یەکسانن.

بەڵام ئاخۆ حکوومەتی نیشتمانی بواری کارکردن و بنیاتنانی دا؟

هیچ کەسێک ناتوانێ چاکسازی بکات، هەتا هەلی تەواو و بارودۆخی گونجاوی لە تەناهی و جێگیری و هاوکاریی مادیی تەواوی بۆ مسۆگەر نەکرێ. کەسیش لەو بڕوایەدا نییە بنیاتنانی وڵات لە شەو و ڕۆژێکدا بێتە دی، نەخێر بنیاتنان پێویستی بە ماوەیەکی درێژ و یەکخستنی تواناکان و هاوکاری و دڵسۆزی و لێبووردەییە، بە پێچەوانەی تێکدان، کە لە شەو و ڕۆژێکدا ئەنجام دەدرێ. کەسێک بە تەنیا دەتوانێ پردێک لە چەند خولەکێکدا بڕووخێنێ، بەڵام دروستکردنی ئەو پردە کۆششی سەتان کەس و ملیۆنان دینار و بە لانی کەم ماوەی دوو ساڵی دەوێ، بۆیە دەبینین حکوومەت هەلی نۆژەنکردنەوەی بۆ نەڕەخسا و تەناهی و ئارامیمان بۆ دەستەبەر نەکردووە، کە بۆ شێوازەکانی بنیاتنان پێویستی پێیانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حکوومەت هەموو ئەو بەڵێنانەی جێبەجێ کرد، کە بۆ نۆژەنکردنەوەی باکوری عێراق دابوویانی، قوتابخانە و نەخۆشخانەی دروست کرد و ڕێگەوبانەکانی قیرتاو کرد، بۆ جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژانەش سەتان هەزار و بگرە ملیۆنان دیناری تەرخان کرد و وەزیرێک بۆ ئاوەدانکردنەوەی باکور دانرا و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاوەدانکردنەوەی باکوری دووبارە دامەزراندەوە و هەموو دەسەڵاتێکی خەرجکردنی بودجەی پێویستی بۆ پڕۆژەکان پێ دا.

دزێو و لە ڕێ لادەران و ئەوانەی نەخۆشی لە دڵ و دەروونیاندا هەبوو، دەستیان بە لێڵکردنی بارودۆخەکە کرد و تەناهییان شێواند و دەستدرێژییان کردە سەر شتە پیرۆزەکان و، دەستیان دایە تێکدان و دزینی سەروەت و سامانی هاووڵاتییانی بێ گوناهی عەرەب و کورد. لێرەدا لە بریی ئەوەی کۆشش بکرێ بۆ بنیاتنانی وڵات، پارە بۆ تێکدان خەرج دەکرا، نەک بۆ بنیاتنان، جا ئاخۆ برایانی کوردمان لە باکور داواکارییەکانیان چی بێت؟

داواکارییەکانی کوردان دەکرێنە دوو بەشەوە:

١- داواکارییەکانی کوردانی دڵسۆز بۆ وڵات و ئاین: ئەمان ئارەزووی ژیانێکی هاوبەشی پڕ تەناهی و ئارامی دەکەن لەگەڵ برایانی عەرەبیان، هەروەک سەتان و هەزاران ساڵی پێش ئێستا پێکەوە ژیاون و مێژووی ئەم وڵاتە و ئیسلامیان تۆمار کردووە. لەسەر خاکی ئەم وڵاتەدا ژیاون و لە خۆشی و ناخۆشیدا دەست لەناو دەستن بۆ بنیاتنانی وڵات و بڵاوکردنەوەی تەناهی و، ڕووبەڕووبوونەوەی هەر کەسێک بیەوێت گەمە بە چارەنووسی ئەم وڵاتە بکات، ئەمانەش

زۆرینەی کوردن و ٦٥٪ی کۆی گشتیی کوردانی عێراقیان پێک هێناوە.

٢- داواکارییەکانی ئەو کوردانەی گەمە بە تەناهی دەکەن و، لە بریی بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوەی وڵات بیر لە تێکدانی دەکەنەوە، لە بریی هاوکاریکردن، بەربەست دەخەنە بەردەم هەر هەوڵێکی دڵسۆزانە بۆ بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوەی وڵات.

ئەگەر بەدواداچوونێک بکەین بۆ ئەو یاداشتنامەیەی کورد پێشکێشی حکومەتی نیشتمانیی کرد و، هۆکارەکانی لێکترازان و جودابوونەوەیان بخوێنینەوە، سەرمان سوڕ دەمێنێ لەوەی کە هاووڵاتییەک هەست بە هاونیشتمانیەتیی خۆی بکات و خاکی ئەو وڵاتەی گرتوویەتییە خۆی بە پیرۆز دابنێت، چۆن ئەو بیرکردنەوە نەخۆشەی دەبێت؟! خواستی ئەم یاداشتنامەیە پێکهێنانی دەوڵەتێکە لەناو دەوڵەتدا، ئەمەش نایەتە دی و هێشتا ئەو کەسە لەدایک نەبووە، کە دەستبەرداری یەکەتی و بەرژەوەندیی وڵات بێت. ئەم خواستە لە ماوەی دووردا هەوڵی دامەزراندنی ئیسرائیلێکی*** ترە لە باڵی ڕۆهەڵاتی نیشتمانی عەرەبدا، کە نە کوردانی دڵسۆز و نە عەرەب بەمە قایل نابن.

من بڕوام وایە کە هەر کەسێک داوای تایەفەگەری یا هەرێمایەتیی بەرتەسک یا جودابوونەوە بکا، یان تێکدەران و ئەوانەی لە یاسا دەرچوون، پلانێکی داگیرکەری جێبەجێ دەکەن، کە داگیرکەر بۆ دواخستنی وڵات و ڕێگەگرتن لە پێشکەوتنی ڕۆڵەکانی و ئاراستەکردنیان بۆ شەڕی ناوخۆیی نەخشەی بۆ کێشاوە. داگیرکەر هزرڤان و ئەمانیش دەستی جێبەجێکەری ئەم پیلانەن، جا کێ بە بەکرێگیراوی قایلە؟

بۆیە پێویستە هەموو تواناکان وەگەڕ بخرێن بۆ بەرپەچدانەوەی ناوازە و سەرپێچیکاران و هەوڵ بدەین بیانگەڕێنینەوە سەر ڕێگەی ڕاست و، هەموو دەست لەناو دەست نێین لە پێناو بنیاتنانی قەوارەی نەتەوە و بەرزکردنەوەی شان و شەوکەتی.

ئەمە زەنگێکی مەترسیدارە بۆ ئاگادارکردنەوەمان لەو پیلانانەی داگیرکەر بە هەموو شێوازێک دەیانچنێت و، بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی تری ئیسرائیل، هەوڵی لێدانی باڵی ڕۆهەڵاتی نیشتمانی عەرەبی دەدات. ئێمە ئەم مەترسییە بەهەند وەردەگرین و عەرەب و ئەو کوردانەی بڕوایان بە خاکی ئەم وڵاتە هەیە، دەست لەناو دەست بەرگری لە یەکەتی و قەوارەکەی دەکەن "ومن یعمل مثقال ذرة خیراً یره ومن یعمل مثقال ذرة شراً یره****" صدق الله العظیم.

## پاشبەند

وەڵامێک بۆ ئەو یاداشتنامەیەی سەبارەت بە دۆزی کورد بۆ کۆنگرەی هزری بەرز کراوەتەوە، کە لە قاهیرە بەسترا بوو و، بەڕێز شەوکەت ئاکرەیی، نوێنەری شۆڕشی کورد لە قاهیرە لە ٥/ ٤ /٦٥ پێشکێشی کردبوو.

یاداشتەکە بە بڕگەیەکی مەلا مستەفای بارزانی دەستی پێ کردبوو، کە تێیدا هاتووە:

"من شەڕم لەگەڵ گەلی عێراقدا نەکردووە، کە خۆم یەکێکم لەوان و، نایکەم، بگرە شەڕم لەگەڵ داگیرکەر و کۆنەپەرستی ملهوڕ کردووە و، دەیکەم، کە لەگەڵیدا بەشدارە لە مژینی خوێنی ڕۆڵەکانی گەلەکەم و لە کەرامەتی نیشتمانە پیرۆزەکەم کەم دەکاتەوە.. من بانگەوازم ئاراستەی هەردوو گەلی عەرەب و کوردە بەبێ جیاوازی، بۆ ئەوەی پشتی یەکتری بگرن و هەوڵ و کۆششی خۆیان یەک بخەن بۆ خەباتی هاوبەشی دژ بە دوژمنی هاوبەشمان، کە داگیرکەر و کلکەکانیەتی".

جا ئەگەر مەلا مستەفا بڕوای بەوە بوایە، کە خۆی لە گەلی عێراقە و گەلی عێراقیش لەون، ئەدی ئەم کوشتارە لە پای چییە و، ئەم بزاوە جوداخوازییە بۆ چییە؟ و خوێنی ڕۆڵەکانی گەلی عێراق بە عەرەب و کوردەوە، لە بەرژەوەندیی کێدا دەڕژێ؟

وەڵام بە نەخێرە و، لە ئاکامدا بە بەرژەوەندیی داگیرکەر و ئەوانەی نەخۆشی لە دڵ و دەروونیاندا هەیە، دەشکێتەوە. ئەم ململانێ و دەرچوونە لە ڕێگەی بەرژەوەندیی نیشتمانی، لەمپەر دەخاتە بەردەم بەرهەم و پێشکەوتنی ئابووری و هەرەس بە باری ئابووریی گشت ڕۆڵەکانی ئەم گەلە دێنێ، چونکە سەقامگیری یەکەمین کۆڵەکەی بنیاتنان و پێشکەوتنە و، بەربەرەکانێش بناخەی داگیرکەرە بۆ لەناوبردنی ولات و خێروبێر و سەروەت و سامانی. ئاخۆ داگیرکەر لە براکوژی زیاتر چیی دەوێ، ئێمە داوا لە برایانمان لە عەرەب و کورد دەکەین، کە دڵڕەق و پیاوچاک لە یەکتری جودا بکەنەوە و بۆ بەرژەوەندیی گشتی، هانا بۆ عەقڵیان ببەن. کەفی سەر ئاو بەفیڕۆ دەچێت و ئەوەی سوودی بۆ خەڵک هەیە لە زەویدا دەمێنێتەوە.

بێگومان هەموو چاوساغێک باش ئەو ڕاستییە دەزانن، کە گەلانی عێراق بە سەرجەم نەتەوە و ئاینەکانیانەوە، پێکەوە ژیاون و هاوکاریی یەکتریان کردووە و، عەرەب و کورد خەباتیان لە پێناو گەڕاندنەوەی هەموو ماف و ئازادییە زەوتکراوەکانیان کردووە و، خەباتیان لە شۆڕشی ١٤ی تەمووزدا گەیشتە لووتکە، ئەگەر لادانی عەبدولکەریم قاسم نەبوایە لە پلانی شۆڕش و، دەستی نەکردایەتە نانەوەی دووبەرەکی لە نێوان ڕۆڵەکانی گەل، بۆ ئەوەی بە ئاسانی دەستیان بەسەردا بگرێ و، هەمان ئەو نەخشەیەی نەگرتایەتە بەر کە داگیرکەر بەردەوام پێڕەوی دەکات، ئەویش: "جودا بکەوە و زاڵبە"یە.

ئێمە حەز دەکەین عەرەب و کورد، هەروەکو ڕابردوو، لە پێناو بنیاتنان و بەرز ڕاگرتنی ئابڕووی ولات و دەستەبەرکردنی هەموو هۆکارەکانی پێشکەوتن و دڵنەوایی و هێمنیدا هاوکاری یەک بن و، بە کردار دڵسۆز بن نەک هەر بە زمان و، تەنیا لە پێناو خەبات نا، بگرە لە پێناو بنیاتنانەوەش.

ئێمە ئەوەش دەزانین، کە عەرەب و کورد لە بەرپەچدانەوەی هەر دوژمنکارییەکدا یەک دەست بوونە و مێژووی ئەم ولاتەیان بە خوێنی خۆیان تۆمار کردووە و، ئالای عرووبە***** و ئیسلامیان بەرز کردووەتەوە.

ئاخۆ لە شەڕی دژ بە خاچپەرستاندا بەشدارییان نەکردووە؟

ئاخۆ بەشدار نەبوونە لە ڕووبەڕووبوونەوەی هۆلاکۆدا؟

بەڵێ، ئەركی سەرشانی خۆیان لەمانەدا بەجێ گەیاندووە و، هیوادارین ئێستاش هەر وا بمێننەوە و یەک دەست بن، تا بەری هەوڵ و کۆشش و ماندووبوونمان بچنینەوە و هەموو لایەک بە خێروبێری ئەم وڵاتە شاد و کامەران بن، ئەو خێروبێرەی تەماحکار و داگیرکەر لیکی بۆ دەرژێنێ.

لە لاپەڕە سێی ئەو یاداشتنامەیەدا هاتووە: "بەریتانیا مافی ئینتیدابی لە ویلایەتەکانی بەسرە و بەغدا و مووسڵ وەرگرتووە، لەو کاتەوەش پرۆژەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی عەرەبیی لەبار بردووە و، بڕیاری داوە دەوڵەتێکی عێراقیی عەرەبی شێوە دابمەزرێنێ و کوردستانی باشووری پێوە بلکێنێ".

پەیماننامەکە بڕیاری داوە، کە ویلایەتی بەسرە و بەغدا لەژێر ئینتیدابی بەریتانیاییدا بێت و ویلایەتی مووسڵیش بکەوێتە ژێر ئینتیدابی فرەنسایی، نەک بەریتانیایی وەک لە یاداشتنامەکەدا هاتووە و، لە هیچ سەردەمانێکی مێژووشدا هەرێمێک نەبووە بە هەرێمی کوردستانی باشوور ناسرابێت. پەیماننامەی "سیڤەر"یش نەبووە پەیماننامەیەکی یاسایی و ڕاستکردنەوەی بۆ نەکرا. دەبێ ئەوەش هەر بڵێین، کە ناوچەی زاخۆ و ئامێدی دوو شاری عەرەبین و، دەقە جیاوازەکانی ئاشووریش ئاماژە بەوە دەدەن، کە ئەم ناوچانە کۆمەڵانی ئاشوورییان تێدا نیشتەجێ بووە، واتە کۆمەڵەی سامیی ڕۆئاوایی (ئاشووری) کە لە ڕەگەزی کۆمەڵەی دەریای ناوەڕاستن.

ئاشوورییەکان نەتەوەکانی تری دەوروبەریان جودا کردووەتەوە و بە چینەکانی کۆمەڵگەی ئاشوورییان داناون، بەوەی کە سامیی ڕۆئاوان و لە ڕۆئاوای فوراتەوە هاتوون و لەو دەشتانەدا جێگیر بوونە، کە دەکەوێتە نێوان ڕووباری دیجلەی ڕۆهەڵات و چیاکانی باکور، دەشتی شارەزوور و ئەو دەشتانەش دەگرێتەوە کە لە باشووری ئامێدی و دهۆک و زاخۆوە درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە ڕووباری خابوور.

پاشماوەکانی ئاشووری باسی ئەو نەتەوانە دەکەن، کە لە جزیرەی (ابن عمر)ی ئێستادا ژیاون و ئەو ناوچانە دەگرێتەوە، کە لە بەرزاییەکانی ڕووباری دیجلەوە درێژ بوونەتەوە تا دەگاتە شاری دیاربەکری ئێستا.

ئاشوورییەکان ناوی (سۆتیۆنی)یەکانیان لەم نەتەوانە نابوو و، بەوە وەسپیان دەکەن کە کۆچەر و حوشترەوان بوونە. ئاشوورییەکان هەروەها ناوی هەندێ تیرەیان هێناوە کە بە (سۆبری)یەکان ناسرابوون، چەند تیرەیەکی سامیی ڕۆئاوایین، کە پێ دەچێت پێشەنگی ئەو کۆچڕەوە ئارامییانە بن و، لە حەوزی ڕووباری خابوورەوە هاتبن و لە ناوچە شاخاوییەکان و وڵاتی ئاشوورییاندا نیشتەجێ بووبن. هەروەها پێ دەچێت هەر لە شارستانێتیی گوندی کشتوکاڵیی باکورەوە، ناوچە شاخاوییەکان نیشتمانی ڕەسەنی ئاشوورییەکان بێت (ئەوانیش لە سامییە ڕۆئاواییەکانن) واتە لە ٧٠٠٠ ساڵی پێش زاین تا ڕووخانی وڵاتەکەیان لە ساڵی ٦٠٦ی زاینی و، هیچ گەلێکی نامۆ ڕووی لە وڵاتەکەیان نەکردووە و بە درێژاییی سەدەکان، بە هێزی سوپایی بەرگرییان لێ کردووە و هەوڵیان داوە کە تایبەت بێت بە خۆیان.

لە لاپەڕەی چوارەمیشدا هاتووە: "... عێراق وشەیەکی عەرەبییە و لە بنەڕەتدا ئاماژە بۆ بەشی باشوور یا خوارووی بیاوانی وڵاتی ڕافیدەین دەکات و، ئەم بەشە تەنیا عەرەبی تێدا نیشتەجێیە و لە سەردەمی جاهلیدا بە(بلاد السواد) دەناسرا******".

وشەی عێراق واتە ئەو زەوییە دەشتاییانەی دەکەونە سەر سنووری دەریاکان، بۆیە هەمەدانی وای بۆ دەچێت، کە عێراق لە دەشتەکانی هیندستانەوە تا باشووری ئێران درێژ بووبێتەوە. هەروەها عێراق واتە ئەو زەوییانەی دووچاری نغرۆبوون و لافاوەکان دەبێتەوە. بەڵام فیشەر عێراق بە Cliff****** وەسپ دەکات و لە هیچ سەرچاوەیەکدا عێراق بە مانای خوارووی بیاوانی وڵاتی ڕافیدەین نەهاتووە.

هەرگیز سنووری سەواد لەگەڵ سنووری عێراقدا نەگونجاوە و، نووسەری یاداشتنامەکە مەبەستی بوو بڵێ: عەرەب نیشتەجێی ناوچەی باشووری عێراقی ئێستان، ئەمەش هەڵەیە، ئەدی بۆ (دیاربەکر) چی دەڵێ، کە سەر بە تورکیای ئێستایە، و (دیار ربیعە) و (دیار مضر) کە بە ناوی هۆزەکانی (بکر و ربیعە و مضر) کراون و، پێش هاتنی پێغەمبەر (د.خ) بە سەتان ساڵ لە ناوچەی جزیرەدا نیشتەجێ بوونە و شارەکانیان بنیات ناوە و ناوچەکەیان خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆیان.

یاداشتەکە هەروەها دەڵێ: "... لەمەوە ڕوون دەبێتەوە، کە عێراق دەلالەتێکی جوگرافیایی و مرۆیی عەرەبیی هەیە و دراوسێیەتی نەبێت، هیچ پێوەندیی بە کورد و کوردستانەوە نییە و... ئەو بەشەی بە کوردستانی عێراقی ئێستا ناوبراوە، ناوە ڕەسەنەکەی خۆی، کوردستانی باشوورە و، بەشێکی عێراقی پێک نەهێناوە، هەروەکو چۆن بەشێکی وڵاتی ڕافیدەینیش نییە".

لە عێراقدا هەرێمێک نییە ناوی هەرێمی کوردستانی عێراق بێت، هەروەها هەرێمی عەرەبستانیش نییە، بگرە ناوچەکە بە گشتی پێی دەگوترێت عێراق، کە سنوورێکی دیاریکراوی هەیە و هەموو عێراقییەکانی بە جیاوازیی ڕەگەز و ئاین و نەتەوەوە لەخۆ گرتووە. ئەم ناوچەیە بەردەوام سەر بە عێراق و ئیمپراتۆریەتی ئاشوورییەکان بووە و، ئاشوورییەکان بە درێژایی مێژووی خۆیان دانیان بەوەدا نەناوە، کە بێجگە لە خۆیان، نەتەوەیەکی تر لە ناوچەکەیاندا نیشتەجێ بووبێ و، بە نیشتمانی ڕەسەنی ئاشوورییانی دادەنێن و سنووری وڵاتیان بەم شێوەیە دیاری دەکەن: لە وڵاتی نائیری (ئەو وڵاتەیە کە بە دەریاچەی وان دەوردراوە) درێژ بووەتەوە و سەرچاوەکانی ڕووباری دیجلە (شبنات)یش دەکەوێتە چوارچێوەی سنووری جوگرافیاییان.

هەرچی ئەو گوتەیەشە، کە دەڵێ: بەریتانیا ڕەزامەندیی خۆی دەربڕیوە بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردی لە چوارچێوەی حکوومەتی عێراقدا. ئەمە شتێکی ئاشکرایە، کە بەردەوام داگیرکەر کار لە پێناو هەڵوەشاندنەوەی وڵاتان دەکات، تا بەئاسانی حوکمیان بکات و، ئەو بەردەوام پلان بۆ دوارۆژ دادەڕێژێ. هەر ئەو نەبوو سوودانی کردە دوو بەش و هێڵی پانیی ١٢ی باکوری بە سنووری جیاکردنەوەی نێوانیان دانا؟ هەر ئەویش نەبوو هەرێمی کشمیری لە نێوان هیند و پاکستاندا بە هەڵپەسێردراوی هێشتەوە؟ ئەدی فەلەستینی لە دڵی نیشتمانی عەرەبیدا،

نەدا بە جـوولـەکـە؟ سـووریای گـەورەشـی دابەش نـەکـردە سـەر حـەلەب، دیمەشق، لبنان، ئوردن و فەلەسـتین؟... هـتـد، بۆیە بە دووری نازانین، بەڵێن بـە نەتەوەیەک یان کۆمـەڵەیەکی ئاینی بدات، کە سـەربەخۆییان پێ ببەخشێ یان بیانپارێزێ... هتد، لە بەرانبەر ئەوەی هاوکاریی بکەن.

لە ڕابردوودا سـەلمێندراوە، کـە دەسـتی بیـانی، جـا سـەرچاوەکـەی هـەر کـوێیـەک بێ، هاوکاری و بەشـداریی بزاوەکـانی کـوردیان کـردووە، ئەمــەش بە کـارێکی سـروشـتی دادەنرێت بۆ لـەیەک هەڵوەشاندنەوەی ڕۆڵەکانی وڵات و، وڵات لە یەک کاتدا.

دیسـان لە یاداشـتنامـەکـەدا هاتووە: "... لەگـەڵ هـاتنی ڕێژیمی ئێـسـتـادا، گـەلی کـورد بە دڵسـۆزییـەوە، چاوی بڕیبـووە ئەوەی دادوەریی دۆزەکـەی و نیـازپاکـیی سـەرکـردەکـانی، وەڵامدانەوەیەکی تەواوی لەلایەن سەرانی ڕێژیمەوە دەست بکەوێت...".

ڕێژیم لە سـەردەمی ئێستادا کاری لە پێناو ئاوەدانکردنەوەی باکور کردووە و هەلی بۆ تێکڕای ڕۆڵەکانی وڵات ڕەخسـاندووە تا بەشداری بکەن لە بنیاتنانەوە و شکۆمـەندیی وڵات و، دەستی کرد بە جێبەجێکردنی ئەو پرۆژە جۆرەوجۆرانەی بنیاتنانەوەی باکوری عێراق لەخۆ دەگرێت و بودجەی پێویستی بۆ تەرخان کرد.

دەسـتـووری کـاتیی عـێـراق دەڵێ: "لە چوارچێـوەی یەکـەتیی عێراقـدا، دەسـتـوور، دان بە مـافـە نەتەوایەتییەکانی کوردا دەنێ".

بەمــەش یەکـسـانیی لەگـەڵ تەواوی ڕۆڵەکـانی گـەلی عـێـراقی بۆیان دەسـتـەبەر کـرد، بەڵام وەڵامدانەوەی لایەنی دووەم، ئەوە بوو کە یاداشـتنامـەیەکیان پێشکێش کرد و، کەمترین شت، کە داوای بکەن، جودابوونەوە بوو و داوای گۆڕینی مادەکەی پێشوویان بەمەی خوارەوە کرد:

"ئەم دەسـتـوورە، لەسـەر بنچینەی ئۆتۆنۆمی دان بە مافەکانی گەلی کوردا دەنێ، لە چوارچێوەی یەکەتیی عێراقدا".

وەڵامـدانەوەکە بەم شـێـوەیە بوو: هـەمـوارکردنـی مـادە یەکی دەسـتووری کـاتی، کە وای دانابوو: گەلی عێراق بەشـێکە لە نـەتەوەی عەرەب، بەمـەی خـوارەوە: "گـەلی عـەرەب لە عێراقـدا، بەشـێکە لە نەتەوەی عەرەب".

لە کـاتی یەکگرتنـی کـۆمـاری عێـراق لەگەڵ هـەر وڵاتێکی تری عـەرەب، ویلایەتی یان پارێزگـەی کـوردسـتـان دەبێـتـە هـەرێمێک و هـەمـان ئەو مـافـانەی بۆ دەسـتـەبـەر دەکرێت، کە بۆ ئەو هـەرێمـانە دەستەبەر دەکرێن کە لە ئەنجامی یەکگرتنەکەدا پێک دێن... هتد.

ئاخۆ ئەمە ئەو وەڵامدانەوەیە، کە پێویست بوو بدرێتەوە، یان دەبوایە عەرەب و کورد هـاوکاریی یەکتری بکەن و دەست لەناو دەست کار بکەن لە پێناو چەسپاندنی قەوارەی وڵات و نەتەوە و ئاینی ئیسلام؟

وەڵامـدانەوەکـە بەم شێـوەیە بوو: "هێزەکانی سوپای عێراق لە کوردسـتان، بۆ ئەنجـامـدانی هـەر

چالاکییەک، پێویستە ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی یاسادانانی کوردستانی لەسەر بێت، یان بەپێی داواکاریی ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی کوردستان بێت".

ئاخۆ ئەمە بەڵگە نییە لەسەر خواستی جودابوونەوە. ئاخۆ ئەمە شێوەی ئەو وەڵامدانەوەیە، کە هەندێک لە کوردان وەڵامی دەسەڵاتدارانی ئەم سەردەمەی پێ دەدەنەوە؟ ئەو دەسەڵاتدارانەی، کە گرتی و بەندکراوەکانی کوردیان ئازاد کرد و قەرەبووی گونجاویان کردنەوە و، دەستیان بە نۆژەنکردنەوەی باکور کرد و بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتییان بۆ ئەم مەبەستە دامەزراند، ئەمە سەرباری هەبوونی وەزیرێکی تایبەت بۆ ئاوەدانکردنەوەی باکور؟

جا ئەگەر نیازپاکی و وەڵامدانەوەیەکی گونجاو لە ئارادا بوایە، هەموویان چەکیان فڕێ دەدا، لە کاتێکدا کە حکوومەت هەموو بەندکراوەکانیانی ئازاد کرد و لێبووردنی بۆ دەکردن و، بۆ بنیاتنانی وڵات، لاپەڕەیەکی نوێی لەگەڵ سەرجەم ڕۆڵەکانی گەل کردەوە، بە جیاوازیی ڕەگەز و ئاین و نەتەوەکانیان.

لەو کاتەی کورد پێشمەرگەی چەکداری هێشتەوە، بۆچی چەکیان هەڵگرتەوە، ئەدی حکوومەتی نیشتمانی بەبێ جیاوازی، لە پێناو تەناهیی هەموو ڕۆڵەکانی گەلدا، شەونخوونی ناکات؟

لە یاداشتەکەدا ئەمەش هاتووە: "بۆیە ئێمە وای دەبینین، کە چارەسەری زانستی و واقیعی بۆ کێشەی کورد، پێش هەموو شتێک داننانی نەتەوەی عەرەبە بە ڕاستییە مێژووییەکان و ئەمەکدار بن بۆ ئەو قوربانییانەی لە پێناو نەتەوەی عەرەبدا پێشکێشیان کردووە..."

ئەو ڕاستییە مێژووییانە چین، کە پێویستە دانیان پێدا بنرێ؟ ئێمە دان بەوەدا دەنێین، کە یەک گەلین و لە یەک وڵاتدا ژیاوین و دەست لەناو دەست پشتی یەکتریمان گرتووە بۆ دامەزراندنی قەوارەی ئەم وڵاتە، پاداشتی ئەو کەسانەی ئەو کارەیان کردووە، مانەوەیە بە ئارامی لەم وڵاتە. ئاخۆ دەبێ منەت بکەینە سەر وڵاتی خۆمان، لەبەرئەوەی بەرگریمان لێ کردووە، ئاخۆ دەبێ منەت بکەینە سەر ئاینمان، لەبەرئەوەی سەرمانخستووە، بگرە دەبێ ئەو منەتمان لەسەر بکات، چونکە ئێمە هەموومان لە ئامێزی ئەودا گەشەمان کردووە و لەسەر خاکی ئەودا ژیاوین و هەوای ئەومان هەڵمژیوە و لە خێروبێری ئەومان خواردووە، بۆیە بەرگریکرن لەو، کەمترین شتە پێشکێشی بکەین، "يمنون عليك ان اسلمـــوا قل لا تمنوا عليّ اســـلامكم بل الله يمن عليكم ان هداكم للايمان"*******.

ئێمە بڕوامان بە یەک چارەسەر هەیە بۆ کێشەکە، ئەویش ئەوەیە کە هەموومان لەژێر ئاسمانی ئەم وڵاتەدا هاودەنگ بین و پشتی یەکتری بگرین و ئاڵای ئەم وڵاتە سێبەرمان لێ بکات و ئاینەکەی کۆمان بکاتەوە.

سەرچاوەکان

١– البدليسي. شرف خان. شرفنامه. ١٩٤٨.
٢– الخلف، الدكتور جاسم محمد. جغرافية العراق الطبيعية والاقتصادية والبشرية: القاهرة ١٩٥٩.
٣– الدرة محمود: القضية الكردية، بيروت ١٩٦٣.
٤– الفيل، دكتور محمد رشيد: اليهود وعلم الاجناس: بغداد ١٩٦١.
٥– المسعودي: مروج الذهب: القاهرة ١٩٥٨.
٦– خصباك، الدكتور شاكر: الكرد والمسألة الكردية: بغداد ١٩٥٩.
٧– زكي محمد أمين: تاريخ الكرد وكردستان: ١٩٦١، خلاصة تاريخ كردستان: ١٩٣٩.
٨– سعدالله، صلاح الدين محمد: كردستان والحركة الوطنية الكردية.
٩– شيخ الربوة، شمس الانصاري الدمشقي: نخبة الدهر و عجائب البر و البحر: بغداد.
١٠– غلاب، الدكتور محمد السيد: تطور الجنس البشري: اسكندرية ١٩٥٨.
١١– نيكتين، باسيل: الاكراد: مطبعة الروائع.
12- AL Feel, Dr. M.R., Iraq Baghdad 1964.
13- Buxton: the people of Asia.
14- Bowan, the New world. 4th Edition.
15- Coon, Carleton Steven" The Races of Europe" New York 1939.
16- Fisher.W.B, the Middle East London 1957.
17- Haddon, the Rasces of Man 1924.
18- Field, Henry the" Anthropology of Iraq" part No 2. Cambridge 1952.
19- Field, Henry the Arabs of central Iraq Chicago 1935.
20- Ripley, William. z the Races of Europe London.

پەراویز:

*. موسوعة أعلام الموصل في القرن العشرين للدكتور عمر محمد الطالب.

١. ئیسلام تاکە ئاینی کورد نییە. کوردی کریستیانیش هەن، بێجگە لە ئێزدی و شەبەک و کاکەیی و تەنانەت جوولەکە. تۆژەر لێرەدا ئیسلامی بە تاکە ئاینی کورد داناوە، کەچی هەر خۆی لە بابەتی ژیانی ئاینیی کورددا ئاماژە بە کوردە کریستیانەکان دەکات و دەڵێ: کەمینەن و لە ناوچەکانی مووسڵ و سلێمانیدا نیشتەجێن و هەندێکیان ئاینی جوولەکانیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە. (وەرگێڕ)

Bowman, The New World . p ,510

٢. نیکیتین، باسیل "الاكراد" ل ١٨– ١٩.

٣. زكي، محمد أمين "خلاصة الكرد وكردستان" ل ٤١.

٤. خصباك، الدكتور شاكر "الكرد و المسألة الكردية" ل ٨ – ٩.

٥. بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەو بنەوایانەی لە دابەشکردنی کۆمەڵانی مرۆیی پشتیان پێ دەبەسترێت لە ڕەگەزە جیاوازەکاندا بڕوانە کتێبی "الیهود وعلم الاجناس"ی دانەر و "پێشکەوتنی ڕەگەزی مرۆیی"ی دکتور محمد غلاب.

٦. گۆڕانکاریی مەترسیداری کەشوهەوا لە بلیستۆسین ڕووی داوە، کە بارانێکی زۆر لە نیمچە دوورگەی عەرەب و بیاوانی گەورەی ئەفریقیا باریوە و بەفر هەتا هێڵی پانیی ٣٩ لە باکوری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و چیاکانی ئەلث لە ئەوروپا و چەند لایەکی ئاسیا، باریوە.

٧. المسعودی "مروج الذهب" بەشی ٢ ل ١٢٢.

٨. البدلیسی "شرفنامە" ل٧ برووکس Brooks لەو بڕوایەدایە، کە بەردەوام گواستنەوەکان لە ناوچە بێ ئاو و وشکەکانەوە بەرەو ناوچە باراناوییەکان بووە، و هینتینگتن Huntington دەڵێت: لەو ماوانەی کە کەشوهەوا لە هەڵبەز و دابەزدا بێت، کاریگەریی لەسەر ئابووریی دانیشتوان دەبێت، چونکە ئەم گۆڕانکارییانە دەبنە هۆی کەمبوونەوەی بەرهەم، بە ڕادەیەک کە بەشی هەموو دانیشتوان نەکات و، دەبێتە هۆی کۆچکردنی خەڵکەکە و شڵەژانی باری سیاسی. برووکس خشتەیەکی بۆ ئەم کۆچڕەوانە داناوە، کە بەم شێوەیە:

أ– پێش ٥٠٠٠ پ. ز، کە سۆمەری و هەندێک لە سامییەکان بەرەو وڵاتی ڕافیدەین هاتن.

ب– ٤٠٠٠– ٣٠٠٠ پ. ز، یەکەمین شەپۆلی کۆچکردنی سامییەکان بوو بەرەو نیمچە دوورگەی عەرەب.

ت– ٣٠٠٠ پ. ز، دەرچوونی ئارییەکان بەرەو دەریای بەلتیک.

پ– ٢٤٥٠– ٢٣٦٠ پ. ز، دەرچوونی کاشییەکان.

ج– ١٨٠٠پ. ز، هاتنی هیکسۆس.

ح– ١٧٠٠ پ. ز، هاتنی ئارییەکان بۆ پەنجاب.

خ– ١٣٥٠– ١٣٠٠پ. ز، دەرچوونی ئارییەکان لە نیمچە دوورگەی عەرەب.

د– ١١٨٠پ.ز، عیلامییەکان.

ژ– ٥٠٠ پ. ز، دەرچوونی عەرەب و ڕەنگە کوردیش لە هەمان کاتدا دەرچووبن و بەرەو ناوچە شاخاوییەکان بڵاوەیان کردبێت.

٩. البدلیسي" شرفنامە" ل٧ مێژوونووسان لەسەر سەرچاوەی وشەی کورد ڕای جیاوازیان هەیە و دوو تیۆری باسی سەرچاوەی وشەکەیان کردووە: یەکەمیان وشەکە دەبەنەوە سەر وشەی گووتوو Gutu و دووەمیان دەیباتەوە سەر وشەی Kyrtiid یان Cyrtii و تیۆریی یەکەم گەلی کورد بە گەلی گووتووە دەبەستێتەوە و، ئەو تیرانەن کە لە میرنشینی گوتیام Gutium ژیاون و، دەکەوێتە دیوی چەپی (ڕۆهەڵاتی) ڕووباری دیجلە، لە نێوان زێی بچووک و زێی سیروان، بەڵام دوکتۆر سافراستیان Sa-frastian لە لاپەڕە ١٥– ١٦ی کتێبەکەی Kurdistan and Kurds وای بۆچووە، کە وشەکە گۆڕاوە تا گەیشتووەتە ئەم شێوازەی ئێستای. نۆڵدکەیش دەڵێت: کرتییەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو بە وڵاتانی ئێران و میدیا و تەواوی ئەو ناوچانەی ئێستا کوردیان تێدا دەژی، بڵاو بوونەتەوە. هەروەها لەو

بروایەدایە، کە وشەی (کیرتی) گۆڕانی بەسەردا هاتبێ، تا بووەتە (کورتۆ) و پاشان بووەتە کورت Kurt، بەڵام درایڤەر لەگەڵ نۆڵدکەدا هاوڕا بوو لەوەی کە کورد ببەستنەوە بە کرتییەکان و، سەرچاوەی وشەی کوردی گەڕاندووەتەوە بۆ وشەی گورد Gurdی ئێرانی کە یەک ڕەچەڵەکە لەگەڵ وشەی گاردۆی بابلی Gardu و مانای ئازا یان دلێر یان شەڕوان دەگەیەنێت و، وشەی (کورد) بۆ یەکەمین جار لە نووسینە فارسییەکاندا هاتووە، کە بە زمانی پەهلەوی نووسراون. خصباک "هەمان سەرچاوە"، ل٤. سەجادی، عەلائەدین "مێژووی ئەدەبی کوردی" ل٣٤ بە زمانی کوردی.

١٠. البدلیسی" هەمان سەرچاوە" ل ٨.

١١. زکی، محمد أمین، "هەمان سەرچاوە" ل٦٢- ٦٣.

١٢. ئینترۆپۆلۆجیا کۆمەڵەی مرۆیی دابەش دەکاتە سەر ڕەگەزی سەرەکی و هەر ڕەگەزێکی سەرەکیشی ئەم کۆمەڵانە دەکاتە چەند کۆمەڵێکی لاوەکی، بەم شێوەیە:

أ- مەغۆلەکان: ١- ئەسکیمۆکان. ٢- هیندییە سوورەکان.

ب- ڕەشپێستەکان: ١- کورتە باڵاکان. ٢- پانتۆ. ٣- ڕەشپێستە سوودانییەکان.

ت- قەوقازییەکان: ١- ڕەگەزی دەریای سپیی ناوەڕاست. ٢- ڕەگەزی چیاکانی ئەلپ. ٣- ڕەگەزی باکور و نۆردییەکان. ٤- ڕەگەزی ئەرمەن. ٥- ڕەگەزی تورک، کە هەندێک دەیانگەڕێننەوە سەر ڕەگەزی مەغۆلییەکان.

١٣. ڕەگەزی مەغۆلی: بە قژی ڕەشی پڕ و خاو دەناسرێنەوە و ڕیش و لەشیان موویەکی کەمیان پێوەیە و، ڕەنگی پێستیان لە نێوان زەرد و زەرد ئەسمەردایە. بەژن و باڵاشیان مامناوەندییە و بە زۆری لە نێوان ١٦١-١٦٨ سانتیمەترە، سەرپان و ڕێژەی کەللەسەریان لە نێوان ٨٤-٨٧ە و دەموچاو پانی و ڕووتەختن. ئێسکی ڕوومەتەکانیان دەرپەڕیوە و لووت فشن و درێژیی لوتیان مامناوەندییە، چاویان گۆشتن و قاوەییەکی تۆخە.

ڕەگەزی ڕەشپێست: ئەمانیش قژێکی ڕەشی پڕ و مەیلەو لوولیان هەیە، لەشیشیان تووکێکی کەمی پێوەیە، کە بە شێوەی پەڵەپەڵەن، ڕەشپێست یان ئەسمەرێکی تۆخن، هەندێکیشیان ئەسمەرێکی مەیلەو زەردن. درێژییان لە نێوان ١٣٦-١٧٠سم و زیاترە. شێوەی سەریان درێژکۆڵەیە و ڕێژەی کەللەسەریان (٧٧-٨١)ە و، دەموچاویشیان نیوچە پان یان باریکە و، شەویلاگەی دەرپەڕیو لەناویاندا باوە. چاویشیان قاوەیی یان ڕەش و لووت فشن.

ڕەگەزی قەوقازی:

١- تیرەی دەریای ناوەڕاست: کە پێیان دەگوترێت: تیرەی ئەسمەر، ڕەنگ ئەسمەرن، زۆربەی ئەوانەی لە باکوری ئەفریقیان، ئەسمەرترن. ڕێژەی کەللەسەریان ٧٢- ٧٦ و لووت مامناوەندین و ڕێژەی لووتیان ٥٥-٦٩ە و چاو بادەمین. ئەستووریی لچ و لێویان مامناوەندییە، ڕەنگی قژیان قاوەیی تۆخ یان ڕەش و شەپۆلاوییە. ڕێژەی ڕیش و تووکی گیانیان مامناوەندییە، بەژن و باڵاشیان هەر مامناوەندییە و لە نێوان ١٦٢-١٦٤سم دەبێ.

٢- تیرەی ئەلپییەکان: تێکڕای ئەندامانی ئەم تیرەیە سەرپانن و ڕێژەی کەللەسەریان (٨٣-٨٨)ە و

هەندێ جاریش دەگاتە ٩٠ یان ١٠٠، بەڵام بە تێکڕا دەگاتە ٨٠ و گەنم ڕەنگی مەیلەو سپیلکەن، قژیان قاوەیییەکی کراوە یان قاوەییەکی تۆخ یان ڕەشە. ڕیش پڕن و تووکی لەشیان چڕە و بە گشتی شەپۆلاوین، هەروەها هەندێکیان قژ خاون. لووتیان بچووک و وردە، بەژنیشیان دەگاتە ١٦٣-١٦٤سم. هەندێکیشیان باڵابەرزن، کە بە ئەلپی دیناری ناسراون و بەژنیان دەگاتە ١٧٥سم. لاوازیش نین.

٣- ئەرمەنییەکان: سەریان و لچ و لێو مامناوەندی و چاوکاڵ و قژ قاوەیی یان ڕەشن، کە زۆریان قژ لوولن، ڕیش پڕ و تووکی لەشیان چڕە، لووتیان چەماوە و گەورەیە، گەنم ڕەنگی تێرن. بەژن مامناوەندین کە لە نێوان ١٦١ - ١٦٢ سم.

٤- تورکەکان: بەژن مامناوەندین، کە لە نێوان ١٦٥- ١٦٧سم، سەر و ناوچەوان پانن، و ڕێژەی کەللەسەریان (٨٤-٨٥)ە و، لووت گەورە و چەماوەن وەک دەنووکی هەڵۆ.

تیرەی باکور: ئەندامانی ئەم تیرەیە تێکڕا باڵابەرز و لاوازن و بەژنیان دەگاتە ١٧٣سم، سوور و سپی و قژکاڵی شەپۆلاوین. چاو سەوز و خۆڵەمێشین. لووت باریک و درێژن و ڕێژەی لووتیان نزمە، سەریشیان درێژکۆڵەیە و ڕێژەی کەللسەریان (٧٦)ە.

١٤. المسعودي" مروج الذهب" بەرگی دووەم ل١٢٢-١٢٣.

١٥. ئەم دوو گێڕانەوەیە پشتیان پێ نابەسترێ.

١٦. هەمان سەرچاوە، ل ١٢٤.

١٧. نخبه الدهر و عجائب البر و البحر، ل ٢٥٤.

١٨. جغرافية العراق الطبيعية والاقتصادية والبشرية، ل ٣٨٩ - ٣٩٠.

١٩. تطور الجنس البشري، ل ٢٦٢.

٢٠. هەمان سەرچاوە، ل ٢٦٣.

21. Reces of Europe: PP 255, 264, 216, 221, 422

٢٢. سەرچاوە، ل ٤٤٣-٤٤٥

٢٣. ڕەچەڵەکیان کلدانییە، واتە لە کۆمەڵەی دەریای سپیی ناوەڕاستن.

24. The Middle East p. p 90, 160, 170

٢٥. تا پێش سەدەی حەوتەمی پ. ز، ناوی کورد لە تاتە قوڕینە کۆنەکاندا نەهاتووە.

26. The Races of man. P. q6.

27. The peoples of Asia p. p 93. 94. 100

28. AL- Feel. Iraq. P 58

39. Field, Henry: The Anthropology & Iraq: part 11No The Arabs & Central Iraq.

- تۆژەر ژمارەکانی ناو ئەم خشتەیەی بەشێوەی کەرت نووسیوە، بۆ نموونە: ٤٢/٣ی بە هەڵە لە جیاتیی ٤٢.٣ داناوە، ئەم ژمارانەی لە خشتەکەدا دەیبینن، وەرگێڕ ڕاستی کردوونەتەوە.

٢٩. وای بۆ دەچن کە دۆخی کەشوهەوا لە چاخی پلیستۆسیندا زۆر جیاواز بووە لە کەشوهەوای ئێستا،

نیمچە دوورگەی عەرەب لەو چاخەدا بە چوار خولی باران باریندا تێ پەڕیوە و، بەڵگەکانی نیمچە دوورگەی عەرەب ئەم بۆچوونە دووپات دەکەنەوە، لەوانەش دۆڵە وشکەکان و پاشماوەکانی ئەو لولپێچانەی لە (الربع الخالي)دا دۆزراونەتەوە، کە لە شیرناوەکاندا دەژین لەگەڵ ئاسەواری شارستانێتی لە هەندێ شوێن کە بە هیچ جۆرێک مرۆڤی ئێستا ناتوانێت تێیدا بژێت.

٣١. زۆرێک لە هۆزە کوردییەکان بە ڕەچەڵەک عەرەبن، هەروەک خۆیان باسیان کردووە، بۆ نموونە:

١- زرارییەکان دووپاتی دەکەنەوە کە نەوەی (چرار بن الازور)ن و ئێستا لە نێزیک گەلی عەلی بەگدا دەژین.

٢- هەرکی.

٣- فەقێ مڵکی لە دەشتی شەمامکدا دەژین.

٤- مەرزان کە لەسەر زابدا دەژین لە زمار، جبوورن.

٥- شێخ جامی: لە عەلیاوەدا دەژین لە نێزیک هەولێر و دەڵێن ئێمە نەوەی (خالد بن الولید)ین.

٦- جاف: لە العنزەن.

٧- ساڵەیی لە کەندێناوەدا دەژین و نەوەی (بنی جمیل)ن.

٨- بەرزنجە: دووپاتی دەکەنەوە کە نەوەی (إمام موسى الكاظم)ن.

٩- بندیان: دیان بوون، پاشان هاتنە ناو ئاینی ئیسلام و لە نێزیک مەخمووردا دەژین.

* لێرەدا تۆژەر یەک سەدە لە بزاو و خەباتی نەتەوەیەک بە بەرژەوەندیی تاکەکەسییەوە دەبەستێتەوە و وەک مامۆستایەک ئامۆژگاریی قوتابیانی بکا، ئامۆژگاریی کوردان دەکا، کە داوای دەوڵەت و جودابوونەوە نەکەن. ئەگەریش هەوڵێکی لەم جۆرە لە ئارادا بێ ئەوا کورد پلانەکانی داگیرکەران جێبەجێ دەکا. (وەرگێڕ)

** ئەمە ڕاست نییە، لەبەر ئەو هۆیانەی تۆژەر خۆی ئاماژەی بۆ کردوون و گەلێ هۆکاری تری سیاسی، عێراق هەرگیز سەرژمێریی وردی دانیشتوانی تێدا ئەنجام نەدراوە و ڕێژیمی پێشووی عێراق بەردەوام ویستوویەتی ڕێژەی دانیشتوانی نەتەوەکانی تری غەیرە عەرەب کەم بکاتەوە و هەندێکیان بە عەرەب لە قەڵەم بدا. کورد بەردەوام گومانی لە ئامارەکان هەبووە و نێزیکترینیان لە ڕاستییەوە، سەرژمێرییەکەی ساڵی ١٩٥٧ بووە و ئەوانی ١٩٧٧ و دواتر، دوای ئەو هەڵمەتە فرەوانانەی ڕاگواستنی کورد و تورکمان لە کەرکووک و دەوروبەری ئەنجام دراون و (تصحيح القومية) بۆ کورد و تورکمان کراوە و کلدان و ئاشوور و سریانیش هەر بە عەرەب نووسراون. کاتێکیش یەکێکی وەک سەلاحەدین محەمەد سەعدوڵڵا، ئاماری کوردی لەو وڵاتانەی تێیدا دەژین بە ٨ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار کەس خەملاندووە، تۆژەر پێی قەڵس بووە و یەکسەر پەراوێزی بۆ نووسیوە و خەملاندنەکەی بە نادروست و نازانستی لە قەڵەم داوە. (وەرگێڕ).

*** یەکێکی تر لە کەموکورتییەکانی ئەم تۆژینەوەیە، دیارینەکردنی ساڵی خەملاندنەکانی ژمارە (٢-٨)ە کە دەبوایە ساڵەکانی لەپێش ناوەکانیاندا تۆمار بکرایە، وەک خەملاندنەکانی کۆمەڵەی گەلان لە ساڵی ١٩٢٥.

٣٢. سعدالله: كردستان و الحركة الوطنية الكردية، ل١٠ و ١١ پێ دەچێت هەوڵی دابێت ئەو ژمارەیە بنووسێت کە خۆی وێنای دەکات، بەبێ گەڕانەوە بۆ ئامارە زانستییە وردەکان.
القضية الكردية، ل ١٧.

* پێ دەچێ تۆژەر لەمەش بە هەڵەدا چووبێ، کە ڕێژەی ڕووبەری ئەو خاکەی کوردی تێدا دەژی، لە چاو ڕووبەری گشتیی عێراقی بە ٥ ,١١٪ دیاری کردووە، بەپێی ئەو داتایانەی لە تۆژینەوەکەدا تۆمار کراون، ڕێژەکە دەکاتە ٥٦ ,٠٪ی ڕووبەری عێراق، نەک ٥ ,١١٪ ئەگەر ئەوەش بێ هەر ڕاست نییە! (وەرگێڕ).

٣٣. هەمان سەرچاوە، ل ٢١١.

* لە دەقە عەرەبییەکەدا بەم شێوەیە نووسراوە: اتو چيا؟ ما انت؟ أجابك: امن مسلمانا و الحمد لله، پێ دەچێ تۆژەر هیچ شارەزاییی لە زمانی کوردیدا نەبێ، چونکە ئەوەی ئەو نووسیویەتی لە هەر چوار شێوەزارەکەی کوردیدا نییە و، ڕەنگە هەر بۆ خۆدەرخستن ئەو پرسیار و وەڵامانەی بە کوردی نووسیبێ، کە گوایە کوردی دەزانێ. (وەرگێڕ)

** لێرەدا تۆژەر فەرموودەیەکی پێغەمبەری تێکەڵ قسەکانی خۆی کردووە و جودای نەکردووەتەوە، کە ئاخۆ ئەمە فەرموودەیە یان قسەی خۆیەتی! (وەرگێڕ)

*** لە هەموو قۆناخەکانی بزاوی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورددا خوێن ڕشتنی کەسانی بێ گوناە بە گوناە زانراوە و کورد هەتا ناچار نەکرابێ، پەنای نەبردووەتە بەر خەباتی چەکداری. بەڵام تۆژەر سیفەتی خوێنڕێژیی داوەتە پاڵ هەموو ئازادیخوازێکی کورد و ئەم ئایەتەی دووجار خستووەتە ناو تۆژینەوەکەی، جارێکیان لەپێش پێشەکیی تۆژینەوەکەی و جاری دووەم لێرە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بۆ ناوی سوورەت و ژمارەی ئایەتەکە بکا، کە ئایەتی ٩٣ی سوورەتی (النساء)ە. (وەرگێڕ)

**** ئەم تۆژینەوەیە لە سەردەمانێکدا کراوە، کە ئێزدییەکان بە عەرەب لە قەڵەم درابوون، بەڵام ئاخۆ ئێستا سەرکردەکانی ئێزدی هەڵوێستیان بەرامبەر ئەم گوتەیە چییە؟ (وەرگێڕ)

***** تۆژەر بۆ دیاریکردنی جیاوازییەکان، دەبوایە خۆی لەو وشانە بپارێزێ کە پیتی کوردیی ئەوتۆیان تێدایە و بە عەرەبی نانووسرێن، بۆ نموونە (التفاح) لە کوردیی بادینانیدا (سێڤ)ە، کاتێکیش بە عەرەبی دەنووسرێن دەبێتە (سيف)، هەروەها (الشعير)یش، کە نووسیویەتی: جە، لە (رجل)یشدا بە بادینانی (مێر)ە نەک (مير). (وەرگێڕ)

****** ئەگەر ڕێژیمە یەک لە دوایەکەکانی عێراقیش وەک حکوومەتی سویسرا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، جیاوازییان لە نێوان نەتەوەکاندا نەکردایە و، حسێبی هاووڵاتییان بۆ کورد بکردایە، کورد جوانترین نموونەی پێکەوەژیانی لەم وڵاتەدا بەرجەستە دەکرد، نازانم بە چ پێوەرێک، تۆژەر حوکمڕانانی عێراق لەگەڵ ئەوانی سویسرا و ئەمەریکا هاوشان و بەراورد دەکا؟! (وەرگێڕ).

******* تۆژەر سەبارەت بە سامانی سروشتی و نەوت و کانزاکان و یەدەکی نەوتی، عێراق بە یەکێک لە وڵاتە هەرە دەوڵەمەندەکانی ناوچەکە ناو دەبا، بەجۆرێک کە بووەتە مایەی سەرنج ڕاکێشانی تەماحکار و داگیرکەران، لە ڕاستیشدا هەر وایە، بەڵام دەوڵەتێکی وا دەوڵەمەند ئەگەر مەرامی سیاسیی لە

پشتدا نەبێ، بۆچی شەکر و چا و ڕۆنی تێدا دەست نەکەوێ؟ ئەگەر بقۆزرێتەوەش ناهەق نییە. کەواتە دەوڵەت خۆی دەستپێشخەر بووە و ئەم هەلومەرجەی ساز کردووە. (وەرگێڕ).

٣٥. وردی، محمد توفیق، ل ٣١.

* دروستکردنی بەنداو، کۆمەڵێ هەلومەرجی سروشتی و مرۆیی پێویستە و، ناوچەکانی دەوروبەری هەردوو بەنداوەکەی دوکان و دەربەندیخان ئەم هەلومەرجانەیان تێدا هەبوو، بۆیە لەوێ دروست کران، چ پێویست دەکا تۆژەر منەت بکاتە سەر کورد و وامان تێ بگەیەنێ، کە گوایە لەبەر خاتری چاوە ڕەشەکانی کورد دروستیان کردوون، دەبا بچووبا لە بیاوانەکانی ڕومادی و نەجەف دروستی کردبان. (وەرگێڕ).

** دەبوایە تۆژەر ژمارەی لیواکانی ئەو دەمەی عێراقی دیاری بکردایە و ناوی ئەو موتەسەڕریفە کوردانەشی بنووسیایە، چونکە ئەم زانیارییە گومانگەیێنە. (وەرگێڕ).

*** هەموو خواستە ڕەواکانی کورد لە عێراق بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکان، بە هەوڵی دروستکردنی ئیسرائیلێکی تر لە ناوچەکە وەڵام دراونەتەوە و، هیچ کوردێکیش دژی ئەو مافانە نەوەستاون، تەنانەت جاشەیلیش، کە تاکو ١٩٩١ چەکیان لە دژی برا هاوزمانەکانیان هەڵگرتبوو و پاش ڕاپەڕین هەموو هاوکێشەکانیان بەرەواژ کردەوە. (وەرگێڕ).

**** تۆژەر ئەم ئایەتەی بە هەڵە پەستاندووەتە ناو تۆژینەوەکەی و نە ژمارەی ئایەت و نە ناوی سوورەتەکەشی نووسیوە، ڕاستییەکەشی "فمن یعمل مثقال ذرة خیراً یره ومن یعمل مثقال ذرة شراً یره" نەک وەک ئەوەی نووسراوە. واتە: "سا هەر کەسێ بە سەنگایی مێرووڵەی هەرە وردیلە، چاکەی هەبووبێ، دەیبینێ هەر کەسێکیش بە قورسایی مێرووڵەی هەرە وردیلە، خراپەی بووبێ، دەیبینێ". سەرچاوە: قورئانی پیرۆز، وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار. (وەرگێڕ).

***** هەرگیز خەباتی کورد لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاڵای عرووبەدا نەبووە و، شۆڕشەکان شۆڕشی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد بوونە، ئاڵای عرووبە لە کوێوە هات؟! (وەرگێڕ).

****** بلاد السواد، ئەو ناوچەیە دەگرێتەوە کە دەکەوێتە نێوان بەسرە و کووفە لەگەڵ هەموو گوندەکانی دەوروبەری. (وەرگێڕ).

******* واتە لێژایی. (وەرگێڕ).

******** ئایەتی ١٧ لە سوورەتی الحجرات، واتە: "هەر چونکە بوونە موسڵمان، منەت بەسەر تۆدا دەکەن. بێژە ئەگەر ڕاست دەکەن خاوەن باوەڕن، لە موسڵمانبوونی خۆتان، منەت بەسەر مندا مەکەن، بەڵام خوا منەت لەسەر ئێوە دەکا، کە ڕێگەی برواهێنانی نیشان داون". سەرچاوە: قورئانی پیرۆز، وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار. (وەرگێڕ).

* مامۆستای یاریدەر لە کۆلیجی ئاداب و ڕاگری قوتابیان

# شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران
# ١٩٢٥

## لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی هەردوو وەزارەتی
## دەرەوەی بەریتانیا و فرەنسادا

### ئەڵقەی چوارەم

یەکێک لە خەوشە گەورەکانی مێژوونووسیی کوردی ئەوەیە پشت ئەستوور نییە بە بەڵگەنامە و دەستاوێژەیلی مێژوویی، بۆیە زۆربەی سەرچاوەکانی ئەم مێژووە حەشارگە و کەلێنی زۆریان تێدایە. ئەم بەڵگەنامە نهێنییانەی، کە لێرەدا لەسەر ڕووپەرەکانی کۆواری (واتە) بڵاو دەبنەوە بۆ یەکەم جار زانیاری و ڕووناکییەکی زۆر دەخەنە سەر مێژووی ئەم شۆڕشە، کە پێویستییەکی زۆری بە دووبارە خوێندنەوە و نووسینەوەیەکی بێلایەنانە و مێژووناسانە هەیە. بۆ گەیشتن بەم مەبەستە هەوڵ دەدەین سەرلەبەری ئەم بەڵگەنامانەی دەست ئێمە کەوتوون بڵاویان بکەینەوە.

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢٧**

کۆماری فرەنسا

کۆنسوڵخانەی فرەنسا

لە هەرێمی ئەمپێریا (ئیتاڵیا)

ڤانتیمیل، ٢ی ئاداری ١٩٢٥

ژمارە: ٣-٣١

بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری سیاسی و بازرگانی

"بە پەلە"

لە جێگری کونسوڵ، کارداری کاروباری کونسوڵخانەی فرەنسا لە ڤانتیمیل بۆ جەنابی بەڕێز

........................................................................

وەرگێڕانی لە فرەنسییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا

سەرۆكی ئەنجوومەن، وەزیری كاروباری هەندەران-پاریس

شەرەفی ئەوەم هەیە هاوپێچ بۆ جەنابی بەڕێزتان وتارێكتان بۆ رەوانە بكەم كە ئەمڕۆ لە رۆژنامەی (ڕابەری نیس)*دا بڵاو كراوەتەوە، كە ڕاگەیاندنێكی سوڵتانی پێشووی توركیا، محەمەدی شەشەمی تێدا بڵاو كراوەتەوە كە لە سان ڕیمۆوە بە پەیامنێری ئەم رۆژنامەیەی ڕاگەیاندووە.

لەلایەكی ترەوە من دەزانم، كە دەوروبەری سێ هەفتە دەبێ، كەسێك لە داروەدەستەكانی سوڵتانی پێشوو، لە سان ڕیمۆوە بە پاسپۆرتێكی شانشینی حەجاز چووە بۆ ئاسیای بچووك.

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢٨**

كۆماری فرەنسا

ڕۆژنامەی Eclaireur

ڕۆژی ٢ی ئاداری ١٩٢٥

چاوپێكەوتنی سوڵتانی پێشوو، محەمەدی شەشەم

(لە پەیامنێری تایبەتیمانەوە)

لەبارەی ڕووداوەكانی كوردستانەوە، من داوای چاوپێكەوتنم لە خاوەن شكۆی ئیمپراتۆر، سوڵتان محەمەد وەحیدەدینی شەشەم كرد كە لەوەتای دوو ساڵ دەبێ بە خۆی و خێزانەكەیەوە لە ڤیلای ماگنۆلیادا دەژی. خاوەن شكۆی ئیمپراتۆر ویستی لە ڕێگەی یەكێك لە هاوەڵ و كۆنە وەزیرەكانی، ژێنێرال عەونی پاشا، ئەم ڕاگەیاندنەی خوارەوەم بداتێ:

"من ئەوە لە ڕێگەی ڕۆژنامەكانەوەیە كە ئاگەداری ڕووداوەكانی كوردستان بووم. خوێن لە وڵاتەكەم دەڕژێت، من ئەزموونێكی بە سوێیم هەیە. هەڵبەت درێژكردنەوەی ڕەوشی نائاساییی شتەكان و بە تایبەت تەنگژەی حەتمیی نێوان فۆرمی ئێستەی حكوومەت و هەستی ئاینپەروەری و هەروەها ڕەوشی گەلەكەم، كە بەشێوەیەكی بنچینەیی بە ترادسیۆن و شكۆی ڕابردوویانەوە پابەندن. بەشێوەیەكی تەواو سروشتی دەبنە هۆی دروستبوونی ساتەوەختێكی ئاوەها.

خواوەند ئەوانە بپارێزێ كە بۆ چاكەی وڵاتەكەیان كار دەكەن و ئەوانەی كە لە ڕێگەی پیرۆزی دادپەروەریدا خەبات دەكەن."

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢٩**

باڵوێزخانەی فرەنسا

لە ئینگلستان

لەندەن، ١١ی ئاداری ١٩٢٥

بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری سیاسی و بازرگانی

ئاسیا

ژمارە: ١٥٣

(نهێنی)

بەڕێز دو فلۆریۆ، باڵوێزی فرەنسا لە لەندەن بۆ جەنابی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن،

وەزیری کاروباری هەندەران

ئینگلستان و شۆڕشی کورد

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن،

ڕۆژنامەکانی لەندەن، بە تایبەتی ڕۆژنامەی "تایمس"* و "مۆرنینگ پۆسن"** لەوەتای پازدە ڕۆژێک دەبێ، زنجیرەیەک زانیارییان بڵاو کردووەتەوە کە لە کۆنستانتینۆپل یان ئەنگۆرەوە لەبارەی بزاڤی چەکدارییەوە لە کوردستاندا بۆیان هاتووە. وەزارەتی دەرەوە، لەبەر نەبوونی مامووری خۆی لە ناوچە پشێوەکاندا زانیاریی وردی لەمبارەیەوە بەدەست نەگەیشتووە و هیچ گومانێکیشی لەبارەی چارەنووسی ئەم ڕاپەرینەوە نییە و لەوە دەترسێ کە ڕاپەرینەکە بە شێوەیەکی زەبروزەنگ ئاسای تورک داپڵۆسێنرێتەوە. وتاری ڕۆژنامە ئینگلیزییەکان جیاوازییێکی کەمی لەگەڵ زمانی وەزارەتی دەرەوە هەیە و مۆرکی هەستێکی کەم هاوسۆزی بۆ تورکەکان پێوەیە و مەبەستی دڵنیابوونە لەو گومانانەی کە دەگەڕێنەوە بۆ تێلیگرامی ژمارە ١٣١ی ئەم مانگەی ئەنگۆرە لە ٣ی مانگ. تورکەکان حکوومەتی بەریتانیایی بە دنەدانی شۆڕشی کورد تاوانبار دەکەن.

پێم وایە دەبێ لەوە دڵنیا بین کەوا حکوومەتی بەریتانیایی بە هیچ کلۆجێ دەستی لە پشێوییەکانی دژە تورکدا نییە لە کوردستان. دەبێ نائاسایی بێ ئەگەر باوەڕ بەوە بکرێ کە بەڕێز بالدوین و بەڕێز چامبەرلین بتوانن کردەی لەم جۆرە بکەن. بەڵام ئێمە لە ماوەی ساڵەکانی ١٩١٨ تا ١٩٢٢، ئەوهێندە دەسیسەی ماموورانی ئینگلیزمان بینی لە ڕۆهەڵات، کە دەتوانین لە بەردەوامیی ئەم مومارەساتە بە سوێیانە تێ بگەین لەژێر سەرپۆشی حکوومەتێکی بەڕێز و نەزاندا بە تایبەتی لەنێو ئەو ماموورە ئینگلیزانەی کە ئێمە زیانەکانیانمان بینی، چەندانێکیان لەوانە بەلای کەمییەوە بەدەوری فەیسەڵ کۆ بوونەتەوە و ئەمڕۆ لە عێراق حوکمڕانی دەکەن و ئەوانەی کە توانیان بە دەستپێشخەری تایبەتیی خۆیان بەبێ ڕاوێژکردن بە وەزارەتەکانی بەریتانیایی لە کوردستاندا دەسیسە بگێڕن

لەگەڵ ئەوەشدا من گومانم هەیە لە ڕەوشی ئێستەدا، ئەو دەستپێشخەرییە بووبێ، چونکە کوردستان وڵاتێکە چوونە ناوی سەخت و دژوارە و کوردەکانیش تاوەکو ئێستە ڕێگرن لە هەر هەژموونێک کە لە دەرەوە بێت. سوڵتان عەبدولحەمید کاتی خۆی ناچار بووە ئەفسەرانی فەیلەقی کورد لەناو سەرۆکەکانی ئەم هۆزانە هەڵبژێرێ کە بە ئاشکرا تەحەدای دەسەڵاتەکەیان دەکرد.

کوردەکان هەرگیز ملیان بۆ سوڵتانی عوسمانی نەداوە و تەنیا بۆ ئەو سوڵتانانە نەبێت کە لێ گەڕاون بە ئازادیی خۆیان هەڵسوکەوت بکەن. شایەد کوردەکان گەواهیی هەمان ئەو ڕۆحیەتەی سەربەخۆیی بن لە بەرامبەر کۆماری تورکیا، (وەرگێڕ) وەک ئەوەی لە بەرانبەر سوڵتان هەیانبوو و پێشم وا نییە شۆڕشی کوردستان ڕووداوێک بێت، کە دەبێ زۆر دوور بە دوای هۆیەکانیدا بگەڕێین، ئەمە ئەنجامی سروشتی دۆخێکی پێشتری کۆنینەیە.

بەڕێز جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەن، تکایە سڵاو و ڕێز لێنانی زۆر بەرزم قەبووڵ بفەرموون

گ. دو فلۆریۆ

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٣٠**

ڕۆژنامەی Eclaireur

١١ی ئاداری ١٩٢٥

شۆڕشی چەکداریی کوردستان

لەشکرەیلی یاخیبووەکان لە باکوری دیاربەکر لە پاشەکشەدان

ئەنگۆرە، ١١ی ئادار– ئاژانسی ئەناتۆل ئەم ڕاگەیاندنەی خوارەوەی بڵاو کردەوە:

تاقمێک لە چەکدارەکان، کە دوێنێ لە ڕۆژدا لە باکوری دیاربەکر، شەڕیان لەگەڵ مەفرەزەیەکی سۆسەکار (ئیستستلاع)ی ئێمەدا بووە، لە شەوی ٧ لەسەر ٨ ی ئادار، پەلاماری هێزەیلی بەرگریی ئێمەیان داوە، کە لەم ناوچەیەدا بڵاوە بوون. یاخیبووەکان وێڕای هەوڵ و کۆششی سەرسەختانە و چەندبارەیان، بە مەبەستی دەستبەسەرداگرتنی شار، بە تەواوی تێک شکان.

ڕەتلێکی تری چەکدارەکان لە ڕۆهەڵاتی چێرمین بە ئاراستەی دیاربەکر هاتوونەتە پێش و لە لایەنی خۆیانەوە ویستوویانە سوود لە شەو وەربگرن بۆ ئەوەی بگەنە ناو دەوروبەری دیاربەکر. بە شوێن دژە هێرشێکی هێزەکانمان، یاخیبووەکان سەرلەبەریان تەفروتوونا بوون و ژمارەیەک دیل و زیاتر لە پەنجا کوژراویان لە دوای خۆیانەوە بەجێ هێشت و شێلگیرانە ڕەدوو نران.

لەلایەکی ترەوە حکوومەتی تورک بڕیاری سەربازگیریی لە ناوچە هاوسنوورییەکانی ڕاپەڕینە چەکدارییەکە داوە. ئەو پیاوانەی کە دەکرێ سەربازگیر بکرێن و خەڵکی ئەو ناوچە ناوبراوانەن و لە کۆنستانتینۆپل دادەنیشن، ئەوانیش سەربازگیر کراون.

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٣١**

وەزارەتی کاروباری هەندەران

شیفرە خوێندنەوە

ژمارە: ٧٧

کۆنستانتینۆپل، ١٠ی ئاداری ١٩٢٥ سەعات ٢٢ ، ٥٠ خولەک
ڕۆژی ١١ی مانگ سەعات ٠٩ ، ١٥ خولەک گەیشتووە

پێنج یان شەش هەزار چەکداری شۆڕشگێڕی کورد ڕۆژی ٩ ی ئادار ویستوویانە دیاربەکر داگیر بکەن. ئەو دەستەیەی کە لە باکورەوە هاتن بەرپەچ درانەوە بەڵام دەستەیەکی تر، کە لە ڕۆهەڵاتەوە هاتبوون توانییان لە ناکاو و بە شەو بچنە ناو شارەوە بەڵام بەبێ ئەوەی بتوانن لێیەوە بمێننەوە. حکوومەت داوای لە ئەنجوومەن کردووە کەوا دەنگ بۆ پشتینەیەکی ١٠ملیۆن لیرەیی بدەن بۆ ئەو خەرجییە سەربازییە پێویستییانەی کە ڕاپەڕینە چەکدارییەکە هێناویەتە پێشەوە.

جۆزێ–کورێ

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٣٢**

وەزارەتی کاروباری هەندەران
شیفرە خوێندنەوە

ژمارە: ١٣٨
ئەنگۆرە، ٤ی ئاداری ١٩٢٥

لە ڕێگەی کۆنستانتینۆپلەوە ڕۆژی ٦ مانگ سەعات ٢٢ و ٤٠ خولەک ڕەوانە کراوە
٧ ی مانگ سەعات ٤ و ١٠ خولەک گەیشتووە.
دەگەڕێمەوە سەر تێلیگرامی ژمارە (١٣٤)م.

ئەمڕۆ دوای دانیشتنێکی پارتی کە ٨ سەعاتی خایاند، ئەنجوومەنی نیشتیمانی لە سەعات ١٨ کۆ بووەوە و متمانەی بە وەزیری نوێ، عیسمەت پاشا، بەخشی بە کۆی ١٥٤ دەنگی لایەنگیر، ٢٣ دەنگ دژ و ٨ دەنگی ئامادەنەبوو، دەنگیان دا. بە بەردەوامیی ئەنجوومەن دواتر دەنگی بۆ قانوونێکی ئیستسنایی دا کە بڕێتی بوو لە دامەزراندنی دادگەیەکی سەربەخۆ لە ئەنگۆرە و دادگەیەکی دووەمیش لە ناوچە ڕاپەڕیوەکەدا. عیسمەت پاشا، هیچ پرۆگرامێکی ڕانەگەیاند و هەر بەوەندە دەستبەردار بوو ڕابگەیەنێ، کە داپڵۆسینەکە سەرتاسەریی شێلگیرانە و (خێرا) دەبێ.

سەرکۆمار لە دانیشتنەکەدا بەشدار بوو (یەک ڕستەی قرتاو و وشەی نهێنی)، بە موحیبەت دەربڕینی زۆری بۆ فەتحی بەگ نواند، کەوا میانڕۆیی لە ساتەوەختە ئاستەنگەکاندا پیادە ناکرێت.

موژین

(ماویەتی)

L'INSURRECTION DU KURDISTAN

# Les troupes rebelles sont en repli au nord de Diarbekir

ANGORA, 10 mars. — L'agence d'Anatolie publie le communiqué suivant :

Les bandes d'insurgés qui ont eu, dans la journée d'hier, au nord de Diarbekir, des engagements avec nos détachements de reconnaissance, ont, dans la nuit du 7 au 8 mars, attaqué nos forces de couverture concentrées dans cette région. Les rebelles, malgré des efforts opiniâtres et répétés en vue de s'emparer de la ville, ont été complètement battus.

Une autre colonne insurgée, avançant de l'est de Tchermin dans la direction de Diarbekir a, de son côté, essayé, à la faveur de la nuit, d'entrer dans un faubourg de Diarbekir. A la suite d'une contre-attaque de nos forces, les rebelles ont été entièrement dispersés et ont laissé de nombreux prisonniers et plus de cinquante morts. Ils sont activement poursuivis.

***

Le gouvernement turc a, d'autre part, décrété la mobilisation dans les régions limitrophes de la zone d'insurrection.

Les hommes mobilisables originaires desdites régions et résidant à Constantinople sont également mobilisés.

La seconde Chambre hollandaise

d'indépendance vis à vis de la République que du Sultan et la révolte du Kurdistan ne me paraît pas être un incident dont on doive chercher très loin les causes, alors qu'elle est le résultat naturel d'une situation déjà ancienne./.

Veuillez agréer, Monsieur le Président du Conseil, les assurances de ma très haute considération.

A. de Fleuriau

auxquels se réfère le télégramme d'Angora,du 5 de ce mois,N° 151.C'est aux revoltes du Gouvernement britannique que les Turcs imputeraient la révolte des Kurdes.

Je crois être assuré que le Gouvernement britannique n'a point encouragé l'agitation anti-turque dans le Kurdistan.Ce serait mal connaître M.Baldwin et M.Chamberlain que de les croire capables d'actions de ce genre.Mais nous avons assisté,au cours des années 1918 à 1922,à des intrigues si singulières d'agents anglais en Orient,que nous pourrions appréhender la continuation de ces pratiques fâcheuses,sous le couvert d'un Gouvernement respectable et ignorant.D'autant plus que parmi les agents anglais dont nous avons constaté les méfaits, quelques uns au moins étaient groupés autour de Feysal,aujourd'hui régnant dans l'Irak, et ceux-ci auraient pu intriguer au Kurdistan de leur propre initiative,sans consulter les Ministres britanniques.

Je doute cependant que,dans le cas présent,cette initiative se soit produite parceque le Kurdistan est un pays difficile d'accès et que les Kurdes se sont montrés jusqu'à présent réfractaires à toute influence venue du dehors.Le Sultan Abdul Hamid avait dû autrefois choisir les officiers des régiments kurdes parmi les chefs de ces clans,souvent parmi ceux même qui avaient ouvertement bravé son autorité.Les Kurdes ne furent jamais soumis au Sultan ottoman qu'autant que ce Sultan les laissait libres de se conduire à leur guise.

144

Ambassade de France en Angleterre.

Direction des Affaires Politiques et Commerciales.

Asie

N° 153

Londres, le II Mars 1925

1 5 MARS 1925

Class. 2 311. 3-

Confidentiel.

M. de Fleuriau, Ambassadeur de France, à Londres,

à Son Excellence M. Herriot, Président du Conseil, Ministre des Affaires Etrangères.

Monsieur le Président du Conseil,

L'Angleterre et la révolte au Kurdistan.

Les journaux de Londres, en particulier le "Times" et la "Morning Post", ont publié, depuis quinze jours, une série d'informations provenant de Constantinople ou d'Angora, au sujet du mouvement insurrectionnel au Kurdistan. Le Foreign Office n'a pas reçu de renseignement précis à cet égard, faute d'agents dans les régions troublées; il n'exprime aucun doute sur l'issue de cette révolte et craint seulement qu'elle ne soit réprimée avec la rigueur coutumière aux Turcs.

Les articles de la Presse anglaise comme, à un moindre degré, le langage du Foreign Office, sont empreints de sentiments peu sympathiques aux Turcs et de nature à accentuer les soupçons

138

AFFAIRES ÉTRANGÈRES

DÉCHIFFREMENT

TÉLÉGRAMME A L'ARRIVÉE

DUPLICATA

E 311.3.

D=

N° 77

R

CONSTANTINOPLE, le 10 mars 1925- 22.50

reçu le 11 à 9 h.15

Cinq ou six milles insurgés Kurdes ont essayé le 9 mars de s'emparer de Diarbékir. Un groupe venant du nord a été repoussé cependant qu'un autre venant de l'est a pu pénétrer dans la ville (par) surprise et la nuit sans réussir cependant à s'y maintenir.

Le Gouvernement a demandé à l'Assemblée de voter un crédit de 10 millions de livres pour faire face aux dépenses militaires nécessitées par l'insurrection ./.

JESSE-CURELY

Dd. E 388-1 133

AFFAIRES ÉTRANGÈRES **TÉLÉGRAMME A L'ARRIVÉE** DUPLICATA bis

DÉCHIFFREMENT

D= E 311-9

N° 138 CH

ANGORA, le 4 mars 1925 -

Transmis par CONSTANTINOPLE le 6 22 h.40

reçu le 7 4 h.10

Je me réfère à mon télégramme 134.

Aujourd'hui, après une séance du parti qui a duré 8 heures, l'Assemblée s'est réunie à 18 heures et a voté la confiance au nouveau Ministère Ismet Pacha par 154 voix contre 23 et 8 abstentions.

Sans débrider, elle a ensuite voté une loi d'exception portant création d'un tribunal d'indépendance à Angora et d'un second dans la région insurgée.

Ismet Pacha (n'a) développé aucun programme et s'est contenté d'annoncer qu'il y aurait une répression d'ensemble vigoureuse et (rapide).

Le Président de la République assistait à la séance, (1 gr.tronqué et mots passés) tout en exprimant pour Fethi Bey la plus grande affection que la modération n'était pas de mise dans les moments difficiles./.

MOUGIN

# UNE INTERVIEW DE L'EX-SULTAN MEHEMMED VI

(DE NOTRE CORRESPONDANT PARTICULIER)

San Remo, 1er mars.

A propos des événements du Kurdistan, j'ai demandé une interview à S.M.I. le Sultan Mehemmed Vahideddine VI qui, depuis deux années, séjourne avec sa famille dans la Villa des Magnolias.

S.M.I. a bien voulu me faire remettre par son premier aide de camp et ancien ministre, le général Avni Pacha, la déclaration suivante :

« C'est par les journaux que j'ai pris connaissance des événements du Kurdistan. Le sang coule dans mon pays et j'en éprouve une peine extrême. Cependant la prolongation d'un état anormal des choses, et surtout le conflit évident entre la forme actuelle du Gouvernement et les sentiments religieux ainsi que l'état d'âme de mon peuple, essentiellement attaché à sa tradition et à son glorieux passé, devait engendrer tout naturellement un moment pareil.

« Que Dieu protège ceux qui travaillent pour le bien de leur pays et qui luttent dans la voie sacrée de la justice »

G.

# ڤۆڵتێر و تاراوگە

هاشم ساڵح

لە سەرەتای سەدەی هەژدەم ئینگلترا لە بواری ئابووری و پیشەسازی و سیاسی لە وڵاتانی تری ئەوروپایی پێشکەوتووتر بوو. شاری لەندەن منارەی رووناکبیری و پاریسیش لەناو تاریکییەکی قووڵدا بوو. پرسیارەکەش ئەوەیە هۆکارەکە چی بوو؟ دەبێ رەگەزی ئینگلیز لە رەگەزی فرەنسایی باڵاتر بووبن؟ بێگومان بە بۆچوونی ڤۆڵتێر ئەوەیان بۆچوونێکی دروست نییە، مەسەلەکە پێوەندیی بە گەشەی سیاسی و سیستەمە سیاسییەکەی ئەو وڵاتە لەسەر سیستەمی سیاسیی فرەنسایی هەبووە، ئەگینا میللەتەکە لەوان هۆشیارتر نەبوون.

کتێبی (ڤۆڵتێر لە تاراوگە ئینگلیزییەکەیەوە) کە لەلایەن یەکێک لە مامۆستایە دیارەکانی زانکۆی بەلجیکی پرۆفیسیۆر (ریمۆن تروسۆن) کە یەکێکە لە ئەندامانی ئەکادیمیای پاشایەتیی بەلجیکی لە برۆکسل نووسراوە، ئەو وەک شارەزایەک لەو بوارەدا کار و بەرهەمەی بلیمەتەکانی وەک رۆسۆ و ڤۆڵتێر و دیدرو کردووە بە بەرنامەی کاری رۆژانە و کاری زۆری لەسەر کردوون، چونکە ئەو مەزنانە بوون کە هزر و بیری ئەوروپاییی نوێیان خوڵقاندبوو.

خۆزگە ئێمەی عەرەبیش بایەخ دەدەین بە وەرگێرانی ئەو شاکارە مەزنە گەورانە و چیی تر سەرقاڵی وەرگێڕانی کتێبە پلە دوو و سێیەمەکان نەبین، لەو کتێبەدا نووسەرەکە ژیاننامەی ڤۆڵتێر لەو سی ساڵەی لە تاراوگە ژیاوە دەگێڕێتەوە، تا بواری دەدەن بگەڕێتەوە زێدی خۆی، ئەوەی زانراوە کەوا ڤۆڵتێر ناو و بەرهەم و هزرەکەی لە دژایەتیکردنی کڵێسا و توندڕۆییی ئاینی و دادگەیە تەفتیشییەکانی کردووە، بەوەش ناسراوە و چەند سەدەیە ناو و هزرەکەی بە زیندوویی و بەشکۆوە ماوەتەوە.

ئەو لە ساڵی ١٦٩٤ لە پاریس لەدایک بووە و لە ساڵی ١٧٧٨ لەوێش مردووە، هەشتا و چوار

.................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی



ساڵ ژیاوە، دیارە ئەو تەمەنە بۆ ئەو سەردەمەی ئێستە دەکاتە نزیکەی سەد ساڵێک لە تەمەن و ژیان، بۆیەش ئەو بواری زۆر بووە ئەوەندە کتێبە بنووسێ و ئەو هەموو شەڕ و ململانێیە هزریانە بکات. ئەو سەرەتا لەسەر دەستی یەسوعییەکانی قوتابخانەکانی فەرەنسا دەرسی خوێندەوە و مامۆستاکانی کەسانی بەتوانا و زیرەک بوون. کە خوێندن تەواو دەکات دەست دەکات بە نووسین و خوێندنەوە و شیعری بۆ پێهەڵدانی کەسانی گەورە و نەجیبزادە و شازادەکان وتووە، بەوەش ناو و پارە و نەمریی پەیدا کردووە، ئەو سەرەتا هەستی کردووە ئەو کەسێکی بەهرەدارە و شیعر دەزانێت، بەڵام مێژوو ئەوەی سەلماندووە کەوا ئەو بە هەڵەداچووە و ئەو کەسێکی شاعیر نەبووە، بەڵام رووناکبیر و بیرمەند بووە. لە ساڵی ١٧٢٥ بە رووداوێک کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە زۆر دەگۆڕێت، لەگەڵ یەکێک لە دەرەبەگەکان لەسەر بابەتێک تووشی کێشەیەک دەبێت، لە نێوانیان دەمەقاڵییەک پەیدا دەبێت، بۆیەش پیاوە دەسەڵاتدارەکە ژمارەیەک لە کەسانی خۆی دەنێرێتە

سەری و دارکاریی دەکەن و لە بەردەم خەڵک ئیهانەی دەکەن، هەر بەوەندەش نەوەستابوون بگرە لە گرتیگەی باستیلیان پەستابوو.

بۆیە یەکێک لە هاوڕێیەکانی بەو دەڵێت: تۆ لەگەڵ بنەماڵەیەکی دەرەبەگ کێشەت پەیدا کردووە و هەڵەت کردووە، ئەوانە دەسەڵاتداری گەورەن، دەبوایە بێدەنگ بیت و وەڵامیان نەدەیتەوە، کەس ڕووبەڕووی ئەو شازادانە ناوەستێت و کەسیش بۆی نییە قسە لە قسەیان بکات، دیارە کەوا تۆ شێتیت، کەسانی ژیر ئەوە ناکەن! نووسەری کتێبەکە لەسەر ئەو کێشەیە وتوویەتی: دیارە کەوا وڵاتی فرەنسا لەودەمانە لە بندەستی چینێکی دەسەڵاتداری دەرەبەگەوە بەڕێوە دەچوو، واتە نەوەی بنەماڵە گەورەکانی ئەو وڵاتە، سەبارەت بە خەڵکە سادەکە و هاووڵاتییانی ئاسایی حیسابی هیچیان بۆ نەکراوە، دیارە کەوا ڤۆڵتێر لەو هاوکێشەیەدا تێ نەگەییبوو، یان کەم سەری لەو مەسەلەیە دەرکردووە، بۆیە باجێکی زۆری دابوو.

لەو سەردەمەدا یاسا لە بەرژەوەندیی ئەواندا بووە و ئاکاری دادپەروەریی پێوە نەبووە، بەردەوام خەڵکەکە لاواز و بندەستن بووینە و سەرکوت کراون. کە ڤۆڵتێر لە گرتیگەکە دەردەچێت تا ئەو کارەسات و ئیهانەکردنەی لە بیر خۆی بباتەوە سەفەری ئینگلتەرا دەکات، چونکە هەستی بەوە کردبوو کەوا ئەو لە ناخەوە رووخاوە و زۆر بە دڕەندیی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کردووە.

لەوێ لە نزیکەوە هەست بە ڕێنیسانسی ئینگلیزی دەکات، دەبینێت ئەو وڵاتە لە بوارەکانی شانۆ و هزر و زانست و فەلسەفە زۆر گەشەی کردووە، چونکە دیارە کەوا لەو ساڵانەدا ئینگلتەرا لە بوارە سیاسییەکان و پیشەسازی و زانستیدا پێشەنگی وڵاتە ئەوروپاییەکان بووە، کەواتە لەندەن منارەی ڕووناکبیری بووە و پاریسیش لە تاریکیدا نقووم بووبوو، دیارە کاتەکەش سەرەتای سەدەی هەژدەم بووە، سەفەرەکەی ئەو لە ساڵی ١٧٢٨ بووە. لەوێ لێبووردەیی و کرانەوەی هزر باو بووە، بەڵام لە فرەنسا سەردەمی سیستەمی ئوسوولی و دەرەبەگی و توندکاری بووە، کە دوو ساڵ لەوێ دەبێت شارەزای زانستەکەی نیوتن و فەلسەفەی جۆن لۆک دەبێت، بۆیە بە جۆش و بە هزرێکی فەلسەفەیی و عەقلانیەتی ئینگلیزییەوە دەگەڕێتەوە، دیارە ئەویش لەو تاریکییەی لە فرنسا هەبووە زۆر کۆڵدار و پڕ دەبێت.

هەموو زانیارییەکانی لە یەکەم کتێبی فەلسەفەیی خۆی بە ناوی (نامە ئینگلیزییەکان) دەنووسێت، کە پاشان دەبنە نامەی فەلسەفەیی، کە زوو لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە کتێبەکە دەستی بەسەردا دەگیرێت و یەکسەر هەموو دانەکانی دەسووتێنن و ڕاوی نووسەرەکەی دەنێن، بەڵام ڤۆڵتێر لەو کاروانەدا بەختیار بووە چونکە خۆی بۆ ڕەوشەکە ئامادە کردبوو، بۆیە شەوێکیان رادەکات نەوەک بکەوێتە ناو ژێرزەوینەکانی گرتیگەی باستیل. کە ڤۆڵتێر ئەوەی راگەیاندووە کەوا ئینگلتەرا لە فەرەنسا زۆر پێشکەوتووترە، دەسەڵاتی فرەنسایی تووڕە دەکەن، ئەو لە یەکەم نامەدا نووسیبوی کەوا لە فرەنسا تەنیا بوار دراوە یەک مەزهەبی کریستیانی پێڕەو بکرێت و ئەویش مەزهەبی کاسۆلیکە، بەڵام لە وڵاتی ئینگلتەرا چەندین مەزهەب و ڕەوتی ئاینی و هزری پێڕەو

کراوە، ئەوانەش هاوشانی یەکتری بە ئارامی و بە ئاسوودەیی دەژین، ئاشتی و ژیانێکی خۆشی تێدایە. بۆیە فرە ڕەنگی و زۆربوونی جەمسەرەکان مەترسی ناگەیەنێت و نەتەوەش هەڵناوەشێنێتەوە، ئەوەش بەپێچەوانەی ئەوانەیە کە لە فرەنسا داوای دەکەن و دەڵێن فرە ڕەنگی و فرە ئایدلۆجیا مەترسیی لەسەر نەتەوەکەماندا هەیە، دیارە ئەو رامانە ئینگلیزییە وڵاتەکەی بەرەو ئازادییەکانی دیموکراسی دەبات و ئەو چینەی دەسەڵاتیان بەسەر وڵاتەکەمان گرتووە بە شێوازێکی ستەمکارانە وڵات بەڕێوە دەبەن و چینە دەرەبەگ و بەگزادەکان بەبێ ئەوەی کار بکەن و بەرهەمیان هەبێت وڵاتەکە تەی دەکەن و هەموو سامانەکەیان کۆنترۆڵ کردووە، ئەوان کەسانی بێکارن و خەڵکی ترن کە کار دەکەن، تەنها سێسەد خانەوادەن کەوا دەستیان بەسەر هەمو سەرمایەکانی ئەو وڵاتەدا داگیر کردووە و خەڵکە چەوساوەکەش لە برساندا دەمردن، ئەوە هزری ئەو بووە کە لە فرەنسای ئەودەمانە بانگهێشتنی بۆ کردووە. کە شۆڕشی فرەنساش هەڵگیرساوە نووسینەکانی ڤۆڵتێر لەو شۆڕشە دوور و نامۆ نەبووە.

فرەنساییەکان بەپێچەوانەی ئینگلیزەکان رقیان لە بازرگانەکان بووە و ئەوەش رامانی ڤۆڵتێرە، بۆیەش وتوویەتی: جووتیارەکانی ئێمە لە فرەنسا کەسانی چەوساوە و داماون، ئەوەش بەپێچەوانەی ئینگلتەرایە کەوا ئەوانەی کەسانی شانازن و رێزیان لێ گیراوە. پرسیارەکەش ئەوەیە ئاخۆ رەگەزی ئینگلیز لە رەگەزی فرەنسایی باڵاتر و شیاوترن، ئەوان شایستەی ئەوەن زۆرتر گەشە بکەن، لە وەڵامدا ڤۆڵتیر وتوویەتی نەخێر، رەگەزی ئینگلیز لە فرەنسیاییەکە باڵاتر و کارامەتر نییە، بەڵام مەسەلەکە پێوەندیی بە گەشەی سیستەمی سیاسییەوە هەبوو، ئەوان سیستەمی سیاسییان باڵاتر و پێشکەوتووترە.

وڵاتی ئینگلتەرا لەسەر بنچینەکانی دەسەڵاتی یاسا و پەرلەمان بەڕێوە دەچێت، بەڵام سیستەمی سیاسیی فرەنسا لەسەر داپڵۆسینی رەها و بایەخنەدان بە ویستی خەڵک بەڕێوە چووە. لە سیستەمی فەرمانڕەوای فرەنساییدا یاسا سەروەر نەبووە، بگرە زۆرداری و پشتگوێخستن و نکوولیکردن باو بووە، چینە دەرەبەگە ئورستقراتییەکە لە سەرووی یاسا بووە و یاساش ئەوانی نەگرتووەتەوە، بۆیە بە ئارەزووی ویست و بەرژەوەندییەکانی خۆیان خەڵکەکەیان بەڕێوە بردووە و ئەوەی ویستوویانە دادگەیان کردووە.

بەڵام لە ئینگلتەرا تاکی جووتیار دەوڵەمەند بووە شانازیی بە خۆی و بە رەوشەکەی ناو وڵاتەکەی هاتووە، ئەوەشیان بەڵگەیە کەوا ئێمە لە فرەنسا کەسانی زەلیلین، ئەو قسەیەش دەسەڵاتدارانی فرەنسیایی تا رادەیەک زۆر نیگەران و تووڕە کردبوو. ڤۆڵتیر لە نامە فەلسەفییەکانیدا ئاماژەی بەوە کردووە کەوا باج وەرگرتن لە ئینگلتەرا بە یاسایەکی دادپەروەرانە دابەش کراوە، بەڵام لە فرەنسا بە شێوەیەکی زاڵمانە وەردەگیرێت، کە تێدا جووتیارە هەژارەکان کە باج دەدەن و لەژێر باری گرانی ئەو باجەدا دەناڵێنن، ئەوانن کە پارە دەدەنە دەوڵەمەند و بەگزادە و دەرەبەگەکان، ئەوانیش بەو پارەیە خۆش رادەبوێرن و لەناو کۆشک و تەلارەکانیان لە

پاریس شەوچەرەی شادومانی بەڕێ دەکەن، لەبەرئەوەی ئەوانە باج نادەن بۆیە وا دەوڵەمەند بوون و سامانی زۆر کۆ دەکەنەوە!

ئیتر ڤۆلتێر بەوجۆرە هەگبەکەی بە ڕووی فرەنسا و حکوومەتەکەی بەتاڵ دەکات و بەشانازی و شکۆوە باس لە حکوومەتی ئینگلتەرا دەکات، بەوەش تۆڵەی خۆی لە لویسی پازدەمینی پاشای فرەنسا دەکاتەوە ئەوەی لە گرتیگەی باستیلی پەستابوو. بەناچاری ڤۆلتێر دەچێتە برووسیا لەوێ دەگاتە لای پاشایە گەورەکەیان فریدریکی دووەم کە زۆر بە ڤۆلتێر سەرسام بووە و بە هاوڕێی خۆی زانیوە، ئەو پێش ئەوەی بگاتە تەختی پاشایەتیی ئەو مەملەکەتە زۆر بە نووسینەکانی ئەو سەرسام بووە و خۆی بە خوێندکارێکی ئەو زانیوە، بەیەکەوە لەسەر بابەتەکانی ئەدەب و هزر و ئاین و ژیان نامەیان گۆڕیوەتەوە. فریدریکی دووەم بە گەرمی پێشوازی دەکات و مووچەیەکی باشی بۆ دەبڕێتەوە و لەسەر دەستەی باڵای ئەکادیمیاکەیان دای دەنێت و خەڵات و پاداشتی زۆریشی دەداتێ، ئیتر کتێبە نوێیەکەی بە ناوی (مێژووی کەونییەکان) تەواو دەکات کە لەسەر حوکم و فەرمانڕەوای لویسی چوارەم بووە، بەڵام ئەو پێوەندییە باش و پتەوە زۆری نەخایاند و لەسەر چەندین هۆکار ئاڵۆز دەبێت، بۆیەش ڤۆلتێر لەو پاشایە دوور دەکەوێتەوە و بەرەو هەوارێکی تر بار دەکاتەوە.

ئەو هەموو دەروازەکان بە ڕووی داخرابوون دەرگەکانی پاریس لەبەر رەق و هەڕەشەکانی دەسەڵات و ئوسوولییە کریستیانییەکان بۆ ئەو ئاسایی نەبوو، چونکە کڵێسا دژایەتییان دەکرد و ئەو زۆر بابەتی لەسەر هزرە جادووگەرییەکانی ئەوان نووسیبوو، بۆیە دەچێتە شاری لیۆن، لەوێ بە جۆش و خرۆشەوە پێشوازییان کردبوو، کە چەند رۆژێک لەوێ دەمێنێتەوە بەرەو سنووری فرەنسایی سویسرایی دەڕوات، تا لە دەسەڵاتی پاریس و ئوسوولییەکان دوور بکەوێتەوە دەچێتە ناو خاکی سویسرا. لەوێ لە نزیک شاری لۆزان خانووێک لەسەر کەناری زرێباری لیمانی ناودار دەکرێت، ئیتر لە ناوچەی ڤیرنی ناو سنووری فرەنسا کۆشکێک دەکرێت، بەڵام بەردەوام ویستوویەتی لە سویسراوە نزیک بێت، لەوێ تا دوا رۆژەکانی ژیانی بەسەر دەبات و جوانترین نووسین و بەرهەمەکانی دەنووسێت. نووسەری ئەو کتێبە نووسیویەتی:

کە ڤۆلتێر لە برووسیا دەگەڕێتەوە و دەبێتە کەسێک کە موڵکی رای گشتی بێت، نەک تەنیا فرەنسا و بەس، موڵکی هەموو وڵاتانی ئەورووپا و لەو وڵاتانە ناو دەردەکات و باس لە هەموو کێشە و تەنگژەکانی گشتی دەکات و بەرگری لە داماو و زەحمەتکێشان دەکات، بەتایبەتی ئەوانەی بە رێنوێنی و یاساکانی ئاینی سزا دەدرێن و شەڕ لە دژی دەمارگیری و توندڕۆیە کریستیانییەکان رادەگەیەنێ.

لە رۆژنامەی (شەرق الاوسط)ی لەندەنی رۆژی ١٧ی مانگی یۆلیۆی ٢٠١١ وەرگیراوە.

# دوورخستنەوەی ناوی یەحموور
# لە ناوی شا بەهرام گوور

تۆفیق وەهبی

بەشی دووەم و کۆتایی



لە چاپی دووەمی کتێبی "ئێران لە سەردەمی ساسانییاندا"ی
پرۆفیسۆر ئارتەر کریستنسن – وەرگیراوە.

بەشی دووەم

## پلەی بایەخ پێدانی نووسەرە کۆنەکان بەم دوو لێکدانەوەیە

لەم وتارەدا مەبەستم لە نووسەرە کۆنەکان ئەوانەن کە بەر لە نیوەی دووەمی سەدەی حەوتەمی کۆچییەوە بوون، لەمەودواش دەمەوێ بەپێی ڕیزی پێشتر مردنیانەوە ناوی ئەوانە بخەمە بەرچاوان کە دەیانناسم، بۆ ئەوەی کەمیی ئەوانە ڕوون بکەمەوە کە بەگوێرەی کۆیانەوە هۆی بە " گوور " ناونانی بەهرامی پێنجەمیان باس کردووە، ئینجا جیاوازیی نێوانی ئەو دوو بۆچوونانە:

........................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

| ناوی نووسەر | ساڵی مردن | تێبینی |
|---|---|---|
| الجاحظ "جاحز" | ٨٦٨ – ٢٥٥ | ئەم نووسەرانە لە سەدەی پێش مردنی مەسعوودی مردوون و هیچ لێکدانەوەیەکیان باس نەکردووە. المسعودی ٩٥٦ – ٣٤٥ |
| ابن قتيبه الدينوری "ئیبن قوتەیبەی دەینەوەری" | ٨٨٩ – ٣٧٦ | |
| البلاذري | ٨٩٢ – ٢٧٩ | |
| أبوحنيفة الدينوري | ٩٠٢ – ٢٩٠ | |
| ابن الفقيه | ٩٠٢ – ٢٩٠ | |
| اليعقوبی | ٩٠٤ – ٢٩٢ | |
| الطبری | ٩٢٢ – ٣١٠ | |
| المسعودي | ٩٥٦–٣٥٠ | لێکدانەوەکەی باس کردووە بەڵام هۆیەکەی باس نەکردووە. |
| حمزة الاصفهاني ابن ظاهر المقدسي | ٩٦١ – ٣٥٠ کۆتاییی سەدەی چواری کۆچی | باسی لێکدانەوەکەیان نەکردووە. |
| الخوارزمي | ٩٩٧ – ٣٧٧ | لێکدانەوەکەی باس کردووە. |
| الفردوسي<br>مسكوية | ١٠٢٥ – ٤١٦<br>١٠٣٠ – ٤٢١ | لێکدانەوەکەیان باس نەکردووە. |
| الثعالبي | ١٠٣٧ – ٤٢٩ | لێکدانەوەیەکی باس کردووە لەوەی " الخوارزمي " جودایە. |
| تێکڕای مێژوو و چیرۆکەکان | ١١٢٦ – ٥٢٠ | لێکدانەوەیان باس نەکردووە. |
| النظامي | ١٢٠٢ – ٥٩٩ | لێکدانەوەیەکی باس کردووە، لەگەڵ ئەوەی " ثعالیبی " دا ڕێکە. |
| ابن الاثير | ١٢٣٢ – ٦٣٠ | لێکدانەوەی باس نەکردووە. |

ئەوەی لەم خشتەیەدا سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە کە: حەوت نووسەری ناسراو لەوانەی مردنی یەکەمیان نزیکەی سەدەیەک پێش مردنی مەسعوودی بووە، باسی لێکدانەوەیان نەکردووە، ئەوانەی لەبارەی بابەتەکەوە دواون چوار نووسەرن لەنێو حەڤدە نووسەری ماوەی چوار سەدە، دەبینین ڕێژەی ئەوانەی باسەکەیان کردووە لەژێر چوارییەکەوەیە (سێ چارەک و هەندێک) لە کۆی گشتی.

باسی بابەتەکە نەکردنی زۆربەی ئەو نووسەرە بەهرەوەرانە، بە تایبەتی حەوت کەسیان پێش

مەسعوودی کەوتوون، وامان لێ دەکا گومان لە ڕاستیی ئەوە بکەین کە کەمینە گێڕاویانەتەوە. هەروەها ئەوەش پێشان دەدا کە زۆرینە بڕوایان بە لێکدانەوەکە نەکردووە کە نووسەران باسیان لێوە کردووە و هۆی ئەم ناو لێ نانەیان نەزانیوە و لێی بێدەنگ بوون، لەوانەشە ئەو دوو لێکدانەوانە بەر لە سەردەمی مەسعوودی هەر نەبووبن. دەشێ سەرنجی ئەوەش بدرێ کە بوونی دوو لێکدانەوەی جیاواز لە یەک کاتدا کە لەلایەن خوارزمی و سەعالبیی هاوچاخەوە دەربڕاون. دەشێ ئەوە بگەیەنن کە لە یەک کاتدا لەلایەن دوو سەرچاوەوە دروست کراون.

خۆ ئەگەر ئەو دوو لێکدانەوە باوانە ڕاستییان هەبایە. فیردەوسی لە کاتی هۆنینەوەی شانامەدا ئاماژەی بۆ دەکردن، چونکە زانراوە کە بابەتەکانی شانامە داهێنراو نین، بگرە فیردەوسی لە سەرچاوەیلێکی وەرگرتوون کە هەیبووە، سەرچاوە سەرەکییەکەشی کتێبێکە هەواڵەکانی ئێرانی دێرینی تێدا بووە، لە وتارێکدا کە باس لە کۆکردنەوەی شانامە دەکا کە ئەم دێرە شیعرەیەتی:

«کتێبێک بوو سەردەمی دێرینی دەگێڕایەوە " سەردەمە مێژووییەکانی ئێرانی بەر لە ئیسلام " گەلێک چیرۆکی تێدایە.»

هەروەها لەم دوو دێرەی خوارەوەشدا:

«ئەوەی لە کتێبی باستان " سەردەمی دێرین " بگەڕێ کە چیرۆکەکانی مەزنانی قارەمانان دەگێڕێتەوە، گوتی: یەکەم کەس بووەتە شا و نەریتی تەخت و ئەفسەری داهێنا گیومەرت بووە.»

فیردەوسی گەلێک بەشی لە کتێبی شانامەیدا بۆ باسی بەهرامی گوور تەرخان کردووە، تێیاندا، لە نزیکەی ٣١٧٤ دێرە شیعردا باسی کارپەسندییەکانی کردووە.

نۆلد کە لەبارەی بایەخ بە بەهرام گووردانی فیردەوسییەوە دەڵێ:

«شاعیر بایەخێکی پتر بە هەندێک لە ساسانییانی وەک ئەردەشیر —ی یەکەم و شاپووری یەکەم و قوبادی یەکەم و خوسرەوی دووەم دەدا و نەخوازەڵا لە باسی بەهرامی پێنجەم " گوور "ی پاڵەوانی خۆشەویستی داستان کە پەسنێکی ئەفسانەییی بێ سنووری پەسن دەدا.»

لە ڕاستیشدا فیردەوسی هەموو ئەو گێڕانەوانەی کۆ کردووەتەوە کە لە کتێبانده لە بەردەستاندا بووە، یانیش لەسەر زارانی ئەو سەردەمەدا لەبارەی ژیانی" بەهرام گوور " و بەسەرهات و کارەکانی و کارە جودا جودا سەراساییەکانیەوە بووە، ئەوانەی کە دراونەتە پاڵی. لەوانەش کارەکانی خواوەندان و قارەمانە ئێرانییە ئەفسانەیییەکان، بۆ نموونە وەک کوشتنی ئەژدیها دەدرێتە پاڵی نەک کوشتنی یەک ئەژدیها وەک ئەم پاڵەوانانە، بگرە لەوانی بە باشتر داناوە کە کوشتنی دوو ئەژدیهاکی دەداتە پاڵ، یەکیان (وشک – ئاوی)یە و فیردەوسی ئەوەشی لە بیر نەکردووە (بەهرامی پێنجەم) لە ڕیزی ئەم پاڵەوانانە دابنێ، بەڵام ئەوەی پشتگوێ خستووە کە

نازناوی " بەهرام گوور "ی لێ بنێ.

بەباسکردنی ئەفسانەی کوشتنی (ئەژدەرها) حەز دەکەین بەم بۆنەیەوە هەندێک زانیاری لەبارەی بایەخدانی نەتەوەکانی سەرزەوینەوە پێشکێش بکەین، بە کۆن و نوێیانەوە نەخوازەڵا کۆنەکانیان.

کوشتنی ئەژدیها ئەفسانەیەکی ئاینیی سروشتیی گەلێک کۆنە، بنەماکەی کوشتنی ئەژدیهای دوژمنی خواوەندان و خەڵکە و لە گشت ئەفسانە کۆنەکانیشدا باسی شەڕەکە لە نێوانی خواوەندان یان پاڵەوانی ئاسمانی، یان پاڵەوانی زەوینی لەلایەکەوە و ئەژدیها، لەلایەکەی تردایە، بۆ نموونە:

لای بابلییەکان: " مەردۆخ "ی خواوەند شەڕی " تیامات "ی ئەژدیها دەکا.

لای حیتییەکان: خوداوەندی هەورەتریشقە شەڕی " ئیللۆ یەنک "ی ئەژدیها دەکا.

لای گریک (یۆنانییان): " زەوس "ی خواوەند شەڕی " تیفۆن "ی ئەژدیها دەکا.

لای گریک (یۆنانییان): " ئەپۆڵلۆن "ی خواوەند شەڕی " پیتۆن "ی ئەژدیها دەکا.

لای گریک (یۆنانییان): " زەوس "ی خواوەند شەڕی " تیفۆن "ی ئەژدیها دەکا.

لای هیندییان: " ئیندرا "ی خواوەندی ناو " ڤیدا " شەڕی " ڤرترە "ی ئەژدیها دەکا.

لای هیندییان: "ترەت "ی خواوەندی ناو " ڤیدا " شەڕی " ڤیسڤرۆپە "ی ئەژدیها دەکا.

لای ئەسکەندیناڤییان: " گا "ی خواوەند شەڕی " مار "ی گەورە دەکا.

لای ئێرانییان: " گورشاسپ "ی " پاڵەوانی ناو ئاڤێستا " شەڕی " سروور "ی ئەژدیها دەکا.

لای ئێرانییان: " ترێتۆن" ی " پاڵەوانی ناو ئاڤێستا " شەڕی " ئەژدەهاک "ی ئەژدیها دەکا.

بەڵام ئەو پاڵەوان و شایە ئێرانییانەی ئەژدیهایان کوشتووە، هەروەک لە شانامەدا باس کراوە، " سام " و " فەرەیدوون " و " ڕۆستەم " و " گوشتاسپ " و " ئەسفەندیار " و " ئەردەشیری پاپەکان " و " بەهرام گوور "ە کە دوو ئەژدیهای کوشتووە، یەک لەوانە " وشک – ئاوی " بووە، واتە لە وشکانیش و لە زەریاشدا وەک یەک دەژیا.

لە شانامە و " فارسی روایت " و هەندێک کتێبی پەهلەویی تردا هاتووە کە شا " فەرەیدوون "، بنچینەکەشی (" تریتۆن " ی پاڵەوانی ئاسمانیی ئاڤێستایی)، ئێرانی لە حوکمی " ئەژدەهاک "ی شا ئەژدیهای بە زوحاک " ضحاک " بە عەرەبی کراوە، (کە بنچینەکەی " ئەژدەهاکی ئاڤێستایی " یە)، کە فەرمانڕەواییەکەی هەزارساڵی بە زۆرداری و چەوساندنەوەوە درێژەی بووە. " فەرەیدوون " هێرشی بردووەتە سەر پایەتەختی " زوحاک گرتوویەتی و چووەتە ناو کۆشکەکەی و بە " گرز گاوسر " واتە: (گورزی سەرە گا) (* ز) و ویستوویەتی بیکوژێ، بەڵام " سرووش "ی پەری کە ئەو ساتە دەگاتە ئەوێ و پێی ڕادەگەیەنێ نەیکوژێ و تەنیا لە چیاکاندا بەندی بکا. ئەگەر بیکوشتایە

خوێنەکەی دەبووە مار و کلاشدوم " دوویشک " و مووری بکوژ و جیهانیان پڕ دەکرد و وا دانراوە لە کۆتاییی جیهاندا دەوری هەبێ، " فەرەیدوون "یش گرتی و بە زنجیری ئاسن بەندی کرد و لە چیای "دەماوەند "دا بەندی کرد، کە تا کۆتاییی جیهان لەوێ دەمێنێ. " زوحاک " شەو و ڕۆژی بە لێستنەوەی زنجیرە ئەستوورەکانی بەسەر دەبا بۆ ئەوەی بە لیکاوی بیانتوێنێتەوە، لە کۆتاییی هەموو ڕۆژێک لە کردنەوەیان نزیک دەبێتەوە، بەڵام لەگەڵ بەرەبەیاندا کەڵەشێر کە دەقووقێنێ وەک خۆیان لێ دێتەوە، بەڵام لە کۆتاییی جیهاندا دەتوانێ زنجیرەکانی بکاتەوە. دەگەڕێتەوە و حوکمی جیهان دەکا، بەدکاری لەگەڵ خەڵکدا دەکا و زۆریان دەچەوسێنێتەوە و زۆربەی گیانلەبەران لەناو دەبا، ئەم حوکمەشی پتر لە ڕۆژ و نیوێک درێژە ناکێشێ، بەدەستی " گورشاسپ " دەکوژرێ کە بە فەرمانی " هورموزد "ی خواوەند بۆ ئەم مەبەستە دەژێێنرێتەوە.(٨)

لە کتێبی (أخبار الزمان)ە چاپکراوەکەی مەسعوودیدا کە پێشتر باسی لێوە کرا(٩)، " ئەسکەندەر " ئەژدیها گەورەکەی کوشتووە کە زۆری خەڵکی ئەو دوورگەیەی ناوی " دوورگەی ئەژدیها "یە چەوساندبووەوە. پێویست بەوەش ناکا بڵێین ئەم " دورگەی ئەژدیها "یە تەنیا لە جیهانی خەیاڵ و پڕوپووچدا نەبێ بوونی نییە.

تەنانەت کوشتنی ئەژدیها دراوەتە پاڵ هەندێک لە پاڵەوانانی ئاینەکانی ئێستا. هێشتاکوێش چیرۆکی کوشتنی ئەژدیهاک لەنیو هەندێ نەتەوە لە ئارادایە، حەز دەکەم لێرەدا بە کورتی چیرۆکێکیش باس بکەم کە بە منداڵی لە دایەنە کوردە نەخوێندەوارەکەی خۆمم بیستووە:

" ........ سوارچاکە دەمامکدارەکە ڕۆژێکیان (کە پاڵەوانی چیرۆکەکەیە و پێشتر لە سەرەتای چیرۆکەکەدا پەسنی کەسایەتی و کارەکانی دەکرێ)، لە شاری (س)دا و چووە ماڵی پیرەژنێکی هەژار، شەوێکی لێ مایەوە، کە سوارچاکەکە داوای ئاوی خواردنەوەی لە پیرێژنەکە کرد، بۆ نەبوونی ئاو داوای لێبووردنی لێ کرد و پێی گوت ئەو کانیاوەی شار ئاو دەدا ئەژدیهایەک داگیری کردووە و ئاوەکەی لەژێر زەویدا ڕاگرتووە و بۆیانی بەرناداتەوە تا هەفتەی کیژۆڵەیەکی پێشکێش نەکەن بیخوا، کە بەر لە نیوەڕۆی هەموو ڕۆژێکی هەینی کیژۆڵەکەی دەدەنێ. ئەژدیهاکەش لە ڕۆژی چوارشەممەوە ئاوەکە دەبڕێ و چاوەڕوانی ژەمی ڕۆژی هەینی دەکا. بۆیە ئاوەکە دوو ڕۆژە بڕاوە، سبەی هەینییە و دەبێ کیژۆڵەیەکی بدەنێ. ئەو کیژۆڵە جوانەی سبەینێ دەیدەنێ کچە جوانەکەی شایە.

سوارچاک پێی گوت:

- سبەی بمبەرە سەر کانییەکە بۆ ئەوەی بەر لەوەی کچی شا بهێنن و بیدەن بە ئەژدیها.

ڕۆژی دواتر سوارچاکی دەمامکدار لەگەڵ پیرێژن کەوت و بۆ سەر کانی. خەڵکی شارەکەش لە دەوروبەری کانییەکەدا گرد بووبوونەوە. دوای هەندێک کچی شایان بە جلی بووکێنییەوە هاورد، کە لەسەر کورسییەکی بەسەر شانانەوە هەڵگیراودا دانیشتبوو. کە شازادە لە کانی نزیک بووەوە ئەژدیها لە شوێنەکەیەوە دەرکەوت و چەند هەنگاوێک چووە پێش و دەمی کردبووەوە کە ئاگری

دەردەدا، بۆ ئەوەی کیژۆڵەکە قووت بدا کە بە کاوەخۆ لە کانی نزیک دەبووەوە. بەر لەوەی کورسی هەڵگرەکان شازادە دابگرن و بۆ ناو دەمی ئەژدیها پاڵی پێوە بنێن، سوارچاکی قارەمان شمشێر لەدەس لەناو خەڵکەوە دەرپەڕی و لە پڕ برووسکە ئاسایی پەلاماری ئەژدیهای دا و بێ ئەوەی هەلی بداتێ لە ملی دا و سەری بڕی. ئەوساکە ئاوەکە لە کانییەوە دەرچووەوە لەنێو هاواری خۆشیی خەڵک و گۆرانییاندا و ئەسرینی شادییان ڕشت و ئەو ڕۆژەیان بۆ خۆیان و شایان بووە جەژن.

پێویست بەوە ناکا بڵێین شا کچەکەی لە سوارچاکە قارەمانەکە مارە کرد کە دوای خۆشی بە شا هاتە هەڵبژاردن کە شا جێنشینی نەبووە. "

*

## پاشکۆی بەشی دووەم

لەگەڵ ئەوەشدا کە چیرۆکی " تربتۆن – ئەژدیهاک " لە ئاوێستا دەگەڕێتەوە سەردەمی هیندی – ئێرانی و چیرۆکێکی کشتوکاڵییە و لە شوێنەوارەکانی هێزە سروشتییەکانی لای هیندییە – ئەوروپاییەکان، بەڵام مۆرکێکی ئێرانیی تایبەتی هەیە.

کەچی چیرۆکی " فەرەیدوون – ئەژدیهاک " زوحاک "، کە چیرۆکێکە لە سەردەمی ساسانی داڕێژراوە، بەڵام بیرە هیندییە – ئێرانییە کۆنەکەی پتر پێوە ماوە وەک چیرۆکی " تربتۆن – ئەژدیهاک "ی ئاڤێستایی، ئەوەش شەڕی ئەژدیهاکە هەواییەکەیە کە ڕێ لە باران بارین دەگرێ، ئەم چیرۆکەش کشتوکاڵیترە وەک ئەوەی یەکەم و هەروەها تێکەڵ بە باوەڕی تری وەرگیراوە و مۆرکێکی ئیسلامییشی هەیە، کە یەکتاپەرستیی رووتە.

" ئەژدیهاک لەو ئاڤێستایەدا کە لە بەردەستماندایە، شایەک نەبووە حوکمی جیهان بکا و خەڵکەکە بەڕاستی بچەوسێنێتەوە، بگرە ئەژدیهاکی دوژمنی ژیانە لەسەر زەویدا، " ئەترۆمینس "ی دوژمنی "ئاهورامەزدا " و ئەفرێنراوەکانی ئەفراندوویەتی، بەڵام لە " شانامە "وە دیارە " زوحاک " شایەکی ئەژدیها بووە هەزار ساڵ یەک ڕۆژ و نیو کەم حوکمی ئێرانی کردووە.

لە چیرۆکی " فەرەیدوون – زوحاک "یشدا ئاماژە بۆ ڕەوشتی پێشکێشکردنی قوربانیی مرۆیی بەم ئەهریمەنە ئەژدیهایە بۆ لێپاڕانەوە و خۆ لێ نزیک خستنەوە، دا ڕێ لە باران و ئاو نەگرێ، ئەم چیرۆکەی شاهنامەش لە ئەفسانەی " تریتۆن – ئەژدیهاک "ی ئاڤێستاییە ڕەسەنترە و سەرچاوەکەشی کۆنترە و گیانی کشتوکاڵیی ڕەسەنی تێدا لەوەی تریان دیارتر و بەهێزتر و فراوانترە وەک باسی لێوە کرا.

## بەشی سێیەم

پێم وایە ئەوەی باسمان لێوە کرد لە پێشاندانی مێژوویی لە دوو بەشی پێشتر بەسە بۆ ئەوەی ئەو

دوو لێکدانەوانە بە جوایەز دابنێین، بۆ سەلماندنی بۆچوونمان حەز دەکەین چەند وشەیەک بڵێین کە هیچ یەکێک لەو گێڕانەوانە ناچنە عەقڵەوە.

بە لێکدانەوەی یەکەم دەست پێ دەکەین کە خوارزمی باسی لێوە کردووە، دەڵێ: "بەهرام گوور بۆیە ئەم نازناوەی دراوەتێ چونکە ئارەزووی ڕاوە کــەرەکـــێـــوی هەبووە ". ئەم لێکدانەوەیەش هەرچەند هێشتا لەناو خەڵکدا لە دووەمیان باوترە، کەچی من کە لە دووەمیانم توێژییەوە نەمتوانی خۆم بە بڕوا پێکردن قایل بکەم و تەماشام کرد ئەم قسەیە بە ئاوەزدا ناچێ و هۆی ئەمەش زۆر ئاسانە، ئەویش ئەوەیە کە ئەوەی کەرەکێویی پێ دەگوترێ ئاژەڵێکی بەستەزمانی زۆر لێکراو بووە و هیچی نەبووە بەرگریی لە خۆی پێ بکا بەرامبەر بە دەستدرێژییەک کە دەکرێتە سەری، جگە لە گۆڕانی کەوڵەکەی بەپێی ئەو شوێنەی لێی دەژی و زۆر دوورکەوتنەوەی لە ئاوەکان، کە ڕۆژی یەک جار ئاوخواردنەوەی بەس بووە دوای ئەوەی ڕێیەکی دوور و درێژی نێوان گۆلە ئاوەکان و قووڵاییی ئەو دەشتەی لێی دەژیا، کە ئەمەش لە ترسی ئاژەڵە ڕاوکەرەکان بووە، بە تایبەتی شێرەکان، کە، کەرەکێوی خۆراکێکی پەسندی شێرەکان بووە. ئیدی چۆن دەبێ " بەهرام " بە " کەرە کێوی "ی بەستەزمان ناو دەنرێ. بەهرامی قارەمانی ئازا کە لە شێرگەل ئازاتر بووە و شێری ڕاو کردووە و خۆی بە تەنێ لە یەک کاتدا زۆرانبازیی لەگەڵ دوو شێری برسیدا کردووە و توانیویەتی بیانکوژێ. بەهرامێک هەموو ئەم کارە سوارچاکی و پاڵەوانێتییە سەراساییانەی ناو داستانەکان و ئەو وێنانەی لەسەر شمەکی دەوروبەریاندا کێشراون دا ببێتە نموونەیەکی گەورەیی نەتەوەیی و جێی شانازیی نەوەکانیان، نابێ ناوی ئەو " کەرەکێوی "ەی لێ بنرێ کە لە ترسی بەتایبەتی شێرەکان پەنای بردووەتە قووڵاییی بزورگەکانی دەشت.



بەهرام گوور لە کاتی ڕاوەشێردا
" دەفرێکی زیوین - مۆزەخانەی بەریتانیایی "

وا دیاره ڕێ تێنەچوونی ئەم لێکدانەوەی یەکەمە، هەندێ نووسەری تری وا لێ کردووە چیرۆکێکی تایبەتی لە چیرۆکە سەرەڕۆییە ڕاووشکارانەکانی " بەهرامی پێنجەمی " بەکار بهێنن کە چیرۆکی لێکدانەوەی دووەمە و سەرەتای بە " گوور " ناونانی بدەنە پاڵ ، بۆ ئەوەی پاساو بۆ شیاویی نازناوەکە بهێننەوە.

لێکدانەوەی دووەمیش کە لەسەر ڕووداوی ڕاووشکارە تایبەتییەکە بنیات نراوە لێکدانەوەیەکی هەرگیز سەرکەوتوو نییە ، کە لە ڕاستی دوورترە تەنانەت لە چاو لێکدانەوەی یەکەمیشدا،

پێم وایە، چیرۆکی ئەم ڕووداوەی نووسەران بەپێی ئەوەی لە سەعالیبیمان گێڕایەوە باسیان کردووە، ئەگەر هۆی ناو لێنانی بەهرام بێ بە ناوی یەک لەو دوو گیانلەبەرە پێکراوە باسکراوانەی ناو چیرۆکەکە، واتە شێر و کەرەکێوی، شیاوتر ئەوە بوو بە ناوی شێرەوە ناو بنرایە، چونکە ئامانجی بەهرام بە پلەی یەکەم شێری دڕندە بووە، کە تیرێکی تێ دەگرێ هەردوو گیانلەبەرەکان دەبڕێ بە زەویدا دەچەقێ. ئەو کارە نائاساییەی لەو کاتە ئەنجامی داوە و پێویستی بە سەرسامیی ئامادەبووان و پەسندکردنیان بووە دەربڕینی هێزێک بووە پێشتر کەس نەیبووە، کە تا زەوی گەیشتنی تیرەکە بووە لە دوای بڕینەوەی شێر و کەرەکە، ئەگەر مەبەست نازناو بۆ بەهرام دانان بێ ببێتە هێمایەکی پەسندکردنی کارە سەراساییەکەی بێ و نەمری بکا، هەر نەبێ وەک گوتمان هەر دەبوو بە شێر ناو بنرابا و بە " بەهرام شێر " ناو بنرایە، چونکە گیانلەبەری بەهێز لەم چیرۆکەدا شێرە و پیاو شانازی بەوە دەکا ئەو ناوەی لێ بنرێ، نەک بە نازناوی کەرەکێویی بێهێز.

ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە ئەم ڕووداوە باس لێوەکراوەی لە کاتی ڕاووشکاردا لە وڵاتی ڕۆئاوا بووە، ئەوانەی لەگەڵ بەهرامدا بوونە لەم ڕاوەباسکراوەدا هەر ئەوانەن کە تیرهاوێژییەکەیان لا پەسند بووە، بۆیە پێویست بووە بە زمانی عەرەبییان نازناوی لێ بنێن، خۆ ئەگەر مونزیر بیزانیایە کەسێک بەهرامی بە " کەرەکێوی "ی بەستەزمان ناو بردووە، یەکسەر لەناوی دەبرد.

هەروەها چیرۆکێکی سەرەڕۆییی تر هەیە بەگەورەییدا بە ڕووداوی ڕاوەکە بەراورد ناکرێ کە کانگەی نازناوی شا بەهرام بووە، ئەوەش داگیرکردنی ئەفسەری شاهانە بووە لەلایەن دوو شێری برسییەوە. ئەگەر هۆی نازناو بە بەهرام بەخشین ڕووداوێکی هێز و قارەمانی بوایە، دەبایە ئەم ڕووداوە داهاتووی ژیانی بەهرامی دەستنیشان بکردایە. ئەفسەری شاهانە و تەختی ئێرانی بۆ گەڕاندووەتەوە، هەروەک دەیگێڕنەوە، ئەمە لەوە بەرزتر و شیاوتر دەبوو ناوی پێ لێ بنرایە. هەر هەموو مێژوونووسەکان ئەم ڕووداوەیان باس کردووە و نەخشکارەکانیش لەسەر شمەکی جیاواز نەخشاندوویانە.

مێژوونووسان باس لەوە دەکەن کە دوای مردنی " یەزدگورد " گەورەکانی ئێران لەسەر ئەوە ڕێک کەوتوون شاهێتی لە بەهرام وەرگرن و بیدەنە پیاوێکی نەوەی " ئەردەشێری پاپەک " کە " خوسرەو "ی ناو بووە.

کە بەهرام ئەوەی گوێ لێ دەبێ، هێشتا لە وڵاتی حیرە بووە، پشتی بە مونزیر بەست بۆ گەڕاندنەوەی تەختەکەی لە " خوسرەو "، بەمجۆرە بە یارمەتیی سەربازیی مونزیر گەڕاندییەوە کە هەڕەشەی لە "تەیسفوون"(١٠) کرد بە ناردنی لەشکرێکی لە ٤٠.٠٠٠ کەس پێکهاتوو، ١٠.٠٠٠ کەسیان لەگەڵ "نوعمان"ی کوڕی و ٣٠.٠٠٠ یش لەگەڵ بەهرام بۆ سەر " تەیسفوون " و " بیە ئەردەشیر ".

نووسەران بەم بۆنەیەشەوە، لە هەڵبەستنی چیرۆکی قارەمانی لەبارەی بەهرامەوە کەمتەرخەمییان نەکردووە. کورتییەکەی، ڕێککەوتنیانە، بە پێشنیازی بەهرام، کە هەر کامێکیان " بەهرام "یش و "خوسرەو "یش، توانی تاج و ئارایشەکە لە ناوەڕاستی دوو شێری دڕندەی بە بێچوو وەربگرێتەوە، شاهێتی بۆ ئەو دەبێ.

ئەوەی گوێ لە تەبەری دەگرێ کە دەڵێ: " مووبەدی مووبەدان –ی کار پێ سپێردراو کە ئەفسەریی لەسەری هەر شایەک دەکرد دەبووە شا، ئەفسەر و ئارایشەکەی هێنا و لەلایەکی دانان، بەستام –ی ئەسپەهبودیش هات و دوو شێری دڕی بەیەکەوە بەستراوی هێنا، یەکێکیان لەلایەک، لەولایەدا وەستا ئەفسەر و ئارایشەکەی لێ دانرابوو ئەوی تریش بە تەکیەوە و بەندەکانیان کردەوە، ئەوجا بەهرام بە کیسرا " خوسرەو " گوت:

– ئەوە ئەفسەر و ئارایشتەکانە بیانبە.

کیسرا گوتی:

– تۆ لە من شایەنتری دەست پێ بکەی و بیانبەی، چونکە تۆ شاهێتی لە بابەلباب –ەوە (وراثە) ت دەوێ و من داگیرکاریم.

بەهرام قسەکەی پێ ناخۆش نەبوو لەبەر بڕوای بە توانست و هێزی خۆی و گورزێکی بە دەستەوە گرت و بەرەو لای ئەفسەر و ئارایش کرد، مووبەدی مووبەدان پێی گوت:

– خۆ بەکوشتدانت لەم کاروبارەدا کە بۆی هاتوویتە پێش، خۆبەخشە و بە ڕای کەسێکی فارس نییە، ئێمە لە پێش خوادا لە خۆ بەکوشتدانی خۆت بێتاوانین.

بەهرام گوتی:

– ئێوە لەمە بێتاوانن هیچ گوناهێکتان لە ئەستۆ نییە.

ئینجا بە پەلە چووە لای شێرەکان، کە مووبەدی مووبەدان سەیری کرد لە بەرەنگاربوونەوەیاندا بە ڕاستییەتی، هاواری لێ کرد و گوتی:

– گوناهەکانت دەرخە و لێیان پەشیمان ببەوە (تۆبە بکە)، ئەوجا ئەگەر هەر بۆیان دەچی، بچۆ.

بەهرام گوناهەکانی پێشووی هەموو باس کرد، ئینجا بەرەو دوو شێرەکە چوو، یەکێکیان بۆی چوو، کە لە بەهرام نزیک بووەوە بازێکی دا سواری سەر پشتی بوو و بە ڕانەکانی دوو تەنیشتی شێری گوشینێکی وەها گوشی ئازاری پێ گەیاند و بەو گورزەی بەدەستییەوە بوو لەسەری دەدا،




ئینجا بەرەو دوو شێرەکە ڕێی کرد و یەکێکیان هێرشی بردە سەر

ئەوجا شێرەکەی دی هێرشی بردە سەر، دوو گوێی گرت و بە دوو دەستی شێلایانی و سەری بەسەری ئەو شێرە دەدا سواری بووبوو تا پاڵی پێوەیان نا و بە گورزی دەستی هەر لەسەریانی دا و کوشتنی، ئەمەش لە پێش چاوی کیسرا و ئەوانەوە بوو کە لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادە بوون، دوای ئەوە بەهرام ئەفسەر و ئارایشەکەی هەڵگرت و کیسرا یەکەم کەس بوو هاواری کرد و گوتی:

"خوا بەهرام تەمەن درێژ بکا و ئەوانەی دەوروبەری گوێدێر و گوێڕایەڵی بن و بژێویی شاهێتیی حەوت هەرێمی سەرزەوینی بداتێ."

## بەشی چوارەم

## گەڕان بە دوای هۆی ناونانی بەهرامی پێنجەم

بە: " بەهرام گوور "

١- واتەی "گوور"

گومانی تێدا نییە بەهرامی پێنجەم نازناوی " گوور "ی لێ نراوە، کە هەر لەو کاتەشدا نازناوێک بوو بۆ "کەرەکێوی ". بۆیە پێویستە ئەو لێکۆڵەوەیەی دوو لێکدانەوە باوەکان بە ڕاست نازانێ، دەبێ لە تایبەتمەندییەکی هاوبەشی نێوان " کەرەکێوی " و " بەهرامی پێنجەم " بگەڕێ. بەڵام بە درێژاییی ئەو چەند سەدەیەی پێش ئەم سەدەیەی ئێستا کەوتوون کەسێک پەیدا نەبووە بایەخ بە توێژینەوە لە پەیدابوونی ئەم نازناوە بدا، بەشێک ئەوانەی لەوان پێش خۆیانیان دووبارە کردووەتەوە و بەشەکەی تر هەر هیچ لێکدانەوەیەکیان لەم بارەیەوە باس نەکردووە. یەکەم دەنگی جیاواز لە کۆتاییی نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەدا پەیدا بوو کە دەنگی " کرستنسن "ی خوا لێخۆشبوو بوو. ڕوانیم کرستنسن ڕاستەڕێی گرتووەتە بەر، ئەویش گەڕانە بە دوای تایبەتمەندییەکی هاوبەشی نێوانی " کەرەکێوی " و " بەهرام "ە، بەوەش لێکدانەوەیەکی نوێی هێناوەتە گۆڕێ، کرستنسن دەڵێ:

" ڕەوشتی هەڵوەڕانەی نازناوی " گوور " (کەرەکێوی "ی بەسەردا سەپاندووە، ئینجا دواتر لە چیرۆکێکی ژیانی ڕاووشکاریدا، دەستیان بە پشکنین کرد لە بنچینەی ئەم نازناوە، پێشتر بە هاویشتنی تیرێک کەرەکێوییەک و شێرێکی سمیوە کە ڕاوی کردووە[١١] ".

ئەوەی لای من بایەخداره لەم لێکدانەوەیەی کرستنسندا، لە قبوولّنەکردنی دوو لێکدانەوە باوەکەدایە و ناچاربوونی مێژوونووسە، دوای ڕەتبوونی دە سەدە بەسەر دوو لێکدانەوە باوەکەدا، بۆ لێکدانەوەیەکی خۆی بگەڕێ. بەڵام من وای دەبینم ئەم لێکدانەوە تازەیە لە توێژینەوەیەکەوە سەری هەڵداوە لە دەرەتانێکی بەرتەسکدا ئەنجام دراوە. کرستنسن توێژینەوەی لە چۆنێتیی کرۆکی بە " کەرەکێوی " ناونانی " گوور "ی پشتگوێ خستووە، وا دیارە لەو بڕوایەدا بووە " گوور " ناوی بنچینەییی "کەرەکێوی"یە، بۆیە نەچووەتە سەر واتەی وشەی "گوور ". بۆیە ناچار بووە لە تایبەتمەندییەکی هاوبەشی نێوانی "بەهرام " و " کەرەکێوی "دا بگەڕێ، ئینجا پێی ئاسان بووە بڵێ " بەهرام " وەک " کەرەکێوی " هەڵوەڕ و دڕ و ڕەوشت توند بووە، ئەوەش لەبەر پەرگیری بووە لە ژیانیدا، ئەوەشی بەهۆی بە " بەهرامی کەرەکێوی " ناونانی " بەهرامی پێنجەم " داناوە.

بەڵام ئەوەی مێژوونووسان لەبارەی بەهرام گوورەوە دەیڵێن ئەوە پێشان نادا، بۆ نموونە " ئەبوحەنیفەی دەینەوەری = ٢٨٢ یان ٢٩٠ ی کۆچی مردووە " دەڵێ:

" بە پەروەردەیەکی باش پێ گەییوە، لە ئەدەب و سوارچاکیدا بەهرەمەند بووە و چیڕ و جوان و ڕێکوپێک بووە، مونزیر ڕابواردن و بەندە و کەنیزی بۆ ئامادە کردووە. سواری وشتری چاک دەبوو و ئافرەتی گۆرانیبێژی دەنگخۆشی لە پشتییەوە سوار کردووە و بەو شێوەیە چووەتە ڕاوەدوونانی ئاژەڵە کێوی و بەمجۆرە لە لاوێنی و بیرحەساوەییدا بە نموونە دەهێنراوەتەوە. داخۆ ئەم ڕەوشتەدا هیچی تێدایە لە ڕەوشتی "کەرەکێوی "ی بەستەزمان بچێ؟.

بۆیە ئێمە لەو بڕوایەداین گەڕان بە دوای هۆی بە " کەرەکێوی " ناونانی " بەهرامی پێنجەم "، دەبێ لە سەرەتادا بە توێژینەوە لە واتەی " گوور " دەست پێ بکرێ و ئینجا لە هۆی ناو نانەکە.

" گوور " وشەیەکە هەر لە ڕۆژگاری " بەهرام گوور "ەوە تا ئێستا شێوەکەی و واتاکەی نەگۆڕاوە، واتاکەشی (شوێنی نزم و بیاوان و دەشت)ە، شێوە ڕەسەنەکەشی لە ئاوێستادا " گوڤر "ە واتەی " قووڵ " دەگەیەنێ. (بڕوانە نزیکیی نێوانی ئەمە و وشەکانی " جەفر – جفر " و " غەور – غور "ی عەرەبی).

بەڵام " کەرەکێوی " بەدڵنیاییەوە ناوی " گوور "ی سادەی لێ نەنراوە، بگرە لە فارسیی ناوەندیدا پێی گوتراوە "گوورخەر " یانیش " خەر گوور "، بە واتای " کەری بیاوان ، کەری دەشتایی[١٢]". کە ئەمڕۆش هەر بەو واتایەوە پێی دەگوترێ " خر دشتی ". خۆ ئەگەر ئەم ئاژەڵە کێوییە لە چیادا بژیابا، پێی دەگوترا " کوە خر یان خرکوە، یان خر کوهی "، وەک ئەمڕۆ دەگوترێ: " بزکوهی " واتە (بزنە کێوی).

بە تێپەڕینی ڕۆژگار شێوەی ڕەسەنی ناوەکە هۆی ناونانەکە لە بیر کراوە" گور خر ". تەنیا

بەشـێکی کـورتکراوەی لێ بەسـەر زارانەوە مـاوەتەوە کـە " گـوور "ە، هەروەک " ئۆروز دی باک " لەسـەر زاری بەغداییاندا کورت کراوەتەوە. بەمـجـۆرە " گوور " کە لە بنچینەدا واتەی " بیـاوان " دەگەیەنێ بووەتە ناو بۆ " کەرە کێوی " ش.

٢- هۆی ناونانی " بەهرام گوور " و واتاکەی

هەر بەو هۆیەوە کـە وشـەی " گـوور " نراوەتە سـەر " خـر "، نراوەتە سـەر ناوی " بەهرام" یش، بەمـجـۆرە مـەبەست لەو لێکدانە ئاوێتەییـە " بەهرام گوور " بەواتای " بـەهرامـی دەشـتـایی " یان " بەهرامی دەشتی "، هەر وەک واتەی " خر گور "، " کەری دەشتی " بووە.

ئەوانەی لەو سـەردەمـەدا " بەهرام " یان بە " بـەهرام گـوور " نـاو ناوە، مـەبەسـتی بـە " بەهرامـی کەرە کێوی" ناونانیان بە بیردا نەهاتووە.

ئەم ناو لێنانە بەپێی پێگەیینی بەهرام چاوەڕوان کراوە، هـەر لە شیرەخۆرەیییەوە لەناو عـەرەبی دەشـتـایی. بەهرام پەروەردەیەکی عـەرەبانە پەروەردە بـووە و ڕەوشت و داوونەریـتـیانی هەڵگرتووە و عەرەبی بەڕادەیەک خۆشـویستووە وەک لەبارەیەوە باس کراوە و گوتراوە کە پتر عەرەب بووە لەوەی ئێرانی بووبێ. ئەو بارودۆخەی ژیانی یەک لەو بیانووانە بووە کە دوای باوکی ویستوویانە نەیکەنە شا، هەروەک هەموو مێژوونووسان باسیان کردووە کە تەبەری -ش لەوانە و دەڵێ:

" کـە یەزدگـوردی باوکی مـردووە بـەهرام لەوێ نـەبووە (لە وڵاتـی عـەرەب بـووە)، خـەڵکانێک لە گەورەپیاوان و بـنەماڵەکان لەسـەر ئەوە ڕێک کـەوتن کـەسێک لە نەوەی یـەزدگورد نەکەنە شـا لەبەر بەدڕەوشتی، گوتوویانە یەزدگورد جگە لە بەهرام کوڕی جێ نەهێشـتووە بتوانێ شـاهێتی بگرێتە ئەسـتۆ و بەهرامـیشـی نەخسـتووەتە سـەر هیچ شـوێنێک هەواڵی تێدا باس بکرێ و بـەکارەکانیدا بناسـرێتەوە و بە پـەروەردەی فارس پەروەردە نەبووە بگرە پـەروەردەکەی پەروەردەی عـەرەبە و لەبەر پێگەیینی ناو ئەوانیـەوە ڕەوشتی وەک ڕەوشتیـانە و قسـەی خۆیان و هـی خەڵکی ئاسایییـان لەسـەر ئەوە ڕێک خستووە شاهێتییـەکە لە بەهرام وەرگرنەوە و بیدەنە پیاوێک لە نەوەی ئەردەشیری کوڕی پاپەک " کیسرا "ی ناو بووە، ئەمیان نەکردە شا.

" ناسیخ ئەلتەواریخ "یش دەڵێ:

" سـەرانی فـارس گوتیان... بەهرام گوور، سـەرەڕای پاش کەوتنی بە گشت ئەو ڕەوشـتە بەدانەی لە باوکییەوە بۆی بەجێ ماوەتەوە، لەنێو عـەرەبدا ژیاوە و ڕەوشت و ڕەوت و پەسنی ئەو کۆمـەڵەی هەڵگرتووە.

ئەم بیرە لای ئێرانییاندا هەبووە و نەیانویستووە میرێک پەسند بکەن بە منداڵی لە وڵاتی جگە لە وڵاتە ئێرانییەکاندا ژیاوە ە بیکەنە شا بەسـەریانەوە." موشـیرولدەولە " نموونەیەکی تری ئەم بیر و بۆچوونەیانمان بۆ دەهێنێتەوە:

"هورمـز - ی برای " ئازەرنەرسـی "ی کـوژراو (٣١٠ ی. ز)، لە گـرتیگە هەڵـهاتبـوو و چووبووە

بیــزانس (* ح) ، لەبەرئەوەی لەوێ ڕەوشت و نەریتی گـریکەکـانی هەڵگرتبـوو، ســەرانی ئێـران ئەوەیان ڕەت کردەوە بە شای هەڵبژێرن(١٣)".

دەشێ ئەوانەی شاهێتییان ڕەت کردووەتەوە و پاساوی ئەوەیان هێنابێتەوە کە لەنێو عەرەباندا گەورە بووە و ڕەوشـتی ئەوانی هەڵگرتووە و بۆ فـەرمـانڕەوایی فـارس دەست نەدا، هـەر ئەوانە بن ئەم نازناوەیان وەک پروپاگاندە لە دژی ئەو بەکار هێنابێ کە دەشتەکییە، بۆ پشتگیریی " خوسرەو " کە لەپێش چاویاندا گەرد بەسەر فارسبوونیدا نییە.

ئەوەی ئەم نازناوەشی هێشتبێتەوە یارمـەتیی سەربازیی لە لەشکری مـونزیری عەرەب وەرگرتن بووە بۆ گەڕاندنەوەی تەختەکەی، چونکە ئەگەر ئەو یارمەتییە سەربازییـەی عەرەبە نەبوایـە ئاسان نەبووە فـەرمـانڕەوایی لە دەست خوسـرەو وەرگرێتـەوە و بە درێژایی تەمـەنی ڕێز لە عـەرەب گرتن و بەلای ئەواندا داشکاندنی. " ئیبنولفەقیە "(٩٠٢ / ٢٩٠) لە کتێبی " البلدان "دا دەڵێ:

(بەهرام ڕێزی لە عەرەب دەگرت و سوار دەبوو و ئەو لەو وێنانەدا کە عـەجەم لە دەفر و مـافوور و ڕایەخیاندا بەردەوام بە سواریی حوشتر وێنەیان کێشاوە."

## دوا پاشکۆ

## بنچینەی وشەی " بەهرام "

### گەردانکردنی ناوی " ڤرەتەرگنە " خواوەندی سەرکەوتن

وشـەی " بەهرام " لە وشـەی " ڤرترەگنە "ی ئاوێسـتاییەوە وەرگیـراوە، وشـەی " ڤرترەگنە "ش لە " ڤرترە " واتەی " بەرگری " دەگەیەنێ، هەروەها لە "گن " کە واتەی لێ بدە، شکێن" دەگەیەنێ. ئەم خواوەندە ئێـرانییـە" ڤرترەگنە " کە لە بنچینەدا خـواوەندی جـەنگاوەرە، خـواوەندی سـەرکـەوتنی هیندی – ئێرانی (ئاری)ی کۆن، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی ئارییانی تێدا لە نیشتمانی خۆیان لە ڕۆهـەڵاتی دەریای خـەزەردا بوون، ئەمـەش بەر لە سەدەی پازدەمی پێش زاین. هـەروەک لە " ریک ویدا " دەبینین "، کتێبی هیندیی پیرۆز کە دەقەکانی بۆ سـەدەی پازدەی پێش زاین دەگەڕێتەوە، بە شـێـوەی " ڤـرەترەهن " بـە واتایەکی نوێوە واتە: " بـکوژی ڤـرەترا "، واتـە بکوژی ئەژدیـهـاک یان ئەهریمەن، دواتر " ڤرەترەهـن " بووە نازناوی خـواوەندی شـەڕی هـیندیی خـۆشـەویسـت " ئیندر "، خواوەندی ئێرانیی کۆن کە زەردەشت لە چاکسازییە ئاینییە ئێرانییەکەیدا لەنێو ئەو دێوانەی تری وەک ئەم بوون ئەمـیشی دوور خسـتووەتەوە. بەڵام " ڤرەترە " لە ویدا ئەهریمەنە و بارەگـەی لەناو هـەوری ڕەشدایە، بەر لە باران دەگرێ و زەوی وشک دەکاتەوە.

" ڤرەترەگن " ی خـواوەند لە ئاوێسـتـادا، واتە و کاری " ڤرەترەهـن " ی هیندیی نییـە، هەروەها پێوەندییشی بە هـەورەتریشـقـەوە نییـە، کە چەکی کوشندەی " ئیندەر " ە، بەڵام بەر لە زەردەشت خــواوەندێکی بەبایەخ بووە لای ئێــرانیــیــەکــان و تەنانەت دوای زەردەشــتـیش، ســەرەڕای

دوورخستنەوەیەوە لەلایەن ئەمەی دوابیانەوە لە کاتی چاکسازییە ئاینییەکەی و بە ئەهریمەن دانانی لەلایاندا لەم پایەیدا ماوەتەوە.

هەروەها لە ئاڤێستادا " یەشت " کە واتەی " پەسن – الحمد "ی تایبەت بەخۆی تێدا دەبینین، " یەشت" نزای هۆنراوەیە.

لە " یەشت " یشیدا، کە چواردەمینە، گوتراوە کە خواوەندە، یان " یەزت " (پەرییەکە) " ئاهوورا " ئەفراندوویە و لە " یەزت " ە ئاسمانییەکان پڕ چەکترە و هێزی هێرشبردن و سەرکەوتن و بەرزی و فەڕ و سوود و خۆشبوونی دراوەتێ، دژ بە دێو (ئەهریمەنان) و خەڵکی دوژمن و پیاو و ئافرەتە جادووگەرەکان و خوانەناسەکان دەجەنگێ و بەسەریاندا سەردەکەوێ و ئاشتیخوازێکی باشە.

لە دە بەرجەستەبووندا بە بەردەمی زەردەشتدا ڕەت بووە، کە بەم شێوانەوە دیارە:

بای چاکەخواز.
ئەو گایەی دوو قۆچی لە زێڕن.
ئەسپی سپیی دوو گوێ و لغاوی زێڕین.
حوشتری ئارەزوو هەڵچوو.
یەکانەی هەڵەوەڕ
لاوی جوانی پازدە ساڵە.
مەلی باز.
نێرییە کێوی.
بزنە کێوی.
جەنگاوەری تەیار.

زەردەشت نزای کرد، نزاکەی گیرابوو. وزەی نێری و هێزی بازوو و تەن و هێزی بینین ـی درایێ. ماڵی بە مانگا دەوڵەمەند پاس دەکا و هەر ئەمیشە لە کاتی وەستانی جەنگدا سەرکەوتن بەو لەشکرە دەدا کە بەر لە خەڵکی تر لەم و لە یەزت " ئەم " واتە " یەزتی هێز" یان " خواوەندی هێز " دەپارێتەوە. هەروەها مەترسیی هێرشبردنە سەر وڵات دوور دەخاتەوە، ئەگەر مەڕێکی برژاوی خرایە پێش بە مەرجێک ئەو مەڕە یەکڕەنگ بێ، هەر ڕەنگێک بێ، بەڵام ئەگەر خوانەناسێک لەم قوربانییەدا بەشدار بێ، جۆران کارەسات بەسەر وڵاتدا دێ.

" ڤرەترەگن " لە شێوەی بەرازێکی کێویی ترسناک، پێش خواوەندی گەورە " میتر " دەکەوێ، ئامادەی شەڕ و بۆ لەناوبردنی ئەوانەی فێڵ لە " کیتر " (میهر)ی پارێزگاری پەیمان دەکەن. هەر خۆشی تایبەتمەندیی ئەفسووناوی بە ئەریاش مەل " باز " دەدا، کە چوار باز لە کاتی شەڕدا بە شێوەیەکی ئەفسووناوی سەرکەوتن بەدەست دەهێنن. مرۆ دەتوانێ هەر جادوویەک لێی کرابێ

تەنیا بە سڕینەوەی لەشی بە پەڕی باز پووچەڵ بکاتەوە. هەڵگرتنی پارچە ئێسکێکی یان پەڕێکی پیاو لە کوشتن دەپارێزێ و لەلای خەڵکیشدا ڕێز و شکۆی پێ دەدا.

"ڤرترەگن " لە ئاڤێستادا سەرۆکایەتیی بیستەمین ڕۆژی مانگی ئێرانی دەکا، کە ئەو ڕۆژەی بە ناو دەکرێ، هەروەک – ئێستاشی لەگەڵدا بێ – ئەو ڕۆژە لای زەردەشتییان بە " بەهرام " ناودەبرێ. دەکا،

لە دەقە پەهلەوییەکانیشدا ناوەکەی بە شێوەگەلی " ڤرەهران و ڤرەهرام " دەبینین، هەر بەخۆشی زانستی یەزت – ە ئاسمانییەکانی لەلایە، شەڕوان دەوروژێنێ، بە ناوی " مەریخ "ی ئەستێرەی گەڕۆکەوە ناو دەبرێ، هەروەها ئەم ئەستێرە گەڕۆکە لە فارسیی نوێدا بە " بەهرام " ناودەبرێ.

بەرەبەیانی چوارەمین ڕۆژی دوای مردن، " ڤاهرام " تێ و دوو یەزتی " سرووش " و " وای " (بای بە فەڕ، دێنە سەر مردوو بۆ ئەوەی یارمەتیی مردوو بدەن لە ڕاگوزاریی جیهانەکەی تردا).

ئاتەشکەدەیەکی گەورە لە " شیز (گەنجە)دا هەبووە لە ئازەربایجان، ئەمەش ئاتەشگەدەی شاهانە بووە کە شایە ساسانییەکان سەردانیان کردووە و ناوی " ئازەرگوشتاسپ " ە. ئەم پەرستگەیە پەرستگەی " ڤرەهران " (بەهرام) ی ئاگری شەڕ بووە. " ئازور – گوشتاسپ " دەیەم هەروەک باسمان کرد. واتە (ئاگری ئەسپی جوانوو)ە. ئەم ئەسپی جوانووە یەک لە بەرجەستەبووەکانی " ڤرەترگن" ی خواوەندە، " ڤرەهران "ی دە، وەک باسمان کرد.

ئاگری " بەهرام "، لەگەڵ دوو ئاگری " ئازور – فەرەن بەغ " و " ئازور – بەرزین میهر " سێیینە پێک دەهێنێ. " ئازور – گوشتاسپ " ، واتە " ئاگری بەهرام"، کە ئاگری شاهانە و پارێزەری لەشکرە ئێرانییەکانە و سەرکردەیان دەنوێنێ. پەرستگەکەشی لە چیای " ئاسوەند"دایە، ئەم ئاگرە ئەوەیە کە لە گەرووی " بەهمەن زەر "دا یارمەتیی" کەیخوسرەو "ی (ئەفسانەیی)ی داوە . بەڵام " ئازور – ڤرەن بوغ " پارێزگاری موغانە و نوێنەرایەتییان دەکا. پەرستگەشی لەسەر چیای " کانکەر "ی هەرێمی هیندستانە. " ئازور – بەرزین میهر " پارێزگاری کەشتیارانە و نوێنەرایەتییان دەکا، پەرستگەشی لەسەر چیای "ئاریوەند " ە لە " دەشتی ڤشتاسپان " دا. ئەم سێ ئاگرە – بە باوەڕی ئەوان – بەبێ دار دەسووتا و ئاو پێی ناکرێ بیانکوژێنێتەوە.

جگە لەم سێ ئاگرە گەلێک ئاتەشگەدەی تر بە وڵاتی ئێراندا بڵاو بووبووەوە.

زەردەشتییەکان بڕوایان بە پێنج جۆرە ئاگر هەیە لە گەردووندا ئەوەش:

١– ئاگری پەرستگەکان.

٢– ئەو ئاگرەی لەناو تەنی مرۆڤ و گیانلەبەردا هەیە.

٣– ئەو ئاگرەی لەناو ڕووەکەکاندا متە.

٤– ئاگری برووسکە.

٥- ئەو ئاگرەی لە بەهەشتدا لە بەردەمی ئاهوورامەزدا دەسووتێ.

أ- ئاگری بەهرام، ئەمەش دیارترین جۆری ئاگرە زەردەشتییەکانە، هەر هەرێمێکی وڵاتە زەردەشتییەکان دەبێ ئاتەشگەدەی " ئاگری بەهرام" ی خۆی هەبێ: ئەویش لە ١٢٨ , ١٠ ئاگری خاوێن پێک دێ کە لە شازدە جۆرە ئاگرەوە وەرگیرابێ.

ب- ئاگری ئازەران، ئەمەش ئاگرێکی خاوێن و پیرۆزە دوای ئاگری بەهرام لە پلەی دووەمدایە، هەر شارێک یان گوندێک دە خێزانی زەردەشتیی لێیە دەبێ ئاتەشگەدەیەکی " ئاگری ئازەران "ی هەبێ.

ج- ئاگری دادگاە، ئەمەش پەرستگەیەکی پیرۆزی ئاگری ئاساییی پیرۆزی ناو ماڵە.

شا ئەنتیۆخی یەکەم - ی شای " کۆماجین " (٦٩ - ٣٤ی پ. ز)، فەرمانی داتاشینی وێنەی بەرجەستەی پێنج خواوەندی دا، لەنێو شێر و بازدا دابنرێن، لە بەشی ڕۆئاوای بانیژەی " نەمروود داغ " (چیای نەمروود) لە ڕۆئاوای کەوانەی فوراتدا کە لە باکووری ڕۆئاوای جزیرەدا. یەکەمی ئەم خواوەندانە: " تیخی- کۆمماجین " (بەخت - کۆمماجین)، ئینجا ئەپۆڵلۆ - میتراس - هیلیۆس، ئینجا، زەوس - ئۆرۆمەزدەس، دوای ئەمیش " ئارەس - ئارتاگنیس - هیراکلیس ". هەروەها نووسینی هەڵکۆڵراو لەسەر پشتی پێنج پەیکەری تری ئەم چوار خواوەندانە و شا ئانتیۆخ بەخۆی. لە نێوانی شێرێک و بازێک دانراون لەسەر بەشی ڕۆهەڵاتی بانیژەی " نەمروود داغ " ی ناوبراودا دانراوە(١٤).

شا " ئانتیۆخ " ئەم خواوەندانەی بە زمانە ئێرانی و گریکییەکانیان دەپەرست و لەمانە " ئارتاگنیس"ی خواوەند، هەروەک گریکەکان ناوی دەبەن کە " ڤرەترەگن " ی خواوەندی ئێرانییە. هەروەها " ئۆرۆمەزدس " و " میتراس " ی خواوەند، کە دوو خواوەندی " ئاهوورامەزدا " و " میتر "ی ئێرانین.

لە ئەنجامی کۆمەڵە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ کە " م. شیدەر " ئەنجامی داون و " م. نیبورگ " فراوانتری کردن، دەرکەوت کە لەم داتاشراوە بەبایەخانەدا " زەروانی "(١٥) و ئاینی زەروانی ئەوەیە کە بڕوا بەوە بکا کە" زەروانە ئەکەرنە " واتە (ڕۆژگاری بێ کۆتایی) خواوەندی ئەفرێنەری هەرە گەورەیە. لە سەردەمی ئیسلامیدا " زەروانییەکان " یان بە " دەهرییەکان " ناو ناوە.

لە ڕاستیدا " ڤرەترەگن " لە ئاینی میترائیدا کە لە زەروانیدا پێ گەییوە، بە " هەرقل " (١٦) ی قارەمانی گریکی خوایی بەرجەستە کراوە.

لە ئەنجامی ئەو خوێندنەوانەمدا کە ساڵی ١٩٥٥ بۆ هەندێک لەو شوێنەوارانەی لەو هەڵکۆڵینانەی فوئاد سەفەر - ی زانای شوێنەوارناس ئەنجامی داون، کە گوێزراونەتە مۆزەخانەی بەغدا، کە شوێنەوار هەن ئەوە دەردەخەن کە لە حەزەر-دا لە سەدەکانی سەرەتاییی زایندا پەرستنی ئاینی میترائی هەبووە. هەروەها ئەم دۆزینەوەیەم لە سیمینارێکدا کە لەبارەی

ئێــزدیاتیــیــەوە ســاڵی ١٩٥٥، لە یانەی پەیمانگەی ڕۆشنبیریی بەریتانیاییدا دەرخستووە، هەر لەم بارەیەوە ســاڵی ١٩٥٦ لە ســیــمــینارێکی تردا لە کــۆمــەڵەی ئەمەریکاییی بەغدادا. بەڵام لە بڵاوکراوەکانی فەرمانگەی شــوێنەواری عــیــراقــیی ســاڵی ١٩٥٧دا ڕوانیم کــە فــەرمــانگەی ناوبراو تا ئێــســتــا لەگــەڵمــدا نەبووە لە بۆچووندا، واتە ددانی بە بوونی پەرستنی ئاینی میترائی لە حەزەردا نەناوە، کە هێشتا هەر لەو بڕوایەیاندان کە لە کۆواری Illustrated London Newsی دوو ســاڵی ١٩٥٢ و ١٩٥٤دا بڵاوی کردووەتەوە. هیوادارم بەم نزیکانە بتوانم ســیــمــیناره ناوبراوەکــانم چاپ بکەم کــە لێکۆڵینەوە میترائییەکانی حەزەرم بەخۆوە دەگرێ.



وێنەی پەیکەری "هەرقل –ڤرەترەگن– ئاریس"ی حەزەرە کە لەنێو شوێنەوارە میترائییەکاندا بووە.
بە یارمەتیی بەڕێز بەڕێوەبەرێتیی گشتیی شوێنەواری عێراق

پەڕاوێزەکانی نووسەر:

(٨) بڕوانە پاشکۆی بەشی دووەم.

(٩) بڕوانە پەڕاوێزی ژمارە (٢).

(١٠) " تاقی کیسرا "ی لێ ماوەتەوە و ئێستاکە شارۆکەی " سەلمانی پاکی " لە جێدایە.

(11) Aryhur Christensen, L`Iran sous Les Sassosides, p. 277, 1944.

(١٢) نازانین لە فارسیی کۆن و ئاڤێستادا چی بە " کەرە کێوی " گوتراوە. دەشێ ئێرانییەکان کە بۆ یەکەم جار لە عێراق بینیویانە بە ناوێکی لێکدراوی ئاوێتە ناوی لێ نراوە کە واتای " کەری دەشتایی " دەگەیەنێ وەک لە فارسیی ناوەندیدا دەیبینین.

(١٣) مشیر الدوله حسن بیرنیا، ایران قدیم، ص – ١٩٠.

(14) M.J. Veraseren, Corpus Imseriptionum et Monumentorum religionis Mithreacae, p.53.

(15)E- Bemnveniste et L. Renou: Vrtra et Vrthragna.P.71.

(15) I rof, L-H.Cray: The Foundation of The Iranian Peligions: p.119.

پەڕاوێزەکانی وەرگێڕی کوردی:

(* ز) گورزی سەر گەورەی هێندەی سەرە گایەک، لە وێنەکاندا هەر لە شێوەی سەرەگا دروست کراوە.

(* ح) بیزانس: مەبەست لە دەوڵەتی بیزەنتییە.

# بنەواکانی رۆژنامەوانی

## ئەو شتەی دەبێ هەواڵکاران بیزانن و جەماوەر چاوەڕوانی بکات

بیل کۆڤاچ و تۆم رۆزێنستیل

بەشی سێیەم

---

بەشی چوارەم

### رۆژنامەوانیی سەلماندن

کاتێک هەواڵنێرە یۆنانییەکە دانیشتە سەر نووسین، ویستی بڕوا بە خوێنەرانی بێنێت ئەوان دەتوانن متمانەی پێ بکەن. ئەو گوزارشتێکی فەرمیی لەبارەی شەڕ یان گوزارشتێکی بەپەلەی نەدەنووسییەوە، دەیویست خەڵک تێ بگات. لە پێناو شتێکی سەربەخۆتر، متمانەپێکراوتر و درێژخایەنتر هەوڵی دەدا. لە گوزارشتەکەیدا ئاگەداری ئەوە بوو بە رێگەیەک مێشک و بۆچوون و سیاسەتەکان بیرەوەری لێڵ دەکەن. لە ڕاستییەکانی دڵنیا بووبووە.

بۆ گەیاندن گشت ئەم شتەش، بڕیاری دا ڕێبازی گوزارشکردنەکەی هەر لە سەرەتاوە شی بکاتەوە. ئەمە خۆبەختکردنە بۆ رێبازی هەقیقەت، ئەوەی سوسیدیدز لە سەدەی پێنجەمی پێش زاین لە پێشەکیی چیرۆکەکەی لەبارەی شەڕی پێلۆپۆنیزیاوە نووسیویەتی:

لەوەی پێوەندیی بە گوزارشکردنێکی رواقعیی رووداوەکانەوە هەبێت... من کردوومەتە بنەما، یەکەم رووداو کە بەلامدا هات نەنووسم و تەنانەت بەبۆچوونە گشتییەکانی خۆمەوە رێنوێنی نەکرێم. یان خۆم لە شوێنی ئەو رووداوانە بووم کە گوزارشم لێ کردوون یان لە شایەتیی بەچاودیتەم بیستوون کە لەگەڵیان ئەوەندەی کرابێت بۆ تەواوبوونی گوزارشەکە پرسیارم کردووە.

........................................................................

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: لەیلا حەمید

بەڵام لەگەڵ ئەوەدا دۆزینەوەی هەقیقەت ئەوەندە ئاسان نەبوو: شایەتە بەچاودیتەکان هەریەکەیان قسەی جیاوازیان لەبارەی هەمان رووداوە وەهەبوو، قسەکانیان لە لایەنگری بۆ لایەنێک یان لە بیرەوەریی ناتەواوە سەرچاوەی دەگرت.

بۆچی ئەم دەقە پاش پتر لە ٢٠٠٠ ساڵ بەسەر نووسینیدا، پێ دەچێت ئەوەندە سەردەمییانە بێت؟ لەبەرئەوەی پێوەندیی بە کرۆکی کاری ناچیرۆکییەوە هەیە. ئاخۆ چۆن دەتوانیت دەنگۆ و گوتەگوت و بیرەوەریی ناتەواو و ئەجێندای ئامانجدار لە هێڵەک بکەیت و هەوڵ بدەیت ئەو شتە بپاڵێوی کە ئەوپەڕی تەواوی بێت و بکرێت لە سایەی زانیاری و روانگەی نوێوە دەسکاری بکرێتەوە؟ ئاخۆ چۆن دەتوانیت بەسەر سنوورەکانی بۆچوون و هەروەها بەسەر ئەزموونی خۆتدا زاڵ بیت و شتێک بنووسیت کە خەڵکێکی زیاتر بە باوەڕپێکراوی دادەنێن؟ هەر هەموو مشتومڕیی تایبەت بە رۆژنامەوانی، هەموو جیاوازییەکانی ناو میدیا یان ناو سەردەمێک یان یەکێکی تر بڕێژە دوور. ئەمانە پرسیاری واقیعن کە رۆژانە بەرەوڕووی ئەوانە ببنەوە کە هەوڵ دەدەن هەواڵ کۆ بکەنەوە، لێی تێ بگەن و بە خەڵکی تری رابگەیەنن.

هەرچەندە هیچ یاسایەکی ستاندارد پێڕەو ناکرێت، بەڵام هەر رۆژنامەنووسێک بەگوێرەی جۆرە رێبازێکی یەکجار کەسێنی بۆ تاقیکردنەوە و دابینکردنی زانیاری کار دەکات بەگوێرەی بنەمای خۆی بۆ سەلماندن. نەریتی وەک دۆزینەوەی چەندین شایەت لەسەر رووداوێک، خستنەڕووی ئەوپەڕی زانیاری لەبارەی سەرچاوەکانەوە و پرسیارکردن لەبارەی زۆر رەهەندی بۆچوون لە ڕاستیدا ئامرازەکانی بنەمای سەلماندنن. ئەم رێبازانە رەنگە یەکجار کەسێنی و تایبەت بن. ریک مێیری نووسەر لە لۆس ئەنجلس تایمز واقیع و دیمانەکانی خۆی لەسەر پارچەی بچووکی وەک کارتی تێبینی پێکەوە دەلکاند و لەسەر ئەردی نووسینگەی خۆیدا رێکی دەخستن. یان رەنگە شێوازەکە دامەزراوەیی بێت وەک بەشی پشکنینی راستییەکان لە زێ نیوێۆرکدا. بەڵام ئەم نەریت و رێبازانە بە هەر ناوێک و شێوازێک بن زەوینەی بنەمای سێیەمن:

کرۆکی رۆژنامەوانی بنەمای سەلماندنە.

لە دواییدا، بنەمای سەلماندن ئەو شتەیە رۆژنامەوانی لە سەرگەرمی و پڕوپاگەندە و چیرۆک و هونەر جیا دەکاتەوە. سەرگەرمی و ئامۆزاکەی "زانیاری-سەرگەرمی "- دەپڕژێتە سەر سەرنج ڕاکێشترین شت. پڕوپاگەندە واقیعەکان هەڵدەبژێریت یان دایان دەهێنێت بۆ خزمەتکردن بە ئامانجی راستەقینە: هاندان و ئیستیغلالکردن. چیرۆک سیناریۆ دادەڕێژێت لە پێناو گەیشتن بەبۆچوونێکی زۆر کەسێنیتری ئەو شتەی پێی دەگوترێت واقیع.

رۆژنامەوانی بەتەنیا دەپڕژێتە سەر نووسینی ئەو شتەی رووی داوە بەتەواوەتی. ئەمە راستە جا چ بۆ کاری بەشی هەواڵی تۆڕێکی تەلەڤزیۆنی بێت چ بۆ تاقە هاووڵاتییەکی رۆژنامەنووس کە لەسەر ئینتەرنێت بلۆگ دەکات و یەکەمین پێوەرە بۆ هەر کارێک کە بە رۆژنامەوانی دابنرێت،

چونکە ڕۆژنامەوانی بەگوێرەی لێهاتووییەوە هەڵدەسەنگێنرێت.

ڕۆژنامەنووسان زۆربەی کات ناتوانن هەستە قووڵەکانی خۆیان لەمەڕ پیشەکەوە لە پرسیارە فەلسەفییە گەورەترەکانی پێوەست بە ڕۆڵی ڕۆژنامەوانی گرێ بدەن. ئەوان دەزانن چۆن لە هەواڵێک دڵنیا ببنەوە تەنانەت ئەگەر هەمیشە نەتوانن دان بە ڕۆڵی سەلماندنی هەواڵێک لەناو کۆمەڵگەدا بنێن. بەڵام سەلماندنی ڕاستییەکان ئەرکی ناوەندیی ڕۆژنامەوانییە. وەک والتر لیپمەن لە ١٩٢٠دا گوتوویەتی "کۆمەڵگە هیچ ئازادییەکی نابێت ئەگەر ئەو زانیارییەی نەبێت کە بە هۆیەوە درۆیەکان بناسێتەوە".

لەبەرئەوەیە ڕۆژنامەنووسان لە فیلمسازانی هۆلیوود یەکجار پەست دەبن کاتێک چیرۆکی ڕاستەقینە بە لارێدا دەبەن. مایک والاسی پەیامنێری سیکستی مینیتس قەڵس بوو کاتێک لە ١٩٩٩ فلیمی زێ ئینسایدر قسەی بەناوی ئەوە کردبوو و کاتەکانی گۆڕیبوو وەک ئاماژەیەک بەوەی والاس نیگەرانیی "میرات"ەکەی بووە کاتێک بۆ هەواڵێک ملکەچی پیشەسازیی تووتن بوو. "هەرگیز گوێتان لێم بووە باسی "میرات"بکەم؟ ئەوە هەر قسەی بێ مانایە و... بێ ڕێزیم پێ کراوە". مایکل مەنی دەرهێنەری فیلمەکە وەڵامی داوە هەرچەندە شتەکان لە پێناو بەرجەستەترکردنی فیلمەکە گۆڕابوو، بەڵام فیلمەکە بەپێی پێناسەی بەرفراوانتری واقیعبینییەوە "لە بنەڕەتدا ڕاست و دروست" بووە، چونکە بەڕاستیش چۆکی دابوو." ئەگەر قسەکان هەڵبەستراو بووبن یان ئەگەر پاڵنەرە هۆشەکییەکانی والاس جیاواز بووبن، ئەوە گرینگ نەبووە. لەم بارودۆخەدا بەکەڵک هاتن دەبێتە بەهایەکی بەرزتر و واقیعی دەقاودەق دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی چیرۆکە پێوەستەکانەوە.

دوو پیاوەکە نەقڵی جیاوازیان هەبوو. مەن دەیگوت والاس خۆی لەپشت ڕاستییەکانەوە حەشار داوە تاوەکو کاریگەریی ئەو کارەی کردبووی دیار نەبێت. والاسیش پێی وابوو هەرگیز ناکرێت کاریگەرییەکە لە گوزارشێکی ڕاست و دروستی وردەکارییەکانەوە داببڕێنرێت. لەم حاڵەتدا دەکرێت هەردوو بۆچوونەکە دەکرێت بسەلمێنرێن. بەڵام پێویستە پرۆسەی ڕۆژنامەوانی لە سەلماندندا هەردوو بۆچوونەکە ڕەچاو بکات.

لەو ساتەوە کە هەواڵ بووە کالایەکی دەستبەجێ و بەردەوام بەردەست لە داوودەزگایەکی بەنزیکەیی بێ ژماردا، پرۆسەی سەلماندن- دڵی ترپەلێدەری ڕۆژناوانی بڕواپێکراو و خزمەتکاری بەرژەوەندیی گشتی- ڕووبەڕووی پاڵەپەستۆیەکی نوێ بووەوە. ئەم پاڵەپەستۆیە لە دوو سەرچاوەی بنەڕەتییەوە هەڵدەقووڵێت. یەکەمیان وەسوەسەبوونە بۆ چاپکردنی دەستبەجێ چونکە هەر شتێک دەکرێت دواتر ڕاست بکرێتەوە. دووەمیان مەیلێکە لەناو سیستەمی میدیای نوێدا بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ تەنیا لەبەرئەوەی هەواڵەکە "هەیە".

کێشەکە لەناو ئەو واقیعە نوێیەی کە لەگەڵ شەڕی دژ بە تیرۆری پاش ١١ی ئەیلوول جاڕ درا،

ئاڵۆزتر بووە. ئەم واقیعە نوێیە لەگەڵ چەمکی جەماوەریی کولتووری "ئێمە میدیا"دا لە ناکۆکیدایە کولتوورەکە بەو مانایەیە چونکە هاووڵاتییان دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان پێوەندی بەیەکەوە بکەن، رەنگە نزیکتر بن لە واقیعی راستەقینە و زانیاری تەواوترەوە.

بێگومان ئەوان بەئاسانتری پێوەندی دەکەن. ئەوەی کە ئاخۆ دوا بەرهەم لەگەڵ رۆژنامەوانی سەلماندن دەگونجێت یان نا دەوەستێتە سەر ئاستی خۆ تەرخانکردن بۆ ئەو ئامانجە لەلایەن ئەو کەسانەی زانیارییەکە بەرهەم دێنن بە ڕکابەریکردن لەگەڵ دامەزراوە نێوانجیکەرەکانی بەهێزی تردا کە زانیارییەکە بۆ هاندان یان ئیستیغلالکردن بەرهەڤ دەکەن.

## مانای ونبووی بابەتییانەبوون

لەوانەیە لەبەرئەوەی بنەمای سەلماندن یەکجار کەسێنییە و یەکجار هەرەمەکییانە دەردەبڕێت، بەشی بە یەکێک لە گەورەترین گێژەنەکانی رۆژنامەوانییەوە هەبێت- چەمکی بابەتییانەبوون. مانای رەسەنی ئەم بیرۆکەیە ئێستا لێکدانەوەی تەواو هەڵەی بۆ کراوە و بەگشتی ون بووە.

کاتێک رەخنەگران بە لەخۆگرتنی زۆرێک لە رەخنەگرانی ڕۆژنامەوانیش چەمکی بابەتییانەبوون رەت دەکەنەوە، ئەم رەتکردنەوەیان زۆربەی کات لەسەر ئەو بنەمایەیە کە هیچ کەسێک هەرگیز ناتوانێت بابەتییانە بێت. وەک دان گیلمۆری نووسیاری وی زێ میدیا لە گوتارێکی پڕ خوێنەری ٢٠٠٥ بەناوی "کۆتایی بابەتییانەبوون" نووسیویەتی "ئێمە مرۆڤین. لایەنگری و پێشینە و جۆران ناکۆکیمان هەیە کە رۆژانە بۆ سەر کارەکانمان دەیانگوازینەوە". گیلمۆر جەختی لەوە دەکردەوە رۆژنامەنووسان واز لە وشەی بابەتییانەبوون بێنن و لەگەڵ تەواوەتی، وردبینی، دادپەروەری و دیوەدەری بیگۆڕنەوە.

گوتارەکەی ئەو تەنیا نوێترین گوتارە لەناو بەنزیکەیی هەشت دەیەی گوماناویبوون بەرامبەر بە چەمکی بابەتییانەبوون. بەڵام ئەوەی بەسەر بۆچوونەکەدا زاڵە، بەشێوەیەکی سەرەکی گێژەنێکە. کاتێک چەمکی بابەتییانەبوون لە سەرەتاوە پەرییەوە بۆ ناو ڕۆژنامەوانی، بەو مانایە نەبوو رۆژنامەنووسان پێویستە بێلایەن بن، بگرە تەواو بەپێچەوانەوە بوو.

دەستەواژەکە بەرەبەرە دەبووە بەشێکی ڕۆژنامەوانی لە سەرەتای سەدەی ڕابردوو، بەتایبەتی لە ١٩٢٠ەکاندا، لەبەرئەوەی تا دەهات زیاتر هەست بەوە دەکرا رۆژنامەنووسان تەواو لایەنگرن، لایەنگرییەک کە زۆربەی جار ناهۆشەکییانە بوو. بانگەشەکردنی رۆژنامەنووسان بۆ گرتنەبەری بابەتییانەبوون داوایەک بوو بۆ ئەوەی پەرە بدرێت بە رێبازێکی چەسپاو بۆ بەوردی تاقیکردنەوەی زانیاری- هەوڵێکی دیودەرانە بۆ بەڵگە - تاوەکو لایەنگرییە کەسێنی و کولتوورییەکان وردبینیی کارەکەیان لاواز نەکات.

لە سەدەی نۆزدەمدا رۆژنامەنووسان باسیان لە شتێک بەناوی ریالیزم دەکرد نەک

بابەتییانەبوون. ئەمە ئەو بیرۆکەیە بوو ئەگەر هەواڵنێران راستییەکان بدۆزنەوە و لە پەنا یەک رێکیان بخەن، هەقیقەت یەکجار سروشتییانە خۆی ئاشکرا دەکات. ریالیزم لە کاتێکدا سەری هەڵدا کە ڕۆژنامەوانی لە پارتە سیاسییەکان جیا دەبووەوە و زۆر وردبینتر دەبوو. ریالیزم بەنزیکەیی لەگەڵ داهێنانی ئەو شتەدا دەرکەوت کە ڕۆژنامەوانی بەهەرەمی هەڵگەڕاوی ناو دەبات هەرەمێک کە تێیدا رۆژنامەنووس راستییەکان لە گرینگترینەوە بۆ کەم بایەخترینیان ریز دەکات، چونکە پێی وایە ئەوە یارمەتیی جەماوەر دەدات سروشتیانە لە شتەکان تێ بگەن.

بەڵام لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا سادەییی ریالیزم بەرەبەرە هەندێک رۆژنامەنووسی تووشی نیگەرانی کرد. تا ڕادەیەک هەواڵنێر و نووسیاران تا دەهات پتر هەستیان بە بەرزبوونەوەی پڕوپاگەندە و رۆڵی پڕوپاگەندەکارانەوە دەکرد. کاتێک فرۆید خەریکی پەرەدان بە تیۆرەکانی لەبارەی ناهۆش و نیگارکێشی وەک پیکاسۆ کیۆبیزمیان تاقی دەکردەوە، رۆژنامەنووسان گەشەیان بە ناسینەوەیەکی زیاتری خۆییبوونی (Subjectivity) مرۆیی دەدا. لە ١٩١٩دا واڵتر لیپمەن و چارڵز مێرز کە نووسیارێکی هاوکاری نیویۆرک تایمز بوو بابەتێکی کاریگەر و دڵتەزێنیان نووسی لەو بارەوە کە چۆن چاوبەستە کولتورییەکان رووماڵکردنی شۆڕشی رووسیایان لەلایەن نیویۆرک تایمزەوە شێواندبوو. ئەوان نووسییان "بەگشتی هەواڵەکانی رووسیا نموونەیەکن لە دیتنی شتێک کە مرۆڤ حەزی کردووە ببینێت نەک ئەو شتەی کە رووی داوە". لیپمەن و ئەوانی تر دەستیان کرد بە گەڕان بۆ دۆزینەوەی رێگەی وا تاوەکو تاکەکانی رۆژنامەنووس "لە پێناو تێبینکردن، تێگەیشتن و پێشکێشکردنی هەواڵدا، روون بیر بکاتەوە و لە دەمارگیرییە ناماقووڵ و نەسەلمێنراو و دان پێنەنراوەکانی خۆی دابڕێت".

لیپمەن رای گەیاند "شایەتی لاوەکی رانەهاتووە" وا خەریکە کاری رۆژنامەنووسی دەکات. نیازپاکی یان ئەو شتەی هەندێک کەس بە "هەوڵی راستگۆیانە"ی رۆژنامەنووسانی ناو دەبەن، بەس نەبوو. هەروەها باوەڕ بە تاکگەراییی گڕی هەواڵنێری سەرسەخت ئەو شتەی لیپمەن بە "رەشبینیی پیشەکە" ناوی دەبرد، بەس نەبوو. بەهەمان شێوەش هەندێک نەریتی ئەو کات، وەک سەردێرنووسی یان ستوونئووسی بەس نەبوون.

لیپمەن پێی وابوو چارەسەر ئەوەیە رۆژنامەنووسان "رۆحێکی زانستیی گەورەتر وەربگرن... تەنیا یەک جۆرە یەکەتیی رێ تێچوو لە دنیایەکی جۆرەوجۆری وەک دنیای خۆماندا هەیە. ئەوەش یەکەتیی رێبازە نەک ئامانج، یەکەتیی تاقیکردنەوەی بنەمادار". لیپمەن لێرەدا مەبەستی ئەوە بوو پێویستە رۆژنامەنووسان ئاواتەخواز بن بۆ "رێبازێکی رۆشنبیرانەی هاوبەش و تێگەیشتنێکی هاوبەش لە راستیی متمانەپێکراو". لە دەستپێکدا لیپمەن پێی وابوو بواری ساوای پەروەردەی رۆژنامەنووسی پێویستە لە "قوتابخانەی بازرگانییەوە کە بۆ پێگەیاندنی خەڵکانی خاوەن مووچەی بەرزترن لەناو کۆمەڵگە بەرقەرارەکاندا" بگۆڕێن. لە جیاتیی ئەوە پێویستە بوارەکە لێکۆڵینەوە لە بەڵگە و سەلماندن بکاتە بەردی بناغەی خۆی.

هەرچەندە ئەمە سەردەمێکی بیروباوەڕ بوو لە زانستدا، لیپمەن کەمێک خەیاڵیشی هەبوو. "گرینگ نییە کە هەواڵ هێزی دەربڕینێکی ماتماتیکییانەی نییە. لە ڕاستیدا تەنیا لەبەرئەوەی هەواڵ ئاڵۆز و خولیسکە، بۆ گوزارشکردنێکی باش پێویستە بەرزترین تایبەتمەندییەکانی زانستی پیادە بکرێن". بەواتایەکی تر مانای بنەڕەتیی ئەوەیە ڕۆژنامەنووس بابەتییانە نییە، بەڵام ڕێبازەکە دەکرێت بابەتییانە بێت. خاڵی سەرەکی لە ڕێکخستنی کارەکەدا بوو نەک لە ئامانجی.

ئەمڕۆکە ئەو قسانە وێ دەچێت مەجازی بن. بەشی هەرە زۆری تێگەیشتنی سەردەمییانە لە بابەتییانەبوون لە ڕۆژنامەوانی ئەو شتەی پێچەوانە کردووەتەوە کە لیپمەن پێی وابوو کێشەیەکە و هەوڵی دەدا تیشک بخاتە سەری. زۆربەی خەڵک بابەتییانەبوون لە ڕۆژنامەوانی بە ئامانجێک دەزانن نەک ڕێبازێک و زۆر هاووڵاتی گاڵتەیان بەم بۆچوونە دێت، چونکە زانیارییەکی کەمیان سەبارەت بەو ڕێبازانە هەیە کە ڕۆژنامەنووسان ڕەنگە بیانگرنە بەر. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بۆچوونەی کە ناکرێت ئامانجی بابەتییانەبوون بەبێ یەکەتی لە ڕێبازدا بێتە دی، وەک هەمیشە بۆ ئەمڕۆکەش ڕاست و دروستە. لە ڕاستیدا بۆچوونەکە لەو شتەی گێڵمۆر وەک ئەلتەرناتیڤێک پشتیوانیی لێ کردووە، نزیک دەبێتەوە.

هەروەتر ئەم تێگەیشتنە بنەڕەتییە لە بابەتییانەبوون کۆمەڵێک بەرەنجامی گرینگی هەن کە بەتەواوەتی سەردەمییانەن بۆ تێگەیشتنێکی سەدەی بیست و یەکەمی لە میدیادا. یەکێکیان ئەوەیە دەنگی بێلایەنبوونی کە زۆر دامەزراوەی هەواڵی هەڵیان بریوە – ئەو ستایلە ئاشنا و بەڕواڵەت بێلایەنەی نووسینی هەواڵ– بنەمایەکی سەرەکیی ڕۆژنامەوانی نییە، بگرە زۆربەی کات ئامرازێکی یاریدەرە کە دامەزراوەکانی هەواڵی بەکاری دێنن بۆ جەختکردن لەوەی لە هەوڵی ئەوەدان شتێکی دەستکەوتوو بە ڕێگەیەکی بابەتییانە بەرهەم بێنن. دووەم بەرەنجام ئەوەیە ئەم دەنگە بێلایەنە بەبێ بنەمای سەلماندن رووکەشێکە لەسەر شتێکی بەتاڵ. ئەو ڕۆژنامەنووسانەی ئەو سەرچاوانە هەڵدەبژێرن کە بۆچوونی خودی ڕۆژنامەنووسەکان دەردەبڕن و دواتر دەنگی بێلایەنبوون هەڵدەبڕن بۆ ئەوەی شتەکە بابەتییانە بێتە بەرچاو، خەریکی چەواشەکارین. ئەمە زیان بە ناوبانگی پیشەکە بەگشتی دەگەیەنێت، چونکە وای دەنوێنێت پیشەکە بێ بنەما، ناڕاستگۆ و لایەنگرانەیە. ئەمە هۆشدارییەکی گرینگە لە سەردەمێک کە ستانداردەکانی چاپەمەنی جێی گومانن.

ئەم بیرۆکەیە شایەنی دووبارەبوونەوەیە لە پێناو جەختکردنەوە. لەم تێگەیشتنە بنەڕەتییە لە بابەتییانەبووندا، بێلایەنبوون بنەمایەکی سەرەکیی ڕۆژنامەوانی نییە. تەنیا دەنگێکە، ئامرازێکە بۆ باوەڕهێنان بە جەماوەر سەبارەت بە وردبینی و دادپەروەریی کەسێک.

هەروەها جێی سەرنجە ئەوانەی لە چاپەمەنیی بازرگانیدا کار دەکەن، جا چ چەپڕۆ و چ ڕاستڕۆ، ئەوانەی کە ڕۆژنامەوانیی بۆچوونئامێز بەرهەم دێنن زۆربەی کات نکووڵی لە بابەتییانەبوون دەکەن و لە جیاتیی بانگەشە بۆ دادپەروەری دەکەن. فۆکس نیوز بانگەشەی "دادپەروەری و هاوسەنگی" بۆ خۆی دەکات. ئان کوڵتری ڕاستڕۆ حەز لە ئاشکراکردنی

"درۆیەکانی" چەپڕۆیان دەکات. ئاڵ فرانکێنی چەپڕۆیش بانگەشەی"هەقیقیبوون" بۆ کتێبەکەی خۆی دەکات. ئەوانە دەنگدانەوەی هێرست و پولێتزر و چاپەمەنیی وروژێنەری سەدەی نۆزدەمن کە پێیان وایە گوزارشی وروژێنەریان لە هی ڕکابەرەکانیان تەواوترە. ڕۆژنامەکاران تەنانەت ئەوانەی لە ئاراستەی بۆچوونیی پیشەکەدا کار دەکەن، بەدەگمەن خۆیان بە مشتومڕیکاری بەتواناتر ناو دەبەن و لە جیاتیی خۆیان بە راست و دروستتر دەزانن.

بەرەنجامێکی تری مانای بنەڕەتیی بابەتیانەبوون وەک ڕێبازێک ئەوەیە، شێوازی گونجانی جۆرەکانی تری ڕۆژنامەوانیی ئەمەریکایی لەگەڵ بنەما فراوانەکانی ڕۆژنامەوانی ڕێک دەخات. لەوانەش چاپەمەنیی نوێ کە بە شێوەیەکی نموونەیی لە ١٩٦٠ و ١٩٧٠کاندا لەلایەن چەپڕۆکانەوە دەرکەوت یانیش ڕۆژنامەوانیی کۆواری تایبەت بە بۆچوون کە لە تەواوی مەودای سیاسییەوە سەرچاوەی گرت. ئەگەر ڕۆژنامەوانی بە راست و دروستی ڕێبازێکی پیشەییانە یان بنەمای سەلماندن و جۆرە یەکەتییەک لە ڕێبازدا بۆ ئەم پرۆسەیەی سەلماندنی راستییەکان، دەست پێ بکات کەواتە دەتوانێت زنجیرەیەک شێوازی هەبێت (ئەمە بە وردەکاریی زیاترەوە لە بەشی دواتر لەبارەی مانای چمکی سەربەخۆییەوە لە ڕۆژنامەوانیدا باس دەکەین).

وەک لیپمەن پتر لە هەشتا ساڵ پێش ئاماژەی پێ دا، یەکەتی لە ڕێباز نەک ئامانج ئەو یەکەتییەیە کە دەتوانرێت لە کولتوورێکی فرە لایەندا هەڵبەسەنگێنرێت و ئەو ڕێبازە پێوەندیی بە کۆکردنەوەی زانیاری نەک ستایلی پێشکێشکردنەکەیەوە هەیە. لیپمەن لە بانگەشەکردن بۆ هەستێکی بەهێزتری پیشەگەرانەبوون بەتەنیا نەبوو، هەرچەندە بەڵگەکانی یەکجار سەرنج ڕاکێشن. جۆزێف پولێتزر، داهێنەری گەورەی ڕۆژنامەنووسیی گەلپەروەرانە لە نەوەیەک پێش ئێستادا، قوتابخانەی دەرچووانی ڕۆژنامەوانیی لە زانکۆی کۆڵۆمبیا لە پێناو زۆرێک لە هەمان ئەو هۆکارانە دامەزراند، هەرچەندە هۆکارەکان کەمتر روون کرابوونەوە. نیووزپێیپر گیڵدیش بەگشتی لە پێناو ڕۆژنامەوانییەکی پیشەییانەوە دامەزرا.

بەڵام لەگەڵ تێپەڕینی ساڵەکان ئەم تێگەیشتنە بنەڕەتی و شارەزایانە لە بابەتییانەبوون یەکجار شێوێنرا و ماناکەی ون بوو. نووسەری وەک لیۆ رۆستن کە لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵایەتیی کاریگەری لەبارەی ڕۆژنامەوانییەوە لە قەڵەم دا، زاراوەکەی بەو مانایە بەکار هێنا کە ڕۆژنامەنووسەکە بابەتییانەیە. جێی سەرسڕمان نەبوو کە هەستی بە ناتەواویی بیرۆکەکە کرد. جۆران بۆچوونی یاسایی کە بابەتییانەبوونیان بە ئەستەم زانیبوو بە هەمان شێوە بوون. زۆر ڕۆژنامەنووس هەرگیز لە ڕاستیدا لە مانای قسەی لیپمەن تێ نەگەیشتن. بەتێپەڕینی کات ڕۆژنامەنووسان هەستان بە ڕەتکردنەوەی دەستەواژەی بابەتیانەبوون کە بۆیان وەک سەرابێک بوو. ئەوان بەگشتی بوونە "شایەتی لاوەکی".

خەڵکی بواری چاپەمەنیی نوێ زۆربەی کات هەست بە دژایەتی دەکەن بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسانی میدیای بەناو کۆن بەبۆنەی باوەڕیان بە بابەتیانەبوون، لە کاتێکدا ئەو شتەی

بەڕاستی ئەوان دابەش دەکات هەڵوێستیانە بەرامبەر بە دەنگی بێلایەن نەک چۆنیەتیی کۆکردنەوە و سەلماندنی زانیاری. خەڵکی ڕۆژنامەنووس زۆربەی کات بە شێوەیەکی سروشتی پەلکێشی کاری کۆواری وەک زێ نیویۆرک دەبن کە تێیدا ڕۆژنامەوانییەک بەرهەم دێن کە دەنگەکەی جیاواز نییە لەو شتەی چاپەمەنیی نوێ بەکاری دێنێت، یان تەنانەت بە شێوازەکانی خۆییانەتری هەواڵی تەلەڤزیۆنی.

لەم بەینەدا هەواڵنێران بەردەوام بوونە بۆ بێگەردکردنی ئەو چمکەی لە مێشکی لیپمەندا بوو، بەڵام بەزۆری ئەمەیان بەشێوەیەکی تایبەت بە خۆیان و بەناوی تەکنیک یان گوزارشکردنی رووتینەکان نەک ئامانجی گەورەتری ڕۆژنامەوانیی ئەنجام داوە. چمکی ڕێبازێکی بابەتییانە لە گوزارشکردن دابەش بووە، بە قسەی زارەکییەوە لە هەواڵنێرێکەوە بۆ هەواڵنێرێکی تر گوازراوەتەوە. بۆ نموونە ویلیام دێیمنی دەروونزانی گەشەسەندن لە زانکۆی ستەنفۆرد پێناسەی بۆ جۆران "ستراتیج" کردووە کە ڕۆژنامەنووسان بۆ سەلماندنی گوزارشەکەیان پەرەیان پێ داون. دێیمن پرسیاری لە دیمانەکراوانی خۆی کرد لە کوێ فێری ئەو چمکانە بوونە. وەڵامەکە بەگشتی ئەمانە بوون: بەتاقیکردنەوە و هەڵە، لە خۆمەوە یان لە هاوڕێیەکەمەوە. بەدەگمەن ڕۆژنامەنووسان گوتبوویان چەمکەکانیان لە قوتابخانەی ڕۆژنامەوانی یان لە نووسیارانیانەوە فێر بوونە. زۆر کتێبی بەسوود لەسەر بابەتەکە نووسراون. بۆ نموونە ئەو گرووپەی خۆیان بە هەواڵنێر و نووسیارانی لێکۆڵەر ناو ناوە، هەوڵیان داوە پەرە بە ڕێبازێک بدەن بۆ چۆنیەتیی سوود وەرگرتن لە گوتەی جەماوەر و بەڵگەنامەی خوێنراوە و داخوازینامەکان بۆ ئەوەی بە ئازادی زانیاری دابڕێژن.

بەڵام بەگشتی ئەم ستراتیجە نافەرمییانە بەیەکەوە رانەکێشراونەتە ناو ئەو بنەما یەکجار زانراوەیەی لیپمەن و ئەوانی تر لە مێشکیاندا بوو. هیچ شتێک نییە لە ڕێسایەکی ستانداردی تایبەت بە بەڵگە بچێت، وەک ئەوەی لە یاسا یان لە ڕێبازێکی ڕێککەوتن لەسەرکراوە بۆ تاقیکردنەوەیەک هەیە وەک لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانی زانستی. بیر و بۆچوونە کۆنترەکانی تایبەت بە سەلماندنیش فراوان نەکراون بۆ ئەوەی لەگەڵ شێوازە نوێیەکانی ڕۆژنامەوانیدا بگونجێن. هەرچەندە ڕۆژنامەوانی ڕەنگە توانیبێتی پەرە بە جۆران تەکنیک و بۆچوونی نوێ بۆ دەستنیشانکردنی ڕاستییەکان بدات، بەڵام کەمتری لە دەست هاتووە بۆ برەودان بە سیستەمێک بۆ تاقیکردنەوەی متمانەپێکراوبوونی شرۆڤەی ڕۆژنامەگەرانە.

لە هەمووان گرینگتر لە دەستپێکی سەدەی بیست و یەکەمدا ئەو بۆچوونەی کە ڕۆژنامەنووسان یان هەر کەسێکی تر دەتوانێت دەسترەسی بە گوزارشێکی ڕاست و دروستی شتەکانەوە هەبێت یان دەتوانێت ڕێبازێکی بابەتییانە بۆ سەلماندن بەکار بێنێت، لە مێشکی جەماوەردا شۆڕاوەتەوە. ئەمەش دەبێتە هەڕەشەیەک نەک تەنیا بۆ سەر چمکی ڕۆژنامەنووسی بگرە بۆ سەر توانای کۆمەڵگەی شارستانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و چارەسەرکردنی کێشەکانی. جیهانی جەماوەر دەبێتە گۆڕەپانێک بۆ تەنیا مشتومڕی پێچەوانە، نەک سازش و ڕێککەوتن و چارەسەر.

ئەگەر رۆژنامەنووسان دەبێت پاڵپشتی لەو بەهایانە بکەن کە بۆ ٢٥٠ ساڵ ڕێنوێنیی پیشەکەیان بووە یان تەنانەت خۆڕسکەکانی یەکەم تۆمارکەران لەوەتەی سیسیدیدزەوە، پێویستە لە بنەما و ڕێبازەکانی سەرەتا وەرگرتنی راستییەکان بەدروستی و دواتر دۆزینەوەی ڕێگەیەک بۆ ئاشکراکردنی ئەو ڕێبازە بۆ جەماوەر تێ بگەن.

## رۆژنامەنووسیی راگەیاندن بەپێچەوانەی رۆژنامەنووسیی سەلماندن

بە زۆر ڕێگە کولتووری میدیای سەردەم ئەو ڕێبازە سەلماندنەی رۆژنامەنووسان پەرەیان پێ داوە لاواز دەکاتەوە، ئەگەر بێتو ڕێبازەکە بەتەواوەتی ناو نەنرابێت یان ڕێک نەخرابێت. تەکنەلۆجیا بەشی پێوە هەیە. جنێڤا ئۆڤرهۆڵسر لە کۆڕبەندێکی لێژنەی رۆژنانەنووسانی پەرۆشەوە پێی گوتین "ئینتەرنێت و نێکسیز (لەگەڵ ئەو خزمەتگوزارییانەی لە ماوەی دەیەی رابردوو یان ئەولاتری بۆ هاوبەشیکردن و بلاوکردنەوەی ڤیدیۆ پەرەیان سەندووە) هەواڵ و قسەکان بەئاسانی دەخەنە بەردەست رۆژنامەنووسان بەبێ ئەوەی ئەوان لێکۆڵینەوەی خۆیان بکەن". راستییەکان بوونەتە کالای مشە، بەئاسانی دەست دەکەون، هەڵدەپێچرێنەوە و دادەڕێژرێنەوە. لە سەردەمی سووڕانەوەی ٢٤ی سەعاتی هەواڵدا، رۆژنامەنووسان ئێستاکە کاتێکی زیاتریان بەوە دەچێت بەدوای شتێک بگەڕێن کە زۆربەی جار شرۆڤەیە، بۆ ئەوەی بۆ سەر هەواڵەکانی بەردەستبوو زیادی بکەن و دواتر هەوڵ بدەن بەسەربەخۆیی راستیی نوێ بدۆزنەوە و بیانسەلمێنن. ئۆڤرهۆڵسر گوتی "کاتێک هەواڵەکە تروکا، وەک ئەوە وایە هەموو هەڵسوکەوتی خەڵکەکە راست بێت. هەواڵەکە لەلایەن تاکە ئامرازێکەوە- راپۆرتێکی رۆژنامەیی یان تەلەڤزیۆنییەوە- بڕیاری لەسەر دەدرێت... تا ڕادەیەک لەبەرئەوەی دامەزراوە هەواڵییەکان خەریکە تەسکتر دەبنەوە و تا ڕادەیەکیش بەهۆی گوزارشی ئەلیکترۆنی، ئێمە هەموومان بەو شێوەیە کار دەکەین".

حاڵەتی ئاڵوگۆڕی کاندیدی سەرۆکایەتی تەنیا نموونەیەکە کە چۆن تەکنەلۆجیا دەتوانێت پرۆسەی دڵنیابوونەوە لاواز بکات. کاتێک گۆر لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥دا بانگەشەی دەکرد، چاپەمەنی هەستا بە پرژانە سەر حەزی رووالەتیی ئەو بۆ زێدەرۆییکردن لە دەستکەوتەکانی رابردوو. هەواڵێک باسی لە "کێشەی پینۆکیۆ"یی گۆر کردبوو و یەکێکی تر بە "درۆزن" ناوی بردبوو و سێیەمیان بە "خەیالاوی". بەشێکی سەرەکیی بەڵگەکە لەو قسەیەی ئەو سەرچاوەی دەگرت کە گوایە گوتوویەتی شوێنی پاشماوەی ژەهراویی لاف کەناڵی لە بەشی سەرووی نیویۆرکدا دۆزیوەتەوە. کێشەکە ئەوە بوو گۆر هەرگیز ئەو قسەیەی نەکردبوو. ئەو بە گرووپێک قوتابیی ئامادەییی نیوو هەمپشایری گوتبوو کاتێک دەنگدەرێک باسی شارێکی ئاڵوودەبووی تێنێسی بەناوی توونی کردبوو، ئەو بۆ یەکەم جار لە هەرەشەکانی پاشماوەی پڕ مەترسی تێ گەیشتبوو و ویستبووی لێپێچینەوەی یاساییان لێ بکات. گۆر بە قوتابیانی گوت "لەناو ولاتدا بەدوای شوێنی هاوشێوەی ئەو گەڕام. شوێنێکی بچووکم لە بەشی سەرووی نیویۆرک بەناوی لاف کەنڵ دۆزییەوە.

یەکەم لێپێچینەوەم لەسەر بابەتەکە دەست پێ کرد و توون لە تێنێسی ئەوەیان بووە هەرگیز نەتانبیستووە. بەڵام ئەوە ئەو شوێنە بوو کە هەموو شتەکە لەوێوە دەستی پێ کرد".

بەڵام رۆژی دواتری واشینتۆن پۆست گوتەکەی گۆری بەتەواوەتی بەهەڵە گواستەوە "من ئەو کەسە بووم هەموو شتەکەم دەست پێ کرد". لە لێدوانێکی رۆژنامەنووسیشدا پارتی کۆماری گوتەکەی بۆ "من ئەو کەسە بووم کە هەموو شتەکەم دەست پێ کرد" گۆڕی. نیویۆرک تایمزیش هەمان گوتەی بەهەڵە گوازاوەی وەک واشینگتۆن پۆست بڵاو کردەوە. زۆری نەبرد چاپەمەنی بڵاو بووەوە و کاری پێ کرد و پشتی بەو گوزارشە هەڵانەوە بەستبوو کە لە داتابێسی نێکسیز لەناو دوو رۆژنامەدا چاپ کرابوون. کەس سەرنجی لەوە نەدا کە ئەسۆشیێیتد پرێس گوتەکەی بەتەواوەتی گواستبووەوە. بابەتەکە روون نەبووە تا ئەو کاتەی قوتابییە ئامادەییەکان خۆیان گلەییان نەکرد.

کاتێک رۆژنامەنووسان بە هەوڵدان بۆ ئاوێتەکردنی تەوژمی بەردەوام بەرزەوەبووی زانیاری کە لە دەروازەگەلی نوێی زانیارییەوە تێ دەرژێت، کاتێکی پتر دەبەنە سەر، مەترسییەکە ئەوەیە رەنگە ناکاراتر بن و زیاتر ببنە وەرگر نەک کۆکەرەوە. بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەمەش، تێگەیشتنێکی باشتر لە مانای بنەڕەتیی بابەتییانەبوون رەنگە یارمەتیدەر بێت بۆ دانانی هەواڵ لەسەر بناغەیەکی پتەوتر. ئێمە تەنیا کەسانێک نین کە دەرکیان بەمە کردبێت. فیلّ مێیر پرۆفیسۆری رۆژنامەوانی لە زانکۆی نۆرس کارۆلاینا گوتی "رۆژنامەوانی و زانست لەسەر هەمان ڕەگ و ریشەی عەقڵانییەوە رواون، لەسەر رۆشنبیریی سەدەی حەڤدەم و هەژدەم هەمان ئەو شتەی کە بووە هۆی هەمواركردنەوەی یەکەم" هەروەها ئەو بیرۆکەیەی گوایە بەهۆی جۆرەوجۆرێتیی بۆچوونەکانەوە ئەگەری زۆرترە لە واقیع تێ بگەین "رێخۆشکەر بوو بۆ رێبازی زانستی... من پێم وایە ئەم پێوەندییەی نێوان ڕۆژنامەوانی و زانست دەبووایە تا بۆمان کرابا بگەرێندرابایەوە... پێم وایە پێویستە جەخت لە بابەتییانەبوونی رێباز بکەین. ئەوەش رێبازی زانستییە مرۆڤایەتیی ئێمە، پاڵنەرە خۆییەکانمان... کە ئاراستەکراون بۆ بریاردان لەوەی چ شتێک بە ئامرازە بابەتییەکانەوە لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێت".

ئەوەی لەم روانگەیەوە دەبینرێت ئەوەیە دادپەروەری و هاوسەنگی مانای نوێ وەردەگرن. ئەوان لە ڕاستیدا لە جیاتیی بنەمای بەرز، تەکنیک و ئامرازی یاریدەرن بۆ رێنوێنیکردنی رۆژنامەنووسان لە برەودان و سەلماندنی گوزارشەکانیان. ئەوانە هەرگیز نابێت لە پێناو خۆیان کاریان بۆ بکرێت یان وەک ئامانجی رۆژنامەنووس بورووژێنرێن. گرینگییەکەیان لەوەدایە یارمەتیمان دەدەن بۆ نزیکتربوونەوە لە بەڵگەیەکی تەواوتر و گوزارشێکی باوەڕپێکراوتری رووداوەکان.

بۆ نموونە هاوسەنگی رەنگە سەرلێشێوێنەر بێت. ئەگەر ژمارەیەکی یەکجار زۆری زانایان بۆ نموونە پێیان وابێت گەرمبوونی جیهانی راستییەکی زانستییە یان جۆرە چارەسەرێکی پزیشکی

بەئاشکرا تەندروستترینە، ئەگەر بۆچوونێک بخوڵقێنرێت کە گوایە مشتومڕییە زانستییەکە بەیەکسانی دابەش بووە، ئەمە زیان بە هاووڵاتییان و بە واقیعیش دەگەیەنێت. بەداخەوە زۆربەی جار هاوسەنگییە ڕۆژنامەوانییەکە بەگشتی شرۆڤەی هەڵەی بۆ کراوە بۆ ئەوەی ئەم جۆرە مانا بەنزیکەیی ماتماتیکییانە وەربگرێت، وەک ئەوەی وابێت هەواڵێکی باش ئەوەیانە ژمارەیەکی یەکسانی لێدوانی لە هەردوولاوە وەرگرتبێت. وەک ڕۆژنامەنووسان دەزانن زۆرجار پتر لە دوو لایەن لەناو هەواڵێکدا هەن و، هەندێک جار هاوسەنگکردنی ئەو لایەنانە بەیەکسانی ڕەنگدانەوەیەی ڕاستەقینەی واقیع نییە.

لە بەرامبەردا ڕەنگە دادپەروەریش لێکدانەوەی هەڵەی بۆ کرابێت، ئەگەر بێتو لە خودی خۆیدا بە ئامانجێک تەماشا بکرێت. دادپەروەری پێویستە بەو مانایە بێت ڕۆژنامەنووس بەرامبەر بە ڕاستییەکان و تێگەیشتنی هاووڵاتی لە ڕاستییەکان دادپەروەر بێت. نابێت بەو مانایە بێت "ئاخۆ من بەرامبەر بە سەرچاوەکانم دادپەروەرم بۆ ئەوەی کەسیان نەڕەنجێت؟". هەروەها نابێت بەو مانایەش بێت "ئاخۆ هەواڵەکەی من بە شتێکی ڕەوا دێتە بەرچاو؟". ئەمە هەڵسەنگاندنی خۆییانەن کە ڕەنگە ڕۆژنامەنووس لە پێویستی بۆ کاری زیاتر لە پێناو سەلماندنی بەرهەمەکەی دوور بکەنەوە. بە واتایەکی تر دادپەروەریش هەروەها ڕێبازێکە نەک ئامانج و بەتەواوەتی خۆییانەیە.

ڕوونکردنەوەی ئەم بۆچوونە هەڵە هاوبەشانە و پەرەدان بە بنەمای سەلماندن ڕەنگە باشترین هەنگاو بن کە ڕۆژنامەنووسان دەتوانن بۆ برەودان بە جۆرێتیی هەواڵ و گفتوگۆی گشتی بیانگرنە بەر. لە دواییدا ئەم بنەمایە ئەو شتەیە ڕۆژنامەنووسی لە بوارەکانی تر جیا دەکاتەوە و هۆکارێکی ئابووری دەخوڵقێنێت بۆ درێژەدان بە ڕۆژنامەوانی. بنەمایەکی هۆشەکییانەتری سەلماندن باشترین دژە ژەهرە بەرامبەر بە زاڵبوونی ڕۆژنامەنووسیی نوێی ڕاگەیاندن و هەروەها بناغەیەک بۆ هاووڵاتییان دروست دەکات بۆ ئەوەی متمانە بە گوزارشەکانی ڕۆژنامەوانی بکەن.

ڕێبازێکی بەهێزتر و یەکگرتووتر و دیوەدەرتری سەلماندنی هەواڵ هەروەها دەبێتە تاکە هەنگاوی هەرە گرینگ کە ئەوانەی لە بواری ڕۆژنامەوانی کار دەکەن، دەتوانن بیهاوێژن بۆ تیشک خستنەسەر و ئەگەر پێویست بوو بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو بۆچوونە گەشەسەندووەی کە کاری ڕۆژنامەنووسی بەهۆی لایەنگرییەوە شێواوە. لەمبارەوە لە خوارەوە ڕوونکردنەوەی پتر دەدەین.

ئاخۆ ئەم ڕۆژنامەوانییەی تایبەت بە ڕێباز نەک ئامانجی بابەتییانەبوون لە چی دەچێت؟ ئاخۆ هاووڵاتییان پێویستە لە چاپەمەنییەوە بۆ بنەمایەکی ماقووڵی گوزارشکردن چاوەڕێی چ شتێک بن؟ کاتێک ئێمە گوێمان لە ڕۆژنامەنووسان و هاووڵاتییان و ئەوانی تری پێوەست بە هەواڵەوە گرت و لە بۆچوونەکانمان کۆڵینەوە، بەرەبەرە کۆمەڵێکی چمکی سەرەکیمان بینی کە ژێرخانی بنەمای سەلماندنن. ئەوانە بنەمای عەقلانیی زانستێکی گوزارشکردنن:

١- هەرگیز شتێک زیاد مەکە کە بوونی نەبووە.
٢- هەرگیز جەماوەر هەڵمەخەڵەتێنە.
٣- تا دەتوانی لە ڕووی ڕێباز و پاڵنەرەکانتەوە دیوەدەر بە.
٤- پشت بە گوزارشی ڕەسەنی خۆت ببەستە.
٥- خاکەڕا بە.
با بەجیا تاقییان بکەینەوە

ڕەهەندێکی گرینگی ڕۆژنامەوانیی نوێی ڕاگەیاندن ئەوەیە چیرۆک هەستاوە بە سەپاندنی خۆی وەک بابەتی ناچیرۆکی. لە بواری جیاواز ناوی جیاوازی لێ نراوە. لە تەلەڤزیۆن بەرهەمهێنەران بە دۆکیـۆدراما ناویان بردووە. لە جیهانی چاپەمەنی، هەندێک کەس وەک جێیمز فرێیی نووسەرژەنرای ژینامەیان ڕفاندووە بۆ ئەوەی چیرۆک وەک واقیعی بایۆگرافییانە پێکشێش بکەن. لە ٢٠٠٦دا ئاشکرابوو فرێی بەشی هەرە زۆری ژیننامەکەی خۆی بەناوی ئێ میلیێن لیتڵ پیسزی کردبووە چیرۆک. بەڵام ئەوە هەمووی شتی لێ دروست بووە. لە هەندێک باردا شتەکە هەر درۆیە.

سەیرە کە کەسانێک لە ڕۆژنامەوانیدا هەن پێیان وایە گێڕانەوەی بابەتی ناچیرۆکی ـ بەکارهێنانی ستایلی گێڕانەوە بۆ گوتنی بابەتی ناچیرۆکی- پێویستە ئاوێتەی بواری داهێنانەوە بکرێت. لیستێکی درێژی باشترین ستایلیستەکانی بواری گێڕانەوەی بابەتی ناچیرۆکیش کێشەکە دەرناخات، بەڵام کێشەکە وا گەورەتر دەبێت. بەشێوەیەکی مەجازی پێویستیش نییە. پێویست ناکات بابەتی ناچیرۆکیی گێڕانەوەیی داهێنان بکات تا سەرکەوتوو بێت. مارک کرەمر کاتێک پرۆگرامێکی لەبارەی نووسینی بابەتی ناچیرۆکیی گێڕانەوەیی لە زانکۆی بۆستن دەداوە، پەرەی بە کۆمەڵێک یاسای ڕوون دا کە هەر ڕۆژنامەنووسێکی سنوور بۆ دانراوە یان ستایلیستێکی وێژەیی دەتوانێت جێبەجێیان بکات بۆ نموونە لەوەی پێوەندیی بە مۆنۆلۆجی ناوەخۆییەوە هەبێت: "هیچ هزرێک نادرێتە پاڵ سەرچاوەکان مەگەر سەرچاوەکان بڵێن ئەوان ئەو جۆرە هزرانەیان هەبووە". ستیڤ لۆپێزی ستوونووسی ڕۆژنامە کاتێک وەک نووسەر لەگەڵ کۆمپانیای هاوبەشیی تایمزدا کاری دەکرد گەیشتە ئەو ئەنجامەی یاساکان و ئامرازەکان ڕەنگە بەگوێرەی ستایلی چیرۆکەکە جیاواز بن، بەڵام بنەماکە یەک شتە: ئەگەر چیرۆکەکە نەسەلمێنرا، بەکاری مەهێنە. نووسەرێکی زێ نیویۆرک بۆ بەهێزکردنی ستایلی لە گێڕانەوەدا تێبینیی دا ڕەنگە جۆن مەکفی مەرجە سەرەکییەکانی بەباشترین شێوە کورت کردبێتەوە: "نووسەری بابەتی ناچیرۆکی لەگەڵ خوێنەردا باس لە خەڵکانی ڕاستەقینە لە شوێنی ڕاستەقینە دەکات. بۆیە ئەگەر ئەو خەڵکە بدوێن، تۆ ئەو شتە دەڵێیت کە ئەوان گوتوویانە. ئەو شتە ناڵێیت کە نووسەر پێی وایە دەبێت بیڵێن... نابێت گفتۆگۆکان دابهێنیت. کەسایەتییەکی ئاوێتە دروست ناکەیت و... ناچیتە ناو مێشکیان (هی کەسایەتییەکان) و بۆیان بیر ناکەیتەوە. تۆ ناتوانیت چاوپێکەوتن لەگەڵ مردوودا بکەیت. کاتێک

نووسەران ئەوە پێشێل بکەن، ناوبانگی ئەوانی تر کە وایان نەکردووە، بە ئاسانی دەخەنە ژێر پرسیار".

لە ١٩٨٠دا جۆن هێرسیی نووسەری براوەی خەڵاتی پولیتزری و نووسەری هیرۆشیما، کە چیرۆکی کاریگەرییەکانی یەکەم بەکارهێنانی بۆمبی ناوەکییە لە شەڕی جیهانیی دووەمدا، هەوڵی دا بنەمایەک دابنێت بۆ ئەوەی رێخۆشکەر بێت بۆ رۆژنامەنووسی بۆ ئەوەی بەبێ بەزاندنی سنووری نێوان راستی و چیرۆک، جێی متمانە بێت. لە زێ لێجند ئۆن لایسنزدا هێرسی باس لە ستانداردێکی ورد دەکات: هەرگیز شت دامەهێنە. فەلسەفەی شاراوەی رۆژنامەوانی ئەوەیە "هیچ شتێک لێرەدا دانەهێنراوە".

ئەمرۆکە ئێمە وا بیر دەکەینەوە ستانداردی هێرسی، "هەرگیز دامەهێنە" پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە. لە کتێبەکەی، میدنایت ئین زێ گاردن ئۆڤ گود ئەند ئیڤڵ، جۆن بێرێنت کارەکتەری ئاوێتەی بەکار هێنا و کۆمەڵێک رووداوی لە یەک رووداو چڕ کردووە لە پێناو خۆڵقاندنی کاریگەرییەکی دراماتیکی. ژیننامەنووسی رۆناڵد رێیگان، ئێدمۆند مۆریس، پێی وابوو دەیتوانی ژیانی سەرکردەی پێشوو روونتر بکاتەوە ئەگەر هاتبا و ئەو، ژیننامەنووسەکە، کارەکتەرێک بووایە لەناو ئەو ژیانە. بەڵام رێکخستنەوەی دیالۆگ و بەکارهێنانی کارەکتەری ئاوێتە و چڕکردنەوەی رووداوەکان و جووڵاندنی خەڵک بەناو کاتدا داهێنانن.

لەگەڵ رۆی پیتێر کلارکی رۆشنبیری پلە بەرزی ئەنیستیتۆی پۆینتر لە سێینت پیتێرزبورگدا لە فلۆریدا، ئێمە پەرەمان بە جووتە بیرۆکەیەکی نوێی بۆ ئەو رۆژنامەنووسانە دا کە هەوڵ دەدەن تەنکاوەکانی نێوان راستی و چیرۆک بجووڵێنن.

## شت زیاد مەکە

شتی وا زیاد مەکە کە روویان نەدابێت. ئەمە مانای لە "هەرگیز دامەهێنە" یان شت لە خۆتەوە دروست مەکە زیاترە، چونکە هەروەها رێکخستنەوەی رووداوەکان بەگوێرەی کات و شوێن یان ئاوێتەکردنی کارەکتەر و رووداوەکانیش لەخۆ دەگرێت. ئەگەر فیکەی ورياکەرەوە لە ماوەی وێنەگرتنی هەواڵێکی تەلەڤزیۆنی لێ درا و بۆ کاریگەریی دراماتیکی لە پەردەیەکەوە بۆ پەردەیەکی تر گوازرایەوە، ئەوە خراوەتە سەر پەردەی دووەم. شتێک کە کاتی خۆی راستییەک بووە، بووەتە درۆ.

بەزۆری کاتێک خەڵک شت زیاد دەکات یان شتێک دەڕازێنێتەوە، شتەکە دەشارێتەوە نهێنییەک کە لە خودی خۆیدا شیاوی قبووڵکردن نییە. ئەمە خاڵی سەرەکیی گوتاری رەسەنی هێرسی بوو کە لەناو کەسانی تردا بەرپەرچی نووسەر تۆم وڵفی دابووە و، کاتێک نووسەرانی بابەتی ناچیرۆکی حەشاردانەوەکەیان داهێنا و دانیان پێدا نا، رەخنەگران و خوێنەران بەگشتی کاردانەوەیەکی لاوازیان هەبوو. ئێدمۆند مۆریس ژیننامەنووسی رۆناڵد رێیگان هەستی بەمە کرد کاتێک داچی

نووسی، ژیننامەی ڕێگەپێدراوی ڕۆناڵد ڕێیگان لە سەرەتای ژیانیدا پێش ئەوەی نووسەرەکە لە ڕاستیدا هەر لەدایک بووبێت. مۆریس گوتی ئەو هەوڵی داوە باس لەوە بکات ڕێیگان چۆن خۆی پێ گەیاندووە، ڕاستییەکی چیرۆکی. لە هەمان کاتدا ئەم تێهەڵکێشکردنەی فانتیزیا و واقیع کاریگەرییەکی کەم و زیانێکی زۆری بۆ بەرزکردنەوەی ناوبانگی کتێبەکەی هەبوو. "بۆچی دەبێت حەز بکەم بیخوێنمەوە؟"، نووسیاری پێشووی واشینتۆن پۆست، بێن برادلی لە کۆڕێک لە زانکۆی دەوڵەتیی نیویۆرک لە ئۆسوێیگۆ لە پاییزی ٢٠٠٥دا وەک کاردانەوەیەک لە سەرسڕماندا گوتی.

## هەڵمەخەڵەتێنە

هەرگیز جەماوەر هەڵمەخەڵەتێنە. چەواشەکردنی خەڵک جۆرێکە لە درۆکردن و ئەو بیرۆکەیەی ڕۆژنامەوانی بەختکراوە بۆ واقیعییەت سووک دەکات. ئەم بنەمایە یەکجار نزیکە لە یەکەم بنەما. ئەگەر تۆ دەنگی فیکەی ئاگەدارکردنەوە هەڵبگریت و بە جەماوەری نەڵێت، تو وا هەڵیان دەخەڵەتێنیت. ئەگەر دانان بەو کارەی ئەنجامت داوە شتەکە بەچاوی جەماوەرە ناپەسند دەکات، کەواتە شتەکە لە خۆیەوە دیارە نەشیاوە. ئەمە تاقیکردنەوەیەکی بەسوودە. ئاخۆ جەماوەر هەست بەچی دەکات ئەگەر بزانێت تۆ ئەو دەنگەت بۆ بەشێکی تری هەواڵەکە گواستووەتەوە بۆ ئەوەی دراماتیکیتری بکەیت؟ بە شیمانەی زۆرەوە ئەوان هەست دەکەن کارەکە ناپەسندە.

هەڵمەخەڵەتێنە بەمانای ئەوەیە ئەگەر کەسێک بەنیاز بێت دەست ببات بۆ هەر جۆرە تەکنیکێکی گێڕانەوە یان چیرۆکبێژی کە لە شێوازی هەرە دەقاودەقی گوزارشکردنی شایەتی بەچاودیتەوە جیاوازن، پێویستە جەماوەر بەوە بزانێت. ڕاپرسییەک لەسەر ڕۆژنامەنووسان کە ئێمە ئەنجاممان دا، هاوڕاییەکی گشتیی دۆزییەوە لەبارەی گواستنەوەی قسە لە زاری خەڵکەوە. جگە لە گۆڕانی وشەیی بۆ ڕاستکردنەوەی ڕێزمان، زۆربەی هەرە زۆری ڕۆژنامەنووسان پێیان وابوو ئەگەر وشەکانی ناو گوتەیەکی گواستراوە گۆڕابن یان چەند گرێیەک بۆ ڕوونکردنەوە لابرابن- پێویستە ئاماژەیەک بۆ جەماوەر بنێردرێت- وەک بەکارهێنانی وشەپەڕاندن یان کەوانە.

بۆ ڕۆژنامەنووسێکیش کە ئەو گوتە یان ڕووداوانەی خۆی شایەتیان نەبووە، دادەڕێژێتەوە، "هەڵمەخەڵەتێنە" هەروەها بەو مانایەیە جەماوەر پێویستە بزانێت ئەم گوتە تایبەتانە دووبارە داڕێژراون و بشزانێت چۆن گوتەکانی دەستەدووەم سەلمێنراون. یاداشتێکی لێڵی نووسەرێک لە سەرەتا یان کۆتاییی کتێبێک یان چیرۆکێکدا تەنیا بە خوێنەران دەڵێت "هەندێک لە دیمانەکان داڕێژراونەتەوە" کەموکووریی تێدایە. کام دیمانە؟ چۆن داڕێژراونەتەوە؟ ئەم جۆرە ڕاگەیاندنە ناڕوونانە، لە بنەڕەتدا ڕاگەیاندن نین. ئەوانە لە ڕاستیدا دەچنە خانەی خۆ دەربازکردنەوە.

ئێمە پێمان وایە ئەم دوو بنەمایە- زیاد مەکە و هەڵمەخەڵەتێنە- وەک ڕێنیشاندەر لە خزمەت ئەو ڕۆژنامەنووسانەدان کە بەناو هێڵی نێوان ڕاستی و چیرۆکدا دەجووڵێنەوە. بەڵام ئاخۆ ئێمە وەک هاووڵاتی، چۆن بزانین کام ڕۆژنامەوانی جێی متمانەیە؟ لێرەدا کۆمەڵێک چمکی تر یارمەتیدەرن.

## دیوەدەری

ئەگەر رۆژنامەنووسان وێڵی واقیع بن، کەواتە مانای ئەوەیە پێویستە راستگۆ و راستەڕێش بن بەرامبەر بە جەماوەریان پێویستە پێشکێشکاری هەقیقەت بن. ئەگەر هیچ شتێکی تریش نەبێت، ئەم بەرپرسیارێتییە رۆژنامەنووسان پابەند دەکات ئەوەندەی بکرێت لەگەڵ جەماوەر کراوە و راستگۆ بن سەبارەت بەو شتەی دەیزانن و ئەوەی نایزانن. تۆ چۆن دەتوانیت ئیدیعای ئەوە بکەیت لە هەوڵی ئەوەدایت هەقیقەت رابگەیەنیت، ئەگەر بە پلەی یەکەم لەگەڵ جەماوەر راستگۆ نەبیت؟

تاکە رێگەی کرداری بۆ ئەوەی لەگەڵ خەڵک راستگۆ بیت سەبارەت بە زانیارییەکەت ئەوەیە تا بکرێت سەرچاوە و رێبازەکانت ئاشکرا بکەیت. چۆن بەو زانیارییەت زانیوە؟ سەرچاوەکانت کێن؟ زانیارییەکانیان تا چ رادەیەک راستەوخۆن؟ ئاخۆ چ لایەنگرییەکیان رەنگە هەبێت؟ ئاخۆ گوتەی دژیەک لە ئارادان؟ ئێمە چ شتێکمان لێ نارِوونە؟

ناوی لێ بنێ هێزی دیودەری. ئێمە ئەم بیرۆکەیە بە گرینگترین تاکە توخم لە دارشتنی بنەمایەکی باشتری سەلماندن دەزانین.

زۆربەی ئەو کۆسپانەی رۆژنامەنووسان لە کاتی هەوڵدان بۆ گواستنەوە لە وردبینییەوە بۆ هەقیقەت تووشیان دەبن، لە رێگەی راستگۆبوون بەرامبەر بە سروشتی زانیارییەکەیان و هۆکاری متمانەکردنیان بە زانیارییەکە و ئەو هەوڵانەی داویانە بۆ فێربوونی زیاتر، ئاماژەیان پێ دراوە یان کۆنترۆڵ کراون.

دیودەری باشەیەکی گرینگی تریشی هەیە: ئاماژە بە رێزگرتنی رۆژنامەنووس لە جەماوەر دەکات. رێگە بە جەماوەر دەدات هەڵسەنگاندن بکات بۆ راست و دروستیی زانیارییەکە و ئەو پرۆسەیەی بەهۆیەوە بەردەست بووە و پاڵنەر و لایەنگرییەکانی ئەو رۆژنامەنووسی دابینی کردووە. ئەمەش دیودەری دەکاتە باشترین پەرژین لە دژی هەڵە و هەڵخەڵەتاندن لەلایەن سەرچاوەکانەوە. ئەگەر باشترین زانیاریی رۆژنامەنووسێک هەیەتی لە سەرچاوەیەکی رەنگە لایەنگرەوە دابین کرابێت، ناوهێنانی سەرچاوەکە شیمانەی لایەنگرانەبوونی زانیارییەکە ئاشکرا دەکات و رەنگە بواری هەڵخەڵەتاندنیش بە سەرچاوەکە نەدات.

دیودەری هەروەها یارمەتیدەرە بۆ چەسپاندنی ئەو بیرۆکەیەی رۆژنامەنووسی پاڵنەرێکی بەرژەوەندییی گشتی واتە گرینگترین خاڵ بۆ وەدەستهێنانی متمانەی لە پشتە. ئەم مەیلەی رۆژنامەنووس بۆ دیودەری لەبارەی کارەکەیەوە، لە چەقی کارکردندایە بۆ چەسپاندنی ئەو بیرۆکەیەی رۆژنامەنووس باس لە هەقیقەت دەکات. درۆ یان هەڵە لەوەدایە وا بنوێنرێت هەموو شت دەزانین یان ئیدیعای زانیارییەکی زۆرتر بکەین، لەوەی هەمانە.

چۆن هێزی دیودەری کار دەکات؟ لە سەرەوە دەست پێ دەکات، لەو شوێنەی کە رەنگە بە مانای

کۆبوونەوە گشتی و لێدوانەوە بێت یان ستوونەکانی نووسیارانە و بەڕادەیەکی زۆریش لە ماوەی ناکۆکیدا. لە واشینتۆن پۆستدا لیۆنارد داونی نووسیار ستوونێکی نووسی بۆ ڕوونکردنەوەی جیاوازیی نێوان هەواڵ و لاپەڕەکانی نووسیاری لەو ڕۆژەی ڕۆژنامەکە پشتیوانیی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دەربڕی. بۆ ناو چیرۆکی جیاجیا شۆڕ دەبێتەوە و داوای وردەکاری دەکات. ئەگەر لە پارچە دەقێکدا هاتبێت "شارەزایان دەڵێن" ئاخۆ هەواڵنێرەکە لە ڕاستیدا لەگەڵ چەند شارەزا دواوە؟ لەوانەیە بەبایەخترین شت لەبارەی چەمکی سادەی دیودەری ئەوە بێت کە هاوپەیمانە سروشتییەکەی نەخشەی کراوە و نوێی ئینتەرنێتە. پێوەندیی دووسەرە ڕێگە بە کڕیارانی هەواڵ دەدات گرینگترین ئەو پرسیارانە بکەن کە بەهۆیانەوە دەتوانن ڕاست و دروستیی ئەو زانیارییەی پێیان دەدرێت، هەڵبەسەنگێنن. " تۆ چۆن ئەمە دەزانیت؟". پرسینی ئەمە لە دابینکارانی هەواڵەکە هاندەرە بۆ هەڵسەنگاندنێکی ڕوونی سەرچاوەی ڕەسەنی لێدوان و بڕیار و وەسف و واقیعەکان.

ئەم پێناسەکردنە ڕوون و پڕ وردەکارییەی سەرچاوەکان کاریگەرترین شێوازی دیودەریی بەردەستی ڕۆژنامەنووسانە و بناغەی پێوەندییەکی کراوەتر لەگەڵ دواین کڕیار پێک دێنێت. لە ٢٠٠٢دا لۆس ئەنجلس تایمز پرسیارەکەی تەنانەت بە پەڕاوێزی چڕوپڕ لەبارەی سەرچاوەی لێداونەکان و واقیع و ڕووداو و زانیاریی تری ناو ئێنریکس جێرنی وەڵام داوە. ئێنریکس جێرنی زنجیرەیەکی شەش بەشی براوەی خەڵاتی پوڵیتزر بوو لەبارەی هەرزەکارێکی هیندوراسی کە بۆ دۆزینەوەی دایکی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان سەفەر دەکات. پتر لە ٧٠٠٠ وشەی پەڕاوێزی گێڕانەوەکە لە پێناسەکردنی زۆرەوە دەپارێزن، بەڵام هەروەها زانیاریی پڕ وردەکاری لەبارەی سەرچاوەکانەوە بۆ خوێنەر دابین دەکەن.

لەوەتەی یەکەم چاپی ئەم کتێبە لە ٢٠٠١دا بڵاو بووەوە، چەمکی دیودەری لە ڕۆژنامەوانیدا خێراییەکی بەرچاوی وەرگرتووە. وێب و دەروازە کراوەکانی بۆ مشتومڕیی ڕۆژنامەوانی و ڕەخنە و گوتەگوت- وەک بلۆگی ڕۆمێنێسکۆی ئەنیستیتۆی پۆینتر یارمەتیدەرە بۆ هاندانی دامەزراوەکان بۆ ئەوەی لە ڕوونکردنەوەی کارەکەیاندا ڕاشکاوتر بن. ڕۆژنامەی وەک مۆدێستۆ بی یان ئۆستن ئەمێریکەن ستێتسمێن بلۆگی وایان خستووەتە کار کە نووسیارانی بڕیارەکانی ژووری هەواڵ شی دەکەنەوە، وەک ئەوەی چۆن و بۆچی ئەوان بەو کارەی دەیکەن هەستاون، چۆن بڕیار دەدەن چ بابەتێک بڵاو بکرێتەوە و چۆن بڕیار لەسەر هەواڵەکانی لاپەڕەی یەکەم دەدەن.

ڕۆژنامەکان هەروەها ئینتەرنێت بۆ فراوانکردنی هەواڵە بڵاوکراوەکانی تایبەت بە پرۆژەیەکی درێژتری خاوەن داتابێیس و بەڵگەنامەی ڕەسەن و ڕێباز یان ڕەنگ و دەنگی دیمانە لەگەڵ سەرچاوەکان یان پەیامنێرانی هەواڵێک، بەکار دێنن. بەڵام جێبەجێکردنی دیودەری لە ڕۆژنامەوانیدا هەر لە گەشەسەندندایە.

بوارێک کە تێیدا ڕۆژنامەنووسان هەوڵیان دابێت دیودەرتر بن، بۆ نموونە، لە ڕوونکردنەوەی سەرچاوە ناونەبراوەکانە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو نموونانەی دەیانبینین زۆربەی جار وەک کێماسییەک

و هەندێک جار تەنانەت وەک هەڵەیەک، دێنە بەرچاومان. هەواڵێکی نیویۆرک تایمز لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٥ لەبارەی دەرمانخواردن بە بڕیاری خۆ، کاتێک گوتەیەکی لەسەر زاری کەسێکەوە گواستەوە کە ئەو جۆرە خۆدەرمانییەی کردبوو، هەوڵی بۆ دیودەری دا. ڕۆژنامەکە تەنیا بە کەسرین کێی ناوی هێنابوو. "کەمێک دەرمانم دەست کەوت و دواتر بای پێویستم لەناو هاوڕێکانم بڵاو کردەوە. من زۆربەی جار دەزانم باسی چی دەکەم"، کاسرین کێیی دانیشتووی مەنهاتن گوتی کە وەک زۆرێک لە خەڵکی دیمانەکراو بۆ ئەم بابەتە حەزی نەکرد ناوی خێزانی بهێنرێت مەبادا هەڵسوکەوتی تووشی کێشەی بکات لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەی و دەسەڵاتدارانی جێبەجێکاری یاسا یان لانی کەم دایک و باوکی.

هۆکاری حەزنەکردنی کاسرین بۆ ناوبردنی ئاشکرایە. ئەوەی کە ڕۆژنامەکە ئەم ویستەی بۆ ئەوە هێنایە دی پێوەندیی بە جەماوەرەوە هەیە. ئاخۆ لەبەر ئەوە بوو ڕۆژنامەکە لەوە دەترسا ئەو لەگەڵ دایەبابی تووشی کێشە بێت؟

یان بیر لە ئەم هەواڵەی نایت رایدر بکەوە لەبارەی گوتاری ساڵانەی سەرۆک بۆ کۆنگرێس لە ٢٠٠٦. لە گوتارەکەیدا جۆرج دەبلیو بوش بەڵێنی دا هاوردەی ئەمەریکا لە نەوتی ڕۆهەڵاتی ناوین تا ٢٠٢٥ پتر لە ٧٥٪ دابەزێنێت. ڕۆژی پاش گوتارەکە ئەندامانی کابینەی بوش بە هەواڵنێرانیان گوت نموونەکەی ڕۆهەڵاتی ناوین نابێت دەقاودەق وەربگیرێت. نایت رایدر نووسی "لەبارەی ئەوەی ئاخۆ بۆچی سەرۆک وشەکانی ڕۆهەڵاتی ناوینی بەکار هێنا کاتێک بەڕاستی مەبەستی ئەو وشانە نەبووە، کاربەدەستێکی حکوومەت گوتی بوش ویستی بابەتەکە ورووژێنەر بکات بەشێوەیەک کە "هەر ئەمەریکاییەک کە دانیشتووە و گوێ لە گوتارەکە دەگرێت، تێ بگات". کاربەدەستەکە تەنیا بە مەرجی ناونەهێنانەوە لێدوانی دا چونکە لەوە دەترسا گوتەکەی تووشی کێشەی بکات.

دووبارە ئێمە دەزانین بۆچی کاربەدەستی حکوومەتی بوش داوای ناونەهێنانی لە پێناو خۆی کردووە، بەڵام نازانین ئاخۆ بۆچی ڕۆژنامەنووسانی نایت رایدر بڕیاریان دا بیپارێزن.

خاڵی سەرەکی ئەمەیە: هێزی دیودەری سەرەتا پێوەندیی بە پرسیارکردنی ڕۆژنامەنووس لەبارەی هەر ڕووداوێکەوە هەیە، "ئاخۆ پێویستە جەماوەری من چی بزانێت بۆ هەڵسەنگاندنی خودی ئەم زانیارییە؟". ئەمەش بە مانای ڕوونکردنەوەیەکی تا ئەوپەڕی بەسوودە سەبارەت بەوەی ئاخۆ دامەزراوەکە چۆن زانیارییەکانی خۆی وەدەست هێناوە.

بنەمایەکی تری دیودەری پێوەندیی بە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەوە هەیە "ئاخۆ هیچ شتێک هەیە لە چۆنیەتیی مامەڵەکردنمان لەگەڵ ئەمە کە پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەبێت، بە لەخۆگرتنی هەر بڕیارێکی ناکۆک لەبارەی هێشتنەوەی هەندێک شت و قرتاندنی هەندێکی تر؟". لە سەردەمێکی گومانکردن لە ڕۆژنامەنووسان ڕوونکردنەوەی پتر لەبارەی ئەو بڕیارانەی ڕەنگە بە هەڵە لێک بدرێنەوە، شتێکی یەکلاکەرەوەیە. پرسی پاڵنەر و بڕیاردان بۆ هەڵسەنگاندنەوەی

بابەتییانەبوونی چاپەمەنی پێویستە.

سێیەم بنەمای هێزی دیودەری پێوەندیی بە شتێکەوە هەیە کە پێچەوانەی کاری زۆربەی ڕۆژنامەنووسانە، ڕۆژنامەنووسان پێویستە دان بەو پرسیارانە بنێن کە هەواڵەکانیان وەڵامیان بۆ دابین ناکەن. بەشێوەیەکی نەریتی ڕۆژنامەنووسان وا فێر کرابوون هەرگیز پرسیار لە شتێک نەکەن کە لە هەواڵەکەدا نەتوانرێت وەڵامی بدرێتەوە. وا بنوێنە هەواڵەکان بێ کەلەبەرن و هەموو زانیارییەکیان تێدایە. هەرگیز وا مەنوێنە نازانیت. تەنیا ناڕاستەوخۆ باس لە کەلەبەرەکان بکە. لە سەدەی بیست و یەکەمدا کاتێک ڕۆژنامەنووسان ناتوانن کۆنترۆڵی هەموو شتێک بکەن، جەماوەر باسی رووداوە گشتییەکان دەزانێتەوە، کاتێک ڕۆژنامەنووسان ئیتر دەروازەپارێز نین، ئەو بۆچوونە ئیدی ماقووڵ نییە، ئەگەر کاتی خۆیشی هەر ماقووڵ بووبێت.

ئەم بۆچوونانە لەبارەی دیودەرییەوە دەتوانیت کێشەیەکی بێ ژمار چارەسەر بکات. بیر لە حاڵەتی ریچارد جوول بکەوە. ئاتلانتا جۆرناڵ کۆنستیتیوشن ئەو هەواڵەی بڵاو کردەوە گوایە پۆلیس بۆ ماوەیەکی کورت وای زانیبوو جوول ڕەنگە بۆمبدانەرەکەی ئۆلەمپیکی ١٩٩٧ بووبێت. هەواڵەکە لە سەرچاوەکانی جێبەجێکاری یاساوە دابین کرابوو کە نەیانویستبوو ناویان ئاشکرا بکرێت و گوتبوویان جوول کە سەرەتا بەبۆنەوەی ئاگەدارکردنەوەی پۆلیس لە بۆمبەکەی ناو بۆرییەکەوە وەک قارەمان تەماشا دەکرا، بووەتە گومانبارێک لە لێکۆڵینەوەکەدا. هەواڵەکە هەروەها گوتبووی جوول لەگەڵ وەسفی "بۆمبدانەرێکی سەڵت"ەوە دەگونجێت.

ئەوەی شتەکەی ئاڵۆزتر کرد ئەوە بوو ڕۆژنامەکە دەبوایە لەگەڵ یاساکانی خۆیدا مامەڵەی کردبایە کە ڕێگەی بە بەکارهێنانی سەرچاوەی نەناس نەدەدا. کەواتە چۆن جۆرناڵ کۆنستیتیۆشن مامەڵەی لەگەڵ هەواڵەکەدا کرد؟ ئەو شتەی بەکار هێنا کە ڕۆژنامەکە بە ڕێبازی "سروشی خوایی" ناوی دەبرد و تێیدا ڕۆژنامەنووسان ئەم زانیارییەیان نەدایە پاڵ کەس، بگرە بەتەنیا بەناوی تێگەیشتنی خۆیان لە راستییەکانەوە دەریان بڕی.

هەواڵە هەرگیز باسی لەو هەموو شتانە نەکرد کە پۆلیس نەیدەزانین. لەوانەش ئەو راستییەی پۆلیس هیچ بەڵگەیەکی بەرجەستەی لە بەردەست نەبوو بۆ لکاندنی جوول بە تاوانەکە. هەروەها پۆلیس وەک تۆمەتبار چاوپێکەوتنی لەگەڵی نەکردبوو. هەروەتر پۆلیس هێشتا نەگەیشتبووە خشتەیەکی کاتی بۆ ئەوەی بزانێت ئاخۆ جوول توانیویەتی ئاگەدارییەکە بە پۆلیس بدات و هێشتاش لەو ماوەیەدا بگاتە ئەو شوێنەی کۆڵەپشتییەکی لێ دۆزییەوە لەو ماوەی دیاریکراودا.

هەواڵەکە پێداگریی لەوە دەکرد هیچ شتێکی هەڵەی وەرنەگرتووە. تەنیا بیرۆکەی پۆلیسی بڵاو کردووەتەوە. بەڵام ئەگەر دامەزراوە هەواڵییەکە تێبینیی ئەوەی کردبا هەموو ئەو شتانەی پۆلیس هێشتا مابووی بۆ ئەوەی گومانەکەی لەسەر جوول ساخ بکاتەوە، هەواڵەکە ڕەنگە کەمتر تووڕەکەر

و زۆر تەواوتر و ڕاست و دروستـتـر بوایە. هەروەها ڕەنگە پێشگیـریی لەو شـتـە کـردبایە کـە بووە داوایەکی یاسایی بۆ ماوەی چەندین ساڵ.

هێزی دیودەری هەر هەمـان بنەمایە کە ڕێبازی زانستییانە بەڕێوە دەبات: ڕوونی بکەوە تۆ چۆن شتەکەت زانیوە و بۆچی بڕوات پێیەتی تاوەکو جەماوەریش بتوانێت هەمان شت بکات. لە زانستدا ڕاست و دروسـتیی تاقیکردنەوەیەک یان بابەتییانەبوونی بەوە پێناسە دەکرێت کە ئاخۆ کەسێکی تریش دەتوانێت هەمان تاقیکردنەوە دووبارە بکاتەوە. لە ڕۆژنامەنووسیشدا تەنیا بە شیکردنەوەی چۆنیـەتیی بەدەستـهێنانی زانیارییەکەمان دەتوانین لەم بیرۆکەیە نزیک ببینەوە کە ئەگەر خەڵک بیەوێت، بتوانێت گوزارشـەکە دووبارە بکاتەوە. ئەمە مانای بابەتییانەبوونە لە ڕێبازی زانست یان ڕۆژنامەوانی.

تەنانـەت کاتێک واڵتر لیپـمـەن بەرەبەرە گومـانـی پەیدا دەکرد لەوەی ئاخـۆ ڕۆژنامـەنووسـان بەڕاستی توانای ناسینەوەی ڕاستییان هەیە، ئەو ئەمەی ناسییەوە:

هیچ بیانوویەک یان پاساوێک، جا بە هەر جۆرێک بێت، نییە بۆ ئەوەی شـەش جار بڵێت لێنین مـردووە کـاتێک تاکـە زانیـارییـەکی بەردەسـتی ڕۆژنامـەکـە هەواڵێکە لەبارەی مـردنی ئەو و لە سـەرچاوەیەکەوە هاتووە کە بەردەوام بە باوەڕپێنەکراو دەرکەوتووە. هەواڵەکە، لەو ڕوانگەیەوە، ئەوە نییـە "لێنین مـردووە"، بگرە " هێلسینگفر دەڵێت لێنین مردووە" و، ڕۆژنامـەکە دەتوانرێت داوای لێ بکرێت بەرپرسـیارێتیی ئەوە بگرێتە ئەسـتۆ لێنین زیاتر لەوەی سـەرچاوەی هەواڵەکە لێی دڵنیـایە، نەمـرێنێت. ئەگـەر تاکە بابـەتێک هەبێت کـە نووسـیـاران زیاترین بەرپرسـیارێتییـان بەرامـبـەری هەبێت، ئەوە هەڵسەنگاندنی ڕاست و دروستیی سەرچاوەکەیە.

بەداخـەوە زۆرجـار ڕۆژنامـەنووسی باس لـە ڕێباز و پاڵنەر و سـەرچاوەکـان ناکات. هەواڵەکانی تۆڕی تەلەڤزیۆنی، هەڵبـەتە لەو ڕووەوە، تـەنیـا دەڵێن "سـەرچاوەکـان ڕایان گـەیاند"، ڕێگەیەک بۆ بەفیڕۆنەدانی کات لە وەشاندا.

لەگـەڵ ئـەوەشــدا زۆربەی ئەو ســەرچاوانە بەدەگـمــەن نهـێنین. بۆ نموونـە لە ٢٠٠٣دا، ٤٣٪ی هەواڵەکانی سێ گەشتی هەواڵی بازرگانی کاتی شـەوانە سەرچاوەی وای تێدا بوو کە بۆ جەماوەر نەناس بوون، لە ٢٠٠٤دا ناوپارێزیی ســەرچاوە بۆ ٥٣٪ بەرز بووە. لە زۆربەی نووســینگەکـانی کاپیتۆڵ هیڵ بە هەمان شێوە یاسایەکی بەرقەرارە کە هەواڵنێران هەموو کات گوتەی سەرچاوەی بە ناوپارێزییەوە وەربگیرێت.

بێـبـەشکردنی جـەمـاوەر لە زانیـاری بەم شـێـوەیە هـەڵەیە. کـاتێک هـاووڵاتیـیـان پتـر لە ڕۆژنامـەنووسـان و دامـەزراوە سیاسییـەکان دەکەونە گومـانەوە، ئەمـە هـەروەها زیان بە جـەمـاوەر دەگەیەنێت و گومانێکی پتر دەخاتە سەر ڕۆژنامەوانییەوە.

هێزی دیودەری هەروەها بە مانای شتێکە لەبارەی ئەو ڕێگەیەی ڕۆژنامەنووسان مامەڵە لەگەڵ سەرچاوەکانیان دەکەن. ئاشکرایە لە پرۆسەی هەوڵدان بۆ گەیاندنی واقیع بە جەماوەریان پێویستە ڕۆژنامەنووسان درۆ لەگەڵ سەرچاوەکانیان نەکەن یان فریویان نەدەن.

بەداخەوە ڕۆژنامەنووسان بەبێ ئەوەی بەتێروتەسەلی بیریان لە بنەماکە کردبێتەوە، هەموویان زۆربەی جار نەیانتوانیوە لەمە تێ بگەن. فریودانی سەرچاوەکان و ڕاشکاونەبوون لەگەڵیان سەبارەت بەمەبەستی ڕاستەقینەی هەواڵەکە و تەنانەت تەنیا درۆکردن لەگەڵ سەرچاوەکان سەبارەت بەمەبەستی هەواڵەکان هەر هەموویان تەکنیکی کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووسن کە بەناوی گەڕان بەدوای هەقیقەتدا کاریان پێ کردووە. لە کاتێکدا لە یەکەم ڕوانینەوە ڕەنگە ڕاشکاوی وەک کەلەمچەیەک بۆ هەواڵنێرانەوە بێتە بەرچاو، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا وا نییە. زۆر هەواڵنێر دەرکیان بەوە کردووە ڕاشکاوی کاریگەرییەکی زۆری پێ بەخشیون. جیل زوکمنی هەواڵنێری سیاسیی پێشوو لە بۆستن گڵۆب بە ئێمەی گوت "هەستم بەوە کردووە باشترە هەموو کات لەگەڵ سەرچاوەکان ڕاشکاو بم و پێیان بڵێم چی دەکەم و مەبەستم چییە". جێی ماتیۆسی هەواڵنێری واشینتۆن پۆست لەوە ڕاهاتووە ڕەشنووسی هەواڵەکانی پێشانی سەرچاوەکانی بدات. ئەو پێی وایە ئەوە ڕاست و دروستی و تایبەتمەندیی هەواڵەکانی زیاتر دەکات.

لە هەمان کاتدا پێویستە ڕۆژنامەنووسان لە سەرچاوەکانیانەوە چاوەڕێی هەمان ڕاستگۆیی بن. ژمارەیەکی بەردەوام بەرزبووەی ڕۆژنامەنووسان پێیان وایە ئەگەر ئاشکرا بوو سەرچاوەیەک کە مافی ناوپارێزیی پێ درابێت، هەواڵنێرەکەی هەڵخەڵەتاندووە ئەوا پێویستە ناوەکەی ئاشکرا بکرێت. بەشێکی مامەڵەی ناوپارێزی ڕاستگۆییە.

جۆرێکی تایبەتی ڕۆژنامەنووسان هەن سەرچاوەکان هەڵدەخەڵەتێنن. ئەو جۆرە پێی دەگوترێت دەمامکدار. ئەمە کاتێک ڕوو دەدات کە ڕۆژنامەنووسان خۆیان وەک کەسێکی تر دەنوێنن بۆ ئەوەی هەواڵەکە بە چەواشەکردنی سەرچاوەکانەوە وەدەست بێنن. تەکنیکی "نهێنی" لە گوزارشکردندا شتێکی نوێ نییە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ناوزڕی وەک نێلی بلای کە لەناو دەسکەوتە بەرچاوەکانی تریدا وەک زیندانییەک لە خانەی تێکچووواندا دانرا بۆ ئەوەی هەڵسوکەوتی ناشایستی کەسانی لە ڕووی عەقڵییەوە نەخۆش ئاشکرا بکات، دەمامکی بەکار هێنا. تەلەڤزیۆن ئەمڕۆکە زۆربەی کات دەمامک و کامێرای شاراوەی بچووک بۆ ئاشکراکردنی سەرپێچییەکان بەکار دێنێت.

ئاخۆ دوورکەوتنەوە لە هەڵخەڵەتاندن و دیودەربوون لە بەرامبەر جەماوەر و سەرچاوەکاندا چ

مانایەکی بۆ دەمامکداری هەیە؟ ئەم بیرۆکانە ڕێگە لە ڕۆژنامەنووسان ناگرن بۆ بەکارهێنانی دەمامک. لە جیاتی بەو مانایەن پێویستە ڕۆژنامەنووسان لە کاتی بڕیاردان لەوەی تەکنیکەکە بەکار بێنن یان نا تاقیکردنەوەیەکی وەک ئەو چمکەکانە بەکار بێنن کە بۆ ڕەواییدانن بە سەرپێچیی شارستانی. هاووڵاتییانیش پێویستە ئەم تاقیکردنەوەیە بەکار بێنن لە هەڵسەنگاندنی بۆچوونیان بەرامبەر بەو تەکنیکە. ئەم تاقیکردنەوەیە بە سێ هەنگاوە:

١- زانیارییەکە پێویستە بەڕادەی پێویست لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی بایەخی هەبێت بۆ ئەوەی ڕەوایی بداتە هەڵخەڵەتاندنەکە.

٢- ڕۆژنامەنووسان نابێت دەمامک بەکار بێنن مەگەر ئەوەی هیچ ڕێگەیەکی تر بۆ وەدەستهێنانی هەواڵەکە نەبێت.

٣- پێویستە ڕۆژنامەنووسان بۆ جەماوەریان ئاشکرای بکەن ئاخۆ بۆ وەرگرتنی زانیارییەکە سەرچاوەکانیان هەڵخەڵەتاندووە یان نا و پێویستە هۆکارەکانیان بۆ ئەنجامدانی کارەکە ڕوون بکەنەوە، لەوانەش کە ئاخۆ بۆچی هەواڵەکە پاساو بۆ هەڵخەڵەتاندن دێنێتەوە و بۆچی ئەمە تاکە ڕێگە بووە بۆ وەدەستهێنانی ڕاستییەکان.

بەم ڕێگەیەوە هاووڵاتییان خۆیان دەتوانن بڕیار بدەن ئاخۆ هەڵخەڵەتاندنی ڕۆژنامەوانی ڕەوایە یان نا و، ڕۆژنامەنووسانیش لە بەرامبەردا لەگەڵ هاووڵاتییان کە یەکەم بەرپرسیارێتییان لە بەرامبەر ئەواندا هەیە، ڕاشکاو بوونە.

ئێمە بەدرێژی باسی ئەم چمکەی ڕۆژنامەوانیی پتر دیودەرمان کردووە، چونکە ئەوە لە دواییدا یاریدەرە بۆ پەروەردەکردنی جەماوەرێکی ڕاستگۆتر. ئەمە جەماوەرێکە کە بەڕاستی جیاوازیی نێوان ڕۆژنامەوانیی بنەمادار و لاساییکردنەوەی بێباک و خۆپەرستانە دەبینێت. بەم شێوەیە ڕۆژنامەنووسان دەتوانن هێزی نوێی ناو کۆمەڵگە وەگەڕ بخەن بۆ ئەوەی ببێتە هێزێک بۆ ڕۆژنامەوانیی جۆرێتی. ئەم دیودەرییە بەو مانایەیە زانیارییەک سەبارەت بەوەی هەواڵەکە چۆن بووە و بۆچی بەو شێوەیە پێشکێش کراوە، بخرێتە ناو هەواڵەکەوە.

لە ماوەی ئاشکرابوونی ریسواییەکەی کلینتۆن و لویسنکیدا، نیویۆرک تایمز هەر ئەم کارەی کرد، کاتێک بۆ خوێنەرانی ڕوون کردەوە بۆچی هەواڵی تۆمەتەکانی ژنێک بەناوی جوانیتا برۆدریکی بۆ ماوەیەک ڕاگرتبوو و پاشان لە لاپەڕە ١٦دا دای نابوو. برۆدریک گوتبووی سەرۆک کلینتۆن بەنزیکەیی بیست و یەک ساڵ لەمەوبەر لە ئارکێنساس زۆرەگێی کردووە، هەرچەندە ئەو تۆمەتەکانی کاتی خۆی یان تەنانەت پێش ریسواییەکەی لوینسکی بەرز نەکردبووە. هەروەها سکاڵاکەی نەدەکردە یاسایی.

فلیسیتی بەرینگر دێیڤید فایرستۆنی هەواڵنێر، چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بەڕێوەبەری نووسیاریی خۆیان، بیل کێلەر، کرد و شرۆڤەکەی ئەویان خستە ناو هەواڵەکە: خاڵە باشەکانی تۆمەتەکانی

برۆدریک لە دواییدا "رەنگە نەزانراوە بن"... لە ڕووی یاساییەوە رەنگە بە هیچ شوێنێک نەگات... کۆنگرێس بەتەما نییە دووبارە لێپێچینەوەی لەگەڵ کلینتۆندا بکات و... بەڕاشکاوی ئێمە هەر هەموومان تا ڕادەیەک لە ریسوایی ماندوو بووین"، لێکدانەوەی کێلر لە هەواڵەکەدا وا بوو. هەندێک هاوولاتی رەنگە هاوڕا نەبن، بەلام لانی کەم ئەوان ئێستا هەندێک شرۆڤەیان هەبوو سەبارەت بەو هەواڵەی بەدەستیان دەگەیشت، نەک تێگەیشتنێکی هەڵە بەو مانایەی هەواڵ واقیعێکی بابەتییانەیە نەک بەرهەمێکی هەڵسەنگاندنی مرۆڤ.

دوو بنەما لێرەدا گرینگن. یەکەمیان، هەواڵنێران دەرکیان بەوە کرد گرینگە خوێنەران بزانن چۆن بڕیارەکانی هەواڵی دەدرێن و ئاخۆ کام ستانداردانە لەگەڵ ئەو بڕیارانەدا کاریان پێ دەکرێت. دووەم، کەشوهەوای ناو ژووری هەواڵی نیویۆرک تایمز بە شێوەیەک بوو کە هەواڵنێران هەستیان دەکرد بە ئاسوودەیی لە بڕیاری بەڕێوەبەری نووسیاری بپرسنەوە و قەڵەم بە دەست بوون بۆ ئەوەی تێبینییەکەی بۆ ناو هەواڵەکە بگوزانەوە.

## ڕەسەنایەتی

هاوولاتییان و ڕۆژنامەنووسان لەوبەر داواکردنی دیودەرییەکی زیاتر لە ڕۆژنامەوانییەوە دەتوانن بۆ شتێکی تر لە پێناو هەڵسەنگاندنی بەهای ڕاپۆرتە هەواڵ بگەڕێن. مایکل ئۆرێسکیز ڕۆژنامەنووس کاتێک بەرپرسی نووسینگەی واشینگتۆنی نیویۆرک تایمز بوو ئەم بیرۆکە هەڵخەڵەتێنەر و سادە بەلام بەهێزەی لە بنەمای گەڕان بەدوای واقیعدا خستە ڕوو: کاری خۆت ئەنجام بدە.

لەماوەی ریسوایی سێکسی و یاسایی سەرۆک بیل کلینتۆن و ڕاهێنەرێکی ناو کۆشکی سپی، مۆنیکا لوینسکی، دامەزراوە هەواڵییەکان خۆیان لە بارودۆخێکی نائاسوودەدا دۆزییەوە لەوەی ئاخۆ چی لە نهێنییە هەڵمراوەکانی زۆربەی جار دەنگدەرەوەی دامەزراوە هەواڵییەکانی تر بکەن کە نەیاندەتوانی بیانسەلمێنن. زۆربەی جار ئەوەی بارەکەی ئاڵۆزتر دەکرد ئەوە بوو ئەم نهێنییانە لە سەرچاوەی ناوپارێزراوەوە وەرگیرابوون، بەو مانایەی دامەزراوە هەواڵییەکە سەبارەت بە ڕاستیی هەواڵەکە بەرپرسیارێتییەکی گەورەتری لە ئەستۆ بوو لەوەی بەناوی کەسێکەوە بلاوی کردبایەوە. بەپێی ئەم جۆرە سەرچاوانەوە سێ دامەزراوەی هەواڵیی جیاواز بلاویان کردەوە لایەنێکی سێیەم سەرۆک و لوینسکیی لە کاتی پێکگەیشتنە نزیکەکەوە دیوە ئەو هەوالانەی دواتر دەرکەوت نادروست بوونە. ئاخۆ دامەزراوەکانی هەواڵی ئەم نهێنییانە بلاو دەکەنەوە، لەبەرئەوەی دەزانن دامەزراوەکانی تر وا دەکەن و هەواڵەکە بەپێی قسەی باوەوە هەر "ئاشکرا دەبێت"؟

ئۆرێسکیز گەیشتە ئەو ئەنجامەی وەلامەکە "نا"یەکی سەرسەختانەیە."ئەو خەڵکەی بە دروستی تێ گەیشتن ئەوانە بوون کە کاری خۆیان دەکرد، ئەوانەی ئاگەداری ئیشەکەیان بوون، ئەوانەی ستاندارەکانی سەرچاوەوەرگرتنیان پەیڕەو کرد و زانیارییەکەیان لە چەندین سەرچاوە وەرگرت.

ئەو خـەڵكەی نیگەرانی ئەو شـتـە بوون کـە" ئاشکرایە" و خـەمی بەکـارهێنانی ئەو دەسـتـەواژە ترسناکەیان بوو کە ڕەواییی دەدا بەزۆر تاوانی ڕۆژنامـەوانی، ئەو خەڵکەی دەترسـان شکست بێن لە جیاتیی ئەوەی تەنیا هـەوڵ بدەن کارەکە تا ئەوپەڕی توانییان بەباشی و بەخێرایی ئەنجام بدەن، کارەکەیان تێکوپێک دا".

ڕەسـەنایەتی ڕەگی قـووڵی لـە ڕۆژنامـەوانیـدا کـوتاوە. کـۆمـەڵێک دروشـمی کـۆن لـەبارەی چاپەمەنییەوە بەنزیکەیی هەمان شت دووبارە دەکەنەوە: "کاتێک گومانت هەیە، لای بدە". نەریتی "گونجاندن"ی هەواڵەکان لەسەر هەمـان بیرۆکەدا دامـەزراوە. لە جیاتیی بڵاوکـردنەوەی هەواڵی دەسـتـە یەکەمی کەناڵێکی تر ڕۆژنامـەنووسـان حـەز دەکەن یەکێک لە هـەواڵنێرانیـان تـەلەفـۆن بۆ سـەرچاوەکـان بکات و سـەرەتا هەواڵەکـە پشـتڕاست بکەنەوە. تا ڕادەیەک ئەمـە ڕێگەیەک بوو بۆ پێـشـگیـریکردن لەوەی هەواڵەکـە بدرێتـە پاڵ دامـەزراوە هـەواڵیـیـەکـەی تر. لەگـەڵ ئەوەشـدا کـاریگەرییـەکی گـرینگتـریشی هەبوو. ئەو هەواڵانەی بە جـیـا پشـتـڕاست بکرێنـەوە، دووبارە نەدەکرانەوە.

ئەم چمکەی ڕەسـەنایەتی لەگـەڵ چمکی دیودەری ئاوێتـە دەبێت. لە گـوزارشكردندا چەند ئاسـتێکی زانیاری هەن و ڕۆژنامـەنووسـان پێویسـتە ئاگەداریان بن و لە بەرامبەر جەماوەریاندا پێویستە ڕەچاوکردنیان بکەن. ڕۆژنامەوانی سەرەتا پێوەستە بە ڕواڵەتی فیزیکییانەی ڕووداوەکان. گەلابەیەک لە گلۆپی سووری دا و خۆی کێشا بە پاسێکدا. سەرۆک ئەم قسانەی کرد. لەمەدا زۆر خەڵک مردن. بەڵگەنامەکە ئەمەی گوت. چەندی تۆ لە سـەنتەرەوە نزیک بیت، ئاسانترە زانیارییەکە پشتڕاست بکەیەوە و لەم حاڵەتانەدا ڕۆژنامەوانی لەسەر ژێرخانێکی تا ڕادەیەک پتەوە.

تا گوزارشـەکە زیاتر لە جیـهـانی ناوەوە نزیکتر دەبێتـەوە و هەوڵ دەدات بۆچوونی کـەسێک و پاڵنەرەکانی ڕابگەیەنێت، ڕۆژنامەوانی لە خۆیەوە شرۆڤەکارانەتر دەبێت. ئاخۆ شۆفێری گەلابەکە بیری لە چی دەکردەوە کاتێک لە گلۆپەکەی دا؟ بۆچی سەرۆک ئەم قسانەی کرد؟ بۆچی ئوسامە بن لادن ڕقی لە ئەمەریکایە؟

ئەمە ڕەنگە شـتێک بێت کە ڕۆژنامـەنووس هەست بەوە بکات جەمـاوەر پێویسـتـە بیزانێت، بەڵام ئاستی بەڵگە بەنزیکەیی هەمیشـە نەرمـترە. ڕەنگە جـۆران لێکدانەوە و ئاسـتی جیـاوازی زانیـاری هەبن. ئەم ئاستـە نەرمترەی بەڵگە پێویستـە بۆ جەماوەر دەسـتنیشـان بکرێت. ئەگەر ژووری هـەواڵ بڕیاری دا لە ڕێگەی شارەزایەکەوەیە باشترین ڕێگە بۆ تیشک خستنە سەر پاڵنەر و وەڵامدانەوەی "بۆچی" بدۆزێتـەوە، پێـویسـتـە بـۆ جـەمـاوەر ڕوونی بکاتەوە بۆچی ئەو شـارەزایە هەڵبـژێردراوە و وەسفی شـارەزایی یان پێوەسـتبوونی بە بابەتەکەوە بکات. ژووری هـەواڵ نـابێت لەپشت شـارەزایان خۆیان حەشـار بدەن لە پێناو وازهێنان لە ئەرکەکەیـان کە نزیکبـوونەوەیە لە هەقیقـەت تا ئەوپەڕی توانا.

بۆچی ئێمە ئەم پێشنیازە دەکەین؟ چونکە ڕۆژنامەنووس تا لەگەڵ جەماوەر ڕاستگۆتر بێت لەبارەی ئەو شتەی دەیزانێت و ئەوەی نایزانێت، ئەوەندە زیاتر متمانەپێکراوە. لەگەڵ خەڵک ڕاشکاو بە. باسی شت زانینێکی وا مەکە کە نەتوانیت بیسەلمێنیت. باسکردنی شتێک کە نایزانیت دەربڕینی دەسەڵاتێکی پترە نەک کەمتر.

## خاکەڕایی

چمکی پێنجەم و کۆتایی ئەوەیە ڕۆژنامەنووسان پێویستە سەبارەت بە شارەزاییەکانی خۆیانەوە خاکەڕایی بنوێنن. بەواتایەکی تر، ئەوان نەک تەنیا پێویستە گومان بکەن لەو شتەی دەبینن یان ئەوەی لە کەسانی ترەوە دەیبیستن، بگرە بە هەمان ڕادەش گرینگە گومان لە توانستی خۆیان بکەن تاوەکو بگەن بەمانای ڕاستەقینەی شتەکە. جەک فوڵر گوتوویەتی ڕۆژنامەنووسان پێویستە لە "هەڵسەنگاندنەکانیان" لەبارەی ئەو شتەی دەیزانن و چۆنیەتیی زانینی شتەکە "خاکەڕایی" بنوێنن. ڕێگەیەکی سەرەکی بۆ پێشگیریکردن لەوەی ڕووداوەکان بەپێچەوانەوە پێشان نەدرێن ڕێکوپێکی و ڕاستگۆبوونە سەبارەت بەسنوورەکانی زانیاری و توانای تێگەیشتنی خۆت.

ڕووداوێک کە لە کۆڕبەندەکەی ئێمەدا لەبارەی جۆرەوجۆریتی ئاشکرا بوو یارمەتیدەرە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو خاڵە. ڕووداوەکە لەلایەن لۆری گودستاین، نووسەری ئاینیی ئەو کاتی نیویۆرک تایمز، بە نوێژی جەژنی گوڵڕێژانی سەر پلیکانەکانی کۆنگرێسی ئەمەریکادا وەسف کرا. گردبوونەوەکەدا شیفاگەیێنی خوایی و بانگەواز بۆ دوعاکردن لە قوتابخانەکان و سەرکۆنەکردنی لەباربردنی منداڵ و هاوڕەگەزبازیی بەرجەستە دەکرد کۆبوونەوەیەکی تا ڕادەیەک نموونەیی تایبەت بە زیندووکردنەوەی ئینجیل بوو. هەواڵنێرێکی ڕۆژنامەیی کە ڕووداوەکەی ڕوماڵ دەکرد هەموو ئەو شتانەی باس کرد بەڵام ئەم ڕستەشی خستە سەر " جار بەجار کەشوهەواکە بەرامبەر بە ئەندام پەرلەمانانی ناو بینایە حکوومەتییە سپییەکەی پشت سەکۆیەکە دوژمنکارانە دەبوو". پاشان هەواڵنێرەکە قسەی بێژەرێکی ڕادیۆیەکی مەسیحیی گواستەوە کە لەسەر سەکۆیەکە قسەی دەکرد "وەرن با لە خوا بپاڕێینەوە هەر کەسێکی ناو کۆنگرێس slay بکات".

هەواڵنێرەکە پێی وابوو بێژەرەکە slayی بەمانای "کوشتن" بەکار هێناوە. بەڵام گودستاین ڕوونی کردەوە, "هەر خاچپەرستێک دەزانێت پاڕانەوە لە خوا بۆ slayکردنی کەسێک بەمانای قوربانیکردنی ڕۆحیەتی، بەمانای کوشتن لەناو ڕۆحی پیرۆزە، دوعاکردنە بۆ ئەوەی ئەو کەسانە خۆشەویستی بۆ خوا، خۆشەویستی بۆ مەسیحیان بەسەردا زاڵ بێت".

کێشەکە ئەوە بوو هەواڵنێرەکە نەیدەزانی و هیچ کەسێکی خاچپەرستیشی لەناو ژووری هەواڵدا نەبوو پرسی پێ بکات و ڕەنگە ئەوەندە تامەزرۆی هەواڵە "ئای خوایە!" کە بووبێت کە نەیویستبێت دواتر دڵنیا ببێتەوە ئاخۆ بێژەرەکە بەڕاستی بانگەشەی بۆ کوشتنی هەر هەموو کۆنگرێس دەکرد. گودستاین گوتی "ئەمەش بووە هۆی ڕاستکردنەوەیەکی یەکجار ئابڕووبەر". هەروەها بووە

نموونەیەکی زۆر بەهێز بۆ سەلماندنی پێویستی بۆ خاکەڕایی.

خاکەڕایی هەروەها بەو مانایەیە تۆ بەڕادەی پێویست مێشک کراوەیت بۆ ئەوەی قبوولّی بکەیت کە کەسی دواتر کە قسەی لەگەڵ دەکەیت رەنگە سەرلەبەری مانای هەواڵەکەت بگۆڕیت و تەنانەت باوەڕت بەوە بێنێت تۆ هیچ هەواڵێک نییە.

ئەم پێنج بیرۆکانە بەیەکەوە فەلسەفەیەک پێک دێن کە چوارچێوەی بنەمای سەلماندن دیاری دەکات. هەروەها جۆرە پێوەندییەکی نزیکتر لە نێوان رۆژنامەنووسان و هاووڵاتییان دروست دەکەن کە بۆ هەردوولا سوودگەیێنە. لە رێگەی بەکارهێنانی ئامرازە بەهێزەکانی هەواڵ گێڕانەوەی دیوەدرانەوە رۆژنامەنووس هاووڵاتییان بە زانیاریی گرینگی وا مژوول دەکات کە بەپێچەوانەوە رەنگە بەسەریدا تێ بپەڕن و ئەم کارە بەبێ قوربانیکردنی واقیعی راستییەکان بە ئەنجام دەگەیەنێت. لە هەمان کاتدا بەهۆی کراوەتربوون سەبارەت بە کارەکەیەوە، رۆژنامەنووس هان دەدرێت بۆ ئەوەی لە وەرگرتن و رێکخستن و پێشکێشکردنی هەواڵ چاوکراوەتر بێت.

## لایەنگری

بنەمای سەلماندن و بەتایبەتیش چمکی دیودەری یەکێکە لە هەرە بەهێزترین رێکارەکانی رۆژنامەنووسان بۆ پەنجە خستنە سەر کێشەی لایەنگری. مەبەستمان لە لایەنگری تەنیا لایەنگری سیاسی یان ئایدۆلۆجی نییە. ئێمە لایەنگریمان بە مانا فراوانترەکەیەوە وەرگرتووە کە هەموو هەڵسەنگاندن و بڕیار و بۆچوونەکانی رۆژنامەنووس دەگرێتەوە. لایەنگری هەموو جۆرە مەیلێک هەم گونجاو و هەم پڕ کێشە دەگرێتە خۆی. ئەمەش رەنگە لایەنگری بۆ راستییەکان یان زمانحاڵبوون بۆ بەستەزمانان و هەروەها لایەنگرییەک بۆ تێگەیشتنە کۆمەڵایەتی، ئابووری یان سیاسییەکانی کەسێنی بگرێتەوە. رەخنەگران راست دەکەن لەوەی ئێمە کەسایەتیمان بە مێژووی کەسێنی و لایەنگرییەکانی ئەو کولتووری تێیدا دەژین، نەخشێنراوە. لەم روانگەیەوە پێوەندیکردن بەبێ بەکارهێنانی بەشێک لەم لایەنگریانە، لەوانەش ئەو لایەنگرییانەی وا لە هەواڵێک دەکەن بڕوا پێهێنەر بێت، ئەستەمە.

لایەنگری ئەگەر بەم مانا گشتی و بەئاشکرا واقیعییانەوە وەربگیرێت، شتێک نییە بۆ ئەوەی بتوانرێت یان پێویست بێت لاببردرێت. لە جیاتیی ئەوە ئەرکی رۆژنامەنووس ئەوەیە پتر ئاگەداری ئەو لایەنگریانە بێت کە لە هەواڵێکدا کاریگەرییان هەیە و بڕیار بدات کەی ئەم لایەنگریانە شیاو و سوودگەیێن و کەی نەشیاون. پێویستە رۆژنامەنووس ئەگەر بیەوێت ببێتە بەڕێوەبەری لایەنگریی خۆی و لایەنگرییەکانی دامەزراوە هەواڵییەکەی خۆیشی.

بڕێک راست و دروستی لەو قسەی پێشینیاندا هەیە کە دەڵێت لایەنگری لە چاوی بینەردایە یان ئەوەی هەواڵێکی لایەنگرانە تەنیا ئەو شتەیە تۆ لەگەڵی هاوڕا نیت. کێشەی ئەم لێکدانەوەیە ئەوەیە

هەموو کەسێک دەپارێزێت. تۆ ناتوانیت هەموو کەس رازی بکەیت کەواتە بۆچی دەبێت نیگەران بیت؟ کێشەکە چارەسەر کراوە. بەڵام براندنەوەی کێشەکە بەم شێوەیە، نائومێدیی بینەران چارەسەر ناکات و برەو بە گوزارشکردنیش نادات.

کۆنترۆڵکردنی لایەنگری چەندین ئەرک لەخۆ دەگرێت کە پێوەندییان بە بنەمای سەلماندنەوە هەیە. یەکەمین ئەرک ئەوەیە سیستەماتیکیانەتر و وریاتر بیت بۆ وەرگرتنی راستییەکان بەتەواوەتی، بەبەکارهێنانی هەر ژمارەیەک لە تەکنیکەکانی لە خوارەوە وەسف کراون. بەکارهێنانی رێبازێکی سەلماندن، نەک تەنیا باوەڕبوون بە نیازپاکیی خۆت، کاریگەرترین شتە بۆ رۆژنامەنووسان تاوەکو بەسەر بیروڕا کرچوکاڵەکانیان لەبارەی هەواڵەوە زاڵ بن.

دووەم رێگە بۆ سووککردنی لایەنگری جووڵانەوەیە بەرەو هێزی دیودەری. ئەمە پێوەندیی لەگەڵ جەماوەریش دەگۆڕێت لە پێوەندییەکی دەمکوتکەرانەوە بۆ هاوبەشییەکی دوو لایەنیی یەکسان. رۆژنامەنووسان بە ئێمەیان گوتووە روونکردنەوەی بڕیارەکانیان زۆربەی جار ناچاریان دەکات کارەکەیان هەڵبسەنگێنن و هەندێک جاریش بیری لێ بکەنەوە. هەروەها پێیان گوتووین دیودەرییەکی پتر کاریگەرییەکی بەرچاوی بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو گریمانانەوە هەیە کە بەپێچەوانەوە جەماوەر ئەم گریمانانە سەبارەت بە پاڵنەرەکانی رۆژنامەنووسانەوە دەکات.

## تەکنیکەکانی سەلماندن

ئاشکرایە ئەم چمکانە بەڕادەی پێویست تایبەت نین بۆ ئەوەی "رێبازێکی زانستییانە" بۆ گوزارشکردن دابڕێژێن ئەوە کاری تاکەکانی رۆژنامەنووس کە هەمواری بکەنەوە. خاڵی سەرەکیی ئەوەیە رۆژنامەنووسان لەو بارەیەوە روون و ئاشکران. بەڵام لە رێگەی راڤەکردنەوە ئێمە حەز دەکەین هەندێک رێبازی بەرجەستەی رۆژنامەنووسانی سەرانسەری وڵات بخەینە روو. هەرچەندە ئەوە گشتگیر نییە، بەڵام هەر رۆژنامەنووسێک دەتوانێت رێبازێکی بەرزی کۆکردنەوە و پێشکێشکردنی هەواڵ لە رێگەی بەکاربردنی ئەم چەند تەکنیکە کەمەی خوارەوە دابمەزرێنێت.

## بە گومانەوە نووسیاری بکە

ساندرا رۆی نووسیاری ئۆرێگۆنیەن لە پۆرتلەند لە ئۆریگن لە رۆژنامەکەیدا سیستەمێک بەکار دێنێت کە خۆی و پیتێر بەتیای بەڕێوەبەری جێبەجێکار بە "نووسیاریی پیشەییانە" ناوی دەبەن. زاراوەکە رەنگە زاراوەیەکی نابەکام بێت. رید مەکڵەگێج نووسیارێکی پێشوو و خاوەن ئیمتیازی زێ دێی لە نیوو لەندەن کێنێتیکت، سیستەمێکی باشتری پێشنیاز کردووە، "نووسیاریی گوماناوی". بەهەرحاڵ گرینگە رۆژنامەنووسان و هاووڵاتیان لە چمکەکە تێ بگەن.

رێبازەکە هەڵسەنگاندنی هەواڵێک لەخۆ دەگرێت- لە راستیدا هەڵسەنگاندنێکی دێر بە دێر،

رسته به رسته- نووسیاریکردنی لێدوانەکان و هەروەها راستییەکانی ناو ئەو هەواڵانە. ئاخۆ ئێمە چۆن ئەمە دەزانین؟ بۆچی پێویستە خوێنەر بڕوا بەمە بکات؟ گریمانەی ناو ئەم رستەیە چییە؟ ئەگەر رستەکە بڵێت رووداوێک رەنگە پرسیارگەلێک لە مێشکی خەڵکدا دروست بکات، ئاخۆ کێ ئەو قسەیەی کردووە؟ سەرچاوەیەک؟ هاووڵاتییەک؟

ئاماندا بێنێت کاتێک وەک بەڕێوەبەری نووسیاری لە ئۆرێگۆنیەندا کار دەکرد، گوتی ئەو چمکەی ئەو لە ووڵ ستریت جۆرناڵ فێری بوو، "بۆ چنینی هەڵە زۆرە ناهۆشەکییەکانی گوفتار یان گێڕانەوە بوو، نەک هەڵەکانی لە ڕووی راستییەوە، نەهێشتنەوەی ئەو شتانەی خەڵک دەیڵێن "تەنیا لەبەرئەوەی پێیان وایە راستە".

ئەگەر هەواڵێک بڵێت زۆربەی ئەمەریکاییەکان ئێستا کۆمپیوتەری کەسێنییان هەیە، پێویستە نووسیار پرسیار لە بەڵگە بکات. ئەگەر هەواڵێک گوتی "بەپێی سەرچاوەکان"، نووسیار پێویستە بپرسێت، "سەرچاوەکان کێن؟ ئاخۆ لە یەک سەرچاوە زیاترە؟". ئەگەر تەنیا یەک بوو، پێویستە هەواڵەکە ئاماژەی بەوە بدات. ئەگەر هەواڵێک گوتی دەسکاریکردنی پڕۆژەی باج لەلایەن سمیزی کاندیدەوە پرسیارگەلێک لەبارەی نەگۆڕانی ئایدۆلۆجیی ئەو دەورووژێنێت، پێویستە نووسیار بپرسێت "چ پرسیارێک؟" و "لە مێشکی کێدا؟". ئەگەر وەڵامەکە تەنیا هەواڵنێر و هاوڕێکانی بوون، هەواڵەکە یان دەبێت باس لەوە بکات یانیش دێڕەکە دەبێت لابدرێت.

رۆی نووسیار گوتی هەر کاتێک بگونجێت ئەم جۆرە نووسیارییە پێویستیی بە دانیشتنی دووقۆڵیی هەواڵنێر و نووسیارە بۆ ئەوەی هەواڵنێر بابەتی تازە بنووسێت. رۆ گوتی "چەندی پترمان دەنووسی، ترسێکی راستەقینەمان بڵاو دەکردەوە" بەناو ژووری هەواڵدا. بێنێت هەستا بە گوتنەوەی ئەوە لە ژووری هەواڵ لە بەرامبەر کۆمەڵانی هەواڵنێر و نووسیاراندا. بێنێت گوتی "خەڵکەکە نەیاندەزانی پرسیارکردن ئاساییە". بەگشتی مەبەست ئەوە بوو "ئەو رۆڵەی پرسیارکردن ئاسایی و هۆشەکیانە بکرێت". لە جیاتیی زیاتر خستنە سەر هەواڵەکە، زیاتری لێ دەسڕایەوە، مەگەر زانیارییەکە بەتەواوەتی سەلمێندرابا.

بێنێت و رۆ پێیان وابوو تەکنیکەکە نووسیار و هەواڵنێران باشتر و کامڵتر دەکات. ئامانجی نووسیاریی گوماناوییانەی ئۆرێگۆنیەن خوڵقاندنی کەشوهەوایەکە تێیدا خەڵک بتوانێت گومان لە هەواڵێک بکات نەک راست و دروستیی هەواڵنێرەکە. ئەوە دەبێتە بەشێک لە کەشوهەوایەک بۆ دیالۆگێکی کراوەی لە سەرەوە بۆ خوارەوە و هەروەها لە خوارەوە بۆ سەرەوە لەناو ژووری هەواڵ.

## لیستێکی پێداچوونەوە بە وردبینیت هەبێت

چەندین رۆژنامە لیستی پێداچوونەوە بە وردبینی بەکار دێنن بۆ ئەوەی گرینگیی سەلماندن بخەنەوە بیر هەواڵکارانەوە. هەندێک لەو لیستانەی ئێمە گەڵاڵەمان کردوون زۆر چەمکیانەترن و پرسیاری

لەو جۆرە دەکەن:

* ئاخۆ سەردێری هەواڵەکە بەڕادەی پێویست بەهێزە؟

* ئاخۆ بابەتی باکگراوندی پێویست بۆ تێگەیشتنی هەواڵەکە بێ کێماسییە؟

* ئاخۆ هەموو بەشپێوەبووانی ناو هەواڵەکە پێناسە کراون و ئاخۆ نوێنەرانی ئەو لایەنانە پێوەندییان پێوە کراوە و دەرفەتی قسەکردنیان بۆ ڕەخساوە؟

* ئاخۆ هەواڵەکە لایەنگری دەکات یان بڕیاری ورد لەبارەی بەهاوە دەدات؟ ئاخۆ خەڵکێک پتر لەوەی چاوەڕوانکراوە ئەم هەواڵەی بەدڵ دەبێت؟

* ئاخۆ تۆ هەموو زانیارییەکەی ناو هەواڵەکەت داوەتە پاڵ سەرچاوە یان بەڵگەت بۆی هەیە بۆ ئەوەی لە دروستبوون دڵنیا ببیتەوە؟

* ئاخۆ ئەو ڕاستییانە بناخەی هەواڵەکەت پتەو دەکەن؟ ئاخۆ بۆ ڕاستییە ناکۆکەکان چەندین سەرچاوەت هەیە؟

* ئاخۆ بە لێدوانە گوازراوەکاندا چوویتەوە بۆ ئەوەی لە تەواوبوون و پێوەندیداربوونیان دڵنیا بیت؟

ئێمە پێمان وایە ئەوانەی تر ڕاستییانەتر و بەرجەستەترن:

* ئاخۆ بە لێدوانە گوازراوەکاندا چوویتەوە بۆ ئەوەی لە تەواوبوون و پێوەندیداربوونیان دڵنیا بیت؟

* ئاخۆ لە ماڵپەڕ و ژمارە تەلەفۆن و ناوە نائاساییەکانت کۆڵیوەتەوە؟

* ئاخۆ لە ناوی یەکەم و دووەمی گشت سەرچاوەکانی ناو هەواڵەکەت دڵنیا بوویتەوە؟

* ئاخۆ لە دروستیی تەمەن و ناونیشان و پلەکانەوە دڵنیا بوویتەوە؟ ئەگەر دڵنیایت، ئاخۆ لە سەرووی بایلانەکەوە نووسیوتە "هەر شتێکی تر" وەک ئاماژەیەک بەوەی هەموو شتەکان دروستن؟

* ئاخۆ ئاماژە کاتییەکانی ناو هەواڵەکەت ڕۆژ و ڕێکەوتیان تێدایە؟

بۆ هەندێک نووسیار ئەم لیستانە یەکجار مەکینەیین و ئەگەر بەخراپی کۆنترۆڵ بکرێن، ڕەنگە بڕوابەخۆبوونی هەواڵنێران دامالن، لەبەرئەوەی وێ دەچێت توخمی داهێنەرایەتی لە گوتنەوەی هەواڵدا لەناو دەبەن. بەڵام ئەگەر ئەو جۆرە پرسیارانە بەتەواوەتی کۆنترۆڵ بکرێن، دەتوانن هەواڵنێران و نووسیاران لێک نزیک بکەنەوە تاوەکو ئیشەکەیان دروستتر و باوەڕپێکراوەتر بێت.

## هیچ گریمانەیەک مەکە

دێیڤید پرۆتێس، پرۆفیسۆرێکی قوتابخانەی مێدیل بۆ ڕۆژنامەوانی لە زانکۆی نۆرسوێسترن حاڵەتەکانی زیندانییانی حوکمدراو بە مەرگی بۆ ڕاهێنانی قوتابیانی ڕۆژنامەوانی لە گرینگیی

سەلماندنی راستییە گریمانەییەکان بەکار هێنا. لەو ئەو وانەی داینەوەدا هاتووە: پشت بە کاربەدەستان یان ڕاپۆرتە هەواڵەکانەوە مەبەستە. چەندی بۆ دەکرێت لە سەرچاوە بنەڕەتییەکانەوە نزیک بەوە. ڕێکوپێک بە. بسەلمێنە.

پرۆتێس سالانە بە هەزاران نامەی لە کەسانی حوکمدراو بە مردن پێ دەگەیشت کە دانیان بە تاوانە هەڵەکانیاندا دەنا. هەر ساڵە و ئەو کۆمەڵێکیانی هەڵدەبژاردن کە قوتابیانی خۆی بۆ لێکۆڵینەوەی لەوان رادەسپارد. لە ١٩٩٩دا داوای ئانتۆنی پۆرتر بووە یەکێک لەو حاڵەتانەی پرۆتێس بەهۆیەوە رۆژنامەنووسانی داهاتووی خۆی لەگەڵ گرینگیی گومانکردن ئاشنا بکات.

پرۆتێس لە چاوپێکەوتنێکدا کە داوامان لێی کرد، گوتی "رەنگە باشترین ڕێگە بۆ تێگەیشتن لە تیۆری من ئەو شتە بێت کە بۆ قوتابییەکانمی دەکەم کاتێ دێنە ناو وانەکەمەوە. کۆمەڵێک بازنەی هاوچەق لەسەر تەختەڕەش دەکێشمەوە.

لە دەرەکیترین بازنەدا بەڵگەکانی سەرچاوە لاوەکییەکان هەن... بازنەی دووەم بەڵگەی سەرچاوەیەکی سەرەکییە بەڵگەی دادگاییی وەک شایەتمان یان لێدوان. سێیەم بازنەی ناوەکی خەڵکی راستەقینەن- شایەتەکان. ئێمە دیمانەیان لەگەڵ دەکەین بۆ ئەوەی بزانین هەموو شتەکان لەگەڵ ئەوەی ناو بەڵگەکانەوە دەگونجێت. ئێمە پرسیاری وایان لێ دەکەین کە رەنگە لە کاتی تەماشاکردنی بەڵگەکانەوە دەربکەون و، بازنە ناوەکییەکە ئەو شتەیە من بە ئامانجەکان- پۆلیس و پارێزەر و گومانبارانی تر و زیندانیان... ناوی دەبەم. سەرت سووڕ دەمێنێ لەو هەمووەی لەناو بەڵگەنامە سەرەتاییەکاندایە. زۆری لێیە، بەتایبەتیش گومانبارە سەرەتاییەکانی پۆلیس لێیان تێ پەڕیوە".

لە بازنەی ناوەکیی حاڵەتی پۆرتردا، پرۆتێس و قوتابیانی ئاڵستۆری سایمۆنیان دۆزییەوە، گومانبارێک کە پۆلیس خێرا پشتگوێی خستبوو. بە بەکارهێنانی ڕێبازی سیستەماتیکی پرۆتێس بۆ دڵنیابوونی دووسەرە لە بەڵگە و سەرچاوەکانەوە، پرۆتێس و قوتابیانی برازایەکی سایمۆنیان دۆزییەوە کە گوێی لە سایمۆن بووبوو لە شەوی کوشتنەکاندا باسی لە کوشتن کردبوو. لە دواییدا سایمۆن تاوانبار کرا بەو تاوانەی نزیک بوو پۆرتر بەهۆیەوە بمرێت. لە ٩ی ئاداری ١٩٩٩دا، ئانتۆنی پۆرتر بووە پێنجەم زیندانیی بەهەڵە تاوانبارکراو لەناو ئیلینۆیس کە بە هەوڵی پرۆتێس و قوتابیانی ئازاد بکرێت. کاری پرۆتێس شرۆڤەیەکی سەروئاساییی هێزی سەلماندنی ڕۆژنامەوانییانەی تیۆریانەیە.

## قەڵەمی سووری تۆم فرێنچ

ئەگەر ڕێبازی پرۆتێس هێزپروکێنە، تیۆری تۆم فرێنچ سەرسووڕمێنەرانە سادەیە. فرێنچ سەردەستە لە نووسینی بابەتی گێڕانەوەیی و ناچیرۆکیی درێژ و قووڵ بۆ سێینت پیتێرزبورگ

تایمز لە فلۆریدا. ئەو لە ١٩٩٨دا خەڵاتی پولیتزری بۆ نووسینی بابەتی هەڵبژاردە بردەوە. ئەو هەروەها لەبارەی دوا مۆڵەتەکانەوە دەنووسێت.

فرێنچ تاقیکردنەوەیەکی بۆ سەلماندنی راستییەکانی ناو هەواڵەکانی هەیە. پێش ئەوەی پارچە دەقێک رادەست بکات، کۆپییەکی چاپ دەکات و دێر بە دێر بە قەڵەمێکی سوور پێیدا دەچێتەوە و نیشانەیەکی دڵنیایی لە تەک هەر راستی یان گوتەیەک دادەنێت بۆ ئەوەی بەخۆی بڵێت دڵنیایە لەوەی شتەکە راستە.

## وریای سەرچاوە ناپارێزراوەکان بە

وەک هاووڵاتی ئێمە بۆ بەشی هەرە زۆری ئەو شتەی دەیزانین پشت بە خەڵکانی تر دەبەستین وەک سەرچاوەی زانیاری. رۆژنامەنووسانیش کە لە پێناو ئێمە چاودێریی جیهان دەکەن، زۆربەی جار پشت بەکەسانی تر دەبەستن بۆ وردەکارییەکانی گوزارشەکانیان. یەکێک لە کۆنترین تەکنیکەکانی بەکارهاتوو لەلایەن رۆژنامەنووسانەوە بۆ باوەڕهێنان بەئێمە سەبارەت بە راست و دروستبوونی خۆیان نەریتی دابینکردنی سەرچاوەیە بۆ زانیارییەکانیان. بەڕێز جۆنز فلانە شتی لە فلانە لێداونی لە ئێلکس لۆج لە راپۆرتی سالانە یان هتدا گوت. ئەم پشتبەستنە بە خەڵکانی تر بۆ زانیاری هەمیشە بووەتە هۆی دروستبوونی بۆچوونێکی گوماناوی لە رۆژنامەنووساندا. ئەوان هەر لە سەرەتاوە ئەو تێبینییە دەخەنەوە یادیان " ئەگەر دایکت گوتی تۆی خۆش دەوێت، لە قسەکە دڵنیا بەوە". ئەگەر سەرچاوەی زانیارییەکە بەتەواوەتی وەسف کرابێت، جەماوەر دەتوانێت بۆ خۆی بڕیار بدات ئاخۆ زانیارییەکە جێی باوەڕە یان نا.

لە ساڵانی دواییدا لەگەڵ بەرزبوونەوەی ژمارەی دامەزراوە هەواڵییەکان و شارەزاتربوونی سەرچاوەکانی هەواڵ لە هونەری مامەڵەکردن لەناو چاپەمەنیدا، نهێنیپارێزی لە ئامرازێک کە رۆژنامەنووسان بۆ هاندانی فیکەلێدەرانی بێ مەیلەوە بەکاریان دەهێنا، گۆڕاوە بۆ شتێکی تەواو جیاواز مەرجێک کە سەرچاوەکانی لێزان لە چاپەمەنی بەسەر رۆژنامەنووسانیاندا سەپاندووە تەنانەت پێش ئەوەی رۆژنامەنووسان قسەیان لەگەڵیاندا کردبێت.

بیر لەو ریسواییە تایبەتەی درکاندنی لێکۆڵینەوەیەک بکە کە سەرچاوەکانی کۆشکی سپی لە ئیدارەی جۆرج دەبلیو بوشدا تێیوە گلا بوون. ئەم ریسواییە پێوەندیی بە ئاشکراکردنی ناسنامەی هەڵسووڕاوێکی ئاژانسی ناوەندیی هەواڵگری بەناوی ڤالێری پلێیم بۆ چاپەمەنییەوە هەبوو. لە ٢٠٠٥دا حاڵەتەکە بووە ململانێیەکی بەناوبانگ لەسەر مافی چاپەمەنی بۆ پاراستنی سەرچاوە نهێنییەکان. جودیس میلێر، هەواڵنێرێکی نیویۆرک تایمز ٨٥ رۆژی لە زیندان بەسەر برد و نەیویست گەواهی بدات، هەرچەندە ئەو دواتر بڕیاری خۆی گۆڕی و هەنگاوی بۆ پێشەوە نا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سەرچاوەی ئەو دەیپاراست – پیاوێک بەناوی ئای لویس "سکوتر" لیبی – ئەو جارچییە نەبوو کە ئەو نهێنییانەی حکومەت بەنیازی شاردنەوەیان بوو، بدرکێنێ. ئەو

بەرپرسی کارمەندانی جێگیری سەرۆک بوو و هەستا بە ئاشکراکردنێکی رێگەپێدراوی هەڵوێستی حکوومەت لە بەرامبەر ئەو شتەی هاوسەری پلەم، باڵوێزێکی پێشووی ولاتە یەکگرتووەکان، لە نیویۆرک تایمزدا نووسیبووی. دەرکەوت میلێر نەک تەنیا رازی بووە بەوەی ناسنامەی لیبی بپارێزێت، بگرە بە ویستی خۆیشی هەنگاوی نا بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵک لەو بارەوە، ئەمەش لە رێگەی وەسفکردنی ئەو بە "کارمەندێکی پێشووی هیڵ" نەک "بەرپرسێکی باڵای حکوومەت"، وەک چۆن پێشتر رێککەوتنی لەسەر کرابوو. میلێر خۆی پاراست لە بڵاوکردنەوەی هەواڵێک لەسەر باڵوێزەکە. وەک ئاڵ کەمێنی ستوونووسی واشینتۆن پۆست دواتر وەسفی کرد، لە واشینتۆن دی سیدا کە بەنزیکەیی هەموو کەسێکی سیاسی جارێک لە هیڵدا کاری کردووە، ئەوە بەمانای ناونانی لیبی بە "کەسێک" بوو.

لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی پشتبەستن بەسەرچاوەی ناوپارێزراو بۆ بابەتی زانیاریی سیاسیی گرینگ، رۆژنامەنووسان لە هەوڵی ئەوەدان برەو بە یاساگەلێک بدەن بۆ ئەوەی خۆیان و جەماوەریان لەوە دڵنیا بکەنەوە سەربەخۆییی خۆیان لە سەرچاوە ناوپارێزراوەکانی ناو هەواڵەکانیان پاراستووە. جۆ لێلیڤێلد کاتێک نووسیاری جێبەجێکاری نیویۆرک تایمز بوو داوای دەکرد هەواڵنێر و نووسیاران پێش سوودوەرگرتن لە سەرچاوەیەکی ناوپارێزراوەوە دوو پرسیار لە خۆیان بکەن:

ئاخۆ سەرچاوە ناوپارێزراوە تا چ رادەیەک زانیاریی راستەوخۆی لەبارەی رووداوەکەوە هەیە؟

ئاخۆ سەرچاوەکە ئەگەر پاڵنەرێکی هەبێت ئەو پاڵنەری چییە بۆ هەڵخەڵەتاندنی ئێمە لە پێناو زێدەرۆییکردن یان شاردنەوەی راستییە گرینگەکانەوە کە رەنگە بۆچوونی ئێمەی بەرامبەر بە زانیارییەکە گۆڕیبێت؟

تەنیا کاتێک کە باوەڕیان بە وەڵامی ئەم پرسیارانەوە دەهات، ئەوان سەرچاوەکەیان بەکار دەهێنا و، دواتر تا ئەوپەڕی توانا پێویستە هەواڵنێران و نووسیاران ئەو زانیارییە بدەنە جەماوەر تاوەکو بزانێت ئاخۆ سەرچاوەکە بە چ کلۆجێکەوە شتەکەی زانیوە (بۆ نموونە سەرچاوەیەک کە بەڵگەنامەکەی دیوە) و ئاخۆ چ بەرژەوەندییەکی تایبەتی هەیە (بۆ نموونە سەرچاوەیەک لە نووسینگەی دادوەریی سەربەخۆی لێکۆڵینەوە). ئەم هەوڵدانە بۆ دیودەرییێکی پتر هۆکارێکی یەکلاکەرەوە بووە بۆ ئاستی توانای جەماوەر بۆ ئەوەی بۆ خۆی بڕیار لەسەر باوەڕپێکراوبوونی هەواڵێک بدات، بەڵام لەوەش گرینگتر هەواڵەکە ئاماژە بە ستانداردەکانی ئەو دامەزراوە دەکات کە لە هەواڵەکانیدا رەچاویان دەکات.

دێبۆرا هاوڵی نووسیارێکی واشینتۆن لە نیووهاوس نیووزپێیپرزدا دوو یاسای تری هەیە بۆ سەرچاوە ناوپارێزراوەکان کە جەخت لەسەر یاساکانی لێلیڤێلد دەکەن:

هەرگیز سەرچاوەی ناوپارێزراو بەکار مەهێنە بۆ پێشکێشکردنی بۆچوونێک لەبارەی کەسێکی

ترەوە.

هەرگیز سەرچاوەی ناوپارێزراوە وەک یەکەم لێدوانی خوازراوەی هەواڵێک بەکار مەهێنە.

گلێن گورژ، نووسیاری پێشووی دێنڤرپۆست کۆمەڵێک پرسیاری تر هەبوو کە داوای دەکرد هەواڵنێران و نووسیاران بتوانن وەڵامیان بدەنەوە کاتێک ڕەزامەندی دەدەن بۆ پاراستنی ناوی سەرچاوەیەک لە جەماوەر.

ئاخۆ زانیارییەکە بۆ هەواڵەکە پێویستە؟

ئاخۆ زانیارییەکە ڕاستییە نەک بۆچوون یان هەڵسەنگاندن؟ (ئەو بۆ گوتەکانی هەڵسەنگێنەرانە ڕێگەی بە ناوپارێزی نەدەدا).

ئاخۆ سەرچاوەکە لە بارودۆخێکدایە بۆ ئەوەی بەڕاستی بزانێت ئاخۆ سەرچاوەکە شایەتی بەچاودیتەیە؟

چ ئاماژەیەکی تر هەیە بۆ متمانەپێکردن (زۆربوونی سەرچاوەکان، پشتڕاستکردنەوەی سەربەخۆ، ئەزموون لەگەڵ سەرچاوەکە)؟

چ وەسفێک دەتوانیت بەکار بێنیت بۆ ئەوەی جەماوەر بتوانێت هەڵسەنگاندن بۆ سەرچاوەکە بکات؟

سێ نموونە یان تاقیکردنەوەکان هەروەها ڕێنوێنیی کارەکی لەبارەی نووسینی هەواڵەوە دابیت دەکەن، تەنانەت پاش ئەوەی بڕیاریشت دابێت ئەو شتەی سەرچاوەی ناوپارێزراو پێشکێشی دەکات، بەکار بێنیت.

خاڵی مەبەست ئەوە نییە ڕۆژنامەنووس خۆی بۆ هەر کام لەم تاقیکردانەوە بەخت بکات یان هاووڵاتی وێڵی سەلماندنی یەکێکیان بێت. ئێمە هیوادارین هەر کەسێک ڕۆژنامەنووسی دەکات وەریان بگرێت و تاقیکردنەوەی تایبەت بە خۆی دابهێنێت.

خاڵی گرینگتر ئەوەیە ڕۆژنامەنووس بتوانێت جۆرە هەڵسەنگاندنێکی هۆشیارانە بکات سەبارەت بەوەی چ کاتێک سەرچاوەیەک بە نهێنی بهێڵێتەوە و لە بەرامبەردا لەگەڵ جەماوەر تا ڕادەیەک هەمان بۆچوونی هەبێت. ڕاپرسییەکان لەسەر ڕای گشتی دەریان خستووە جەماوەر حەز بەپاراستنی ناوی سەرچاوە ناکات، هەرچەندە لەوە تێ دەگات ئەو بەکارهێنانە ڕەنگە گرینگ بێت.

ئاخۆ ئەوە چۆن لە چاپەمەنیدا کاری پێ دەکرێت؟ نموونەیەک ڕەنگە ئەمەی دوایی بێت: "...بە قسەی داواکارێک کە دەستڕەسی بە وردەکارییەکانی کەیسەکەوە هەبوو. پۆست ناوی داواکارەکەی پاراست چونکە گرینگ بوو جەماوەر ئەم زانیارییەی هەبێت و ئێمە پێمان وایە پێناسەکردنی داواکارەکە تووشی کێشەیەکی یاسایی دەکات".

## ریشە زۆرەکانی هەقیقەت

لە دواییدا هەر کەسێک لە پرۆسەی ڕۆژنامەوانیدا ڕۆڵێکی هەیە بۆ ئەوەی لە گەشت بەرەو هەقیقەت بیگێڕێت. خاوەن ئیمتیاز و خاوەنەکان پێویستە ئامادەگییان هەبێت بۆ ئەوەی بەبەردەوامی کاری ڕۆژنامەوانی لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی بەبێ ترس یان لایەنگری بڵاو بکەنەوە.

نووسیاران پێویستە ڕێگر بن لە هێوربوونەوەی تەوژمی ئازادیی دەربڕین – وشەکان – و بەرهەڵستیی هەوڵەکانی حکوومەت، کۆمپانیاکانی هاوبەشی، لایەنەکانی سکاڵایەک، پارێزەران یان هەر هەواڵکارێکی تر بکەن بۆ چەواشەکردن یان چەوساندنەوە لە ڕێگەی ناوهێنانی درۆ وەک هەقیقەت و شەڕ وەک ئاشتی.

پێویستە هەواڵنێران لە بەدواداچوونیان سەرسەخت بن و لە هەوڵدانیان بۆ زاڵبوون بەسەر بۆچوونی خۆیاندا بنەمایان هەبێت. هەواڵبێژی کۆنەکاری تەلەڤزیۆنی شیکاگۆ، کارۆڵ مەرین، لە کۆڕبەندێکی لێژنەییدا شتەکەی بەم شێوەیە روون کردەوە "کاتێک لەگەڵ خێزانتدا بۆ جەژنی شوکرانەبژێری کۆ دەبییەوە و یەکێک لە مشتومڕییە کلاسیکییەکانی خێزانیت هەیە – جا چ لەبارەی سیاسەت یان نەژاد یان ئاین یان سێکسەوە بێت– بە بیرت دێتەوە ئەو شتەی تۆ لەو دەمەقاڵێیە خێزانییەدا دەیبینی لەو شوێنی کورسییەکەت لێیەتی و لەو لایەی مێزەکە کە تۆی لێی، لێت دیارە و، ئەوەش بۆچوونت دەنەخشێنێت چونکە لەو ساتانەدا تۆ مشتومڕی لەسەر پێگەی خۆت دەکەیت... ڕۆژنامەنووس کەسێکە لە مێزەکە دوور دەکەوێتەوە هەوڵ دەدات هەمووان ببینێت".

ئەگەر ڕۆژنامەوانی گفتوگۆیەک بێت، لە دواییدا ئەو گفتوگۆیە گفتوگۆی نێوان هاووڵاتییان و هەروەها ئەوانەیە کە هەواڵەکان دابین دەکەن. هاووڵاتییانیش ڕۆڵێکیان هەیە. هەڵبەتە ئەوانیش پێویستە ئاگەدار بن. پێویستیشە خۆیان دەرببڕن. ئەگەر پرسیارێک یان کێشەیەکیان هەبوو، پێویستە ئەوە لە دامەزراوە هەواڵییەکەوە بپرسن: ئاخۆ ئێوە چۆن ئەمەتان زانی؟ بۆچی ئەمەتان نووسیوە؟ بنەما ڕۆژنامەوانییەکانتان کامانەن؟ ئەمانە پرسیاری باشن بۆ لێپێچنەوە و هاووڵاتییان شایستەی وەڵامدانەوەن.

بەم شێوەیە ڕۆژنامەوانی پێویستە وەک یەکەم بنەما خۆی بۆ هەقیقەت تەرخان بکات و لە سەرووی هەموو شتێکەوە دڵسۆزی هاووڵاتییان بێت بۆ ئەوەی بتوانن بە ئازادی بەدوای هەقیقەت بکەون و، لە پێناو هێنانی هاووڵاتییان بۆ ناو ئەو گەڕانە، پێویستە ڕۆژنامەنووسان ڕێبازگەلی سەلماندنی دیودەرانە و سیستەمییانە بەکار ببێن. هەنگاوی دواتر ئەوەیە پێوەندییان بەو کەسانەی هەواڵ لەبارەیانەوە بڵاو دەکەنەوە، روون بکەنەوە.

# ئاخۆ NGOکان
# دەتوانن هەواڵەکان بگۆڕن؟

سیلڤیوو وەیسبۆرد

## بەشی یەکەم

ئەم وتارە شیکاریی ئەزموونەکانی هەواڵسازیی NGO بەرچاوەکانی ئەمەریکای لاتین دەکات. شیکارییەکە لەسەر ئەو ئارگۆمێنتە دەکرێ کە ئەزموونەکانی هەواڵسازیی NGOکان ڕەنگدەرەوەی باڵادەستیی دەست پێڕاگەیشتنی کردەکین کە بەهۆی ئەو ئۆرگانیزاسیۆنانەوە دەناسرێن کە لەگەڵ چاپەمەنی و ئەکتەرانی حکوومەتی بۆ باشترکردنی باری بەرچاوڕوونی و دیاریکردنی چوارچێوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان وەکو ئاریشەی گشتی تێوە گلاوە. هۆگری و ئامانجە بەربڵاوەکان لەنێو NGOکاندا کە لەگەڵ هۆگرییە پێک نەگونجاوەکانی دامەزراوە هەواڵییەکان و بەرپرسانی حکوومەتیدا ئاوێتەیە، بووەتە هۆی ئەوەی گشتاندنی کاریگەریی NGOکان لەسەر بەهێزکردنی پێوەندییان لەگەڵ چاپەمەنیدا ببێتە کارێکی نەلواو. هەموو داخوازییە شارۆمەندییەکان خاوەنی چانسی هاوشێوە بۆ دۆزینەوەی هاوسۆزی و بکەرە وەرگرەکان نین. ڕاستییەکە ئەوەیە کە NGOکان وەدووی ستراتیجیی جیاکردنەوەی هەواڵسازییەوەن کە لێکەوتەگەلێکی جیاوازی وەک کاراکتێرە پێک نەگونجاو و تیکەتیکەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی لێ بکەوتەوە. شیکارییەکە هەم خوازیاری تێگەیشتنە لە کاریگەریی NGOکان لەسەر ئەوەی چاپەمەنییەکان زیاتر هۆگرییەکانی شارۆمەندان ڕەنگ بدەنەوە و هەم خوازیاری تێگەیشتنە لە پێوەندیی نێوان کۆمەڵگەی شارۆمەندی و میدیا.

.................................................................

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

## پێشەکی

سەرەڕای ئەوەی تێگەیشتنی گشتی لە ڕێکخراوە ناحکوومەتییەکان (NGO) هێشتا بە تەمومژاوی ماوەتەوە (DeMars,2005;Jad,2007,Martens,2002,Willetts,2001) چەمکەکە بە گشتی بۆ ئاماژە بە ئەنجوومەنگەلێکی شارۆمەندی و بێ داهات بەکار دەچێت کە بە هۆی پێرسۆنێلێکەوە کە مووچە وەردەگرن یان خێرخوازانە کار دەکەن، بەڕێوە دەچن. NGOکان کۆمەڵێک ئەرک بەڕێوە دەبەن، وەک بەڕێوەبەریی پشتیوانی خۆجێیی و ئەوپەڕ نەتەوەیی، پێشکێشکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەلایەتییەکان، بەڕێوەبردنی پرۆگرامەکانی یارمەتیی بیانییەکان، پەرەدان بە زانیارییە تەکنیکییەکان و کەناڵیزەکردنی هاوکارییە خۆجێییەکان.

وێڕای ئەوەی کە NGOکان لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکان و لە ئەدەبیاتی زانستی سیاسیدا بوونەتە بابەتێکی زۆر جێی سەرنج (Keck & Sikkink, 1998) ئەوان بە شێوەیەکی پێوەندیدەرانە لە بەستێنەکان میدیا و لێکۆڵینەوە ڕۆژنامەنووسییەکاندا لەژێر تاوتوێدان. ئەم بۆشاییە سەرسووڕهێنەرە و نەتەنیا دەرخەری زۆربوونی بەرچاوی ژمارەی NGOکان لە دەیەکانی رابردوو لە سەرانسەری جیهاندایە ( Salamon, Haddock, Sokolowski, & Tice, 2007) بگرە هەروەها دەرخەری ئۆگری زۆر لە نێوان توێژەرانی میدیا لە بواری پێوەندیی نێوان میدیا، کۆمەڵگەی مەدەنی و بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکاندایە. NGOکان کۆمەڵێک ئەرکی زانیاری و پێوەندیکاری بەڕێوە دەبەن. ئەوان بۆ کاریگەریدانان لەسەر ئەجێندای سیاسی، زانیاری بەرهەم دێنن و وەگەڕی دەخەن، ئەوان بە مەبەستی قەناعەتهێنان بە بیروڕای گشتی و کارگێڕانی سیاسی لە رایەڵە سیاسییەکاندا جێیان گرتووە و لە نێوان گۆڕەپانە میدیاییە جۆرەوجۆرەکاندا، لەگەڵ جەماوەرگەلێکی جۆرەوجۆردا پێوەندی دەگرن.

بۆچی کارناسانی بواری میدیا پێویستە لێکۆڵینەوە لە NGOکان بکەن؟ یەکەم، بەربلاوی بەرچاو و جیهانیی NGOکان ,Florini)

(2001 ئەو دەرەتانە دەرەخسێنێ کە دامەزراوە هەواڵییەکان ڕادەی سەرچاوە هەواڵییەکانیان پەرە پێ بدەن. چونکە NGOکان ڕادەیەکی زۆر زانیاری بەرهەم دێنن و بلاو دەکەنەوە و لەوانەیە ببنە هۆی فرەییی جۆر و ژمارەی سەرچاوەکان. دووەم، لێکۆڵینەوە لە NGOکان وەکو دامەزراوگەلێکی پێوندییی میدیایی تیشک دەخاتە سەر بە پرۆفیشناڵکردنی چالاکگەراییی کۆمەلایەتی. کارناسان (Alvarez, 2009; Lebon, 1996) بە ئاماژە بەسەرهەڵدانی چالاکگەراییی پروفیشناڵ وەکوو پیشەیەکی مووچەوەرگر لەنێو ئەو ئەنجوومەنە بێ داهاتانەی کە لەسەر ئاریشەی گۆڕانی کۆمەلایەتی کار دەکەن، هەڵسەنگاندنێکی رەخنەگرانە لەسەر "NGO-ization"ی بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن. لێکۆڵینەوە لە NGOکان و هەواڵەکان ئەو بەرچاوڕوونییەمان پێ دەدا کە، هۆکارەکان و تایبەتمەندییەکانی بە پرۆفیشناڵکردنی هاوکاریی

شارۆمەندی بناسین. سێیەم، شیکاریی NGOکان سەرنجمان بەرەو ئەوە ڕادەکێشێ کە گەلۆ چاپەمەنییەکان ئەو هەوڵانە وەردەگرن کە بەهۆی کۆمەڵگای مەدەنی لە پێناو شوێندانەریدان لەسەر دەق لە گۆڕێدان. NGOکان تەنیا کاتێک کە بۆ تاقیکردنەوەی ڕادەی پەسندیی داخوازییەکانی شارۆمەندان لەلای بژاردە سیاسییەکان و سیاسەتە حکوومەتییەکان تێ دەکۆشن، پشتیوانیی میدیا بۆ کاریگەریدانان لەسەر هەواڵەکان و بڕیارەکانی ژووری هەواڵ دەستەبەر دەکەن. پشتیوانیی میدیا بۆ دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لە بنەڕەتڕا شیمانەی ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە بکەرە ناحکوومەتییەکان و ئەوانەی دەستیان لە بازاڕدا نییە لەسەر بەرهەمی هەواڵە سەرەکییەکان کاریگەری دابنێن.

ئەم ئاریشانە پێوەندییەکی هەم نۆماتیڤانە و هەم شیکارییانەیان هەیە و کێشەگەلێکی ناسراو لە بواری جەختکردنەوە لەسەر ئامادەبوونی بەردەوام لە هەواڵە سەرەکییەکاندا بۆ بکەرە شارۆمەندییەکان دەخەنە ڕوو. لێکۆڵینەوەکان بەو بەرەنجامە گەیشتوون کە لاوازیی کۆمەڵگەی مەدەنی و کاریگەریی ناهاوسانی بازاڕ و حکوومەت بۆ دیموکراسیی میدیا کێشەخوڵقێنن (Curran, 2002; Dahlgren, 2009; Norris, 2010). یەکێک دەتوانێ مەزندە بکات کە NGOکان دەبنە هۆی چاکسازیی ئەم کێشانە وەکو زانیاریی "دژە دەسەڵات" (Castells, 2007) بۆ سەقامگیرکردنی هۆگرییەکان لە سیاسەتی میدیاییی هاوچەرخدا. ئەگەر NGOکان "هۆکاری گۆڕانن" وەک ئەوەی پسپۆڕانی سیاسی و کارناسانی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان دەڵێن (Ropp, & Sikkink, Risse, 1999)، ئەوا لە جێی خۆیدایە کە شیکاریی ئەوەش بکرێ ئاخۆ دەبنە هۆی گۆڕانکاری لە ناوەڕۆکی هەواڵەکاندا. ئاخۆ NGOکان دەتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر دەقی هەواڵەکان بگۆڕن؟ ئەمە پرسیاری سەرەکیی ئەم وتارەیە.

زۆربەی باسە پێوەندیدارەکان بەم پرسیارە، تەرکیزیان کردووەتە سەر ئەزموونەکانی NGO مەزنەکانی وڵاتانی باکور. لێکۆڵینەوەکان بەو بەرەنجامە گەیشتوون کە NGOکان پەرە بە ستراتیجییەکانی بەناوبانگبوونی میدیایی دەدەن و بۆ ڕۆڵی میدیا لە سیاسەتی هەنووکەدا هەستیاریی زیاتر بەخۆیانەوە دەگرن. گامسۆن (٢٠٠٤) دەڵێ بۆچی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ڕاکێشانی سەرنجی میدیا بۆ لای NGOکان هەوڵ دەدەن. گەڕان بە دوای ڕووماڵکردنی هەواڵەکان لە ناوەندی بانگەشەسازی و پێشخستنی ئامانجە دامەزراوەییەکان لە کۆمەڵگەکانی هەنووکەدایە. یەکەم، وەکو بەشێک لە رایەڵە سیاسییەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، NGOکان لە پێناو ناوبانگی راگەیێنی بۆ چوارچێوەدارکرنی بابەتە گشتییەکان، ئاریشەکان و دژایەتییەکان هەم بۆ بردنەپێشی ئارمانەکانیان لە بیاڤی گشتیدا و هەم بۆ سەلماندنی ڕووبەڕووبوونەوەی وەرگرە جۆرەوجۆرەکان هەوڵ دەدا. راست وەک هەر ئەنجوومەنێک یان هاریکارییەکی شارۆمەندی، ئەوان بەستراونەتەوە بە میدیای هەواڵییەوە بۆ دەرکەوتن، کاریگەریدانان لەسەر بیروڕای گشتی و بردنەپێشی ئاریشە سیاسییەکان (Cottle & Nolan, 2007;Koopmans, 2004).

تاکتیکە میدیاییەکان لە بواری پێناسەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، دەست پێڕاگەیشتن بە هاوکاران و دژبەران و جێخستنی دەستەواژەکانی مشتومڕە گشتییەکانەوە بەسوودن. دووەم، NGOکان ناوبانگی میدیاییيان بۆ گەیشتن بە ئامانجە دامەزراوەییەکان دەوێ، بە واتایەکی تر پەرەپێدان و بەرینتربوونەوەی خۆیان لە بیاڤێکدا کە تێیدا لەسەر سەرچاوەکان رکەبەری لەگۆڕێدایە (Bob,2006;Vliegenthart,Oegema,& Klandermans,2005). ڕووماڵکردنی هەواڵ شیمانەی ئەوە زیاد دەکات کە دامەزراوەکان بە ناسێنران لە نێوان ئەندامان، دامەزرێنەران و کۆمەڵە سەرەکییەکانی تردا بگەن. دەرکەوتن لە میدیا "ناوبانگ" دروست دەکات، ئەخلاقە نێوەخۆییەکان دەپارێزێ، ئەندامەتی زیاد دەکات، پشتیوانەکان لەسەر کارەکانیان دەهێڵێتەوە و دەستکەوتەکانی دامەزرێنەران ئاشکرا دەکات.

لێکۆڵینەوەکان بەو بەرەنجامە گەیشتوون کە سەرکەوتنەکان لە هەواڵسازیدا بەشێوەیەکی بەرین جۆرەوجۆرن. هونەرنمایی گرین پیس (Dale,1996)، تیاتری سەرشەقام بەناوی ئەکشێن ئەید، کەمپەینی جیهانیی ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی (Ramos,Ron, &Thorns,2007) و دامەزراوەی ستراتیجیی ناوبانگ ـ تەرکیزکراوی PETA ئاشکرایان کردووە کە هێندێ لە NGOکان بەشێوەیەکی ئامانجدارانە کەوتوونەتە لاڕێی پسپۆڕانەی میدیای هەواڵییەوە. ئەوان ستراتیجییەکان لەگەڵ هۆگری رەوتی سەرەکیی ژورنالیزم بۆ دەستەواژەگەلێکی وەک شەڕ، ئاسۆگە و ڕووداوە هەواڵییەکان دەگونجێنن (Gaber & Wilson, 2005). توێژینەوەکە هەروەها بەڵگە دەخاتە ڕوو بۆ ئەوەی کە چۆن NGOکان لە تەنگژە مرۆییەکاندا و لە رەوتی کارەساتە سروشتییەکان، وشکساڵی و بارودۆخە تەنگژاوییەکانی تر بۆ ئەوەی بکەونە بەر تیشکی هەواڵیی میدیاکانەوە لە "ڕووماڵکردنی تەنگژە"دا پێش دەکەون (&Moeller, 1999;Olsen,Carstensen, H_yen,2003). رەخنەگران ئەو تۆمەتە دەخەنە ڕوو کە NGOکان لە هۆگرییەکان بەناوبانگ و مەزنایەتی کە بەسەر سیاسەتی میدیاییی ئەم سەردەمەدا زاڵە، پارێزراو نین ((Bob, 2006. NGOکان بەوەی کە بە شێوەیەکی هەڵنەسەنگێندراو رەچاوی نەریتەکانی ژوورنالیسم دەکەن، بەشێوەیەکی پەنانەکی جەخت لەسەر سیاسەتەکانی تەبلیغاتی بەرهەمهاتوو و بازاڕی سیاسی دەکەنەوە کە بەسەر سیاسەتی میانڕۆیانەی سەردەمی هەنووکەدا زاڵن.

هێشتا هەموو NGOکان وێ دەچی کاریگەریی هاوسانیان لەسەر هەواڵسازی نییە. دیکۆن (٢٠٠٣) لەسەر ئەو باوەڕەیە کە NGOکان زیاتر وێ دەچێ کاتێک دەبنە بابەتی ڕووماڵکردن کە لەگەڵ ئاریشەگەلێک مامەڵە دەکەن کە جێی مشتومڕ نین و "کردارگەلی باش" بەرهەم دێنن و وەکو راڤەکەر خۆیانی تێهەڵدەقورتێنن. دامەزراوەگەلێک کە لەسەر "یەکەتی" و ئارمانگەلی تر کە وەکو پرسی "غەیرە سیاسی" گۆش بوون، کار دەکەن، زیاتر وێ دەچێ سەرنجی بەردەوام و بەجێی میدیاکان رابکێشن. هەر لەسەر هێڵە هاوشێوەکان، فێنتۆن (٢٠١٠) پرسیار دەکا کە ئاخۆ NGOکان دەتوانن لەسەر رەوتی بڕیاردان لەسەر ئەجێندای هەواڵی کە بەهۆی بکەرە ئابووری و

سیاسییە دەسەڵاتدارەکانەوە دیاری دەکرێن، کاریگەری دابنێن. ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئەوان پێویستیان بە گونجاندنی تاکتیکەکانیانە لەگەڵ چاوەڕوانییەکانی ڕاگەیەنە هەواڵییەکان کە لاوازییەکانی NGOکان لە دیاریکردنی ئەجێندای هەواڵەکان ئاشکرا دەکەن.

## سیاسەتەکانی هەواڵسازیی NGoکان لە ئەمەریکای لاتین

ئەم وتارە شیکاریی ئەزموونەکانی NGO بەرچاوەکانی ئەرجەنتین، بەرازیل و مەکسیک لە پێناو دزەکردنی نیگەرانییەکان و داخوازییەکانیان لە ڕەوتی سەرەکیی ڕاگەیەنە هەواڵییەکان دەکات. شیکارییە زانستگاییەکان بەگشتی لەسەر ئەزموونەکانی NGO ڕۆئاواییەکان تەرکیزیان کردووەتەوە، لێکۆڵینەوەیەک لەسەر NGOکان لە ئەمەریکای لاتین دەرەتانی هەڵسەنگاندنی گشتگیرکردنی ئاکامگیرییە پێشووەکان لە بەستێنە میدیایی ـ سیاسییە جیاوازەکاندا دەرەخسێنێ. ئامانجەکە نەتەنیا خستنەڕووی شیکارییەکی گشتگیر لە ئەزموونەکانی ناوچەکە نییە، بگرە زیادکرنی سادەی بابەتێکی تر بە ئەدەبیاتی پێوەندیدار نییە. لە جیاتیی ئەمانە، ئامانجەکە پێشخستنی تیۆریی دروستکراو بۆ بەرهەمهێنانی ئاکامگیریگەلێکی بەهێزتر لەمەڕ پێوەندیی نێوان NGOکان و ڕاگەیەنە هەواڵییەکانە کە لەم بوارەدا لە سیستمگەلێکی میدیایی ـ سیاسیی جۆرەوجۆردا دامەزراون.

تایبەتمەندییە ڕاگەیێنییەکان و ئامادەبوونی لە حاڵی پەرەسەندنی NGOکان، ئەمەریکای لاتینی کردووەتە کەیسێکی سەرنج ڕاکێش بۆ تاوتوێی ئەم بابەتە. نە سیستمە ڕاگەیێنییەکان و نە پێوەندییەکانی نێوان میدیا و بکەرە سیاسییەکان، هیچ کامیان لەگەڵ مۆدێلەکانی سیاسەتە میانڕۆیانەکان لە دیموکراسییەکانی وڵایەتە یەکگرتووەکان و ئەورووپادا ناگونجێن. سیستمە میدیاییەکان بە شێوەیەکی باسهەڵگر لە هێندێ لە لێکچوونەکانیان لەگەڵ مۆدێلی " فرە گەرایی دوو جەمسەری" (Hallin and Mancini, 2004) لە پێکهاتە ئەورووپاییەکەیدا هاوبەشن. ئەوان بەهۆی تەبلیغاتگەرایی بێ سنوور، بڵاوکردنەوەی گشتیی لاواز و ئاستی بەرزی هاوتەریبگەرایی سیاسییانەوە پێناسە کراون. تا ئێستا، میراتگەرایی میدیای سەرۆکایەتی، هێزی دارمانی حکوومەتەکان لە بوارە ماڵییەکانی ڕاگەیێنەکان و وەرچەرخانی مێژوویی لە نێوان ئۆتۆریتەگەرایی و ڕێژیمە دیموکراتیکەکاندا، هەموویان بە هەلومەرجە سیاسی ـ میدیاییە بێوێنەکانی ناوچەکە شکڵێکیان بەخشیوە (Waisbord, 2000b).

لەم پێکهاتەدا، ژمارەی NGOکان ١٩٨٠کانەوە بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە (Balbis, ٢٠٠١; Foweraker, 2001). سێ هۆکار بوونەتە هۆی ئەم پەرەگرتنە. یەکەم، دەیان دامەزراوە لە ماوەی پرۆسەی یەکگرتوویی خەڵک لە دژی دیکتاتۆرە سەربازییەکان و هەروەها لە ساڵە سەرەتاییەکانی پاش سەرەڕۆیی لە ساڵەکانی ١٩٨٠ و ١٩٩٠دا سەریان هەڵدا. دووەم، هەروەک لە شوێنەکانی تری باشووری جیهان رووی داوە، سەرهەڵدانی NGOکان لێکەوتەی تێکەڵاوێک لە

بەرنامە گرینگە کردەکییەکانی ڕێکخراوە خێرخوازە جیهانییەکان لەگەڵ ئاستە بەرزبووەکانی یارمەتییە بیانییەکانە کە لە دەیەکانی رابردوودا بینراون (Edwards & Hulme,2004). ڕێکخراوە خێرخوازە تایبەتی و گشتییەکان سەرچاوە شایانی ناسرانەکانیان لە NGOکاندا کەناڵیزە کردووە لەسەر ئەو بنەما کە بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ هاندانی ئامانجەکانی پەرەپێدان کارێکی چارەنووسسازە. سێیەم، سەرهەڵدانی هاریکاریی بەرپرسیارەتییە کۆمەڵایەتییەکان، بە تایبەت لە وڵاتگەلێکی پڕ حەشیمەتی وەک بەرازیل و مەکسیکدا بە هۆی بەرینبوونەوە و یەکەتیی NGOکانەوە هاتووەتە دی (Gutiérrez & Jones, ٢٠٠٤; Haslam, 2004).

شیکارییەکە لەو زانیارییانە کەڵکی وەرگرتووە کە لە ٣٢ وتووێژی نیمچە ڕێکخراو لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان و بەرپرسانی NGOکان و هەروەها لە شیکاری و تاوتوێی بەڵگەکانی NGOکانەوە بەدەست هاتوون. سێ پێوانە بۆ دیاریکردنی NGOکان لە بەرچاو گیراون. یەکەم، مەبەستەکە تەرکیزکردنە سەر NGO نەتەوەیییەکان بوو، زیاتر لەوەی تەرکیز بکرێتە سەر شاخەکانی دامەزراوە ڕۆئاواییەکان. ئامانجەکە ئەو دامەزراوانە بوو کە مەبەستی ستراتیجییە پێوەندیکارییەکانیان لە بنەڕەترا ئاگەداریدان لەمەڕ ئاریشەکانی پەرەپێدان و بازاڕگەرمیکردن بۆ وەرگرتنی یارمەتی لە حکوومەت و شارۆمەندانی ڕۆئاوایی نەبوو، دامەزراوەگەلێک وەک ئۆکسفام، ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی، فرۆنتیرس بۆ کاروباری دەرمانی و گرین پیس (ئاشتیی سەوز) (Bob, 2006). لە جیاتیی ئەوانە، ئەو دامەزراوانە شیکاری دەکرێن کە تەرکیزێکی نەتەوەیی ـ خۆجێیان هەیە، تەنانەت هێندێک لەوانەی پێوەستن بە هاوتا جیهانی یان ناوچەییەکانیانەوە. ئەوان خاوەنی پێکهاتەگەلێکی بەربڵاو، بیناگەلێکی مەزن و ئەندامگیریی جیهانی نین، تایبەتمەندیگەلێک کە NGO گەورە ڕۆئاواییەکانیان پێ دەناسرێتەوە. دووەم، لێکۆڵینەوەکە ئەو NGOگەلە لەخۆ دەگرێ کە لەسەر کۆمەڵێک پرس کار دەکەن وەک مافەکانی منداڵان و ژنان، ژینگە، دادپەروەری، دەوڵەت، ئاسایشی گشتی، سەلامەتی، توندوتیژی، خەڵکی بوومی یان خۆجێیی، مافەکانی مرۆڤ و ژوورنالیسم ـ میدیا. سێیەم، لێکۆڵینەوەکە NGOکانی لە سێ وڵاتدا (ئەرجەنتین، بەرازیل و مەکسیک) ناساندووە تا دیاری بکات ئاخۆ سیاسەتی تایبەتی نێوەخۆیی و پێکهاتەی سیستەمە ڕاگەیێنییە نەتەوەییەکان لەسەر ستراتیجیی هەواڵسازی کاریگەری دادەنێن.

ئارگۆمێنتەکە بەم شێوەیە: بەڵگەکان وا نیشان دەدەن کە NGOکان کاتێک سەرکەوتوو بوون کە ستراتیجییە هەواڵسازییەکانیان هەم لەگەڵ لۆجیکی ڕۆژنامەوانیی زاڵدا گونجاندبێ و هەم سەرنجی هەواڵسازە سیاسییەکان و دامەزراوەکانی هەواڵیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشابێ. تێکەڵاوی پێوەندیداری هەواڵسازی و جۆرەوجۆریی میانڕۆیانە لە ئاسۆگەی هەواڵەکاندا لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین، چانسێکی ناهاوچەشن بە دروستکردنی هەواڵ دەبەخشێ. مەیلی ڕۆژنامەوانی بە دراما، دژایەتی نواندن، هەستگەرایی، ڕووداو ـ ناوەندی و هەواڵگەلی بەناوبانگ، بە زۆری بارودۆخی دوورنمای هەواڵسازیی NGOکان شکڵ دەدەن. NGOکان بۆ ئەوەی لە ڕاگەیێنەکاندا

دەرکەون، لێڕوانینێکی کردەکییان بە ڕێککەوتنیان لەگەڵ چامەنییەکان و بەرپرسانی حکوومەت زیاد کردووە. هەرچەند NGOکان بەهۆی رەتکردنەوەی کۆمەڵێک کێشەی مەدەنی و داخوازیی کۆمەڵایەتییەوە، رەخنە لە راگەیەنە هەواڵییەکان دەگرن، بەڵام لێڕوانینێکی دژبەرانەیان رەچاو نەکردووە. لە جیاتیی ئەمە، ئەوان بۆ دروستکردنی هەواڵ، پێکهێنانی یەکییەتی و پەرەپێدانی پێوەندیگەلێکی هاریکارانەیان لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەنووسانەی درکیان پێ دەکەن و هەروەها لەگەڵ بژاردە سیاسییەکان کردووەتە ئامانج. وەها پێوەندییە دینامیکەکە، وەک چۆن ئەوان بە ئاریشە تایبەتەکان و بارودۆخە سیاسییە پێشبینینەکراوەکانەوە بەستراونەتەوە.

ئۆگری و ئامانجە بەربڵاوەکان لە نێوان NGOکاندا لەگەڵ ئۆگریگەلێکی پێک نەگونجاوی دامەزراوە هەواڵییەکان و بەرپرسانی حکوومەتی لێک ئاڵاون و بووەتە هۆی ئەوەی شێمانەی بەرهەمهێنانی گشتگیرگەریەتییەکی خەست لەمەڕ کاریگەریی NGOکان نەلواو بێ. هەموو داخوازییەکان هەمان چانسی دۆزینەوەی بکەرە دڵسۆزەکانیان نییە. راستییەکە ئەوەیە کە NGOکان بەدووی ستراتیجیگەلێکی جیاجیای هەواڵسازی بە لێکەوتەی جۆرەوجۆرەوەن کە شایەتەکەیشی، بەش بەشبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بواری کێشە گشتییە جۆرەجۆرەکانەوەیە کە بۆ دەستڕاگەیشتن بە چاپەمەنی بەمەبەستی هەواڵسازی و داکۆکی لە ئارمانگەلێکی فرەچەشن هەوڵ دەدەن.

## بە پرۆفیشنالکردنی هەواڵسازی

ڕێک وەک ئەوەی لە ناوچەکانی ترە سەرانسەری جیهاندا رووی داوە، سیستمە ڕاگەیێنییەکان لە ئەمەریکای لاتین لەم دواییانەدا لە جەرگەی فرەبوونی گۆڕەپانە میدیاییەکاندا، زیاتر بەش بەش بووە. تێکەڵاوبوونی تەلەڤزیۆنە سەتەلایتی و کابلییەکان، زیادبوونی وێستگە رادیۆییەکان و بەرینبوونەوەی بەرە بەرەی دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت وەها پرۆسەیەکیان لێ کەوتووەتەوە. تەنانەت کاتێک تەرکیزی خاوەندارێتی بەهۆی کۆمپانیگەلێکی کەمترەوە کە کۆنترۆڵی بەڕێوەبەرایەتیی رۆژنامەکان و وێستگەکانی رادیۆ و تەلەڤزیۆن دەکەن و بەهۆی دەوڵەتەکانەوە کە لە پێناو کۆنترۆڵی بەرهەمە راگەیێنییەکان درێژە بە کەڵک وەرگرتن لە تاکتیکگەلێکی جۆرەوجۆر دەدەن، خێرایی بەخۆوە دەگرێت، دیسانیش بەرینبوونەوەی تەکنەلۆجییە نوێکان، ئاسۆگەلێکی راگەیێنی فرە لایەنی لێ کەوتووەتەوە. هێندێ گۆڕانکاری نە لە ناوەندگەریەتیی چاپەمەنییە سەرەکییەکان لە بواری سیاسەتی میانڕۆیانە کەم دەکەنەوە و نە گۆڕانێک بەسەر بەستراوەیی ناهاوجۆری Gamson & Wolfsfeld, 1993 NGOکان لە بەرامبەر چاپەمەنییە سەرەکییەکاندا پێک دێنن. سەرەڕای هەبوونی دەرەتانی زیاتر بۆ دەرکەوتن لە راگەیێنەکاندا، بەڕێوەبەریی رۆژنامەکان و وێستگەکانی بڵاوکردنەوە بە بەردەنگی زۆریانەوە ئێستایش وەکو خاڵی وەرچەرخانی پێوەندییە سیاسییەکان دەناسرێن. وێبسایتەکان، وێستگەکانی رادیۆ لۆکاڵییەکان و پرۆگرامە کابلییەکان بە

بەردەنگی کەمەوە دەرەتانی راکێشانی سەرنج پێشکێش دەکەن، بەڵام دیسانیش ئەوان وێ ناچێ هەمان کاریگەریی میدیا کۆنەکانیان هەبێ. راگەیێنی دوا ئاماژەپێکراو وەکو ناوەندی پێکگەیشتنی میدیا، بیروڕای گشتی و سیاسەتسازی ماوەتەوە.

هەر لەبەرئەمەیە کە "هەواڵسازی" وەک چۆن چەند کەس لەوانەی هەڤپەیڤینیان لەگەڵ کراوە (Jusidman, 2009 ; Fantin, 2008) بەو یەرەنجامە گەیشتوون، لە ئاسۆگەی میدیاییدا بەهۆی خاڵگەلێکی جۆرەوجۆری تێدا گونجێندراوەوە، ئاڵۆز و لێک تەنراوە نییە. هەموو ئەو NGOیانەی لەم لێکۆڵینەوەدا هاتوون، خاوەنی ماڵپەڕن. زۆربەیان لە راگەیێنە کۆمەڵایەتییەکان و یوتیوب کەڵک وەردەگرن و بۆ دەرکەوتنی بەردەوام لە وێستگە رادیۆیی و کابلییەکان و دانی زانیاری بە ماڵپەڕەکان کە زانیارییە پێوەندیدارەکان بە ئاریشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان کۆ دەکەنەوە، هەوڵ دەدەن. "هەواڵسازیی سەرەکی"، هەر چۆنێک بێ، بە تەواوی جیاوازە. دەستەواژەی رێککەوتن لە نێوان NGOکان و چاپەمەنییەکانی رەوتی سەرەکی لەسەر رۆتینی زاڵ و نۆرمەکانی هەواڵسازی راوەستاوە. دامەزراوەکانی هەواڵ زانیارییەکان بەپێی جۆر و بەرهەمهاتنیان لە بەشێک یان لەبارەی بەشێکەوە پلەبەندی دەکەن، بە واتایەکی تر بەسەر دەوڵەت، بازرگانی گەورە، کاروباری پشوودان و وەرزش. بۆ نموونە، خۆگونجاندنی ئاماری چاپەمەنییەکان هەم دەرخەری ڕادەی ڕوومالکردنی بژاردە سیاسییەکانە و هەم نیشاندەری پرستیژی هەواڵە سیاسییەکانە. ڕاپۆرتنێران بەنیسبەت بەڕێوەبەرایەتییە سەرەکییەکانی حکوومەت ئەرکدارن کە بە بارەی ڕادەیەکی رێکوپێک و پێشبینی هەڵگری زانیارییەوە دڵنیایان بکەنەوە. بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاپەمەنی لە بەڕێوەبەرایەتییە دەوڵەتییەکاندا ژمارەیەکی زۆر زانیاریی رۆژانە لەبارەی ڕووداو و راگەیاندنە بەڕێوەبەرایەتییەکان بەرهەم دێنن و لە نێوان ڕاپۆرتنێران، سەرنووسیاران و ستوونووسەکاندا پێوەندییەکی رێکوپێک دەپارێزن.

وەکو بەرەنجام، دامەزراوەی هەواڵ لەگەڵ NGOکاندا ناهاوسەنگە. ژوورەکانی هەواڵ نە شرۆڤەکارگەلێکیان تێدایە کە بۆ گواستنەوەی هەواڵی NGOکان ئەرکدار بن و نە بەشگەلێکیان هەیە کە بەتایبەتی بۆ ڕووماڵکردنی ئاریشە مەدەنییەکان رێک خرابن. هێندێ لە دامەزراوەکانی هەواڵ بەشگەلی کۆمەڵایەتییان" (بۆ نموونە، لەشساغی، فێرکاری، کۆمەڵگە، کاروباری ژنان) پێک هێناوە کە بۆ پرسگەلێک تەرخان کراون کە لە بیاڤی NGOکاندا دێنە گۆڕێ. هەر چۆنێک بێ، وەها بیاڤگەلێکی هەواڵی نە لە پلەبەندییە رۆژانەکانی پێوەندیدار بە سەرنووسیارانەوە و نە لە هیرارشی پرۆفیشناڵی رۆژنامەوانیدا (Lagunes, 2009) لە ئاستێکی بەرزدا پلەبەندی دەکرێن. ڕاپۆرتنێران و بەرپرسانی NGOکان وتوویانە کە ئەو بەشگەلە بەدەر لە رەوتی بودجەبەندی و دانانی ستاف بۆیان و تا ڕادەیەک زیاتر لە بیاڤگەلێکی هەواڵی بۆ پرستیژ دەچن، وەک سیاسەتە نەتەوەیی و ئابووری ـ ماڵییەکان (Calvo, 2009; Camps, 2008; Napoli,2010; Penido, 2008; Young 2009). بەبێ ژمارەیەکی دیاریکراوی ڕۆژنامەنووس کە ئەرکیان ڕاپۆرتدان لە ڕووداوە

"کۆمەڵایەتی"یەکان لەسەر بنەمایەکی ڕۆژانە بێ و بەبێ ڕۆنانی بیاڤگەلێکی هەواڵیی تەرخانکراو بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان، هەواڵسازی زۆر دژوارە. ژمارەیەکی کەم ڕاپۆرتنێر هەیە کە لەسەر ڕووداوە پێوەندیدارەکان بۆ وەڵامدانەوە بە پێویستییەکانی سەرنووسیاری پێداگرن. بە واتایەکی تر، سیستەمی باو، NGO کان بە ڕۆڵێکی بچووک لە ڕەوتی ڕۆژانەی کۆکردنەوەی هەواڵ دەبەستنەوە.

بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم دژوارییانەدا، هێندێ NGO لێڕوانینێکی پرۆفیشناڵیان بەمەبەستی بوون بە "شکڵپێدەری هەواڵ" (Manheim,2008) بە کارەکانیان زیاد کردووە. بە دڵنیاییەوە، پرۆفیشناڵیزم لە ئەدەبیاتی سیاسەت و هەواڵدا دەستەواژەیەکی زاڵخوازانەیە (Lilleker & Negrine, 2002). لێرەدا، پرۆفیشناڵیزم ئاماژەیە بە پەرەپێدان و داواکاری بۆ زانیاریی تایبەتی و کارناسیکردنی چۆنیەتیی بەڕێوەبەریی هەواڵ. وەها پەرەپێدانێک بەشێک لە ڕەوتێکی سەرانسەریی "بە پرۆفیشناڵکردنی سەرچاوەکان" (Blumler, 1990) و قاڵبوون لە تێکنیکەکانی بەڕێوەبەریی هەواڵە لەنێو بکەرە سیاسییەکانە. چەندین NGO "کەسانێکی پرۆفیشناڵ لە هەواڵ"یان وەکو ستافی بەڕێوەبەرایەتییە پێوەندیکاری ـ چاپەمەنییەکان دامەزراندووە (Blanco, 2008; de Melo, 2008; Molina, 2008; Selvood, 2008). ئەو بەڕێوەبەرایەتییانە بەرپرسی ئەرکە بەڕێوەبەرییەکانی هەواڵن، وەک پاراستنی ماڵپەڕەکان و میدیا کۆمەڵایەتییەکان، ئامادەکردنی ڕاگەیەندراوی هەواڵی و هەواڵنامە، بەڕێوەبردنی کۆنفرانسی ڕۆژنامەنووسی و دەستڕاگەیشتن بە ڕاپۆرتنێران. ستافی وەها یەکەتیگەلێک پێکهاتووە لە ڕۆژنامەنووسە بەئەزموونەکان هەروەک ڕاپۆرتنێرانی دامەزراو و پەیمانکار (نیوەکارە و تەواوکارە). ئەو دامەزراوەگەلەی بەرەو وەها شێوازێک بە ستانداردە ناوچەییەکانەوە دەڕۆن خاوەنی سەرچاوەی باشترن و ژمارەی ستافیان زیاترە (١٥ تا ٣٠ کەس) یان دەبنە دامەزراوەگەلێک کە لەسەر ئاریشەکانی ڕاگەیێنەکان تەرکیز دەکەن.

لێڕوانینێکی پرۆفیشناڵ لە پەرەپێدانی ستراتیجییە دووفاقیانەکان بۆ پێوەندی لەگەڵ دوو جۆر لە بەردەنگەکان بەکار دێت: ئەندامەکان ـ پشتیوانەکان و بکەرە دەرەکییەکان (بۆ نموونە، سیاسەتداڕێژەران، چاپەمەنی، بیروڕای گشتی). هەروەک بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نەریتییەکان، NGOکان ڕاگەیێنی خۆیان بەمەبەستی پێوەندیگرتن و وەجووڵەخستنی ئەندامان و پشتیوانانیان دەپارێزن. لە ڕاستای پرۆگرامە ڕادیۆییەکان و بڵاڤۆکە چاپییەکاندا، NGOکان لە بەستێنی ماڵپەڕەکان بۆ ڕاگرتنیان بە شێوەی نافەرمی، بۆ وەرگرتنی پەرچەکردارەکان و پێشنیازەکان و بۆ ئاسانکردنەوەی باس و خواستە نێوەخۆییەکان کەڵک وەردەگرن. ئەوان بۆ دەستڕاگەیشتن بە جەماوەری دەرەکی، پەرەیان بە ستراتیجیی لایەنگری داوە، لەوانە تاکتیکە هەواڵسازییەکان بەهۆی زۆربوونی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ئارمانەکانیان و سیاسەتە هاندەرەکان و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان. هەواڵسازی هەروەک لایەنگری گشتی پێویستی بە دەست پێڕاگەیشتن بە

جەماوەرێکە کە بێ ئاگان یان دژی داخوازییەکانیانن.

نموونەیەکی بە پرۆفیشنالکردن، دامەزراندنی ستراتیژییە سەرچاوەییەکانە بەمەبەستی شکڵ پێدان بە دەقی هەواڵەکان بەهۆی دابینکردنی "سوبسیدە نافەرمییەکان" (Gandy, 1982) بۆ ژوورەکانی هەواڵ. ئەمە لە رێگەی تاکتیکەکانی قەرزدان لەلایەن پێوەندییە گشتییە نەریتییەکان و پێوەندیکاریی دەوڵەتییەوە ئەنجام دەدرێ. کۆنفرانسە رۆژنامەنووسییەکان زۆرجار بەمەبەستی راکێشانی سەرنج و شکڵ پێدان بە ئەجێندای راگەیێنەکان بەکار دەهێنرێن. هێندێ جار، NGOکان بە شێوەی سەرکەوتووانە سەرنجی میدیاکان بۆ لای ئاریشەیەکی دیاریکراو بەهۆی راگەیەندراوە چاپەمەنییەکانەوە ئاراستە دەکەن. بۆ نموونە، چەندین NGOی مەکسیکی کە لەسەر مافەکانی منداڵان کار دەکەن، کۆنفرانسێکی رۆژنامەنووسییان بۆ راگەیاندنی زنجیرەیەکی بازرگانی بە منداڵ کە لەلایەن گرووپێکی مەزهەبییەوە کە پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ بەرپرسانی دەسەڵاتداردا هەبوو، بەڕێوە برد (لە ٢٠٠٩دا بە ناوی رووداوی "کاسیتاس دێل سوور" ناوبانگی دەرکرد کە بوو بە داستان و ریسواییەکی گەورە) (Cruz Villegas, 2009). هێندێ لە NGOکان خزمەتگوزارییە هەواڵییەکانیان بۆ بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی زانیاری پەرە پێ داوە. ئەم بڕیارە لەسەر بنەمای ئەو باوەڕەیە کە راگەیێنە سەرەکییەکان بەشێوەی رێکوپێک ئاریشەکانیان رووماڵ ناکەن، چونکە نایانەوێ سەرچاوەکان تەواو بکەن. ئەوان وەکو پێویستییەک مەیلیان بە لای دژایەتیکردن لەگەڵیان نییە، بەڵام پتر بەنیسبەت پێبەندی بەسەرچاوەماڵی و مرۆییەکان بێ مەیلن.

NGOکان بۆ ئەوەی بە ئاسانی دەستیان بە دەقەکان رابگا، هەروەها دەقی خۆڕایی بەرهەم دێن و لەنێو دامەزراوە هەواڵییەکان و بەستێنەکانی چەندین ماڵپەڕدا بڵاویان دەکەنەوە. دەقەکان مەیلیان بەلای تایبەتیبوون بەپێی ئیزنی هەر دامەزراوەیەکە. سەرەڕای ئەوەی هێندێ لە NGOکان لەسەر هەواڵەکانی پێوەندیدار بە شێوازی دەسەڵاتداری، دادپەروەری و مافەکانی مرۆڤ تەرکیز دەکەن (وەک Argentina_s Poder Ciudadano و Centro de Estudios Legales y Sociales)، هێندێکی تر لەسەر بابەتگەلێک وەک مافەکانی منداڵان (بۆ نموونە، ANDIی بەرازیل)، مافەکانی ژنان (بۆ نموونە، CAMACی مەکسیک) و پرسەکانی ژینگە تەرکیز دەکەن. هێندێ لە NGOکان لەگەڵ رۆژنامە سەرەکییەکاندا رێککەوتنیان کردووە بەوەی کە ئەوان دەقەکان بۆ بڵاوکردنەوە ئامادە بکەن. کۆمەڵەی "پێریۆدیسمۆ"ی ئەرجەنتین (Molina, 2008) لەگەڵ زیاتر لە دوازدە رۆژنامەی ناوچەییدا لەسەر بڵاوکردنەوەی رووداوە سەرەکییەکانی ئاریشە کۆمەڵایەتییەکان رێک کەوتووە. "سۆنۆرا سیۆدادانا"ی مەکسیک لە نێوان ساڵەکانی ٢٠٠٥ تا ٢٠٠٨دا لەگەڵ "ئێل ئیمپارشیا" رێککەوتنێکی هاوشێوەی هەبوو کە دوای ئەوەی رۆژنامەکە لە بەشی سەرنووسیاریدا ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات، کۆتا بە رێککەوتنەکەیش هات (Noriega, 2009).

هەروەها، NGOکان پێوەندییەکی بەردەوامیان لەگەڵ راپۆرتنێران پێک هێناوە. هەروەک چۆن

ڕاپۆرتنێران سەرچاوەکان بەهێز دەکەن، NGOکانیش بە شێوەیەکی چالاکانە لەگەڵ بەمەبەستی پاراستنی پێوەندییەکان لەنێو رایەڵە نافەرمییەکان و پێوەستبوون بە چالاکییەکان (بۆ نموونە، کارگە فێرکارییەکان، لێپرسینەوەکان) لەگەڵ ڕاپۆرتنێران پێوەندی دەگرن. ئەوان هەروەها بەدوای ستوونووسەکانەوە دەگەڕێن، هەروەک چۆن بە دوای میواندارەکانی پێشکێشکارە رادیۆیی یان تەلەڤزیۆنییەکانەوەن، کەسانێک کە تا ڕادەیەک ئۆگری ئاریشە مەدەنی و کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکانن. پاراستنی پێوەندیی باش بۆ تێگەیشتن لە پێویستییەکانی ڕۆژنامەنووسەکان و دەرەتانە پێناسەکراوەکانی هەواڵسازی کارێکی چارەنووسسازە. بەرپرسانی چاپەمەنیی NGO تێگەیشتنێکی ورد لە دینامیک و پلەبەندییەکانی ژووری هەواڵ دەخەنە ڕوو. کاتێک هەواڵەکان بە شێوەی پروفیشناڵ جێبەجێ دەکرێن، ئەوان وەکو پێوەندەری دامەزراوەکانیان لەگەڵ پێویستییەکانی ژوورەکانی هەواڵ سەیری کارەکەیان دەکەین. ئەوان بەگشتی ئاسۆی هەواڵەکان وەکو ژینگەیەکی دینامیک کە پڕە لە دەرەتانەکانی هەواڵسازی سەیر دەکەن.

بۆ نموونە، هێندێ جار سەرنووسیارەکان خوازیاری بیاڤی هەواڵی کۆمەڵایەتی بۆ داستانی بزوێنەری "هەستی خۆش" بەمەبەستی پێکهێنانی هاوسەنگی لە بەرامبەر "هەواڵی خراپ"دان (Palacios, 2008). ئەمە ئەو دەرەتانانە دەخاتە بەردەم NGOکان کە لەسەر یاریدەرە کۆمەڵگەییەکان، دزەکردنی زانستییانە و هەوڵە لاوازکەر و کەمکەرەوەکان کار بکەن، پرسگەلێک کە کەڵکی داستانەکان وەکو خاڵی بەرامبەری سەردێرە هەژێنەرەکان زیاد دەکەن. هەروەها، رۆژە هەواڵییە "هێواش"ەکان لەوانەیە دەرەتانەکانی ڕووماڵکردن و تەنانەت دانانی داستانە سەرەکییەکان مسۆگەر بکەن. ڕووداوە هەواڵییە "بەرنامەڕێژیکراو" و "بەرنامەڕێژینەکراو"ەکانیش دەرەتانی هەواڵسازی دەڕەخسێنن. ڕووداوە هەواڵییە بەرنامەڕێژیکراوەکان، وەک راگەیەندراوەکانی سەرکۆماری، کۆبوونەوە نێونەتەوەییەکانی سەران، چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسایەتییە پلە بەرزە بیانییەکان و "رۆژە جیهانییەکان" کە بۆ ئاریشەیەکی دیاریکراو پێشبینی دەکرێن (وەک HIV، نەخۆشیی سیل، ئاوی پاک، پرسی ژنان، مافەکانی مرۆڤ) و بەهای هەواڵگەلێکی پێشبینیهەڵگر دەخەنە ڕوو.

لەبەرئەوەی ئەوان پێناسەیەکی باویان وەکو هەواڵ هەیە، ڕاپۆرتنێران وێ دەچێ ببنە کەسانێک کە زانیارییەکان پەسند دەکەن (Castañeda, 2010). هەر بەو جۆرە، ڕووداوە هەواڵییە بەرنامەڕێژینەکراوەکان دەرەتانەکان دەڕەخسێنن. ئەوانەی هەڤپەیڤینیان لەگەڵ کراوە لەمەڕ پێویستیی ئامادەییی هەمیشەیی و دەستبەسەرداگرتنی دەرەتانەکان لە دەورەیەکی هەواڵیدا دەدوێن. "ڕووداوە هەواڵییەکان" کە سەردێرەکان دیاری دەکەن و لەسەر دەورە هەواڵییەکان بڕیار دەدەن، لەوانەیە وەها دەرەتانگەلێک پێشکێش بکەن. ئەوان بەجۆرێک لە دەربڕینەکان و کردەوەکان بەهۆی هەواڵسازییە رەسەنەکانەوە تێوە گلاون، هەواڵسازە رەسەنەکان وەک بەرپرسە حکوومەتییە پلە بەرزەکان، ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیۆن و کەسە بەناوبانگەکان لە بوارەکانی وەرزشی و

سەرگەرمییەوە. ڕووماڵکردنی دیاریکراو دەتوانێ لەمەڕ کۆمەڵێک پرس بێت، وەک باسە پەرلەمانییەکان، کارەساتە سروشتییەکان، هەلومەرجە لە ناکاوەکان لە باری سەلامەتییەوە، ریسواییەکانی پێوەندیدار بە گەندەڵییەوە و توندوتیژی نواندن لەبارەی مافەکانی مرۆڤەوە.

چەند نموونە روونی دەکەنەوە کە چۆن NGOکان لە ڕووداوە هەواڵییە بەرنامەڕێژینەکراوەکاندا پێش دەکەون. لە ئەرجەنتین، دوای ئەوەی چاپەمەنییەکان، قایمەقامی پایەتەختی پارێزگایەکیان بە کەسێک ناو برد کە توندوتیژیی بنەماڵەییی کردووە، گرووپەکانی ژنان لە ناکاو بە شێوەیەک چالاک بوون کە ڕاپۆرتنێران بە دوویانەوە بوون (Caher, 2009). کاتێک کەسانێکی ناوداری خەڵکی ئەرجەنتین بە هۆی تەنگی هەناسەوە بە شێوەیەکی ئاڵۆز دەمرن، گرووپەکانی لایەنگری کۆنترۆڵی تەمباکۆ دەرەتانەکان بۆ جێگرتنەوەی ئاکامگیریگەلی نێگەتیڤ لەسەر جگەرەکێشان لە هەواڵەکاندا دەدۆزنەوە (Roman, 2009). لە مێکزیک، ریسوایی لەبارەی هەڵسوکەوتی خراپ لەگەڵ منداڵ لە ناوەندە کۆمەڵایەتییەکانی سەر بە حکوومەت، دەرەتانگەلێکی نائاسایی بۆ گرووپەکانی داکۆکیکاری مافەکانی منداڵان دەرەخساندووە کە هەواڵسازی بکەن (Romero León, 2009). هەروەها، لە قاودانەکانی چاپەمەنییەکان لەمەڕ هەڵسوکەوتی خراپی سەربازەکان لەگەڵ ژنانی خۆجێیی دەرەتانگەلێکی نائاسایی بۆ هەواڵسازی بۆ گرووپەکانی داکۆکیکاری مافەکانی خەڵکی خۆجێیی و ژنان دەرەخساندووە.

## هەواڵسازی و "لۆجیکی رۆژنامەوانی"

بە پروفیشناڵکردنی هەواڵسازیی NGO خوازیاری شۆڕش لە رۆژنامەوانیدا نیە، بگرە زیاتر خوازیاری خۆگونجاندن لەگەڵ "لۆجیکی رۆژنامەوانی"ی باو لە راگەیێنە سەرەکییەکاندایە. لێرەدا، من بۆ ئاماژە بەو بارودۆخ و رێوشوێنانەی کە رۆژنامەوانییان پێ دەناسرێتەوە وەکو کۆمەڵەی پراکتیکی پروفیشناڵ، کەڵکم لە ئیدەی "لۆژیکی رۆژنامەوانی" وەرگرتووە، زیاتر لەوەی باوەڕم بە "لۆژیکی میدیا" (Mazzoleni, 1987) بێت. "لۆجیکی میدیا" وەکو رێگەیەکی بینین و روونکردنەوەی ئەو کاروبارە کۆمەڵایەتییانەی کە لە کەناڵ و شێوازە راگەیێنییە جۆرەوجۆرەکاندا کاریان پێ دەکرێ، پێناسە کراوە (Altheide & Snow, 1979). بەرهەمهێنەرانی میدیا لەگەڵ ئەو شێواز و نەریتە زاڵگەلەی دەربڕی بارودۆخی راستەقینەن، خۆیان دەگونجێنن.، "مازولینی" (١٩٨٧) لە جیاوازیدانانە بە باشیی ناسراوەکەی خۆی لە نێوان "لۆجیکی میدیا" و "لۆجیکی هاوبەش"دا، بەوەی زانی کە "لۆجیکی میدیا" کە لەسەر بنەمای پێویستییە تەکنیکییەکان دامەزراوە، ئاوێتەی نۆرمە رۆژنامەوانییەکان و چاوەڕوانییە بازرگانییەکان بووە. باوەڕ بە "لۆجیکی میدیا" زۆر ناڕێکتر و گشتیتر لەوەیە کە باسی بەرچاوی رێژەییی لێڕوانینی مازولینی پێ بکرێ: پێڕەوی لە پراکتیک و نۆرمە رۆژنامەوانییەکان لەنێو پێکهاتەی سیاسی ـ ئابووریی راگەیێنەکان و چوارچێوە تیکنۆلۆجیاییەکاندا پنچی داکوتاوە. بەناو "لۆجیکی میدیا" بەشێوەیەکی جیاواز لە بنەڕەترا

ئامـاژە بە "لۆجـیکی ڕۆژنامـەوانی" دەکـات، زیاتر لەوەی ئامـاژە بە پێویسـتیـیـەکـانی داسـتـانە خەیاڵییەکان، بەرنامە وتووێژییەکان، سەرگەرمی و جۆرەکانی تری دەقە ڕاگەیێنییەکان بکات.

لۆجیکی ڕۆژنامـەوانی چوار بەش لەخۆ دەگرێ: بەها هـەواڵـیـەکان، چوارچێوە ڕاگەیێنییەکان، بارودۆخی کار و هەلومەرجی سەرنووسیاری.

یەکـەم، بەها هـەواڵـیـەکـان ئامـاژە بە پێـوانەکـانی ڕۆژنامـەنووسـان بۆ کـەڵک وەگـرتن لێـیـان بەمەبەستی پێناسەکردنی هەواڵەکان دەکەن. لە چەمکدا، ئەوان پێوەندی دراون بە فاکتۆرگەلێک وەک تازەیی، مەودای کولتووری ـ جیۆگرافیایی، هەڵکەوتە و فاکتۆرەکانی تر کە لە لێکۆڵینەوە کلاسیکەکاندا تاقی کراونەتەوە (Galtung & Ruge, 1965). وەها پرسگەلێک بۆ ئەو پرسیارانەی دەگـەڕێنەوە کە ڕۆژنامـەوانەکـان ناچارن لە خـۆیانی بکـەن: هەواڵەکە لـە کـوێیـە؟ چی ڕووی داوە؟ هـەواڵەکە لەسـەر کێیە؟ کێ بۆی گرینگە؟ بەردەنگەکانمان گرینگی پێ دەدەن؟

دووەم، چوارچێـوە ڕاگـەیێنیـیـەکـان ئامــاژە بـە پێـوەندیی نێـوان ژینگە تێکنۆلۆجـیـاییـیـە دیاریکراوەکان و شـێـوازەکـانی ڕاپۆرتدان دەکـەن. لە دەقی پەیامـە بـازرگـانیـیـەکـاندا، بەرنامـە هەواڵییەکانی تەلەڤزیۆن بەگشتی وێنەگەلێکی بەهێز، ماکگەلێکی هەستبزوێن، دەقگەلێکی بەهێز و خـەڵکێکی قسـەزان لە بەردەم کـامـێـرادا بەکـار دەهێنرێن. هەروەک چۆن ڕاگـەیێنە چاپییـەکـان ڕێوشوێنە گشتی پەسندەکان و دەقە "بێدەنگکەرەکان" بەکار دەهێنن، ڕۆژنامەکان و هەفتـەنامەکان دەبنە ئۆگری وێنە خوێنەر ـ دۆستەکان، هەواڵە بەناوبانگ و هونەرییەکان و نیشانە مرۆیییەکان.

سێیـەم، بـارودۆخی کـار ئامـاژە بە دەڤـەرە کـارییـەکان و کولتووره دامـەزراوەییـیـەکـان دەکـات. ڕاپۆرتنێـران بۆ ڕاپۆرتدان لەسـەر ڕووداوەکـان بە بەرنـامـە و سـەرچاوەگـەلی بەرتەسکەوە لەژێر پاڵەپەسـتـۆی بەردەوامـدان، هـەروەک چۆن لـەنێـو هـێـزی کـاری پەیمانکار و چەوسـاوە لە ژووری هـەواڵـەکـانـدا دڵەڕاوکێ بڵاو دەکـرێتـەوە. وەها بـارودۆخگەلێک بنەڕەتی زاڵبـوونی "ڕاپۆرتدانی پەرچەکردارانە لە ژوورەکانی هـەواڵی ئەمەریکای لاتین پێک دێـنن، کە لە بنەڕەتڕا لەسـەر "ڕووداو و هـەواڵـیـەکـان"ی ڕۆژ تەرکیـز دەکـەنـەوە و بە کـەمی داسـتـانگـەلی پڕ مـەترسی و لێپرسینەوەییـانە بەرهـەم دێنن.

چوارەم، هـەلومـەرجی سەرنووسیـاری پێوەندی بە خـاوەنداریی ڕاگەیێنەکان، ئۆگرییـەکانی بازاڕ و هێزی ئەندامانی کـەرتی تایبەتی ئەنجـوومەنی سـەرنووسیـاری و بەڕێوەبەریی باڵاوە هـەیە. ئەوان سنووری ئاریشـەکان، سەرچاوەکان و چوارچێوەکان هێڵکاری دەکـەن. بە هـۆی ئەوەی هـەلومـەرجی سـەرنووسیـاری بـەهـۆی ڕاگەیێنە نوێکانـەوە گـۆڕانیـان بەسـەردا هـاتووە، "لۆجـیـکی " ڕۆژنامـەوانی لەودیوی ژوورەکـانی هـەواڵدا پێناسـەکـراو نیـە. تەنـانەت کـاتێک ڕاپۆرتنێـران بەهـا هـەواڵـیـە هـاوشـێـوەکـان ڕادەگرن و ڕووبـەڕووی هـەلومـەرجی کـاریی بـەراوردکـارانە لـەوبەر دامـەزراوەکـانی هـەواڵ دەبنەوە، جـۆراوجـۆریی هـەلومـەرجـە سـەرنووسیـارییـەکـان بە شـێـوەیەکی قـووڵ لە لۆجیکی

ڕۆژنامەوانیدا ڕەنگ دەدەنەوە.

ئەگەر لۆجیکی ڕۆژنامەوانی بەسەر چوار بەشدا دابەش بکرێ، دواتر ڕاگەیێنی هەواڵی زیاتر وەکو ئەنجوومەنگەلێکی ناهاوچەشن دەردەکەون تا ئەوەی کە بەرچەسپە باوەکان (بۆ نموونە، "میدیا") پێشنیازی دەکەن. دەکرێ ئەو پێشنیازە عەقڵانییەش بکرێ کە جیاوازی زیاتری لۆجیکی ڕۆژنامەوانی و بە ڕەوا زانینی پرەنسیپەکانی پلۆرالیزم و لەخۆگری، لەوانەیە دەرەتانگەلێکی باشتر بە NGOکان بۆ هەواڵسازی بدات. بەپێچەوانەوە، کاتێک لۆجیکی ڕۆژنامەوانی بەهۆی پێناسەگەلێکی بەرتەسکی بەها هەواڵییەکان، هێما سەرگەرمیکەرەکان، پاڵەپەستۆ بازرگانییەکان و جۆرەوجۆریی کەمەوە لەودیوی هەلومەرجی سەرنووسیارییەوە بەرتەسک بکرێتەوە، چاوەڕوانییەکان کاڵترن.

ئاوێتەبوونی فاکتۆرە پێکهاتەیی و دامەزراوەییەکان، لۆجیکی ڕۆژنامەوانی بەهێزتر دەکات. وەرگربوونی دامەزراوەکانی هەواڵ لە ڕاستای NGOکاندایە هەم وەکو سەرچاوەکانی هەواڵ و هەم جۆرەوجۆریی بابەتەکان. لەلایەکەوە، ئاوێتەبوونی ئاراستەی هونەری ڕۆژنامەوانی، پرەنسیپە بازرگانییەکان، خاوەندارێتی ناوەندگەرا، ژوورە بن ـ سەرچاوەکانی هەواڵ، خۆگونجاندنی بە ئاراستەی شار و شوێنە گشتییە دەوڵەمەندترەکان و پیلانی میدیا ـ حکوومەت، مەیدان و ئاسۆگەی بابەتی لە هەواڵەکاندا بەرتەسک دەکاتەوە. جگە لەمە، لە ناوچەیەکدا کە بڵاوکردنەوەی دەنگی ـ ڕەنگیی گشتی و ڕاگەیێنە پێوەندیکارییەکان بە شێوەیەکی مێژوویی لاواز بوون، NGOکان بۆ هەواڵسازی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر دژواری ڕووبەڕوو دەبنەوە. لەلایەکی ترەوە، زیادبوونی گۆڕەپانەکانی هەواڵ لە ڕادیۆ، تەلەڤزیۆنی کابلی و لە ئینتەرنێتدا کە لەگەڵ خۆگونجاندنی سەرنووسیاری میانڕۆیانەدا تێکەڵاوە، دەرەتانگەلێک بۆ هەواڵسازیی NGOکان پێشکێش دەکات.

بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەکان و حەفتەنامەکان هەروەک سەدان بەرنامەی ڕادیۆیی، هێندێ جار بۆچوونگەلێک بەرهەم دەهێنن کە بەهۆی فاکتۆرە سیاسی و ئابوورییەکانەوە دەکەونە بەرامبەر ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دەوڵەتییانەوە. وەها جیاکارییەک، لەم ڕێگەیەوە بە کەمی لە بەشی هەواڵەکانی تەلەڤزیۆنە سەرەکییەکاندا بەرچاو دەکەون (Waisbord, 2010). تەلەڤزیۆنی کابلی و وێستگەکانی ڕادیۆ دەیان بەرنامە نیشان دەدەن کە بە هەمان بەهای سەرگەرمیکەرانە و گرینگیدان بە بردنە سەرەوەی ژمارەی بەردەنگەکان وەک لە هەواڵە تەلەڤزیۆنییەکانی سەعاتە پڕ بینەرەکاندا هەیە، پێبەند نین. لە حاڵێکدا بۆ داستانە ورد و قووڵەکان لەمەڕ پرسە کۆمەڵایەتییەکان بە کەمی لەو سەرچاوەگەلە کەڵک وەردەگیردرێ کە دەگمەنن و لەو ڕاپۆرتانەدا بەکار دەهێنرێن کە لە ڕاستای دامەزراوەکانی هەواڵدان، ڕووماڵکردنی "کەموکووڕی" هەر ئەوەندە لواوە کە ڕۆژنامەنووسەکان ئەو ماکەگەلە بدۆزنەوە کە لەگەڵ لۆجیکی ڕێژەیی دامەزراوە هەواڵییەکانیاندا دەگونجێن.

بە کورتی، "لۆجیکی ڕۆژنامەوانی" بەهۆی فاکتۆرە دامەزراوەیی و کولتوورییەکانەوە دیاری

دەکرێ. هێشتا ئەوە بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەوە کە لۆجیکی رۆژنامەڤانی هاوشێوەی راگەیێنە سەرەکییەکان نییە، گرینگیی خۆی ماوە. لە ئەمەریکای لاتیندا، شوێنێک کە هەلومەرجی سەرنووسیاری دامەزراوەکانی هەواڵ پێک نەگونجاو و دینامیکە، هەڵەیە کە "لۆجیکی رۆژنامەوانی" وەکو یەکەتییەکی درز تێنەکەوتوو یان وەکو چەمکێکی تاقانە پێناسە بکرێ. بەهۆی ئۆگرییە پێوەندیدارەکان بە سەرنووسیارییەوە هەروەک فاکتۆرە لاوەکییەکان (بۆ نموونە پێوەندیی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییە حکوومەتییەکان، مەیلە هەواڵییەکان، "ڕووداوە هەواڵییەکان")، ئۆگریی دامەزراوە هەواڵییەکان لە هەمبەر پرسەکان لەلایەن NGOگەلێکی دیاریکراوەوە کە بە شێوەیەکی بەرین فرەتر دەبن، کیشمەکێشیان لەسەرە و بە تەواوی پێشبینی ناکرێن. وەها سیناریۆیەک NGOکان لەگەڵ بەرتەسکبوون و دەرەتانی هەواڵسازی ڕووبەڕوو دەکات.

## لە کوێدا NGOکان و لۆجیکی رۆژنامەوانی بە یەک دەگەن

دوو لۆجیکی جیاوازی پرۆفیشناڵ و پێ ئەسپێردراوی دامەزراوەیی لە لێک کارکردنی نێوان NGOکان و دامەزراوە هەواڵییەکاندا دەخیلن (Calvo, 2009; Jacquelin, 2009; Jusidman, 2009; Napoli, 2010). ئەوان وەدووی ئاراستەی پرەنسیپی جیاوازەوەن. NGOکان لە بنەڕەترا خۆیان وەکو چالاکانی کۆمەڵایەتی کە لە ئەنجوومەنە سەقامگیرەکاندا کار دەکەن، دەبینن. ئەوان بۆ سیاسەت و پرسی دیاریکراو خەبات دەکەن، بەدەر لەوەی ئەوانە هەلومەرجی باشتر بۆ ژیانی خەڵک لە زیندانەکاندا، بڕیاردانی توندوتۆڵتر لەسەر توندوتیژیی بنەماڵەیی، سیاسەتە ژینگەیییەکان یان ببێتە هۆی لاوازکردنی بەرنامە بەرهەمهاتووەکان. ئەوان بە دڵنیاییەوە نیگەرانی ژیانی دامەزراوەیین، ئەوان هێشتا لەنێو مەنشووری لایەنگریدا جیهان بە چاوی پێویستییەک سەیر دەکەن. جیهان پڕە لە هەڵەکان کە پێویستی بەوە هەیە لە رەوتی تەگبیر و هاریکارییە شارۆمەندییەکاندا راست بکرێنەوە.

دامەزراوەکانی هەواڵ، لەلایەکی ترەوە پێبەندی ئامانجگەلێکی جیاوازن. لە ئەنجوومەنە بازاڕ - خۆگونجێنەرەکاندا، ئامانجە بازرگانییەکان لە ناوەندی داڕشتنی راگەیێنە هەواڵییەکاندایە. وەها کەڵکەڵەیەک، سەرنجی ئەندامانی دەستەی نووسیاران و یەکەتییەکانی بەڕێوەبەرە پلە بەرزە بەرچاوەکان ڕادەکێشێ (بۆ نموونە، فرۆشتنەکان و کاروباری بازاڕ). ڕاپۆرتنێرەکان لۆجیکی رۆژنامەوانیی پروفیشناڵ پلەبەندی دەکەن. تەنانەت ئەوانەی بە شێوەیەکی تاکەکەسی لەگەڵ ئارمانە دیارەکان (و NGOکان) کە پێویستە "لۆجیکی رۆژنامەوانی" لە بەرچاو بگرن، هاوسۆزی دەکەن. نیگەرانییە پرۆفیشناڵەکان بەگشتی لە رەوتی پێکهاتەی دامەزراوە چاپییە مەزنە بازرگانییەکاندا بەسەر سیاسەتی تاکەکەسیدا بڕیاردەرن. وەها نیگەرانیگەلێک بەگشتی گرێدراوی ئیدیالی ڕاپۆرتدانی بێلایەنانەن و مونسیفانە نین، وەک لە وڵاتانی تردا هەن. ڕێساکانی بێلایەنی لە ژوورەکانی هەواڵی ئەمەریکای لاتیندا بە شێوەیەکی بێ ئامانج دیاری دەکرێن (Waisbord,

(2000a، وەک ڕاپۆرتنێـران دەڵێن، ئەوانـە بەگشـتی گـرێدراوی ڕووداوەکە، دامـەزراوەی هەواڵ، تاکەکەسگەرێتی و فاکتۆرە پێشبینی هەڵنەگرەکانن. پرۆفیشناڵیزم لە جیاتیی ئەوە، ئاماژە بە باسـە لۆژیکییـەکـان لە بەشی پێشـتـردا دەکـات، کـە زیاتر بۆ ئەو پرسـیـارانە دەگـەڕێتـەوە کـە ڕۆژنامـەنووسان بەگشتی کاریان پێ دەکەن. ڕووداوێک هەیە؟ شـتێکی نوێ هەیە؟ لەگەڵ مەجالی هەواڵەکانی ئیمڕۆدا دێتـەوە؟ ئاخۆ هـیچ کام لە بەرپرسـانی باڵا نارەنجێنێ؟ ئاخۆ ئامادە دەکرێ، کات و سەرچاوەی سنوورداری هەیە؟

کـاتێک لۆجیکە جـۆرەوجـۆرە پرۆفـیشـناڵەکـان یەک دەکـەون، پێناسـەکـردنی پێـوەندیی نێـوان NGOکان و ڕۆژنامەنووسان لە باری هاریکاریی تەواو یان دژایەتیی تەواوەوە نەلواوە. لە حاڵێکدا هێندێ پێوەندییە باشـەکان تا ڕادەیەکی لاوەکی پەرە دەستێنن، تێگیرانەکان هاوبەشن. جیهانی NGOکان بەشێوەیەکی بەرچاو بەسەر بابەتی پرسەکان و داخوازییەکان بۆ گەیشتن بە هەواڵسازی و هـەروەها تێگەیشتن لە ڕەوایی وەکو سەرچاوەکانی زانیاری دابەش دەبێ. جگە لەمە، جـۆرەوجـۆریی مـیـانڕۆیانەی "لۆجـیکی ڕۆژنامـەوانی" پشـتـی بە ئۆگـریگەلێکی جـۆرەجـۆر لەنێـو دامەزراوەکانی هەواڵ و ڕۆژنامەنووسان لەمەڕ کۆمەڵێک پرسی مەدەنی و کۆمەڵایەتی بەستووە.

پێـوەندییـە هاریکارانەکان بەرینایییـەکە لـە هەڤپشگەرێتییـەکی نزیکەوە بۆ ئاڵووێرگەلێکی کەم دەگۆڕن. چەندین ئەزمـوون پێشنیـاز دەکەن کە NGOکان و دامـەزراوەکانی هـەواڵ لە پێناو بردنە سـەرەوەی ئاسـتی ڕوونبوونی ئاریشـە دیاریکراوەکانـدا پێکەوەن. ئەوە بۆ دامـەزراوەکـانی هـەواڵ نائاسایی نییـە کە بە شێوەیەکی بەربڵاو بۆ هـۆکارە دیاریکراوەکان باوەشی ئاوەڵا بێ. بۆ نموونە، "لا ناسـیـۆن"ی ئەرجـەنتین لە هەڤـپـشکبـوون لـەگـەڵ NGOی "پۆدێر سـیـۆدادانۆ" و بەڕێوەبەری هەواڵدێری "لویس مـاژول"دا، بە شـێـوەیەکی بەربڵاو بۆ کـۆتاییـهـێنان بە مـووچەی خـانەنشـینی "زێڕین" بۆ ئەندامـانی کۆنگرە و هۆکارەکانی تر، خـەباتیان دەکرد. پشتیوانیی سـەرنووسیـاری بە شێوەیەکی لێزانانە چانسـەکانی هەواڵسازی کـەم کردەوە. لە ئەرجەنتین، ئۆگرییە درێژماوەکانی "Página/12" و پشـتـیـوانی لە مـافـەکـانی بەرهـەمـهـێنانەوە و مـافـەکـانی مـرۆڤ، بۆ NGOکـان دەرەتانگەلێکیـان ڕەخسـاندووە کە لە پێ ئەسپێردراوێکی مافتـەوەر لە پێناو ئاریشـە سیـاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا پشتیوانی بکەن.

ئۆگریی سـەرنووسیـاری "لا ناسـیۆن" بۆ یەکەتیی کۆمـەڵایەتی و یارمەتیگەرایی بڕواتەوەر کاری NGOکانی ئاسانتر کردووەتەوە، بە تایبەت ئەوانەی لەسەر پرەنسیپە خێرخوازی و کاتۆلیکەکان دامـەزراون. هەروەها، پشـتـیـوانیی ئاوەڵە بـۆ یاسـامـەندکردنی کـونترۆڵی توندی تەمبـاکـۆ (لەوانە پشتیوانی لە بنەما جیهانییەکەی) لەلایەن ڕۆژنامەکانی ئەرجەنتینەوە، تاکتیکەکانی هەواڵسازی بۆ ئاوێتەکردنی کۆنترۆڵ ـ تەمباکۆی ئاسانتر کردووە. لە مەکسیک، ڕۆژنامەی "ئێل یونیڤێرسال" و هەفـتـەنامـەی "پرۆسـێسـۆ"، بە شـێـوەی بەردەوام پرسـە کـۆمـەڵایەتییـەکـان ڕوومـاڵ دەکـەن و بە شـێوەیەکی بەربڵاو پشـتـیـوانـی لە کـۆمـەڵێک پرس دەکـەن (بۆ نموونە، ڕوونبـوونەوەی کـاروباری

حکوومـەت) کـە لە ناوەندیی داخـوازییـەکـانی چەندین MGOدان. جگە لەمـە، "لیـدیا کـاچۆ"، ڕۆژنامەنووسی ناسـراو و "کارمێن ئاریستێگیو"، پێشکێشکاری تەلەڤزیۆنی CNN، بە شێوەیەکی بەردەوام لە زۆر پرس کە NGO جۆرەوجۆرەکان دەیانورووژێن، پشتیوانی دەکەن.

ئێـسـتـا هەمـوو شـتـێک بە پشـتـیـوانیی سـەرنووسـیـاری بەسـتـراوە نییـە. هەم NGOکان و ڕاپۆرتنێـران لەمـەڕ کـاریگەریی هەوڵە تاکەکـەسـییـەکـان بۆ ڕوومـاڵکردنی هەواڵ قـسـە دەکـەن. NGOکان بە شێوەیەکی بەردەوام بۆ دۆزینەوەی ئەو ڕاپۆرتنێرانەی شتەکان قبووڵ دەکەن و خـوازیاری ڕوومـاڵکردنی ڕووداوەکانن، دەگەڕێن. ڕاپۆرتنێـران دەڵێن پێناسـەکردنی ئەو پرسـانەی بەهـای هـەواڵییان تێدایە، لە پێشدا بڕیاریان لەسـەر نادرێ. سنوورەکانی کۆمـەڵێک پرس بەردەوام گــۆڕانیــان بەســـەردا دێ و ئەوانـە لە بەشـــەکـــان و دامـــەزراوە هـەواڵـیـــەکـــاندا جـــیـــاوازن (Camps,2008;Lagunes, 2009; Loewy, 2008; O_Donnell, 2008).

چەمکە ڕاگەیێنییەکان ـ بەشی یەکەم

بیاڤی هەواڵی: Beat

مەجالی هەواڵی: Newshole

چەمک، بابەت: Term

گۆڕەپان، مەیدان: Platform

دزەهەڵگر: Permeable

ژووری هەواڵ: Newsroom

هەواڵە سەرەکییەکان، هەواڵەکانی ڕەوتی سەرەکی: Mainstream News

ڕووماڵکردن: Coverage

ڕایەڵە: Network

دەرکەوتن: Visibility

ناسراوی ڕاگەیێنی: Media Publicity

لێڕوانین: Approach

نۆرمەکانی کاری هەواڵ: Norms of Newswork

ڕۆتینە زاڵەکان: Dominate Routines

ڕاپۆرتنێر: Stringer

سەردێرە هەژێنەرەکان: Grim headlines

بردنە سەرەوەی ژمارەی بینەران: Rating-obsessed

هەواڵە تەلەڤزیۆنییەکانی سەعاتە پڕ بینەرەکان: Prime Time Television News

# پێشوەچوونی مێدیاییەکان

رۆژنامەی ژورنالیستێن

## بەشی دووەم

## میدیا و پارە
## کولتوور و رۆژنامە و کولتوور و پارە

سەرەتا

### رۆژنامەڤانیی کولتووری چییە؟

رۆژنامەڤانیی کولتووری ئەوە جۆرە لە رۆژنامەڤانییە کە هەڵسەنگاندن، تاووتوێکردن و لێکدانەوەی لایەنە کولتوورییەکان لە کۆمەڵگە وەئەستۆ دەگرێ. لێرەدا مەبەست لە چەمکی کولتوور هەموو لایەن و بەشە کولتوورییەکانە هەر لە کولتووری جوانەوە وەک ئۆپێرا و بالە بگرە هەتا کولتووری گەلەری وەک گۆرانی، موزیک، فیلم، دانس، جلوبەرگ، خواردن و خواردنەوە. وەک نەریت بەشێکی گرینگ لە کولتوور ئەدەبیات و رەخنەی هونەری تەشکیلی وەبەردەگرێ بەڵام لە پێناسەی نوێی کولتووردا هەموو دیاردە کولتوورییەکان جێگە دەگرن و ئەرکی رۆژنامەڤانیی کولتووریش ئەوەیە لێکدانەوە و تێگەیشتنێکی قووڵ و هەمەلایەنە لە کولتوور پێشکێش بە خوێنەران یان بینەران یان بیسەران بکا. ئامانجی رۆژنامەڤانیی کولتووری ئەوەیە کە کولتوورەکان شی بکاتەوە، بەراوردی بکا و لە شێوازی تێکست و وێنەدا بەرەورووی تێگەیشتنی گشتی بکاتەوە.

................................................................

وەرگێرانی سوێدییەوە: سیاوەش گۆدەرزی

ڕۆنامەڤانیی کولتووری لە خۆیدا دیاردەیەکی نوێ نییە و هەر لە سەدەی حەڤدەی هەزارەی ڕابردووەوە ئەودەم کە لە لەندەن لە بەریتانیا سەری هەڵدا هەتا ڕۆژی ئیمڕۆ لە گەشەسەندن و پێشوەچووندا بووە. ڕۆژنامەڤانیی کولتووری لەپێشدا لە قاوەخانەکانی لەندەن سەری هەڵدا کە خەڵکی لەو قاوەخانەدا کۆ دەبوونەوە و باسی کولتووریان لە گەڵ یەکتری ئاڵوگۆڕ دەکرد و ئەمەش بوو بە هۆی سەرهەڵدانی باس و موناقشەی کولتووری. دواتر وردە وردە لە سەدەی هەژدەدا باسە کولتوورییەکان لە ڕۆژنامەکاندا سەریان هەڵهێنا. لە سەدەی نۆزدەدا باسەکان زیاتر لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە لە ڕۆژنامەکاندا هاتنە ئاراوە و لە کۆتاییی سەدەی بیستدا ڕۆژنامەکان لاپەڕەی تایبەتیان بۆ کولتوور تەرخان کرد. لە وڵاتی سوێددا یەکەم جار لە ساڵی ١٩٦٠دا لاپەڕەی تایبەتی کولتووری لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو کرایەوە. ئیمڕۆکە هیچ ڕۆژنامەیەک نابیندرێ کە بەشی کولتووری یان لاپەڕەی کولتووری نەبێ و بەتایبەتی ڕۆژانی پشوو لاپەڕەکانی بەشی کولتووری ڕەنگە بۆ نموونە لە لاپەڕەی دەنگوباس زۆرتر بێت.

ناتە نوگراد کریستێنسن Nete Nrgaard Kristensen لێکۆڵەرەوەی کولتووری لە دانیمارک لەو بڕوایەدایە کە ڕۆژنامەڤانیی کولتووری لەم ساڵانەی دواییدا کەوتووەتە بەر گۆڕان. ئەم گۆڕانانە هەم بەرەو لای باشیدا ڕۆیشتوون و هەمیش لە هێندێک بوارەوە بەرەو لای خراپدا داشکاون. وەک لایەنی ئەرێنی قەد وەک ئێستا هیچ جارێک لە دانیمارک وەک ئێستا کە لە میدیاکاندا لەسەر کولتوور دەنووسرێ و دەگوترێ، پێشتر نەکراوە. ڕۆژنامەڤانە کولتوورییە نوێگەرەکانی ئیمڕۆ لە تێگەیشتنێکی بەرفراوانەوە بۆ کولتوور لە کولتوور دەڕوانن چونکە ئیمڕۆکە هەم پیشەسازیی کولتووری و هەم میدیای کولتووریش ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە. بابەتە کولتوورییەکان هەروەک ڕۆژنامەکان چۆن بۆ خۆیان ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ ئەستوورتر دەبن ئەوانیش بە هەمان شێوە درێژتر دەبن. لەگەڵ ئەوەی تێکستە کولتوورییەکان لە جاران کورتترن بەڵام ڕازاندنەوەی تێکستەکان بە وێنە و نیگار بابەتەکانیان درێژتر کردووەتەوە. پێناسەی کولتوور بەپێی کریستێنسن وەک پێشوو تەنیا کولتووری جوان و کولتووری گەلەری وەبەر ناگرێ بگرە شێوەژیانیش وەک جۆری دیزاینی نێو ماڵ، هەڵواسینی گڵۆپ و هەموو فێنۆمێنێکی کولتووری دەگرێتەوە. سنووری نێوان ئەوەی چی کولتوورە و چی کولتوور نییە ڕەوییوەتەوە، یان سنوورێک نابیندرێ.

## ڕۆژنامەڤانی کولتووریی بازاڕێکی بەسوود

ناتە نوگارد کریستێنسێن لێکۆڵەرەوەی میدیایی لە زانکۆی کۆپنهاگن لە دانیمارک لەو باوەڕەدایە، لاپەڕەی کولتووریی ڕۆژنامەکان پرۆڤایلی ڕۆژنامەکان دیاری دەکەن و زیاتر لە ستاتۆی ڕۆژنامە وەک سیاسەت و کۆمەڵگە کە بەردەوام دەکەونە لاپەڕەکانی پێشەوەی ڕۆژنامە، خوێنەر و ئابوونەی زیاتر بۆ لای ڕۆژنامەکان ڕادەکێشن.

لاپەڕەی ئەدەبی زۆر بەدەگمەن دەکەوێتە لاپەڕەکانی پێشەوەی ڕۆژنامە، بگرە هەموو کات




جێگەیەکی لە پاشەوەی ڕۆژنامەکان بۆ دیاری کراوە. بەڵام کولتوور لە خۆیدا گرینگییەکی زۆری بۆ ڕۆژنامەکان هەیە و هەر بۆیە دەبێ زۆر زیاتر بخرێنە لاپەڕەی یەکەمەوە.

ناتە نوگارد کریستێنسێن و هاوڕێیەکی لێکۆڵەرەوەی بەناوی ئونی فروم لە زانکۆی ئارهویس لە لێکۆڵینەوەیەکی سەرەنجڕاکێشدا لەژێر سەردێری "ڕۆژنامەڤانی کولتووری ڕۆژنامەڤانی لەسەر کولتوور" کە لە ساڵی ٢٠١١دا بڵاو کراوەتەوە باسی ئەوە دەکەن کە چۆن ڕۆژنامەڤانی کولتووری لە چاپەمەنیی دانیمارکدا لە ١٩٠٠وە هەتا ڕۆژی ئیمڕۆ گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

نوگارد کریستێنسێن و ئونی فروم جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەرکی ئەوان لە لێکۆڵینەوەکەدا ئەوە نەبووە هیوایەتی گۆڕانکارییەکان لە چاپەمەنیی دانیمارکدا بخەنە ڕوو بگرە مەبەستی ئەوان ئەوە بووە کە تەنیا باسی ئەو ئاڵوگۆڕانە بکەن کە لە ڕاستیدا ڕوویان داوە. ئەوان پاش ئەم لێکۆڵینەوە گەیشتوون بەو ئاکامە کە سنووری نێوان لەلایەکەوە بابەتی کولتووری کلاسیک و لەلایەکەی ترەوە خوێنەر و شێوازی ژیانی ڕۆژنامەڤانی گۆڕدراوە و ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە.

ئەو چەمکە کولتوورییەی کە ئەوان کاریان لەسەر کردووە چەمکێکی بەربڵاوە کە هەر لە کولتووری جوان وەک ئۆپێرا و دانسی باڵەوە بگرە هەتا کولتووری گەلەری و مەتریالی شێوەژیان وەبەر دەگرێ.

پێوەندیی بەوەی لەسەر چی بنووسرێ، دەکرێ هەموو شتێک هەر لە خواردن، مۆدەی جلوبەرگ، زنجیرەی تەلەڤزیۆنی و گەمەی کۆمپیوتەرییەوە بگرە ببێتە مەبەست بۆ نووسینی ڕۆژنامەڤانی کولتووری.


نوگارد کریستێنسێن

ئەم دوو نووسەرە بۆ ئەوەی ڕوون و ڕەوان بن لەگەڵ مەبەستەکانیان لە چەمکی تێکەڵاوی "ڕۆژنامەڤانی لەسەر کولتوور" لە باتی "ڕۆژنامەڤانی کولتووری" کەڵک وەردەگرن وەک چەمکێک کە تەنیا لەسەر کولتووری کلاسیک ڕاوەستە دەکا و خۆی بە کولتووری کلاسیکەوە دەبەسترێتەوە.

بەپێی بۆچوونی ناتە نوگراد کریستێنسێن ڕۆژنامەڤانی لەسەر کولتوور زۆر کارکردی هەیە. وەک نموونەیەک دەکرێ هەواڵ و دەنگوباسی کولتووری لە نێوان بەرهەمهێنەر، فەرمیەتی

و وەرگـر یان کـڕیار ئاڵوویر بکا و باس و خـواسی تایبـەتی بێنێتـە گـۆڕێ بۆ نموونە لێکدانەوەی هونەر، هـەوڵدان بۆ باشتر تێگەیشتنی ئەو جیهانەی لێی دەژین و هـەروەها رەخنـەگـرتن و شـرۆڤـەی ئەوەی کـولتـوور لە خـۆیدا یانێ چی و مانای چ دەدا؟


ئونی فروم

نوگـارد کـریسـتـێنسـێن و ئونی فـروم پێـیان وایە ئەوەی لە ڕابردوودا ڕۆژنامـەکان خـۆیان وەک ئەنیسـتـیـتـۆی کولـتـووری دەزانی کە وەک ئەرک دەبوا خزمـەتە کولتوورییـەکان پێشکێش بە خـوێنەرەکـانیـان بکەن، ئێـسـتـا گـۆڕانی بەسـەردا هـاتووە و ڕۆژنامـەکـان بە شـوێن کـولـتـوورێکدا دەگـەڕێن کـە قـازانج و بەرژەوەندیی هەبێ و بتـوانێ هـەرچی زیاتر خـوێنەر بەرەو لای ڕۆژنامەکە ڕابکێشێ.

کـاتێک ئیمـڕۆ ماڵە مـیدیاییـیـەکان ئابووری لە پێشەوەی هەمـوو شتـێک دادەنێن، سروشـتـیـیە کە خودی کولتووریش دەکەوێتە بەر ئەم شاڵاوە. کولتوور لە خۆیدا وەک کەرەستـەیەکی خاو دەکرێ لە فـابریکای ڕۆژنامـەڤـانی و ڕۆژنامـەدا بەشـێـوەی  هەرە باش کەڵکی لێ وەرگـیـردرێ وەک بەرهـەمی باش و بەپێز پێشکێش بە خوێنەران بکرێ. ڕۆژنامەڤانی لەسـەر کولتوور دەبێ پێش هەمـوو شتێک بتـوانێ خـوێنـەری زۆرتر بۆ لای ڕۆژنامــە ڕابکێـشێ و لە باری ئـابوورییـەوە یارمـەتیی بـودجـە و داهاتی ڕۆژنامە بکات.

نوگـارد کـریسـتـێنسـێن لەو بـاوەڕەدایە هەمـوو ڕۆژنامـەڤـانێک ئیـمـڕۆ چ بیـەوێ و چ نەیەوێ بە شێوەیەکی دوفاکتۆ ئەو بەرهـەمانە وەبەرهـەم دێنێ کە بکرێ لە بازاڕدا بفرۆشرێ.

لە دانیمـارکدا سیاسـەت لە بەراورد کولتووردا دەکەوێتـە لاپەڕەکانی هەر پێشەوەی ڕۆژنامـەکان. سیـاسـەت هـەم لە دیجیـتاڵ و هـەم بە شێوەی فیزیکی و لەسـەر کاغەزیش دەتوانێ بۆ بەرهـەمـەکانی شێـوازی ژیان  کـڕیار پەیدا بکا. وەک نموونە ئێکۆلۆژی لەگەڵ زەوق و مـیزاجی خوێنەری سیـاسیی باش یەکدەگرێتەوە. ڕۆژنامەکان لە خۆیدا کاری کولتووری دەکەن و بە وەڕێخستنی کتێبفرۆشی و چاپخـانە پەرە بە لایەنە کـولتـوورییـەکـان دەدەن. پێـوەندییـەکی کـەوانەیی و هـەڤاڵبـەندی لـە نێـوان ڕۆژنامە، چاپخانە و بەرهـەمی شێوازە ژیانییەکاندا هـەیە.

نوگـارد کـریسـتـێنسـێن و ئونی فـروم لە لێکۆڵینەوەکـەیاندا ئامـاژە بە پرسـێکی سـەرنج ڕاکیش دەکەن ئەویش ئەوەیە لە کاتێکدا هـەر دێ و بایەخی کولتوور بۆ نموونـە لە ڕۆژنامەکانی دانیمـارکدا زیاتر دەردەکـەوێ بەو حـاڵەشـەوە سـیاسـەت و باری سـیـاسی لە ڕۆژنامـەکـاندا بەرزترین ئـاسـتی هـەڵکەوتەی لەنێو ڕێداکسیۆنی دەستەی نووسـەرانی ڕۆژنامەکاندا هـەیە.

تێگەیشـتنی ڕۆژنـامـەڤـانی لەگـەڵ سیـاسـەت گـرێ دراوە و کولـتـوور بەبوارێکی نەرم دەبیندرێ و

هەر بۆیە لە ڕوانگەی ناتە نوگراد کریستەنسێنەوە بەهەمان شێوەش لە جیهانی ئەکادیمی و لێکۆڵینەوەدا هێشتا گرینگی بە لایەنی کولتووری ڕۆژنامەکان نەدراوە. وا دیارە هێشتا چاودێری بەسەر دەسەڵاتی دەسەڵاتداران و چاوپێکەوتن لەگەڵ وەزیراندا بۆ ڕۆژنامەڤانی گرینگتر لە کولتوور و کولتووری ڕۆژنامەڤانی بێت. ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە وێنەیەکی خەیاڵی لە ڕۆژنامە چێ کراوە کە ڕۆژنامە فۆرم و سەکۆی دیمۆکراسی و بابەت و موناقشەی سیاسییە و ئەوە ڕۆژنامەکانن کە ڕۆژەڤی سیاسی دیاری دەکەن.

## ڕۆژنامەڤانی کولتووری و پارە لە ڕوانگەی چوار سەرنووسیاری سوێدییەوە

دانییەل ساندسترۆم، Daniel Sandström
سەرنووسیاری ڕۆژنامەی سویدسڤێنسکا



دانییەل ساندسترۆم

ئێستا کولتوور دەبێ وەک بەشێک لەم بازارە گەورەیە دابندرێ. کولتوور بەشێکە لە بازاڕی ئابووری و ناکرێ لە بازاڕ و پارە جوێ بکرێتەوە. ئێمە وەک ڕۆژنامەیەکی گەورەی وەک سویدسڤێنسکا ناچارین کە چاودێرییەکی بەرفراوانمان بەسەر کولتوورەوە هەبێت. بێجگە لەوە سیاسەت و ڕۆژنامەڤانی کولتووری پێوەندییەکی زۆر نزیکیان پێکەوە هەیە. بۆ نموونە لە ڕۆژنامەکەی ئێمە ڕۆژنامەڤانێکی وەک پەر سڤێنسۆن ئەوەندە کە ڕۆژنامەڤانێکی سیاسی و کۆمەڵگەییە ئەوەندە ڕۆژنامەڤانی کولتووریشە. بەڵام بەو حاڵەشەوە پێموایە دەبێ لاپەڕەی کولتووری هەمان قورساییی خۆی هەبێت و بە قیمەتی گرینگیدانی زیاتر بە بەشی سیاسی و کۆمەڵگەیی ناکرێ لە بەشی کولتووری دابشکێندرێ.

منیش پێم وایە کە کولتوور ئیمڕۆ پێناسەیەکی بەرفراوانتری هەیە لەوەی کە ڕابردوو پێناسە دەکرا . کولتوور دەبێ ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی پێشوەچوونەکانی کۆمەڵگە لە هەموو بوارەکان تەنانەت پێشوەچوونە تەکنیکییەکانیش بێت. هەر ئەوەی پێناسەی کۆنی کولتوور هەڵوەشاوەتەوە، ئەمە لەگەڵ خۆی هەم شیانی نوێ و هەم پرسی نوێشی لەگەڵ خۆی هێناوە.

یەکێک لە پرسەکان کە مەترسیدارە ئەوەیە کە کولتوور ببێتە جێگەی باس و موناقشەی وشکی سیاسی. واتە لە باتیی هەوڵدانی جیدیی لاپەڕە کولتوورییەکان هەر تەنیا ببێتە جێگەی قسەی بێ بنەما . ئیمڕۆ قسە زۆرە و کردەوە کەم وەک شاعیر توماس ترانسترۆمێر دەڵێ "ماندووم لەوانەی کە تەنیا وشە دەردەبڕن، وشە و تەنیا وشە بەڵام زمانیان نییە". وەشان و بڵاوکراوەیەکی

دیموکراتیک خۆبەخۆ پێک نایە، پێویستی بە کار و تێکۆشان و ئەزموون و زانست هەیە. ئەوەی کە پێی دەگوترێ پسپۆڕی.

ولات لەگەڵ ولاتیش ڕۆژنامەڤانی کولتووری دەگۆڕدرێ. بۆ نموونە لە نێوان سوێد و دانیمارک جیاوازیی ڕۆژنامەڤانی کولتووری هەیە. لە دانیمارک لە نێوان کولتووری ئیلیت و کولتووری خەڵکی جیاوازی هەیە. بۆ نموونە هیچ ڕۆژنامەیەکی دانیمارکی تیراژەکەی ناگاتە ڕۆژنامەکەی ئێمە ڕۆژنامەی سویدسڤێنسکا. لە شاری کۆپنهاگندا ١٠ ڕۆژنامە هەیە کە بۆ چین و گرووپی جیاجیا بلاو دەکرێنەوە. لە سوێددا ڕۆژنامەکان ڕوو لە زۆربەی خەڵکی دەکەن نەک چین و گرووپێکی تایبەتی.

زۆربەی خوێنەرانی ڕۆژنامەکەی ئێمە هەمان کتێب ناخوێننەوە کە ئێمە لە ڕۆژنامەکاندا هەڵیان دەسەنگێنین. ئێمە نایەین و ڕێکلام بۆ ئەو کتێبانە بکەین بگرە ئێمە ئەو کتێبانە تەنیا بە خوێنەرانمان دەناسێنین. ئەو کتێبانەی کە پێمان وابێ بۆ کۆمەڵگا گرینگن و لایەنێکی شاراوە دەردەخەن ئێمە بۆ خوێنەرانمان بە گرینگیان دەزانین. لە هەڵسەنگاندن لەسەر کتێبێکدا دەبێ ئەو زانیارییانە بە خوێنەران بدرێ کە خوێنەران بۆ خۆیان بگەنە ئەو قەناعەتە کە ئاخۆ ئەو کتێبە بایەخی ئەوەی هەیە کە وەختێک بۆ خوێندنەوەی ئەو کتێبە تەرخان بکەن یان نا؟ هەر بۆیە هەڵسەنگاندنی کتێب لە لاپەڕەکانی کولتووردا پردێک لە نێوان کولتوور و خوێنەردا بەهۆی ڕۆژنامەکانەوە چێ دەکا.

ئێستا لەلایەن گووگڵ، ئەپڵ و فەیسبووک مەترسییەک بۆ سەر بەرهەمی نووسەران، هونەرمەندان و خاوەن بەرهەمە کولتوورییەکانی تر هاتووەتە گۆڕێ. ئەم شەریکانە وەک کەرەستەی ئاسنرفێن کار دەکەن. ئەمان پێویستیان بە نێوەرۆکە کولتوورییەکان هەیە بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆیان ڕابکیشن بەلام کێشەکە لەوەدایە کە ئەو ناوەڕۆکانە بەرهەمی ئەوان نییە، خاوەن بەرهەم کەسانێکی ترن. بۆ نموونە شەریکەیەکی وەک گووگڵ هەموو کتێبی کتێبخانەکانی جیهان سکان دەکا و وەک مشەخۆر و پارازیت لەسەر ئەوان دەژی. لە کاتێکی وادا ئەوەی زەرەر دەکا خاوەن بەرهەمەکانن کە بەرهەمەکانیان بەخۆڕایی دەخرێنە هەوێڵی خەڵکی. هەر بۆیە نووسەر و گۆشەنووسان لە هەلومەرجێکی باشدا نین. پێشتر یارمەتییە کولتوورییەکان زۆر بوو و ئەمەش سەرچاوەیەکی داهات بوو بۆ بەشێک لەو نووسەرانە. بەلام ئیمڕۆ تەنیا بارودۆخی ئەو ڕۆژنامەڤانانە زۆر باشە کە دەتوانن لەم بازاڕەدا ڕکابەر و موونافسەکاری باش بن. هەر بۆیە هەژماری ئەو ڕۆژنامەڤانانەی لەسەر نووسینی خۆیان دەژین ئیمڕۆ لە بەراورد لەگەڵ ڕابردوودا کەمترە.

**ئۆسا لێندێربەری، sa Linderborg**

سەرنووسیاری لاپەڕەی کولتووری لە ڕۆژنامەی ئافتۆنبلادێت



ئۆسا لێندێربەری

لاپەڕەی کـولـتووری بـەشـێکی هـەرە گرینگ لە ڕۆژنامـەکـەی ئێمـە ئافتـۆنبـلادێت پێک دێنێ. هـەر بۆیە لاپەڕەی کولـتووری لە یـەکـــەم لاپەڕەکـــانـی ڕۆژنامـــە دادەنرێ. کـــولـتـــوور لـە ڕۆژنامـــەکـــەمـــاندا دەبێـتـــە هۆی ئەوە چینی مـــامناوەنـدیی خـوێندەوار ڕۆژنامەکەمان بکڕن. کە ڕۆژنامەکان کولتـوور و بەشـی سـەرگـەرمی پێکەوە دادەنێن بەو مـانایە نییـە خـەریکە ڕۆژنامەڤانی کولتـووری بەرەو ڕووخان دەچێ یان قورساییی جـــارانی نـەمـــاوە. پێکەوە بـوونی ئـەم دووانە یـان لە پـەنای یەکـبـوونـیـان بە مـانای ئەوە نییـە کە گـرینگی بـە کـولتـوور نادرێ. لاپـەڕە کـولـتـوورییـەکـان لە کـۆیی ڕۆژنامـە دابـنرێن و هەڵبکەون دەبێ تێکستی درێژیان تێدا بڵاو بکرێنەوە و ببنە هۆی ڕامـان و تێفکرینەوەی قـووڵ لای خوێنەران. گرینگ لە لاپەڕە کولتوورییەکاندا ناوەڕۆکی بابەتەکانە.

ڕۆژنامـەڤـانی کولتـووری ئـەو ئەرکەی لەسـەر شـانە خـوێندنەوەی بۆ جـیـهـان هـەبێ، پرسـەکـانی جیـهـان تاوتوێ بکا و لەسـەر بایەخـەکـانی مرۆڤ و پێشـوەچوونە کۆمـەڵگـەییـەکان لێکدانەوەی هـەبێت.

من لە بەشی کولتوور یەکجار زۆر دەستم ئاوالآیە. کەس هـەوڵی نەداوە پێشم بگرێ و ڕام بگرێ. من هاوڕێ و دۆستم لە بەشی لاپەڕەی سیاسیی نزیک ڕوانگەی چەپ هەیە کە زۆرجار پرسیارم لێ دەکەن، هەتا کەی دەتوانی لە ئافتۆنبـلادێت درێژە بەکارەکەت بدەی. بەڵام کـەس هـەوڵی نەداوە من ڕاوەستێنێ.

من دەزانم ئەو کـارەی ئێـمـە دەیکـەین، لای خـەڵک بـایەخی هـەیە و بە گـرینگی دەزانن. ئەوان بۆ ڕوکبێژی و ڕاستبێژیی ئێمە ڕێزیان هـەیە. ئێمـە دەبێ لەسـەر بۆچوونەکـانمان سوور بین و ژیان بە جیدی بگرین.

بەڵام ئەوە کە لاپەڕەی کولتووری لە ئافتۆنبلادێتدا هـەرێمێکی ئارام و ئاشتەوایییە لایەنی چاک و خراپی هـەیە. هێندێک جار کارەکانی ئێمـە لە لاپەڕەی کولتـووری وەک بەشـێکی تایبـەت و جیـاواز چاوی لێ دەکرێ و ئەمەش زۆرجار دەبێتە هۆی ئەوە بکەوینە قەراغەوە.

هێندێک جار بەشی هـەواڵ و دەنگوباس لە بایەخی گرینگی کارەکانی ئێمە لە لاپەڕەی کولتووری تێ ناگەن. بۆ نموونە ئێمـە بابەتێکی سـەربەخۆی ڕێکوپێک و کار لەسـەر کراومـان لەسـەر شـەریکەی ئیکیـا لە سـوێد بڵاو کـردەوە کـە قـەنەفـەی وای فـرۆشـتـووە کـە بەهـۆی زینـدانیـان لە ئەڵمـانیـای

ڕۆهەڵات لە حەفتاکاندا ساز کراوە. خودی ڕۆژنامەکەمان لەسەر ئەم بابەتەی ئێمە نەچوو و گرینگیی پێ نەدا بەڵام هەر ئەم بابەتە ڕەنگدانەوەیەکی باشی لە میدیاکانی نەرویج و ئەڵمانیا هەبوو.

دەبێ لە داهاتووشدا لە لاپەڕە کولتوورییەکاندا ئەو دەرفەتە بڕەخسێ کە دیسان تێکستی درێژ بڵاو بکرێتەوە، چونکە تەنیا بەو ڕێگەوەیە کە دەتوانین لێکدانەوە و شرۆڤەی قووڵ لە پرسەکان بکەین.

ئافتۆنبلادێت وەک ڕۆژنامەی سەر کاغەز نابێ تیراژی دابەزێ. ئەودەم ڕۆژنامەکە ڕۆحی لە دەست دەدا. ئەوجار ئێمە تەنیا گۆشەنووسی وامان ناوێ کە هەر زوو قەڵەم هەڵبگرێ و گۆشەیەکی کورت بە توندی بنووسێ. ئێمە دەبێ جێگە بەو نووسەرانە بدەین کە دەبنە هۆی پرسیار سازکردن و وەڵام و پرسیارەکان جێگۆڕکێ پێ دەکەن و پرسی نوێ و بابەتی نوێ دەئافرێنن. لە کاتێکدا کە ئێستا لە فەرمییەتدا هەموو شتێک بە توندی بەڕێوە دەچێ، دەبێ ڕۆژنامەڤانی کولتووری خوێنەرانی خۆی زۆر بە جیدی وەربگرێ.

ئێمە لە بەشی کولتووریدا دەبێ دەرفەتی ئەوەمان هەبێ باسی هەموو شتێک لە ئازادیی بەیانەوە بگرە هەتا شەڕی ئەفغانستان بکەین. ئەمە تەنیا متمانەی زیاتر بەخوێنەران دەدا. ڕۆژنامەڤانی دەبێ بسەلمێندرێ و بگوترێ بەڵێ من باوەڕم بە قسەکانی تۆ هەیە.

من بەشبەحاڵی خۆم بەتەواوەتی جێگەی ڕەزامەندیمە کە ئافتۆنبلادێت ڕۆژنامەیەکە بە شێوەی بازرگانی بەڕێوە دەچێ. دەبێ ئێمە زۆر بەختەوەر بین کە دەوڵەت خاوەنی ڕۆژنامەکانمان نییە. لە هەمان کاتدا ڕۆژنامەکان دەبێ ڕۆڵ و ئەرکی ڕۆژنامەی خۆیان لە بەرچاو بێ و قەد لە دەرەوەی پرەنسیپ و چوارچێوەکانی نووسین و ڕۆژنامەڤانی، شتی تر بڵاو نەکەنەوە.

### ڕاکێل چووکری Rakel Chukri

سەرنووسیاری لاپەڕەی کولتووری لە سویدسڤێنسکا



ڕاکێل چووکری

کاتێک بەشی هەواڵ و دەنگوباس لە ڕۆژنامەیەکدا هەواڵێک دادەبەزێنێ، لاپەڕەی کولتووری بەکاوەخۆ و هێدی هێدی بەدواداچوونی هەواڵەکە دەکا، شرۆڤە و تاووتوێی دەکا و دواتر ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە هەواڵەکە لە بنەڕەتدا بۆ ڕووی داوە و بۆ جیهان بەو شێوەیە؟ ئەمە جیاوازیی ڕۆژنامەڤانی کولتووری و بەشی ڕێداکسیۆنی دەنگوباسە لە ڕۆژنامەیەکدا. هونەر ئامرازێکە قەد تێکشکانی بۆ نییە. کاتێک ئێمە لەسەر هونەر دەنووسین ئەو شیانەمان دەبێ کە تێفکرینەوە لەسەر ئەوە بکەین کە بوونی مرۆڤ و مرۆڤایەتی

چ مانایەکی هەیە.

زۆر کەس لەو باوەڕەدان کە ئێمە وەک لاپەڕەی کولتووری تەنیا لەسەر کولتوور بنووسین. زۆرجار خوێنەرانمان بۆمان دەنووسن و پێیان وایە ئێمە لەسەر سیاسەت دەنووسین. بەڵام ناکرێ سیاسەت جیا بکەیتەوە و تەنیا باسی ئێستێتیک بکەی. ئەودەمە هونەر ترس و سامی نابێ. کاتێک سیاسەت دێتە ناوانەوە ئەودەم تامەزرۆیی بۆ باس و موناقشەی هزر و ئایدۆلۆجی زیاتر دەبێت.

ژمارەیەک پرسیار دەکەن بۆ کولتوور و شێوەژیان تێکەڵ دەکرێ، بۆچی لە جێگەی ئەوانە کولتوور و زانست نەبێ؟ ئەدەبیات جۆرێک لێکۆڵینەوەیە بەڵام زۆر کەس وەک سەرگەرمی دەیبینن.

خەریکە ڕۆژنامە سوێدییەکان وەک سیاسەت لە پەناوە هێندێک سەرچاوەی داهاتی تر ببیننەوە. لە کاتێکدا داهاتی ڕێکلامەکان کەم دەبێتەوە و ڕۆژنامەکان تووشی گرفتی ئابووری دەبن، هەڵە نییە ڕێگەی وەدەستخستنی سەرچاوەی داهاتی تر ببیندرێتەوە. بە مەرجێک ڕۆژنامە دوور بێت لە گەندەڵی. ڕۆژنامەڤانی کولتووری دەبێ لەگەڵ ڕۆژنامەڤانی کڕیاران تێکەڵ نەکرێت.

لە ڕۆژنامەی ئوپسالانیا خەریکن پلەی باش و خراپ بە کتێب بدەن. ئەمە لای ئێمە قەت ڕوو نادا. لانی کەم هەتا ئەو کاتەی من سەرنووسیاری لاپەڕەی کولتووری لە سویدسڤێنسکا بم. ئێمە هەڵسەنگاندن لەسەر کتێببەکان دەکەین. بەڵام پلەی باش و خراپ و نمرە بە کتێبەکان نادەین. ئەگەر هاتو لیستی نمرەمان بۆ کتێبەکان بڵاو کردەوە ئەوە هەڵسەنگاندنی کتێبەکانمان دەکەوێتە ژێر پرسیار. ئەوە جۆرێک ڕێکلامکردنە و هیچی تر.

لاپەڕەی کولتووری دەبێ بایەخی کولتووریی هەبێ. من زۆر کەیفخۆشم بۆ نموونە بە چاودێریی ڕۆژانەی ئافتۆنبلادێت بەسەر شیعر لە لاپەڕەی ئەدەبیدا.

کەسێک کە ئابوونەی ڕۆژنامەکەی ئێمە دەکا و لە ساڵدا ٢٠٠٠ کرۆن دەدا دەبێ لە باتیی ئەوە ئێمە بابەتی قووڵ و بەپێزی پێشکێش بکەین. بابەتی قووڵ، قورس و گران تەنیا لە لاپەڕە کولتوورییەکاندا هەن. ئەگەر هاتو ئەو بابەتە بەپێزانە لە ڕۆژنامەکان لابردران ئەوە ئەو ڕۆژنامانە وەک ڕۆژنامە خۆڕاییەکانیان لێ دێ.

واوێ دەچێ چینی مامناوەندی زۆرتر ڕۆژنامەکانی سەر کاغەز بخوێننەوە و خەڵکی تر و بەتایبەتی چینی کەمداهات و کرێکار ڕۆژنامە خۆڕاییەکان یان ڕۆژنامە لە ئینتەرنێتدا بخوێننەوە. بۆ نموونە هەبوونی پرسی قوتابخانە و زۆر پرسی تر، ئەمە لە خۆیدا کێشەیەکی کۆمەڵگەیی و دیموکراسییە کە خەڵک لەم پرسانە دوور بن، ئەگەر ئەوە لە بەرچاو بگرین کە ڕۆژنامە خۆڕاییەکان ئەو پرسانە بە شێوەیەکی قووڵ و هەمەلایەنە ناخەنە بەرباس.



بیۆرن ویمان

**بیۆرن ویمان** Björn Wiman

سەرنووسیاری لاپەڕەی کولتووری لە ڕۆژنامەی داگێنسنییەیتر

ڕۆژنامەڤانی کولتوور برێتییە لە هەم نێوەڕۆک و هەم فۆرم و شێواز. چۆن وتارێک دەنووسرێ یەکجار گرینگە. ڕۆژنامەڤانی کولتووری وەک لە سروشتی ئەرکەکانیدا دیارە ئازادترین شێوازی ڕۆژنامەڤانییە. مرۆڤ بیر و هزری دەنووسێ و لە قووڵاییی دڵیشەوە باوەڕی پێیە. ڕۆژنامەڤانێکی کولتووری بێجگە لەوە نوێنەرایەتیی بیر و تێڕوانینی خۆی دەکا، خۆی بە هیچ بیروباوەڕێکی تر نابەستێتەوە. ڕۆژنامەڤانی کولتووری پێشوەچوونی زۆری بەخۆیەوە دیوە و هێندێک بەشی بۆ نموونە گوتوبێژ لەگەڵ نووسەران لە ڕۆژنامەڤانی کرپیاری نزیک بووەتەوە.

لاپەڕەی کولتووری لە ڕۆژنامەکەی ئێمەدا داگێنسنییەیتر زۆر لە پێشوەچووندایە و لەلایەن نەوەت لە سەدی خوێنەرانی ڕۆژنامەکەمانەوە دەخوێندرێتەوە. ئێستاش ڕۆژنامەی سڤێنسکا داگبلادێت بە هەمان ڕێچکەی ئێمەدا دەڕوا و ئەوانیش ئێستا ڕۆژانی پشوو لاپەڕەی کولتووری بڵاو دەکەنەوە.

لاپەڕەی کولتووری داگێنسنییەیتر لە نێوان ڕۆژانی شەموو و یەکشەمدا دابەش کراوە، لە پاشکۆی کولتووری ڕۆژانی شەمووداا چاودێری بەسەر کتێبدا دەکەین و لە پاشکۆی کولتووری ڕۆژانی یەکشەمدا، ڕیپۆرتاجی کولتووری، بیروڕا و ئارتیکلی درێژ بڵاو دەکەینەوە.

کاتێک ئارتیکلی درێژی کولتووری بڵاو دەکەینەوە لەلایەن خوێنەرانمانەوە پێشوازیی باشی لێ دەکرێ.

**بیرکردنەوە بە پارە**

کولتوور و ڕۆژنامەڤانی کولتووری

ئولڕیکا شەرنبەری، Ulrika Kärnborg



ئولڕیکا شەرنبەری

یەکێک لە بەرپرسانی ڕۆژنامەی داگێنسنییەیتر لە کاتی باس و موناقشە لەسەر کەمکردنەوەی لاپەڕەی کولتووری و داشکانی دەرکەوت بۆ ئەو بەشە وتبووی "هەموو کەس دەتوانێ هەڵسەنگاندن لەسەر کتێبێک بنووسی". ئەمە وتەیە لەو پەڕی سانایی ڕەستەدا لە خۆیدا گرینگە. ئەمە

نیشانەی ئەوەیە کە چۆن لەم ساڵانەی دواییدا چاو لە کولتوور دەکرێ.

لە ڕۆژنامەی ئێکسپرێسن، پەسپەر هۆکستروم ڕۆژی ٢١ی ئەپریل بانگەشەی ئەوە دەکا کە ڕقی لە کەسایەتییە کولتوورییە تەمبەڵەکان و ئەو نووسەر و هونەرمەندانەیە کە هەموو کات چاویان لە یارمەتیی دەوڵەتییەکانە. ڕەخنەیەکی گاڵتەجاڕانە چونکە ناوبراو بۆ خۆی لەسەر هەمان یارمەتییە دەوڵەتییەکان دەژی.

کەوایە با ڕەخنەگرەکان دەست لە نووسەران هەڵبگرن و لە باتیی ئەوە بڕێک لە بیری خۆیاندا بن. بەڵام کێشەکە وادیارە تەنیا کولتوور نییە بگرە تەواوی کاروباری وەک لێکۆڵینە، هونەری و هی تر کە هەموو وەختێکیش کاتێکی زۆریان پێویستە کەوتوونەتە بەر تەوژمی داشکان و پارە لێ بڕین. هێندێک جار هەست دەکرێ ئەم جۆرە تێڕوانینە بەرەو لای ئیرەییبردن و وەرگەڕانەوەی چینی شلەژاوی مامناوەندی بەرەو پیسکەیی و قرنیسی زیاتر وەرگەڕاوە. ئەوان تەنانەت دەیانەوێ بڵێن و بۆ لە کاتێکدا ئێمە ڕاکەڕاکەمانە ئەوان تەنیا لە باتیی بیرکردنەوە پارە وەردەگرن؟

لە سوێدێکدا کە باس باسی داشکاندنی خزمەتە کۆمەڵایەتییەکانە و خەڵک زیاتر لەلایەن خاوەنکارەوە کەوتوونەتە ژێر تەوژم، بەداخەوە هەمان دیاردەش ڕووی لە کولتوور کردووە.

ئوسا لێندێربەری لە ڕۆژنامەی ئافتۆنبلادێتدا ڕۆژی ٩ی مارس نووسی ئەم پرسی داشکاندنانە تەنیا لاپەڕەکانی کولتووری و ڕۆژنامەڤانی کولتووری ناگرێتەوە بگرە زۆربەی بەشەکانی زانستی ئینسانی لە سوێددا دەگرێتەوە. بەڵێ، ئەمە پرسێکە بۆ هەموو ژیانی کولتووری. ئەم حکومەتە دەستەڕاستەی ئێستا لەسەر دەستەڵاتە، سیاسەتێک بەڕێوە دەبا کە کاریگەری لەسەر کولتوور دادەنێ ئێستا نا بگرە زۆر ساڵی تر لە داهاتووشدا ئەمە باشتر دەردەکەوێ. تەنیا کولتووری ڕۆژنامەڤانی نییە کە کەوتووتە نێو تەنگژە.

زۆربەی ئەنیستیتۆ کولتوورییەکان هەر ئێستا لەژێر پاڵەپەستۆیەکی وای ئابووریدان کە خەریکە لێک داوەشێن و مەترسیی ئەوە هەیە ئێمە پەی بە ڕۆڵی گرینگی ئەوان لە کۆمەڵگەدا نەبەین هەتا پاش لەنێوچوونیان. سوێد وڵاتێکی بچووکە بەڵام نەریت و ترادیسیۆنێکی دوور و درێژی ئەزموونی کولتووری هەیە. مەترسیی ئەوە هەیە ئەوەی ئیمڕۆ دەڕووخێ و لێک هەڵدەوەشێ سبەی بەئاسانی چاک نەکرێتەوە.

لەبەرئەوەی ژمارەیەک ڕقیان لەم کولتوورە گشتییەیە دەیانەوێ لە باتیی ئەوە کولتوورێکی بژاردە بۆ ئیلیت و چینی تایبەت وەبەرهەم بێنن. بەمەش دەیانەوێ ئەو پرۆسە دیموکراتیزەکردنە کە چینی کرێکار لەم وڵاتە دەستی پێکرد، ڕابگرن و کولتوور بگەڕێننەوە بۆ سەدەی هەژدەم.

چەند ساڵێکە ئەوانەی کار لەگەڵ کولتوور دەکەن هەست بەم ئاڵوگۆڕە دەکەن و زۆر نیگەرانن. بۆ نموونە ئەگەر تیاتری شاری یۆتۆبۆری نەتوانی دەستەبەری تیاترێکی هونەری بۆ خەڵکی یۆتۆبۆری بکا. ئەدی گرووپە ئازادەکان ڕوو لە کامە لا بکەن؟ ئەگەر ڕۆژنامەڤانییەکی کولتووری لە

ئاستی هەرە بەرز نەتوانێ هەموو وڵات دابگرێ ئەدی بوونی میدیا گشتی و گەلییەکان چ مانایەک دەدەن؟ ئەدی بلۆگنووسەکان لەسەر چی بنووسن؟ ئەگەر ئێمە لە ئەنیستیتۆی زانستە ئینسانییەکان دابشکێنین، دەزانن چ بەڵایەک بەسەر زمان، ئەدەبیات و لێکۆڵینەوە دێت؟

قەواغی بەبێ ناوک و قەراغی بەبێ لاگر و نێوەڕاست بوونی نییە. لە هێندێک شوێن لە ستۆکۆڵم بۆ نموونە لە زانکۆی هونەری تەنانەت باسی ئاوا دەستی پێ کردووە کە زانکۆ بۆ خۆی ڕەخنەگرێک دابمەزرێنێ بۆ ئەوە درێژە بە ڕەخنەگری هونەری لە زانکۆ بدرێ.

ئەمە گەڕانەوەیە بۆ دواوە و هیچی تر. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ئەلتەرناتیڤە دیموکراتیک و داهێنەرییەکان خەریکن لەنێو بچن.

باسی ئەوە دەکرێ کە تەنگژەی ڕۆژنامەڤانی کولتووری بەشێکە لە تەنگژەی نێو ڕۆژنامە ڕۆژانەیییەکان کە بوون و مانەوەیان لە هەموو جیهانی ڕۆئاوادا کەوتووەتە مەترسی بەتایبەتی لە بەریتانیا و لە ئەمەریکا. ئەمە ڕاست نییە یان لانی کەم هەموو ڕاستییەکان نییە.

کاتێک باسی ڕۆژنامەڤانی بە گشتی دەکرێ زۆر تروسکەی ڕووناکایی هەن کە من پێیان خۆشحاڵ دەبم. بۆ نموونە ڕێژەی خوێنەری ڕۆژنامەکان زۆر دانەبەزیوە بە هەمان ڕادەیەک کە داهاتی ڕۆژنامەکان دابەزیووە.

بەپێی ڕۆژنامەی نیو ستەیتمەن New Statesman ئینگلیسییەکان لە هەموو کاتێک زیاتر ڕۆژنامە دەخوێننەوە لەگەڵ ئەمەش پرسەکە ئەوەیە کە ئەوان لە هەموو کاتێک زیاتر کەمتر ڕۆژنامە دەکڕن. ئێستا ئەلتەرناتیڤی ڕۆژنامە جێگرتووە بەیانییەکان هەتا دێ زۆرتر و زۆرتر دەبن. ڕۆژنامەکانی وەک فوکوس Fokus ، فیلتێر Filter ، ڤی Vi و داگێنس ئارێنا Dagens Arena لە ئینتێرنێت ئێستا بابەتی قووڵ و بەپێزی باش پێشکێش دەکەن.

هەموو تێکڕای کولتووری ڕۆژنامەڤانی نییە کە وردە وردە دەستی کردووە بە خۆهەڵوەشاندنەوە. لەلایەکەوە گۆوارە بچووکە کەم تیراژەکان و لەلایەکی ترەوە میدیا پان و بەربڵاوەکان کە خۆیان تەنیا بە باس و موناقشەی نێو بلۆگەکان لە ڕێگەی ڕێکلامی وەک کڕینی کتێب، فیلم و دیڤیدی، بڵاوکردنەوەی پۆرترێتی نووسەران، پێشنیازی کتێب و هەڵسەنگاندن (کە هەموو کەس دەتوانی بینووسێ) خەریک دەکەن و لەو ڕێگەیەوە دەژین، هەر لە بەردەوامیدان. لەلایەکەی ترەوە باسی جیدی، ڕێپۆرتاج و لێکۆڵینەوەی قووڵ خەریکن ون دەبن لەبەر ئەوە ئەم جۆرە ڕۆژنامەڤانییە جیاواز لەگەڵ ڕۆژنامەوانیی بەمەبەست، تێچوو و دەرکەوتی زیاترە و وەبەرهەمهێنانی گرانتر و دەرکەوتهەڵگرە.

سەیر نییە کە ژیانی کولتووری هەڵوێستی سێکتەریستی لە بەرانبەر ئەمەدا وەردەگرێ. چونکە ئەوەی کە هەر ئێستا دەستەیەکی بچووکی ڕەخنەگرن هەر دێ و ئەوانیش بچووکتر و بچووکتر دەبن. ئەگەر هاوچەرخەکانمان گرینگی بە ئێمە نەدەن چۆن ئێمە گرینگی بە هاوچەرخ بدەین؟

یەکێک لە دوا ژمارەکانی کۆواری تال Tal ژمارە ١٠ کە بە هۆکارێکی نەناسراو سەردێڕی "شەپۆلێکی نوێ" بۆ خۆی داناوە، نوێنەرایەتیی ئەم ستراتیجییە دەکا.

پرسەکانی ترسی ژیانی کولتووری لەگەڵ ئەو نووسەرانەی لە بابەت بابەتەکانیان پارەی کەمتر وەردەگرن لەبەرئەوەی لاپەڕە کولتوورییەکان ناتوانن بیانژێنن لەم ژمارەیەدا خراوەتە بەرباس و تاوتوێکردن. بەڵام نەک لە ڕوانگەیەکی نوێخوازانەوە.

بەداخەوە چارەسەرییەکە لەوەدا ڕەچاو کراوە کە خودی پرسەکە لە بیر بکرێ و پشتی تێ بکرێ. لەودا هاتووە نووسەران زێدە پێیان باشە لەگەڵ کرێتسی دەوروبەری خۆیان هاتوچۆیان هەبێ و خەون بە گەڕانەوەی سەردەمی زێڕینی سەدەی بیستەمەوە دەبینن. ئەمە هەڵوێستێکی بەرگرییانەیە و زۆر سەهل و ئاسان. ئەمە جێگە بۆ ئەوانە خۆش دەکا کە دەیانەوێ کولتوور وەک بەشێک لە سەرگەرمییەکی پیشەسازییانە لە بازاڕدا ببینن.

ڕۆژنامەڤانی کولتووریی باش بێگومان پێوەندیی بە پارەوە هەیە ئەو پارەیەی کە ئێستا لە میدیا نەریتییەکاندا کەم ماوە، بەڵام هاوکات ڕۆژنامەڤانی کولتووری پێوەندیی بە متمانە بەخۆبوونیشەوە هەیە. لە کاتێکی وادا ئیتر ناهێڵین تەنگژەی ئابووری و کەمیی داهات دوایین بڕیار لەسەر ڕۆژنامەڤانی کولتووری بدا.

لە کاتێکدا لە بەشی دبەیت و سەروتاری ڕۆژنامەکاندا ژمارەیەک ڕۆژنامەڤان بە شوێنپێی دەسەڵاتی دەستەڕاستدا دەڕۆن و ئاو لە ئاشی ئەوان دەکەن و هاوکات دەنگە قایمەکان ون دەبن، پێویستە باسی فیکری و دیتنەوەی ئەڵتەرناتیڤ لە هەموو ڕۆژێک زیاتر لە ڕۆژنامەکاندا ببیسترێن.

## تەنگژە، کامە تەنگژە؟

ستێفان ئێکلوند، STEFAN EKLUND

سەرنووسیاری ڕۆژنامەی بورۆس تیدنینگ Bors Tidning

کۆتایی ٢٠١٠


ستێفان ئێکلوند

لۆتا لۆتاس Lotta Lotass یەکێک لە ناسراوترین و خاوەن بەپێزترین بەرهەمە لەم دەیانەی دواییدا لەنێو نووسەرانی سوێددا. لۆتا هەم ئەندامی ئەکادیمیای سوێدە و هەمیش یەکێک لەو نووسەرانەیە کە لەبەر هزری بەربڵاو و هەمەلایەنەی جێگەی ڕێز و بایەخی ئەدەبیاتە. بەو حاڵەشەوە کاتێک ڕۆمانێک بڵاو دەکاتەوە لە ٣٠٠ دانە زیاتری لێ نافرۆشرێ. هەر بۆیە ئەو ناچار بووە کە ڕۆمانی

سپارتا Sparta لەسەر ئەرکی خۆی لە قەوارەیەکی سادە و ژمارەکراو بە تیراژی ٣٠٠ دانە بڵاوبکاتەوە. ئەم ڕۆمانە دەکرێ تەنیا لە ڕێگەی ئیمەیلەوە داوا بکرێ و لە بازاڕ و کتێبفرۆشییەکاندا نییە و تیراژێکی زیاتری لێ بڵاو نابێتەوە.

من زۆر خۆشحاڵم کە ژمارە ٩٢ی ئەم ڕۆمانەم هەیە. کتێبەکەی لۆتا شایەتی ئەو ڕاستییەیە کە چۆن ئێستا کولتووی نزم جێگەی کولتووری بەرزی گرتووەتەوە. کە چۆن کتێبێکی وا بەپێز لەبەر بازاڕی کتێب هەژمارێکی ئەوەندە کەمی لێ بڵاو دەبێتەوە. ئەمەیە هەلومەرجی خراپی چاپ و بڵاوکردنەوەی بەپێز.

ڕاست چەمکی "کولتووری بەرز وەک کولتووری نزم" ناسناوی نووسینێک بوو کە لەلایەن ئەکادیمیای سوێد چەند ساڵێک لەمەوبەر بڵاو کرایەوە کە لەودا باسی پرسی بەپێزی و ئاستی بەرزی نووسین کرابوو کە لەم سەردەمەدا نرخی نەماوە.

بە زمانێکی تر کولتووری بەرز ئێستا لە بارودۆخێکی خراپدایە. لانی کەم لە ماوەی ئەم چەند دەیەی دواییدا کە سیاسەتی کولتووری گۆڕانی بەسەردا هاتووە. پێشوو سیاسەتی کولتووری بیروڕا چیکەر بۆ گەل بوو ئێستا قورسایی سیاسەتی کولتووری لەسەر ئەوەیە کە چۆن بتوانن کڕیاری زۆرتر بۆ کولتوور پەیدا بکەن.

بەڵام شانسمان هەیە کە لاپەڕە کولتوورییەکان هەر ماون. لەو لاپەڕانەدا بەبێ ئەوەی یەکێکیان لێ دەربخەم بە تایبەتی لە ڕۆژنامە ناسراوەکان هێشتا ڕوانینی کولتووری ماوە و ئێستاش سەرنج دەدرێتە کولتووری بەپێز و بەکڤالیتی. من نازانم ئەو هێزانەی کە بەشێوەی ڕێکوپێک تەنگژەی ڕۆژنامەڤانی کولتووری دەخەنە مەیدان، لە کوێیەوە وزە وەردەگرن.

ئەگەرتەنگژەیەکی کولتووری هەبێ ئەوە ئەو تەنگژەیە هۆکاری سیاسیی هەیە نەک میدیایی. هەتا ڕادەیەک ئەوە ڕاستە کە قورسایی باسەکە لای سەرنووسیارانی لاپەڕەی کولتوورییەکانە بەڵام دیسان ئەوەش لە بیر نەکرێ کە ئەوان بەتەواوەتی ئەو ئازادییەیان هەیە کە کامە کتێب هەڵسەنگاندنی لەسەر بکرێ و کامە نەکرێ. لەو باوەڕەدام کە کتێبەکەی لۆتا لۆتاس حەتمەن لەم ڕۆژانەدا لە لاپەڕەی کولتووری لە ڕۆژنامە گەورەکاندا لەسەری دەنووسرێ.

لە ماوەی بوونی من لە سڤێنسکا داگبلادێت و هەروەها پێوەندیی گەرمی من لەگەڵ خوێنەران ئەم باوەڕەم لا زیاتر بەهێز بوو کە بایەخێکی ئەوتۆی کولتووری هێشتا لای ئێمە ماوە. مەسەلەکە ئاوایە کە هێشتا ئەو ئیدیالە بیروڕاچێکردنەی کە کۆمەڵگە دەستی لێ شتووە لە لاپەڕە کولتوورییەکانی وڵات ماوە. بێجگە لەوە خەڵکێکیش هەن کە عەوداڵی ئەوەن و هۆگری لاپەڕە کولتوورییەکان. تەنیا وەک نموونە بەڵگەشم ئەوەیە کە یەک لاپەڕەی تەواو لە لاپەڕەی کولتووری لە سڤێنسکا داگبلادێت بۆ کولتووری بەرز تەرخان دەکرێ.

لاپەڕەیەکی تەواو تێکست بۆ ئەو بابەتانەی نووسەرەکانیان وەک پەپوولەی دەرووی مۆم بۆیان

دەسـووتێن هەتا بە خـوێنەرانیـان بگەیەنن. ڕەنگە ئەمـە وەک کـۆنەخـوازی بژمـێـردرێ بەڵام ئەو لاپەڕەیە ئێـسـتـاش لاپەڕەیەکی پڕ حـەزکـردووی سـڤـێنسکا داگـبـلادێتـە، لاپەڕەیـەک کـە هەم لە ڕۆژنامەکە و هەم لە ژیانی کولتووری سوێد هەر وا زیندووە.

مـاوەیەک لەمـەوبەر نووسـینێکی نوێ و جـێگەی سـەرەرنجی ئینگرید ئێـلام Ingrid Elam لەژێر سـەردێری سنوورەکـانی ڕۆژنامـەڤـانی کـولتـووری کـە بە حـەز و تاسـەی زۆرەوە لـە ڕۆژنامـەڤـانی کولتووری دەکۆڵێتەوە، خوێندەوە.

بە گـۆشـەنیگایەکی دیرۆکـیـیـەوە دەست پێ دەکـا. ئینگرید ئێـلام بـاسی ئەو جـیـاکـردنەوە و تایبـەتکردنانە یان ژانرەکـانی ئێـسـتـا دەکـا، کە چۆن گۆشـەنووس هـەر دەبێ گـۆشـە بنووسێ، ڕەخنەگران هەڵسـەنگاندن دەنووسن و ڕۆژنامـەڤـانـانیش ڕیپۆرتاج دەکەن و چاوپێکەوتن ئەنجام دەدەن. ئەوەی کـە لە ڕابردوودا وا نەبوو و سنووری نێوان ئەو بەشـانە وا دیاری نەکـرابوون، وەک سـەردەمی ئالمکڤیست Carl Jonas Love Almqvists.

ئەگەر من بۆم هـەبێ مـەزەنـدەی ئەوە بکەم ڕۆژنامـەڤـانی کولتـووری ئیـمـڕۆ بەرەو کـامـە لا دەڕوا، ئەوە من شیمانەی یەکەمم بەرەو سەردەمی ئالمکڤیست دەچێ.

ڕەهـەندێکی گەورە هـەیە کـە ڕۆژنامەڤانی کولتووری بەرەو ئازادبوون بەبێ لە بەرچاوگرتنی کـامـە بەشی کولتـوورییـە هـەنگاو دەنێ و بەبێ لە بەرچاوگرتنی سـەرەڕۆی بەشـە تـایبـەتییـەکـان بەهـۆی دەربڕینـی هونەرییـەوە خـوێندنـەوەی بۆ جـیـهـان و کێـشـەکـانی هـەیە. ڕۆژنامـەڤـانی کـولتـووری ئۆبجەکتیڤ هیچ داهاتوویەکی نییە.

شیانە لەبڕانەهاتووەکانی میدیا ئەوە دەخاتە ڕوو کە پێشـوەچوونەکان بەرەو ڕۆژنامـەڤانییەکی کولتووری دەڕوا کە ئیتر لەنێو ژانرەکاندا خۆی نابەستێتەوە.

لەم سـاڵانەی دواییدا ترسی ئـەوە هەبووە کە بلۆگنووس و سـوارچاکانی تری لـەو بوارانەدا ببنە مەترسی بۆ سـەر ڕۆژنامەڤانی کولتووری جێگەگرتوو. بەڵام بوونی ئەمانەش لە خـۆیاندا پێویستن. ئینتەرنێت ئەو فوروومـە نییە کە بەتەواوەتی بەپێزی و ئاسـتی کڤالیتی بەرز بکاتەوە. ئەوەی بڵاو دەکرێتـەوە گرینگی لە شـێوازی بڵاوکردنەوەکەیدا نییـە بگرە گرینگی لە ناوەڕۆکەکەیدایە. یان بە دەربڕینێکی تر نووسـینی باش، نووسـینی باشـە ئیـتـر بە هـەر شـێواز و بـە هـەر ڕێگەیەکـدا بگەنە وەرگر جیاوازییان نییە.

## بەشی سێیەم:

## کتێبی دیجیتاڵ و پێشوەچوونەکان لە بازاڕی کتێبدا

### لە باتیی سەرەتا

### کتێبی دیجیتاڵ یان ئینتەرنێتی چییە؟

کتێبێکی دیجیتاڵ یان ئەلیکترۆنیکی کتێبێکە کە بە تێکست و وێنەکانیەوە بەشێوەی دیجیتاڵ بڵاو دەبێتەوە و لەسەر کۆمپیوتەر، یان تەختەی خوێندنەوە یان موبایل تەلەفۆنەکان دەخوێندرێنەوە. هێندێک جار کتێبی دیجیتاڵ تەنیا کتێبێکی ئاساییە بەڵام هاوکات دەکەوێتە سەر ئینتەرنێت و لە نێتدا دەخوێندرێتەوە. یان ئەوە کتێبەکە هەر لە بنەڕەتەوە وەک کتێبی دیجیتاڵ بۆ خوێندنەوەی دیجیتاڵ چێ کراوە.

لە ژمارەیەک فەرهەنگدا و یەک لەوان فەرهەنگی ئینگلیزیی ئۆکسفۆردا کتێبی دیجیتاڵ وەک "شێوازی ئەلیکترۆنی کتێبێکی ئاسایی" پێناسەکراوە بەڵام کتێبی دیژیتاڵی وا هەیە بەبێ ئەوەی لەپێشدا بە شێوەی ئاسایی چاپ بکرێ، هەر لە بنەڕەتدا وەک دیجیتاڵ وەبەرهەم دێت.

مێژووی سەرهەڵدانی کتێبە دیژیتاڵەکان دەگەڕێتەوە بۆ پرۆژەی گوتێنەبەرگ Project Gutenberg و یەکەم جار ئەم جۆرە کتێبانە لە ساڵی ١٧٩١دا پەیدا بوون.

بەڵام یەکەم کتێبە دیژیتاڵییەکان بۆ کەڵک وەرگرتنی گشتی نەبوون و تەنیا گرووپێکی بچووک دەیانتوانی کەڵکی لێ وەرگرن. لە ساڵی نەوەتەکاندا کە فایلە ئەلیکترۆنییەکان زیاتر برەویان پەیدا کرد و ناردنیان ئاسانتر بوو بە هەمان شێوەش کتێبە دیژیتاڵییەکان وەک فایل زیاتر کەوتنە بازاڕی ئینتەرنێت.

کتێبە دیژیتاڵەکان لە فۆرماتی جیاوازدا بەهەموو لایەکدا لە ئینتەرنێتدا کەوتنە بەردەستی خەڵکی. شەریکەی ئامرازی نەرمی ئەداب Adobe بە بەرهەمهێنانی پی دی ئێف PDF گوڕ و تینێکی زیاتری خستە نێو بازاڕی کتێبی دیجیتاڵ و لەلایەکی ترەوە شەریکەکانی تر بە پرۆگرامی تایبەت بۆ کردنەوەی کۆدەکان بۆ خوێندنەوەی کتێبە دیژیتاڵییەکان کارئاسانییان کرد.

سەرچاوە:
ویکیپیدیا Wikipedia
http://sv.wikipedia.org/wiki/E-bok

## له گوتێنبەرگەوە بۆ ئایپاد

کاله مەگنسۆن Kalle Magnusson


کاله مەگنسۆن

کاتێک کتێبەکان دیژیتاڵیزه دەبن و بە شێوەی جۆرەوجۆر لەسەر تەختەی خوێندنەوەی جیاواز دەخوێندرێنەوە، کاتێک دانانی بۆچوون و هەڵسەنگاندنەکان لەسەر کتێبەکان لە خۆیاندا دەبنە بەشێک لە ئەزموونی خوێندنەوەی کتێب. ئیتر کتێب ئەو کتێبە نییە کە تۆ کڕیوتە بگرە خزمەتێکە کە تۆ خۆتت لەگەڵ گرێ داوە. لەمە بەدوا کتێبەکان شیانە نوێیەکان دەخولقێنن.

کولتووری ئێمە دەکەوێتە ژێر کاریگەری جۆری لە پاکت خستن و هەروەها تەکنیک و شێوازی پێشکێشکردنی و گەیاندنی بە وەرگر. هەر لە شێوازە کۆنەکانەوە بگرە هەتا چاپکردن و ئێستا دیژیتاڵیزەکردنی تەکنیک کاریگەری بەسەر کولتوورەوە هەبووە. هەموو کاتێکیش و لە هەموو جۆرە تەکنیکێکدا هەرێمی رووناکبیری و هزر و هەموو کولتوور بەگشتی بەرەوپێشەوە چووە. بەڵام لە هەر شێوازێکیشدا هەر لە دەسپێکی تەکنیکی تازەوە هەتا گەیشتن بە رەهەندی تەواوی خۆی رەنگە سەدان ساڵیش کاتی گرتبێت.

وەک نموونە تەکنیکی چاپ لە نێوەڕاستی سەدەی ١٤٠٠دا سەری هەڵدا. بەڵام هەتا ئەو کاتەی کاریگەری تەواوی لەسەر کولتووری ئێمە دانا نزیک بە ٤٠٠ ساڵی خایاند. ڕاستە چاپ لە ١٤٠٠دا پەرەی ئەستاند بەڵام هەتا لە سەدەی ١٨٠٠دا نەگەیشتینە شۆڕشی پیشەسازیی کتێب نەکەوتە هەوێڵی زۆربەی خەڵک. پێش لەو سەردەمە کتێب شتێکی نایاب بوو کە تەنیا ژمارەیەکی زۆر کەم دەکەوتە دەستیان و کەڵکیان لێ وەردەگرت. لەو سۆنگەیەوە بڵاوبوونەوەی کتێب و پەرەگرتنی کتێب بەر لەوەی قەرزداری داهێنەری چاپ گوتێنبەرگ بێت مەدیۆنی شۆڕشی پیشەسازی بوو. شێوازی هەرە نوێی ئێستا دیژیتاڵیزەکردنی تێکستە بەڵام ئەم شێوازە لە زۆر بوارەوە لەگەڵ تەکنیکەکانی پێش خۆی جیاوازیی بەرچاوی هەیە.

لە کاتێکدا تەکنیکی چاپ ٤٠٠ ساڵی خایاند کە کاریگەری لەسەر خو و ڕەوشتی خەڵک دابنێ تەکنیکی ئینتەرنێت تەنیا بە دوو دەیە کاریگەری خۆی دانا. دەوروبەری ساڵی ٢٠٠٠ لێشاوی تێکست لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە بڵاو بووەوە و لە هەمانکاتدا بەشێکی زۆر لە چالاکییە رووناکبیرییەکانی ئێمە لە هەمان ڕێگاوە بڵاو بووەوە. لە چاپەوە بۆ وێب. بۆ یەکەم جار لە مێژوودا وشەی چاپکراو لەسەر کاغەز ناچار ما، بوونی خۆی و پێویستی مانەوەی خۆی بسەلمێنێ.

ئەمە بەهەمان شێوە لە مێژووی ئەدەبیاتیشدا وەڕاست گەڕا. کاتێک چالاکییە ڕووناکبیرییەکان زۆرتر لە ئینتەرنێتدا بڵاو بوونەوە هەتا لەسەر کاغەز ئەوە مێژووی ئەدەبیات بۆ ئەوە پێویستیبوونی خۆی بسەلمێنێ ناچار بوو لەسەر کاغەزەوە خۆی بگوێزێتەوە بۆ سەر ئینتەرنێت و خۆی دیژیتاڵیزە بکا. هەر ئێستا ئێمە ئەم پێشوەچوونەش کە لە قۆناخی دەستپێکی خۆیدایە، دەبینین.

***

کەوابوو چی بەسەر کتێبی سەر کاغەزدا دێت؟ ئاخۆ کەوتووەتە بن مەترسی؟ ئاخۆ چاپ بەرەو لاوازی و قەراغ دەڕوا؟ نا، ساڵانە بە سەدان هەزار کتێبی نوێی چاپ لە پانتایی جیهاندا چاپ دەکرێ. کەس لەو باوەڕەدا نییە کە کتێبەکانی سەر کاغەز لە شەوێکدا ون بن. بەڵام هاوکات ڕاستیش نییە کە پێمان وابێ هەتا سەر و بۆ هەتاهەتایە وەک خۆی دەمێنێتەوە.

تەنانەت ئاکتۆرەکانی نێو بازاڕی کتێبی سوێدی کە زۆر دژی دیژیتاڵیزەبوونن، ئەوانیش لەگەڵ ئەوە هاودەنگن کە گۆڕانکاریی گەورە بەڕێگەوەیە و لە بەردەم قۆناخێک و سەردەمێکی نوێداین. لەمەوبەدوا هەتا دێ و زیاتر تێکستەکان لە باتیی چاپکردن و سەر کاغەز دەکەونە سەر شاشەکان. ئەمە هەر ئێستا لە ئاستێکی نزمدا بۆ زۆربە بووەتە ڕاستییەک و بۆ هی تریش هێشتا چەند هەنگاوێکی بۆ گەیشتن بەوە ماوە.

کەی و چۆن ئەم گوێستنەوە لە چاپەوە بۆ دیجیتاڵ گشتیگر دەبێ (دیارە ئەگەر ببێ) زۆر پێویست بە دانی مەزەندە ناکا بەڵام ئەوەندە دەتوانین بڵێین کە هەر ئێستا ڕەوتی لە چاپەوە بۆ دیجیتاڵ دەستی پێ کردووە. ئەمە لە هەموو کەس ڕوونە و هەمووشمان لەسەری هاودەنگین.

لەلایەکی ترەوە ئاخۆ ئەم ڕەوتە هەموو بەرهەمهێنەران، بڵاوکەرەوە و چالاک لە بواری نووسین و کتێبدا وەک یەک دەخاتە ژێر کاریگەری خۆی؟ کۆدەنگییەکی تەواو نابیندرێ.

***

کاتێک من لەسەر هەنگاوەکانی چاپ و بڵاوکراوە بۆ جیهانی دیجیتاڵ وتەیەک پێشکەش دەکەم زۆرجار باس لە "لاپەڕە هەڵدانەوە، هەستکردن و چوونە قووڵاییی ئارگومێنت 'بەڵگەهێنانەوە' " دەکەم. زۆرجار بەڵگەهێنانەوەیە کە لە پێوەندی لە گەڵ شک و گومان لەسەر ئەوە کتێبەکانی سەرکاغەز دیژیتاڵیزە دەبن و لە باتیی کاغەز لەسەر شاشە دەخوێندرێنەوە، سەرهەڵدەدا. ئەوانەی شک و گومانیان هەیە دەڵێن کە تێکستێک لەسەر تەختەی خوێندنەوە، مۆبایل، شاشەی کۆمپیوتەر یان ئایپادێک بخوێندرێتەوە هەمان هەستی خوێندنەوە نادا کە تۆ هەمان تێکست لەسەر کاغەز و کتێب بخوێنییەوە. دیارە ئەگەریش باس لەو مەترسییە ئابوورییە نەکەین ئەگەر بێتوو لە باتیی کتێبێکی گیرفانی، لاپتۆپێک لەگەڵ خۆت بەریتە قەراغی دەریا و کتێب بخوێنییەوە.

بەڵام ئەم بەڵگەهێنانەوەیە لە زۆر بارەوە لە جێگەی خۆیدا نییە، ئێمە زۆرجار ناچینە قەراغ

دەریا. بەراوردکردنێک لەگەڵ سیدی موزیک لەم پێوەندییەدا خراپ نییە. سیدی موزیک هەمان هێزی ڕاکێشانی هەبوو ساڵی ١٩٩٩ وەک کتێبی سەر کاغەز لە ساڵی ٢٠٠٩دا هەیبوو، هێزێکی ڕاکێشانی وا کە زۆر کەس کەوتبوونە کۆکردنەوەی ئەگەرچی گرانیش بوون، ژمارەیەک هەوییەتی خۆیان پێوە گرێ دەدا و پارەیان لێ قازانج دەکرد و هی تریش. لەگەڵ ئەوەش لە ڕۆژەی یەکەم ئایپادەکان کەوتنە بازاڕ هەتا ئەوەی نیوەی سیدییەکانی موزیک فرۆشران حەوت ساڵی خایاند. حەوت ساڵ. بەڵام ئێستا کەس باس لە هەست و هەوییەت و تایبەتمەندییە فیزیکییەکانی سیدی ناکا. موزیکی دیجیتاڵ ئاساییترین شێوازی موزیکە و کەڵک لێ وەرگرتنیشی بەهەمان شێواز.

ئێستاکە ئایپاد هاتووەتە بازاڕ، چەند ساڵ دەخایەنێ کە هەتا فرۆشی کتێبەکانی سەر کاغەز نیوە دەبێ؟ پرسیارێکی جێگەی موناقشەیە.

جێگەی خۆیەتی ئێستا لە باتیی ئەوە باسی خوێندنەوەی ئەنالۆگ و دیجیتاڵ بکەین باسی ئەو میکانیزمە بکەین کە لە سەرەتاوە پاڵی بە ئێمەوە نا کە بەرەو کتێب بڕۆین. چی بوو؟ ئاخۆ کاغەز بوو؟ وانی حەمام بوو؟ بۆنەکان یان گوێی سەگەکان بوون؟ نا بێگومان گێڕانەوەکان، زانیارییەکان و ناوەرۆکی کتێبەکان بوون.

دەبێ ئێمە باش ئاگامان لەو کێشەیە هەبێت کە خۆمان زۆر قەتیسی جۆرە شێوازێک نەکەین. لەبەر ئەوە، ئەوەی لە ڕاستیدا جێگەی سەرنجی ئێمەیە و بەرەو لای خۆیمان ڕادەکێشێ، ناوەرۆکە و ئەوەش کە نەخشی سەرەکی لەم پێوەندییەدا دەگێڕێ هەم دیسان ناوەڕۆکە.

***

بەڵگەهێنانەوەیەکی تر لە دژی تێکستی دیجیتاڵ ئەوەیە کە لە کاتی خوێندنەوەی دیژیتاڵدا دوورکەوتنەوە زۆرە. لە کتێبێکی سەر کاغەزدا تەنیا کتێبێک دەخوێندرێتەوە بەڵام لە کتێبێکی دیژیتاڵدا بێجگە لە تێکست بەرنامەی تر و سەرگەرمی هەیە. بۆ نموونە دەگوترێ هاتنی دەنگێک لە کاتی وەرگرتنی پەیامێکدا لە ئیمایل بۆکسەکەمدا سەرنجم لەسەر خوێندنەوەکە لادەبا و بێ وازم دەکا. یان دەگوترێ ئەو نوێبوونەوەیە پەیتاپەیتایانەی لە فەیسبووک و تویتردا ئەنجام دەدرێن، لە خوێندنەوە وەڕەزم دەکەن و زۆر بەڵگەهێنانەوەی تریش.

جیاوازیی خزمەتە دیژیتاڵییەکان کە بەم زووانە کتێبیش دەبێتە بەشێک لەوان ڕاست ئەمەیە کە ئەم شتە مزاحمگەلە وردە وردە لەگەڵ ئەزموونی خوێندنەوە لە گێڕانەوەکاندا تێکەڵ دەبن. ئەمە هەستی خوێندنەوە بەهێزتر دەکا. ئەم جۆراوجۆری و چالاکییە تێکەڵاوانە پێش بە چالاکیی سەرەکی کە خوێندنەوە بێت ناگرن و لە داهاتووشدا ئەم چالاکییە تێکەڵاوانە لەسەر ئەدەبیاتی دیجیتاڵ هەم کاریگەری دادەنێن و هەمیش بەرەوپێشەوەی دەبەن.

***

کاتێک تێکستەکان دیژیتاڵیزە دەبن زەحمەت دەبێ کە پێناسەیەک بۆ کتێب ببیندرێتەوە کە

کتێب چییه، کەی کتێبێک لەوەوە دەست پێ دەکا هەتا ببێتە کتێب؟ کەی کتێبێک بەوە کۆتایی دێت کە ببێتە کتێب؟

وەڵامەکە ئاسانە.

ئاخۆ ئەمە گرینگە؟ یان چ ڕۆڵێک دەبینێ؟

کاتێک کولتوور دیژیتاڵیزە دەبێ، شتگەلی سەرنج ڕاکێش ڕوو دەدەن. فۆرمات یان شێوازی نەریتی دەگۆڕدرێ و زۆر شتی تریش کە لە ڕابردوودا وەک شتی نەگۆڕ و هەتاهەتایی بوون ئەوانیش گۆڕانیان بەسەردا دێت. ئەو کتێبەی کە ئێمە نزیک بە ١٥٠ ساڵێکە لە تەکیدا ئاشناین و لەگەڵ مۆدێلی پیشەسازیدا وەک بەرهەمێکی بازنەیی قۆناغەکانی بەرهەمهێنان، ڕێکلام، فرۆشتن و بڵاوکردنەوەی تێ پەڕاندووە، هەموو ئەمانەش دەکەونە بەر گۆڕانکاری.

دیژیتاڵیزەبوون دەبێتە هۆی ئەوە کە ڕێگەی نوێی مەودا کورت وەپێش بکەوێ. مەودای نێوان بیری نووسەر و دڵی خوێنەر یەکجار کورتتر دەبێتەوە. بڵاوکردنەوە نوێیەکان زیاتر دەکەونە بازاڕ.

دیارە بێجگە لە شێوازی بڵاوکردنەوە کە لە ڕابردوودا هەموو کات لە بەردەم گۆڕانکاریدا بووە، دیجیتاڵیزەبوون دەبێتە هۆی ئەوە خودی ناوەڕۆکیش گۆڕانی بەسەردا بێت. من لە دەسپێکی نووسینەکەدا نووسیم؛ "کولتووری ئێمە بەهۆی شێوازی نوێی بڵاوکردنەوە دەگۆڕدرێ". شیان و ڕێگەکانی نوێی بڵاوکردنەوە دەبێتە هۆی ئەوە خودی گێڕانەوە و شێوەی گێڕانەوەکانیشمان گۆڕانی بەسەردا بێت.

لە وتارێکی سەرنج ڕاکێشدا لە ڕۆژنامەی واڵستریت جورناڵ نووسەر ستیڤن جۆنسۆن Steven Johnson دەنووسێ؛ کاتێک کتێبەکان دیژیتاڵیزە بوون و کەوتنە نێو ماتۆڕی گەڕانی ئینتەرنێتی ئەوە ئیتر تەنیا کتێبەکان لە تەواوەتیی خۆیاندا دیژیتاڵیزە نابن بگرە هەموو بەشەکانی کتێب بە جیا، هەموو لاپەڕەکان، هەموو پەرەگرافەکان، تەنانەت هەموو دێڕەکان دەکەونە بەر گەڕانی ماتۆڕی ئینتەرنێت و سەرنجی خوێنەران بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن. هەموو لاپەڕەیەک، هەموو پەرەگرافێک هەموو ڕستەیەک لە کتێبێک دەکەونە ڕکابەریی هەموو لاپەڕە، پەرەگراف و ڕستەیەک لە کتێبێکی تر. ڕکابەری و ڕکابەرییەکی وا کە قەت مێژووی کتێب هەتا ئێستا بەخۆیەوە نەیدیوە.

ڕەنگە لەمەوبەدوا خوێندنەوەی کتێبێک لە تەواوەتیی خۆیدا ئیتر سەرنج ڕاکێش نەبێت. وەک نموونە: بۆچی هەموو ٣٤٠ لاپەڕەی کتێبێک بخوێندرێتەوە کاتێک ٢٢٣٤ کەس بۆچوونیان لەسەر کتێبە نووسیووەو ١٥ پەرەگراف لە کتێبەکەیان دەستنیشان کردووە کە ڕاست ئەو پەرەگرافانەن لە کتێبەکەدا کە تۆ بە شوێنیدا دەگەڕێی. خوێنەرانی تر ئەم ١٥ پەرەگرافەیان لەگەڵ ١٥ پەرەگرافی تردا لە کتێبێکی تردا کە بە هۆی نووسەرانێکی ترەوە نووسراوە، لە پەنا یەکدانەوە.

کەس دەتوانێ چاوەڕێی سیناریۆی لەم شێوەیە نەبێت؟ بۆ خوێندنێکی بەکەڵک ئەمە قازانجێکی ڕوون و ئاشکرایە. کتێب لە داهاتوودا دابەش دابەش دەبێ و بێگومان ئەمەش لەسەر زانیاریی

زیاتر وەرگرتنی ئێمە کاریگەری بەرچاو دادەنێ.

***

ئەی چی بەسەر ئەدەبیات و داستان و گێڕانەوەکانی تردا دێت؟ ئاخۆ ئەوانیش پارچە پارچە دەبن، بەسەر پەرەگرافگەلدا دابەش دەبن لە باتیی ئەوە وەک ئیمڕۆ لە شێوازی گێڕانەوەی دوور و درێژدا دادەڕێژرێن؟ ئەی خوێندنەوەی قووڵ چی بەسەر دێ؟ ئەی چی بەسەر تایبەتمەندییە تایبەتەکانی تێکستدا دێت کە هزر و تێڕوانین و ڕامانی ئابستراکت بۆ ئێمە شیتەڵ و شیرۆڤە دەکەن؟

ئاشکرایە کە دەبێ ڕاوەستین و بزانین. هەموو ئەمانە بە زیندووی هاوشان و پارالێل لەگەڵ یەکتری بەرەوپێشەوە دەڕۆن. من بیر و بۆچوونەکانی خۆم لەسەر ئەوەی خوێندن و نووسین و پێوەندیی نێوان ئەو دووانە چۆن لە داهاتوودا گۆڕانیان بەسەردا دێت لە خوارەوە گەڵاڵە دەکەم:

یەکەم، ئێمە لە داهاتوودا نووسینی کورتتر بۆ خوێندنەوە هەڵدەبژێرین.

پێ بەپێی ئەوەی لە داهاتوودا ئێمە باشتر دەبین و هێڵەکی باشترمان لە هەوێڵ دەکەوێ بۆ ئەوە بەو نووسینەی بگەین کە بە شوێنیدا دەگەڕێن، ئەوە سروشتییە کە ئێمە تێکست و نووسینی کورتتر هەڵدەبژێرین. هەر لاپەڕەیەکی نوێ، هەر کاپیتلێک یان بەشێکی نوێ دەبنە هۆی ئەوە کە قەناعەتی زیاترمان پێ بکەن بۆ ئەوە درێژە بە خوێندنی نووسینێک بدەین یان نا. ڕکابەری لە سەرچاوە و کتێبی ترەوە بەرفراوانتر دەبێ.

ئێمە ئەو پەرەگراف و بەشانەی کە بە شوێنیدا دەگەڕێین ئاسانتر پەیدا دەکەین و پاشماوەی نووسینەکە بەلاوە دەنێین و ناچار نین بیخوێنینەوە. دیارە ئەمە تەنیا زانیاریی نوێ و نەدیتراو ناگرێتەوە. زۆربەش لەو باوەڕەدان کە جارێکی تر نووسینی ئەدەبیی کورت بۆ نموونە کورتە چیرۆک و گێڕانەوە جارێکی تر زیاتر سەرهەڵدەدەن. هەروەها چیرۆکی زنجیرەیی جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ نێو ئەدەبیات.

دیارە هەموو ئەمانە کە لەم دەیەیانەی ڕابردوودا لە قازانج و بەرژەوەندیی ڕۆمانە درێژە ئاساییەکاندا پاشکەشەیان پێ کرابوو جارێکی تر دەگەڕێنەوە نێو ئەدەبیات. بۆچی؟ ئاخۆ لەبەر ئەوە ئیتر سەرنجی خەڵک ڕاناکیشن و ناخوێندرێنەوە؟ نا، بگرە لەبەر ئەوە بە دەیان ساڵە نووسینە کورتەکان لەبەرئەوەی سەرچاوەی باشی داهات نین و پارەیان لێ وەدەست ناکەوێ بەتایبەتی لەبەر هۆکاری شێوازی بەرهەمهێنان لە پاشەکشەدا بوون. بەڵام ئێستا لەبەر دیژیتاڵیزەبوون و لەبەر ئەوە شێوازی بەرهەمهێنانیان لە دیژیتاڵدا لە ناکاو شیانی باشتری بڵاوکردنەوەیان بۆ دەرەخسێنێ، وەک شیانی کڕین بە پارەی کەم و زۆر ڕێگەی چارەسەری تر، ئەوە جارێکی دیکە بازاڕی کورتە نووسینی ئەدەبی گەرم دەبێتەوە. نووسینە کورتەکان بەڕاستی جارێکی تر ڕێگەیان دەکەوێتە نێو وشیاریی ئێمە.

دووەم، ئێمە لە داهاتوودا تێکست و نووسینی درێژیش دەخوێنینەوە.

هاوکات لە داهاتوودا درێژە بە نووسین و خوێندنەوەی نووسینی درێژ دەدەین. ئەوەی کە ئێستا بۆ ئێمە جێگەی سەرنجە و بۆشمان گرینگە ئەوەیە کە شیانی ئەوەی کە تێکستی درێژ بنووسرێ و بخوێندرێتەوە ئێستا لە بەراورد لەگەڵ رابردوودا زۆرترە. لە رابردوودا باری ئابووریی هەرە باش و هەر بەو پێیەش فرۆشی باش بۆ کتێب ئەوە بوو کە تێچووی کتێبێک لە نێوان ١٥٠ هەتا ٤٠٠ لاپەڕە لە نێوان ٥ هەتا ٢٠ کرۆندا بێت. بەڵام بۆ کتێبێکی دیجیتاڵ ڕێسای تر ڕۆڵ دەگێڕن. بۆ نموونە تێچووی کتێبێکی ١٤٠ هەتا ١٤٠٠٠٠ وشە و نیشانە هەروەک یەکە. لێرەدا دەبیندرێ کورتی و درێژیی تێکست کاریگەری لەسەر تێچووی کتێب دانانێ. لە باتیی ئەوە ئەو پرسە گرینگە کە خوێنەر چەندە سەرنج و چەندە کات بۆ خوێندنەوەی کتێبێکی درێژ یان بە پێچەوانەکەی تەرخان دەکا.

سێیەم، ئێمە لە داهاتوودا کتێبە بەجووڵەکان دەخوێنینەوە، ئەوانەی سەرەنج ڕاکێشن و لەنێو چەند جۆری میدیادا لە جووڵەدان.

لە داهاتوودا شێوازی نوێی گێڕانەوە وەدەردەکەون. کاتێک شیانی جۆربەجۆر بۆ گێڕانەوە هەبوو ئەوە گێڕانەوەی جۆربەجۆریش سەرهەڵدەدا. بە متمانەوە کتێبە دیژیتاڵییەکان لە شێوازی جیاواز و شێوە مێدیای جیاوازدا دەردەکەون. ئەوانەی ئیمرۆ لە بازاڕی دیژیتاڵدا لە چێکردنی گەیمەکاندا لە پێشەوەن بێگومان لە شێوازی نوێی کتێبی دیژیتاڵیشدا دەبن بە پێشقەرەوڵ و ڕێنیشاندەر. ئەوان لە گێڕانەوەی چیرۆکەکاندا زۆر زیرەکن و هەموو کات تەکنیکی نوێ و شیانی نوێ دەخوڵقێنن.

چوارەم، لەمەوبەدوا خوێندنەوە تەنیا کەسی و لە چوارچێوەی شەخسدا نییە بگرە دەبێتە شتێکی گشتی و بەکۆمەڵ.

ئیمرۆکە خوێندنەوەی کتێب شتێکی زۆر شەخسییە و لە چوارچێوەی تاکەکەسدا. بەڵام ئەوانەی بۆ نموونە بلۆگەکان دەخوێننەوە خوێندنەوە دەبێتە شتێکی کۆمەڵایەتی تەنانەت گشتی. تۆ کە دەخوێنییەوە هاوکات هەر لەوێ ئەو شیانەشت هەیە بۆچوونەکانی خۆت دەربڕی، هەمان تێکست بۆ کەسانی تر بنێری و بڵاوی بکەیەوە. تۆ هەتا نووسینێک لە بلۆگێک نەخوێنییەوە لینکەکەی بە خۆڕایی دانانێی و لەلای خۆتەوە بڵاوی ناکەیەوە. ئەمە لەگەڵ کتێبە دیژیتاڵییەکانیش یەک دەگرێتەوە. ئیتر ئێمە لەمەوبەدوا بە تاقی تەنیا کتێب ناخوێنینەوە بگرە لەگەڵ خەڵکی تر دەیخوێنییەوە. هەموو ئەو شتەی دەیخوێنینەوە، بۆچوونی لەسەر دەنووسین و دەتوانین لەلایەن خۆمانەوە بۆ کەسانی تر بینێرین و بڵاوی بکەینەوەو ئەوانیش بەهەمان شێوە بۆ کەسانی تر. لێرەدا نووسینێک لەم پرۆسێسەدا وەپێش دەکەوێ، باشتر دەبێ و دووبارە تێکەڵ دەبێتەوە. لەم

بوارانەدا لەم سالانەی داهاتوودا زۆر شت ڕوو دەدەن. ئیتر کتێب دەبێتە کەرەستەیەک بۆ پێوەندی و بیروڕا گۆڕینەوە لە باتیی شتێکی تەریکخراوە و بەرهەمێکی کۆتایی و نەگۆڕ. ئیتر کتێب دەبێتە مەکۆیەک بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕامان لەسەر پرسێک کە کۆمەڵێک لە خوێنەران بەدەوری خۆیدا کۆ دەکاتەوە.

پێنجەم، ئێمە لە جاران زیاتر لە نووسەران نزیک دەبینەوە و سنووری نێوان ئەوانەی دەنووسن و ئەوانەی دەخوێننەوە لە جاران کاڵتر دەبێتەوە.

ئیمڕۆ زۆربەی نووسەران هیچ پێوەندییەکیان لەگەڵ خوێنەرانیان نییە. زۆر کەس لە بازاڕی کتێبیش هێشتا لەو جیڤانۆکەدا دەژین کە نووسەر دەبێ هاسان وەدەست نەکەوێ و لە ژیانی ڕاستیدا کەمتر دەربکەوێ. ڕەنگە ئەمە لەسەر چەند نووسەرێک وەڕاست بگەڕێ بەڵام بە متمانەوە دەتوانین بێژین کە نزیکبوونەوەی پێوەندیی نێوان نووسەر و خوێنەر بەر لە هەموو شتێک بە قازانجی نووسەرە. هەتا ئێستا ڕێگەکانی پێوەندی سەخت بوون، جارێک ئیمزاکردنی کتێبێک لێرە و کۆڕێک لەوێ یان لە پێشانگەی کتێبدا نەبێ نووسەر پێوەندیی بە خوێنەرەوە نەبووە. ئینتەرنێت و خوێندنەوەی دیجیتاڵ لە گرێدانی ئەم پێوەندییە و زیاتر نزیککردنەوەی نووسەر لەگەڵ خوێنەر دەتوانێ نەخشی سەرەکی بگێڕێ. تەنانەت پەیوەنددانی ئەم پێوەندییە لەنێو گێڕانەوەکاندا و کردنی ئەم پێوەندییە وەک بەشێک لە ئەزموونی خوێندنەوە شیانی هەیە. لێرەدا مەبەست لە پێوەندیی شیانی ئابووری یان لێکترازانی جوگرافیایی نییە بگرە هزر و بیروڕایە. ئەمەش زۆر کەس حەتمەن لە داهاتوودا دەیبینن. هاوکات پێوەندیی نێوان خوێنەرانیش لەگەڵ یەکتری چڕتر دەبێتەوە، زۆر شت هەیە کە بکرێ و بەرەو باشبوون بڕوا. ئاڵوگۆڕەکان لە قۆناغێکی پێنج ساڵەدا یەکجار زۆر و بەرچاو دەبن.

شەشەم، ئێمە دیسان درێژە بە خوێندنەوەی کتێبە ئاساییەکان دەدەین.

بەڵێ، یان گیوو ۱۹ Jan Guillou ، تۆ و نەوەکانت لەو بارەوە خاترجەم بن.

لەگەڵ هەموو ئەمانەش کتێبی سەر کاغەز فۆرم و شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە. سەرەڕای دیژیتاڵیزەبوون ڕەنگە لە داهاتووشدا هەمان شێوازی خۆی لەسەر کاغەزدا بپارێزێ. کتێبەکانی سەر کاغەز لە فۆرم و شێوازێکدا چێ کراون کە ستاتیسک و نەگۆڕ بن. تێکستەکان جۆرێک نووسراون بۆ ئەوە تەنیا بکرێ لەسەر کاغەز چاپ بکرێن نەک بۆ شتێکی تر.

بەڵام فرۆشی ئەوەی چی کتێبە و کتێب چۆنە ئەویش لە بەردەم گۆڕانکاریدایە لەم نێوەدا ناوەرۆکی کتێبیش و شێوەی گێڕانەوەشی دەبێ خۆیان لەگەڵ فۆرم و شێوازی نوێدا بگونجێن. ئاخۆ دوای ئەمەش دیسان فۆرم و شێوازی نوێی کتێب سروشتین؟

بە متمانەوە شیانە نوێیەکان بۆ گێڕانەوە دەستی پێ کردووە و لەگەڵ ئەمەش شێوازی نوێی

گێڕانەوە بەدوای خۆیدا دێنێ.

بەڵێ جارێکی تر مێژوو لە داهاتوودا دووبارە دەبێتەوە.

سەرچاوە:

وەرگیراو لە بلۆگی داهاتووی کتێب bokensframtid

http://www.bokensframtid.se/2010/05/med-nya-satt-att-beratta-foljer-nya-berattelser/

## بازاڕی ئێستای کتێبی دیجیتاڵ

سوفیا کورمان، Sofia Curman

ڕۆژنامەی DN داگێنسنییەێتر

ئاخۆ بە پەرەگرتنی کتێبی دیجیتاڵ داهاتووی کتێبی سەر کاغەز لێڵە و وردە وردە دەسپێردرێتە مێژوو؟ لە ڕاستیدا لەگەڵ پەرەگرتنی کتێبی دیجیتاڵ و زیاتر خوێندنەوەیان، هێشتا کتێبەکانی سەر کاغەز کاریگەرییەکی وا بەرچاویان لە سەر دیار نییە و بگرە ڕۆژ بەڕۆژ بازاڕی کتێب و بڵاوکردنەوەی سەرکاغەزیش لە پێشوەچووندایە و هیچ کاتێک وەک ئێستا خوێندنەوەی کتێبی سەر کاغەز زێدە نەبووە. هاوکات لەگەڵ ئەمە، بازاڕی کتێبە دیژیتاڵەکانیش گەرمە و هەر تا دەچێ هەر گەرمتریش دەبێ.

ئێستا تەختەکانی خوێندنەوە لە هەموو جۆر و شێوازێکدا کەوتوونەتە بازاڕ. چاپخانە گەورەکان باسی ئەوە دەکەن کە هەتا دێ و زیاتر کتێبەکان لە شێوازی دیژیتاڵدا بڵاو دەکەنەوە و ڕەنگە لەمەوبەدوا بتوانن هەموو کتێبەکان هاوکات لەگەڵ چاپی سەر کاغەز لە شێوازی دیژیتاڵیشدا بڵاو بکەنەوە. هەر لە ئێستاوە سەندیکای نووسەران لە باس و گفتوگۆ لەگەڵ دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەن کە چۆن ئاڵوگۆڕ بەسەر ڕێککەوتنەکانیان لە پێوەندی لە گەڵ بڵاوکردنەوەی کتێبی دیژیتاڵدا بێنن و ڕێککەوتننامەی نوێ سەبارەت بە مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی دیجیتاڵ ئیمزا بکەن.

لە نیوەی یەکەمی ساڵی ۲۰۰۹دا لە سوێد فرۆشی کتێبە دیژیتاڵەکان ۱۳ لە سەد زیادی کرد.

بەو حاڵەشەوە فرۆشی کتێبی دیجیتاڵ تەنیا ڕێژەیەکی کەم لە کۆی گشتیی فرۆشتنی کتێب لە سوێد پێک دێنێ. هەتا ساڵی ۲۰۰۹ تەنیا دوو هەزار کتێبی دیجیتاڵ لە بازاڕی کتێبفرۆشییەکانی سوێددا هەبوو. ڕاستییەکەی ئەوەیە بەو شێوەیە مەزەندە دەکرا، بازاڕی کتێبی دیجیتاڵ گەرم نەبوو. ئەگەر بێتوو ئەمە لەگەڵ بازاڕی فیلم کە لە سەرەتای ۲۰۰۲ بە هاتنە کایەی دیاردەگەلێکی وەک ئایتونس Itunes ، ئایپۆد Ipods، یوتیوب Youtube و سپۆتیفای Spotify ئاڵوگۆڕی یەکجار

بەرفراوانی بەسەردا هات، بازاڕی کتێبی دیجیتاڵ ئەو ئاڵوگۆڕەی بەسەردا نەهات. لەگەڵ ئەوەی زانکۆکان، کتێبخانەکان و ناوەندەکانی پەروەردە هەتا ئێستا زۆر بەباشی لە کتێبە دیژیتاڵەکان کەڵکیان وەرگرتووە بەڵام هێشتا کتێبە دیژیتاڵەکان نەیانتوانیوە باڵ بەسەر بازاڕی کتێبدا بکێشن. لێرەدا جێگەی خۆیەتی پرسیار بکرێ، بۆ؟

پی سۆدێرسترۆم Py Söderström بەرپرسی شەریکەی ئێلیب Elib که کارەکەیان ئەوەیە کتێبە دیژیتاڵەکان بخەنە هەوێڵی چاپ و بڵاکراوەکانی سوێد، لەو باوەڕەدایە کە پێشوەچوونی کتێبی دیجیتاڵ لە چیرۆکی ئاخۆ مریشک پێش هێلکە بووە یان هێلکە پێش مریشک بووە، چەقیوە. لەبەرئەوەی بازاڕی کتێبی دیجیتاڵ زۆر کەم بووە هەر بەو پێیە دەزگاکانی چاپ و بڵاوکەرەوە سەرنجیان بە کتێبی دیجیتاڵ نەداوە. هەر لەو سۆنگەشەوە دەکرێ بگوترێ ئەگەر هاتو کتێبی دیجیتاڵ بڵاو نەکرایەوە ئەی لە کوێ بازاڕی بۆ پەیدا ببێ.

کاتارینا ڕێنمان کلاسسۆن Katarina Renman Claesson قوتابی دوکتۆرا لە زانکۆی ستۆکهۆڵم کە لێکۆڵینەوە لەسەر مافی بڵاوکردنەوە دەکا دەڵێ: ئەم هۆکارەی سەرەوە هەتا ڕادەیەک کێشەکە ڕوون دەکاتەوە. بەڵام ئەمە بەتەنیا بەس نییە، چونکە زۆر هۆکاری تریش هەن کە لەم پێوەندییەدا نەخش دەگێڕن: ئەوە ڕاستە کە هێشتا داخوازێکی زۆر بۆ کتێبی دیجیتاڵ نەبووە. بەڵام هاوکات بۆ چاپ و بڵاوکەرەوەش ڕوون نییە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ مافەکانی بڵاوکردنەوە دەکرێ. بۆ نموونە دیار نییە کە لە داهاتی کتێبی دیجیتاڵ چەندەی وەبەر نووسەر دەکەوێ و چۆن چۆنی ئەو حسێب و کتێبە دەکرێ.

کێشە و ناکۆکی لەسەر مافی بڵاوکردنەوە چەندساڵێکە درێژەی هەیە. لە سێبەری کێشەکان لەگەڵ کتێبەکانی گووگڵ Google Books، دەزگای چاپ و بڵاوکەرەوە سویدییەکان لە هەوڵی ئەوەدان هیچ نەبێ ڕێککەوتنێکی ئەگەر جێگەی دڵخۆشیی ئەوانیش نەبێ بکەن بۆ ئەوە بتوانن لانی کەم کتێبی نووسەرەکانیان بە شێوەی دیژیتاڵیش بڵاو بکەنەوە. لە ساڵی ٢٠٠٩ ڕێککەوتنێک لە نێوان سەندیکای نووسەرانی سوێد و چاپخانەی نورستێد سەبارەت بە چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی دیجیتاڵ بەسترا. ئەم ڕێککەوتنە بەپێی قسەی کاتارینا ڕێنمان کلاسسۆن گرینگییەکی زۆری بۆ داهاتووی چاپ و بڵاوکراوەی کتێبی دیجیتاڵ هەیە.

کاتێک کتێبفرۆشی ئینتەرنێتی ئامازۆن تەختەی خوێندنەوەی کیندلی Kindle داهێنا ئەوە ئەودەم بوو کە بازاڕی کتێب وەخەبەر هات. بۆ کریسمەس و سەری ساڵی نوێی ٢٠١٠ ئامازۆن ڕای گەیاند کە بۆ یەکەم جار ڕێژەی فرۆشتنی کتێبە دیژیتاڵەکانی لە ڕێژەی فرۆشی کتێبە ئاساییەکانی بەرزتر بووەتەوە. شیانی زۆر هەیە کە هۆکارەکە ئەوە بووبێت کە ئەمەریکاییەکان وەک دیاری کریسمەس تەختەی خوێندنەوەیان وەرگرتبێ. بەو حاڵەشەوە نیشانەی پێشوەچوونی کتێبی دیجیتاڵ لەملا و لەولا دەبیندرێ. پی سۆدێرسترۆم لە شەریکەی ئێلیب دەڵێ بێگومان کیندڵ ڕێگەی زۆری بۆ گەرمکردنی بازاڕی کتێبی دیجیتاڵ خۆش کردووە. کیندڵ تەنیا بە کتێبفرۆشی

ئامازۆنەوە و کتێبەکانی ئەوانەوە بەستراوەتەوە و بۆ نموونە سوێدییەک ناتوانێ کتێبی سوێدیی پێ بخوێنییەوە. لە سوێددا هەتا ساڵی ٩٠٠٢ تەنیا تەختەیەکی خوێندنەوەی کۆریایی بەناوی نووت هەبوو کە کەوتە بازاڕ و دەکرا کتێبە سوێدییەکانی پێ بخوێندرێتەوە.

لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٠دا لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکەرەوەی بۆنییەرشەوە دوو تەختەی خوێندنەوەی تر کەوتنە بازاڕ.

سەرچاوە:

http://www.dn.se/dnbok/dnbok-hem/tid-for-e-boken

## کتێبخانەکانی سوێد و کێشەی کتێبی دیجیتاڵ

ڕۆژنامەی سڤێنسکا داگبلادێت، ٢٥ی ژانڤییەی ٢٠١١

پرسی دیژیتاڵیزەبوون لە کتێبخانەکانی سوێددا

ئێستا مەترسییەک ڕووبەڕووی کتێبخانەکانی سوێد بووەتەوە. ئەگەر ئێمە دەمانهەوێ کتێبخانە هەروەک جاران بڕبڕەی پشتی مافی پەروەردە و زانیاری وەرگرتنی هاووڵاتییانی سویدی بێت ئەوە دەبێ کێشەی کتێبی دیجیتاڵ چارەسەر ببێ. دەبێ ئاڵوگۆڕی پێویست لە کتێبخانەکاندا بکرێ بۆ ئەوەی ئەوان بتوانن خۆیان لەگەڵ سەردەم و کتێبی دیژیتاڵی بگونجێنن.

خوێنەری ئیمڕۆیی دەیەوێ کتێبی دیجیتاڵ لە ڕێگەی کۆمپیوتەر، تەلەفۆنە زیرەکەکان و تەختەکانی خوێندنەوە لە کتێبخانە قەرز بکا. کتێبخانە گشتییەکان وەک موڵکی گشتی دەبێ ئیمڕۆ ئەو شیانەیان هەبێت کە کتێبە ئەلیکترۆنییەکان لە هەوێڵی خوێنەران دابنێن. کتێبخانە گشتییەکان لە پێشکێشکردنی ئەم خزمەتگوزارییە لاڕێیان نییە بەڵام ئاخۆ دەوڵەت و ناوەندەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە حازرن لەم بارەوە هاوکاریی کتێبخانەکان بکەن؟

کە ئیمڕۆ لە سوێد کتێبخانە گشتییەکان هەن و خزمەتگوزاری لە هەوێڵی هاووڵاتییان دەنێن، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو باس و موناقشەیە گەرم و دوور و درێژەی کە لە دەیەی ١٩٣٠ بوو بەهۆی دانی بڕیاری کردنەوەی کتێبخانە و کەڵک وەرگرتنی گشتی لە کتێب وەک سیاسەتێکی کولتووری بۆ پێشخستن و پێشوەچوونی سوێد لە ئاستی کولتووری و وەرگرتنی زانیاریدا. ئەودەم بیرۆکەی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و کولتووری لە ئاستی نەتەوەییدا بەسەر ئەو نیگەرانییەی کە گۆیا بە کردنەوەی کتێبخانە گشتییەکان، ئیتر خەڵک کەمتر کتێب دەکڕن، سەرکەوت و کتێبخانە گشتییەکان کرانەوە. ئیمڕۆ زۆر کەم لە کتێبفرۆش، نووسەر و خاوەن ئیمتیاز هەن کە نیگەرانیی

ئەوە بن كتێبخانە مەترسییەكە بۆ سەر بەرژەوەندی و بازارگەرمیی ئەوان.

ئێستاش هەمان كێشە لەسەر بوونی كتێبی دیجیتاڵ لە كتێبخانەكاندا جارێكی تر زیندوو بووەتەوە، هەر بۆیە ئێستاش دەبێ هەمان شەڕێك كە ئەودەم بۆ كرانەوەی كتێبخانەكان و ڕۆڵی گرینگی كتێبخانەكان كرا ئیمڕۆش بۆ كتێبی دیجیتاڵ بە لە بەرچاوگرتنی پێشوەچوونە تەكنیكییەكان بكرێ.

لە ڕاستیدا ناوەڕۆك، ناوكی زانیاری و كولتوور پێك دێنێ نەك وەك شێواز و جۆری كتێب. بێجگە لەوە دەبێ جۆر و شێوازی كتێب یارمەتیی گرووپی جیاوازی نێو كۆمەڵگە بدا بۆ ئەوەی ناوەڕۆك بە باشترین ڕێگا بگا بە وەرگران.

ئێستا دوو كێشەی سەرەكی لە پێوەندی لەگەڵ كتێبی دیجیتاڵ لە كتێبخانەكاندا هەیە. یەكەم چاودێری بەسەر ئەوە كامە كتێبی دیجیتاڵ لە كتێبخانە هەبێت و دووەم چاودێری بەسەر نرخی كتێبە دیژیتاڵییەكان بۆ كتێبخانەكان. كاتێك دەگەڕێتەوە سەر كتێبە ئاساییەكان یان كتێبەكانی سەركاغەز ئەوەیە كە هەركە كتێب لە چاپخانە هاتە دەرێ و كەوتە بازار ئەوە كتێبخانەكان دەیانكڕن و خوێنەرانیش قەرزی دەكەن. بەڵام كتێبە دیژیتاڵییەكان لەم بارەوە هەلومەرجێكی پێچەڵپێچتریان هەیە. چاپخانەكان چاودێری بەسەر ئەوەدا دەكەن كە كتێبەكان كەی دەكەونە كتێبخانە. بەڵام كتێبخانەكانی شاری ستۆكۆڵم ئەو مافەیان هەیە كە تەنیا ٥٤ لە سەدی كتێبە دەنگییە دیژیتاڵییەكان بە قەرز بدەن بە خوێنەران، بەواتایەكی تر كەمێك لە سەرەوەی نیوەی كتێبە دیژیتاڵییەكانی شەریكەی ئیّ لیبس E-libs. شەریكەی ئیّ لیبس ئاكتۆری هەرە سەرەكییە لە بڵاوكردنەوەی كتێبە دیجیتاڵییەكان و شەریەكەكە لە خۆیدا هی چاپخانە گەورەكانی سویدە و لەلایەن ئەوانەوە هەڵدەسووڕدرێ.

بۆ هەر كتێبێكی دیجیتاڵ، كتێبخانەكان ناچارن ٢٠ كرۆن بدەن بە شەریكەی ئیّ لیبس و هەتا خوێنەرانیش كتێبی دیژیتاڵی زۆرتر قەرز بكەن ئەوە دەركەوتی كتێبخانەكان بەرزتر و بەرزتر دەبێتەوە. پارادۆكساڵ و دوولایەنی لەوەدایە هەتا كتێبی دیژیتاڵی زۆرتر قەرزتر بكرێ ئەوە بودجە و دەركەوتی كتێبخانە زۆرتر و زۆرتر دەبێ و هەر لەو سۆنگەشەوە بوونی كتێبی دیجیتاڵ لە كتێبخانە كەمتر و كەمتر دەبێتەوە. لێرەدا دەبێ ئەوە لە بەرچاو بگرین كە كتێبخانەكان بودجەیەكی فیكس و دیاریكراوی ساڵانەیان هەیە. لەم ساڵانەی دواییدا هەژماری كتێبە دیژیتاڵەكانی ئیّ لیبس كە لەلایەن كتێبخانەوە بە قەرز بە خوێنەران دراوە كەمی كردووە بەڵام هاوكات ویستی قەرزكردنی كتێبی دیجیتاڵ لەلای خوێنەران نەك كەمی نەكردووە بگرە زیادی كردووە.

لەلایەكی ترەوە ئەو كۆدە ئاسایشییەی كە بۆ كتێبە دیژیتاڵەكان لەلایەن شەریكەی ئیّ لیبس بۆ كتێبخانەكان دانراوە كە خوێنەران نەتوانن كتێبەكان كۆپی بكەن، ئەوەندە بە زەحمەتە كە

خوێنەران لە کاتی کردنەوەی فایلی کتێبەکاندا تووشی زەحمەتی دەبن. بەڵام هەمان کۆدی ئاسایشی لەبەر پێچەڵپێچی و بەزەحمەتبوونی لەلایەن چاپخانەکانەوە بۆ کڕیارانی خۆیان لابردراوە تەنیا لەبەرئەوەی کڕیاری زۆرتر بۆ لای خۆیان ڕابکێشن.

کتێبخانە گشتییەکان یان گەلییەکان ئیمڕۆش پێویستن بۆ ئەوەی زانیاری بەخەڵکی بدەن و نەخشی پردی گوێستنەوەی ئەدەبیات کە هەموو کۆمەڵگە قازانجی لێ دەکا، وەک جاران وەئەستۆ بگرن. ئەم ڕۆڵە لە سەردەمی کتێبی دیژیتاڵیشدا هەر دیسان لەسەر شانی کتێبخانەکانە. پرەنسیپەکە ئاسانە. کتێبخانە بەرهەمە بەپێز و ناوەڕۆکە میدیاییەکان هەڵدەبژێرن، لە بازاڕ دەیکڕن و دەیگەیەننە خوێنەران. لێرەدا فۆرم و شێواز چییە جیاوازی نییە گرینگ ناوەڕۆکە کە دەکەوێتە بەر سەرنجی هەڵبژاردنی کتێبخانەکان. کتێبخانەکان لە پەنای بازاڕی کتێبدا بوونیان هەیە و دەبن بەڵام ڕێگە نادەن بازاڕ و چاپخانەکان دەسەڵاتی بەسەر ئەواندا هەبێت. لێرەدا بیرۆکەیەکی نوێی بازرگانی پێویستە بۆ دانانی شێوازێکی نوێ لە کڕینی کتێبە دیجیتاڵەکان بۆ کتێبخانەکان بە جۆرێک نە بازاڕ زەرەر بکا و نە خوێنەرانیش بەبێ کتێبی دیجیتاڵ بمێننەوە.

بۆ چارەسەری ئەم پرسە گرینگە لە ئاستی نەتەوەییشدا لەلایەن دەوڵەتەوە هەوڵ و تەقەلا بدرێ. ئەو لێژنانەی لەلایەن دەوڵەتەوە ئەرکدار کراون پرسی کتێبخانە گشتییەکان تاوتوێ بکەن، دەبێ بە جیدی چارەسەرییەکیش بۆ پرسی کتێبە دیجیتاڵەکان ببیننەوە. ئێمە دەبێ مافی هاووڵاتییان بۆ دەستڕاگەیشتن بە کتێبخانەکان و قەرزکردنی کتێب لە هەموو شکڵ و فورمێکدا قایم و قوڵتر بکەین نەک بەپێچەوانە.

سەرچاوە:

http://www.svd.se/opinion/brannpunkt/e-bocker-odesfraga-for-bibliotek5890239.svd

## بۆچی کتێبی دیجیتاڵ لە ئەمەریکا بازاڕی هەیە و لە سوێد نییەتی؟

پەر فرانسسۆن، بلۆگنووسی سوێدی Per Fransson

ئامازۆن گەورەترین کتێبفرۆشی ئینتەرنێتی لە ئەمەریکا بۆ یەکەم جار ڕێژەی فرۆشی کتێبە دیژیتاڵییەکانی لە کۆتاییی ساڵی ٢٠٠٩دا لە فرۆشی کتێبە ئاساییەکانی بەرزتر بووەوە. ئامازۆن لە کۆتاییی ساڵی ٢٠٠٧دا تەختەی خوێندنەوەی کیندڵی Kindle داهێنا و ئەپڵیش بە ڕێچکەی ئامازۆندا لە دەسپێکی ساڵی ٢٠١٠دا تەختەی خوێندنەوەی ئیبووکسی iBooks داهێنا. بۆچی لە ئەمەریکا فرۆشی کتێبە دیژیتاڵییەکان پەرەی ئەستاندووە؟ ئەمە لە خۆیدا پرسیارێکی پێچەڵپێچە بەڵام بەبڕوای من دوو هۆکاری سەرەکی لەم پێوەندییەدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینن:

**یەکەم،** کڕینی کتێبە دیژیتاڵییەکان لە کڕینی کتێبە ئاساییەکان یان کتێبەکانی سەر کاغەز ئاسانترە و هیچ پێویست ناکا کات بۆ کڕینی کتێبێک لەلایەن کڕیارەوە تەرخان بکرێت. تەنیا

بەچەند کرتەیەک کە چەند چرکە زیاتر ناگرێ کتێبێک یان چەند کتێب پێکەوە دەکڕدرێ. جێگەی سەرسوڕمان نییە کە خزمەتی "کڕین بە کرتەیەک" one-click buying لەلایەن کتێبفرۆشی ئامازۆنەوە داهێندرا و دواتر هەمان خزمەت لەلایەن ئەپڵیشەوە بەکار بردرا. هیچ کاتێک لە مێژوودا وەک ئیمڕۆ ئەوەندە مەودای نێوان کڕیار و شتومەکی خوازراو کورت نەبووەتەوە. کڕیار سەرنجی بۆ کتێبێک ڕادەکێشرێ و تەنیا بە کرتەیەک لەسەر وشەی "بیکرە" لەسەر کۆمپیوتەرەکەی یان مۆبایلەکەی لە چەند چرکەیەکدا کتێبەکە دەکڕێ و دەبێتە خاوەنی کتێبەکە. من بۆ خۆم وەک ئەزموون ئەم جۆرە کڕینەم تاقی کردەوە، هەر لە کاتی گەڕان بە شوێن کتێبەکەدا هەتا کڕینی و وەهەوێڵخستنی و بوون بە خاوەن کتێبەکە هەموو ٢٥ چرکەی خایاند واتە چارەکێک لە خولەکێک.

**دووەم،** کەڵک وەرگرتن لە کتێبە دیژیتاڵییەکان لە کتێبە ئاساییەکان ئاسانترە. هێندێ کەس لەو باوەڕەدان کە وەبازاڕخستنی زیاتری تەختەی خوێندنەوە لە سویددا دەکرێ ببێتە هۆی گەرمکردنی بازاڕی کتێبە دیژیتاڵییەکان من لەو باوەڕەدام کە ئەمە لە خۆیدا تەنیا بەشێکە لە چارەسەری. ئەوەی کە بوو بەهۆی گەرمیی بازاڕی کتێبە دیجیتاڵییەکان لە ڕاستیدا مۆبایل تەلەفۆنە زیرەکەکان بوون. هەموو کەسێک مۆبایل تەلەفۆنی لە گیرفاندایە، ئەمە لە خۆیدا بەو مانایەیە کە هەڵگرتنی ئەوان لە تەختەکانی خوێندنەوەو لاپتۆپەکان ئاسانترە. هەر بەو پێیە خوێندنەوەی کتێبە دیجیتاڵییەکان لە ڕێگەی تەلەفونەوە ئاسانتر دەبن. کەسێک لەنێو پاس، یان قیتارە، یان خەریکی نانخواردنە یان لە وێستگەیەک بە دیاری پاس و قیتارەوە چاوەڕێ دەکا، دەتوانێ لە هەمان کاتدا بەدەرهێنانی مۆبایلەکەی لە گیرفانیدا دەست بە کتێب خوێندنەوە بکا. بێجگە لەوە لە تەختەکانی خوێندنەوەدا پێشوەچوونی بەرچاو ئەنجام دراوە و دیارە ئەمەش دەتوانێ بازاڕی کڕینی کتێبە دیجیتاڵییەکان زیاتر گەرمتر بکا. بەتایبەت گرێدای سێ جی g3 ئەو شیانە دەخاتە هەوێڵی خوێنەرەوە کە ڕاستەخۆ لە تەختەکانی خوێندنەوەوە پێوەندیی بە بازاڕی کتێبەوە هەبێت. بێجگە لەوەش بە کڤالیتییەکی باشەوە کتێبەکان لە شاشەی تەختەی خوێندنەوەدا دەردەکەون ئەمەش خوێندنەوەی کتێب لەسەر تەختەی خوێندنەوە لە بەراورد لە گەڵ مۆدێلە پێشووەکانی تەختەی خوێندنەوە خۆشتر و ئاسانتر دەکەن.

لە لایەکی دیکەوە ئێمە کتێبە دیژیتاڵییەکان لە بەر ئەوە ناخوێنینەوە کە خوێندنەوەی ئەوان لە سەر شاشەی تەختەی خوێندنەوە خۆشترە یان خوێندنەوەی ئەوان بە گشتی لە بەراورد لەگەڵ کتێبی سەر کاغەزدا باشترە بگرە لە هەڵبژاردنی ئێمەدا کارئاسانی لە کڕین و خوێندنەوە، باشتر لە هەوێڵ کەوتن و باری فیزیکیی کتێب و قازانجکردنی زیاتری کات ڕۆڵ دەگێڕن. بە کورتی خوێندنەوەی کتێبە دیجیتاڵییەکان لە چاو کتێبەکانی سەر کاغەزدا لە زۆر بارەوە ئاسانترن.

کاتێک شتێک کارئاسانی بۆ ئێمە بکا، زوو خۆمانی پێ ڕادێنین. ئیمڕۆ لە سوێددا ئێمە لە نێوان زۆر ستانداردی جیاواز بۆ کتێبە دیجیتاڵییەکان لەلایەن شەریکە جۆرەوجۆرەکانی وەک سێ

دی ئۆ ئێن، ئەدلیبریس، بوکوس (CDON, Adlibris, Bokus) و زۆری دیکە سەرمان لێ شێواوە و ئەزموونی خۆشمان لە خوێندنەوەی کتێبە دیژیتاڵییەکان وەک خوێندنەوەی کتێبە دیجیتاڵییەکان لە ئەمەریکا نییە بۆ نموونە ستانداردی کیندڵ ئاپ لەلایەن کتێبفرۆشی ئامازۆنەوە. بەڵام ئەمە دیسان فاکتۆرێکی بچووکە بۆ ئەوە بازاڕی کتێبە دیجیتاڵییەکان لێرە لە سوێد وەک ئەمەریکا گەرم نییە. هۆکارەکانی کارئاسانی لە کڕین و خوێندنەوەی کتێبە دیجیتاڵییەکان ئەو هۆکارە سەرەکییانەن کە بازاڕی خوێندنەوەی کتێبە دیجیتاڵییەکانیان ئاسانتر کردووە.

سەرچاوە:

http://fyranyanser.se

٢٠١١/٩/٢١

## پڕۆژەی گەورە بۆ کتێبە دیجیتاڵییەکان لە سوێد

ڕۆژنامەی سڤێنسکاداگبلادێت
٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١١



جۆرێک کتێبی دیجیتاڵ

کاتێک باس لە پێشوەچوونە تەکنیکییەکان بکرێ ئەوە سوێد لە پێشەوەی ئەمەریکایە بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ بازاڕی کتێبە دیجیتاڵییەکاندا ئەوە سوێد کەوتووەتە پاشەوەی ئەمەریکا. لە ئەمەریکا فرۆشی کتێبە دیجیتاڵییەکان ١٥ لە سەدی کۆی ڕێژەی فرۆشی کتێب پێک دێنێ بەڵام لە سویدا ئەم ڕێژەیە لە فرۆشی چەند هەزارێک کتێبی دیجیتاڵ تێ ناپەڕێت. ئێستا دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی نورشتێد دەیەوێ ئەم بارودۆخە بگۆڕێ و بازاڕی کتێبی دیجیتاڵ لە سوێددا گەرمتر بکا.

لە مانگی مای ٢٠١١دا کتێبفرۆشی ئامازۆن ڕای گەیاند کە بۆ یەکەم جار ڕێژەی فرۆشی کتێبە دیجیتاڵییەکانی لە کتێبە ئاساییەکانی بەرزتر بووەتەوە. جێف بیزۆز Jeff Bezoz بەرپرسی ئامازۆن لە وتووێژێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز دەڵێ: "ئێمە هیوایەتی ئەوەمان هەبوو کە ئەمە درەنگ یان زوو ڕوو بدا بەڵام قەت لەو باوەڕەدا نەبووین کە ئەوەندەش خێرا وەپێش بکەوین".

ئەوەی کە ئامازۆن بەو شێوەیە وەپێش کەوتووە دەبێ سوپاسی تەختەی خوێندنەوەی کیندڵ بکا کە توانیویەتی بازاڕی کتێبە دیجیتاڵەکان گەرم بکا. لە ئەمەریکا باس لە ڕێژەی فرۆشی ١٠ هەتا ١٨ لە سەدی کتێبە دیجیتاڵەکان دەکرێ بەڵام بەپێی ناوەندی لێکۆڵینەوەی فورێستر ریسێرچ -For

rester Research ڕێژەی ناوەندی کتێبە دیجیتاڵییەکان ١٤ لە سەدی کۆی فرۆشی کتێبەکان لە ئەمەریکا پێک دێنێ.

لە ئەورووپا پێشوەچوونەکان لە بواری کتێبە دیژیتاڵییەکان هەتا ئێستا تەنیا شێوازێکی کۆپیکردنی تەختەی خوێندنەوەی ئامازۆن لە ئەمەریکا بووە، لە فەرەنسا تەختەی خوێندنەوەی فناک FNAC و لە ئەڵمانیا تەختەی خوێندنەوەی تالیا Thalia و لە سوێد لەلایەن دەزگای چاپ بڵاوکردنەوەی بۆنییەرشش تەختەی خوێندنەوەی لێتۆ Letto وەک کۆپیکردنێک لە تەختەی خوێندنەوەی ئامازۆن هاتوونەتە بازاڕ.

لەگەڵ ئەوەی ڕێژەی فرۆشی کتێبە دیجیتاڵییەکان لە ٨٠٠٠٠٠ کرۆنەوە لە ساڵی ٢٠٠٩ بۆ ٣,٤ میلیۆن کرۆن لە ساڵی ٢٠١٠ بەرز بووەتەوە، بەڵام بەپێی بۆچوونی کۆمەڵەی چاپخانەکانی سوێد، ئەو ڕێژەیە تەنیا ڕێژەیەکی سیمبۆلیکە و وەک دڵۆپێک وایە لە دەریایەکدا ئەگەر بێتو ئەوە لە بەرچاو بگیردرێ کە کۆی بازاڕی فرۆشی کتێب لە سویددا بە ٧ میلیارد کرۆن لە ساڵدا مەزەندە دەکرێ.

ئێستا دامەزراوەی کەی ئێف میدیا KF Media کە لە خۆیدا سێ دەزگای وەک ئەکادیمیی بووکهاندێل Akademibokhandeln، بوکوس Bokus و نورشتێد Norstedts لەخۆ دەگرێ، دەیەوێ بە خستنە بازاڕی کونسێپتێکی نوێ بەناوی دیتۆ Dito کە لە ڕێگەی ئاندرۆید، ئەپڵ و ئیۆسەوە هەم وەک تەختەی خوێندنەوە و هەم وەک مۆبایل تەلەفۆن بۆ خوێندنەوەی کتێبی دیجیتاڵ کەڵکی لێ وەردەگرێ، دەییەوێ ئاڵووگۆڕێک بەسەر بازاڕی کتێبی سوێددا بێنێت. لە کتێبفرۆشی بووکهاندێلدا تەختەی خوێندنەوە بەناوی دیتۆ دەفرۆشرێ و لە بوکوس کە فرۆشگەی فرۆشتنی کەلوپەلی ئینتەرنێتیە، کتێبە دیژیتاڵییەکان دەفرۆشرێ.

ماتیاس فیرنیوس Mattias Fyrenius یەکێک لە بەرپرسانی کەی ئێف مێدیا دەڵێ: سێ شت پێویستە بۆ ئەوە لێرەش لە سوێد وەک ئەمەریکا بازاڕی کتێبە دیجیتاڵییەکان گەرم بن. یەکەم ئەوە بەڕادەی پێویست دەبێ ژمارەیەکی زۆر کتێبی دیجیتاڵ لە بازاڕدا هەبن. دووەم بوونی تەختەی خوێندنەوەی باش و بەکەڵک و سێیەم ئاکتۆرێکی بەهێز کە بتوانێ جووڵە بخاتە نێو بازاڕی کتێبە دجیتاڵییەکان.

نرخی کتێبە دیجیتاڵییەکان ٢٠ هەتا ٢٥ لە سەد لە کتێبەکانی سەر کاغەز هەرزانترن. بەڵام ئێمە لە ناساندنی نرخ و بایەخی ڕاستەقینەی کتێبەکان کەمتەرخەم بووین. نرخی کتێبێک لەوەدا نییە کە دەکەوێتە سەر کاغەز بگرە نرخی ڕاستی کتێبێک لە ناوەڕۆکدایە، واتە ئەو شتەی کتێب بەخوێنەری دەدا.

سەرچاوە:

www.svd.se

# ئەو کاتەی کتێب لە بەردەم ئاڵوگۆڕدایە

ڕیچارد هێرۆڵد Richard Herold
بەرپرسی بەشی ئەدەبی لە چاپخانەی ناتوور& کولتوور
٢٠١١/١٠/٦


ڕیچارد هێرۆڵد

دابەزاندنی ماڵیاتی کتێب لە ساڵی ٢٠٠١ لە سوێد وای کرد کە بازاڕی کتێب گەرمتر ببێ و خەڵکی کتێبی زۆرتر بکڕن. ئەودەم کە ئەو بڕیارە لە پەرلەمانی سوێد دەرکرا باسێک لەسەر کتێبی دیجیتاڵ لە گۆڕێدا نەبوو. بەڵام ئیمڕۆ فرۆشی کتێبی دیجیتاڵ ئەگەرچی ڕێژەیەکی بەرز نەبێت بەڵام زیاتر لە دە لە سەدی کۆی فرۆشی کتێب لە سوێد پێک دێنێ.

هەر لە سەردەمی گوتێنبەرگ (داهێنەری کاغەز) هەتا ئێستا فۆرم و شێوازی کتێب هەروەک یەک بووە. کتێب کتێبە و تەواو. بەڵام لە دوای سەرهەڵدانی کتێبی دیجیتاڵ ئەمە ئیتر گۆڕدرا .

ئێستا کۆمەڵەی چاپخانەکانی سوێد ئەو پرسەیان لە یەکەتیی ئەورووپا خستووەتە ڕۆژڤ کە دەبێ ڕێژەی ماڵیات بە بێ لەبەرچاوگرتنی شکڵ و شێوازی کتێب وەک یەک بێت. چونکە لە ڕابردوودا فۆرم و شێواز نەبوو کە بوو بەهۆی دەرکردنی بڕیاری دابەزاندنی ماڵیاتی کتێب بگرە ناوەرۆک بوو، دەبێ ئێستاش هەمان شت ڕەچاو بکرێ.

بۆ چاپخانەکان ئەوە کە کتێب چییە پرسیارێکی ئاسان بووە، ئەوەی چاپخانەکان وەبەرهەمیان هێناوە، هەتا کاتێک لە تێکست پێکهاتبێت ئەوە ناوی کتێبی بەسەردا بردراوە. بەڵام نرخی وەبەرهەمهێنانی کتێبی دیجیتاڵ هەتا ڕادەیەک دابەزیوە کە خەریکە بگاتە سەر سفر. ئەم پێشوەچوونە لانی کەم لە کتێبە دیژیتاڵییە ئینگلیزییەکاندا گەیشتووەتە ئاستی هەرە بەرز یان بەرهەمهێنانی ئەوەی کە ڕەنگە لەلایەن منەوە نەکرێ ناوی کتێبیان لەسەر بندرێ.

بازاڕی کتێب تەنیا بەشێک لە پیشەسازیی میدیا نییە بگرە کتێبی سەر کاغەز بەشێکی بەربڵاو و هاوکات جیانەکراوە لە میدیایە کە لە چێکردنی بیروڕادا نەخشی گەورە دەگێڕێ.

کارکرد و ناوەرۆکی کتێب لە فۆرمی خۆیدا هەتا ئێستا بەشێک لە بیرەوەریی هاوبەشی ئەو مرۆڤانەیە کە قەت جارێک یەکتریان نەدیوە یان ڕەنگە بە سەد ساڵ جیاوازی لە دوو سەدەی جیاوازدا ژیابن.

ئێستا پرس ئەوەیە کە چۆن ئەم ڕۆڵەی هەتا ئێستای کتێب گۆڕانی بەسەردا دێ و دەگۆڕدرێ، کاتێک کە زانیارییەکانی نێو کتێب بە لێشاو لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەڕژێنە نێو بازاڕی کتێب. ڕەنگە پرسێکی وا وەک کێشەیەکی هێندێک کۆنەپارێزی بکەوێتە بەرچاو.

ئەمرۆ فەرمییەت لە نێوان دوو شێوازی میدیایی خێرا و هێدیدا دابەش بووە. هیچ کۆمەڵگایەک بە بوونی ئەو دووانە پێکەوە تەواو نین. مەترسیی ئەوە کە کتێب لەنێو دەچێ بە مانای کۆتایی "بابەتی قسەکردن" نییە بگرە بابەتی قسەکردن دەبێ ئەوەندە خێرا بێ کە پێوەندیی نێوان ئەوان لێک جیا نەکرێتەوە.

زیاتر لە لانی کەم دوو دەیەیە کە بازاڕی کتێب تووشی نەخۆشیی باوەڕ بەخۆنەبوون بووە. بازاڕی کتێب خۆی لەگەڵ بەشەکانی تر میدیایی بەراورد دەکا و هیوایەتی ئەوەیە بە قەت ئەوانیش پارە قازانج بکا.

بۆ ئەم مەبەستە پێڕی جۆرەوجۆر لە میدیاکانی ترەوە دادەمەرزێندرێن. لەگەڵ ئەوەی لەم بارەوە هێندێک پێشوەچوونی ڕواڵەتیش هەیە بەڵام من لە داهاتووی ڕاستیی کتێب دڵ نیگەرانم. چونکە کتێب بۆ من پڕە لە ئەو نرخ و بایەخانەی کە لە دەرەوەی چوارچێوەی قازانج و پارە پێوانە دەکرێ.

یەکێک لە دیاردەکان ئەوەیە کە هەموو قورساییی پێشوەچوونەکان خراوەتە سەر شێواز و فۆرمی کتێب بۆ نموونە لەسەر کتێب لەسەر کەسە ناسراوەکان کە تەنانەت بۆ خۆیان کتێبەکان نانووسن یان ئەو بەرهەمانەی کە زۆر ئاسان پارەیان لێ وەدەست دێت.

ئێستا میکانیزمێکی وا لە میدیادا هەیە کە کار لەسەر ستراتیجی و پلانی درێژخایەن ناکرێ بگرە هەموو شتێک لە خێرایی و دەستکەوت و پارەدا خۆ نیشان دەدا. ئەم میکانیزمە لە بازاڕی کتێبیشدا هەیە.

قسەیەک هەیە دەڵێ: "هەتا بابەت ئاسانتر بوو باشتر دێتە بەرچاو" ئێستا چاپخانەکان لەو ڕوانگەوە خۆیان لە بەرهەمی کاری بەزەحمەت و چڕوپڕ و هاوکات بەپێز نادەن.

ئەگەر چاپخانەکان خەمی ئەمە نەخۆن و بەدوای بایەخی کتێبدا نەبن و نەچن و ڕێگەی پشوودرێژی هەڵنەبژێرن ئەوە کتێب داهاتوویەکی ڕوونی لەپێش نییە و لەم ڕێگەیەشدا زۆر لە نرخ و بەهاکانمان لە دەست دەدەین.

سەرچاوە:

Richard Herold litterär chef, Natur & Kultur

se.kulturdebatt@dn

## ئامارە میدیاییيە نوێیەکان لە سوێد

ڕۆژنامەی داگێنسنییەێتر
٢٠١١/٨/٢٦

ساڵی ٢٠١٠ هەر ماڵێکی سوێدی ١٧ هەزار کرۆنی بۆ کڕینی میدیاکان وەک ئینتەرنێت، ڕۆژنامە، تەلەڤزیۆن و میدیاکانی تر لە ساڵدا دەرکەوت هەبوو. ئەم ڕێژەیە لە بەراورد لەگەڵ ساڵی پێش خۆیدا ٤ هەزار کرۆن زیادی کردووە.

خواردن، کرێی ماڵ و هاتوچۆ ئێستاش بەشێکی زۆر لە دەرکەوتی ئێمە پێک دێنن. بەڵام هاوکات ئێمە پارەی زۆرتر بۆ میدیا هەتا جلوبەرگ تەرخان دەکەین. بەپێی ڕاپۆرتێک لەلایەن ئینیستیتۆی ڕێکلام و میدیاوە IRM بۆ خزمەتی ئینتەرنێت هەر سوێدییەک ساڵانە ٢٦٠٠ کرۆن بۆ کڕینی بەرهەمی مێدیایی تەرخان دەکا و بەهەمان ڕادەش تێچووی بۆ تەلەفۆنی مۆبایل هەیە.

کاتێک تەلەڤزیۆنی سویدی لە ئەنالۆگەوە کرا بە دیجیتاڵ ئەوە دەرکەوتی تەلەڤزیۆنیش بۆ سویدییەکان زیادی کرد و بێجگە لەوە یەک لە چواری سوێدییەکان بێجگە لە کەناڵە ئاساییيەکان بۆ کەناڵی خوازراوی تریش پارە تەرخان دەکەن.

ڕۆژنامەکانی بەیانیيانیش بۆ زۆر کەس لە سویدییەکان گرینگیی خۆیان هەیە. بەڵام سویدییەکان بێجگە لەم دەرکەوتانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کرا ڕێژەی هەرە زۆری تری دەرکەوت بۆ کڕینی کتێب و چوونە سینەما تەرخان دەکەن. دەرکەوتی کڕینی کتێب لە دەرکەوتی کڕینی ڕۆژنامەکانی ئێوارانی سوێد زیاترە.

کتێبەکانی سەر کاغەز ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆیان بەسەردا نەهاتووە بەڵام ڕێژەی کتێبەکانی دەنگ هەتا ڕادەیەکی کەم بەرز بووەتەوە. بەڵام بەپێچەوانە لە ئەمەریکا لە هەر ٣ کتێبێک کە دەفرۆشرێ یەکیان کتێبی دیجیتاڵ یان کتێبی دەنگییە.

بەپێی قسەی ماگنووس ئانسهێلم Magnus Anshelm لە ئینیستیتۆی ڕێکلام و میدیا، پێ بەپێی پێشوەچوونە تەکنیکییەکان دەرکەوتی سویدییەکانیش بۆ کڕینی خزمەتە میدیاییيەکان بەرزتر دەبێتەوە. ئانسهێلم دەڵێ: "پێنج ساڵ لەمەوبەر کێ دەیزانی سپۆتیفای Spotify چییە؟ بەڵام ئێستا هەر کەسێک بۆ خزمەتە ئینتەرنێتییەکان بۆ گوێگرتن لە موزیک لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە ١٨٤ کرۆن دەرکەوت یان تێچووی هەیە."

سەرچاوە:

http://www.dn.se/kultur-noje/etablerade-medier-star-pall

## گووگڵ دەیەوێ هەموو بازاڕی کتێب بخاتە دەستی خۆی

ڕۆژنامەی داگێنسنییەێتر
میکایل بوندێسۆن Mikael Bondeson

لە سویددا هەزار کتێبی دیجیتاڵ لە مانگدا دەفرۆشرێ. بۆ کتێبە دیجیتاڵییەکان ٥٢ لە سەد ماڵیات و بۆ کتێبەکانی سەر کاغەز تەنیا ٦ لەسەدی ماڵیات دەدرێ. کتێبی پاگانین کۆنتراکت لە نووسینی لارش کێپلێرش کە لەلایەن چاپخانەی بۆنییەرشەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە وەک کتێبی دیجیتاڵ نرخەکەی ١٢٦ کرۆن بوو، وەک کتێبی سەر کاغەز نرخەکەی ١٤٩ کرۆن و کاتێک هەمان کتێب لە هاوینی ٢٠١١دا وەک کتێبی گیرفانی بڵاو کرایەوە نرخەکەی ٣٦ کرۆن بوو. فرۆشی ئەم کتێبە چ لە شێوازی دیجیتاڵ، چ لەسەر کاغەز لە پاوانی کتێبفرۆشی ئەدلیبریسدایە.

ئەدلیبریس لە بەهاری ٢٠١٠دا تەختەی خوێندنەوەی تایبەت بەخۆی بە ناوی لێتۆ خستە بازاڕ و لە ماوەیەکی کورتدا هەمووی فرۆشرا. بەو حاڵەشەوە لەبەرئەوەی تەختەکانی خوێندنەوە تەنیا بۆ خوێندنەوەی کتێب و ڕۆژنامە کەڵکیان لێ وەردەگیردرێ زۆر بازاڕیان لە سوێددا گەرم نەبووە هەر بۆیە ئێستا تەلەفۆنی زیرەکی وەک ئەپڵ ئایپاد خەریکن جێگەی تەختەکانی خوێندنەوە بگرنەوە. شەریکەکانی میکرۆسۆفت و گووگڵ وەک رکابەری بۆ ئایپاد بەرهەمەکانی خۆیان لە شێوازی هەم تەلەفۆنی زیرەک و هەم تەختەی خوێندنەوەدا خستووەتە بازاڕ. گووگڵ لە بازاڕی کتێبفرۆشیدا بەتایبەتی ڕکابەریی لەگەڵ گەورەترین کتێبفرۆشی ئینتەرنێتی ئامازۆن و هەروەها بەرهەمەکانی ئەپڵ دەکا.

لەسەر ئەم دەستپێشخەرییەی گووگڵ لە ڕۆژنامەی تایمزدا هاتبوو ئیتر لەمەو بەدوا "لە کوێ پێت خۆش بوو کتێب بکڕە و لە کوێ پێت باش بوو بیخوێنەوە." لە یەکەم کرانەوەی بازاڕی گووگڵدا ٣ میلیۆن کتێبی دیجیتاڵ کەوتنە بازاڕ. گووگڵ لەگەڵ چاپخانە گەورە و بچووکەکان گرێبەستی ئەنجام داوە و دەیەوێ بەجۆرێک هەموو بازاڕی کتێبفرۆشی بخاتە دەستی خۆی.

سەرچاوە:

www@dn.se

## مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی لەلای کێیە؟

ئانیکا هامرود Annika Hamrud لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامەی داگێنسنیهێتر



ئانیکا هامرود

دەگوترا لە ساڵی ٢٠١٠ ئیتر هەموو کەس کتێبی دیجیتاڵ دەخوێنێتەوە. دەگوترا کتێبی سەر کاغەز دوایین هەناسەکانی ژیانی دەکێشێ و لە لێواری مەرگدایە و لەولاشەوە تەختەکانی خوێندنەوە بوون بە دیاریی سەری ساڵ. ٢٠٠٩ ئەو ساڵە بوو کە کتێبە دیجیتاڵەکان زۆر کەوتە بەرباس. بەڵام ساڵی ٢٠١٠شمان تێپەڕاند و هیچ ڕووی نەدا و هیچ کاتێک وەک ئێستاش کتێبەکانی سەر کاغەز بازاڕی گەرمیان نەبووە.

لەگەڵ ئەوەی بازاڕی کتێبی دیجیتاڵ بە هێواشی وەپێش دەکەوێ و باس لە فرۆشی هەزار کتێب لە ساڵدا دەکرێ بەلام ئێستاش تەنیا ٢٠٠٠ تایتڵی کتێبی سویدی بەشێوەی دیجیتاڵ لە بازاڕدا هەن و هێشتا سەندیکای نووسەران لەگەڵ چاپخانەکاندا نەگەیشتوونەتە گرێبەستی جێگەی ڕەزامەندی نووسەران.

چەند ساڵێکە کێشە لەسەر مافی بڵاوکردنەوەی تێکستەکان کە لە ئینتەرنێتدا بە لێشاو بڵاو دەبنەوە، لە ئارادایە. تەکنیکی ئێستا وا دەکا کە کتێبەکان لەسەر ئینتێرنێت بڵاو بکرێنەوە و لەوێوە دابەزێندرێنە نێو کۆمپیوتەرەکان. کە کتێبەکان دەکەونە سەر تەختەکانی خوێندنەوە یان لە ئینتەرنێت داوا دەکرێن کە ڕابکێشرێنە سەر کاغەز پێی دەگوترێ print-on-demand دواخوازی پرینت.

سەندیکای نووسەرانی سوێد ڕەخنەی توندی ئاراستەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بۆنییەرش دەکا لەبەر ئەو گرێبەستەی کە دەیەوێ لەگەڵ نووسەران ئیمزای بکا.

هاوکات کاتێک گووگڵ دەیەوێ هەموو کتێبەکان دیجیتاڵیزە بکا و بیانخاتە سەر نێت، ئەو کێشەیە سەری هەڵداوە ئەی کێ مافی کتێبە کۆنەکان بە گووگڵ دەدا و گووگڵ بەپێی چ مافێک کتێبە کۆنەکان دەخاتە سەر ئینتەرنێت و دەیانفرۆشێ. لەم ماوەیەدا لە سوێد بڕیار درا کە گووگڵ مافی ئەوەی نییە کتێبە سویدییەکان لە چوارچێوەی گووگڵ بووکسدا Google books بخاتە سەر ئینتەرنێت.

هاوکات لەلایەن سەندیکای نووسەرانی سویدەوە داوا لە ئەندامەکانی خۆی کرا کە گرێبەستە کۆنەکان لەگەڵ چاپخانەکاندا هەڵبوەشێننەوە هەتا ئەوە کتێبەکانیان نەخراوەتە سەر نێت. نزیک

بە ١٠٠ کەس لە نووسەرانی سوێد بەپێی ڕێنوێنییەکانی سەندیکای نووسەران گرێبەستی ئەو کتێبانەیان هەڵوەشاندەوە کە ئیتر بەشێوەی کاغەز لە هەماری چاپخانەکاندا نەماون و هەموویان فرۆشراون.

بۆنییەرش داخوازی سەندیکای نووسەران پەسند ناکا و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوە بۆنییەرش بە شێوەیەکی کاتی خۆی لە وتووێژەکان بکشێنێتەوە.

ئێستا لەلایەن سەندیکای نووسەرانەوە مافی بڵاوکردنەوەیەکی تایبەتی وەرگیراوە و لە ڕاستی خودی دەزگای بۆنییەرش ئێستا بووەتە ڕکابەری ئەوان. هەر بۆیە بۆنییەرش پێی وایە کە وتووێژ و ڕێککەوتن لەگەڵ سەندیکا کە ئێستا بۆ خۆی مافی بڵاوکردنەوەی وەرگرتووە و لە راستیدا ڕکابەری ئەوان دەکا، بێ سوودە.

سەندیکای نووسەران لەلایەن خۆیەوە پێی وایە کە لەمەو بەدوا هەموو کتێبە کۆنەکان دیژیتاڵیزە دەکا و تەنیا ئەوانیش مافی فرۆشتنیان هەیە نەک ئەو چاپخانانەی کە لە رابردوودا کتێبەکانیان لە شێوازی سەرکاغەزدا چاپ و بڵاو کردووەتەوە. سەندیکای نووسەران لە لایەن خۆیەوە پێی وانییە ئەوان رکابەری بۆنییەرش بکەن و تەنانەت ئەوەی ئەوان دایان مەزراندووە چاپخانە و بڵاوکردنەوە نییە تەنیا دامەزراوەیەکە کە مافی لەچاپدانەوەی کتێبی ئەندامانی سەندیکا بۆ خۆیان دێڵێتەوە و ناهێڵێ چاپخانەکان لە بازاڕی دیجیتاڵدا بەبێ ئەوەی پشکی نووسەر بکەوێ بفرۆشرێن.

بۆنییەرش لەلایەن خۆیەوە دەیهەوێ گرێبەستێکی وا لەگەڵ سەندیکای نووسەراندا ئیمزا بکا کە مافی بڵاوکردنەوە هەموو شێوازەکانی کتێبی دیجیتاڵ، کتێبی سەر کاغەز، کتێبی گیرفانی، کتێبی دەنگی و داخوازی پرینت بگرێتەوە و ئەوان ئەو مافەیان هەبێت هاوکات کتێبێک لە هەموو شێوازەکاندا پێکەوە یان جیاجیا چاپ بکا و بفرۆشێ.

کاتێک دوای ١٠ ساڵ وتووێژ و گفتوگۆ لەسەر مافی بڵاوکردنەوە لە نێوان بۆنییەرش و سەندیکای نووسەراندا پچڕا و ڕاست لە نێوەڕاستی وتووێژەکاندا سەندیکای نووسەران دامەزراوەی مافی بڵاوکردنەوەی تایبەت بە خۆی دامەزراند، ئێستا گفتوگۆکان لە نێوان سەندیکای نووسەران و چاپخانە سوێدییەکانی تر وەک نورشتێد٢٣ Norstedts ، ناتوور & کولتوور Natur & Kultur و ئۆردفرۆنت Ordfront درێژەی هەیە.

سەرچاوە:

www.dn.se

# کتێبە دیجیتاڵییەکان و پرسی کتێبخانەکان

ئاندێرش میلدنێر
ڕۆژنامەی ئوپسالا نیا تیدنینگ

ئاخۆ ساڵی ٢٠١٢ دەبێتە هۆی بازارگەرمیی تەواوەتی کتێبە دیجیتاڵییەکان لە سوێد؟ لە قەراغ ئەو شیانەی کە بەهۆی کتێبە دیژیتاڵییەکانەوە، چاپخانەکان خستوویانەتە هەوێڵی خوێنەر، باسێکی گەرمیش لەسەر چۆنیەتیی مامەڵەی کتێبخانەکان لەسەر کتێبە دیژیتاڵییەکان لە ئارادایە. پرسەکەش ئەوەیە کە بودجەی کتێبخانەکان بەشی ئەوە ناکات ئەگەر هاتو داخوازێکی لە ڕادەبەدەر بۆ خوێندنەوەی کتێبە تیجیتاڵییەکان هەبێت.

بەگوێرەی ڕێسای نێوان کتێبخانەکان و چاپخانەکان لە باتیی هەر جارەی کە کتێبێک بەقەرز دەدرێ، لەلایەن چاپخانەکانەوە پارەیەکی دیاریکراو لە کتێبخانەکان وەردەگیردرێ. بودجەی دیاریکراوی کتێبخانەکانیش ئەم دەرفەتەی نییە و کتێبخانەکان ناچارن لە شوێنی تر دابشکێن بۆ ئەوە قەرەبووی داخوازی زۆری کتێبی دیجیتاڵ لەلایەن خوێنەرانەوە بکەن.

ئەوەی ئێستا لە سوێد باسی دەکرێ، جۆرێک چارەسەری بۆ ئەم پرسەیە کە لە ئەمەریکا پێش خراوە. ئەمیش ئەوەیە کە هەر جارێک کتێبێکی دیجیتاڵ بەقەرز دەدرێ، خوێنەری تری خوازیاری هەمان کتێب ناتوانێ هاوکات داوای کتێبەکە بکا بگرە دەکەوێتە نۆرەی کتێبەکەوە.

واتە هەمان سیستەمی قەرزدانی کتێب کە بۆ کتێبە ئاساییەکان لە کتێبخانەکاندا هەتا ئێستا ڕەچاو کراوە. بەو شێوەیە هەم کتێبخانەکان چاودێرییەکی باشتریان بەسەر دەرکەوتی خۆیاندا دەبێ و هەم چاپخانەکانیش نرخێکی لەبار بۆ کتێبە دیژیتاڵییەکانی خۆیان وەردەگرن. کێشەی ئەم سیستەمە ئەوەیە کە هەمان ڕێسای کتێبە ئاساییەکان بۆ کتێبە دیژیتاڵییەکان بەکار دەبردرێ واتە یەک پرەنسیپ بۆ کتێبی فیزیکی و مەجازی.

ئەمەش لە خۆیدا بەو مانایەیە کە کتێبێکی دیجیتاڵ لە چوارچێوەی کتێبێکی فیزیکدا قەتیس دەکرێ و بەو شێوەیە هەموو تایبەتمەندییەکانی کتێبی دیجیتاڵ دەکەونە بن پرسیار. لە کاتێکی ئاوادا کەواتە کتێبی دیجیتاڵ بۆ؟

لە لایەکی ترەوە شیمانەی ئەوە هەیە لەو ڕێککەوتن و گرێبەستانەی کە لە نێوان چاپخانەکان و کتێبخانەکاندا لەسەر کتێبە دیژیتاڵییەکان دەبەسترێن نرخی کتێبەکان بۆ کتێبخانەکان زۆر گران تەواو بن.

هەتا ئێستا هەموو جۆرێکی کولتوور کە دیجیتاڵیزە بووە نرخی لە بەراورد لەگەڵ جاران زۆر دابەزیوە. بازاڕ لە شتی هاوشێوەی وا نوقم دەبێ کە زۆرجاران نرخەکەیان دەگاتە ئاستی سفر. بێجگە لەوە کڕیارەکان وەک جاران پاسیڤ نین و بەشداریی چالاکانەی کۆمەڵایەتییەیان لە

پرۆسێسی فرۆشتن و کڕیندا هەیە. لەم پێوەندییەدا موسیقا نموونەیەکی بەرچاوە. ئیمڕۆ بەشێوەی نێوەنجی هەر کەسێک لە سوێد نزیکەی ٩٠ کرۆن لە مانگدا بۆ کڕینی گۆرانی و مۆسیقا لە ڕێگەی سپۆتیفای تەرخان دەکا کە لە ڕابردوودا قەت ئەوەندە پارە بۆ کڕینی موسیقا لە دوکانەکانی سیدی فرۆشی لەلایەن کڕیارانەوە نەچووەتە گیرفانی فرۆشیاران.

ئەمە وای کردووە کە کڕینی فرۆشی مۆسیقا لە ڕێگەی سپۆتیفاییەوە بووەتە هۆی داخستنی زۆر دوکانی سیدی فرۆشی مۆسیقی و گۆرانی. ئەم پێشوەچوونە لە بواری مۆسیقادا لە جیهانی دیجیتاڵ درەنگ یان زوو لە دەرکەی کتێب و کتێبخانەش دەدا.

نرخی کتێبە دیژیتاڵییەکان هەر ئێستا زۆر هەرزانن. ئەمە لە کاتێکدایە کە بەو شێوەی لە بواری مۆسیقادا پێشکەوتنی دیجیتاڵ ڕووی داوە لە بازاڕی کتێبدا پێشوەچوون لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا لەگەڵ ئەوەی هێندێک هەنگاو هەڵهێندراوە، هێشتا بەشێوەی ڕژد ڕووی نەداوە.

مەترسیی ئەوە هەیە کە کتێبخانەکان ناچار دەبن گرێبەستی قورس و گران لەگەڵ چاپخانە و دەزگاکانی وەشان و بڵاوکردنەوە ببەستن و بایەخ و نرخی ئەو گرێبەستانەش لە سەرەوەی نرخی بازاڕی کتێب لە دەرەوەی کتێبخانەکان بێت.

لەلایەکی ترەوە لەبەرئەوەی کتێبخانەکان خۆیان بە گرێبەستەکانەوە بەستووەتەوە ناتوانن لە دەرەوەی گرێبەستەکان بەشێک لە بەرهەم و کتێبە دیجیتاڵییەکان لە بازاڕی دیجیتاڵدا لە هەوێڵی خوێنەرانی خۆیان بخەن. لەلایەکەوە کە ئەمە خەبەری دڵخۆشکەرەیە بۆ چاپخانە و دەزگاکانی بڵاوکردنەوە لەلایەکی ترەوە قورس و گران لەسەر شانی کتێبخانەکان دەوەستێ. ئێستا پرسیار ئەوەیە کێ باسی ئەم پرسانە دەکا و کێ دەیەوێ ئەم کێشانە بخاتە ڕۆژەڤ.

ڕەنگە ئەمە پرسیارێکی گرینگ بێت بۆ سیاسەتوانانی کولتووری لەساڵی ٢٠١٢دا کە خۆیانی بە وەڵامدانەوە پێ خەریک بکەن.

سەرچاوە:

Uppsala Nya Tidning 24 december 2011

# سەرمایەداری و دیموکراسی

ڕۆبەرت دال

ڕۆبەرت دال (١٩١٥ – )، بیرمەند و خاوەنی تیۆری دیموکراتی ڕادیکال و پێشڕەو لەناو بیرمەندانی زانستی سیاسیی ئەمەریکادا، خاوەنی شایستەیی و ناوی بەهێزە. نامەی دوکتۆراکەی بەناوی "بەرنامەکانی سۆسیالستی و سیاسەتی دیموکراتی"، دەبێتە یەکەمین تێز و تیۆری ئەو بۆ ڕەخنەگرتن لە دیموکراسیی نەریتی و ڕووکردنە سیاسەتی دیموکراتیکی رادیکال. ساڵی ١٩٥٣ کتێبی "سیاسەت، ئابووری، خۆشگوزەرانی"ی نووسی. کتێبی ساڵی ١٩٥٦ی دەبێتە "پێشەکی بۆ تیۆری دیموکراسی"، لەوێدا، زۆرێک لە پرسە سەرەکییەکانی دیموکراسی دەخاتە بەردەمی ڕەخنە و نوێسازی.

ساڵی ١٩٦١ کتێبی "چ کەسێک حکوومەت دەکات؟"، پاشان لە ساڵی ١٩٦٦دا کتێبی "نەیارە سیاسییەکانی دیموکراسیی خۆرئاوا" و ساڵی ١٩٧١ کتێبی "پۆلیارکی" یان فرەیی لە دیموکراسیدا دەنووسێ و لەوێدا نەیاری و ڕەخنەی خۆی بەرامبەر دیکتاتۆری زۆرینە لە دیموکراسیدا بەیان دەکات، ئەو یەکەمین کەسە ئەو زاراوەیە بەکار دێنێ. لەژێر کاریگەری و ڕەخنە لە ڕووداوەکانی بزاڤی خوێندکارانی ئەورووپای ساڵی ١٩٧٠ کتێبی "لە دوای شۆڕش" دەنووسێ و وەڵامی ڕەوتی چەپی نوێ دەداتەوە. ساڵی ١٩٨٦ کتێبی "دیموکراسی، ئازادی، یەکسانی" و ساڵی ١٩٨٩ش کتێبی "دیموکراسی و ڕەخنەگرانی" دەنووسێ.

دیموکراسی و سەرمایەداریی بازاڕ وەکو ئەو ژن و مێردانەن کە گرفتاری ژیانی پڕ ئاشووب و کێشە دەروونییەکان بوون، بەڵام هەردووکیان بەردەوامن لە ژیانی هاوبەش، چونکە هیچ کامیان نایانەوێ لە یەکتر جیا ببنەوە. ئەگەر بمانەوێ ئەم هەلومەرجە لە جیهانی ڕووەکدا بەنموونە بهێنینەوە، دەبێ بڵێین، ئەم دووانە لە هاوژیانی دژدا تەمەن بەسەر دەبەن. ئەگەرچی پێوەندیی

.................................................................

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئەکرەمی میهرداد

نێوانیان لە ئەندازەبەدەر دژوارە، بەڵام دەتوانین لە ئەزموونی زۆر و فرەوانی سیستەمە سیاسی و ئابوورییەکان، پێنج ئەنجامی گرینگ پەیدا بکەین: کە دووانیان لە بەرژەوەندیی دیموکراسییە لەناو سەرمایەداریی بازاڕدا، سیانەکەی تریش ئاستەنگی بەردەوامی ئەو سەرمایەدارییەیە بۆ دیموکراسی.

## بۆچی سەرمایەداریی بازاڕ لە بەرژەوەندیی دیموکراسییە؟

١- دیموکراسیی پایەدار و فرەوان تەنیا لەو وڵاتانەدا بەردەوام دەبێ کە سیستەمی ئابووریی سەرمایەداریی بازاڕ دەسەڵاتدار و بەهێزە، هیچ کاتێکیش لەو وڵاتانەدا کە ئابووری دژ بەبازاڕ تیایاندا دەسەڵاتدارە بەردەوام نابێ. ئەم بەرەنجامە کە سنووردار و تایبەتم کردووە بەدیموکراسیی پایەدار و فرەوان، لەبارەی ئەو حکوومەتە خەڵکییانەوە ڕاست دەبێ کە لە دەوڵەت شارەکانی یۆنان، ڕۆما، ئیتاڵیای سەدەکانی نێوەڕاست دەسەڵاتدار بوون، یان لە هەلومەرجی گەشە و تەکامولی دامەزراوەیلی نوێنەرایەتی و پێشڕەوی بەشداریی هاووڵاتییان لە ئەورووپای باکور پەیدا بوون. بەڵام نامەوێ باسی مێژووی دێرینی دیموکراسی بکەم لە یۆنان و ڕۆما، بگرە دەمەوێ بەتایبەتی لەبارەی دامەزراوەکانی دیموکراسیی مۆدێرنەوە بنووسم کە لەسەر بناغەی نوێنەرایەتیی هاوچەرخ دامەزراون مەبەستم دیموکراسیی پایەدار و فرەوانە. لەم زەوینەیەدا، جێگەیەک بۆ گومان و ناڕۆشنی نامێنێ، کە دیموکراسیی فرەوان تەنیا لەو وڵاتانەدا هەیە کە ئابووریی سەرمایەداریی بازاڕ بەڕێوە دەچێ و هەرگیز لەو وڵاتانەدا پەیدا نابێ کە ئابوورییان پێچەوانەیە، یان "لە باشترین ڕەوشدا کورت و کەم خایەنن". بۆچی ئەم پرسە بەم شێوەیەیە؟

٢- بوونی ئەم پێوەندییە بەوردی و بەڕۆشنی لەبەر ئەو هۆکارەیە کە هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی سەرمایەداریی بازاڕ لە بەرژەوەندیی دامەزراوە دیموکراتییەکان کار دەکەن، بەپێچەوانەشەوە هەندێک لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی ئابووریی دامەزراو لەسەر بناغەی نابازاڕی لە زیانی دنیا و داهاتووی دیموکراسی کار دەکەن.

لە ئابووریی سەرمایەداریی بازاڕدا، هەندێک توخمی ئابووری، یان کەسان، یان بنکەکانی ئابووری "کۆمپانیاکان، کێڵگەکان، یان هاوشێوەکانیان" هەن کە لە خاوەندارێتیی تایبەتی کەسان و گرووپەکاندان، نەک بەشێوەی سەرەکی لە خاوەندارێتیی حکوومەت. ئامانجی سەرەکیی ئەم توخم و کەسانە بریتییە لە دەسکەوتی ئابووری بەشێوەی کرێ، سوود، بەرژەوەندی یان بەکرێدان.

ئەوانەی ئەم بنکە ئابوورییانە بەڕێوە دەبەن پێویستییان بەوە نییە بۆ گەیشتن بەئامانجی گشتی، واڵا و ناڕۆشن لە جۆری خۆشگوزەرانیی گشتی، یان خێری مرۆڤ هەوڵ بدەن.

هۆکارەکانی بەرژەوەندیی کەسێنی بەتەنیا دەتوانن ڕێنوێنی ئەوان بن. لەو جێگەیەشەوە کە بازاڕ زۆرترین هۆکار و زانیاریی پێویست لە بەرژەوەندیی خاوەنداران، بەڕێوەبەران، کرێکاران و ئەوانی تر فەراهەم دەکات، هەر بۆیە دەتوانن بڕیارەکانیان بەبێ ڕێنوێنی ناوەندی، یان حکوومەتی پیادە بکەن "ئەم ڕەوشە بەو مانایە نابێت کە ئەوان دەتوانن بەبێ گەڕانەوە بۆ یاسا و ڕێساکان کار بکەن".

بەپێچەوانەی هەستی سەرەتاییی ئێمەوە، بازاڕ لە خزمەتی ڕێکخستن و کۆنترۆڵی بڕیاری توخم و لایەنە ئابوورییەکاندایە. ئەزموونی مێژوویی بێ شومار لەلایەن زۆرینەی بکەرانی سەربەخۆوە، بەڵام نەیار بەیەک، هەریەک لەو بکەرانەش بەپێی بەرژەوەندیی تەسکبین و تایبەتی خۆیان و ئەو زانیارییانەش کە لە بازاڕ وەری دەگرن، ئەو کاڵا و خزمەتانە بەرهەم دێنن کە لە هەر بەدیلێکی ناسراوی تر باشتر و کاراتر بێت.

لەمەش باشتر و باڵاتر ئەوەیە، ئەم کارە بەشێوەیەک لە سیستەم و ڕێکخستن ئەنجام دەدرێت کە ڕاستت دەوێ سەرسوڕهێنەرە. لە ئەنجامدا سەرمایەداریی بازاڕ لە درێژخایەنیدا لە ڕووی چۆنایەتییەوە بەرەو گەشەی ئابووری دەچێ، گەشەی ئابووریش لە بەرژەوەندیی دیموکراسییە.

یەکەم، گەشەی ئابووری، بە لەناوبردنی هەژاریی توند و زۆر و باشترکردنی ئاستی ژیان، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی دژایەتییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان.

لەوەش زیاتر، هەر کاتێک کێشمەکێشەکانی ئابووری دەربکەون، گەشەکردن سەرچاوەی زیاتر لە دەستڕەسی لایەنەکانی کێشە پەیدا دەکات و لە ئەنجامدا شیمانەی پەیدابوونی ڕێککەوتنی پەسند بۆ لایەنەکان فەراهەم دەکات. "بەڵام سەردەمێک کە گەشەکردن، بوونی نەبێ، دژایەتییە ئابوورییەکان، ئەگەر بخوازین بە زمانی تیۆریی یارییەکان بڵێین (کۆی هەمووان = سفر) دەبێ: ئەوەی کە من بەدەستم هێناوە تۆ لە دەستی دەدەی، ئەوەی کە تۆ پەیدات کردووە لە دەستی من دەچێ. سەرەنجام، هاوکاری بێ سوود دەبێ.

هەروەها گەشەی ئابووری بۆ تاکەکان، گرووپەکان و حکوومەتەکان سەرچاوەی زیاتر فەراهەم دەکات کە بۆ زانیاری و فێربوون بەکار دێن و دەبنە هۆی زیاتربوونی هاووڵاتییانی خوێندەوار و شارەزا.

سەرمایەداریی بازاڕ هەروەها لەبەرئەوەی پەیامی سیاسی و کۆمەڵایەتیشی دەبێ، بۆ خەڵک سوودمەندە. چونکە ئەم جۆرە لە سەرمایەداری، ژمارەی هاوبەش و فرەوان لە پارەداران بەدی دەهێنێ کە لەباری چۆنایەتییەوە خوازیاری فێربوون، سەربەخۆیی، ئازادیی تایبەتی، مافی خاوەندارێتی، دەسەڵاتی یاسا و بەشدارین لە حکوومەتدا.

هەر بەو شێوەیەی ئەرستۆ بۆ یەکەم جار گوتی: چینەکانی نێوەڕاست هاوپەیمانی سروشتی

بڕوا و دامەزراوەکانی دیموکراسین. بەڵام گرینگتر لە هەموو شت ئەوەیە، ئابووریی سەرمایەداریی ئازاد، بەدابەشکردنی زۆرینەی بڕیارەکانی ئابووری لە نێوان کەسان و کۆمپانیا تا ڕادەیەک سەربەخۆکان، نیاز و پێویستییان بەحکومەتی ناوەندیی بەهێز، یان هەژموونگەر نابێ. ئابووریی پێچەوانەی بازار، یان ئابووریی ناوەندی و کۆنترۆڵکراو لەو جێگەنەی کە سەرچاوەکان کەمن و بڕیارەکانی ئابووریش بێگومان بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن، دەتوانێ بوون و ژیانی بەردەوام بکات.

بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی ئاڵۆزتردا، بۆ پەیدانەبوونی هەلومەرجی ئابووری و بەدەستهێنانی لانی کەم ژیانێکی مامناوەندی دەبێ، بۆ بەشداری و کۆنترۆڵی بازار جێنشینێک پەیدا ببێ، تەنیا جێنشینی کردەیی، بێگومان حکومەت و دەوڵەتە. سەرەنجام، بڕیارەکانی پێوەست بەکۆمپانیا سەرمایەدارییەکان لە سیستەمێکی ئابووریی پێچەوانەی بازار، لە کرداردا، لەلایەن حکومەتەوە دەدرێ و کۆنترۆڵ دەکرێت.

بەبێ بەشداریی بازار، کاری دیاریکردنی سەرچاوە کەمەکان، بێگومان لەلایەن حکومەتەوە دەبێ، واتە؛ سەرچاوەکانی سەرمایە، کار، دەزگا و ماشین، زەوی، بینا و شوێنەکان، کاڵاکانی بەکارهێنان، شوێنی ژیان و.... هتد. حکومەت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانە، پێویستی بەپلانی ناوەندی زانراو و گشتی دەبێ، بۆیە دەبێ دەزگە و دەسەڵاتەکانی حکومەت ئەم بەرنامە و پلانانە داڕێژن و پیادەی بکەن، هەروەها چاودێری و کۆنترۆڵیشی بکەن.

ئەم کارە ئەرکێکی زۆر ترسناکە کە پێویستی بەبڕێکی زۆر و سەرنج ڕاکێشە لە زانیاریی شایەنی پشت پێ بەستن. دەسەڵاتدارانی حکومەت، بۆ ڕازیکردنی خەڵک لەبارەی ڕێنوێنییەکانەوە، دەبێ زەوینە و هۆکارەکانی ئاشکراکردن و پیادەکردنی ئەو ڕێنوێنییانەیان هەبێ.

ئەم هۆکارانە لە پاداشتەکانەوە دەست پێ دەکات، چ پاداشتی یاسایی (وەکو ماف و بەهرەمەندی)، یان پاداشتی نایاسایی (وەکو بەرتیل) و هەتا ئیجبار و سزادان (لە چەشنی پیادەکردنی سزای مەرگ سەبارەت بەتاوانی ئابووری) دەڕوات. هیچ حکومەتێک، جگە لە هەلومەرجی دەگمەن و تێپەڕ، لە ئەنجامی ئەم کارانە سەرکەوتوو نەبووە.

بەڵام بەهەرحاڵ ئەم ناکارایییەی ئابووری لە ناوەند بەرنامەڕێژکراو نییە کە زۆرترین زیان بە دوورنمای دیموکراسی دەگەیەنێ، بگرە ئەنجامی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەو ئابوورییەیە. ئابوورییەک کە لە ناوەند بەرنامەڕێژی بێ، هەموو سەرچاوەکانی ئابووری دەخاتە بەردەستی ڕابەرانی حکومەت.

بۆ ئەوەی بتوانین بەرەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی ئەو گەنجینە بابردووەی سیاسی پێشبینی بکەین، دەبێ ئەو پەندە گرینگە لە یاد نەکەین کە (دەسەڵات دەبێتە هۆی گەندەڵی، دەسەڵاتی

ڕەهاش گەندەڵیی ڕەها بەرهەم دێنێ)، ئابووری لە ناوەندیی بەرنامەڕێژکراو وەکو ناردنی ئەو داوەتنامە ڕاشکاوەیە بۆ ڕابەران کە تێیدا بەپیتی گەورە نووسراوە: ئێوە ئازادن تەواوی سەرچاوەکانی ئابووریی وڵات بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتتان بەکار بێنن!

ڕابەرانی سیاسی دەبێ خاوەن دەسەڵاتی مەزنی سەروو مرۆڤ بن تا بتوانن لە بەرامبەر ئەم فریو و تەماحەدا خۆڕاگر بن. بەداخەوە پێشینەی غەمباریی مێژوو لەم زەوینەیەدا ڕوون و بەرچاوە: ئەو دەسەڵاتدارانەی سەرچاوەی مەزنی ئابووریی بەرنامەڕێژکراویان لە دەستدا بووە، هەر هەموویان ڕاستیی ئەم پەندەیان سەلماندووە.

ئەڵبەت، لەوانەیە ڕابەران بۆ گەیشتن بەئامانجی باش یان خراپ سوود لە دەسەڵاتی دیکتاتۆری وەرگرن. مێژوو هەردوو ڕەوشەکەی سەلماندووە، بەبڕوای من کارە بەدەکانی دیکتاتۆران زۆر زیاترە لە کارە باشەکانیان. سەرەنجام ئابووریی بەرنامەڕێژکراوی ناوەندی بێگومان پێوەندیی نێزیکی لەگەڵ ڕێژیمە هەژموونگەراکاندا هەیە.

**مەرجەکان:**

ئەگەرچی هەردوو ئەنجامی ناوبراو لە مێژوودا ڕوویان داوە، بەڵام دەبێ خاوەنی چەند مەرجیش بن:

**یەکەم،** گەشەی ئابووری، تایبەت نییە بەوڵاتانی دیموکراتیک، وەستان و دواکەوتنی ئابووریش تەنیا بۆ نەتەوە نادیموکراتییەکان نەبووە. ڕاستییەکە، دەبێ ئەوە بزانین کە هیچ پێوەندییەک لە نێوان گەشەی ئابووریی وڵاتێک و شێوەی حکوومەت و ڕێژیمی ئەو وڵاتەدا نییە.

لەوەش زیاتر، ئەگەرچی دیموکراسی لەو وڵاتانەدا هەیە کە خاوەنی ئابووریی بازاڕ بوون، بەڵام سەرمایەداریی ئازاد لە وڵاتانی نادیموکراتیشدا هەبووە. لە زۆرێک لەم وڵاتانە بەتایبەتی تایوان و کۆریای باشوور ئەو هۆکارانەی کە باس کران لەگەڵ گەشەی ئابووری و ئابووریی بازاڕدا دەبنە هۆی جێگیربوونی دیموکراسی.

لەم دوو وڵاتەدا، ڕابەرانی هەژموونگەرا، کە سیاسەتەکانیان هاندەری بڵاوبوونەوەی ئابووریی سەرکەوتووی بازاڕ، پیشەسازیی هەناردن، گەشەی ئابووری و چینێکی ناوەڕاستی فرەوان و خوێندەوار بوون، هاوکات ناهۆشیارانە تۆوی نابوودی خۆیان چاندبوو. هەر چەندە سەرمایەداریی بازاڕ و گەشەی ئابووری لە قازانجی دیموکراسی کاریان کردووە، بەڵام لە درێژخایەندا لەوانەیە سوودی زۆری بۆ ڕێژیمە نادیموکراسییەکان نەبێ، بگرە بەزیانی ئەوان کار دەکەن. سەرەنجام دوا پەردەی درامای هەستیاری مێژوو کە لە سەدەی بیست و یەکدا پیادە دەبێ ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئاخۆ ڕێژیمی نادیموکراتی چین دەتوانێ لە بەرانبەر هێزە دیموکراتییەکان کە سەرمایەداریی بازاڕ پەیدای کردوون، بەرەنگاری بکات یان نا؟

بەڵام هەر چۆنێک بێ، ئابووریی سەرمایەداریی بازاڕ پێویست نییە تەنیا بەشێوەی ناسراوی پیشەسازی، یان فرەوانتر لە پیشەسازیی سەدەی بیستەم هەبێ. ئەم ئابوورییە دەتوانێ بەشێوەی کشتوکاڵی پەیدا ببێ. لە سەدەی نۆزدەدا دامەزراوە ڕەسەن و سەرەکییەکانی دیموکراتیک، جگە لە مافی دەنگدان بۆ ژنان، لە زۆر لەو وڵاتانەی پێشتر کشتوکاڵی بوون ئەمەریکا، نیوزیلاند و ئوستراليا پەیدا بوون.

هۆکار و مەبەستی گرینگ ئەوەیە کە ئابووریی تەواو نامەرکەزی، بووە زەوینەی دیموکراسی (تەنانەت پێش ئەوەی پیشەسازیی هەبێت). ئەم ئابوورییە نامەرکەزییە، بووە هۆی ئەوەی ڕابەرانی سیاسی دەستیان نەگات بەسەرچاوەکانی دارایی، هەروەها بووە زەوینە و هۆکاریش بۆ پەیدابوونی چینێکی فرەوانی نێوەڕاست لە کرێکاران و کارمەندانی ئازاد. بەبڕوای "تۆماس جیفرسۆن" بنیاتی پێویست بۆ خەڵکسالاری، کۆمەڵگەی لادێیی بوو کە لە جووتیارانی سەربەخۆ و ئازاد دروست بوون. ئاخۆ پێکهاتەی پێش پیشەسازیی زۆرێک لە کۆنترین دیموکراسییەکان لەگەڵ وڵاتانی سەردەمی فرەوانتر لە پیشەسازی بێ پێوەندین؟ نا. ئەزموونی وڵاتانی ناوبراو (کشتوکاڵی و پیشەسازی) یەک خاڵی گرینگ دەسەلمێنێ: ئابووریی نامەرکەزی کە دەبێتە زەوینەی هێنانەدیی نەتەوەیەک لە هاوڵاتییانی سەربەخۆ، چالاکیی سەرەکی هەرچی بێت، بۆ بوون و گەشە و مانەوەی دامەزراوە دیموکراتییەکان زۆر بەسوود دەبێ.

پێشتر ئاماژەم کرد بۆ (هەلومەرجی دەگمەن و تێپەڕ) کە حکوومەتەکان بەشێوەی کاریگەر لە بەڕێوەبردنی بەرنامەڕێژیی ناوەندیی ئابووریدا سەرکەوتوو بوون. بەڵام پرسی لەوە گرینگتر ئەوەیە، ئەم حکوومەتانە دیموکرات بوون. ئەوان دەسەڵاتەکانی سەردەمی شەڕ بوون لە بەریتانیا و ئەمەریکا لە شەڕی جیهانیی یەکەم و تەنانەت بە دڵنیاییی زیاتریشەوە لە ماوەی شەڕی جیهانیی دووەمیشدا بەو شێوەیە کاریان کرد.

بەڵام لەم سەردەمانەدا، بەرنامەڕێژی و تەرخانکردنی سەرچاوەکانی دارایی، بەئاشکرا ئامانجی دیاریکراویان هەبوو، کە بریتی بوون لە دابینکردنی نیاز و پێویستییەکانی سەربازی و شەڕ لە پاڵ بەدیهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بۆ هاووڵاتییان. ئامانجەکانی شەڕ لەلایەن هەموو خەڵکەوە پشتیوانیی لێ دەکرا، ئەگەرچی چەندین بازاڕی ڕەش لە سەردەمی شەڕدا پەیدا بوون، بەڵام بەو ڕادەیە گران نەبوو، کاراییی سیستەمی ناوەندی، لاواز بکەن بۆ تەرخانکردنی سەرچاوەکان و کۆنترۆڵی بەهاکان. سەرەنجام، دوای هێنانەدیی ئاشتی ئەم سیستەمانە پێچرانەوە و لە ئاکامدا ڕابەرانی سیاسیش هەلی ئەوەیان بۆ نەڕەخسا کە دەسەڵاتیان بەسەر سەرچاوەکانی ئابووریدا بگرن و بەمەبەستی سیاسیی خۆیان بەکاری بێنن.

ئەگەر نموونەکانی سەردەمی شەڕ ئەژمار نەکەین، ئابووریی بەرنامەڕێژیی ناوەندی و ڕێنماییکراو لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە، تەنیا لەو وڵاتانەدا دەبینرێ کە ڕابەرانیان لە بنەڕەتدا

دژی دیموکراسی بوون. هەر بۆیە ناتوانین بەئاسانی ئەنجامەکانی نادیموکراتیکی سیستەمی ئابووری لە ئەنجامەکانی نادیموکراتیکی باوەڕ و پەیڕەوی ڕابەرانی سیاسی جیا بکەینەوە. لینین و ستالین بەو ڕادەیە دوژمنی دیموکراسی بوون کە لەگەڵ ئابووریی ناوەندی، یان بەبێ ئابووریی ناوەندی، ڕێگر بوون لە بوون و گەشەی سیستەم و دامەزراوە دیموکراتەکان. ئابووریی ڕێنوێنیکراو لەلایەن حکوومەتەوە بەتەنیا کاری ئەوانی ئاسان دەکرد، چونکە سەرچاوەی فرەوانتری دابین دەکرد بۆ سەپاندنی ویستی خۆیان بەسەر خەڵکیدا.

سەرەنجام، گەر بمانەوێ بەوردی پرسەکان شی بکەینەوە، دەبێ بڵێین، ئەو ئەزموونە مێژووییانەی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەگەڵ ئابووریی سەردەمی ئاشتیدا دەکات بەیەک کە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە ڕێنوێنی دەکرێن، لە هیچ شوێنێک بەئەنجام نەگەیشتوون. من لای خۆمەوە ئومێدەوارم لە هیچ جێگەیەک بەئاکام نەگەن. لەو باوەڕەدام ئەنجامی چاوەڕوانکراوی ئەم پرسە بە تەواوی پێشبینی دەکرێ و داهاتوویەکی خراپیش بۆ دیموکراسی دێنێتە دی.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، گەر سەرمایەداریی بازاڕ زۆر زیاتر لە هەر ئابوورییەکی ناوەندی بۆ بوون و گەشەی دامەزراوەکانی دیموکراسی پێویست بێ، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین هاوکات بەرەنجامی سەخت و نەخوازراویشی بۆ دیموکراسی دەبێ، ئەم ئەنجامانە لە بەشی داهاتوودا دەخوێنینەوە.

بۆچی سەرمایەداریی بازاڕ ئاستەنگ بۆ دیموکراسی چێ دەکات؟

هەر کاتێک ئێمە لە دیدی دیموکراتیکەوە بڕوانینە سەرمایەداریی بازاڕ، یان بەوردی و لە نێزیکەوە لێیان بکۆڵینەوە، تێ دەگەین، ئەم سەرمایەدارییە دوو ڕووی هەیە. ئەم دوو ڕووەش، هەروەکو پەیکەری ژانۆس یەکێک لە خواوەندەکانی یۆنان، بۆ دوو لای نەیار دەڕوانن. ڕوویەک کە دۆستانەیە بەرەو دیموکراسی و ڕووەکەی تر نەیاری دیموکراسییە.

٣- دیموکراسی و سەرمایەداریی بازاڕ لە دژایەتیی بەردەوامدا پێوەندییان هەیە، لەو پێوەندییەدا هەریەکەیان ئەوی تر هەموار و سنووردار دەکات.

تا ساڵی ١٨٤٠، سیستەمێکی ئابووریی بازاڕ لەگەڵ بازاڕە خۆڕێکخەرەکانی کار، زەوی، پارە بەتەواوی لە بەریتانیا جێگیر بوو. سەرمایەداریی بازاڕ لە تەواوی بەرەکاندا دوژمنانی شکاندبوو: نە تەنیا لە تیۆر و کاری ئابووریدا، بگرە لە سیاسەت، یاسا، باوەڕ، فەلسەفە و ئایدیۆلۆجیشدا. سەرەنجام، ئەوەی ڕووی دا و بەئاکام گەیشت، ئەوە بوو کە تەواوی نەیاران و دوژمنانی بەتەواوی هەڵکەند و سەرکوتی کردن. ئەم سەرکەوتنە تەنانەت لە ساڵانی پێش دیموکراسیشدا هەبوو، بەڵام سەرکەوتنی لەم جۆرە ناتوانێت تا سەر بەردەوام بێت. سەرمایەداریی بازاڕ، وەکو هەمیشە بۆ هەندێک سوودهێنەر و بۆ ئەوانی تر زیانبار.

له بەریتانیا ئەگەرچی مافی ڕای گشتی زۆر سنووردار بوو، بەڵام دامەزراوە سیاسییەکانی تری حکوومەتی نوێنەرایەتیی بەهێز و فرەوان جێگیر بووبوون. سەرەنجام، لە ساڵانی ١٨٦٧ و پاشان لە ساڵی ١٨٨٤دا، مافی ڕای گشتی فرەوان بوو، ئەگەرچی تەنانەت دوای ١٨٨٤یش، پیاوان زیاتر لە مافی ڕای گشتی بەهرەمەند بوون. بەم شێوەیە، سیستەمی سیاسی هەلی زۆری ڕەخساند بۆ کارابوونی نەیاری سەبارەت بەسەرمایەداریی بێ سیستەمیی بازاڕ. ئەوانەی کە هەستیان دەکرد لەلایەن بازاڕە بێ یاساکانەوە ناخۆشییان دیوە، بەرەو پەیداکردنی پشتیوانیی ڕابەرانی سیاسی و حکوومەتی دەچوون. لێرە بەدواوە، نەیارانی ئابووریی ڕەها لەلایەن خۆیانەوە ناڕەزایەتییان لە ڕێگەی ڕابەرانی سیاسی، بزووتنەوەکانی کۆمەڵایەتی، پارتەکان، بەرنامەکان، دیدگا و باوەڕەکان، فەلسەفەکان، ئایدیۆلۆجییەکان، کتێب و بڵاوکراوەکان بەشێوەی کارا و چالاک ڕادەگەیاند، لەمانەش گرینگتر، لەلایەن مافی دەنگدان و هەڵبژاردنەوە ئەو مەبەستەیان هێنایەدی. پارتی تازە دامەزراوی "کرێکاران"، خەمی خۆی بەستەوە بەگرفتاری و چارەنووسی چینی کرێکارانەوە.

هەرچەندە هەندێک لە نەیاران، تەنیا پێشنیازی هێنانەدیی سیستەمیان دەویست لە سەرمایەداریی دامەزراو لەسەر بنەمای بازاڕ، ئەوانی تر خوازیاری لەناوچوونی بوون. هەندێکی تریش دەیانویست ئەم دوو ڕەوشە هاوکار بکەن: دەیانگوت ڕێگە بدەن سەرەتا سەرمایەداریی سیستەماتیک بکرێ و پاشان بەرنامەڕێژییەکەی هەڵوەشێتەوە. ئەوانەی خوازیاری نەمانی سەرمایەداری بوون، هیچ کات بەئامانجی خۆیان نەگەیشتن. بەڵام ئەوانەی خوازیاری بەشداریی حکوومەت و ڕێکخستنی سەرمایەداری بوون، زۆربەی کات بەخواستەکانیان گەیشتن.

گۆڕانکارییەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا و تەواوی وڵاتانی ئینگلیزیزمان، وەکو بەریتانیا بوون. لە هەر وڵاتێک کە حکوومەتەکان لەژێر کاریگەری بزووتنەوەکانی ناڕەزایەتیدا بوون، سیاسەتی ڕەهاکردنی سەرمایەداری نەیتوانی بەردەوام بێت. سەرمایەداریی بازاڕ بەبێ ڕێکخستن و بەشداریی حکوومەت لە وڵاتانی دیموکراتدا، لایەنی کەم لەبەر دوو هۆکار نەهاتە دی.

**یەکەم،** دامەزراوە سەرەکییەکانی سەرمایەداریی بازاڕ خۆی لە خۆیدا پێویستی بە بەشداری و ڕێکخستنی فرەوان و بەهێزی حکوومەت هەیە. بازاڕەکانی ململانێ، خاوەندارێتیی توخمە ئابوورییەکان، هێنانەدیی ڕێککەوتنەکان، جڵەوگیری لە پاوانخوازیی ئابووری، داکۆکی لە مافەکانی خاوەندارێتی ئەم لایەنە و زۆرێک لە پرسەکانی تری سەرمایەداریی بازاڕ، بەتەواوی وابەستەن بەیاساکان، سیاسەتگوزاریی ئابووری، بڵاوکراوەکان و تەواوی ئەو یاسا و ڕێسایانەی لەلایەن حکوومەتەکانەوە بەئەنجام دەگەیشتن. ئابووریی بازاڕ بەتەواوی خۆڕێکخەر نییە و ناشتوانێت وابێ.

**دووەم،** بەپێی بەشداری و ڕێکخستنی حکوومەت، ئابووریی بازاڕ دەبێتە هۆکاری ناخۆشی و ئاستەنگی زۆر بۆ هەندێک خەڵک، ئەوانەش کە ناخۆشییان لێ بینیوە، یان دەکەونە بەر شاڵاوی

ئەم ئاستەنگانە دەیانەوێ حکوومەت پارێزگارییان لێ بکات. بکەرانی ئابووری کە خوازیاری بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیانن، هیچ زەوینە و هۆکارێکیان نییە بۆ ڕەچاوکردنی خێر و خۆشیی کەسانی تر، بەپێچەوانەوە، ئەگەر لە بەرژەوەندییان بێ، ویستی بەهێزیان هەیە بۆ ئەوەی خێر و خۆشیی کەسانی تر نادیدە بگرن. ویژدانی مرۆڤ بەئاسانی بێدەنگ دەبێ بەرانبەر پاساوی فریودەر کە دەیەوێ ئاستەنگ و ناخۆشی بۆ کەسانی تر بسازێنێ: "ئەگەر من ئەم کارە نەکەم، ئەوانی تر دەیکەن. ئەگەر من پاشماوەی کارگەکەم نەڕێژمە ناو ڕووبارەوە و دووکەڵەکەی ئازاد نەکەم بە هەوادا، کەسی تر دەیکات. ئەگەر من بەرهەمەکانم نەفرۆشم کە لەوانەیە باش یان ستاندارد نەبن، خەڵکی تر دەیفرۆشن. ئەگەر من ... بەو جۆرە نەکەم ، کەسی تر پەیدا دەبێ بۆ ئەو کارە"، لەو ئابوورییانەی کە کەم و زۆر ململانێ دەکەن، لە واقعیدا و لە کرداریشدا ئەو ڕاستییە پەیدا دەبێ کە کەسانی تر خوازیاری دەبن.

کاتێک بڕیارەکانی ململانێ و بازاڕە بێ یاسا و سیستەمەکان دەبنە هۆی ئاستەنگ، بەناچاری ئەو پرسیارانە دێنە پێشەوە: ئاخۆ دەکرێ ڕێگە لەم ئاستەنگانە بگیرێ، یان کەم بکرێنەوە؟ ئەگەر وابێ، ئاخۆ هەلی ئەنجامدانی بەبێ تەرخانکردنی بودجەی زیاتر بۆ ئەم بەرژەوەندییانە پەیدا دەبێ؟ کاتێک هەندێک کەس و لایەن تووشی ئاستەنگ دەبن و بۆ کەسانی تر دەبێتە سوود، کە زۆربەی کاتەکان هەر وابووە، ئێمە چۆن دەتوانین داوەری بکەین کە کام پرس و هەنگاو دەبنە مەبەست؟ باشترین ڕێگەچارەکان کامانەن؟

ئاخۆ ئەو ڕێگەچارەیەی کە ئەگەرچی باشترین نەبێ، لانی کەم پەسند بکرێ، دەبێ چی بێت؟ ئەم بڕیارانە چۆن دەدرێن و لەلایەن کێوە، چۆن و بەچ شێوەیەک ئەم بڕیارانە دەبێ پیادە بکرێت؟

بێگومان ئەم پرسیارانە تەنیا پێوەست نین بەئابووری. بگرە ئەخلاقی و سیاسیشن. لە وڵاتێکی دیموکراتی ئەو هاووڵاتییانەی چاوەڕێی ئەم وەڵامانەن بەناچاری بەرەو سیاسەت و حکوومەت دەچن. ئاسانترین و کاراترین داواکارییەکان کە دەتوانن لە ئابووریی بازاڕدا بەشدار بن و ئاکامی ناخۆشی و ئاستەنگی ئەو ئابوورییە ڕیفۆرم بکەن، بێگومان حکوومەت دەبێ، یان لەلایەن حکوومەتەوە دەبن.

ئەڵبەت ئەو هۆکارانە زۆرن کە هاووڵاتییانی نەیار توانا دەکات بۆ ئەوەی حکوومەت بەشدار بێ لەم پرسانەدا، لەوانە توانای سیاسیی ڕێژەیی هێزە نەیارەکان. بەڵام زۆربەی کاتەکان پێشینەی مێژوویی ئەم پرسە بەتەواوی ڕۆشنە: لە تەواوی وڵاتانی دیموکراتیکدا (لە زۆرێک لە وڵاتانی نادیموکراتیشدا ڕەوشەکە بەهەمان شێوەیە. بەڵام پرسی ئێمە پێوەستە بەپێوەندیی نێوان دیموکراسی و سەرمایەداریی بازاڕ). ئەو ئاستەنگانەی لەلایەن بازاڕی بێ سیستەم و یاساوە بۆ هەندێک لە هاووڵاتییان دەبێتە دیاریی ژیان، یان وا چاوەڕوان دەکرێ وابێ، حکوومەت ناچار دەبێ بەشداری بکات لە پێناو نەمان، یان کەمکردنەوەی ئاکامی زیانباریی ئەو ئاستەنگانە.

لەو وڵاتەی کە ناسراوە بەپابەندبوونی بەسەرمایەداریی بازاڕەوە، واتە؛ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، شێوەکانی بەشداریی حکوومەتەکانی ناوەندی و ویلایەتەکان لە ئابووریی وڵاتدا، بەشێوەیەک فرە و زۆرن کە ناتوانرێ ڕیزبەندی بکرێن. بەڵام دەبێ چەند نموونە و زەوینەیەک باس بکەین:

* بیمەی بێکاری، خانەنشینی ساڵمەندان.

* سیاسەتی ماڵی بۆ ڕێگەگرتن لە هەڵاوسان و گرانی و تەنگژەی ئابووری.

* ئاسایشی: خۆراک، دەرمان، هێڵی ئاسمانی، ڕێگەکانی ئاسن، ڕێگە گەورەکان و شەقامەکان.

* تەندروستیی گشتی، چارەسەری پەتاکان، ڤاکسینی ئیجباریی خوێندکاران.

* بیمەی تەندروستی.

* پەروەردە و فێرکردن.

* فرۆشتنی پشکەکانی ئابووری، قەرز و بیمەکان و پشتیوانی لە پارە و چەکەکان.

* ناوچەییکردنی: بازرگانی، نیشتەجێ، تەندروستی و ... هتد.

* دیاریکردنی پێوەرەکانی بیناسازی.

* دابینکردنی بازاڕی ئازاد و ململانێ، ڕێگەگرتن لە مۆنۆپۆڵ و تەواوی ئەو سنووردارییانەی کە دەخرێنە بەردەمی بازاڕ و بازرگانیی ئازاد.

* دانان، یان کەمکردنەوەی گومرگ و هاوردەکردنی کاڵاکان.

* مۆڵەتی کاری پزیشکان، پزیشکانی ددان، وەکیلان، ژمێریاران ... هتد.

* هێنانەدی و پاراستنی پارکەکانی دەوڵەت و نیشتمانی، ناوچەکانی گەشتیاری و ناوچەی تایبەت بۆ سروشت و ژیانی ئاژەڵان.

* ڕێکخستنی کۆمپانیا ماڵی و سەرمایەدارەکان بۆ ڕێگەگرتن و بژاردنی زیانەکانی ژینگە و هەندێک جاریش مۆڵەتدانیان لە کاتدا بۆ ئەوەی ئەم چارەسەرە بکەن.

* ڕێکخستن و یاسادانان بۆ فرۆشتنی جگەرە و تووتن بۆ کەمکردنەوەی تووشبوون و شێرەپەنجە و تەواوی کاریگەری زیانبارییان.

هتد ....... هتد ....... هتد ................

بەکورتی: لە هیچ وڵاتێکی دیموکراتیدا، سەرمایەداریی بازاڕ بەبێ ڕێکخستن و بەشداریی فرەوانی حکوومەت بۆ ڕێگەگرتن، یان کەمکردنەوەی کاریگەریی زیانباریی ئەو سەرمایەدارییە بوونی نییە (یان هەل و شیمانەی زۆر هەیە لە درێژماوەدا نەتوانێ هەبێ).

بەم حاڵەشەوە ئەگەر بوونی دامەزراوە سیاسییەکانی دیموکراتیک لە وڵاتێکدا بەهێز و کاریگەر بێ بەرانبەر کارکردنی سەرمایەداریی بازاڕ، بوونی سەرمایەداریی بازاڕیش لەو وڵاتەدا کاریگەری

مەزنی دەبێ بەسەر کارکردنی ئەو دامەزراوە دیموکراتییانەوە. سەرەنجام دەتوانین بڵێین کە پێوەندیی هۆداری دوولایەنە لە نێوانیاندا بەدی دێ:

٤- لەبەرئەوەی سەرمایەداریی بازاڕ بە دڵنیایی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەهێنێتە دی، لە ئەنجامدا توانای دیموکراتیکی دیموکراسی فرەوان و بەهێز بەپەیدابوونی نایەکسانییەکان لە دابەشکردنی سەرچاوە سیاسییەکاندا، سنووردار دەبێ.

## چەند سەرنجێک لەبارەی زاراوەکانەوە

سەرچاوە سیاسییە گشتییەکان تەواوی ئەو شتانەن کە لە دەسترەسی کەسێک یان گرووپێکدان و ئەو کەس و گرووپانە دەتوانن سوودمەند بن لێیان بۆ کاریگەری ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لەسەر کرداری کەسان و لایەنی تر. ژمارەیەکی مەزن لە ڕەوشەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، لە پێوەندیدا بە کات و شوێنەوە، دەتوانن بگۆڕێن بۆ سەرچاوەی سیاسی: هێزی جەستەیی و چەک، پارە، سامان، کالا و خزمەتگوزاری، سەرچاوەکانی بەرهەمهێنان، دەرامەت، پلە و پایە، شەرەف، ڕێز، سۆز، کارێزما، شایستەیی، زانیاری، ڕووناکبیری و زانست، پەروەردە، پێوەندی و گەیاندن، هۆکارەکانی پێوەندیی گشتی، ڕێکخراوەکان، ڕەوشی یاسایی، پۆستەکان، کۆنترۆڵی بیروباوەڕ و ویژدانەکان، ڕای گشتی و زۆری تریش. لەلایەک، ئەو تیۆرییە پەیدا دەبێ کە بڕوای وایە سەرچاوەیەکی سیاسی دەبێ بەشێوەی یەکسان دابەش بکرێ. وەکو ئەوەی کە بیروباوەڕەکان لە وڵاتانی دیموکراتیکدا بەیەکسانی دابەش دەکرێن و ڕێزیان لێ دەگیرێ. لەلایەکی ترەوە، تیۆرییەکی جیاواز پەیدا دەبێ کە بڕوای بەوەیە سەرچاوەیەکی سیاسی دەبێت لە دەستی کەسێک یان گرووپێکدا کۆ بکرێتەوە و پاوان بکرێ و چەندین هەوڵ و بیروباوەڕی تریش هەن لە نێوان دابەشکردنی یەکسان و شێوەی زۆر نایەکسان دابەش کراون. گەرچی سەرمایەداریی بازاڕ تەنیا هۆکاری ئەوە نییە ، بەڵام لە دابەشکردنی نایەکسانیدا زۆرێک لە سەرچاوە گشتییەکان نەخشی گرینگیان هەیە وەکو: سامان، دەرامەت، پلە و پایە، شایستەیی، زانیاری، ڕێکخراوەکان، پەروەردە و مەعریفە.

لەبەر بوونی نایەکسانی لە سەرچاوە سیاسییەکاندا، هەندێک هاووڵاتی دەتوانن زیاتر لەوانی تر کاریگەر بن لە بڕیارەکان، سیاسەتەکان و کارەکانی حکوومەت. بەداخەوە، ئەم کەسانەش بێگومان کەم نین، یان لاوەکی نین. لە ئەنجامدا، هاووڵاتیان لە باری سیاسیشەوە لەگەڵ یەک نایەکسان دەبن بەڕاستی و لە بنەڕەتیشدا هەر یەکسان نین سەرەنجام، بنیاتی ئەخلاقیی دیموکراسی، واتە؛ یەکسانیی سیاسی لە نێوان هاووڵاتییاندا، بەڕاستی پێشێل دەکرێ.

٥- سەرمایەداریی بازاڕ بەتوندی بەسوودی دیموکراسی کار دەکات تا ئەو کاتەی ئەم دیموکراسییە بەرەو دیموکراسییەکی بەهێز دەچێ، بەڵام لە ئاکامدا بەهۆی گورز و ڕێگری

سـەرمـایـەداری لە بەرانبـەر یـەکسـانیی سـیـاسـیـدا، کـارکـردن لـە دوای ئـەم ئـاسـتـەوە بـەزیانی فرەوانبوونی دیموکراسی تەواو دەبێ.

لەبەر ئەو بەڵگانەی پێشتر باسمان کردن، سەرمایەداریی بازاڕ دەبێتە یەکێک لە چارەسەرە بەهێزەکانی ڕێژیمە هەژموونخوازەکانیش. هەر کاتێک سەرمایەداریی کۆمەڵگە لە هەلومەرجی ئاغا و ڕەعیەتەوە بەرەو هەلومەرجی خاوەن کار، کارمەند و کرێکار دەبات، یان لە هەلومەرجی جەماوەری لادێیی و نەخوێندەوارەوە کە بەسەختی توانای مانەوەیان هەیە و زۆربەی کاتیش لەم بەهرەیە بێبەشن، بەرەو ڕەوشی وڵاتی خاوەن خەڵکی خوێندەوار و تا ڕادەیەک ئاسوودە و شارنشین دەچێ، لەلایەن گرووپێکی بچووکی نوخبە، دەسەڵاتدار یان چینە باڵادەستەکان بەڕێوە دەچێ و ئەوان بەرەو دابەشکردنی زۆر فرەوانی سەرچاوەکان هەنگاو دەنێن. لەم سەردەمەدا ئەو سیستەمەی کە تێیدا زۆرینەی خەڵک ناتوانن ڕێگر بن لە دەسەڵاتی حکوومەتی کەمینە و هەوڵیان بۆ سیستەمێک کە تێیدا زۆرینەی خەڵک بتوانن سەرچاوەکانیان (بەتایبەتی ڕای گشتی و دەنگدان) لەگەڵ دەسەڵاتی کەمینەدا بسازێنن و لە ڕێگەیەوە دەبێ حکوومەت ناچار بکەن ئەو کارانە بکات کە لە قازانجی خۆیانە هەر کاتێک کە ئەم سەرمادارییە یارمەتیدەری ئەم گۆڕانکارییانە بێ، هەروەکو زۆربەی جارەکانیش وای کردووە و لە داهاتوودا زۆرێک لە وڵاتان بەرەو گەشە و پێشکەوتن دەچن، لەو کاتەدا دەتوانێ ببێتە ئامرازی گۆڕانی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵگە و سیاسەت.

بەڵام سەردەمێک کە کۆمەڵگە و سیاسەت لەلایەن سەرمایەداریی بازاڕەوە ئاڵوگۆڕ دەکات و دامەزراوە دیموکراتییەکان لەوێدا جێگیر دەبن، ئەم دیدگایە لە بنەڕەتەوە دەگۆڕێ. لەمەودوا نایەکسانییەکانی ناو سەرچاوەکان لە سەرمایەداریی بازاڕەوە پەیدا دەبێ و نایەکسانییە سیاسییەکانیش پەیگیرانە لەناو هاووڵاتییاندا پەرە دەسێنن.

بەڵام پرسیاری مەبەست ئەوەیە؛ چۆن پێوەندیی نێوان دیموکراسیی فرەوان و سەرمایەداریی بازاڕ بۆ بەهێزکردن و جێگیربوونی هەرچی باشتری دیموکراسی فرەوان بەکار دێ. ئەم پرسیارە زۆر پڕ کێشەیە و وەڵامەکانیشی نە ئاسانن و نە کورت. پێوەندیی نێوان سیستەمی سیاسیی دیموکراتیکی وڵاتێک و سیستەمی ئابووریی نادیموکراتیک، ئەو ئاستەنگە ترسناک و بەردەوامەیە کە بەردەوام لە بەرانبەر ئامانج و کارکردەکانی دیموکراسیدا سەرانسەری سەدەی بیستەمی گرتەوە. ئەم ئاستەنگەش بێگومان لە سەدەی بیست و یەکیشدا بەردەوام دەبێ!

سەرچاوە: ڕابرت داڵ، دربارەی دموکراسی، ترجمەی حسن فشارکی، شرکت نشر و پژوهش شیرازە کتاب، چاپ اول ١٣٨٩ ، ل ل ٢٠٩-٢٢٤.

# مۆدێلەکان لەسەر منداڵبوونن
# ئاریان ئەبوبەکر

رۆستەم ئاغالە

ئەو رستەیە پڕ بە کەوڵی مانای ئەوەیە بە شێوەکارێکی وەک ئاری بوترێ (ئاری، شێوەکارێکی گەنجی سلێمانییە).

خۆم بەکارەکانی سەرسامم و لە یەکەم ساتی بینینی نیگارەکانی سەرسام بووم و سەرنجی راکێشام و داوام لێ کرد تابلۆ بێنی بۆ گەلەری زاموا بۆمان نمایش کرد.

ئەو هونەرمەندانەی بە تینووەتی و بە هەستی قوڵ تێکەڵ بە هونەرەکەیان دەبن، پاڵەوانی ناو تابلۆکانیان یا رەنگ و پانتاییەکانی کارەکەیان گوزارشتی خێرا و ئاسانکارە بۆ ناسینەوە و کەسایەتیی هونەرمەندەکە لەناو تابلۆکەدا.

وێچوونی مۆدێلەکانی مایکل ئەنجیلۆ - بیکاسۆ، رامبرانت، گۆیا، داڤنشی، گۆگان، لامپیکا و زۆری تر رووخساری ئەو مۆدێلەی نیگاریان کێشاوە بەشێکی لە خۆیان دەچن.

مۆدێل و فیگەرەکانی ئاریانیش بەشێکی لە خۆی دەچن. ئەوە بارە و کاردانەوەیەکی بێ ئاگا بوونە و لە دەرەوەی ئیرادەی خۆمانەوە دروست دەبێ. کارەکانی ئاری زۆرترینی لە ئێستادا ژن و کچی سکدار و سەرقژن و کراس رەشن. کەسایەتیی خۆی زۆر لە پاڵەوانی کارەکانی دەچن لە لاوازی لە لووت قەلانگی و چاو قووڵ و کراوە سەرقژنیەکانیان.

بابەتی فیگەری سکپڕبوون لە هونەری شێوەکاریی کوردیدا کاری لەسەر نەکراوە.

لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بوونی سکپڕی بە نهێنی یا بە ئاشکرا بێ سکی بە باوک و شەرعی یا بیژی و حەرامزادە، ماڵوێرانی و کوشتن و توندتیژیی بەسەر دێ. ئەو کچانەی نیگاری کێشاون وا هەست دەکەم باوکی ئەو سکانە هەڵاتوون و ئاگر و گوللە یان بە سکی کچەوە ناوە.

لە کارەکاندا لە تەنیشت ژنە ئاوسەکانەوە هیچ میهرەبانی و هاورێی دووەم کە پیاوە نایەتە

دیتن. ئەو ژنانە چەند بەستەزمانی و تەنیایی و بێکەسی باڵی کێشاوە بەسەریاندا، ڕەنگی زەردپەڕیویان دەبینی کە لە ژنی ناو (پرسەکان) دەچن. هەستەکەی ترسیان لە منداڵی ناو سکیان هەیە ئێستا بێتە خوارێ کە لێیان بێتەوە. لە کۆمەڵگەی من کوشتنی سکی بیژی حەڵاڵ و ڕەوایە.

بە ڕەنگێکی تر دەتوانین بڵێین ئەو ژنانە بە ڕێوڕەسم گەیشتیتنە ئەو بارە یا باوک مردووە یا باوک جێی هێشتوون یا جیا بوونەتەوە ئەو بە بارێکی تر ئەو ژنانەی سەر تابلۆکان کارەکتەری درۆن و سکیان راستی نییە و سکەکان دەسکردن و ئەو ژنانەن خەون بە سکەوە دەبینن، چونکە لە راستیدا نەزۆکن.

بە گریمانەیەکی تر دەبێژم ئەو ژنانە ئەوانەن سکیان بووە بە نوشتە و دوعا ئەو ژنانەن سکیان بە (منداڵی بلووری) دروست بووە.

ڕۆژێ بە ئاریانم گوت (دەزانی سکی ئەو ژنانەی تۆ سکیان کچە)

چونکە سکی کوڕ بەرز و خڕترە، سک کچ بێ شۆڕ و نزمە. بۆیە سکەکانی کارەکتەری ئەو زۆرینەیان کچن.

ڕووبەری تابلۆکانی بە سەرکەوتوویی پڕ کرووەتەوە و باگراوندەکانی کەشێکی جیاواز نین لە مۆدێلەکە.

دانیشتن و تێڕوانینی مۆدیلەکانی کلاسیکانەیە و هەندێ جار رووخساریانی شێواندووە تا بچنە کەشی هونەرێکی مۆدێرنەوە.

بەڵام لاوازیی هەندێ کاری ئاری لەوەدایە هێڵێکی رەشی لە دەرەوەی کارەکانی راکێشاوە لە جۆگە و پەت دەچێ وەک هێڵێک سەرەتای هەیە و کۆتای نییە، ئەوەی کارەکەی لاواز کردبێ بە بۆچوونی من ئەو هێڵە رەشە بێ سەروبەرانەیە، ئەگەر چەندان ساڵی تر ئەو هێلانە بکێشی بەدەوری کارەکانی هیچیان لێ شین نابێت و نایگەیەنێتە ماڵەوە.

ئاری ئەبوبەکر عەلی دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانییە و ئێستا خوێندکاری کۆلێجی هونەرە و لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٤ - سلێمانی.


1/2
PRICE
249
199
OLD SOUTH
Orange Juice
.99



aryan abubakr 2011



aryan abubakr different material on canvans
year 2011



aryan abubak 2011



aryan abubakr 2010



aryan abu bakr oil colour on canvanc 65cm \ 45cm
year 2007



aryan abu bakr oil colour on canvans 100cm \ 80cm
year 2007



aryan abu bakr oil colour on wood 65cm \ 45cm
year 2007



aryan abu bakr oil colour on canvans 130cm \ 50cm
year 2008





aryan ab bakr oil colour on canvans 50cm \ 40cm
year 2007



aryan abu bakr oil colour on canvans 40cm / 45cm
year 2007









# کۆدی ترانسترۆمەری

بوو گوستاڤسۆن



توماس ترانسترۆمەر
ساڵی ٢٠١١ "خەڵاتی
نوبێل"ی پێ بەخشرا

هیچ شاعیرێکی هاودەمی سوێدی هێندەی توماس ترانسترۆمەر قسەی لەسەر نەکراوە. بزووتنەوەیەکی ڕەخنەیی لەبارەی نووسەرایەتیی ئەوەوە هاتووەتە ئاراوە، کە لە هەموو ڕوانگەیەکی شیاو و نەشیاوەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر کردووە. لەگەڵ ئەوەیشدا کەم لەبارەی فیکر لە شاعیرییەتی ئەودا گوتراوە. ئەگەرچی ترانسترۆمەر نیگارکێشێکی باش و هونەرمەندێکی بەتوانای زمانە، بەڵام

.................................................................

وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: ڕزگار شێخانی

لە ڕاستیدا شاعیرێکی فیکرە، کە کار لەگەڵ فیکری شیعریدا دەکات. بەڵام زۆربەی جار گەشانەوەی تەکنیکیی ئەو، پەنای لە فیکری تێکستەکان کردووە. ئەگەر کۆدێکی ترانسترۆمەری هەبێت (کە خاڵی دەستپێکی هەموو ڕەخنەیەکە لە بەرهەمی ئەودا) ئەوە باشترین شێوازی خوێندنەوەی ئەم کۆدە، لێکۆڵینەوەیە لە عەقڵیەتی سەرەکیی نووسەرایەتیی ئەو.

١

دەکرێ بگوترێت یەکەم شیعر، پرێلودیۆم Preludium لە یەکەم دیوانیدا، خاڵی دەستپێکی پرۆژەی شیعریی توماس ترانسترۆمەر دیار دەکات. ئەو ڕێبازی خۆی بەم دێرە بەناوبانگە دەست پێ دەکات: "بێداربوونەوە بە پەڕەشووت خۆ هەڵدانە لە خەونەوە". بەم دێرە بیری سەرەکیی شیعرییش: بێداربوونەوە، لە نووسەرایەتیی خۆیدا ڕادەگەیەنێت. ئەمە یەکەم فیکری سەرەکیی شیعرییە ، لە سێ فیکردا، کە کۆدی ترانسرۆمەری بنیات دەنێن.

"پرێلودیۆم" لە زنجیرەیەک مێتافۆردا وەسفی ساتی بێداربوونەوە دەکات، ئەو دەمەی وا هەست دەکرێ جیهان نوێیە. "شتەکان کڵپە دەکەن" و "ڕێبوارەکەیش" لە یەک کاتدا لە ناخی زەوی لەناو ڕەگ و ڕیشەی درەختە و "لە باری باڵ لێکدانی کلاوکوڕە"یشە، لە هەمان کاتدا ئەو، لە پەڕەشووت خۆ هەڵدانە میتافۆرییەکەیدا لەناو خەونەوە، دەکەوێتە ناو بزۆێنی هاوینەوە. ئەو وەک کەسێکی شامان schaman دەتوانێت بەناو سێ جیهانەکەدا: ناخی زەوی، زەوی و ئاسماندا سەفەر بکات. هەروەها "دەنگی یاخی/ بلوێری سەردەمی برۆنزی/ بەسەر بێ بنەکانەوەیە". بێداربوونەوە ڕێگە بۆ "ڕێبوارەکە" خۆش دەکات، کە سێ جیهانی ئەفسانەییی شوێن بناسێت، کە هاوکات ڕابردووی دووریش حوزووری دەبێت. ئەمە بێداربوونەوەیێکە، کە ڕەهەندی جودای کات و شوێن والا دەکات، کە دەبێتە هۆی ئەوەی هۆشیاری بتوانێ "جیهان بگرێتەوە". ئەمەیە مەبەست و ئامانج لە بێداربوونەوەدا: کە بگەیتە کۆڵەگەی جیهان، mundi axis لەوێ هەموو شتێک ڕوون و ئاشکرا دەبێت. لە ئاکامدا، شاعیر لە کۆتاییی شیعرەکەدا لە بن درەختە ئەفسانەیییەکەی ناوەڕاستی جیهاندا ڕاوەستاوە. درەخت ڕۆڵێکی گرینگ لە نووسەرایەتیی توماس ترانسترۆمەردا دەبینێت، ئەوجا ئەگەر بەملا و بەولادا بخولێنەوە، یان ئەو دارستانە سیمبۆلییانە دروست بکەن، کە زۆربەی جاران خودی شیعریان لەناودایە. درەخت، تەنانەت بەردیش لە جیهانێکی ترسناک و بە پێچ و پەنادا، وەک جۆرێک ڕێنیشاندەری ئەفسانەیی/ڕۆحی ئەرکی هەیە.

لە دەستەواژەی عیرفانی بێداربوونەوە لە شیعری "پرێلودیۆم"دا، نوێنەرایەتیی قۆناغی یەکەمی سەر ڕێگەی تەوحید unio mystica دەکات. دەکرێ لە دەستەواژەی ئاینیدا بەو مەرجەی گۆڕان بەراورد بکرێت، کە کرۆکی پەیامی ئاینی پێک دەهێنێت. بەڵام توماس ترانسترۆمەر لە شیعرەکانیدا، نە سۆفییە و نە باوەڕداریشە، ئەگەرچی کاریگەریەتیی بیری ئاینە گەورەکان و نەریتی عیرفانی لەسەرە، ڕەنگە بەر لە هەمووشیان هیی گنوستیکیزم و ئەفلاتۆنیزمیی نوێ بێت.

ئەو کەسێکی (وەک کە خۆی لە گفتوگۆیەکدا گوتوویەتی)، وەرگر و پێکەوە لکێنەرە کە لە هەوڵەکانیدا هەتا لە سویدێکی عیلمانی و تێکنەلۆجیدا شیعرێک "بە ئاراستەی ڕۆحی" بنووسێت، سروش لە باوەڕی جودا وەردەگرێت.

ئەو بیرەی بێداربوونەوە، کە کتێبی یەکەمی دەست پێ دەکات، دەکرێ بگوترێت مانا دەبەخشێتە ئەوەی کە لە کۆمەڵگەیەکی عیلمانی و تەکنۆلۆجیدا فەرامۆش کراوە، یان دوورەپەرێز کراوە: کە مرۆڤ تەنیا بوونەوەرێکی هۆشیار و کۆمەڵایەتی نییە، بگرە بوونەوەرێکی ڕۆحی و ئێکسیتێنسیالیشە. بیرێکی سەرەکی لە بەرهەمی ترانسترۆمەردا، ئەوەیە کە مرۆڤ ناتەواوە، کەموکوڕیی هەیە و فیکرەی بێداربوونەوەیش پێوەستی ئەم باوەڕەیە. ئەو باوەڕەی، کە تاکەکەس دەبێت کار لەسەر کامڵبوونی لایەنی ڕۆحی و میتافیزیکیی خۆی بکات، لە زۆر لە ئاینەکاندا زاڵە. مەسەلە بەدەستهێنانی هۆشیارییەکی نوێیە، کە جیهان بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە بگرێتەوە. مەرج بۆ ئەم هۆشیارییە نوێیە، "کەوتنە خوارەوەیە بەناو گێژاوی مەرگ"دا، واتە ڕازیبوون بە مردن و ئاکامیشی "ڕووناکییەکی گەورە" دەبێت، کە دوا دێری "پرێلودیوم" ئەمە دەردەبڕێت. ڕەنگە لێرە مەبەستی تێگەیشتنی تەسەووفی بێت لەبارەی مردنی عیرفانییەوە mors mystica ، کە کەسی سۆفی دەبێت لە منی کۆنی خۆی بمرێت بۆ ئەوەی عیرفانی تەسەووفی هەبێت. بێداربوونەوە یەکەم هەنگاوی پرۆسەی گۆڕان لە باری ڕاستەقینەی هەبوونیی مرۆڤ پێک دەهێنێت. زۆرجار لە باوەڕی عیرفانیدا مرۆڤ وەک کەسێکی لە خەوڕۆدا وەسف دەکرێت، کە پێویستە بۆ سروشتی ڕاست و پێڕەوی خۆی بە ئاگا بهێنرێتەوە.

بێداربوونەوە لە نووسەرایەتیی توماس ترانسترۆمەردا، ئەو ساتە نموونەیییەیە، کە بەردەوام بە شێوەی جودا دووبارە دەبێتەوە. بۆیە زۆر شیعر باسی نووستن و پاشان لە بێداربوونەوە، یان خەونبینین دەکەن. زۆرجاریش بۆ ئەو دۆخەی نێوان خەون و بێداری دەگەڕێتەوە، کە زۆربەی جار وەک ئازار هەستی پێ دەکرێت، هاوکات بەگشتی بێداربوونەوە وەک ڕزگاربوون هەستی پێ دەکرێت. لە ڕاستیدا هەر شیعرێک لە خۆیدا بێداربوونەوەیەک دەگەیەنێت، چونکە نووسین لە خۆیدا پرۆسەیەکی مەعریفییە، کە هزر و هەستەکان بەهێز دەکات.

لە شیعری "ڕووبەڕوو"، لە دیوانی "ئاسمانە نیوە تەواوبووەکە"دا himlen Den halvfärdiga بیری بێداربوونەوە گۆڕانی بەسەردا دێت. شیعرەکە دیمەنی ڕووداو لە ڕۆژێکی شوباتدا دەگێڕێتەوە، کە وا پێ دەچێت هەموو شتێک بێ جووڵە بووە و بەفر بەستاونیەتی. لە ناکاو شیعر خۆی هەست بە جۆرێک حزوور دەکات، کە دانیشتووە و کار دەکات.

ڕۆژێکیان شتێک هاتە بەر پەنجەرە.
کار وەستا، من سەرم هەڵبڕی.
ڕەنگەکان سووتان. هەموو شتێک خۆی وەرگێڕا.

من و زەوی بەرەو یەکدی بازمان دا.

لێرە وەسفی ساتێکی ڕووناکبوونەوە دەکرێت، کە بێداربوونەوە لە "پرێلودیۆم" دێنێتەوە بیر. مەرج ئەوەیە کە ئیتر پشت لە ڕاستی نەکرێت، بەڵکە ڕووبەڕوو ببینیت، وەک کە ناونیشانی شیعرەکەیش ئەوە دەگەیەنێت. بێگومان ئەمە ئاماژەکردنە بە یەکەم نامە بۆ خەڵکی کورینتوس ۲۱:۳۱، [لە ئینجیل، پەیمانی نوێ/ وەرگێڕ] لەوێ باسی ئەوە کراوە، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان مرۆڤ دەتوانێ ڕووبەڕوو خوا ببینێت و ئەو دەمیش زانیاری لەبارەی ژیانەوە کامڵ و سەرتاسەری دەبێت. ئەوەی شیعرەکەی ترانسترۆمەر باسی دەکات، بە هاناوە هاتنە، کە نیگایەکی گەشی بووناسیت ontologi پێ ببەخشرێ، کە بتوانیت بەو شێوەیە ڕاستی ببینیت، کە هەیە. بەڵام ئەو کاتە دەبێت مرۆڤ لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیدا دەرپچێت و بۆ بوون بێدار ببێتەوە. ئەم ڕووناکبینییەی شیعری "ڕووبەڕوو"، وەک حوزوورێک باس دەکرێت، کە بە جیدی بەداوای خودی شیعردا دەگەڕێت. لە شیعرێکی تردا باسی "نامەیەکی گەورە" دەکرێت، کە هەوڵ دەدات بخزێتە درزی "نێوان بێداری و خەون"ـەوە. لە ئەدەبی عیرفانیدا، پەیام بۆ ژیانی ڕاستەقینە ڕێک لە وێنەی نامەیەک، یان لە پەیامێکی نهێنییەوە دەردەبڕێت.

پەیامی بێداربوونەوە بۆ ژیانی ڕاستەقینە لە شیعرە بیۆگرافییەکەدا، "لە زستانی ۱۹٤٧وە" دووبارە دەبێتەوە. شیعرەکە لەو خەمۆکییەوە دەست پێ دەکات، کە توماس ترانسترۆمەر تەمەنی ١٥ ساڵ بوو، تووشی بوو. ئەم ڕووداوە لە کتێبە بیۆگرافییەکەیدا، "یادەوەرییەکان دەمبینن" باس دەکات، تێیدا ئەوە باس دەکات، چۆن ترانسترۆمەری گەنج شەوان لەبەر زیندەخەونی "فەرمانڕەوایی نەخۆشی"، دەستەڵاتێکی دیمیورگیی ناحەز، کە حوکمی جیهانی دەکرد، نەیدەتوانی بنوێت. ئەم دەستەڵاتە ناحەزە، بەڵای نەخۆشییەکانی بە جیهاندا بڵاو دەکردەوە. ئەو ئەم دڵەڕاوکێیانەی شەوانی وەک "ئینفێرنۆ، بەڵام پورگاتۆریۆ بوو" هەستی پێ دەکرد و جەختیش لەوە دەکاتەوە، کە ڕەنگە ئەم ئەزموونە گرینگترین ئەزموون بێت لە ژیانیدا. تاکە شێواز کە دەکرا لەم دڵەڕاوکێیە ڕزگاری بکات، ئەوە بوو، کە پیانۆ بژەنێت. مۆسیقا، یان هونەر شێوەیەکی "شەیتان لە گیان دەرکردن بوو".

لەبەر دوو هۆ ئەزموونی ورێنەی شەوانی دڵەڕاوکێ لە گەنجییەتیی ترانسترۆمەردا گرینگ بوو: لەلایەکەوە ئەوی لە نەهامەتی و برسییەتیی جیهان "فەرمانڕەوایی نەخۆشی" هۆشیار کردەوە، بەر لە هەموو شتێکیش، توانرا ڕەوتێک، یان مانایەک بدرێتە نەهامەتی. بەپێی ئەو دەستەواژانەی لە دانتی وەرگیراون، دەرکەوت ئینفێرنۆکە [دۆزەخەکە] پورگاتۆریۆیەک [بەرزەخێک] بوو. ئەو تێگەیشتنەی دانتی، کە گەڕان بەدوای ژیانە ڕاستەقینەکەدا، گەڕانە بەناو دۆخی ڕۆحی و دەروونیی جودادا، زۆر کاریگەریی لەسەر دنیابینیی ترانسترۆمەردا کردووە. لەلایەکی ترەوە لە سەردەمی خەمۆکیدا ئامرازێکی دۆزییەوە، کە پێیەوە کار لەگەڵ ترس و دڵەڕاوکێدا بکات: کە

مۆسیقا، یان هونەر بوو. مۆسیقا بووە بە سەرچاوەیەکی دڵارامی و هارمۆنی لە ژیان و بەرهەمی ترانسترۆمەردا، هاوکات هونەر، یان شیعر وەک پەیامی ژیان، ئەرکی هەبووە. وڕێنەکردن بەدەم نووستنەوە بە نەهامەتی لە جیهاندا، لە زۆر تێکستی گرینگی نووسەرایەتیی ئەودا هاتووە، بۆ نموونە لە شیعری "گالەری"دا.

لە شیعری "لە زستانی ١٩٤٧دا"، شیعر خۆی لە ماوەی دڵەڕاوکێی شەوانەیدا، تووشی بارێکی وڕێنەیی "خەیاڵی شێتانە" بووە. هاوکات ئاماژە دەکرێت، کە بۆ ئەوەی ببیت بە گەورەساڵ، دەبێت پاکی و وەهمی منداڵی وردوخاش بکرێن. تێگەیشتن لە دەرد و نەهامەتی لە جیهاندا، بەشێکە لە پرۆسەی بوون بە گەورەساڵ. ئەو دەمە شیعر خۆی لە دڵەڕاوکێ ئازاد دەبێت، کە لە گەردوگوڵی بەیانیدا زبڵڕێژەکان دێن و ئەو بە زرینگەی "زەنگی ئارامی خەمناک"ـەوە خەو دەبیاتەوە. زەنگی کڵێسا ڕۆڵێکی گرینگی لە شاعیرییەتیی توماس ترانسترۆمەردا هەیە، نزیکەی هەمیشە بە هێمایەکی باشی ئارامییەوەیە.

گرینگترین بەش لە شیعری "لە زستانی ١٩٤٧دا"، کۆپلەی سەرەتایە، لەوێ ئاماژە بە بیری بێداربوونەوە دەکرێت.

بەڕۆژ لە قوتابخانە، ئەم قەڵا مات و بە ئاپۆڕەیە.
لە زەردەی ئێوارەدا بەبن تابلۆکاندا دەچوومەوە ماڵ.
ئەوسا چرپەی بێ لێو دەهات: "بێدار بە لەخەورۆ!"
هەموو شتێکیش ئاماژەیان بۆ ژوورەکە دەکرد.

دوای قوتابخانە، "ئەم قەڵا مات و بە ئاپۆڕەیە"، لە ڕێگەی ماڵەوە شیعر خۆی پەیامی عیرفانی پێ دەگات: "بێدار بە لەخەورۆ!". بیرێکی باو لە ئەدەبی عیرفانیدا، ئەوەیە کە جیهان زیندانێکە بۆ ڕۆح، کە لە شیعری "لە زستانی ١٩٤٧دا" لە وێنەی جیهانی قوتابخانە وەک "قەڵایەکی بە ئاپۆڕە" دیار دەکەوێت. بیرێکی تری عیرفانی ئەوەیە کە جیهان پێچوپەنایەکە، تێیدا دێمیورگ مرۆڤی بەند کردووە. زۆرجاران شیعر خۆی لە بەرهەمی ترانسترۆمەردا لەناو مەمەڕی بە پێچوپەنایە، یان لەسەر شەقامی وایە، کە وا هەست دەکرێ ناچێتەوە سەر هیچ شوێنێک. ئازادبوون ئەوەیە شار، کە سیمبۆلێکی شارستانەتیی نوێخوازییە بەجێ بهێڵیت و بۆ ناو سروشت سەر هەڵبگریت، لەوێ ڕۆح دەتوانێت بە ئازادی هەناسە بدات. دیمورگ لەناو سروشت، لە نزیک ڕووەک و ئاژەڵدا کەمێک دەستەڵاتی لەدەست دەدات. بە تایبەت باڵندە و گەناوەر وەک دروشمی سیمبۆلی ئازادین لە بەرهەمی ترانسترۆمەردا.

لە شیعری "لە زستانی ١٩٤٧دا"، لەدوای بێداربوونەوە بۆ ڕووناکبینی، هەموو شتێک ئاماژە "بۆ ژوورەکە"، یان، بوونە ڕاستەقینە دەکات. چوونە ناو ژووری بوونەوە، ئامانجی هەموو

نووسینەکانی ترانسترۆمەرە، بەڵام مەرج ڕێک ڕووناکبینییە لە بێداربوونەوەدا. بۆیە لای ترانسترۆمەر شاعیر دەبێتە نیشانەلێکدەرەوەیەک، کە هەوڵ دەدات پەیامی پڕ لە ڕازی شت لێک بداتەوە.

٢

ئەم جۆرە پەیامەی کە لەدوای بێداربوونەوە دێت، دەبێتە هۆی هەبوونی هۆشیاری لەبارەی گەورە نەناسراوەکەوە، (تێگەیشتنێک کە توماس خۆی لە شیعری "کاریلۆن"دا بەکاری دەهێنێت، یان "ژوورەکە"، کە لە شیعری "لە زستانی ١٩٤٧دا" بە کاری دەهێنێت). "گەورە نەناسراوەکە" دووەم بیری سەرەکیی شیعرییە، کە کۆدی ترانسترۆمەری پێک دەهێنێت. دەکرێ بەو ژوورە سیحرییەی "ناوچە قەدەغەکە"ی فیلمی ئەندرێ تارکۆڤسکی، "ستالکەر" بچوێنرێت. لەم ژوورەدا یاساکانی سروشت بەتاڵ دەبنەوە و مرۆڤ هەست و هۆشیاریی نوێی دەبێت. پەخشانە شیعری "بەشێک دارستان" باسی جێگەیەکی سیحریی وا دەکات لەناو دارستاندا. شوێنێکە، مرۆڤ بە تەنیا بۆی دەچێ و ئاراستەکەیش جووتێک باڵی لێکدەر دەستنیشانی دەکات. لەناو دارستانەکەدا "سەختمانێکی بڵند" هەیە، کە تەنیا "لە درز پێک هاتووە"، لەوێ "یاسای کێش پێچەوانەیە": بناغەی خانووەکە لە ئاسمانە و ئەو شتانەی کە دەکەون، بۆ سەرەوە دەکەون. دەتوانرێ بگوترێ ئەم خانووە ئاوەژووە، گۆڕانی وێنەی "درەختە ئاوەژووەکە"ی بە ڕەگ لە ئاسمانەوەیە arbror in-versus، کە سیمبۆلێکی باوە لە ئەدەبی عیرفانیدا. مرۆڤ لەناو ئەم خانووە سیحرییەدا دەتوانێت بێ درۆ و هەڵخەڵەتاندن، خۆی بێت. ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان نامێنن و خود دەتوانێت بە هەموو کەموکوورییەکانیەوە خۆی پێشان بدا. شیعری "بەشێک دارستان" لە ئاستێکی سایکۆلۆجیی کۆمەڵایەتییەوە سیمبۆلی بەیەکگەیشتن بە گەورە نەناسراوەکە دەکات. بە چوونە ناو ئەم خانووە لە هەوا خولاوەی، بەر "هەزاران خۆر"ی ناو دارستان، خود لە دووڕوویی کۆمەڵایەتی ڕزگار دەبێت و دەکرێ بە شێوەیەکی ڕاست و دروست خۆی و ژیان بناسێت.

هەندێ جار بیری "گەورە نەناسراوەکە" بە "قووڵایی"، یان بە "جیهانەکەی تر" ناو دەبرێت. بە گشتی کاتێک دەستەواژەی "قووڵایی" بەکار دەهێنرێت، مەبەست ناخی مرۆڤە و کاتێکیش دەستەواژەی "جیهانەکەی تر" بەکار دەهێنرێت، مەبەست لە لایەنی شاراوەی ڕووی دەرەوەی واقیعە. ئەوەی مەبەستە، ئەو ڕەهەندانەی ژیانن، کە لە دەرەوەی لۆجیکی عەقڵن. ترانسترۆمەر ناکۆکە لەگەڵ تێگەیشتنی عەقڵانیی یەکلایەنە لە جیهان و مرۆڤ، چونکە ئەو پێی وایە ژیان زۆر لەوە ئاڵۆزترە، کە ئێمە ڕۆژێک لە ڕۆژان بتوانین مەزەندەی بکەین. بەڵام ئەو نەناسراوەی کە ئەو بەدوایدا دەگەڕێت، سروشتی نەبینراو نییە، بەڵکە لە ئێستادا بوونی هەیە. یان ڕاستتر، ئێستا ئەو توخمە وجودییەیە تێیدا نەبینراوە و هەبووە کە دەتوانن بەیەک بگەن.

لە شیعری "ئاسمانە نیوە تەواوبووەکە"دا، مەرج بۆ ئەوەی گەورە نەناسراوەکە بناسیت، بە

وردی ڕوون دەکرێتەوە. ئەوەی کە داوا دەکرێت، ئاکارێکی خاکی و هۆشیاریی ئەوەیە، کە دڵەڕاوکێ و بێهیوایی کۆتاییەکیان هەیە. ئەوسا بۆ خود لەبار دەبێت سەیری دەرەوەی چوارچێوەی ئەزموونی خۆی بکات و ئەو زانیارییە وجوودناسییەی هەبێت، کە "مرۆڤ/ دەرگەیەکی نیوە کراوەیە/ دەچێتەوە ناو ژوورێک بۆ هەمووان". تێگەیشتنێکی سەرەکی لای توماس ترانسترۆمەر ئەوەیە کە مرۆڤ هاوکات لەناو زۆر جیهانی هاوتەریبدا دەژی. لە "یادەوەرییەکان دەمبینن"دا ئەوە باس دەکرێ، چۆن ئەو بە منداڵی، ئەو دەمەی لە دوورگەی ڕونەر، کە بۆ گەناوەرگرتن لە دەرەوە بوو، جیهانی پڕی سروشتی دۆزییەوە. ئەو دەم ئەو لەناو "موعجیزە گەورەکە"دا دەخولایەوە. دۆزینەوەکە بوو بە جۆرە پەیامێکی فرەڕەهەندی واقیع. کە دواتر تووشی خەمۆکییەکەی بوو، هەستی بە زۆر جیهانی دەروونی کرد، کە ئەو بە ئینفێرنۆ و پورگاتۆریۆ [ئاماژەیە بۆ بەشی دۆزەخ و بەرزەخی کۆمیدیای یەزدانیی دانتی/وەرگێڕ] ناویانی دەهێنان. شوێن بۆ هەموو ئەوانەی لە "ئاسمانە نیوە تەواوبووەکە"دا ناویان هاتووە، هەردەم لە دەرەوەی خود حوزووری هەیە، کە تێگەیشتنێکە لە زۆربەی ئاینەکاندا هەیە. ئەو هاوبەشییە بوونییە گەورەیە، جۆرە بەهەشتێکی سەربەخۆیە لەسەر ئەم زەوییەدا.

گەورە نەناسراوەکە لە شیعری ترانسترۆمەردا کۆمپارس نییە، بگرە بەشدارێکە کە بەردەوام لە جوڵەدایە. زۆرجار ئەم بەشدارە وەک کەشتییەک، یان بەلەمێک وەسف دەکرێت، کە هەوڵ دەدات لەنگەر بگرێت. لە کۆپلەی دووەمی شیعری Preludierدا باسی کۆمەڵێک ئاهەنگگێڕ دەکرێت، کە بە سەماکردن گەرم بوونەتەوە و "بەلەمێک دەیەوێ لەنگەر بگرێت". لە ناکاو "داری درێژی لەنگەرگرتن" لە پەنجەرە واڵاکەوە فڕێ دەدرێتە ناو سەماکەرەکانەوە. داری لەنگەرگرتن دەبێتە وێنەیەکی بانگهێشتنکردن بۆ ژیانی ئەریستوکراتی، وەک بانگهێشتنی مەسیح بۆ هاوەڵەکانی. لە شیعرێکی تردا "کەشتییەکی دەستەخوشکی ژیانی ئێمە هەیە، کە بە ڕێگەیەکی تەواو جودادا دەڕوات". هاوتەریب لەگەڵ ژیانی ئێمەدا، ژیانێکی تر بە مەبەست و ئامانجی ترەوە هەیە. شیعری "کاریلۆن" وێنەی حاڵەتێکی خودی شیعر دەکێشێ، کە لە ئوتێلێک، لەسەر قەرەوێڵە بە باسککراوەیی ڕاکشاوە. ئەو بە "لەنگەرێک" دەچوێنرێ، کە "سێبەرە گەورەکەی لەوێ بەسەر/ گەورە نەناسراوەکەوە دەخشێ" دەگرێ، کە ئەو وا دەزانێ بەشێکە لێی. لێرە خودی پشوودەری شیعر، دەبێتە جێگەی لەنگەرگرتن بۆ حوزوورێکی ڕۆحیی گەردوونی، کە بۆ شوێنێکی تر بەڕێگەوەیە.

دەکرێت گەورە نەناسراوەکە بوونەوەرێکیش بێت. کاتێک خودی شیعر لە دۆخێکی کار تێکردندایە، وا تێ دەگات پێنج هەستەکەی "بە بوونەوەرێکی تر/ بەستراونەتەوە". لە شیعری Sor-gegondol nr 2دا، ناوی "ئەو قووڵاییەی کە دەخوازێ بچێتە ناو مرۆڤەوە بێ ئەوەی/ ڕووخساری پیشان بدات". لێرەدا مەبەست لەو تێگەیشتنە گنوستیکی و تەسەووفییەیە لەبارەی گیانەوە، وەک شتێکی شاراوە و بە ڕاز. لە شیعری Vermeerدا باسی "بەتاڵەکە" دەکات، کە "ڕووی لێمان

دەکات و/ دەچرپێنێ/ من بەتاڵ نیم، من والآم". ترانستروٚمەر بە دارشتنێک، کە لە دوعای مەسیحییەوە وەرگیراوە، ئاماژە بەوە دەکات کە پیرۆزەکە وەک ژوورەکەی بۆ هەمووان لە شیعری "ئاسمانە نیوە تەواوبووەکە"دا، بەتاڵییەکە کە بۆ هەموو کەسێک والآیە. ئەمە تێگەیشتنێکە باوەڕی تاویزمی و بودیزمی دەهێنێتەوە بیر، هەروەها هیی تێگەیشتنی تەسەووفیی جودایش. خۆ بەتاڵکردن لە حەز و پێداویستی، خۆ والآکردنە بۆ ژیانی رۆحی.

لە شیعری توماس ترانستروٚمەردا ئەوەی هۆشیاری لەبارەی گەورە نەناسراوەکەوە بەر لە هەموو شتێک دەیبەخشێتە کەسی خوازیار، متمانەیەکی سەرەکیی ئیکیستێنسیالییە. "پشوویەکی کورت لە کۆنسێرتی ئۆرگدا" ئەوە دەردەبڕێت، کە ئەم "ڕەنگە پتەوە" بوونی هەیە، کە شیعر خۆی بە ناو "جیهانە لەرزۆکەکەدا" دەگێڕێ. ئەگەر ترانستروٚمەر باوەڕێکی هەبێت، ئەوا باوەڕهەبوونە بە "ڕەنگە پتەوەکە"، کە بەتیپی گەورە نووسراوە و وا باوە بۆ وشەی "خوا" دانرابێت. متمانەکردنە بە شتێکی نادیار و نەناسراو، کە ئێمە وەک منداڵێک بە ناو ئازار و کێشەی جیهاندا دەگێڕێت. دڵنەوایی لە دنیابینی تا ئاستێک ڕەشی ئەودا، ئەوەیە کە تاکە شت، کە دەتوانێت مرۆڤ لە جیهانی دژواری مۆدێرنەدا ڕزگار بکات، بیری لەبارەی گەورە نەناسراوەکەیە. تێگەیشتن لەلایەنی میتافیزیکی و واقیعی ژیان، دەبێتە ستراتیجییەکی مانەوە، هەم لە ئاستی تاکەکەسی و هەم لە ئاستی گشتیدا. دەکرێت بگوترێت، شیعرێکی هایکۆ لە دوا دیوانی ترانستروٚمەردا، ئەم هزرە چڕ دەکاتەوە.

بولبول بەرگە بگرە!
لە قووڵاییەوە دەڕوێ
ئێمە خۆمان گۆڕیوە.

ڕێک تایبەتمەندییەکە ئەوەیە، کە بولبولێکە کە پەیامە عیرفانییەکە دەگەیەنێت، کە مرۆڤ "خۆی گۆڕیوە"، چونکە لە بەرهەمی ترانستروٚمەردا زۆرجار باڵندەیە دەنگ دەداتە بیری گەورە نەناسراوەکە.

٣

بەم شێوەیە، سێ فیکرە شیعرییەکەی کۆدی ترانستروٚمەری دیار دەکەن، ئەوە باس دەکەنەوە، کە بێداربوونەوە دەبێتە هۆی هەبوونی هۆشیاری لەبارەی گەورە نەناسراوەکەوە، ئەمەیش لە خۆیدا وا دەکات، کە شیعر خۆی لە ماوەی ژیانیدا ئەرکێک بخاتە ئەستۆی خۆیەوە. خاسیەتی ئەم ئەرکە، سییەم بیرۆکەی سەرەکی لە نووسەرایەتییەکەدا، لە شیعری "پاسەوانگە"دا Posteringen ڕۆشن دەبێت. شیعرەکە لەبارەی ڕووداوێکی سەرەتای سالآنی پەنجایەوە، کە ئەودەم ترانستروٚمەری گەنج لە خزمەتی سەربازیدا بوو و بەسەر خۆیدا هات. لە کاتی مەشقکردنێکدا "لەناو کەڵەکەیەک

بەرد/ وەک تەرمی بەگزادەیەکی چاخی ئاسنی" جێگیر دەکرێت. لێرە نموونەیەکی میزاجیی دوولایەنەی ئەو ئاشکرا دەکرێت، کە زۆر کەم قسە لەبارەیەوە دەکرێت و گرینگیی پێ نەدراوە. ڕەنگە وا بێت، کە شاعیریەتیی ئەو یەکجار زۆر بە جیدی وەرگیراوە. ترانسترۆمەری گەنج، شەو بە تەنیا لەناو پاسەوانگەکەیدا، بیر لە خۆشەویستەکەی دەکاتەوە، بەڵام هەر زوو بەم فەرمانە کەمێک گاڵتەییەوە، سەرزەنشتی خۆی دەکات:

ئەرک: لەو شوێنە بیت کە لێیت.
لە ڕۆڵە زۆر ترسناک و پێکەنیناوییەکەیشدا
- من ڕێک ئەو شوێنەم
تێیدا بوونەوەر کار لەسەر خۆیاندا دەکەن.

ئەو ئەرکەی کە لەو شوێنە بیت، کە لێیت، شێوازی بوونەوەر پێک دەهێنێت، کە خۆی بە ئامانج بگەیەنێت. ئەمە کارێکە کە هەم مرۆڤ و هەم جیهانیش دەگرێتەوە، بەڵام لەوێ مرۆڤ گورجوگۆڵە. تێگەیشتن لە ئەرکەکە، کە ژیانی خۆت بە ئامانج بگەیەنیت، خەیاڵێکی ڕووداوەکانی داهاتوو "وەک حەشاماتێکی بە غەڵبەغەڵب" دەداتە شیعر خۆی، کە لە ئێستادا حوزووریان هەیە. ئەو ئەرکەی توماس ترانسترۆمەر لە شیعری "پاسەوانگە"دا دەیداتە خۆی، ئەوەیە کە وەک مرۆڤ و شاعیر لە ئێستادا بژیت، چونکە ئێستا نوێنەرایەتیی ئەو کۆڵەگەیەی جیهان axis mundi دەکات، تێیدا بوون بۆ بە ئاکامگەیاندنی خۆیدا دەگەڕێ.

مانای چییە کە ئەرکی بە ئاکامگەیاندنی ژیانی خۆت بخەیتە ئەستۆی خۆتەوە، زیاتر لە شیعری "تاقی ڕۆمانی"دا بە وردی دەستنیشان دەکرێت. ئەمە یەک لە شیعرە هەرە خۆشەویستەکانی ترانسترۆمەرە و یەک لە شیعرە سادەکانیشیەتی. باسی ئەو ئەزموونەی خۆی دەگێڕێتەوە، کە لە ڤینیسیا سەردانی "کڵێسای سان مارکۆ"ی کرد.

لە ناوەوەی کڵێسا گەورە ڕۆمانییەکەدا، گەشتیارەکان لەناو تاریکیدا
ئاخنرابوون.
تاق لەپشت تاق کراوە بوو و بەرچاو دیار نەبوو.
گڕی چەند مۆمێک ترپەترپیان دەکرد.
فریشتەیەکی بێ ڕووخسار لە باوەشی نام و
بە هەموو جەستەیەوە چرپاندی:
"شەرم مەکە لەبەرئەوەی کە مرۆڤیت، سەربەرز بە.!
لە ناختدا تاق لەپشت تاق بێ کۆتا دەکرێنەوە.
تۆ قەت تەواو نابیت، ئەمەیش ئەوەیە کە دەبێ وا بێت".

به فرمێسکان نابینا بووم و
بەیەکەوە لەگەڵ میستەر و میسس جۆنس، بەڕێز تاناکا و سیگنۆرە ساباتینیدا
دەرپەڕیمە ناو پیازا بە خۆر هەڵقرچاوەکە
لە ناخی هەر هەموویشیاندا تاق لەپشت تاق بێ کۆتا کرانەوە.

ئەو پەیامەی کە فریشە "بێ رووخسار"ەکە دەیگەیەنێت، باسی هیچ خوایەک، یان ڕاستییەکی میتافیزیکی ناکات، بگرە باسی ئەو پەیامە ئێکسیستێنسیالییە دەکات، کە مرۆڤێکی ڕاست بێت. ئەمە پەیامێکی ئەرێنییە لەبارەی توانای لەبنەهاتووی مرۆڤەوە، سەرەڕای وێرانکاری و کەموکوڕییەکانیشیەوە. دوای پەیامی فریشتەکە، شیعر خۆی بە چاو بە فرمێسکەوە کڵێساکە بەجێ دەهێڵێت، چونکە، ئێستا ئەو بە زانین لەبارەی گیانی شاراوەی "تاق لەپشت تاق بێ کۆتایی"ی هەموو کەسێکەوە، دەتوانێت هەست بە هاوبەشی لەگەڵ مرۆڤی تردا بکات. پەیامەکەی فریشتە ترانسترۆمییەکە، ڕووی لە سروشتی ناکۆکی مرۆڤە و چرپاندنەکەیش "بە هەموو جەستەیەوە" کە شەرم لەوە نەکات کە مرۆڤە، لە جیهانێکی نائارام و بە کێشەدا هیوا و دڵنەوایی دەبەخشیت. ئەو ئەرکەی کە ببیت بە مرۆڤێکی ڕەسەن، کۆتایی نییە و فریشتەکەیش پێی وایە "ئەوەیە کە دەبێت وا بێت". ئەوەی گرینگە هەوڵدان و تێگەیشتنە، نەک ئەنجامەکەی. وشەی زۆر دڵخۆشکەرن کە فریشتەکە لە شیعری "تاقی ڕۆمانی"دا دەیانچرپێنێ: بەدخوازیی جیهان و ناکۆکیی مرۆڤ دوا ڕاستیی ژیان نین. فریشتەکە پەیامبەرێک نییە لە خوادایەکی دەرەوەی سروشتەوە، بگرە ڕاستتر پەیامبەرێکی توانای لەبنەهاتووی مرۆڤە، لەم ژیانەدا. ڕاستی ئەوەیە کە مرۆڤ بە "باڵی کاموفلاژی" دەژی، کە لە شیعرێکی زووی نووسەرایەتیی ئەودا وا گوتراوە. بە شێوەیەک فریشتەکەی ناو شیعری "تاقی ڕۆمانی" نوێنەرایەتیی ئەو بوونەوەرە دەکات، کە توانای مرۆڤی، خودە باڵاکەی، یان ڕۆح لە عیرفانی و ئەفلاتونیزمی نوێدا، یان هزری میستەر ئێکهارت لەبارەی پرووشکی خواوە، کە لەناو هەموو مرۆڤێکدا هەیە، بەتەواوی بە ئاکام گەیاندووە.

لە شیعرێکدا فیکرەی ئەرکی بوونناسی- ڕۆحی وەک ئەوەی کە "لەلایەن عەقڵێکی گەورەوە دامەزرابیت/ بۆ ئەوەی هەر ئێستا بژیت" باس دەکرێت. دەکرێ ئەم عەقڵە گەورەیە فریشتەکەی ناو شیعری "تاقی ڕۆمانی"، یان بێئاگاییی هاوبەشی یۆنگی بێت، بەڵام وا پێ دەچێت ئەوەی مەبەستە عەقڵی ڕاستەقینەی بوونی مرۆڤە، کە زۆربەی ئاینەکان پەیامی خۆیان تێدا چڕ کردووەتەوە. شیعرنووسین دەبێتە شێوازێکی ترانسترۆمەر کە لە خزمەت عەقڵە گەورەکەدا کار بکات. هەروەها هۆشیارییەکیش لەبارەی ڕووداوە مێژوویی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیشەوە دەگەیەنێت. لە زۆر شیعری سەرەکیی نووسەرایەتییەکەدا، شیعر خۆی وەک جۆرێک جێگری ئازار، ئازار و نەهامەتیی خەڵکی تر دەخاتە ئەستۆی خۆیەوە. مەبەست ئەوەیە، کە بە مێژوو هەتا سەر ئێسقان گیرۆدەبوونی هەبوونیی مرۆڤ بناسێت، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەرکەکە بە ئاکام بگەیەنێت،

کە ڕەسەنایەتی بدۆزرێتەوە. دەکرێ بەشی سێیەمی شیعرێک لە دیوانی Östersjöarدا، وەک هەوڵدانێک بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ باری مرۆڤ لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە بخوێنرێتەوە، کە وەسفێکی وردی کوپەیەکی لە زیخ دروستکراوی هیی سەتەی دوازدە دەکرێ. لەسەر ڕووی دەرەوەیدا "شەڕەکە هەڵگیرساوە"، بەڵام "لە ناوەوە ئارامی هەیە". لە ژیانی ڕووی دەرەوەدا شەڕ لەسەر دەستەڵات و مانەوەدا گەرمە، بەڵام لە ژیانی ناوەوەدا ئارامی هەیە. بەڵام باسی ئارامییەکی دیاری مەسیحی ناکات، بگرە زیاتر ئەوەیە کە لە گەورە نەناسراوەکە، یان ژیانە ڕاسەقینەکەدا بەشدار بیت.

لە جیهانێکی نائارام و نادڵنیادا ئەرکە بووناسییە ڕۆحییەکە ئەوە دەبێت کە ڕاستی بدۆزرێتەوە. لە شیعرێکدا نووسراوە "ڕاستی لەسەر شەقام کەوتووە./ کەس نایکات بە هیی خۆی". دێرەکان چەند دەربڕینێک لە ئینجیلی یوحەنا و ئینجیلی تۆما دێننەوە یاد. ڕاستیی ژیانمان ئەوەیە، کە بەردەوام فەرامۆشی دەکەین و ناوێرین ددانی پێدا بنێین. ڕاستی لە ژیانی ڕۆژانەدا لە بەردەستماندایە، بەڵام دەکرێ زۆریش سەخت بێت بدۆزرێتەوە. لە شیعری "لە ژوورتر"دا، شیعر خۆی بە ئۆتۆمۆبێل بەناو شاردا بۆ دەشت دەڕوا، تا کاتی وەستان دێت و دەچێتە ناو دارستانێک. زۆر لەناو دارستانەکەدا دەڕوات و لە ئاکامدا بەردێکی قەوزەگرتوو دەبینێت، کە "تاریکایی ڕۆشن دەکات". ئەمە جۆرێک جامی پیرۆز، یان بەردی حەکیمانە، کە دەتوانێت هەموو شتێک بگۆڕێت، کە بەری دەکەوێت. بۆیە ڕەسەنایەتی لای ترانسترۆمەر دوو ڕووخساری هەیە: ئەوەی ڕۆژانەیە و بەردەستە و ئەوەی دوورەدەست و بە ڕازە. لەگەڵ ئەوەیشدا هەر هەمان ڕاستی دەبێت، کە هەم لە ئاستی تاکەکەسی و هەم لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا ڕزگارکەر و گوناهپاککەرەوەیە.

ئەدی ئەم ڕاستییە لە چی پێک هاتووە؟ وەڵامەکە لە پەخشانە شیعری "مەدریگال"دا ڕادەگەیەنرێت، لەوێ دەگوترێ، کە "لە شوێنێکی ژیانماندا ئەوینێکی نەدۆزراوە هەیە". ئەوینە گەورەکەی ژیانمان "نەدۆزراوە"تەوە، چونکە ئۆبجێکتەکەی نەناسراوە. کرۆکی ڕاستەقینەی مرۆڤ لە خۆشەویستی بۆ شتێک پێک هاتووە، کە زۆر لە خۆی گەورەترە. ئەم ئەشقە گەورەیەی ترانسترۆمەری، دەکرێ بەدەستەواژەی ئەفلاتوونیی نوێ پێی بگوترێ تاکانەکە، کە مەزەندەنەکراو و ناونەهێنراوە، یان ڕەنگە مەسەلەیش خوای ئێکهێرت بێت، کە لە دەرەوەی عەقڵە و لە سەرووی خواوەیە. تاکە شێوازی ناسینی ئەم ئەشقە گەورەیە، ئەوەیە کە هەموو مەزەندەیەک لەبارەی پیرۆزەکەوە، یان ڕەسەنەکەوە فەرامۆش بکەیت، بە گوتەیەکی تر، کە "بڕوانامە لە زانستگەی فەرامۆشی وەربگریت"، کە ئەم دەربڕینە بەهێزەی لە شیعری "مەدریگال"دا بەکار هێناوە. بەمەیش فەرامۆشی دەبێتە ئامرازی زانیاری بۆ گەڕان بەدوای بنەچەی هەبوون، کە کرۆکەکەی خۆشەویستییە. ئەمە ئەو دارستانە "ڕۆشنەیە" کە شیعر خۆی لەناویدا دەگەڕێ، بەڵام "دارستانێکی تاریک"یشی بە میرات بۆ ماوەتەوە. لە نووسەرایەتیی ترانسترۆمەردا،

لاسـاییكردنەوەی دانتی، كـە لـە دارسـتـانە تاریكـەكـەی ترس و سـەرگـەردانییـەوە بـۆ دارسـتـانە ڕۆشنەكـەی مـتـمـانەیی و ئـەشق بچیت، ئەو پرۆسـەی گـۆڕانی بوونی پێك دەهـێنێت. پرۆسـەیەكی گۆڕان، كـە لە ڕاستیدا نە كۆتاییی هەیە و نە دەكرێ هەیبێت، چونكە سروشتی مرۆڤ گومـان و ناكۆكە. ئێمە هەموومان دارستانی ڕۆشن و تاریكیی خۆمانمان هەیە.

وەرز لە شیعری "مـەدریگال"دا بەهارە و زۆرجاریش بەهار لە نووسـەرایەتیی ترانستـرۆمـەردا بە ئاسـوودەییـیەكی گـەورە دەبەسـترێتـەوە، بەڵام زسـتـان وەك گۆشـەگیـرییـەكی بە ئازار هـەسـتی پێ دەكرێت. دەتوانین بڵـێین بەهار نـوێنەرایەتیی دارسـتـانـە ڕۆشنەكـە دەكـات، بەڵام زسـتـان هیی دارسـتـانە تاریكەكـە. هەسـتكردن بـە زسـتـان وەك ئازارێك، ڕەنگە بگەڕێتـەوە بۆ زسـتـانی سـاڵی ١٩٤٧، ئەو دەم تووشی نەخۆشیی خـەمۆكیی گـەنجی بوو. بەڵام مێتـودێكی دڵنیا هـەیە بۆ ئەوەی شـەیتـانی "مـانگە غـەمگینەكان" دەربكـەیت: كـە ئیـرۆتیكە. دەشێ لای ترانسـتـرۆمـەریش شـەیتـان دەركردن بە ژەنینی مۆسیـقـا و گوێگرتن لە مۆسیـقـا بكرێ. مۆسـیـقـا و ئێرۆتیك تاكە چالاكیی ئینسانین لە نووسـەرایەتییەكەدا، كە بێ چەندوچۆن ئەرێنین.

دەكرێ بگوترێ، توماس ترانستـرۆمەر لە شیعری "نیسان و بێدەنگی"دا، كە یەكەمین شیعری دیوانی Sorgegondolen ـە و ساڵی ١٩٩٦ بڵاو كرایەوە، پرۆژەی شیعریی خۆی چڕ دەكاتەوە.

تاكە شت دەمەوێ بیڵێم
وەك زیوی
لای ڕەهنكار
لە دوورەوە دەدرەوشێتەوە.

ئەوەی ئەو دەیەوێ بیـڵێ، ئەوەیە كـە لەناو فـەرهـەنگی عـەلمانیـمـاندا لە دوورەوە دەدرەوشـێـتـەوە، ئەوەی مـــرۆڤی هـاودەم نكوڵیی لێ كـــردووە، یان پـەڕاوێزی خـــســتـــووە: كـــە هـۆشـــیـــارییـــەكی بوونی/ڕۆحییە. ئەمـە "زیوی/ لای ڕەهنكار"ە، كە ترانستـرۆمـەر هـەمـوو هـەوڵی خۆی بۆ تەرخـان كردووە هەتا بیخاتە بەرچاو و بە شیعرنووسین بیكرێتەوە. هەر لە یەكەم شیعری نووسـەرایەتیدا، "پرێلودیوم"، زیوەكـە وەك گفـتی هاتنی "ڕووناكـیـیـەكی گـەورە" بەسـەر سـەری شـیـعـر خـۆیەوە دەدرەوشـێـتـەوە. لە دوا دێری دوا كـتـێـبـیـشـیـدا، كـە شـیـعـری هـایكۆن، لە "گـرێ گـەورەكـە"وە دەدرەوشێتەوە. كە لە گرێ گەورەكەی ژیان بەئاگا بیت، مانای وایە، كە لەم بەها گرینگە، كە مرۆڤ بیت، كە لێرە و لە ئێستادا دەژیت، بەئاگایت. بەڵام دوای مردنـە، كە مرۆڤی ڕەسـەن دەتوانێ ناوی خۆی لەسەر "كاغەزە سپییەكە" بنووسێ، كە ئەمە ئەو وێنە سروشدەرەی شیعری "ئیمزاكان"ـە لەو دیوانەی ترانسترۆمەر بەكار هێنراوە، كە ساڵی ٢٠٠٤ بڵاو كرایەوە.

# گوێڕایەڵی بۆ دەسەڵات

زینە عەبدولسەلام نەقشبەندی

گوێڕایەڵی؛ شێوە ڕێکخراوەکەی سروشتی مرۆڤ پێشان دەدا و بریتییە لە ئاوێنەی ئەنجامە ئەرێنییەکانی ژیان. هیچ مرۆڤێک نییە کارەکانی خۆی ئەنجام بدا بەبێ بڕێک لە گوێڕایەڵی بۆ دەسەڵات. ڕادەیەک لە دەسەڵات بۆ هەندێک تاک و گرووپی دیاریکراو، پێویست و پەسندە بۆ ئەوەی کۆمەڵ کارەکانی بەشیاوی بکا، بەڵام کێشە ئەو کاتە دروست دەبێ کە ملدان و گوێڕایەڵی بۆ دەسەڵات دەگاتە ئەوپەڕی. خەڵک بەگوێڕایەڵبوونی بۆ نوێنەرانی گرووپی باڵادەست خۆیان دەخەنە مەترسییەوە و دووبەرەکی و ڕووداوی مەترسیدار دروست دەکەن بێ ئەوەی هەست بە سزا و ئەنجامە نەرێنییەکەی کارەکانی خۆیان بکەن.

کوێرانە گوێڕاێڵیکردنی پێڕەو و بەهاکانی دەسەڵاتێک زۆرجار ئەنجامەکەی بریتییە لە لادان لە ڕەوشت. پێویستی بۆ پێشاندانی هێز و بەشداریکردن لە دەسەڵات، بەندە بە ڕەفتاری مرۆڤ. هەموو مرۆڤێک کارێک ئەنجام دەدا بۆ ئەوەی باوەڕ، بۆچوون و هێزی خۆی پێشان بدا. هەندێک کۆنترۆڵی تەواویان لەسەر کارەکانیان نییە و بەرپرسیارەتیی بەرەنجامەکانیش هەڵناگرن. ئەوانی تر خۆیان بە ئەرکێک دەبەستنەوە بۆ ئەوەی وەک کەسێکی بەرپرسیار بەرامبەر کەسانی دەسەڵاتدار دەرکەون و داواکانیان جێبەجێ دەکەن. دەیانەوێ خۆیان بەباشترین شێوە ئەگەر بگونجێ پێشکێش بکەن. گوێڕایەڵی بۆ دەسەڵاتی باڵاتر لە خۆت، سەرەتای چوونە ناوەوەی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیی مرۆییە و خەڵک بەگشتی شانازی دەکەن ئەگەر پۆستێکی باڵایان پێ بسپێردرێ و سوود لە پلە و پایە وەربگرن.

سەرنج ڕاکێشترین و بەجۆشترین ڕووداوەکانی دوای شەڕی دووەمی دنیا، زنجیرە لەدادگەدانەکەی نۆرمبێرگ بوو بۆ دڕندەیی و کردارە بێ بەزەییەکانی پارتی نازی ئەڵمانیایی لە

................................................................

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: هێمن هادی

کاتی شەڕدا کە بەو ناوەوە لە شارەکە هاتە بەڕێوەچوون. لەدادگەدانەکە بەقەد درێژیی شەڕەکەی خایاند و کۆمەڵی مەدەنی سەرسام بوو ئەو کاتەی بەرگریکارانی نازی یەک لە دوای یەک دانیان بە بەرپرسیارەتی بۆ کارەکانیان نەنا و گوتیان ئەوان تەنیا فەرمانی سەرانی خۆیان جێبەجێ کردووە، هەرچەندە ئەو تاوانانەی ئەنجامیان دابوو زۆر ناپەسند و دڕندانە بوو. ئەو کاتە زۆربەی خەڵک لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە ڕێژیمی نازی لەلایەن گرووپێکی پێک هاتوو لە خراپترین ئەندامانی کۆمەڵ بەڕێوە دەچوو کە ڕێی تێ دەچێ زۆربەی ئەندامان لە دۆخێکی ئاساییدا تاوانی دڕندانەیان ئەنجام دابێ.

دوای زیاتر لە ٢ دەیە، ٢ تاقیکردنەوەی دەروونناسیی بەرچاو هاتە ئەنجامدان کە یەکێکیان لەلایەن ستانلی میلگرام بوو لەبارەی دیاردەی گوێڕایەڵی بۆ دەسەڵات و ئەوی تریان لەلایەن فیلیپ زیمباردۆوە بوو کە لێکۆڵینەوەی لەسەر خراپیی بەکارهێنانی دەسەڵات لە گرتیگەی ستامفۆرد ئەنجام دا. ئەنجامەکانی ئەو ٢ تاقیکردنەوەیە وای لە لێکۆڵەرەوان کرد دووبارە ئەو ئەنجامانە هەڵبسەنگێننەوە کەچی بەرپرس بوو لە گوێڕایەڵیی کوێرانە بۆ دەسەڵات و ئەو خراپییە بێ بەرنامەیەی لە کاتی ئەڵمانیای نازی لە سالانی شەڕدا.

میلگرام لە تاقیکردنەوەکەدا چەند کەسێکی بەکار هێنا نەیاندەزانی لێکۆڵینەوەیان لەسەر دێتە ئەنجامدان و ڕۆڵی مامۆستایانی لە تاقیکردنەوەکەدا پێ بەخشی، هەروەها کەسایەتییەکی ڕەسمی بەچاکەتێکی سپیی تاقیگەیی هێنا بۆ ئەوەی ڕێنوێنیی مامۆستاکان بکا بە بەکارهێنانی ئامێرێکی ڕاتەکاندنی کارەبایی لەسەر ژمارەیەک هاوڵاتییان (لە تاقیکردنەوەکەدا بە قوتابی ناسرابوون) کە لەژێرەوە ئاگەدار کرابوونەوە ئامێری کارەباکە بێ زیانە و هیچ ڕاتەکاندنی نییە و بە کارەباوە نەبەستراوە. مەبەستی سەرەکی لە تاقیکردنەوەکەدا بریتی بوو لە تێبینیکردنی تا چ مەودایەک کەسە ئاساییەکان (مامۆستا) گوێڕایەڵ دەبن و لەژێر فەرماندا ڕاتەکاندنی کارەبا لەسەر کەسی بێ تاوان بەکار دێنن لە بریی ئەوەی دەست لە کارەکە هەڵگرن و تاقیکردنەوەکە بەپاش بدەن.

پێشبینی کرا زۆربەی کەسە ئاساییەکان (مامۆستا) گوێڕایەڵی ڕێنوێنییەکان نەبن و کارەکە ئەنجام نەدەن. لە ڕاستیدا هەتا میلگرامیش بە ئەنجامەکە سەری سوڕما، چونکە پێچەوانەی پێشبینییەکان بوو. ژمارەیەکی زۆری مامۆستاکان بەردەوام بوون لەسەر ڕاتەکاندنی کارەبا سەرەڕای پێشاندانی ئازار لەلایەن ئەو کەسانەی تاقیکردنەوەیان لەسەر دەهاتە ئەنجامدان و داواکردنیان بەئازادکردنیان لە تاقیکردنەوەکە بەیەکەوە بەهۆی برینی سەخت و لەهۆشچوون بەهۆی کاریگەرییەکانی ڕاتەکاندنە کارەباییەکە.

یەکێک لە لایەنە سەرنج ڕاکێشەکانی ئەنجامەکە بریتی بوو لەوەی زۆربەی ئەو مامۆستایانەی نارەزاییان پێشان دا لە بریی قوتابیانی تاقیکردنەوەکە، لە دوای تاقیکردنەوەکە گرینگییەکی

زۆریان بە قایلکردنی کەسە چاکەت سپییەکە (دەسەلات) دا، هەرچەندە تاقیکردنەوەکە بەپێچەوانەی دڕندایەتییەکانی کاتی شەڕی ئەڵمانیا هیچ هەڕەشەیەکی سزادان و ئازاردان بۆ ڕکابەریکردن و یاخیبوون لە دەسەڵاتی تێدا نەبوو.

ئەو مامۆستایانەی نارەزاییان دەربڕی، دەرکەوت زیاتر دوودڵن لە لێپرسینەوە لێیان بەهۆی ئەنجامنەدانی کارەکانیان کە بریتی بوو لە ئازاردانی قوتابییەکان لەوەی لە خۆشگوزەرانی و سەلامەتیی قوتابییەکان. ئەو کاتەی مامۆستاکان دڵنیا بوون کە بەرپرسیار نین، دەستیان لە نارەزایی هەڵگرت و بەردەوام بوون لە گوێڕایەڵیکردن.

تاک هەست بەدڵ خۆشی دەکا ئەگەر پۆستێکی بالای پێ بدرێ و لە هەوڵی ئەوەدا دەبێ کارەکانی تەواو بکا بەبێ هیچ کەموکورییەک. خەڵک خۆی دەگۆڕێ بۆ باشترین و شیاوترین شێوە ئەگەر ڕێی تێ بچێ و ئامادەن بەرپرسیارەتیی تەواو هەڵبگرن و هەستکردن بە پابەندبوون بەشێکە لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان.

زۆربەی تاکەکان بەشێوەیەکی گشتی حەز ناکەن یاسا قبووڵکراوەکان و بەهاکانی کۆمەڵ بشکێنن. چاونەترسی لە پێشاندانی نارەزایی، مانای ڕووبەڕووبوونەوەی بەرەنجامە نەرێنییە چاوەڕواننەکراوەکانە و خراپبوونی بۆچوونی دەسەڵاتدارە لەسەر ئەو کەسەی یاخییە، لە کاتێکدا ئەو کەسانە لاوازن و ناتوانن بەرەنگاری فەرمان و داواکانی سەرکردە بن. ئەوەش مانای ڕاپەڕاندنی تەواوی ئەو کارەیە کە پێیان سپێردراوە، چونکە نایانەوێ زەق و بێ شەرم دەرکەون. تاک بەگشتی حەز لە ستایشکردن دەکا و هەستێکی خۆشیی پێ دەبەخشێ ئەو کاتەی دەسەڵات بە کارە باشەکانیان دەزانێ.

هەرچەندە بەشداران دەزانن ئەو کارەی ئەنجامیان داوە، لە ڕووی ئەخلاقییەوە دروست نییە. ئەو پاکانەیەی ئەو جۆرە کەسە بۆ بێ تاوانیی خۆیان دەیکەن بریتییە لە "خەڵکی ئاسایی کاری خۆیان بەئاسایی و بەبێ بوونی هیچ شەڕانگێزییەک ئەنجام دەدەن، دەبنە نۆکەری پرۆسەیەکی وێرانکەر".

هەروەها ڕەوشتیشیان بەهێواشی بەرەو خراپبوون دەچێ و لە ڕەفتارێکی تردا دەردەکەوێ. بەپێچەوانەوە تاکەکان شانازی بەو ستایش و باوەڕ پێبوونە دەکەن کە لەلایەن دەسەڵاتەوە پێیان دەگا، چونکە داواکار کار بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندیی دەسەڵات دەکا و بە هەستان بەو شتە، دڵی خۆش دەبێ.

بەرەنجامی هەرە گەورە بریتییە لەوەی تاکەکە هەست بە بەرپرسیارەتی دەکا بۆ ئەوەی دەسەڵات ڕێنیشاندەری بکا، بەڵام هەست بە بەرپرسیارەتی ناکا لەو کردەوە ناشیرینانەی کە دەسەڵات فەرمانی پێ دەکا، چونکە هەستکردن بە شەرمەزاری و شانازی بەندە بەوەی چۆن کەسەکە بەبێ کەموکوورِی یان زیادە ئەو کردەوەیەی بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندیی دەسەڵات ئەنجام داوە، ئەوەش

ناسـراوه بە هەسـتی دڵسـۆزی و سـزادان کـە مـرۆڤ پەرەی پێ دەدا. لەبارەی سـزادانەوە، تاک دەرفەتی ئەوەی هەیە خەسڵەت و کەسایەتیی خۆی هەڵبژێرێ: هەست بە بەرپرسیارەتی دەکا یاخۆ تاوان.

جیاوازییەکی زۆر لە نێوان بەرپرسیارەتی و هەستکردن بە تاوان هەیە. بڕێکی دیاریکراو لە هەستکردن بەتاوان پێویستە بۆ ئەنجامدانی ڕەفتاری ئەخلاقی و پەسند، بەڵام ئەو هەستکردن بەتاوانەی کە تاکێک بەرەو ناچالاکی و خەمناکی دەبا، شتێکی ئەرێنی نییە.

مـرۆڤ هەندێک کـات خـەسـڵـەتی شـەڕانگێـزیی خـۆی پەرە پێ دەدا، بەتایبـەت ئەو کـاتەی کـە تاکەکانی تر بێدەسەڵات بن و پشت بەو ببەستن: ئەگەر کەسێک لە شوێنێک یاخۆ پۆستێک بێ و تەواوی دەسـەڵاتی بەسـەر تاکی تردا هەبێ، شـیـمـانە هەیە بە ئارەزووی خـۆی ئازاریان بدا، ئازاردانی خەڵک و دڕندەیی لە مرۆڤدا لەپێش هەموو شتەکانی تر دێ، چونکە تاکەکان دەیانەوێ هەست بەوە بکەن کە کەسی شایستەن و هەست پێکراو و بوونیان هەیە.

هەروەها بەپێویستی دەزانن دەسەڵاتیان بەسەر یەکێکدا بشکێ و تێ بگەن کە کەسێک هەیە گـوێی بۆ ئەوان شل کردووە و گـوێڕایەڵی فـەرمـانەکـانیـانە. ئەو دەسـەڵاتەی تاک دەری دەبڕێ دەتوانرێ ئەرێنییانە پێشان بدرێ و تەنیا بۆ کردەوەیەکی باش و کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە بێ و پشێوی دروست نەکا. هاوکات دەکرێ وەک دەسەڵاتێکی نەرێنی ببینرێ و لە تام بچێتە دەرەوە و ئەنجامی زیانگەیێنی لێ بکەوێتەوە.

مـرۆڤ حەز لە ئەزموونێکی بەرهەمهێنەر لەگەڵ دەسەڵاتدا دەکا، ئەگەر ئەو هەنگاوانە بەدوای یەکتردا نووچ بخۆن، ئەوە تاکەکە خۆی بە بێدەسەڵات دەزانێ و شیمانە هەیە بەرەو بێ ئومێدی و خەمناکی ببا. ئەو کاتە هەست بەوە دەکا کە بەشێک نییە لە گرووپەکە و بوونی هیچ جیاوازییەک دروست ناکا. هەروەها هـەست بە شەرمەزاری دەکا بەرامبەر کەسایەتییەکانی ناو دەسەڵات و هەست بە مەترسی دەکا کە چیی تر قبووڵکراو نییە و ئەرکی تری پێ ناسپێردرێ.

تاک لە سەرەتادا هەوڵ دەدا بە تەواوی تێ بگا لە پێوەندیی نێوان کردەوەکانی و ئەنجامی ئەو ڕەفـتـارانەی ئەنجـامی دەدا، بۆ ئەوەی دواتر دەسـەڵاتی خـۆی دڕندانە پێـشـان بدا. لە تاقیکردنەوەکەدا هەر کاتێک داواکارە بەردەستەکان زانیارییان پێ درا بۆ ئەوەی فەرمانەکان جێبەجێ بکەن، دووچاری گرژییەکی قورس دەبوونەوە و هەستیان بەوە نەدەکرد کە ئازاری قوتابییەکان دەدەن، چونکە بەم شێوەیە بیریان دەکردەوە "ئەوەی پێوەندیی بە من هەیە ئەوەیە گوێڕایەڵ بم و پێڕەوی فەرمان و بەهاکان بکەم"، هەرچەندە دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوت کە پێڕەوکردنی ئەو بەهایانە لەسەر حیسابی پێشێلکردنی بەهایەکی ترە، ئەوەش واتە کەسێکی بێ تاوانیان ئازار دەدا کە دەسەڵاتی نییە و ئازاری کەس نادا تا ڕەزامەندیی دەسەڵات وەربگرن، ئەمە بەپێی لێکۆڵینەوەکەی میلیگرام.

مەرج نییە دەست بە شەڕانگێزی و وێرانکاری بکەی کاتێک داوات لێ دەکرێ کەسایەتییەکی بێ بەزەیی و بێ ڕەوشتت هەبێ. خەڵک پێویستە هەستەکانی خۆی بخۆێنێتەوە و گوێ لە بۆچوون و بیری خۆی بگرێ. تاک پێویستە ڕێنوێنییەکانی دەسەڵاتدار بەباشی هەڵبسەنگێنێ، بەر لە جێبەجێکردنیان، ئینجا ڕێگەیەکی ڕاست بۆ دەربڕینی توان و دەسەڵاتیان هەڵبژێرن.

دەبووایە گوێڕایەڵی تەنیا کردەوەی شەڕانگێزی و ملکەچکردن بۆ دەسەڵات بگرێتەوە، بەڵام گوێڕایەڵی شێوە ڕێکەکەی پێوەندیی مرۆڤیش دەگرێتەوە.

خوا ئازادیی پێ داوین بۆ ئەوەی تاکێک بین بژارەی خۆمان هەڵبژێرین و بڕیاری خۆمان بدەین.

خەڵک توانی ئەوەی هەیە لە بۆچوون و بیری کەسانی تر تێ بگا و بەوردی شییان بکاتەوە و هەروەها لە توانیدایە بڕیار بدا ئاخۆ پێڕەونامەکانی دەسەڵات ڕاستن و شایستەی پێڕەوکردنن.

بە دەست مرۆڤە بڕیاری ڕاست بدا و بەباوەڕێکی باش و بێلایەن لە کارتێکردنەکان و دەسەڵاتە خراپ و نەرێنییەکان خۆی بپارێزێ. خەڵک دڵی خۆش دەبێ کە هەست دەکا قبووڵ کراوە و کارەکانی پێی زانراوە، بەڵام پێویستە سنوور بۆ هەموو دەسەڵاتێک و هۆشیاری لەبارەی ڕاستییەکانەوە دابنرێ.

## بۆچی پێڕەوی بەهاکان دەکەین؟

پێڕەوکردن یاخۆ کرداری لەیەکچوواندن دێتە پێناسەکردن بە گۆڕانی ڕەفتار و بۆچوونی کەسەکان لە ئەنجامی پاڵەپەستۆیەکی ڕاستەقینە یاخۆ خەیاڵییانە لەلایەن کەسێک یاخۆ کۆمەڵە خەڵکێک. ئەم پرۆسەیە دێتە ئەنجامدان لە ڕێگەی لاساییکردنەوەی ڕەفتاری قبووڵکراوی گرووپێکی کۆمەڵایەتی یاخۆ گۆڕانی ڕەفتاری کەمینە تا هاوشێوە بێ لەگەڵ ڕەفتاری زۆرینە.

لە لێکۆڵینەوەیەکی کرداری کلاسیکیدا، لێکۆڵەرەوە ئاش داوای لە گرووپێک کرد کە لە چوار کەس پێک هاتبوو، درێژیی چەند هێڵێک بخەملێنن، سێیانیان لێکۆڵەرەوە بوون، بەڵام خۆیان وەک هاووڵاتییەکی ئاسایی پێشان دەدا، ئەوی تریان ساویلکەیەک بوو کە بابەتی تاقیکردنەوەکە بوو.

سێ لێکۆڵەرەوەکە بەئەنقەست و بەدڵنیاییەوە وەڵامی هەڵەیان دایەوە. لە زیاتر لە ٢٥٪ی دۆخەکان، کەسە ساویلکەکە ڕەزامەندیی لەسەر زۆربەی بۆچوونەکان دەربڕی، ئەوەش تەنیا بەهۆی ئەو باوەڕبەخۆبوونەی لە وەڵامەکانی زۆرینەوە (٣ لێکۆڵەرەوەکە) دیار بوو. لێکۆڵینەوەکە ئاماژە بەوە دەکا کە خواستی مرۆڤ بۆ قبووڵکردنی لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیدا، زۆر بەهێزە و کەسە ساویلکەکە ئامادەیە سازش لەسەر بۆچوونەکانی بکا و نایەوێ بەچاوی نالێوەشاوە و ناهاریکار لەلایەن گرووپەکەوە بێتە تەماشاکردن.

ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەکی کرداریی ڕێکخراو تێپەڕی کرد. بۆ

نموونە، لێکۆڵەرەوەکان بۆیان دەرکەوت کە پێویستیی ڕواڵان (هەرزەکاران) بۆ قبووڵکردنیان بە ئەندام لە گرووپەکانی ئاوەڵیان (هاوتەمەن) بەرەو ئەنجامدانی چەند ڕەفتارێکی تایبەت و کۆمەڵایەتییان دەبا، وەک تاقیکردنەوەی مادەی هۆشبەر و هەڵسوکەوتی چەتانە کە بەندە بە کەمی و زیادی پاڵەپەستۆی ئاوەڵەکانیان.

پێڕەوکردنی بەها و نەریتی گرووپێک بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە قبووڵکردنی کۆمەڵایەتی و ئەندامیەتی لە کۆمەڵ دەبەستێ یاخۆ حەزنەکردن لە دروستکردنی پشێوی لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکە. دەرکەوتووە ئەندامانی دەستەیەکی چەتە پێوەندییەکی ڕۆحی و دەروونییان لەگەڵ دەستەکەیان هەیە کە باڵادەست و گەورەترە لە خۆیان وەک تاکوتەرا. شیمانە هەیە ئەو چەتانە لە دەوری سەرکردەیەکی نموونەیی و خاوەن کاریزما خۆیان ڕێک بخەن و کۆ ببنەوە. لەم ڕووەوە دەستەی چەتەکان کولتوورێکی لاوەکیی تایبەت بەخۆیان، ژمارەیەک بەها، شێواز و نەریتی تایبەت دادێنن.

پێویستیی کۆمەڵایەتی دەتوانێ ڕوونی بکاتەوە ئەو بیرەوەرییە دیاریکراوەی ٣ لێکۆڵەرەوەکە لەبارەی ڕووداوێکەوە هەیانە، شیمانە هەیە کار لە بەشدارە ساویلکەکە بکا ئەو ڕووداوە بەشێوەیەکی جیاواز بێنێتەوە یاد. هاوکات هەوڵدان بۆ لەیەکچوواندن و لاساییکردنەوە، ئەو دۆخە ناجێگیرییەی بەهۆی نائەندامییەتی لەم گرووپانەوە دروست دەبێ، کەم دەبێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە تاکەکان بەرەنگاریی ئەو پاڵەستۆیە دەبنەوە کە بە مەبەستی پێڕەوکردن و گوێڕایەڵیکردن دەخرێتە سەریان کە لایەنێکی ئەم بەرەنگاربوونەوەیە بەهۆی ئەزموونی ئاوارەیی و دابڕاوی لە کۆمەڵ دێتە دروستبوون. پێناسەی دۆرکهایم بۆ ئەم بەرەنگاربوونەوەیە، بریتییە لە ناوازەیی و هەستی ئاوارەیی و نەبوون بە بەشێک لە کۆمەڵ و نەگونجان لەگەڵ ڕا گشتییەکەی. دۆرکهایم پێی وایە ئەمە بەشێوەیەکی تاهەتایە خۆی دووبارە دەکاتەوە، چونکە سروشتی مرۆڤ بریتییە لەوەی تاهەتایە ڕازی نەبێ و بە بەردەوامی هەوڵی بەرەوپێشچوون بدا تا بگا بە ئامانج و بێ ئەوەی هیچ پشوویەکیش بدا.

ناواخنی دەقەکانی دۆرکهایم بریتییە لە کۆمەڵگەیەکی پیشەسازیی مۆدێرن کە تاکێکی زۆر لەخۆ دەگرێ و هەمووی بە پرۆسە و چالاکییەکان سەرقاڵن. سەرەڕای ئەوەش، شیمانە هەیە جیابوونەوە و ناوازەیی لە گشت و کۆمەڵدا ڕوو بدا. ئەزموونی نەبوونی هەل بەشێوەیەکی کامڵ و بەتەواوی بۆ کارکردن و نەبوونی دەرفەت و ڕێگەنەدان بۆ بەئەندامبوون لە کۆمەڵ، بێ ئومێدی و دوورەپەرێزی دروست دەکا.

لای دۆرکهایم زۆربەی خۆکوشتنەکان، ئەوپەڕی دەربڕینە لە هەستکردن و وەستان بە ڕووی نائومێدی و ئەو خۆکوشتنانە لە چینی فەرمانبەرانی "پیشەسازی و بازرگانی"شدا ڕوو دەدا نەک تەنیا لە چینی خوار خۆیدا. دەکرێ بێتە گوتن کۆمەڵگەی پیشەسازی توانی لابردنی هەست و

کردەوەی مرۆڤانەی هەیە، هەروەها ڕێی تێ دەچێ ڕامالینی هەلسوکەوتی مرۆڤانە لە چوارچێوەی ئالۆزییەکانی سەردەمی نوێدا لە چەند لقی جیاوە بێتە سەرچاوەگرتن. هەر لە چوارچێوەی جیاوازییەکاندا، ڕەنگە جیابوونەوە لە کۆمەڵ و ناوازەیی بەهۆی هەستیاری بۆ کارتێکردنە زۆرە هەست پێکراوەکان دەرکەوێ.

حەز و مەیل بوونێکی تایبەت بەخۆیان هەیە و هێزێکی ڕاستەقینەن وەک هێزێکی گەردوونی گەورە، ئەو حەزە کاریگەریی لەسەر تاکەکان دەبێ لە ڕێگەی کەناڵەکانی ژیاندا بۆ گوێڕایەڵیکردن یاخۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆمەڵ.

لایەنێکی تری بەرهەڵستیکردن بۆ لەیەکچوونی تاک بە کۆمەڵ و گوێڕایەڵی، پرسی بەرپرسیارەتی دەخاتە ڕوو کە لە ٢ ڕێگەوە خۆی دەردەخا. ئەگەر تاک بەرپرسیار بێ بەرامبەر دەسەڵات، شیمانەی زۆر هەیە تاکەکە گوێڕایەڵیی ئەو پێوەرانە بێ کە لەلایەن دەسەڵاتەوە سەپێنراوە لەوەی لەسەر داوایەکی خۆی سوور بێ، چونکە تاک نایەوێ وەک کەسێکی تێکدەر و دروستکەری پشێوی لەناو کۆمەڵ بێتە دەرکەوتن.

ئەو تاکانەی لە پایەکی کۆمەلایەتیی نزمدا کار دەکەن و پاڵپشتییەکی کۆمەلایەتیی کەمیان هەیە، ئەوانیش مەیلی خۆگونجاندن لەگەڵ دەسەلات هەڵدەبژێرن.

لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لەسەر کەسانی تەندروست و کەمئەندام هاتووەتە ئەنجامدان، دەرکەوتووە کەسانی کەمئەندام زیاتر شیمانەی ئەوەیان لێ دێتە کردن کە خۆیان بگونجێن و پرۆسەی لەیەکچواندن ئەنجام بدەن وەک میکانیزمێک بۆ وەرگرتنی پاڵپشتیکردنی کۆمەلایەتی، بەلام ئەگەر لە ئەرکێکدا داوا لە گرووپەکە بکرێ بەهایەکی کۆمەلایەتی بەوپەڕی وردبینییەوە پێڕەو بکەن، ئەوە شیمانە هەیە تاک کەمتر ئامادە بێ پێڕەوی بەهاکە بکا و زیاتر حەزی لە خۆخستنە مەترسی بێ و بۆچوونی خۆی دەرببڕێ. ئەو تێڕوانینە یارمەتیدەرە لە ڕوونکردنەوەی چۆن یەکێک لە دەستەی سوێندخۆران کۆڵ نادا تا ئەندامانی دەستەکەی ڕازی بکا بۆ ئەوەی دەنگێکی جیاواز لەوەی هەیانە بدەن.

ئەو هەستە گوێڕایەڵییەی لەلایەن تاکەکانەوە بەرامبەر دەسەلات هەیە، دابەش دەکرێ بۆ کەسی، سیاسی یاخۆ ئەخلاقی. ئەو پێشبینییە ئەو کاتە دەردەکەوێ کە تاک پرۆسەی لەیەکچوواندن بۆ پێوەر و کارتێکەرەکانی کۆمەلایەتی پێشان دەدا. چۆن ئەو هەستی خۆگۆڕین و خۆگونجاندنە دێتە کارپێکردن و لە کام سەرچاوە دەردەچێ، جێگەی لێکۆڵینەوەیە لەم توێژینەوەدا.

خۆگونجاندن لەگەڵ پێوەرەکانی کۆمەلایەتی شیمانەی هەیە بەهۆی بلاوکردنەوەی پروپاگەندەوە بێ کە لەلایەن دەسەلاتدارانەوە وەک دەوڵەت و دەزگە بەهێزەکانی کۆمەڵ دێتە دەرکردن. لەم وتارەدا ڕۆڵی دەسەلات بۆ هاندانی گوێڕایەڵیی کۆمەلایەتی هاتووەتە ئاماژە پێکردن، بەتایبەت ئەو کاتەی تاکێکی کۆمەڵ ڕێز لە سەرۆکەکەی دەنێ.

هەروەها پڕوپاگەندەش دەتوانرێ ببەسترێتەوە بەوەی چۆن دەسەڵات کار دەکا بۆ دەستکەوتنی گوێڕایەڵیی کۆمەڵایەتی. نموونەیەک بۆ کاریگەریی هێزی پڕوپاگەندە لەسەر لەیەکچوون و خۆگونجاندن لەگەڵ پێوەرەکانی کۆمەڵ برێتییە لەوەی لە سەردەمی ڕایخی سێیەم هەبوو واتە کاریگەریی پڕوپاگەندە لە ئەڵمانیای نازی لە نێوان ساڵانی ١٩٣٣ تا ١٩٤٥ "تێڕوانینێک هەیە لەسەر ئەفسانە نادیارەکەی هیتلەر کە لە سەردەمی خۆیدا وەک سەرکردەیەکی هاوشێوەی پیاوی نموونەیی و مەزن دەهاتە ناساندن، هەواداران کوێرانە شوێنی دەکەوتن و لەلایەن پێشڕەوانی کۆمەڵیش لە زۆربەی لایەنەکاندا پەسند دەکرا، هەروەها ئەو پڕوپاگەندەیەی لەسەر سەرۆکەکە دەهاتە ئەنجامدان، بە شێوە سادە گاڵتەجاڕییەکەی پڕوپاگەندە نەدەهاتە تەماشاکردن"، بەپێی کێرشۆ. بەدەربڕینێکی تر، بژارە و پێشڕەوانی کۆمەڵ بەدڵسۆزییەوە ملیان بۆ کاریزمای هیتلەر کەچ کردووە و نەشیانویستووە بەنادڵسۆز دەرکەون لە کاتێکدا ئەگەر قایلیش نەبن. هەر چۆنێک بێ، قایلبوون یان دەرکەوتنە کۆمەڵایەتییەکەی کە لە نێوان هەموو دانیشتوانی ئەڵمانیا بڵاو بووبووەوە، بەجۆرێک لە کرداری لەیەکچوون و پێڕەوکردنی بەهاکانی پارتی نازی دێتە هەژمارکردن. ئەو هەڵمەتەی پڕوپاگەندەیە لەلایەن میدیاوە تینی پێ دەدرا و خزمەتی دەوڵەتی نازیی دەکرد.

بەرنامەی داڕێژراوی چەند ساڵەی نازییەکان لە ساختەکردن و گۆڕین، کارتێکردن و شوێن پەنجەیەکی دیاریکراوی لەسەر مێشکی تاکەکان جێ هێشت و زۆرجاریش فریودەرانە بوو. بەپێی "شایەر".

باشە بۆ مرۆڤ بەئاسانی کاری تێ دەکرێ و بەزۆر وای لێ دەکرێ گوێڕایەڵ بێ؟

بیرۆکەی سەرەکیی ئەوەیە سروشتی مرۆڤ حەز لە دروستکردنی پاڵەپەستۆ لەسەر کەسی بەرامبەر دەکا بەمەبەستی گوێگرتن بۆی کە خوێنبەر هۆکاری سەرەکییە لە دروستکردنی پاڵەپەستۆکە بۆ ئەوەی وا لە خەڵک بکا بگۆڕێ بۆ شتێکی تر کە بۆی داڕێژراوە. دەزانین ئەوە سروشتی مرۆڤە کە لە هەوڵی پێکهێنانی گرووپدایە، هەروەها دەزانین لە زۆربەی گرووپەکاندا سەرکردە یاخۆ زۆرینە بڕیار دەدا کە چی ئەنجام بدرێ و بڕواش بە چی بکرێ، بۆیە مەیلی مرۆڤ بۆ بەگوێکردن و سەردانەواندن سروشتییانە هەڵدەقووڵێ.

هەروەها مرۆڤ مەیلی بەدواگەڕان بەدوای سەلامەتی و هەستکردن بە ئەندامیەتی هەیە لەناو ئەو گرووپانەی هاوشێوەی خۆین، بۆیە گوێڕایەڵی هەموو کاتێک بژارەیەک نییە کەسێک لە خۆیەوە هەڵی بژێرێ، بگرە بژارەیەکە کە بەشێوەیەکی سروشتییانە پێیان دراوە لەلایەن دەوروبەرەوە. بەپێناسەیەکی تر، کۆمەڵ بەرپرسیارە لەسەر چۆن تاک مامەڵە دەکا و گۆڕانی بەسەر دێ یاخۆ تا چ ڕادەیەک کەسەکان لەگەڵ خۆیدا (کۆمەڵ) ڕێک دەکەون.

ئاژانس و حکوومەتانی سەرنج ڕاکێش دەتوانن ئەوە ڕوون بکەنەوە و نموونەیەکن کە چۆن

کەمینە یان زۆرینە دەتوانن کاریگەرییان لەسەر خەڵکێکی زۆر هەبێ. دەتوانین تێبینیی ئەوە بکەین ئەو دەزگا بەڕێوەبردنەی هەڵگری کاریزمایەکی بەزۆر سەپێنراوە، لەق، نارێکخراو و ناجێگیرە و بەگشتی لە ڕێگەی چالاکییەکانی کەمێک لە شوێنکەوتووانی کارەکانی دەکا.

ئەوەش مانای ئەوە نییە کە دەزگاکە کارا نییە. ئەو بیرۆکەیە لە سەرەتا ساوا و پڕ دووبەرەکییەکەی پارتی نازی لە ڤایمار لە ئەڵمانیا دەبینرێ. دواتر ئەندامانی پارتەکە لەگەڵ یەکتردا گونجاو دەرکەوتن و لە کۆتادا بەهۆی توانای سەرانی پارتەکە بۆ دەستکەوتنی دڵسۆزیی ئەندامان، گرووپەکە شێوەی دەزگای لەخۆ گرت.

بەشێوەیەکی یەکسان ئەو شتە لە کاریزما نائاساییەکەی لینین و بەلشەڤییەکان بەڕوونی دیارە کە دەسەڵاتی خۆیان لەناو چەند گرووپێکی سیاسیی جیا بەهێز کرد و گرووپەکانیان یەک کرد و جڵەوی شۆڕشی نموونەیی و خەیاڵاویی خۆیان گرتە دەست. لە کاتێکی زووتردا بەر لەمە لەگەڵ سەرهەڵدانی کریستیانیەتی، بەباشی ئەو بیرۆکەیە لە یەکگرتنی شوێنکەوتووە هەرە کۆنەکان دەبینرێ کە لە دەوری کەسایەتییە ئاینییەکان لە کاتی گوتنی وانەکان و گێڕانەوەی چیرۆک و ئەفسانەکان گرد دەبوونەوە و بوونە هۆی زیادبوونی جۆشی باوەڕ و گۆڕینی مێژوو. لە سەتەی ٢٠دا، کاریزما ناودارەکەی غاندی لە هیندستان و مارتن کینگ لە ئەمەریکا کە هەردووکیان بە شوێنکەوتووی شارەزا دەورە درابوون، ئەو یاسا کۆنە دواکەوتووە و دژ بە پێشکەوتنەی چەند سەتەیەکە بوونی هەبوو و ئەو ئەقڵییەتە ڕەگەزپەرستانەی کۆمەڵی باڵادەست هەیانبوو، هێنایە خوارەوە و هاووڵاتییان و دەزگاکانیان هان دا بۆ دووبارە پێداچوونەوە لە بەهاکانی کۆمەڵ و ناساندنەوەیان بەشێوەیەکی تر.


سەرچاوەکانی وتاری (١)

Asch, S.E.(1951). Effects of group pressure on the modification and distortion of judgements.In

Durkheim, E.(1951).Suicide: A study in sociology.J.A.Spaulding & G.Simpson

(Trans.).New York: The Free Press.

Kershaw, I..(1987).The "Hitler Myth": Image and Reality in the Third Reich.Oxford:University Press.

New York: Simon and Schuster,1960. .Shirer, W.(1960).The Rise and Fall of the Third Reich

سەرچاوەکانی وتاری (٢)

Miller, A.l.G., & Collins, B.E. (1995).Perspectives on Obedience to Authority: The Legacy of the Milgram Experiments.Journal of Social Issues, 51(3), 1-19.

Milgram, S.(1974).Obedience to authority: An experimental view.New York: Harper & Row.

# سایکۆلۆجییەتی کارەکتەر و توانا شانۆییەکانی نواندن لە شانۆنامەی "بە تووڕەیی ئاوڕ لە ڕابوردوو بدەرەوە"

عەلی عوسمان یاقووب

ئەگەرچی شانۆنامەی "بە تووڕەیی ئاوڕ لە ڕابوردوو بدەرەوە"، کە شانۆنامەنووسی ئینگلیزی "جۆن ئۆزبۆرن" (١٩٢٩-١٩٩٤) نووسیویەتی و بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥٦ لە شانۆی "ڕۆیاڵ کۆرت" نمایش کرا، سەرەتا پێشوازییەکی گەرمی لێ نەکرا، بەڵام دواتر رەخنەگرە شانۆییەکانی ئەوسا بایەخێکی زۆریان پێ دا بەڕادەیەک، کە ڕەخنەگری شانۆیی "هارۆڵد هۆبسن"، کە نزیکەی سی ساڵ وەکو ڕەخنەگری شانۆیی لە ڕۆژنامەی "سەندەی تامز" کاری کردووە بە "ڕووداوێکی مێژوویی" گرینگ و "کێنێث تینان"ی ڕەخنەگریش بە "موعجیزە" ناویان برد. بە گشتی ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەکان، شانۆنامەکە بە خاڵێکی وەرچەرخان دادەنێن لە مێژووی شانۆی ئینگلیزی چ لەباری ناوەڕۆک و چ لەباری تەکنیکی شانۆییدا. "ئۆزبۆرن" سەرەتا سەبارەت بەم شانۆنامەیە گوتی "شانۆنامەیەکی ڕێکوپێک و نەختێک کۆنباوە"١. دیارە دوای بینین و خوێندنەوەی شانۆنامەکە، مرۆڤ دەتوانێت لەوە بگات تا چەند تەکنیکەکانی ئەم شانۆنامەیە لە تەکنیکەکانی شانۆنامەکانی پێش خۆی دەچێت یان جیاوازە، کە خەڵک ئەو کاتە پێیان وابوو ڕۆژێ لە ڕۆژان لەبیر دەکرێن: وەکو شێوازی پەندئامێزی "نۆئێل کاوەرد" (١٨٩٩-١٩٧٣) و گوتارە لاقرتێئامێزەکانی ناو دیمەنە جیاجیاکانی شانۆنامەکانی "بێردناردشۆ" (١٩٥٦-١٩٥٠). بەهەرحاڵ، ئەم شانۆنامەیە دوای تێپەڕبوونی چەندان ساڵ بەسەر یەکەم نمایشیدا، هێز و وزە تایبەتییەکانی خۆی لە دەست نەداوە.

بابەتی شانۆنامە ئینگلیزییەکان لە سەدەی بیستەمدا تا ساڵی ٦٥٩١ سەبارەت بە بەکارهێنانی زمانەوە، ڕێکوپێک بوون و زمانێکی خۆش و نایابیان تێدا بەکار دەهات. بەگشتی، ئەو شانۆنامانە باسی خەم و نیگەرانییەکانی میللەتیان نەدەکرد. شانۆ بۆ سەرنج ڕاکێشان و کات بەسەربردن بوو. نووسەران زۆر بە تەنگ ئەوەوە بوون، کە خەون و خەیاڵەکانی بینەرانی سەر بە چینی بۆرژوا نەشێوێنن. بە کورتی، پێوەندیی شانۆ بە واقیعی ئەو ژیانەوە، ئەگەر نەپچڕابێت زۆر لاواز بوو. مەبەستم ئەو واقیعەیە، کە لە دوای شەڕی جیهانیی دووەم لە ئینگلتەرا هاتە کایەوە. "ئۆزبۆرن"

ئەم ئاراستەیەی لە شانۆدا گۆڕی. ڕەخنەگری شانۆیی ئینگلیزی "کێنێث تینان" (١٩٢٧- ١٩٨٠) ئەو کاتە، ڕێک لە ١٩ی دیسێمبەری ساڵی ١٩٥٦ لە ڕۆژنامەی "ئۆبزێرڤەر"دا لەبارەی "ئۆزبۆرن" و شانۆنامەکەوە دەڵێت: "دووڕوویی و بێدەنگی لە ئاستی ئەم واقیعە و کەمکردنەوە لە بەها جوانەکان لەلایەن چینی بۆرژواوە ریسوا دەکات و هەر زوو ڕەتیان دەکاتەوە"٢. هەڵبەت ڕەتکردنەوەکەی "ئۆزبۆرن" بە شێوازی شیکردنەوەی سیاسی یان کۆمەڵایەتی، تەنانەت گاڵتەئامێز و بە نەزاکەتیش نەبوو. ڕەتکردنەوەکان لەلایەن گەنجێکی ڕۆشنبیری بە دەم و زاری تووڕەوە بوو، کە پێشانی دا ژیانی سەردەمەکەی ئەو چ ژیانێکە. ژیانێک نییە، ئەو یەکسانی و خەون و خەیاڵانەی تێدا بێتە دی، کە ڕووناکبیرە سۆشیالیستەکانی ئەو کاتە پێشبینییان دەکرد. بەپێچەوانەوە، ژیانێکی وشک و ناخۆشە، هەروەک کارەکتەری سەرەکیی شانۆنامەکە "جیمی پۆرتەر" دەڵێت:

"وابزانم هیچ ئامانجێکی پیرۆز نەماوە نەوەی ئەمڕۆمان لە پێناویدا خۆی بەخت بکات... ئامانجی شەریف و مەردانە نەماون"

(دیمەنی یەکەم پەردەی سێیەم)

"جیمی پۆرتەر" مرۆڤێکی بە گل و گازاندە و بێزارکەرە. مرۆڤێکی بێ نەزاکەتە و لەگەڵ "ئالیسن"ی ژنی، قسەڕەق و بەدڕەفتار و دەم پیس و جنێوفرۆشە. بە کورتی مرۆڤێکی تووڕەیە. "ئالیسن" لە بنەماڵەیەکی سەر بە چینی بۆرژوایە، ئەو چینەی بۆ "جیمی" جێگەی ڕق و کینەیە و زۆر سەرزەنشتی "ئالیسن"یش دەکات، چونکە ژنێکی سارد و کەمدوو و بێ هەستە. "جیمی" خۆی دەرچووی زانکۆیە، بەڵام لەگەڵ "کلیف لویس"، کە لە بنەڕەتدا سەر بە چینی کرێکارە، بە هاوبەشییەوە دوکانێکی بچکۆلانە بەڕێوە دەبەن، کە شیرینەمەنیی تێدا دەفرۆشن. "کلیف" لەگەڵ "جیمی" دەژیت و "ئالیسن" هاوڕێیەکی نزیکی هەردووکیانە. کاتێک "ئالیسن" بۆی دەردەکەوێت، کە دووگیانە، نهێنییەکە تەنیا لای "کیف" دەدرکێنێ، چونکە دەترسێت لای "جیمی" باسی لێوە بکات نەوەک کاردانەوەیەکی خراپ پێشان بدات. پزیشکەکەیشی ڕەتی دەکاتەوە، سکەکەی لەبار ببات. کاتێک "ئالیسن" دەیەوێت بە "جیمی" بڵێت، کە دووگیانە، ئەم جنێوی پێ دەدات، چونکە ڕەفتارێکی سارد پێشان دەدات بەرامبەر بە "خاتوو تانەر"، کە "جیمی" زۆر خۆشی دەوێت و وەکو دایکی سەیری دەکات. کاتێک "ئالیسن" بە "جیمی" ڕادەگەیەنێت، کە "هێلینا"ی هاوڕێی دەیەوێت بێت و لەلایان بمێنێتەوە، "جیمی" تووڕە دەبێت، چونکە ڕقی لە "هێلینا"یە. لە کاتی تووڕەییەکەیدا "جیمی" قسەی خراپ بە "ئالیسن" دەڵێت، چونکە هەڵسوکەوتی ساردە و خۆزگە دەخوازێت منداڵێکی ببێت و منداڵەکەیش بمرێت بۆ ئەوەی هەست بە ئێش و ئازار بکات و ساردوسڕییەکەی لە هەڵسوکەوتدا نەمێنێت. کاتێک "هێلینا" شارەزای توندوتووڕەییەکەی "جیمی" دەبێت، داوا لە "ئالیسن" دەکات "جیمی" بەجێ بێڵێت و بگەڕێتەوە بۆ ماڵی باوکی. باوکی "ئالیسن" واتە "کۆڵۆنێل ڕێدفێرن" دێت و "ئالیسن" دەبات بۆ ماڵی خۆی. کاتێک "هێلینا" بە "جیمی" دەڵێت، کە "ئالیسن" دووگیانە، "جیمی" جنێو بە "هێلینا" دەدات و بە ژنێکی بەدکار ناوی دەبات، ئەمیش شەپازللەیەک

له "جیمی" دەدات و پاشان یەکتر ماچ دەکەن و شەوباخەڵی دەکەن. "کلیف" زیاتر لەگەڵ "ئالیسن" هاوسۆزە، بۆیە "جیمی" بەجێ دێڵێت. دواتر، "ئالیسن" بە "هێلینا" دەڵێت، کە منداڵەکەی لەدەست داوە. لە کۆتاییدا "هێلینا" واز لە "جیمی" دێنێت و ئەمیش لەگەڵ "ئالیسن" وەکو ژن و مێرد ئاشت دەبنەوە.

کاتێک مرۆڤ خوێندنەوەیەکی ورد بۆ ئاخاوتنەکانی ناو شانۆنامەکە دەکات و ئەو هەلومەرجەیش لە بەرچاو دەگرێت، کە شانۆنامەکەی تێدا نووسراوە، مەبەستم هەلومەرجی دوای شەڕی جیهانیی دووەمە و هەڵبەت تا ڕادەیەکیش لە پاڵ هەلومەرجی ژیانی کەسێتیی "ئۆزبۆرن" خۆی، ئەو کاتە لەگەڵ "کێنێپ تینان" هاوڕا دەبێت، کە دەڵێت مەبەستی "ئۆزبۆرن" شیکردنەوە و نووسین نییە لەبارەی نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بگرە بە دڵنیاییەوە دەیەوێت وا لە خەڵک بکات هەست بەو نەخۆشییانە بکەن. "جیمی پۆرتەر"، وەک لە شانۆنامەکەدا دەردەکەوێت، چالاکوانێکی سیاسی نییە، بگرە مرۆڤێکە وەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی و ژیانی خۆی لە ڕۆژگارێکدا بەسەر دەبات، کە بیروڕاکان، کاردانەوە راستەقینەکان بۆ بیرۆکە تازەکان بە هۆی داوونەریتەوە کپ دەکرێن. هێرشەکانی "جیمی" دژی بیرۆکە نادیار و ئەبستراکتەکان نین. ئەو دەزانێت دنیای ئەو سەردەمە بە هەموو ئەو بیروڕا کۆن و بێ کەڵکانە و ئەو نەریتە کۆنباوانەی تێیدا زاڵن چ ئازارێک بە ئەم و بە هەموو ئەوانە دەگەیەنێت، کە خۆشی دەوێن. بۆیە دەیەوێت بە ئاگایان بێنێتەوە. بیانگۆڕێت بۆ مرۆڤی هۆشیار و چوست و چالاک. هەستکردن بە پێوەندییە کەسێتییەکان لەم درامایەدا زۆر قووڵ دەکرێتەوە. "ئۆزبۆرن" لە ڕێگەی ململانێیە کەسێتییەکانەوە دەچێتە قووڵایی پرسە کێشەئامێزە گەورەکانی کۆمەڵگە. دیارە هەر سەبارەت بەمەیە، کە شانۆنامەکە بۆ بینەرانی ئەمڕۆش نەک هەر کاریگەرە، بگرە زۆر زیندووە.

ململانێی سەرەکیی "جیمی" لەگەڵ "ئالیسن"ە. پرۆسەی هاوسەرکاریی "جیمی" لەگەڵ "ئالیسن" یەکگرتنێکی هەڵە و نابەجێیە، نەک هەر لەبەرئەوەی کچی کۆڵینێلێک شوو بە کەسێکی سادەی ناو خەڵکی ڕەشۆکی دەکات، بگرە لەبەرئەوەی "جیمی" تووشی یەکێک بووە هەست بە ئێش و ئازارەکانی خەڵکی تر ناکات یان نایەوێت هەستیان پێ بکات بۆ ئەوە خۆی لە ئێش و ئازارەکانی ژیان دوور بخاتەوە. یەکەم هێرشی "جیمی" بۆ سەر "ئالیسن" ئەو کاتە دێت، کە دەڵێت:

ئەوە چەندین ساڵە ئالیسن عەقڵ و هۆشی نەماوە! ماوتە؟

کەمێک دوای ئەمە دەڵێت:

"لەو ماوە درێژەی ئەم ئافرەتەم خواستووە ـ ئەو ئافرەتەی، کە نموونەی ناتەبایی و نەگونجانە ـ کەچی ئێستە کتوپڕ وشەیەکم دۆزییەوە: تەواو پێناسەی ژنەکەمە. تەنیا یەک ئاوەڵناویش لە زمانی ئینگلیزیدا نییە، کە بۆ وەسفی ژنەکەم بشێت، بگرە هەر ناوەکەی خۆیەتی! خاتوونی پیۆسەلانیمس"

(پەردەی یەکەم)

"پیۆسەلانیمس" بە مانای ترسنۆک دێت. واتە "جیمی" بە خاتوونی ترسنۆک ناوی "ئالیسن" دەبات. دوورەپەرێزی و گۆشەگیری و ساردی لە ڕەفتاری "ئالیسن"، مەسەلەی جووتبوون و دەستبازییش دەگرێتەوە. "جیمی دەڵێت:

"دەزانی من هەرگیز ئەو لەزەتە گەورەیەی بەیەکەوە نووستن و دەست لەملانێم نەچەشتووە لە کاتێکدا من خۆم وام نەویستووە. ئۆە... "

(پەردەی یەکەم)

"جیمی" دەیەوێت ژیان بە هەموو ئێش و ئازارەکانیەوە بیر "ئالیسن" بێنێتەوە. ئەو توورەیی و بێ ئومێدییە دەگاتە ئەوپەڕ. بۆیە هیوا دەخوازێت، کە "ئالیسن" منداڵێکی ببێت و منداڵەکەش بمرێت:

"گەر بکرایە و تۆ منداڵێکت بووبووایە... ئەو منداڵەش بمردایە... خۆزیا ئەوسا سەیرم دەکردیت، کە ڕووبەڕووی ئەو کارەساتە دەبوویتەوە. من دەپرسم ئاخۆ ئەوساش دەگۆڕێیت... دەبیت بە مرۆڤێکی تر... جیا. بەڵام من گومانم هەیە و باوەڕ ناکەم"

(پەردەی یەکەم)

پاشان دەڵێت، حەز دەکات ببینێت "ئالیسن" بکەن بەناو قوڕ و چڵپاودا:

"من چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەم و خۆزگەی بۆ دەخوازم. حەز دەکەم بتبینم چاوەکانت پڕن لە فرمێسک و... لەناو فرمێسکەکانتدا مەلە بکەم... ئەوسا گۆرانی بڵێم. دەمەوێ لەوێ بم و بتبینم چۆن لەسەر سک دەخشیت و دەموچاوت لە خۆڵ وەردەدەیت. دەمەوێ ئەوسا بێم و سەیرت بکەم... دەمەوێ بتبینم دەموچاوت چۆن لە قوڕ وەرداوە ـ ئەوە هەموو هیوا و ئاواتی منە. ئیتر هیچ خۆزگەیەکی ترم نییە"

(دیمەنی یەکەم بەشی دووەم)

بۆ ئەوەی لە ژیاندا بمێنیتەوە، پێویستە ئازار بچێژیت. دیارە ئازار چەشتن ئەو بەڵگەیەیە، کە ڕەوایی دەبەخشێتە "بوون"ی مرۆڤ. دراما هەر لە کۆنەوە، هەر لە سەردەمی "سۆفۆکلیس"ەوە ئەم بیرۆکەیەی لەخۆ گرتووە. "جیمی" سەبارەت بەوەی، کە "ئالیسن" بە هەموو سۆزێکەوە پابەندی شتەکان نابێت، تاسە و خۆشەویستیی بۆ ژیان لەلا نامێنێت. سەرزەنشتی دایکی "ئالیسن" دەکات، چونکە ویستوویەتی ڕێگە بە هاوسەرکارییەکەیان نەدا:

"ئەو هەموو بەزمە دەنێتەوە تەنیا بۆ ئەوەی نەتوانم کچەکەی بخەمە سەر پشتیماینە پیر و بەستەزمانەکەم و بیفڕێنم... ئەم مەبەستانەشی خستبووە ناو قاڵبێکی جوان و ڕازاوەی بیر و فەلسەفە و سۆزی پڕ درۆ و بێ شەرمییەوە. بۆرە ماینی کەنەفتیش، کە جارێ لە جاران بەڕاستی ئەو سیستمە کۆنەی شێلاوە... نەیتوانێ وەک جاری جاران بێت. بەتەنیا توانی من هەڵبگرێت... بەڵام قورساییی تۆ (ڕوو لە ئالیسن دەکات) زۆر

لەوە گرانتر بوو، کە بتوانێت هەڵت بگرێت. بۆیە لەسەر چەقی ڕێگەکە بەربووەوە و مرد"

(دیمەنی یەکەم پەردەی دووەم)

"جیمی" شەڕ لە پێناوی خۆشەویستی، هەروەها لە پێناوی ئاسوودەیی دەروونی خۆی دەکات. بۆ ئەمەیش، پێویستی بەوەیە پەکی بێلایەنیی "ئالیسن" بخات. ئەوەی هەر لە سەرەتاوە سەرنجی "ئالیسن" رادەکێشێت ئەو ژیانە پڕ جموجۆڵەی "جیمی"یە. لە دیمەنی دووەمی بەشی دووەمدا، بینینی خۆی لەم بارەیەوە دەخاتە ڕوو کاتێک باوکی لێی دەپرسێت، بۆ شووی بە "جیمی" کرد:

"... بیست ساڵی ڕەبەق ژیانێکی خۆشم بەسەر برد... کەچی کتوپڕ تووشی ئەم کابرایە بووم – ئەم کێوی و ڕۆح تەتەرییە... هەمووی شێواند... خۆی لێ ڕووت کردەوە و هاتە مەیدان. ڕەنگە تەنیا ئافرەتێکی تر لەم کێشە و زۆرانبازییە تێ بگا..."

(دیمەنی دووەم پەردەی دووەم)

لەدەستدانی منداڵەکە بۆ "ئالیسن" دەبێت بە مایەی ئێش و ئازار و دواجار زیاتر ملکەچی "جیمی" دەبێت. لە کۆتاییی شانۆنامەکەدا لە گەمەی ورچ و سمۆرەکە بەشداری دەکەن. دیارە پێشتر "ئالیسن" وای لێک دەدایەوە، کە ئەم گەمەیە تاکە ڕێگەیەکە تێدا

"[دەیانتوانێ ببن] بە دوو گیانلەبەری تووکن و چکۆلانەی خاوەن مێشکێکی چکۆڵە و پووچ. ئەوسا خۆشەویستییەکی دوور لە کێشە و بێدەنگ[یان] دەگۆڕییەوە. [دەبوون] بە دوو گیانلەبەری بێباک و حەز[یان] لە یاری و بەزم دەکرد وەک بڵێی لە باخچەیەکی خۆش و دڵگیری ئاژەڵدا [بن]. ئەوەشیان سیمفۆنیایەکی بێ مانایە بۆ ئەو کەسانەی چیی تر ناتوانن وەک مرۆڤ بەرگەی ئەم ژیانە بگرن"

(پەردەی دووەم/ دیمەنی یەکەم)

دیارە شیمانەی بەردەوامبوون لە خۆکێشانەوە یا وازهێنان لەم دنیایە جێگەی گومانە. توورەیییەکەی "جیمی" قووڵە. توورەیییەک نییە تازە پەیدا بووبێت و لەبارەی هەلومەرجە هەنووکەیییەکانەوە بێت، ئینجا هی ژیانی خێزانداری بێت یان هەلومەرجەکانی ناو کۆمەڵگە بێت. "جیمی" لە تەمەنی دە ساڵیدا بۆ ماوەی دوازدە مانگ بە دیار باوکییەوە بوو، کە لە سەرەمەرگدا بوو. باوکی بۆ ئەو کەسێکی نموونەیی بوو:

"من تەنیا کەسێک بووم، کە ئاگام لێی بوو... من لە منداڵییەوە فێر بووم چۆن توورە بم. لەوساوە بەتوورەیی و بێچارەیی ئاشنا بووم. تا ماوم ئەم شتانەم بیر ناچنەوە"

(پەردەی دووەم/ دیمەنی یەکەم)

سەرچاوەی تووڕەیی و ئازارەکانی "جیمی" هەمان سەرچاوەی ئازارەکانی "ئۆزبۆرن"ە، چونکە ئەویش ئاگەداری باوکی بوو، کە هەر زوو بە نەخۆشیی دەردەباریکە ـ سیل ـ مرد٣. ئەگەر سەرچاوەی وزە و هێزی بزوێنەری ناوەڕۆکی شانۆنامەکە لە گواستنەوەی بابەخدانەکە بێت لە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانەوە بۆ مەسەلە کەسێنییەکان، ئەوا لەباری نواندنیشەوە دەبێتە پانتاییەک بۆ دەرخستنی تواناکانی ئەکتەر. چۆن؟

٢

دیارە هێز و کاریگەریتیی ئەم شانۆنامەیە هەر لە سەرەتاوە بە ڕادەیەکی زۆر لە شێوازی بەکارهێنانی کارەکتەرە سەرەکییە سەرنج ڕاکێشەکەوە سەرچاوە دەگرێت. بەڵام ئەوەندە بەس نییە بۆ ئەوەی شانۆنامەکە بەوە وەسف بکرێت، کە "توانایەکی باشی لە دارشتنی بینینی کێشە سایکۆلۆجییەکاندا تێدا بەکار هاتووە" و "جەخت لەسەر مەسەلەیەکی کەسێنیی تایبەتی دەکاتەوە" وەکو "سیمۆن ترۆسلەر" لە لێکۆڵینەوەیەکیدا باسی لێوە دەکات٤. دەشێ "جیمی پۆرتەر" وەکو نموونەی کەسێکی بەکێشە، لێی بکۆڵرێتەوە، بەڵام شانۆنامەکە سەرنجی ئێمە ڕاناکێشێت، سەبارەت بەوەی لێکۆڵینەوەیەکە لە ڕابردوو و ژیاننامەی "جیمی پۆرتەر"، بگرە ئەم کارەکتەرە وەکو سەرچاوەیەکی دینامیکی بۆ وزە و توانای دەربڕین سەرنجی ئێمە بۆ خۆی ڕادەکێشێت. ڕۆڵەکە ڕۆڵێکی بوێرانە و لێهاتووانەیە. بۆیە لە جیاتیی ئەوەی دەستەواژەی "شانۆنامەیەکی باشدارێژراو" یان "ریالیزمی سایکۆلۆجی" یا هەر دەستەواژەیەکی هاوشێوەی ئەمانە بخەینە پاڵ ئەم شانۆنامەیە، با ئاماژە بە نەریتەکانی دەربڕین بکەین لە شانۆدا و ڕۆڵێکی هاوتای ئەم ڕۆڵە بدۆزینەوە بۆ ئەوەی مەسەلەکەمان ڕوونتر بێتە پێش چاو. لەم ڕوانگەیەوە، شانۆنامەی "بە تووڕەیی.." هەریەک لە شانۆنامەکانی "هاملێت"ی "شەکسپیر" و "ئەلێستت"ی "یۆربیدس"مان بیر دێنێتەوە و منیش بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، لە دوا بەشی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، بەراوردێک لە نێوان کارەکتەری "جیمی پۆرتەر" و کارەکتەری "هاملێت"دا دەخەمە ڕوو. دیارە هەریەک لەم سێ شانۆنامەیەی سەرەوە باس لە دەروونێک دەکەن، کە هیچی لەبارەوە نازانرێت و پێویستە لەسەر شانۆ پێشان بدرێت. بۆیە، ئەم شانۆنامانە، لەباری نواندندا توانا شانۆییەکانی ئەکتەر دەردەخەن سەبارەت بە پێشاندانی دەروونی کارەکتەرەکان..

لەم ڕوانگەیەوە، زۆر لە ڕەخنەگران پێیان وایە، کە سروشتی شانۆییی ئەم بەرهەمە لە بنچینەدا پێوەندیی بە چوست و چالاکیی کارەکتەری "جیمی پۆرتەر"ەوە هەیە. لەم تێڕوانینەوە، "مایکڵ بیلینگتن" پێی وایە، کە شانۆنامەی "بە تووڕەیی" لە هەموو ڕوویەکەوە شانۆی ئەکتەرە"٥. ئەگەرچی "جیمی" بە پیشە ئەکتەر نییە، بەڵام لە هەموو بارێکەوە نمایشکەرە بە لە بەرچاوگرتنی قسەکەی "بیلینگتن" و زۆر لە ڕەخنەگرانی تر، کە پێیان وایە شانۆنامەی "بە تووڕەیی..." هێز و توانای هەستی ئەکتەرێک لەخۆ دەگرێت و شانۆش بۆ ئەم ئەکتەرە دەبێت بە پانتاییەک بۆ بوون بەر

لەوەی ناوەندێکی دەربڕین بێت بۆ نووسەر. دیوێکی ئەم شانۆنامەیە، کە هەڵبەت هەر لە زووەوە سەرنجی بینەرانی ڕاکێشاوە، ئەو توانا دراميیە لە ڕادەبەدەرەی "ئۆزبۆرن"ە، کە لە کەمترین باری ڕووداوەکانی ناو شانۆنامەکەدا جێبەجێی دەکات. پەردەی یەکەم بابەتێکی کەمخایەن لەخۆ دەگرێت: پیاوێکی گەنج بەناوی "جیمی پۆرتەر" لەگەڵ هاوڕێکەی، کە ناوی "کلیف"ە هەروەها "ئالیسن"، کە ژنی "جیمی"یە لە ژوورێکدان. ژنەکە خەریکی ئوتووکردنە. پیاوەکان ڕۆژنامە دەخوێننەوە و لەگەڵ یەکتر گفتوگۆ دەکەن. پاشان لە ئەنجامی بەیەک هەڵپڕژاندا، "جیمی" پاڵێک دەنێت بە "کلیف"ی هاوڕێیەوە بۆ لای "ئەدیسۆن". ئەمیش، کە خەریکی ئوتووکردنە، دەستی دەسووتێت. "جیمی" تەختەی شانۆ جێ دێڵێت. ئەوسا دەردەکەوێت، کە "ئالیسن" دووگیانە. "جیمی" دەگەڕێتەوە بۆ سەر تەختەی شانۆ و لەگەڵ "ئالیسن" ئاشت دەبێتەوە. بەڵام گەیشتنی چاوەڕوانکراوی "هێلینا" وا لە "جیمی" دەکات جارێکی تر بە توورەیییەوە تەختەی شانۆ جێ بێڵێت.

ئەمە پوختەی ئەوەیە، کە بە ئاشکرا لە پەردەی یەکەمدا ڕوو دەدات لە ڕوانگەی ئەو پلانەی، کە "ئۆزبۆرن" بۆ چیرۆکی شانۆنامەکە دای ڕشتووە، کە بە هیچ شێوەیەک نابێتە هۆ بۆ ئەوەی دیمەنەکە بە دیمەنێکی بەهێز دابنێین و ئێمەیش بە ململانێی نێوان هێزەکان و کاریگەرێتییان بەسەر یەکەوە خەریک بکات. هەڵبەت "جیمی" بزوێنەری ڕووداوەکانە و سەرچاوەی ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی ئەو لە تێکەڵکردنی سایکۆلۆجیای کارەکتەرە لەگەڵ چالاکییەکانی نواندن. ئامانج و نیگەرانییەکانی "جیمی" تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ ئامانج و نیگەرانییەکانی ئەو ئەکتەرە هاوتەریبە، کە ڕۆڵی ئەو دەبینێت. ئەمە خاڵێکی زۆر گرینگە لە شانۆنامەکەدا، چونکە هەریەک لە "جیمی" وەکو کارەکتەر و ئەکتەرەکەش وەکو "جیمی" هەوڵ دەدەن کاردانەوەی گوێگر یا بینەران بورووژێنن لە ڕێگەی نواندن یا خۆنواندنێکی ڕێکوپێک و بە جۆشەوە. هەڵبەت ئەو ئەکتەرەی، کە ڕۆڵی "جیمی" دەبینێت بە ئومێدی ئەوەیە، کە ئێمەی بینەر بە خۆیەوە خەریک بکات و بە بێدەنگییەوە سەرنجی بدەین. جارجار پێ بکەنین و لەوانەیە چەپڵەشی بۆ لێ بدەین. ئەمە لە کاتێکدا، خۆیشی وەکو کارەکتەری "جیمی" بە ئومێدی کاردانەوەیەکی ئاڵۆزە لە "کلیف" و "ئالیسن". کاردانەوەی ئەوان لەسەرێکەوە پێوەندیی بە ئاڕاستەی تێگەیشتنی بینەرانەوە هەیە و لەسەرێکی ترەوە پێوەندیی بە کاردانەوەی زارەکی و جەستەییی ئەکتەرەکانی ترەوە هەیە، کە ڕۆڵی "کلیف" و "ئالیسن" دەبینن لە بەرامبەر ئەو ئەکتەرەی، کە ڕۆڵی "جیمی" دەبینێت. "جیمی"، کە لە ئەریتە سواوەکانی یەکشەممەیەکی تر پەست و بێزارە و لەگەڵ بەرەوپێشەوە چوونی ڕووداوەکاندا هەستی پووچگەرایی پەکی دەخات، بۆ ئەوەی بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی بوونی خۆی بە دەست بێنێت، ڕوو لە "کلیف" و "ئالیسن" دەکات:

"... ئێوە هەردووکتان من بەرەو هەڵدێرێک دەبەن. وەک چۆن دڵنیام، کە لێرە دانیشتووم، ئاوا دەزانم ئێوە بە هەردووکتان من شێت دەکەن. ئەی خوایە، چەندە

تامەزرۆی گوڕ و غیرەتێکی ئادەمیزادانەم. تەنیا غیرەت. غیرەت و بەس. چەند حەز دەکەم گوێم لە دەنگێکی بە جۆش و خرۆش بێت، هاوار بکات: سوپاس بۆ خوا (بە جوولەیەکی نواندنئامێزەوە سینەی خۆی دەکوتێ) من زیندووم، دەژیم. خاوەن بیروباوەڕم. بۆ خۆمان بە گەمەیەکەوە خەریک نەکەین؟ با وای دابنێین، کە مرۆڤین، بەڕاستی زیندووین. هەر بۆ ماوەیەکی کەم. ئێوە دەڵێن چی؟ دەبا ئەو گەمەیە بکەین. با خۆمان بە بنیادەم بزانین. (بەنۆرە سەیری هەردووکیان دەکا) ئای براکەم... زۆر لەمێژە تووشم بەتووشی مرۆڤێک نەبووە گوڕ و غیرەتێکی ئەوتۆی هەبێت"

(پەردەی یەکەم)

"جیمی" لە "کلیف" تووڕە دەبێت و بە سووکی سەیری دەکات و بێباکانە ریسوای دەکات، لەبەرئەوەی مرۆڤێکی بێ ئاگایە، ملکەچ و ناچالاک و گەوجە. ئەم سستی و ناچالاکی و بێ مەیلی لە هەنگاونان لە رووی پراکتیکییەوە، "کلیف" و "ئالیسن" لە یەکتر نزیک دەکاتەوە و لە "جیمی" دایان دەبڕێنێت. هەر سەبارەت بەم هۆکارانەیە، کە ئەوان، بەپێی بۆچوونی "جیمی" مایەی بێزاری و تووڕەکردنن وەک لە قسەکەی "جیمی" دەردەکەوێت.

دیارە "جیمی" لە دەرەوەی ئەو توانایەی، کە هەیەتی بۆ کار و کاردانەوە، کە بە دنیای دەرەوە دەیبەستێتەوە، هیچ سەرچاوەیەکی تری نییە بۆ خۆسەلماندن یا خۆ چەسپاندن و هیچ "هۆ"یەکی راستەقینەی نییە تا پێشانی بدات، کە "مرۆڤە" و بەڕاستی "لە ژیاندایە". بۆیە لە زنجیرەیەک خۆدەرخستنی هەڵچوونئامێز و زارەکیدا هەڵدەکوتێتە سەریان. لەگەڵ ئەوەشدا، "کلیف" و "ئالیسن" ئەو کاردانەوەیەیان نییە، کە ئەم چاوەڕوانییەتی و لە "گەمە کەمخایەنەکە"ی "کلیف" بەشداری ناکەن. "کلیف" پێشتر لە دیمەنەکە بۆ ماوەیەکی کەم بە نادڵییەوە بەشداری دەکات، بەڵام پاشان خۆی لە "جیمی" دەکشێنێتەوە چ وەکو گوێگر و چ وەکو قسەکەر. "ئالیسن" هەر لە سەرەتاوە نایەوێت نە لە دیالۆگێکی راستەوخۆ لەگەڵ "جیمی" بئاڵێت و نە گوێشی لێ بگرێت وەکو "جیمی" خوازیارە. ئەگەر خۆی لە گەمەکەی "جیمی" بئاڵێنێت، ئەوا بە بەردەوامی دەبێت بە کێشە و ناکۆکی. "ئالیسن" بە هێمنی و دوور لە هیچ دەمەقاڵێیەک داواکەی "جیمی" بۆ سەماکردن رەت دەکاتەوە کاتێ "جیمی" دەڵێت "سەماکردن تاکە شتێکە، کە من تێیدا زۆر باشم". بۆیە دیمەنەکە لەژێر دۆخێکی مەترسیدار بەرەوپێشەوە دەچێت. "جیمی" هەوڵ دەدات لە رێگەی زنجیرەیەک گاڵتە و قسەی سووک و پەلاماردان و وتارەوە ناکۆکییەکان زیاد بکات، بەڵام "ئالیسن" و "کلیف" وەڵامی نادەنەوە. "ئۆزبۆرن" بێ ئومێدییەکەی "جیمی" لە تێکستی رێنوێنییەکاندا ــ ئەوانەی کە حیوار نین ــ بەرە بەرە زیاد دەکات:

"[جیمی] سەیری هەردووکیان دەکا و چاوەڕێی تەقینەوەیەکە، بەڵام کلیف هەر خەریکی خوێندنەوەی خۆیەتی، ئالیسنیش هەر بەسەر ئوتووەکەدا نوشتاوەتەوە" دواتر

دەڵێت " [جیمی] بەخێراییەوە سەیریان دەکا و چاوەڕوانی وەڵامێکە، بەڵام کەسیان نقە ناکەن" پاشان دەڵێت "[جیمی] لە وەڵامدانەوە بێ ئومێد دەبێت، بەڵام دەبێ هەر تووڕەیان بکات" لە شوێنێکی تریش دەڵێت "[ئالیسن] هەمیشە لەم چەشنە هێرشە ورد و ڕێکوپێکانە ڕاهاتبوو، بەڵام لەوە ناچێ [جیمی] ئەمشەو سەربکەوێ"

(پەردەی یەکەم)

تەنیا وەڵامێک، کە "جیمی" دەتوانێت بیوروژێنێت لە ڕێگی توندوتیژیی جەستەییەوە دێت لە ڕووداوی مێژی ئوتووەکەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو تووڕەییە کەمخایەنەی، کە لەم ڕووداوە دەبێتەوە، گیروگرفتەکان بۆ ماوەیەکی کەم لادەبات و هێندەی نابات بارگرژییەکە جارێکی تر سەرهەڵدەداتەوە. دۆخەکە بە قازانجی هیچ کام لەم سێ کەسەدا ناشکێتەوە. ئالیسن" و "کلیف" لە بەردەم دوو ئەڵتەرناتیڤدان: یا ئەوەتا دەبێ بەرپەرچی "جیمی" بدەنەوە و ئاگری تووڕەییەکەی خۆشتر بکەن، یان پشتگوێی بخەن و ئازاری ئەو تووڕەییەی بچێژن، کە لەم پشتگوێخستنەوە دەبێتەوە. دیارە ئەوان ئەلتەرناتیڤی دووەم هەڵدەبژێرن. بۆیە، "جیمی" هەست دەکات خۆنواندنەکەی بێ سوودە. لە ئەنجامی ئەمەدا، هێرشەکەی چڕتر دەکات، بەڵام هەر بێ سوودە.

ئەو میکانیزمە شانۆییەی، کە لێرەدا و لە تەواوی شانۆنامەکەدا جێبەجێ دەبێت ئەوەیە، کە هەتا خۆنواندنەکەی "جیمی" بەرە بەرە نوشووست بێنێت، ئەو ئەکتەرەی، کە ڕۆڵی "جیمی" دەبینێت، زیاتر لە ڕۆڵەکەی سەرکەوتووتر دەبێت. ئیتر، ئێمەیش بەرە بەرە دەبین بە گوێگری ڕاستەقینە بۆ وتارە هێرشئامێزەکانی "جیمی" و کاردانەوەمان بۆیان دەبێت، لە کاتێکدا نە "کلیف" و نە "ئالیسن" پێشتر کاردانەوەیان بۆ وتارە هێرشئامێزەکانی "جیمی" نابێت. شتێکی ئاساییە، کە ئەم خۆنواندنە لە ڕادەبەدەرەی "جیمی" تەنیا لەسەر تەختەی شانۆ ڕەوایی بەدەست دێنێت. لە هەر شوێنێکی تر بێت، ئەم بە لێشاو قسەکردن و هەستی تووڕەییە هاوکات لەگەڵ هەوڵدانی بەردەوام بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ئەوانی تر و ورووژاندنی وەڵام لەلایەن ئەمانەوە یا ئەوەتا کپ دەکرێنەوە یاخۆ پشتگوێ دەخرێن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەی ئێمە دەیبینین، بەدەر لە هەر چالاکییەکی تر، جڵەوشلکردنە بۆ زمان، بۆ خەیاڵ هەروەها بۆ هەڵچوونی هەستەکان. ئێمە ئەم جڵەوشلکردنە بە شێوازی ڕاستەقینەی ئەکتەر دادەنێین. بەپێی بۆچوونی "سارتەر"، ئەکتەر لە پێناوی کارەکتەری چیرۆکە هەڵبەستراوەکە خۆی دەکات بە بوونەوەرێکی خەیاڵی٦. "جیمی پۆرتەر" گوزارشت لە هەڵگەڕانەوەیەکی بە فروفێڵ دەکات لەم پرەنسیپە کاتێ خۆی بە هەندێک هەڵسوکەوتەوە خەریک دەکات، کە تا سەرئێسقان خۆنواندنن. ئەو لە دنیای ناو شانۆنامەکەدا - واتە لە بەرامبەر کەسانی تری ناو شانۆنامەکەدا - دەچێتە کایەی بوونەوەرێکی خەیاڵی یا هەڵبەستراو و لە هەمان کاتدا وەکو کەسێکی داینامیکی دەردەکەوێت و لەباری شانۆییەوە دەبێت بە بەرهەمێکی هونەریی دروستکراوی جوان و نایاب.

بەم شێوەیە شانۆنامەکە بەرە بەرە لە چوارچێوە ریالیزمییەکەی دەردەچێت و دەچێتە کایەی نواندنەوە. هەڵچوون و ئاخاوتنە ڕەق و هێرشئامێزەکانی "جیمی"، هەڵوێست و شێوازی بیرکردنەوەی ئەو دەکات بە ڕووداوێکی درامی. لە هەمان کاتدا، لە سەرێکەوە دەرگە لەسەر دنیای بەرفراوانی دەرەوە دەکاتەوە و لەسەرێکی تریشەوە بەر بۆ خودێکی تووڕە و هەڵچوو والآ دەکات، کە لە بەرامبەر دنیای دەرەوە کاردانەوەی هەیە. هەر ئاخاوتنێکی "جیمی" بابەتێکی دیاریکراو لەخۆ دەگرێت و لە دیوی ناوەوەشدا بنیاتێکی ڕێکوپێک و داڕشتن و خاڵی وەرچەرخانی خۆی هەیە. ئاخاوتنەکان زۆر کاریگەرن و دەبن بە کۆڵەگە بۆ خۆنواندنەکانی "جیمی" سەبارەت بەوەی زمان و وێنەی هزریی بەهێز و توانایەکی باشی بیرکردنەوەیان تێدا بەرجەستە دەبێت. هەر ئاخاوتنێکی ڕەقی "جیمی" کارێکی خۆنواندنە بۆ هێرشبردن و شەڕفرۆشی بە ئاراستەی ئەو مەبەستەی، کە لە تووڕەییەکەیدا هەیەتی. هەموو ئەو بابەتانەی، کە لە ئاخاوتنەکانی "جیمی"دا بەرجەستەن ڕەنگدانەی ئەو شتانەن، کە ئەو لە دنیای خۆیدا بە پەسندیان نازانێت، وەکو "چەرخ و زەمانی ئەمەریکاییانە" و " کاک نایجیل" و "پیوسیەلانیمس"، واتە ترسنۆک" و "هات و هاوار و ئاژاوەی ژن" و... تاد.

لەم بارەوە، وتارە توندوتیژ و هێرشئامێزەکانی "جیمی" بەڵگەی ئەوەشن، کە "جیمی" لە دەرەوەی خۆنواندندا توانای هیچ کردەوەیەکی کاریگەری نییە، چونکە ئەگەر لەناو دنیایەکی راستەقینەشدا دای بنێن، پێشبینیی ئەوە دەکەین، کە خۆی لەو دنیایەشدا دابڕێنێت، لەبەرئەوەی "جیمی" هیچ "هۆ"یەک بە پەسند نازانێت تا هەڵوێست و بیروڕای خۆی بەرامبەر بە دنیای دەرەوە پێشان بدات و هیچ بنەمایەکی گونجاو بۆ ئامانج و بیروباوەڕ نابینێت، کە وای لێ بکات پابەندی ڕەفتار و کردەوەکانی بێت. پیاوێکی ئینگلیزی، کە "ئەمەریکایی نەبێت کەچی لە چەرخ و زەمانێکی ئەمەریکیانەدا بژیێ" هیچ ئاراستەیەکی مێژوویی نابینێت تا لێی ورد بێتەوە، جگە لە رابردوو، لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی لەناوچوو، کە بە چاوی سووکەوە سەیری مێژووەکەی دەکات لە کاتێکدا ئیرەیی بە هەڵوێست و بیروباوەڕی ئەدواردی حەوتەم، وەکو شێوازێکی تازەباو، دێتەوە و خۆیشی هیچ هەڵوێست و بیروڕایەکی تایبەت بە خۆی نییە. ناسنامەی چینایەتی شێوێندراوە و گومانی تێ کەوتووە. زۆر خۆزگە بۆ ڕەچەڵەکی باوکی و دایکی "هیو" دەخوازێت، کە لە چینی کرێکار بوون، بەڵام دیارە لەم ڕەچەڵەکەی باوکی دادەبڕێت سەبارەت بەوەی، کە دایکی لە بنەماڵەیەکی سەر بە چینی بۆرژوا بووە و خۆیشی لە زانکۆ خوێندوویەتی و هەروەها سەبارەت بە هاوسەرکاری لەگەڵ "ئالیسن"، کە خەڵکی قەراغ شارە. تەنانەت ئاینیش کاردانەوەیەکی ناکۆکی لەلا دەورووژێنێت. لە کاتێکدا مرۆڤێکی بێ باوەڕە، حەز لە ئاینی مەسیحی دەکات و لێیشی بێزارە. گاڵتەکردنە وردەکانی بەڵگەی شڵۆقی و بروابەخۆ نەبوونن:

"پێت وایە ئەو خۆهەڵکێشە ڕۆحانییە من دەکات بە پیاو؟ ئاخۆ لەو قورساییی بەرزکردنەوە رۆحییە بەشدار بم بۆ ئەوەی ماسوولکەم توندوتۆڵتر بێت؟ من کاتی خۆی

کابرایەکی لیبرالی سیس و باریک بووم. لەوە دەترسام هەر بەتەنیا ڕۆحێکی ڕووت بمێنمەوە و بەس، بەڵام ئێستا هەموو کەسێک بە ئیرەییەوە سەیری لەشولاری ڕێک و جوانی من دەکەن."

(پەردەی دووەم/ دیمەنی یەکەم)

سێکس دیوێکی تری ڕاراییی پێشان دەدات لە دەروون و خودی "جیمی". لە کاتێکدا ژنەکەی خۆی خۆش دەوێت، رقیشی لە مێیینەیییەکەی و لە هەموو شتێکی مێیینە دەبێتەوە. هەندێک جار ئێرەییی بە شیمانەی شۆڕشگێڕیی" مندالانی کۆرسی یۆنانی و پیرە ئەندریە ژید [دەبات]" و هەست بەوە دەکات، کە هاوڕێکەی "ئالیسن"، واتە "وێبستەر" ئارەزووی جووتبوونی هەیە لەگەڵ هاوتوخمی خۆی. لە راستیدا ئەو ئارەزووە شاراوانەی، کە بەم ئاراستەیەن، دواتر، لە پێوەندیی سێقۆڵیی نێوان ئەم و "ئالیسن" و "کلیف"، پێش ئەویش "هیو"، روون و ئاشکران. لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێک نارەزاییی خۆی لە بەرامبەر جووتبوون لەگەڵ توخمی جیا دەردەبڕێت، بە هەمان سووربوونەوەیش دژی جووتبوونی هاوتوخمەکانە، وەکو ئارەزوویەکی کەسێنی. لێرەدا ئێمە لە بۆچوونەکەی "سیمۆن تروسلەر"، کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دا، نزیک دەبینەوە، سەبارەت بەوەی، کە شانۆنامەکە بینینی کێشە سایکۆلۆجییەکانی تێدا بەکار هاتووە و جەخت لەسەر مەسەلەیەکی کەسێنی تایبەتی دەکاتەوە. دیارە ئەم ڕاڕایی و خۆ یەکلانەکردنەوەیە بە هەموو فۆرمەکانیانەوە، هەروەها پابەندنەبوون بە رەوشت و رەفتارەکان، ئەگەر نیشانە بن بۆ هەر کێشەیەک هێندە گرینگ نین تا شی بکرێنەوە، بەڵام کە دەبن بە خەسڵەتی کارەکتەر و وای لێ دەکەن لە خۆنواندن زیاتر لە هیچ مەودایەکی تر نەتوانێت هیچ کارێک ئەنجام بدات، ئەو کاتە پێویستە مرۆڤ لەسەریان بوەستێت. لە راستیدا، زۆربەی بلیمەتی و لێهاتوویی "جیمی"، لە خۆنواندندا لەوەدایە، کە توانای هەیە یاری بە کێشەکان بکات بۆ بەدیهێنانی لێهاتووی خۆی، وایان لێ دەکات رەنگدانەوەی یەکتر بن، تێکەڵی یەکتر بن و لە رووی مەجازییەوە یەکێک گوزارشت لە ئەوەی تر بکات. رەتکردنەوەی بیرۆکەی حەزکردن لە هاوتوخمی خۆی، لەم بارەیەوە بەڵگەی زیرەکییەتی:

"بەڵام ئەوەندەی، کە مەسەلەکە پێوەندیی بە دەستەی مایکل ئەنجیلۆوە هەبێ؛ ئەوە دەبێ من مونحەریفێکی ڕاسترۆ بم. ئەگەر شۆڕشیش هەڵگیرسا، من یەکەم کەس دەبم، کە بەدیوارێکەوە هەڵم دەواسن و لەگەڵ هەموو لیبراڵە هەژارەکاندا دام دەکوتن"

(پەردەی یەکەم)

"جیمی" بەشێوەیەکی زۆر زیرەکانە دوودڵی و ڕاڕایییەکانی سەبارەت بە مەسەلە سێکسییەکانەوە دەخاتە کایەی ئاماژەیەکی مەجازی، کە لە بیرورا و هەڵوێستی سیاسییانەی چەپڕەویدا هەڵی دێنجێت. لەگەڵ ئەوەشدا، بیرورا و هەڵوێستی سیاسی ڕاسترۆیانە بۆ ئەو هەمان مایەی ناخۆشی

و گێره و کێشـەیە. ئەو، لەباری سیـاسـییـەوە، لە ڕاسـترۆییـدا لای داوە. خۆی بە هـیچ لایەک نابەستێتەوە، سـەربەسـتە. سەرەڕای ئەمـەش، وەک ئەوەی خۆی بە تاوانبار بزانێت، بە پەرۆشـەوە بیری خـەبات و تێکۆشـانی باوکی دەکات لە بواری سیاسییەوە. ئەو باوکـەی، کە لە ئیسپـانیـا بە سەختی برینداربوو. بەم شێوەیە، گومڕاییەکە پێچەوانە دەبێتەوە و مەسەلە سێکسییەکە لەلای "جیمی" یاخۆ جۆش و خرۆشـە ئاڵووشـئامـێزەکەی وەکـو ئامـاژەیەک بۆ بیـروڕا و هەڵوێسـتی سیاسیی ئەو بەکار دێت.

ئەم تێکەڵاوبوونەی پشـێوییـە کـەسێتییـەکان بـەرز دەبێتـەوە بـۆ ئاسـتی کـارێکی لێهـاتووانە و بلیمـەتانە کاتێ "جیمی" لە وشـەی "pusillanimous"، کە بە مـانای (ترسنۆک) دێت، شـتی تر دروست دەکات بۆ ئەوەی بە وردی سووکایەتی بە "ئالیسن" بکات:

**پیوسیلانیمەس!**

بەبیستنی ئەم وشەیە پیرەژنێکی قـەڵەو و لەندەهۆری ڕۆمـانیت دێتـە بەرچاو، وا نییـە؟ لێرەدا خاتوونی ترسنۆک و مێردە شەهوەتبازەکەی دەبینرێن، بە ڕێگەوەوەن بۆ گەمە و ڕابواردن.

(کلیف دەشڵەژێ و زۆر بەناڕەحەتییەوە سەیری ئالیسن دەکا)

ئەی بەستەزمان پیرەمێردی شـەهوەتباز! ئەگەر لە فیلمێکی هۆلیودا دەربکەوێت، زۆر سـەرنج ڕاکێش نابێت، ئەوسـا دەورەکەش دەدرێتـە ئەکتـەرێکی بەریتـانیـایی هـەژار و بەسـتەزمـان. ئەو هیچی لێ نـازانێت، بەڵام ئەو مەسـیحییـە خۆهەڵکێشـانە، بەر لەوەی فـیلمـەکـە کۆتایی پێ بێت هـات و هـاوار و دەنگی سـتریۆ بە هـەل دەزانن و ژنەکـەی دەڕفێنن.

(ئالیسن خۆی بەسـەر مێزەکەدا دەچەمێنێتەوە و چاوەکانی دەنوقێنێت)

خانمـی ترسنۆک بەڵێنی جیـهانێکی ڕۆشن و خـۆشتری پێ داوە لەوەی، کـە پیرەمـێردە شەهوەتـبازەکەی مـێردی بتـوانێت بۆی ڕۆ بنێت. هێی پووزی٧! ئاخـۆ ئێمـە چ سزایەک دەدرێین لە مەیدانی زۆرانبازی، تۆ بڵێی لەوێ جووتە شێرێک هەڵمان لووشن؟

(پەردەی یەکەم)

خۆنواندنە داهێنەرانەکەی "جیمی" چەندە بۆ ئێمـە مـایەی دڵخۆشـییـە، ئەوەندەش بۆ "ئالیسن" و "کلیف" مایەی ئێش و ئازار و ناڕەحەتییە. بۆیە بەوپەڕی توانایانەوە هەوڵ دەدەن پشتگوێی بخەن.

کاتێ "جـیمی"، وەکو مرۆڤـێکی ئینگلیزی لە چەرخ و سـەردەمـێکی ئەمـەریکایی هـەست بە بێ بایەخی دەکات، ئەم هـەستـەی لەگەڵ دڵەڕاوکێکەی سەبارەت بە مەسـەلە سێکسییەکان و نیگەرانی لەمـەڕ کـەمـوکووڕیی خۆیەوە تێکـەڵی یەکتر دەبن و هـەموو ئەمـانەیش، دواجـار، کە لە کـەسـایەتیی "ئەکتـەرێکی بەریتـانیـایی هـەژار و بەسـتەزمـان" بەرجـەسـتە دەبن و لە دیمـەنێکی ئەمـەریکایی بێ

بایەخ دەردەکەون. هەموو لاوازی و دەستەپاچەیی لەباری سێکسی و نەتەوەییەوە دەگوازرێتەوە بۆ بوارە ئاینییەکەی، کە خولیایەتی. ئەو ئەمەریکاییانەی، کە ژنی پیرەمێردە شەهوەتبازەکە دەفرێنن "مەسیحییە خۆهەڵکێشەکانن" و بۆ "جیمی" "لیبراڵ و سیس و باریک" دەبن بە سەرچاوەی ترس.

گوڕ و تینی سامناکی وتارە هێرشئامێزەکانی "جیمی" لە کۆمەڵێک مەترسی و نیگەرانییەوە سەرچاوە دەگرێت. پەلاماردان و زیادەڕۆیی لە وتارەکانیدا بە روونی واقیعە جۆرەوجۆرەکانی دنیای جیمی دەگرێتەوە تەنیا بۆ ئەوەی بە راشکاوی ئەم دنیایە رەت بکاتەوە. بۆیە گوڕ و تینی ئەم وتارانە، وەکو رەفتاری خۆنواندن، وزەی داهێنەرانەیان، هەروەها کاریگەرێتییە شانۆییەکانیان بەسەر ئێمەی بینەر بەدەر نییە لە رەتکردنەوەی هەر "خود"ێکی هاوتا لەلایەن "جیمی"یەوە.

ڕاستی، دەکرێت پوختەی بابەتی شانۆنامەکە وا بخوێنینەوە، کە برێتییە لە زنجیرەیەک جیاوازی لە نێوان توانای نواندن لەسەر تەختەی شانۆ و لاوازی و بێ تواناییی کەسێنییەوە، کە لە سیاقی دوو پێوەندیی سێکسییەوە بەرجەستە دەبن و دەدۆزرێنەوە. "ئالیسن" نایەوێت بچێتە ژێر باری "گەمە"کەی "جیمی"یەوە کاتێ دەڵێت:

"با وای دابنێین، کە مرۆڤین، بەڕاستی زیندووین. هەر بۆ ماوەیەکی کەم... ئەو گەمەیە بکەن.

(پەردەی یەکەم)

چونکە یاساکانی ئەو گەمەیە وا دەخوازێت "ئالیسن" رۆڵی یەکێک ببینێت لە دنیایەک، کە "جیمی" واقیعەکەی رەت دەکاتەوە و لێی توورەیە، بەڵام لەگەڵیدا لە کەشێکی نواندندا دەچێتە ژێر باری گەمەیەکی درامییانەی "ورچ و سمۆرەکان"، چونکە تاکە رێگەیەکە بۆ ڕاکردن لە ئێش و ئازارەکانی مرۆڤبوون. سوودی ئەم گەمەیە لەوەدایە، کە "جیمی"ی سەبارەت بەو دنیا خەیاڵییەی رۆی دەنێت، لە تووڕەیییەکەی رزگاری دەبێت کاتێ "لەناو باخچەیەکی خۆش و دڵگیری ئاژەڵدا" لەگەڵ "ئالیسن" یەک دەگرن نەک وەکو دوو مرۆڤ، بگرە وەک "دوو گیانلەبەری تووکن و چکۆلانەی خاوەن مێشکێکی تووکن و پووچ". بەهەرحاڵ، گەمەی "ورچ و سمۆرە" لەوە دەچێت، نەیەتە دی سەبارەت بە دووگیانیبوونی "ئالیسن". لەدایکبوونی منداڵێک، دواجار، ئەڵقەیەکی تۆکمەیە، کە بە واقیعەکەی دەبەستێتەوە و وای لێ دەکات خەیاڵی توخمێکی بەدەر لە توخمی مرۆڤ لە دنیایەکی بەدەر لە دنیای ڕاستەقینە نەکات. ئەمە دەبێت بە بنەمای لۆجیکێکی پێویست بۆ بڕیاری "ئالیسن" سەبارەت بە دوورکەوتنەوە لە "جیمی" و هەروەها بۆ لەبارچوونی منداڵەکە و گەڕانەوە بۆ "جیمی". لەدەستدانی منداڵەکە، ئارەزووی "جیمی" جێبەجێ دەکات وەک لە قسەکەی لە کۆتاییی بەشی یەکەمدا دەردەکەوێت:

جیمی:

ئۆه، ژنە ئازیزەکەم... تۆ هێشتا زۆرت ماوە فێری شت بیت. ئاواتەخوازم ڕۆژێ بێت،

تێ بگەیت و فێر بیت. خۆزگە شتێک ــ شتێکت بەسەر دەهات و... لەو خەوە خۆشە وەئاگا دەهاتیت!

(لێی نزیک دەبێتەوە).

گەر بکرایە و تۆ منداڵێکت بووبوایە... ئەو منداڵەش بمردایە. بەخێوی بکەیت تا گەورە دەبێت... تا دەمەوچاوێکی ئادەمییانە لەو پارچە لاستیکە و لەو چرچ و لۆچە دەخولقێت... دەمەوچاوێک... لەوانی تر نەچێت. (ئالیسن پاشەوپاش لە جیمی دەکشێتەوە.) خۆزیا ئەوسا سەیرم دەکردیت، کە رووبەرووی ئەو کارەساتە دەبوویتەوە. من دەپرسم ئاخۆ ئەوساش دەگۆڕێیت... دەبیت بە مرۆڤێکی تر... جیا. بەڵام من گومانم هەیە و باوەڕ ناکەم.

(ئالیسن، گێژ و سەرسام، لە جیمی دوور دەکەوێتەوە... لە خوارەوە و بەدەستەچەپدا خۆی بەسەر زۆپای گازەکەدا لار دەکاتەوە. جیمی بەحاڵ خۆی بۆ دەگیرێت... بێدەستەڵات و نیگەرانە).

دەزانیت، من هەرگیز ئەو لەزەتە گەورەیەی بەیەکەوە نووستن و دەست لەملانێم نەچەشتووە ئەگەر خۆم ئارەزووم لێ نەبوویێت. ئۆه، مەسەلە ئەوە نییە، کە ئەم ئافرەتە بێ زەوق و هەوەس بێت. بگرە زەوق و هەوەسی ڕەشەمارێکی گەورۆنەی هەیە. هەموو جارێک بە یەک قەپ قووتم دەدات... هەروەک بڵێیت من کەروێشکێکی زۆر قەڵەو و خرپن بم. من ئەوەم. دوومەڵێکم لەسەر ناوکی ئەو ــ گەر حەز دەکەیت بزانی ئەو گرێیە چییە ــ منم. منم بەزیندوویی لەوێ نێژراوم... خەریکە شێت دەبم... من ئەو کۆرپەیەم، کە بەو پەتە نەرمەی ناوکەوە خنکاوم. ئەم ئافرەتە نە دەنگی لێوە دێت... نە دەجووڵێت ــ تۆزە هەڵبەز و دابەزێکیشی نییە. دەشێت بڕوا بکەیت ئەم هەراوهوریا بێ سەروبەرە دەتوانێت ئەم ورگ زل و تێروپڕانە بێنێتە جووڵەجووڵ و هەژان ــ بەڵام هەرگیز ناتوانێت ئەم ژنەی من بهەژێنێت... مەحاڵە.

(بەرەو لای دەرگەکەی سەرەوە مل دەنێت).

ئەم ژنەی من لەسەر جێی خەوتندا: خوا خوایەتی تەڕاییم تێدا نەهێڵێت!

(کۆتایی بەشی یەکەم)

٣

ئەگەر مرۆڤ لە ڕاڕاییەکەی "جیمی پۆرتەر" بە هەموو فۆرمەکانیەوە ورد بێتەوە، تێ دەگات، کە لە بەردەم کارەکتەرێکی شانۆیی هاوشێوەی کارەکتەری "هاملێت"دایە. "ئۆزبۆرن" جۆرە کارەکتەرێکی نوێی هێناوەتە ناوی شانۆی ئینگلیزی، کە پاشخانی کەسایەتی و بنەماڵەکەی لە

پاشخانی کارەکتەرە سەرەکییە شانۆییەکانی پێشتر جیایە. "جیمی پۆرتەر" نموونەیەکە لەو گەنجانەی، کە لە دوای شەڕی جیهانیی دووەمەوە زۆر بەهێز دەردەکەون و سەر بە چینی بۆرژوا نین. ئەم "چینە بچووکە، کە چینێکی رۆشنبیریی خوارووی چینی بۆرژوا بوون، تووڕەیی و بەرهەڵستیکردنیان لە شانۆنامەکەدا رەنگی داوەتەوە" وەکو "دایڤید وات" ئاماژەی بۆ دەکات٨.

ئەگەرچی ئاماژە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بۆ ماوەی چەندان ساڵ لە شانۆنامەکەدا زەق دەکرایەوە، بەڵام دواجار، "جیمی پۆرتەر" هەر لەو چوارچێوە داخراوە مێژووییە، کۆمەڵایەتییەی پەنجاکاندا نەمایەوە، بگرە بوو بە کارەکتەرێک، کە سنووری زەمەنە دیاریکراوەکەی ترازاند و رەنگدانەوەی هەموو زەمەنێکی پێوە دیارە. "شەکسپیر" لە رێگەی کارەکتەرەکانیەوە، لە رێگەی ئەو بینینەی، کە لە کارەکتەرەکانیەوە بەرجەستە کران، بوو بە نووسەرێکی هاوچەرخ. هەمان ئەو بینینەش وا لە شانۆنامەی "بە تووڕەیی..." دەکات لە هەموو سەردەمێکدا زیندوو بێت.

"ستیڤن سپێندەر"(١٩٠٩-١٩٩٥)٩ هەر زوو بەها راستەقینەکەی ئەم شانۆنامەیەی خستە ڕوو. پێوەندییە سۆسیۆلۆجییەکانی شانۆنامەکە یاخۆ دیوە کۆمەڵایەتییەکانی کارەکتەرە سەرەکییەکە نەبوو بە جێگەی بایەخ پێدانی "سپێندەر"، بگرە ئەو پێی وایە، کە شانۆنامەکە زیاتر لە درامایەکی شیعری نزیکە تا لە شانۆنامەیەکی سۆسیۆلۆژی١٠.. ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیری شانۆنامەکە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت، کە "ئۆزبۆرن" بە شێوەیەکی سەرەکی بە تەنگ پێشاندانی دیوی ناوەوەی کارەکتەرەکانە، واتە هەست و جۆش و خرۆش و بارە دەروونییەکانیان. "رۆناڵد هایمان" بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەم ڕاستییە، ئاماژە بە قسەیەکی "ئۆزبۆرن" دەکات، کە دەڵێت، "من دەمەوێ وا لە خەڵک بکەم هەست بکەن، فێریان بکەم چۆن هەست بە شتەکان بکەن. دواجار، هەر بیر دەکەنەوە". وەک چۆن رەخنەگری ئەدەبی ئەمەریکایی نەژاد، پرۆفیسۆر "هارۆڵد بلووم"(١٩٣٠ ) سەبارەت بە شانۆنامەی "هاملێت" دەڵێت" شانۆنامەی "هاملێت" لەبارەی هاملێتەوە، بە هەمان ئاراستەش، بەڵام بە جیاوازی لە دەوروبەرەکە، شانۆنامەی 'بە تووڕەیی... "لەبارەی" جیمی پۆرتەر'ە، چونکە ئێمە لە شانۆنامەکەدا رووبەڕووی شێوەی هەستکردن و باری دەروونی جیمی دەبینەوە"١١. "بلووم" دەڵێت، "ئەو [جیمی پۆرتەر] کەسێکی سەرلێشێواوە، ئازار و ئەشکەنجە دەچێژێت و لەگەڵ هەموو شتێکی دەوروبەری ناکۆکە". بە کورتی دانووڵەی لەگەڵ دەورووبەری خۆی ناکوڵێت. "سیمۆن تروسلەر" بە "پاڵەوانێکی تراجیدیی مۆدێرن و تایبەت" باسی لێوە دەکات، کە "نەک هەر لەگەڵ چارەنووسی خۆی، بگرە لەگەڵ مافە بنچینەییەکانی خۆیشی نابەرابەرە"

لە راستیدا، "جیمی پۆرتەر" هاملێتێکی مۆدێرنە. "کێنێپ تینان"، کە زوو دانی بە سەرکەوتنی ئەم شانۆنامەیە نا، ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆی بە هەندێک شتی هاوبەش کرد لە نێوان کارەکتەری "هاملێت" و "جیمی پۆرتەر"دا کاتێ گوتی "لە دوای هاملێت ـ بەگزادەی دانیمارک ـ جیمی پۆرتەر گەنجێکی گومڕای زۆر شارەزایە"٢١ "جیمی" وەکو "هاملێت" توانای ئەوەی نییە رق و قینە ئەستوورەکەی بەرامبەر بە هێزە خراپەکار و زیانگەیێنەکان بۆ هەڵسەنگاندنێکی دروست و بەجێی

هەلومەرجی دنیا بە گشتی یان بۆ لێهاتوویی خۆی لە دەستنیشانکردندا بگەڕێنێتەوە. لەم بارەیەوە بێ توانایییەکەی، کەموکوڕییەکی ئەخلاقییە و دەشێت، وەک حاڵەتی "هاملێت"، نیشانەیەک بێت بۆ شێتبوون. هەریەک لە "جیمی پۆرتەر" و "هاملێت" نموونەی کارەکتەرێکە، کە لە هەموو سەردەمێکدا بوونی هەیە. ئەوان ئەو دوو مرۆڤەن، کە هەستێک، پشێوییەک لە دەروونەوە دای گرتوون و زیاتر ئەو راستییەیان تێدا بەرجەستە دەبێت، کە لە رواڵەتەوە دەردەکەوێت بەپێی بۆچوونی "تی. ئێس. ئەلیۆت"١٣. بەهەرحاڵ، ئەگەر بە وردی لە سەروبەندی شانۆنامەکە بکۆڵینەوە، دەردەکەوێت، کە هیچ شتێک نییە لەبارەی کارەکتەری "جیمی پۆرتەر" یان "هاملێت"ەوە یاخۆ رەفتارەکانیان بە رادەیەک لێڵ و شاراوە بێت، کە تێگەیشتنی مەحاڵ بێت، چونکە وەکو ئاماژەمان بۆ کرد، هەریەک لەم دوو کارەکتەرە لە هەموو سەردەمێکدا بوونیان هەیە. بەر لەوەی لە دیوە لەیەکچووەکانی ئەم دوو کارەکتەرە ورد بینەوە، با دیوە جیاوازەکانیان دەستنیشان بکەین بەو پێیەی، هەریەکە لەم دوو کارەکتەرە بەرهەمی سەردەمێکی مێژوویی جیاوازە لە ئەوەکەی تر. بەم شێوەیە دەتوانین بنەما هاوبەشەکانی نێوانیان، وەکو مرۆڤ، روونتر ببینین.

"هاملێت" ئەو بەگزادەیەیە، کە هەموو خەون و ئاواتەکانی رێنیسانس و بەها جوانەکانی مەسیحییەتی سەردەمی "شەکسپیر"ی لە ناخی خۆیدا هەڵگرتووە. نووسەر پلە و پایەیەکی کۆمەڵایەتیی بەرز و رەوشتجوانی، هەروەها هەستکردن بە بەرپرسێتی و بە ئاگابوون لە چارەنووسی پاشایەتیی بە کارەکتەری "هاملێت" بەخشیوە. دیارە ئەمەیش خەسڵەتێکە لە زۆربەی پاڵەوانە تراجیدییەکانی "شەکسپیر" بەدی دەکرێت. "هاملێت" کەسێکی تێگەیشتووە. دەزانێت هێزەکانی چاکە و خراپەکاری لەم دنیایەدا چۆن کار دەکەن. بۆیە کاتێک باسی باوکە لەناوچووەکەی و مامی دەکات، کە دوای باوکی دەبێت بە پاشا، وێنەی "هایپەریۆن" و "ساتیر"ی بە خەیاڵدا دێت. "هایپەریۆن" خواوەندێکی کۆنی یۆنانییەکانە هەروەها "ساتیر"، لە ئەفسانەی گریکی، دەعبایەکە نیوەی لەشی مرۆڤ و نیوەکەی تری ئاژەڵە:

پاشایەکی هێندە باش، لە چاو ئەمە [واتە لە چاو مامی]

وەک "هایپەریۆن" بوو لە بەرامبەر "ساتیر"

"هاملێت" داوای لێ دەکرێت تۆڵەی باوکە پایە بەرزەکەی بکاتەوە، بەڵام ئەو وا دەبینێت، کە ئەرکەکەی تەنیا تۆڵەکردنەوەکە نییە، بگرە پاککردنەوەی هەموو جیهانە لە تاوان. "هارۆڵد جێنکینز" لەم بارەیەوە دەڵێت، "ئەرکی هاملێت، ئەگەر بیخەیتە چوارچێوەیەکی فراوانی ئەخلاقییەوە، تەنیا کوشتنی بکوژەکەی باوکی نییە، بگرە بەم کارە دەتوانێت دنیا لە هەموو "ساتیر" ـ دەعبا شەڕانگێزەکان ـ رزگار بکات و بیگەڕێنێتەوە بۆ "هایپەریۆن"ی خواوەند"١٤. بەهەرحاڵ، ئەو کارەکتەرە، کە لە بەرپرسیارێتیی خۆی دەگات و دەیگرێتە ئەستۆ، لە ناخی خۆیدا تۆوی تراجیدیی هەڵگرتووە. خراپەکاری و چەوت و چەوێڵییەکە بە رادەیەک دەبینێت، کە نەک هەر بینینی بۆ کاری چاکە تێک دەشکێنێت، بگرە بڕوایشی پێ نامێنێت. ئەمە وای لێ دەکات لە

دەروونەوە پەست و بێزار بێت. بۆیە نەک هەر لە ژیانی خۆی بێزار دەبێت، بگرە وا دەبینێت، کە هەموو دنیا بۆگەن و ناخۆش و زیانگەیێنە. دنیا بووەتە "تۆپەڵێک هالاوی پیس و پڕ نەخۆشی" وەک لە دیمەنی دووەمی پەردەی دووەمدا دەڵێت. لەم چوارچێوە فراوانەدا، ناپاکیی دایکی دەبێتە ناپاکیی هەموو ژنێک، کە پێوەندیی ئەمی لەگەڵ "ئۆفیلیا" نەک هەر کاڵ دەکاتەوە، بگرە تێکی دەدات. لە ئەنجامدا، "هاملێت" دەبێت بە مرۆڤێکی دڵڕەقی بێبەزەیی. کاتێ لە دیمەنی شانۆگەرییەکەی ناو شانۆنامەکەدا، رقی خۆی بەوپەڕی بێبەزەییەوە بەسەر دایک و مامەکەی دادەبارێنێت، دڵی خۆش دەبێت. "پۆڵۆنیەس" و "رۆزنکراتس" و "گیڵدستێرن" دەکوژێت بێ ئەوەی پەشیمان بێتەوە یا هەست بە ئازاری ویژدان بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، "هاملێت" لای "ئۆفیلیا" هەر ئەو نەجیبزادەیەیە، کە مێشکێکی بلیمەتی هەیە و وەک سەرباز بەهێز و لە ژیرییشا وەک زانا وایە.

لەسەرێکی ترەوە، "جیمی پۆرتەر" ئەو پلە و پایە بەرزە و شێوە رەفتارەی نییە، کە "هاملێت" هەیەتی. ئەو بەرهەمی واقیعی تاڵی دوای شەڕی جیهانیی دووەمە لە ئینگلتەرا، کە تێیدا هەموو پێوەرەکان و بینینەکان دابەزین بۆ ئاستێکی زۆر نزم. نائومێدی و بێزاریی تەواوی کۆمەڵگەی ئینگلیزی گرتەوە. ژیانی "جیمی" یاخۆ کەسایەتییەکەی هیچ دیوێکی قارەمانێتیی نییە. "ئۆزبۆرن" لە روونکردنەوەکانی ناو شانۆنامەکەدا، کە حیوار نین، هەوڵ دەدات "جیمی"، کە دوکانێکی بچووکی شیرینەمەنی بەڕێوە دەبات، لە شوقەیەکی یەک ژووریی پەڕپووتدا وەکو قارەمانێکی دڵڕفێن دەرنەخات. "جیمی" وەکو "ئۆزبۆرن" باسی دەکات "زۆربلێ و دەمشڕە".

جیاوازیی نێوان "هاملێت" و "جیمی پۆرتەر" لەوە گەورەتر نابێت، بەڵام ئەگەر قووڵتر لە سەروبەندی هەردوو کارەکتەرەکە وردبینەوە، بۆمان دەردەکەوێت، کە هەندێک بنەمای هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە. "سامۆیڵ جۆنسۆن" لایەنێکی باشی "شەکسپیر" لەوە دەبینێت، کە "وا دەکات سروشت بەسەر رووداوەکاندا بالادەست بێت و.... ئەگەر کارەکتەرەکە بە تەواوی رابگرێت، ئەوەندە بە تەنگ جیاوازییەکان و زیاتر خستنەسەر و شتە دەرەکییەکان نییە. لە چیرۆکەکەدا پێویستی بە رۆمانییەکان و پاشاکانە، بەڵام تەنیا بیر لە توخمی پیاو دەکاتەوە"١٥. هەر ئەو توخمەیە "هاملێت" لەگەڵ "جیمی پۆرتەر" دەکات بە هاوبیری یەکتر. سەرەڕای ئەو جیاوازییە گەورەیەی لە نێوان پاشخان و هەلومەرجی ئەم دوو کارەکتەرەدا هەیە، هەردووکیان گرفتاری بارێکی هاوشێوەن. ئێمە، کە بۆ یەکەم جار ئاشنای "هاملێت" دەبین، بەدەم بێزارییەوە دەتلێتەوە. ناپاکییەکان زۆر خراپ کاریان تێ کردووە. تا ئەوپەڕ هەست بە نامۆبوون دەکات. کاتێ تارماییی باوکی چیرۆکی کوشتنەکەی و ئەو ساختەبازی و نارەوایییەی بۆ دەکات، کە لەگەڵیدا کراوە و هانی "هاملێت" دەدات بۆ تۆڵەسەندنەوە، "هاملێت" ئەو دنیایە بە لەعنەت دەکات، کە خۆی تێدا لەدایک بووە:

شیرازەی هەلومەرجەکە تێک چووە. دەک بە لەعنەت بێت ئەو دۆخەی

که من هەر بۆ ئەوە لەدایک بوومە تا ڕێکی بخەمەوە.

(پەردەی یەکەم/ دیمەنی پێنجەم)

"جیمی پۆرتەر"یش خۆی لە بارودۆخێکی ئاوا دژواردا دەبینێت. بارودۆخێک، کە شەڕی جیهانیی دووەم هێناویەتییە کایەوە و تیادا شیرازەی شتەکان تێک چووە و هەر چارەسەرێک یاخۆ ڕێکخستنەوەیەک بۆ ئەم هەلومەرجە وەکو شتێکی دەگمەن و نائاسایی دەکەوێتەوە.

"هاملێت" لە ڕێگەی تارماییەکەی باوکییەوە ئاگەدار دەکرێتەوە سەبارەت بە شیمانەی راستکردنەوەی هەلومەرجەکان ئەگەرچی هەندێک جار هەست بە تێکشکان دەکات و هیوا دەخوازێت، کە نەبوایە بە ئامرازی تۆڵەکردنەوە:

من نازانم

بۆ تا ئێستا بۆ ئەوە دەژیم، کە بڵێم "پێویستە ئەو کارە ئەنجام بدەم"

لە کاتێکدا پاڵنەر و ویست و هێز و ڕێگەی ئەنجامدانیم بەدەستەوە.

(پەردەی چوارەم/ دیمەنی چوارەم)

دۆخەکە بۆ "جیمی" بەم شێوەیە نییە. ئەو دووچاری دەستەپاچەیی بووە. هەموو ڕێگەکان بۆ گۆڕانکاری و چارەسەرکردن لە بەردەمیدا داخراون. "جیمی" دژی کولتووری سەردەمەکەی خۆی دەوەستێت. ئەو کولتوورەی، کە لە ڕۆژنامەی یەکشەمووان و نەریتە ئاینییەکاندا بەرجەستە دەبێت و بە بێدەنگییەوە لەگەڵ بەرهەمهێنانی بۆمبی هایدرۆجینی و گەشەپێکردنی، هەروەها لەگەڵ سیاسەتوانە کۆنخوازەکان، کە "چەندین ساڵە خەڵک دەڕووتێننەوە و کەریان دەکەن و لە خشتەیان دەبەن" هاوتەریبە. "جیمی"، کە دەزانێت بۆ گۆڕینی بارودۆخەکە هیچی لەدەست نایەت تا بیکات، زۆر تووڕە دەبێت. ئەم تووڕەییە هیچ لەبارانەبووەی هێندەی تر گەورەتر دەبێت و زیاتر پەستی دەکات کاتێک دەبینێت ئەو خەڵکەی دەوروبەری بە کێشەکان نەشڵەژاون و تەقەی سەریان دێت. دۆخەکە شێت و شبری دەکات.

"کلیف" بۆ "جیمی" وەکو "هۆراشیۆ" وایە بۆ "هاملێت". هەردووکیان، واتە "جیمی" و "کلیف" لە چینی کرێکارن، بەڵام "کلیف" زیاتر جڵەوی بۆ دنیا شل کردووە و پشتی لێ کردووەتەوە. کەمتر هەڵچوونی پێوە دیارە. ڕۆڵەکە لە شانۆنامەکەدا تەنیا ناوبژیکردن نییە لە نێوان "جیمی" و "ئالیسن"، بگرە دەرخستن و ڕوونکردنەوەی کارەکتەری "جیمی"یە. بۆ نموونە، ئەگەر لەگەڵ "جیمی" بەراوردی بکەین، "جیمی" وەکو کەسێک دەردەکەوێت، کە خۆی بە زلتر و بە باشتر دەزانێت لە خەڵکی تر و تەنانەت لە خەڵکی ڕەشووڕووتیشەوە، سەبارەت بەوەی لە زانکۆ خوێندنداوویەتی، ڕۆژنامە دەکڕێت، خولیای مۆسیقایە، وکو مۆسیقای جاز و "ڤۆن ویلیامز". لە پەردەی یەکەمی شانۆنامەکەدا دەڵێت:

"جا من ئیشوکارم نییە بچم بەدیار ئەو پیاوە رووتە و پووتانەوە دابنیشم، کە شەوانی یەکشەمووان ڕیزی پێشەوەی سینەما دەگرن، بەدەستی خۆم زەوقی خۆم تێک بدەم"

گوتمان "جیمی" بە سووکییەوە سەیری "کلیف" دەکات و ریسوایشی دەکات، بەڵام لە "ئالیسن" تووڕەیە، ئەو "ئالیسن"ی خۆش دەوێت و هاوسەریەتی. بۆیە ناتوانێت ببەخشێت کاتێ بینینی "ئالیسن" لەگەڵ بینینی "جیمی" هاوتەریب نییە، جا لەبارەی بارودۆخەکە بێت یاخۆ لەبارەی هەڵوێستی بێزاری و نارەزاییی "جیمی"یەوە بێت بەرامبەر بە کڵێسای ئەنگلیکانی. "جیمی"، وەکو کوڕێکی هەرزەی تەمەن دەساڵان، لە بنەماڵەیەکی سەر بە چینی کرێکاران، بە دیار باوکییەوە بوو لە سەرەمەرگدا. ئەم پێوەندییە تایبەتییەی باوک و کوڕ هاوتەریبە لەگەڵ پێوەندییەکەی "هاملێت" بە باوکییەوە. ئازار و ئەشکەنجە و بێئومێدی هەر لە منداڵییەوە "جیمی" "فێر دەکات تووڕە بوون و دەستەپاچەیی چییە". لەباری کۆمەڵایەتییەوە، "ئالیسن" هیچ پێوەندییەکی بە "جیمی"یەوە نییە. ئەو هەر بۆ ئەوە شووی بە "جیمی" کردووە تا لەو بارودۆخە خراپەی ناو خێزانەکەی رزگار بێت. کاتێ بۆ یەکەم جار چاوی بە "جیمی" دەکەوێت، ئەندامانی خێزان و هاوڕێکانی "ئالیسن" بەوە رازی نابن، کە شوو بە کەسێکی "ئاوا سەیر" بکات، بەڵام "ئالیسن لەبەر ئەو هۆکارە شووی پێ دەکات، کە لای "هیلینا" باسی لێوە دەکات:

"دەتوت هەموو شتێ لە جیمیدا شەوق و رووناکیی دەدایەوە، دەموچاوی، قژە بە بریسک و باقەکەی پرشنگیان دەباراند. چاوەکانی زۆر شین بوون و وەکو خۆر گەش و بە شەوق بوون. ئەگەرچی چرچ و لۆچی ماندوویێتی بەدەم و لێویەوە دیاربوو، بەڵام تا بڵێی گەنج و ناسک دەهاتە بەرچاو... هات و هاواری تووڕەیی و حەپەسان لەناو خێزانەکەی ئێمەدا بەرز بووەوە، بەڵام لە ئەنجامدا سەری گرت. ئەگەر منی خۆشویستبێت یا نا... مەسەلەکە وا کەوتەوە. جیمی بڕیاری خۆی دا کە بمخوازێ. دایک و باوکیشم هەموو هەوڵێکیان دا ئەم کارە سەرنەگرێت"

(پەردەی دووەم/ دیمەنی یەکەم)

بەهەرحاڵ، دوای ئەوەی دەبن بە هاوسەر، هەریەکەیان لەسەر پێوەندییەکان و بیروباوەڕەکانی خۆیدا بەردەوام دەبێت. "جیمی" پێی ناخۆشە، کە "ئالیسن" پێوەندیی لەگەڵ دایک و باوکییەوە هەیە، چونکە ئەوان بە ئاشکرا ڕقیان لە "جیمی"یە. بێجگە لەمەش، "ئالیسن" هاوڕێیەتیی "هێلینا"ی لا باشترە، کە لەگەڵیدا دەچێت بۆ کڵێسا لەوەی هاوسۆزیی لەگەڵ "جیمی" پێشان بدات سەبارەت بە مردنی باوکی یەکێک لە هاوڕێکانی، کە هەردەم لەگەڵ "جیمی" باش بوونە:

تۆ گوڵیشت بۆ ئەو پرسەیە نەنارد، تەنانەت چەپکێ گوڵی چکۆلانەش. بە پێویستت

زانی لەمەشیان گوێ بە خواستی من نەدەیت. وانییە؟

(پەردەی دووەم/ دیمەنی دووەم)

بۆشاییە گەورەکەی نێوان "جیمی" و "ئالیسن" هەر بە گەورەیی دەمێنێتەوە تەنانەت لە دەرەوەی ئەو ململانێ چینایەتییەی، کە لە پەنجاکاندا جێگەی بایەخ پێدان بووە. ئەمەیش ڕێگە بۆ ناکۆکییەکان خۆشتر دەکات. دیارە "جیمی" مرۆڤێکی هەستیار و ئایدیالیستە، پێی وایە شتەکان بەهاکانی خۆیانیان لەدەست داوە و جیهان ئاراستەیەکی هەڵەی گرتووە. لە بەرامبەر ئەمەیشدا، "ئالیسن" بێ هەستە و سەرسەختە و گوێ بە هیچ نادات. ئێمە هەر لە سەرەتای شانۆنامەکەدا دەبینین، کە "جیمی" بە توندی هێرش دەکات بۆ سەر هەموو کەسێک بۆ ئەوەی لانی کەم "بوون"ی خۆی بسەلمێنێت. کەواتە پیاوێکی بە کردوکۆشە و دەیەوێت بۆ گۆڕینی بارودۆخە ناهەموارەکە رەفتار بکات، بەڵام ڕووبەڕووی دەستەپاچەیی دێتەوە. بەواتایەکی تر، وەکو "هێلینا" بە "ئالیسن" دەڵێت، "جیمی" لە سەردەمێکی هەڵەدا لەدایک بووە، سەردەمێک، کە مرۆڤی ئایدیالیستی وەکو "جیمی" هیچ بوارێکی پێ نادرێت تا رەفتار بکات. بۆیە لە دەستەپاچەیی خۆیدا دەتلێتەوە و هیچی لەباردا نابێت:

هێلینا:

ئاخۆ دەزانی لەم دواییەدا زانیم نەگبەتیی "جیمی" لە چیدایە؟ مەسەلەکە زۆر ئاشکرایە. ئەم کابرایە لە سەردەمی خۆیدا لەدایک نەبووە.

ئالیسن:

بەڵێ، دەزانم.

هێلینا:

لەمەودوا جێگەی پیاوی وا نابێتەوە، نە لەنێو دنیای سێکسدا، نە لە مەیدانی ڕامیاریدا و نە لە هیچ بوارێکی تردا. بۆیە، ئەو کەڵکی نەماوە و خەریکی شتی قۆڕە...

(پەردەی دووەم/ دیمەنی دووەم)

کەواتە "جیمی" بۆی بڕاوەتەوە، کە دەبێ بێئومێد و لە دنیا بێزار بێت. لەسەرێکی ترەوە، ئەگەر ئێمە بەدوای لێکدانەوەیەکی ورد و بەجێدا بگەڕێین بۆ ناکۆکییەکانی "جیمی" لەگەڵ خەڵک و شتەکاندا، ڕەنگە تووشی هەندێک کۆسپ بێین سەبارەت بە پێکهاتەی ئەم کارەکتەرە، کە بریتییە لە کۆمەڵێ ئاراستەی پێچەوانە و ناکۆک. مرۆڤ هەندێک جار لەوە دڵنیا نییە، کە ئاخۆ تووڕەبوونەکەی "جیمی" لە "ئالیسن" لە روانگەی ئارەزوویەکی راستەقینەوە سەرچاوەی گرتووە بۆ رزگارکردنی "ئالیسن" یان ئەمە تەنیا دیوی دەرەوەیە و لە پشت ئەمەوە ئارەزوویەکی بەهێز هەیە

بۆ دەسەڵات بەسەردا سەپاندن. ئامانجەکانی ناکۆکن: لە کاتێکدا هێرش دەکاتە سەر "کلیف" لەبەرئەوەی رۆژنامەی "نیو ستەیتس مان" ناخوێنەێتەوە، لە هەمان کاتدا هێرشی دەکاتە سەر لەبەرئەوەی ئەو رۆژنامەیە دەخوێنێتەوە. لێرەدا لەیەکچوونێک هەیە لە نێوان "هاملێت" و "جیمی". مرۆڤ زۆرجار هەست و کردەوە (سستەکانی) "هاملێت"ی بۆ روون نییە. "بێرت. ئۆ. ستەیتس" لە لێکۆڵینەوەیەکیدا لەبارەی "هاملێت"ەوە دەڵێت، "ئێمە نابێت بەدوای شتێکدا بگەڕێین، کە پێوەندییەکی بابەتییانەی بە لێکدانەوەی پاڵنەرەکانی هاملێتەوە هەبێت، بگرە پێویستە بە دوای ئەو دیوە ئیستاتیکییانەدا بگەڕێین، کە پێوەندییان بە پاڵنەرەکانی شەکسپیرەوە هەیە" ١٦ بە هەمان شێوە، ئێمە پێویستە تووڕەییەکەی "جیمی" لە روانگەی خەڵک و هەلومەرجە سیاسی و ئاینی و کۆمەڵایەتییەکانی دەوروبەری ئەو لێک نەدەینەوە. مرۆڤ باشتر لە رەفتار و هەڵسوکەوتەکانی "جیمی" دەگات ئەگەر لەو روانگەیەوە سەیری بکەین، کە "ئۆزبۆرن" خەسڵەتەکانی هاوشێوەی کارەکتەری "هاملێت"ی پێ داوە.

وەکو "هاملێت"، نابێت کارەکتەری "جیمی پۆرتەر" هەڵسەنگێنین یا ریسوا بکەین لە روانگەی کردار و رەفتارە ناشیرینەکان و قسە رەقەکانی بەرامبەر بە کارەکتەرەکانی تر. با سەیرێکی ژن بکەین لە ژیانی ئەم دوو کارەکتەرە: هەردووکیان بە تەواوی دڵڕەقن بەرامبەر بە ژنەکان. "جیمی"، دوای ئەوەی بێبەزەییانە گاڵتە بە "ئالیسن" دەکات و هەڕەشەی لێ دەکات، چونکە دەیەوێت لەگەڵ "هێلینا" بچێت بۆ کڵێسا، دەڵێت:

"ڕەنگە ڕۆژێ لە ڕۆژان بتەوێ بگەڕێیتەوە لام. من چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەم. حەز دەکەم لەناو فرمێسکەکانتدا بوەستم و شڵپەیان پێ بکەم و گۆرانی بڵێم. پێم خۆشە لەوێ بم و بتبینم چۆن خۆت بەسەر دەمدا رادەکێشیت. حەز دەکەم لەوێ بم و سەیرت بکەم. پێم خۆشە لە ریزی پێشەوە بم.

(هێلینا دێتە ژوورێ دوو کتێبی نوێژی بەدەستەوەیە)

دەمەوێ دەموچاوت ببینم چۆن لە قوڕ وەرداوە. ئەمە هەموو هیوا و ئاواتی منە. ئیتر هیچ ئاواتێکی ترم نییە"

(پەردەی دووەم/ دیمەنی یەکەم)

دواتر، کە "هێلینا" بە "جیمی" دەڵێت، کە ژنەکەی بە ئومێدی منداڵبوونە، "جیمی" خۆی دڵڕەق و بەدڕەوشت دەردەخات:

"... تۆ بە ڕاستی چاوەڕوانت دەکرد من بە دڵتەنگییەوە بە چۆکدا بچم و بەپەشیمانییەوە شکست ببەم!

(لە هێلینا نزیک دەبێتەوە.)

گوێ بگرە... ئەگەر واز لە پەند و ئامۆژگاریی ژنانەت بێنیت، شتێکت پێ دەڵێم:

بەلامەوە گرینگ نییە

(هێمنتر دەدوێ)

بەلامەوە گرینگ نییە گەر ئەو منداڵە دوو سەری هەبێت!

(جیمی دەزانێ هێلینا پەنجەکانی دەخورێن)

وام کرد قێزت بێتەوە؟"

ئەگەرچی مەبەست لە تووڕەبوونەکەی "جیمی" هێرشبردنە بۆ سەر "ئالیسن"، بەڵام ژنەکانی تریش، وەکو "هێلینا" و دایکی "ئالیسن" بەدەر نین لەم هێرشکردنە سەرە. لە راستیدا ئەو بیرۆکەی، کە "هاملێت" لە دیمەنی یەکەمی پەردەی دووەمدا دەری دەبڕێت سەبارەت بە ژن، کاتێ دەڵێت: "ئەی لاوازیی فریوخواردوو! تۆ ناوت ژنە" و سەرزەنشتی هەموو ژن دەکات، هەمان ئەو بیرۆکەیە لای "جیمی"یش هەیە کاتێ دەڵێت:

"کە تۆ ژنێک بەرامبەر ئاوێنەی ژووری نووستن دەبینیت، هەست دەکەیت چ قەسابێکی پاکوتەمیزە... جارێکیان لە ژوورێکدا دەژیام... دوو کچیش لە باڵەخانەکەی سەرەوە بوون. ئەو دوو کچە زۆڵانە بە شەو بە رۆژ هەرچی شتێکی نابەجێیان کردبا، دەتبیست... دەرگەیان بە توندی دادەخست، پاژنەی بەرزیان بە قایم لە زەوی دەکوتا. هەر مەنجەڵ یا ئامێرێکی ئاسن، کە بەکاریان دەهێنا، تەقەتەقیان پێ دەکردن، بەزم و رەزمی گەرم و نەبڕاوەی ئافرەت"

(پەردەی یەکەم)

بەهەمان شێوە، دڵڕەقیی "هاملێت" بەرامبەر بە "ئۆفیلیا"، بە تایبەتی کە باسی خەڵوەتگەی ژنان دەکات، تەنیا "ئۆفیلیا" ناگرێتەوە، بگرە هەموو ژنێک دەگرێتەوە:

"برۆ بۆ خەڵوەتگەیەکی ژنان. بۆ نابیت بە بەخێوکەری گوناهباران؟... من زۆرم لەبارەی رووکەشکاریی ئێوە بیستووە. خوا دەموچاوێکی بە ئێوە داوە، کەچی ئێوە خۆتان دەکەن بە یەکێکی تر. سەما دەکەن. بە لەنجەولار دەڕۆن و بە پسەپس دەدوێن. ناو و ناتۆرە لەوانە دەنێن، کە خوا دروستی کردوون و خۆتان لە ئاڵووش و داوێنپیسیتان بێ ئاگا دەردەخەن. برۆ، من چیی تر رێگە بەم قسانە نادەم. منیان شێت کرد. دەڵێم جارێکی تر هیچ زەماوەندێک نابینین"

(پەردەی سێیەم/ دیمەنی یەکەم)

بەهەرحاڵ "جیمی"، بە پێچەوانەی "هاملێت" دەزانێت ـ ئەگەرچی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ـ کە هێرشکردنە سەر هەموو ژنێک لە ئەنجامی بێئومێدییەکەیەتی لە نەگەیشتن بە ئاواتە بەرزەکانی:

"هیچ ئامانجێکی دروست و بەجێ نەماوە... نەخێر گیانە، هیچ شتێ نەماوەتەوە، تەنیا ئەوە نەبێ، خۆت بدەیتە دەست ژنان تا بە دڕندانە بتکوژن"

(پەردەی سێیەم/ دیمەنی یەکەم)

سەرکەوتنی هونەر لەوەدایە، کە سەرەڕای ئەوەی هەریەک لە "هاملێت" و "جیمی پۆرتەر" لە دنیای ناو خەیاڵی خۆیاندا بە شێوازی جیاجیا جڵەو بۆ ڕەفتاری ناپەسند شل دەکەن، کەچی نەک هەر بینەر یا خوێنەر لە کارەکتەرەکانیان دەگەن و هاوسۆز دەبن لەگەڵیان، بگرە و ڕێز و خۆشەویستی ئەو ژنانەیش، کە بە ئاشکرا ڕەفتاری خراپیان لە بەرامبەردا دەکەن، بەدەست دێنن، وەکو "ئۆفیلیا"، "ئالیسن" هەروەها "هێلینا". لە بەرامبەر بێبەزەییێتیی "هاملێت"، "ئۆفیلیا"، دوور لە هەموو گلەیی لێکردنێک داخ و خەفەت بۆ تێکچوونی مێشکی ئەو مرۆڤە بەرزە دەخوات:

"ئۆه، ئەوە چ مێشکێکی بلیمەتە، رووخاوە!

زمانی راوێژکاری پاشا و شمشێری سەرباز و بینینی زانایان،

... ئاوێنەی رەفتاری جوان و داڕێژگەی فۆرمی لەش،

جێی سەرنجی سەرنجدەران، بە تەواوی، بە تەواوی رووخاوە!"

(پەردەی سێیەم/ دیمەنی یەکەم)

"هاملێت" لە دیمەنی گۆڕهەڵکەنەکان، خۆشەویستیی خۆی بۆ "ئۆفیلیا" دووپات دەکاتەوە:

"من ئۆفیلیام خۆش دەویست، چل هەزار برا

بە هەموو خۆشەویستیی خۆیانەوە،

ناتوانن هێندەی من ئەویان خۆش بوێت."

(پەردەی پێنجەم/ دیمەنی یەکەم)

هەڵبەت ئێمە دەزانین قسەکەی "هاملێت" ڕاستە تەنانەت ئەگەر ڕەفتارەکانی لە شانۆنامەکەدا پشتگیری لە بۆچوونێکی پێچەوانەی ئەم قسانەی بێت.

لە حاڵەتی "جیمی پۆرتەر"دا، ئێمە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، لە ڕێگەی "کلیف"، "هێلینا"، "ئالیسن"، تەنانەت "کۆلۆنێل ڕێدفرێن"ی باوکی "ئالیسن"یش، کە دەڵێت " هەڵبەت جیمیی بەڕێز و دڵپاکە، هەرچییەکی تر بێت"، بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەو بەڕاستی خۆشەویستە. بێجگە لەمەش، خۆیشی "ئالیسن"ی خۆش دەوێت. لە پەردەی یەکەمی شانۆنامەکەدا، "کلیف" بە "ئالیسن" دەڵێت:

"دواجار، ئەو [جیمی] تۆی خۆشدەوێ. وابزانم پێویست ناکا من ئەو ڕاستییەت پێ بڵێم"

ئەو کاتەی "جیمی" و "ئالیسن" بۆ یەکەم جار لەسەر تەختەی شانۆدا بە تەنیان، وەکو دوو عاشق دەکەونە بەرچاو بەتایبەتی کاتێ "جیمی" پێی دەڵێت:

"ساتێک ناڕوات بێ ئەوەی سەیری تۆ نەکەم و ئارەزووت نەکەم. پێویست بوو بە هەر شێوەیەک بێت سەرزەنشتت بکەم. ئاخر ئەوە بۆ چوار ساڵ دەچێت من و تۆ لەم ژوورەدا، بە شەو و بە ڕۆژ بەیەکەوەین و کەچی تا ئێستاش، کاتێ دەتبینم، کارێک دەکەیت، کارێکی ئاسایی لە شێوەی خۆچەماندنەوە بەسەر مێزی ئوتووکردندا، بە دەست خۆم نییە خەفەتت بۆ دەخۆم"

(پەردەی یەکەم)

شتێکی سەیر نییە، کە دەبینین "ئالیسن" لە بەردەم خۆشەویستییەکەی "جیمی" هەست دەکات، کە "هەموو شتێ خەریکە بچێتەوە شوێنی شایستەی خۆی"، تەنانەت "هێلینا"، ئەو ژنەی، کە "دەسەڵاتی زاڵی دایکانەی هەیە "و بە شێوەیەک ڕەفتار دەکات، کە "مایەی هێز و ڕێز و سەرسامییە" و یەکێکە لە " دوژمنە ڕاستەقینەکانی" ئەو، بە "جیمی"یەوە سەرسام دەبێت و بە ویستی خۆی دەبێتە دۆستی و شوێنی "ئالیسن" دەگرێتەوە. کاتێ "ئالیسن" لە دوای منداڵ لەبارچوونەکەدا، دەگەڕێتەوە بۆ لای "جیمی"، "هێلینا" ئەو بەجێ دێڵێت، بەڵام پێش ئەمە، لە دیمەنی دووەمی پەردەی سێیەمدا بە "جیمی" دەڵێت: " بەڵام جیمی من بەڕاستی خۆشم ویستی. هیچ کاتێک کەسێکی ترم ئەوەندەی تۆ خۆش ناوێت"

کەواتە، "جیمی" لە بنەڕەتدا کەسێکی چاکە، کارەکتەرێکی هەستیار و ئایدیالیستە. بەدوای ئاواتە بەرزەکانیەتی، بەڵام ڕەوشت و تایبەتمەندێتییە کەسایەتییەکەی و هەلومەرجەکانی دەوروبەری وای لێ دەکەن ببێت بە کەسێکی دەمشڕی قسەڕەق و بێ نەزاکەت. دوور نییە "ئۆزبۆرن" نەخشەی شانۆنامەکەی وا داڕشتبێت، کە بە هەموو واقیعی ئەم کارەکتەرەدا بچێت، کە کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندێتیی جیاواز و ناکۆکی لەخۆ گرتووە. لە دەستپێکی شانۆنامەکەدا، "ئۆزبۆرن" بەم شێوەیە باسی "جیمی پۆرتەر" دەکات:

"جیمی مرۆڤێکی ئاڵۆزە، تێکەڵاوێکە لە دڵسۆزی و ڕق و کینەیەکی ئومێدئامێز، لە ڕووخۆشی و بێبەزێتیی تاڵانکەر، لە نائاسوودەیی و بێزاری لەگەڵ ئەوپەڕی لووتبەرزی. تێکەڵاوێکە، کە دڵی مرۆڤی هۆشیار و بێ مێشک وەکو یەک دەڕەنجێنێت. خەڵک زۆر کەم هاوڕێیەتیی ڕاستگۆیی ڕووکەش یاخۆ ئەو ڕاستگۆییە دەکەن، کە بە سووکەوە سەیری خەڵک دەکات، وەک ئەوەی جیمی. ئەو هەستیارییەی جیمی، بۆ زۆربەی خەڵک، دەچێتە ئاستی ڕەفتارێکی ناشیرین و کرچ و کاڵ. هەندێکیش بە زۆربڵێیەکی دەمشڕی دەزانن و هیچی تر "کە مرۆڤ وەک جیمی توندوتیژ بێت، مانای ئەوەیە خۆی بە هیچ لایەکدا ساغ ناکاتەوە"

کە ڕووداوەکان بەرە بەرە پێش دەکەون، خەسڵەتە دژەکان لە کەسایەتیی "جیمی" ڕوونتر دەردەکەون و ئەگەرچی دیوە نێگەتیڤەکانی بۆ ئیمەی بینەر یا خوێنەر زیاتر پێشان دەدرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەی "ئۆزبۆرن" لە کۆتایی شانۆنامەکەدا بە لێهاتووییەوە بە ئەنجامی دەگەیەنێت،

ئەوەیە، کە دیوە پۆزەتیڤەکانی کارەکتەری "جیمی پۆرتەر" بە درێژاییی شانۆنامەکەدا بۆ ئێمە ڕوون بووەتەوە، ئەگەرچی بە ڕادەیەکی کەم هەستی پێ دەکرێت. کارەکتەرەکانی تری ناو شانۆنامەکە بەرە بەرە لە کەسایەتییەکەی "جیمی پۆرتەر" دەگەن و لەگەڵ تەنگوچەڵەمەی ناو دنیای "جیمی" هاوسۆز دەبن بە ڕادەیەک، کە "جیمی" و "ئالیسن" لە دیمەنی کۆتاییی شانۆنامەکەدا لە گەمەی "ورچ و سمۆرە"کەدا یەک دەگرنەوە، چونکە هەردووکیان زیاتر ئاشنای خۆیان و ئەو دنیایە دەبن، کە تێیدا دەژین. بۆیە "ئالیسن" لە کۆتاییی شانۆنامەکەدا ددانی پێدا دەنێت، کە ئەو بەهەڵەدا چووبوو:

"من تاوانبارم. چیی تر نامەوێ دوورەپەرێز بوەستم و تێکەڵی هیچ نەبم...

لێرەدا "جیمی"یش داوا لە "ئالیسن" دەکات نەهێڵێت نینۆکەکانی درێژ ببنەوە، چونکە ئەو، واتە "جیمی" "ورچێکی بلّح و بەد و هەڵەشە[یە]".

بەم شێوەیە، شانۆنامەکە لە کەشێکی لە یەکترتێگەیشتن و قبووڵکردن و ئاشتبوونەوە کۆتاییی پێ دێت. "جیمی" و "ئالیسۆن" لە پێویستیی قبووڵکردنی دنیاکە سەرەڕای کەموکورتییەکانی دەگەن، هەروەک لەوەش دەگەن، کە خۆشەویستی چەندە گرینگە بۆ ژیانی ئەوان.

پەراوێزەکان:

١. بڕوانە لاپەڕە ٦٦ لە:

John Osborne, "That Awful Museum," in John Russell Taylor, John Osborne, Look Back in Anger: A Casebook (London,1986)

٢. بڕوانە:

Tynan, Kenneth. "The Voice of the Young," The Observer (13 May 1956)

٣. بوڕانە:

Browne, Terry W."A discussion of Look Back in Anger." Drama for Students. Detroit: Gale. Literature Resources from Gale, 2010.

٤. لاپەڕە ٥١ لە:

Simon Trussler, The Plays of John Osborne (London,1969)

٥ . لاپەڕە ١٦٧ لە:

Michael Billington, The Modern Actor (London, 1973)

٦ . بڕوانە لاپەڕە158ـ ١٧٠ لە:

JeanPaul Sartre, Sartre on Theatre,ed. Michel Contat and Michel Rybalka, translated by, Frank Jellinek (New York, 1976)

٧ . pusey پووزی" نازناوی پیاوێکی ئینگلیزییە.

٨ . لاپەڕە ٢٤ ـ ٢٠ لە:

Watt, David. "Class Report", Encore, September 1957.

٩ . "ستیڤن سپێندەر"(٥٩٩٩٠٩) شاعیر و نووسەر و ڕماننووسی ئینگلزییە. ناعەدالەتی کۆمەلایەتی و و ململانێی چینایەتی بابەتی سەرەکی بەرهەمەکانی بوون.

١٠ . لاپەڕە ٧١ لە:

Spender, Stephen. "Notes From a Diary", Encounter (August 1956)

١١ . لاپەڕە ٩٠ لە:

Bloom, Harold, Ed. Modern Critical Interpretations: Hamlet. New York: Chelsesa Publishers, 1986.

١٢ . بڕوانە:

Tynan, Kenneth. "The Voice of the Young," The Observer (13 May 1956)

١٣. بڕوانە لاپەڕە ١٤٥ لە:

Eliot. T. S. Selected Essays. London: Faber, 1932.

١٤ . لاپەڕە ١٣٠ ـ ١٣١ لە:

Jenkins, Harold. Ed. HamlEt. London: Methyen, 1982

١٥ . لاپەڕە ١٥ لە:

Johnson, Samuel. Johnsn on Shakespeare. Ed. Walter Raleigh, Oxford: Oxford University Press, 1916

١٦ . لاپەڕە ٢٥٠ لە:

States, Bert O. "The world pictures in Hamlet" Hudson Review (Autumn 1973)

سەرنج:

* دەقەکانی تایبەت بە شانۆنامەی "بەتووڕەیی ئاوڕ لە ڕابردوو بدەرەوە" بە کەمێک دەسکارییەوە هەر لەو شانۆنامەیە وەرگیراوە، کە شێرزاد حەسەن لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوە.

* دەقەکانی تایبەت بە شانۆنامەی "هاملێت" بە کەمێک دەسکارییەوە هەر لەو شانۆنامەیە وەرگیراوە، کە د. ئازاد حەمەشەریف وەریگێڕاوە و لە زنجیرەی شانۆی بیانی دەزگای ئاراس ژمارە ١٩ی پێ دراوە.



دیمەنێک لە شانۆنامەی بەتورەیی ئاوڕ لە ڕابردوو بدەرەوە
کە تێدا ڕیچارد بێرتۆن ڕۆڵی جیمی و "کلێر بلووم ڕۆڵی ئالیسن دەبینن



دیمەنێک لە شانۆنامەی بەتورەیی ئاوڕ لە ڕابردوو بدەرەوە



جۆن ئۆزبۆرن



ولیەم شەکسپیر



دیمەنێک لە شانۆنامەی هەملێت کە تێیدا
لۆرانس ئۆلیڤەر رۆڵی هەملێت دەبینێت



دیمەنێک لە شانۆنامەی هەملێت

# تاسەی پەرۆش لە زانینی هێمای نووسینەکان

## "شـوق المسـتهام فـي معـرفـة رمـوز الاقـلام"

ئیبن وەحشییەی نەبەتی

١ لە ٢

### پێشەکیی وەرگێڕ

دوای ئەوەی بۆ یەکەم جار، ئەم کتێبە: تاسەی پەرۆش لە زانینی هێمای خەتەکان " شوق المستهام فی معرفە رموزالاقلام"ی "ئەحمەدی کوڕی ئەبو بەکری کوڕی وەحشییەی نەبەتی،" لەلایەن "یوسف هامەر"ی ڕۆهەڵاتناسی نەمساوییەوە ساڵی (١٨٠٦) لە ئەڵمانیا بڵاو کراوەتەوە، "حوسێن حوزنی موکریانی" لە لاپەڕە (٢- ٥)ی ژمارە / ١٨)ی ساڵی یەکەم-ی، چوارشەم (١٦ی شەوالی ١٣٤٧ی کۆچی = ١٩٢٩ی زاین)ی (زاری کرمانجی)دا باسی ئەم کتێبە و خەتە کوردییەکەی ناو کتێبەکەی کردووە و وێنەی خەتەکەشی داناوە کە ئەمەی خوارەوەیە دەیبینن:



................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

دەستخەتە کوردییەکە

وەک لە "زاری کرمانجی"دا بڵاو کراوەتەوە

ساڵی ٢٥٧٣ی کوردی (١٩٦١ی زاین)، مامۆستا "گیوی موکریانی"، "فەرهەنگی مەهاباد"ی بڵاو کردەوە، ئاماژەی بۆ ئەم کتێبەی "شوق ئەلموستەهام فی مەعریفەتی ڕمووز ئەلئەقلام"ە دا.

مامۆستا گیو لە لاپەڕە (٧٧١ – ٧٧٢)ی ئەم فەرهەنگەدا، وێنەی نموونەی خەتەکەی داناوە و لە ژێریاندا نووسیویەتی و دەڵێ: " ئەحمەدی کوڕی وەحشییەی نەبەتی لە یادگارەکەی خۆیدا کە ناوی "شوق المستهام في معرفة رموز الاقلام"ە، کە لە (٢٤١) ی هیجریدا نووسیویەتەوە لە بابەت ئەو ئەلفوبێ کوردییەی سەرەوەدا دەڵێ: .......تاد ". مامۆستا گیو قسەکانی ئیبن وەحشییەی دووبارە کردووەتەوە، کە من ئەوانەم هێشتەوە تا لە کتێبەکەدا لە شوێنی خۆیدا وەریان دەگێڕم و دەیانخەمە پێش چاوان.

کەچی هەندێک لە لاوە ڕۆشنبیرەکانی ئەوسا کە پێیان خۆش بووە گومان بخەنە سەر هەموو کارێک کە لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورددا بووە، ڕەخنەی توندی مەیلەو گاڵتەجاڕییان ئاراستەی ئەم بابەتە کردووە. دە پازدە ساڵ پتری بەسەردا ڕەت بوو، کتێبەکە لە وڵاتە دراوسێکاندا بە توێژینەوەوە پەیدا بوو، کە هەروەها دیارە تا ئەوسا هێشتا بەوە نەزانراوە پێشتر لە ١٩٠٨دا بە وەرگێڕانێکی ئینگلیزییەوە لەلایەن یوسف هاممەر– ی ڕۆژهەڵاتناسی نەمساییەوە بڵاو کراوەتەوە.

بەهەرحاڵ دواتر نموونەی ئەو خەتە کوردییەی لەو کتێبەدایە کە " ئیبن وەحشییەی نەبەتی لە ٢٤١ی کۆچیدا نووسیوە کەوتە نێوان و پێشڕەوایەتیی مامۆستایان حوزنی و گیو لەم بوارەدا دەرکەوت. بەڵام ئەوەی جێی داخە ئەوەیە، تا کتێبەکە لە وڵاتە عەرەبییەکاندا بڵاو نەکرایەوە، لەلای گەلێک کەسی لای خۆمانەوە دانی پێدا نەنرا. وەک بڵێی پەیڕەویی ئەو پەندە عەرەبییە بکەن کە دەڵێ: "مطرب الحي لايطرب"، واتە: دەنگی گۆرانیبێژی گەڕەکی خۆمان نامانخاتە جۆش.

*

بۆ ئێمەی کورد گەلێک کتێب و سەرچاوە هەیە پێویستن وەربگێڕێنە سەر زمانی کوردی، مەبەستم ئەوەیە بڵێم هەریەک لەو کتێبانە هەر هەمووی وەربگێڕدرێ، نەک وەک گەلێک جار کردوومانە، ئەو بەشەی یا ئەو بەشانەی پێوەندییان بە کوردەوە هەیە بکەینە کوردی، مەبەستم ئەوەیە ئەو سەرچاوانە وەک خۆیان (وەک سەرچاوە، کە بەش ناکرێن) بکەینە کوردی و بناغەیەکی پتەو بۆ لێکۆڵینەوە زانستییەکانی داهاتوومان ئامادە بکەین.

من لێرەدا، ئەگەرچی کتێبەکە وەردەگێڕمە سەر زمانی کوردی، هیوادارم لە دەرفەتێکی لەبارتردا بە توێژینەوەیەکی زانستییانەی تێروتەسەل بڵاوی بکەمەوە.

وەرگێڕی کوردی

کەرکووک / کانوونی یەکەمی ٢٠١٢

لاپەڕەی یەکەمی



الحمد لله وكفى وسلام على عباده الذين اصطفى آمين

وبعد فانه لما سألني من لو ترك دعوته . ان اجمع له اصول

الاقلام التي تداولتها الامم الماضيه من الفضلا والحكما السالفين .

والفلاسفه العارفين . مما رمزوا بها كتبهم وعلومهم ليستفيد بالطالبين

والراغبين للعلوم الحكميه والاسرار الربانيه ذاكرا القلم القديم كل قلم منه

المشهور . وشرح حروفه بالقلم العربي تحته بالمداد لامتياز

عن الآخر ورتبته على ابواب وسميته شوق المستهام في معرفة

رموز الاقلام . وبالله المستعان

دەستنووسێکی کتێبەکە

## شوق المستهام فى معرفه رموز الاقلام(*)

بابەتی یەکەم

(لە کتێبی تاسەی پەرۆش لە زانینی هێماکانی خەتەکانی نووسین)

لە زانینی سێ خەت "قەڵەم"ەکە

واتە کووفی و مەغریبی و هیندی



بەشی یەکەمی بابەتی یەکەم

لە زانینی خەتی کووفی-دا

(خەت)ی کووفی کە ئیسماعیل-ی گەورەمان "دروودی لێ بێ" دای هێناوە و یەکەم کەسیش بووە بە عەرەبی قسەی کردووە و نووسیوە، دواتر بووەتە نۆ جۆر، بنچینەکەشی ئەوە بووە کە پێیان گوتووە "سووری". ئەمەش وێنەی خەتی کووفی-یە کە پێی گوتراوە سووری.



بەشی دووەمی بابەتی یەکەم

لە زانینی خەتی مەغریبی

ئەمەش ئەندەلووسی- یە، هەروەک وێنەی لێرەدا دەبینن بەمجۆرەیە:



بەشی سێیەمی بابەتی یەکەم

لە زانینی خەتی هیندی

ئەمانەش سێ جۆرن:

(١) جۆری یەکەمیان:




(٢) جۆری دووەمی خەتی هیندی:




(٣) جۆری سێیەمی خەتی هیندی:



بابەتی دووەم

(لە کتێبی شەوقولموستەهام فی مەعریفەت ڕمووزیلئەقلام)

لە زانینی حەوت خەتە بەناوبانگەکە

بەشی یەکەمی بابەتی دووەم

لە زانینی خەتی سوریانی




بەشی دووەمی بابەتی دووەم

لە زانینی خەتی نەبەتیی(*) کۆن



بەشی سێیەمی بابەتی دووەم

لە زانینی خەتی عیبرانی




بەشی چوارەمی بابەتی دووەم

لە زانینی خەتی بەرباوی(*)




بەشی پێنجەمی بابەتی دووەم

لە زانینی خەتی "لوقمی"(*)



بەشی شەشەمی بابەتی دووەم

لە زانینی خەتی "موسنەد"(*)




بەشی حەوتەمی بابەتی دووەم

لە زانینی ئەو خەتەی بە "یۆنانی" زانراوە، قەڵەمی "دانایان"(*)




بابەتی سێیەم

(لە کتێبی شەوقولوستەهام فی مەعریفەت ڕمووزیلئەقلام)

لە زانینی خەتەکانی حەوت دانا بەناوبانگەکان

کە ئەمانەن:

هرمس و ئەقلیمۆن و ئەفلاتوون و فیساغۆرس و ئەسقلینۆس و سوکرات و ئەرستۆس

بەشی یەکەمی بابەتی سێیەم

لە "پەسن"ی خەتی "هرمس"ی دانا

ئەوەش ئەمەیە کە دەیبینی




بەشی دووەمی بابەتی سێیەم

لە "پەسن"ی خەتی "ئەقلیمۆن"ی دانا

خاوەنی سەمەرەکان و زانست




بەشی سێیەمی بابەتی سێیەم

لە "پەسن"ی خەتی "ئەفلاتوون"ی دانا



بەشی چوارەمی بابەتی سێیەم

لە "پەسن"ی خەتی "فیساغۆرس- ی تاک"ی دانا




بەشی پێنجەمی بابەتی سێیەم

لە "پەسن"ی خەتی "ئەسقلیبۆس"ی دانا




بەشی شەشەمی بابەتی سێیەم

لە "پەسن"ی خەتی "سوکڕات"ی دانا



بەشی حەوتەمی بابەتی سێیەم

لە "پەسن"ی خەتی "ئەرستۆس"ی دانا




بابەتی چوارەم

(لە کتێبی شەوقولوستەهام فی مەعریفەت ڕمووزیلئەقلام)

لە باسی ئەو خەتانەی دوای ئەو حەوتە پەیدا بوون و

ناوی داهێنەرە داناکانیان کە پێشتر بوون و بە زانیاری و زانست ناوبانگیان بووە و هەریەکە و بەپێی ڕیزبەندیی خۆی، دەسا تێ بگە

بەشی یەکەمی بابەتی چوارەم

لە "پەسن "ی خەتی "بلیناس"ی دانا



بەشی دووەمی بابەتی چوارەم

لە "پەسن"ی خەتی "بەرباوی"ی "سوورید"ی دانا




بەشی سێیەمی بابەتی چوارەم

لە "پەسن"ی ئەو خەتەی "فلانجیۆش"ی دانا و فەیلەسووف دای هێناوە

کە کتێبەکانی دانایی پێ مەتەڵاندووە



بەشی چوارەمی بابەتی چوارەم

لە "پەسن"ی خامەی "موعەللیق" کە "بەتلیمۆس-ی یۆنانی"ی دانا دایهێناوە وەک دەیبینی




بەشی پێنجەمی بابەتی چوارەم

لە "پەسن"ی خەتی "مەربووت" کە "مەرکۆنوس"ی دانا دای هێناوە و
کتێبەکانی تەلیسمەکانی پێ هێماپۆش کردووە(*)




بەشی شەشەمی بابەتی چوارەم

لە "پەسن"ی خەتی "گورگانی"ی "مریانوس"ی دانا



بەشی حەوتەمی بابەتی چوارەم

لە "پەسن"ی خەتی "نەبەتی"ی کۆن




بەشی هەشتەمی بابەتی چوارەم

لە "پەسن"ی خەتی سوور کە "مەگنیس"ی دانا و فەیلەسووف دای هێناوە




بەشی نۆیەمی بابەتی چوارەم

لە "پەسن"ی خەتی تەلەسمی-ی "گامیگاشیر"ی دانا و فەیلەسووفی یۆنانی



بەشی دەیەمی بابەتی چوارەم
لە "پەسن"ی خەتی جەفەنگی کە "هەلیاوش"ی دانای یۆنانی دای هێناوە و
لە کتێبەکانیدا بەکاری هێنا




بەشی یازدەمی بابەتی چوارەم
لە "پەسن"ی خەتی "کۆستۆجیۆس"ی دانای یۆنانی
سێسەت و شەست کتێبی لەبارەی زانستی پیشەی خودایی(*) و
زانستی تەلەسم و نەیرەنگ(*) و جادوو و بانگی ئەستێران و هەسارەکان و کەویکردنی
گیانپەروەرییەوە(*) پێ نووسیوە



بەشی دوازدەمی بابەتی چوارەم

لە "پەسن"ی خەتی "هرمس- ی ئەبی تات"ی دانادا

کە پیشەی شانازی پێکراوی پێ نووسیوە و لە سەعیدی میسردا گەنجینە و بەربی و ناووسەیلی زێوانیی بۆ خۆی و کورەکەی دروست کردووە و بەم خەتەشی نووسیوەتەوە و هێمای بۆ داناوە، کە لە تاریکە خانووی ژێرزەوییەوەی دەرکردووە.




بەشی سێزدەمی بابەتی چوارەم

لە " پەسن " ی خەتی " قەلفتریۆس " ی دانا

خاوەنی سیمیا و قولفتری و تەلەسم و نەیرەنگ و دەک و ساختەچێتی.

دانا و فەیلەسووفان ئەم خەتەیان لەبەر پەسندیی چەند لایەنەی،

لە کتێب و زانستەکانیاندا بەکار هێناوە.



بەشی چواردەمی بابەتی چوارەم

لە " پەسن " ی خەتی " سوریانۆس " ی دانا

کە کتێبەیلێکی گەردوونناسی و نهێنییەکانی ئەستێرەکان و تەلیسم و پەسنەکانیان و ئەستێرەناسی و دروستکردنی شێوەهێماکانی ئەستێران و کەویکردنی گیانیان و ڕاکێشانیانەوە نووسیوە




بەشی پازدەمی بابەتی چوارەم

لە "پەسن"ی خەتی "فیلاوس"ی دانا

کە بوخوورە سەیرەکان و ئاوێتە سەمەرەکان و تەلیسم و نەیرەنگ و جادووگەریی داناوە و گەنجینەیەکی لە هەرەمەکاندا دروست کرد و بە ڕوانگەیلی سەیر سەیر چاودێریی کرد



بەشی شازدەمی بابەتی چوارەم
لە "پەسن"ی خەتی "دسکۆریدۆس"ی دانا
ئەمەش ئەو نووسینە ڕووەکییەیە
کە بنووسانی گژوگیا و ڕووەک و پەسنەکانیان و سوود و زیانیان و نهێنییەکانیان پێ نووسیوە،
دوای ئەم داناکان بەکاریان هێناوە




بەشی حەڤدەیەمی بابەتی چوارەم
لە "پەسن"ی خەتی "داودی"دایە
ئەم قەڵەمەش لە وڵاتی هیندستان زۆر بە کار هێنراوە،
داناکان لە کتێبەیلی نۆشداری و دانست و کتێبەیلی ڕامیاریدا بەکاری دەهێنن و بە ناوبانگە.



بەشی هەژدەمی بابەتی چوارەم

لە " پەسن " ی خامەی " دیموکراتیس" ی دانادایە

ئەم خەتە لەلای دانا یۆنانییەکاندا پەسند بووە،

کتێبەکانیان پێ مەتەڵاندووە و هێمابەند کردووە. گوایە ئەم قەڵەمە گیانی هەسارەی " عەتارید" پێی بەخشیوە کە لە ڕەوەی هەرە مەزندایە.




بەشی نۆزدەیەمی بابەتی چوارەم

لە "پەسن"ی خەتی دانا "قیبتییەکان"دایە

بە زۆری کتێبەیلی گەنجینە شاراوەکان و ویستەکان و گەنجینەو شاراوەکان و کتێبەیلی پیشە خوایە شانازیگەیێنەکانی پێ هێمابەندی دەکەن.

داهێنەری ئەم خەتەش "قەفتریم " ی یەک لە کوڕانی نووحە، دەشێ لە ژمارەشدا بەکار بهێنرێ.



بەشی بیستەمی بابەتی چوارەم

لە "پەسن"ی خەتی "فەرغانی"دایە

ئەم خەتەش حەوت لە دانایانی ڕۆم دایان هێناوە و کتێبێکی زۆریان لەبارەی زانستی سیمیا و کیمیا و نۆشداری پێ نووسیوە. سەرۆکیان دیۆجانیس–ی گەورەی شای ڕۆم بووە، کە لە سەردەمیدا ناوبانگی دەرکرد و دواتر لە بیر کرا.




بەشی بیست و یەکەمی بابەتی چوارەم

لە "پەسن"ی خەتی "زووسیم–ی عیبری"ی دانادایە

ئەمەش ئەو خەتەیە کە دانا کۆنە عیبرانییەکان لەسەری ڕێک کەوتوون و کتێبەیلی داناییە شانازیگەیێنەکانیان پێ هێمابەندی کردووە و لە قودس–دا هەبووە.



بەشی بیست و دووەمی بابەتی چوارەم

لە "پەسن"ی خەتی "مارشوول"ی دانادایە کە خاوەنی سەیروسەمەرەکان، کە کتێبەیلی لەبارەی زانست و هونەرەوە داناوە




بەشی بیست و سێیەمی بابەتی چوارەم

لە "پەسن "ی خەتی "ئەرکگانیس"ی دانای یۆنانیدایە کە خاوەنی ئاوێتە سەیرەکان و تێکەڵە و بخووردی سەیرە




بەشی بیست و چوارەمی بابەتی چوارەم

لە "پەسن"ی خەتی شێوەگەڵای سروشتی–ی ئەفلاتوونی دانا



بابەتی پێنجەم
(لە کتێبی شەوقولوستەهام فی مەعریفەت ڕمووزیلئەقلام)
لە زانینی خەتەکانی حەوت ستارەکە "لە زوحەل"ەوە تا "مانگ"

بەشی یەکەم لە بابەتی پێنجەم
لە پەسنی خەتی هەسارەی زوحەل




بەشی دووەم لە بابەتی پێنجەم
لە پەسنی خەتی هەسارەی موشتەری
شێوەکەشی بەمجۆرەیە دەیبینی، تێ بگە:



بەشی سێیەم لە بابەتی پێنجەم

لە پەسنی خەتی (بەهرام)ی دانا، ئەمەش خەتی هەسارەی مەریخ-ە وەک دەیبینی:




بەشی چوارەم لە بابەتی پێنجەم

لە پەسنی خەتی هەسارەی خۆری سوڵتانی گەردوون




بەشی پێنجەم لە بابەتی پێنجەم

لە پەسنی خەتی هەسارەی زوهرە (ئەناهید=ناهید) گۆرانیبێژی گەردوون هەروەک دەبینی:



بەشی شەشەم لە بابەتی پێنجەم
لە پەسنی خەتی هەسارەی عەتارید کە (هرمس)ە نووسیاری گەردوون هەروەک دەبینی:




بەشی حەوتەم لە بابەتی پێنجەم
لە پەسنی خەتی هەسارەی مانگ هەروەک دەبینی:



بابەتی شەشەم

(لە کتێبی شەوقولوستەهام فی مەعریفەت ڕمووزیلئەقلام) لە زانینی خەتەکانی دوازدە کەلووەکە

" لە کارژۆڵە"ەوە تا " نەهەنگ "

*

بەشی یەکەم لە بابەتی شەشەم

لە پەسنی خەتی کەلووی کارژۆڵە – ی ئاگرینی بەهارە کە دەدرێتە پاڵ "مەریخ "

هەروەک دەبینی:




بەشی دووەم لە بابەتی شەشەم

لە پەسنی خەتی کەلووی گا – هەسارەکەشی زوهرەیە



بەشی سێیەم لە بابەتی شەشەم

لە پەسنی خەتی کەلووی جمک – هەسارەکەشی عەتاریدە




بەشی چوارەم لە بابەتی شەشەم

لە پەسنی خەتی کەلووی قرژاڵ – هەسارەکەشی مانگە




بەشی پێنجەم لە بابەتی شەشەم

لە پەسنی خەتی کەلووی شێر – هەسارەکەشی خۆرە



بەشی شەشەم لە بابەتی شەشەم

لە پەسنی خەتی کەلووی گوڵەگەنم – هەسارەکەشی عەتاریدە




بەشی حەوتەم لە بابەتی شەشەم

لە پەسنی خەتی کەلووی تەرازوو – هەسارەکەشی زوهرەیە



بەشی هەشتەم لە بابەتی شەشەم

لە پەسنی خەتی کەلووی دووپشک – هەسارەکەشی مەریخ–ە

ئەم خەتەش لە خەتە شاراوەکانی گەنجینە کلدانییەکانە، کتێبەکانی ڕوانگە و ئەو نهێنییانەی پێوەندییان بە هەسارەی مەریخ–ەوە هەیە. کە فەڕی، گیانی مارشمینا ڕژایە سەر ئەربیاسیۆسی نەبەتیی زێوانی زانا.




بەشی نۆیەم لە بابەتی شەشەم

لە پەسنی خەتی کەلووی کەوانە – هەسارەکەشی موشتەرییە




بەشی دەیەم لە بابەتی شەشەم

لە پەسنی خەتی کەلووی کاوڕ – هەسارەکەشی زوحەل–ە



بەشی یازدەم لە بابەتی شەشەم

لە پەسنی خەتی کەلووی سەتڵ – هەسارەکەشی زوحەلە




بەشی دوازدەم لە بابەتی شەشەم

لە پەسنی خەتی کەلووی نەهەنگ – هەسارەکەشی موشتەرییە




(کۆتاییی خەتی نەهەنگ)

بابەتی شەشەم لە باسی خەتەکانی دوازدە کەلووەکان بە بنچینەیانەوە، هەروەک کۆنەکان لەسەری ڕێک کەوتوون. کە لە کتێب و گەنجینەکانیاندا بینیومانن، لەم بابەتەماندا دانا، دا هەر ژیرێک بیەوێ، ئەو نهێنی و واتە بە تویکلانەی لێ وەربگرێ.

**

# گەمەی دەسەڵات و
# شانۆیەکی سیاسی لەلای هارۆڵد پینتەر

دانا ڕەئووف

### سەرەتایەکی کورت

هەموو جارێ کە سەرلەنوێ شانۆنامەکانی نووسەری ئینگلیزی هارۆڵد پینتەر دەخوێنمەوە، شتێکی نوێی تێدا دەدۆزمەوە، کە لەوەوبەر درکم پێ نەکردبوو، نهێنییەکی ترم بۆ ئاشکرا دەبێت و زیاتر لە گەمەی دەسەڵات و هەرەشە نادیارەکانی ئەم نووسەرە دەگەم.

هارۆڵد پینتەری شانۆنامەنووس کە لە ساڵی ٢٠٠٥دا خەڵاتی نۆبڵی بە شانۆنامەکانی وەرگرتووە، بەم وتانە ڕووی کردە بینەرەکانی "هیچ جیاوازییەکی بەهێز لە نێوان ڕاستی و ئەوەی کە ناڕاستییە نییە، هەروەها لە نێوان واقیع و ناواقیعدا، هیچ شتێک نییە کە یەکێکیان ڕاستی و ئەوی تریان درۆ بێت، دەکرێت هەردووکیان ڕاست و لە هەمان کاتدا درۆش بن". ئەم وتانەش بنەمایەکی گرینگە بۆ تێگەیشتنی شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەر.

ئەم شانۆنامەنووسە دەیان کتێبی لەسەر نووسراوە، شانۆنامەکانیشی وەرگێردراونەتە سەر زۆربەی زمانە جیهانییەکان. بەڵام لەلای ئێمە هیچی لەسەر نەنووسراوە و تەنیا بەوەش ناوی دەرکردووە کە پشتیوانیی لە دۆز و مافەکانی گەلی کورد کردووە و شانۆنامەی (زمانی چیا)ی بۆ نووسیوین.

شانۆنامەکانی ئەم نووسەرە دەروازەیەکی گەورەیە بۆ هونەری نواندن، بۆ تاقیکردنەوە و سەلیقەی ڕیژیسۆر و گەمەیەکی بەچێژ و توندوتیژە، پڕ لە نهێنییە و هەندێک جار کۆمیدیایەکی ڕەش و تۆقێنەرە.

لەم چەند ساڵەی دواییشدا ئێمەش ئاوڕێکی جیدیمان لە هارۆڵد پینتەر داوەتەوە، تا ئێستا زیاتر لە نۆ شانۆنامەیمان ڕاستەوخۆ لە ئینگلیزییەوە کردووە بە کوردی و بە پێشەکیی چڕوپڕ و وەرگێڕانی چاوپێکەوتنەکانیەوە، لە زنجیرەی شانۆی جیهانیدا، کە بەسەرپەرشتیی من و لە

دەزگای ئاراس دەردەچێت، بڵاو کردووەتەوە.

ئەمە سەرەتایەکە و هیوادارم کە بتوانین لە داهاتوودا هەندێ لە شانۆنامەکانی تری بکەینە کوردی و بڵاویان بکەینەوە.

ئەم وتارەش دەروازەیەکە بۆ ناسین و پێناسەکردنی ئەم کەڵەشانۆنامەنووسە و لە هەمان کاتدا هەوڵدانێکە بۆ نزیکبوونەوە لە ژیان و بەرهەمەکانی. هیوادارم ئەم هەوڵە ببێتە سەرەتایەک و لێکۆڵینەوەی تری بەدوادا بێت و دەرگەیەکیش بە ڕووی ئەو شانۆنامانەدا بکاتەوە، کە تاکو ئێستا کراونەتە کوردی.

## بەریتانیا، جۆن ئۆزبۆرن و هارۆڵد پینتەر

بە کۆتاییهاتنی شەڕی جیهانیی دووەم، بارودۆخێکی تری ڕامیاری لە بەریتانیا سەری هەڵدا، گۆڕانکاریی بنەڕەتی هەموو بوارەکانی گرتەوە و ڕەوتی ژیان چەندین ئاراستەی جیاوازی لەخۆ گرت. لەنێو بۆتەی ئەم گۆڕانکارییە کتوپڕانەدا، پارتی (چەپی نوێ) توانی ڕێگەیەکی تر بگرێتە بەر، متمانەی خەڵکی بەدەست بێنێت و دەسەڵاتیش بگرێتە دەست.

گەشەی ئابووری و بزاوێکی بە برەوی ڕۆشنبیری و وەستانی شەڕ و دەرکەوتنی بزووتنەوەیەکی بەهێزی قوتابی و کرێکاران و پێشکەوتنە هەنووکەییەکانی ئەو ڕۆژگارە، چ لەنێو وڵاتی بەریتانیا و چ لەنێو وڵاتەکانی تری ئەوروپا و هاوپەیمانەکاندا، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی بەسەر بەریتانیاوە هەبووە. لە هەمان کاتدا بەرەیەکی ناڕازی و تووڕەش سەرهەڵدەدا، بێکاری، چەکی ئەتۆمی و هێرشکردنە سەر کەناڵی سوێس، قوتابیی زانکۆکان، ڕۆشنبیر و گەنجەکان تووڕە دەکات و ئەم چینانە زۆر بەتوندی بەرهەڵستیی ڕێژیمی ئەو کاتەی بەریتانیا دەکەن.

لەم قۆناغەدا شانۆی بەریتانیایی زیاتر شانۆنامەی نووسەرەکانی ئەمەریکا و وڵاتانی تری ئەورووپایان پێشکەش دەکرد و شانۆنامەنووسی بەریتانیایی نەک تەنیا بەشداریی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارەیان نەدەکرد، بگرە شتێک نەبووە بەناوی شانۆنامەنووسانی بەریتانیاییەوە. ئەم بارودۆخە وا نامێنێتەوە و شانۆی ئینگلیزی لە ساڵی ١٩٥٦دا و بە نمایشکردنی شانۆنامەی "بە تووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەوە"ی جۆن ئۆزبۆرن١٩٢١– ١٩٩٤و لەسەر شانۆی (ڕۆیاڵ کۆرت)[١] گەلێک گۆڕانکاریی گرینگی بەخۆوە بینیوە. ئەو شانۆنامەیە لە پەنجاکانی ئەدەب و شانۆی ئینگلیزیدا، هاوارێکی تووڕە، ڕاچڵەکینێکی توند و هەنگاوێکی نوێ دەبێت. لەم ساڵەدا شانۆ ڕێگەیەکی تر دەدۆزێتەوە بۆ ڕاستەوخۆ چوونە نێو کۆمەڵگە و بەم شێوەیەش شانۆیەکی نوێ و هاوچەرخی ئینگلیزی لە ٨ی مانگی مای ساڵی ١٩٥٦دا و بە شانۆنامەی "بە تووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەوە" دەست پێ دەکاتەوە[٢]. هەرچەندە ئەم شانۆنامەیە بەشێوەیەکی تەقلیدی نووسراوە، بەڵام توانی لە ڕێگای بەکارهێنانی زمانێکی تازە و ڕەخنەیەکی ڕاستەوخۆ لە بەها چەسپاوەکانی کۆمەڵگە و بەکارهێنانی کارەکتەرێکی کرێکارەوە، ئەو ڕێگەیە بکاتەوە[٣].

سـاڵی ١٩٥٦ تەنیـا سـاڵی شـانۆ نابێت، هـەر لەم سـاڵەشـدا و بە شـێوەیەکی بەربڵاو و بەردەوام وەشانی بڵاوکردنەوەی تەلەڤزیۆن کراوەتەوە(٤). ئەمەش کاریگەرییەکی ڕاسـتەوخۆی بەسـەر ڕەوتی شانۆ و دەرکەوتنی شانۆنامەنووسەکانەوە دەبێت.

دواتر گـۆڕانکارییـەکـان لـە شـانۆی ئینگلیـزیدا ڕەنگی داوەتەوە و شـانـۆ دەبێـتـە بەشـێک لە گۆڕانکارییەکان و وروژاندنی گفتوگۆ، خەڵک و کۆمەڵگە گرفتەکانی خۆیان لە شانۆنامەکاندا ناسیوەتەوە.

جـۆن ئۆزبۆرن سـەرەتای ئەو هەنگاوە گرینگە بوو، دوای ئەو ئارنۆڵد ڤێسکێر، جـۆن ئەردن، ن. ف سـیـمـیسن، تۆم سـتـوپارد، پیـتـەر شـافـەر، ئێدوارد بـوند، تێری یوهانسـۆن و داڤید سـتـۆری و چەندان نووسـەری تر برەویان بەو شـۆڕشـە دراماتیکییە نوێیە دا. ئەم گەنجانە و تەوژمەکەیان بە (گەنجە تووڕەکان) ناوزەد کران(٥).

پاڵەوانی شـانۆنامـەکەی جـۆن ئۆزبۆرن "بە تووڕەیی ئـاوڕێک لە ڕابردوو بدەوە" "جیـمی پۆرتەر" کەسێکی بێ ئومێدە، بەتایبەتی بەرامبەر بە گۆڕانکارییەکان و نەهێنانەدی خـەونەکان و نەبردنە سـەری بەڵێنەکان. زۆربەی ڕەخنەگران کارەکتەری سـەرەکیی ئەم شانۆنامـەیە (جیمی پۆرتەر)یان بەراورد دەکرد لەگەڵ هاملێت و وەک هاملێتێکی نوێ و شۆڕشگێڕ ئاماژەیان بۆ دەکرد.

ئەم گـۆڕانکارییـانـە ڕۆڵێکی زۆری گـێـڕا لە پەرەسـەندنی هونـەری شـانۆ و ڕۆڵی شـانۆ لە کـۆمـەڵگەدا، لەبەر ئەوە لە ناوەڕاسـتی پەنجا و سـەرەتای شـەسـتـەکـاندا چەندین شـانـۆی تر کـراونەتەوە و کـاری شـانۆییـان پێشکێش کـردووە. هەر بۆ نموونە ئەم شـانۆیانـە لەناو شـاری لەندەندا چالاکییەکی زۆریان هەبووە: شانۆی نەتەوایەتی، کە ئەکتەری بەناوبانگ لۆرانس ئۆلیڤییە بەڕێوەبەرایەتیی دەکات، شانۆی شاهانەی شەکسپیر، پێتەر هاڵ دەبێتە ڕێژیسـۆر و بەڕێوەبەری یەکـەمی، شـانۆی ڕیاڵ کـۆرت بۆ تـەقـەلا ئـەزمـوونگەرییـەکان و شـانۆیەکی مـۆدێرنی گـەورەش لە ناوەڕاسـتی شاری لەندەندا دەکرێتەوە. جـۆن ئۆزبۆرن بارودۆخێکی جیاوازی خـولقاند و بەڕووی شێواز و جۆری بیرکردنەوەی نەوەکانی پێش خـۆیدا چووەوە و جۆرێکی تری لە ڕیالیزمی شانۆیی خـولقـاند، کـە دواتر بـە (ڕیالیـزمی دەسـتـشـۆر) ناسـرا، بەتایبـەتی لەو ڕووەوەی کـە هـەمـوو وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانە و کۆمەڵگای تێدا بەرجەستە بووبوو.

ڕیالیـزمی دەسـتـشـۆر و گـەنجـە تووڕەکـان بوونە دەروازە و ڕێگەخـۆشکەر بۆ هـارۆڵد پینتـەر. هـارۆڵد پینتـەر هـەر زوو توانی لەم تەوژمەدا شـێوازێکی تر و بوارێکی جیاواز و شـەقڵێکی تووڕەتر لە خودی شانۆنامەکانی ئەو تەوژمەدا بدۆزێتەوە و بەردەوامیشی پێ ببەخشێت.

هـارۆڵد پینتـەر دەبێـتـە یەکـێک لـە دوا گـرینگتـرین شـانۆنامـەنووسـانی نـەوەی دوای شـەڕ و کـاریگەرییـەکی گـەورەی بەسـەر شـانۆی هـاوچەرخی جیـهـانییـەوە هـەیە. کـاریگەرییـەکـانی ئەم نووسـەرە بەربڵاوە و لە شـانۆنامەکانیدا مەسـەلە دەروونی، ئاکار، ڕامیـاری و ژیانی کۆمـەڵایەتیی کـۆمـەڵگەی ئـەوروپا لەخـۆ دەگرێت. هـارۆڵد پینتـەر درامـایەکی مـۆدێرنی خـولقـاند. ئیـبـسن،

ستریندبێری و چێخەف کۆتاییان بە سەدەیەک، بە کۆنەکە، بە هاوچەرخەکە هێنا و هارۆڵد پینتەریش سەرەتا و دەروازەی نەوەیەکی نوێ و سەردەمێکی نوێی شانۆی مۆدێرنی ئەوروپاییە.

هیچ شانۆنامەنووسێک هێندەی هارۆڵد پینتەر لە دوای جۆن ئۆزبۆرن-ەوە بەها و گرینگی نەبووە، هارۆڵد پینتەر گۆڕانکارییەکی گرینگ، نوێکارییەکی جیاواز و شانۆیەکی ئینگلیزیی هاوچەرخ و مۆدێرنی فراوانی ئەفراندووە، شانۆیەک مرۆڤ دەبێتە توخم و تەوەرەیەکی گرینگی ڕووداوەکان.

شانۆی هارۆڵد پینتەر گەردوونێکی گشتگیری مرۆڤایەتی پێک دەهێنێ، لەو گەردوونەدا مرۆڤ، تەنیا مرۆڤ و دەروونێکی تەنیا لە دەوروبەرێکی پڕ لە ترس و کێشەی دژواردا دەبێتە چەقی ڕووداوەکان.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان و ئاماژە پێکردنە لە شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەردا، ئەوەیە کە زۆر گرانە جیهانە شاراوە و پڕ لە ڕاز و نهێنییەکان لە جیهانە دیار و ئاشکراکان جیا بکرێتەوە. جیهانێکی توندوتیژ و پڕ لە هەڕەشە و دوژمنکاری سیمایەکی گرینگی شانۆنامەکانی ئەم نووسەرە پێک دەهێنێت و یەکە یەکە ڕیشاڵە دراماتیکییەکانی بەرجەستە دەکات: لە ناوەوە، لە ڕووکاری دەرەوە، لە هەموو لایەکەوە و زۆر بە وردی لایەنە بەهێز و لاوازەکانی یەکتری شی دەکەنەوە و لە کۆتاییدا ئەو کەسایەتییانە دەکاتە کەسانی نامۆ بە یەکتر.

هەرچەندە شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەر بە شێوازێکی ڕیالیزمی نووسراون، بەڵام لە کاتی نمایشکردندا لە ڕیالیزم و واقیعی ناچێت و زیاتر ڕیالیزمێکی ئەندێشەئامێز دەبێتە ستروکتوری نمایشە شانۆییەکانی: کارەکتەرەکانی، ئەتمۆسفێرە گشتییەکە، ژوورە داخراوەکان، ڕاز و نهینی، هەڕەشە نادیارەکان، دیالۆگە کورت و پڕ لە مەغزاکان، بێدەنگی و وچانە درێژەکان... بارێکی چاوەڕوانی لای بینەرەکانی دەخولقێنێ و هەموو بەرگە ڕیالیزمییەکانی شانۆیەکی واقیعیش لە شانۆکەیدا ناهێڵێت. شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەر پێکداچوون و پێکهاتەیەکی سەیر لەخۆ دەگرێت، گەمەی دەسەڵات، دانانی پلان و ستراتیجییەت، خەون، درۆ، ڕیا و فەنتازیا، ئەمانەش هەموویان پێکەوە بنەما گشتییەکەی ئەو شانۆیە دەستەبەر دەکەن.

مرۆڤ لەلای هارۆڵد پینتەر لە وتووێژێکی بەردەوامدایە لەگەڵ ناوەوەی خۆی و دەنگە نادیارەکانی دنیای ناوەوە و دەرەوە. ڕەخنەگران لە سەرەتادا ئەوەیان دووپات دەکردەوە کە شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەر ئاڵۆزن، دوورن لە هەموو بنەما دراماتۆرگییەکانەوە و کەس نازانێ باسی چی دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا چەندین باس و لێکۆڵینەوە، کتێب و بڕوانامەی خوێندنی باڵا و لە هەموو ڕووەکانیەوە، لەسەر شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەر نووسراون.

یەکێک لەو ڕەخنەگرانەشی کە ستروکتور و شێوازێکی ڕەخنەیی، تیۆری و فیکریی بەخشییە شانۆی هارۆڵد پینتەر (مارتن ئیسلن) بوو. مارتن ئیسلن لە شەستەکاندا بەڕێوەبەری شانۆی ڕادیۆ دەبێت کە لە ئێزگەی BBCەوە وەشان دەکرا و لەم ڕێگەیەوە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و

قووڵ، بە شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەر ئاشنا دەبێت. ئەم ڕەخنەگرە ئەو شێوازە نادیار و فۆرمە نهێنییە واقیعییەی گەیاندە ئاستێکی بەرز و هەموو کۆد و شانەکانی شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەر دەکاتەوە و تیشکی سەرنج و لێکۆڵینەوەیان دەخاتە سەر.

مارتن ئیسلن لە کتێبە دانسقە و بەناوبانگەکەیدا بەناوی (شانۆی ئەبسورد) the Theatre of The _Absurd کە لە ساڵی ١٩٦١دا بڵاو کراوەتەوە(٦)، ڕیالیزمی هارۆڵد پینتەر دەبەستێتەوە بە تەوژم و ڕێبازەکانی پووچگەرایی و فەلسەفەی خود و لە هەمان کاتدا سیمایەکی ئەبسورد دەداتە شانۆنامەکانی و بە ریالیزمێکی ئەبسوردئامێز ناوزەدیان دەکات. مارتن ئیسلن هەوڵ دەدات توخم و ڕیشاڵەکانی هارۆڵد پینتەر لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکیشەوە ببەستێتەوە بە بێکێت و یۆنسکۆوە و لە هەمان کاتدا خودی بیرۆکە و هزری شانۆنامەکانیشی لە فەلسەفەی هایدگەر و سارتەردا بدۆزێتەوە. هارۆڵد پینتەر دژی ئەم پۆلێنکردن و بەراوردکارییانە بوو، ئەو پێی وابوو کە شانۆیەکی ساکار و ڕۆژانەی نووسیوە. گەر بگەڕێینەوە سەر بنەما گشتییەکانی تێکستەکانی ئەم نووسەرە، دەبینین کە کارەکتەرەکانی بە شێوەیەک لە ڕووداوەکاندا بەرجەستە کردوون، وەک شتێکی ئاسایی و ڕۆژانە: ڕۆژانە و ساکار تێکەڵاو دەکات، بەڵام لەگەڵ فۆرم و جیهانێکی ئەبسورددا پێکدا دەچێت و لە بەرەنجامدا ژیانی خەڵکی تێدا ڕەنگ دەداتەوە و بەرجەستە دەبێت و لە ڕوانگەی چیرۆکێکی ئاساییی نائاساوە دەردەکەون. وچان و دیالۆگەکان قووڵ دەکاتەوە و مەودایەکی نهێنی و هەندێ جار ترسناکیان پێ دەدا. هارۆڵد پینتەر کاریگەرییەکی گەورەی کردووەتە سەر هەموو شانۆنامەنووسانی دوای خۆی، چ لە شانۆی ئینگلیزی و چ لە شانۆی جیهانیشدا، لە بەریتانیا (داڤید مەمێنت) و (سارا کێنی) دوو نموونەی ئاشکران، لە سوید (لاش نۆرێن) و لە نەرویجیش (یۆن فۆسە) ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەری هارۆڵد پینتەردا بەرهەمەکانی خۆیان نووسیوە.

## هارۆڵد پینتەر

## بیۆگرافیا

ژیانی هارۆڵد پینتەر لە ١٠ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٣٠دا و لە بنەماڵەیەکی جوولەکەی هەژار و لە رۆهەڵاتی لەندەنەوە دەست پێ دەکات و لە ناوچەی (ئێست ئێند) گەورە دەبێت. باوکی بەرگدروو بووە و هارۆڵد پینتەر تاقانە و تەنیا منداڵی ئەم خێزانە بووە، خانەوادەکەشیان هەر لە سەرەتاوە و بەوپەڕی توانـاوە هانی هارۆڵد پینتەر دەدەن، باروودۆخێکی هێمنی بۆ دابین دەکەن و خۆشەویستییەکی گەورەشی پێ دەدەن.

هارۆڵد پینتەر لە تەمەنێکی ناسکی مێرمنداڵیدا و لە ساتێکدا کە لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستی بە سۆزی دایک و باوکی بووە، لە خێزانەکەی دادەبڕێت و وەک زۆربەی زۆری منداڵانی تری ئەو سەردەمە، لە کاتی شەڕی جیهانیی دووەمدا دەگوێزرێتەوە بۆ گوند و ناوچە دوورەدەستەکان. هارۆڵد پینتەر لە هەرەتی لاویدا، ڕاستەوخۆ شاڵاوی سووکایەتی پێکردن و

دژایەتیکردنی جوولەکەکان لە دەیەی سییەکاندا لە کۆڵان و جادەکانی لەندەندا بەچاوی خۆی دەبینێت، هەر لەو ساتەشەوە زۆر بەتوندی دژی هەموو جۆرە شەڕ و سەرکوتکردنێک دەبێتەوە.

هارۆڵد پینتەر لە دەسپێکی ژیانیدا کەمدوو بووە و زیاتر وەک لاوێکی شەرمن و بێدەنگ دەرکەوتووە، کەمتر چووەتە ناو خەڵکەوە و هەموو کات دوورەپەرێز و گۆشەگیر بووە. بەڵام کە دەچێتە قۆناخی خوێندنی ئامادەییەوە گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا دێت، دەکرێتەوە، دەچێتە ناو هاوڕێکانییەوە، توانای قسەکردنی زیاتر دەبێت و ئەو شەرمنیەی جارانی نامێنێت.

هارۆڵد پینتەر لەم قۆناخەی ژیانیدا دەست دەکات بە یاری تۆپی پێ و لەم یارییەشدا سەرکەوتوو دەبێت و دەبێتە جێگەی سەرنجی هاوڕێ و هاودەمەکانی. دواتر چەند وتارێکی جۆرەوجۆریش لە ڕۆژنامەی قوتابخانەکەیاندا بڵاو دەکاتەوە. هەر لەم قۆناخەدا بەهرەی نووسین و زمانێکی پاراو و توانای دەربڕینی لەلا دەردەکەوێت.

هارۆڵد پینتەر لە چەندین چاوپێکەوتندا ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو گۆڕانکارییانە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵ و هاندانی مامۆستای ئەدەب و کولتووری ئینگلیزی Joseph Brearley هەر ئەو مامۆستایەش بەهرەی شانۆ و نووسین لەو لاوەدا دەدۆزێتەوە و بەردەوام هانی دەدات. گرینگیی هەوڵەکانی ئەم مامۆستایە لەوەدا بووە کە توانیویەتی هارۆڵد پینتەر بەوە قایل بکات کە ئەو خاوەنی هۆشیارییەکی تایبەتمەند و زمانێکی ساکاری قووڵە، زمانێک کە بە ئاسانی توانیویەتی گوزارشت لە هەست و سۆزی خۆی و شتە ئەبستراکتەکانیش بکات.

هارۆڵد پینتەر هەر لە سەرەتاوە ئارەزووی ئەدەب و هونەری هەبووە، بە وردی کافکا، جیمس جۆیس، دۆستۆیڤسکی، هێمنگوای، هینری میللەر و تەنانەت ڕۆمانەکانی بێکێت دەخوێنێتەوە، هەروەها وەک ئەکتەریش لە زۆربەی چالاکییە شانۆییەکانی قوتابخانەکەیاندا بەشداری دەکات و هەر لەو قۆناخەی تەمەنیدا ڕۆڵی (ماکبێس) لەو شانۆنامە بەناوبانگەی شەکسپیردا یاری دەکات. ئەم شانۆنامەیە یارمەتییەکی گەورەی هارۆڵد پینتەر دەدات و هەر لە ڕێگای ئەم نمایشە و ڕۆڵی ماکبێسەوە بەسەر گرفتە دەروونییەکانی خۆیدا زاڵ دەبێت و زیاتر بڕوای بەخۆی پتەو دەبێت، دەوێرێت بێتە پێشەوە و جێگەی خۆی لەنێو هاوڕێکانیدا بکاتەوە.

هارۆڵد پینتەر لە ساڵی ١٩٥٠دا بۆ یەکەم جار پارچە شیعرێکی لە کۆواری Poetry London دا بڵاو دەکرێتەوە و لە ساڵی ١٩٥١یشدا وەک ئەکتەرێکی ددان پێدانراو لە دەرەوەی دەرگەکانی شانۆی قوتابخانەکاندا کار دەکات. هارۆڵد پینتەر لەم ساڵەدا و بۆ یەکەم جار گەشتێکی هونەری بە ئێرلەندادا دەکات و لە چەند شارێکی ئەو وڵاتەدا هەندێ لە شانۆنامە کلاسیکییەکان پێشکێش دەکات. بەمجۆرە ساڵی ١٩٥٠–١٩٥١ دەبێتە دەسپێکی ژیانی هونەریی باوەڕ پێکراوی هارۆڵد پینتەر.

پاشان لە ئێزگەی بەریتانیا لەگەڵ تیپ و گرووپە گەڕۆکەکان و لە زۆربەی شانۆکانی لەندەندا وەک ئەکتەر و ڕیژیسۆر کار دەکات. هارۆڵد پینتەر بەو شێوەیە و لە سەرەتاوە هەموو ژیانی خۆی

بۆ شانۆ تەرخان دەکات: نووسەر، ئەکتەر و ریژیسۆر و زۆرجار هەر خۆیشی رۆڵی کارەکتەرە توورە و بێباکەکانی شانۆنامەکانی خۆی دەبینێت.

هارۆڵد پینتەر بۆ ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵ لەگەڵ تیپ و نمایشە شانۆییەکاندا، بە زۆربەی شارۆکەکانی لەندەن و شارەکانی تری ئینگلیستاندا گەڕاوە، ئەمەش زیاتر و لە نزیکەوە بە هونەری شانۆ، پێداویستییەکانی، تەنگژە و چارەسەرکردن و پراکتیک و پرۆسە هونەرییەکان ئاشنا بووە و توانا کردەییەکانی دەوڵەمەند کردووە. ئەم ئەزموونە شانۆییە دواتر لە نووسینی شانۆنامەکانیدا سوودی لێ وەرگرتووە، زانیویەتی کارەکتەرەکانی بە چ شێوەیەک دەجووڵێنەوە، شوێنپێیان هەڵدەگرێ و هەڵسوکەوت و دیالۆگ و پێوەندییەکانیان دیار و دەستەبەر دەکات. هارۆڵد پینتەر دەڵێت "لەو دەمەدا من هونەری نواندن وەک ملمـلانێ و تێکۆشانێکی چڕ دژی بینەران دەهاتە پێش چاوم. ئێمە یان ئەوان سەرکردەی ئەو ململانێ و تێکۆشانە بووین. کە دەستیشم کرد بە نووسین بە باشی دەمزانی کە چی وا لە بینەران دەکات بێدەنگ دانیشن و دەمیان داخەن، چونکە من لە بنەڕەتدا ئەکتەر بووم. هەرچەندە ئەم تەکنیکە هەموو جارێک سەرناگرێت."

هارۆڵد پینتەر لە ساڵی ١٩٥٧دا و لە تەمەنی بیست و حەوت ساڵیدا شانۆنامەیەکی یەک پەردەیی بەناوی (ژوور) دەنووسێت، هەر لەم شانۆنامە کورتەدا فۆرم و شێوازەکانی نووسینی هارۆڵد پینتەر دەردەکەوێت، بۆ نموونە ئەتمۆسفێر، کارەکتەر و ژوورە داخراوەکان، ژووریش وەک پانتایی و شوێنی ڕووداوەکان دواتر لە زۆربەی شانۆنامەکانی تری هارۆڵد پینتەردا دووبارە دەبێتەوە. هارۆڵد پینتەر لەسەر داوای "هینری وەلف"ی هاوڕێی کە قوتابیی بەشی درامای زانکۆی "بریستۆڵ" دەبێت، ئەم شانۆنامەیە بە چوار ڕۆژ دەنووسێت.

(ژوور) وەک یەکەم شانۆنامەی هارۆڵد پینتەر دووپاتکردنەوەیەکی توانا و سەلیقەی ئەم نووسەرەیە، دیالۆگە کورتەکان، نائارامی و هەڕەشەیەکی نادیار ڕیتم و دنیای ژوورە داخراوەکان لە دنیابینییەکی بەرفراوان و قووڵەوە بەرجەستە دەبێت.

عەلی عوسمان یاقووب سەبارەت بە شانۆنامەی (ژوور) کە لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی، دەڵێت "هارۆڵد پینتەر هەر لە سەرەتای شانۆنامەکەوە دوو شوێنی جیاواز، دوو شوێنی پێچەوانەی یەکتر وەک ئاماژەیەک بۆ ململانێیەک دەخاتە بەر دیدەی خوێنەر و بینەران. گوتمان ژوورەکە دەرگەیەکی بۆ دەرەوە هەیە، لە دەرەوەی ئەم دەرگەیە دنیایەکی ترە. بەراوردکردنی ئەم دیوەی دەرگەکە - واتە ناو ژوورەکە - لەگەڵ دنیای ئەودیوی دەرگەکە کارێکی گرینگە بۆ تێگەیشتن لەو پەیامەی کە هارۆڵد پینتەر دەیەوێت بیگەیەنێت. دنیای دەرەوە دنیایەکی ساردە، دنیایەکی دژ و ڕقاوییە. ناو ژوورەکە گەرم و ڕووناکە، بەڵام لە دەرەوە زستانە، سارد و تاریکە. پێکهاتەی دووەمی شانۆنامەکە ژن و مێردێکن، یان باشتر وایە بڵێین ژن و پیاوێکن، چونکە مەسەلەی ژن و مێردایەتییەکەیان وەک زۆر شتی تری ناو شانۆنامەکە زۆر ڕوون نییە." هارۆڵد پینتەر لە دوو توێی وشە، ئەتمۆسفێر و کارەکتەرەکانیشەوە ژوورەکان دروست دەکات، ژوورەکانی

پلە بە پلە و هێدی هێدی لەنێو خودی تێکستەکانیەوە دەردەکەون، هارۆڵد پینتەر بە ڕووداوەکانی، ڕێگە بۆ ژوورەکانی دەکاتەوە تا فۆرمی خۆیان وەربگرن.

هارۆڵد پینتەر وەک ئەکتەر بە ناوی داڤید بارونەوە کاری کردووە، دواتریش کە شانۆنامەکانی بڵاو دەکاتەوە لە داڤید بارونی ئەکتەرەوە دەبێتە هارۆڵد پینتەری شانۆنامەنووس. نووسینی شانۆنامەی (ژوور) وزەیەکی بەهێز دەداتە هارۆڵد پینتەر و دەبێتە هاندەرێکی ڕاستەوخۆ بۆ بەردەوامبوون و پرۆژەی نوێ. لە ساڵی ١٩٥٧دا شانۆنامەی (ئەسانسێرەکە) دەنووسێت(٧)، تەکنیکی پشتەوەی تێکست و ئەتمۆسفێرێکی پڕ لە ڕاز و نهێنی و هەڕەشەئامێز لە شانۆنامەی (ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون) کە لە ساڵی ١٩٥٨دا دەینووسێت، بە تەواوەتی پەرە دەسەنێت و هێڵەکانی شانۆیەکی تایبەتمەندیی هارۆڵد پینتەر دەردەکەوێت. هەر لەم شانۆنامەیەدا ئەو کۆمیدیا ئەبسوردەی کە لە بێکێتەوە فێری دەبێت، بە تەواوەتی دەردەکەوێت. ڕووداو و کارەکتەرەکان لە دیالۆگی ڕووت، ئاسایی و قسەی ڕۆژانەوە دەبێتە درامایەکی کافکایی. شانۆنامەی (ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون) لە زانکۆی کامبریج نمایش دەکرێت، دوای ئەوە لەسەر شانۆ گرینگەکانی لەندەن نمایش دەکرێتەوە، بەڵام ڕەخنەگران بە توندی بەرەنگاری ئەم شانۆنامەیە دەبنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی کشانەوەی بینەران و دواتر ناچار دەبن دوای چەند هەفتەیەک نمایشەکە ڕابگرن. بەڵام هارۆڵد هۆبسۆن Harold Hobson کە یەکێک دەبێت لە ڕەخنەگرە دیارەکانی ئەو دەمەی بەریتانیا، لە ڕۆژنامەی Sunday Timesدا بەرگری لە هارۆڵد پینتەر و شانۆنامەی (ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون) دەکات و دەڵێت "لەو بڕوایەدام کە پینتەر سەرلەنوێ دەربکەوێتەوە، ئەو ناوە باش بخەنە مێشکتانەوە." هارۆڵد پینتەر وەک یەکێک لە دەنگە گەورە و ڕەسەنەکان دەردەکەوێتەوە.

دوو ساڵ دواتر شانۆنامەی (ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون) بۆ تەلەڤزیۆن تۆمار دەکرێت و لە کەناڵەکانی BBCدا بڵاو دەکرێتەوە، ئەم نمایشە تەلەڤزیۆنییە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ هارۆڵد پینتەر بەدەست دەهێنێت و لە شەو و ڕۆژێکدا دەبێتە یەکێک لە ناسراوترین نووسەرەکانی ئەودەمەی بەریتانیا.

هارۆڵد پینتەر هەر لەم قۆناخەدا زۆر بە چڕی دەکەوێتە نووسین و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی، شانۆنامەکانی بۆ _BBC دەنووسێت، لە هەمان کاتدا بەردەوام دەبێت لەسەر بڵاوکردنەوەی شیعر و فیلم و تێکستە تەلەڤزیۆنییەکانی و تەنانەت وتاری سیاسیش بڵاو دەکاتەوە(٨).

هارۆڵد پینتەر لەگەڵ نووسینی هەر شانۆنامەیەکی تازەیدا، فۆرم و شێوازەکانی خۆی قووڵتر دەکاتەوە و گفتوگۆ و بۆچوونی جیاواز دەوروژێنێ. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٦٠دا شانۆنامەی (سەرایی‌دار) دەنووسێ، ئەم بەرهەمەی نەک بە تەنیا لە لەندەن، بگرە لە زۆربەی وڵاتە ئەوروپاییەکاندا بە سەرکەوتنەوە نمایش دەکرێت و پاش چوار ساڵیش (سەراییدار) دەبێتە فیلمێکی سینەمایی سەرکەوتوو.

هارۆڵد پینتەر دوای ئەو سەرکەوتنانە، شانۆنامەی (دیمەنێکی ئاسایی) و (گۆلێکسیۆن) ١٩٦١،

(یار) ١٩٦٢، (ئاهەنگی چا خواردنەوە) ١٩٦٥، (گەڕانەوە بۆ نیشتمان) ١٩٦٥، (بێدەنگی) ١٩٦٩، (شەڕ) ١٩٦٩، (بێ وەفایی) ١٩٧٨، (خاکی بێ خاوەن) ١٩٧٤ .... هتد، دەنووسێت.

هارۆڵد پینتەر لە شەستەکاندا هاوکارییەکی هونەریی چڕ لەگەڵ ریژیسۆری شانۆی شاهانەی شەکسپیر (پیتەر هاڵ) دەست پێ دەکات، ئەم هاوکارییە هونەرییە دەشبێتە هاوڕێیەتییەکی نزیکی درێژخایەن.

پیتەر هاڵ شانۆی شاهانەی شەکسپیر دادەمەزرێنێت و چەندین نمایشی سەرکەوتوو پێشکێش دەکات و شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەر دەبێتە جێگەی سەرنجی. ئەم هاریکارییە هونەرییە تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی هارۆڵد پینتەر بەردەوام دەبێت.

هارۆڵد پینتەر تەنیا هەوڵی نمایشکردنی شانۆنامەکانی نادات، بگرە بە هەمان شێوە شانۆنامەکانی بە کتێب و لە کۆوارەکانیشدا بڵاو دەکاتەوە، ئەم بڵاوکردنەوەیەش زەوینەیەکی بەربڵاو و گرینگ بۆ هارۆڵد پینتەرێکی گەنج، لە سەرانسەری بەریتانیادا خۆش دەکات(٩).

هارۆڵد پینتەر نەوەی سەر بە چینی کرێکاران و تەوژمی ڕیالیزمی نوێی شانۆی ئینگلیزییە، بەتایبەتیش لە بەرهەمەکانی سەرەتایدا پابەندی دەوروبەر و ئاووهەوایەکی واقیعی شیعرئامێزە، لە ژیانێکی ڕۆژانەی زۆر ئاساییدا، هەلومەرج، هەڵوێستە، حاڵەتی دژایەتی و بەرگریکردن دەخوڵقێنێت و زۆرجار دیالۆگەکانی فۆرمێکی لێپێچینەوە لەخۆ دەگرێت، ئەم فۆرمە زیاتر لە شانۆنامە سیاسییەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. ڕووداو و ئاکامەکانی شەڕی جیهانیی دووەم کاریگەرییەکی زۆر لەسەر بیر و هۆشی هارۆڵد پینتەر بەجێ دەهێڵێت، هەموو شتێک بە سیاسەت دەبینێت، لە بنەماکانی توندوتیژی، ڕەگەزپەرستی، شەڕ و دەسەڵات تێ دەگات. هەر لەبەرئەوەشە کە بە هەموو شێوەیەک دژی هەموو ماناکانی سەرباز و سوپا و چەک دەبێتەوە، لە خزمەتی سەربازی هەڵدێت و بە هیچ شێوەیەک ئامادە نابێت کە جلوبەرگی سەربازی لەبەر بکات و بچێتە ڕیزەکانی سوپای وڵاتەکەیەوە. لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا بەم شێوەیە باسی ئەو ڕۆژگارانە دەکات "کە شەڕ کۆتا هات، تەمەنم پازدە ساڵان بوو، گومان لەوەدا نەبوو، ئەگەر دوای سێ ساڵی تر بۆ خزمەتی سەربازی بانگهێشتن بکرامایە، هەر دەبوایە بچم. من هیچ مانایەکم لەمەدا نەدەبینی، بۆیە نەچووم و لە ئاکامدا گیرام. بە ترومبێلێکی پۆلیس بردمیانە بنکەی پشکنینی تەندروستی. دوو دادگەش داوای کردم."

هارۆڵد پینتەر بە پێچەوانەی نووسەرەکانی سەردەمی خۆیەوە، شانۆنامەنووسێک نەبووە و نییە کە نووسینەکانی لەسەر ژیان و بیۆگرافیای خۆی ڕۆنابێت، شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەر ڕیگەیەک نین بۆ ناسینی ئەم نووسەرە و لە بەرهەمەکانیدا هیچ زانیارییەک لەبارەی ژیانی تایبەتمەندیی خۆی نادات بەدەستەوە. سەبارەت بە ڕەوشی ژیانی خۆی دەڵێت "هیچم نییە سەبارەت بە خۆم بیڵێم. نازانم لە کوێوە دەست پێ بکەم، بە تایبەتی کە لە ئاوێنەدا سەیری خۆم دەکەم. لەوە ڕادەمێنم کە ئاخۆ دەبێ ئەو کەسە کێ بێت؟"

هارۆڵد پینتەر لە ساڵی ٢٠٠٥دا خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەب وەردەگرێت و لە دوای بێکێتەوە دادەنرێت بە گەورەترین شانۆنامەنووسانی ئەوروپا و جیهان. لە ساڵی ٢٠٠٨دا کۆتا بە ڕەوتی ژیانی دێت و کۆچی دوا دەکات.

## مۆرک و سیماکانی شانۆی هارۆڵد پینتەر

هارۆڵد پینتەر هەر لە یەکەم دەسپێکی شانۆنامەکانیەوە، جیهانێکی تایبەتمەندیی بە خۆی دروست کردووە، دیالۆگ، کارەکتەرەکان، ئەو زمانەی کە بەکاری دەهێنێت، ئەو مەسەلانەی کە دەیانخاتە ڕوو، تۆن و ڕیتم، جۆرە هەستێک، غەریزە و قووڵییەکی زیاتر، ڕژدییەتێکی زیاتر و لەم نێوەندەشدا خەندەیەکی ڕەش لەخۆ دەگرێت.

ئەتمۆسفێرە تەمومژاوییەکان و بارودۆخە نهێنییەکان شێوەیەک لە "پینتەرییەت" تایبەتمەندی و جیاواز دەخوڵقێنێ. شانۆکەی بە شێوەیەکی گشتی باسی ئەو ڕەوشانە دەکات کە مرۆ بەرگری لە خۆی، لە پێگەی خۆی و بۆچوونەکانی دەکات، یان مرۆ بە شێوەیەک لە شێوەکان هێرش دەکاتە سەر کەسێک، کەسانێک تەنیا بۆ ئەوەی (جێگەپێی خۆی) بپارێزێت.

کارەکتەرەکانی هارۆڵد پینتەر بەبێ هیچ چیرۆکێک، بەبێ هیچ پێوەندییەکی ڕوون و ئاشکرا و ئاستێکی دیاریکراوی باری کۆمەڵایەتی یان چینایەتی دێنە سەر شانۆ، ئەو کارەکتەرانە لە دانوستاندنێکی بەردەوامدان سەبارەت بەوەی کە هەموویان جێگەیان لە هەمان ژووردا ببێتەوە. بەرتەسکیی شوێنەکان، وەک هێماگەلێک لە زۆربەی شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەردا دووبارە دەبنەوە، شوێنەکان هیچ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا نایەت، بگرە ژوورەکان لە تاریکیدا فۆرمی خۆیان وەردەگرن، خۆیان دەسەپێنن و هێدی هێدی لە خودی تێکستەکاندا دێنە دەرەوە. ئەم بەرتەسکیی شوێنانەش ئاماژەیەکە بۆ تەنگژەی کەسایەتییەکان و سنووردارییی جووڵانەوەکانیان لە ژیان و ترسیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی جیهانی دەرەوە. تەنیا و دابڕاو لە بارودۆخێکی تەمومژاوی و نهێنیدا دێن و دەچن، ئەم بارە نادیار و تەمومژاوییە شانە گرینگەکانی شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەر پێک دەهێنن.

کارەکتەرەکان لەناو تێکست و ئەتمۆسفێرەکەدا ڕێگە بە ژوورەکان دەدەن فۆرمی خۆیان وەربگرن. دنیا سارد و تاریکەکانی دەرەوە حاڵەتێکی مەترسیدار، چاوەڕوانی و شتێکی نادیار بۆ کارەکتەرەکان دەستەبەر دەکەن، کەسایەتییەکانی لە تاریکی، تەنیایی و دابڕاندا لە بیرکردنەوەیەکی بەردەوامدان، ئەو بیرکردنەوانەش دەبنە هۆی دروستبوونی پردێکی پێوەندی بە دنیای دەرەوە.

ئەو شێوازە گومانلوییەی هارۆڵد پینتەر کە لە خودی دیالۆگ و تەکنیکی گێڕانەوەکانیدا بەکاری دەهێنێت، زمانی ڕۆژانە و بەکارهێنانی فۆنەتیک و دیالێکتە ناوچەیی و جیاوازەکان دەکاتە بنەمایەک بۆ زمانە تەمومژاوییەکەی و دروستکردنی بارێکی نائارام و حاڵەتێکی نادیار.

هیچ سنوورێکی ئاشکرا لە نێوان ڕاستی، واقیع و خەیاڵدا نییە، هەروەها بەهەمان شێوە هیچ سنوورێک لە نێوان ڕاست و درۆدا نییە، بەم شێوەیەش جیهانی شانۆکەی، هەموو سنوورەکانی واقیع و فەنتازیا، خەون و خەیاڵ تێکەڵاو دەکات.

هارۆڵد پینتەر شانۆنامەکانی بەبێ هیچ هۆکارێک یان ڕوونکردنەوەیەک دەنووسێت، بەبێ بۆچی و لەبەرئەوەیەک. وەک شیعر و مۆسیقا وان، دیدەکان پێش ناکەون، بگرە بابەت و وێنەکان لە خودی پێوەند و ڕیزبەندییەکانەوە فۆرم و شێوازی خۆیان وەردەگرن. لەوانەیە هەموو شتێک بگەیەنێت و لە هەمان کاتدا هیچ مانایەکیشیان نەبێت، زۆرجار وێنەکان ژوورێک، هەڕەشە، خانەوادە، ئافرەتەکە، بیرەوەرییەکان دووبارە دەبنەوە. یان ئەتمۆسفێرەکە، ئەو ترس و زەندەقچوونە بێ ناوەی کە لە نێوان خودی ترس و پێکەنینەکاندا خۆی شاردووەتەوە. هەندێ جار هەڵوێستە و ڕووداوەکان لە نێوان شانۆ و بینەراندا حاڵەتێکی نائارام سەبارەت بە کامە ڕاستە و کامە درۆیە، کامە واقیعە و کامە ئەندێشەیە، دروست دەکات. هارۆڵد پینتەر خۆی بەم شێوەیە ئەم ڕەوشەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە "کە پەردە لەسەر یەکێک لە شانۆنامەکانی من لادەبرێت، ڕووبەڕووی هەڵوێستە و دۆخێک دەبێتەوە، دۆخێکی تایبەتمەند، دوو کەس لە ژوورێکدا دانیشتوون، شتێک کە لەوەوبەر ڕووی نەداوە، بەڵام لەم چاوترووکانەدا ڕوو دەدات. دەرگەیەک لە چ ئان و ساتێکدا بێت دەکرێتەوە و کەسێک دێتە ژوورەوە. ئێمە زۆر حەز دەکەین کە بزانین ئەو کەسە کێیە، زۆر حەز دەکەین کە ڕاستەوڕاست بزانین ئەو کەسە بە تەواوەتی بیر لە چی دەکاتەوە و بۆچی هاتووەتە ژوورەوە، بەڵام لە واقیعدا چەندە دەزانین کە کەسێک بیر لە چی دەکاتەوە و ئەو کەسەش کێیە، چی وای لەو کەسەش کردووە کە ببێتە ئەو کەسە."

هارۆڵد پینتەر لە بنەماکانی ئەم پرسیارانەوە: لەبەرچی، چۆن و چییەوە ستركتوری شانۆنامەکانی دادەڕێژێت، بگرە لە دەروازەکانی پرسیارێکی تری ئاساییەوە (تۆ کێیت؟) تۆ کێیت ئەو پرسیارەیە کە فیگور و کارەکتەرەکانی هارۆڵد پینتەر دەیانەوێت وەڵامەکەی بدۆزنەوە، بێگومان ئەمەش بە گەڕانەوە بۆ ڕاستییەکانی واقیع.

هارۆڵد پینتەر لەنێو تەوژمەکانی ناتورالیزم و ڕیالیزمدا دەسووڕێتەوە، شانۆنامەکانی لەسەر بنەما ناتورالیزم و واقیعییەکانی هونەر و ژیان ڕۆدەنێ، بەڵام ناتورالیزمی هارۆڵد پینتەر شتێکی جیاواز و تایبەتمەندە بە هارۆڵد پینتەر خۆی، ڕیالیزمی هارۆڵد پینتەر ڕیالیزمێکی ئەندێشەئامێزە و لە بنەماکانی شانۆیەکی ئەبسورددا دەسوڕێتەوە و چەمک و مۆرکی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەمەش لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەو توانا مەزنەی کە هارۆڵد پینتەر هەیەتی لە ڕۆچوونە خوارەوە بۆ دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی شانۆنامەکانیدا. کارەکتەرەکانی هارۆڵد پینتەر بەردەوام لە چاوەڕوانیی ئەوەدان بدوێن یان بە واتایەکی تر ڕێگەیان پێ بدرێت بدوێن، کە دەشدوێن بە هیچ شێوەیەک ڕوو ناکەنە بینەران، زۆرجار بەنێو دەروونی خۆیاندا ڕۆ دەچنە خوارەوە، دابڕاون و هیچ پێوەندییەکیان بە دەوروبەرەکەی خۆیانەوە نییە، لە هەمان کاتدا ئەو کارەکتەرە تەنیایانە هێندە ورد، ڕاستەوخۆ و

قـوول بەسـتـراونەتەوە بە ژیانی ڕۆژانەوە، بینەران هەروەک ئەوەی ڕۆڵی کـۆمـەڵێک کـەسـایـەتیی ڕاسـتـەقـینەی ژیانی واقـیـعی ببـینن، وەهایە. هـارۆڵد پینتـەر لەم ڕووەوە دەڵێت "ئەوەی لەناو شانۆنامەکانی مندا ڕوو دەدات شتی واقیعییە، بەڵام ئەوەی من دەیکەم ریالیزم نییە."

هـارۆڵد پینتـەر تەنیا دووپاتی ئەوەمـان بۆ ناکاتـەوە کـە ئێمـە لەژێر پاڵەپەسـتـۆ و هـەڕەشـەیەکی ئەبەدی، نـاوەکی و دەرەکـیـدا دەژین، بگرە ڕووبەڕووی هەست و سـۆزێکی تـاریکی سـامناکـمـان دەکاتەوە کە لە نـاوەوەی دەروون و جەستەی خۆمـاندایە. ئێمە لەو تاریکییە ترسناکەی دەروونماندا لە شـەڕێکی بەردەوامـداین لەگـەڵ خـۆمـان و ئەوانی تردا، لـەو تاریکییـەدا هـەمـوو شـتـەکـان دەبنە پرسـیـار، هـەمـوو شـتـەکـان بەبێ وەڵام دەمـێننەوە، هـیچ کـەسـێکیش ڕزگـاری نابێت و هـەمـوو شتەکانیش تێک دەشکێن. لە پڕ کەسێک دەردەکەوێت و هـەموو شتەکان هەڵدەگێڕێتەوە، یان دەبێتە جێگەی مەترسی و هەڕەشـەیەکی گەورە.

هـارۆڵد پینتـەر زۆر زیرەکـانە ژیانی هـەژاران، ژیانی ئەو مـرۆڤـانـەی کـە لە دەرەوەی دەزگـا کۆمەڵایـەتییـەکاندا توند کـراون، دەنەخشێنێت. لە هـەمان کاتدا ژیانە بێباک و ڕواڵەتئامێزەکەی دەوڵەمەندانیش دەخاتە ڕوو. شانۆنامەکانی هـارۆڵد پینتـەر تەنیا خستنەڕوویەکی بەرزی کۆمەڵگەی هـاوچەرخ و ژیان و گـوزەرانی چینی بۆرژوا نـیـیـە، بگرە زۆر بە وردی هـەمـوو کـولتـوور و باری ئابووری و کـۆمـەڵایەتی و ئاسـتـە جیاوازەکـانی کۆمەڵگەی ئینگلسـتـانی دوای شـەڕ بەرجەسـتـە دەکات. یەکەم بەرهەمە ددان پێدانراوەکانی هارۆڵد پینتـەر زۆر بە ئاشکرا لە مـەدارێکی نزیک بە جـیـهـانی سـامـۆیل بێکێتـدا دەسووڕێنەوە، کـارەکتـەرەکـانی هارۆڵد پینتـەر، چیـرۆک و بنەمـا فیکرییەکانی نزیکە لە بێکێتەوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرینگە ئـامـاژەی بۆ بکرێت ئەوەیە کـە هارۆڵد پینتـەر بە پێچەوانەی سـامـۆیل بێکێتەوە تـوانیویەتی ئەو کارەکتـەرانە لەو بارودۆخە ئـەبستـراک و هێماگـەرییەی سامۆیل بێکێتەوە بگوێزێتەوە بۆ ناو بارودۆخێکی ئاشکرا و واقیعی ژیانی ڕۆژانە و ناو مـاڵی خـێزان و کـۆمـەڵگەی ئینگلیـزییـەوە(١٠). لە شـانۆنامـەی (ژوور)دا خـاتـوونێک (روز) بە بەردەوامی باسی ژوورە دڵگیرە خۆشە ڕازاوەکەیان دەکات، بەڵام ئەم خاتوونە و بینەرانیش هـەست بە دڵتەنگی ئەو ژوورە دەکەن و وەک گرتیگە دەیبینن.

## گەڕانەوە بۆ ماڵ

شـانـۆنامـەی (گـەڕانـەوە بۆ مـاڵ) یەکـێکە لە شـانـۆنـامـە چڕ و تەمـومژاوییـەکـانی هـارۆڵد پینتـەر لەسـەر ئاسـتێک و ڕوون و ئاشکرا لەسـەر ئاسـتێکی تر و یەکێکیشـە لە شـانـۆنامـەکانی قـۆناخی بەرایـیـی ئەم نووسـەرە و لە سـاڵی ١٩٦٤دا نووسـراوە(١١). پیـاوێک کـە مـامـۆسـتـای زانکـۆیە لە ئەمـەریکا و لەگەڵ ژنەکـەی دەگـەڕێتەوە بۆ لەندەن و بۆ مـاڵی باوکی. باوکی و دوو برا و مـامی بەبێ ئافرەت بە سەڵتی دەژین.

تاریکی

ڕووناکی

شـەو. تێـدی و ڕوس لەناو دەرگـەی ژوورەکـەدا وەسـتـاون. هـەردووکـیـان زۆر پۆشـتـە و ڕێکپـۆشـن جلوبەرگی ڕەنگ کاڵی هاوینە و پاڵتۆی بارانـی ڕەنگ کاڵیـشیـان لەبەردایە. دوو جـانـتـاش بە تەنیـشـتـیـانەوە دانراوە. دەڕواننـە ژوورەکـە. تێـدی یاری بە کلیلەکـانی دەستی دەکات، هەڵی دەدات بە ئاسماندا و دەیگرێتەوە، زەردەخەنە دەیگرێ.

تێدی: ئا، دەرگەکە کراوەیە. (وچان) ئەوان کێلونەکەیان نەگۆڕیوە. (وچان)

ڕوس کەس لێرە نییە.

تێدی: (تەماشای سەرەوە دەکات) نوستوون. (وچان)

ڕوس: دەتوانم دانیشم؟

تێدی: بێگومان.

ڕوس: ماندووم. (وچان)

تێدی: دە دانیشە. (ڕوس هیچ ناجووڵێتەوە) ئەوە کورسییەکەی باوکمە.

ڕوس: ئا ئەوە؟

تێدی: (بزە دەیگرێ) ئا. ئەوە. بچمە سەرەوە بزانم ژوورەکەم وەکو خۆی ماوە؟

ڕوس: خۆ بە خۆشحاڵییەوە نەچووەتە شوێنێکی تر.

تێدی: من مەبەستم ئەوەیە بزانم تەختی نووستنەکەم لەوێ ماوە.

ڕوس: لەوانەیە کەسێکی تری تێدا بنوێت.

تێدی: نەخێر، ئەوان تەختی نووستنی خۆیان هەیە. (وچان)

شانۆنامەی گەڕانەوە بۆ نیشتمان

پەردەی دووەم

هەر دوای سـاتێک پەیوەندییـەکی نامـۆ، سـەیر، نهێنی، سـێکسی، تەمومژاوی، نادیار لە نێوان ئەو ئافرەتە (ڕوس) و هەموو پیاوەکانی ناو ئەو ماڵەدا دروست دەبێت و کوڕەکەش (تێدی) بە بێدەنگی، بەبێ جووڵە، بەبێ هەڵوێست لەم گێژاوەدا تەماشای ڕووداوەکان دەکات. لـەم شـانۆنامـەیەدا زۆر بەخێرایی بۆچوون و هەست و سۆزەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، کەسایەتییە فرۆیدییەکان لە گەمەیەکی ترسناکی دەسەڵاتی نێوان کارەکتەرەکاندا دەردەکەون.

ژوورێکی دانیشـتنی ئاسایی ڕۆژانە، کەلوپەل و کورسی و هەمـوو شـتـەکانی تر زۆر بە وردی و بە شـێـوازێکی واقـیـعی دەسنیـشـان کـراوە، ئەوەی لە سـەرەتادا ڕوو دەدات، دووبارەبوونەوەی دیالۆگەکان و بە هەمـان شـێوە لە دواییـشدا دووبارە دەکرێتەوە، بەم شـێوەیەش ئەوەی لەوەوپێش وتراوە، ڕووی داوە، سـەرلەنوێ دووبارە دەبێـتـەوە و لـە ڕووداوێکی نوێ و شـتـێکی جـیـاوازدا

بەرجەستە دەبێت.

ئەم خانەوادەیە و لە ڕوانگەی ڕووداوەکانەوە پەردە لەسەر خۆیان هەڵدەماڵن، باوک و کوڕ، برا و برا، کوڕ و برازا ڕووبەڕووی یەکتری دەکاتەوە، بەڵام وەک تراجیدیای خانەوادە گرێکییەکان یەکتر ناکوژن و لە بریی ئەوە خۆیان دەدەن بەدەست ساتەوەختەکانی ئەو ئێوارەیەوە. پێوەندییەکان لەسەر بنەمایەکی توندوتیژ ڕۆنراون و سنوورەکانی نێوان وشە و بێدەنگی هەڵدەگیرێت. (تێدی) لە کۆتاییدا دەگەڕێتەوە لەبەرئەوەی کەس پێویستی بەو نییە، ئەویش پێویستی بە کەس نییە، (ڕوس) دەمێنێتەوە لەبەرئەوەی هەموو ئەندامانی خێزانەکە پێویستیان بەوە، ئەویش پێویستی بەوەیە کە هەست بکات کەسانێک پێویستیان بەوە.

لەم شانۆنامەیەدا زۆر بە خێرایی و هەندێ جار کتوپڕانە ئەو ژوورە واقیعییە دەبێتە گێژاوێکی ڕەش، دەلاقەیەکی بێ ئامان و هەموو شتەکان ڕاپێچ دەکات بۆ ناوەوە، بۆ دەرەوە، بۆ ژێرەوە و هەموو مەرزەکان: ئاکاری، کۆمەڵایەتیی، دەروونی، واقیعی تێک دەشکێنێ. دووبارەبوونەوەی دیالۆگەکانیش مەودایەکی قووڵ دەداتە چەمکی کات و کاتە جیاوازەکانی ڕووداوەکان و ڕامانی تێپەڕبوونی کاتیش. زۆربەی ڕەخنەگران وەک شانۆنامەیەکی دوژمنکارانە دژی ئافرەت ئاماژە بۆ شانۆنامەی (گەڕانەوە بۆ ماڵ) دەکەن، پیاو و کۆمەڵگەی پیاوسالاری و جیهانی پیاو و بۆچوونەکانی پیاو سەبارەت بە ئافرەت بەرجەستە دەکات. بەڵام میکایل بیلینگتۆن کە پسپۆڕە لە جیهانی شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەردا و چەندین کتێبی لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی هارۆڵد پینتەر نووسیون، بۆچوونێکی پێچەوانەی سەبارەت بەم شانۆنامەیە هەیە. میکایل بیلینگتۆن ئەوە دووپات دەکاتەوە کە شانۆنامەی (گەڕانەوە بۆ نیشتمان) ئاماژەیەکی گەورەی فێمینستییە و کارەکتەری (ڕوس) کە تەنیا کەسایەتیی ئافرەتی ناو شانۆنامەکەیە، گەمەیەکی بە پلان دەکات و هەموو پیاوەکان، هەروەک بووکەڵە و بەو شێوەیەی کە ئەو دەخوازێ هەڵدەسووڕێنێ.

هارۆڵد پینتەر بەم شێوەیە باسی چۆنیەتیی نووسینی ئەم شانۆنامەیە دەکات (من هەموو کات کە دەست دەکەم بە نووسینی شانۆنامەیەکی نوێ، کارەکتەرەکانم ناو دەنێم A, B, C . ئەو شانۆنامەیەی کە بوو بە (گەڕانەوە بۆ ماڵ) بەم شێوەیە سەری هەڵدا. پیاوێکم بینی دێتە ژوورێکی ساردەوە و پرسیارێک لە پیاوێکی لە خۆی گەنجتر دەکات کە لەسەر کورسییەکی قەبەی ناقۆڵا دانیشتووە و خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامەیەکی پێشبڕکێی ئەسپە. هەستم کرد A باوکە و B ش کوڕیەتی، بەڵام هیچ بەڵگەیەکم بەدەستەوە نەبوو. ئەمە هەر دوای ساتێکی کورت بۆم دەسەلمێت، B (کە دواتر ناوی دەبێتە لێنی) بە A (کە دواتر ناوی دەبێتە ماکس) دەڵێت: " بابە، ئاساییە باسەکە بگۆڕین؟ دەمەوێ پرسیاری شتێک بکەم. ئەو خواردنەی ئێستا خواردمان ناوی چی بوو؟ تۆ ناوی چی لێ دەنێیت؟ بۆ ناڕۆیت و سەگێک بۆ خۆت بکڕیت؟ ئەوە خواردنی سەگە تۆ لێی دەنێیت. بێگومان، تۆ لەو بڕوایەدای خواردن بۆ کۆمەڵێک سەگ ئامادە دەکەیت." هەر لەبەرئەوەی B بە A دەڵێت: "بابە" بۆیە شتێکی سروشتی و ئاساییە کە ئەو دووانە ببنە باوک و کوڕ. زۆر ڕوون و

ئاشکراش دەردەکەوێت A خواردنەکەی ئامادە کردووە، هەروەها خواردنێکی بەتام و خۆش نەبووە. ئەمەش مانای وایە کە هیچ دایکێک بوونی نییە؟ ئەوەم نەدەزانی. بەڵام وەک خۆم لە خۆم پرسیبوو: سەرەتاکانمان هیچ لەبارەی کۆتاییەکانمانەوە نازانێ."

## گەمەی دەسەڵات

لە هەموو دیمەنێکی شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەردا بە ڕوونی گەمەی دەسەڵات لە ڕوانگەی زمانی جەستە، بێدەنگی و زمان و بەکارهێنانی دەستەواژە و وشە هەڵبژاردراوەکانیەوە دەبینرێت. جیهانێکی نائارامی تۆقێنەری پڕ لە هەڕەشە هەیە، لەم نائارامییەدا کارەکتەرەکان لەژێرەوەن، یان لەسەرەوەن، بەڵام هەرگیز دەسەڵات لە یەک جێگەدا جێگیر نابێت، بگرە چەمکی دەسەڵات وەک گەمەیەکی سەیر لە کەسایەتییەکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ کەسایەتییەکی تر و ئەوەی ئەمڕۆ براوەیە سبەی دۆڕاوە. کەس لە کەس دڵنیا نییە و کەس بڕوای بە کەس نییە و هەموو کەسێکیش نهێنییەکی حەشار داوە، ئەوەی جێگەی سەرنجە نە خوێنەر و نە بینەرانیش و تەنانەت خودی کارەکتەرەکانیش نازانن ئەو شتە نهێنی و شاراوەیە چییە(١٢).

گەمەی دەسەڵات بە بەردەوامی لە هەموو شوێنێکدایە، بۆ نموونە لە نێوان ژن و مێردێکدا، کارەکتەرێکی کۆمیدیایی لە شانۆنامەی (یار) یان وەک گەمەیەکی پێوەندییەکان لە شانۆنامەی (بێ وەفایی). لە شانۆنامەی (ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون)دا گەمەی دەسەڵات دەگاتە ئاستی ترۆپک، لە پڕ دوو پیاو، گۆڵدباری و ماکان لە هیچەوە، هەروەک قارچک هەڵدەتۆقێن و هەموو شتەکان هەڵەوگێڕ دەکەن. شانۆنامەکە زۆر نزیکە لە جیهانی کافکاوە. بێگومان گەمەی دەسەڵات لە زۆر دیمەن و شانۆنامەکانی تری هارۆڵد پینتەردا مۆتیفێکی سیاسی لەخۆ دەگرێت، باسی شەڕ، چەوسانەوە، چەوسانەوەی هەژار و بێلانەکان و دەسەڵاتی داگیرکەر دەکات.

هارۆڵد پینتەر بە شێوازێکی بەرزی نەبینراو، کەسایەتی و ڕووداوەکان دیاری دەکات و لە هەمان کاتدا دەیبەستێتەوە بە ئاستە جیاوازەکانی واقیعەوە. کارەکتەرەکانی لە گەڕانێکی بەردەوام و دەستنیشانکردنی یەکتردان و هەردەم لە کاتی میکانیزم و گەمەیەکی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتەوە لە بەراوردکارییەکی ورددان لەگەڵ یەکتری. بیرەوەرییە دێرینەکان لە گەمە و ڕووداوەکاندا بیرەوەرییەکی نوێ و بیرخستنەوەیەکی نوێ و جیاواز لە ئێستادا دروست دەکات. بەم شێوەیەش هەموو بیرەوەرییەکان بنەمایەکی قووڵ و فرە مانا لەخۆ دەگرێت. چەندە شانۆنامەکەش بەرەوپێشەوە بچێت و کات زیاتر تێ پەڕێت، هێندەش حاڵەتەکان ئاڵۆز، قووڵ و چڕ دەبنەوە و دەچنەوە یەک.

هارۆڵد پینتەر لە شانۆنامەکانیدا زۆر بە وردی باس لەو بێ توانایییە دەکات کە لە پێوەندییەکانی نێوانماندایە، لە نەمانی پێوەندی و ڕازینەکردنی یەکتری، لەو بارە ئاڵۆزەی هاوسەرێتی، هاوڕێ و هاوکارەکان پێکەوە دەبەستێتەوە، لەو بارە پڕ لە ڕواڵەتەی کە حەز و

ئارەزووەکـانمان بـەرەو دنیـایەکی نادیار و لەرزۆک دەبات. هەنـدێک پێـوەندی لەبـەرئەوەی لەسـەر درۆودەلەســە بنیــات نراوە، زۆر جــوانە، کــەی ئەو درۆیانەش ئاشکرا بوون و پەردەیان لە ڕوو هەڵمـاڵرا، ئەوا هـەمـوو شـتـەکـان، ناشـیـرین، قـێزەون و ناقـۆڵا دەبن، هیچ گـەرەنتـییـەک نییـە و کردارەکانیشمان لەوەبەر دیاری کراون.

## خۆڵەمێش

هارۆڵد پینتەر لە ساڵی ١٩٩٦دا شانۆنامەی (خۆڵەمێش) دەنووسێت، شانۆگەرییەکە هەر چۆن لە تاریکیدا دەست پێ دەکات، بەهـەمـان شـێوە لـە تاریکیـشـدا تەواو دەبێت، ژوور و بـاخـچـەکەی دەرەوە تەنیـا دەبنە سـێـبـەر و تاریکی. پێش ئەوەی هیـچ وشـەیەک بگوترێت، زۆر بەهێـمـنی و لەسەرخۆ ڕووناکی دادەگیرسێنرێت، بەڵام هەموو ژوورەکە ڕووناک ناکاتەوە.

(رەبێکا) هەروەک سـەرمای بێت، لەسـەر کورسییەکە گرمـۆڵە بووە، (دێفیلین)یش بە پـەرداخێک شـەرابەوە بە پێوە ڕاوەستاوە. دیالۆگەکان وا دەست پێ دەکەن هەروەک ئەوەی کارەکتەرەکان لە گەرمەی گفتوگۆدا بن، یان باسی شتێک بکەن کە لەوەبەر هەزار جار دووبارەیان کردبێتەوە.

دیالۆگ و تێکستـەکانی ئەم شـانۆنامـەیە زۆر تایبـەتن، لە شـتی ئاسـاییی ژیانی ڕۆژانەوە بۆ ڕەوشە چڕ و زەحمەتەکان، لە ساکارەوە بۆ ڕاز و نهێنی دەڕوات(١٣).

ڕووناکیی چراکە بە تەواوەتی داگیرسـاوە، بەڵام ژوورەکە ڕووناک ناکـاتەوە. دێفیلین بـە پێکێ شەرابەوە وەستاوە. رەبێکا دانیشتووە.

بێدەنگی

رەبێکا

ئا.. هەر بۆ نموونە.. ئەو بە مشت داخستنەوە بەسـەر سەرمەوە ڕاوەستاوە. دوای ئەوە دەستەکەی تری خستە سەر شان و ملمی دەگرت و سەرمی بەرەو لای خۆی ڕادەکێشا. مشتە نووقاوەکەی... دەینووسان بە دەممەوە. دەیوت:" دەستە نووقاوەکەم ماچ بکە."

دێفیلین: ماچت کرد؟

رەبێکا: ئا، بەڵێ. من دەستـە نووقاوەکەیم ماچ کرد. مستەکۆڵەکانی. دوای ئەوە دەستەکانی دەکردەوە و لەپی دەستی دەدامێ... تا ماچی بکەم... منیش ماچم کرد. "وچان" دوای ئەوە من قسەم کرد.

دێفیلین: چیت وت؟ چ شتێکت وت؟ چیت وت؟ "وچان"

رەبێکا: من وتم: "دەست بنێرە بینم." مـن لەژێر لێوەوە لەناو دەسـتیدا، لە کاتێکدا کە ماچم دەکرد. بەڵام ئەو گوێی لە دەنگم بوو، ئەو گوێی لەوە بوو لـە نێوان دەستییەوە، ئەو گوێی لەوە بوو. "بێدەنگی"

شانۆنامەی "خۆڵەمێش"

ژن و پیاوێک (ڕەبێکا و دێفیلین) بەرەو دابڕان و جیابوونەوە دەڕۆن، ئافرەتەکە بیرەوەریی ئێجگار توندوتیژ و تاڵی هەیە و ژیانی ڕابردووی چەوسانەوەیەکی بەردەوامە بۆ ساتەکانی ئێستای. ڕابردووبوونێکی بێزارکەر و ناقۆڵای هەیە و کارەکتەرەکان هەڵدەسووڕێنێت و ناچاریان دەکات کەسایەتییەکان، شوێن و تەنانەت کەلوپەلەکانیشیان بگۆڕنەوە.

هارۆڵد پینتەر بۆ یەکەم جار لەم شانۆنامەیەدا باسی قەڵاچۆکردنی جوولەکە دەکات. هەستی بە کۆمەڵ و بیرەوەرییەکان لە بێدەنگییاندا، لە تاریکیدا دەبریسکێنەوە و قەڵاچۆکردنی ڕەگەزی جوولەکەمان لە کاتی شەڕی جیهانیی دووەمدا دەهێنێتەوە یاد، بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ ئاماژە بەو کارەساتە بکات.

بێدەنگی لەم شانۆنامەیەدا تەنیا لە نێوان دیالۆگی کەسایەتییەکاندا نییە، بگرە بە شێوەیەکی سەیر لەنێو خودی دیالۆگەکاندایە، کارەکتەرەکان لە ڕوانگەی دووبارەکردنەوەی پرسیارە بێ وەڵامەکانەوە و بە شێوەیەکی ئەبسورد دەبنە دیالۆگی بێدەنگ، بێدەنگییەکی ترسناک.

بێدەنگیی ڕەبێکا دەبێتە ئامرازێکی گوزارشتئامێز لە خودی ئەو هەستەی کە مانا شاراوەکانی لەخۆ دەگرێت، ڕەفتاری کارەکتەرەکان لەنێو بێدەنگییەکەدا مانا شاراوەکان، دیوی دووەمی دیالۆگەکان و ئەو ترسەی کە لە دیوی دووەمی، یان ناوەوەی تێکستەکەوە بەرجەستە دەبێت.

هارۆڵد پینتەر پێشنیازی ئەوەی کردووە کە شانۆنامەی (خۆڵەمێش) لەژێر ئاودا نمایش بکرێت، ئافرەتەکە (ڕەبێکا) هەروەک ئەوەی کەوتبێتە بنی دەریایەکەوە، خەریکە بخنکێ، پەلە قاژێیەتی و دەست رادەکێشێت تا کەسێک بە هانایەوە بێت، یان شتێک کە خۆی پێوە بگرێت، بەڵام بێهودەیە. ڕەبێکا بەبێ یارمەتی لە تەقەلای ڕزگاربووندایە.

بە کورتی دەتوانین بڵێین دەسەڵات، خۆشەویستی و دادپەروەری بە شێوەیەکی ئاشکرا و لەسەر سێ ئاست: کەسی، فەرمی و گلۆباڵ لە شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەردا ڕەنگیان داوەتەوە. یەکەم قۆناخی کە بە شانۆنامەی (گەڕانەوە بۆ ماڵ) کۆتاییی دێت، زیاتر ئاستە کەسی و تایبەتییەکەی دەگرێتە خۆ و لە هەمان کاتدا ڕووبەڕووی چینی خوارەوە و ناوەندیی کۆمەڵگە دەبێتەوە. لە (خاکی بێ خاوەن، سەردەمی بەسەرچوو و بێ وەفایی)دا ژیانە تایبەت و کەسییەکە ڕێچکەیەکی کۆمەڵایەتی، لە بنەمایەکی هونەری و ئەدەبی و تەکنیکێکی بەرزدا لەخۆ دەگرێت. بیرەوەری، خۆشەویستی و لەدەستدانی بەها جوانەکانی خۆشەویستی سیمایەکی ئاشکرای شانۆنامەکانی ئەم قۆناخەن.

ژوورە داخراوە تاریکەکانی بەرهەمەکانی سەرەتای، لەم قۆناخەدا، تەنانەت بە ڕووی کۆمەڵگە نێونەتەوەییەکاندا دەکرێتەوە و هارۆڵد پینتەر ئەوە دەخاتە ڕوو کە هیچ خۆشەویستییەک بەبێ یەکسانی و دادپەروەری، بنەماکانی خۆشەویستییەکی پاک و ڕاستەقینە لەخۆ ناگرێت.

## سیاسەت لە شانۆی هارۆڵد پینتەردا

گویس: (هەڵدەستێ) ئەو کەی پێوەندیمان پێوە دەکات؟

بێن: (دەخوێنێتەوە)

گویس: کەی پێوەندیمان پێوە دەکات؟

بێن: ئەوە چیتە؟ لەوانەیە لە هەر کاتێکدا پێوەندیمان پێوەبکات. لە هەر کاتێکدا.

گویس: (دەچێتە لای ئەوسەری قەرەوێڵەکەی بێن-ەوە) ئا، دەمەوێت لەبارەی شتێکەوە پرسیارێکت لێ بکەم.

بێن: چ شتێک؟

گویس: هەستت بەوە کردووە کە ئەو دەفرە چەند کات دەخایەنێت تا پڕ بێت؟

شانۆنامەی (ئەسانسێرەکە)

هارۆڵد پینتەر هەرچەندە هەموو شانۆنامەکانی، هەر لە پەنجاکانەوە تا ئێستا جیهانێکی سیاسی و مۆرکێکی بنەما فراوانەکانی سیاسەت بەخۆوە دەگرێت، بەڵام لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، ڕاستەوخۆ ڕوو دەکاتە نووسینی شانۆی سیاسی.

لەم قۆناخەدا مەسەلە سیاسییەکان پەیامێکی ڕاستەوخۆ و زەنگێکی وریاکردنەوەی مەسەلە مرۆڤایەتییەکان و مافی ئازادیی ڕادەربڕین و پرۆسەی دیموکراتی و کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا دەخاتە ڕوو. دەوڵەمەندی ناوەڕۆک و جۆرەوجۆریی شانۆنامەکانی، پانتاییەکی گەورەی خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی جیاواز لەخۆ دەگرێت، بۆ نموونە لە هەموو شانۆنامەکانیدا دەتوانین هێڵێکی ڕەخنەگرانەی فراوان دژی درۆودەلەسە سیاسییەکان، زمانی سیاسەتوانان و چەواشەکردنی خەڵکی و دەسەڵاتی کەمینە بەسەر دید و بیرکردنەوەی زۆرینەوە ببینین.

گەر کەسایەتییەکانی باسی شیعر، تۆپی پێ، خۆشەویستی یان توندوتیژی بکەن، بنەمایەکی سیاسییان لەپشتەوەیە. لە هەموو دیمەنێکدا کارەکتەرەکان لەسەر شتێک ڕێک کەوتوون. هەندێ جار نازانین ئەو شتە چییە و نەبینراوە، هەر بەو پێیەش دەچنە ناو ڕۆڵەکانیانەوە و ئاستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیان دابەش دەکەن. بەڵام لە پڕ یەکێک ئەو ڕێککەوتنانە، ئەو پەیمانانە دەشکێنێت و یاسا و ڕێساکان ئاڵوگۆڕ پێ دەکات. بەم شێوەیەش ئاستی دەسەڵات و گەمەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت.

زۆرجار مۆتیڤە سیاسییەکان وەک هەڕەشەیەکی کۆمیدیایی دەردەکەون، لەو مۆتیڤەدا زمان دەبێتە چەکێکی ڕاستەوخۆ دژی دەسدرێژی، بیانوو، بەهانە و ئازاردان.

هارۆڵد پینتەر ئەو شانۆنامانە وەک مێتافۆر بەرامبەر بە دیکتاتۆرییەت دەبینێت، دەسەڵات و دیکتاتۆرییەتیش چەندین جۆریان هەن: دەسەڵاتی دەوڵەت، خانەوادە، کۆمەڵگە و ئاین. لە زۆر

شـوێندا تەقـەلای دۆزینەوەی ڕووبەڕێک، بارسـتـاییـیـەک کـە لەلایەن دەسـەڵاتێکی ترەوە کۆنتـرۆڵ کراوە، بەرجـەسـتـە دەکات. لەم ڕەوشـەدا زمان، سێکسـوالییـەت، ڕاسـیزم، مۆراڵ، بە شـێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەبێتە بنەمای ئەو کۆنترۆڵ و ململانێ سیاسییە.

گەڕان بەدوای خۆشەویستی، هاوڕێیەتی، ڕێز و ددان پێدانان، زۆرجار بەرەو ململانێ و کێشە و توندوتیـژیمان دەبات، حـەزی دەسـەڵات و خۆسـەپاندن بەسـەر ئەوانی تردا هـەڕەشـەیە بۆ سـەر هەمـوو جۆرە پەیوەنـدییـەکـان. هـارۆڵد پینتـەر فـانتـازیا ڕووبەڕووی دەسـەڵات دەکـاتەوە، هـەروەها زمانێکی هونەریی ڕاستەقینەی بزوێنەر بەرامبەر سیاستوانەکان بەرجـەستە دەکات، لە خودی ئەو زمانەوە سترکتوری دەسەڵات و پێوەندییەکان ئاوێزانی یەکتر دەبن.

شـانۆ سـیـاسـیـیـەکـەی هارۆڵد پینتـەر دوورە لە هـەر جـۆرە پڕوپاگـەندەیەکـەوە، ڕێگە بە کارەکتـەرەکانی دەدا لە جیـهـانە شاراوە و تەلیسـمـاوییـەکـەیدا گـەمـەی ناپاکی، هەڵخـەڵەتاندن، توندوتیژی و سـادییەت بەرامبەر بەوانی تر بکەن. هارۆڵد پینتـەر بەهیچ شێوەیەک کارەکتـەرەکانی بەند ناکات یان نایانبەستێتەوە بە بیر و بۆچوونەکانی خۆیەوە، بگرە کارەکتەرەکانی ئامادەیییەکی بەهێزیان هەیە بۆ بەراوردکاری و خوێندنەوەی جیاواز. هارۆڵد پینتەر لە چەندین بۆنەدا ئاماژەی بەوە کردووە کـە سـیاسـەت بێزاری دەکـات (دەبێ بڵێم کـە سـیاسـەت لە بەشـێکی زۆر لە ئێش و ئازارەکانمان بەرپرسیارە، من بڕوا بەهیچ جۆرە گوتارێکی ئایدۆلۆجی ناکەم. ) لە شانۆنامـەکانی هارۆڵد پینتـەردا مەسـەلە سیاسییەکان لە ژووری دانیشـتنـەکانەوە، لەناو ماڵەکانەوە سـەرچاوە دەگرێت، لەم ژوورانەدا دیالۆگ و وتووێژەکان سـترکـتوری دەسـەڵات هەڵدەگـرن و دواتر هـەر لەو ڕێگەیەشەوە لە کۆمەڵگەدا ڕەنگ دەدەنەوە.

هارۆڵد پینتـەر و کـارەکتـەرە سیـاسییـەکانی، تەنانەت ئەوانەشی کـە لە هـەمـوو بیـرۆکـەیەکی سیاسییەوە دوورن، بەسەربەستی ڕێگەی خۆیان دەگرنە بەر.

لە شـانۆنامـەی (کۆتاییی ڕێگا)دا باسی خێزانێکی گەنج دەکات کە بەهۆی جیاوازیی بیروڕا دەربڕینەوە دەکەونە بەر هێرشێکی توندوتیژی لێپێچینـەوەی دەزگاکانی پۆلیسـەوە، لە شـانۆنامـەی (پرێسکۆنفەراس)یشدا کە لە سـاڵی ٢٠٠٢دا نووسـیـویەتی، باسی بەڕێوەبەرێکی پۆلیسی دەزگا نهێنییـەکانی وڵاتێکی دیکتـاتۆر دەکـات کـە دەبێت بە وەزیری ڕۆشنبـیـری. ئـەو وەزیرە نوێیـەی ڕۆشنبیـری لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا لەگـەڵ ڕۆژنامـەنووسـاندا گـاڵتـە بە دەزگـاکـانی مـیـدیا و کۆنترۆڵکردن و سـانسـۆرکـردنی داوودەزگا ڕۆشنبیرییـەکانی ئەو وڵاتە دەکات و ئامـاژەی ئەوە دەکات کـە ئەوانەی جیـاوازیی بیـروباوەڕیان هـەیە، دەبێت ئەو بیـروباوەڕە جیـاوازانە لە مـاڵەوە دابنێن ئەگینا سەریان دەخرێتە نێو تەنەکەی میزی شەوانەوە.

وەزیر: ڕەخنە لە ڕێژیم تەنیا لەو کاتانەدا پەسند دەکرێت گەر لە ماڵەوە دای بنێن. ئامۆژگاریی من ئەوەیە لە مـاڵەوە جێی بهێڵن. با لەژێر تەختـی نووسـتنەکەدا بمێنێتەوە. بەتەنیشت

قەعدەی میزەکەوە. (پێ دەکەنێت) ئەوە شوێنی خۆیەتی.

ڕۆژنامەنووس: وتتان قەعدەی میزکردن؟

وەزیر: گەر ئێوە سنووری خۆتان ڕانەگرن، ئەوا سەرتان دەخەمە ئەو قەعدەی میزەوە. (پێ دەکەنێت). (ئەوانیش پێ دەکەنن)

شانۆنامەی (پرێسکۆنفەرانس)

ئەم شانۆنامەیە چەندین سیمبولی بە بەها و مۆتیڤی سیاسی و کۆمیدیایەکی ڕەش و ڕەوشێکی سیاسیی کاریکاتێری و واقیعئامێزی ئەو وڵاتانە بەرجەستە دەکات.

**ئەسانسێرەکە**

بەڵام لە شانۆنامەی (ئەسانسێرەکە) کە یەکێکە لە شانۆنامەکانی سەرەتای دەسپێکردنی و لە ساڵی ١٩٥٧دا نووسیویەتی، پەیامێکی سیاسی لە بارودۆخێکی پڕ لە چاوەڕوانی و دڵەڕاوکێ و هەڵوێستەی چاوەڕواننەکراودا بەرجەستە دەبێت(١٤).

(ئەسانسێرەکە) شانۆنامەیەکی چڕە سەبارەت بە دوو پیاوکوژ (بێن و گویس) لە شاری بیرمینگهام و لە ژێرزەوینێکدا چاوەڕوانی بڕیار و ئاماژەی سەرکردە، بەڕێوەبەر یان خاوەن دەسەڵاتێک دەکەن و کارێکی نهێنییان پێ سپێردراوە. (گویس) فەرمانەکان جێبەجێ دەکات و (بێن)یش سەرپەرشتیی کارەکان دەکات و (گویس) هەڵدەسوورێنێت. ئەو کەسەی بڕیارەکانیشیان پێ دەسپێرێت، ئەوان نەیاندیوە و لەم حاڵەتەدا هەست بە نائارامی دەکەن.

ئەم دوو کارەکتەرە کێن؟ چی دەکەن، لە چاوەڕوانیی چیدان و لەم ڕەوشەدا کێ خاوەن دەسەڵاتە؟ هەر زوو بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم دوو کارەکتەرە بۆ ماوەیەکی درێژ پێکەوە کاریان کردووە و زۆر باش یەکتر دەناسن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە زوو بەسەر یەکتردا هەڵدەچن. گەمەی سەردار و نۆکەر، دەسەڵات و بێ دەسەڵات، بەهێز و لاواز دەکەن.

بێن بەتەمەنترە لە گویس، بێن هێمنترە و گویسیش گیانێکی بێ حەواس و پڕ لە دڵەڕاوکێیە، گویس بیر و بۆچوونی جیاوازی هەیە و دوودڵە بەرامبەر ئەو ڕەوشەی کە تێیدا دەژین. دیالۆگی شانۆنامەکەش لە دەروازەی گفتوگۆی ژیانی ڕۆژانەوە، وەک دەنگوباسی ناو ڕۆژنامەکان، نەخواردنەوەی ئەو چایەی کە داوایان کردووە و سەرئاوێکی شکاو، فۆرمی خۆی لەخۆ دەگرێت.

بێن: (ڕۆژنامەکە فڕێ دەدات) ئێ ئێستا! (ڕۆژنامەکە هەڵدەگرێتەوە) تۆ لەبارەی ئەمەوە چی دەڵێیت؟ گوێ بگرە! (ئەوەی لە ڕۆژنامەکەدا نووسراوە، دەگێڕێتەوە ) پیرەمێردێکی هەشتاوحەوت ساڵان دەیەوێت لە شەقامەکە بپەڕێتەوە. بەڵام شەقامەکە زۆر قەرەباڵغ دەبێت. نەیدەزانی بە چ شێوەیەک بپەڕێتەوە ئەوبەر. دوایی خۆی خزانە ژێر لۆرییەکەوە.

گویس: وتت چی؟

بێن: خۆی خزانە ژێر لۆرییەکەوە. لۆرییەکی وەستاو.

گویس: نابێ؟

بێن: لۆرییەکە کەوتە کار و بەسەریدا ڕۆیشت.

گویس: تۆ بە ڕاستیت نییە.

بێن: لێرەدا ئاوا نووسراوە.

شانۆنامەی (ئەسانسێرەکە)

ئەو کارەی کە ئەوان چاوەڕوانی دەکەن، لە سەرەتادا وەک هەموو کارەکانی تریان وایە، بەڵام هەندێ ڕووداوی چاوەڕواننەکراوی نهێنی، تەمومژاوی دەیانخاتە بارێکی ترس و دڵەڕاوکێ و خۆئامادەکردنەوە، بۆ نموونە کێ لەژێر دەرگەکەوە دەنکە شقارتەیان بۆ دەنێرێتە ژوورەوە؟

گویس: بێن، تەماشاکە.

بێن: ئەوە چییە؟

گویس: تەماشاکە.

بێن: (سەر بادەدا و زەرفەکە دەبینێت. هەڵدەستێتە سەرپێ.) ئەوە چییە؟

گویس: نازانم.

بێن: لە کوێوە هات؟

گویس: لەژێر دەرگەکەوە.

بێن: بەڵام ئەوە چییە؟

گویس: نازانم. (هەردووکیان چاویان تێ بڕیوە.)

بێن: هەڵی بگرەوە.

گویس: مەبەستت چییە؟

بێن: هەڵی بگرە.

گویس: (زۆر بەهێواشی بەرەو زەرفەکە دەجووڵێت، دادەنەوێتەوە و هەڵی دەگرێت)

بێن: ئەوە چییە؟

گویس: زەرفێکە.

بێن: هیچی لێ نووسراوە؟

گویس: نەخێر.

بێن: داخراوە؟

گویس: ئا.

بێن: هەڵی پچڕە.

گویس: چی؟

بێن: هەڵی پچڕە!

گویس: (هەڵی دەپچڕێت و تەماشای ناوی دەکات)

بێن: چی تێدایە؟

گویس: (دوازدە دەنکە شقارتە ڕۆ دەکاتە سەر لەپی دەستی) دەنکە شقارتە.

بێن: دەنکە شقارتە؟

گویس: بەڵێ.

بێن: با تەماشـای بکەم. (گـویس زەرفەکـەی دەداتە دەست. بێن لێی دەڕوانێت) هیـچی لێ نەنووسراوە. یەک وشە چییە لێی نەنووسراوە.

گویس: ئەوە شتێکی زۆر سەیر نییە؟

بێن: لەژێر دەرگەکەوە هاتە ژوورەوە؟

گویس: دەبێ وا بووبێت.

بێن: دە بکەوە خۆت.

گویس: بۆچی بکەومە خۆم؟

بێن: دەرگەکە بکەوە و تەماشا بکە بزانە کەس لە دەرەوە وەستاوە.

گویس: کێ؟ من؟

بێن: دە بکەوە خۆت.

گویس: (لێی ورد دەبێتەوە، دەنکە شقارتەکان دەخاتە گیرفانیەوە، دەچێتە لای قەرەوێڵەکەوە و دەمـانچـەیەک لەژێر سـەرینەکـەی دەردەهێنێ. بەرەو دەرگـەکـە دەڕوات، دەیکاتەوە، تەماشـای دەرەوە دەکات و دەرگـەکە دادەخـاتەوە.) کەس لە دەرەوە نییـە. (دەمانچـەکە دەخاتەوە شوێنی خۆی)

بێن: چیت بینی؟

گویس: هیچ؟

بێن: دەبێت ئەوانە هەر زۆر خێرا بووبن.

شانۆنامەی (ئەسانسێرەکە)

ئەم شانۆنامەیە لەگەڵ ئەو مۆتیڤە سیاسی و بارودۆخە نهێنی و گەمەی دەسەڵاتەدا کە بە خۆیەوە دەگـرێت، بەشـێـوەیەکی سـەرنج ڕاکـێـشـەر باسی پێـوەندییـە نزیکەکـان دەکـات، باسـی ئەو گۆڕانکارییانە دەکات کە لە مرۆڤدا ڕوو دەدات، لە کاتێکدا دەوروبەرەکە گۆڕانکاریی کتوپڕانەی بەسەردا دێت.

هارۆڵد پینتەر لەم شانۆنامەیەدا زۆر بە وردی جووڵەی کارەکتەرەکانی دیاری کردووە، چۆنیەتیی خوێندنەوەی ڕۆژنامە، بەستنی قەیتانی پێڵاوەکانیان، چوونە سەر تەختی جێگەکانیان، دەرگە کردنەوە، دانیشتن لەوسەری جێگەکە، تەماشاکردنی ژێرسەرین، وەستان و تەماشاکردنی یەکتری.... هتد. ئەم دیاریکردنی جووڵە و بزاوتنی کارەکتەرانە دۆخێکی چاوەڕوانیئامێز، حاڵەتیکی گرژی و سەرنج ڕاکێش لای بینەران دروست دەکات، لە هەمان کاتدا پاڵپشت و یاریدەرێکی بەهێزی ئەکتەریشە. دیاریکردنی ئەم جووڵە و بزاوتنە هێندە بە دیقەت و پڕاوپڕ لە جێگەی خۆیدا دانراوە، لابردنی بچووکترین جووڵە هاوسەنگیی ڕیتم و جووڵەی کارەکتەرەکان تێک دەدات. هیچ ریژیسۆرێک ناتوانێ سەرپێچیی ڕێنوێنییەکانی هارۆڵد پینتەر بکات.

هەرچەندە شانۆنامەکە زۆر ڕەشە، بەڵام ڕووناکییەکی درەوشاوە لەو تاریکییەدا بەدی دەکرێت و هیوای گۆڕانکاری لەپشت دێرەکانەوە، لەپشت هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکانەوە و لە پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکاندا بەدی دەکرێت.

## زمانی چیا

هارۆڵد پینتەر پشتگیرییەکی گەورەی لە خەباتی ئازادیخوازی کوردستانی باکور کردووە، لە هەموو بۆنەکاندا هێرشی کردووەتە سەر سیاسەتی ڕەگەزپەرستی، شۆڤێنی و دیکتاتۆریی تورکیای کەمالی[١٥].

ئەم پشتگیرییەی هارۆڵد پینتەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخەی کە بەچاوی خۆی بینیویەتی، قەدەغەکردنی زمانی کوردی، زیندانیکردنی ئازادیخوازان و بێ سەروشوێنکردنی خەڵکی.

هارۆڵد پینتەر بۆ یەکەم جار لەگەڵ شانۆنامەنووسی ئەمەریکایی ئارسەر میللەر (١٩١٥–٢٠٠٥) و لەساڵی ١٩٨٥دا سەردانی تورکیا دەکەن.

هارۆڵد پینتەر ئەم گەشتەی تورکیا دەقۆزێتەوە بۆ بەسەرکردنەوەی مەسەلە گرینگەکانی مافی مرۆڤ و سەرکوتکردنی گەلی کورد و دەمکوتکردنی ڕای گشتی و ئازادیی ڕۆژنامەوانی. بۆ ئەم مەبەستە و بە نهێنی و بە ئاشکرا پێوەندیی بە ژمارەیەکی زۆر لە زیندانییە سیاسییە ئازادکراوەکانەوە دەکات، گفتوگۆ لەگەڵ بەرهەڵستکاران دەکات و بە دەنگی بەرز دژی سیاسەتی ڕەگەزپەرستی و سەرکوتکەرانەی تورکیا دەدوێت[١٦].

ئەزموونی ئەو گەشتەی تورکیا و پشتگیریکردنی لە مەسەلەی کورد، شانۆنامەی (زمانی چیا)ی لێ لەدایک دەبێت.

زمانی چیا زۆر بە ڕاشکاوانە باسی چەوسانەوەی میللەتێک دەکات کە زمانەکەی بە تەواوەتی قەدەغە کراوە[١٧].

ئافرەتە بە تەمەنەکە: نانم پێیە

پاسەوان: (دارەکەی دەستی تێوە دەژەنێ) قەدەغەیە. ئەو زمانە قەدەغەیە.

(ئافرەتە بەتەمەنەکە تەماشای دەکات) (پاسەوانەکە دارەکەی لێ گیر دەکاتەوە)
قەدەغەیە. (ڕوو دەکاتە زیندانییەکە) پێی بڵێ تا بە زمانی فەرمی قسە بکات.
بێدەنگی

زیندانی: نایزانێ. ئەو ئەو زمانە نازانێ.

ئافرەتە بە تەمەنەکە

سێوم پێیە –

پاسەوان: (دارەکەی تێوە دەژەنێت، هاوار دەکات) قەدەغەیە! قەدەغەیە قەدەغەیە قەدەغەیە! ئای خوایە! (ڕوو دەکاتە زیندانییەکە) ئەوە تێ ناگات من دەڵێم چی؟

زیندانی: نەخێر.

پاسەوان: تێ ناگات؟ (بە سەریدا دەچەمێتەوە) تێ ناگەیت؟

(ئافرەتە بەتەمەنەکە چاو دەبڕێتە چاوانی پاسەوانەکە)

زیندانی: ئەو بە تەمەنە. تێ ناگات.

شانۆنامەی (زمانی چیا)

(زمانی چیا) شانۆنامەیەکی چڕە، بە شێوازیکی قێزەون، کورت و توندوتیژ بەرجەستەی پێکداچوونی خەڵکی شاخ و دەزگاکانی پۆلیس و سەرباز دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی شانۆیی، بێلایەنانە و راستەوخۆ بینەران ڕووبەڕووی ئامرازە سەرکوتکەرەکانی دەزگا پۆلیسییەکان و مۆراڵی نامرۆڤانەی ئەو دەزگایانە و ڕووداوەکان دەکاتەوە.

هارۆڵد پینتەر ناونیشانی شانۆنامەکەشی (زمانی چیا) وەک ئاماژەیەکی مەجازی لەو بۆچوونە فاشیستانەیەی تورکیاوە وەرگرتووە کە دەڵێن کورد بوونی نییە و ئەوانە تورکی چیان.

(زمانی چیا) شانۆنامەیەکی کورتە و لە کاتی نمایشکردنیدا تەنیا نیو سەعات دەخایەنێت، بەڵام دەکرێت چەندین کاژێر، کاژێر لە دوای کاژێر بخایەنێت، دەکرێت زەمەن وەستابێت، دەکرێت زەمەن زەمەنێکی بێ کۆتا بێت و ڕووداوەکان مەودایەکی ڕەها و هەتاهەتایی لەخۆ بگرن(١٨).

## زمان لە شانۆی هارۆڵد پینتەردا

## – شانۆنامەی سەرایبدار _ وەک نموونە

هارۆڵد پینتەر دیالۆگی شانۆنامەکانی کۆمەڵێک بیرۆکە و دیدی گرینگ لەخۆ دەگرن، بەڵام هەندێک جار ئەو دید و بیرۆکانە لەپشت وشەکانیەوە خۆیان حەشار دەدەن و بە ئاسانی خۆیان نادەن بە دەستەوە، یان لە پڕ لە هەندێک هەڵوێستەی تەمومژاوی و نهێنیدا دەبێتە بوونێکی واقیعی، حاڵەتێکی ئاشکرا و هەست پێکراوی نێوانمان.

دیالۆگ و کارەکتەرەکان ڕاستی و واقیعین، بەڵام کاریگەری بەرەنجام و کۆتاییەکانی دەبێتە ئەفسوون، نادیار، مەجاز و شیعرێکی پێکداچوو، ئەمەش وا لە بینەر دەکات تێگەیشتنی جیاوازی بۆ دیمەن و تەنانەت دیالۆگەکانیش هەبێت و جۆرە نیگەرانییەک، ترسێک دروست دەکات. ئەمە جگە لەوەی کە زمانە شانۆییەکەی هارۆڵد پینتەر لەسەر ئاستێکی بەرز بوارێکی فراوان بۆ کەسایەتییەکانی دەکاتەوە تا هەوڵی خۆدزینەوە بدەن، زمان تەنیا ئامرازێکی گواستنەوە و قسەکردن و ئاخافتن نییە، بگرە زمانەکەی هارۆڵد پینتەر ئاڵوگۆڕێکی فیکری، فیزیکی لە خودی ژیانی کارەکتەرەکان و پێوەندییەکانیاندا دروست دەکات.

هارۆڵد پینتەر بۆ دەستەبەرکردنی ئەم هێزە مەجازییەی زمان، توێژاڵەکانی زمان پاک دەکاتەوە، ماناکانی پشتەوەی وشەکان دەخوێنێتەوە و چەمکە دووفاقەکان بەکار دەهێنێت.

هارۆڵد پینتەر بڕوای وایە کە وشە جۆرێکە لە دەمامک، ترس، دڵەڕاوکێ و ڕووتوقووتی خۆمانی لە پشتەوە پێ دەشارینەوە، ئەو نیگەرانی و ترسەشی کە لە زماندا دروستی دەکات، لە حاڵەتێکی وەستاودا نامێنێتەوە، بگرە گۆڕانکارییەکی بەردەوامیان بەسەردا دێت و لە جووڵە و بزاوتدان.

دیالۆگەکانی هارۆڵد پینتەر زۆر بە سەلیقە نووسراون، بە شێوەیەک هیچ جۆرە وتووێژێک لەخۆ ناگرێت، دیالۆگی کورت، هەست و سۆز و جۆرێک لە غەریزە، پرسیاری بەردەوام و بێدەنگی و مرۆڤیش تەنیا وچانێکە لە نێوان کاتەکاندا. بلیمەتیی هارۆڵد پینتەر لە نێوان ڕستەکانیدایە، گرینگیی داهێنانی ئەم نووسەرە لەوەدایە کە ئێمە هەست بە کاریگەرییەکان، بە وزەیەکی شاراوە، بە توانای زمان دەکەین، بەبێ ئەوەی بزانین کە لە کوێوە دین.

لە ڕێگەی دانانی بە دیقەتی وشەیەکەوە، یان وچان و بێدەنگییەوە یان بە هێماکردنی ڕەوشێکی ساکار و ئاسانەوە کە لە خودی تێکستەکەدا نییە، بەڵام لەم هەڵوێستانەدا، لە ڕەوشەکاندا، لە تارماییی وشەکاندا لە پڕ و لە چاوترووکانێکدا وەبیرمان دێنێتەوە کە ئێمە دەزانین کارەساتێک بەڕێوەیە. زمانە چڕەکەی لە جووڵەیەکی بەردەوام و فرە مانادایە، ئەمەش وا لەو شێوازە سیکۆلۆجییە ڕیالیزمییە دەکات کە پێودانگ و مۆرکێکی تایبەت بە هارۆڵد پینتەر (پینتەریی) لەخۆ بگرێت. زۆربەی ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوەکانی بواری شانۆش سەرکەوتنی هارۆڵد پینتەر دەگەڕێننەوە بۆ ئەو ڕۆحە کۆمیدیا و زمانە جیاوازەیەوە، گەرنا تەنیا شێوازێکی ڕووتی ڕیالیزمی سایکۆلۆجیی مەبەستەکان ناپێکێ.

هارۆڵد پینتەر کۆمیدیا ڕەشەکەی، ئەفسوونی زمانە جیاوازەکەی لە یەکەیەکی هونەریدا ئاوێزانی ریالیزمی سایکۆلۆجی دەکات و بەم شێوەیەش سترکتورێکی تری بۆ شانۆکەی خۆی و بۆ چەمکی شانۆی ریالیزمی سایکۆلۆجی دروست کردووە.

بێدەنگی و ئاستە جیاوازەکانی زمان مانای بێ توانایی مرۆڤ ناگەیەنێت لە بەکارهێنانی زماندا، لە نەمانی پێوەندییەکانی مرۆڤدا، بگرە گەڕانەوەیەکی ترە بۆ بەکارهێنانی زمان، قووڵبوونەوەی حاڵەتەکان، بە نهێنیکردنی کارەکتەر و ڕووداوەکان و بەخشینی مانا و مەودا و

هێزێکی تره به زمان. زۆرجار شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەر به مەنەلۆجێکی ناوەکی دەست پێ دەکات، دوای ئەوە هێدی هێدی ون دەبێت تا زمان دەبێتە تەنیا چەند خاڵێکی تەمومژاوی و دواتریش له بێدەنگیدا، لەناو وچانەکاندا دیار نامێنێت. زمانەکەی له هەموو شته لاوەکییەکان پاکژ دەکاتەوە و له شانەکانی شیعر نزیک دەبێتەوە، جیاوازییە زمانەوانییەکان وچان و پشووەکان دیاری دەکات، تا ڕیتمێکی دیاریکراو و کاریگەرییەکی هەمەلایەن بەدەست بهێنێت.

هارۆڵد پینتەر دەسەڵاتێکی گەورەی له بەکارهێنانی دیالێکتی ناوچەیی و فۆنەتیکه جیاوازەکانی زمانی ئینگلیزیدا هەیە، وشەی بازاڕی و زارەکیی خەڵکی و فۆنەتیکه جیاوازەکان و زمانی توێژەکانی خوارەوە، له یەکەیەکی یەکگرتوودا کۆ دەکاتەوە، ئەمەش گرفتێکی گەورەی بۆ وەرگێڕانەکانی دروست کردووە.

که کارەکتەرێک له شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەردا به دیالێکت و فۆنەتیکێکی جیاواز دەدوێت، له هەمان کاتدا چیرۆکێکی تایبەت بەو ناوچەیەی بەکارهێنانی فۆنەتیکەکە و بەو کارەکتەرەش دەگێڕێتەوە. هەندێک جار ئاستی زمانە جیاوازەکان و بەکارهێنانی فۆنەتیکی ناوچەیی دەبێتە پێناسەیەکی خودی بۆ ئەو کارەکتەرانە و بەو شێوە زمانە دەناسرێنەوە، دەبەسترێنەوە به ناوچەکانیانەوە، به ئاستی خوێندەواری و چینایەتییانەوە و له هەمان کاتدا دەوڵەمەندی و جۆرەوجۆرییەتیی زمان دەکاته بنەمای گەمەیەکی فیکری، دەروونی، کۆمەڵایەتی و شانۆیی.

## تەکنیکی بێدەنگی

هارۆڵد پینتەر له یەکەمین شانۆنامەکانییەوە تەکنیکێکی تایبەت بەخۆی داهێناوە و ئەم تەکنیکەش له ماوەی ئەم چل پەنجا ساڵەی ڕەوتی نووسینیدا بەرەوپێشەوە چووە، قووڵ بووەتەوە و بووەته مۆرکێکی تایبەتمەندیی هارۆڵد پینتەر و کاری کردووەته سەر زۆربەی شانۆنامەنووسانی جیهانیش. ئەو تەکنیکەش بەکارهێنانی (بێدەنگییە) که بووەته فۆرم و ستایلێکی گرینگی شێوازی نووسین و ڕۆڵێکی گرینگی له شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەردا بینیوە، لەو شێوازەدا به ئاشکرا ئاسته جیاوازەکانی زمان و بەکارهێنانی وشەکان دیاری دەکات.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەو دیاریکردنەی زمان و وشەکاندا، وچان، بێدەنگی و شێوازی بەکارهێنانی دەنگەکان، ڕۆڵێکی بەبەها و گرینگ دەگێڕێت، بۆ نموونه هارۆڵد پینتەر وچانێکی کورت، وچانێکی بچووک، وچان، وچانێکی درێژ و بێدەنگی، دەخاته داڕشتە و بنیاتی دیالۆگ و نێوان دیمەن و سترکتوری شانۆنامەکانیەوە. بێگومان وچان و بێدەنگیش جیاوازیی هەیە و دەبێت ئەکتەر و ڕێژیسۆرەکانیش بوار و مەوداکانی نێوان وچان، بێدەنگی و کورت و درێژیی وچانەکان بدۆزنەوە.

دەیڤس: لێرە دەخەویت؟ وایە؟

ئەستن: بەڵێ.

دەیڤس: لە کوێ، لەوێ؟

ئەستن: بەڵێ.

دەیڤس: زۆر باشە، لەو سەرما و تەڕییەی دەرێ ڕزگاریت.

ئەستن: با زۆر نایگرێتەوە.

دەیڤس: باشترە نەیگرێتەوە. جیاوازییەک دەبێت کە نەهێڵێت بێتە ژوور.

ئەستن: ئەرێ.

دەیڤس: کەواتە هەر بایەکە دێتە ژوور.

(وچان)

ئەستن: ئەرێ، کاتێک کە با هەڵدەکات...

(وچان)

دەیڤس: بەڵێ.....

ئەستن: ئم...

(وچان)

دەیڤس: هەر زۆر سارد و تەڕە.

ئەستن: ئا.

دەیڤس: هەر زۆر هەستیارم پێی.

ئەستن: پێی هەستیاریت؟

دەیڤس: بەردەوام وا بووم.

(وچان)

ئاخۆ ژووری ترت هەن، هەتە؟

ئەستن: لە کوێ؟

دەیڤس: لە پشت ئێرە... لە سەرەوە.

ئەستن: خراپن.

دەیڤس: وا مەڵێ.

ئەستن: کاریان زۆر دەوێت.

(وچانێکی کەم)

دەیڤس: ئەدی خوارەوە؟

ئەستن: داخراوە. دەبێت چاوێکی لێ بکرێت... زەوییەکەی...

شانۆنامەی (سەراییدار) پەردەی یەک

هیچ کەسێک وەک هارۆڵد پینتەر نازانێت بێدەنگی و وچانەکان لە کوێدان و چەند درێژن، هیچ کەسێک ناتوانێ سەد دەر سەد وەک هارۆڵد پینتەر شتەکان بەبێ وشە بڵێت، هارۆڵد پینتەر لەسەر شانۆ دەتوانێت هەموو شتێک بەبێ وشە و بە بێدەنگی بڵێت و شێوەیەک لە شیعریەتیی بێدەنگی بخوڵقێنێت.

پەردە لەسەر ترس و دڵەڕاوکێی ناوەوەی مرۆڤ هەڵدەماڵێت، بەبێ ئەوەی باسی فەلسەفەی بوونگەرایی بکات، چرکەساتە وردەکانی بار و هەڵوێستە و ژیانی رۆژانەی خەڵکی بەرجەستە دەکات، بەبێ ئەوەی ببێتە ئەدەبێکی سروشتیئامێز، لە هەمان کاتدا دوور دەکەوێتەوە لە واقیعییەتی واقیع بەبێ ئەوەی ببێتە هێما یان سوریالیزمێکی ساکار و هەرزان.

بێدەنگییەکان هەندێک جار دەبنە پانتاییەکی ئازاد لە نێوان دوێنێ و ئەمرۆ و خودی دیالۆگە درێژەکاندا، لەم رووەوە دیالۆگ بێدەنگییە و بێدەنگیش دیالۆگە. هەروەها دووبارەبوونەوەی دیالۆگەکان و هەندێک جار لەنێو وچان و بێدەنگییەکاندا بزاوێکی جیاواز لە نێوان کات و شوێنەکاندا دەخوڵقێنێت، لەم بزاوەدا ڕابردوو و داهاتوو لە ئێستادا ون دەبێت، ئێستاش دەبێتە پلاتفۆرمێک بۆ گۆڕانکاری و ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوان کاتە جیاوازەکان و هەڵوێستە جیاوازەکاندا، تەنیا لە ئێستادا شتەکان ڕوو دەدەن، هەندێک جاری تر دیالۆگەکان، کارەکتەرەکان بەرەو بێدەنگییەکی کوشندە دەبەن، دووبارەبوونەوەکان دەچنە بێدەنگییەوە، بێدەنگییەک کە لەوانەیە تەنیا وەڵامی ئەو پرسیارانە بێت کە لە خودی تێکستەکاندایە: گرانیی جیاکردنەوەی شتە خودییەکان و جیهانە کۆلێکتیڤەکەی کارەکتەرەکان، ئەمەش لە کۆمەڵگەی ئەورووپادا مانای چارەنووس و مێژوویەکی هاوبەش و یەک سەردەم دەگەیەنێت، گرانیی جیاکردنەوە و لەیەکترداب‌ڕانی منەکان و ڕابردوو (من و ڕابردوو).

لەو تەکنیکەدا دیالۆگەکان ڕیتم و فۆرمێکی جیاواز لەخۆ دەگرن، ڕیتمێک ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر چۆنیەتیی نواندنەکە و سەمایەکی ناوەکی و بێدەنگ لە جەستەی کارەکتەرەکاندا دەخوڵقێت، توانای گوێگرتن و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانی دەنگی بێدەنگی دروست دەکات. شانۆنامەکان هێمایەکی ئاڵوگۆڕی گەورە، چڕ و جیاواز لە نێوان دەنگ و بێدەنگیدا لەخۆ دەگرێت، بێدەنگی شتەکان دەگەیەنێت، بەتایبەتیش لەو کاتانەدا کە زۆر زەحمەتە ڕاستییەکان، گەمەی دەسەڵات، هەڵوێستە، ڕەوش و توندوتیژییەکان بگاتە بینەران، بێدەنگی دەیگەیەنێت. هارۆڵد پینتەر سەبارەت بە چەمکەکانی وچان و بێدەنگی دەڵێت "وچان تەنیا وچانە و بەهۆی ئەو هۆکارەوە کە لەناو مێشک و هەناوی کارەکتەرەکەدا ڕووی داوە، بۆ خۆیان لە تێکستەکەوە دێنە دەرێ. ئەوانە ئامرازگەلێکی ئاسوودەگی یان ئامرازگەلێکی پاڵەپەستۆ نین، بگرە ئەندامگەلێکی جەستەی کارەکەن. من زۆر بە سادەیی پێشنیازی ئەوە دەکەم ئەگەر ئەوە بە شێوەیەکی کارا بێتە ئەنجامدان، ئەوان بۆیان دەردەکەوێ کە ئەو وچانانە ناچارییە. هەروەها بێدەنگیش بەهەمان شێوە مانای ئەوەیە کە شتێک ڕووی داوە تا مەحاڵبوون لەناو ئاخاوتنی کەسێکدا بڕوێنێ کە بۆ قەیرێک

لە زەمەن شتێکی گوتووە تا لەو چرکەساتەدا بۆیان بکرێ هەناسەیەک بدەنەوە لە بەرامبەر کاریگەریی ئەو شتەی کە لەپێش بێدەنگییەکەدا رووی داوە."

کارەکتەرەکان لە ناوەوە دەجوولێنەوە، هەندێک جاریش دەبنە ڕواڵەتی دەرەکی بۆ گوزارشتکردن لە دڵەڕاوکێی ناوەکی، هەر لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین کە دوو جۆر بێدەنگی لەلای هارۆڵد پینتەر بووەتە چەمکێکی گرینگی ئەو فۆرمە: یەکەمیان ئەو بێدەنگییانەیە کە وەک وچانێکی درێژ خۆیان دەئاخننە نێو دێر و دیمەنەکانەوە و حاڵەت و بێدەنگییەکی ترسناک لەسەر شانۆ دەخوڵقێنن، جۆرەکەی تریشیان بێدەنگییەکی پڕ لە دڵەڕاوکێ و ترسە کە لەلای کارەکتەرەکانی سەرهەڵدەدا.

هەردوو شێوەکەشیان لە ڕوانگەی دروستکردنی، یان خوڵقاندنی جۆرێک لە هورووژمی وشە، هەندێک جار وشەی بێ ماناش بڵاو دەکاتەوە، بەم شێوەیەش ژوورە چۆڵوهۆڵەکان بە دیالۆگی نالۆجیکی، بە دووبارەبوونەوە، بە بێدەنگی پڕ دەکاتەوە، ئەمەش لە ڕاستیدا جۆرێکە لە خۆدزینەوەی کارەکتەرەکانی لەو شتانەی کە مەبەستیانە بیڵێن.

دەتوانین بڵێین وچان و بێدەنگییەکان لە سترکتوری شانۆنامەکاندا شانۆنامەیەکی تر لەژێرەوە، لەناوەوە و لەپشت وشەکانەوە دروست دەکات و بەمەش دیقەت و ڕوانینێکی زیاتر و مەودایەکی قووڵتر دەداتە وچان و بێدەنگییەکان. هەندێک جار تەکنیکی بێدەنگی و وچانی دیمەنەکانی، مەخزایەکی سیاسی لەخۆ دەگرن: هەمان بۆچوونمان نەبێت، قایل نەبوون بە یاسای گەمەکانی ئەوانی تر، هەروەها لەم ڕەوش و هەڵوێستانەدا، بێدەنگی دەبێتە دەروازەیەک بۆ دۆزینەوە و ئاشکراکردنی دەنگی خۆمان، پێداگرتن لە بوونی خۆمان و وەلاوەنانێکی تەواوەتیی ئەوانی تر و هەڵوێستەکانی تر و هەڵوێست وەرگرتن.

دەیڤس: ڕاستە

(کەمێک وچان)

ئەو شتە چییە، چییە بەتەواوەتی؟

(ئەستن دەڕوات بۆ لای پەنجەرەکە و لە دەرەوە دەڕوانێت)

ئەستن: مشاری پێچی؟ ببینە، شتێکە لە خانەوادەی مشاری بڕەر، بەڵام ئەمە ئامێرێکە کە دەبێت لەسەر درێلێکی بگوێز دای بەستیت.

دەیڤس: ئۆی، ئەرێ ڕاستە. ئەوە هەر زۆر حازربەدەست دەبێت.

ئەستن: ئەرێ، وایە.

(وچان)

دەزانیت، ئەو ڕۆژە لە چایخانەیەک دانیشتبووم. بەڕێککەوت لەسەر هەمان مێز دانیشتبووم کە ئەو ژنەی لێ بوو. ئێ، دەستمان کرد..... دەستمان کرد بە هەندێک

قسـه، نازانم... سـەبارەت بە پشووگای ئەو، ئەو شوێنەی کە پشـووی لێ دابوو. شوێنێک لە ڕۆخـی باشــوور بوو، بـەڵام بیــرم نایـەت لە کــوێ. بەهــەرحــاڵ، هەردووکـــمـــان هەر دانیـشـتبووین و مـەشـغوڵی ئەو تۆزە دەمـەتەقێیە بووین و ... لە پڕێکدا دەسـتی هێنا و خستییە سەر دەستم و .... پێی گوتم، پێت چۆنە سەیرێکی لەشت بکەم؟

دەیڤس: دە واز بێنە.

(وچان)

ئەستن: هەر ئاوا لە ناوەڕاستی قسەی ئاوادا شتی وا گوتن. کەمێک بەلامەوە سەیر بوو.

دەیڤس: شتی وایان بە منیش گوتووە.

شانۆنامەی (سەرایپدار) پەردەی یەک

هارۆڵد پینتـەر دەڵێت "گوێ لە خـەڵک بگرە، گـوێ لەوانە بگرە کە لـە کاتی بەرچاییـدا باسـی چا و سەمـوون و پەنیرەکانیان دەکەن. یان گوێ لە پیرە بێ لانەکان بگرە کە لە قاوەخـانەیەکی شەوانەدا دانیـشـتـوون و قـسـە دەکـەن. من هـەرگیـز لەوە بێزار نـابم. ئەو دەمـەتەقـێیـانە لـە سنوورەکـانی بێدەنگیدان." هارۆڵد پینتەر ڕاپۆرتەکانی لەو سنوورەوە دەنێرێت بۆ بێدەنگی و دووپاتی ئەو شتانە دەکاتەوە کە ئێمە بە وتە و بە وشە بۆ یەکتری باس ناکەین.

## سەرایپدار لە نێوان بێدەنگی و گەمەی دەسەڵاتدا

هارۆڵد پینتـەر وەک لەمــەوبەر و لەم لێکۆڵینەوەیەدا چەندین جار ئامـاژەم بۆ کردووە، ناسـراوە بەوەی کـە زۆر بە جـوانی بـەرجـەسـتـەی گـەمـەی دەسـەڵاتی کـردووە، ئەم گـەمـەیەش لە ڕوانگەی دیالۆگێکی بێلایەنەوە دەردەکەوێت و لە گفتوگۆیەکی ئاساییی ڕۆژانەوە سەرچاوە دەگرێت.

هەمـوو شـتـەکـان لە بێـدەنگیـدا ڕوو دەدەن و هـارۆڵد پینتـەر زیرەکـانە ئەو گـەمـەی دەسـەڵاتە دەخزێنێتە نێو بێدەنگی و وچانەکانەوە. لەو بێدەنگییەدا دەروازەیەکی کراوەش بە ڕووی بیرەوەری و یادەوەرییـەکـانمـاندا دەکـاتەوە، لەو کـرانەوەیەدا بیـرەوەریی تاکـەکـەسی و گـەمـەی دەسـەڵات دەبەسـتێتەوە بە پـانتاییـەکی فـراوانتـرەوە، لەو پانتـاییـیـەدا بیرەوەرییەکانمـان بە کۆمـەڵێ گـەمـەی دەسـەڵات و کـرداری توندوتیـژدا تـێ دەپەڕێت. بۆ نموونـە لە شـانۆنـامـەی سـەرایپـداردا گـەمـەی دەسەڵات، بیرەوەرییەکان لە نێوان دوو برا و لە هەمـان کاتدا کەسێکی نەناسـراو کە داڵدەیان داوە دروست دەبێت.

بەم سـەرەتایە نزیک دەبینـەوە لە سـتـرکـتـور، ڕووداو، پێـودانگە درامـیـیـەکـان و جـیـهـانە تەمومژاوییەکەی شانۆنامەی سەرایپدار(١٩).

شانۆنامەی سـەرایپدار باسـی سێ کـەس دەکات، کرێچییـەک، خاوەن مـاڵ و شەڕانگێزێکی بێ لانە. کرێچییـەکە کـەسێکی دڵپـاک و یارمەتیدەرە، لە خانوویـەکی کۆن و داڕووخاودا دەژی، هـەموو

کات دڵۆپە دەکا و باران لە پەنجەرەکانیەوە دێتە ژوورەوە. بەزەیی بە شەڕەنگێزەکەدا دێتەوە و داڵدەی دەدا، بەڵام ئەو نایەوێت هیچ کارێک بکات، خاوەنی بەزەیی نییە و پشت دەکاتە ئەو کەسەی کە لە تەنگانەدا بەهانایەوە چووە، نەک هەر ئەوە، بگرە هەوڵ دەدات خاوەن ماڵ و کرێچییەکە بەشەڕ بدات و پێگەی خۆی بەو شێوەیە بەهێز بکات، بەڵام لەبەرئەنجامدا ئەوەی بۆ ناچێتە سەر و دەیکەنە دەرەوە(٢٠).

دەیڤس: بەڵام، بەڵام، سەیر بکە، ئاخر، گوێ بگرە، مەبەستم ئەوەیە...

(ئەستن ڕوو دەکاتە پەنجەرەکە)

ئەدی ئێستا من ڕوو لە کوێ بکەم؟

(وچان)

چی بکەم؟

(وچان)

بۆ کوێ سەری خۆم هەڵگرم؟

(وچان)

شانۆنامەی (سەراییدار) دوا پەردە

هارۆڵد پینتەر سەبارەت بە نووسینی شانۆنامەی (سەراییدار) دەڵێت "من دوای ئەوەی شانۆنامەی سەراییدارم نووسی، خەونێکی زۆر ناخۆشم بینی لەبارەی دوو براوە لە خەونەکەمدا ماڵەکەم سووتا. هەوڵم دا بزانم کێ ئەم کارەی کردووە، هەموو کۆڵان و قاوەخانەکان گەڕام، دواجار لە شوێنێک چوومە ژوورێک، دوو برای تێدا بوو، هی شانۆنامەک بوون. پێم گوتن، کەواتە ئێوە خانووەکەی منتان سووتاند، گوتیان زۆر خەم لە خانووەکەت مەخۆ. گوتم ئاخر من هەموو شتێکم لەو خانووەدا بووە، ئەوانیش گوتیان باشە ئێمە قەرەبووت دەکەینەوە. ئاگامان لە تۆ دەبێ _ برا گەنجەکەیان قسەی دەکرد _ یەکسەر دوای ئەمە چەکێکم بە پەنجا پاوەند نووسی... چەکێکم پێ دا بە پەنجا پاوەند."

خەون و خەیاڵ لەگەڵ واقیع و ژیانی ڕۆژانەی سێ کەسدا، سێ کەسایەتیی جیاواز، بەڵام هەرسێکیان لە یەک شوێندا، لە یەک کاتدا و لە دەروازەکانی یەک ڕووداوەوە، گەمەی دەسەڵات و هاوکێشەکانی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بەرجەستە دەکەن. بێگومان زمان یەکێکە لە ئامرازە گرینگەکانی ئەم گەمەیە و لە نێوان وچان و بێدەنگییەکاندا حاڵەتێکی نائاسایی، ورووژاو و هەندێ جاریش ئارامدا دەستەبەر دەکات(٢١).

**کەسایەتییەکان**

سیما، پێودانگ و بیر و هۆشی کارەکتەرەکانی ئەم شانۆنامەیە زۆر دوورن لە یەکترییەوە، هیچ

خاڵێکی هاوبەش کۆیان ناکاتەوە و بە تەواوەتی سێ کەسایەتی و سێ جیهانی جیاوازن لە یەکترییەوە.

ئەستن مرۆڤێکە زۆر بە خاوی دەبزوێت، بە خاوی بیردەکاتەوە، دڵپاک، لەسەرخۆ و مرۆدۆستە، داڵدەی مرۆڤێکی شەڕانگێز و سپڵەی وەک دەیڤس دەدا. ئەستن هەردەم بە دەستەکانی خەریکی کارێکە و هەرچەندە هیچ کارێکی دامەزراوی نییە و تەنیا ئاگاداری خانووبەرەی براکەیەتی، کارکردن پێناسی ئەوە و بەدەستوبردە و کەسێکی کردەیە. هەردەم باسی پرۆژەکانی دەکات و چەندین پلانی هەیە، بۆ نموونە دروستکردنی ژوورێک، بەرزکردنەوەی دیوارێک، کڕینی مشار، دار و تەختە .... هتد.

ئەم کارەکتەرە بڕوای تەواوی بەخۆیەتی و دەزانێ چی دەکات، هەرچەندە هێمن و لەسەرخۆیە، بەڵام بەهێزە و دەکرێت بڵێین لە هەندێ حاڵەتی تایبەتیدا ترسناکە، هەروەها لەگەڵ ڕەوتی شانۆنامەکەدا تێ دەگەین کە ئەستن تووشی کێشەی دەروونیی گران بووە و ئەقڵ و هۆشیشی زۆر تەواو نییە.

ئەستن: گرفتەکە لەوەدا بوو کە دووچاری خەیاڵگرتوویی دەبووم. خەیاڵگرتووییش نەبوو، هێن بوو، تووشی ئەو هەستە دەبووم کە پێموابوو شت دەبینم.... بەڕوونی، هەموو شتێک ... وا روون بوو. هەموو شتێک... هەموو شتێک.. هەموو شتێک بێدەنگ دەبوو...

شانۆنامەی (سەرایدار) پەردەی دووەم

دەیڤس کەسێکی سپڵە، توندوتیژ، شەڕانگێز، بێ لانە و بێ کارە و بە کەڵکی هیچ کارێکیش نایەت، هیچ کارێکی پێ هەڵناسووڕێت، ئەستن لە دەست چەند کەسێک ڕزگاری دەکات و لەلای خۆی داڵدەی دەدا و جێگەی دەکاتەوە، بەڵام بەم داڵدەدانە ڕازی نابێت و هەموو کات زیاتر و زیاتری دەوێت. هەوڵ دەدات نێوانی ئەستن و مایکی برای تێک بدات، لەگەڵ هەردووکیان گەمەی دەسەڵات دەکات.

دەیڤس بە پێچەوانەی ئەستنەوە، مرۆیەکی خێرا و بە دەستوبردە، بەردەوام لەباری بەرگری و شاڵاودایە، زۆر دەڵێت، بەبێ ئەوەی شتێکی دیاریکراو باس بکات، قسەکانی بێ سەروبەرە و بە ئاسانی پشت دەکاتە ئەو کەسەی کە ساتێ لەوەوبەر دەستی یارمەتیی بۆ درێژ کردووە.

مایک برای ئەستنە، خاوەنی ماڵەکەیە، هەر زۆر زوو دەزانێت دەیڤس چ بیچم و کارەکتەرێکی هەیە، گەمەی دەسەڵاتی لەگەڵ دەکات، هەندێک جار دەیوروژێنێت، هەندێک جار پێگەیەکی دەداتێ و لە پڕ پشتی تێ دەکاتەوە. مایک بەهێزە و خاوەنی دەسەڵات و سەرمایەشە و بە شێوەیەکی تاکتیکی لە نێوان ئەستن و دەیڤسدا گەمە دەکات.

## هێزی دیالۆگەکان

هارۆڵد پینتەر دیالۆگی شانۆنامەکەی لەسەر ئاستێکی بەرز، بە سەلیقە و هەستێکی ورد داڕشتووە و بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش ئاستەکانی زمان تێکەڵاو دەکات، زمانێکی ڕوون و ئاشکرا، زمانی ڕۆژانە، دیالێکت، زمانی توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە و ئەو کەسانەی کە زمان وەک زمانی کەسێکی رۆشنبیر، لایەنە بەهێزەکەی ژیانیان نییە و بڕوانامە و خوێندنیان تەواو نەکردووە و ئەوەش بە ڕوونی بە زمانی بەکارهێنراوی کەسایەتییەکانیانەوە، بەتایبەتیش دەیڤس دیارە. بەڵام لە ڕووی تەکنیک و شێوازەوە، وەک زۆربەی شانۆنامەکانی تری هارۆڵد پینتەر لەسەر بنەماکانی دووبارەبوونەوەی ڕستە، وشە و بەشەکانەوە پێکهاتووە.

دیالۆگەکان بەردەوام لە خاڵێکەوە، لە باسێکەوە دەچێتە سەر خاڵ و باسێکی تر، دوای ئەوە دەگەڕێتەوە سەر خاڵ و باسی یەکەم، ئەم مەسەلەیەش لە دیالۆگەکانی نێوان ئەستن و دەیڤسدا بە ئاشکرا دەبینرێت. هەروەها دیالۆگەکان تەواو ناکرێن، ڕستەکان ناتەواون، یان بەبێ تەواوکردنی دەبڕێت و مەودایەکی تر، یان ڕێچکەیەکی تر لەخۆ دەگرێت.

دەیڤس: ئەو هاوڕێیەم لە شێپەردس بوش هەیە، لە شۆردنگاکە. بەڵێ، ئەو لە شۆردنگاکە بوو، باشترین شۆردنگایان بەڕێوە دەبرد.
(ئەوجا لە ئەستن دەڕوانێت.)
باشترین دانەیان بەڕێوە دەبرد، هەموو کات لەتە سابوونێکی دەدامێ، هەر جارێک بچوومایە. سابوونی زۆر باش. پێم وایە دەبێت باشترین سابوونیان هەبێت. هەرگیز بێ سابوون نەدەبووم لەوێ، هەر کاتێک لەو ناوە بوومایە و لە قاپی شێپەردس بوشم بدایە، پارچە سابوونێکم دەست دەکەوت.

ئەستن: (جووتێک کەوش بە دەستەوە لەبن تەختەکە دێتە دەر)
جووتێکی قاوەیی.

شانۆنامەی (سەراییدار) پەردەی یەک

هارۆڵد پینتەر توانیویەتی، ئەتمۆسفێر و کەشێکی ئاڵۆز، پڕ لە ڕاز و نهێنی و نادیار لە شانۆنامەکەدا بخوڵقێنێ، بینەر لە چاوەڕوانیی ئەوەدا نییە کە لە دیمەنی داهاتوودا چی ڕوو دەدات، لە چاوەڕوانیی ساتە یەک لە دوای یەکی نمایشەکەشدا نییە، وەک لە زۆربەی شانۆنامە کلاسیکی و تەقلیدییەکاندا پێڕەو دەکرێت. لەم شانۆنامەیەدا هارۆڵد پینتەر دەتبەستێتەوە بە ساتەکانی ئێستاوە، واتا بەو ساتەی دیمەنەکەی تێدا ڕوو دەدات و بەو شێوەیە چ بینەران یاخۆ خوێنەر لەگەڵ ساتە چاوترووکاندنەکانی شانۆنامەکەدا دەژی. بینەران دەیانەوێت ئێستا، لەگەڵ دیالۆگی یەکەم، هەڵسوکەوتێکی ئەو کات و ساتەی کەسایەتییەکان، لەگەڵ کوژاندنەوەی ڕووناکی و دەرگەکردنەوەیەکدا بزانن چی ڕوودەدات.

کە شانۆنامەکە دەست پێدەکات، مایک بەتەنیا لە ژوورەکەیدایە، ساتێک بەتەنیا دەمێنێتەوە، گوێمان لە دەنگی پێی کەسانێکی ترە لە دەرەوە، مایک خێرا و دەسبەجێ و بە هێمنی دەچێتە دەرەوە و دەرگەکە لە دوای خۆیەوە دادەخات.

دوای ئەوە ئەستن و دەیڤس دێنە ژوورەوە: کەسی یەکەم بۆ چووە دەرەوە؟ ئەی ئەم دوو کەسەی کە دێنە ژوورەوە کێن و لە کوێ یەکتریان بینیوە و لە کوێوە هاتوون؟ ئەمانە و چەندان پرسیاری تر، لەگەڵ سەرەتا و ساتەکانی شانۆنامەکە دروست دەبێت(٢٢).

بەکورتی شانۆنامەکە مەسەلەی مرۆڤ و پێوەندییەکانی مرۆڤ دەخاتە ڕوو، خاڵێکی گەوهەری شانۆنامەکەش کە زۆر گرینگە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە کە ئەستن لە کۆتایی بەشی دووەمدا، مەنەلۆجێکی دوور و درێژی ناتەبا، جیاواز لە ڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە، نامۆ، گرینگ و بەهێز بەرجەستە دەکات. مەنەلۆجەکە بینەران ڕووبەڕووی بیرکردنەوە و ڕامان و گومان دەکاتەوە، هەموو یاسا کۆمەڵایەتی، سیاسی، دەروونی و مرۆڤایەتییەکانی کۆمەڵگە و شارستانییەتی ڕۆئاوا دەخاتە بەردەم پرسیار و گومانەوە.

لەم مەنەلۆجەوە تێ دەگەین کە ئاستن لە نەخۆشخانەی ئەقڵیی توند کراوە و دواتریش نەشتەرکارییەکی قورسی بۆ کراوە.

> ئەستن: ..... شەوێکیان. من دواترین بووم. بە تەواوی چاوم لێ بوو چییان لەوانەی تر دەکرد. بۆیشیان دەلوا وا بکەن. نازانم چی بوون.... ئەو شتانە لە موکیشی گەورە دەچوون کە وایەریان پێوە بوو، وایەرەکان بە ماشێنێکی بچووکەوە بوون. ئەلەتریکی بوو. کەسەکەیان توند پاڵ دەخست و دەیانگرت و، سەرۆکە دوکتۆرەکە، سەرۆکەکەش، مووکێشەکانی، شتێک بوون هەر دەتگوت گوێشەی بیستن، دەخستە سەر ئەملا و ئەولای کەللەسەری کەسەکە. پیاوێک ماشینەکەی بەدەستی هەڵدەگرت، دەبینێت و، پاشان دای دەگیرساند. ئەوجا سەرۆکەکەیش ئەو مووکێشەی دەخستە سەر کەللەسەری کەسەکە و لەوێدا دای دەنا.

شانۆنامەی (سەرابیدار) پەردەی دووەم

لە نەخۆشخانە نەشتەرکاری لە مۆخ و کەللەسەری ئەستندا کراوە، هەر لە بەرەنجامەکانی ئەو نەشتەرکارییەوە تووشی خاوی بووە لە بیرکردنەوەدا، نایەتەوە یادی کە لەوەوبەر باسی چی کردووە و بیری لە چی کردووەتەوە.

## تەکنیکی شانۆنامەکە

شانۆنامەکە برێتییە لە سێ پەردە، پەردەکان دابەش نەکراون بەسەر دیمەن و بەشی بچووکی تردا، لەگەڵ ئەوەشدا بەشەکان لە یەک زەمەنی دیاریکراودا ڕوو نادەن. هارۆڵد پینتەر بۆ ئەوەی کاتە جیاوازەکان لە یەک بەشدا دیاری و جیا کاتەوە، لە دیمەنێکەوە بچێتە سەر دیمەنێکی تر، پەنا

دەباتە بەر بەکارهێنانی تەکنیکی (تاریکی). بۆ نموونە لە شوێنێکدا، لە پەردەی یەکەمدا، بەم شێوەیە کات و ڕێچکەی ڕووداوەکان دەگۆڕێت.

ئەستن دادەنیشێت و خەریکی پلاکەکەیە.

ڕووناکییەکە کەم دەبێتەوە. تاریکی.

ڕووناکییەکان پێ دەبن. بەیانییە.

بەڵام کە پەردەی یەکەم تەواو دەبێت، ئەوا پەردە دادەدرێتەوە، لە پەردەی دووەمیشدا، بەم شێوەیە دیمەنەکە دەگۆڕێت، بەهەمان شێوە زەمەنیش گۆڕانکاریی بەسەردا دێت.

بێدەنگی.

گڵۆپەکان لە کزییەوە بەرەو خامۆشبوون دەچن.

لە پەنجەرەکەوە ڕووناکیی گڵۆپێکی کز دێتە ژوور.

دەرگەیەک زرمەی دێت.

دەنگی کلیلێک لە دەرگەی ژوورەکەدا.

دەیڤس دێتە ژوور، دەرگەکە دادەخات، سویچی گڵۆپەکە تاقی دەکاتەوە، پێ، خامۆش، پێ، خامۆش.

بەهەمان شێوە لە پەردەی سێیەمدا، بەم شێوەیە گۆڕانکاری لە زەمەنی ڕووداوەکاندا دەکات.

تاریک دادێت.

شەوە. ئەستن و دەیڤس هەردووکیان لەناو جێگەدان. دەیڤس بەدەم خەوەوە دەناڵێنێت.

دوای ئەم گۆڕانکارییەش، بەم شێوەیە بەرەو کۆتاییی شانۆنامەکە دەڕوات.

دەیڤس دەچێتە دەر، ئەستن دەوەستێت.

تاریک دادێت.

ڕووناکی. سەرلەئێوارەیە.

لەسەر پلیکانەکان دەنگ دێت.

مایک و دەیڤس دێنە ژوور.

ئەم گۆڕانکارییەش لە ڕوانگەی ڕووداوەکان، هەڵسوکەوت و جووڵانەوەی کەسایەتییەکانەوە دیاری دەکرێت.

ئەم تەکنیکەش هارۆڵد پینتەر دای هێناوە و بەم شێوەیەش بەتەواوەتی یەکەی کاتی وەلاوە ناوە، هەرچەندە پابەندە بە یەکەی شوێنەوە و هەموو ڕووداوەکانی شانۆنامەکە لە یەک شوێندا، لە

ژوورەکەی ئەستندا ڕوو دەدەن. لەو دەمەدا شانۆنامەنووسەکان کەم و زۆر پەیڕەوی یەکە کلاسیکییەکان، یەکەی کات، شوێن و ڕووداویان دەکرد و هارۆڵد پینتەر ئەو یەکانەشی بەتەواوەتی تێک شکاند.

بەکارهێنانی تەکنیکی تاریکی و بەم شێوەیەش جیاکردنەوەی دیمەنەکان و دەستنیشانکردنی زەمەن و ڕووداوەکان، تا ئێستاش بەکار دەهێنرێت و شانۆنامەنووسەکانیش هەریەکە و بەپێی ڕیتم و چۆنیەتی و شێوازی شانۆنامەکانیان، تاریکی و ڕووناکی بەکار دەهێنن.

پەراوێزەکان:

١ شانۆی ڕۆیاڵ کۆرت لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا دەبێتە یەکێک لە شانۆ هەرە گرینگەکانی لەندەن و نووسەرە گەنجەکان لەم شانۆیە و بۆ ئەم شانۆیە بەرهەمەکانیان دەنووسن. چەندین نووسەری بەتوانای وەک جۆن ئۆزبۆرن، ئارنۆلد ڤێسکێر و جۆن ئەردن و دواتریش هارۆڵد پینتەر، لەم شانۆیەوە گەشە دەکەن، ناوبانگ دەردەکەن و تەوژمێکی نوێی شانۆیش دادەمەزرێنن. ئەم ڕەوتەی شانۆی ڕۆیاڵ کۆرت کار دەکاتە سەر زۆربەی شانۆ بچووک و ئەزموونگەرییەکانی ئەوروپا و تا ئێستاش وەک شانۆیەکی تایبەتمەند و گرینگ لە شانۆی ئینگلیزی و شانۆی هاوچەرخی ئەورووپاییدا ئاماژەی بۆ دەکرێت.

٢- شانۆنامەی (بە تووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەوە) لە ٨/٥/١٩٥٦دا لەسەر شانۆی (ڕۆیاڵ کۆرت) لە لەندەن نمایش کراوە.

٣- لە دەیەی پەنجای سەدەی ڕابردوودا، ڕەخنەگران شانۆنامەی (بە تووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەوە) بە باشترین پیەسە گەنجەکانی شانۆی ئینگلیزی دادەنێن.

٤- بەریتانیا لە ساڵی ١٩٢٩وە وەشانی ئەزموونگەریی تەلەڤزیۆنیی دەست پێ کردووە، بەڵام تا ساڵی ١٩٥٦ ئەم هەوڵانە بە شێوەیەکی تەواوەتی بەڕێوە ناچێت.

٥- بۆ زیاتر ئاشنابوون و قووڵبوونەوە لەم مەسەلەیەدا، بگەڕێوە بۆ سەر کتێبی (شانۆی سوێدی) ل ٣٨- ٤٤، نووسینی (دانا ڕەئوف)، بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس ساڵی ٢٠٠٦.

٦- ئەم کتێبە وەرگێڕدراوەتە سەر زۆربەی زمانەکانی جیهان و لە هەشتاکاندا بە زمانی عەرەبیش بڵاو دەکرێتەوە و دەبێتە یەکێک لە کتێبە گرینگەکانی پرۆگرامی خوێندن لە پەیمانگە و ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان لە بەغدا.

٧- ئەم شانۆنامەیە لە سەرەتادا ناوی (بارمەنە بێدەنگەکە) بووە و بە شانۆنامەی (خواردنی پەیژە کارەباییەکە Mathissen)یش ئاماژەی بۆ دەکرێت.

٨- هارۆڵد پینتەر سیناریۆی بۆ چەندین فیلمی بەناوبانگ نووسیوە. لە ساڵی ١٩٦٢دا چیرۆک و سیناریۆی فیلمی نۆکەر، لە ساڵی ١٩٦٧دا تێک شکان و لە ساڵی ١٩٧١دا پەیامنێر دەنووسێت. ئەم فیلمانە هەرسێکیان لە ریزی جۆزیف لوسی دەبن. لە هەشتاکانیشدا سەرلەنوێ سیناریۆی کۆمەڵێک فیلمی تر دەنووسێت، لەوانە Den franske löjtnantens kvinna کە لە ڕۆمانێکی John Fowlesەوە وەری گرتووە، دەنووسێت، لە ساڵی ١٩٨٥یشدا سیناریۆی فیلمی (یاداشتەکانی کیسەڵ) کە لە ڕۆمانێکی Russel Hoban ەوە وەری گرتووە، دەنووسێت.

٩- له دەیەی پەنجا و شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، کۆوارێکی شانۆیی له لەندەن به ناوی Encore– " The Voice of vital Theatre" دەرچووه، ئەم کۆواره گرینگیی داوه به دەنگی نوێ، لێکۆڵینەوەی تەوژمەکانی سەردەم، هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی شانۆیەکی ساتەوەختی، گرینگیدان به شانۆی ناوچه جیاجیاکانی دەرەوەی شاری لەندەن و زەوینەخۆشکردن بۆ لێکۆڵینەوەی شانۆیی که پابەند بووه به گۆڕانکارییه هەنووکەییەکانی کۆمەڵگەوه. ئەم کۆواره دوا ژمارەکانی له ساڵی ١٩٦٥دا بڵاو دەکرێتەوه. هارۆڵد پینتەر یەکەم شانۆنامەکانی (ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون) و (سەرایبدار) لەم کۆوارەدا بڵاو کردووەتەوه.

١٠- هارۆڵد پینتەر به چاوێکی بەرز و ڕێزێکی گەورەوه دەڕوانێته سامۆیل بێکێت و له یەکێک له چاوپێکەوتنەکانیدا بۆ تەلەڤزیۆنی BBC و له ساڵی ١٩٩٠دا، بەم شێوەیه باسی یەکەمین دیداری خۆی لەگەڵ بێکێتدا دەکات: "یەکەم جار له ساڵی ١٩٦١دا له پاریس و له کاتی نمایشکردنی شانۆنامەی (سەرایبدار)دا سامۆیل بێکێتم بینی. هاته هۆتێلەکه و به ڕاستی هەر زۆر خێرا دەڕۆیشت بەڕێوه. هەنگاوەکانی گورجوگۆڵ و به شێوەیەکی کورت و خێرا تەوقەی لەگەڵ کردم. کەسێکی ڕووخۆش بوو، بەڵام من هەرگیز نەمدەتوانی ئەوه بهێنمه بەرچاوی خۆم که ئەو هێنده شۆفێرێکی چاوەترس بێت. هەموو شەوەکه ئۆتۆمۆبێله بچووکه مارکه سترۆنەکەی لەم بارەوه بۆ ئەو بار لێ دەخوڕی، هەردەم زۆر خێراش. له دواجاردا له شوێنێک گیرساینەوه و سەعات چواری سەرلەبەیانی شۆربای پیازمان خوارد، من به تەواوەتی ماندوو بووم پێم وابوو بەهۆی شەراب خواردنەوه و جگەرەکێشان و ورووژانی هەموو شتەکانی ئەو شەوەوه – هەروەها ئازاری سکیشم هەبوو، قوڕگم دەئێشا، سەرم خسته سەر مێزەکه و خەوم لێ کەوت. که خەبەرم بووەوه، ئەو لەوێ نەمابوو، نەشمدەزانی بۆ کوێ چووه، بیرمکردەوه لەوانەیه هەمووی خەونێک بووبێت. لەو بڕوایەدام که لەسەر مێزەکه خەوم لێ کەوتبێت و ئەو له ژوورسەرمەوه ڕاوەستابێ. زەرفێکی بچووکی به دەستەوه بوو، وتی: "هەموو پاریس گەڕاوم تا ئەمه بدۆزمەوه، له ئەنجامدا دۆزیمەوه." زەرفەکەی کردەوه بیکاربۆناتی هەوێنی تێدا بوو که موجیزەی نواند.

١١- شانۆنامەی (گەڕانەوه بۆ ماڵ) له ساڵی ١٩٦٥دا و لەسەر شانۆی شاهانەی شەکسپیر و له ڕێژی پیتەر هاڵ نمایشکراوه.

١٢- شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەر چەنده له کاتی نمایشکردنیاندا بینەران بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن هێندەش خوێندنەوەیان، خوێنەران بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن و ئەمەش بارێکی تایبەتمەنده به جیهانی شانۆ. شانۆنامه بۆ ئەوه دەنووسرێت تا لەسەر شانۆکان نمایش بکرێن، بەڵام هارۆڵد پینتەر دەکرێت بەوپەڕی چێژەوه بخوێنرێتەوه.

١٣- (خۆڵەمێش) یەکێکه له کورته شانۆنامه یەک پەردەییەکانی هارۆڵد پینتەر و هەر خۆیشی له ساڵی ١٩٩ دا وەک ڕێژیسۆر و لەسەر شانۆی Royal Court کاری تێدا کردووه.

١٤- هارۆڵد پینتەر له سەرەتادا ئەم شانۆنامەیەی بەناوی (شاگرده لاڵەکه) یان (بارمەنه بێدەنگەکه)وه نووسیوه و بەناوی (خواردنی پەیژه کارەباییەکەشەوه) وەرگێڕدراوەته سەر هەندێ له زمانه ئەوروپاییەکان.

١٥- هارۆڵد پینتەر ئەندامێکی چالاکی ئۆرگانی نێونەتەوەیی ئەمنستی و پێن–کلوب بووه و بەرگریی له

زۆربەی گەلانی ژێردەستە بۆ نموونە: گواتیمالا، نیکاراگوا، کوردستان، باکوری ئەفریقیا، ڕواندا، سۆمالیا کردووە و زۆر بە توندی دژی شەڕی عێراقیش بووە.

١٦- باڵیۆزی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە تورکیا و لەسەر شەرەفی ئارسەر میللەر ئێوارەخوانێکی گەورە لە خانووبەرەی باڵیۆزخانەکەدا ڕێک دەخات، هارۆڵد پینتەر یەکێک دەبێت لە میوانەکان و لە بریی وتاری بە باقوبریق و درۆودەلەسە، بە فاکتەوە هێرشێکی توند دەکاتە سەر تورکیا و پەردە لەسەر ئامرازەکانی گرتن، ئازاردان و کوشتنی زیندانییە سیاسییەکان هەڵدەماڵێت. ئەندامانی باڵیۆزخانە، باڵیۆزی ئەمەریکا خۆی و میوانە تورکەکان ناتوانن هارۆڵد پینتەر بێدەنگ بکەن، ناچار دەیکەنە دەرەوە. ئارسەر میللەریش وەک پشتگیری لەو هەڵوێستەی هارۆڵد پینتەر، ئاهەنگەکە جێ دەهێڵێت و لەگەڵ هارۆڵد پینتەردا دەچێتە دەرەوە. ئەم دوو نووسەرە دواتر پێکەوە بەیاننامەیەک دژی دەسەڵاتی تورکیا بڵاو دەکەنەوە.

١٧- شانۆنامەی (زمانی چیا) بۆ یەکەم جار لە ١٩٨٨/١٠/٢٠دا لەسەر شانۆی نەتەوایەتیی لەندەن پێشکێش کراوە. لە ساڵی ١٩٨٩دا سەرلەنوێ لە ئەمەریکا و لە شاری نیویۆرک نمایش کراوە.

١٨- هارۆڵد پینتەر دووپاتی کردووەتەوە کە لە کاتی نمایشکردنی (زوانی چیا)دا کارەکتەرە کوردەکان زوانێکی میللی و باو بەکار بهێنن، پۆلیس و داوودەزگا سەرکوتکەرەکانیش زمانێکی فەرمی.

١٩- هارۆڵد پینتەر شانۆنامەی (سەرایدار)ی لە ساڵی ١٩٦٠دا نووسیوە. سەرایدار سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دێنێت و هارۆڵد پینتەریش دەبێتە یەکێک لە گرینگترین نووسەرانی شانۆی هاوچەرخی ئینگلیزی و جیهانیش. شانۆنامەی سەرایدار بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٦٠دا و لەسەر شانۆی The Arts Theatre لە لەندەن نمایش کراوە. هەر لەو ساڵەدا شانۆنامەی سەرایدار هەڵدەبژێردرێت بە باشترین شانۆنامەی ساڵ، هەروەها تێکرا ڕەخنەگرەکانی بەریتانیا، ئەو شانۆنامەیە دادەنێن بە یەکێک لە باشترین شانۆنامەکانی سەد ساڵی ڕابردوو.

٢٠- هارۆڵد پینتەر دەیەوێت ئەوە دووپات بکاتەوە کە هیچ شوێنێک نییە مرۆڤ بتوانێت خۆی تێدا حەشار بدات، دنیای دەرەوە بە هەموو هێزە جیاواز و خۆسەپێنەرەکانیەوە هەڕەشەمان لێ دەکات و ڕاومان دەنێت، لە هەمان کاتدا هێزە ترسێنەرەکانی دنیای دەرەوە دەمانخزێنێتەوە ژوورە داخراوەکان، بەڵام هەڕەشەکان دەگەنە ئەوێش و جارێکی تر هەڵاتن و وەدەرنان و ڕاوەدوونان دەبێتەوە بە چارەنووسی مرۆڤ.

٢١- خوێنەر بۆ زیاتر قووڵبوونەوە و شارەزابوون لە شانۆنامەی (سەرایدار)، دەتوانێت ئەم شانۆنامەیە بەتەواوەتی بخوێنێتەوە. بڕوانە زنجیرەی شانۆی بیانی، ژمارە ١٧: سەرایدار، نووسینی هارۆڵد پینتەر، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە ڕێبوار ڕەشید، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، ساڵی ٢٠٠٨.

٢٢- ئەم فۆرم و زمان و ئەتمۆسفێرە تازەیە، هارۆڵد پینتەری گەیاندە ئاستێکی بەرز و شانۆنامەی (سەرایدار)یش ناوبانگێکی جیهانیی بەدەست هێنا، ڕەخنەگری بەناوبانگی ئینگلیزی (هارۆڵد هوبسون) دوای ئەوەی شانۆنامەی سەرایدار بۆ یەکەم جار لە لەندەن نمایش دەکرێت، دەڵێت "ئەم شانۆنامەیەم دووجار بینیوە، هەوڵ دەدەم بە زووترین کات جارێکی تریش ببینم، دوای ئەوە بۆ جاری چوارەم دەیبینم، جاری پێنجەم و .....".

تێبینی:

ئەو دیمەنانەی کە لە شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەر، وەک نموونە و بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە و بەڵگە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکارم هێناون، بریتین لە:

١- گەڕانەوە بۆ نیشتمان، وەرگێڕانی لە سویدییەوە دانا ڕەئووف.

٢- خۆڵەمێش، وەرگێڕانی لە سویدییەوە دانا ڕەئووف.

٣- لە چاوەڕوانی وێلسۆندا، وەرگێڕانی لە سویدییەوە دانا ڕەئووف.

٤- زمانی چیا، وەرگێڕانی لە سویدییەوە دانا ڕەئووف.

٥- سەرایبدار، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە ڕێبوار ڕەشید.


سەرچاوەکان

بە سویدی:

1.Tolv gånger Harold Pinter, Ersatz, 2005
2. Nio gånger Harold Pinter, Ersatz, 2005
3. Tiden och teatern 3, Europa, av Karl Gustav Asplund, Kimpress, 2002
4. Engelska bildar- mest om teater, av Olof Lång, Sveriges Radios förlag 1966
5. Hemkomsten, Dramaten, 1993
6. Hemkosten, Stockholmsstadsteater, 2006

بە ئینگلیزی:

1- The Life and Works of Harold Pinter, by Michael Billington

بە کوردی:

١- بە تووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەوە ..! نووسینی: جۆرج ئۆزبۆرن، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شێرزاد حەسەن ١٩٨٦.

٢- سەرایبدار، نووسینی: هارۆڵد پینتەر، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ڕێبوار ڕەشید، زنجیرەی شانۆی بیانی، ژمارە ١٧، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٨.

٣- ژوورەکە، خوێندنگای شەوان، نووسینی: هارۆڵد پینتەر، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، عەلی عوسمان یاقووب، زنجیرەی شانۆی بیانی، ژمارە ٢٣، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٩.

٤- کاتە بەسەرچووەکان، ناپاکی، دیمەنێکی سروشتی، نووسینی: هارۆڵد پینتەر، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: فارووق هۆمەر، زنجیرەی شانۆی بیانی، ژمارە ٢٨، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٩.

٥- ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون، نووسینی: هارۆڵد پینتەر، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەلی عوسمان یاقووب، دەزگای سەردەم، ٢٠٠٨.

# کوشتنی ملیۆنێک کۆمۆنیست
# له ئەندەنووسیا

ئەرنست ماندڵ

بەگشتی شۆڕشی کرێکارانی جیهانی و شۆڕش دژ بە کۆڵۆنیالیستەکان، ئەندەنووسیای تووشی شکستێکی گەورە کرد. تیرۆری سپی لە ئۆکتۆبەری ١٩٦٥ دەستی پێ کرد، بوو بەهۆی کوشتن و تیرۆرکردنی هەزاران خەباتگێڕی کۆمۆنیستی و گرووپە چەپەکانی تری ئەندەنووسیا.

هەژی گوتنە زۆر بەدەگمەن لە رۆژنامە بۆرجوازییەکاندا، باسی چۆنێتی و قەوارەی ئەو کۆمەڵکوژییە دەکرێت. ئەو رۆژنامانەی کە زۆر خۆیان بە " مرۆڤ دۆست" و، خۆیان بە داکۆکیکەری " لە مافەکانی مرۆڤ " دادەنێن. ئەمانە هیچ نوتقیان نەکرد. لێ کاتێک کە شۆڕشێکی سەرکەوتوو لە دژی هەندێک جەلاد، کە دەستیان بە خوێنی گەلەکانیان سووره، بۆ نموونە وەکو شۆڕشی کوبای ساڵی ١٩٥٩، ئەمانە ئینجا دێن و باسی مافی مرۆڤ دەکەن.



.......................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

## سەرکوتکردنێکی دڕندانە

لەڕاستیدا تەوژمێکی گەورەی ترس، هەموو ئەندەنووسیای گرتەوەو ژمارەیەکی بێ شومار قوربانیی لێ کەوتەوە. سۆهارتۆ خۆی ددانی پێدانا کە فەرمییەن ٣٧٠٠٠ کەس بوونەتە قوربانی. بەڵام فیدل کاسترۆ لە کۆنگرەی هەرسێ پارزەویندا گوتی کە ژمارەی قوربانییەکان دەگاتە سەد هەزار کەس. هەندێک چاودێری رۆئاوایش پێیان وایە نزیکەی ١٢٠ بۆ ١٢٥ هەزار خەباتگێڕ بوونەتە قوربانی. هەندێک سەرچاوەی تر پێیان وایە کە ژمارەکە دەگاتە نزیکەی ١٥٠,٠٠٠ بۆ ٢٠٠,٠٠٠ کوژراو. هەندێک پەیامنێری ڕۆژنامە کۆنزەرفاتیڤەکان بۆ نموونە وەکو رۆژنامەی Frankfurter Allgemeine Zeitung ئەڵمانیایی، Sunday Times لەندەنی National-Zeitung, ئەمانە وەسفێکی باش و وردیان لەبارەی ئەو تەوژمی ترسەی کە هەموو ناوچەکانی وڵاتی گرتووەتەوە. پەیامنێری تایبەتی رۆژنامەی Frankfurter Allgemeine Zeitung بۆ دوورگەی بالی، کە پێشتر بە قەڵای کۆمۆنیستەکان دادەنرا، ڕاپۆرتێکی زۆر ترسناکی لەم بارەیەوە نووسیوە.

لەم ڕاپۆرتەدا وا باس دەکات، کە تەرمێکی زۆر کە شێوێنراون و لەسەر ڕێگەکان فڕێ دراون یان گۆڕی بەکۆمەڵیان بۆ هەڵدەکەنرێت. یان نیوەی گوندەکان سووتێنراون، جووتیارەکانیش ناوێرن لە قەفەزەکانیان بێنە دەرەوە "مەبەستی ماڵە بچووکەکانیانە... وەرگێڕ.". هەروەها باسی ئەو ترسە زۆرە دەکات، کە هەموو هاووڵاتییانی گرتووەتەوە، هەر ئەم ترسە گەورەیەش وای لەو خەڵکانە کردووە کە بە کۆمۆنیست تاوانبار دەکرێن، بێن بە دەستی خۆیان هاوڕێ کۆمۆنیستەکانیان بکوژن، بۆ ئەوەی بۆ عەسکەرە دڕندەکانی بیسەلمێنن کە کۆمۆنیست نین.

لە پەنا ئەم کۆمەڵکوژییەشدا، کۆمەڵێکی بێ شوماری تر قوربانی هەبوون. زیاتر لە ٢٥٠٠٠٠ خەباتگێڕی چەپ و لایەنگرانیان خرانە زیندانەوە. کاتێک هەندێک سەندیکای کرێکاری هەوڵیان دا لە سەرەتای ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٦٥دا، وەڵامێکی شەرمنانەی ئەم تەوژمە ترسە گەورەیەی شۆڕشی دژ بدەنەوە، زۆر بە ئاسانی هەموو کرێکارە مانگرتووەکانیان دەرکرد. بەپێی ڕاپۆرتێکی رۆژنامەی Sunday Times لەندەنی، لە باکوری دوورگەی سۆماترا، نزیکەی ٤٠٠٠ کرێکار و فەرمانبەری کە لە بوارە گشتی و حکوومەتییەکان کاریان دەکرد، لە کارەکانیان دەرکراون. لەلایەکی ترەوە بەشێوەیەکی ترسناکانە، دەستیان بە پاکتاوکردن و پاککردنەوەی هەر کەسێک کە " گومانی کۆمۆنیستیبوونی لێ دەکرێت"، لە هەموو وەزارەت و، رۆژنامەکان، هەموو دەزگا گرینگ و حەساسەکانی ئابووریی وڵات کردووە، هەموویان لەم دەزگایانە دەرکردن. دەرکردنی ئەو کرێکارانە لە وڵاتێکدا، کە بێکاری بەردەوامی و هەژاری زۆری تێدایە، خێزانەکانیان ناچاری برسێتییەکی ترسناکانە دەکاتەوە.

سەد هەزار خێزان کۆسیان کەوتووە، سەد هەزاری تر تووشی هەژارییەکی ترسناک کراون، ئەمە وابزانم یەکەمین شرۆڤەکاری ئەم " ترسە سپییە"یە، کە لە ١ ئۆکتۆبەری ١٩٦٥ دەستی پێ

کرد و پەلاماری ئەرخەبیلی ئەندەنووسیایی دا.

لەبارەی ئەم کۆمەڵکوژییە و لەم شێوە سەرکوتکردنەوەیە لەلایەن دەوڵەتێکەوە، بە پلەی یەکەم ئەرکی هەموو سۆسیالیستەکان، پاشان هەموو مرۆڤێکە، کە لایەنی کەم هەستی مرۆڤی تێدایە، بەوپەڕی هێز و توانای خۆیەوە نارەزایی دژی ئەم هەڵمەتە بوەستنەوە کە دژ بە کۆمۆنیست و چەپەکانی ئەندەنووسیا دەکرێت. دیارە شەڕی ڤێتنام توانی کار بکاتە سەر رای گشتیی جیهان، لە ڕاستیشدا ئیمپریالیستەکان چەتەگەرییەکی گەورەیان لەو وڵاتەدا کرد. لێ دەبێت ئەو ڕاستییەش بزانین، ژمارەی قوربانییانی شۆڕشی دژ لە ئەندەنووسیا لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا، زۆر لە ژمارەی قوربانییەکانی شەڕی ئەهلی ڤێتنام زۆرترە، کە ماوەی چەند ساڵێکی پێ چوو.

ئەمە جارێکی تر ئەوا راستییەمان بۆ دەردەخات کە ئێمە لە بەرامبەر چ دوژمنێکداین، کە ئامادەیە هەموو جۆرە ئامرازێک بەکار بهێنێت، تەنانەت وەحشیترین ئامراز، بۆ ئەوەی بەرگری لە هەژموونی چینایەتیی خۆی بکات.

جێگەی گوتنە هەڵسان بە شۆرشکردن، تەنانەت شۆڕشی چەکداریش، لە کۆتاییدا باشترین ڕێگەی عەقلانییە و هەر ئەمیش دەتوانێت ژیانی مرۆڤایەتی ڕزگار بکات. تەنانەت لە دیدێکی مرۆڤانەش گەر سەیری بکەیت، لە حاڵەتی یەکەمدا قوربانییەکان بەبێ هۆ کوژراون، هەروەها گەلیش زیاتر و زیاتر تووشی بەدبەختی و ماڵوێرانی بوو. بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا، بەلایەنی کەمەوە هەوڵی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی نوێ دەدرێت، هەروەها لە چەندین سەدەی دواکەوتوویی و چەوساندنەوەی وەحشییانە ڕزگاریان بوو. ( لێرەدا نووسەر مەبەستی لە حاڵەتی یەکەم ئەندەنووسیایە و، لە حاڵەتی دووەمی مەبەستی ڤێتنامە. لە یەکەمدا کۆمۆنیستەکان شکستیان هێنا و قوربانیی زۆریان دا، بەڵام لە ڤێتنام ڕاستە قوربانیی زۆریان دا، بەڵام سەرکەوتن... وەرگێڕ.)

ئەوەی لە داکۆکیکەرانی مافی مرۆڤ چاوەڕوان دەکرێت و پێویستە بیکەن ئەوەیە، کە نارەزاییی خۆیان بەرامبەر بەو کۆمەڵکوژییەی کە دژی کۆمۆنیستەکانی ئەندەنووسیا کرا دەرببڕن. پێویستە ئابڕووی ئەو کەسانە ببرێت کە ئەو کۆمەڵکوژییەیان کردووە، هەروەها ئەوانەشی کە یارمەتییان داون یان بێدەنگ بوون و ڕێگەیان پێ داون، کە ئەو کۆمەڵکوژییە بە ئەنجام بگەیەنن، لەپێش هەمووشیانەوە شەخسی سۆهارتۆ. نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت، کە زۆربەی " مرۆڤدۆستەکان" و " لیبراڵییە" ڕۆژئاواییەکان، هەتاوەکو ئەمڕۆش بێدەنگییان هەڵبژاردووە. هەروەها هەندێک پارتی کۆمۆنیستیش، هەتاوەکو ئەمڕۆ هەر بێدەنگییان هەڵبژاردووە.

## سیاسەتێکی هەڵە بەرەو شکستێکی حەتمیمان دەبات

دیارە نابێت ئێمە کاردانەوەمان تەنیا بەرامبەر ئەو ترسە دڕندانەییە بێت کە تووشی گەلی ئەندەنووسیایی بوو. هەروەها نابێت کارمان تەنیا ئابڕووبردنی ئەو بەرپرسانە بێت کە بەم

کۆمەڵکوژییە هەستان، هەروەها داواکردنی ئازادکردنی زیندانییەکان بێت ( یەکەمیان بنجونو، کە یەکێکە لە سەرکردەکانی سەندیکای ئەندەنووسیایی SOBSI کە ئێستا لە جاکارتا لەدادگە دەدرێت و فەرمانی لەداردانیشی بۆ دەرچووە).

بگرە ئێمە دەبێت هەوڵ بدەین لەو هۆکارانە بکۆڵینەوە کە بوونە هۆی شکستێکی گەورەی بزاوی کرێکاری ئەندەنووسیایی.

ئەمڕۆ مردنی خەباتکاران و کرێکارانی ئەندەنووسیایی هیچ سوودی نابێت، گەر بزاوی کرێکاری ئەندەنوسیایی و بزاوە کرێکارییەکانی جیهان، لەو وانانەی شکستە نەکۆڵنەوە و تەکتیکی خۆیان نەگۆڕن. دەبێت بزاوی کرێکاری ئەندەنوسیایی بکرێتە وانەیەک بۆ ئەوانی تر بۆ ئەوەی لێوەی فێر بن.

یەکەمین پرسیار کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە ئەوەیە، چۆن پارتێکی کۆمۆنیستی کە سێ ملیۆن ئەندامی هەبوو، جگە لە بوونی ١٠ ملیۆن هاوڕێ و دۆست کە لە ڕێکخراوە جەماوەرییەکاندا بوون، کە خۆیان لە ڕێکخراوەکانی ( گەنجان، ژنان، جووتیاران، هەروەها ئەو ڕێکخراوانەی کە سەر بە پارتی کۆمۆنیستی ئەندەنووسیاییI.K.P بوون). ئەم پارتە گەورەیە لە شەو و ڕۆژێکدا لە ئۆکتۆبەری ١٩٦٥ لەناوبرا. بە بێگومان دوژمنەکەی ئەم پارتە، ژمارەی زۆر کەمتر بوو لەم پارتە.

دەتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە لە ڕێگەی دوو خاڵەوە بدەینەوە:

یەکەم:

دوژمنە کۆنەپارێزەکان توانییان هێرشێکی گەورە بکەن، لە حاڵەتێکدا جەماوەر هێشتا بە شێوەیەکی باش ڕێکخراو ئامادە نەکرابوو بۆ ئەو هێرشە حەتمییەی لەشکری کۆنەپارێز، بگرە هەلیان بۆ دوژمن رەخسان تا ئەم هێرشەی بکات. واتە سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیستی ئەندەنووسیایی I.K.P نەیتوانی سوود لەو ژمارە زۆرەی خەباتکارانی وەربگرێت کە لە ساڵانی پێشوودا هەیبوون و هەروەها بەشێوەیەکی باش ڕێکیان بخات بۆ ئەوەی چینی کرێکار و جووتیاران بتوانن دەسەڵات بگرنە دەست.

دووەم:

دیارە لە پشت ئەم تەکتیکە هەڵەیەوە، تیۆرییەکی هەڵە و ناڕاست هەیە لە شۆڕشی دەوڵەتە داگیرکراوەکانی پێشوودا. هەروەها پێوەندیشی بە سروشتی دروستبوونی دەوڵەت لەو کۆلۆنیایانە هەیە کە پاشان سەربەخۆبوونیان وەدەست هێنا. بەڵام ئەم دەوڵەتانە نەیانتوانی لە چەوساندنەوەی سەرمایەداری ڕزگاریان بێت.

دیاره ئەو دەوڵەتانەی کە لەلایەن کۆڵۆنیالیستەکانی رۆئاواوه داگیر کران، له ئەنجامی پێشکەوتنی مێژووی تایبەتی خۆیان، توانییان سەربەخۆیی سیاسی بەدەست بهێنن. بەڵام پیشەسازی و پرۆلیتاریا تازه دروست بووبون، هێشتا وەکو بۆرجوازی نیشتمانیی تەقلیدی ، ئەرکە مێژووییەکانی خۆی تەواو نەکردبوو، بۆ ئەوەی بتوانێت شۆڕشی بۆرجوازی بە ئەنجام بگەیەنێت. ( بۆ نموونه شۆڕشی بۆرجوازیی هۆڵەندا له سەدەی ١٦، شۆڕشی ئینگلیز له سەدەی ١٧، شۆڕشی ئەمەریکایی و فەرەنسایی لە سەدەی ١٨). هێشتاوەکو یەکەتییەکی نیشتمانیی ڕاستەقینانە دروست نەبوو، بگره لەسەر بنەمای ناوچەگەری و عەشایەری کە سیمایەکی تایبەتی هەبوو، کۆمەڵگەی ئەندەنووسیایی بنیات نرابوو.

جووتیارەکان خاوەنی زەوی نەبوون، بگره بەشێوەیەکی زۆر، کۆمپانیا بیانییەکان خاوەنی زەوی بوون، یان موڵکداره گەورەکان کە نیوەیان دەرەبەگ و سەرمایەداری گەوره بوون، ئەوان خاوەنی زەویوزارەکانی ئەندەنووسیا بوون.

له بەرامبەردا بەشێکی گوندییەکان به دەست بێکاری و هەژارییەوه دەیانناڵاند. کەواته دەگەینه ئەو دەرەنجامەی، کە بازاڕێکی نیشتمانی نەبوو، بۆ ئەوەی ببێته هۆی دروستبوونی پیشەسازییەکی گرینگ و گەوره. ئابووریی وڵات پابەنده به هەناردنی هەندێک کەرەستەی خاو و بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بۆ بازاڕه جیهانییەکان، کە ئەمەش دەبێته هۆی دەرچوونی گرینگیی بەهایی " القیمة" (مەبەستی نووسەر بەکارهێنانی ئەم کەرەستانه له ناوەوەی وڵات... وەرگێڕ) ئەمەش له خزمەتی بەرژەوەندیی دەوڵەته پیشەسازییەکانە. بەڵام خودانی ڕاستەقینەی ئەم کۆمەڵگە دواکەوتووانه، ئیمپریالیزمی بیانی و وەکیلە ناوەخۆییەکانیەتی. هیچ جۆرێک له بۆرجوازیی " نیشتمانی " بوونی نییه و ناشتوانێت خەباتێکی جیدییانه له دژی ئیمپریالیزم بکات و سەربەخۆیی ئابووری، به سەربەخۆیی سیاسییەوه ببەستێتەوه و پارێزگاری له گەشەسەندنێکی ئابووریی تەواو بکات.

لاوازی له ڕووی ئابووری و ژمارەوه، وه پێوەندیی بەهێزی لەگەڵ موڵکداری بیناسازی، وای له موڵکداره ناوەخۆییەکان کردووه، کە نەتوانن شۆڕشی کشتوکاڵیی ڕاستەقینانه بکەن. وه بەبێ ئەو شۆڕشە کشتوکاڵییەش، پیشەسازی مەحاڵە. وا بۆ ماوەی نیو سەدەیە، له زۆربەی ئەزموونەکانی دەوڵەته داگیرکراوەکاندا ئەم ڕاستییەی بۆ سەلماندووین:

له دەوڵەته داگیرکراوەکانی پێشوودا، بزاوی رزگاریخوازی، چینی موڵکداریی ناوەخۆیی ڕابەریی دەکات. یان کۆمەڵێک بۆرجوازی بچووک ڕابەریی دەکات، کە ناتوانێت به شێوەیەکی تەواوەتی پێوەندیی خۆی به ئابووریی سەرمایەدارییەوه ببڕێت. لەم حاڵەتەدا کاری بنەڕەتی شۆڕش لەو دەوڵەتانەدا ئەوەیە، یەکەم جار شۆڕشێکی کشتوکاڵی بکات، دیاره ڕێگەچارەی تری

نییە جگە لەمە نەبێت. گەر وا نەکات ئەوا دووچاری بەدبەختی و هەژاری و کێشەی کۆمەڵایەتیی بەردەوام دەبێتەوە.

یان ئەوەتا چینی کرێکاران ، هاوپەیمانییەک لەگەڵ جووتیارە هەژارەکان ببەستێت و ڕابەرایەتیی بزاوی ڕزگاریخوازی بکات، هەتاوەکو ئیمپریالیزم و چینە موڵکدارە ناوەخۆییەکان لەناو دەبات و چاکسازیی کشتوکاڵی بە شێوەیەکی ڕیشەیی بکات. ئا لەم حاڵەتەشدا دەبێت دەوڵەتی بۆرجوازی بۆ دەوڵەتی جەماوەریی زەحمەتکێش بگۆڕێت و هەوڵی دروستبوونی ئابووریی سۆشیالیستی بنێت. هەتاوەکو ڕابەرایەتیی ئەم شۆڕشە بە دەست " بەرەی نیشتمانی"یەوە بێت، لە ڕاستیدا بۆرجوازی "نیشتمانی"یان کۆمەڵێک بۆرجوازی بچووک ڕابەریی دەکات، هەتا ئەمانیش ڕابەری شۆڕش بن، شۆڕشی کشتوکاڵی ڕیشەیی ناکرێت و دەوڵەتیش لە کرۆکیدا دەوڵەتێکی بۆرجوازییە. ئەمەش ڕێگە خۆش دەکات بۆ ئەوەی کۆنەپارێزەکان لە هەر ساتێکدا بێت، هێرش بکەن و بە وەحشیترین شێوە کرێکاران و جووتیاران سەرکوت بکەن. کاتێک ڕابەرایەتیی ئەم شۆڕشانە گەیشتە دەستی پرۆلیتاریا بە پشتگیریی جووتیارە هەژارەکان، دەبێت دەوڵەتی بۆرجوازی تێکوپێک بشکێنرێت و دەوڵەتێکی نوێ دروست بکرێت بۆ ئەوەی چاکسازیی کشتوکاڵی ڕیشەیی بکات. وەکو ئەوەی کە لە ( چین، کوبا، ڤێتنام) کرا.

سەرانی پارتی کۆمۆنیستی ئەندەنووسیایی، هیچ لە وانەکانی مێژوو فێر نەبوون. دیارە پێش ئەمەش کۆمەڵێک هەڵە و سەرکێشی لەو جۆرانەیان کردووە. ئەم پارتە لە کاتی ڕووداوەکانی " مادیون"دا لەساڵی ١٩٤٨، هەوڵیان دا خۆیان هەڵواسن بە گرووپەکەی سۆکارنۆ " کە نوێنەری بۆرجوازی نیشتمانییە"، (بەرەی یەکەتیی نیشتمانییان) دروست کرد. هەروەها لە ساڵی ١٩٦٠دا ڕازی بوون بە سیاسەتەکانی سۆکارنۆ کە بووە هۆی نەمانی ئازادییە دیموکراسییەکان. هەروەها چوونە ناو بەرەی ناساکۆم NASAKOM کە لە (بەرەی نیشتمانی کە سۆکارنۆی ناسیۆنالیست ڕابەریی دەکرد، لەگەڵ تەکەتوولی ئیسلامی، کە ئەویش تەکەتوولێکی کۆنەپارێز بوو، پاشان بوونە چاوساغ و ڕابەریی ئەو هێرشە وەحشییەی کە دژی کۆمۆنیستەکان ساڵی ١٩٦٥ کرا). لەگەڵ ئەوەشدا بەشداریی حکوومەتێکیان کرد، کە سەرۆک لەشکرێکی، توندڕۆ کۆنەپارێز ئەندام بوو تێیدا.

دیارە هەڵەی سیاسیی ئەوان، دەگەڕێتەوە بۆ پێش پێنج ساڵ، کە بریتیی بوو لە بەرگریکردنیان لە شێوەی بەرەی نیشتمانی، وە هیچ هەوڵیان نەدا بۆ دروستکردنی حکوومەتێکی کرێکاری و جووتیاری. نەیانوێرا هەوڵی ئەوە بدەن کە جەماوەر دەسەڵات بگرێتە دەست، بگرە دەیانویست بە شێوەیەکی "هێواش و لەسەرخۆ" خۆیان بە دەسەڵاتی دەوڵەتەوە ببەستنەوە. ئەم سیاسەتەش هەڵەیەکی گەورەی ئەوان بوو، چونکە ئەوان نەیانتوانی خوێندنەوەیەکی ڕاست و تەواوەتی بۆ شێوەی تایبەتی ئەو دەسەڵاتە بکەن. د. ن. ئایدیت، کە یەکێکە لە ڕابەرەکانی پارتی کۆمۆنیستی ئەندەنووسیایی، بەم شێوەیە باسی ئەم سیاستەی خۆیان دەکات:

«ئێستا دەسەڵات لە کۆماری ئەندەنووسیایی لە دوو بەشی دژ بە یەک دروست بووە. یەکێکیان بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی گەل دەکات ( پشتی گەلە)، ئەوی تریان دوژمنی گەلە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەو بەشەی کە بەرگری لە گەل دەکات بەهێزتر دەبێت، حکوومەتی ئەندەنووسیایی دەتوانێت پلانی شۆڕشگێڕانە دابنێت بۆ ئەوەی دژی ئیمپریالیزم بوەستێتەوە.»

تێڕوانینی کەسێکی مارکسی بۆ دەزگای دەوڵەت (جا ئەو دەوڵەتە هەر شێوەیەک بێت) ئەوەیە، دەوڵەت هەموو کاتێک لە خزمەتی بەرژەوەندیی چینێکە دژ بە چینێکی تر. هەروەک فریدریک ئەنجلز دەڵێت: ( لە دوا شرۆڤەماندا بۆ دەوڵەت، برێتییە لە کۆمەڵێک پیاوی چەکدار). کەواتە دەوڵەت و لەشکری ئەندەنووسیایی لە خزمەتی کام چینەدایە؟. ڕووداوەکانی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٦٥ بەوپەڕی دڵنیاییەوە وەڵامی ئەم پرسیارەمان دەداتەوە دەڵێت، کە ئەم دەوڵەتە لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی بۆرجوازییە ئەوەی کە ناوی دەنێن " بۆرجوازی نیشتمانی !". بەدڵنیاییەوە جیاوازی لە نێوان بۆرجوازی " نیشتمانی " کە تازە سەربەخۆ بووە، لەگەڵ ئیمپریالیزم هەیە. بەڵام بزاوی کرێکاری نابێت لەم جیاوازییەدا بێلایەنی هەڵبژێرێت. بگرە دەبێت دژی ئیمپریالیزم بجەنگێت. دیارە پارتی کۆمۆنیستی ئەندەنووسیایی زیرەک بوون کە پشتگیریی خەباتی گەلی ئەندەنووسییان دژ بە کۆلۆنیالیزمی هۆڵەندایی کرد. هەروەها دژی مالیزیای گەورەش وەستانەوە. بەڵام هەڵە بوون لەوەی کە خۆیان بە بەردەوامی بە بەرەی بۆرجوازی نیشتمانییەوە بەستەوە. ئەم بەرەیەش لەلایەن سۆکارنۆی بۆرجوازییەوە ڕابەری دەکرا، ئەمانیش بەهیچ شێوەیەک ڕەخنەیان لە سیاسەتەکانی نەدەگرت.

هەڵەی گەورەیان کرد، کە ماوەی ئەو چەند ساڵەی لەو بەرەیدا بوون، پشتگیریی داواکارییەکانی جەماوەری ئەندەنووسییان نەدەکرد کە لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیانبوو، بگرە بە پێچەوانەوە نوتقیان لە خۆیان بڕیبوو، نەوەکا ئەم پشتگیرییە ببێتە هۆی تێکچوونی بەرەی نیشتمانی، لە کاتێکدا بەرپرسانی ئەم حکوومەتە، لە بەدبەختی و هەژاریی گەلی ئەندەنووسیایی بەرپرس بوون. چونکە باری ئابووری بەردەوام خراپ دەبوو. ئامرازی بەرهەمهێنانی پیشەسازی تەنیا بە ڕێژەی ٣٠٪ بەکار دەهێنرا، هەروەها پارەی خەڵکی لە شتی زۆر خراپ و بێ کەڵک خەرج دەکرا. وە لەشکریش هەموو موڵکەکانی بیانییەکانی دەبرد بە ڕێوە ئەوانەی هەر بە هەوا بوونە هی گەل ( واتە لەشکر بە شێوەیەکی ڕەها دزی و تاڵانی سەروەت و سامانی دەوڵەتییان دەکرد). هەروەها چاکسازیی کشتوکاڵیش، تەنیا مەرەکەبی سەر کاغەز بوو، هەڵئاوسان بە شێوەیەکی ترسناک بەرز بووەوە، خواردن ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەمتر دەبووەوە.

گەر پارتی کۆمۆنیستی ئەندەنووسی سیاسەتێکی ژیرانەیان بگرتایەتە بەر، دەیانتوانی خەباتی جەماوەری پێش بخات و دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست، کە ئەمەش مافێکی ڕەوای جەماوەر بوو. وازیش لە سیاسەتی " بەرەی نیشتمانی " بهێنێت. بەڵام بەداخەوە وایان نەکرد و لە دەستیان دەرچوو.

ئەوەی جێگەی نیقاش نییە، کە بۆچوونەکانی پارتی کۆمۆنیستی ئەندەنووسیایی پشتی بەو تیۆرییانە دەبەست کە یەکەتیی سۆڤیەتی ڕابەریی دەکرد، ئەو تیۆریانەی کە لە سایەی حوکمی ستالین و پاشان خرۆتشۆف یەکەتیی سۆڤیەتیان بەڕێوە دەبرد.

هەموو بۆچوونەکانیان لەبارەی دەزگای دەوڵەتی ئەندەنووسیایی و بەرەی نیشتمانی و " و زەروورەتی بوونی " یەکەتیی نیشتمانییەوە، هەموویان فۆتۆکۆپیی بەرنامەی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی بوو، بەتایبەت ئەوەی لەبارەی پرسی " دەوڵەتی دیموکراسی نیشتمانی"یەوە. تەنانەت پاش کودەتا سەربازییەکەی کە کۆمەڵێک جەنەراڵی کۆنەپارێز کردیان، ووتەبێژە فەرمییەکانی پارتە کۆمۆنیستەکانی سەر بە مۆسکۆ، هەر خەریکی دڵداری بوون لەگەڵ سۆهارتۆ، داوای گەڕانەوەی بەرەی NASAKOM یان دەکرد. (سەیری ڕۆژنامەی Neues Deutschland ژمارە ٢٤ ئۆکتۆبەری ١٩٦٥ بکە).

جێگەی گوتنە بەشێکی زۆری ئەو چەک و تەقەمەنییانەی کە لە شکری کۆنەپارێز بەهەزاران کرێکار و کۆمۆنیستی پێ کوشت، لە یەکەتیی سۆڤیەتی دروست کرابوون. ئاخۆ زەحمەت بوو پێشبینیی ئەوە بکەیت کە ئەو بۆرجوازییە و ئەو لەشکرە، کە وا خۆیان پێشان دەدا دژی ئیمپریالیست شەڕ دەکەن، بەشێکی زۆری ئەو یارمەتییانە، دژی ئیمپریالیست نا، بگرە دژی گەلەکانیان بەکاری بهێنن؟؟!!.

لێ ئەوەی جێگەی تێڕامانە، کە پارتی کۆمۆنیستی ئەندەنووسیایی، کە شەیدای بەرەی نیشتمانی و بۆرجوازیی " نیشتمانییە"، سەر بە قوتابخانەی سۆڤیەت نییە، بگرە سەر بە قوتابخانەی چینە. لەوەش سەیرتر، سەرکردە کۆمۆنیستە چینییەکان ئامادە نەبوون بچووکترین ڕەخنە لە پارتی کۆمۆنیستی ئەندەنووسیایی بگرن. ئاخر ئەمانیش لەو هەڵەیەدا ( مەبەستی سیاسەتی بەرەی نیشتمانی، (وەرگێڕ.)، لەگەڵ سۆڤیەت بەشدارن و بەرپرسن لەو سیاسەتە هەڵەیە.

ئەمە لە کاتێکدا لەم ماوەیەدا کۆمەڵێک وتاری تایبەت نووسراون لەبارەی شۆڕشی چین لە نێوان سالانی ١٩٢٥-١٩٢٧، ڕەخنەی توند لە " مەیلی تەحریفی خرۆتشۆفی " و بۆچوونەکانی تۆلیاتی دەگرن. سەرکردە چینییەکان ڕەخنەی توندیان لەبارەی ئەو تیۆرییەوە گرت کە دەڵێت: ئیمکانی هەیە لەم سەدەیەدا، دەوڵەتێکی نابۆرجوازی و ناسۆسیالیستی دروست بێت. لە هەمان کاتیشدا بە توندی ڕەخنەیان لە سیاسەتی بەرەی نیشتمانی گرت و، هەروەها ئەوەیان بە وەهم وەسف کرد، کە ئەو بۆرجوازییە بتوانێت خەبات لە دژی ئیمپریالیزم بکات. لە کاتێکدا کە پارتی کۆمۆنیستی ئەندەنووسیایی ئەو هەڵە گەورە و ماڵوێرانەی کرد. کەچی سەرانی پارتی کۆمۆنیستی چینی بێدەنگییان لێ کرد.

باشە بۆچی ئەم هەڵوێستە بێ مەبدەئییە، کە زۆر ناکۆکە بە بۆچوونەکانی خۆیان؟!.

یەکەم:

لەبەرئەوەی کە سەرانی چینی، لە شەڕی خۆیان لەناو بزاوی کۆمۆنیستی جیهانیدا، دەیانەوێت زۆرترین لایەنگر بۆ بەرەی خۆیان پەیدا بکەن، کە ئەویش پشت بەم پرەنسیپی چینی دەبەستێت. ئەو پرەنسیپەش بریتییە لەوەی، کە نابێت بەهیچ شێوەیەک رەخنە لە پارتی کۆمۆنیستی چینی بگریت.

دووەم:

چونکە حکوومەتی چینی وەکو حکوومەتی سۆڤیەتی هەوڵی ئەوە دەدات، کە سۆهارتۆ لە گەمە دیپلۆماسییە جیهانییەکەدا پشتگیرییان بکات.

هەروەها لەبەرئەوەی پرەنسیپەکەی ستالین پێڕەو دەکات، کە پێی وابوو، هەموو بزاوە کرێکارییەکان بۆ خۆی ڕابکێشێت و لە گەمە سیاسییەکانیدا بەکاریان بهێنێت. ئەم پرەنسیپەش زەرەری بۆ بزاوی کرێکاری هەیە و دژی سیاسەتەکانی لینینە. بۆ نموونە لە کاتی ڕێککەوتننامەی ئاشتیی بریست لیتوفسک ساڵی ١٩١٨، رابالو ساڵی ١٩٢٠، لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەڵمانی، هیچ زۆریان لە کۆمۆنیستە ئەڵمانیاییەکان نەکرد، کە واز لە خەباتی خۆیان دژ بە حکوومەتەکەیان بهێنن. بەڵام لە سایەی حوکمی ستالیندا، هەر بۆرجوازییەک کە ڕێککەوتننامەی لەگەڵ یەکەتیی سۆڤیەت بکردایە، کۆمۆنیستەکانی ئەو وڵاتانەیان ناچار دەکرد، کە خەبات دژی ئەو حکوومەتانە کەم بکەنەوە یان نەهێڵن.

کۆمۆنیستە چینییەکانیش لەم بوارەدا لاسایی ستالینیان دەکردەوە. ئەمەش وای کرد، کە کۆمۆنیستە ئەندەنووسیاییەکان، باجێکی گەورەی ئەم سیاسەتەی چین بدەن.

بە دڵنیاییەوە لە ئەندەنووسیا کۆتا بە خەبات نەهاتووە، بەشێکی زۆری کادیرەکان توانییان خۆیان ڕزگار بکەن و دەربچن و بە ریزەکانی شۆڕشەوە پێوەست بن. هەروەها برسێتیی جەماوەریش زیاتر و زیاتر دەبێت، هەموو ئەو کۆمەڵکوژییەش ناتوانێت ورگی کرێکار و جووتیارە هەژارەکان تێر بکات. بە دڵنیاییەوە ڕاپەڕین زۆرتر دەبێت. سۆهارتۆش ئەمە باش دەزانێت، هەر بۆیە دەستی کرد بەدەرکردنی بەشێکی زۆری ئەو جەنەراڵە وەحشییانەی حکوومەتەکەی. ئێستاش گەل دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت و کاریگەر بێت. بێگومان گەر سیاسەتێکی زیرەکانە پێڕەو بکرایە، دەکرا تا ڕادەیەکی زۆر، خۆیان لەو زەرەر و زیان و شکستە گەورەیە بپارێزن.

سەرچاوە: سایتی حوار المتمدن.

# پارەی دەوڵەمەند و ناودارەکان
# بۆ بەرنامە خێرخوازییەکان

ئەوانەی دەیان ملیار دۆلار پەیدا دەکەن و ملیۆنان دۆلاریش سەرف دەکەنەوە، ئەوانە لەناو کۆشکی ئەفسووناویدا دەژین، فڕۆکە و پاپۆڕی تایبەتییان بە ئەستووڵ هەیە، لە ئاسمان و لە دەریاکان بەکامەرانییەوە دەسووڕێنەوە، هەندێکیان بەشێک لەو پارانە تەرخان دەکەن بۆ دۆزێک کە بڕوایان پێی هەیە، وەک یارمەتیدانی خەڵکی هەژار و داماوەکان، یان بەشێک لە پارەکانیان دەدەنە توێژەر و بەرنامە تەندروستییەکان تا نەخۆشەکان لە مردن دەرباز بکەن، یان لە پرۆژەیەکی خێرخوازی سەرفی دەکەن.

لەو ساڵەنەدا لەسەر خوانێکی ئێوارەدا سێ گەورە دەوڵەمەندەکانی جیهان، بیل گیتس کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی دەزگاکانی مایکرۆسۆفت و وارین بوفیتی کارزان لە سەرمایەگوزاری و دیڤید روکفلر دادەنیشن، یەکێکیان دەڵێت با نیوەی سەرمایەکانمان بۆ پرۆژە خێرخوازییەکان تەرخان بکەین و ببینە نموونە و پێشەنگی خەڵکەکە. ئیتر ئەو سێ ملیاردێرە دوور لە نیگای میدیا لە هوتێلێکی گەورەی نیویۆرک کۆ دەبنەوە و لەگەڵ چل دەوڵەمەندی تر بڕیار دەدەن نیوەی پارەکانییان بۆ مەبەستی خێرخوازی دابنێن، ئەوەش بە پەیمانی خاوەن ملیارەکان دەناسرێت.

لەودەمانە رۆژنامەنووسێک لە ساڵۆنی هوتێلەکە ئامادە دەبێت، دەبینی ژمارەیەکی زۆری ملیاردێرەکان ئامادەن، ئەویش وێنەیەکیان دەگرێت، بەڵام نەیزانیبوو ئەوانە بۆچی بەیەکەوە کۆ بوونەتەوە، پاش چەند رۆژێک وێنەکە بڵاو دەکاتەوە، بەوەش وردەکاریی بەڵگەنامەکە بڵاو دەبێتەوە کە لەلایەن چل ملیاردێرەوە ئیمزایان کردبوو، لەوانە گیتس و بوفیت و روکلفر و مایکل بلومبترگ و تید تیرنر و ئۆپرا و ینفری و جۆرج سوروس و پیتر پتترسۆن و چەندی تریش.

پیتر پیترسۆن وتوویەتی: هەموومان بەیەکەوە لەسەر مێزێک کۆ بووینەوە و دانوستاندنمان لەسەر کارە خێرخوازییەکان کرد و ئەو کارە بوویتە بەشێکی زیندووی رۆژانە و ژیانمان،

........................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی

هەمووشمان لەسەر ئەو کۆکین، کەوا هەست بەوە دەکەین کە بە پارە پەیداکردن و قازانجکردن هەست بە کامەرانییەکی زۆر دەکەین. لەوێ قسەمان لەسەر کێشەکانی ناو وڵاتەکەمان کرد، لەوێش بڕیارمان دا ئەو بەڵگەنامەیە بۆ چاکەی وڵاتەکەمان ئیمزا بکەین و ئەوەش ببێتە ئەزموونێک تا بەخێرایی هەموو دەوڵەمەندەکانی تریش چاو لە ئێمە بکەن. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا دیڤید روبنشتاین کە یەکێک بووە لەوانەی بەرنامەکەی پەسەندکردبوو، وتبووی: من ئەو پارەیە دەدەم، چونکە هەست دەکەم خۆم و بنەماڵەکەم قەرزی سەرمان دەدەینەوە وڵاتەکەمان کە پێویستی پێمان هەیە.

وارین بوفیتی سەرمایەگوزاری خاوەن ٤٧ ملیار دۆلار وتبووی: من ئەو پارەیەم لە ئەنجامی ئەو هۆکارانەوە پەیدام کردووە وەک، ژیانم لە ئەمەریکا و دوورینەوەی بەخت و کاری زۆر بەجۆشی بەردەوام، بۆیەش لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەم دانوستاندنمان کرد، کەوا ئەو پارەیە ئەوەندە منی شەرمەزار کردووە و ئەوەندە منی ئارام و شادمان نەکردووە، بەڵام بەخشینی بەشی زۆری ئەو پارەیە رەنگە بتوانێت ژیانی خەڵکێکی زۆر کامەران بکات.

بەڵام بیل گیتسی خاوەن ٥٣ ملیار دۆلار وتبووی: کە لەو ساڵانەی دوایی رەوشی تەندروستیی دانیشتوانی ئەو جیهانەم زانیبوو، شۆک لێ دابووم، نەخۆشی هەیە کە چارەسەری نییە و ساڵانە نیو ملیۆن منداڵ دەکوژێت، بۆیە من و هاوسەرەکەم بیل ومیلیندا بڕیارمان داوە نیوەی سامانەکەمان بکەینەوە سەرچاوەی ئەو پرۆژانەی بوارسازی دەکات ئەو مردنە کەم بکاتەوە و گوزەرانی ئەو داماوانە خۆش بکات و کۆسپەکانیان لە بەردەمدا هەڵدەگرێت.

بول ئالینی ساماندارى مایکرۆسۆفت کە خاوەن ٣١,٥ ملیار دۆلارە وتوویەتی: ئەستگەکانی ئەو زەمانە زۆر قورس بووە. بۆیەش کۆشش دەکەین بە قەدەر مەزنیی کێشە و ناڕەحەتییەکان باشترین یارمەتی و کۆمەک پێشکێش بکەین، من ئەوە چەند ساڵە بیرم لەوە کردیتەوە کەوا بەشی زۆری سامانەکەم بۆ کارە خێرخوازییەکان جێ بهێڵێم، کە بەرژەوەندیی لە توێژینەوەکانی ناو ئامۆژگەکەمان بەناوی ئامۆژگەی ئالین بۆ زانستەکانی مێشک بەرجەستە کردووە.

لاری ئالیسۆن ساماندار لە ئوراکلی تەکنەلۆجیای کە خاوەن ٢٨ ملیار دۆلارە وتوویەتی: من سەدان ملیۆن دۆلارم لە بوارەکانی بەرژەوەندیی توێژینەوە تەندروستییەکان و پێداویستییەکانی فێربوون پێشکێش کردووە، لەگەڵ رۆژگاریشدا چەندین ملیاری تریش لەو بوارەدا پێشکێش دەکەم، بەڵام کە ئەو سامانەشم بۆ ئەو پرۆژانە دانابوو، هەرگیز نەمویستووە باسم بکەن و ناوم بزانن، چونکە وا دەزانم چاکەکردن مەسەلەیەکی تایبەتییە. بەڵام داوام لێ کراوە تا زۆرتر خەڵک چاو لە ئێمە بکەن وەک پەیامێک بەرنامەکەمان بڵاو بکەینەوە.

جۆرج لۆکاسی دەرهێنەری سینەمایی خاوەن سێ ملیار دۆلاریش زۆربەی سامانەکەی بۆ گەشەپێدانی بوارەکانی فێرکردن تەرخان کردووە، چونکە ئەو وا دەزانێت کەوا ئەوەیان تاکە بوارە

مرۆڤایەتی لە نەهامەتییەکان دەرباز دەکات، دەبێ هەموومان کۆشش بکەین بەرنامڕێژی بۆ داوارۆژی کۆمەڵانی خەڵک بکەین، هەنگاوی یەکەمیش لەوە دەست پێ دەکات کە هەموو پێداویستییەکانی بواری فێرکردن و سازکردنی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیی ساز و سۆزدار و رووناکبیر بۆ منداڵەکانمان دابین بکەین.

ت. بون. بیکینزی سەرمایەدار لە بواری پترۆل و خاوەن یەک ملیار و نیو دۆلار، وتوویەتی: کەوا من زۆر شەیدای کۆکردنەوەی سامانم، زۆریش حەز لە سەرفکردنیشی دەکەم و بەشێکی زۆریشی دەبەخشمەوە، ئەوەشتان لێ ناشارمەوە بە دەسکەوتنی پارەکان چەند کامەران دەبم، بە سەرفکردنەکانیشی زۆر کامەرانتر دەبم، هەتا ئێستا من نزیکەی هەشتسەد ملیۆن دۆلارم بۆ چاکە و خێر بە رێکخراوە خێرخوازییەکان بەخشیوەتەوە، پەرۆشم پارەکە لە ملیار دۆلار دەرباز بکات. من هەرگیز بڕوام بەوە نییە پارە لە دوای خۆمدا جێ بهێڵم چونکە مانەوەی میرات کێشەی زۆرترە.

مایکل بلومبێرگ سەرمایەگوزاری خاوەن ١٨ ملیارد دۆلار، کە لە قۆناخی سێیەمی ژیانە پیشەییەکەی وەک شارۆانی نیویۆرک بووە، هەستی بەوە کردبوو کەوا پارەبەخشین چەند کایەکی گرینگی ژیانە، خەڵکێکی زۆریش پێویستیان بەو یارمەتییانە هەیە، چونکە هاوبەشیمان لەگەڵ خەڵک لەناو ئاوەز و دڵماندا جێگەی شیاوی هەیە تا گوزەرانی خەڵکەکە باش بکەین و شەڕی برسییەتی و نەخۆشی بکەین و سیستەمێکی فێرکاری چاک بکەینەوە، یارمەتیی هونەر و ژینگە دەدەم، بوار و فاکتەرەکانیش زۆرە تا زۆرتر دەستی داماوەکان بگرین.

وارین بوفیتی ملیاردێر چەند ساڵێک بوو شێوەی موزایدەکردنی کردبووە پرۆسەیەک بۆ کۆکردنەوەی پارە بۆ پشتیوانیی سندووقە خێرییەکانی خۆی، لە یەکێک لە رێستورانتەکان خواردنی ستیکی لە مانهاتن لە نیویۆرک دەخستە موزایدە و کە پارەکەی زۆر دەبوو، ئینجا ئەو پارەکەی دەیان جار زیاد دەکرد و پارەکەی بە یەک ملیۆن ژەمی خواردنی ئێکسپرێس دەدا و لە سان فرانسیسکۆ بەسەر خەڵکە داماوەکانی دابەش کردووە، ئەوەش ساڵانە کراوە، بۆیەش ئەو لەناو لیستی دەوڵەمەندەکان یەکەم بووە، ئەو ئێستا تەمەنی هەشتا ساڵە و سندووقە خێرییەکەشی بە یادی سۆزانی هاوسەریەوە کردووە. ئەگەرچی ژەمەکەی ئەو رێستورانتە تەنیا ٣٦ دۆلار بووە، ئەو ئیمساڵ یەک ملیۆن ٦٥٠ هەزار دۆلاری بەو ژەمە دابوو، ئەوەش لە ماوەی یەک هەفتە لەسەر تۆڕی نێتەوە دەمینێتەوە تا پارەکەی زۆرتر بووە. لە موزایدەکەی ئیمساڵ لە دوا دەقەکاندا رکابەرایەتییەکانی لە نێوان هەشت کەس بووە و بەرنامەکەش بەبێ وێنەگرتن و ناوهێنان کراوە.

***

## پارە بەخشینەکان باج کەم دەکاتەوە و رووناکییەکان رادەکێشێت

ئەوەی زانراوە کەوا یاسایە ئەمەریکاییەکان هانی هاووڵاتییان دەدەن بە قەد باجەکانیان پارە ببەخشنەوە، ئەوەش بۆ خەڵکە دەوڵەمەند و ناودارەکان لێدانی دوو چۆلەکەیە بە یەک بەرد، کە باجەکان شانی خەڵکەکەی گران کردووە، بەپێدانی پیتاک و یارمەتییەکان سووک دەبێتەوە. زۆربەی ئەو پارەیەی وەک خێرخوازی لەلایەن دەوڵەمەندەکانەوە دەدرێت، تایبەتە بە دەزگا بەرژەوەندییە مرۆییەکان و لەناوبردنی نەخۆشییەکان و دۆزینەوەی دەرمان بۆ نەخۆشییە سەختەکان، ژنە ئەکتەری کۆچکردوو ماری تایلوار سندووقێکی بۆ توێژینەوەی تایبەت بە منداڵانی نەخۆش بە شەکر داناوە. هەردوو ئەکتەری هاوسەر ئەنجلیناجولی و برادبیت پارەیان دابووە خەڵکە زیان لێکەوتووەکانی بوومەلەرزەکەی هایتی. ئەکتەر جیری لویس ساڵانە سەدان ملیۆن دۆلاری بۆ چارەسەرییەکانی نەخۆشیی ماسولکەکان کۆ کردووەتەوە. ئەگەرچی کەسە ناودارەکان کۆشش دەکەن پارە بۆ پرۆژە خێرخوازییەکان کۆ دەکەنەوە، بەڵام زۆریش هەر بەخۆیان پارەکەش دەدەن.

دیارە کەوا حکومەت ئەو مەسەلەیەشی بە رێنوێنییەکان گرێ داوە، دەبێ ئەو پارەی کۆ کردووەتەوە رێکخراوەکان و دەستەکان پارەکان وەردەگرن بۆ قازانج ئیشی پێ نەکەن. لە کۆواری فۆربسی ئابووری ئامارێکی بڵاو کردیتەوە کەوا لە بەڵگەنامەکانی باجدا، ١٥٧ رێکخراوی دەرکەوتووە کەوا هەموویان پارەکانیان بە دروستی سەرف کردووە و بەڵام هەندێکیان زۆرتر لە میزانییەی خۆیان پارەیان سەرف کردبوو. ئەو کۆمەڵە خێرخوازانەی کۆمەک کۆ دەکەنەوە بەشە زۆرەکەی پارەکان لەو کەسانە کۆ دەکەنەوە کە سەرپەرشتیی کۆمەڵەکە دەکات، ئەوانەش تا پارە بە هەدەر نەدەن مەسرەفیان کەمە، تەنیا ئەو کارمەندانەی لە کۆکردنەوەکاندا بەشدارن مووچەیان هەیە، دیارە کەوا ئەو کۆمەڵانەش کێشە و تەنگژەی زۆریشیان هەیە، ئەو کۆمەڵەیەی کە لەلایەن پێشکێشکاری بەرنامە تەلەڤزیۆنە ناودارەکە دیڤید لیترمان بەڕێوە دەچێت، ساڵی پار یەک ملیۆن و ٢٠٠ هەزار دۆلاریان کۆ کردبووەوە، لەو ساڵەش ئەوان تەنیا ٢٥ دۆلاریان سەرف کردبوو، دیارە کەوا پارەکەش دە هەزار دۆلاری لێ دەربچێت هەمووی لەلایەن دیڤیدەوە کۆ کرابوونەوە.

### تۆڕی فریشتەکانی ئۆپرا

شاژنی شاشەی تەلەڤزیۆنیش ملیاردێری ناسراو ئۆپرا وینفری چەندین کۆمەڵەی خێریی دامەزراندووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٩ کۆمەڵەی فریشتەکان دادەخات کە کۆمەکی لە بینەرەکانی تەلەڤزیۆنەوە وەردەگرت، چونکە مەسروفاتی دەگەیشتە نزیکەی ٣٧٪ لە میزانییەکەی، بۆیە پارەی بەخشینەوەی نامێنێت. ساڵێک بەر لە داخستنی ئەو کۆمەڵەیە نزیکەی ٨ ملیۆن و ٦٠٠ دابووە لایەنە خێرخوازییەکان و خۆشی بەشی زۆری مەسروفاتی لە پارەی تایبەتییەکەی دابوو. یەکێک

لەو کۆمەڵە خێرخوازییانەی سەرکەوتبوو لەلایەن ئەکتەر ئالیک بالدوین دامەزرابوو، کە لە ساڵی پار نیو ملیۆن دۆلاری بەخشیبوو و مەسرەفەکانی کۆمەڵەکەش تەنیا ٢١٥ دۆلار بووە، ئەو کۆمەڵەیەی لەلایەن ئەکتەر ستیڤ مارتن دامەزراوە ٣٩٩ هەزار دۆلاریان بەخشیوە و ٣٢٩ دۆلاریش مەسرەفی ساڵانەی بووە. ئەو کۆمەڵەیەی لەلایەن رۆماننووس دین کۆنتز دامەزراوە ٢ ملیۆن و ٢٠٠ هەزاری کۆ کردووەتەوە و مەسرەفی ٢٤٠٠ دۆلار بووە، خاتوو مارپا ستیوارت دوو ملیۆن و ٦٠٠ کۆکردیتەوە و مەسەرەفیشی ٤٨٩٠ دۆلار بووە.

لەولاشەوە کۆمەڵەی خێرخوازیی تریش هەیە کە ئاستێکی تریان هەیە، لەوانە ئەو کۆمەڵەیەی لەلایەن خاتوو روزی ئۆدونیلی ئەکتەر و پێشکێشکاری تەلەڤزیۆنی بۆ یارمەتیدانی منداڵان، ئەو بە یەک ساڵ ٢ میلۆن و ٩٠٠ هەزار دۆلاری کۆکردووەتەوە بەڵام مەسرەفی خۆیان رێژەی ٦٤٪ بووە، بەپێی دەرخستەی باجەکان دیارە کەوا ئەوان ٣٤٠ هەزار دۆلاریان سەرف کردووە و سەدان هەزاریش مەسرەفی کارگێڕییان هەبووە. ئەو کۆمەڵانەی لە بوارەکانی سپۆرتدا پارەی خێرخوازی کۆ دەکەنەوە مەسرەفیان زۆرە، لەوانە ئەکتەر دێرینی بوب هۆپ ئەوەی لە تەمەنی سەد ساڵی مرد، پاش مردنەکەی لە یاریی گۆڵف لە ئەمەریکا کۆمەڵەکەی ملیۆن و ٦٠٠ هەزاریان کۆ کردووەتەوە، بەڵام مەسرەفەکانیان پێنج بە قەد ئەو پارەیە بووە.

هەر ئەو کۆمەڵەیە نییە کە زیانی بەرکەوتووە، لەوانە زۆرە کە پاش مردنی دانەرەکەی زیانیان کردووە، لەوانە لویس ئامسترونگ، ئایرفینگ بیرلین، جۆن بیلوشی، ئەلفرید هیتشکۆک، دانی کین، جیم هینسۆن، شارلز لیندبیرگ، بۆل بیرمان، ئەلفیس برسلی، کریستوفر ریڤ، لۆرانس ویلک، ماری بیکفۆرد. لەوانە ئەو کۆمەڵەیە رۆماننووسی کۆچکردوو ترومان کابوت ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٤ مردووە، ساڵانە ٤٠٠ هەزار دۆلاریان داوە بە پاداشتی نووسەرە گەنجە بەهرەدارەکان، بەڵام مەسرەفیان گەیشتبووە ٨٣٪ی ئەو پارەیە. کۆمەڵەی تریش هەیە کە دانەرەکانیان لە لووتکەی داهێنانن و ناویان دیارە، بەڵام کۆمەڵەکانیان داوەشاوە، لەوانە نیکۆلاس کیج، کالڤن کلاین، بروس ویلیس، لو گوسیت.

دیڤید گیڤینی ملیادرێر بەخشینەکانی گەیشتووەتە نزیکەی ٢ ملیۆن و ٧٠٠ هەزار دۆلاری لە ساڵی رابردوو، ٢٥٠ هەزاری لەو پارەیە داوە بە کۆمەڵەکانی چاودێریی مافی مرۆڤ و سەد هەزاریشی داوە بە تۆڕەکانی پەخشی گشتییەوە. ئەگەرچی مەسرەفەکانی کۆمەڵەکەی زۆریش بووە و گەیشتووەتە رێژەی ٥١٪ لە کۆی ئەو پارەیەی کە گەیشتوتە ٤٩ ملیۆن دۆلار.

لاری کینگی بێژەری تەلەڤزیۆنیی ناسراو نەخۆشیی دڵ هەیە و چەند ساڵە بەو نەخۆشییەوە دەناڵێنێت، بۆیە کۆمەڵەیەکی بۆ بنکەی توێژینەوەی تەندروستیی گشتی بۆ نەخۆشییەکانی دڵ داناوە، ساڵی پار نزیکەی سێ ملیۆن دۆلاری بەو کۆمەڵەیە بەخشیوە، بەڵام مەسرەفەکانی گەیشتووەتە نزیکەی ٢٠٠ هەزار دۆلار.

مایکل فۆکس ئەو ئەکتەرەش کۆمەڵەی خێرخوازیی توێژینەوە لە نەخۆشیی بارکنسۆن کە خۆی چەند ساڵە لەبەر ئەو نەخۆشییە دەناڵێنێت، ساڵی پار ٣٣ ملیۆن دۆلاری بە کۆمەڵەکە بەخشیوە، بەڵام مەسروفی کۆمەڵەکە گەیشتووەتە هەشت ملیۆن و ٢٠٠ هەزار دۆلار.

جیری ساینفیلدی ئەکتەریش دوو ملیۆنی داوە بەو کۆمەڵەیەی خۆی دای مەزراندووە، ساڵی پار دوو ملیۆن و ٤٠٠ هەزار دۆلاری بەخشیوە بە نیشتەجێبوون و ناندانی خوێندکارە هەژارەکان لە نیویۆرک. ئەکتەر خاتوو بربارە سترایسند کۆمەڵەیەکی خێرخوازیی دامەزراندووە و دوو ملیۆن و ٧٠٠ هەزار بە مەڵبەندی نەخۆشییەکانی دڵ بەخشیوە کە بەناوی ئەوی کراوە. یاریکەری گۆلف تایگر ود ساڵی پار ٩ میلۆن و ٧٠٠ هەزار دۆلاری بە کۆمەڵە خێرخوازییەکان داوە.

باراک ئۆباما بەر لەوەی بگاتە پۆستی سەرۆکایەتیی کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٠٦ لەگەڵ هاوسەرەکەی ٦٠ هەزار دۆلاریان بە کۆمەڵە خێرخوازییەکانی ویلایەتەکەیان ئالینوی بەخشیوە، ساڵی دواتریش ٢٤٠ هەزار دۆلاریش بەخشیوەتە کۆمەڵەکە. کە خەڵاتی نۆبلی ئاشتییەکە وەردەگرێت پارەکەی ملیۆنێک و ٤٠٠ هەزار دۆلار دەبەخشێتە کۆمەڵە خێرخوازییەکە، ئۆباما لەو بوارەدا هەرگیز درێغی ناکات و هانی ئەو کۆمەڵە خێرخوازییانەش دەدات، لەو رۆژانەش لە بەردەم کۆمەڵەی یارمەتیدەری کیژانی ئوماها قسەی کردبوو، ئەو رۆڵی هەبووە لە کۆکردنەوەی ١٥٤ هەزار دۆلار لە ماوەی کەمتر لە یەک سەعاتدا. لە دوا جەژنی شکوردا ئەو باسکی هەڵدەکات و لەگەڵ دەستەیەک ژمە ئاساییەکەی ئەو جەژنە گۆشتی قەل دەدەنە بێ سەرپەرشتیارەکانی مەڵبەندێکی خەڵکی بێ سەرپەرشتیاران لە واشنتۆن. کە لە بۆنەیەکی کۆکردنەوەی کۆمەک و یارمەتییەکاندا ئۆباما وتوویەتی: کاتی ئەوە هاتووە کەوا سۆزداری و دلۆڤانیش ببێتە بەشێکی هەڵسوکەوتی سیاسییەکان.

## ئەنجلینا جۆلی پارێزەری پەنابەرانی جیهان

ئەنجلینا جۆلی هەڵگری خەڵاتی ئۆسکاری سینەمایی، وەک ئەکتەرێکی سەرکەوتوو لەناو ناودارەکانی هۆلیود لەسەر ئاستی جیهان لە بوارەکانی خێرخوازیدا پێشەنگە. ئەنجلینای دایکی شەش منداڵ دەڵێت: سەرەتای گەڕانەوەی کارە خێرخوازییەکانم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رۆژانەی کە لە وڵاتی کەمبودیا کارمان لە فیلمێک دەکرد، کە ماوەیەک لەو وڵاتە داماوەدا مامەوە، لەوێ هەستم بەوە کرد کەوا خەڵکەکە چەند پێویستییان بە یارمەتییەکان هەیە، هەر لەوێیەوە پێوەندیم بە کونسوڵیەتی باڵای کاروباری پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، دانوستاندنم لەگەڵ کردن، کە چۆن دەکرێ یارمەتی پێشکێش بەو خەڵکە بکەن، ئیتر لەو رۆژانەدا شارەزاییم لە بوارەکانی فریاکەوتن پەیدا کرد.

ئەو لە ساڵی ٢٠٠١ وڵات بە وڵات دەگەڕێت بۆ پێشکێشکردنی یارمەتییەکان، ئەو وەک سەفیری نیازە خێرخوازییەکان زیاتر لە بیست دەوڵەتی کردووە، لەوانە سیرالیون، تنزانیا، کەمبودیا،

پاکستان، تایلاند، ئوکوادۆر، کوسۆڤۆ، کینیا، سریلانکا، ئوردن، میسر، هیند، کوستاریکا، تشاد، سووریا، عێراق، ئەفغانستان و وڵاتانی قەوقاز و هەرێمی دارفۆر لە سوودان، پاش بوومەلەرزەکە و قوربانییە زۆرەکەی هایتی زۆرتر لە جارێک سەردانی هایتی کردووە. ئەو لە وەڵامی ئەوە بۆچی زۆر لەناو خیوەتگەی پەنابەران دەسووڕێتەوە وتوویەتی:

ئەوەی من لە ژان و نەهامەتییەکانی تێی نەگەیشتووم لەو سەفەرانەدا تێیان دەگەم.

ئەنجلینا لە ساڵی ٢٠١١ وەک سەفیری نیازە خێرخوازییەکان دادەمەزرێت، هەر بەو بۆنەیەش لە بارەگە سەرەکییەکەی لە جنێڤ ئاهەنگێکی بۆ ساز دەکات. ئەنجلینا یەکەم کەس بووە کە خەڵاتی (هاووڵاتیی جیهانی) وەردەگرێت، کە لەلایەن کۆمەڵەیەک لە پەیامنێرە رۆژنامەنووسەکانی بارەگەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دانرابوو، ئەو ئاهەنگەش بۆ رێزگرتنی دیپلۆماسیی بەرازیلی سیرجی دیمبلو بوو، کونسوڵ لە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران، ئەوەی لە تەقینەوەی بارەگەی دەوڵییەکە لە بەغدا لە ساڵی ٢٠٠٣ گیانی لەدەست دا. هەمان ساڵیش ئەنجلینا لە ئەنجامی کارە خێرخوازی و مرۆییەکانیدا کەمبودیا رەگەزنامەی وڵاتەکەی پێ دەبەخشێت.

ئەنجلینا لەگەڵ هاوسەرەکەی ئەکتەری ناودار برادبیت بەیەکەوە رێکخراوێک بۆ یارمەتیدانی هەژارەکان و باشکردنی سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوە دادەمەزرێنن. رێکخراوەکەیان یەک ملیۆن دۆلار دەداتە رێکخراوی (پزیشکانی بێ سنوور) کە لە ساڵی ١٩٧١ لەلایەن رۆژنامەنووسان و پزیشکانی فرەنسا دروست کراوە، کە کاری خێرخوازییان لە نزیکەی شەست وڵات کردووە، ئەو وڵاتانەی بوونەتە قوربانیی توندکاری و بەدخۆراکی و بەردەوامیی شەڕەکان و پەلاماردانە سەربازییەکان و کارەساتە سروشتییەکان، وەک ئەوەی لە هایتی رووی دا. لە ساڵی ٢٠٠٦ ئەو رێکخراوەیەی کە ئەنجلینا و هاوسەرەکەی دایان مەزراندووە، بەرنامە خێرخوازییەکەیان گەیشتووەتە هەشت ملیۆن دۆلار. ئەو لە رۆژی جیهانی پەنابەران لە بارەگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەشداریی کردووە، دوو ساڵیش لەسەر یەک لە سەکۆی ئابووریی جیهانی لە داڤۆس لە سویسرا بە ئامادەبوونی دەیان سەرکردەکانی جیهان و کەسایەتیی گەورە ئابووری و سیاسییەکان وتاری لەسەر ئەو بابەتەدا هەبووە. بیست جار زیاتر لەگەڵ ئەندامانی کۆنگریسی ئەمەریکایی بۆ قسەکردن لەسەر کۆمەکی پەنابەران دانوستاندنی کردووە و لە هەموو ساڵۆنە سیاسییەکانی ئەمەریکا چالاکانە بۆ ئەو بەرنامەیە کاری کردووە.

ئەنجلینا بەشداری سەرۆکایەتی رێکخراوێکی جیهانیی کردووە، کە خەمی فێربوونی مناڵانیان لە ناوچە ناکۆکەکان لەبەر بووە، کە بە ئامادەبوونی بیل کلینتۆن و سەدان سەرکردەی جیهانی و چواردە کەس لەوانەی هەڵگری خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی و کەسایەتییە گەورەکان و سەرۆکی رێکخراوە ناحکوومەتییەکان لە بوارەکانی مرۆییەوە دامەزراوە. ئەو رێکخراوە لە ساڵی ٢٠٠٧ بەڵێنی دابوو ١٤٨ ملیۆن دۆلار بۆ فێربوونی ٣٥٠ هەزار منداڵ لە چەندین شوێن تەرخان بکات، بەتایبەتی ئەو شوێنانەی قوتابخانەی تێدا نییە، کۆمەکی ئەو قوتابخانانەشی کردووە کە زۆرتر لە

٧٠ هەزار قوتابیی تێدا دەخوێند. پیرۆز و سەرفرازە ئەو ژنە نازدارەی لە چەندین بواردا بەیەکەوە بۆ شادمانیی مرۆڤایەتی وەستانی نییە!

## ئۆپرا وینفری وەسیەتنامەیەک بە یەک ملیار دۆلار دەنووسێت

کۆمەڵە خێرخوازییەکان کۆشش دەکەن پێوەندی بە کەسایەتییە ناودارەکان و ئەستێرە بەرزەکانی سینەما و سپۆرت بگرن، بەوەش دەتوانن زیاتر هزری میللی دەوڵەمەندتر بکەن، تا زۆرتر خەڵکەکە بەرەو باوەشی بەرنامەکانی خێرخوازی ببەن، کە کۆمەکی زۆرتریان دەست دەکەوێت، دەتوانن زۆرتر بەرنامەکانیان راپەڕێنن، زۆرجاریش ئەو کۆمەڵانە ئەو کەسانە دەکەن پەیڤداری خۆیان، یان ئەوانە دەکەنە ئەندامی شانازیی ئەنجوومەنی کارگێڕییان، ئەوەش زۆرتر سەرنجی خەڵکەکە رادەکێشن. بەڵام هەندێک لەوانە خۆیان دەخوازن بەناوی خۆیان ئەو کۆمەڵانە دامەزرێنن و دەیانەوێ نەمرییەکە بەر ئەوان بکەوێت.

یەکێک لەو ناو دیارانە شاژنی شاشەی ئەمەریکایی ئۆپرا وینفرییە، ئەو بەوە ناسراوە کەوا زۆرترین پارەی بەخشیوەتەوە، هەروەها بەشداریشە لە دەیان کۆمەڵەی خێرخوازی لە دەیان بواردا، هەر لە بوارەکانی بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤەوە هەتا مافەکانی ئاژەڵ و توێژینەوەکانی بەرزبوونەوەی پلە گەرما و کاردانەوە تێکدەرەکانی و قەڵاچۆکردنی ئایدز و یارمەتییەکانی زیان لێکەوتووەکانی هایتی و سونامی ژاپۆن و باهۆزەکەی کاترینای لە نیوئورلیانزی ویلایەتی لویزیانای کە لە ساڵی ٢٠٠٧ کاول کردبوو. بەپێی زانیارییە رەسمییەکانی بەڵگەنامەکانی باجەکان ئۆپرا ٨٠٠ هەتا ٨٥٠ ملیۆن دۆلاری لە رێگەی سێ رێکخراوەکە ناوی ئەویان بەسەرەوەیە بەخشیوەتەوە. ئەوەی شایانی باسە ئۆپرا وەسیەتی کردووە پاش مردنەکەی یەک ملیار دۆلار لە سامانەکەی بکرێتە بەرنامەی خێرخوازی، ئەو لە یەکێک لە بەرنامە تەلەڤزیۆنەکانیدا کە لەو دواییانەدا رای گرت و تێدا لەو سێسەد کەسی ئامادە بووبوون هەریەکە و هەزار دۆلاری پێ دابوون، بە مەرجێک لە بوارێکی خێرخوازی سەرفی بکەن. ئەو لەسەر ماڵپەڕەکەی خۆیدا وتوویەتی، کەوا پشتیوانیی دارایی دوازدە رێکخراوی خێرخوازیی ناسراو دەکات، لەوانە دەزگاکەی بیل کلینتۆن، دەزگای ئازادیی مندالان، دەزگای پشتیوانیی ژنانە و زۆری تریش. بوارە خێرخوازییەکانی ئەو لایەنی فێرکردن و تەندروستی و کۆمەڵی زیان لێکەوتووانی کارەساتە سروشتییەکان لەناو وڵاتە یەکگرتووەکان و دەرەوەشی گرتووەتەوە، بەتایبەتی لە ئەفریقیا، لەوێ لە ناوچەی هەژارنشیندا قوتابخانەیەکی کیژانەی بە هەموو پێداویستییەکانی ساز کردووە.

ئۆپرا ملیۆنێک و نیو دۆلاری بە قوتابخانەیەکی سەرەتایی لە گوندێکی لاچەپی زیمبابوی بەخشیوە کە لە ئەنجامی نەبوونی پارە رووبەرووی داخستن هاتبووەوە. دەزگای ئۆپرا بواری خوێندنی بەخشیوە بە خوێندکارە بەهرەمەندەکان و هەژارەکانی دەیان وڵات، بە یارمەتیدان

خـوێندنی بۆ ئاسـان كـردوونەتەوە. سـاڵانەش هەزاران قـوتابی بە پشـتـیـوانی ئەو لە زانكۆ ئەهلییـەكانی شاری ئەتلانتا خوێندن بەردەوام دەكەن، كـە سـەرەتا ئەو بەرنامـەیە تەنیا سـەد خـوێندكاری دەگرتەوە. هـەروەها ئوپرا لە كـۆمـەكی ئەو كـۆمـەڵانەی بۆ دەربازكـردنی منداڵان لە دەست زەبر و ئـەشكەنجـەی ناو خـێـزانەكـان پێـشـەنگ بووە، زۆریش كـۆمـەكی ئەوانەی داوە كـە منداڵانی ناشـەرعی پـەروەردە دەكەن، ئەوانەی دایكیان بـەهەر هۆیەك بێت منداڵەكانیـان لە كـۆڵ خۆیان دەكەنـەوە. ئەو زۆریش كۆشش دەكات ژیانی مـرۆڤ لە هەمـوو جیـهان ئارام و سـەرفیـراز بكات، بەتایبـەتی منداڵانی نەتەوە كـەمـینەكـان و ژنەكـانیـان. ئەو دەسـتی نەگـێـڕاوەتەوە لە یارمـەتیدانی ئەو نـاوچانەی دەكەونە بەر تەوژمی برسـیـیـەتی و هـەژاری و توندكاری و كارنسـەر و دەسـتدرێژی و گۆڕانەكانی سروشت و بەدڕەفتاری. واتە ئەو ژنە میـهرەبانە لە ژیانیدا كـەسێكی بەخشندەیە، بۆیە وەسیـەتی كردووە پاش مردنی سامـانەكەی ئەو، بەرنامـەیە خێرخـوازییـەكانی تەواو بكات.

## ئالتۆن جۆن... ئایدز شەڕێكی ڕەهایە

گـۆرانیبـێـژی بـەریتـانیـایی ئالتـۆن جـۆن، ئەوەی لەو سـاڵانـەدا زۆر لە هـاوڕێ و ناسـیـارەكـانی بە نەخـۆشـیـی ئایدز مـردن، بۆیە ئەو لە سـاڵی ١٩٩٢ سندووقـێك بـەناوی خـۆی بۆ سـووككردنی پاشماوەكانی ئەو شەڕە ڕەهایە كوشندەیەی كردووەتەوە، ئەو بەو پێناسەیە ناوی ئەو نەخۆشییەی هێنابوو. شـاژنی بریتـانی ناوی لە جـۆن ناوە سـیـر، ئەو سـاڵانـە مـاڵەكـەی خـۆی دەكـاتەوە بۆ كەسایەتییە ناودارەكان تا كـۆمـەك پێشكێشی ئەو سندووقە بكەن كە خۆی ناوی ناوە ملپێچە سپییـەكە. پێش دابەشكردنی خـەڵاتەكانی ئۆسكار و گرامـی سـاڵانە ئاهەنگێك سـاز دەكرێت تا قازانجەكەی پشتیوانیی ئەو سندووقە بكات، كە كۆی پارەكەی گەیشتووتە ٢٢٠ ملیۆن دۆلار لە زۆرتر لە ٥٥ دەوڵەت. لەسـەر مـاڵپـەڕەكـەی خۆیدا جۆن نووسـیویەتی: من بەو نەخـۆشـیـە نەفرەت لێكراوەدا زۆر لە هـاوڕێ و ناسیارەكانم لەدەست داوە، بۆیە من لە ناوەندی هەشتاكانەوە بیرم لەوە كردووەتەوە، كۆمـەك كۆ بكەمـەوە بۆ پشتـیـوانیكردنی بەرنامـەی توێژینەوە تەندروسـتـیـیـەكان لە بوارەكانی ئایدز و قەڵاچۆكردنی ئەو نەخۆشییە، كە خـەڵكێكی زۆری بەسـتـەزمـان لەناو دەبات، بۆ كـەمكردنەوەی بڵاوبوونەوەی ئـەو نەخـۆشـیـیـە پێویسـتـە زۆرتر خـەڵكەكە هۆشـیـار بكـەینەوە و لە بوارەكانی خۆپاراستنیان رابهێنین و لە مەترسییەكانی دووریان بكەینەوە.

ئالتـۆن جـۆن ئەگـەرچـی پارەی زۆر بۆ چارەسـەرییـەكانی ئەو نەخـۆشـیـیـەی كۆ كردیتـەوە، ئەو خۆشی لە پارەی خۆشی كۆمـەكی زۆری كردووە، تەنیا لە سـاڵی ٢٠٠٤ بۆ ئەو مـەبەسـتـە ٤٣ ملیۆن دۆلاری بەخـشـیـوە، بۆیەش ئەو لە پارەبەخـشـیندا لەناو هونەرمـەندانی بواری گۆرانی و مـوزیكدا پێشـەنگە و هـەتا ئیـمرۆش كەسایەتیی ژمارە یەكەمە لە جیهاندا. لە سەرەتای ئیمساڵەوە ئەو ١٢٠ مـاتۆڕسـیكلی بە دوكـتـۆر و برینپـێـچـەكـانی مـەملەكـەتی لیـسـوتوی ئـەفـریقی بەخـشـیـوە، تا

کارئاسانییان بۆ بکات زوو بگەنە سەر نەخۆشەکانی ناوچە دوورەکان، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی ڕێگەی قیرتاویسازییان تێدا نییە. لەو ئاهەنگەی کە لە ساڵی ٢٠٠٧ بۆ یادی مردنی شازادە دیانا کرابوو، ئەو لەوێ چل ملیۆن دۆلاری بەو بزاڤە بەخشیبوو، کە کار دەکەن بۆ کەمکردنەوەی قوربانییەکانی ئایدز. لە ئاهەنگی زەماوەندی میدیاکاری سیاسیی راستڕۆی پارێزگار راش لیمبو بۆ یارمەتیدانی خەڵکی بێ نەوا و هەژارەکان پێنج ملیۆن دۆلاری بەخشیبوو. جۆن هاوشانی یارمەتیدانی بوارەکانی ئایدز، ئەو دەستی لە بوارەکانی تری وەک نەخۆشەکانی کانسەر و ئاوارەکان و ئاشتی و توندکارییەکانی ناوخێزان و ئالوودەبوون و بێکاری و کارەساتە سروشتییەکان و بوارەکانی پاراستنی ژینگە و مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ئاژەڵیش دریغیی نەکردووە.

## دەزگای گیتس، شۆڕشێک لە بوارەکانی خێرخوازیدا

بەپێی ژمارەکانی ساڵی ٢٠١١ دەزگەی بیل ومیلیندا گیتس گەورەترین دەزگای خێرخوازیی جیهانە و سەرمایەکەی دەگاتە نزیکەی ٣٦ ملیار دۆلار، ئەوانیش روو لە بواری چاککردنی تەندروستی و قەڵاچۆکردنی هەژارییەکان دەکەن لەسەر ئاستی جیهان، لەناو ئەمەریکاش کۆشش دەکەن ئاسۆکانی فێرکردن و بوارە جیاوازییەکانی تەکنەلۆجیای کەرەستەکان گەشەدار بکەن. لەو ساڵانەی دواییدا چالاکییەکانیان گەشەی کردووە و کۆمەکی زۆریان بەر زیان لێکەوتووی کارەساتە سروشتییەکان و باهۆز و لافاوەکان و زۆری تریش کردووە. ئەو دەزگایە لە ساڵی ١٩٩٤ەوە سیاتلی ویلایەتی واشنتۆنی کردووەتە بارەگا سەرەکییەی و لە چەندین شاری ئەمریکی لقیان هەیە، کەوا گیتس لەناو هەر پەنجا ویلایەتی ئەمەریکایی و لەناو سەد دەوڵەتیش لقی هەیە.

بیل گیتس یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کۆمپانیای مایکرۆسۆفتی بەرنامەسازییەکان لەگەڵ میلیندای هاوسەرەکەی بەیەکەوە کۆمەکی خێرخوازییان بە ٩٤ ملیۆن دۆلار بەخشیوە، لە ساڵی ١٩٩٩ بەیەکەوە دەزگا خێرخوازییەکەیان بە ناوی ولیام گیتس دامەزراند، لە ساڵی ٢٠٠٠ هەردووکیان ١٢٦ ملیۆن دۆلاریان بۆ پرۆژە خێرخوازییەکان تەرخان کردووە، لەو سێ ساڵەی دوایی دوو ملیاریان بەخشیوەتەوە، بۆیەش هەموو لایەک وا دەزانن کەوا ئەوانە لەو بوارەدا شۆڕشێکیان بەرپا کردووە و بواریان ساز کردووە خەڵکەکە چاویان لێ بکەن.

لە مانگی یونیۆی ساڵی ٢٠٠٦ ملیاردێر وارین بوفیت وای دەزانی کەوا ئەو کەسی پلە یەکەمە لە کەسایەتیی دەوڵەمەندی جیهان کە سامانەکەی دەگاتە نزیکە ٦٢ ملیار دۆلار، بۆیەش ئەو بڕیار دەدات سی ملیار دۆلار بە قیستی ساڵانە و بۆ ماوەی دە ساڵ بکاتە بەرنامەی خێرخوازی. بەڵام کۆواری تایم لە ساڵی ٢٠٠٥ ناوی گیتس و هاوسەرەکەی و موزیکساز بونویان بە کەسایەتیی پایەدار لە بوارەکانی خێرخوازی لەسەر ئاستی جیهان داناوە.

## ملیۆنان  دۆلار بۆ چارەسەرکردنی ئیفلیجی منداڵان

بەپێی یاسا ئەمەریکاییەکانی تایبەت بە کار و کارگێڕیی دەزگا و رێکخراو و کۆمەڵە خێرخوازییەکان، دەبێ ئەوانەی ئەو دەزگایانەیان هەیە، سەرووی ٥٪ رێژەی سامانەکانیان لە بوارەکانی خێرخوازیدا سەرف بکەن، کەواتە دەبێ دەزگای گیتس ساڵانەی یەک ملیار و نیو دۆلار وەک کەمترین رێژە سەرف بکات. لە ساڵی ٢٠٠٨ دەزگاکە ٨٠٠ ملیۆن دۆلاری بەخشیوەتە رێکخراوی تەندروستیی جیهانیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، کە تێدا ١٩٣ ئەندامی لە جیهاندا هەیە، ساڵانەش بەڵێنی ئەو پارەیەی داوە، ئەو پارەیەش تەرخان کرابوو بۆ ئەو منداڵانەی ئیفلیجن، یان ئەو نەخۆشییانە بنبڕ بکەن کە لە ئەفریقیا ژیانی ملیۆنان کەس لەناو دەبات. بەپێی بەڵگەنامەکانی ئەو رێکخراوە جیهانییەدا دەزگای گیتس ١٧٪ مەسرەفەکانی چارەسەرییەکانی ئیفلیجی منداڵان دابین دەکات، ساڵی ٢٠٠٥ ئەو دەزگایە ٧٥٠ ملیۆن دۆلاری بەو رێکخراوە داوە بۆ پێشکەوتنی بوارەکانی چارەسەری بەتایبەتی کوتان لە وڵاتە هەژارەکاندا.

هەروەها دەزگاکە ٢٧ ملیۆن دۆلاری بە بوارەکانی توێژینەوە تەندروستییەکانی سەر بە زانکۆی واشنتۆن داوە بۆ دروستکردنی دەرمانێک بۆ دژایەتیی هەوکردنی مێشک کە مێشوولە پەیدای دەکات.

ساڵانەش ملیۆنان دۆلار لەلایەن دەزگای گیتسەوە بۆ بوارەکانی هوشیارکردنەوەی تەندروستی تەرخان دەکەن. لە ساڵی ٢٠٠٩ دەزگای گیتس ٢٨٧ ملیۆن دۆلاری بە ١٦ ئامۆژگەی توێژینەوەی تەندروستیی دەرمانسازیی ئایدز داوە، بە مەرجێک ئەوانە بەیەکەوە زانیارییەکان و بەرەنجامەکانیان بەیەک نیشان بدەن و هاوکاریی یەکتری بکەن، هەروەها ٢٨٠ ملیۆن بە توێژینەوەکانی بوارەکانی چارەسەرییەکانی نەخۆشییەکانی سیل لە وڵاتە هەژارەکان داوە. هەروەها ٥ ملیۆن دۆلاریان بە ئامۆژگەی چارەسەری نەخۆشییەکانی ناوچەکانی ئیستیوائی و لەرزوتا داوە کە ملیۆنان هاووڵاتی لە ئەفریقیا بەتایبەتی لە ئەسپوبیا دووچاری دەبنەوە، دوکتۆرەکان دەڵێن مەترسییەکانی ئەو نەخۆشییانەش لە کیشوەر رەشەکان لە نەخۆشیی ئایدز کەمتر نییە.

## لە بوارەکانی فێرکردندا

بە میزانییەکی سەد ملیۆن دۆلاری دەزگای گیتس یارمەتیی بوارەکانی فێرکردنی داوە و لە هەموو جیهان شوێن دەستی دیار بووە، قەرزیشی داوە بە چەندین بەرنامەی چاندن و بازرگانی و پیشەسازیی گچکە، هەمووش بۆ قەڵاچۆکردنی برسییەتی بووە. لە ساڵی ٢٠٠٩ دەزگاکە ١٩,٩ ملیۆن دۆلار بەخشیوە بە ئامۆژگەی دەولی بۆ توێژینەوەکانی داری ئەرز و گەشەپێدانی ئەو سامانە، چونکە ئەو دارە سەرچاوەی ژیانی خەڵکێکی زۆری هەژارە لە وڵاتە هەژار و تازە

پێگەیشتووەکاندا، بەوەش بەرنامەکە بۆ ئەوە بوو، بە دوو ساڵان چاندنی ئەرز بە ڕێژەی ٧٠٪ زۆرتر بکات و بەشی پێویستییەکان بکات. لە ئەفریقیا کۆششی دەزگای گیتس و دەزگای روکفلر لە بوارەکانی خێرخوازیدا دیارە تا ئاستی بەرهەمەکانی ئەرز زۆرتر بکەن و بژێویی جووتیارەکان باشتر بکەن.

## دەزگاکە بە ژمارەکان

ئەوەی خوارەوە ژمارە رەسمییەکانی ئەو دەزگایە زەبەلاحەیە، ژمارەی فەرمانبەرەکان ٨٥٧ کەسە، سامانەکەی ٣٦،٣ ملیار دۆلارە، کۆی پارەی لە ساڵی ٢٠١٠ بەخشیوەیەتی دوو ملیار و ٦٠٠ ملیۆن دۆلارە. نیوەی ئەو پارەیە بە خۆراک دراوە بۆ ٣٠ هەزار خەڵکی هەژار.

لە ساڵی ٢٠٠٦ رۆژێکیان کیژێکی تەمەن دوازدە ساڵی لەگەڵ باوکی لەناو ئۆتۆمۆبێلێکی گرانبەهای نوێ دەبێت، باوکی لە هەژارێکی بێ سەرپەرشتیار دادەبەزێت و هەندێک پارەی دەداتێ، کیژەکەش بیر دەکاتەوە و بە باوکی دەڵێت: ئەگەر تۆ ئەو ئۆتۆمۆبێلەت نەبوایە، ئەو پیاوەش هەژار نەدەبوو، پێویستیشی بەوە نەدەبوو یەکێک تێری بکات. کە پیاوەکە دەگەڕێتەوە ماڵەوە رووداوەکەی بۆ جوانی هاوسەرەی دەگێڕێتەوە و کە کیژەکەی چی پێ وتووە، بۆیە لەسەر ئەو قسەیە هەردووکیان دانوستاندن دەکەن، بەرەنجام بڕیار بدەن ئۆتۆمۆبێلەکەیان بفرۆشن تا پارەکەی بە خواردن بدەن بۆ خەڵکە هەژارەکان، بەڵام مەسەلەکە دەگاتە سەر فرۆشتنی خانووەکەیان بۆ دابینکردنی خواردن بۆ هەژارەکان. بۆیە ئەگەر ژن و مێردێک تەنیا یەک منداڵیان هەبوایە و خانووەکەیان ڕووبەرەکەی ٦٥٠٠ پێ ٢ کە نرخەکەی دەگاتە ملیۆنێک و ٧٠٠ هەزار دۆلار، بیر لەوە دەکەنەوە خانووەکە بفرۆشن و نیوەی پارەکەی بدەنە خەڵکە هەژارەکە، کە بەشی خواردنی دەیان هەزار کەسی برسیی دەکرد، بۆیە ئۆتۆمۆبێلەکە نافرۆشن و خانووەکە دەفرۆشن. لە ساڵی ٢٠١٠ خانووە گەورەکەیان دەفرۆشن و دەچنە ناو خانووێکی گچکە و پارەکەی تریش دەدەنە ئەو رێکخراوانەی لە ئەفریقیا کار دەکەن و پارەکەیان بەشی تێرکردنی نزیکەی ٣٠ هەزار هەژار لە گانا دەکات و دەکرێ بەو پارەیە گوزەرانیان باشتر دەکەن. کیژەکەش کە باوک و دایکی خانووەکەیان دەفرۆشن، ئەویش وەک تاقانەیەکی ماڵەوە جل و کەرەستە و گەمەی زۆری هەبووە، بۆیە بەشی زۆری کەلوپەلەکانی بۆ هەژارەکان رەوانە دەکات. ژنەکە وتبووی خانووەکەمان کە خەونی گەورەی من بووە، بەڵام گەیشتمە قەناعەت کەوا خانووەکە بفرۆشم و بەشێکی ئەو پارە بکەمە خێر و خواردەمەنی بۆ هەژارەکانی ئەفریقیا.

***

پاڵەوانی بۆکسێنی جیهانی محەمەد عەلی کلای وتوویەتی، ئەوەی ئێمە وەک کۆمەک و یارمەتی دەبەخشینە بەشێکی ئەو خەڵکە، ئەو کرێی ژیانە کە لەسەرمانە و دەیدەنەوە، هەندێکیش ئەو یارمەتییانەی کە ئەو خەڵکە پێشکێشی خەڵکانی تری دەکات ئەوەیان رەنگدانەوەی پرۆسەی

مرۆڤایەتیمانە، هەروەها دەڵێن ئەوە دان پێدانانە بە چاکەی کەسانی ترە کە ئێمەیان گەیاندووەتە ئەو ئاستەی کە ئێمڕۆ ئێمە لە ژیاندا و بەو شێوەیەدا بوونمان هەیە.

گـۆرانیـبـێـژی ناوداری ئـەمـەریکایی مـاری بلـیـژ یەکـێکە لەوانەی پـێشـەنگە لـە بوارەکـانی خێرخوازیدا، هەروەها لە بوارەکانی بەرگری لە مافەکانی ژنان، لەو ساڵانەی دوایی دەزگایەکی دانابوو، بۆ کۆششی گەیشتنی ژنان بە مافەکانیان و باشکردنی گوزەرانیان، لە نیویۆرک بنکەیەک دەکاتەوە بۆ یارمەتیدانی ژنان. لە نامیلکەی پێناسەی بنکەکەشدا نووسراوە، کەوا ئەو بنکەیە کار دەکات بواری باشتر بۆ ژنان ساز بکات و بڕوا بە خۆیان بکەن تا چالاک بن بۆ دەستەبەرکردنی هیواکانیان. ئەو پارەیەکی زۆری وەک بیمەی خوێندن داوە بە قوتابخانەیەکی ناوچەی برونکس لە نیـــویۆرک، لە ســـەردانێکدا بۆ قـــوتابخـــانەی رۆزفلت لـە شـــارەکـــەدا لە کـــۆبوونـەوەیەکی ناو خوێندکارەکاندا وتوویەتی:

من رۆژانە تـەمـەن بەرێ دەکـەم، بەبێ ئەوەی بتـوانم شـتـێک بـۆ بەیانی دابین بکەم، دیارە کـەوا ســەرچاوەکـان کـەمن و ئاسـتی فـێـرکـردنەکـەش سـادەیە، ئەوەش بوار نادەن بڕیارە راست و دروسـتـەکـان دەربچن، بۆیە من داواتان لێ دەکـەم بایەخ بە زانست بدەن، زانست هێـزە و ئەوەش تاکە چەکە کە دەتوانین شەڕی ژیانی پێ ببەینەوە، شەڕی ژیانێکی ئارام و ئازاد و بەخشندە.

بلیـژ ئێسـتـا یارمـەتیی ژنانی نـاوچەی بورکر دەدات، لەوێ لـە بوارەکانی منداڵ و فێـرکردن و رێکخستنی خێزان و بێکاری و مـەشـقی پیشـەییدا کار دەکات. لەگەڵ دیزاینەری فـایشن کاترین رێک کەوتووە درێسێک بنەخشێنن دەسـتەواژەی ئازادی و سەربەسـتیی ژنانی لەسـەر بـنووسرێت و پارەکـەی بۆ ئەو بەرنامـەیە سـاز بکرێت، ئەو دروشـمی ئەوەی بـەرز کـردیتـەوە، کـەوا مـێـیـینـە سەرچاوەی هێزە نەک لاوازی، وەک هەندێ لایەن و کەس مەزەندە دەکەن.

جۆرج کلوونی یەکێکە لە هونەرمەندانی ناوداری هۆلیوود و کار لـە بوارەکانی خێرخوازییەکاندا دەکـات، ئەو لە سێ بـوارەدا کـار دەکـات: کـۆمـەکـدانی زیـان لێکەوتـوانی باهـۆزەکـەی ویلایـەتی لویزیانا بەتـایبـەتی شـاری نیو ئـورلیـامز، نـەهێشتنی پێشێلکردنی مـافـەکانی مـرۆڤ لە هەرێمی دارفور و یارمەتیدانی قوربانییەکانی برسییەتی لە جیهان.

سەبارەت بە بواری یەکەم، جۆرج کلوونی هەموو دیاری و خەڵاتەکانی لە ژیانی هونەریدا دەستی کەوتـوون دەکاتە دیاری بۆ بەرژەوەندیی قـوربانییـەکانی بـاهۆزەکە، هەروەها بەشێک لە داهاتی ئەو گـازینۆیەی لە لاس فـیگـاس هـەیەتی بۆ ئـەو مـەبەسـتـە تـەرخـان دەکـات. ئەو وتـبـووی مـن هـەمـوو دیارییەکان و پارەکانم کە دەدەمە ئەو پرۆژە خێرخوازییانە مەبەستم ئەوەیە بۆچی خەڵک هەبێت لە خۆشیدا بژین و منداڵانی زۆریش لەو جیـهـانەدا هەیە لە برسـاندا دەمـردن. من چیی تر پێـویسـتم بەو دیارییـە گـرانبـەهایانە نییـە، کـە دەدرێتـە هـونەرمـەندە ناسـراوەکان، کـە خـۆیان پارەدارن و پێویسـتیان پێیـان نییـە، وا باشـترە کۆمـەکی ئەو کـەسـانە بکرێن کە پێویسـتیـان پێیـان هـەیە، لە

جیاتیی ئەوەی ئەو دیارییانە تۆزیان لەسەر بکەوێت و ژەنگ بگرن و لە بیر بکرێن من دەیانکەمە خێر و دیاری. جۆرج لەگەڵ برادبیت و مات دامون و دون شیدل بەیەکەوە کۆمەڵەیەکیان بۆ قوربانییەکانی زۆرداری و چەوسانەوەکانی دارفور دامەزراندووە، ئەوانە کۆشش دەکەن پاڵەپەستۆ لەسەر ئەندامانی کۆنگرێس بکەن ئەو دۆزە لە بوارە سیاسییەکاندا گەرم و بەجۆش بکەن تا زۆردارییەکانی ئەو دەڤەرە نەمێنێت. بۆیەش ئەو زیاتر لە جارێک سەردانی ناوچەکەی کردووە، چەندین ملیۆن دۆلاری بە رێگەی سندووقی خواردەمەنیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان داوە بە قوربانییەکانی دارفور. لە ئاهەنگێکی گەورەی سینەمایی کلوونی سەندووقێک بۆ کۆمەک کۆکردنەوە دادەنێت کە تێدا پارەیەکی زۆر بۆ قوربانییەکانی برسییەتی و زۆردارییە کۆمەڵایەتییەکان کۆ دەکاتەوە. بە یادی مارتن لۆسەر کۆمەڵەی جێبەجێکردنی خەونەکان دامەزراوە، کلوونی یارمەتیی زۆر پێشکێشی ئەو کۆمەڵەیە دەکات.

ب. ن. ئافلیک هەڵمەتێکی جیهانی بەناوی پێشهاتێک بۆ رۆهەڵاتی ئەفریقیا ساز دەکات، مەبەست لەوەش کۆکردنەوەی کۆمەک بوو بۆ قوربانییەکانی ئەو ژنانەی دەستدرێژییان دەکرێتەسەر لە کۆماری ئەفریقیای دیموکراسیدا، وەک دەڵێن ژمارەیان بە سەدان هەزار ژن دەبێت، ئەو وتبووی هەرچەند سەردانەکان بۆ کۆنگۆ زۆرتر دەکەین زۆرتر لەو تاوان و کارەساتانە نزیک دەکەوتوینەوە و زۆرتر هەستمان بە ژانەکانی کردووە و ژمارەی قوربانییەکان سەرسامت دەکات.

هایدین بینیتییر ئەکتەر و گۆرانیبێژ کار دەکات لە بواری بەرگریکردن لە مافەکانی ئاژەڵان بەتایبەتی مار، ئەو کۆشش دەکات راوەمار کەم بکرێتەوە، ئەو دەڵێت لە دەریای ژاپۆن رووبەرووی راوچییەکان دەبینەوە، چونکە دیارە کەوا ئەو مارماسییانە دووچاری کۆمەڵکوژییەکی بەردەوام بوونەوتەوە، وەک چۆن خۆمان مافی ژیانمان هەیە، ئەوانیش دەبێ لە قڕکردن پارێزگارییان لێ بکرێت.

سیندی لوبیری گۆرانیبێژ کار دەکات خواردن بۆ نەخۆشەکانی ئایدز ساز بکات، لە رۆژی جیهانی ئایدز لە ئاهەنگێکی نوایەکی گەورەی نیویۆرکدا خواردنەکانی بۆ ساز کردبوون.

جنیفر لوبیز گۆرانیبێژ و ئەکتەر و سەماکەر و بەرهەمهێنەری موزیک و کەسایەتیی ناسراوی تەلەفزیۆنی، ئەویش لە بوارە خێرخوازییەکاندا ناسراوە، ئەو دەزانێت کەوا لە ساڵی ١٩٩٧ دەیان ژن لەلایەن چەتەکانی قاچاخی موخەدەرات دەکوژرێن، بۆیەش پێوەندیی بە رێکخراوی لێبووردەییی دەولییەوە دەکات تا زۆرتر زانیاریی لەسەر ئەو تاوانانە دەست بکەوێت، ئەوانیش پێی دەڵێن کەوا ژمارەی ئەو ژنانەی بە دەستی ئەوانە کوژراون دەگاتە ٣٥٠ ژن، بۆیەش کۆشش دەکات وردەکارییەکانی ئەو تاوانانە بزانێت کە لە ساڵی ١٩٩٣ روویان داوە. ئەو هونەرمەندە ئەمەریکاییە بەرەچەڵەک لاتینییە بەهەردوو زمانی ئینگلیزی و ئیسپانیایی بۆ ناساندنی ئەو تاوانە ماڵپەرێک ساز دەکات، بە نیازی کۆمەک کۆکردنەوە بۆ قوربانییەکان و کەمکردنەوەی ئەو

دیاردەیە و هوشیارکردنەوەی خەڵکەکە کار دەکات. جینفر ساڵانە لە نەخۆشخانەکانی منداڵان لە لۆس ئەنجلس کار دەکات، دەیان هەزار دۆلاریشی بۆ ئەو منداڵانە تەرخان کردووە. بۆیەش ئەو لە ساڵی ٤٠٠٢ خەڵاتی منداڵانی جیهانی وەردەگرێت، کە باهۆزەکەش لە بەشێکی زۆری ویلایەتی لویزیانا لە ساڵی ٢٠٠٧ دەدات خۆی و مێردی جارانی مارک ئەنتۆن پارەیەکی زۆر دەدەنە سندووقی خەیری قوربانییەکانی ئەو باهۆزە بەتایبەتی بە منالانەکان. جینفر خەڵاتێک بە ناوی منداڵەکانمان خۆشدەوێت، کە ساڵانە کۆمەڵەیەکی دایکان سازی دەکەن، لە ساڵی ٠١٠٢ وەک پەیڤداری یانەکانی کوڕان و کیژان دەناسرێت کە لە چەندین شار و شارۆکەکانی ئەمەریکایی بڵاو بوویتەوە، ئەوەش یەکەم ژنە کە ئەو پۆستە وەردەگرێت. هەروەها ئەو ژنە لە چەندین بواری خێرخوازیدا کار دەکات، لەوانە دەستی هاوکاریی هەیە بۆ قوربانییەکانی نەخۆشەکانی نخاعی ئێسک. ئەو وێنەکانی خۆی بە ئۆتوگرافەوە بۆ هەڵمەتە خێرخوازییەکانی لە مەزادی ئاشکردا دەفرۆشێت. هەروەها جنیفر سەد هەزار دۆلاری دابووە موزیکسازە گەنجەکان، هەروەها کۆمەکی چارەسەری ئەو موزیکسازانە دەکات کە لەبەر نەخۆشییەکانی ئالوودە بوون بە موخەدەرات دەناڵێنن.

***

بیونسیە گۆرانیبێژ و ئەکتەر و دیزاینەر فایشن و هەڵگری چەندین نازناوی ترە، ئەو خاوەن شازدە خەڵاتە لەوانە خەڵاتی گرامی و دەیان خەڵاتی هونەریی ناسراوی تر، ٧٥ ملیۆن دانە لە سیدییەکانی فرۆشراوە، بەڵام کارەکانی لە بوارە خێرخوازییەکانی لەو بەرهەمە هونەرییانە کەمتر نییە، ئەو لە چەندین بواردا کارە خێرخوازییەکان دەکات. ئەو لە تەمەنی دە ساڵییەوە لە بواری هونەری کاری کردووە، هەر لەو تەمەنەوە خەمی کێشە و ژانەکانی خەڵکە هەژارەکەی خواردووە، ئەو لەگەڵ باوکی سەردانی ناوچە هەژارنشینەکان و نواکان و شوێنی حەوانەی ئاوارە و بێ سەرپەرشتانی کردووە. لە مانگی ئۆگستی ساڵی ٢٠٠٥دا کە باهۆزێک لە ویلایەتەکانی باشووری ئەمەریکایی داوە کۆمەڵە خێرخوازییەکەی ئەو هەڵمەتێکی بەرفراوانی کۆمەک کۆکردنەوەی بۆ قوربانییەکان کردووە کە بەشی دەیان هەزار کەسی ئاوارەی پاش لافاوەکە کردووە. کۆمەڵەکەی ئەو لە ناوەندی شاری هیوستن بنکەیەکی بۆ لاوان داناوە کە دەیان هەزار ئاوارەکانی باهۆزەکەی تێدا بووە تا یارمەتییان بدات. لە ساڵی ٢٠٠٨ کۆمەڵەکەی سەد هەزار دۆلار دەداتە لێقەوماوانی باهۆزەکەی ئایک لە ویلایەتەکانی باشووری ئەمەریکا.

## بایەخدان بە منداڵان

بیونسیە لەگەڵ دوو لە هاوڕێیە هونەرمەندەکانی هاوکار دەبن بۆ سازکردنی گۆرانی (ستاند ئوپ فۆر لۆڤ) کە دەبێتە دروشمی ڕۆژی جیهانی منداڵان، کە ساڵانە لە ٢٠ی نۆڤمبەر بۆ هۆشیارکردنەوە و بایەخدان بە کێشەکانی منداڵان و کۆکردنەوەی یارمەتی ساز دەکرێت. هەر لە

بوارەکانی منداڵان بیونسیە لە گەشتێکی هونەری بۆ کۆمەک کۆکردنەوەی بۆ منداڵان لە چەندین ویلایەتی ئەمەریکایی زۆرتر لە ملیۆنێک قوودی خواردەمەنی کۆدەکاتەوە کە پێشکێشی مەڵبەندەکانی چاودێریی منداڵانی کردبوو. لە رۆژی ٤ی ئۆکتۆبەر لە ساڵی ٢٠٠٨ ئاهەنگێک لە میامی ویلایەتی فلۆریدا دەکات و داهاتەکەی دەداتە نەخۆشخانەکەی شارەکە.

بیونسیە کۆمەڵەیەکی خەیری دادەمەزرێنێت کە ئیش بۆ دروستکردنی مەڵبەند و کلینیک بکات، کە تێدا ئەوانەی ئالوودەی موخەدەراتن لەویّ کۆ بکرێنەوە و چارەسەری بکرێن، بۆیەش دەچێتە ناوچەی بروکلینی نیویۆرک کە تێدا کلیپێک بکات کە رۆڵی ژنە گۆرانیبێژ ئیتا جیمس بگێرێت کە خۆی ئالوودەی هیروین بووە، داهاتی ئەوەش دەداتە مەڵبەندی بووژانەوەکە لە بروکلین. لەوێش گۆرانییەک تۆمار دەکات بەناوی (ستاند ئوپ) و داهاتەکەشی دەداتە کۆمەڵەیەکی نەخۆشەکانی کانسەر و چەند گۆرانیبێژی ناسراوی ئەمەریکا بەشداری دەکەن، لەوانە ماریا کاری، لیونا لویس، ریهانا، لین ریمس و ماری لیژ.

## قەڵاچۆکردنی برسییەتی و هەژاری

بیونسیە زۆرجار ئاهەنگی ساز کردووە و داهاتی ئاهەنگەکانی بۆ بەرژەوەندیی کۆمەڵە خەیرییەکان داناوە کە زۆرتر لە سێ ملیۆن و ٥٠٠ ژەمی خواردنی بەخۆرایی بە خەڵکی هەژار بەخشیوەتەوە. پاش بوومەلەرزەکەی هایتی ئەو چوار ئاهەنگی لە ئەمەریکا و بەریتانیا بە بەشداریی مێردەکەی گۆرانیبێژ جی زی و ریهانا و یوتو و بونو و ئایدژ کردووە و داهاتەکەی کردووە بە کۆمەکی زیان لێکەوتووەکانی هایتی.

## دوو ملیۆنەکەی قەزافی دەکاتە خێر

بیونسیە هەموو جیهان سەرسام دەکات، کە ئەوە ئاشکرا دەکات لە بەرامبەر ئەوەی ئەو، لە کۆشکێکی یەکێک لە کورەکانی ئەو لە کاریبی، کە لە ئاهەنگی سەری ساڵ بەشداریی کردووە عەقید موعەمەر ئەلقەزافی دوو ملیۆن دۆلاری بەو بەخشیوە، ئەویش پارەکە دەداتە زیان لێکەوتووەکانی بوومەلەرزەکەی هایتی. ئەو بەشداریی کردووە لە فرۆشتنی ئەو درێسەی بۆ کۆمەک کۆکردنەوەی هایتی دەرچووبوو، کە لەسەر سینگی درێسەکە نووسرابوو بۆ هایتی لەگەڵ خۆشەویستیم، ئەو درێسە بە ماوەی دوو هەفتە داهاتی دوو ملیۆن دۆلار بووە. ئەو لە مانگی ئەپریلی رابردوو بەشداریی ئەو هەڵمەتە دەکات کە خاتوونی یەکەمی ئەمەریکا میشیل ئۆباما بۆ دژایەتیکردنی قەڵەویی منداڵان سەرپەرشتی دەکات. پاش کوشتنی ئوسامە بن لادن گۆرانییەک لە یادی کارەساتەکەی ١١ی سپتەمبەر دەڵێت و داهاتەکەی دەکاتە کۆمەک بۆ بەرژەوەندیی قوربانییەکانی ئەو کارەساتە. بیونسیەی نازداری ستران نوێی لە چەندین بواردا هاوکاریی بەردەوامی هەیە، وەک هونەرە جوانەکان، مافەکانی مرۆڤ، ژن، خێزان، مافەکانی ئاژەڵ، بێکاری

و توندوتیژیی ناو خێزان.

## سکارلیت جۆنسۆن پێڵاو دەداتە هەژارەکان

ئەگەرچی ئەو وەک باشترین یاریدەری ئەکتەر و نواندن پاڵێوراوی خەڵاتی ئۆسکاری ساڵی ٢٠٠٨ بوو، سکارلیت لەودەمانە گەشتی کاری مرۆیانەی لە وڵاتانی ڕۆهەڵاتی ئاسیایی دەکرد، ئەوەی پێ باشتر بوو نەک خۆی بۆ ئاهەنگەکانی خەڵاتەکەی هۆلیوود ئامادە بکات. ئەو ژنە گورانیبێژە و ئەکتەرە ئەمەریکاییە ماوەیەکی درێژە سەرقاڵی کارە خێرخوازییەکانە لەسەر ئاستی جیهان و لەگەڵ بەرنامەکانی ڕێکخراوی ئۆکسفام کە چالاکانە لە زۆرتر لە هەشتا دەوڵەتی جیهانی سێیەم کاری مرۆیانە دەکەن. لەودەمانەی ئاهەنگەکەی ئۆسکار لە پایەتەختی سینەما دەکرا، سکارلیت لە هیند و سریلانکا و بەنگلادیش دەگەڕا و لەناو قوتابخانە و کلینکە تەندروستییەکان کاری مرۆیانە خێرخوازییەکانی دەکرد کە ڕێکخراوەکە سازی کردبوو. ئەو لەو گەشتەدا سەر لە مەڵبەندی ڕاگرتنی ژنان دەدات کە لە هەرێمی ئوتار برادیشی هیندی بۆ ئەو ژنانەی ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە کرابووە، ئینجا سەر لە قوربانییەکانی سریلانکا دەدات کەوا بەر تەوژمی سونامی کەوتبوون. لە یەکێک لە گەشتەکانیدا ئەو وتوویەتی:

من زۆر هەست بە شادمانی دەکەم کە دەتوانم بزە بخەمە سەر لێوانی کەسانی داماوی نیگبەت، ئای سەرفیرازم کە لەناو ئەو جۆرە خەڵکەدا دەژیم، لەوێ هەست دەکەم ئەوانە بەبێ هیوا و بەبێ داهاتوو دەژین، بۆیەش من کۆشش دەکەم هەستی هاوکاری بۆ ئەوانە درێژ بکەم و خەڵکێکی زۆریش بۆ ئەو مەبەستە کۆ بکەمەوە و تا ژیانیان بەرەو داهاتوویەکی باشتر بێت. سکارلیت لە مانگی سپتەمبەری ساڵی ٢٠٠٨ دەچێتە ڕواندا، لەوێ سەردانی نەخۆشەکانی ئایدز لە پارزەوینە ڕەشەکە دەکات. چوار ڕۆژ لە کلینکی تایبەت بە چارەسەرییەکانی ئایدز دەمێنێتەوە، ئەو مەبەستی بوو لە نزیکەوە گەورەیی کارەسات و نەهامەتییەکان ببینێت، لەوێ خۆی گوێی لە ژانەکانی نەخۆشەکان گرتووە، هەستی بە مەزنی و کامەرانی کردووە کە دەتوانێت یارمەتیی ئەوانە بدات، هەرچەند شتێکی سادە و ئاساییش پێشکێش بەو خەڵکە بکرێت بۆ گیانی ئەو خەڵکە هەر کەمە. نەخۆشەکانی ئەو دەڤەرە تەنیا یەک کەس لە سێ کەسیان بەخێرایی چارەسەرییان بۆ دەکرێت، ئەوەش مەترسیی کوشندەی هەیە بۆ نەوەکانی داهاتوو. کە ناوچەی ویلایەتی لویزیانا بە باهۆزەکە کاول دەبێت و باهۆزی کاترینا شاری نیو ئۆرلیانز شپرزە دەکات، سکارلیت زوو دەگاتە ناوچەکە و بە دەستی خۆی نان و خواردنیان بۆ ساز دەکات و پێشکێشیان دەکات، چونکە بە کارەساتەکە سێ بەشی شارەکە کاول بووبوو. ئەو دەڵێ ئەوەی لە دەستمان بێت دەبێ هاوکاریی خەڵک بکەین هەرگیز هەست بە ئیفلاس نەکەین، بۆ نموونە ئەگەر هەر یەکێک جووتێک پێڵاویش ببەخشێت هەر باشە، ئینجا جووتە پێڵاوەکە کۆن بێت یان نوێ بێت، بەوەش دەتوانن هەموو پێخواسەکانی سەرشەقامەکان ئەوانەی دەسەڵاتی کڕینیان نییە لە پێخواسی بپارێزین. بۆیە سکارلیت

کۆمەڵەیەک بە ناوی کۆکردنەوەی پێڵاو دادەنێت، خەڵکێکی زۆریش رووی تێ دەکەن، خۆشی یەکەم کەس بووە جووتێک پێڵاوی بەو کۆمەڵەیە بەخشیوە، بۆیەش ئیمساڵ لە ١٢٠ وڵاتدا لەوانە لەناو ئەمریکاش ئەو پێڵاوی بەخشیوەتەوە سەر پێخواسەکان، کە هەرسێ چرکەیەک سێ جووتە پێڵاوی تێدا دابەش کراوە.

## دینزل واشنتۆن

دینزلی هەڵگری خەڵاتی ئۆسکار وەک باشترین ئەکتەر سندووقێکی بەناوی خۆی و ژنەکەی بولیتا بۆ کۆمەک دابەشکردنی بیمەی خوێندن و یارمەتیدانی خوێندکارە یەکەمە هەژارەکان کردووەتەوە، لە ساڵی یەکەمی کردنەوەی ئەو کۆمەڵەیە یەک ملیۆن دۆلاری بەخشیوە بەو هیوایە ئەو ساڵانە بتوانێت ساڵانە ئەو برە پارەیە بدات.

## دیمی موور

کە لە ساڵی ٢٠١٠ و لە مانگی ینایردا بوومەلەرزەیەک لە هایتی دەدات ژنە ئەکتەر دیمی موور لەگەڵ دەستەیەک لە ستارەکانی هۆلیوود دەگاتە پایەتەختەکە بورت ئوبرنس و هەموو ناوچە لێقەوماوەکە، تا بتوانن کۆمەکی خەڵکەکە بکەن، لەوێ لە نەخۆشخانەی سان دامیانی منداڵان لە پایەتەختەکە هاوکارییەکانی پێشکێش کردووە و وێنەی لەوێ گیراوە، زووتر ئەو لەگەڵ مێردە ئەکتەرەکەی کۆمەڵەیەکیان بۆ مەترسییەکانی بازرگانیکردن بە منداڵان لە جیهان دامەزراندبوو.

## مادۆنا

سترانبێژی ناسراو مادۆنا پاش ئەوەی دوو منداڵی بێ دایک و باوکی مالاویی ئەفریقیایی بە ناوی خۆی دەکات لەوێ قوتابخانەیەکی کیژانەش دروست دەکات، لە ئاهەنگی کردنەوەی قوتابخانەکە ئەو وتوویەتی:

> من کۆششی زۆر دەکەم تا هەموو خەونەکانی کیژانی ئەو دەڤەرە بێتە دی و بگەنە دوارۆژێکی گەش، ئێمە کۆشش دەکەین کیژەکان بتوان خۆیان رووبەرووی ئەشکەنجە و نەهامەتییەکان ببەنەوە و رەوشە ئاڵۆزەکان دەرباز بکەن، تا بتوانن لە کۆمەڵگەیەکی گەشەدار بەشدار بن.

## ریتشارد برانسۆن ملیۆنان دۆلار دەبەخشێتەوە

ریتشارد برانسۆنی ملیاردێری بەریتانیایی زۆرتر لە چوارسەد کۆمپانیای گەورەی لەبن چەتری دەستەکانی فیرجندا هەیە، کە لە سەرەتای گەنجییەوە دای مەزراندوون، یەکێک لەو کۆمپانیایانە یەکەم کۆمپانیایە لە جیهان بەرنامەی هەیە گەشتی فەزا بکات، ئەوە و چەندین دوورگەی تایبەتی و

کۆشکی نایابی لە پێنج پارزەوینی جیهاندا هەیە، ئەو پیاوەی کە لە ساڵی ١٩٥٠ لەدایک بووە لە بوارەکانی خێرخوازییەکاندا چالاکە و دەزگایەکی خێرخوازی بە سەرمایەی سەدان ملیۆن دۆلار هەیە.

ئەو پیاوە دەوڵەمەندە لەلایەن شاژن ئیلیزابێت نازناوی سیری پێ داوە، سەرمایەکەی دەگاتە ٤ ملیار و ٠٠٢ ملیۆن دۆلار و ئەویش یەکێک لە پێنج کەسە دەوڵەمەندەکەی ناو بەریتانیا و لە ریزبەندیی دەوڵەمەندەکانی جیهانیش ژمارە ٢٥٤ بەرکەوتووە.

ئەو لەگەڵ ئەو بەرنامەیە خێرخوازییە هاوکار بووە، کە لەگەڵ دەستەیەک لە کەسایەتیی زانا و گەورە کەسایەتییەکانی جیهان دامەزراوە لەوانە سەرکردەی دیاری باشووری ئەفریقیایی نیلسۆن ماندیلا و گۆرانیبێژی ناسراو پیتر گابرییل و چەند سەرکردەی ئێستا و کۆنەکانی جیهان و رووناکبیر و بزنسمانەکان، ئەوانەش کار دەکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆزەکانی برسییەتی و ئایدز و کەشوهەوا و ئەو ناکۆکییانەی لە ئەنجامی ململانێیە سەربازی و سەربازییەکان لە ئاسیا و ئەفریقیا. لە رۆژی ١٨ی مانگی یولیۆی ساڵی ٢٠٠٧ و لە جۆهانسبرگ لە یادی هەشتا و نۆ ساڵەی لەدایکبوونی نیلسۆن ماندێلا ئەو لەگەڵ دیزموند توتوی هەڵگری خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی و کۆفی عەنانی سکرتێری پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرۆکی پێشووتری ئەمەریکایی جیمی کارتر و سەرۆکی پێشووتری چین لی هسیاو بینگ و سەرۆکی پێشووی ئایرلەندا ماری رۆبنسۆن و سەرۆکی پێشووتری فەلەندا مارتی ئاهتساری و دیپلۆماسی جەزائیری ئەلیەخزەری ئەلبراهیمی و برانسۆن و گابرییل و چەندین کەسایەتیی تر ئەو بەرنامەیە ڕادەگەیەنن.

## کۆلێجێک و شارێکی زانکۆیی

لە باشووری ئەفریقیا برانسۆن لە ساڵی ٢٠٠٥ کولێجێکی زانکۆیی بۆ پێگەیاندنی پیاوانی کار دەردەچوێنێت، تا بتوانن ئابووریی وڵاتەکە گەشەدارتر بکەن و خەڵکەکە پرۆژەی گچکە گچکە دابمەزرێنن، هەروەها ئەو لە یارمەتیدانی شارە زانکۆییەکەی جوهانسبرگیش هاوکار بووە، ئەو پشتی بە رۆژنامەی ساندای تایمز بەستووە تا زۆرتر کۆمەک بۆ ئەو دوو پرۆژە فێرکارییە بکەن تا بتوانن کادیری ئابووریی لێهاتوو ساز بکەن. لە رۆژی یەکەمی کۆکردنەوەی یارمەتییەکان ١٥٠ هەزار پاوەند، واتە نزیکەی ٣٠٠ هەزار دۆلاریان کۆ کردیتەوە.

لە کینیا برانسۆن لە مانگی مایۆی ساڵی ٢٠٠٨ بۆ هاووڵاتییانی گوندەکانی هۆزەکانی ماسای مارا قوتابخانەیەکی سێ قۆناخی دروست دەکات ئەوەش بە فیلمێکی بەڵگەنامەیی لە تۆڕەکانی تەلەڤزیۆن نیشان دەدا. لە مانگی سپتەمبەری ساڵی ٢٠٠٧ برانسۆن خەڵاتێکی یەک ملیۆن دۆلار بۆ پرۆژەیەک بۆ چاککردنی رەوشی ژینگە و دەربازکردنی زەوی لە پیسبوون تەرخان دەکات، کە شیمانەی ئەوەی هەیە ئەو پرۆژەیە پەستانی گەرمییەکەی سەر زەوی کەم دەکاتەوە، ئەو پرۆژەیەش بە یارمەتیی چەندین دەزگای ئەوروپایی کردووە.

لە مـانگی مـارسـی سـاڵی ٢٠٠٨ برانسـۆن لە دوورگـەیەکی تایبـەتی خـۆیدا لە نیکر، ئەو چەندین سـەرکردەی جیـهان و بزنسمان و سـتارەکانی جیهان بانگ دەکات، تا دانوسـتاندن لەسـەر دیاردەی پەسـتـانی گـەرمی و شـیـمـانەی کێشـەکانی بکەن، لەوانەی ئامـادە بـوون کـە سـی ڕۆژی خـایاندبوو سـەرۆک وەزیرانی بـەریتانیایی پێشووتر تۆنی بلێر و دانەری ویکیپیدیا جیمی ویلز و لاری بیژ کە یەکێکە لە دامـەزرێنـەری پێگەی دۆزینەوە و گـەڕانی گوگل. هـەر لەو سـاڵەدا برانسـۆن چارەگە ملیۆن دۆلار بۆ کـۆمـەڵەیەکی بەریتـانیـایی دەبەخـشـێت کـە ژەمـی خـواردەمـەنی بۆ هـەژار و برسـیـیـەکـان تەرخان دەکات. لە ڕۆژی ٨ی مایۆی سـاڵی ٩٠٠٢ برانسـۆن دەچێتە پاڵ ژنە ئەکتـەر میا فـاراو مـان لە خواردن دەگرێت لەسـەر بەردەوامیی شـەڕ و توندکارییەکانی دارفۆر، هـەمان سـاڵ بەشداریی ئەو دەسـتـەیە دەکات کە فیلـمێک بەناوی سـەربازەکان لە پێناوی ئاشـتی دەردەهێنن، فیلـمەکە داواکارە ئاشتیی جیهانی بەرقەرار بێت و نەفرەتیش لە شـەڕ دەکەن.

## چەکە ناوەکییەکان

برانسـۆن لە بوارە ترسناک و هەسـتـیـارەکانیشـدا ڕۆڵی هەیە، ئەوەتا ئـەو ئەندامـە لە دەزگـایەکی جیهانی کە کۆشش دەکەن دەستبەرداری هەموو جۆرە چەکە ناوەکییەکان ببن، ئەو دەزگایەی کە لە مـانگی دیسـەمبـەری سـاڵی ٢٠٠٨ لە پاریس دامـەزرا، کـە تێدا نزیکەی سـێسـەد کـەسـایەتی و سـەرکـردەی جیـهـانی ئاسـتی بەرز بەشـدار بوون، کە بە پشـتـیـوانیی زۆرتر لـە ٤٠٠ هـەزار کـەس لەسـەر ئـاسـتی هەمـوو جـیـهـان سـاز کـرابـوو. ئەو دەزگـایە توانی پلانێکی زانسـتی دابنێت بۆ کەمکردنەوەی هەڵگرتنی چەکە ناوەکییەکان لە جیهان، ئەوانە لە دەستپێکی کارەکەیان کۆششیان کرد زۆرتر لە ٧٥ هـەزار خـوێندکاری زانکۆیە گەورەکـانی وڵاتە زلهێزەکان هـان بدەن حکوومـەتەکان واز لەو چەکـانە بهێنن، ئەو چالاکییـەش لە فیلـمێکی بەڵگـەنامـەییدا بەنـاوی ژمـاردن بەرەو دواوە بەرجـەسـتـە کـرابوو. لە سـاڵی ٢٠١٠ەوە برانسـۆن وەک ڕاوێژکـاری نەتـەوە یەکگرتووەکـان لە کـاروباری گەشـەپێدانی خزمـەتگوزارەکانی ئینتـەرنێت دامـەزراوە، لە سـەرەتای ئیمـسـاڵیش ئەو بوویـتـە ئەندام لە دەسـتـەی دەولیی دژایـەتیکردنی مـوخـەدەرات کـە تێدا ئەندامیـەتی کـەسـایەتیی جیهانیی ناسراوی ئەمەریکای لاتینی زۆری تێدا بووە، لەوانە سـەرۆکەکانی پێشووی ئەو وڵاتانە و سـەرکردە سیاسەتوان و ڕووناکبیر و بزنسمانەکانیش.

## مەلەوانی لەناو دەریای ئایرلەندا

یەکێک لە بەشـدارییەکانی برانسۆن بۆ کـۆمـەک کۆکردنەوەی بۆ کەسـانی نەدار و نەخۆش، ئەوە بوو ئەو لەگـەڵ گۆرانیبێژی ناوداری ئایرلەندیی هاوڕێـی ڕۆنان کیـتینگ بەیەکەوە لەگـەڵ دەسـتـەیەک لە کەسایەتیی ناسراو بە نۆرە بە مەلەوانی دەریای ئایرلەندای کە پانییەکەی ٩٠ کم دەبێت بڕیوە، لەو چالاکـیـیـەدا توانـیـیـان یەک مـلیـۆن دۆلار بۆ هـاوکـاریکردنی توێژینـەوەی نەخـۆشـیی کـارنسـەر کـۆ

بکەنەوە. ئەوەی شایانی باسە ئاوی ئەو دەریایەش بەوە ناسراوە کەوا شەپۆلەکانی توند و ئاراستەکانی تیژن، ئەوەی زانراوە کەوا پانیی ئاوەکە لە نێوان هولەند و دبلن سێ جار درێژترە لە کەناڵی ئینگلیزی ناو دەریای مانش. تیمەکەش کەو ئەو چالاکییە دەکەن لەوانە کەسایەتیی ناسراوی بواری میدیای تەلەڤزیۆنی جیسۆن برادبوری و پێشکێشکاری ناودار جینی فروست و ژنە ئەکتەر بامیلا ئەندرسۆن و کەسانی تریان لەگەڵدا بووە.

لەو وتەیەی لەو بۆنەیەدا پێشکێشی کردبوو برانسۆن وتوویەتی: کەوا ئەو لەو بیست و پێنج ساڵەی رابردوو کێشە و ئەستەمی زۆری هاتووەتە پێش، چەندین ژمارەی پێوانەیشی تۆمار کردووە، بەڵام مەلەکردن لە دەریای ئایرلەندا کە کەم کەسی قاڵبووی ئەو بوارەی تێدایە کێشەی زۆریان دەبێت، ئەوەش گەورەترین ڕووبەڕووبوونەوە بوو، شەوانەش کە ئاوەکەمان کەمێک دەبڕی چونکە ئاوەکە سارد بوو.

کە ئەوان ئەو دەریایە دەبڕن، لەو ماوەیەدا ١٤٠٠ کەسی تر لە نوێیەوە تووشی ئەو نەخۆشییە دەبن. بەڵام گۆرانیبێژ کیتینگ مەلەوانێکی بەتوانا نەبوو هەر ماوەیەک کەم بوو خۆی فێری مەلەوانی کردبوو، بەڵام رۆحی بەگژداچوونەکە وا دەکات بەشداری بکات، چونکە دایکی لە ساڵی ١٩٩٨ بە کارنسەری مەمک مردبوو، بۆیەش ئامادە بوو لە هەر کۆششێک بۆ یارمەتیدانی ئەو نەخۆشانە هاوکاری بکات. ئەو وتبووی کەوا دەزانم ئەو دەریایە ماسیی قرشی زۆرە و جۆرەکانی سی جۆریش دەبێت، هەروەها جۆران قەندیلی ژەهراویشی تێدایە، من زووتر ئەوەم نەدەزانی، بەڵام من لە چالاکییە خێرخوازییەدا پاشگەز نابمەوە و پەشیمان نیم. بڕیاریشە ئەو چالاکوانانە ئەو مەلەوانییە لە ٣٠ی ئۆگستی هەتا ٦ی مانگی سپتەمبەر بکەن، بەڵام ڕەچاوی کەشوهەواکەش دەکەن.

## دیڤید کوک

دیڤیدی گۆرانیبێژ و دانەری تێکست و لە دوا بەرنامەکانی هەودارانی تەلەڤزیۆنیدا پێش دەکەوێت و دوا گۆرانییەکانی لە بازاڕدا رەواجی زۆری دەبێت، بۆ یارمەتیدانی منداڵانی سۆماڵ لە ئەسیوبیا سەردانی ئۆردوگاکانیان دەکات، لەوێ وێنەیەک بڵاو دەکاتەوە کە لەگەڵ کیژێکی تەمەن حەوت ساڵان گەمە دەکات و داوا دەکات ئەو کیژانە لە خوێندن و فێربوون دانەبڕێن.

## لۆرین کۆنراد

لۆرین ئەکتەرێکی تەلەڤزیۆنی و دیزاینەری فایشن و نووسەرە و زووتریش شاجوانی جیهانیش بووە، لەو ماوەیەدا بەشداریی کردووە لە خاوێنکردنەوەی کەنارەکانی سانتا مونیکا لە کالیفۆرنیا.

## مارک زوکبربیرگ

مارک زوکبربیرگ ئەویش لە مانگی دیسەمبەری ساڵی پار ئیمزا لەسەر بەڵگەنامەکەی ملیاردێرەکان دەکات، کە بەشی زۆری سامانەکی داوە بە پرۆژەکانی خێرخوازی کە ٢٤٠ ملیۆن دۆلار دەبێت، ئەوەی وەک بلیمەتەکەی فەیسبووک ناسراوە زووتر سەد ملیۆن دۆلاری بەو پرۆژانە بەخشیوە، کە تایبەتە بە دەزگایەک بۆ سەرپەرشتیی قوتابخانەکانی نیو ئارک و نیوجرسی کە لەوێ لەدایک بووە و گەورە بووە و ئامادەییشی لە ئامادەییەکانی ئەوێ تەواو کردووە. ئەو لە تەمەنی بیست و شەش ساڵیدا وتوویەتی: من کۆشش دەکەم زۆرتر بایەخ بە زانست بدەم چونکە ئەوەیان تاکە بوارە مرۆڤایەتی بەرەو باشترین دوارۆژ دەبات. هەندێ کەس چاوەڕوان دەکەن تا پیر دەبن ئینجا قەرزەکەی سەریان دەدەنەوە کۆمەڵگەکەیان، بۆچی چاوەڕوان بین زۆرمان لە پێشە کە بۆ مرۆڤایەتی بیکەین و ئەوانە هان بدەین لەسەر هێڵی سەرکەوتن رێ بکەن، بەسەرکەوتنی ئەوان لە کۆتاییی ئەوان و هەموو مرۆڤایەتی سەردەکەوێت. بۆیەش دەبێ ئەوەی هەمانە لەو قۆناخەی تەمەنمان پێشکێشی بکەین، بەوەش دەکرێ بزەی سەر رووەکان و هەستکردن بە ئارامی لەناو دڵی هەزاران کەس ببینین.

کە ئەو سەد ملیۆنەکەی دابووە بوارە خێرخوازییەکان، نەیارەکانی وتیان زوکربیرگ بۆیە لەودەمانە ئەو پارەیەی داوە، چونکە لەودەمانە ئەو فیلمەی چیرۆکی پەیدابوونی فەیسبووک باس دەکات، ئەوەش رێکلامە بۆ سەرکەوتن و ناودەرکردنی فیلمەکە، بۆیەش ئەو لە وەڵامدا وتبووی: ئەو دوو مەسەلەیە هیچ پێوەندییەکیان نییە. بۆیەش ئەو زووتر وتبووی من نامەوێ ناوەکەم باس بکەن، من خێری خۆم دەکەم، با بەناوی پیاوێکی نیازباشەوە بێت، بۆیە نامەوی ناوەکەم بناسرێت. ئەوەی شایانی باسە لە قۆناخی یەکەمی ئیمزاکردنی پەیمانی ملیاردێرەکان تەنیا ١٧ کەس بوون، بەڵام دوایی ژمارەیان دەگاتە ٥٨ کەس هەمووشیان هاووڵاتیی ئەمەریکایین. ئەوانە هەموویان بڕیار و بەڵێنیان داوە نیوەی سامانەکەیان کە دەکاتە ٤٦ ملیار دۆلار لەوانە ٧٩٪ پارەکەی بدەنە بەرنامە خێرخوازییەکان، چونکە تەنیا ١٪ لە سامانەکەیان بەشی ژیانی پڕ خۆشیی بنەماڵەکەیان دەکات. بەپێی ڕاپۆرتی رۆژنامەی فۆربسی ئابووری، کەوا سامانی زوکربیرگ لە ساڵی ٢٠١١ دەگاتە ١٣ ملیار و ٥٠٠ ملیۆن دۆلار، بەوەش پلەی ژمارە ٣٥ لە دەوڵەمەندەکانی ئەمریکای بەرکەوتووە. ئەگەرچی وترابوو کەوا ئەو لە دەوڵەمەندەکان لە هەموویان گەنجترە، بەڵام دەرکەوت داستن موسکوفیتری هاوبەشی ئەو لە دەزگای فەیسبووک کە سامانەکەی ئەویش دەگاتە ملیارێک و ٤٠٠ ملیۆن دۆلار ئەو بە هەشت رۆژ لەو گەنجترە.

### بوومەلەرزەکەی هایتی ستارەکان دەورووژێنێت

سەرۆکی پێشووتری ئەمەریکایی بیل کلینتۆن و ئەکتەر بین ستیللر و بازرگانی گەنجینەکان دیڤید زویرنر لە سەرەتای مانگی ئۆگستی ئاهەنگێکیان لە نیویۆرک کردبوو، کە ستارە دیارەکانی

هونەری مۆزیک بەشداریی تێدا دەکەن، لەوێ پارە بۆ قوربانییەکانی بوومەلەرزەکەی هایتی کۆ دەکەنەوە.

ئەکتەرێکی کۆمیدیایی ناودار بەناوی خۆیەوە پاش بوومەلەرزەکەی هایتی دەزگایەکی خێرخوازی بۆ یارمەتیدانی چاککردنەوەی قوتابخانەکان دادەمەزرێنێت، چونکە بەپێی ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەوێ هەشت هەزار قوتابخانە کە تێدا ملیۆنێک ٨٠٠ هەزار خوێندکاری تێدا دەخوێنێت لە بورت ئوبرنس و لە چواردەورەکەی زیانیان بەرکەوتووە و ڕماون. لە بەشی ڕۆژئاوای پایتەختەکە ٤٠٪ قوتابخانەکان رووخاون و ئەوانی تریش زیانی زۆریان بەرکەوتبوو. کلینتۆن لەگەڵ سەرۆکی پێشووی ئەمەریکایی جۆرج بوش سندووقێکیان بۆ کۆمەک کۆکردنەوەی قوربانییەکانی بوومەلەرزەکە ساز کردبوو، ئەویش بووبووە جێگری سەرۆکی دەستەی جیهانیی یارمەتیدانی هایتی و نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان و چاودێریکردنی یارمەتییە دەولییەکان. ئەوەی شایانی باسە گەورە هونەرمەندەکانی هۆلیوود و جیهان پێشبڕکێیان بوو بۆ پێشکێشکردنی یارمەتییەکانی بوومەلەرزەکە، لەوانەی ناویان دیارە:

لانس ئارمسترونگ، پاڵەوانی پایسکلسواری جیهانی بە ٢٥٠ هەزار دۆلار.
ساندرا بولوک: یەک ملیۆن دۆلار بۆ ڕێکخراوی پزیشکانی بێ سنوور.
مادونا: سێ ملیۆن دۆلار.
تایگر وود: سێ ملیۆن دۆلار.
جیزیل بندشین: یەک ملیۆن و نیو دۆلار.
ئەنجلیان جۆلیا و برادبیتی مێردی: یەک ملیۆن دۆلار.
جۆرج کلوونی: یەک ملیۆن دۆلار.
لیدی گاگا: ئەو داهاتی ئاهەنگێکی بۆ ئەو کارەساتە تەرخان دەکات.
ئۆپرا وینفری: یەک ملیۆن دۆلار.
ئالئسا میلانو: سەد هەزار دۆلار.

## بوومەلەرزەکەی ژاپۆن

پاش چەند سەعاتێک لە ڕوودانی بوومەلەرزەکەی ژاپۆن کە لە مانگی مارسی ساڵی ٢٠١١ و سونامییەکەی ڕووی دا، کە ڕووبەرێکی زۆری وڵاتی تێدا کەوتە بن ئاو، بۆیەش حکوومەتەکانی جیهان کۆمەکی ئەو کارەساتەیان بەتەنگاوی کرد، بۆیەش ناودارەکانی هۆلیوود لەو هەڵمەتەدا پارەی زۆر دەدەن، ئەوەی پارەشی نەدابوو، هاوکاریی ڕاستەوخۆ بۆ کۆکردنەوەی پارەی زۆر کردبوو.

پارەی زۆر لەلایەن خاتوو ساندرا بولوکی هەڵگری خەڵاتی ئۆسکار بووە کە یەک ملیۆنی بە

ڕێگەی خاچی سووری ئەمەریکایی بە بەیانێکی ڕەسمیی دابوو، ئەو ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە پێدانی یارمەتییەکان بۆ لێقەوماوەکان. لە ماوەی یەک هەفتەدا پارەکە دەگاتە ٤٧ ملیۆن دۆلار. بە تۆڕەکانی ئینتەرنێتیش ژمارەیەکی زۆری خەڵک بە دە دۆلارەوە دەستیان بە کۆمەک پیشکێشکردنەوەکە کردبوو، لەوانە:

گوین ستیڤانی: یەک ملیۆن دۆلار.

جاک جۆنسۆن: ٥٠ هەزار دۆلار.

لیدی گاگا: ٢٥٠ هەزار دۆلار.

شارلی شین: سەد هەزار دۆلار.

بویز ئاند مین: سەد هەزار دۆلار.

شارلی شین: سەد هەزار دۆلار.

بریتنی سبیرز: نیو میلۆن دۆلار.

ئەوە و موزیکساز و گۆرانیبێژەکانیش کە کەمتر دەناسرێن بەیەکەوە دوو ملیۆن دۆلاریان دابوو. وەرزشوانە ناسراوەکانیش سێ ملیۆن دۆلار کۆ دەکەنەوە و دەیدەنە خاچی سووری ژاپۆنی. هەروەها بزنسمانەکانیش لەوانە سەرۆکی ئەنجوومەنی کارگێڕیی گوگل بەشداریی ئەو کۆمەکەی کردووە.

جیزیل بوندشین، نمایشکاری فایشن گەردانەیەکی فریاکەوتنی لە مل دەکات و سەرنجی هەموو جیهان بۆ بەرزبوونەوەی پلەی گەرما رادەکێشێت، ئەو ژنە سوپەر مۆدیلە وتبووی:

ئەو زەوییە سەرچاوەی ژیانی هەموومانە، بۆیەش دەبێ بە هەموو بەرپرسیاریەتییەوە کۆشش بکەین ژیانی نەوەکانی ترمان دابین بکەین.

جۆن مایر، گۆرانیبێژ و ئاوازدانەری لەدایکبووی ١٩٧٧ کە لەساڵی ٢٠٠٣ خەڵاتی گرامی وەک باشترین گۆرانیبێژ بۆ گۆرانیی جەستەی تۆ زەوینی خەونەکانمی وەرگرتووە. لە کلیپەکەی ئەو گۆرانییەدا دیارە کەوا چۆن ئەو حەلوا دەداتە منداڵە نەخۆشەکانی نەخۆشخانەی نیویۆرک.

نیللی فورتادو، ژنەگۆرانیبێژ و دانەری گۆرانیی کەندایی کە بەڕەچەڵەک پورتوگالی لەدایکبووی ١٩٧٨ هەڵگری دەیان خەڵاتی هونەریی ناودار و لە ساڵی ٢٠١٠ نزیکەی ٣٨ ملیۆن دانە لە سیدییەکانی فرۆشراوە، ئەگەرچی زۆریش سەرقاڵ بووە بەڵام ڕۆژانە لە یەکێک لە داینگەکانی ناوچەی مانهاتن لە نیویۆرک چیرۆکی بۆ منداڵان کردووە و کتێبی وێنەدار بۆ منداڵان خوێندیتەوە، ئەو چالاکییەی لە هەفتەی هۆشیارکردنەوەدا، بایەخدانە بە قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری لەناو منداڵە گچکەکان.

***

میا فارو پارێزەری زولّم لێ کراوەکان، ژنە ئەکتەر و گۆرانیبێژ و نمایشکاری فایشن و چالاکی سیاسی، ٤٥ ساڵە وەک ناودارێکی هۆلیوود لە بەرنامە خێرخوازییەکان چالاکیی هەیە. بەر لەوەی ئەو ژنە بەیەکجاری روو لە کارە خێرخوازییەکان بکات، ئەو ژنەی لە ساڵی ١٩٤٥ لەدایک بووە، هەشت منداڵی لە سەرانسەری جیهان بەناو خۆی کردووە، لەوانە لە کۆریا، ڤێتنام و چەند وڵاتی تری ئەفریقیایی، زۆریش بایەخ بە مەسەلەکانی منداڵان دەدات. لەوەتی وەک نوێنەری یونیسیف سندووقی منداڵان لە نەتەوە یەکگرتووەکان کار دەکات، ئەو سەردانی زۆرتر لە ٢٠ وڵاتی کردووە، لەوانە شاد و ئەفریقیای ناوەڕاست و گینیا و هایتی و ئیسرائیل و کەناری ڕۆئاوا و نێجیریا و سوودان و ئۆگەندا و زۆری تریش. ئەوەی شایانی باسە رونان فاروی کوڕی لەناو دەستەکانی یونیسیف لە سوودان کار دەکات. لە ساڵی ٢٠٠٦ میا بەشداری دەکات لە هەڵمەتێکی خێرخوازیدا بۆ مەزادی ئاشکرا کە بە سەرپەرشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەرلین بە ئامادەبوونی نوێنەری ١٤٢ وڵاتی ئەندام لە رێکخراوە دەوڵییەکان بەشداریی کردبوو. لەگەڵ ئەو کارانەش کاری بەردەوام کردووە لە مەسەلەی بەرژەوەندییە مرۆییەکان بەتایبەتی بەرگریکردن لە مافەکانی ژن و منداڵان، ئەو لە ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ چەندین وتاری لەسەر هەژاری و برسییەتی و نەزانینی لەسەر ئەفریقیا نووسیوە، وتارەکانی لە رۆژنامە و کۆوارە بەناوبانگەکاندا نووسیوە، لەوانە لۆس ئەنجلس تایمز و شیکاگۆ تریبیون و کۆواری بیبول.

میا لە ساڵی ٢٠٠٧ بایەخ زۆر بە کێشەی دارفور دەدات و لە ماوەی دوو ساڵدا سێ جار سەردانی ئەو دەڤەرەی کردووە و تێدا بەشداریشی کردووە لە نواندن لە فیلمێکی دیکۆمێنتاری لەسەر قوربانییەکانی شەڕەکان. ئەو لە رۆژانی خولی یارییەکانی ئۆلۆمپیات لە پەکین لە ساڵی ٢٠٠٨ کاری بۆ ناساندنی کێشەی دارفور کردووە و نامەیەکی جیهانیی لەسەر شەڕەکانی ئەو ناوچەیە گەیاندووە، لەگەڵ کردنەوەی ئۆلۆمپیاتەکە ئەو بە نامەی راستەوخۆی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە نامەکانی گەیاندووە. لەو دواییانەدا میا بەشداریی کردووە لە فیلمێکی دیکۆمینتاری لەسەر شەڕەکانی ناوخۆییی رواندا، باس لە دژواریی رەوشی خەڵکەکە دەکات و بانگهێشتنی لێبووردەییش دەکات. ئەو لە ساڵی ٢٠٠٨ سێ خەڵاتی جیهانیی وەرگرتووە، لەوانە خەڵاتی سواری دەوڵەت لەلایەن حکوومەتی فرەنساییەوە بۆ ئەو کارە خێرخوازییانەی بۆ بەرژەوەندیی ئاوارەکانی لە چەند ناوچەیەکی جیهانی کردووە. هەروەها خەڵاتی گۆڕەپانی تیانامینی پەکین و خەڵاتی قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری لەناو ئاوارەکانی ئەفریقیا وەرگرتووە. لە ساڵی ٢٠٠٩ لەبەر کارە چاکەکانیدا خەڵاتی لیون سولیڤانی وەرگرتووە، لە ئۆگستی ساڵی ٢٠١٠ ئەو دەبێتە شاهیدی سەرەکی دژ بە سەرۆکی پێشووی لیبیریا شارلز تایلوار لە دادگەی دادی نێوەنەتەوەییی تاوانەکانی شەڕ لە لاهای.

لە مانگی یولیۆی ٢٠١٠ دوو خەڵاتی بەرزی جیهانیی لە بەرامبەر کارە چاکەکانی لە بوارەکانی منداڵان و ژنان لەسەر ئاستی جیهان وەرگرتووە. یەکەمیان خەڵاتی ماریان ئەندرسۆن کە لە ساڵی

٢٠١١ بۆ كۆششەكانی راژەی ژنان و منداڵانی ناوچە دژوار و ترسناكەكان كە تێدا توندكاریی تێدا زۆرە، لەوانە لە تشاد و دارفۆر و هایتی. هەروەها لەو رۆژانەدا خەڵاتی سەرۆكی پێشووتری ئەمەریكایی لیندۆن جۆنسۆن بەرامبەر كارە مرۆییەكانی لە ئەفریقیا بۆ منداڵان و ژنان كە ژیانیان لە مەترسییە و كۆششكردن لە دژایەتیكردنی ئیفلیجیی منداڵان لە پارزەوینە رەشەكەدا وەرگرتووە. ئەو خۆی بەر لەوەی بچێتە بەرخوێندن ئیفلیجی منداڵانەی هەبوو، بەڵام چارەسەر كراوە و چاك بوویتەوە، بۆیەش بەدرێژاییی ژیانی خەباتی بۆ نەمانی ئەو نەخۆشییە كردووە و كۆششی كردووە قوربانییەكانی كەم بكاتەوە. لە كۆواری تایمدا وەك كەسایەتیی كاریگەر و ئەكتیڤی ساڵی ٢٠٠٨ هەڵبژێردراوە.

ئالین دیجینیری ژنە ئەكتەری كۆمیدیایی لەگەڵ ئەوەی لە بەرنامەكانیدا بەوە ناسراوە كەوا خەڵك زۆر شادمان دەكات و یەكێكە لە بێژەرە سەركەوتووەكان و رۆژانە بینەری زۆری هەیە، ئەو لە بوارەكانی خێرخوازیدا چالاكانەش كار دەكات. ساڵانە سەدان هەزار دۆلار دەداتە خوێندكارەكانی ویلایەتەكانی ئەمەریكا، بۆیەش چەندین خەڵاتی لە دەزگا و رێكخراوە خێرخوازییەكان وەرگرتووە. لە ساڵی ٢٠١٠ ئەو رێبەرایەتیی كۆكردنەوەی كۆمەكی لە دەزگای سۆزان كۆڤمان كردووە كە تایبەتە بە نەخۆشییەكانی كارانسەری مەمك و بایەخ بە هەژارەكان دەدات، كۆشش دەكات زۆرترین توێژینەوە لە بواری كارانسەری مەمك بكات. لە رۆژی ١٤ی ئەپریلی ٢٠١٠ بەشداریی كردووە لە موزایدە ئاشكراكەی ماڵپەڕی ئایبا بۆ كۆكردنەوەی كۆمەك لە بوارەكانی خێرخوازیدا، كە لەو بەرنامەیەدا سەردەكەوێت ئەو جلەكانی كە لە بەرنامەكاندا پێی دەردەكەوێت بە موزایدە دەفرۆشێت، هەموو پارەكەش دەداتە دەزگا خێرخوازییەكان. لە بەرنامەكانیدا هانی خەڵكەكەدا دەدات كۆمەكی برسی و نەخۆشەكان بكەن، زۆریش ئاماژە بەو بابەتە دەدات، بۆیەش لە ماوەی یەك سەعاتدا لە بەرنامەكانیدا دەیان هەزار دۆلار بۆ ئەو مەبەستە كۆ دەكاتەوە. جارێكیان ئالین بەرنامەكانی فیستیڤاڵێكی هونەری لە لۆس ئەنجلس لە تەلەڤزیۆن راستەوخۆ پێشكێش كردووە، لەوێ وێنەی برسییەكانی ئەفریقیای نیشان داوە كە خۆی وێنەكانی گرتبوو، هەر لەوێ ئەو یەكسەر سەد هەزار دۆلار دەبەخشێت و داواش لە هەموو دەوڵەمەندەكانی ناو هۆڵەكە و جیهان دەكات یارمەتیی داماو و لێقەوماوەكانی ئەفریقیا بدەن، لە ماوەی تەنیا یەك سەعاتدا سێ ملیۆن دۆلار كۆ دەكاتەوە. وێنەكانیش دانیشتوانی گوندێكی هەژارنشینی گچكەی ئەفریقیا بوون كە خەڵكەكەی زۆریان لەبەر ئایدز و مەلاریا ناڵاندوویانە و گوندەكەش هیچ بنكەیەكی تەندروستیی تێدا نەبوو. كە بین ئافلیك كۆمەڵەیەك بۆ برسی و ئاوارەكان دادەمەزرێنێت بە زوویی ئالین دەستی یارمەتییان بۆ درێژ دەكات و بەڵێن دەدات ساڵانە ژەمەخواردن بۆ زۆرتر لە پێنج ملیۆن برسی دابین بكات. لەو دواییانەدا دەزانێت كەوا كۆمەڵەیەك هەیە بایەخ بە ئاژەڵان دەدات كە خاوەنەكەی دەستبەرداری كۆمەڵەكە دەبن، ئەو نیو ملیۆن دۆلاریان دەداتێ تا بەردەوام بن و ئیشەكانیان راپەڕێنن، داواش لە بینەرەكانی دەكات پارە بۆ ئەو كۆمەڵەیە بنێرن، بەرەنجام

دەتوانێت لە ماوەی دوو هەفتەدا ملیۆنێک دۆلاریان بۆ کۆ بکاتەوە.

روزاریو داوسۆن، ژنە ئەکتەر و گۆرانیبێژ و دانەری گۆرانیی ئەمەریکایی کە بەشداریی کردووە لە ٢٥ فیلم ئەگەرچی ئەو لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٩ بەڵام زۆربەی کاتەکانی بە کار و بە پارە و تواناکانی ئیش بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ بەرنامە خێرخوازییەکان بەسەردەبات. ئەو کۆمەڵەی دەنگی لاتینی دادەمەزرێت، هەروەها ئەو پەیڤداری کۆمەڵەیەکی ژنانەیە لە نیویۆرک، بەشداریش دەکات لە چالاکییەکانی رێکخراوی لێبووردەییی دەوڵی و رێکخراوەکانی فریاکەوتن لە ئەمەریکا و لە دەرەوەش لە هەموو کۆمەڵە و دەزگاکانی کار بۆ منداڵان و دایکایەتی دەکەن. لەو دواییانەدا بەشداری دەکات لەو دەزگایانەی دژایەتیی چەکە ناوەکییەکان دەکەن و کۆشش دەکەن چەکداری لە جیهان کەم بکەنەوە.

تایلوار بیری، ئەکتەر و دەرهێنەر و نووسەر و دانەری تێکستی ستران و لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٩ بەپێی راپۆرتی کۆواری فۆربسی تایبەت، ئەو لە ئاستی پارەوەرگرتن لەبریی کارەکانیدا پلەی شەشەمە لەناو هۆلیوود، بەپێی ئامارەکانی ساڵی ٢٠١١ داهاتی ئەو فیلمانەی لە دەرهێنانی ئەون دەگاتە ٥٥ ملیۆن دۆلار. ئەو پیاوە بەوە ناسراوە کەوا پارەی زۆر دەداتە دەزگاکانی خێرخوازی، ئەوەش لە مانگی ئۆگست دەگاتە ملیۆن دۆلار بۆ کۆمەڵەی ئەمەریکاییە رەشەکان.

کوبی براینت یاریکەری باسکە کە هەڵگری دەیان خەڵات و مەدالیایە، ئەو سەرکردایەتیی تیپی لیکرز لۆس ئەنجلسی باسکە دەگەیەنێتە پاڵەوانیەتیی ئەمەریکا زۆرتر لە جارێک. کوبی لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٨ە و سەفیری رێکخراوی پاڵەوانەکان لە پێناوی خزمەتکردنی قوتابیان، ئەو رێکخراوە لە رۆژەکانی کۆتاییی هەفتە و پشوودانی قوتابخانەکان مەشق بە قوتابییەکان دەکات ئەو بەرنامەیەش لە زۆرتر لە ١٣ ویلایەت کاردەکات. ئەو لە وڵاتی چین دەزگایەکی بەناوی خۆی داناوە کە هانی چینییەکان دەکات بۆ زۆرتر بەجۆشبوون لەسەر خوێندن و بەرنامە تەندروستییەکان، لەدوا کۆبوونەوەی ئەو لەگەڵ بەرپرسە چینییەکان، کوبی شەش ملیۆن دۆلاری بە قوربانییەکانی بوومەلەرزەکانی چین بەخشیوە. لە مانگی مایۆی ساڵی ٢٠١٠ کوبی ملیۆنێک دۆلاری بە دەزگایەک بەخشیوە کە یارمەتیی سەربازەکان دەدات بۆ ئاشنابوونیان بە ژیانی مەدەنی و دۆزینەوەی کار بۆ ئەوانەی خزمەتی سەربازییان تەواو کردووە.

***

ماریا شرایفری کیژی خوشکی سەرۆکی پێشووتری ئەمەریکایی جۆن کنیدی و خاتوونی پێشووی ویلایەتی کالیفۆرنیایە، ئەو ژنە هەموو کاتەکانی تەرخان کردبوو باس لە نەخۆشییەکانی هەوکردنی مێشک زهایمر بکات، کە باوکی سیرجنت شرایفر لە ساڵی ٢٠٠٣ تووشی بووبوو. ئەو بەردەوام لەناو ویلایەتەکانی ئەمەریکا بۆ ناساندنی ئەو نەخۆشییە و ئامۆژگارییەکان و هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ نەخۆشەکان کار دەکات. بۆیەش بەتایبەتی بۆ ژنان کتێبێکی لەسەر ئەو نەخۆشییە نووسیوە، هاوکاریی کردووە لە دەرهێنانی فیلمێک لەسەر نەخۆشییەکە کە لەلایەن

دەیان تەلەڤزیۆنی جیهانی نیشان دەدرێن.

لانس ئارمسترونگ ئەگەرچی کانسەری مێزڵدانی هەبوو، چەند ساڵێکیش و بەردەوامیش چارەسەری کیمیایی و دوایی چارەسەری نەشتەرکاری بۆ کرابوو، ئەو وەرزشوانە ئەمەریکاییە لە چەندین پاڵەوانیەتیی ناوخۆیی و جیهانی لە پایسکلسواری خاوەن ژمارەی پێوانەی جیهانییە و حەوت جار لەسەر یەک لە پێشبڕکێی (توور دی فرانس) لە ساڵانی ۱۹۹۹ هەتا ۲۰۰۵ وەرگرتووە و ئەو ژمارەیەش هەتا ئیمڕۆش بەناوی ئەو تۆمارە. لانس ئارمسترونگ دەزگایەکی خێر بەناوی خۆی دادەمەزرێنێت بۆ یارمەتیدانی بوارەکانی توێژینەوەی تەندروستی بۆ ئەو نەخۆشییە کە ساڵانە لەو جیهانە ژیانی ملیۆنان لەناو دەبات.

دوکتۆرەکان لەساڵی ۱۹۹٦ نەخۆشییەکەی ئەو دەدۆزنەوە و دەزانن کەوا شانە کارانسەرەکان کاریان لە کاری مێشک و هەردوو سییەکانی کردووە، بۆیەش چەندین نەشتەرکارییان بۆ بڕینی ئەو شانانە کردووە و دەیان لێدانی چارەسەرییە کیمیاییەیان بۆ کردووە، ئینجا ئەو لەسەر وەرزشەکەی بەردەوام بووە و سەرکەوتووە. لە ساڵی ۲۰۰۰ ئەو نازناوی وەرزشوانی نموونەیی و دەیان خەڵات و بڕوانامەی ڕێزلێنان وەردەگرێت، هەمووش لە ئەنجامی ئەوە بوو کەوا ئەو کاری بۆ ناسینی ئەو نەخۆشییە کردووە و پارەی بە سازکردنی پێشبڕکێی وەرزشی پەیدا کردووە و پارەکەشی بۆ توێژینەوە تەندروستییەکان و کۆمەکی نەخۆشەکان تەرخان کردووە.

بروک شیلدزی ژنە ئەکتەر و نووسەر و نمایشی فایشنی ئەمەریکایی لەدایکبووی ساڵی ٥٦٩١ ئەو گچکەترین ژنە نمایشکەر بووە کە وێنەی لەسەر بەرگی کۆواری فۆگی مۆدەی ناسراو لە چاپە ئەمریکی و فرەنسییەکە و ئیتاڵییەکە دراوە. ئەو لە چەندین فیلمی سینەمایی و زنجیرەی تەلەڤزیۆنیی سەرکەوتوو دەرکەوتووە. پاش ئەوەی منداڵەکەی دەبێت ئەو ژنە نازدارە تووشی خەمۆکی دەبێت، بۆیەش تاقەتی نابێت خزمەتی منداڵەکەی بکات، حەز بە مردن دەکات، ئەویش یەکێک بووە لەو ژنانەی ناتوانێت پێوەندیی دایکایەتی لەگەڵ کۆرپەکەی بەسۆز بکات کە ڕێژەیان لەناو کۆمەڵ دەگاتە ١٥٪. ئیتر ئەو ژنە لەودەمانەوە بیر لەوە دەکاتەوە چارەیەک بۆ ئەو ژنانە بدۆزێتەوە و چارەسەری ئەو دەردە بکات و هانی پسپۆڕان دەدات ئیش لەو بوارەدا بکەن. لە ماوەی دوو ساڵدا ئەو ژنە لەگەڵ تۆم کرۆزی ئەکتەر بە نووسین شەڕی یەکتریان کردووە، لەسەر ئەوەی بۆچوونی وا بوو کەوا ئەو ژنانەی خەمۆکین هەقی خۆیانە دەرمان وەربگرن، بەڵام تۆم لەبەرئەوەی باوەڕداری کلێسا بووە بۆیە ئەوەی بە ڕەوا نەزانیوە. بەرەنجام پیاوەکە دانی بە بۆچوونەکەی ئەو داناوە. بروک شیلدز بایەخی زۆری بە کێشەکانی ژن و منداڵ داوە و کتێبێکی لەسەر ئەو بابەتە نوسیوە و پارەی داهاتەکەشی داوە بەو ژنانەی پاش منداڵبوون کێشەی دەروونییان هەیە، ئەویش بوویتە پەیڤداری کۆمەڵەیەکی خێرخوازی بۆ هاندانی کیژان بە زانست و زانیارییەکان بڕوا بە خۆیان

## پەیدا بکەن و بەگەرمییەوە بێنە مەیدانەکانی ژیان

میلیسا ئاسیریدژی ژنە گۆرانیبێژ و دانەری گۆرانی پازدە جاریش خەڵاتی گرامیی هونەریی ناوداری وەرگرتووە و دوو خەڵاتیشی لە ئەکادیمیای هونەری ئەمەریکایی بەدەست هێناوە. تەنیا لەناو وڵاتە یەکگرتووەکاندا ١٤ ملیۆن دانە لە سیدییەکانی فرۆشراوە، هەتا ئێستاش ٧٧ ئەلبومی هەیە. لە ساڵی ٢٠٠٤ دکتۆرەکان پێیان راگەیاندووە کەوا ئەو کانسەری مەمکی هەیە و دەیان پرۆسەی چارەسەری کیمیایی و تیشکی تایبەتی بۆ کراوە. لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتی گرامی ساڵی ٢٠٠٥ هەموو ئامادەبووانی ئاهەنگە بە دەرکەوتنی ئەو بە قژی هەڵوەریوە شادمان بوون، لەگەڵ چەپڵە و هاندانەوە گوێیان لە دوو گۆرانیی ئەو گرتبوو، کە هەردووکیان لە دانانی خۆی بووە، ئەو بە قژهەڵوەرینەکەی بەهێزتر دیاربوو. لە ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٠٥ دوو ئاهەنگ ساز دەکات و پارەی داهاتەکەش دەداتە بەرژەوەندییەکانی نەخۆشەکانی کارنسەری مەمک و قوربانییەکانی باهۆزی کاترینا. میلسیا بەشداریی ئاهەنگەکانی خاچی سوور و هەموو رێکخراوە خێرخوازییەکانی ئەمەریکا دەکات، کە یارمەتی بۆ نەخۆشەکان کۆ دەکەنەوە و دەستی بەرنامەکانی توێژینەوەکانی پزیشکی دەگرن. لە مانگی نۆڤمبەری ساڵی ٢٠٠٥ لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنیدا گۆرانییەک پێشکێش دەکات، کە چیرۆکی نەخۆشییەکەی دەگێڕێتەوە و خۆڕاگرانە باس لە بەرگری و ورەی بەهێز لە نەخۆشەکان دەکات. ئەو گۆرانییەش لە هەموو کلینکی نەخۆشەکان بەجۆشەوە وەرگیرابوو، بۆ هاندانی نەخۆشەکان تا بەردەوام بۆ ژیان و مان خۆڕاگر بن.

کاری ئەندر وود ژنە گۆرانیبێژ و ئەکتەری لەدایکبووی ١٩٨٣ وەک برووسک دەگاتە پلەی ناوداری لە ماوەی سێ ساڵدا سێ خەڵاتی گرامی و دوو خەڵاتی ئەکادیمیای هونەری ئەمەریکایی و دەیان خەڵاتی تری هونەری وەردەگرێت. لەو رۆژانەدا وەک کارێکی چاوەڕواننەکراو و دڵخۆشکەر، کاری دەچێتەوە قوتابخانە دواناوەندییەکەی خۆی، شیکوتا لە ویلایەتی کالیفۆرنیا و لەوێ بە نرخی ١١٧ هەزار دۆلار ئامێری موزیک بۆ خوێندکارەکان دەکڕێت، تا خوێندکارەکان بتوانن تیمێکی هونەری دامەزرێنن، ئەوەشی کردووە تا شەیدایانی موزیک لە کوڕ و کیژەکان هان بدات کاری هونەری بە پیرۆزی بکەن. سیندی کروفۆردی نمایشکاری فایشن روو لە نواندن دەکات و سەرکەوتنێکی مەزن بەدەست دەهێنێت و وێنەی ئەویش دەکەوێتە سەر بەرگی کۆوارە ناودارەکان و ئەو وێنانەش بە دەیان هەزار جار بڵاو دەبێتەوە، بەوەش ئەو دەگاتە پلەی سێیەمی ژنە جوانەکانی نەوەتەکانی سەدەی رابردوو لە جیهاندا. کە برا تەمەن دە ساڵییەکەی بە نەخۆشیی کانسەری خوێن دەمرێت، هەموو کات و سامان و ناودارییەکەی بۆ بنبڕکردنی ئەو نەخۆشییە و هۆشیارکردنەوەی کەسە نەخۆشەکان تەرخان دەکات، زۆریش پارە دەداتە کۆمەڵە خێرخوازییەکان و وەک ئەندامێکی ئەکتیڤیش کار دەکات.

ژنە ئەکتەر لورین لاڤیرن نامەیەکی کراوە ئاراستەی سەرکردەکانی جیهان دەکات کە داوایان

لێ دەکات پارزەوینی ئەفریقیا لە برسییەتی دەرباز بکەن، چونکە ئەو دیاردەیە کە زۆر گەشەی کردووە و دەیان ساڵە ئەو ناوچەیە ئەو دەردەی بەو شێوەیە بەسەردا نەهاتبوو. لەو نامەیەدا کە لەگەڵ پەنجا کەسایەتیی ناوداری ناو هۆلیوود ئیمزایان کردووە، نووسراوە کەوا ئاژەڵەکانی ئەو ناوچەیە بە مێگەل دەمرن و تینوویەتی هەراسانی کردوون، خەڵکەکەش هیچیان نییە تا ڕۆژانەی خۆیانی پێ بەڕێ بکەن. هەروەها لە نامەکەدا نووسرابوو کەوا لە وڵاتانی ئەسیوبیا و سۆماڵ و کینیا دوازدە ملیۆن کەس ژیانیان هەڕەشەی مردنیان لەسەرە و ساڵانەش ئەوەیان زۆرتر دەبێت.

***

دەبێ دان بەوەدا بنێین کەوا کەسایەتییە ناودارەکان کاریگەرییان لەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندندا هەیە، بۆیەش گەورە کۆمپانیاکان بۆ قازانج و ڕەواجی کاڵاکانیان پەنا بۆ ڕێکلامی ئەوان دەبن، دیارە هەر ئەوانەش دەتوانن ناودارییەکانیان لە بواری بەرژەوەندییەکانی تەندروستی و خزمەتکردنی نەخۆشەکان دەنگ و سەدا و ناویان هەبێت.

جینیفر گارنری ژنە ئەکتەری ئەمەریکایی لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٢ کە بەوە ناسراوە ڕۆڵی کەسایەتیی هەواڵگریی ئەمەریکایی دەبینێت و هاوسەری ئەکتەر بین ئافلیکە دوو کیژی هەیە. بێجگە لە نواندن جینیفر ئامادەییی زۆری لە چالاکییەکانی کۆمەڵە خێرخوازییە ئەمەریکاییەکان هەیە بەتایبەتی ئەوانەی لە بەرژەوەندیی نەخۆشەکانی سییەکان کار دەکەن، ئەویش پەیڤداری ئەو کۆمەڵەیەش بوو کە خەڵکی هان دەدا خۆیان دژ بە نەخۆشیی ئەنفلۆنزا دەکوتن، کە ساڵانە ٣٦ هەزار کەس لە ئەمەریکا دەکوژێت، ئەوانەش کوتانەکە بە پێویست نازانن.

کرویستوڤەر نوپی ئەکتەری ئەمەریکایی لە نواندنی دەیان زنجیرە تەلەڤزیۆنییە سەرکەوتووەکان بەشداریی کردووە، ئەو پەیڤداری بەردەوامی هەموو کۆبوونەوە و دیمانەکانە، کە تایبەت بە بابەتی نەخۆشیی شەکر دەکرێت و باس لە بەرنامەکانی هۆشیارکردنەوە دەکەن. لەو دواییانەدا دەبێتە ئەندام لەو دەزگایەی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە بۆ ئەنجامدانی پشکنینی خوێن و زانینی ڕێژەی شەکر، هانی خەڵکە نەخۆشەکان دەدەن چ جۆرە خواردنێک بخۆن و تێیان بگەیەنن وەرزش بکەن.

ماندی مووری ژنە گۆرانیبێژ و دانەر و ئەکتەر و دیزاینەری فایشنی ئەمەریکاییی لەدایکبووی ١٩٤٨ و دەیان ملیۆن دانەی ئەلبومەکانی لە هەموو جیهاندا فرۆشراوە، ئەو بەر لەوەی تەمەنی ببێتە هەژدە ساڵ پاڵەوانیەتیی فیلمێکی کردووە، لە مانگی ئەپریلی ٢٠١٠ وەک پێنجەم ئەکتەری جوانیی کۆواری بیبول دەستنیشان کراوە. ئەو سەفیری ڕێکخراوێکی تەندروستیی جیهانییە بەناوی ڕاژەی هاووڵاتییان کە تایبەتە بە هۆشیارکردنەوەی خەڵکەکە لە نەخۆشییەکانی مەلاریا و ئایدز. هەر لەو چالاکییەدا ئەو سەردانی زۆرتر لە بیست وڵاتی ئەفریقیاییی کردووە کە تێدا پەتای مەلاریا لەناو منداڵاندا بڵاو بووەتەوە، لەسەر ئەو گەشتانەدا کتێبێکی نووسیوە و داهاتەکەشی بۆ ڕاژەی ئەو ڕێکخراوەیە تەرخان کردووە. ئەو سەرۆکی شانازی کۆمەڵەیەکی تەندروستییە کە کار بۆ هۆشیارکردنەوەی نەخۆشەکانی کارنسەر و جیهازی لمفاوی دەکەن، هەروەها ئەو پەیڤداری

کۆمەڵەی ئەمەریکاییە بۆ نەخۆشەکانی کارنسەری منداڵدان.

ئیلیزابێت هازلیاک لەگەڵ سێ ژنە میدیاکاری تری ناسراودا هەفتەی پێنج جار بەرنامەی ڤیوو پێشکێش دەکەن. ئەو لە یەکێک لە بەرنامەکاندا ئەوەی ئاشکرا کردووە کەوا لە منداڵییەوە کێشەی درێژخایەنی هەرسی هەیە، بەڵام هەتا نەچوویتە زانکۆ ئەوەی نەزانیبوو، لەوێ پشکنینی کردووە ئینجا زانیویەتی ئەو نەخۆشییەی هەیە. ئیلیزابێت هەر بوارێک لە بەرنامەکان، یان لە کۆبوونەوەکان بدۆزێتەوە باسی ئەو نەخۆشییە دەکات و هانی خەڵکەکە دەدات کۆمەکی بوارەکانی توێژینەوەی تەندروستی بدەن، هەر لەو بوارەدا کتێبێکی نووسیوە قسە لەسەر کێشەکانی هەرس دەکات و ئەو نەخۆشییە بە جۆرەکانی خواردنەکان دەبەستێتەوە. بەر لەوەی کتێبەکەی دەربچێت، وتبووی داهاتەکەی ئەو کتێبە تەرخان دەکەم بۆ ئەو توێژینەوانەی لەسەر ئەو نەخۆشییە دەکرێت، ئەو زۆریش کۆشش دەکات ژنان لە کانسەری مەمک ئاگەدار و هۆشیار بکاتەوە، زۆریش لە بەرنامە تەلەڤزیۆنەکانیدا جەخت لەسەر ئەو بابەتە دەکات.

فران دیشر ژنە ئەکتەر و نووسەر و بەرهەمهێنەر و گۆرانیبێژ و پێشکێشکاری بەرنامە و چالاکوانی سیاسی و تەندروستی، لە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکەی بە ناوی نانی کە شەش وەرزە پێشکێشی دەکات دەناسرێت، ئەو لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٧ە. لە ساڵی ٢٠٠٠ هەتا دەبێتە پێشکێشکاری بەرنامەکە دوکتۆرەکان ناتوانن جۆری نەخۆشییەکەی وەک کارنسەری منداڵدان دیار بکەن، بەڵام کە منداڵدانەکەی دەردەهێنن بەیەکجاری چاک دەبێتەوە. کە دەزانێت نەخۆشە و چارەسەرییەکان وەردەگرێت کتێبێک لەسەر ئەزموونی دوو ساڵییەکەی لە نەزانینی جۆری نەخۆشییەکەی دەنووسێت، بۆیەش تێدا زۆر جەخت لەسەر پشکنینی پێشوەخت دەکات. فران دیالۆگ لەگەڵ ژن و پیاوان دەکات کە زۆرتر قسە لەگەڵ دوکتۆرەکانیان بکەن و زۆرتر لە پشکنینەکانیان بکۆڵنەوە. لە یادی حەوت ساڵی نەشتەرکارییەکەی واتە لە رۆژی ٢١ی مانگی یونیۆی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیار دەدات کۆمەڵەیەک بۆ پشکنینی ئیجباری بکات، لەوێ وتوویەتی:

پێویستە هەموو شتێک پێوەندیی بە جەستەمان هەبێت پێشی لێ بگرین، بەشێوەیەک لەگەڵ دوکتۆرەکانمان وەک شەریکێک بین، هەموومان کۆشش بکەین ئەندامانی کۆنگرێس ئیقناع بکەین، کەوا دەنگی ژنان گەورەتر و بەزەبرتر بێت لە دەنگی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنەری دەرمان. ئەو وەک چالاکوانێک رۆڵی زۆر دەبێت لە دەنگدان بە کۆی دەنگ لە کۆنگرێس لەسەر ئەو یاسایەی دوایی بە یاسای جوانا ناسرا. ئەگەرچی ئەو ژنێکی لایەنگیری دیموکراتییەکانە، بەڵام لە ئیدارەی سەرۆک بوش دەکرێتە دیپلۆماسی سەرۆک لە کاروباری ژنان، بۆیەش بواری دەبێت بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵکەکە بۆ دۆزینەوەی زووتری نەخۆشییەکانیان. لە هەڵبژاردنەکانی ئەو دواییەی سەرۆکایەتی پشتیوانیی کاندیدی هیلاری کلینتۆن دەکات، ئەو زۆریشی نەمابوو لە جیاتیی ئەندامیەتیی هیلاری بۆ کۆنگرێس خۆی کاندید بکات.

* ئەو بابەتە بە زنجیرە لە مانگی ئۆگستی ٢٠١١ لە رۆژنامەی ئەلجریدەی کوێتی بڵاو کراوەتەوە.

# خەون و خوێن

ئەحلام مەنسوور

من پەلکەزێرینەیەکم لە ئاسمانێکی تاریکدا، هەردەم هەر ونم، بۆ ئەم ونبوونەم هەر کۆتایی نایەت، نا نا... لە بازنەیەکی بەتاڵدا ناسووڕێمەوە، دەزانم چی دەکەم و کام ئەستێرە بۆنم دەکات، زۆرجار ڕەنگەکانم لە یەکدی جیا دەبنەوە، هەر یەکە و بەرەو تەوەرێک باڵ دەگرین، خۆشم، واتە روحم، نازانم لەناو کام ڕەنگدایە، هەر کە ڕەنگەکان دەلکێنەوە بە یەکەوە، ئازاد دەبم و تلیاکێ دەکێشم کە بریتییە لە وشە، نا نا لە نوقڵ ناچن، بگرە لە فرمێسک دەچن، سوێرن، شیرین نین، تاڵن، یەک بە یەک وشەکانم دەکێشم و بەنگ دەبم و وڕێنە دەکەم، جاری وا هەیە ڕەنگێکم دادەبەزێ بۆ ناو زیندانێک لە زیندانەکانی دنیا، یان گۆڕێک لە گۆڕە بێ نازەکان کە خاوەنەکانیان لەدایک بوون و مردوون بێ ئەوەی بژین، یان هەندێ جار لەناو سێبەرێکی رەشدا ون دەبم، سێبەرێک گەمارۆم دەدا و نابم بە خۆم، سێبەرە بێ ڕەنگەکان بە پەتی سێدارەکانیان ملم جەڕ دەدەن، جاری واش هەیە دێڕەکانم دەبن بە پەت، بە ملمدا دەئاڵێن و وەکو لاولاو گەڵاکانی تەمەنم وشک دەکەن، گەڵاکان هەڵدەوەرێنە سەر شۆستەکان، پیتێکم دەبێتە مار و پیتەکانی ترم دەبن بە کەلەپچە و مەچەک و قاچەکانم دەگرن، وشەکانیشم دەبن بە دووپشک و ژەهر دەرخواردی مەرەکەبی پێنووسەکەم دەدەن؛ نووسین لای من جۆرێکە لە دەرمان خواردکردنی شانەکانی مێشکم و خڕۆکە سوور و سپییەکانی خوێنم.

لە دەستی چەپمدا کلیلێک هەیە کۆدی مرۆڤە دۆڕاوەکانی پێ دەکەمەوە، خشتێکیش لەسەر سینگمدایە ناوی داهاتووە، دەشزانم داهاتووم لە زیندانێکدا تەواو دەکەم کە ناوی دەفتەرە، بۆیە بەردەوام بە قیست گیان دەدەم و دەمرم و نامرم.

ببوورن قسەکانم نەخشی بەرد نین، چونکە دانا نیم، هەر مرۆڤە یاخی و سەرکێشەکەی جارانم، پێستم هەموو کات بۆ زیندانێک دەخورێ کە ناوی گوانتانامۆ نییە، ئاڵای بەریتانیا و ئەمەریکای لەسەر نییە، نا نا زیندانەکەم سیبریا و ئەبوغرێب ـ یش نییە، من زیندانێکم دەوێ دڵ بێ، نا نا

لەناو دڵی کەرەکانیش جێم نابێتەوە، دوێنێ پێستی خۆمم کەوڵ کرد، ئەمرۆ هەردە پەنجەکانم بڕی، خوێنم لێ دەتکێ، خۆم جەللادی خۆمم، زیندانیی ئەم شەوەم، زیندانیی بەیانیم کە ناوی (بەیانییەکی سوور)ە. من لاپەڕە سپییەکانتان دەخوێنمەوە، کەچی ئێوە لاپەڕە ڕەشەکانمتان لێ دەبێتە ئاوێنەیەکی ڕەش، قەترانی، بۆنی مردن دەکەن و خوێن هەڵدەهێننەوە، وێنەکانی دەستپەڕکردنتان دیارە، ڕوون و ئاشکرایە، وەکو ملیار فیلم بە بەر چاومدا تێ دەپەڕن و بەزەییم پێتاندا دێتەوە، هەزار قاچ، ملیۆن لێو، ملیار کون، بیکەن، خەیاڵی خۆش بکەن، نۆشی ناوگەڵتان بێت، بەڵام خەون و ڕۆئیای من بۆ ناوگەڵ تێرکردن جیاوازە، وا مەزانن پێنووسەکەم شەوان لەسەر نیشتمان دەستپەڕ دەکات. نا نا، پێتان وانەبێ دەستپەڕی ئەدەبی پێ دەکەم، من وەکو پەلکەزێڕینەیەکی هەمیشەیی بە هەزار شێوە ڕەنگ دەدەمەوە.

دڵتان بووەتە بەرد، ڕادیۆ و کەناڵە کوردییەکان و ڕۆژنامە و کۆوارەکان دەتانهاڕن، پێم مەکەنن، من عیسا نیم، بەڵام بۆتان دەگریم، پێنووسەکەم خاچمە و تا دوای مردنیشم بەجێم ناهێڵێ، هەندێ پاڵەوان وەک سیسرکی ناو ئاودەستەکەم دەبینم، کەچی لە ئاودەستەکانی کۆشکەکاندا، سیسرکەکان ناوێرن زاوزێ بکەن، بەڵام لە ئاودەستەکەی مندان هەرچەند تیزاب و دەرمان و ژەهریان بەسەردا دەکەم، کەچی پەلاماری قاچ و دەست و چاو و ڕانەکانم دەدەن، مێزێکی پڕ لە شەکر دەبێتە دەریایان و تێیدا نوقوم دەبن، تینوویەتییان دەشکێ، خراپ نییە.

جاران بۆ پاڵەوانێکی ڕۆمان ناوێکی تایبەتییان هەڵدەبژارد، هەروەها ڕۆڵی کاریگەریان پێ دەدا، بەڵام ئەم نووسینەم پاڵەوانی نییە، بەردەکەی سەر دڵم قورسە، وا خەریکە دەیکەم بە تاکە کەوشێک سیسرکێکی سەر لاپەڕەیەکم پێ پان دەکەمەوە، کورگەل ناهەقم مەگرن، سیسرکەکان وشەکانم دەخۆن، کاغەزەکانم ناڵێنم هەی هاوار! ئەی مۆریانە ڕۆمانی ئەڵوەنی سێیەمی نەخوارد، ئەی یاداشت نامەکانی پاریس، ئەی ئەی؟... هەردەم هەر زیندانی بووم و ماڵەکەم لێ بووە بە گۆڕ، ئەمڕۆ من زیندانی تنۆکێ خوێنی کچێکی دوازدە ساڵانم، کە پەشۆکاوە و نازانێ بێ نوێژی یانی چی، ئەمڕۆ من زیندانی تاسەی شەقامێکم کە کەمئەندامێک ناوێرێ بە دارە شەقەکەی دوو سێ هەنگاوی قورسی پێ بدا، زیندانیی دڵۆپە ئاوێکم کە پیرەژنێک ناتوانێت حەبی شەکرەی پێ قووت بدات، وەکو کولێرەیەک لەناو تەنووردام و ئازادم، با بسووتێم، بەڵام خۆ هەر برسێتیی منداڵێکی نایلۆنفرۆش تێر دەکەم، دەزانم داونەریت بە ددانەکانی ونجڕ ونجڕم دەکات، دەخزێمە نێو... نێو... نێو...

زیندانی ئاوێنەکەم نیم، بەڵام دەستەکانم کەلەپچە کراون. کەلەپچەکان کۆتاییان نایەت، ئەم فرمێسکە دیلەش وەکو پشتی ئەسپ جوانە، بەڵام ناوێرم سواری بم، بگرە دەیکەم بە دەرمان چونکە پشتی ئەسپەکان بەهۆی قامچیی عارەبانەچییەکان بریندار کراون.

برین وەکو درم و پەتا تێکەڵ بە ئۆکسجینی گەردوون بووە، ئەمڕۆ نەک تەنیا من بریندارم، بگرە

شارەکانیش بە بزماری تیژی هەنگاوی دز و جەردەکان بریندارن، خاکی نیشتمانە جوانەکەمان بە پۆستاڵی عەسکەری تورکیا گلاو بووە، ئێوە وەکو مەیموون هەر هەڵپەڕن، با منیش لە ماڵەکەمدا نەوێرم هەنگاوێکی ئازاد بنێم.

شووشەی چاویلکەکەم بە میزی شیعری چ شاعیرێک بسڕم؟ زۆرجار دەبم بە باڵۆن، روو لە ئاسمان دەکەم، لەبەرئەوەی شەرواڵم لەپێدایە، پێویستم بە پەڕەشووت نییە، ئەگەر بکەومە سەر زەوی و قنگم بشکێ، خۆ کورد زیانی بەر ناکەوێ، ئاوێنەی ژنانی ناشکێ، تەنیا ئاوێنەی خەونەکانی من ورد و خاش دەبێ، لەهەر وردە شووشەیەکدا نەخشەی ئەو سنوورانە دەبینم کە رۆژێ هەزارجار دەیانبەزێنم، هەندێ جاریش سنوورەکان دەکەم بە بەربەستێ بۆ لافاوی خوێنم، هەموو بەیانییەک گوێیەکانم پڕ دەبن لە قسەی سواو، پێنووسەکەم دەبێتە ژنێکی چەقاوەسوو، لاپەڕە رەشەکانم دەدڕێنێ و فڕێیان دەداتە ناو تەنەکەی خۆڵ، ئەگەریش بمەوێ دەموچاوم بشۆرم بەلوعەکە وەکو تاقگە بە فیشقەی خوێنی شەهیدەکان دەموچاوم سواغ دەدات، ئیدی ماکیاجم ناوێت، دەمارەکانیشم دەبن بە چەند رووبارێکی خوێناوی و کاشییەکانی ماڵەکەم بە فەرشێکی سووری شیرینی بێ خوێ دادەپۆشرێن.

بڕوام بە نووسین ماوە، وشەکانم لەسەر دێرەکاندا رێپێوان دەکەن، دروشمی مردنیان هەڵگرتووە وەکو کاروانی مێرووله، هەر یەکەیان لەباتی گەنم شاخێکی کوردستانی هەڵگرتووە، من ناوەڕم، بە پێنووسەکەم لە قوزی دایک و خوشکی کەس نابەم، چونکە ئەمەندە سووکایەتی بە قوز دەکرێ، ئەوەندە سووکایەتی بە پشقل ناکرێ، ئەمەندە ناوی ئەم وشەیە بەکار دێ، وا خەریکە زاراوەی پرۆسەی ئازادی و کۆمەڵی مەدەنی، فێمێنیزم و فیدراڵی و هتد لەناو دەچن...

رستەکانی ئەمڕۆ تێکەڵاوی یەکتر بوون، بۆیە فەرهەنگی کوردی بووەتە چێشتی مجێور، من هەر دەتوانم بێدەنگ بم، بە رادەیەک کە دڵم بووە بە بیر. لایلایە بۆ سەرە قورسەکەم دەکەم، لەم دواییەشدا سەرم تەقییەوە، وامزانی تەنێ مرواری تێدایە، بەڵام چاوەکانم پێم دەڵێن: "خوێنی ئۆقیانووسی دڵت دەکەین بە شەستە بارانی مرواری سوور، خڕۆکە سوورەکانی خوێنیشت دەکەین بە کەتیرە و بە سفتی دەیانکەینە ناو دەزووی دێرەکانتەوە".

ئیدی ناچارم ئەم نووسینە بکەم بە ملوانکە و بیکەمە ملتان. سەرم بۆ دامەوێنن، نامەوێت، من بەربەرەکانی لەگەڵ شاخەکاندا دەکەم، حەزیشم نەکرد ببم بە تیشک و بچمە ناو بیلبیلەی چاوە گەشەکانتانەوە، بەڵام نهێنی شاراوەی ناو خەونە ئاڵۆزەکانتان بوو بە قەدەرم، من و ئێوە پێچەوانەی یەکدین، چاوەکانی وشەکانم سەیری ئاوێنەی سەیارەی گەنجەکان ناکەن، گوێ شل ناکەم بۆ دەنگی کاسێتی گۆرانییە زەق و قێزەونەکان چونکە بڕبڕەی پشتی شەقام و جادەکان بەرگری لە خۆیان ناکەن، ناچار دەبم هەموو شەوێک قاوەتان بۆ بگرمەوە، لەناو فنجانە بچووکەکەمدا هەمووتان دەبینم، یەک یەک چارەنووستان وەکو لاپەڕەیەکی رەش دەخوێنمەوە،

پرسیارم لێ مەکەن، کەس نەڵێ چۆن خەمۆکی من دەخوێنیتەوە؟ قەت ئاگاتان لە گرەی دڵی من نییە، چۆن باری قورسی سەرشانەکانم سووک دەکەن؟ ویژدانم هێلانەی راستەقینەی روحمە، ڕەگی درەختەکان ئاوی ویژدانی من دەمژن، گەڵاکان بە ئاوی ویژدانم سەوز دەبن، گوڵەکان ئاوی ویژدانم دەکەنە بۆن دەبنە خشت بۆ ئێوە، ژنان لە دەرەوەی ماڵەکەم، لە کونی دەرگاوە بۆنی هەنگاوەکانم دەکەن، هەر وا بوون، چاوەکانیان دەبن بە ملیارێک کامێرا، زمانیان دەبێت بە بلیارێک مەقەست، شەو و رۆژ هەر دەیبڕێسن.

پڕ بە دەم جڕت بۆ فیمینیزمیان دەکێشم، لە نێوان خانووەکەی من و خانووەکەی کۆسرەت رەسولدا دوو سەد متر مەودایە، نە ئەو ئاگای لە منە و نە من ئاگام لە ئەوە، شاخێک لە نێوانماندایە، بە سەریدا سەرناکەوین، رەنگە بەبێ هەنگاو بتوانم بەسەر شاخەکانی هیمالایادا سەرکەوم، بەڵام قاچەکانم لە دامێنی شاخەکەی من و کۆسرەت رەسولدا ئیفلیجن، قەت ناگەینە یەکدی، دەرگاکەی ئەو پێشوازی لە سەرۆک عەشیرەتەکان دەکات، دەرگاکەی من پێشوازی لە خوێندکارە ئاوارە و باوک شەهید و دایک "باجی" و برسییەکانی زانکۆ دەکات، دەرگای ئەو هەزار و یەک کەس دەیپارێزێ، دەرگەی من رەشەبا دەیپارێزێ، باغچەکەم پڕە لە مشک و پشیلە و بۆق، بە ئازادی بۆ خۆیان دەژین و یەکدی ناخۆن.

هەر کە بەبێ کلیل دەرگەی حەوشەکەم دەکەمەوە، لە هەموو وەرزەکاندا پەپوولە پایزەکان پێشوازی لە هەنگاوە قورسەکانم دەکەن، کاتێ دەچمە ژوورێ، وەکو بولبول دەچمە ناو قەفەزەکەم، نان ناخۆم، خەریکی خواردنی خەیار و تەماتە دەبم، گەدەم بە برسێتی ڕاهێناوە، من دەزانم برسێتی چییە و چۆنە، چونکە هەموو سی و قورگ و جگەر و کۆئەندامی لەشم بە دووکەڵ راهاتووە، بۆیە خۆراکی کەم دەخۆم و هەموو ساتێکیش شۆڕشێک لەناو پیتە چنراوەکانمدا بەرپا دەبێ. دەبێ سات بە سات دەنگوباسەکان لە بێژنگی ئەقڵم بدەم، نە ئاسمان دەگری و نە باران دەبارێ، شار بووەتە بیابان و مرۆڤی کورد بووەتە سفر، شەو و رۆژ بەبێ قیبلەنوما، بارە گرانەکەی لەسەر شانە و بۆ نان و فرمێسک میز دەبارێنێ، میزەکەیان وشک دەبنەوە، دڕک بڵاو دەبێتەوە، شار نە ماتۆڕی تێدایە و نە پاسکیل، شار شاری عارەبانەیە، گوڵە جوانەکان خۆیان دەسووتێنن، ماسییەکان هەر دەگرین، باڵی پەپوولەکانی خەون گڕ دەگرن، نەست بووەتە چڵکاو و پیساییی خەونە رەشەکان بە پێنووس سپی نابنەوە، هەڕەشە لە ژیانم دەکا و بەرگری لە خۆم دەکەم، دەگریم بۆ فرمێسکی فرمێسک، شەقامەکان هەنگاوەکانم راو دەنێن، ئەفسانەکان دەپێچمەوە، دەگەڕێمەوە بۆ سەرەتاکان: چۆن مرۆڤ دروست بوو، دەگریم بۆ کورد، چونکە لەگەڵ ئەواندا لەدایک بوو، بەڵام خێرا بوو بە دووکەڵ. ئەو دووکەڵە تێکەڵ بە دووکەڵی جگەرەکانم دەبێ، سەریشم دەبێتە قاسەی مێژووی ئەم دوو جۆرە دووکەڵە کە تێکەڵ بە یەکدی دەبن و کاسەی سەرم دەکەن بە ئاسمان و دەبنە هەور و باران و چەند برووسکەیەک. برووسکەکان دەبن بە چەند

چەقۆیەکی تیژ، دەمار و سی و ریخۆڵەکانم دەبڕن

له رەقـەمـەکان ورد دەبمـەوە، پیـتە کـۆنەکـان لەناو شـانەکـانی مـێشکمـدا هەڵدەوەشـێنمـەوە، مێرووولەیەکی کورد بەسەر دێرەکانی ژێر دەستمدا هاتوچۆ دەکات، ئاخۆ ئەگەر دوو دڵۆپە خوێن و فرمێسک ببارێنم به سەریدا شۆڕشێک بەرپا دەکات؟ نەخێر، لەوانەشە وا بزانێ وشەکانم گەنمن و یەک بەیەک پیتەکان بخوات، یان یەک بەیەک بیانبات و بیانکات به پاشەکەوتی زستانی، کورد به کـۆکـردنـەوەی پاشـەکـەوت نـاسـراوە، ملـمـلانێ لەگـەڵ قـەدەری ورگ دەکـات، ئای له برسـێـتی چێشتخانەی کوردی لەو دیوی پەردەکانیش چەندین مێز به قەل و گونی وشتر رازێندراونەتەوە، هەزار جۆری چێشتی پیلان و کودەتا و هاوپەیمانێتی و کڕین و فرۆشتنی نەوت و مۆزەخانەکان لەناو مەنجەڵی گەندەڵی و کۆنەپەرستیدا وەکو یاپراغ و به سڵقی نیشتمانپەروەری دەپێچرێن و لەسەر ئاگری خوێن لێ دەنرێن، هەڵمی ئەو چێشتخانانە زوو دەگاتە لووتی من، ئاخر لووتم له لووتی سەگی پۆلیس دەچێ، ئای که پێستم بۆ زیندان دەخورێ.

چونکه چیرۆک به جوانی لەدایک دەبن، ئێستا من هەر چیرۆکی زۆڵ فڕێ دەدەم و لەناو دەفتەردا زیندەبەچاڵیان دەکەم، ناچارم قوماریان پێ بکەم، زۆرجاریش قاچاخچێتییان پێ دەکەم و لەسەر تەختەی شەترەنجدا ریزیان دەکەم و ئینجا یارییان پێ دەکەم، بەداخەوە وەزیرەکانم دزیم لێ دەکەن و دڵۆپەکانی خوێنم دەدزن و هەروەها مەلیکەش سەربازەکانم دەکوژێ و کش مەلیکم پێ دەکات، بێزار دەبم کش مەلیک لەخۆم دەکەم، هەست دەکەم بیرم خەسێنراوە، سەربازێکم هەیە ونە، زۆرجار له کونی دەرزییەکەوە سەیری دەکەم، جاری واش هەیە هەزار چاویلکه له چاو دەکەم و نایدۆزمەوە، سەربازێکی تریشم هەیە بێ ناسنامه و ژمارەیە و پۆستاڵ و دەمانچەی نییە. سەربازێکی نیشتمانپەروەریشم هەیە برێتییە له زێڕ، مردووە، وێنەکەی له ئەرشیفی مێشکتان سڕاوەتەوە، هەموو شەوێک گۆڕستانەکەی بەجێ دێڵێ و گۆڕەکەی چۆڵ دەکا و گوو دەکاتە ناو ویژدانتان، خوێنی دەبێ به ئۆقیانۆس، رۆژ بەڕۆژ ئەو ئۆقیانۆسە خۆێناوییە هەڕەشەم لێ دەکات، من رازیم تێیدا نوقم بم، به پاشەکشێی شەپۆڵەکانی نارەحەت دەبم. ئەمرم، دوای مردنم هەوڵ دەدەم وشەیەکم بکەم به گولله، بەڵام کێ بکوژم؟ کێ قابیلی کوشتنە، جگە لە نۆکەرەکان؟ که له تاریکیدا یاری دەکەن، سەرباز له کوردستاندا نییە تاکو به گولله مەلیکی شەترەنجەکانیان بکوژێت، ئەی قەلاکان، ئیشیان چییە؟! بەنزین و نەوت دەدزن، منیش، هەر هەموومان لیکاومان وەکو تاڤگە دەبارێتە سەر لاپەڕەکانی رۆژنامەکان، دنیا تاریکە، کارەبا نییە، خۆشم بفرۆشم "مۆلیدە"یەک ناکات، کەچی کەمال فوئادی دراوسێم کارەبای دابەش کردووە بە سەر دراوسێکانیدا، کش مەلیک، یاری تەواو، میزم دێ و ڕێی تەوالێتەکەم نادۆزمەوە، چەرخەکەشم گازی تێدا نەماوە، پێنووسەکەم ئەمەندە ئەفسووناوی نییە داگیرسێ و ڕێگەم بۆ تەوالێت نەک بۆ ئەمەریکا ڕووناک بکاتەوە، دەبێ یەخەی خۆم بدڕم و میز بەخۆمدا بکەم، هەی هاوار تەنگاو بووم،

ئای نووسینیش یەخەی گرتووم، بەهۆی تەنگاوبوونم چەندین بیرۆکەی وێنەی شیعری و پەرەگرافم لەبار چوون.

***

لینین چۆن یاری شەترەنج دەکات، حەزم کرد خۆیان بزانن نۆتەکانی ناو ورگی شارۆن چییان بەسەر هات. من هیچم لە دەست نایەت، تەنیا بەردبارانی عەدالەتخوازان دەکەم و حەق پەرستیم بە جگەرەیەک ناگۆڕمەوە، ئای کە نازانن من و ئەو مردووانە لە چ رۆژێکدایین ماسییەکانی ئەڵوەن بەتەمان شۆڕشێک بەرپا بکەن، لەجیاتی ئەوەی پاشماوەی ورگزلەکان قووت بدەن، خۆ وەنەبێ ئەو ورگزلانە نەتوانن ماسییەکانی ئەڵوەن بکەنە ژەمێکی خواردنی خۆیان، هەموو رۆژێک هەر ئەم و ئەوە یەخەی من دەگرن، بەردەکانی ئەڵوەنیش دەیانەوێ لەدارم بدەن، منیش گرەم دێ بۆ خەونێکی ئازاد. بۆ گۆڕێکی ئازاد، کەس یەخەم نەگرێ، دانیشتووم و تاریکی بە دووکەڵی جگەرە دەکوژم، باشە چیی تر هەواڵە رەشەکان نابینمەوە.

بێ ئومێدم، هەروەک گەنجە بێ ئومێدەکان کە بەردەوام خەو بە کارخانەوە دەبینن، دەستپەڕ بەچۆکیدا هێناون، لەم تاریکییەشدا وا خەریکە دێڕەکانم لێم دەبن بە چەقۆ و ملم دەبڕن، دەمێکە لە نان تۆراوم، جاران سوێندم پێ دەخوارد و ئێستاش پزیشکەکان نان خواردنیان لێ قەدەغە کردم، زۆرجار گلەیی لە مارکس دەکەم، شەوی وا هەیە خەونەکانم بۆ دەکاتە ژەهر و لەناو خوێنمدا دەتوێنەوە، دەرمان خواردم دەکەن، دەنگم ناگاتە ئاسمان، ئەم شارە کارتۆنییەش لێم بووەتە تراویلکە، هەنگاوەکانم دەگرین بۆ ئاسمانی خوێناوی جاران، ئێستا شار ئاسمانی نییە، ئاسۆی نییە، هەر کۆڵەکەیە و بەرز دەبێتەوە، هەر فرمێسکە و دەبێتە خوێن، هەر چاڵە و قووڵتر دەبێتەوە، هەر گۆمە و پیستر دەبێت، هەر سکاڵایە و لە لێوەکانەوە وەکو تاڤگە دەبارێت، هەر خەونەو دەکوژرێت، هەر زەردەخەنەیە و دەمرێت، هەر ئاغزە جگەرەیەو فڕێ دەدرێت، هەر وشەیە و کاڵ دەبێتەوە، هەر خەونە و لەبار دەچێت، هەر غیرەتە و دەبێتە بلۆک، هەر دەمڕاستییە و دەبێتە جرت، هەر گرەو دەبێتە رەشەبا، هەر لاپەڕەی سپییە و دەبێتە کفن، هەر گۆرانییەو دەبێتە زەڕە زەڕ، هەر خۆشییەو دەبێتە شەڕەنگێزی، هەر گەڵای سەوزە و دەوەرێت، زەرد دەبێتەوە لە بەردەم گسکدا بەرگری لە خۆی ناکا و روو دەکاتە زبڵدان، هەر راستییە و دەبێتە درۆ، هەر تێرییە و دەبێتە برسێتی، هەر شلەیەو دەبێتە چڵکاو، هەر ئازادییە و دەبێتە مۆتەکەی سەر سینگ، دەبێتە کەلەپچە و خەونی ئاڵۆز، هەر خۆشەویستییە و دەبێتە دوژمنکاری، هەر نامەی عیشقە و ڕەفزی بۆ دێت، هەر دێڕە و دەبێتە مار، هەر خەنەیە و دەبێتە قوڕ، هەر کێڵگەیە و دەبێتە گۆڕستان، هەر ژیانە و دەبێتە بەرد، هەر بارانە و دەبێتە غەزەب، هەر لەشساغییە و دەبێتە درم، هەر گلەیییە و دەبێتە برین، هەر تەمەنە و دەبێتە سووژن، هەر مەرەکەبە و دەبێتە خوێن، هەر لایەلایەیە و دەبێتە تڕی شەیتان، هەر دڵنیاییە و دەبێتە دڵەڕاوکێ، هەر کۆلارەیە و دەبێتە ئەژدیها، هەر رێگەیە و لە

خۆیەوە دادەخرێت، هەر دۆزینەوەیەو ون دەبێت، هەر کەوە و دەبێتە خەڵۆز، هەرماڵە و دەبێتە قەفەز، هەر سەنگەرە و دەبێتە زیندان، هەر پێشمەرگەیە و دەبێتە ئاسایش، هەر کچە و دەبێتە قەیرە، هەر دەستپەڕە و دەستپەڕە و دەستپەڕ، هەر وێرانی دەروونی گەنجەکانە، هەر گڕە و دەبێتە خۆڵەمێش، هەر زەنگە و دەبێتە سەگوەڕ، هەر خۆڵە و دەبێتە تۆفان، هەر جوانییە و دەبێتە تاعوون، هەر قژی درێژە و دەبێتە دووکەڵ، هەر زاوا و بووکە و دەبنە دووکەڵ، هەر ڕۆژنامەیە و دەبێتە سفرە، هەر پێنووسە و دەبێتە گۆچان، هەر لۆکەیە و دەبێتە پەت، هەر مۆبایلە و دەبێتە هەواڵی رەش، هەر ئاسوودەییە و دەبێتە پاسپۆرت، هەر چەرچەفە و دەبێتە گوێنی، هەر سیسەمە و دەبێتە دارە مەیت، هەر رەحەتبوونە و دەبێتە هەناسەساردی، هەر چەرخە و دەبێتە پشقل، هەر رەشماڵە و دەبێتە گۆڕ، هەر دڵنەواییە و دەبێتە نیگەرانی، هەر عیشقی گەرمە و دەبێتە نۆکاوی سارد، هەر تارمە و تەلارە دەبنە مینی مارکێت، هەر درەختەو دەبێتە تارمایی، هەر ئارامەو دەبێتە خەمۆکی، هەر کلینکسی سپییە و دەبێتە گوو، هەر مەزاریە و دەبێتە مەرگێکی هەمیشەیی، هەر شەخسە و دەبێتە گۆدۆ، هەر گوڵە و دەبێتە میزڵدانێکی تەقیو و چرچ، هەر پێستی سپییە و دەبێتە چادر، هەر سپیاوە و دەبێتە دەمامک، هەر کلە و دەبێتە برژانگی شەیتان، هەر سووراوە و دەبێتە ئاخ و داخ، هەر نانی تیرییە و دەبێتە عەلاگەی خۆڵ، هەر چاوە و دەبێتە بۆق، هەر مۆم ەو دەبێتە قەتران، هەر بەفرە و دەبێتە قیر، هەر هێلکەیە و دەبێتە گونی مەیموون، هەر رێزە و دەبێتە تەپاڵە، هەر کورسییە و دەبێتە عەرش، هەر هەنگوینە و دەبێتە ماستاوچێتی، هەر گوێزە و دەبێتە گونی سیاسەتوانان، هەر یاسایە و دەبێتە سزا، هەر عەداڵەتە دەبێتە دان کلۆر، هەر دڵە و دەبێتە ماشێن، هەر هەنگاوە و دەبێتە تایەی علوج، هەر ئاوازە و دەبێتە لاوانەوە، هەر قەمەرەیە و دەبێتە یاریگەی پشیلە، هەر کۆترە و دەبێتە شەمشەمەکوێرە، هەر کانییە و دەبێتە زێراب، هەر سەربەرزییە و دەبێتە رووڕەشی، هەر ویژدانە و دەبێتە دز، هەر شۆڕشگێڕە و دەبێتە نۆکەر، هەر راکردنە و دەبێتە پاشەکشێ، هەر پەرییە و دەبێتە جاڵجاڵۆکە، هەر بەتانییە و دەبێتە پێست، هەر سەرینە و دەبێتە گەڵای پیاز، هەر قوماشە و دەبێتە ژیژک، هەر قابی فەخفورییە و دەبێتە دەفری فڕندەی جاسووسی، هەر ئەستێرەیە و دەبێتە قاسەی بلۆکی دۆلار، هەر گەنجە و دەبێتە کیسەڵ، هەر مانگە و دەبێتە ئاخ، هەر هەناسەیە و دەبێتە هاوار، هەر شەکرە و دەبێتە ژەهر، هەر پاقلەیە و دەبێتە مەگەز، هەر مریشکە و دەبێتە ڤایرۆس، هەر کۆمپیوتەرە و دەبێتە تلیاک، هەر مەیە و دەبێتە زووخاو، هەر جگەرەیە و دەبێتە بەڵغەم و هەر کتێبخانەیە و دەبێتە ژێرزەمینێکی خاپوور، هەر تابلۆیە و دەبێتە شەفقەی هەڕاجکراو، هەر نۆتەیە و دەبێتە قیژە و هەر سوپەرماکێتە و دەبێتە گۆڕەپانی رایسز، هەر گوڵدانە و دەبێتە ئاوگەردان، هەر پەرداخە و دەبێتە ژەهرەکەی سوقرات، هەر کریستاڵە و دەبێتە شیش، هەر زێڕە و دەبێتە سەرمایەی قوز، هەر گۆرەوی نایلۆنەو دەبێتە گیرفان، هەر سەمایە و دەبێتە پۆستاڵی ئەمەریکایی، هەر هەورە و دەبێتە لەعنەت، هەر کەبابە و

دەبێتە سكچوون، هەر مانایە و دەبێتە فشە، هەر پانكایە و دەبێتە سێدارە، هەر جۆلانەیە و دەبێتە كورسی كارەبایی، هەر چەرخوفەلەكە و دەبێتە زبڵدانی مێژوو، هەر مەنجەڵی یاپراغە و دەبێتە كودەتا، هەر شێخ مەحشییە و دەبێتە مین، هەر مێژووە و دەبێتە قەحپە، هەر جوگرافیایە و دەبێتە گەواد، هەر گەڕیدەیە و دەبێتە جاسووس، هەر سمتە و دەبێتە بێژەنگ، هەر قنگی كچی جوانە و دەبێتە جنێو، هەر غەزەلە و دەبێتە مەسجی رەفز، هەر... هەر.. هەر... هەر...

گەلان زەلیلی دەستی خواوەندی برسێتین، وشەكان قوڕ دەپێون، شەیتانەكانیش بە كلكی شۆڕشگێڕان یاری دەكەن، سیسركی تەوالیتەكانیش لە سێكسبازیدا زۆر كلاسیكین، هاوڕێ مردووەكەشم بۆ نەخشە سیاسییە ستراتیجییەكانی دەگری، دڵنیاشە كە فەوتاون، هەموو هاوكێشەكان لە مێشكی مندا زاوزێ دەكەن، وای دەزانی كلیلی گەردوونی لە گیرفاندایە، مرۆڤەكانیشی بە بۆق دەزانی، مرد.

كتوپڕ مرد خەمێكی بۆ بەجێ هێشتم دەرمانی نییە، كلیلەكانی دەروونی مرۆڤی بۆ بەجێ هێشتم، دەیزانی ئاقڵ شێت بكا و شێت ئاقڵ بكا، ئەو كلیلانە لەناو مێشكمدان، دەتوانم دیكتاتۆرەكان شێت بكەم. هەر هەموویان بە هەموو مەودا و قەوارە و زەمەنیانەوە ناتوانن خەون و خەیاڵی سوریالم كۆنترۆڵ بكەن، منیش بە كامێرای وشە خوێناوییەكانم وێنەی ورگەزلەكانیان بگرم، نووكی پێنووسەكەم وەكو چەقۆ دەچەقێنمە ناو ناوكیانەوە، بەڵام شەهیدەكان ناهێڵن، سكاڵای گەنجێتیی خۆیانم بۆ دەكەن و پێم دەڵێن: لێیانگەڕێ. خەتای ئێمە بوو بڕوامان پێ كردن.

دوێنێ شەو شەهیدەكان هاتنە لام، بە ڕێپێوان گۆڕستانەكانیان بەجێ هێشت و لە دەرگەی گۆڕەكەمیان دا، نەمویرا بە"رەئووف قەیتەران" بڵێم: "خۆ رووباری ئەڵوەن هێشتا وشك نەبووە، وزەی خوێن تێكەڵ بە وزەی نەوت بووە"، ئەم هاوكێشەیە لەسەر نێوچەوانم نووسرابوو، هەر هەموویان خوێندیانەوە، بە خشت و بەرد و خۆڵی گۆڕەكانیان بەردبارانیان كردم، هیچم نەوت، نەموت، خۆ شەوان خدری زیندە بە دۆلار باوەشێنم ناكات، نەموت سۆفییەكان، چونكە لەوانەیە نەخشەی تەریقەتەكانیان ون كردبێ، نەموت....

دوێنێ دەمزانی، ئەمڕۆ دەیزانم، سبەینێش تەنیا هەر من دەیخوێنمەوە، ئەم ساتەش گیرم كردووە، دەڵێی كورسییەكەم بووەتە كورسی كارەبایی و گیانم دەكێشێت، روحم دەرزی ئاژن دەكرێت، بەرچاوم تاریكە، لەناو تونێلێكی داخراودام، سەرم لە دیوارەكانی دەدەم و دەخنكێم و هیچ، ئەم هیچە حیزەم لێ بووە بە مەرگ و چاوەڕێم دەكات، نازانم چۆن وەڵامی درۆكانم بدەمەوە، شەهیدەكان گەمارۆیان داوم، دەبێ "لە خەونم دا" شتێكی نوێیان بۆ بنووسم، شەهیدێك وتی: "ناوێرم لاپەڕەكانی مێژوو هەڵدەمەوە.

منیش پێم وت: با پڵاویان داگیر كرد، ترسی گۆڕی رەئوف قەیتەرانتان نەبێت، لەوانەیە بەردەكانی باوە مەحمیدیش بدزن. بەردەكان خڕن، توندن، لە مەمكە توندەكانی دۆستەكانیان

دەچن. یەکێکی تر وتی: "چاوی منداڵەکان فرۆشراون، خەونی پەڕەسێلکەکانیش دزراون، تەنیا ریقنەی دەمی میدیای کوردی ماوە".

پێم وتن: بڕیارم داوە خوێنم بگۆڕمەوە بە خوێنی کەرێکی نێرەمووک، تا دوێنێ ماکەرانی شاخەکان بە دەستیانەوە رایان دەکرد، ئاو لە چاویانەوە دەهاتە خوار، سکیان پڕ دەبوو، کە دەزان جاشیان نەدەبوو، بگرە بێچووی ئیفلیجیان دەبوو.

بۆیە مۆتەکە سواری پێنووسەکەم بووە، بڵێم چی؟ هەزار بیرۆکە و فلسێک، هەزار فیلم و رۆمان و ئۆپەرێت و شۆڕشی ناخ و فلسێک، تەنیا لاپەڕەکانم نیشتمانی منن، بستێک خاک نییە لە زەویدا کە بەریتانیا مینێکی تێدا نەناشتبێت، من ئاوێنەو لاپەڕەی سپی و ئاسمان دەخوێنمەوە، چی بکەم کە پلەی هەستم سەت لە سەتە؟! با چاوەکانم کز بن، با کوێر بن، خۆ گوێیەکانم پڕ دەبن لە هەواڵەکان، هەواڵی رەشی گەنجەکانمان، تۆ بڵێی بە زیندەبەچاڵکردنی خەونەکانمان، ئاسمان پڕ بێت لە هەور؟

ناڵێم ئەقڵم تەرازووی زەڕەنگەرە، بەڵام خۆ بۆنی خوێن دزینی گەلان دەکەم، خۆ بۆنی سەرگەردانی و سەرلێشێواوی میللەتەکەم دەکەم، لە تەرازووی مێشکمدا دەبینم کە بەریتانیا بە مسقاڵ هەواڵی رەش بڵاو دەکاتەوە، بەڵام تەنێک هەواڵ دەخاتە سەر پشتی ئەمەریکا و ریسوای دەکات، پرۆتۆکۆل + دەنگوباسی کڕین و فرۆشتنی نەوت، دزی+ بازرگانیکردن بە لەشی ئافرەت + داگیرکردنی وڵاتان + شەڕنانەوە لە دارفۆر و فەلەستین + هەواڵە شاراوەکان + کۆد و هێماکان+ گفتوگۆکان + نهێنی لاپەڕەکانی ناو جانتاکانی دیپلۆماسی= منێکی مێشک هاڕاو، کە بە پاڵەپەستۆ و دەست بە دیوارەوە دەگرم و بەپێی پەتی رێگەی بەرپێم دەدۆزمەوە، ئێسقانەکانم لەناو مەنجەڵی کۆنەپەرستیی کوردستاندا دەهاڕدرێن، بە هەڵمی دەخنکێم، ئای لە کەر پیاو خۆم! رۆژی چەند جارێ کودەتام لەسەر دەکرێت و پێی نازانم، بە نیشانەی پرسیار کە قولاپە و دڵم دەگرێت، هەوری رەشی داهاتوو ئاسمانی ژوورەکەمی تەنیوە، جاران نێوچەوانم ئاوێنەی مێژووی زەمان بوو، کەچی ئێستا مێژوو کردوویەتی بە لاپەڕەی خۆی، هێڵەکانی داگیر کردووە، بۆیە بڕیارم داوە ئاسمان بکەم بە ئاوێنەی خۆم، هەموو جۆرە زوڵم و زۆرداری و ناعەدالەتی تێدا دەبینم، خوایە، تکایە ویژدانم بەجێ بێڵە، یان بیمرێنە، هەی هاوار لە دەستی ناحەقی، تۆ بڵێی ئەگەر بەرەو عیرفان باز بدەم لە پێستی خۆم دەردەچم؟! هەر دەبێ شیعرە سیاسییەکانی نزار قەبانی بکەم بە حەبی خەواندنم، خۆم بەنگ بکەم و فێری ئەم جۆرە بەزمە بم... نا نا هارتر دەبم، شێت دەبم، کۆڵان بە کۆڵان بە یەخە دڕاوی دەسووڕێمەوە، خۆ خەواندنی چی؟ شیعری ئێمە مردووە، دڵی وەستاوە و لە کار کەوتووە، وەکو جاران خوێنی شیعر هەڵناهێنن، دەڵێن مردووەکانیشمان فرۆشراون، ئای لە بۆچوون و خەونەکانی مارکس کە بوونەتە زڕنیخ، خۆمی پێ دەرمانخوارد دەکەم، با بمرم، مادام بوقاری بەهۆی کێشەی عیشقەوە، بەجۆرە زڕنیخێک خۆی دەرمانخوارد

کرد، من بە زڕنیخی کارل مارکس ڕۆژی هەزارجار خۆم دەرمان خواردەکەم و نامرم، جاران ئەم زڕنیخە هەنگوین بوو، تۆ بڵێی ئێستاش کاریگەری جارانی هەبێت؟ بە ملیۆن مل لە پێناویدا لەدار دران، نا نا. نەخڵەفاوم، وت و وریام، ئەم نووسینەم دەکەمە دەمانچە و وشەکانم دەکەمە گوللە، گوللەی چی؟ ئەتۆم، خەیاڵم خاو نییە، چونکە شیری منداڵی من نەوتی "نەفتخانە" بوو، دەتەقمەوە و نامرم، ڕاستە تۆنی بلێر تەنوورە ڕووخاوەکەی دایکمی تاپۆ کردووە، خومەینیش ڕووخاندی، بەڵام دوا مەسکەنم هەر ناو ئەو تەنوورەیە، هەر دەبێ گڕ بگرم و نەکوژێمەوە و نەبم بە خۆڵەمێش، قەت دانانیشم و لە دوورەوە بۆنی نانی تەنووری ژنانی خانەقین دەکەم، نا نا، ئەوە من نیم، خوا دەکا ئەڵوەن وشک دەبێت، بە ئاوی چاوم لافاوی بۆ دەکەم، با قەڵەمەکانی دنیا بنوون، ببنە "اصحاب الکهف"، بەڵام قەڵەمی من چاوێکە و نانوێ، با کەر و هێستر و ماینی دوێنێ ببن بە فڕۆکە، حەتمەن قەڵەمی من خەو لە چاوی ناکەوێ، هەزار دەروونناسی ڤییەنی، بە فرۆیدیشەوە ناتوانن بیخەوێنن.

چاوی ئەم قەڵەمەم ئەستوورایی تارماییەکانیش دەخوێنێتەوە، عەیبی نییە، هەموو کاتێک ٢٤ سەعات پێشوازی لە ڕێپێوانی ڕاستییەکان دەکات، گەمارۆی دەدەن و دەبنە مەرەکەبی، دەچنە ناو یەک و دەتوێنەوە، بۆیە قەت وشک نابن، گڕ دەگرن و هاوار دەکەن، بەڵام هەر سێ پەنجەکەم دەپارێزن، چونکە دەزانن (کۆمپیوتەر) هەستی نییە، هەر نەستی هەیە، دڵم هەموو کات گڕ دەگرێ، چی لێ بکەم ناکوژێتەوە؟ ناتوانم بە چنگ بیگوشم و بیکەم بە پێستی تەماتە و فڕێی بدەم، دڵی هەموو کوردێکیش گڕەی دێ بۆ مەرگ، گڕەی دێ، هەر ئەمەندە ماوە پزیشکەکان بەربنە گیانمان و بە مەقەستەکانیان شادەمارەکانمان ببڕن، هەروەک قارەمانەکانی ئەلبێر کامۆمان لێ بێت، تاعوونی مردن بڵاو بکەینەوە. ئەگەر شادەمارم ببڕن لافاو هەڵدەستێ، لافاوی نەوت نەک خوێن، دنیا ئاگر دەدات، بولبول و کۆتر و پەرەسێلکەکان هەواڵەکانم دەگەیەننە ئەستێرەکانی ئاسمان، نەک میدیای کوردی، خۆ بەهۆی بڵاوبوونەوەی ئەستێرەی دەستکردی سیخوڕی، ئەستێرە ڕاستەقینەکان نابینین، ئاسمانی کوردستانیش تەنیا هەر پشقەڵی کۆنەپەرستی دەبارێنێ، با بۆنیان بکەین و بخنکێین و بمرین، ئەمە هیوای سیاسەتوانمانە، ئەگەر بمرین لانی کەم نابینە مۆتەکەی سەردڵیان، ئەوجار بەئاسانی لە باوەشی دۆستەکانیاندا خەویان لێ دەکەوێ و بەیانییان لەسەر عەرشی خۆیان دادەنیشن و سیخوڕێک ڕادەسپێرن تا ئامێری ژماردنی بلۆکی دۆلاریان بۆ بخاتە کار، با میدیاکانیش وشەی ئازادی بکەن بە بنێشتە خۆشەی دەمیان، با باش بیجوون، تۆسقاڵێک لە کۆیلەتیمان کەم ناکاتەوە، ترحێو بۆ ئەو جۆرە ئازادییە کە ژن بە ژنەی هێشتا هەروەکو کرم لەناو مۆخی ئێسقانی کورد دایە، نازانم بۆچی من کوردم؟

قەدەرە یان چارەنووسە؟ بڵێسەیە یان گڕە؟ فەرمانی خواوەندە یان بڕیاری مێژووە، نازانم، کەس هەستی کوردایەتی نەماوە، سڕییانەوە، کردیان بە مەیموون، هەر خەریکی هەلەکەسەما

کردنن، روحم مێژووی لەدایکبوونی زۆڵەکانیش دەخوێنێتەوە، فرمێسکم دەکەمە هەتوانی لێوەقڵیشاوەکان، دەستە زبرەکانی منداڵان، رۆژی وا هەیە دەیکەمە هەزار گەڵا، ملیۆن گوڵ، دەشت، زەویوزار، رەشماڵ، سەنگەر، بەڵام قەت نابنە نەوت، چونکە وەکو دەزانن خوێنم نەوتاوییە، گڕیش دەگرم، بەڵام روحم زاوزێ لەگەڵ تریفەی مانگی کورد دەکا، مەگەر هەر خوا بیبەزێنێت، ئەگینا، ساتی وا هەیە هەر چوار پارچەی کوردستانم بۆ دەکاتە یەک پارچە، نا نا، دەهۆڵ و زوڕنام ناوێت، هەر خەوی جوان دەبینم، لە خانەقینەوە بەرەو بۆکان باڵ دەگرم، لەوێوە بەرەو ماردین باڵ دەگرم، لێم گەڕێن، نەخڵەفاوم، هەر ئێوە خەڵەفاون، هەی ئاخرشەڕینە، لەگەڵ (ئەنوەر قادر جافی شاعیر)دا هەر دەڵێم: دەبباره ببارە، نووسەری حەفتاکانم؟ ڕاستە بە دوای کڵاوی بابردو ڕا دەکەم؟ راستە، ئەی ئێوە بە خۆتان نازانن کە بەدوای چ وێرانبوونێک ڕا دەکەن؟ چما نازانم بە چ جۆرە قیرێک قاچەکانتان چەقیون، دانیشن، ئاقڵ بن، بەخۆتاندا بچنەوە، من هەی وەشێرەی خۆم دەکەم و ئێوەش شیوەنی خۆتان بکەن، ئنجا چەکی خۆتان هەڵبگرن و بیانخەنە سەر شان، وا دیارە غیرەتمان سواوە؟ دەم ڕاستمان نەماوە، قەبانی وتەنی وەکو (بزمار) وەستاون. تۆ بڵێی بزمارەکان کوتراون بە دیوارەکانەوە؟ وەی ڕۆ! ڕۆحم ڕۆ، چاوم ڕۆ، ئەرێ هەندێکتان فێری دزی و درۆ کراون! پیاوانتان خەسێنراون، لەناو گۆمی مەندی گەندەڵییدا خنکاون، با پیتەکانم ببن بە بزمار، بەڵام کەس ناتوانێت دامکوتێت بە دیواردا؛ بۆ؟ نەک لەبەرئەوەی ئازاد و ئازام، بگرە فرمێسکەکانم شەڕ لەگەڵ ڕێڕەوی با دەکەن، دڵۆپەکانی خوێنم شەڕ لەگەڵ مەرگ دەکەن، من ئاوم و چۆن بمەوێت بەڕێوە دەڕۆم، پەنجەکانم ڕەگی درەختەکانی نیشتمانن، دەمارەکانم بیری ئاوی کێڵگەکانە، هەردوو مەمکم شاخن، با کەس، هیچ پیاوێک یارییان پێ نەکات، پەکم نەکەوتووە، با پیر بم، پاکیی خوێنم حیسابە، پیرێژنێکی کوردم، داخی نەوەکانم چووەتە دڵمەوە، داخی ئێوە وا خەریکە کوێرم دەکات، ڕاست و ڕاست قسە دەکەم، لە ژێر عەباوە دەنگم نایەت، خۆمم و قەڵەمەکەم تێڵایە، هەر ئێستا دەیبڕمە نێوچەوانی سیاسەتوانان، با بێن، چیم دەگرن؟ ئا کارەباش کوژایەوە، ئامادەم بۆ نووسینی دێڕێک گڕ بدەمە ماڵەکەم خۆ سێبەری خۆم بە هەموو شێوەیەک دەبینم، لەگەڵ با و ڕەشەبادا شەڕ دەکات، هەی وەشێرەکردن لە تاریکیشدا دەکرێت، وەزیری کارەبا شێرە؟ نانا، ئاغزە جگەرەکانم لاپەڕەکەم رۆشن دەکەنەوە، خوێنم بەستوویەتی، کەچی من هەر دەنووسم، حکوومەت چۆن بڕووخێنم؟ ئەمەیە کێشەی ڕاستەقینەی من، تۆ بڵێی کرمەکان لە خۆیانەوە باڵ بگرن و بچنە ناو ئێسقانی دەسەڵات و سیاسەتوانان یان چەقۆکان ئازاد بن و هەندێ شادەمار و مل و گوێ و گون ببڕن؟ سۆزانی بۆ گەنجەکان نییە، بەڵام بۆ ئەوان هەیە، هەر یەکەو سێ چوار ژنی هەیە، دەرەبەگی مۆدێرنن، بە دەستیان بێت پێستی گەردوون کەوڵ دەکەن، پێستی ژن و پیر و منداڵ و جرِ و جانەوەر، پێستی درەخت و ئاژەڵ، پێستی زەوی و ئاسمان، پێستی جنۆکە و پەری، پێستی شەیتان، پێستی

چەمکەکان، رەهەند و مەودا، کات و ئەستێرەکان و مانگ و هەتاو، پێستی بەرد و شاخ و کانی و گۆلەکان، هەتا پێستی دڕکودالەکان، ڕەشمالّ نەماوە پێستی کەولّ نەکەن، سێبەریش لە دەستیان رزگاری نابێت، تارمایی، کاربۆن، با، ڕەشەبا، گزنگ، ئاو، قوڕ، لم و چەو، ژمارە، نمرە، شووشەی چاویلکە، لاپەڕە، دۆلار، ئاین، بەرمالّ، قورئان، فەرموودەکان، کتێبەکان، پێنووس، ڕۆژنامەکان، هەر شنەبایە و کەولّ دەکرێت، هەر چاو و نێوچەوانە و کەولّ دەکرێت، هەتاکو ئاوێنە، خشت، بلۆک، قوم، شیش، پەنجەرە، دەرگە، کەوانتەر، دار، دیوار، گۆنی، عەرەبانە، مۆنیکا، علوج، سەیحان، ژیان، مردن، رووبار، دەریا، بیر، موەلیدە، کارگە، بالّەخانە، تەلار، گوومرگ، باخ، بێستان، هاوینەهەوارەکان، گەراج، هەر هەموو دنیا، هەتاکو ئاگریش، هەتاکو چیمەن و بۆق و مەیموون و مەززە... هتد. منیش ناچارم هەموو شەوێک نێوچەوانم کەولّ بکەم و نیو لاپەڕەیەک بلکێنمە شوێنییەوە، پیتی تازە دابهێنم و هەلّیانکۆلّم، ئای لە چاوەڕوانیم! من وەکو هەندێ کەس چاوەڕێ ناکەم سەرخان بڕوخێنێت بە ژێرخانەوە، یا لە ئەنجامی ململانێی چینایەتیدا شۆڕشێک بەرپا بێت، یان چاوەڕێی قەدەرێک بکەم، نا نا؛ خۆی بۆ خۆی رۆهەلات ئاگری گرتووە، پریشکەێکیش بەر ئێرە دەکەوێت و دۆ و دۆشاو تێکەلّی یەکدی دەبن، یانی خوێن و خەون، منیش با هەر چاوەڕێێ تاریکیی بکەم، نەک مەرگی خۆم نا، بگرە...

سەرگەردانی بووەتە نانی تیری، کۆمەلّگەی کوردەواری هەر خەریکی ئارد و پەرەمێز و ساج و پنە و تیرۆکە، ئافرەتان بەدەم نانکردنەوە چەنە دەدەن، کارگێرەکان بەدەم «هاتوچۆوە» چەنە دەدەن، کچانی زانکۆ چەنە دەدەن، کەی بێدەنگ دەبن؟ کەس نازانێت، لە بازاڕیشدا دەمیان دەبێتە تەلّەی تەقیو، مێشکیشیان نابێتە پەرەمێز، نەمدیوە کەس مێشکی بتەقێ، زمان هەر دەجوولّێ، ڕستە بێتامەکان لە خۆلّ زیاترن، گفتوگۆ بێ ماناکان لە دووەم ئۆکسیدی کاربۆن زیاترن، تەقینەوەی بەردباوی نەماوە، لێوەکان نالکێنە قەد یەکترییەوە، کێ بیر دەکاتەوە؟ تەنیا دە کەس! ئەگینا هەر دەمە و بووەتە ماشینی وشەی کالّ، منیش ناچارم هاتوچۆی کەس نەکەم، هاوڕێیەتی لەگەلّ کەسدا نەکەم، هەر تەنیا بێدەنگ بم. ئێستاش مودێلی سکالاکردنە، زمانەکان بوون بە ئاگر، دەمەکان ناوەستێن، تۆقلّەش ناکەن، دوکتۆری دەم دوورینەوەش نییە، هەروەها دەرمانی بێدەنگی نییە، چونکە قسەکردن خۆڕاییە، دەبێ هەر بیرپێسن، کەس گوێ ناگرێ و کونی گوێیەکان پڕن لە بەرد، پەردەی گوێیەکان دڕاون، شار بووەتە «وتەخانە»؛ ئەگەر قسەکان کۆ بکەیتەوە و هەلّیانسەنگێنیت ناگەنە نرخی چەن گەلایەکی رزیو، ئەنتەرنێتیش ڕزگاری نەبووە، خۆ مۆبایلی قوڕبەسەر بووەتە گەنجینەی قسە، عەمباری فلّتەفلّتی هەرزان، بەلاش، لەڕێی خوا.

ناچارم ئەم سەرنجانەم بنووسم، وەکو دومەلّ دەبێ بە نووکی پێنووسەکەم بەڕووتاندا بتەقێمەوە، دەبێ هەر کوردێک و ڕۆژی دووجار ستلازینـــی پێنج گرامی قووت بدات، خەم چین چین لە ناو دلّ قەد کراوە، چاو لە جادەی سالم و کاوە و مەولەوی بڕ بکات هیچ ئاسۆیەکی تر

نابینی، مێشک خەتەنە دەکرێت، دەموچاو دەنوێت، ساردی پڕی تەشنە دەکات، گوێی گوومرگ بە گوێزان دەبڕێت، بزماری کورسییەکانی سینەما دەچەقێت بەقنگدا، هەر چاو لە خۆیەوە دەردەچێت، داوەنریتێکی چەقاوەسوو، هەر فرمێسکە دەبێتە کانی و هەر کانییە و وشک دەبێت، هەر منداڵە و لە ملیەوە تا خوارەوە بە دەستڕازە قایم قایم جەڕ دەدرێت، هەر دڵە و بار دەکات، هەر ئاواتە و کۆچ دەکات، هەر هەنگاوە و پاشەکشێ دەکات، هەر دەنکە هەنارە و وشک دەبێتەوە، هەر هەرمێیە و بۆگەن دەبێت، هەر گڕی دڵە و بەرز دەبێتەوە و لە دەمەوە دەردەچێت، هەر دەرپێیە و دەبێت بە سۆزانی هەر عاشقە و میز بەخۆیدا دەکات، هەر ناوقەدی باریکە و بە داسی نەوت ڕەش دەبێت، هەر پەتایە و هەناوەکان درەو دەکات، هەر گونە و دەخەسێنرێت، هەر دووکەڵە و ئاسمان دەتەنێتەوە، هەر چەقۆیە و ویژدان دەبڕێت، هەر پێنووسە و خەوی لێ دەکەوێت، هەر ئارامە و پلەی گەرمایی بەرز دەبێتەوە، هەر بارانە و نابارێت، هەر لاپەڕەی ڕەشە و دەبێت بە قیر، هەر هەورە و خوێناوی دەبێت، هەر جەرگە و زووخاوی لێ دەتکێت، هەر پەراسووە و دەبێت بە پەنجەرە، هەر دەرگەیە و بەڕووی عیشقدا دادەخرێت، هەر سەعاتە و لە برساندا دەمرێت، هەر شاخە و ئەڕشێتەوە، هەر ئاسمانە و پشقل دەبارێنێت، هەر قوم و لمە دەبێت بە سپیاو، هەر کلینکسە و توخمی دوای دەستپەڕ دەمژێت، هەر عیشقە و دەمرێت، هەر گڕە و خامۆش دەبێتەوە، هەر دێڕە و دەبێت بە مار، هەر بلۆکە و ڕوح دەردەکات، هەر ساوایە و گەندەڵ دەبێت، هەر سەرچاوەی ژیانە و پووک دەبێتەوە، هەر ژیانە و مەرگ لە باوەشی دەگرێت، هەر ئەندامی سێکسی پیاوە بە هۆی زۆریی دەستپەڕەوە کول دەبێت، هەر کونەو بە دەرگەیەکی ئاسنین قەپات دەکرێت، هەر کلیلە و ژەنگ هەڵدەگرێت، هەر شیعرە و دەبێت بە مەیموون، هەر زەڕە زەڕە و دەبێت بە گۆرانی، هەر بولبولە و لەدار دەدرێت، هەر گیانەو دەردەچێت، هەر پردە و دەڕمێت...

ئەم هەموو مینانە لەناو تۆڕی پرۆسەی ئازادیدا مقۆ مقۆ دەکەن، خوا نەکات بتەقنەوە، هەر هەموومان دوای ئەم مەینەتییە کەمئەندام دەبین، تۆ بڵێی بێ دەسەڵات نەبووبێتین؟ ڕۆژێ دێ لاشە بەسەر لاشەدا دەکەوێت، هەر هەموومان دەبین بە کیسەی چیمەنتۆ، بەسەر یەکدا ڕیز دەکرێین، بەرز دەبینەوە دەبین بە شووورای کوردستانی مەزن، ئای لە نەگبەتیم؟! هەی هاوار لە بێدەسەڵاتیم؟! گوڵەکانی باخەکان ژاکاون، هەنگاوەکانی دەربەدەرەکان سڕاونەتەوە، پرچی کیژۆڵەکان کراون بە سیفر تاشراون، چارۆکەی پیرەژنانمان دڕاون، پەشمەکی دەمی منداڵان هەڵاوساون، چونکە درۆکان بوون بە شاخ، دزییەکان بوون بە مانگ، نۆکارایەتی بووەتە خۆر، چ جۆرە گەندەڵییەک کە بە ئاشکرا دەکرێت، جیلوەی هەموو شتێک بڕاوە، هەر بەردە و غار دەدات، هەر تۆزە و بڵاو دەبێتەوە و هەر ماسییە و دەخنکێت، هەر دڕکی درۆیە و ئەچەقێت بە چاودا، هەر خێزانە و سەری لێ دەشێوێت، هەر بلۆکی دۆلارە و ژێرزەمینی بۆ بینا دەکرێت، هەر سەماکەرە و قنگ با دەدات، هەر قەرزە و دەخورێت، هەر حۆری دەریایە و ئەتکی پێ دەکرێت، هەر ئاوارەیە و

بێ سەروشوێنتر دەبێت، هەر گومانە و دەبێت بە چڵک، بە ژەنگ، هەر ئاگری تەلەشقارتەیە و دەبێت بە باباگوڕگوڕ، هەر هێلانەیە و ئاگر دەگرێت، هەر رووە و رەش دەبێت، هەر نوێژکەرە و دەبێت بە زەندیق، هەر دووفاقییە و دەبێت بە ملیۆن، هەر مشکە و دەبێت بە پڵنگ، هەر کرمە و دەبێت بە تیمساح، هەر گرەوە و دەدۆڕێت، هەر جگەرەیە و خەفەت دەلاوێنێتەوە، دووکەڵەکەی لە ناخی خەونەکەیدا دەتوێتەوە، بە ڕادەیەک ئۆکسجینی شار دووکەڵاوی بووە، بەردەکانیش لە یەکدی تۆراون، مرۆڤەکان پشتیان لە یەکدی کردووە، کەڕن، قورقوشمیان لە گوێدایە، منیش پەرکەمم گرتووە، گلاراوم کردووە، وەکو ئاو ڕووشنکەرە دێم و دەچم و نازانم چی دەکەم، پەنجەکانم دەبن بە مار و لە دارستانەکاندا دەگەڕێن، بۆ ساتێکی ئاسوودەیی، کەس پەلاماریان نەدات، کەس نینۆکیان نەبڕێت، سەرم دەخەمە سەر بەردێک و گوێ لە خشەخشی گەڵاوەریوەکان دەگرم، هەست دەکەم سروشتیش حەز دەکات زیندەبەچاڵم بکات، دژایەتیم لەگەڵدا دەکات، کرمەکان چاوم ماچ دەکەن، ئاشتبوونەوە لەگەڵ جرِ جانەوەران جۆرێکە لە خۆشەویستی، مشکەکان گوێم ماچ دەکەن، زمانەکانیان درێژ دەکەنەوە بۆ ناو کونی گوێیەکانم، بە لێوەکانیان قەراخی گوێیەکانم دەمژن، شێتانە ئەدەبی قێزەون دەنووسم و بێزتان نایەت دێڕەکانم بخوێننەوە؟! هە... ئاخۆ دەزانن من چۆن دەژیم، من لەگەڵ مشک و بۆقدا دەژیم، ڕاهاتووم، لە بەغدا لەسەر قەراخی دیجلە دەژیام، وێنەکانی سەدام حوسێنم لەسەر شەپۆلەکانی دیجلە نەدەبینی، کەچی ئێستا کە دەڕوانمە ئاسمان، ورگێکی زل، زۆر زل هەروەکو باڵۆن دێتە خوارەوە و لەسەر سینگم ئەنیشێتەوە، پڕە لە قەل و گیپە و غەزەبی خوا و تڕ، بیدڕم و نەی دڕم هەر دەزانم چی تێدایە خۆ عیلم و مەعریفەی تێدا نییە، بانقی لیرەش بێ دەرخواردی بۆق و مشکەکانمی دەدەم، خنکام، وێنەی خوا نابینم، وا خەریکە پێ دەنێمە عیرفان، ئەی عیرفان پێ بنێم پێتدا یا نا؟ من هەر خۆشی برسێتی منداڵانی گەردوونم، نە جان دمۆم نە مەحموود زامدار، تۆ بڵێی ماکەرێ ببووبێتم و هەموو کات هەر دەزەڕم؟ نا، تۆ بڵێی ئەم نووسینەم ماکەرنامە بێت؟ گڕەم دێ، سەهۆڵاو بووەتە عەرەقم، سەهۆڵاو دەخۆمەوە و زستانە و هەر میز دەکەم... میزکردن لە تاریکی زۆر ناخۆشە، مێزتەوالێتەکەم، پڕە لە ماکیاج، بەڵام جوانی روخسار و لەش و لارەم سەرمایەم نەبووە، رۆمانێکی جوان بنووسم دەبمە مارلین مۆنرۆ، زۆر جوان دەبم، با مەمکە سووتاوەکانم شۆڕ بن، گەورە بن، با ورگم زل بێت، با ددانەکانم بکەون، با چاوەکانم کزتر بن، مێشکم زیان دەبینێت، ناچمە تاران، تیشکی لەیزەرم ناوێ، ئەگەریش نمرەی چاوەکانم بوون بە شەش لەسەر شەش چی دەبینم؟

منداڵە پێستڕەشەکانی ئەفەریقیا، کە تەنیا بریتین لە لێوی برسی و تینوو لیکاوی وشکەوەبوو، منداڵە شەهیدەکانی غەزە (نەتەنیاهو) لە هەڵبژاردنەکاندا بردییەوە، هەی وەشێرە...

وا خەریکە چاوی چەپم لە دەست دەدەم، گڕ دەگرێ و وەک ئاژەڵەکانی فیلمی کارتۆن ئاگر بەر دەداتە ڕوحم، ڕەهەندەکانی زەمەن دەبنە چیلکە و فرمێسکەکانم دەبنە بەنزین و سەرم گڕ دەگرێ،

لە سیبریاشدا سەرە گڕ گرتووەکەم سارد نابێتەوە، بمرن نامرم، نە تەنوورم و نە بورکان، بگرە نیشتمانێکم هەموو پیتەکانم شۆڕشگێڕن، گڕ دەگرن و زاوزێ دەکەن، من ئا لەم دێڕەدا سەیری گۆرانیبێژێکی کوێر دەکەم.

گۆرانی بۆ عیشق دەچڕێ، عودەکەی دەژەنێ و مردووە، ناوی نازانم، جرتم بۆ مەکێشن.

ئەرێ وەڵڵا چەرچەفی مێزەکەم سووتا، گڕی جگەرەکەم سووتاندی، فەرشەکانیشم بە هەزار پەڵەی سووتاو نەخشێنراون، دایکم کە دەیانماڵێ، ئەبۆڵێنێ: «ئۆیلم، ئۆیلم ئۆیلم» «مردن، مردن، مردن». مردن بۆ من دەخوازێ و حەیف، خەفەت بۆ فەرشەکانم دەخوات، ئێستا تێلایەکی تێ نەبڕی و بێدەنگی بکەیت....

بەردەوام دەڵێ: «ئەم ئاخرشەڕە، ئەم گۆبەنییە، ئاقڵ نابێت، نە ماڵ، نە حاڵ، نە منداڵ، بۆ دانەمەزرایەوە؟ بۆ پارە کۆ ناکاتەوە؟ هەردەم قەرزارە، ئاخرشەڕ دەم نەبەستراو، قنگ کەوتوو، نە پارچەیەک ئاڵتوونی هەیە و نە سەیارە، یەک فلسیش لە گیرفانیدا نییە».

ئنجا ڕووبەڕووم دەبێتەوە و پرسیارم لێ دەکات:

– بۆچی هەردەم قەرزاریت؟

ناوێرم پێی بڵێم (قومار) دەکەم، من هاوڕێی دیمتری کارامازۆفم، ئەو وا دەزانێ بە پارە قومار دەکەم، نازانێ من بە فرمێسک و خڕووکەی خوێن و خەون قومار دەکەم، بە وشە قومار دەکەم، بە ژیان و خۆشەویستی قومار دەکەم، کوڕگەل من (قومارچیم)، هەموو کات (ڕەنج بێبەر و هەناسەسارد)م، هەشە قومار بە لەشی خۆی دەکات، هەشە قومار بە پارە دەکات، هەشە قومار بە نیشتمان دەکات، منیش قومار بە دووکەڵی جگەرە و سییەکانم و دەنگم دەکەم، دایکم دەڵێ:

– قومارچی ئەگەر نەڵێ دنیا وە گونم، قومارچییەکی ڕاستەقینە نییە، منیش دەڵێم: (دەسەڵات و پێنووسەکەم)، حەز ناکەم پێی بڵێم قومار بە ژیانم دەکەم.

چونکە یەکسەر هاوار دەکات و بە براکانم دەڵێ:

– فرێی بدەنە ناو شێتخانە.

ئەو نازانێ کە لەناو شێتخانەدام و شێتخانەکە ناوی کوردستانە، ئەو نازانێ خەمۆکیم بەشێکە لە خەمۆکی ئەو کچ و ژنانە کە خۆیان دەسووتێنن، بڵێم چی، لە مێشکی سیمۆن دوی بوڤارەوە هاتوومەتە دنیا، نەک منداڵدانی ئەو، ئێستاش نازانم سەرم، ئەم سەرە قورسە کە بە قەد گۆی زەوی پتەوە، نازانم بۆ کوێی بەرم، شانەکانم ناتوانن هەڵی بگرن، سەرینەکەشم هەموو شەوێک گلەییم لێ دەکات، باری گران دەبێت، لۆکەکەی دەبێتە خۆڵ، ناتوانم شانەکانم بجووڵێنم، هەست دەکەم وزەی کارەباییان تێدایە، سەرم لە خۆیەوە دەخولێتەوە، هەر بەرەو لای چەپ، پریشە لە خەون، لە خەیاڵی سوریالی، لە کۆتاییی ڕێگەکان، لە چەندین گۆڕەپانی عیشق، لە میهر، لە نەعلی منداڵانی کورد، لە کلاشی پێشمەرگەکان، لە قەندیل، چی بکەم؟ تەپڵەکی جگەرەکەم وا خەریکە

وەکو شاخێکی لێ دێ، ئەم دووکەڵە لەعنەتییە وەک ئێسقانی مردوویەک دەمهاڕێت، چیی تر بەرگە ناگرم، ئای لە ژان! وای لە ژان، کە لە پڕ دەبێتە پشیلەیەکی رەش، چڕنووک لە دەروونم دەگرێت، تووشی نەزیفێکی سەیر دەبم، ژان، ئاخۆ دەزانن تامی ژان چۆنە؟ مۆرە یان ڕێک هەروەکو رەنگی گڵ وایە، لە سەرەتادا وەکو تیشک دەچێتە ناو بیلبیلەی چاوە کزەکانم، هەر دڵۆپە خوێنێکم دەکاتە شاخێک، لەشم دەبێتە گۆی زەوی؛ نا، نا ناخولێمەوە بگرە ڕەشبین دەبم، چاویلکەکەم تەنیا مانگ و هەتاوێکی ڕەش دەبینێ، ئاخۆ ئێوە هەتاوی ڕەشتان دیوە؟

من دیومە، هەموو بەیانییەک بۆ ئێوە دەبێتە تارایەکی سپی، هەموو بەیانییەک بۆ من دەبێتە عەبایەکی ڕەش، بە ئاگری جگەرەکەم کون کون دەبێ و، نە بە دووکەڵ خەونەکانم هەڵدەوەرێ، نازانم چی بکەم، منێکی نینۆک خوراو، منێکی برۆ و برژانگ خوراو، تەنانەت دێڕەکانیشم خوراون، ئاخۆ بە دەست بەتاڵ قومار دەکرێ؟ چی دانێم؟ قومار بە دڵم بکەم؟ کردم و دامنا...تەواو تینی هیچ ژانێک بە قەد تینی ژانی ئەم بەیانییەم نییە، دەرپێکەم فڕێ دا، سووتیانەکەم فڕێ دا، چاویلکەکەم فڕێ دا، جگەرەکەم فڕێ دا، ماوە، ماوە تەنیا زەوی و ئاسمان فڕێ بدەم، خواوەند دۆزەخی فڕێ داوەتە ناو ناخم، دەکوڵێ، دووکەڵی قیری کوڵاو لە نووکی پەنجەکانمەوە دێتە دەرەوە، هەی هاوار خوایە لە کوێیت؟ تەنیا ترووسکەکم بۆ ڕەوانە بکە، یەک تیشک، من نامەوێ ببم بە پێغەمبەر، هیچ جۆرە پەیامێکم پێ نییە، من خۆم دەکوژم، ئا بە چەقۆ خۆم لەتوپەت دەکەم، ڕێخۆڵەکانم لەسەر لاپەڕەکانمدان، بۆنی دۆزەخیان لێ دێ، با بمرم، ژان بەرم نادات، با وەکو (ڤارتەر) خۆم بکوژم، هەی هاوار وا خەریکە زمانی پێنووسەکەم ئیفلیج و لاڵ دەبێ، چی بکەم، گڕەم دێ، خۆزگە ئامێرێکی ژان کوژاندنەوە دروست بکرێ، ژان نە بە گوللە دەکوژرێ و نە بە چەقۆ بریندار دەبێ، ئای ی ی ی، چەقۆم لێ دەن، شیٚخێک بهێنن بە دارەکەی جنۆکەی ژان لە ناخم دەر بکات، ئەی بڵێم چی؟ هیچ، خوێنی ژان وا خەریکە دەمخنکێنێ، دەبێتە بیر، هەناسەم بۆ نادرێ، هەی هاوار گڕەم دێ، دۆزەخەکەی ناخم بە قیست دەمتوێنێتەوە، ئێسقانەکانم دەهاڕێت، خڕۆکە سوور و سپییەکانم دەکاتە بۆمب، نازانم بۆچی ناتەقمەوە، من پشتوێنم ناوێ، ژان تیرۆرم دەکات، لەناوم دەبات، ئاگر دەدات لە ماڵ و حاڵم، لە نووسینەکانم، لە بیرم، لە خەیاڵم، دەڵێی موعتادی تلیاک و هیرۆئینم، سەرم لە دیوار دەدەم و ناتەقێ، پتەوە، پاژنەی پۆستاڵی سەربازییە، چیم دەوێ؟ چیمە؟ بۆ کوێ بڕۆم؟ خۆزگە بە مردن دەخوازم، تامی دەمم ڕێک وەک تامی چیلکەی دۆزەخە، شانەکانی پێستم ورد ورد بوونەوە، بوون بە خۆڵەمێش، ئەوە چ کەرێکە دەڵێ: «ورەت دابەزیوە»، ئەم چەمکە سواو و بازاڕییە مانای چییە؟ دەبا یەخەی خۆم بدڕم و لە پێستم دەرچم، کفنی سەرمایەداری بدڕێنم و ورگی خۆپەرەستی هەڵدڕێنم، ئاخر هی چەن کەس؟ با لە سەرەتادا چاوی دەسەڵات دەربێنم، نووکی ئەم پێنووسەم واخەریکە دەکەمە سووژن و دەیخەمە ناو بیلبیلەی چاوی دەسەڵاتداران، هەر من دەتوانم کوێریان بکەم، لە کامیانەوە دەست پێ بکەم؟ لە ورگ زلەکانەوە یان

لە دزەکانەوە؟ لە قاحپەبازەکانەوە یان قومار بازەکان، ئەی چیتان دەوێ؟ من راستەوراست مەرگم دەوێ، چیی تر ناترسم لە دۆزەخ، وا لە ناخمدایە، ئێستاش هەر لەسەر ئەم لاپەڕانەدا خۆم کوشت، شەهید بووم، لەسەر سەکۆی چ مزگەوتێک سەرتان ببڕم؟ هەر دەبێ ببمە جنۆکە و خەوتان لێ حەرام بکەم، هەر دەبێ بە ددانە تیژەکانم چاوەکانتان کوت کوت بکەم. ژەمی ئەم نیوەڕۆیەم چاوی ئێوەیە، هەر چاوێکتان بە قەد هێلکەی مریشکێکە، واتە هێلکەوڕۆنیان پێ دەکەم، هێلکە و ڕۆن = چاو و ڕۆن.

ئنجا بەر دەبمە گیانی دڵتان ئەگەر مابێ، دڵتان هەر دەبێ بیکەم بە کەباب و لە دۆزەخی دەروونمدا بیبرژێنم، دابەشی بکەم بە سەر پشیلەکاندا. پشیلەکان وەرن کەبابی دڵی دەسەلاتدارانی کورد بخۆن...

ئەی سی و جەرگتان؟

هەر بە نینۆکە تیژەکانم... بەڵێ پیاو کوژم، هەر ئێوە لە مرۆڤایەتیتان خستم، نە تەرمی خۆتان بە چاو دەبینن نە گۆڕ، هەر دەبێ بتانکوژم، با ژنە ئازاڵەکانتان هەی وەشێرەتان لەسەر بکەن، بە ژانەکانم دەتان کوژم، ژانەکانم هەر ڕێک وەکو ژەهرەکەی سوقراتە، لە سەرەتادا خۆم دەکوژێ، بەڵێ دوای مردنم دەتانکوژم، ئای چەنێ ڕقم لێتانە ئەی ناحەزانی میللەت، نازانم چی بکەم، گەنجان وا خەریکە خۆیان دەکوژن، منیش خۆمم کوشت، تەرمەکەم هەڵفڕی، ئێستاش لە دۆزەخدام، ماڵەکەم زیندانێکە بۆ خۆی، هەرچی دەکەم سێبەرتان نەبینم ناتوانم، وشەکانم ڕاوم دەنێن، ئێوە چین؟ کێن؟ چ کارەن؟ تێر نەبوون؟ ڕۆژێ هەر یەکێکتان زیاتر لە کولێرەیەکی فڕن نان دەخۆن، ئاخر چەن گوێنی ئارد دەخۆن؟ دەتانەوێ پێشبرکێ لەگەڵ دەوڵەمەندانی دنیا بکەن، بۆ؟!

خۆ جارێ بۆنی خوێنی سەدام حوسێن و کوڕەکانی لە مێشکمدایە و بەری نەداوم.

وا دەزانن جنێوتان پێ دەدەم، نا نا... جنێو لایەقی لێوە گەندەڵەکانتانە کە پێی دەدوێن، بەردەوام لە دژی یەکدی کودەتا دەکەن و یەکدی فریو دەدەن، هەزار و یەک پیلان دەگێڕن، بە کاغەزی دۆلار لوتتان دەسڕن، نانی تیری و بایەعی نەبوایە کورد لە برسان دەمرد، لەوەتی شۆڕش هەیە، هەر بڕوام پێ نەکردن، نەکەوتمە دواتان، دوور لە گیانی شەهیدەکان، دوور لە ڕووی پێشمەرگەکان، کەر نەبووم کلکی خۆمم نەدایە دەستی ئێوە، دەسم خۆش بێت، ئازادم، لەسەر مێزەکانتان نان ناخۆم، نە مێردم هەیە و نە منداڵ، نە ماڵ و نە سەیارە و نە سەرمایە، تەنیا هەر ئەم پێنووسەم هەیە، گڵاوی ناکەم، پیرۆزە، با ماچێکی بکەم، با قاوەکەشم بخۆمەوە و جگەرەیەک داگیرسێنم، ئێوە و کاغزە جگەرەکانی ناو تەپڵەکەکەم...

چاوە کزەکانم بە شاخە بەرزەکانی دەربەندیخان ڕووناک کردەوە، گیاکانم ماچ کرد، بەردەکانم خوارد، ئاسمانم گوشی، لە دوورەوە باوەشم بە گەنجەکانی دەربەندیخاندا کرد، وەک داپیرێک، بۆنی خۆڵم کرد، من عاشقی کوردستانم، قەت بە هەنگاوەکانی ئێوە گڵاو نابم، بووم بە کۆتر،

نامرم، هەرچەند شاخێک بۆن بکەم، بزنێکی کوردی ببینم، زیندوو دەبمەوە، من رۆمان و مۆمان نازانم، من دەنووسم کەواتە من (احلام منصور)م، کوردم و کوردم و کوردم، وەکو کوردێکی چەپرەو دەچمە دۆزەخ، هیچم نییە، سەرێکی قورسم هەیە و دەروونێک پڕ لە ژان و سینگێک پڕ لە خەمۆکی و دووکەڵی رەش و دڵێک پڕ لە چوار پارچەی کوردستان و مرۆڤایەتی و چاویلکەیەک.

سەرە قورسەکەم گۆی زەوی نییە، هەتاو نییە، لەیلا قاسم پێی دەوت: «بیر»ە، بەڵام لەوانەیە وا نەبێ، نازانم لە کوێ بیشارمەوە و چی لێ بکەم، ناتوانم بیخەمە ناو سەلاجە، بیروباوەڕم نایبەستێ، گەرموگوڕە، هەروەک ئاگری باباگوڕگوڕە، ڕوئیام هەر نوێ دەبێتەوە، من چاک خۆم دەناسم و دەزانم هەورە ڕەشەکانی ناو دڵم هەلاجی بکەم، وردە وردە بەرەو ئاسمانی چاوەکانم ماڵئاواییان لێ بکەم، ئەمڕۆ «با» منی بینی، هیچی لێ نەکردم، بە دامێنی تەنوورەکەم یاری نەکرد، قژمی شەنوکەو نەکرد، ئەم بایە لەعنەتییە، ئۆکسجینی لێ قەدەغە کردم، نەمتوانی لێوەکانم بجوولێنم، هەناسەم توند بوو، نازانم (با) چ جۆرە گەمەیەکم لەگەڵدا دەکات، هەر دووکەڵی جگەرەکانم بەرەو ئەفغانستان دەبات، دووکەڵەکانم تێکەڵ بە دووکەڵی تلیاکی ئەوان نابێت، هەروەها باوەشێنی ڕیش و سمێڵی بن لادن ناکات، بگرە ئەو دووکەڵە دەبێتە ئاو، ئاوێکی سوور، ژنان و منداڵان دەیخۆنەوە، دووەم ئۆکسیدی کاربۆنیشم بەرەو لەندەن کۆچ دەکات، هەموو ماسییەکانی رووباری تایمز دەخنکێنم، ئەو ئینگلیزییە کەران باوگەیلە بە دڵۆپە خوێنەکانی من خۆیان باوەشێن دەکەن، کە دووکەڵ و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بە جێم دێڵێ، دەبم بە دوو دڵۆپەی سەیر، دڵۆپەیەک ئاو و دڵۆپەیەک خوێن، هەردووکیان تێکەڵی یەکدی دەبن و ئەتۆمەکانیان زاوزێ دەکەن، منیش دەبم بە پاروویەکی چەور و ڕۆ دەچمە ناو گەدەی کەرەکان.

هێشتا هەر (با)م و دوو دڵۆپەی ئاو و خوێن، خەونێک هەراسانم دەکات، نازانم چی لێ بکەم، لە یەک ساتدا دەمەوێ ببم بە ئاو و خوێن و با و خۆڵ و ئاگر، نایبەستم، قەت نابم بە سەهۆڵ، هەرچەند نۆینەکەم سەهۆڵاوییە، ساردوسڕە، بەڵام هەنگاوە قورسەکانی حەماڵانی کوردستان نۆینەکەم گەرم دەکەنەوە، ناوێرم ماڵەکەم بەجێ بێڵم، بۆوەی چیی تر چاوم بە منداڵەکانی سەر جادە نەکەوێ، هەموو رۆژێ وەکو رووبار خۆم نوێ دەکەمەوە، ملی ڕێگەکەم دەگرم، ئەگەر بەربەستم بۆ دابنێن، دەبم بە لافاوێکی خوێناوی، بۆنم نییە، عەتر بەکار ناهێنم، بۆنی خوێن و ئاگرم لێ دێ، ئاگری دڵم بە خوێنم تەڕ دەکەم، هەنگاوەکانم خوێناوین، هەناسەکانم خوێناوین، سەرنجەکانم خوێناوین، ئەگەر ئاگر بە خوێن خامۆش نەبێ بە (با) بەرز و بەرزتر دەبێتەوە، ئاسمانیش لەباتی باران خوێن دەبارێنێ، هەر هەمووومان بەرەو مەرگێکی خوێناوی هەنگاو دەنێین، چی بکەم؟ دەسەڵاتم نییە، چەک بەکار ناهێنم، چەکم بۆ چییە، هیچ. کاروباری من تەنیا هەر نووسینە، قەدەری من تەنیا ڕیزکردنی وشە و ڕستەیە، بەداخەوە کە نانەوا نیم، داپیر و باپیرم نانەوا بوون، بەڵام بەداخەوە ئەو پیشەیان بە میراتی بۆ من نەمایەوە، چاوە کزەکانم دەکەمە کولێرە

و هەموو برسییەکانی گەردوونیان پێ تێر دەکەم، لە تەنووری مێشکمدا کولێرەکان دەبرژێنم، خۆم نایخۆم، بەردەوام برسیمە، تا برسییەک لە گەردووندا بمێنێ دەبێ هەردەم من برسی بم.

تا ئەم ساتە خوێن و ئاو و با و ئاگرم، هەر هەموویان تێکەڵ بە یەکدی بوون، هاوکێشەیەکی سەیر و سەمەرەیە، سەرەنجام دەبن بە جیو، سەردەکەوم بۆ ئاسمان، دنیاش دەبێ ئاگر بگرێت، زیاتر، زیاتر، من نیرۆن نیم، بەڵام دەبێ شۆڕشێکی گەورە بەرپا بکەمەوە، دەبا بسووتێم، چی دەبێ؟ هیچ، بە یەک دڵۆپ فرمێسکی خوێنەر ناکوژێمەوە، خوێنەر بۆ زاخاوی مێشک دەمخوێنێتەوە، بە ئاسانی لە بیری دەچمەوە، من باڵۆن نیم، قەت بە فوو پڕ نابمەوە، ستایشکردنم هەمووی وەهمە، دەرزی ڤالیۆمیش ئارامیم پێ نادات، بە قەد شەیتان تووڕەم... سەبووری دەریاکانیشم هەیە، تەنیا بەردەکانی باخچەکەم دڵم دەدەنەوە، تەنیا بنمیچی ژوورەکەم دڵنەواییم دەداتەوە، چی بکەم رۆژێ پێنج جار هەر گوێ لە مەلای مزگەوت دەگرم؛ کە دەڵێ « الله اکبر»، پێنج جار سەرم لە دیوارەکانی ساڵۆنە چۆڵەکەم دەدەم، دنیا بە دڵم نییە، چاوم دەرهات، چیم لە دەست دێ؟ هیچ، دەبێ دانیشم و بێدەنگ بم و سەرم لە دیوار بدەم، با سەرم بشکێ، خۆ هەتاو نییە، خۆ مانگ نییە، خۆ سەری گیڤارا و شەهیدەکان نییە، یەخە دڕین و لە پێست دەرچوون و هەی وەشێرە تازە دادی من نادەن، موبەقەکەم سارد و تاریک و نزمە، ئەمڕۆ بڕیارم داوە دڵی خۆم بخەمە ناو مەنجەڵ و بیکوڵێنم و بیخۆم، هیچ، جەللادی خۆمم، بەیانی سییەڕەشەکانم سوور دەکەمەوە و دەیانخۆم، دوو بەیانی جگەرم دەخۆم، سێ بەیانی گەدەم لە شیش دەدەم و بە خەڵووزی ناخم دەیبرژێنم و دەیخۆم، چوار بەیانی چاوەکانم دەکەم بە هێلکەورۆن، هەفتەی داهاتوو لەپەکانم لە تەنوور دەدەم و دەیانخۆم، گوێ بگرن، سەیرم کەن، من ئەندامەکانی لەشم دەخۆم، دەستەکانم، قاچەکانم، قنگم، ناوگەڵم، وردە وردە تا کۆتاییم دێ و دەبم بە چەن کرمێک، کرمەکان یەکدی دەخۆن و دوا کرمیش خۆی دەخوات، کە دەسەڵاتی کوردی ببن بە کرم و ڕۆحی میللەت بخۆن، منیش وام لێ دێ، کافکا ناهەقی نەبوو...

چیی تر نامەوێ لاپەڕە ئاوێنەییەکانم ببینم، یاخیم، کونێک لە باخچەکەمدا هەیە، مشکی لێ دەردەچێ، ئەوەتانێ قنگم ناوەتە سەر ئەو کونە، با مشکەکان قنگم شڕووڕ بکەن، من قنگم بۆ چییە؟ هیچ، دەمێنمەوە تەنیا خۆم و ئێسقانەکانم، ئای کە روحم ئازاد نابێت، خۆم کوت کوت بکەم، هەر ڕوحم ئازاد نابێت، چونکە برسیم نابێ، گڕەم دێ، وشەکانم نابن بە ئاو، ئەمانیش هەر ئاگریان لێ هەڵدەستێ، ڕوخسارم و دەموچاوم دەسووتێنێ، دووکەڵی ئاگری وشەکانم تێکەڵ بە دووکەڵی جگەرەکەم دەبن، بەر چاوم دووکەڵاوی دەبێ، ئاسمان نابینم، بەرچاوم تاریک دەبێت، هەر «هەی داد و بێدادم»ە، پەندەکە دەڵێ «هەی داد هەی بێداد کەس دیار نییە، کەس لە دەردی کەس خەبەردار نییە»، یەک دەزوو من و مرۆڤایەتی و کورد بە یەکەوە دەبەستێتەوە، ئەویش مردنە بە بێدەنگی، وا بزانم زۆر کەس وەکو منن، من ئاگەم لە کەسەکانە، بەڵام ئەوان ئاگەیان لە من نییە،

دەتانەوێ چیم بۆ بکەن بۆوەی ئەم ژان و شۆڕشە بەرم بدات؟ هە، مەگەر هەر بەردبارانم بکەن، هەر ئێستاش مەسیحێکم بۆ خۆم، خۆم لە خاچ دا و قاچەکانم ناگەنە زەوی، مردووم و روحم ئازاد نابێت، لە خاچ دراوم و گیانم ئازاد نابێت، ژانەکانم بوون بە دۆزەخ و بە گڕەکەی دەمکاتە خۆڵەمێش، کێ دەیەوێ گۆشتی برژاوی من بخوات؟ خۆی پێ تێر بکات؟ کەس؛ تا گۆشتی ئاژەڵ و باڵندەکان هەبێت کێ گۆشتی تاڵی منی دەوێت؟

ئاگەم لە خۆم نییە، رووناکی هەتاو، تیشکەکانی هەتاو نیوەی لاپەڕەکانمیان داگیر کردووە، من تیشکی هەتاویش رەت دەکەمەوە، چاویلکە ڕەشەکەشم گەرم بووە، ئاوی پەرداخەکەی سەر مێزەکەشم، جگەرەکانم، تەپڵی سەرم؛ مەلا بانگ دەدات، بمبوورن، با سەرم لە دیوار بدەم، ئنجا دەگەڕێمەوە سەر نووسین «گاش ش ش ش».

دایکم هەموو کات پێی دەوتم: "مەگەر بە کۆمر خەڵووز لەم دنیا و لەو دنیادا دەموچاوت ڕەش بکەن."

من ئەو دنیام هێناوەتە ئەم دنیا، هەردوو دنیاکەم جووت بووگن، باوی ئەو ڕستەیە نەماوە کە دەڵێ: «مردوویەکی زیندووم و زیندوویەکی مردووم»؛ نا، نا، من خۆڵەمێشی ئەو خەڵووزەم کە لە مەقەڵی ئاسماندا دەگەشێتەوە، داستانی تەمەنم دەکەمە یاقووت و لەگەڵ هەورەکاندا سەما دەکەم، بە برژانگەکانم لێکیان دەدوورم، گۆرانی بۆ ئەستێرەکان دەچرم، دەیانکەم بە گوارە و مانگ دەکەمە تۆقەی قژم و هەتاو دەکەم بە مووستیلە و هەڵدەپەڕم، لەگەڵ وشەکانم چۆپی دەگرم، دەبێ هەردەم وەکو هەڵۆ بفرم، من چۆلەکەم خۆش دەوێت، چونکە لەسەر شانی شۆڕشگێڕان دەنیشنەوە، من حەز دەکەم پێ بکەنم چونکە کۆیلەی کەس نیم، بەردەوام سەگی خۆمم، حەز دەکەم لەباتی مەرەکەب خوێن لە مەمکەکانم ببارێنە سەر لێوەکانتان، چونکە شیلەی ڕوحمی تێدا تواوەتەوە، ئای کە بەرچاوم تاریکە، نا نا رۆشن نییە، وا خەریکە ورده ورده بەرەو هەنگاوەکان هەنگاو دەنێم، بەرەو دڵەکان ماچ ڕەوانە دەکەم، من دەنووسم کەواتە دەگریم، من دەنووسم کەواتە ژان دەم گرێت، من دەنووسم کەواتە شیوەن دەکەم، من دەنووسم کەواتە شووشەی برینەکانم ورد و خاش دکەم، من دەنووسم کەواتە جەرگم بە ئاغزە جگەرە کون کون دەکەم، من دەنووسم کەواتە قژم و ڕوومەتەکانم دەڕنم، من دەنووسم کەواتە تووشی خوێنپژان دەبم، من دەنووسم کەواتە لەدار دەدرێم، من دەنووسم کەواتە کۆسم دەکەوێ، من دەنووسم کەواتە هەی وەشێرە دەکەم، من دەنووسم کەواتە گڕ دەگرم و، من دەنووسم کەواتە من شەیتانم، من دەنووسم کەواتە من بەردم، من دەنووسم کەواتە من فرمێسکم، من دەنووسم کەواتە من دووکەڵی جگەرەکانمم، من دەنووسم کەواتە من خۆڵم، گۆڕم، من دەنووسم کەواتە من کەر و سەگم، من دەنووسم کەواتە من میهرەبانم، بێریڤانم، من دەنووسم کەواتە من داستان و ئەفسانەم، من دەنووسم کەواتە من قوڕ دەگرمەوە، قوڕی دەستکرد نیم، من دەنووسم کەواتە من پەیکەرێکی قورمیش نەکراوم، من دەنووسم کەواتە

من ئاسن و پەشمەکم، سکەی شەمەندەفەر نیم، من دەنووسم کەواتە من ساباتی جووتیارانم، ساباتی دەرەبەگان نیم، گەڵام، گوڵم، بەڵام بێ دڕک نیم، من دەنووسم کەواتە من خوێنی پەردەی کچێنیم، من دەنووسم کەواتە من مەزارم، گومەزم، من دەنووسم کەواتە من کفنم، بەردی ئەلحەدم، من دەنووسم کەواتە بیابانم، شاخم، باخم، بێستانم، من دەنووسم کەواتە خەنجەری پیتم، زمانی چەقۆم، من دەنووسم کەواتە هەموو جەمسەرەکانی دنیام، باباگوڕگوڕم، بڵێسەی بانمیلم، من دەنووسم کەواتە من مێرووڵەیەکی خنجیلانەم، من دەنووسم کەواتە ڕەگ و میوەم، قەدم، لقم، گەڵام، هەنارم، من دەنووسم کەواتە من هەموو دنیام، دارفۆر و غەزە و ئەفغانستان و عێراقم. من دەنووسم کەواتە پرسیار دەکەم...

– کێ چاوی کۆتری کوێر کردووە؟!

– کەس!

– من دەزانم کێ.

– کێ مێرووڵەی کوشتووە؟!

– کەس.

– من دەزانم کێ.

– کێ زێڕی بە تەنەکە گۆڕیوە؟

– کەس.

– با، من دەزانم کێ.

– کێ خواناس و خوا نەناسە؟

– کەس...

– من دەزانم کێ.

– کێ مردووی مردووە و شایی کردووە؟!

– کەس...

– با، من دەزانم کێ دەڵێ ئاغام ڕۆ، خوا شوکور.

– کێ ئەحلام مەنسووری کوشتووە؟

– کەس...

– من دەزانم کێ، زۆرن زۆر...

– کێ مردووی زیندوو کردووەتەوە؟

– کەس.

– با، من دەزانم کێ.

کێ؟ کێ؟ کێ؟ کەس. کەس. کەس. من دەزانم کێ ئاگری لە ئاسمان بەرداوە، کێ خۆڵەمێش دەبارێنێ، کێ پشقڵ دەگۆڕێتەوە بە چوکلێت، کێ مەرگی کڕیوە، کێ فەیرووزی بریندار کردووە، کێ بە نووسین لاپەڕەی خۆی خوێناوی کردووە، کێ بە ئاگری جگەرە شیعری نووسیوە، کێ تەرمی خۆی کردووە بە سێبەر و هەڵی گرتووە، کێ گڕەی دێ بۆ دۆزەخ...

کێ لاسایی بڵێسە دەکاتەوە، کێ دێڕی شیعری کردووە بە گوریس و خۆی پێ لە سێدارە داوە، کێ داوێنی پاکی بە چڵکاوی داوێن پیسی شۆردووە، کێ چڵکاوخۆری نۆکەرەکانە، کێ ویژدانی خۆی کردووە بە پردی ڕاستی و ئنجا فرۆشتوویە بە دوو دۆلار، کێ کوێری شێت کردووە، کێ گورچیلەی کێی دزیوە؟ کێ بە ئایدز مردووە و پینەیان بۆی کردووە؟ کێ خۆی لەناو پاکەتی جگەرەدا زیندەبەچاڵ کردووە، کێ گەردوون بەڕێوە دەبات؟ من دەزانم و بە کەس ناڵێم.

بۆ بڵێم؟ تەنانەت کونترۆڵی تەلەفیزیۆنەکەشم کەر بووە، تەنانەت سوراحی ئاوەکەشم بووە بە خۆڵ، هەتا وشەکانیشم بوون بە پشقڵ، هەتا دەرمانەکانیشم بوون بە ژەهر، کێ لە مرۆڤایەتی خۆی نەکەوتووە؟ کێ گوڵی فەرشی زیاتر لە گوڵی باخچە خۆش ناوێ؟ کێ مەرگی بڵاو نەکردووەتەوە؟ کێ تێلای بڕیوەتە قنگی خۆی؟ من دەزانم کێ، مرد، بەداخەوە. کێ نەخشەی نیشتمانەکەی بە کونی قنگی و بە سووراوی لێوی ژنان کێشاوە؟ کێ بە ئاگری جگەرە لەپی دەستی ڕاستی کون کون کردووە؟ پرسیارە و دەبارێت، وەڵامە و دەمکوت دەکرێت، گومانە و دەکرێت بە هەویر، یەقینە و دەکرێت بە قوڕی عەلیاوە، هەر هەموومان ئیفلیجین، بە قنگە خشکێ ڕوو دەکەینە ئاوێنەکانمان، ئەمانیش هەر ناوگەڵمان نیشان دەدەن، تیری پرسیارەکانیش دەچەقێنە ناو بیلبیلەی چاوەکان، مشاری وەڵامەکانیش تا دێ کول دەبن، کێ مەراق ناکاتە خەڵووزی تەمەن، کێ مووە سپییەکانی سەری ناکات بە ڕیشی زەمەن، کێ دەنگ نادا بە گورگ و بەرازەکان؟ ناڵێم مانگا، چونکە بەخشندە و میهرەبان و بێ دەنگە، ئەی کێ قەڵەم ناکات بە کۆمپیوتەر؟ کێ دڵۆپە خوێنی خۆی ناگۆڕێتەوە بە دڵۆپە نەوت؟

کەس نییە وەڵامی پرسیارەکانم بداتەوە، دۆلار نەبێت، خۆ من دەتوانم بۆشاییەکان پڕ بکەمەوە، کەوابوو دەبێ هەر کەوانە بکەمەوە و کەوانە داخەم.

گڕ بە دنیا بدەم و جگەرەکانمی پێ داگیرسێنم، بەڵام من و کوشتن پێکەوە ناکۆکین، چارەشم نییە، قەدەری کۆن و تازەی من هەر نووسینە و هیچی تر، تازە لەسەر نانی تیری و بایعی و ئاو و کارەبا شەڕ ناکەم، شەڕ بە خۆم دەفرۆشم، چونکە هەر تەنیا منم شەڕ دەکرم، شەڕی ئێستاشم لەسەر تاریکییە، چاوەکانم وشەکانم نابینن، کارەبا نییە، خەڵکیش ڕژاونەتە سەر شەقامی سالم، نەورۆزە و تەنیا من نەورۆزم پیرۆز نەکرد، من بە نووسینی پەرەگرافێکی جوان نەورۆزی خۆم پیرۆز دەکەم، وا ئێستاش هەست دەکەم ئەسپێم، نووکی پێنووسەکەم ڕووبەری لاپەڕە سپییەکانی ژێر دەستم دەمژێ، بە بێ دۆلار دابەشکردن خەڵک هار بووگن، خۆشیان نازانن بۆچی ڕژاونەتە

سـەر جـادەکـان، کـەس لە دەرگـەم نادات، من بۆ ئـەوان دەنووسم، کـەچی لە بێ خـەبـەران کـەشکەک سەلەوات، باشـە کە دەبەیەک نەوتم هـەیە و پڵـێتەکە خـۆی بۆ من دەسووتێنێ، گـەشاوەتەوە و منیش بە نووسـین خۆم هـەڵدەخـەڵەتێنم، وێنەی تازە بە سـەردا نابارێت، وشـەکانم نیوداشن، بووم بە بلۆک، کـەس نازانێ بۆ، هـەناسـەشم تونـدە، ئاسمـانیش لە هـەتاو تۆراوە، دەنگی دوو ئافرەتی عەبا بەسـەر دێ، دەیرێسن، ئەم مـاڵە ماتە و بێدەنگەی من قـەت نابێتـە گوێزان تا زمانیـان ببڕێ، ئاخـۆ دەتوانم زمـانی پێنووسـەکـەم ببڕم؟ تـا بۆ هـەتاهـەتایە بێدەنـگی بکەم؟ یا خـوێنم لێ بتکێ، یا کـوێر بم، یا ئیفلیج بم، کەس بـە کەس نییە فرەنسـاییەکان دەڵێن: «هـەر یەکێ بۆ خـۆی خودا بۆ هـەمووان»؛ من دەڵێم کـورد هـەمـووی بۆ کـۆنەپەرسـتی مـن بۆ چەپڕەوی؛ تەنیـام، دەبێ جگەرە لەسـەر جگەرە داگیرسـێنم، بۆوەی بەرچاوم ڕۆشن بکەمـەوە، چاوەڕێ بن، وشـەکـانم کاڵن، ها؟ تەنیـا بەر لووتی خۆم دەبینم و بەس؟ نا وا نییە، کونی قنگتانیش دەبینم.

غەزە وێران بوو، حکوومـەتی تازە و هـەزار پیلان، کەس پرسـیار لە من ناکات، بۆچی سـەری خۆم بادەدەمـەوە؟ ئەم هـەمـوو ژن و گەنج و منداڵە شـەهید بوون، مـاڵەکانیـان وێران بوو، لەسـەر چی؟ لە کاتێکدا کە حـەماس و فەتح دەزانن کە فەڵـەستین فرۆشراوە و یاسر عەرەفات فرۆشتوویە، بۆچی خـۆم داوەتـە دەسـتی سـیاسـەت؟ لەوانەیە بە بێ ئـەوەی بـە خـۆم بزانم فـرۆشـراوم، کـارەبا هاتەوە، کارەبا چوو، کارەبا کەفتـە ناو چاڵی گوو، خەونیش لە چاڵی گووەوە هەڵقوڵیوە، خۆشم لە زینداني ناو گـەڵی دایکمەوە هـاتوومـەتە دنیا، تەنیایی ڕستـەکانم کردوویانم بە ملوانکەی خـۆیان، ڕسـتـەی وام هـەیە دەڵێی درەختـە، ڕەگوڕیشـەی لەنـاو نەسـتمدایە، ڕسـتـەی واشم هـەیە نەسـتم دەگوشێ و شیلەی تەمەنم بەرجـەستـە دەکات، نازانم چی بکەم بـەم ڕستـانە کە نە نانن بۆوەی تێرم بکەن و نە جگەرەن بۆوەی دڵنەواییم بدەنەوە، ڕسـتـەی نەزۆکیشـم هـەیە کە ملیار پزیشک چارەسـەریان ناکات، ڕسـتـەی دڕکـاویشم هـەیە، پیـتـەکانیـان دەچەقنە چاوی زۆر کـەس، چاوەکـان کـوێر دەکـەن، دەزانم ڕستـەشم هـەیە لە لۆکە دەچێ، برین چـەن قووڵ بێت، تیمـاری دەکات، ڕسـتەیەکم هـەیە لە پەشـمـەک دەچێت، دێرەکـان دەیـانمژن، ڕسـتـەیەکم مـارە و نۆکـەران دەگـەزێ، ڕسـتـەیـەکم دووپشکە و چڵکاوخۆرانی نۆکەر دەگەزێ، هی تر بزمارە و لەناو چەوانی کۆنەپەرستی دەکوتم و لەسەر دیواری ڕاستی هـەڵی دەواسـم... هـەیشن ڕێک وەکو زەنگیانـەن، منداڵان لە ملی دەکەن و وێنەی خـۆیانیانی پێ دەگرن، ڕستەم نییە داوای کورسی و پۆست و دۆلار بکات، پێش ئەوەی لەدایک بن، پێش ئـەوەی لەبار بچن، زیندەبەچاڵیان دەکەم، ڕستەم هـەیە سـەری براکوژی پان دەکاتەوە، ڕستەکانم چەپڵە بۆ کـەس لێ نادەن، راسـتـە هـەندێکیـان منداڵن، هـەندێکی تریان نـەوجـەوان و هـەرزەکارن و ئـەوانی تر پیر و پەککەوتوون، بەڵام بۆنی زەوی و ئاسمانیـان لێ دێ، بۆنی ئەسـتێرە و مانگیان لێ دێ، بۆنی گیا و گوڵ و درەختیان لێ دێ، هـەر هـەموویشیان بۆنی خوێنی خۆم و جگەرە و ئازادییان لێ دێ.

گـیـرفـانی نووسـینـم پڕە لە وشـە، نـاڵێم دەوڵەمـەنـدم، بەڵام لەوانەی کـە گـیـرفـانیـان پڕە لە دۆلار

دەوڵەمەندترم... قسەی خۆمان بێ کەس بە پیاو نازانم، مەبەستم شۆڕشگێڕ و شەهید و پێشمەرگە و سۆفی و دانا و بیرمەندان نییە، مەبەستم دەسەڵاتدارانە، وا خەریکە ڕستەیەکم دەکەمە قوڕ و کوردستانێکی نوێی پێ دادەمەزرێنم، حکوومەتێکی نوێ و دەسەڵاتێکی نوێ، تا دێ سەرم گەورە دەبێ، گەورەتر، ناشبێتە باڵۆن، بۆوەی بە نووکی پێنووسەکەم کونی بکەم و فش بێتەوە، خۆ تۆپ تۆپێنی پێ ناکەم، خۆ لەناو فرێزەر ناپارێزم، قاسەشم نییە، ئەوەی هەمە و نیمە هەر ئەم سەرەیە، ناتەقێتەوە، هەر گڕ دەگرێ، داشناخرێ، کلیلم هەیە بەڵام خۆی ماشێنێکی ئۆتۆماتیکە، هەر بۆ من کار دەکات، کەس نەیتوانی بیکڕێ، نەمفرۆشت، دامنەنەواند بۆ کەس، چی لێ بکەم تەنیا نازانێ پارە بژمێرێ، ئەگینا ئەمەندە هەستەوەرە، دەزانێ بەیانی چی دەبێ و چی نابێ، نەخشەی سیاسی وای تێدایە، کەس لە کۆدەکانی تێ ناگات، گڵۆپیشی تێدایە قەت ناکوژێتەوە، بڕواش ناکەم بخڵەفێت، لە کۆمپیوتەر دەچێت، بڕوا ناکەم وایەرەکانی ناوی ئەوەندە بەیەکداچووبن و ئاڵۆز بن، یەک خەوشی هەیە ئەویش قورسە، قورسایی بە قەد قورساییی گۆی زەوی، شانەکانم ناتوانن هەڵی بگرن، هەردەم وەکو باڵەکانی پانکە بە چوار دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە، پارەش نییە بۆوەی لە بانکەکانی دنیادا بە دزییەوە بیشارمەوە، بارمتەش ناکرێت چونکە بەلای منەوە لە پارە و نەوت و دۆلار بەنرختر و گرنگترە، نەمفرۆشت و ناشیفرۆشم، هەروەک چۆن ماڵی خوا لە مەککە نافرۆشرێت، ناڵێم ئاوایە، بەڵام نایفرۆشم، هەر رامدەژێنێت، لاپەڕە هەڵدەدەمەوە و زووخاوی لێ دەبارێت، چاوەکانمی کردووە بە دوو پەنجەرەی خۆی، واتە دوو دووربینی هەیە، هەموو شتێک دەبینن، جاری واش هەیە، خۆی دەبێتە رادار، بەکورتی هەموو بەرەبەیانێک هەواڵەکانی دنیا کۆ دەکاتەوە و کۆد بەدوای کۆددا بۆم رەوانە دەکات، بەردەوام پڕی دەکەم لە هەواڵ، ئێستا بووەتە بانکی هەواڵەکان، تەڵەمووەکانی قژمی سپی کردووە، دەترسم رۆژێک بێت لەبری بۆیە سەرم بە خوێن بگرم، با جگەرەیەک داگیرسێنم، با بزانم رووباری ئەم نووسینەم دەمخنکێنێت، یان فڕێم دەداتە سەر کەناری مردن، هەر وشەیەکم گوللەیە و چرکەکانی زەمەن دەکوژێت.

دایکم هەموو کات بەو کەسانەی کە ئۆینبازن دەڵێت:

– بە گوێزان دیوار دەتاشن، گوێزانێک لە چەکمەجەی مێزی تەوالێتەکەمدا یادەکانم دەتاشێت، تەنیا موو ناتاشێت، خۆ زۆرجار خەمەکانم دەتاشێت، ئەم گوێزانە دەچێتە ناو دەروون، خەیاڵیش دەتاشێت هەروەها شەپۆلەکانی هۆش، زۆر تیژە، دەمارە وردەکانی چاوە کزەکانم دەتاشێت، فرمێسک دەتاشێت، ئەم گوێزانە تیژە نەبوایە نەدەژیام، دەمردم، بەڵام کە دیمەنی خوێن دەبینم، ئارام دەگرم، نا نا مادی نیم، ماسۆشی نیم، گوێزانە و لە ماڵەکەمدایە چی لێ بکەم؟! درۆ دەتاشێت، دووفاقی دەتاشێت، دزی دەتاشێت، دروشم و گەندەڵی دەتاشێت، زمانیشم دەتاشێ و کول نابێت، کە گوێ لە هەواڵی خراپ دەگرم، پەردەی گوێیەکانم دەتاشێت، تەنانەت ئاگری

زۆپاکەشم دەتاشێت، گوڵەکانی فەرشی ژوورەکان، ئۆکسجین، دووکەڵ، شەکری ناو چا، خوێی ناو چێشت، تامی ئاو، بۆنی عەتر، تەنیا تەنیاییم ناتاشێت، بگرە هەر لە زەنگی مۆبایلەوە هەتا چرکەچرکی کاتژمێرەکەی سەر دیوارەکان، چوارچێوەی چاویلکەکەم، شووشە پلاستیکییەکان، بۆیەی نینۆکەکانم، میزم، حەسرەت و هەناسە و ئۆخەی ئۆخەیم، شەو و ڕۆژ لە کار ناکەوێت، من دەخەوم، بەرەبەیان دەخەوم، ئەو بە ئارەزووی خۆی کلکی مۆتەکە و رەنگی خەونە ئاڵۆزەکانم دەتاشێت، نە بە پیل کار دەکات، نە کارەبا و نە با، تەنیا بە خەم کار دەکات، مەراق وزەی سەرەکییەتی، لە هەموو ماڵێکدا شەیتان هەیە، بەڵام لە ماڵی مندا "گوێزان" هەیە، ناتوانم فرێی بدەم، لە هەزار کونەوە خۆی دەکاتە ژوورەوە، لە مشکیش ناچێت، کلکی نییە بۆوەی بیبرم، تەنانەت ئارەزووەکانیشم دەتاشێ، نەهەستی منداڵ سالاریم ماوە و نە دایک سالاری و نە پیاو سالاری.

هەموو بەیانییەک دەرگەی بێدەنگیم بۆ دەکاتەوە و کاری خۆی دەست پێ دەکات...

دەنگی زەنگی مۆبایل کز دەکات، هەموو بەلوعەکان دەگرێتەوە، دیوارێک دروست دەکات، لە نێوان قاچ و هەنگاوەکانم، دەنگی ئەو هەموو بلووز و پانتۆڵەکەم بۆ دەگۆڕێت، بۆوەی بەیەکەوە نەیگونجێنم و لە بەریان نەکەم، تاریکی لە ژوورەکەمدا بڵاو دەکاتەوە و ماکیاجەکانم نابینم، تەنییا وەکو تووتی یەک وشەی لەبەر کردووە، بەردەوام دەڵێ:

– بنووسە؟

ناچار دەبم لاپەڕەکان رەش بکەمەوە، تەنیا چا و قاوە لێ دەنێم و جگەرە دەکێشم، ئەمە کاروکاسبی شەوان و رۆژانی منە. ئەویش بە ئارەزووی خۆی رستە و بیر و بیرۆکە و وێنەی شیعری دەتاشێت، دوێنێ هەوڵی دەدا برۆ و برژانگەکانم بتاشێت، بەڵام بەرهەڵستیم کرد، نەمهێشت لەوە زیاتر زەفەرم پێ ببات، خەریک بووم بە هەموو هێزی خۆمەوە بیکەم بە هەزار پارچە و فرێی بدەمە ژێر نەعلەکانم، دەڵێی نەخۆشی خەمۆکییە، بەرم نادات و کولیش نابێت، ژەنگ ناگرێت و هەردەم دەبریسکێتەوە.

لێی مەکۆڵنەوە، نهێنی نییە، ویژدانیش نییە و مەتەڵیش نییە، تەنیا خۆی نزیکی دەمارەکانی دەستم دەکاتەوە، نە وەک خۆم بکوژم، من خۆمم خۆش دەوێ و لە هەمان کاتدا رقیشم لە خۆم هەیە... ئەم دوو حاڵەتە یەکدی دەهاڕن، رێک هەروەکو حزبی کرێکاران و پارێزگارانی بەریتانیا، چی بکەم، میوانیش نییە بۆوەی دەری بکەم؟

برسیمە، شەوانیش بە دزییەوە لەژێر سەرینەکەم، خۆی دەشارێتەوە، ئەگەر رێی لێ نەگرم، ئۆکسجینی ناو ماڵەکەشم دەبڕێ، ئاویش دەبڕێ، نە بە یەکەوە دەژین و نە بەبێ یەکیش هەڵدەکەین، ئاگەی لە پرۆگرامە سیاسییەکانی کەناڵەکانی تەلەفزیۆنە، خۆی دای دەگیرسێنێ و خۆی دەی کوژێنێتەوە، سیحرێکی تێدایە میوان قەت نایبینێ، بەپێچەوانەی سەگ، دەنگی لێوە نایەت، ناوەڕێ، ناجووکێنێ، زۆرجار میوانەکانم لە ئاوێنە دەدات، کەس هاتوچۆم ناکات، هەموو

ناسیاو و هاوڕێکانمی تار کرد، گرینگی لەوە دایە کە کات دەکوژێ، بەیانییم بۆ دەکاتە شەو، شەویشم بۆ دەکاتە بەیانی، زۆرجار سەرزەنشتم دەکات، ڕێگەی هەناسەدانی لێ بڕیوم، مردنیشم بۆ ناهێنێ، دەڵێ:

– جارێ ماوتە.

ناچار دەبم سەرم بخەمە ناو دەستەکانم و بڕوانمە ئەو ئاسمانە کە هەموو کات بە هەور سواغ دراوە، جگەرە لەسەر جگەرە، جگەرە لە دوای جگەرە:

– بکێشە، بکۆکە، کەس دیار نییە.

زۆر حەز دەکات لەناو پەنجەکانمدا خۆی بکات بە پێنووس، بەڵام ڕێی نادەمێ، ئەگەر ڕێی بدەمێ، دنیا وێران دەکات، تەنانەت باڵی ئەو کۆتر و چۆلەکانە دەبڕێ کە لەسەر لقی درەختەکانی حەوشەکەم دەنیشنەوە، یان میاوە میاوکردنی پشیلەکانیش دەبڕێ، پێش هەموو شتێک سێ پەنجەی دەستی ڕاستم دەبڕێ، تۆ بڵێی ناوی ئەو گوێزانە تیژە (تەنیایی) بێت، نەخێر من تەنیا نیم، ڕاستە لە شاری سلێمانی ناچارت دەکەن وەک کەسێکی ئەورووپایی بژیت، قەدەر وایە، بە بێ تەلەفۆنکردن کەس لە دەرگەکەم نادات، ئەم شارە دەم گوشێت و جەڕم دەدات، ئا دۆزیمەوە، ئەم گوێزانە قەدەرە، ناچارم قبووڵی بکەم، تا ئێستا قەت ناچار نەبووم شت قبووڵ بکەم، تەنیا نیشتمانەکەم بە چاکی و خراپی پێم قبووڵە، هەروەها میللەتەکەم، کەچی ئەم گوێزانە هاتە سەریان، بەردەکەی سیزیفیش نییە، بۆوەی بیدەم بە شانداو هەڵی بگرم، لە فەرهەنگێک دەچێ دەڵێی بیابانە، قالۆنچەکەی کافکاش نییە، کە لە بێدەنگی بێزار دەبم دەبێتە ڕادیۆ، شەپۆلە کوردییەکانی تێکەڵ بە یەکدی دەبن و تێ ناگەم باسی چی دەکات، بێدەنگییەکەم پێ باشترە، شوێن ئای شوێن چ جۆرە دەردێکی کە دەرمانت نییە، ناتوانم بەم گوێزانەم ملت ببڕم، زەمەن چ ئاسەوارێکی کە ناتوانم بتکەم بە شوێنەوار، با هەڵسمە سەرپێ، هاتوچۆی خۆم بکەم، جارێ کاتی دادگەییکردنی خۆم دەستی پێ نەکردووە، دڵنیام کە گوێزانەکە هەنگاوەکانم دەبڕێ و پێم دەڵێ:

– دانیشە و بنووسە.

وا دانیشتم، وا دەڕوانمە ئاسمان، گوێم لە دەنگی ڕەشەبایە، تاریکی دەبینم، دووکەڵی جگەرەکەم شەڕ لەگەڵ ڕەشەبا دەکات، گوێزانەکە قاچەکانم دەبڕێ، ئیفلیج بووم، هەنگاوەکانم لەگەڵ ڕەشەبادا باڵیان گرت، وا خەریکە دەبێتە قەساب و بەردەبێتە گیانم، سەرم لە ملم جیا بۆوە، تەنیا ئەم سێ پەنجەیەم ماوە، وا خەریکە بنمیچی ژوورەکەم دەکەنە مێز، نازانم چۆن لایتەکە داگیرسێنم، تەنیا هەر تاریکی دەبینم، سەر و قاچ و سک و پەنجەکانم لە ژوورەکاندا فڕیون و خوێنیان لێ دەبارێت، زەوییەکە بە خوێنم سواغ دراوە، ناتوانم بۆنی بکەم، چونکە چوار بۆنی لێ دێت، بۆنی ئەحلامی خانەقین، ئەحلامی بەغدا، ئەحلامی پاریس و ئەحلامی سلێمانی، من پێنج کەسایەتیم هەیە، ئێستا ئەحلامی خۆمم، پێکهاتەم لە پێنج ڕەهەند و مەودای تێکەڵ بە یەک، حەز

دەکەم ببمەوە بە ئەحلامی بەغدا و خۆم بگۆڕم و لە جادە و شەقامەکانی بەغدا پیاسە بکەم، تۆ بڵێی گوێزانەکە قاچەکانم بۆ بگەڕێنێتەوە، باڵەکانم، ببم بە داڵ و هەڵفڕم، خۆ لە وێشدا بۆنی مەینەتی و مەرگ دەکەم، تۆ بڵێی بمکوژن، بۆ من کوردێکی ئاشتیخوازم، شیوعیم، ناشبم بە ئەحلامی پاریس، بگریم بۆ خانەقین و بەغدا و سلێمانی، حەزیش ناکەم سلێمانی ببێتە گۆڕستانی روحم، تۆ بڵێی ئەحلامی شەشەم لە کوێدا خۆی ببینێتەوە، من بە تەمای ئەحلامی دەیەمیشم، چیم دەوێ؟ وەکو رۆژنامە کار دەکەم، بەڵام لە هیچ رۆژنامە و کۆوارێکدا خۆم نابینم، خۆم نادۆزمەوە، هیرمان هسە راستی کرد، کە باسی میدیای قۆناخی خۆی کرد، چەرخی رۆژنامەنووسیی بۆ زاخاوی مێشک، ئەحلامی سلێمانی کەوتە قسەکردن، گوێی لێ دەگرن؟ نا نا با زووخاوەکانی بێن بە نەخۆشی شێرپەنچە، خۆ ئەحلامی سلێمانی ناگری، بێدەنگ دەبێ و لە پڕ دەتەقێتەوە، هەر پیتێکی ئەتۆمێکە، جگەرە لەسەر جگەرە ئەحلام هەناسەیەکە دێت و دەڕوات، چرکەیەکم تەواو دەبێ و چرکەیەکی تر بە دوایدا دێت، تیشکێکە هەڵدێ و ئاوا دەبێ، قومێکە دەتوێتەوە و بەبێ دەنگی دەگری، بۆ منداڵانی سەر جادە دەگری، ئەحلام خۆشەویستیی نییە، لە عیشق تۆراوە، بیر لە مردن ناکاتەوە، خەونەکانی هێشتا نەوەریون، گڕەی دێ بۆ هەڵپەڕکێی کوردی، بۆ تابلۆی کوردی و بۆ هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردی، بۆ هاوارێکی کوردی بۆ پڕمەیەکی گریانی کوردی، بۆ زەردەخەنە و گڕوگاڵ و بووکە شووشەیەکی کوردی، بۆ بەڕەیەک، بۆ تەشی و بۆ گوێز و هەنجیرێک، گوێ لە دەنگی زەکەریا دەگرێ و دەگری، ببوورن کاتی ئەوە نەهاتووە باسی ئەحلامی سلێمانیتان بۆ بکەم، باسی کام ئەحلام بکەین؟ نازانم، گوێزانەکە دەرگەکان دادەخا و دەیانکاتەوە، هیتەرەکان کار دەکەن، بەڵام چاوەکانی ئەحلام کار ناکەن، دەڵێی هێلکەن و لەناو رۆنی رۆژگاردا لەسەر ئاگر کڕکڕ دەقیان گرتووە، کێ بە چەتاڵ چاوەکانی ئەحلام مەنسوور دەخوات، ئەحلام دڵی ژیان دەبینێ، چاوەکانی هیچن، تەنیا سێ چوار دیواری خۆڵاوی ماڵەکەی دەبینێ و هیچی تر، تۆ بڵێی؟!

ئەحلام دەڵێ: "من ئەو دنیایەم هێناوەتە ناو ئەم دنیایە، هەردوو دنیاکەم جووت بوونەتەوە، باوی ئەو ڕستەیە نەماوە کە دەڵێ مردوویەکی زیندووم و زیندوویەکی مردووم، نا نا، من خۆڵەمێشی ئەو خەڵووزەم کە لە مەقەڵێی ئاسماندا دەگەشێتەوە، ئاخۆ چ جۆرە بەهەشتێک لەسەر لاپەڕەکانم بۆ خۆم دروست بکەم؟ بەڵام رەنگەکان نابینم، من تەنیا "با" دەبینم، تەنیا تەوقە لەگەڵ سێبەر دەکەم و بۆنی ریقنەی کۆتر دەکەم، میاوە میاوی پشیلە دەکەمە ملوانکە و وەڕینی سەگ دەکەمە تۆقە، قیرە قیڕی بۆق دەکەمە موستیلە، ئاو دەگری، بەرد گۆرانی دەچڕێ، هەتاو هەی وەشێرە دەکات، مانگ عاشقان زیندوو دەکاتەوە، درەختەکان خەویان لێ کەوتووە، قەت وێنای گوڵ و گەڵا ناکەم، بۆنی میوە ناکەم، تەنیا بۆنی خوێن دەکەم، خەونەکانیشم پڕن لە پەرۆشی، لە پەلکە زێڕینەی رەش، لە چەند مۆمێکی رەش، بە بێ ئاگر دەسووتێن، بە بێ فرمێسک دەتوێنەوە، کەسیش نەبوو دڵنەوایی

گڕی خەونەکانم بداتەوە، ناچارم داچڵەکێم، ڕاپەڕم، هەست بکەم کە مۆمیایی کراوم، کۆچی خۆمە، خۆمم، خۆم نیم، نازانم؟! بە دوای تەرمەکەمدا ڕا دەکەم، یان سێبەری خەونەکانمە بە دوامدا ڕا دەکات؟ تۆ بڵێی فرمێسکی مەیموونێک بم؟ یان پێکەنینی کۆترێک، یان هاواری ئەسپێک، گڕەم دێ بۆ خۆمی خۆم، بۆ پرووشەی پارچەکانم، بۆ فرمێسکە وەریوەکانم، گڕەم دێ بۆ شەپۆلەکانی منداڵیم، بۆ کۆلارە ڕەنگاوڕەنگەکانی ئاوارەییم، بۆ ئەستێرە لە بن نەهاتووەکانی خڕۆکە سوورەکانی خوێنم، بۆ زەمەنێک کە قەت نابێتە تیشک و تریفە، نابێتە شیعر و مۆزیک، نابێتە بیاوان و ئاسمان، دەبێتە خەڵووزێکی خوێناوی و وێنەی گوڵی سوور و ڕەش لەسەر دیوارەکانی قەدەر دەکێشێت".

وەکو ڕووبار ڕێی خۆمم گرتووەتەبەر، کۆتاییم بۆ نییە، نارژێمە ناو هیچ دەریایەک، قووڵ دەبمەوە، بەڵام بۆقێک ناخنکێنم، ڕێش نادەمە ڕاوچییەکان ماسییەکانم بگرن، لە ناخمدا جێگەی تۆڕ نابێتەوە، بناغەشم قوڕە سوورەیە، چاڵم نییە، ڕازیش نابم کەس بەرد فڕێ بداتە ناوم، ئاوێکم گڕ دەگرم، ناکوژێمەوە، ئەگەر بەربەستم بۆ دابنێن، لافاو دروست دەکەم، خەفەت بۆ باخچە و نیشتمانە تینووەکان دەخۆم، چۆن بووم بە ڕووبار؟ ئاسانە، ڕەگوریشەی ویژدانم ڕازی نەبوون لەژێر زەویندا خۆیان بشارنەوە، تەقینەوە، هاتنە سەر زەوی، تێکەڵ بە خوێنی میللەتەکەم بوون.

هەردەم لافاو دروست دەکەم، با هەڵدەکەم، بەڵام خوێنەکەم زەوی ژێری قووڵتر دەکاتەوە، ڕەنگم سوورە، بەکورتی ڕووبارێکی خوێناویم و ئاو نیم، لە ناخمدا هەزاران درەختی سوور میوە و گوڵ دەدەن بە وشەکانم، درەختەکان سەما دەکەن، لە هەموو وەرزێکدا سوورن و سەوز نین، گەڵاکانیان سوورن و لە پایزدا ناوەرن و زەرد و وشک نابنەوە، جڕ و جانەوەر لە ڕووبارەکەمدا نییە، لەباتی ماسی، پەپوولە سوورەکان تێیدا دەژین، زۆر جوانن، شۆڕشگێڕن، لە ئاگری ناخم ناترسن، باڵەکانیان ناسووتێن، ئێمە، واتە درەختەکان، پەپوولەکان لە مردن ناترسین، چونکە وشک نابینەوە، دەسەڵاتی هیچ سەرکردە و دەسەڵاتدارێکمان بەسەرەوە نییە، کەس حوکممان ناکات، ئازادین، بە ئارەزووی خۆمان قسە دەکەین، نازانین شەو کەی دەست پێدەکا و ڕۆژ کەی ئاوا دەبێ، نازانین کات مانای چییە؟ بەردەوام وەکو هەژاران برسیمانە و قەرزارین، بە دزییەوە سەر لە زیندانەکانی دنیا دەدەین، هەروەها نەخۆشخانەکان، پڕوپاگەندە بۆ هیچ حزبێک ناکەین، هەروەها لە سەرانسەری دنیادا شۆڕش بەرپا دەکەینەوە، ڕۆژێ لە دارفۆرین، ڕۆژێکی تر لە ئەفغانستان، هەروەها هەموو ڕۆژێک سەردانی عێراق دەکەین، بۆ ماوەی مانگێک لە غەزە بووین، کۆڵان بە کۆڵان پیاسە لە وڵاتانی ئەفەریقاییی دەکەین، منداڵە ڕەش و برسی و نەخۆشەکان ماچ دەکەین، ژنە لێقەوماوەکان تێر دەکەین، ڕەشماڵێک نییە نەیزانین چەند ڕەشپێستی تێدایە، ڕۆژی وا هەیە دەبینە دەرمان، یان خۆراک، جیاوازی ئاینیی نازانین، هەروەها نەتەوەیی، پرسیاری ڕەگەزنامە ناکەین، ئێمە خەون نین، خەیاڵیش نین، ئێمە ڕاستین، وەنەبێ ئاگامان لە چوار پارچەی کوردستان

نەبێت، گەشت بە سەرانسەری دنیادا دەکەین، بە دزییەوە و هەروەها لە دوورەوە بۆنی تەمەڵی ئینگلیزییەکان دەکەین، گەر پیلان و کودەتا بکەن، زمانیان دەبڕین، زمانمان هەیە، زمانێکی نهێنییە، نە رووسییە و نە چینی، نە کوبی و نە کۆری، دوژمنمان کۆنەپەرستییە، داگیرکەرە، حەز دەکەین هەموو گەنجانی جیهان بکەین بە گیڤارا، شاعیرانمان خۆش دەوێ، هەروەها ئەدیب و هونەرمەندان، چاپخانەشمان هەیە، هەر کەسێک قومێک لەم رووبارە خوێناوییە بخواتەوە، دەبێتە شۆڕشگێڕ، لایەلایەش بۆ شەهیدانی دنیا دەکەین، سەردانیان دەکەین، گوڵیان پێشکێش دەکەین، میوەیان دەرخوارد دەدەین، ئەوان جوانن، نەمردوون، بەردەوام چاویان لە ڕێیە، هەموو ڕۆژێ مۆمیان بۆ دادەگیرسێنین و یادیان دەکەینەوە، دەزانین لە چ ڕۆژێکدا لەدایک بوون، ئاهەنگی ڕۆژی لەدایکبوونیان دەگێڕین، خۆشمان دەوێن، ئەوان قەڵا و پردن، شاخ و دەریان و لەبیرمان ناچنەوە، ئێمە قەت نوێژ بۆ کەس ناکەین، کڕنووش بۆ کەس نابەین، هیچ یاسایەک نامانگرێتەوە، ڕۆژێ لە ئاسمانین و دەبینە باران، ڕۆژێ لە زیندانین و دەبینە بیروباوەڕ، وس بن، ئێوە تەنیا بۆنی قنگی جۆرج بۆش دەکەن، نازانن جەنەڕاڵەکانی سیخوڕ و دوژمنکارن، ڕۆژێ هەزار جار گونی تۆنی بلێر دەبڕین، بە ناوی ئاشتییەوە جەنگ دەنێتەوە، کۆد و زاراوە و هاوکێشە سیاسییەکانیان دیارن، دەتوانن پیلان بەسەر هەموو دنیادا بگێڕن، بەڵام بە ئێمە ناوێرن، هیچ سەرکردەیەک نەماوە پێڵاوبارانی نەکەین، ئەوان هەر یاری دەکەن و پلان دادەڕێژن و نەخشە دەگۆڕن، ئێمەش لە بنەوە هەڵیان دەوەشێنینەوە، تەلەفزیۆنێکی نهێنیمان هەیە، لەودا سەیری کەسایەتی دەزگا موخابەراتی و سیخوڕەکان دەکەین.

لووتێکمان هەیە وەکو لووتی سەگی پۆلیس، بە بۆن سیخوڕەکان یەکە یەکە دەناسین و دەزانین سەر بە کوێن، لە گەماڵ و ڕێوی و مەیموون دەچن، بە گوێزان کلکیان دەبڕین، هەروەها زمانیان، بە بێ زمان و کلک و شاخ هەر دەسووڕێنەوە و نازانن چۆن کاتەکانیان ببەنە سەر، ئا ئێمە رووبارێکی خوێناوین و هەموو شتێکمان پێ دەکرێ، لە فیلمی سینەماش ناتوانن بمانبینن، دەتوانین ڕۆهەڵات بکەین بە ڕۆئاوا، هەروەها بەپێچەوانەوە، بە یەکسانی نان دابەش دەکەین بە سەر برسییەکاندا، هەموو سفرەکان وەک یەکن، کەس بێ ئاو و بێ کارەبا نابێت، نا نا ئێمە خەون نین، یۆتۆپیا نین، ئێمە ڕاستیین، بۆنمان زۆر خۆشە، میوەی درەختەکانم میوەی بەهەشتن، سنوور لە نێوان وڵاتان ناهێڵین، یەک رووباریشین، جیهانین، با کەس لاساییمان نەکاتەوە، سەقەت دەردەچێ، دۆش دامەمێنن، زۆر جوانین، پەپوولە سوورەکانم لە پەپوولەکانی کاستڕۆ ناچن، نا، قەت، هەروەها، لە پەپوولە چینییەکانیش ناچن، باڵەکانیان پۆڵان، قەت ناتوێنەوە، هەموو کات گۆرانی دەچڕن، گۆرانی بۆ ئازادی، بە هەموو شێوەکانی، بە هەموو مەودا و ڕەهەندەکانی، ئێوە تامی ئازادیتان نەکردووە، هەردەم دیل بوون و ئێستاش دیلن، ئێمە بەردەوام کەلەپچەکان دەتوێنینەوە، بڕواشمان بە قەدەر نییە، ژیان پەرستین، مرۆڤە جوانەکانمان خۆش دەوێ، لە

مەملکەتی ئێمەدا کورسی و پۆست نییە، نامەکانمان لەسەر قوڕ و لمی کەناری رووبارەکان دەنووسین، ئێمە عیشق پەرستین، عاشقانی دنیا گۆرانییەکانمان بۆ دەچڕن، هەرگیز خیانەتکاری نازانین، ماڵیشمان نییە، تفاقمان نییە، ئەستێرە دەستکردە سیخوڕەکان دەتوێنینەوە، گوو دەکەینە سەر عەگالی دەسەڵاتدارانی کەنداو، ئەویش بە هۆنراوەیەک، فوو دەکەین لە مشکی و کڵاوی دەرەبەگەکانی کورد، دەبێ هەموو پیاوان وەکو ئەو جوان و شاعیر و عاشق و نیشتمانپەروەر بن، نەک خوێڕی خوێڕی سواری مۆنیکا بن و بەردەوام ناو گەڵیان برسی بێت، یەک سەیارە لە جادەدا ناهێڵین، ئەوەی تا دوێنێ سواری کەر دەبوو، ئەمڕۆ بە پاسکیل هاتوچۆ بکات، یان شەمەندەفەر، یان پیادە دەبێت، تفەکەشمان خوێناوییە، دەیکەین بەو نێوچەوانە کە هەردەم مرۆڤ دەکەن بە ئامێر، تفە خوێناوییەکە دەلکێتە نێوچەوانیان و دەبێتە پەڵەیەکی سوور، خەونەکانمان جوانن؟! ئێمە دەروونناسین، گرێکانی ناخی مرۆڤ شی دەکەینەوە، مێشک ناشۆرین، بگرە تاوان دەسڕینەوە، شێتەکان ئاقڵ دەکەینەوە، هەر کەرێکیش خۆی بە ئاقڵ دەزانێ شێتی دەکەین، بۆ نموونە، سمێڵەکەی عەزیزی وەیسی دەکەین بە گوریس و سێدارە و بە زمانەوە هەڵی دەواسین، بۆوەی چیی تر گۆرانی کوردی تێک نەدا و کەس هەلەکە سەما نەکات، سەد ساڵمان دەوێ بۆ ئەوەی کورد بگۆڕین، هەر یەکسەر داونەریتی دەکەینە خۆڵەمێش، کولتوورەکەی هەلاجی دەکەین، چی؟ با کەس قسە نەکات، نەڵێ (لەل)، زمانی دتوێنینەوە، بۆوەی زەق زەق سەیری گۆڕانکارییەکان بکات و سەری شۆڕ بکات، چیمە؟ رووبارەکەم لە کوردستاندایە، سەیری کەناڵە کوردییەکان دەکات، رووبارەکەم پرسیارم لێ دەکات:

– چی بکەین بەم هەموو گۆرانیبێژە ژنانە؟

– هیچ، دەیاننێرین بۆ لوبنان، بۆوەی ببن بە شاگردی فەیرووز.

– ئاخر زمان نازانن...

– مۆسیقا زمانی ناوێ.

– ئاخر زمانی عەرەبی نازانن.

– قوڕی کوێ بکەم بە سەرمدا؟! بیاننێرین بۆ فرەنسا، بۆوەی گوێ لە دەنگی میرای ماتوی بگرن.

– فرەنسایش نازانن؟

– بولبولێک بانگ کەن، خولێکیان بۆ بکاتەوە.

– تووتی فێری زمانی بولبول دەبێت؟

– نازانم لە خۆیان پرسیار بکە.

– با گوێ لە گۆرانی کوردی نەگرین.

– چۆن دەبێ؟

– ئەی چی بکەین؟

– ئەو هەموو بلۆکە دۆلارانە دەدزرێن، شوێنەکانیان بدۆزنەوە.

– بۆ؟

– بۆوەی مـوزیکناسـە جیـهـانیـیـەکـان بـهـێـنین و دەنگی تازەمـان بۆ بدۆزنـەوە و دەنگەکـانمان پەروەردە بکەن.

– ها! وا دیارە کورد موزیکناسی نییە؟!

– با، یەکێ دووانی هەیە، بەڵام...

– چیتە؟ بۆچی بێ ئومێدی؟

– نا... ئاشنایەتیم لەگەڵ کولتووری ئەمڕۆ نییە، نابینن بووم بە خوێن، بە خەون؟!

– هم!

– وایان دەزانی کـە تەنیـاییی دام دەرزێنێ، من بە نووکی پێنووسـەکـەم چاوی تـەنیـایی کـوێر دەکەم، پێنووسەکەم لە سەرەتادا فێری بەرهەڵستکاری کردم.

بەردەوام ئۆپۆزسیۆنم، خوای کرد شەڕم لەگەڵ خۆم دەکرد، دووەم، بۆ مـاوەی هەشت سـاڵ بووم بە بەرد، فێری بێدەنگی بووم، ژێر بە ژێریش ئەزموونم دەنووسـییـەوە، من نە خەنجەر و نەتفەنگ و نە شمشێرم پێیە، من تۆم، رووبارێکی خوێناویم...

– ئا، ئاگام لێ بوو، کە برسیت دەبوو، نان و ئاوت دەخـوارد، تاقەتت نەبوو خۆراک لێ بنێیت، هەر بۆ منداڵانی سەرجادە و چلوورە فرۆشەکان دەگریای...

– دەگریام... وایە، تۆ بڵێی یەکێ مابێ بگری!

– بەڵێ، قەیرەکان...

– پێیان بڵێ پیاوی کورد کۆپی باووباپیرانێتی، ئەوەندە گرینگ نییە...

– ئاخر دەستپەڕکردن نازانن، دووەم کچانمان خۆیان دەسووتێنن.

– دەزانم... رووبارەکە بووی بە رۆژنامەنووس؟

– نا، نا کورد ئەمڕۆ هەمووی رۆژنامەنووسە.

– دەزانم، بەڵام کورد خوێنەر نییە، لە حەفتاکان و هەشتاکاندا خوێنەر بوو.

– بۆ؟

– ئێستا چینی دەرەبەگایەتی تێکەڵ بە چینی بورژوا و سەرمایەدار بووە.

– چی بکەین؟

– یەکەم جار، کۆنەپەرستی بنەبڕ دەکەین.

– ئەحلام مەنسوور، من تۆم، بەڵام نازانم لە کوێی.

– من له کوردستاندام.

– تەنیا دەنگت دەبیستم، خۆت نابینم.

– من له ناو سەنگەری خۆمدام. به قاچ سەفەر ناکەم، به مێشک سەرانسەری دنیا دەگەڕێم، له پەنچەرەکانمەوه تەقه دەکەم، وشەکانم گوللەن.

– تۆ له سێ چوار لاوه شەڕ دەکەی، دوژمنت زۆره.

– بەڵام رووباره خوێناوییەکه تۆ دۆستی منیت.

– قسەی خۆمان بێت گیرم خواردووه بەدەستتەوه...

– دەزانم، بارۆمەترەکەم زۆر سەیره، فشاری تۆی خوێن، هەردەم بەرز دەبێتەوه...

– ئەحلام مەنسوور چیت دەوێ؟!

– دەمەوێ بمرم و نەبینم کورد ئەوەنده دواکەوتووه، چینی جووتیار و کرێکار، [چینی ناوەڕاستی] نییه.

– تاوانی سیاسەتوانانی کورده...

– دەزانم، تورکمان دەڵێ،" ئێز پۆخنه بولاشب".

– یانی چی؟

– یانی گوواوی بوون، دارێکن هەردوو سەری گووه، چۆن له ناوەڕاستەوه بیگرم، نازانم من دەرەوەی ماڵ نابینم، کۆواری کوردی ناخوێنمەوه... وەک دەبینی سەیری کەناڵی (الجزيرة) دەکەم.

– ئەی عێراق؟

–بای، بای، رەوانەی دۆزەخیان کرد، ئێستاش پاکستان رەوانەی دۆزەخ دەکەن، ستراتیجی دەوڵەته گەورەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووه، شەڕی جیهانی سێیەمه، بەڵام له شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی ناچێ، شەڕەکه دووره له ئەمەریکا و ئەوروپا، رۆهەلات دەبێ گڕ بگرێ، دەبێ دەوڵەته ئیسلامییەکان پارچه پارچه بکرێن، ناهێڵن چەپرەوی و شیوعییەت سەر هەڵبداتەوه، بۆشایی شیوعییەت به شەڕی ئیسلام پڕ دەکەنەوه، بۆوەی ململانێی نێوان چەپ و راست نەمێنێتەوه، توانییان بیسڕنەوه، بۆوەی جارێکی تر، سەر هەڵ نەداتەوه، جاران ململانێکه له نێوان کۆنەپەرستی و پێشکەوتنخوازیدا بوو، ئێستا له نێوان (القاعدە) و دیموکراسیی ئەمەریکادایه، سیستەمی سەرمایەداری هەرەسی هێنا، ئەو بیست دەوڵەته خەریکی پینەکردنن، گەلانی ئەوروپا برسین، ورده ورده ئەتەقنەوه، بێکاری گەورەترین کێشەیه له ئەوروپا و ئەمەریکا، ناتوانن به ئاسانی چارەسەری بکەن، خۆ کارل مارکس درۆی نەکردووه و پێشبینی ئەم باره نالەبارەی کردووه، بەداخەوه چەپەکانی ئەوروپا سست و خاون، ئەمەریکا هەموو سەرمایەی خۆی خستە سەر شەڕی عێراق و ئەفغانستان، جەنگ چەکی دەوێ، بەریتانیا ئەمەریکا تووشی شەڕ دەکات، وەک مەیموون هەڵی دەسووڕێنێت، پاڵی پێوه دەنێ بۆ شەڕ، بودجەی ئەمەریکا کەم دەبێتەوه، لەنێو

گەلاندا سووک و ریسوا دەبێ، وەکو داگیرکەر ناوی دەبەن، بەکورتی ناوی دەزڕێ، لە دوایشدا تووش دەبێ، نازانێ چۆن لەو وڵاتەدا کە داگیری کردووە دەر چێ، بڕیار وابوو لە عیراق دەر چێ، بەڵام ناچارە هێزەکانی لەو وڵاتە داگیرکراوانەدا زیاتر بکات، بگرە لە عێراق و ئەفغانستان، بەڵام ئەوە پاکستانیشی بەسەردا هات، وردە وردە پەلاماری ئێرانیش دەدات، ئێستا لە چین و رووسیا دەترسێ، مەبەستییە زیان بە چین بگەیەنێ، بەڵام سەرکردەکانی چین ئاگایان لەو یارییە هەیە و وەکو هەرەسهێنانی یەکەتیی سۆڤیەتی لێ نایەت، رووسیاش پەندی وەرگرت و لەگەڵ ئێران رێک کەوت، هەڵەیەکی گەورەی کرد کە سەرەتا ئەفغانستانی داگیر کرد، ئێران سەد لە سەت کلکی بەریتانیایە، پێش هەرەسهێنانی یەکەتی سۆڤیەت ئێران مەترسی هەبوو بۆ سەر کۆمارە ئیسلامییەکانی سۆڤیەت، وەک چیچان و هتد... موسڵمانانی وڵاتانی خوارووی سۆڤیەتی هان دەدا، ئەمەش پیلانی بەریتانیا بوو، بەڵام ئێستا لە خاکی عێراقدا ئێران بەرپا بووە، ئێستا کەنداوی عەرەبی لە مەترسیدایە.

– دەتویست ببیت بە سیاسەتوان؟

– نەخێر، قەت، هەر دەمویست بزانم لە چ رۆژێکدام، بەرەو کوێ هەنگاو دەنێم و سیاسەتوانانی دنیا چۆن یاری دەکەن و چۆن بیردەکەنەوە.

– من خوێنی تۆم، خڕۆکەکانم پڕن لە کۆد و نەخشەی ستراتیجیک و هاوکێشە و لاسەنگی کەچی بێدەنگی...

– ناچارم، دەبێ ببم بە مار، بزانم کەی سەر لە کونەکەم دەرکەم.

– کەی دەکوژرێی؟

– ئەگەر بەخراپی باسی جولەکە بکەم...ها... وەکو گوڵ سەرم پان دەکەنەوە.

– کێ دژی شیوعییەتە؟

– ماسۆنییەکان.

– رقت لێیانە؟

– دوژمنمن.

– چین؟

– دنیا بەڕێوە دەبەن.

– چۆن دەیانناسیت؟

– چۆن نایانناسم، یەکە یەکە دەیانناسم، دەزانم چەند ماسۆنی لە کوردستاندا سیاسەتوانە و دەستی دەڕوات، ماسۆنی بەریتانیایی زیرەکترین ماسۆنییە، کۆڕی ماسۆنیەتی بەریتانیا زۆرن و کۆنن زۆر، سەدام حسێن بوو بە میوانی کۆڕی ماسۆنی فرەنسایی.

– دەی!

– چی؟ خۆ لە خۆمەوە قسە ناکەم، خۆ کەر نیم... لە خۆمەوە نایرێسم.
– کێ سەرۆکی ماسۆنییەکانی بریتانیایە؟
– باوکی میر چارسن.
– ئێ...
– گەلی کورد نازانێ کە سیاسەتوانانی خۆی ماسۆنین، کەم کەس دەزانن ماسۆنیەت چییە...
– چی تر.
– هەرچی ماسۆنییەکی بەریتانی ڕوو بکاتە ماسۆنییەتی دەوڵەتێکی تر بۆ نموونە ماسۆنیەتی ئەمەریکا، لە ناوی دەبەن، دایکی دەگێن.
– کێ یاریزانە؟
– شا– ئەلحوسەین، زۆر زیرەک بوو، شا و سەرکردە و سەرۆکەکانی دەوڵەتان، لە منداڵییەوە پەروەردە دەکرێن... هەر دەوڵەتێک پەیمانگەی ستراتیجیکی خۆی هەیە، فرەنسا هەیەتی، رووسیا هەیەتی، زۆربەی زۆری ولاتە ناودارەکان ئەو جۆرە فێرگانەیان هەیە، لە هەمان کاتدا فێرگەی موخابەراتین.
– واز بێنە لە کێشە سیاسییەکان، باسی خۆتم بۆ بکە...
– تەپڵەکی جگەرەکەم پڕە لە ئاغزە جگەرە، با بیرێژم... با قومێک ئاو بخۆمەوە.
– شەو بەلای تۆوە چی دەگەیەنێت؟!.
– سێوی گەنیو، ناچارم فرێی بدەم، شەوانی من سپین و قەت سوور نەبوون، لەباتی نان، وشە دەخۆم، خەتەکانی لاپەڕەکانم دەزوون و خەیاڵەکانم ئەدوورن، وەک کۆلارە نیم و با بمبات و بمهێنێت، من درەختم، گەڵاکانم لە پایزدا ناوەرن، دارە تووم، تەمەنم پێنجسەت هەزار ساڵە، باڵ دەگرم بەرەو قودس، بەرەو باباگوڕگوڕ، بەرەو بڵێسەی بانمیل، بەرەو ئاگر پژێنەکانی گەردوون، زۆرجار هیندییە سوورەکان تووەکانم دەخۆن، ڕەگەکانم لە ئاسماندان هەردەم توو دەبارێنم، زۆرجاریش پاسارییەکان، دەمخۆن، من لە هەموو وەرزەکاندا تۆوی شیرینم پێیە، حەز دەکەم ببم بە چەترێکی سەوز و ئاسمان داگیربکەم، باران گەڵاکانم دەشوات، قەت ڕەشەبای سلێمانی ناوێرێ گەڵاکانم بوەرێنێ، یان بیان هەژێنێ، یان یارییان پێ بکات، تووە هەمیشەییەکانیشم، قایمن، منداڵی من تووە، زۆرجار حەز دەکەم هەنجیریش ببێ بە منداڵم، حەزیش دەکەم ئاسمانی گەردوون داپۆشم، نازانم دەسکەکەم لە دەستی کێدایە، قەت نایەمە سەر زەوی، شۆڕ نابمەوە، هەر لە بەرزاییدا هەڵواسراوم و خاکم ئاسمانە، بەپێچەوانەی درەختەکانی دارستانەکانی هەموو دنیا، چونکە من درەختێکی کوردیم، منداڵان دەمیان دەکەنەوە و منیش تۆ دەبارێنمە ناو دەمیان، دەمیان شیرین دەکەم، تێر دەبن، تەنانەت مراوی و قازەکانی هەورامانیش دەمخۆن، ملیان بەرز دەکەنەوە و دەنووکەکانیان دەکەنەوە و منیش توو دەبارێنمە ناو قورگیان، پێویستییان بە خۆراکی ناو ئاو

نییە، من دەمی وشکی مردووەکانیش تەڕ و شیرین دەکەم، زۆرجار دەبمە چەتری ئاسمانی گۆڕستانەکانی دنیا، توویەکم دەبێتە کەناری و بەدەنووکی قەبرەکان کون دەکا و لەو کونەوە توو دەبارێنمە ناو دەمیان، تاقە درەختێکم کە دەسەڵاتم بەسەر مردوواندا هەیە، گەڵاکانم لایەلایەیان بۆ دەکەن، موزیکیان بۆ دەژەنن، گۆرانییان بۆ دەچڕن، خەونەکانیان تەڕ دەکەن و هیوایان پێ دەدەن، قەت مردووی مردوو نییە، هەموویان دەژین، بەڵام بە ئارەزووی ئێمە، دڵمان نیشتمانیانە، بۆیە دڵم نیشتمانی هەموو مردووەکانی سەر زەوینە، ئەوان لە خەوێکی خۆشدان، لە ڕێی تووەکانمەوە تامی داد دەکەن، بۆنی خەونە وەدی هاتووەکانیان دەکەن، بە دەنکە توویەک جەلاد دەکەمە گیڤارا، بە دەنکە توویەک نەخۆشی شێرپەنچەیان لادەبەم، نە گەرمایان دەبێ و نە سەرما، دەنکە تووەکانم دەرمانن، ژنی نەزۆک منداڵی دەبێ، قەیرە شوو دەکات، منداڵی سەرجادە دەچێتە قوتابخانە، مردووی نووسەر و هونەرمەند و فەیلەسووفم زۆرە، هەر هەموویان چەپن، کارڵ مارکس باوەشێنیان دەکات، ئەوان پێویستییان بە شانەی حزبی نەماوە، لەگەڵیان جووت دەبم؟ نازانم، با دەزانم، بەردەوام گۆرانیم بۆ دەچڕن، منیش بە گەڵاکانم دڵنەواییان دەدەمەوە، زۆرجار گەڵاکانم دەبنە نان و چۆلەکەکان نانەکە ورد ورد دەکەن و یەک یەک تێریان دەکەم.... ئاخۆ دەزانن نێوچەوانی من پارچە نانێکی هەمیشەییە، هەر لێی دەخۆم و تێر نابم ئەویش تەواو نابێت.

هەندێ گەڵام ئاوێنەیە، هەر کە پیرەژنە مردووەکان سەیری دەکەن، گەنج دەبنەوە، با جگەرەیەک بکێشم، با گەڵاکانم لەناو هەورەکان سەما بکەن، قەت ناوەرن، بۆنیان هەموو کات خۆشە و تامیان وەک تامی نانە، بەشی هەموو مرۆڤایەتیی دەکەن، بەتایبەتی مرۆڤە برسییەکان، ئاوارە و بێداران، ئەوانەی مەینەت زەلیلی کردوون، ئەم گەڵایانە چەتری تووەکانن، بۆیە تیشکی هەتاو تووەکان ناسووتێنێ.

من درەختم، بۆیە هەردەم سەوزم، من درەختم بۆیە سوودمەندم، پەینم هەورەکانە و ئاوم بارانە و زەویم ئاسمانە، درەختێکم هەردەم بۆنی خوێنی ڕژاوی شەهیدەکان دەکەم، بۆنی برسێتی منداڵان دەکەم، گەڵایەکم مامانە و فریای هەموو ژنە سکپڕەکان دەکەوێت، لەسەر دەستەکانی منداڵی هیندی سوورپێست، ڕەشپێست، زەرد، سپی، لاواز، قەڵەو لەدایک دەبن، گەڵایەکی ترم هەیە، پەرستارە، دادەیە، شیر و دەرمانیان بۆ دەبات، گۆرانییان بۆ دەچڕێت، فێری ئۆپەرێتیان دەکا، گەڵایەکم هەیە تەنیا یارییان بەسەردا دابەش دەکات، نا، نا من بابانوئێل نیم، کارگە نیم، دەسەڵات نیم، گەڵاکانم حەز ناکەن ببن بە کورسی، بە پۆست، هیچ شتێک لەم بارەیەوە نازانن، با دەسەڵاتداران هەر خەریکی حوکمڕانی بن، با هەر بلۆکی دۆلار کۆ بکەنەوە، لە بەرچاوی گەڵاکانم سیسرکن و هیچی تر، کاتێ کە دەتۆپن، یەک گەڵام ناهەژێنن، گەڵاکانم شەو و ڕۆژ هەر جڕتیان بۆ دەکێشن.

وەرزەکان قەت کار لە ڕەنگی گەڵاکانم ناکەن، چونکە ڕەنگاوڕەنگن، لەم ڕۆژانەشدا گەڵاکانی

چەپم چەتری پاکستان و ئەفغانستانن، چاویان لە منداڵانی ئەم دوو وڵاتەیە، لە ژنان، لە قەیرەکان، لە پیرێژن و پەککەوتووان، زۆربەی زۆری گەڵاکان پەرستار و پزیشکن، تووەکانیشم لە نان و دەرمان و شیلەی میهرەبانیم، گەڵاکانی دەستی چەپم چەتری ئەفەریقیان لە سودان و سۆماڵ و ئەتیوبیا و دارفۆرن، ساتێ دەبن بە چەتری ئاوارە و لێقەوماوان، یان دەرمان، یان نانم، یان ئاو، یان هیوا و میهرەبانی، دارێکم حەز ناکەم ئاسمانی ئەوروپا داپۆشم، چونکە گەڵاکانم دەڵێن: گەلانی ئەوروپا ساردوسڕن، ئەگەر چەپیش بن، هەر ساردوسڕ و خاون.

تەنیا من هەندێ گەڵا بۆ هاوڕێ تەنیاکان رەوانە دەکەم، گەڵا هاوڕێکانم قەت ئاوڕ لە ئاوارە قاچاخچی و سیخوڕەکان نادەنەوە، حەز ناکەم بۆنی پیلان و کودەتا و سیخوڕی بکەن، زۆرجاریش سەردانی ئاسمانی ئەمەریکای لاتین دەکەن، گەڵاکانم دەبنە لاپەڕەی نووسەرەکانی ئەو گەلانە کە لە جوانیدا لە خۆمان دەچن.

– بۆچی ئێمە جوانیمان ماوە؟!

– نازانم بۆچی دەمڕاستەکانمان خەویان لێ کەوتووە؟!

– بۆچی دایان ناچڵەکێنیت؟!

– هەر دەتەقیتەوە!

– بۆچی نابیتە تاقە درەختی ئاسمانی کوردستان؟!

– هە، ئەی بۆ نازانیت لقێکم هەموو کات لە ئاسمانی قەندیلە و تووەکانم لۆکەن.

– دەترسم گەریلاکان شکست بێنن؟

– فریایان دەکەوین، هێشتا ماوم و نەمردووم... نەک تەنیا من، بگرە هەموو شۆڕشگێڕانی دنیا.

– بیر لە چی دەکەیتەوە؟

– لە چەپەکانی ئێران، لقێکم لە ئاسمانی ئێرانە، گڕم دێ بۆ مێشکیان، هەر چاوەڕێ دەکەم و دەڵێی مانگ تەنوورە و ئاگرەکەی گڕم پێ دەدا، مانگ کاری هەتاو دەکات، نازانم، هەر ئەمەندە دەزانم کە دنیا گڕی گرتووە و جەنگی جیهانی سێیەمە، زۆربەی زۆری گەڵاکانم بوون بە ئەمبولانس، بە نەخۆشخانە و پزیشک و پەرستار و دەرمان و لۆکە و بەتانی و سەرین و قەرەوێڵە...

– ئەی کەی دەچیتە قودس؟!

– کوێری؟! نابینی؟! دوو گەڵام هەن ناویان گیڤارا بدێری و شیرین ئەبو عەقلێیە، من حەقم بەسەر فەتح و حەماس و نەسروڵڵاوە نییە، من چەتری منداڵانم، لقێکم هەر لە ئاسمانی غەزە چەسپابوو.

– چاوەکانت کزن...

– بە دڵ، بە روح، بە بۆن، بە هەست، هەموو شتێک دەبینم، پشتیشم شت دەبینێ، خۆ پشتی

سەرم سەتەلایتە، زۆرجار شۆڕ دەبمەوە ناو گۆڕی گیڤارا، تێر تێر بۆنی دەکەم، توو دەخەمە ناو دەمی، دەمی تەڕ دەبێ، (سیرا مایسترا)م بۆ دەگێڕێتەوە، یاری بە کاسکێتەکەی سەری دەکەم، ریشی ماچ دەکەم، لە خەو هەڵی دەسێنم، ئەو تەنیا فرمێسکەکانم دەسڕێ و زۆرجار باسی شەهید ئارامم بۆ دەکا، چاویلکەکەی شەهید ئارامم دەداتێ، لە چاوی دەکەم و بەو چاویلکەیە هەموو کوردستان و شەهیدانی دەبینم.

– رووباری خوێن، درەختی سەوز، دیسان هاتینەوە سەر سیاسەت؟

– قوڕی کوێ بکەم بە سەرمدا؟! مەگەر قوڕی "عەلیاوە"؟!

– نەخێر بووک بۆچی دەموچاوی داپۆشێت، من کەی بڕوام بە هاوسەرکاری هەیە؟!.

– ئەی سەر لە گۆڕی سیمۆن دی بوڤوار و سارتەر و کامۆ نادەیت؟

– بیریی خوێنی ئەوان بۆ من هەڵوێستە.

– دەزانم، دەزانم، بە بەی سارتەر و دی بوڤاریت.

– ئا، بەڵام بەبەیەکی زۆڵی ئەوانم.

– کلتوری کوردی رێت ناداتێ باسی ئەم پێناسەیە بکەیت؟

– هاهاهاها

– بۆچی پێدەکەنیت؟

– کورد با بزانن کە من بەردەوام هاوڕێی ئەلبێر کامۆم.

– کامۆ مردووە؟

– نەخێر، هەموو شەوێک لە باوەشمدایە و سێکس دەکەین.. هەردەم دوای نووسین و خوێندنەوە، دێتە باوەشم، بۆنی سەری یەکدی دەکەین و ئینجا تۆپەکەی دەدەمێ، دەچێ و لەگەڵ تیپەکەیدا یاری دوو گۆڵی دەکات، کە ماندوو دەبێ، گەڵایەکم بۆی دەبێتە خاولی و عارەقی پشت و ملی دەسڕێت...(Alors).

– یانی چی؟

– مانای زۆری هەیە، لێرەدا مانای (ئێ)یە، واتە بەردەوام بە.

– چۆن سێکس دەکەن؟

– ئازادین، گرینگ ئەوەیە هەست بە تاوانباری ناکەین...

– ئەگەر زۆڵێکتان بوو؟

– گەڵاکانم دەیپارێزن، خوا دەکات زۆڵێکم لە کامۆ ببێ، ئیتر چیم دەوێ! بۆی دەبم بە میهرەبانترین دایک.

– تۆ و هاوڕێکەت بە چ زمانێک قسە دەکەن؟

– به هەموو زمانەکانی دنیا، زۆرجاریش بەبێ زمان قسە دەکەین، زمانی مۆزیک زمانی سەرەکیمانە.

– درەختەکە کێ براتە؟!

– شەهید ئارام.

– ئەو مارکسی بوو، تۆ ئێستا بوونگەرایت.

– بەڵێ، هەردووکیانم، سێو یان شووتی بشکێنی دەبن بە دوو بەش... من سێوی حەزرەتی ئادەم و حەوام...

– زۆر خۆت بە زل دەزانیت..

– نا، وا نییە، دەتەوێ لەسەر کاغەزیش ئازاد نەبم! ئەم سێوە تۆوی زۆرە، هەر مرۆڤی لێ دروست دەبێ، مرۆڤ لە توخمی ئادەم لەدایک نەبووە، بگرە لە توخمی ئەو سێوە بەدی هات.

– گوێت لە کوێیە؟!

– گوێ لە گۆرانی کیلۆپاترای محەمەد عەبدولوەهاب دەگرم...

– با تۆزێ گاڵتە بکەین، خەریکی چیت؟

– کێرم خەیارە دەکەم.

– تۆ ژنیت کێرت لە کوێ بوو؟

– پێنووسەکەم کێرمە.

– کێرم خەیارە یانی چی؟

– یانی لووتم بەرزە، لە کەلی شەیتان نایەمە خوارەوە، خاوەنی قسە و هەڵوێستی خۆمم.

– نوکتەکەش بوو بە هەڵوێستێکی سیاسیی.. ئەم قسەیە بەرامبەر بە کێ دەکەیت؟

– بەرامبەر بەهەموو دەسەڵاتدارانی دنیا، بگرە هەر لە لێنین تا سەدام حوسێن، تا نەتانیاهوو تا دەسەڵاتدارانی کورد، تا شاژن ئەلیزابێت، تا هتد... تا... هتد...

– دوا دەنگوباسی دڵخۆشکەر؟

– سەرمایەداری تەپی، هەرەسی هێنا... هەرچەندە من ناوم و دەسکەکەم لە دەستی هەتاودایە و قەت ناتوێمەوە، ئا، پێش وشکبوونم، گوێم لێ بوو و زانیم کە سەرمایەداری هەرەسی هێنا، سەرۆکی حکوومەتەکانیش بە دەستی دراوەکانیان گیریان کردووە، هەروەها سیاسەتوانە بچووکەکانی ئەوروپا بوون بە کارمەند لە دەزگاکانیاندا، وەک سیاسەتوانانی حزبە بچووکەکانمان، دەڵێی دووکاندارن، قسەکردن تاقە سەرمایەیانە، دەڵێی سەگن و زەنگوڵە تاقە ملوانکەیانە، دێن و دەڕۆن و تەنیا حیمایەکان لە ستۆپ گرتنی تایەی سەیارەکانیان ئاگەدارن، بارەگەکانیان کارتۆنین، بەرنامە تەماوییەکانیان بۆنی کلکی شەیتانی لێ دێ، لە بۆنەکانیاندا چەند لافیتەیەک

لەسەر دیواری بارەگەکانیان هەڵدەواسن، لە رادیۆکانیاندا وتاری سواو وەشان دەکەن کە پڕە لە دروشم، دروشمی بێ رەنگ و بێ بۆن و بێ تام.

– تکایە باسی گەلاکانی خۆتم بۆ بکە...

– گەلایەکم تەلەفزیۆنە، دوا دەنگوباسی دنیا دەوەشێنێ، زۆر گەلای پەیامنێرم هەیە و هەریەک بەزمانێ قسە دەکەن، هەموو کات لەناو ئاگردان، بەلام ناسووتێن، رادیۆشم هەیە، هەر گەلایەک بێژەرە و بە زمانێک قسە دەکات، گەلاکانم زۆرن، دەزگایەکی راگەیاندنی گەورەم هەیە.

– وابزانم حکوومەتێکی بۆ خۆت؟

– نا، من پیاو و ژنم. بەلام نێرەمووک نیم.

– دوا دەنگوباس؟

– رووسیا وا خەریکە دەبێتە سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایش، فشار دەخرێتە سەر ئیسرائیل.

– بۆچی مەراقت زۆرە؟

– کێشەکانی مرۆڤی ئەمڕۆ زۆرن.

– مەراقی خۆت بەرامبەر بەخۆت؟

– کۆی مەراقی میللەتی کوردە... کۆی مەراقی مرۆڤایەتییە، مەراق تلیاکی منە، نە دووکەڵی جگەرە دەیمژێ و نە ئاو ئاگرەکەی دەکوژێنێتەوە، ژیان هەمیشە ئۆکسجین دەدات بە مەراقەکانم. برینی فەلەستین وا خەریکە سارێژ دەکرێ، بەرامبەر بە ددانپیادانانی عەرەب بە ئیسرائیل... ئەم مەراقە مەراقی ئەم شەوی منە، کاتژمێر پێنجی بەرەبەیانە، کەناڵی (RT) بەرنامەی پانۆراما بلاو دەکاتەوە، جوولەکەیەک و مەسیحییەک پێکەوە گفتوگۆ دەکەن.

– مەراقەکانت؟

– مەراقەکانم، خەمۆکی خنکێنراون، کۆتری سەربڕاون، گوڵی ژاکاون، برینی کۆن و تازەن، فرمێسکی بێدەنگ و فرمێسکی بێدەنگین، فرمێسکی گڕن، زووخاوی برینن، گڕی بابا گوڕگوڕن، پڕبوونی تەپڵەکی جگەرەن، کۆتاییی نەهاتنی شەون؛ ئەرێ رۆژانی من شەون، من رۆژم نییە، لە وەرزی بەهاریشدا رۆژم نییە، لە جەژن و نەورۆزدا، لە سەری ساڵدا، جەژنی من هەر توانەوە و مردنە لەناو ڕەشیی شەودا، خەونەکانم خۆڵەمێشی جگەرەکانمن، لەناو قنگی جگەرەکانە و چارەنووسیان تەنەکەی خۆڵە و لە کۆتاییدا چارەنووسی خەونی نیشتمانپەروەریم لەناو عەلاگەی رەشی خۆڵدایە و بەرەو سەیارەی خۆڵ بەڕێ دەکەوێ...

تەنیا گەماڵ و مشک و بۆق و سسیرک و مارمێلکە بۆنی خەونەکانم دەکەن، ئێستاکەش خەونم نەماوە، هەردەم لەناو تابووتی مەراقدام، و بەرەو گۆڕەکەم کە نازانم لە کوێیە هەنگاو دەنێم. سەرم ئاگرپژێنە و نیگەرانی تاقە بەنزینیەتی، دڵیشم تاقەکانی ژێر خاکی کوردستانە.

– کان یانی کانی؟

– کان.

– بۆ؟

– ئەگەر بیدۆزنەوە، ژەنگاوی وشەکانیشم، بڵقی سەر ئاون، بە فوویەک باڵ دەگرن و ون دەبن.

– مەراقەکانت؟

– بلۆکن، خشتن، هەی وەشێرەن، تەقینەوەن، خوێنی خەستن، گرانین، دوژمنی گەندەڵی سەرمایەداری و دەرەبەگایەتی و عەشیرەگەری و قوزەڵقورت سالارین، دوژمنی کولتووری کوردین... نازانم... هیچم پێ ناکرێ، هەست دەکەم قسەکانم سواون، دەمەوێ یاخی بم، ببم بە ئەتۆم، نامەوێ ببم بە تڕ... هەر خڕۆکە سوورێکی خوێنم ئەتۆمێکە بۆ خۆی...

– کەی ئاگامان لە دوا تەقینەوەی مەراقەکانت دەبێ؟

– تۆ کەڕیت، مەراقەکانم ئێسقانەکانم دەهاڕن، مەراقەکانم شانەکانی مێشکم دەخۆن.

– تەواو نەبوویت؟

– نا... وا خەریکە دەتەقمەوە، پڕم لە دینامیتی خەم...

– ناڵێم خەم.. دەڵێم مەراق؟

– هەردووکیان دوو جۆری خوێنن.

– لە دەمارەکانی مرۆڤدا تەنیا یەک جۆر خوێن هەیە؟

– خوێنی من هەزار جۆرە، خوێنی مانگاشی تێدایە... شیربەخشە، لە سلێمانیدا مانگام، بەڕێی خۆمدا دێم و دەچم.

– قسەی حیز دەکەیت، تۆ ئاگر دەکەیتەوە؟

– هەر خۆم دەسووتێنم، چیلکەی ئەو ئاگرە ئێسقانی خۆمە، بەنزینی ئەو ئاگرە خوێنی خۆمە، ئاگردانی ئەو ئاگرە دڵی خۆمە، بڵێسەی ئەو ئاگرە گڕی خۆمە، پەیامی ئەو ئاگرە بیری خۆمە... بۆنی ئەو ئاگرە بۆنی شانەکانی مێشکی خۆمەو تەنیا خۆم تێیدا بە قیست گیان لە دەست دەدەم، ئێستاش کەبابێکی سووتاوم.

– کەس ناتخوات؟

– هیچ ناخۆم بۆیە، من بێدەنگم کەواتە من گوو دەخۆم.

من بێدەنگم کەواتە سەر لە دیوارەکان دەدەم، بۆوەی شەق بەرێت و بمرم، من بێدەنگم کەواتە من کەرم، من بێدەنگم کەواتە من بەردم، من بێدەنگم کەواتە من مەرگم، من بێدەنگم کەواتە من سەگی میللەتم، من بێدەنگم کەواتە تێ دەگەم، یارییەکان گرێن، شەو و ڕۆژ هەر خەریکی کردنەوەی گرێی ئەو دەزووانەم.

هەندێ گرێی تیشکی لەیزەری دەوێ، بۆوەی بکرێتەوە، هەندێ گرێ دەبێ بە ئاگر بسووتێنرێ و

لەناو بچێ، هەندێ یاری تەماوین، دەبێ بە تیشکی خۆری نیوەڕۆ بە ئاسانی بیانبینم، وا چنراون دەڵێی بلیار تۆڕە، تۆڕەکانی ئەفسووناوین، نایەنە دەستەوە، ناگیرێن، دەزووەکان زۆر باریکن، زۆر، جۆری گرێکانیش زۆرن، هەر هەواڵێک و هەزار گرێ، هەر درۆیەک و هەزار پیلان، هەر گرێیەک و ملیار کودەتا، هەر روونکردنەوەیەک و بلیار دزی، هەر سیناریۆیەک و ترلیۆنێک خیانەت، هەر راپۆرتێک و بۆچوونێک بەقەد بەردی ئەم گەردوونە، هەر کڵاوێک بەقەد کڵاوەکانی مرۆڤایەتی، هەر عەمامەیەک بەقەد عەمامەکانی ئاخونە شیعەکان، هەر، هەر، هەر...

– تۆ لە نهێنییەکان تێ دەگەیت؟

– نە هەموویان، بەڵام زۆربەی زۆریان... دەبێ مێشک ئینسکۆلبی بێت.

– تۆڕەکان سفتن، تۆڕ هەن لە زنجیرە دەچن، ئیدی جۆرەوجۆرن، بۆیە مەراقەکانم بەقەد گرێیەکانە.

– ئەی مەراقەکانی خودی خۆت؟

– مەراقم نییە.

– درۆ دەکەیت!

– دەزانم.

– حەز دەکەیت لە کوێ بیت؟

– ساڵێ لە رووسیا و ساڵێ لە چین و ساڵێ لە ئەمەریکای لاتین، بە جووتێ کاڵە و شۆرتێک و پاسکیلێک و بەس، رادیۆ و جگەرە و چا، بەڵام بێ پارە بم. تەنیا کولێرەیەکی گەرمیانی و تەماتە و خەیارێک جگە لە قەڵەم و کاغەز...

– ئەی ئێستا...

– ئێستا تەنیا سەرم کۆچ دەکات، چاوەکانم کامێران.

– ئەی مەراقی تەنیایی؟

– تاقەتی باوک و دایک و برا سالارییم نییە، وەکو ژنێکی شارستانی دەژیم، نە دەچمە شایی و نە پرسە، میوانداری ناکرێم، دژی کولتووری کوردم، تاقەتی رێورەسمی کۆمەڵگەم نەماوە، تف لە داونەریتی کوردەواری دەکەم...تفووو.

– ئەی بۆچی هەی وەشێرە ناکەیت لە دەستی کورد؟

– لە دەستی میللەت نەخێر، میللەتەکەم دەپەرستم، هەی وەشێرە لە دەستی دەسەڵات دەکەم.

– هەر لە تەوقی سەرتەوە تا نینۆکی پەنچەکانت ئافرەتێکی سیاسەتوانیت؟

– من سیاسەتوانم.. بێدەنگم، ناخۆشترین و گرانترین دەردم هەیە.

– بۆ؟

– چونکە سیاسەتوانێکی یاریزانە، جاری وا هەیە بە نوکتەیەک گەورەترین کێشە چارەسەر دەکات، مەبەستم ئەوەیە کە پینەی دەکات.

– ئەی مەراقەکانت؟

– زەوی سلێمانی نشێوە، ناتوانم بە پێ هاتوچۆ بکەم... ئیفلیجم.

– بۆچی لە سلێمانیت؟

– چونکە بڕیارم داوە سالانی پیریم، لە سلێمانی ببەمەسەر، بڕیارێکی کۆنە و داومە... تەواو... سلێمانی قەدەرمە و تەواو.. تیایدا ساتێ دەبم بە جەنگاوەرێکی کۆن، یان شۆڕشگێڕێک، دەنووسم.. تەواو...

– ئەی مەراقەکانت؟

– ئاسنین و ژەنگیان هەڵهێناوە، بلۆکن و بە سفتی هەڵچنراون، خەڵوزن و پشکۆکانیان سپیەکانم دەسووتێنن، گڕن و دەروونم خوێن پژێن دەکەن، دڕکن و دڵم کون کون دەکەن، میزن و هەراسانم دەکەن، باڵۆنن و بە پەتەکانیان فڕێم دەدەنە ناو چاڵ، سەهۆڵن و زمانم لاڵ دەکەن، زەڕە زەڕن و گوێیەکانم کەڕ دەکەن، یاسان و لە ناوەڕاستی جادەکاندا پەلکێشم دەکەن، مەرگن و هەناسەم توند دەکەن، مۆتەکەن و خەونەکانم لەبار دەبەن، دیوارن و کە پاڵیان پێوە دەدەم، هەرەس دێنن، شیشن و دەچنە ناو کونی قنگمەوە و لە دەممەوە دێنە دەرەوە، لەسەر مەقەڵی کولتووری گەندەڵیی کوردی دەمکەن بە کەباب، ڕۆنن و لەناو تاوەیەکی گەورەدا سوورم دەکەنەوە، وشکەساڵین و پاڵەپەستۆ دەخەنە سەر فرمێسکەکانم، تاوانن و بەرد بارانم دەکەن، ڕەشەبان و چاوەکانم کوێر دەکەن، پەشمەکی تاڵن و زمانم دەسووتێنن، گوێزانن و دەست و مەچەکم دەبڕن، خۆڵن و دەمم پڕ دەکەنەوە، ئاگردانن و سەمای مەرگم پێ دەکەن، تەپاڵەن و ڕێیەکانی ناو مێشکم پیس دەکەن، ماستاون و کۆڵسترۆڵم بەرز دەکەنەوە، نەخوێنەوارین و بە سووژن لووتم کون کون دەکەن، پشقلن و خۆیان دەکەنە نوقڵی منداڵان و چێژم پیس دەکەن، دەرزین و بە دەزووی داونەریت لێوەکانم دەدوورن، تەرمن و پشتم دەکەنە عەرەبانەی خۆیان، سوراحین و پڕن لە چڵکاو و پیسایی، سێدارەن و بە تاوانبار لەقەڵەمم دەدەن، لافاوی پیساین و قاچە چرچەکانم ڕەش دەکەنەوە، تەرازوون و کێشی تووڕەییم دەپێون، دایانڕزاندم.

– کێ بەرپرسیارە؟

– ناعەدالەتی و کۆنەپەرستی و دەسەڵاتی کوردی؟

– مەراقە جوانەکانت باس نەکرد، ڕقت لە خۆت هەڵساوە، لەگەڵ خودی خۆتدا ئاشت بەرەوە...

– خۆم دەکوژم، نووسینی هەر دێڕێکی خوێناویم خۆ کوشتنێکە، دەمەوێ وەکو (اصحاب الکهف) بۆ ماوەی سەد ساڵ بخەوم و ئینجا داچڵەکێم... ڕای دەکێشم وەک گالیسکە. تەمەن زنجیری زووخاوە نازانم بۆچی تەواو نابێت؟

– بۆچی ڕەشبینیت؟

– بۆچی گەشبین بم، لە پای چی؟ منداڵانی کورد برسییانە، پێ ڕووتن و لە گەراجەکاندا بنێشت دەفرۆشن، لە بازاڕەکاندا بۆیاخچین، قوتابخانەیان بەجێ هێشتووە، عەلاگە دەفرۆشن و لێت دەپاڕێنەوە، سەگی ئەوروپایی نازدار بێ و منداڵی کورد بێ ناز بکەوێ!؟ منداڵانی بەرپرسەکان بە سەیارە فڕکان فڕکانیان بێ و منداڵانمان پاڵ بە عەرەبانەوە بنێن، خوایە هەی وەشێرە، مارکس ئەفەندی لە کوێیت؟ وەرە بێعاریمان پێ بفرۆشە، لە خەو هەڵسە و بێ دەربەستیمان بدەرێ، هەڵسە دەی، کتێبەکانت زیندەبەچاڵ بکە، بە ئاگری دڵم ڕیشت بسووتێنە، لە ڕقی بێدەنگی تۆ وا خەریکە یەخەم دەدڕم، دەکەومە سەرجادە.

– دیسان تەقینەوەیە؟

– پشقل دەبارێ، گوو دەخۆین، هەندێ کەس شەرم دەکا بڵێ من کوردم، زۆر کەس حاشایان لەم میللەتە نازدارە کردووە، نانی تیری کوردیان کردە تەپاڵە، چی ما؟!

– تووڕە مەبە.

– من بێ عار نیم، هەست بە لێپرسینەوە دەکەم، ئەگەر شیوعی بم یان وجوودی.. من ئەحلام مەنسوورم هەروەک خۆمم.. خوا دەکات میللەتەکەم دەبێ بە سیخوڕ، با بە تەنیا بم، هەر تێ دەکۆشم، دەنووسم و دەنووسم، تا گیانم دەردەچێ، هەر کۆڵ نادەم، گڕەم دێ بۆ هەستی نیشتمانپەروەری، بۆ چەپڕەوی، وام، وابووم و هەر واش دەبم تا دوای مردنم...

– مەراقەکانت؟!

– فرمێسکەکانم قەت نامرن، چاوەکانیشم هەردەم ئاوارەن، پەناهەندەی وشەکانمن، نازانم بەدوای چیدا دەگەڕێن، وێڵ و سەرگەردانن، دوو پشکۆن و بە فرمێسک دەگەشێنەوە، دەڵێی فرمێسکەکانم بەنزینن، دەگەڕێن بۆ ساباتێک، بۆ کانییەک، بۆ نەیەک، بۆ ئاوازێکی گەردوونی، قەت هێمن نابنەوە، هەموو کاتیش سەرنجەکانم یاخین، ناتوانم کۆنترۆڵیان بکەم، پێڵووە سوورەکانم دەڵێی پێڵووەکانی (هوڵدرلین)، پەشمەکی سووتاون، ناو چەوانیشم تەختەی شەترەنجە، وشەکانم لە سەری یاری دەکەن، هەر دەدۆڕێن، دەڵێی قومارچین، قەت نابەنەوە، ترسم لێ نیشتووە، نە وەک بن بە قاچاخچی، سەرم بدزن و سنوورەکانی پێ ببڕن، گڕەم دێ، چاوی ڕاستم بووە بە کاتژمێر و هەر چاودێری سەرم دەکات، نە وەک بدزرێ، سەرم قەڵایە، هیچ جۆرە خەونێکی تێدا نییە، زۆر ماندوو بووم تا پەروەردەم کرد، زۆرجار دەبێتە ئەسپ و ڕەشمەکەی لە دەستم دەردەچێ، یان دەبێتە مووشەک و بە ساتێک دەگاتە ناوەڕاستی کۆشکی سپی، یا کرملین.

– هەردەم خوێن پژێنە، گۆی زەوی ڕۆژی یەک جار دەسووڕێتەوە، بەڵام سەری من دەڵێی پانکەی ڕۆژگارە، دەڵێی ئەستێرەیە و بە چوار دەوری زەویدا دەسووڕێتەوە، ڕۆژی هەزار جار، چی لێ بکەم؟ ناگیرێ، سەرێکی کارەباییە، کەس ناوێرێ دەستی لێ بدات، کارەباکە دەیگرێ، وەکو

سەعاتیش هەر چرکە چرکیەتی، زۆرجاریش دەبێتە رادار و بێ تەل تەنیا هەر کۆنەپەرست نابێت، ناوێرم، لە دیواری بدەم، هەزار سەنگەری تێدایە، هەر پەنچەرەیەکی تەلەفزیۆنێکە، قەت نایگرم، نایبەستمەوە، خۆ مووەسپییەکانم هەر باسیان مەکە، چەترێکی ئاسنین، تەڵە مووی ئاسنین، قەت ناتوێنەوە، لە تەلی کارەباییی دەچن، ڤۆڵتەکانی مێشکم گەرماییيان پێ دەدەن و قەت سارد نابنەوە و ژەنگ ناگرن، ئەم سەرە بچووکە مارکس بەخێوی کرد، دیکارت ئارەقەی سڕی، ئنگڵس باوەشێنی کرد، سارتەر ماچی کرد، کامۆ قژی شانە کرد، ئێستاش زۆر قورسە، گەڕۆکە، مەگەر گلگامێش چراکانی بکوژێنێتەوە و فوو لە گڕەکەی بکات، هەزاران جۆر هەوری تێدایە، هەوری سوور، هەوری مۆر، هەوری سەوز، هەوری زەرد، دەبارن، هەر وشە دەبارن، هەورەکان سوریالین، بەردەوام دادەبارێن، زۆرجاریش مان دەگرن و دەبنە چەند پەلکەزێڕینەیەک، تەنیا هەر من دەیانبینم، ئەم سەرە گەرمە لە سیبریاش سارد نابێتەوە، بۆیە یەخچاڵ بێ سوودە، قاسە نییە، سەرێک لە کۆتر بچێت خۆ نایبڕیت، هەزار و یەک کەس هەوڵیان دا بیبڕن، بەڵام هەردەم پارێزراوە، کونیش نییە خۆی تێدا بشارێتەوە، زەمەن دەمرێ، شەو دەگۆڕێتەوە بە رۆژ، هەموو شتێکی تێدایە، پارە و پۆست نەبێت، سەرێکی هەستەوەرە نازانم لە کوێ بیشارمەوە.

کارەبای دەستی منیش دەگرێ، مینبەر و سایتیشی نییە، شەپۆلەکانی دەروونم هەراسان دەکات، هەوڵم دا بیکەم بە باخچەی شیعر، یان هۆڵی شانۆ، یان ئامێرێکی موزیک، بەڵام بوو بە کتێبێکی وێنەیی، کاتێ کە خوێنم هەڵدەچێ، سەرم دەبێتە تەنوور، ئاگرێکی سوور دەنوێنێ، ئاگرەکە گڕ دەدات بە خڕۆکە سوورەکانی خوێنم، وێران دەبم، خوێنی لووتم دەبێتە تاڤگە و دەبارێتە سەر قاچەکانم، خۆم فڕێ دەدەمە سەر زەوی، دەکەوم، ئاگام لە خۆم نامێنێ، دوایی خۆم لەژێر لاپەڕەکانی دەستمدا دەبینمەوە، ئای لە دەستی ئەم پێنووسە شرینقە ئاساییە، وەکو تلیاک مەرەکەبەکەی بەنگم دەکات، هەر ئاو دەخۆمەوە و میزم دێ، گۆرەوی، سوتیان، فڕێیان دەدەم، ئازاد دەبم، تەنیا دەموچاوم و چاویلکەیەک، چی بکەم لە خۆم، دەسەڵاتداران دزی دەکەن، درۆ دەکەن، پێنووسەکەی من تووش دەبێ، ئەوان کوردیان برسی کردووە، ملی من ئامادەی سێدارە دەبێ، ئەوان سواری فڕۆکە دەبن، ژنانی ئەنفال قاچیان ئەقڵیشێ، ئەوان دەخۆنەوە، میللەتەکەم بێ ئاو دەبێ، گڕەم دێ بۆ شیوەنکردن، بەلەسە بووم بۆ ئازادی، من بەردەوام زیندەبەچاڵ دەکرێم.

– ئا ئا... ئا ئەمەیە مەراقی تۆ... باسی بکە...

– لەشمان لەناو چاڵدایە و سەرمان لە دەرەوەیە، مێشکم هەموو کات یاخی و ئازادە، نامەوێ کۆڵانەکانی کوردستان ببینم، حەز ناکەم بچمە ناو بازاڕ، نەخۆشم و حەز ناکەم بچمە لای دوکتۆر، بە هەزار پەتەوە بەستراوم، هەر هاوار دەکەم، نان بۆ میللەت، ئاو بۆ میللەت، کارەبا بۆ میللەت، خانوو بۆ میللەت، مووچە و دامەزراندن بۆ میللەت، با شەیتان هەر بۆ ئەوان بێت، بەڵێ زیندەبەچاڵ کراوین، مێشکمان ئیفلیج بووە، چاوەکانمان کوێر بوون، ئاسمان بووەتە مەینەتی،

خواردن زووخاوه، ئۆکسجین مەراقە.

لاپەڕەکانم فڕنن، بورکانن، دۆزەخن، تەنوورن، مەقەڵن، ئای کە قەدەرێکی هەمیشەییە و یەخەم بەرنایەت، پەتایە، سیلی دەروونییە، نە دەروونناس دەتوانێ چارەسەری بکات و نە خودا، مەرگیش تاقە داڵدەیەتی، چی بکەم؟ دەمگوشێت و دەمکاتە دۆشاوی خوێن، خەست دەبمەوە و نابم بە جن و مەی و شەراب، کەس مەست و سەرخۆش ناکەم، بگرە سووژنە و لە ویژدان دەدات، ویژدان کون کون دەکات، ئێسقان دەهاڕێت، فرمێسک دەبارێنێ و چاو کوێر دەکات، وەکو لۆکە ناخ و هەناو هەللاجی دەکات، ناشخورێت، نە نەستەلەیە و نە پەشمەک، بەرد و زیخ و چەوە، ئاگری بن کایە، قنگ دەسووتێنێ و ئاوی مەندە دەتخنکێنێ و تراویلکەیە لە دووڕیانەکاندا فڕێت دەدا، هەر سەگ لێت دەوەڕێت، هەر گەوج و نەفامە میزت بەسەردا دەکات، هەر سیخوڕە و هەموو نهێنییەکانت پێ دەردەهێنێت، مەرگە و گۆڕ بە گۆڕت دەکات، بۆ خوێنەریش بنێشتە خۆشەیە، سفرەی رووتە، زۆرجاریش دەبێتە ئاودەست، خوێنەر گووی خۆی بەسەریدا دەکات، نە پەیامە و نە قسەی حیز، نە گوللەیە و نە مووشەک، نە درێل و نە چەقۆ و خەنجەرە و نە کلکی بزن، دەردێکی بێ دەرمانە و لۆکەش نییە، تەنیا ئیسفەنجێکە و دەبێ بە کتێب، گەورەترین پیاوکوژە، چونکە سانسۆری ئەندامی سێکسە و هەروەها خەونی ئالۆزی نەستی سەر لێشێواوە، بۆ من رەشەبایە، نە دەتوانم شاخی بگرم و نە کلکی، دەمکاتە گەڵای پایز، هەڵمدەگرێت و لەملا و لەولا فڕێم دەدات، خۆ دەفڕی باڵندە نییە، کەشتی ئاسمانی نییە، درۆیە، ناتکاتە ئەستێرە، بگرە دەتکاتە تەپاڵە و پەین، تلیاکێکی ئەبەدییە و هەردەم بەنگت دەکات و لەناوت دەبات، خۆزگە مەی ببوایە، خۆزگە جۆگەی پیسایی و زێراب نەبوایە، زێرابی هەست و خەون، قەرزارییە و یەخەت بەرنادات، شەو و رۆژ لە دەرگەی دڵت دەدات، قومارە و تەمەن دەدۆڕێنێ و لەسەر ساجی عەلی دادەنیشێ، هەموو کات رەنج بێ بەر و هەناسەی ساردی پێ پەتی و برسی و نەعلی کۆنی فڕێدراو، ئەمە دەلالەت و نیشانەی نووسینە، دیکارت دەیوت: من بیر دەکەمەوە کەواتە هەم، منیش دەڵێم: (من دەنووسم، کەواتە وێران و پەرتەوازە و بەلەسە دەبم).

ئاخر ماکیاج و دەمامک نییە، بگرە پێستی دەموچاو دەڕووشێنێت، خۆ دراوێکی دەگمەنیش نییە، رۆژنامەنووسانی کورد کردیان بە چڵکاو، جاران کورد شاعیر بوو، ئەمڕۆ خەریکی رۆژنامەنووسییە، درم و پەتایە، وەکو ئاگر پەرە دەسێنێ هەر رۆژنامەیە و دەبێتە سفرەی نانخواردنی خێزانی کوردی، تووشی برسێتی فیکر و هزر دەبیت، دەستپەڕێکە و لەسەر ماکەرێک دەیکەیت و هیچی تر، میزی وشترە و هەر بۆ دواوە پاشەکشێ دەکەیت، پیشەکەم رەزیل نەکردووە، بگرە گەندەڵی رەزیلی کرد، کۆنەپەرستی کردی بە یاری کات بەسەر بردن، کۆمپیوتەریش کردی بە پیشەیەکی گشتی، پیشەیەکی کاڵ و لەباتی ئاوێنە، لە بنی پێڵاوی سیاسەتوانان دەدرێت، هەی وەشێرە.

نووسین ئەو بارە گرانەیە کە دەبێ سەرتاسەری تەمەنت هەڵی بگری و حەماڵی بی و کەس لێت وەری نەگرێتەوە، شانەکانت هیلاک دەبن، چش، بە خەیاڵی کەس نایەت، زیندانی دەکرێیت، کەلەپچە بەرت نادات، لەشت زیندانی هزر و روحتە، دوو زیندان لەش و ماڵ و لاپەڕە، بڵێم چی؟ پەرتووکە و زەرد دەبێتەوە و فڕێ دەدرێتە ناو تەنەکەی خۆڵ، جۆگەی فرمێسکە و قەت وشک نابێت، پێناسەکان زۆرن زۆر، چی دەکەی؟ گوێزانێکە کلکی ناهەقی دەبڕێ و سەریشت دەتاشێ، ئا ئەمەیە ئەرک و پەیامی نووسین، دەتانەوێ ببن بە نووسەر، دەبێ ئەم پەرداخە، ژەهراوییە وەکو سوقرات هەڵبدەن، بینۆشن، روحتان بە لەشی سووکی مندا، بچێتەوە، ئیدی خۆتان دەبیننەوە، منداڵێکی لاسار لەناو مێشکمدا دەقیژێنێ، دەیەوێ لە چاوی راستمەوە لەدایک بێ، سەرم بەردەوام ژان دەیگرێ، بەپێچەوانەی منداڵدانم، کە دەست بەتاڵ و بێکارە، هەستی پێ ناکەم، بۆ من بوون و نەبوونی وەکو یەکە، خۆزگە نووسین لە منداڵدانەوە لەدایک بوایە، با مناڵدان لەباتی ئەوەی ببێتە کارگەی هێلکە و منداڵ، ببێتە کتێبخانەیەکی گەردوونی و هەر کتێب بخاتەوە، خۆزگە چاو ببوایە بە دووربین و چاپخانە، نەک چاوت ناعەدالەتی و کێشە قێزەونەکان و شەڕی براکوژی ببینی، خوێنڕێژی و داگیرکردن، خۆزگە چاوەکان لە کار بکەوتنایە، هەر هەموومان کوێر بووینایە و سێبەرمان بکردایە بە گۆچان.

هەر هەموومان ئیفلیجین، تەرمی خەونی یەکدی بەڕێ دەکەین، جگە لە خەونە لەبارچووەکانمان کە کردتان بە گۆڕستان، من یەک خەونم نییە، هەموویانم زیندەبەچاڵ کرد، بۆیە دەوێرم سەیری ئاوێنە بکەم، نە مووە سپییەکانی سەرم کارم تێ دەکەن و نە لۆچی دەموچاوم، دەزانم کە کۆنم هەر وەکو کوردستان، جوانم، هەروەک میللەتەکەم، بۆیە قەت پەکم ناکەوێ، ژیان و پێڵاوەکانم، ئەوەی حەمرین پشتی بێت، دەربەستی چی دەبێت؟ هیچ، بشمرم چش، هەر ئەو شاخە جوانانە دەمێننەوە، ژنی جوانتر و شۆڕشگێڕتر لەدایک دەبن، نەخشەی کوردستان لکاوەتە نێوچەوانمەوە، من هیچم ناوێت، خۆمم مەبەست نییە، دەمێکە دەستبەرداری خۆم بووگم، من هەم، کەواتە من گەلەکەم خوش دەوێ، عیشقێکی دەروێشانەیە، مەرگیش کۆتاییی پێ ناهێنێ، کوردستان بە منداڵەکانییەوە جوانە، منداڵە چلوورە و بنێشت و عەلاگە فرۆشەکان، پینەچی و بۆیاخچییەکان، خەونەکانم لەناو بتڵی بۆیاخچییەکاندایە، خەونە خوێناوییەکانم، هەر کە منداڵێک دەست دەخاتە ناو بتڵی بۆیە، هەست دەکەم بۆیەکە خوێنی منە و رەش و قاوەیی بووەتەوە، ژیانم ساردوسڕ نییە، راستە تەنیام، بەڵام هەست دەکەم، هەموو کورد رژاوەتە سەر لاپەڕەکانم، یەکە یەکە کوردە جوانەکان دەڕازێنمەوە، ئیدی چی بکەم، چیم پێ دەکرێ؟ خۆ لەسەر لاپەڕەکانی هاوڵاتی وەکو سەگی میللەتەکەم وەڕیم، وتم "حەپ، حەپ، حەپ"، سیاسەتوانان نووسین بە وەڕین دەزانن، جا با وەڕین بێت، خۆ هەمووتان (سەگوەڕ)تان خوێندووەتەوە، تەنیا من نەمخوێندووەتەوە، چونکە وەڕینی من جیاوازە، سەگی سەرشاخی ئەو گەلەگورگە نەبووم، مەبەستم پێشمەرگەکان نییە،

بگره ئەو گەلە گورگەیە کە ئێستاکە ناوی دەسەڵاتە، هەموو بەیانییەک یەکە یەکە سەری ئەو گورگانە، بەسەر دێرەکاندا لە ملیان جیا دەکەمەوە، نووکی پێنووسەکەم دەبێتە چەقۆ، خۆشم دەبم بە قەساب، ئەو گورگانە سەری کوردیان بڕی، زمانی کوردیان کورت کردەوە، کوردیان فێری مشەخۆری و گەندەڵی و چاوبرسێتی و ناوگەڵ برسێتی و لاڵی و کەڕی و کوێری و ئفلیجی کرد، کورد وا نەبوو، زۆر کەس حاشا لە کوردایەتی خۆی دەکات، نا نا من حاشا لە کوردبوونم ناکەم، چونکە نابم بە مشەخۆر، سەرم شۆڕ ناکەم، بۆ بەریتانیای هەردەم داگیرکەر، با ئەو نۆکەر و چڵکاوخۆرانەی خۆیانیان پێ پیرۆز بێت، تفووووو، هەموو دەم بەیانییەک دەبێتە بلدۆزەر سووک دەبم، جنێودان یانی بێ دەسەڵاتی، هاوڕێیەکم وتی:

– ئەگەر لە وڵاتانی دراوسێ شیرمان بۆ نەیەت، منداڵەکانمان دەمرن.

وایە، تا کچەکەی (حەلاوە مەرگەیی) منداڵ چاک بکات، ئیدی پزیشکی منداڵانمان بۆ چییە؟ تا رزگاری جەراح و بەیتارەکانی هەولێر رۆڵی پزیشکی ئێسقان و شکاندن ببینن، ئیتر پزیشکی ئێسقانمان بۆ چییە؟

هەر زوخاوە و دڵی کردووەتە ئارامگای خۆی، هەر فرمێسکی منە و دەبێتە رووبار بۆ کیژۆڵەیەکی سێ ساڵ کە لە بازاڕی گەورەدا عەلاگە دەفرۆشێ، هەی وەشێرە لە خەستی زووخاوەکان، لە بۆنی زووخاوەکان، لە رەنگیان، من ناچار بووم، ئەدەب بەجێ بێڵم، خەیاڵی سووریالیم بۆ چییە، نە لۆکەیە و نە نان و نە دەرمان، نە ئاو و نە کارەبا و نە شیری منداڵان؟ خەیاڵی سووریالی وەکو شەمەندەفەر لەناو وێستگەکانی مێشکمدا هاتوچۆ دەکات، خەیاڵی سووریالی پرووشەیە و یەکسەر دەتوێتەوە، ئەگەر بشبێتە شاخێکی سپی، مەگەر هەر خۆم یاری خلیسکانی لەسەر بکەم و بکەوم و قاچەکانم بشکێن، گرەم دێ بۆ ئازادی، ئازادییەکی سوور کە لە خوێنم بچێ، مرواری سوور بێ و بیکەم بە گوارە و ملوانکە و موستیلە و بازن، مەرج نییە ئازادی سوور سمبولی شیوعییەت یان خوێن بێت، دەبا سوور نەبێ و پرتەقاڵی بێت، هەر وەک ئاگر، ئاگر بکەمە مرواری، قژم دەسووتێنێ، دەبا بیسووتێنێ، با مل و دەستەکانم بسووتێن ئەگەر نەسووتابن.

بە لنگەوقووچی دەڕۆن بەڕێوە، پاسەکان هیلاک بوون، کەرەکان شەکەت بوون، ئەورووپا سەگ دەیبا بەڕێوە، ئێمەش مەیموونەکان دەمانبەن بەڕێوە، نانی تیری بووە بە ژەهر، تەماتە بووە بە قوزەڵقورت، ئەمەندە تەپڵی گەندەڵی لێ درا، پێستی تەپڵەکە دڕا، کێ ئازایە با رۆمان بنووسێت، رۆمان نووسی ئەمڕۆ تێرە، نێرگزییە، گەوج و نەفامە، نازانێ لەناو ئاگری شەڕی جیهانی سێیەمدا سووتاوین، گۆشتی منداڵەکانمان بووەتە کەباب، فیکری ئەمڕۆی کورد ئێکسپایەر بووە، لەمەودوا زمانی ئاگری جگەرەکەم دەکەمە زمانی پێنووس، دووکەڵ دەکەمە مەرەکەب، با هەر هیچ نەبێت، کە فیکر لە مێشکی میللەتا نەما ورگی دەسەڵاتداران دەبێ بە تەپڵ، تادێ گەورە و بەرز دەبێت، حەز

دەکەم پێنووسەکەم بکەمە دار و لە ورگی دەسەڵاتداران بدەم، بۆئەوەی وەکو کەر بیانترێنم، ڕۆژنامەنووسانیش نازانن چی دەکەن، بەکۆمەڵ دەکرڕدرێن و دەفرۆشرێن و ئاگایان لە خۆیان نییە، ئەمڕۆ کێ خاوەنی خۆیەتی، کەس.

بە بۆنی ئینگلیزی تارات دەگرن، پەندێکی تورکمانی خانەقینی هەیە دەڵێ: "ئەکمەک یۆختە یەماغە، ئاتتەن یدەر سیچماغە"؛ یانی نان نییە بۆ خواردن، بە ئەسپەوە دەچێ بۆ گووکردن؛ میللەتیش نانی نییە بۆ خواردن، دەسەڵات بە فڕۆکە دەچێ بۆ گووکردن؛ دیسان کارەبا کوژایەوە، چۆن و لە کوێ بنووسم، برووخێ، زاڵمینە دەتانکوتم، پێنووسەکەم دەکەمە تێلا و دەیبڕمە...، تا ئێمە هەبووین، بوتڵی زیندانەکانی ئەبوغرێب و نوگرە سەلمان قنگی دڕین، وا منیش تۆڵەی ئەو قنگ دڕینەمتان لێ دەکەمەوە، هەی هاوار شقارتە، مۆم، لایت، چرا، نەوت، پڵیتە، با ئەوان هەر لە رووناکی موەلیدەکانیاندا ویسکی حەوت گەلایی قوزەڵقورت بکەن، خەریکی ناوگەڵ تێرکردنی خۆیان بن، وەرن گونم بگرن، هەڵبژاردن؟ ها ها ها، نەنکم وتەنی ترڕڕڕڕڕ، ئاسمانیش ئەمڕۆ رووی رەشە، پرۆسەی هەڵبژاردنیش بڵقی میزە و بۆنی دێ، با هەر لەماڵەوە بم، ترحێو لە کەناڵە کوردییەکان، شیڕڕڕ... تا دوێنێ داوای سەربەخۆییان دەکرد، ئەمڕۆ کێشەکە ئاوەژوو بووەتەوە، ماکەران خەریکی شەڕەپەڕۆن، ئاخر خۆ کاندیدکردن بۆ پارلمانی عێراق دەهۆڵ و زوڕنا و هەڵپەرکێی کوردی بۆ چییە؟ یادی بەخێر ڕۆژنامەنووسی عێراقی (سامي الزبيدي)، دەیوت: بەعسییەکان بۆ خۆیان گان دەدەن، کەچی ئێمە تووش دەبین".

تەنیا یەک پەندی کوردی بەسە بۆ پێناسەکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن، هەر پەندی دارەکەیە، هەر ئەم پەندە هەڵدەگرێ و هیچی تر، وا خەریکە دەرشێمەوە، خوێن هەڵدێنمەوە، تووشی نەخۆشیی سیلی دەروونی هاتووم، سیلی دەروونی نەخۆشییەکە تەنیا مرۆڤە خۆم ئاساکان تووشی دەبن، ئەوانەی ئەگەر ئۆکسجینیان بۆنی کۆنەپەرستی لێ هات پێی دەخنکێن، دەرمانی ئەم دەردە هەر مردنە، نیشانەی ئەم دەردە خۆ زیندەبەچاڵکردنە، گرگرتنە، هاوارکردنە، شیوەن و گریانە، ئەم نەخۆشانە تەنیا ژەهر دەخۆن، نازانن مانای نان و ئاو چییە، نە ئاهەنگ دەزانن و نە سەیران نە گەشت و گوزار، لە بەرد دەچن، هەموو کات بێکەسن، چونکە خۆیان خاوەنی خۆیانن و هەست دەکەن کە بەرپرسن بەرامبەر بە ئەشکەنجە و ئازارەکانی هەموو مرۆڤایەتی، لە بواری عیشقیشدا هەردەم دۆڕاون، خاوەنی یەک دینار نین، شەو و ڕۆژ هەر بیردەکەنەوە، ژیان و پۆست و دەسەڵات و پێڵاوەکانیان، قەت ناڵێن: بەڵێ وایە، هەردەم دەڵێن: " نەخێر قەت وا نییە"، قنگیان دەخورێ بۆ یەخەدڕین و شیوەنکردن و قوڕگرتنەوە، ئارامگەیان سەنگەرە و لە بورکان دەچن، ئارامگەیان زیندانە و لە گیڤارا دەچن، لە زانستی شەڕی دەروونی و دەروونناسیدا بلیمەتن، کلیلی قنگی مرۆڤیان لە دەستدایە، هەردەم ئاوارەن بەبێ ئەوەی بین، بە پەناهەندەی هیچ دەسەڵاتێک، جگەرە تاقە هاوڕێیانە، بێدەنگن، هەر دادەڕزێن، دەپووکێن، هەلا هەلا دەبن، ئەوەی ئیماندارە بڕوای بە

عـەدالەتی خـواوەند هـەیە، ئەوەی زندیقـە سـەرگـەردانە، ئەوەی دوودڵـە دڵەڕاوکێ دەبێـتـە تلیـاکی ڕۆژانەی، ڕێک وەک من کـە ناتوانم خـۆم یەکلایی بکـەمـەوە، دوو ڕوحم هـەیـە، هـەروەک گورگـەکـەی (هیـرمان هسـە) دوو ڕوح، شـەو تا بەیانی دەبنە دوو مۆتەکەی سـەیر، دەجـەنگێن، لە هـەردوو حزبە شـوومـەکـەی بەریـتـانیـا ناچن، حزبی کرێکاران و حزبی پارێزگاران، ئەم دوو حزبـەش کـاتێک کـە ئەندامەکانیان دەترسن، شـەڕی جیهانی سێیەم، و چوارەم هـەڵدەگیرسـێ، گووی خوارد بەریـتـانیا، بە هـەمـوو شـیـوعـیـیـەت بـوێرێ، با من ناوێرێ، با بێینەوە سـەر دوو ڕوحـەکـەم، یەکێکیـان ڕەشـە و ئەوی تریان سوورە، ڕوحی ڕەشم ڕقی لە هـەور و بارانە، حـەزی لە هـەتاوە، ڕوحی سووریشم حەزی لە سـەوزایی و شـاخ و گـەڕانە، ڕوحی ڕەشم بەردەوام لە مـاڵدایە، کـە بڕۆمـە دەرەوە دەکـەوێتـە دوام، دەڵێی دارە مـەیتـە، شـەڕ لەگەڵ سێبـەرەکـەم دەکـات، ڕوحی سـوورم زۆرجار لێم جیـا دەبێتـەوە، بە ئارەزووی خـۆی گـەشت و سـەیران دەکـات، کـە دەگـەڕێتـەوە، هـیـلاک و مـاندووە، باوەشـێنی دەکـەم، زۆرجار هـەردووکیان بەرامبـەر یەکدی دادەنیشن، جگەرەی جیاواز بۆ یەکدی دادەگیرسێن، لە یەک حـاڵەتدا لـە یەک دەچن، ئەویش لـە بێ پارەییـیـاندا، دووریشن لە یەکـەتی و پارتی، هـەر پشـتـیـان کـردووە لە یەکـێتـی و پارتی، ڕوحی سـوورم هـەندێ جـار لاپەڕەی یەکـەمی ڕۆژنامـە کـوردییـەکـان دەخـوێنێـتـەوە، ڕوحی ڕەشم تف لە مـیـدیای کـوردی دەکـات، هـەردووکـیـان تـووڕەن، ڕوحی ڕەشم شـەڕەنگێزە، ڕوحی سوورم ئاشتیخوازە، نەرم و نیانە، ئەقڵانییـە چون دیکارت پەروەردەی کردووە، هـەموو کـات گومان لە هـەمـوو شتێک دەکات، زۆرجار دەبێتە گوێزان، کلکی هـەمـوو سیاسـەتوانانی دنیـا دەبڕێ، ڕوحی ڕەشم خوێنی گوێزانە پیسـە خوێناوییەکە دەسڕێت، منیش لە نـاوەڕاستیـاندا پردێکم، نا نـا، ئیگۆ و سـووپەر ئیگۆ و ئایدی فـرۆیدی نین، ئەمـانیش تۆڵـەکـەی منێکی پردن، فەرتەنەیە، ها نازانن سەریان لێ دەرناکەن، تێیان ناگەن، هەر تێیان مەگەن، چش، ڕوحی سـوورم حـەزی لە گـەشتی رووسیـایە، یان چین، یاخۆ کوبا، یان ڤێتنام و کۆریا، بـەڵام ڕوحی ڕەشم پێی دەڵێ:

– دانیـشـە، نە وەک خـەونـەکـانت پووچەڵ ببنەوە، وەکـو گـەشـتـەکـەی فـرەنسـات، وات دەزانی بەڕاسـتی مـسیۆ میـتران شیوعییـە، کەچی سەرت لـە بەردی فەرەنسـای کۆنەپەرست، فرەنسـای کاسـۆلیک، ئەو فرەنسایە کە سیاسـەتوانانی هـەردەم خـەریکی پینەکردنن، ئەو فەرەنسـا بەدەمامکە کە سـارتەر بەهـەمـوو هزری خۆیەوە نەیتوانی دەمامکەکان بڕووشێنێ، پاریسی سـۆزانی کە ئـەگەر سـەد فـرانک لە گیـرفـانت نەبێ بێ ئەوەی خـۆت بزانـی دەرت دەکات، فـڕێت دەداتـە ناو تەنەکـەی خۆڵەوە... هتد.

ڕوحی سـوورم ناچار دەبێت بێدەنگ بێ، شـەوان گیڤـارا و شـەهید ئارام بەیەکـەوە کۆ دەکاتەوە، ماچی چاویلکەکەی شـەهید ئارام دەکات، هـەروەها بێرییەکەی گیڤارا، ڕوحی ڕەشم کە چاوی بەم دوو شـۆڕشگێڕە دەکـەوێ، دەبێتـە ژنێکی فـەیلی، یەخـەی دەدڕێ، لە پێستی خـۆی دەردەچێ، قژی

دەڕنێ، شیوەنێکی فەیلییانەی بۆ دەکات. ئاخۆ دەزانن کە من لە شیوەنی فەیلیدا پسپۆڕم؟ هیچ ئافرەتێکی شیوەنکەری فەیلی لە من نایباتەوە، هەی وەشێرە. روحی سوورم شارستانییە، روحی رەشم خانەقینییە، منێکی پردیش فشەم بە دنیا دێت، سێ ئەوەندەی مەحموود زامدار گاڵتە بە دنیا دەکەم، خۆ نە ژان ژینێ و نە سامویل بیکێت دەگەنە تڕڕڕڕەکانی نەنکم، کە هەموو کات هەموو شتێکی حەی تڕ دەکرد، بەرەڵڵا، پوورم سەبیحەی فەیلی لە جڕت کێشاندا شەقاوەکانی شێخ عومەر و (باب الشیخ) لێیان نەدەبردەوە، با باسی مردووەکان نەکەم، نۆرەیان دێ، با باسی دایکم بکەم، خۆ زیندووە. رۆژێکیان خەریکی نووسینی رۆمانی ئەڵوەن (٢) بووم، دایکم شیڕاندی:

– هەڵسە لێرە، نووسین بە کەڵکی چی دێ، دەبی بە چی؟

– نابم بەهیچ.

– ئەی بۆچی دەنووسی؟ هەر ئێمە بە خێوت دەکەین، هەی ئاخر شەڕ...

وەڵامیم نەدایەوە، خەریک بوو بگریم، نەڕاندی:

– خانووت، سەیارەت، وەزیفەی گەورەت، پلە و پایەت، مێردت، منداڵت، هەی لەگام؟

سمکۆ محەمەدی شاعیر دەڵێ وشەی لەگام، دوو پلە لە وشەی خوێڕی لە خوارترە، منیش ناچار بووم بڵێم:

– کە دەمرم، لە دووڕیانەکەی خوارووی کۆپری گەورە، بەرامبەر بە ماڵی قایمقام، پەیکەرێکم بۆ دروست دەکەن، جادە سەرەکییەکەی خانەقین، کە بەرەو ئێران دەڕوانێ، دەکەن بە جادەی (ئەحلام مەنسوور)، هەروەها قوتابخانەیەک بە ناوی منەوە ناو دەنێن...

وتی:

– شیڕڕڕڕ گوو بخۆۆۆۆ، ئەمە بۆچوونە هەی ئاخرشەڕ، هەی شێتە، هەی لە هەموو خەڵکی بەجێماوتر.

ئەو کاتە زۆر مۆدێرن بووم، کۆمەڵگەی کوردەواریش بەردبارانی دەکردم، سەرەتای هەشتاکان بوو، نا ١٩٧٩ بوو، سیمۆن دیبۆڤوارێکی بچووک بووم، خەریکی خوێندنەوەی بوونگەرایی بووم، پاڵەوانەکانم (خەجە) و (مەجە)ش شەڕیان بوو، ئێستاش ئامۆژگاری فەیلەسووفی چەپی میسری کە مامۆستا بوو لە زانکۆی کۆلیدج فرانس بە بیرم دێتەوە، کاتێ چەند لاپەڕەیەکی ئەڵوەنی دووەمم بۆ خوێندەوە، وتی:

– بابە، خەریکی (خەگە) و (مەگە)بە، سۆربۆنی کۆنەپەرستی چی، نازانم بۆچی بەرەو رابردوو ئەم دوو هەنگاوەم نا؟! بگریم یان پێبکەنم، دایکم نەمردووە، (شیڕڕە)کەی هەروەکو خۆیەتی، چونکە نەبووم بە وەزیر و ئەندام پەرلەمان، من دەنووسم، کەواتە دایکم هەر وشەی (گووووو)م بۆ رەوانە دەکات، ناشڵێ (گوو)، بگرە دەڵێ (گوی) گەرمیانی یان (پۆخ)ی تورکمانی، ببم بە گەورەترین نووسەری جیهانی هەر ئەو (گووە)م دەرخوارد دەدات، بەڵام ئەگەر بووم بە وەزیرێکی

کوردی ئەوە ئیتر ناڵێ (ئاخر شەڕ)، بگرە دەڵێ:

– کچەکەم لە سایەی کوردەوە ئاخری هێناوە، شوکور ئاخری خێرە، بە چی پێدەکەنن؟ بەم بینگە سوریالیيانە، دراما بوون یان کۆمیدیا، ئاخر ئیدی بۆچی ئەحلامی پرد قسەی حیز نەکات؟ ئەم هاوکێشانە چەندیان بە چەند بوون، روحی سوورم دەگری، چونکە ئەحلامی پرد پارەی دەرمان و جگەرەی نەبوو، پارەی کڕینی دەفتەری نەبوو، پارەی مەرەکەبی نەبوو، شوکور ئێستا هۆشیارە، هەر دەنووسێ، روحی ڕەشم رقی لە هەندێ گۆرانیبێژی کوردە، وەک عەزیزی وەیسی، حەزی لە گۆرانی عەرەبییە، (کازم الساهیر)ی خۆش دەوێ، بەڵام ئێستا بێ دەنگە، چونکە ئەحلامی پرد خەریکی نووسینە، روحی سووریشم جگەرە دەکێشێ، ئاگای لە کاتژمێری سەر دیوارەکە نییە، سەیری کەناڵی (الجزیرة) ناکات، ئاگای لە سەردانەکانی هیلاری کلینتۆن نییە، هەر وەها هەراوهوریای نێوان حەماس و فەتح، هەروەها دادگەییکردن و نەکردنی بەشیری سوودان، یان بەزمی مردوو و کوژراو و نەخۆش و تا چل و سەربازەکانی سریلانکا، روحی سوورم شەو ئەگەر چاوی بە کراسە جوانەکەی (نیلسۆن ماندێلا) نەکەوێ، خەوی لێ ناکەوێ، روحی رەش و روحی سپی و ئەحلامی پرد، هەر سێکیان خەریکی هەواڵەکانی ئەنفلۆنزای بەرازن، دەڵێن:

– نازانین بۆچی ئەو پەتایە لەناو سیاسەتوانانی کورددا بڵاو نابێتەوە؟!

هەر سێکیان تووشی نەخۆشی سیلی دەروونی بوون، خوێنی هەموو مردووەکان + خوێنی مرۆڤە جوانەکان هەڵدەهێننەوە، خوێنی هەموو فەیلەسووف و نووسەر و بیرمەند و هونەرمەندانی دنیا.

سیلی دەروونی گەورەترین نەخۆشی منە، نە بە دەرمان چارەسەر دەکرێ و نە بە نووسین، نە بە هیچ چارەسەرێک، مردن تاقە چارەسەریەتی، چی بکەم، لەوەتی هۆش و هزرم پەیدا کردووە، واتە لە ساڵی ١٩٧٣وە تا ئەم ساتە، ئەم نەخۆشییەم لەگەڵدایە، فرۆیدیش ئەگەر زیندوو بێتەوە ناتوانێت مەینەتی و مەراق و هەست بە لێپرسینەوە بەرامبەر بە ئەشکەنجەکانی مرۆڤایەتی لە مێشکمدا بسڕێتەوە، بۆیە هەردەم چاوەڕێی مردن دەکەم.

روحی سوورم قەت خەوی لێ ناکەوێ، پاسەوانی خەونە سوورمەییەکانم دەکات، خەونە سوورمەییەکانم لە پەشمەک دەچن، لە نەستمدا زوو دتوێنەوە، چرکە ساتێک نابەن، لە برووسکە خێراترن، نامە بە دوای نامە و نووکە بەدوای نووکەم بۆ رەوانە دەکەن، پاڵەپەستۆم بۆ دێنن، منیش ناچار توورە دەبم، گەر پەرداخێک بشکێت دەڵێم: سەرمایەداری تەپی، قابێک وردوخاش بێت، دەڵێم: حکوومەت ڕوخا، پیاڵەیەک شەق بەرێت دەڵێم: سەدام حوسێن مرد، رۆژگاریش تۆپ تۆپێن بەم دوو روحە دەکات، نازانم ئیدی ئەگەر بمرم، ئەم دوو روحە دەمێننەوە یان وە دوام دەکەون، من لە کەس ناچم، کەسی هەموو کەسێکم و بێکەسم...

تەنیا دوو هاوڕێم هەیە، جگەرە و پێنووسەکەم، خەونە سوورمەییەکانم قەت نایەنە دی، ئارامیشم پێ نادەن، بگرە شکستم پێ دێنن.

خۆراکی روحی رەشم خەونە سوورمەییيەکانە، خۆراکی روحی سوورم پیتی وشە و رستەکانمە، بۆیە ناچارم بەردەوام بم لە نووسین، خەونی تاریکیشم هەیە، ئەم خەونە خۆراکی رەشبینیی ئەحلامی پردە، خەونی ئاوارەم هەیە، خەونی ترسناک و تۆقێنەر دەبینم، بەیانییان کە لە خەو هەڵدەستم، وەکو دەروونناسە گەورەکەم، شییان دەکەمەوە، جاران دەروونناسە گەورەکەم خەونەکانمی شی دەکردەوە، لە گرێ دەروونییەکانم رزگارم دەبوو، ئەم جۆرە شیکردنەوەیە وەکو راڤەکردنی کلاسیک و ئاینیی نییە.

کارێکی زۆر سەمبولیکە، تەنیا بۆ ئەوەیە مرۆڤ لە خۆی بگات، ئازایەتی و بوێری پێویستە، ئێستاش هەوڵ دەدەم بزانم چیم دەوێ، کەس ناتوانێ بە بێ یاریدەدەری دەروونناسی دەرچووی زانکۆی ڤییەنا خەون شی بکاتەوە، چونکە نەست هەموو کات چڵکاوە، ناشدۆزرێتەوە، کەس نییە نەخۆش نەبێ، منێکی هەزار ئەحلام، هەر بوونەوەرێکی زۆر ئاڵۆزم، بەڵام هەشتا لە سەد خۆم دەناسم و دەزانم چیم دەوێ، نازانم ئیدی نەستی چڵکاوم چۆن خەونی سوورمەیی بەرهەم دێنێ، پلەی نارسیزمیم لە بەرزی و نزمیدایە، هەروەک جیو، من نامەوێ خۆمتان بۆ راڤە بکەم، لە سۆز و سۆزداریدا بیاوانم، سۆزیش ئاوی هەیە، نەک ئاوی ئەندامی سێکسی پیاو، بگرە ئاوی کوردی کە نییە، وەک بڵێی لە ژوورێکی تاریکدا بەدوای پشیلەیەکی رەشدا دەگەڕێم، بە مەرجێکیش ژوورە تاریکەکە چۆڵ و هۆڵ بێ و پشیلەی تێدا نەبێت، ئەمە پەندێکی چینییە، روحەکانم قەت لە روحی پشیلە ناچن، کاتێ کە روحی رەشم لە بەرزاییەوە دەمخاتە خوارەوە قنگم دەشکێ و روحی سوورم دەبێتە پزیشک و قنگم راست دەکاتەوە، ئەم قنگە دڕاوەم کە تەنیا زمانی پێنووسەکەم بە دەزووی وشەکانم دەیدوورێتەوە، سەیری پێستی دەستی چەپم دەکەم، لە کولێرە دەچێ، دابەشی بکەم بە سەر کێدا؟ تاقە سەرمایەم سەرمە و هیچیی تر، دەبا جارێ یان ملیار جار لە دەستی شاری سلێمانی خوێن هەڵبێنمەوە، ئاوارەیەک وەکو من لەناو جەرگەی کوردستاندا خوێن هەڵبێنێتەوە، سلێمانی گوشیمی، لەسەر تەناف هەڵی خستم، وشک هەڵگەڕام، ئێسقانەکانم لە چیلکە دەچن، چاوەکانم وەک چاڵی بیر هەر ئاو دەبارێننە سەر ئەژنۆکانم، من ئاوی بەلووعەم ناوێ، ئاوی چاوەکانم بەسە، تینوویەتیم دەشکێنێ، زۆرجار لەگەڵ دیوارەکاندا قسە دەکەم، روحەکانم بێدەنگ دەبن، دەڵێن گوایە (لەخۆباییم)، تۆ بڵێی وابم؟! یان دەڵێن (کەس پەسند ناکات)، بۆ مەگەر من چیم؟! هەر هەموو گلەییی لەم شارە دەکەن، شارێکی وێران، سەگ ساحێبی خۆی ناناسێ، پیاوان ئێوارە بە دوو سێ عەلاگەی رەشی پڕ دەگەڕێنەوە ماڵەوە، لە عەلاگە زیاتر هیچ شتێک لەم شارەدا بەکار نایەت، گرانترین شار لە دنیادا، منیش دەمەوێ هەروەکو خۆم بم، لە کەلی شەیتان نایەمە خوارەوە، خوا دەکات ماڵەکەم ببێتە گۆڕ، شاری سلێمانی چەقۆیەکی تیژە، لەتوپەتم دەکات، چونکە بێکاری درمێکە و لە کوردستاندا بڵاو بووەتەوە، زەردەشتیش ساڵانی ساڵە مردووە و ئیدی نازانم چ دەرمانێک بۆ ئەم کێشە و نەخۆشییانە پەیدا بکەم، خۆ مارکسیش

فریای ئەم هەموو گەلە چەوسێنراوانە ناکەوێ، وام لێ هاتووە روحەکانم بێزار دەکەم، ئەوانیش بێزاریان کردووم، خەونە سوورمەییەکانیشم پووچەڵ بوونەوە، هەر ماوە سەرم لە دیوار بدەم و تەواو، هەی هاوار، هەی وەشێرە، وا مەزانن خۆم دەخۆمەوە، نەخێر، خەم خەمی مرۆڤایەتی و خەمی کوردە، دوا خەم خەمی خۆمە، بیر لە هەموو شتێک دەکەمەوە، هەر لە گەنم و جۆ تا پەین، هەر لە دەستهارٍ تا پێشکەوتووترین ئامێر، مێشکم هیلاک بوو، چی بکەم، دەمێکە لە گۆ کەوتووم، دەمێکە، لەوانەیە پێم بکەنن و نەڵێن: ئەوە لەگۆ کەوتیت ئەوەندە قسەت کرد، ئەگەر قسە نەکەی چی دەکەیت؟

هەر پیتێکم خڕۆکە سوورێکی خوێنی منداڵێکی کوردە، هەر وشەیەکم چاوی لاوێکی کوردە، هەر رستەیەکم سەرینی فرمێسکاوی ژێر سەری بێوەژنی ئەنفال و کچە قەیرەیەکی کوردە، هەر لاپەڕەیەکم بستێکە لە خاکی کوردستان، شەرم دەکەم بڵێم دایکی کوردم، ئەگینا سۆزم بۆ کورد دەگاتە ئاوی هەموو ئۆقیانووسەکانی دنیا، پێنووسەکەشم زۆر بچووکە، نابێتە گۆچانم، چونکە قەت گۆچان بەکار ناهێنم، ئەگەر گێژ بم، دەست بە دیوارەوە دەگرم، رقم لەو کەسانەیە کە گۆچانی خۆیان وەکو تێلا بەکار دێنن، هەرچەندە رۆژگار زۆر کەسی کردە خاوەن تێلا و لە مرۆڤی هەرە نزیکییانەوە تا دوورترین دوژمنیان تێلاترین دەکەن و بەو جۆرە دەوڵەمەند دەبن، ژێر سەرینیان پڕە لە ئاینوئۆین و پیلان، ژێر قنگیشیان پڕە لە بلۆکی دۆلار، من وەک هەر کوردێکی منداڵ حەز دەکەم چوار پارچەی کوردستان ئازاد بێت، گەریلەکانیش فێری عیشق بن، چونکە حەیفە ئەو کچە جوانانە وەکو گوڵ سیس بن، زۆر خەفەتیان بۆ دەخۆم، ئەوان نیشتمان لە پێش عیشق دادەنێن، من عیشق بە نیشتمانەوە گرێ نادەم، بگرە دوو هێڵی هاوتەریبن، کۆتاییان بۆ نییە، وەکو گزنگی هەتاو باسەکانم تێکەڵی یەکدی دەبن، سەرم لێ نەشێواوە، بە دووربینەکەم هەموو دووڕیانەکانی گەردوون دەبینم، هەنگاوەکانم خۆیان رێگەی خۆیان دەناسن و پاشگەزبوونەوە نازانن، لە بیرێکدام، لە بیرەکەی یوسف قووڵترە، سەبرێکم هەیە لە سەبری یەعقووب درێژترە، دڵیشم لە کەشتی نوح بەرینترە، هەموو وشەکانم نێر و مێن، هەمیشە زاوزێ دەکەن، وەکو ئەتۆم دەتەقنەوە، بەڵام هەر کوردن، نە عەرەبین و نە ئینگلیزی و نە فەرەنسایی، ئەز کوردم، چ بکەم ئەز؟ لەسەر دیواری قوتابخانەکان نێوچەوانی مامۆستا هێمن بووەتە نەخشەی کوردستان، لەسەر هەر تەختە رەشێکدا وشە پەلکەزێڕینەکانی مامۆستا گۆران بوونەتە وانە، تا ئێستاش ماسی تووڕەی کانییەکان بە نانی هەژاریی بێکەس تێردەبن، گوێم نەداوە پیر بووم، چونکە سەرمایە پارچە پارچەکراوەکانم هەر یەک زمان و یەک نەتەوەی تێدایە، دارەتووەکان لە یەک دەچن، کۆترە نازدارەکان وەکو یەکن، پاسارییەکان یەک رەنگیان هەیە، پەپوولەکان لە چوار دەوری یەک مۆمدا دەسووتێن، گوڵەکان بۆن و رەنگیان جیاوازە، بەڵام لە یەک خاکدا رەگیان داکوتاوە، ئەستێرەکان ناوی بیرمەند و هونەرمەند و ئەدیب و زانا و دانایان هەڵگرتووە، شۆڕشگێڕان ئەوانەی کە نەمرن،

به ئاوی بارانی یەک ئاسمان تینوویەتی خۆیانیان دەشکێنن، هیچم نییە، گۆرانی دەچڕم، عاشقی نەتەوە و نیشتمانەکەمم، لە ئەوپەڕی بەختەوەریدام، کات، کاتژمێری سێی دوای نیوەشەوە، هەست دەکەم منداڵێکم تازە گاوڵکێ دەکەم، یەک هەنگاو بەرەو چاو و دڵ و روح دەنێم، من دەزانم جیاوازی نێوان بۆنی عەترەکانی گەردوون چییە، بەڵام بۆنم لە بۆنی زیندانییەک دەچێ، خۆ هەموو رۆژێ خۆم دەشۆرم، دەڵێی چی؟ نەگەڕامەوە، سەر رەشبینییەکەم نەخێر، پەلێکم لە سیبریایە و پەلەکەی ترم لە گوانتانامۆ، زیندان هەر زیندانە، چ رووسی بێت چ ئەمەریکایی، تاوانەکان دەبینم، یەکدی دەشۆن، قنگم لەسەر کورسی کارەباییە و ملم لەدار دراوە، بەشێوەیەکی گشتی و رەها لەگەڵ مرۆڤایەتیدام، چی بکەم بیرم قەت تەسک نابێتەوە، بۆ؟ چونکە دەزانم کە دەسەڵاتداران وەحشین و قەت نایانخەمە ناو خانەی دانا و رەوشتبەرزان و شاعیران و هونەرمەندان، چاوەڕێی خوێندنەوەی شیعری تازەیان لێ ناکەم، چاوەڕێی تابلۆی جوانیان لێ ناکەم، گوێیەکانم چاوەڕێی ئاوازی جوانیان لێ ناکەن، چی بکەم؟ شەپۆلێکی بچکۆلەم و لەناو ناچم و دەچم، سنوور و شوێنم نییە، قەوارەم نییە، بەڵام هەر سەما دەکەم، نە مەودام دیارە و نە کەنار، ناشبم بە خۆڵەمێش، هەر هەم، وشکیش نابمەوە، تووڕەشم، ئاگریش دەکوژێنمەوە، نەورەسێکیش لەسەر پشتم سەما دەکات، ماسییەکیش ئۆکسجینی تواوەم دەمژێت، بەڵام کەس ناتوانێت بمگرێت، ون دەبم، دەتوێمەوە، تێکەڵ بە شەپۆلە تووڕە و گەورەکان دەبم، گۆرانی بۆ شۆڕش و شۆڕشگێران دەچڕم، هژ هژ هژ ژژژ، هرررر هرررر، شێ شێ شێ شێ. نۆت و ئاوازم، دەچمە ناو هەموو ئامێرێکی مۆزیک کە ئارەزووم لێ بێ، گەورە دەبم و دەبمە دەریا، قووڵ دەبم و دەبمە بیر، خنجیلانە دەبم و دەبمەوە کانی، دەڕۆم و ناوەستم و دەبمە رووبار، دەسەڵاتداران یەک دڵۆپم ناخۆنەوە، چونکە تینوویەتی ئەوان بە خوێنم دەشکێ، بەڵام خوێنی من تێکەڵ بە خەون بووە، بۆیە لە خەونەکانم دەترسن، من مۆتەکەی سەر سینگیانم، ئیزرائیلیانم، دەستم خۆش بێت، بلیار جار دەستم خۆش بێت، نەنکم ئەگەر گەندەڵێکی ببینایە دەیوت:

– مایە ئەرا عار دسنیا...

منیش دەڵێم: ئەو بێ عارانە با هەر چڵکاوخۆری نۆکەرەکان بن، شایستەی نۆکەرایەتی خۆیانن، با لەناو چڵکاوی خۆیاندا هەر بگەوزێنەوە، تف و...

شەپۆلە پەپوولە ئاساکان دێن و دەڕۆن و ناوەستن، لە شامەوە تاکو شیراز، لە رووسیاوە تاکو کوبا، لە چینەوە تاکو کۆریا، لە بۆلیڤیاوە تاکو بەرازیل، لە میلەتەکەمەوە بۆ من و لە منەوە بۆ...

## پێڕست


بەرپرسیاریەتیی یاساییی کۆمپانیا بیانییەکان لە تاوانەکانی جینۆساید... د. مونزیر ئەلفەزڵ ..... 3
دانیال میتێران مێژوویەک لە خەبات و دۆستایەتیی گەلی کورد. بەختیار ئەمین ..... 13
دۆخی عێراق. مارینا ئۆتاوی و دانیال قەیسی ..... 29
بەهاری عەرەبی و شەڕی دەوڵەتانی رۆئاوا . یۆرگ کرۆناوەر ..... 50
بەرەنجامەکانی بەهاری عەرەبی کامانەن. ڤۆلکەر بیرتس ..... 60
هەولێر لە سەردەمی عەباسییەکاندا . د. موحسین محەمەد حوسێن ..... 68
کارگێڕانی هەولێر لە سەردەمی موزەفەرەدین گۆکبەری. د. موحسین محەمەد حوسێن ..... 84
چیرۆک و چەمکی شوێن. حەمەفەریق حەسەن ..... 100
مێژووی هونەری فۆتۆگرافی لە کوردستاندا . فەرهاد پیربال ..... 108
بەیەکگەیشتن و دابڕان لە ئەرکی لێبووردەییدا . عەبدولحوسێن شەعبان ..... 136
ڕۆهەڵاتناسی بە تێڕوانینێکی ڕۆهەڵاتییانە. د. موحسین محەمەد حوسێن ..... 140
مێژووی سالانی پاتشایان و پێغەمبەرانی سەر زەوی. حەمزەی کوڕی حەسەنی ئەسفەهانی ..... 150
کورد لە دیدی زانستەوە. د. محەمەد ڕەشید ئەلفیل ..... 167
شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران ١٩٢٥ ..... 208
ڤۆڵتێر و تاراوگە. هاشم ساڵح ..... 220
دوورخستنەوەی ناوی یەحموور لە ناوی شا بەهرام گوور. تۆفیق وەهبی ..... 225
بنەواکانی رۆژنامەوانی. بیڵ کۆڤاچ و تۆم رۆزێنستیڵ ..... 242
ئاخۆ NGOکان دەتوانن هەواڵەکان بگۆڕن؟ سیلڤیوو وەیسبۆرد ..... 275
پێشوەچوونی مێدیاییەکان. رۆژنامەی ژورنالیستێن ..... 292
سەرمایەداری و دیموکراسی. رۆبەرت دال ..... 331
مۆدێلەکان لەسەر مندڵبوونن ئاریان ئەبوبکر. رۆستەم ئاغالە ..... 343
کۆدی ترانسترۆمەری. بوو گوستاڤسۆن ..... 361
گوێڕایەڵی بۆ دەسەڵات. زینە عەبدولسەلام نەقشبەندی ..... 373
سایکۆلۆجییەتی کارەکتەر و توانا شانۆییەکانی نواندن لە شانۆنامەی... عەلی عوسمان یاقووب ..... 382
تاسەی پەرۆش لە زانینی هێمای نووسینەکان. ئیبن وەحشییەی نەبەتی ..... 410
کوشتنی ملیۆنێک کۆمۆنیست لە ئەندەنووسیا . ئەرنست ماندڵ ..... 478
پارەی دەوڵەمەند و ناودارەکان بۆ بەرنامە خێرخوازییەکان ..... 487
خەون و خوێن. ئەحلام مەنسوور ..... 518